# ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی



دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوكەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، گەڕەكی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی

## جزمی ١

لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە و کۆکردنەوەی

(بابی لالۆ)
کەمال ڕەئووف محەمەد



ناوی کتێب: ئەدەبی نامەنووسینی کوردی
جزمی: ١
دانانی: کەمال ڕەئووف محەمەد (بابی لالۆ)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٦١
دەرهێنانی هونەریی ناوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی پیت لێدان و هەڵەچنی و دەرهێنان: ئەمیری حاجی داود
هەڵەگری: نووسەر
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٥٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# پێشكەشی

– هیوای وجوودی بێ هوودەم؛ كوڕی خوێندەوار و پێ گەیشتووم.
زاوای ناكام؛ (لالۆ)ی جوانەمەرگ
– كامۆ و ڤیان و شاهۆ و نەسرین مستەفای دایكیان.
– هاوڕێی نیشتیمان و مەنفا؛ بەغیرەت و دڵسۆز نووسەر مەحموود ڕەزا ئەمین



لالۆی جوانە مەرگ
(١٩٧٤/٤/٢٠ - ٢٠٠٢/١٢/٢٥)



# ڕستی بابەتەكان


پێشـەكی ........ 15

**بەشی یێكەم...**

١- كورد و كوردستـان ........ 21
١/١- كــورد ........ 21
١/٢- كوردستـان ........ 22
١/٣- ئایین و مەزەبی كورد ........ 23
١/٤- زمـان و ئەدەبی كـورد ........ 23
١/٤/١- زمـانـی كـوردی ........ 23
١/٤/٢- ئەدەب و جـۆرەكـانی ........ 24
١/٤/٣- پەسن و بابەتیـان ........ 24
١/٤/٣/١- پەسنی سـەرزاریی ........ 24
١/٤/٣/٢- پەسنی نووســراو ........ 25
١/٥- خوێندن لە كوردستـاندا ........ 27
١/٦- كـورد و ڕۆشنبیـریی ........ 31
١/٧- پرسیارێكی تاك، باسێكی سامناك!! ........ 37
٢- دەسەڵات و ڕۆشنبیریی! ........ 40
٣- سەرنجێكی ڕەخنەگرانە لە ڕۆم و عەجەم و كورد! ........ 41

**بەشی دووەم**

١- ئەدەبی نامـەنووسین ........ 51
١/١- تاریفی ئەدەب ........ 51
١/٢- تاریفی نامە ........ 51
١/٣- نامە و فەرهەنگ شوناسان ........ 51
١/٤- ڕەوتی نامـە لە مێـژوودا ........ 52

١/٥- هەردوو ئەدەب و نامە ... 54
١/٥/١- پەخشان و نامە ... 54
١/٥/١/٢- تاریفی پەخشان ... 54
١/٥/١/٢- ئەدەبی نووسراو و پەخشان ... 55
١/٥/١/٢/١- دیارترین پەخشانی نووسراو ... 55
١/٥/١/٢/١/١- کیتاب سەرف لیسانی کوردیی ... 55
١/٥/١/٢/١/٢- تویبا کوردیی ... 55
١/٥/١/٢/١/٣- لوببەولعەقایید ئەلکوردی ... 56
١/٥/١/٢/١/٤- مەولوودنامەی کوردیی ... 56
١/٥/١/٢/١/٥- یێکەم پەخشانی ڕۆژنامە/ کورمانجیی باکوور ... 58
١/٥/١/٢/٢/٦- یێکەم پەخشانی ڕۆژنامە/ کورمانجیی باشوور ... 59
١/٥/٢- ئەدەبی سەرزاریی و دیاترین پەخشانی ... 59
١/٥/٢/١- ناز و خدر ... 59
١/٥/٢/٢- چیرۆکێ (بێ نێونیشان!!) ... 61
١/٥/٣- دەنگی نامە لە شیعری نووسراودا ... 62
١/٥/٤- دەنگی نامە لە ئەدەبی سەرزارییدا ... 65
١/٥/٤/١- هەڵبەست و بەیت ... 66
١/٥/٤/٢- پەخشان ... 67
١/٦- ڕەنگی شێوازێکی عەرەبیی بەکوردییەوە ... 69
١/٧- پریشکێکی سەرەتای نامەی کوردیی ... 77
١/٨- کورد و نیو سەدەی بیست ... 79
١/٨/١- سەرنجێکی سیاسیی و ڕۆشنبیریی ... 79
١/٨/١/١- ١٨٥١ز - ١٩١٤ز ... 79
١/٨/١/٢- ١٩١٨ز - ١٩٢٤ز ... 83
١/٨/١/٣- ١٩٢٤ز - ١٩٣٢ز ... 91
١/٨/١/٤- ١٩٣٢ز - ١٩٣٨ز ... 104
١/٨/١/٥- ١٩٣٩ز - ١٩٤٦ز ... 110
١/٨/١/٦- ١٩٤٦ز - ١٩٥٨ز ... 120





٩- دەستکەوت ... 129
١٠- سەرچاوەکانی هۆشیاریی نەتەوەیی! ... 131
١١- ڕۆژنامەنووسیی کوردیی - فێرگەی ڕۆشنبیریی ... 140
١١/١- سەردەمی ڕۆژنامە - سەردەمی پەخشان ... 142
١١/٢- کاروانی پێشکەوتنی پەخشان ... 148
١١/٣ کاریگەریی ڕۆژنامە بۆ نامە ... 181
١٢- سەیید ڕەشید - نامەنووسی پێشڕەو و هونەرمەند ... 241
١٣- کورتییەکی مێژوویی نامەی ڕەسمیی کوردیی! ... 262


**بەشی سێیەم**


نێوداران ... 313

## کلیلی نیشانە و زاراوەکان

📄: پوولی پۆستە

●: مۆر (مۆری کەسیی)

◎: مۆر (تەمغەی دەزگەیێ/ ڕەسمیی)

❍: نامەنووس بە شیعر

⊖: نامە هەنێر

❑: نامە وەرگر

❑⊖: نامە هەنێر و نامە وەرگر

×: نێوی کەسێ لە نامەییێکدا هاتبێت

(*): پەراوێز

✡: یێکەم جارە بڵاودەبێتەوە

🕮: بڵاوە

🕮✡: پێشتر هەر من بڵاوم کردووتەوە

(...): وشەیێ رستەیێ بۆم نەخوێندرابێتەوە،یان ونە.

(!!): گومان لێ کردن

[ ]: بۆ نواندنی باسێ یا ڕاییێک

( . . . ): وشەیێ، ڕستەیێ بۆم نەخوێندرابێتەوە یان ناتەواوە، یان ونە!

[  ]: دوو کەوانێ من دامناوە بۆ نواندنی باسێ یان ڕاییێکم.

-/ : ژمارەی سەرچاوە، نامە هەڵگر یان نامە هەنێر.

/-: کۆی گشتیی نامەکان (بەکەسیی و ڕەسمییەوە بێ لە شیعرنامە و نامەی بیانیی زمان!).

/-/: ژمارەی نامەی نێو سەرچاوەیە، یان ژمارەی نامەکان نامە هەنێرێ

/و-../: وەڵامنامە - ژمارە.

-//-//-: ژمارەی سەرچاوە یان نامەهەنێر/ ژمارەی نامەکانی نامەهەنێر/ کۆی گشتیی نامەکانی بیانیی زمان.

ئە. م. سلێمانیی: ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانیی.



ئە. ئـ. سلێمانیی: ئەنجوومەنی ئیداریی سلێمانیی.

ح. د. کوردستان: حیزبی دیموکراتی کوردستان - خۆرهەڵات (ئێران).

پ. د. ک: پارتی دیموکراتی کوردستان - باشوور (عێراق)

پ. ز: پێش زایین، پێش عیسا.

پ. ش: پارتی شیووعی (کۆمەنیست).

پ. ن: پەخشاننامە (نامەی نووسراو بەپەخشان).

پ. ن؛ ڕە: پەخشاننامەی ڕەسمیی.

پ. ن؛ کە: پەخشاننامەی کەسیی.

پ. ن - ت/ ڕە: پەخشاننامەی تورکیی/ ڕەسمیی.

پ. ن - ت/ کە: پەخشاننامەی تورکیی/ کەسیی.

پ. ن - ع/ ڕە: پەخشاننامەی عربیی/ ڕەسمیی.

پ. ن - ع/ کە: پەخشاننامەی عربیی/ کەسیی.

پ. ن - ف/ ڕە: پەخشاننامەی فارسیی/ ڕەسمیی.

پ. ن - ف/ کە: پەخشاننامەی فارسیی/ کەسیی.

پ. ن/ کە (ف - ک): پەخشاننامەی کەسیی (فارسیی - کوردیی)

ت: تورکیی

١. ج. گێتی: یێکەم جەنگی گێتیی.

٢. ج. گێتی: دووەم جەنگی گێتیی.

ز: زایینی، ساڵی عیسایی

ژ: ژمارە

ڕ: ڕۆمیی، ساڵی دارایی عوسمانیی

س: ساڵ

ش: شوێن

ش. ن: شیعرنامە (نامەی نووسراو بەشیعر)

ع: عەرەبیی

ف: فارسیی

ف. ع– کەرکووک: فێرگەی عیلمییە – پیشەسازیی – کەرکووک.

ف. م – بەغدا: فێرگەی مامۆستایان – بەغداد.

ق. ئا: قوتابخانەی ئامادەیی

ق. ئا. س. بەغدا: قوتابخانەی –فێرگە–ی ئامادەیی سەربازیی بەغدا

ق. ڕ: قوتابخانەی –نێوەندی–ی ڕوشدییە

ق. ڕ. س – سلێمانیی: قوتابخانە ڕوشدییەی سەربازیی – سلێمانیی

ق. س: قوتابخانە سەرەتایی

ق. ن: قوتابخانە نێودەندیی

ک. برایەتی: کۆمەڵ/ پارتی برایێتی

ک. پشتیوان: کۆمەڵ/ پارتی پشتیوان

ک. خێیبوون: کۆمەڵ/ پارتی خۆیبوون

ک. دارکەر: کۆمەڵ/ پارتی دارکەر

ک. م. و – سلێمانیی: کۆمەڵ/ پارتی مودافەعەی وەتەن – سلێمانیی (جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن)

ک. ز. ک – سلێمانیی: کۆمەڵی زانستیی کوردان – سلێمانیی.

ک. زەردەشت: کۆمەڵ/ پارتی زەردەشت.

ک. ژ. ک: کۆمەڵ/ پارتی ژ. ک (ژیانەوەی کورد).

ک. س. کوردستان: کۆمەڵ/ پارتی سەربەخۆیی کوردستان.

ک. کوردستان – سلێمانیی: کۆمەڵی کوردستان – سلێمانیی (جەمعیەتی کوردستان)

ک. ل. کورد: کۆمەڵی لاوانی کورد.

ک. هـ. پ. کورد – ئەستەمبوڵ: کۆمەڵ/ پارتی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد – ئەستەنبووڵ. (کورد تەعالیی و تەرەققیی جەمعییەتی).

ک. هـ– بەغدا: کۆمەڵ/ پارتی هیوا– بەغداد

ک. ی. پ. ع/ ئەستەنبوڵ: کۆمەڵ/ پارتی یێکیەتیی و پێشکەوتنی عوسمانیی– ئەستەتبووڵ (ئیتیحاد و تەرەقیی جەمعییەتیی).

ک. ی. پ. ع – سلێمانیی: کۆمەڵ/ پارتی یێکییەتیی و پێشکەوتنی عوسمانیی – لقی سلێمانیی.



م: مێژوو

م. ع – ئەستەنبووڵ: مەکتەبی حەربییە – کۆلێجی جەنگاوەریی – ئەستەنبووڵ.

ن: نومرە، نومێرۆ/ ژمارە.

هتد: هەتا دوایی.

هـ. خ: (هـ.ش/ هیجری شەمسی) هیجری خۆریی: مانگی کۆچیی لای موسڵمانە شیعەکان.

هـ. م: (هـ. ق/ هیجریی قەمەریی) هیجری مانگیی: مانگی کۆچیی لای موسڵمانە سوننەکان.

ودبنبرە: وێنەی دەستنووس و بەڵگە و نامە و بەڵگەنامە ڕەسمیی.

ی. س. ک – بەغداد: یانەی سەرکەوتنی کوردان – بەغداد.

ی. ن. ک: یێکییەتیی نیشتمانیی کوردستان.

E: ئینگلیزیی.

F: فڕانسیی.

G: گریکی – یۆنانی

K: کەمال/ نووسەر

L: لاتینی

## پێشەکی

ئەدەبی نامەنووسین؛ چڵێکی بەرز و جوانی ئەدەبی هەر گەلێکی زیندووە. ئاوێنەی هۆش و بیر، ڕەزمی خەون و هیوا و ئارەزوو، دەنگی ژیریی، ڕەنگی دەروون، دەسکەلای دەربڕینی پێویستی و داخوازەکانی مرۆڤە! هەروەها کارامە و خێراترین هونەری ئەدەبە بۆ دروستکردنی پێوەندیی و ئاسان کردنی باری لە یێک تێگەیشتن لە نێوان خەڵکێکی زۆردار.

گەلە پێگەیشتووە پێشکەوتووەکان زۆر لە مێژەوە ناسیویانە و تا ئەوڕۆش نرخیان گران گرتووە. گەلی کورد چەند سەدەیێکە بەهونەری (شیعر) و هەر سەدەیێکیشە بەهونەری (پەخشان)ی نووسراوەوە گەرمتر ڕەفتاری لەگەڵ کردووە و بەکەڵکی هێناوە، کەچی لێکۆڵەکانی ئەدەبی کوردیی -کەمتەرخەمن- زۆر بایەخیان پێ نەداوە بۆیێکا تا ئەوڕۆ تاکە کتێبێ، تەنانەت لێکۆڵینێکی زانستانە و چڕوپڕی -لە ڕۆژنامەنووسییشدا- لێ نەنووسراوە و دانەنراوە! هەڵبەت -وێڕای لە دەستدان و ون کردنی یادگاری زۆر و نهێنیی گشتیی و تایبەتی- ئەم بارە، ناتەواوییەکی گەورەیە بۆ ئەدەبی کوردیی!

ئەز لە مێژەوە هەستم بەئەو کەلێنە کردبوو، بۆیێکا هیوام لە دڵدا چاندبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەور و خولی بدەم و خزمەتێکی نەتەوەکەم و زانستی پێ بکەم!

کردوکۆشم لە پێناویدا چیرۆکێکی سەخت و تاڵی هەیە کە -بەکورتی- لێ گوتنی پێویست دەبینم... لە سەرەتای ١٩٨٠ز. دا بڕیارم دا بکەومە خۆ بۆی تێ بکۆشم؛ ڕووم کردە دۆست و ناسیاوان، ماڵان، کتێبخانەکان! هەروها ڕووم کردە چەند دەزگەیێکی حوکومەتیی لە کوردستانی باشووردا. لە لایێکی دییەوە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکان، کتێبە ئەدەبییەکانی تایبەتی باسەکەشم پشکنی و دەورکردەوە و لە ١٩٩٠ز. دا بنچینەی پێویستی کارەکەشم دانا!

لە بەهاری ١٩٩١ز. دا -بەهۆی ڕاپەڕین و کۆڕەوی گەلەوە- گنجینەی نووسین و دەستنووسەکانم و زۆربەی ئەم کارەشم بەجێ هێشت. خوای دڵاوا پشتیوان بوو، ڕەنجی بەفیڕۆ نەدام و چاو و دەستی پشکنەکانی ماڵەکەمی کوێر و سڕ کردبوو!.

لە پاییزی ئەو ساڵەدا چوومە ژێر باری کارەکەمەوە؛ چواردە مانگ بۆ پڕۆژەی نووسینەکانم و بەتایبەتی بۆ ئەم کارە گۆشەگیر بووم بەڕادەیێ نەدەچوومە ئەودیو دەرگەی



ماڵەکەمەوە، شەو و ڕۆژ -وێڕای لەش بەباریم- سەرگەرمی بژارکردن، لێ وردبوونەوەی نامەکان، لێکۆڵینەوەی باسەکانیان بووم تا نیوەی کارەکەم ڕاپەڕاند![*] کێشەکانی ژین و گوزەران -بۆ منێکی خانەنشین و لەش بەبار- بەتایبەتی لە جەرگەی شەڕی براکوژیی و بێ دەرامەتییدا بێ پێگەیاندنی جگەرگۆشەکانم کە سیانیان خوێندکاری زانکۆ بوون، ئەمانە هەموو، چالاکییان سست دەکردم، بەڵام وێڕا، گیانی نەتەوەییم هەر بەرهەڵستی نواند تا لە ١٩٩٥/٢/٢٩دا سێ بەشیم تەواو کرد! لە ئەوهەڵەوە چاوم بۆ نامەی دیی و ژیننامەی هێندێ لە نێودارەکان هەڵخست و هەر هەواڵێکی نوێم دەستگیر ببوایە تێ هەڵکێشم دەکرد، بەڵام مخابن -وەک کەس پشتیوانی تەواو و چاپ کردنی نەبوو- ناچاریش بووم لە هاوینی ١٩٩٨دا نیشتمان بەجێ بهێڵم و ڕوو بکەمە مەنفا، سەرئەنجام لە چەند خێوەتێکی پەنابردووەکانی وڵاتی (هۆڵاند)دا گیرسامەوە... شەش مانگی نەبرد -وێڕای زامداربوونەوەی سییەکانم و جگەرم- دڵی لاواز و ماندووشم تووشی نەشتەرگەریی بوو کە لە ژێریدا مرد و ژیایەوە و (کۆمپیوتەرۆچکەیێ) بۆ بەهێزکردنی لە سنگمدا چەقێندرا. بەر لە نەشتەرگەرییەکەش -وەک هەمیشە هۆش و بیرم لای نووسینەکانم و ئەم کارەم بوو- هاوارم گەیاندبووە نیشتمان و جگەرگۆشەکانم... لە خەستەخانەدا بووم مژدەیان پێ دام (نووسەرێ/ دەسەڵاتدارێکی سلێمانیی) کارێکی کردووە کە ئەو (کارە) و بەشێکی دی نووسینەکانم بگاتێ کە کردەوەکەی وەڵامێ بوو بۆ چاکەیێکی گەورەترم لەگەڵی بۆیێکا پێویست ناکات سوپاسی بکەم!.

لە ١٩٩٩/١١/٢٩ز. دا - وێڕای زەبری توندی هەواڵی ڕەتکردنەوەی داخوازیی پەنابردم لە ١١/٢٥- ورەم بەرنەدا و نێوی خودام لێ هێنا و خۆم دایە پاکنووسی یێکجارەکیی؛ بەڵام بێ کتێبخانەیی و نەگەیشتنی هێندێ نووسینی ئەو بەشانە، هێندێ گرانیان بۆ خولقاندم و ناچار پەیتا پەیتا بەتەلەفوون، فاکس، نامە و ڕاسپاردە، دەنگم دەگەیاندە کوردستان و جگەرگۆشەکانم، هەروەها هێندێ ناسیاوم لە ئەورووپادا کە لە ئێرەدا سوپاسیان پێویستە!

لە نیوەی سەرقاڵییدا - لە زیندانی مەنفادا کە ڕۆژێکی بەساڵێک بوو- تووشی زامداریی ڕیخۆڵەش بووم کە لە ئەوە پتر -لە ترسی گومانی شێرپەنجە- لە بەهاری ٢٠٠٠دا زیادە گۆشتیان ڕاماڵیی و کەوتمە ژێر چاودێرییەوە، بەڵام نە ئەو دەردە گرانانە،

---

(*) دەمبیستەوە دەرودراوسێ و هێندێ ناسیاوانم لافیان لێ داوە گۆیا (تێکچووم!!).

نە وەڵامی ناڕەوای وەزارەتی دادی هۆڵاند کە بڕیاری دا لە دەرەوەی وڵاتەکەدا چاوەنۆڕی وەڵام ببم، هیچیان سستیان نەکردم و باوەڕ و قەڵەمم نووچیان نەدا!

ئەز – وێڕای گەلێ خەمی دۆست و دوژمن و تەنگانەی دی– ناخوازم کارەکەم وردبکەمەوە و هەڵبسەنگێنم، ئەوە دەهێڵمەوە بۆ ژیریبی و سەلیقە و ویژدانی خوێندەوارەکان و لێکۆڵە ڕاستەکان، بەڵام زۆر پێویستی دەبینم کە هێندێ تەم لەسەر هێندێ پەڵە باس لابدەم:

١– بەرنامەی کارەکەم بەتایبەتی لە سنووری ساڵانی ١٨٩٨ز – ١٩٥٨ز. دا ڕاگرتووە و بۆ ئەوڕۆم ڕانەکێشاوە؛ مەڵامەتەکەیش ئەوەیە؛ ماوەکە لەلای من، ناسکترین قۆناغی هەڵکەوتن و گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردە و چەسپاندنی هونەرەکانی ئەدەبی نوێیە!

٢– ڕۆشنبیرەکانی ڕابوردووی کورد، بەزەبری توندوتیژیی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و داگیرکاریی بیانەکانەوە، لەپێشدا بە(شیعر)ی کوردیی و بەر لە (پەخشانی کوردیی)ش بە(زمانەکانی بیانەکان)ەوە ڕەفتاریان لەگەڵ (نامە) کردووە. بەئەو ڕۆشناییە، پێویستم زانی لە دوو بەشی جوێدا چەند وێنەییێکی هەردوو ڕەفتار بەسەرنێوی (شیعرنامە) و (نامەی بیانیی زمان)ەوە بنوێنم کە تا ڕەفتاری بیانەکانیشی گرتووەتەوە.

٣– پسپۆرەکانی ئەدەبی نامەنووسین، تەنانەت بڵاوکەرەوەکانی نێو وڵاتە پێشکەوتووەکان، زۆر دەربەستی وردکردنەوەی نێوئاخنی نامەکان، ژیاننامەی نامەنووس، نامە وەرگرەکان نایەن. ئەز پێچەوانە جووڵاومەتەوە، چونکە –وێڕای دەستپێشخەریی کارەکەم– خەڵکی ئێمەی کوردی دابەشکراوی کوردستانی داگیرکراوی چەند بیانێک؛ ڕۆشنبیریی گشتیی و ئەدەبییان زۆر توانا و چڕ نییە، بۆیێکا لە (بەشێک)دا لە سەرێکەوە ژیاننامە گرنگەکانم ورد نووسیوەتەوە و ڕاگرتووە، تەنانەت ئەو کەسانەیشی گرتووەتەوە کە کەم ناسراون و ناتەواو لێیان نووسراوە.

لە ئێرەدا پێویستە ببێژم کە کەسێ –بەتایبەتی لە ڕاییڵەی نامەکاریی ڕەسمییدا– زۆر کارامە و ناسراو نەبووبێت یان نەم ناسیبێت، توخنی نەکەوتووم. لە سەرێکی دییەوە، نێو ئاخنی گەلێ نامە و بەتایبەتی هێندێ (نامەی ڕەسمی)شم ورد کردووەتەوە کە هەیانە نهێنیی سیاسی و ڕۆشنبیرییان لە دووتوێدا هەیە و پێم وەیە وردکردنەوەکان کەڵک دەگرن!



٤– وەک نامەکان دیارن، پتر شێوەزاری لقی باشوور/ کورمانجیی باشوور –بەهەڵە نێوبراو– سۆرانیی گرتووەتەوە. ئەمە سروشتییە و هەڵبەت ڕوونە کە مەڵامەتەکە دوو باسی گرنگە: لە لاییێکەوە مۆڵەتی گەڕانی ئازاد بەکوردستانی داگیرکراودا نییە. بۆ وێنە گەڕان و پرسیار لەنێو خەڵکی (لوڕ، کەلهوڕ، زازا)دا و دەستگیرکردنی نامەیان. وێڕاش سەرچاوەییێکی ئەوتۆم بەدەستەوە نییە و نەهاتووە کە کەلکی مەبەستم بگرن!

لەلاییێکی دییەوە؛ (سۆرانیی!!) پتر لە شێوەکانی دیی، بۆ خوێندن، ڕۆژنامەنووسیی، کاروباری ڕەسمیی بەکار براوە، چ لە کوردستانی باشووردا، چ لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا و بەرهەمی نامەکاریشی پترە!

٥– وەکو دیارە؛ (نامەی ئەڤینی)م زۆر بەدەگمەن نواندووە. هەڵبەت ئۆباڵەکە لە ئەستۆی دوو هۆ دایە: توندوتیژی داگیرکەران بەرامبەر نووسینی کوردیی کە ڕووی داوە – لە پشکنینی ماڵاندا و بەهەر بڕووبیانوویێ بووبێ– خەڵکیی تووشی لێ دان، کوشتن، بڕین، ماڵکاولیی بوون. هۆییێکەی دیش زەبری داب و دەستووری کۆن و نالەباری کۆمەڵ و هەڕەشەی تۆڵەئەستاندن لە (دڵداران)ە کە ناچار ئەوانیش (نامەکانیان دڕاندووە) یان (سووتاندووە!).

من خۆم کۆمەڵێ (نامەی دڵداریی)م هەڵگرت بوو– لە مەنعوتەجەولەکەی سلێمانیی س ١٩٦٣ز. دا – کەس و کارم هەموویان سووتاندبوو کە ئەو کاتە خۆم لە ئەوروپا دەژیام! دەشبێت بڵێم کەسانێکی زۆر، بەژن و پیاوەوە ئاگەدارن کە بۆ ئەو مەبەستە لە دەرگەم داون و کەسیان هیچیان بەدەستەوە نەهات کە پێم وەیە هێندێکیان هەر سڵیان لە باسەکەش دەکردەوە!

٦– بۆیێکا بەتایبەتی لە چەند دەزگەییێکی حوکوومەتیی نێو بازێڕی سلێمانییەوە (نامەی ڕەسمیی)م هەڵبژارد، چونکە لە لاییێکەوە بۆ ییێکەم جار لە مێژوودا؛ لە سەردەمەکانی (ییێکەم حوکوومەتی کوردستانی باشوور) و ئەوجا (بریتانیای داگیرکەر) و (مەملەکەتی عێراقی عەرەب)دا بەکاربراوە و ئەو بازێڕەش پێتەخت و ییێکەم سەرچاوە بووە!

٧– ڕێنووسی نووسراو و نامەکان – دەستنووس، بەڵگەکان، بڵاوکراوەکانی هێندێ ڕۆژنامە، بەڵگەی ڕەسمیی – جۆربەجۆرن و هەیانە بەتەواوی ڕێنووسی عەرەبییەوە یان تێکەڵی فارسیی و هەیشیانە دەستکاریی کراون. ئەز هەموویانم هێناوەتە سەر ییێک

شێوەی باو و ئاسان و بەدوو شێوەش -تا ڕادەیێ- زمانشوناسان و خوێندەوارم ئاشنایان کردووە... جارێک بەنواندی هێندێ لە ئەسڵی ڕێنووسەکان وەک ڕێنووسی دەستنووسی کۆن -شیعر، نەزم، هەڵبەستی، پەخشان- بەدانانی تیپەکانی عەرەبیی لەژێر وشە عەرەبیی و کوردییەکاندا. جارێکیش بەنواندنی وێنەی فۆتۆکۆپییان لە پاشکۆدا. (مخابن لە چاپدا ئەو تەگبیرەی یێکەم سەری نەگرت!)

ئەگەر لە ڕاپێلەیاندا وێنەی دەستنووسێ؛ نامەیێ، بەڵگەیێکی دیار و دەستگیر نەبووبێ ئەوە بۆیان هەیە لە سەرچاوەکاندا لێیان بگەڕێن کە من لێم وەرگرتوون.

٨- پاشکۆیێکی تایبەتیم بۆ وێنەی دەستنووس، بەڵگەنامە، بەڵگەی ڕەسمی داناوە کە دیارە مەبەستم چەسپاندنی ڕاستییە.

ئیدی لە تەنگانە و زیندانی مەنفادا، کڕنووش و سوپاس و ستاییشم هەر شایستەی پەروەردگاری چاک و پاک و تاک و تەنیا و توانا و باڵا و دڵاوایە کە منێکی یێکجار سووک و لاواز، نەزان و نەفام و لەش بەباری بزواند و ڕاگرت تا تۆزەڵقانی ژیربم، قەڵەم بگرم و بەرەنجێکی بیست ساڵەوە هێندێ خزمەتی نەتەوەی کوردی بێ گونەهو زۆرلێکراو و چەوساوە و نەبەزم بکەم!

هیوام هەر بەدڵاوایی ئەویشە کە چاپکراو بیبینم و ئەگەر کەم و کورتییشم بووبێ، بەدڵاوایی خۆیەوە چاوپۆشیم لێ بکات.

(بابی لالۆ)
کەمال ڕەئووف محەمەد
زیندانی مەنفا - خێوەتی ڤەنلۆ
هۆڵاند: ٢٠٠١/٢/١

# بەشی یێکەم

## ١- کورد و کوردستان

١/١- کورد

نەتەوەییێک – فرە خێڵ و فرە شێوە زمان–ی نێوەڕاستی خۆرهەڵاتە، وەچەی نەتەوەی (ماد)ی خاوەن شارستێنیی و دەسەڵاتداری کۆنە، بۆییێکا تا ئەمڕۆش بەشانازییەوە دەبێژێت؛ کرماج، کورمانج، کوردماد–م! کورد لەلای نەتەوە کۆنەکانی دی بەنێوی جوێ جوێوە ناسراوە کە نێوی ئێستەیشی دەچێتەوە سەرپاکیان.

ئاشوورەکان بە: کورتس، کاردۆ! سۆمەرەکان بەجووتیۆ، جوودیی! ئارامییەکان بەگووتی، کارتی، گورتی، کاردو، کارداکا، کارکتان، کارداک! گریک و ڕۆمانەکان بەکوردۆئی. کورس، کاردۆتی، کوردۆنسو، کوردیای، کاردۆیکای، کاردوای نێویان بردووە! سەرلەشکرێکی ئەسکەندەری گەورە، گەزنەفوون لە کتێبی (کرۆبیدیا)ی خۆی و لە باسی کشاندنەوەی دە هەزار سەربازەکەیدا بەرەو یۆنانستان -گریک–ی وڵاتی خۆی، کورد، بەکوردۆک، کاردۆخێن نێو بردووە! مێژووناسەکانی عەرەب بەکوردی، کاردۆێ، بافاردا، کارتاون، جوودی، نێویان هێناوە.

مێژووناسەکانی گەلانی دی بەکۆردوئیک، کورخیچ، کرخی، کۆرخی، کوردواتسی، کرتوەل، گردیایوی، نێویان هەڵ داوە، بەڵام گەلانی ئێران بەسیرتی، کۆرتیوی، کوردیوی، کوردارهای نێویان بردووە[١].

نووسەرە ڕەگەزپەرستەکانی ئەم دوا سەدەیەی عەجەم، تورک، عەرەب، هەرییێکە بەبڕوبیانووی ناقۆڵاوە، ڕەگەز و ڕیشەی کوردی بردووەتەوە سەر خۆی کە دیارە مەبەست ئامانجێکی سیاسی و پشتگرتنی داگیرکارییانە، بۆییێکا هەموویان بێ نرخن.

خشتەییێکی گەڵاڵەکراوی لیژنەی بەرگریی لە مافەکانی گەلی کورد، لە ساڵی **١٩٦٣**ز.دا، ژمارە و ڕێژەی (کورد)ی لە نێو دانیشتووەکانی وڵاتە داگیرکەرەکاندا بەئەم جۆرە ئاشنا کردووە:



| | | | |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٦ | میلیۆن | ٪٢٣ |
| ئێران | ٤ | میلیۆن | ٪٢١ |
| عێراق | ٤ | میلیۆن | ٪٣١ |
| سوریا | ٤ سەد هەزار | میلیۆن | ٪٨ |
| سۆڤیەت | ١٥٠ هەزار | میلیۆن | – |

بەئەو پێیە، کورد هەمووی لە ١٢,٥ میلیۆن پتر بووە![٢]

١/٢- کوردستان

کوردستان، وڵات -زەوی-یێکی خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا و نێوەڕاستی خۆرهەڵاتە. ئەو نێوەش لە سەدەی ١٢ی سەردەمی فەرمانڕەوای سوڵتان سنجەری پاشای سەلجووکەکاندا هەڵکەوتووە و وڵاتەکە شانزە هەرێم بووە!

کوردستان کە لە گێتییدا یێکێکە لە لانکە کۆنەکانی مرۆڤایەتی و لاشەی مرۆڤی کۆن؛ نیاندەرتاڵ Niandertal–ی تێدا دۆزراوەتەوە[٣]. لە نەخشەی زەویدا، لەسەر هێڵی ٣٠–٤٠ پلە خۆرهەڵاتدا و ٣٧–٤٠ پلە لە باکووردایە. بەهۆی دابەشبوونیشەوە، ڕووبەری ڕاستەقینەی ڕوون نییە و بەچەند جۆر خەملێندراوە.

هەمان خشتە گەڵاڵەکراوەکەی ساڵی **١٩٦٣**ز، ڕووبەری کوردستان -لە وڵاتە داگیرکەرەکاندا- بەپێنج هەزار کیلۆمەتر دووجا دەخەملێنێت کە دەکاتە؛ **٢٢** هەزار لە تورکیادا، ١٨ هەزار لە ئێراندا، ٨٠٠ هەزار لە عێراقدا، ٢٠٠ هەزار لە سووریادا.

سنووری کوردستانیش بەچەند جۆر بیر و قەڵەم تەماشاکراوە و لێی نووسراوە؛ ئەفسەری سیاسیی ئینگلیزی داگیرکەر ئیدمۆندس Edmondz لە کتێبی (کورد، تورک و عەرەب)ی خۆیدا نووسیویەتی: باکووری کوردستان بەهێڵێکی نێوان یێریڤان و ئەرزڕووم و ئەزرنجان دیاریی کراوە. ئەو هێڵە بەدەوری مەرعەشدا هاتووە و گەیشتووەتە حەڵەب. لە باشووری خۆرئاواوە، لە ئەو تەپۆڵکانە دەرچووە کە لە ڕێکی ڕووباری دیجلەدان و لە دواییدا بەلای چیای حومریندا دەکشێتەوە و تا سنووری نێوان عێراق و ئێران دەڕوات. لە خۆرهەڵاتەوە بەکرماشان و سنە و سەقز و مەهاباد و ورمێ و خۆی و ماکۆدا -واتە بەشە کوردنشینەکەی خۆرئاوای ئێران- تێ دەپەڕێت و بەرەو باشووری خۆرئاوای یێریڤان دەڕوات![٤]

ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی لە کتێبی (کورد و کوردستان و تەوابیعی) خۆیدا،

سنووری کوردستانی ئەوهە نیشان داوە:

کوردستان، لە باکوورەوە ئەرمەنستانە، لە خۆرهەڵاتەوە ئازەربیجان کە عێراقی عەجەم و خوزستان، کێوەکانی زاگرۆس لە ئەم پارچەیەدان. لە باشووریەوە دەگاتە عێراقی عەرەب. لە خۆرئاواشەوە زەویەکانی ئاسیای بچووک دەگرێتەوە.

نێوبراو لە لێکۆڵینەکانەوە دەگێڕێتەوە؛ کوردستان لە باکوورەوە کێوەکانی ئەرارات و لە خۆرهەڵاتەوە سنووری خوزستان و فارس و زنجان و ورمێ و ماکۆ، لە باشوورەوە لای باکووری بەغداد عێراقی عەرەب و لە خۆرهەڵاتی ڕووباری فورات تا نزیک بەغدا دەگرێتەوە. بەئەم جۆرە بەشێک لە ئەرزڕووم هێندێک لە نێوچەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیای بچووک و ئازەربێجانیش بەخاکی کوردستان دەژمێردرێت![٥]

### ٣/١ ئایین و مەزەبی کورد

بەر لە ئیسلام (زەردەشت)ی ئایین و (ئاڤێستا) کتێبی پیرۆزی و بەرلە ئەوەش خۆر و مانگ و ئەستێرە و ئاگرپەرست بووە!

زۆربەی ئیسلام و سوننەیە، بەشێکی لە باشووری کوردستاندا[٦]: (کرمانشا، لوڕستان)دا شیعەن. وێڕای ئەهلی هەق بە(عەلییوڵڵاهی) ناسراون!![٧] هەروەها کۆمەڵانێکیش (ئێزدیی)یان!

### ١/٤/١- زمانی کورد

زمانێکی ئاری نەژادە، هەروەک؛ فارسیی، بلووجیی، ئەسپانیی، ئەڵمانیی، چیکیی، ئیتاڵیی، فرەنسایی و هتد.

زانا و شارەزاکانی بێگانە و خۆ، سەلماندوویانە کە ئەو قسانەی دەبێژی گۆیا؛ زمانی کوردی (فارسیی کۆن - پەهلەویی)یە، هەموو لاف و گەزافن! زانای ڕووس؛ مینۆرسکی Minorsky، سۆن Soaneی ئینگلیز، تۆفیق وەهبی کورد و گەلێکی دی دڵنیا دەڵێن؛ زمانی کوردیی لە (مادیی) و کتێبی (ئاڤێستا)ی زەردەشتییەوە هەڵکەوتووە![٨]

سۆن؛ فارسیی و کوردییزان لە گوتارێکی ڕەخنەگیری -بێ ئیمزای- خۆیدا بەکوردیی نووسیویەتی: کوردی یێکێکە لە پاکترین زمانی ئەم نێوچەیە و لە فارسیی کۆنتر و پاکترە![٩]

مێژوونووسی کورد، شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤٣ز - ١٥٩٩ز؟) لە کتێبە



مێژووییەکەیدا؛ شەرەفنامە (١٥٩٧ - ١٥٩٨ز) بەڕۆشنایی خێڵە گەورەکانی کورد، زمانی کوردیی بەچەند شێوەی (لوڕیی - کەلهوڕیی، کورمانجیی، گۆران) ئاشناکردووە![١٠]

لێ کۆڵینەوەی زانستانەش جەخت دەکات کە ئەو شێوازەش لق و چڵیان هەیە. بۆ وێنە: کورمانجیی - لقی باکوور (جزیریی، بۆتانیی، بادینانیی) و لقی خۆرهەڵات و باشوور؛ (موکریی، بابان - سلێمانیی. سۆران)ن![١١]

### ٢/٤/١ جۆرەکانی ئەدەبی

وەک ئەدەبی هەر نەتەوەیێکی زیندوو، دوو جۆری:

١- ئەدەبی سەرزاری نەتەوە، (نەناسراو، بێ مێژوو، سەرچاوە دیاریی نەکراو). وەستاکانیشی: شاییر، بەیتبێژ، گۆرانیبێژ، چیرۆکبێژ - هەروەها پیرەمێرد و پیرەژنی چینەکانی گەل - کە زۆریان نەخوێندەوار و بەدەنگمەن نیمچە خوێندەواران.

٢- ئەدەبی نووسراو؛ (بەخامە و لەسەر قاقەز و مێژوو دیار). وەستاکانیش - لە ئەدەبی کۆندا- شارەزاکانی ئایین؛ مەلا، فەقێ، نووسەر، وەرگێڕ! لە ئەدەبی نوێشدا؛ شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەڤان، لێ کۆڵ، وەرگێڕ، زانای جۆربەجۆر کە لە چینەکانی گەلن!

هەریێکەش -وێڕای جودایی جۆریان- پەسن و بابەتی خۆی هەیە و ئاوێنەی ڕۆژگاری خۆین! وێکڕاش لە هۆش و بیر، زمان، باوەڕ و ماریفەت، خۆشی و ناخۆشیی، ئامانجی ئیسانیی و ئایینیی نەتەوەییەوە ڕێچکەیان گرتووە و مەبەستیان چاکەیە!

### ٣/٤/١- پەسن و بابەتیان:

#### ١/٣/٤/١- پەسنی سەرزاریی:

لە ڕووی زمانەوە، پەتیی و پاک، نەرم، سفت، زوڵاڵ، بەدەگمەن وشە و زاراوەی بیانیی تێ کەوتووە. لە دەربڕیندا - لە هونەری چنیندا- هێندێ دەنگ تواونەتەوە.

لە ڕووی بابەتەوە؛ پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، مەتەڵ، هەڵبەست، بەیت، پەخشان (بەچیرۆک و داستانی هەمەجۆر و ئەفسانەوە!). بابەتێ پێوەندی بەژیریی و داناییەوە هەبێ -وەک پەند- لە بۆتەیێکی پتەو و سفت و زوڵاڵ و ڕستەیێکی پچکۆلەدا داڕێژراوە.

هەڵبەست و گۆرانیی و بەیت؛ تەنک و بەسۆز، وێنەکێش و بەتریفەیە... هەیە کورت، هەیە درێژ. بنچینەی هۆنینەوەیشیان کەرەستەی کێش و ئاوازەی خۆماڵییە، لاسایی کەرەستەی بیانیی نەکردووەتەوە!

پەخشان؛ تورت و کورت و سووکەڵەیە! چیرۆک، داستان -ئەفسانە نەبێت- قەومـاوناسی بەسەرهاتەکانی ڕۆژگار و هەڵسوکەوتی خەڵکە و دوور لە ئەندێشەیە و تیژڕەوە.

ئەفسانە گرد و زوڵاڵە، ئەندێشەباز و چڕە! بەگشتیی هەموو خۆش ئاواز، دلڕفێن، تیژڕەون بۆ پەڕینەوە نێو خەڵکێکی و زوو لەبەرکردنی. بەدەگمەن، ڕەنگی هۆش و بیر، هونەری بیانییان گرتووە. ئەگەر -لە داستان و ئەفسانەدا- شتێکیان لێ وەرگرتبێ، بەشێوەی وەرگێڕانێکی کوتومتیی نییە! هەرگیز پەخشان ڕەدووی لێ کۆڵینەوە نەکەوتووە!

١/٤/٣/٢- پەسنی نووسراو:

لە ڕووی زمانەوە -لە ئەدەبی کۆندا- زبرە، ئەستوورە، تێکەڵی زمان و ڕێنووسی عەرەبیی و فارسییە. بایەخ بەڕێزمان و ڕێنووس و چنینێکی زانستی دەدات.

لە ڕووی بابەتەوە -لە ئەدەبی کۆندا- شیعر پتر بەخوداناسیی و باوەڕ، تەسووف، جوانکاریی و ڕەوانبێژیی هونەرەکە و کێش و ئاوازەی عەرەبییەوە خەریک بووە. هێندێ بەرهەمیش کێش و ئاوازەی خۆماڵیی پەیڕەو کردووە!

پەخشان -وەکو پتر سەرنجی دەدرێتێ- کەم بەکاربراوە و لەمەڕ بابەتەکانی ئایین، باوەڕ، هێندکۆکەیێ باسی زمان و ڕێزمان، پزیشکیی بووە! بەگشتیی شیعر چ پەخشانی کۆن، قەوماو و بەسەرهاتەکانی نەتەوەیان بەسەر نەکردووەتەوە، مەگەر لە دوای کۆتایی سەدەی نۆزدەوە نەبێت! دەشتواندرێت بە(ئەدەبی کۆن) ببێژرێت؛ (ئەدەبی چینی هەڵبژاردە) بەتایبەتی کە لە توانای تێ گەیشتنی زۆربەی خەڵکدا نەبووە![١٢]

کۆنترین بابەتی ئەدەبی سەرزاریی کورد ناناسرێتەوە، بەڵام بەلێکدانەوەی زانایان عەلائوودین سەججادیی خاوەندی (مێژووی ئەدەبی کوردی) و محەمەد خاڵی خاوەندی (پەندی پێشینیان) کۆنترین بابەت دەبێت (پەندی پێشینیان) بێ کە دەیبەنەوە بۆ سەردەمی کۆنی کورد و بەر لە ئیسلام!

هەڵبەست و گۆرانیی و بەیتیش؛ مێژوویان دیاریی ناکرێت، بەڵام دیارە زۆر کۆنن... شەرەفخانی بدلیسی لەمەڕ باسی (خانەدانی یێکەمی بابان) و کۆچی ماڵئاوایی (میر



بداخ کوڕی ئەبداڵ بەگ) گوتەییێکی یادگار و پرشنگداری بۆ تۆمار کردووین... دەبێژێت: (شاییران و خۆشبێژانی کوردستان، دەربارەی دڵاوایی و ئازادیی ئەو میرەوە «بەیت»ی زۆریان هەڵبەستوون و پەسنیان داوە و پێیان هەڵگوتووە و لە کۆڕ و دیوەخانان‌دا دەنگخۆشان بەئاهەنگەوە دەیخوێننەوە!).[١٣]

دەی- وێڕای کوێربوونەوەی ئەو بەیتانە- ئەوە ڕوونە کە چوارسەد ساڵی بەرێ؛ (بەیتی سەرزاریی) باوی هەبووە! گومانیش نییە ئەو باوە -بەهۆی ئەو میرەوە- کوتوپڕ هەڵنەکەوتووە، بەڵکو وەک شێوەییێکی ئەدەبیی، مێژووی کۆن، بگرە زۆر دێرینی هەبووە کە من پێم وەیە -بەڕۆشنایی پێویستییەکانی خەڵک و بەڕۆشنایی پەسنی کێش و ئاوازەی خۆماڵییەوە- مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ئیسلام!

ئەم ئەدەبە -ئەگەر لە ئەم سەدە پێشکەوتووەی ئەمڕۆدا- باوی هاتووەتە کزی، بەڵام هێشتا یادگاری کۆنی بەسەر زارانەوە هەیە و بەرهەمی نوێش هەر دەنگی خۆی هەیە!

لە ئەدەبی نووسراودا -بەبڕوای لێ کۆڵەکانی زمان و شیعری کوردیی- کۆنترین شیعری نووسراو، یادگارەکانی شاعیری بەنێوبانگ بابا تاییێری هەمەدانییە؛ (دەوروبەری س ١٠١٠ز ژیاوە) کە شێوەزمانی (لوڕڕیی)ی تێدا نواندووە. ئەوجا بەشێوەی (گۆران)؛ یادگارەکانی ئەبولقاسم؛ مەلا پەرێشانە؛ (س ١٣٩٨ز زیندوو بووە و دیوانی شیعری هەیە!) ئەوجا خاوەندی داستانی شیعریی؛ (شیرین و خوسرەو، س ١٧٢٥ز نووسیویەتی)؛ خانای قوبادییە؛ (١٧٠٠ز - ١٧٥٩ز). ئەوجا چەندی دی وەک مەولەویی - مەعدووم (١٩٠٧ز - ١٨٨٣) و هتد.

بەشێوەی لقی کورمانجیی باکوور؛ جزیریی، بۆتانیی، یادگاری خاوەند دیوان؛ (دیوانی مەلای جزیری) شاعیر و سۆفیی مەلای جزیرییە؛ (١٤٠٧ز - ١٤٨١ز). ئەوجا خاوەندی داستانی شیعریی (مەم و زین) و (عەقیدەی ئیمان - عقیدة الایمان)؛ شاعیری بەنێوبانگ و نەتەوەپەروەر ئەحمەدی خانییە؛ (١٦٥٠ز - ١٧٠٦ز) و هتد...

بەشێوەی لقی کورمانجیی خۆرهەڵات یان باشوور؛ موکریی - بابان؛ (بەیتی خالید پاشا)ی شێخ سادق نێوێکی نەناسراوە کە بۆ نەخۆشییە کوشندەکەی (خالید پاشای کوڕەزای سلێمان پاشان بابان)ی گوتووە، ئەوی -دوای پەلاماری نادر شا- ڕووی کردووەتە مووسڵ و ئەوجا لە باژێڕی ٠ئۆرفە - س ١٧٤٣ز)دا مردووە![١٤]

دوای ئەویش مەنزوومەکانی (مەهدی نامە)ی مەلا محەمەد ئیبنولحاج، هەروەها

(تەزکیرەتولعەوام – تذكرة العوام)ی مەلا محەمەدی سێوجی؛ (١٧٧٨ز. داندراوە) و ئەوجا هێندێ پارچە شیعری زانا و شاعیر مەلا عومەری زەنگەنە؛ ڕەنجووریی؛ (١٧٥١ز – ١٨٠٩ز؟). ئەوجا کۆمەڵێ شاعیری دی وەک بەنێوبانگیان مەلا خدری شاوەیس، نالیی؛ (١٧٩٧ز – ١٨٥٥ز) و هتد.

لەمەڕ پەخشانی کوردیش – پتر باسی دێتە پێشەوە– چ هەواڵێ بەدەستەوە نییە جەخت بکات بەشێوەی (لوڕیی، زازایی، گۆران) هەڵکەوتبێ، بەڵام بەشێوەی کورمانجیی باکوور چ باشوور یادگاری دەستنووس دەستگیرە.

جێگەی پێ زانینە؛ کۆنترین بەرهەمی مێژووی کورد، بەتورکیی و فارسیی، دوو بەرهەمی نووسراو و زیندووە. یێکەمیان (موزەککەرات مەئموون بێگە بەگ – مذكرات مأمون بيگه بك/ یاداشتە سیاسییەکانی مەئموون بێگە بەگ)ی وەچەی میرانی کوردی شارەزوورە کە لە (٩٨٥ک/٩٥٧ز)دا بەسەرهاتی خانەدانەکەی بۆ سوڵتان مورادی سێیەم نووسیوە. دووەمیان؛ (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بدلیسیە!

لەمەڕ فەرهەنگی زمانی کوردیش؛ ئەوی دیارە –هەڵبەت بایەخی پێ نەدراوە– کۆنترین کردەوەیێ نامێلکۆکەی (نووباری بچووکان)ی ئەحمەدی خانییە، هەروەها نامێلکۆکەی (ئەحمەدیی/ س ١٩٤ داندراوە) کە شێخ مەعرووفی نودێیی بەرزنجی (١٧٥٣ز – ١٨٣٨ز) بەنەزم و لەبەر کاکە ئەحمەدیی کوڕی کۆمەڵێ وشەی کوردی و عەرەبی لەیێک ئاشنا کردووە؛ یووسف زیائوودین پاشای خالیدیی مەقدیسیش بەزمانی عەرەبیی (ئەلهەدییە ئەلحەمیدییە فی ئەللوغە ئەلکوردییە – الهدية الحميدية في اللغة الكردية – س ١٨٩٣ز) داناوە و لە پاڵ چەند باسێکی ڕێزمانی عەرەبیی، فەرهەنگۆکەیێکی عەرەبیی – کوردیی ڕێکخستووە!

پێویستی گوتنە؛ لەبەر باری کورد و کوردستانی لەت و پەرت و داگیرکراو –تا ئەوڕۆ– مێژوویێکی کۆک و چڕ و ڕاستی هەموو شێوەکانی زمان و ئەدەبی کورد، نەنووسراوەتەوە و ئەوی نووسراویشە –وێڕای بارستایی پچکۆلانەی– ناتەواوە و هەر ساتە ناساتێ هەواڵێ، دەستنووسێکی نوێ هەڵدەکەوێت و باسێ، بیروباوەڕێ هەڵدەوەشێنێتەوە. لە ئەم کتێبەدا وێنەی ئەوتۆ دێتە بەرچاو!

١/٥– خوێندن لە کوردستاندا

بۆ چاک ناسینی باری خوێندن و خوێندەواریی کۆن لە کوردستاندا، پێویستە لە



بنچینەی خوێندنی ئیسلامیی عەرەبیی –بەزمانی عەرەبیی– وردببینەوە کە دوو کۆڵەکە ڕایگرتووە:

١– زانستەکانی نەقڵیی: واتە ئەو زانستانەی لە (شەرع) کراوەکانی کیتابی خودا و سوننەتی پەیامبەرەوە بەزبانی عەرەبیی هاتوون و داندراون و تایبەتن بەمیللەتی ئیسلام و دەستکاریی ناکرێن! لە ئەم سەرچاوانەشەوە زانستی دی هەڵدەقوڵێن وەک زانستەکانی (حەدیس، تەفسیر، فیقهـ و ئوسووڵی فیقهـ، عەقایید، زانستەکانی قسە؛ زمانس، نەحوو و سەڕف و بەیان – بەلاغە– و ئەدەب!).

٢– زانستەکان عەقڵیی؛ واتە داندراوەکان کە زانستەکانی حیکمەتی فەلسەفیی مرۆڤ خۆی دەیانپێکێ و بابەت و ڕێگە و شوێن و ساغ کردنەوە و شێوەی پێزانین و پێ گەیشتنیان گەڵاڵە دەکات و تایبەتیش نین بەتەنیا میللەتێ! وێنەیشیان زانستەکانی؛ (مەنتیق، بیرکاریی، ئەندازە، گەردووناسی، مۆسیقە، سروشتناسیی کە پێوەندە بەمرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک و کان و کەششوناسی و گیانناسیی –ڕۆحانیات–ەوە. ئەمەی دوایش حەوت زانستی سەرەکییە کە پێی دەبێژرێت: زانستەکانی فەلسەفە و ئوسووڵی فەلسەفە و خۆیشیان لق و چڵیان هەیە!).

کوردستان؛ لە دێر ڕۆژگارەوە –وێڕای ئەوەی خوێندن شێوەیێکی نیمچە ڕەسمیی هەبووە!– پەیڕەوەی ئەو دەستوورە ئیسلامییە عەرەبییەی کردووە. بەشێوەیێکی گشتییش، لەبەر ڕۆشنایی (زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵیی)، ئەم زانستانە خوێندراون؛ نەحوو، سەڕف، مەنتیق، ئیستیعارە، وەزع، مونازەرە، عەقایید. ئوسووڵی فیقهـ، گەردووناسی، بەلاغە، حەدیس، تەفسیر! لە هێندێ نێوچەشدا بیرکاریی و گەردووناسیش نەخوێندراون!

بەرۆشنایی چەند نووسراوێکی باوەڕپێکراو و ئیجازە نامەی هێندێ کۆنە خوێندکار، باو بووە خوێندکار –شاگرد– لە پێناوی خوێندندا بەفێرگە ناسراوەکانی؛ بەسرە، بەغداد، مووسڵدا گەڕاوە.[١٥]، هەروەها بەنێوچەکانی؛ (ئەردەڵان، بابان، بادینان، جزیرە، سۆران، موکریان) و بازێڕ و ئاوایی و گوندەکانی: (ئامێدی، بابان، بانە، بیارە، پێنجوین، تورجان، تەکیە، خەرپان، حەریر، دیار بەکر، ڕواندز، ڕۆست، سلێمانیی، سنە، شەقڵاوە، شنۆ، قەڵاچوالان، کۆیێ، گراو، گوڵعەنبەر، – خورماڵ، مەریوان، مەهاباد، هەزارمێرد، هەولێر و هتد...)[١٦].

جێگەی باسە، دەیان زانای خاوەند فێرگە لە سەدەی هەژدەوە تا سەرەتای سەدەی بیست نێوبانگیان دەنگی دابووەوە و لە هەموو کووچەیێکەوە شاگردان ڕوویان تێ کردوون. وەک؛ مەلا محەمەدی عەبدوڵڵای بایێزیدی، شێخ عەبدوڵڵای ڕەبتکی، سەبەغەتوڵڵای حەیدەری، شێخ جەرجیسی محەمەدی ئەربیلی، ئیبنوئادەمی باڵەکی، مەلا محەمەد خەتی، ئەبووبەکری میر ڕۆستەمی، عەبدوڕڕەحمانی جەلی، شێخ مەعرووفی نۆدێیی بەرزنجی، خالید شارەزووریی نەقشبەندیی، مەلا عەبدوڵڵای خەرپانیی، عەبدوڕڕەحمانی ڕۆژبەیانیی، عەبدوڵڵای گەلالیی، ئیبراهیم ڕەمکی، محەمەد ڕەسووڵ لە نەوەی ڕەسووڵ زەکی سەردەشتی، شێخ عەبدوڵڵای بەیتووشیی، مەلا محەمەد یینولحاج، مەلا عەبدوڵڵای ڕەش، شێخ قەسمیی سنەیی، مەلا ئیبراهیمی بیارەیی، مەلا یەحیای مزووریی، ئەسعەد حەیدەریی، مەلا عەلی قزڵجیی، مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوینی، شێخ عومەری قەرەداخیی، مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی هەولێریی، شێخ مستەفای نەقشبەندی، مەلا عەلی حیکمەت، مەلا مەحموودی مزناوایی، مەلا عەبدوڵڵای باپیر، مەلا عەبدوڵڵای دشەیی، شێخ ئەمینی خاڵ و هتد.(١٧)

قۆناغەکانی خوێندنیش لە کوردستاندا، بەگشتی بەئەم شێوەیە بووە:

١- قۆناغی (قوتابیی) لە (حوجرە)دا کە منداڵی شەش ساڵان خراونەتە بەری. لە ئەم حوجرەیەدا لەسەر دەستی (مەلایێ) فێری چەند سوورەتێکی ( قرآن)ی پیرۆزو بەتایبەتی فێری بەشی (جزمی عەمما) ، هەروەها فێری تیپەکان و نووسینی ژمارە کراوە:

٢- قۆناغی (سوختە)یی کە شاگرد بە ٨-٩ ساڵ بڕیویەتی و بەچڕیی (نەحوو و سەڕەف)ی عەرەبیی و هێندێ کتێبی باوی وەک (عەوامیل)ی جەرجانی و سەعدوڵڵای سەخیر و (شەرەحولمەغنی)ی خوێندووە. ئەگەر کارامەش نەبووبێت، خوێندنەکەی بە ١٠-١٢ ساڵی بڕیوە!

٣- قۆناغی (فەقێ)یەتیی کە ماوەکەی دوو ساڵ و شاگرد سەرگەرمی خوێندنی (نەحوو) و (وەزع) و (ئیستیعارە)ی عەرەبیی بووە.

٤- قۆناغی (موستەعید)یی کە ماوەکەی ٥ ساڵ و شاگرد درێژەی داوە بەخوێندنی (نەحوو) و (سەڕف) و لە پاڵیدا شەرحی (ئەلفییە)ی سیووتیی و شەرحی (شافییە)ی سەڕفی سەیید عەبدوڵڵا کە لێکدانەوەی (شافییە)ی ئیبنوحاجیبە و (ئستیعارە)ی عیسامووددین و (موتەووەل)ی سەعدەددین تەفتەزانیی و (موختەسەر



لەسەر کورتەی مەعانی - المتخصر علی الخیص المعاني) و (تەهزیب - تهذیب)ی تەفتەزانی و لێکدانەوەیشی، هەروەها ئووسووڵەکانی (فیقه) وەک کتێبی (جەمولجەوامیع - جمع الجوامع) و (فەتحولعەین - فتح العین) لە شەرعدا، هەروەها (عەقیدە) و (تفسیر) و (هەیئە) وەک (ئەلروبعولموجیب - الربع المجیب) و (تەشریح ئەلفەلاک - تشریح الافلاک)ی خوێندووە.

لە ئەم قۆناغە شاگرد (موستەعید) ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی ئیجازەی زانستیی لە دوا کەسێ کە مامۆستای بووە! بەئەم پێیە شاگرد دەبێت بیست ساڵ و پتری بەهاتن و چوون لە نێوان گەلێ شوێن و مامۆستادا بڕی بێت تا دواجار لەلای ئەم دوا مامۆستایەی پێ گەیشتووە. ئەم مامۆستایەیشی کۆڕی بۆ کۆمەڵێ مامۆستا دەگرێت و ئەو کاتە (ئیجازە)کەی پێ دەبەخشرێت؛ کوڕەکەیش شێوەی ئاهەنگێ وەردەگرێ کە دیارترین زانا و پیاوانی کۆمەڵی بۆ داوەت دەکرێ و بەشادیی و هەڵپەرکێی کوردیی دوو ڕۆژێ دەخاییێنێت!(١٨)

هەڵبەت ئەو کاتە کە ئیجازەکەی پێ دەبەخشرێت دوانزە زانستە ئیسلامییەکەی تەواو کردووە و بە(مەلای دوانزە عیلم)یش دەناسرێت. ئەگەر کارامەش بووبێت و چەند ئیجازەیێکی گەورەی وەرگرتبێت و لە زانستەکاندا ناسراو و باوەڕپێ کراو و خاوەند بەرهەم بووبێت، لە فێرگەیێکی ئایینییدا کراوە بەمامۆستا کە لە ئەم ئاستەدا سیاسەت بەدەستەکانی میرنشیینەکان و گەورەکان، دەوریان هەبووە!

جێگەی باسە، دوای زمانی عەرەبی، زمان و ئەدەبیاتی فارسیی خوێندراوە. بەڵام بۆ فێربوونی زمانی تورکیی - لە بەشەکانی کوردستانی ژێردەسەڵاتی عوسمانییدا- خوێندن باو نەبووە، مەگەر درەنگانێ، لە دوای هەڵکەوتنی (نیزامی مەعاریفی عوسمانی- س ١٨٧٠ز) و (نیزامی تەشکیلاتی ویلایات- س ١٨٨٢ز) و کە هەرێمەکانی مووسڵ، بەغداد، بەسڕەی دەگرتەوە - کوردستانی باشووریشی لە پاڵ یێک بوو - کە خوێندن ڕەسمییانە کەوتە نێوانەوە و هێندێ قوتابخانەی سەرەتایی - بەزمانی تورکیی و بەرنامەی کەموکورتی لاسایی کراوی فڕانسە بوو- لە هێندێ بازێڕ و ئاوایی گەورەی کوردستانی باکوور و باشووردا کرانەوە و وردە فەرمانبەر و هێندێ سوپایی کارامەیان پێ گەیاند! بەڵام نە لە فێرگە ئایینییەکاندا و نە لە ئەو قوتابخانە تورکیانەدا، زمانی کوردی بەکار نەبراوە و نەخوێندراوە، بەپێچەوانەوە، لە یێکەمدا فەرامۆش و لە دووەمدا قەدەغە بووە!

کۆنە شاگردێکی ئەو فێرگە ئایینیانە؛ فەقێ، شاعیر و ڕۆژنامەوانی بەنێوبانگ؛ پیرەمێرد، لە نووسینێکدا ئەوهە خوێندن و زمانی بەکابراوی خوێندنی ڕۆژگاری کۆنی یادکردووەتەوە و دەبێژێت؛ (لە کاتێکەوە کە ئیدریسی بدلیسی خستیینییە ژێر زنجیری عوسمانییەوە، تا ئەم دواییە کە ئینگلیز- داگیرکەری نوێ/K- هات؛ نێوونیشان و دەرەتان و سەر و زمانمان نەبوو، بێ زمان و بەستەزمان بووین، ئەوە سێ سەد ساڵی پتری پێ چوو! ئەوەی لە کاردا بوو، ناچار بەهۆی ئیش و کاری دیوانییەوە - حوکوومەتی/K - فێری تورکیی و ئەوانەیەش چونکە خرید و فرۆختمان - کڕین و فرۆشتن/K - و هاوبنچینەیی لەگەڵ ئێران بوو؛ بەفارسیی دەماننووسیی! ئەم دوو زمانە هیچیان لەسەر شێوە و بناغەی خۆی نەمابوو، خوێندنی فەقێ و مەلایان لە مزگەوتان -فێرگەکانیش/K- عەرەبی بوو، خۆیشمان لە حوجرەی خۆماڵییدا فارسیمان دەخوێند و نووسینیشمان هەر بەفارسیی بوو!)(١٩)

هەر پیرەمێرد -باپیریشی کاربەدەستێکی دوا میرنیشینی بابان بوو- ڕوویێکی خوێندەواریی و کۆمەڵیی سەردەمی بابانیشمان نیشان دەدات کە وەک وێنەیێ دەیخەمە ڕوو: (ئەو ساتە کە دەوری ڕم شمشێر و لەشکرکێشیی بوو، بەحسابێکی دروست لە ٢٠٪ی خوێندەوار بووە و هەشتای ڕەشۆکی و ئەوانیش کە پێیان خوێندوون بۆ ئەوە بووە کە کارێکیان بەلاوە بۆ بێت، یان کاغەزێ بنووسن، یا کاغەزێ هات بیخوێندنەوە، باقیی دی یا سوپایی یا ئەسناف، یا سنعەتکار بوون).(٢٠)

پیرەمێرد؛ تۆفیقی مەحموود ئاغای هەمزاغای مەسرەف پتر دەبێژێت؛ (... ئەو ساتە گوتوویانە؛ ئەویی خوێندەواربێ لە مەزیبەتی حەیات تێ دەگات و نایەوێت بەخۆڕایی تەنیا بۆ نێوی ئازایی و کوشندەیی خۆی بدات بەکوشت و بەترسنۆکیان داناون و نەخوێندەوار بەجەسوور!! خۆ کچان ببڕای ببڕ بهێڵن بخوێنن؟ نا؛ گۆیا لەبەر ئەمە ئەگەر خوێندەواربن بەکاغەز عاشقێنیی لەگەڵ کوڕان دەکەن!»(٢١)

## ٦/١- کورد و ڕۆشنبیریی

کورد -وەکو لێم گوت- نەتەوەیێکی کۆنی ئەم خۆرهەڵاتەیە و بەر لە ئیسلامەوە لەسەر زەویی ئەم وڵاتی کوردستانەیدا -وەک وەچەی مادەکان- هەبووە و لەگەڵ فارسەکان زەردەشتی ئایین بووە، تەنانەت بەپێی لێ کۆڵینەوە، لە ڕەگەز و زمان و ڕۆشنبیرییدا خزمایەتی و تێکەڵیی هەبووە، بەڵام بەهۆی ڕمانی دەوڵەتی (ماد)ی خاوەند دەسەڵاتەوە،



ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی دەوڵەتەکانی ئێران بووە، وەک؛ «ئەشکانی، ئەخمینی، ساسانین. دوایی بەزۆری کوشتار و هاتنی ئیسلام و باوەڕی توندییەوە کە پێی بوو، لەلاییێکەوە دەسەڵاتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی عەرەب، فارس، تورکمانی، سەلجووکیی، دواتریش تورکانی عوسمانیی -بەمەمالیکەکانی بەغدادیشەوە- بەسەریدا زاڵ بوو. لەلاییێکی دییەوە زمانی (قرآن) و فەرماییشتەکانی (پەیامبەر)ی گرتووەتە گیان و دڵ و خوێندەوارەکانیش کە فێربوون، ڕەواجیان پێ داون و پەیڕەوی زمان و خوێندن و ڕۆشنبیریی؛ هونەرەکانی ئەدەبی ئیسلامیی و عەرەبیی، هەروەها لاسایی کردنەوەی فارسەکان و درەنگانێ و تۆزەڵقانێ لاسایی تورکانیشیان کردەوە!

بەڵێ سەرچاوەی مێژوویی بەدەستەوە نییە جەخت بکات بۆ هەبوونی دەوڵەتێکی یێکگرتوو و سەربەخۆی کوردستان لە دوای ئیسلامەوە، بەڵام لە سووڕی چەرخی مێژوودا، چەند دەوڵەتێکی پچووکی وەک (ڕاودییە، دۆستەکی، شەددایی، هەزبانیی، عەیاریی و هتد) هەبوون. هەروەها گەلێ میرنشینیی نیمچە سەربەخۆ تا نیوەی سەدەی هەژدەی عیساییش لەگەلێ نێوچەی کوردستاندا هەبووە، وەک (بادینانیی عەبباسی، ئەردەڵان، جزیرا بۆتان، ئەردەڵان، بابان، موکریی، ئەردەڵان، سۆران و هتد...)(٢٢)

مێژوو ڕووناکی دەکاتەوە؛ ئەگەرچی زمانی نەتەوەیی -بەشێوەزارەکانییەوە- هەمیشە زیندوو بووە، ئەوە لە ئەو دەوڵەتە و میرنشینانەدا، هەرگیز (کوردی) زمانی ڕەسمیی و خوێندن نەبوو، تەنانەت لە ئەوپەڕی توانای دەسەڵات بەدەستە مەزنەکانی کوردانی وەکو؛ (سوڵتان سەلاحوددینی ئەیییووبی) لەنێو جەرگەی عەرەب و موسڵمانەکاندا و (وەکویلوڕڕەعایا کەریم خانی زەند)دا لە ئێراندا!!

ئایا کورد بایێخی بەخوێندن و ڕۆشنبیریی نەداوە؟ ڕاستییەکەی سەرچاوەکانی مێژوو، یادگارەکانی زانستەکان و ئەدەبیاتی بیانیی و خۆماڵیی، جەخت بۆ دوو باسی گرنگ دەکەن:

١- گەلی کورد لە ڕیزی پێشەوەی گەلە موسڵمانەکاندایە کە ئەوپەڕی دڵسۆزی ئایینی ئیسلام و ملکەچی دەستوورەکانی و شەیدای خوێندن و ڕۆشنبیریی ئیسلامیی بووە، بۆیێکا -وێڕای ژێردەستەیی- لە هەموو بازێڕ و ئاوایی و گوندە چەپەکەکانیشدا مزگەوت، فێرگەی ئایینییان ئاوەدان کردووتەوە. فەرمانڕەواکانی ئەو دەوڵەتچکۆکانە و میرنشینانەش هەمیشە خەرجی ئەوانە و مووچەی مامۆستایان و بژێویی شاگردانیان

گرتۆتە ئەستۆ.

لە ئێرەدا وێنەی بەڵگەیێکی مێژوویی گرنگ بۆ پشتگرتن و ڕێزلێنانی خوێندەواریی و زانست، مامۆستایان و شاگردان دەنوێنم کە (سلێمانیی پاشای خالید پاشای بەبە) لە ساڵی ١١٧٤ک- ١٧٦٠ز.دا سامانێکی زۆری بۆ مزگەوت و فێرگە، مامۆستایان و شاگردان -وەقف کردووە- بڕیوەتەوە و گەلێ زانا و مامۆستای ڕۆژگارەکەی مۆری شایێتیان لێ داوە... وەقفنامەکە عەرەبییە و کوردییەکەی ئەمەیە؛

(ئیدی، ئەوە سەرکەوتم، هەرچی عەقارمە و بەکرێن بوونەتە موڵکم؛ لە باخ و بەراووخان و دوکان و زەوی و جۆگە و تیمارەوە، هەروەها ئاوایی و گوندەکانی شارەزوور و دەوروبەری، کۆیسنجق و دەوروبەری، هەولێر و دەوروبەری، کەرکووک و دەوروبەری، مەریوان و گوندەکانی؛ هەموو بڕیەوە بۆ فێرگەکانی قەڵاچوالان و مامۆستایان و شاگردانی، مزگەوتەکانی و پردەکەیشی. هەروەها بەهەمان شێوە لە شارەزووردا. دیسان بڕیمنەوە بەسەر هەتیوی خوێندکارەکانی نێو قەڵاچوالان، ڕۆژووگرەکانی دوا دەی ڕەمەزان و هێندێ ڕۆژانی دی. هەروەها بۆ میوانخانە و واعیز و وەرگێڕ و دانەرەکان، بۆ فێرگەی گوڵعەنبەر -خورماڵ- و مامۆستایان و شاگردانی و مزگەوتی، بۆ فێرگە و شاگردان مامۆستایانی ئاوایی کۆیە، بۆ فێرگەی هەولێر و مامۆستایان، بەسەر ئەو دوو فێرگەیەی کەرکووکیشدا کە دروستمان کردوون و بۆ شاگرد و مامۆستایانی کە سەرگەرمی کتێبەکانی «حوجەج»ن بەجوێ!)(٢٣)

٢- لاپەڕەکانی کتێبەکانی مێژوو، زانستەکانی ئیسلامی و زمانی عەرەبیی، هەموو جەخت دەکەن کە سەدان زانای کورد هەڵکەوتوون و خۆیان بۆ داناون، بەتایبەتی بۆ زانستەکانی؛ ئوسووڵ، فیقه -شەریعەتناسی، مێژوو، ئەدەب، ڕێزمان، فەلسەفە، مەنتیق، پزیشکیی، ئەستێرەناسیی و هتد...

زانایان ئیبنوخەلەکان، ئیبنولئەسیری جزیریی، عەبدوڵلا بێتوشیی، شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجی، خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی، بەدیعولزەمانیی نۆرسیی چەند ئەستێرەییێکی هەمیشە دیارن(٢٤)!

ئەگەر ئەوەی ڕابوورد ڕوویێکی ڕووناکی ژینی ڕۆشنبیریی کورد بێت، داخۆ ڕووی دی چەند تاریک، بگرە ترسناک بوو بێت؟

ڕاستییەکەی -لە ئەم کتێبەدا- لە چەند شوێندا وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە ڕوو،



بەڵام لە ئەم سەرەتایەدا پێویستی دەبینم شاعیرێکی ژیر و ڕەخنەگر و چاکی خواز، شاعیری ئاوارە و نەتەوەپەروەر حاجی قادری کۆیی بگرم بەشایەت کە لە دوا چارەکی سەدەی نۆزدە ڕاوە- بەر لە مردنی لە ١٨٩٧ز.دا- ڕەخنەگرانە سەرنجی داوە و بیروڕای نواندووە!

حاجی قادر جارێ باری سیاسی -تارۆژگاری خۆی- وردکردووەتەوە و دەبێژێت:

ئەنواعی میلەل لە گەورە و پچووک
خەمڵیوە مەمالیکی وکو بووک
(یێک بەرگن و یێک زمان و یێک ڕەنگ)
بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ
هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن
پامالی زەمانە، قەتلی کردن
هەر مانەوە بێ نەوا و مەزڵووم
وەک بوومی خەرابەزاری مەشئووم
گەر باعیسی ئەمە دەپرسیی کامە؟
شەرتێکە کە بۆ هەموو تەمامە،
ئەو شەرتە بەکوللیی ئیتتیفاقە
گەر مەرعەش و وانە، گەر عێراقە
سەد شێخ و مەلا و ئەمیر و خانی
بۆ لەززەتی عەیشی زیندەگانیی
لەولاوە ئەوان بەحیلەبازیی
لەم لاوە ئەمان بەتەقلەبازیی
قوڕیان بەهەموو وڵاتەوە دا؛
تا موڵک و ڕەعییەت پاکی فەوتا
یێکیان ئەمی تۆ دەیکەی نەیانکرد،
غەمیان نەبوو کورد ئەگەر هەموو مرد!(٢٥)

***

قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت
خەووم نایە لە داخی موڵک و میللەت

ئەگەر وەک من خەبەرداریی لە دەوڵەت
لە حەیفان خۆت دەخنکێنی بەبێ پەت!
چوار ملیۆنە کوردستان نوفووسی
بەقسەی ئەهلی تەخمین کە نووسیی
هەموویان شێری بێشەن حاتەمی جوود
لەشەڕدا کێوی جوودیی و بەحری (مەمدوود)
وەلاکین فائیدەی چی هەرج و مەرجن
لە دەعوادا لەگەڵ یێکتر بەمەرجن
لە گوێی گا نوستوون هەرچەندە شێرن
وەکو کەروێشکی چاو ئازا و کوێرن.
ئەویی ئەعلایە دەستەی هەر شکارە
ئەویی ئەدنایە بەستەی زوڵفی یارە
ئەویی ئازایە شەهنامە دەخوێنێ
ئەویی مسکێنە گەنم و جۆ دەچێنێ،
ئەمانە بێ شوعوور و گێژ و وێژن،
موتیعی لۆتیی خوور و هەرزەبێژن![٢٦]

***

کەسێکی وا نەبوو هەستێتە سەر پێ
بزانێ چۆن هەموو کەوتە سەر ڕێ
بکا سەیری (جەریدە) و حاڵی میللەت
کتێبی تازە و تەئریخی دەوڵەت
بزانێ چ قەوماوە لە ئەتراف
سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف
ئەگەر کارێک نەکەن لەم بەینەدا زوو
مەمالیک کاتێکی زانیت لە دەس چوو!![٢٧]

***



ئەوجا باری ڕۆشنبیری ڕوون دەکاتەوە و دەبێژێت:

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت
بێگانە بەتەرجومەی زمانی
ئەسراری کتێبی زانی
(یێکسەر عولەما درشت و وردی
ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردیی)
ساحیبی کتێب و پەیامە هەرکەس
ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەرکەس
(کاکە ئێمە موئمینین نە ڕووسین،
بۆچ کفرە زمانمان بنووسین!)[٢٨]
میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین
غەیری کوردان نییە لە ڕووی زەمین
(چینگەنە)ی ئێرە با وجوودی کەرن
هەروەکو دۆمی ئێمە دەربەدەرن
لە ئێوە عاقڵترن بەسەد مەنسەب
کوڕی خۆیان دەنێرنە مەکتەب
ئێستەکێ کوردەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
ئەم هەتیوانەی مەکتەبی یێکسەر
کوردەکان بار دەکەن وەکو ماکەر![٢٩]

***

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانیی
موعەییەن دایکی حیزە و بابی زانیی
سەلاحوددین و نووروددینی کوردیی
عەزیزانی جزیر و مۆش و وانیی
قوباد و باز و میری ئەردەڵانیی
ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت

(لەبەر بێ دەفتەریی و نووسینەڤانیی
کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بەکوردیی گەر بنووسرایە زمانی
مەلا و شێخ و میر و پادشەمان
هەتا مەحشەر دەما نام و نیشانی!(٣٠)

***

٧/١- پرسیارێکی تاک و باسێکی سامناک!!

ئەگەر ڕۆشنبیریی نەتەوەیی کورد ئەوهە دواکەوتوو بێتە بەرچاو، خوێندەواری ئاسا بۆی هەیە پرسیارێکی تاک قووت بکاتەوە و بڵێت؛ بۆچی زمانی کوردیی خۆی، بۆ خوێندن و نووسین بەکار نەبراوە و پەیڕەو نەکراوە کە (زمان) کەرەستەی گەورە و گرنگی دەربڕینی ڕۆشنبیرییە؟

ئایا لەبەر ناتەواویی دەسەڵاتی سیاسی میرنشینەکان و زاڵبوونی دەسەڵاتی سیاسیی، مەزهەبیی، ڕۆشنبیریی بیانە داگیرکەرە جۆربەجۆرەکان؟ ئایا لەبەر زاڵبوونی هەست و دەسەڵاتی مەزهەبیی، خێڵ ویستیی بەسەر هەستی نەتەوەییدا؟ ئایا لەبەر فرەیی شێوەکانی زمانی کوردیی و نەبوونی زمانێکی ئەدەبی یێکگرتوو بۆ نووسین و خوێندن و هونەرەکانی ئەدەب؟

ئەم پەراوێزە پرسیار ئامێزە، هەڵبەت وەکو لە جێگەی خۆیاندان، هەرگیز وەڵامێکی تەواوەتییان بەدەمەوە نییە، بەتایبەتی لە لایێکەوە؛ نەتەوەیی دی ئەوتۆ هەبووە -چەشنی کورد- کە سەربەخۆیی سیاسیی و باری ڕۆشنبیریی ناتەواو بووە و وێڕایش کردوکۆشیان کردووە بۆ پێش خستن و بەکاربردنی زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکەیان و کارامە جووڵاونەتەوە! لە لاییێکی دییەوە بەڵگەی ڕاست و نووسراو بەدەستەوە هەن کە وەکو جڵەوی دەسەڵاتی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی گشتیی بەدەست ئەو چینە دیار و باس کراوەوە بووە، هەر (ئەوان) بیروباوەڕ و هەڵوێستی توندوتیژ و دژواریان بەرامبەر (زمانی دایکیان)؛ زمان و نووسین و بەرهەمی کوردیی هەبووە! بۆ وێنە:

١- زانا ئیبنولحاج: مەلا محەمەدی سنجوێیی مامۆستای فێرگەی بەنێوبانگی (هەزارمێرد)ی سەر بەوڵاتی بابان -مۆرکردەیێکی وەقفنامەکەی سلێمانن پاشای بابان- لە ساڵی ١١٧٦ک/١٧٦٢ز.دا، مەنزوومەیێکی کوردیی داناوە و بەئەم شێوەی خوارەوە



-لە سەرەتاکەیدا- توانج دەگرێتە زمانە کوردییەکەی خۆی و نەتەوەکەی و بەسووکی ڕادەگرێت:

نەزمم کرد بەقەولی سەحیح
بەلەفزی (کوردی نا فەسیح!!)
بۆ مونسیفان لا لیلشەحیح(٣١)
بۆ ئینتیفاعی عامەتێ!!(٣٢)

٢- کۆمەڵێ زانای وڵاتی -میرنشینی- سۆران (١٧٨٤ز-١٨٣٧ز) لە ساڵی ١٢٠٥ک/١٧٩٠ز.دا، ڕەخنەیان لە زانای ڕاستەقینە -خاوەندی گەڵێ داندراوی زانستیی تەنانەت لە ئەستێرە شوناسییدا- ئیبنوئادەم گرتووە کە؛ (بۆچی پێشەکی - دیباجەی بەکوردی بۆ کتێبی: موکشات ئەلمەنقوول - مشكاة المنقول نووسیوە؟!!)

مەلا ئیبنوئادەمیش هەر خۆی لە پەراوێزی ڕاڤە -شەرحە- عەرەبییەکەیدا ئەم ڕستانەی بەڕوودا داون: (سەیر لە ئەوەدایە کە لێیان بەعەیب گرتووم پێشەکییەکەم بەکوردییە!! بەئەوەدا ئەو گوتەیەی کوردیان لێ بەڕاست دەگەڕا کە دەڵێت: وەک هێلکە لە قەپیلکی خۆیان دەرچوون!)(٣٣)

٣- کاکە ئەحمەدی شێخ -کوڕی زانای بەنێوبانگ شێخ مەعرووفی نۆدێیی بەرزنجی- لە نامەیێکی عەرەبی خۆیدا بۆ زانای هەولێر مەلا عومەر ئەفەندیی کە بەر لە س ١٢٩٨ک/١٨٨١ز. ناردوویەتی، دەبێژێت: (سوپاست دەکەم بۆ باوکردنی کتێبەکانی عەقاید، تکام هەیە ئەگەر بەهەردوو زمانی فارسیی و عەرەبیی بن پتر کەڵک دەبەخشن!)(٣٤)

هەڵبەت ئەگەر چینی هەڵبژاردەی دەسەڵاتداری ڕۆشنبیریی بەئەو شێوەیە بیر بکاتەوە، دیارە (بیانەکان)یش هەڵوێستی دۆستی و ڕاست نانوێنن، بگرە ناحەز و ناڕەوایانە خۆیان بەرامبەر بەکورد و زمانیشی دەنوێنن. بنۆڕە عەرەبان چییان گوتووە؛ (کورد زمانیان نییە!!)(٣٥)

تورکان گوتوویانە؛ (کورد زمانی ڕەسمیی نییە!!)
عەجەمانیش گوتوویانە؛ ڕەسەن عەرەبییە!
تورکیی هونەرە! فارسیی شەکرە! کوردیی تڕی کەرە!(٣٦)

ئەوە گریمان بیانەکان لە توانای دەسەڵاتی سیاسییەوە، لە ڕک و کینەیێکی

مەزەبییەوە- عەجەم شیعە و تورک حەنەفین -ئەم ناتۆرە و توانجە پووچانەیان بەرامبەر بەکورد و زمانی هەبێ، دەی داخۆ بۆچی (دەسەڵاتدارەکانی ڕۆشنبیریی کوردیی) ناڕەوایانە بەرهەڵستی زمان و خوێندن و نووسین و بەرهەمی کوردییان کردووە و کۆسپیان بۆ بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی کوردیی داناوە؟

ڕاستییەکەی نە(قرآن)ی پیرۆز، نە (سوننەت)ی شەریف هەرگیز فەرماییشت و بانگهێشتێکیان نییە و نەهاتووە؛ لاریی لە جودایی نەتەوە موسڵمانەکان و زمانیان هەبێت.

خوای تاک و توانا دەفەرمووێت؛ (یا ایها الناس إنا خلقناکم من ذکر وأنثی وجعلناکم شعوباً وقبائل لتتعارفوا انّ اکرمکم عندالله اتقاکم ١٣/٤٩)

هەروەها دەفەرمویت: (وفي آياته خلق السماوات والارض واختلاف السنتكم والوانكم إنّ في ذلك لايات للعالمين. ٢٢/٣٠».

دوا پەیامبەر و سەروەری موسڵمانان (محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا -د.) فەرموویەتی: (خیرکم المدافع عن قومه ما لم یأثم!)[٣٧]

لە لایێکی دیەوە -چەندیش کۆششم کرد- چ بەڵگەنامەییێکی ڕەسمییانەی دەسەڵاتدارە بیانییەکان تا دەسەڵاتدارەکانی میرنشینەکان دیار و دەستگیر نییە بڵێین: زمان و خوێندن و نووسینی کوردیی و ڕۆشنبیریی قەدەغەیە!!

دەی ئیدی مەلامەت چییە؟

کورد وەک نەتەوەییێکی دڵسۆز و گیانبەخشی ڕاستی ئیسلام، دیارترین نەتەوەیە کە کێشە و شەڕی (مەزەب)ی نەبووە و نەکردووە. هەروەها -وەکوبێژرا- زۆربەی (سوننە)ن و لەسەر مەزەبی (شافیعی)ن و هێندکۆکەییێکیشی -بێ لە ئێزیدیی- بەزەبری ستەمی مەزەبی داگیرکەرەکان ناچار کراوە بچێتە سەر مەزەبی. کەچی، عەرەب و عەجەم و تورک کێشە و جەنگی خوێناویی زۆریان لەسەر (مەزەب) کردووە و وێکڕا، هەمیشە پەرۆشی زمان و ڕۆشنبیریی و پێشکەوتنی خۆیان بوون!

ئەدیی بۆچی کورد نا؟

ئەز پڕ باوەڕم -لێ کۆڵەکانیشمان زۆری لێ ورد نەبوونەتەوە- مەلامەتی ئەو فەرامۆشیی و بەسووک ڕاگرتنەی زمان و خوێندن و خوێندەواریی کوردیی لەلایێن (چینی هەڵبژاردە)ی خۆوە، ئەنجامی پەیڕەوکردنی (مەزەبی شافیعی)یە کە یێکێ لە هەرە



بانگهێشتە ناسک و گرنگەکانی؟ (تێکەڵبوونی تەواوەتییە لە عەرەبییدا!)[٣٨].

کەواتە بایێخ دان و بەهێزکردنی زمانی نەتەوەیی کورد و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی کوردیی -ڕۆشنبیریی ئیسلامیش دەگرێتەوە!!- وێ دەچێت (ناجاییز)، تەنانەت (حەرام) بووبێت!!.

بەئەو ڕۆشناییە؛ زمان و ڕۆشنبیریی و ئەدەبیاتی کورد -وێڕای زەبری دەسەڵاتی سیاسیی و مەزەبی بیانیی- تووشی ئەو تەنگانەیە بووە و بەشی دواکەوتن و دەرەنگ پێ گەیشتن بووە! سەیریش ئەوەیە هەر (چینی هەڵبژاردە)ی نێوبراو، بەزەبری پێشکەوتنی چەرخی ڕۆژگار و ماریفەت و پێویستی خەڵکە موسڵمانەکانە کوردەکە و کاریگەریی (ئەدەبی سەرزاری نەتەوە!) ناچار بووە -تەنانەت لە هێندێ ڕۆژگاری خۆیدا- کە زمانی کوردیی لە نووسیندا بەکار ببات و هەر خۆیشی ببێتە بەردی بنچینەی (زمان و ئەدەبی نووسراوی کوردیی) کە لە داهاتوودا بەڵگە ڕووناکیان دەکاتەوە!

## ٢- دەسەڵات و ڕۆشنبیری!

سەرچاوەی دەسەڵات لە هەر ڕۆژگارێکدا، ژیرییە. دەسەڵاتیش سەرچاوەی هەڵکەوتنی پێشکەوتنە. پێشکەوتنیش وەکو خۆی دەسەڵاتە هەرگیز لایێنێکی ژینی کۆمەڵ ناگرێتەوە، بەڵکو هەر لایێنە و بەشی خۆی بەردەکەوێت!

ئەگەر تۆزەڵقانێ وردببینەوە، دیارە ئایینی ئیسلام نەک هەر بەتەنێ باوەڕی خوداناسیی و تاک و تەنێیی خودای لەنێو عەرەبدا خولڤاند و سەلماند، بەڵکو بوو بەهۆی هەڵکەوتنی دەسەڵاتێکی سیاسیی، بەربڵاوی عەرەب لەنێو تیرەکان نەتەوەی عەرەب خۆی و نەتەوەکانی گەلێ وڵاتی دوور و نزیکدا.

ئەم دەسەڵاتە هەموو ڕۆشنبیریی عەرەبی بووژاندەوە و پێشخست، بەڕادەیێ هەموو نەتەوە بیانە نەوموسڵمانەکان، چونکە دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان لە دەست دا بوو، زۆر لایێنی ڕۆشنبیریی کۆنی باووباپیریان بەلاوە ناو پووچ کردەوە! لەلایێکەی دییەوە، بەهرە و توانای شارستێنیی کۆنی خۆیان تێدا موتوربە و جوانتر کرد، تەنانەت -بۆ وێنە- شیعر و پەخشانی عەرەبییان ڕازاوەتر کرد، بگرە پەیڕەوی دەستوور و شێوازی ئەدەبی عەرەبیشیان کرد تا دەگاتە بەکاربردنی نامەنووسینی عەرەبیی کە پەسن و دەستووری تایبەتی هەیە.

ئەز لە ئەم بارەیەوە زۆر دوور ناڕۆم و ناڵێم، بەڵام هەر هێندەم پێ بەسە ئاماژەی ئەو

ڕاستییە بکەم کە دەسەڵاتی سیاسیی ئازاد -نەک ژێر ماڵەیی و ناتەواو- یێکێ لە ئەرک و ئامانجە گەورەکانی بووژاندنەوە پێشخستنی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەیە. بۆ وێنە: باسەکانی بابەتی ئایندە، ڕاستی ڕوون دەکەنەوە کە چۆن سەربەخۆبوونی سیاسیی تەواوەتیی (ڕۆم و عەجەم) ڕێگەی پێشکەوتنی ژینی ڕۆشنبیرییانی خۆش کردووە. هەروەها وێنەی زیندووی خۆشمان لەبەرچاوە -وەکو لە ڕاپێڵەی باسەکان و نامەکانی ئێرەدا ڕوونتر دەبێتە - چۆن لە سەدەی بیستدا، دەسەڵاتی سیاسیی پچڕپچڕی حوکدار و مەلیکی کوردستانی باشوور: (١٩١٨ز-١٩٢٤ز) و دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری کوردستان: (١٩٤٦ز) بەجۆرێکی جوێ، پتر لە هەموو سەردەمەکانی ڕابردوو، ڕۆشنبیریی نەتەوەیی کوردیان بووژاندەوە و پێشخست کە وێڕای دەروازەکانی ڕووناکیی، هەر -لە ئەم قۆناغەدا- پاشگەزیی و دەست هەڵگرتن لە زمان و شێوازی نووسینی پتەوی عەرەبیی و فارسیی و تورکیی، تەنانەت لە (نامەنووسین)دا، دیسان بەڵگەیێکی دی ئەو پێشکەوتنەیە!

### ٣- سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە ڕۆم و عەجەم و کورد!

بۆ پتر تێگەیشتنی ژینی خوێندەواری و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کورد، پێویستە سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە ژینی ڕۆشنبیریی ڕۆم -تورک- و عەجەم بدەین کە چۆن ئەوانی دەسەڵاتدار، ڕوو لە پێشکەوتن و کوردی نێوان بەرداشیان بەشی دواکەوتن بووە!! هەڵبەت ژینی ڕۆشنبیرییان -با ئەنجامەکەیشی بۆ کورد درەنگی پێ چوو بێت- بەچاک و بەخراپ، چەند پلەیێ کاری لە ژینی ڕۆشنبیریی نوێی کورد کردووە، بەتایبەتی لە سەدەی بیستەوە!

ئەوجا هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی و ئێرانیی، لە چاو ئەوەدا کە خاوەندی قەوارەی سیاسیی و دەسەڵات و پێوەندیی بەربڵاو و ئازاد بوون، درەنگانێ شارستێنیی و ماریفەتەکانی نوێی خۆرئاوایان پێ گەیشتووە و کاری تێ کردوون، وەک: بەرنامەکانی خوێندن، پیشەسازیی نوێ، جۆرەکانی ئەدەب، چاپخانە، پیشەسازیی قاقەز، ڕۆژنامەنووسیی و هتد... ئەگەر وردتریش بنۆڕین و وێنەکان ڕیز بکەین، ئەوە هەر -بۆ وێنە- لە دەوڵەتی عوسمانییدا، سوڵتانەکان چاپکردنی کتێبیان بەکفر دادەنا، بەتایبەتی کتێبی ئایین. هێندێ سەرچاوەی تورکیی باسی ئەوە دەکەن کە چۆن سوڵتان محەمەدی چوارەم (١٦٤٨ز - ١٦٨٧ز) فەرمانی داوە؛ هەموو ئەو (قرآن)انەی کابراییێکی ئەورووپایی بەچاپکراویی لەگەڵ خۆی هێنابوونیە ئەستەنبووڵ، توورِ بدرێنە نێو دەریاوە. هەروەها بەفەرمانی ئەویش ئەو تیپە عەرەبییانەی بەدیاریی لە (ڤینیسیا)ی ئیتاڵیاوە



بۆیان نارد، فڕێ دراونەتە دەریاوە[٣٩]، بەڵام لە ١٧٢٧/٧/٥ز. دا، سوڵتان ئەحمەدی سێیەم -بەپێی فەرمانێکی تایبەتی- ڕێگەی دامەزراندنی چاپخانەی دا بەکابرایێ بەمەرجێ چ جۆرە بەرهەمێکی ئایین، هەرگیز چاپ نەکات![٤٠]

ڕاستییەکەیشی دوای هەڵکەوتنی ڕێبازی چاکخوازیی ناسراو بە(خەتی هومایونی - س ١٨٣٩ز) و دواتریش هەڵکەوتنی (مەنشووری ڕێکخراوە خێرخوازەکان/ تەنزیماتی خەیری: س ١٨٥٦ز) و ئەوجا ڕوودانی گۆڕینی هەرە گەورەتر کە هەڵکەوتنی (دەستووری عوسمانیی - س ١٨٧٦ز) بوو لە سەردەمی چاکەخوازی بەنێوبانگ ئەحمەد مەدحەت پاشای سەر وەزیراندا- سوڵتان بەکاربردنی پەکخست و ئەویشی ئاوارە کرد- ئیدی گۆڕینی گەورە لە ئەقڵی عوسمانییدا ڕووی دا![٤١]

ئەگەر لە ڕۆژگاری سوڵتان ئەحمەدی سێیەمدا ڕێگەی چاپخانە دانان درا و یێکەم ڕۆژنامەی وڵاتی عوسمانیی لە بازێڕی (ئزمیر) و بەفڕانسیی لە ساڵی ١٨٢٥ز. دا دەرچووبێت، ئەوە یێکەم ڕۆژنامەی تورکیی زمان (تەقویم وەقایع - تقويم وقائع - س ١٨٣٠ز)ە.

هەروەها لە بەریشەوە ڕۆژنامە ئەدەبخوازەکانی وەک (تەرجومانی ئەحواڵ - ترجمان احوال - س ١٨٦٠) و (تەسویر ئەفکار - تصوير افكار - س ١٦٦٢ز) بڵاوبوونەتەوە. هەروەها لە سەردەمی چاکەخوازییدا، دەست درایە گۆڕینی دەستووری خوێندن لە قوتابخانەکاندا و لە ساڵی ١٨٥٣ز. دا دەزگەیێکی تایبەتی بۆ دانانی کتێبی قوتابخانەکانی سەرەتایی و لە ساڵی ١٨٦١ز. دا یێکەم فێرگەی باڵای خوێندنی کیژان دامەزران، هەروەها لە ساڵی ١٨٦٩ز. دا زانکۆیێ بۆ خوێندنی باڵا کرایەوە![٤٢]

لە ڕووی داهێنانی ئەدەبی نوێ و پێشکەوتووشەوە، هێندێ لاوی خوێن گەرمی بەهرەمەند -دوای چاککردنی بزاڤی خوێندن- ڕوویان کردە ئەورووپا و بەتایبەتی فرانسە. لەنێو ئەواندا ئیبراهیم شوناسیی خووی دایە خوێندنی ئەدەبی فرانسی و سەرئەنجام و لە دوای گەڕاندنەوەی، هەر خۆی ڕۆژنامەکانی (تەرجومانی ئەحواڵ، تەسویری ئەفکار)ی دامەزراند، بگرە لە ساڵی ١٨٥٩ز. دا هەڵبژاردەیێکی شیعر و پەخشانی فرانسیی گۆڕییە سەر تورکی و بڵاوی کردەوە! هەر لە ئەمیشەوە بنچینەی وەرگێڕاندنی ئەدەبیاتی بێگانە بۆ تورکی داندرا. وێڕا شوناسیی یێکەم کەسە کە دراماییێکی گاڵتەجاڕیی بەنێوی (شاعیر ئۆڵنەمسەی - شاعیر اولنمسی - ژنخوازینی شاعیرێ)کی بەتورکی دانا و دەنگێکی

گەورەی پێ دایەوە. زیا پاشاش دوای ئەو، بەرهەمە ئەدەبییەکانی ژان ژاک ڕۆسۆ و مۆلیێری کرد بەتورکیی و ئەوجا شاگردێکی شوناسیی؛ نامیق کەمال هاتە پێشەوە - کە وێڕای تێکەڵیی لە کۆمەڵی تورکانی لاودا- چەند جارێ سەرپەرشتیی ڕۆژنامەکانی شوناسیی مامۆستای کرد و بەدانانی درامای (وەتەن یا سیلیستره - س ١٨٧٢ز)یش گیانێکی نیشتمانیی ئازادیخوایانە و نوێی خرۆشاند. عەبدولحەق حامیدی شاگردی نامیق کەمالیش- لە مەیدانی کاری دیپلۆماتیدا بەولاتانی ئەوروپادا دەگەڕا- وێڕای شیعر خوانی و کارتێ چوونی ئەدەبی شکسپیر و هونەری درامای فرانسەیی، بەڕاستیی بزاڤی درامای تورکی دەوڵەمەند کرد![٤٣]. بەئەو ڕۆشناتییە، لە سەدەی هەژدەوەو بەتایبەتی لە سەدەی نۆزەدا، دەوڵەتی عوسمانیی پێی نایە قۆناخی گۆڕین و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی!

لە دەوڵەتی ئێراندا -وێڕای کولتووری کۆن و ڕازاوە و چڕی- بەڕاستی بووژاندنەوەی و هۆشیاریی ڕوو لە گۆڕین و پێشکەوتن، ڕێکەوتی سەردەمی عەباس میرزایە؛ (١٧٨٨ز-١٨٣٣ز) کە لە ئازەربێجاندا خودموختاریی کاروباری دەنواند و لە سەرێکی دیبیەوە وەک باڵی ڕاستی (شا)ی بابی خۆی، متمانە پێکراوێکی بەدەسەڵات بوو. عەباس میرزا لە ساڵی (١٨٠٧ز)دا دەستەیێ ئەفسەری ڕاسپارد بۆ دیدەنی فرانسە و فێربوون و تێگەیشتنی هونەرەکانی مەشقی سەربازیی نوێ، هەروەها ناسینی دامودەزگەکانی پیشەسازیی جەنگ. بەهاتنەوەیشیان کارخانەی چەک و تەقەمەنی و دەستووری مەشقی سەربازیی نوێ داهێنرا. لەلایێکی دیبیەوە مەبەستێکی بزاڤی چاکخوازی عەباس میرزا بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری نوێ بوو لە ئێراندا، بۆیێکا دوو دەستەی خوێندکاری نارد بۆ ئەوروپا و کارێکی کرد کە (چاپخانە) دابمەزرێت و دەستیش کرا بە(وەرگێڕاندن و چاپ کردن). لە ئەمانەش پتر -هێندە بەجەرگ و وردبین بوو- داوەتی ئەوروپاییەکانی کرد بۆ کۆچ کردن بەرەو ئێران و نیشتەنی، تەنانەت دەمی چەوور کردن بەبەخشینی زەوی، هەروەها بەئازادیی ئایین و بیروباوەڕ و بازرگانییان! بێ گومان بەئەو کارەی نیازی بوو بەتێکەڵیی ئەوان و عەجەمان، زانست و هونەر و ماریفەتیان وەربگرن و ئەقڵێکی نوێ هەڵبکەوێ![٤٤]

لە سەرێکی دیبیەوە هەر عەباس میرزا لە (١٨١٢ز.)دا فەرمانی دا یێکەم چاپخانەی نوێ -تیپەکانیشی عەرەبیی بوون- بهێندرێت بۆ (تەورێز)ی پێتەختی فەرمانڕەوایی، بەئەم چاپخانەیەش یێکەم کتێبی بەنێوی (فەتحنامە - فتح نامە) لەمەڕ جەنگی ئێران و



ڕووس و (پەیمانی گولستان) چاپ کرا. هەروەها عەباس میرزا لە (١٨٢٥ز)دا ژمارەیێ ئێرانیی نارد بۆ ڕووسیا بۆ پتر فێربوونی هونەری چاپگەریی کە بێ گومان کاریگەریی خۆی لە ئێراندا نوواند.

فەتح عەلی شا، شا مەرگی ئەم هونەرە بوو، بۆیێکا لە ساڵی (١٨٢٣ز)دا چاپخانەیێکی لە (تاران)دا دامەزراندبوو، بەرە بەرەش لە سەردەمی ناسیرووددین شاشدا (١٨٤٨ز-١٨٩٥ز)دا چاپخانەی جۆربەجۆر و پێشکەوتووی لە چەند باژێڕی دیی ئێراندا، (ئەوەدەبیل، ئەنزلی، بووشەهر، خوی، ڕەشت، قەزوین، کاشان، کرمان، کرماشا، کرووس، هەمەدان، یەزد) دامەزراند و چاپخانەکانی (تاران، تەورێز)یش لە پێش هەمووانەوە خەریکی چاپ کردنی (قرآن) و (فەرهەنگ) و (دیوانی شاعیر)ە بەنێوبانگەکان و کتێبە وەرگێڕدراوەکان بوون.[٤٥]

بۆ هەڵکەوتنی بزاڤی ڕۆژنامەنووسی فارسییش؛ وێڕای ئەوەی دەبێژرێ یێکەم ڕۆژنامەی فارسیی لە گێتییدا (رام میهان روی - س ١٧٧٢ - ١٨٣٣ز) لە هیندوستاندا دەریکردووە، ئەوە میرزا ساڵح شیرازیی ڕێز لێ گیراوی عەباس میرزا، دامەزرێنی ڕۆژنامەنووسییە لە ئێراندا، تەنانەت لە پێشڕەوەکانی بڵاوبوونەوەی بیری نوێ خۆرئاواییە لە ئێراندا... ئەو کە لەگەڵ دووەم دەستەی خوێندکارکاندا ڕەوانەی (لەندەن) کرا و بەئارەزووی خۆی کەوتە خوێندن و فێربوونی زمانەکانی ئینگلیزی، فرانسی، لاتینی، زانستی مێژوو، سروشت، هەروەها فێربوونی هێندێ پیشەسازیی وەک مەرەکەبی چاپکردن، داڕشتنی تیپ، هەڵکۆڵین، هونەری چاپ و هتد... لە ماوەی نزیکەی چوار ساڵێکدا لە بریتانیادا، یێکجار سەرسامی هونەری ڕۆژنامەنووسیی بوو، تەنانەت لە شێوەی News papper-ەوە نێوی (کاغەز ئەخبار - کاغذ اخبار)ی بەسەردا بڕی.

هەرچۆنێ بێ لە سەردەمی ناسیروودین شادا بڵاوکراوەیێکی فارسیی بەچاپخانەی بەردین، بەنێوی (تەلیعەت - طلیعت)ەوە لە ٢٥ی موحەڕڕەمی ١٢٥٣ک/ ١ی ئایاری ١٨٣٧ز. دا لە (تاران)دا دەرچوو کە بوو بەیێکەم ڕۆژنامەی فارسیی![٤٦]. لە لایێکی دیبیەوە بەفەرمانی هەمان شا، یێکەم ڕۆژنامەی ڕەسمیی دەوڵەت؛ (ڕۆژنامەی وەقایع ئیتتیفاقییە - وقایع اتفاقیە) لە ٧ی شوباتی ١٨٥١ز. دا، یێکەم ژمارەی بەنێوی (گازێت)ەوە، دەرکردا[٤٧]

جێگەی باسە، بزاڤی وەرگێڕاندن و ڕاگواستنەوە لە زمانەکانی ئەوروپاوە بۆ فارسیی - ڕووداوەکانی دەوڵەتی عوسمانییش لە ژینی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئێراندا دەدرەوشانەوە-

ڕاپەڕینێکی ئەدەبیانە و هونەرانەی زۆری نواند، بەتایبەتی دوای ئەوەی میرزا ساڵحی شیرازیی لە ئینگلیزییەوە (تەئریخی وەقایعی ناپلیۆن، تەئریخی پەترۆسی ئەکبەر، شارلی دوانزەم، ئەسکەندەری کەبیر)ی وەرگێڕا![48] کۆنترین وەرگێڕدراوێکیش کە شێوازێکی تایبەتی لە پەخشانی هاوچەرخی فارسییدا هەیە؛ وەرگێڕانی دراماکانی (میرزا فەتح عەلی ئاخوندزادە)یە کە ساڵی ١٨٤٩ز بەزمانی ئازەریی دایناون و لەسەر شانۆی باژێڕی (تەفلیس)دا پێشکەش کراون. ئەم شانۆنامانەش (میرزا جەعفەر قەرجداغی) لە ساڵی ١٨٧١ز.دا وەریگێڕاونتە سەر فارسی و لەبەر ڕەواجی زۆریشیان -هەر پێنجیان وێکڕا- لە ساڵی ١٨٧٤ز. دا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. یێکێ لە وەرگێڕە یێکەمەکانیش (محەمەد تاهیر میرزای نەوەی عەباس میرزایە) کە کتێبی (کۆنت مۆنت کریستۆ)ی لە فرانسیەوە -بەفەرمانی ناسیروددین شا- گۆڕیوە و لە ١٨٩٢ز. دا تەواوی کردووە و لە ١٨٩٤ز. دا چاپ کراوە. هەروەها هێندێ چیرۆک و داستانی بەنێوبانگی وەک (سێ تفەنگدار)ی ئەلێکساندەر دۆماسی بابی لە هەمان زمانەوە وەرگێڕاوە. دیسان ئەحمەد کرمان- لە ١٨٩٦ز. دا کوژرا- ڕۆمانی جێمس مۆریری ئینگلیز؛ (حاجی بابا)ی وەرگێڕاوەتە سەر فارسیی. ئەمانە و محەمەد حسێن خان زەکائولمەلکی ناسراو بە(فرووغی)ی نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەوان- بەر لە مەشرووتیبیەتی ئێران- چالاکانە خووی دابووە وەرگێڕاندن لە زمانی فرانسییەوە و ڕەواجێکی زۆریشی دا بەپەخشانی خۆش و ڕەوانی فارسیی.[49]

دەی ئاخۆ نەتەوەی کوردی نێوان ئەم دوو بەرداشە -وێڕای بارە نالەبارەکانی کۆمەڵیی و ئابووریی خۆی- چی بەخۆوە دیتووە؟

چەند وردببینەوە و بکۆڵینەوە -هەتا سەرەتای سەدەی نۆزدە- میرنشینەکانی کورد هێندەی دەربەستی شەڕ و شۆڕی نێوخۆیی و خزمەتکاریی بانگەوازی غەزاکاری قاجاریی و عوسمانییەکان بوون، هەروەها هێندەی دەربەستی ڕێزگرتن و پەیڕەوکردنی زمان و ڕۆشنبیریی عەرەبیی و فارسیی و تورکیی بوون، هەرگیز هەواڵێکی باوەڕ پێ کراویان نەخستووەتە بەردەست بڵێت کارێکیان لێ وەشاوەتەوە بۆ گەشاندنەوەی ڕۆشنبیریی و ماریفەتی گەلەکەیان و پێوەندییان بەوڵاتانی پێشکەوتووی وەک ئەورووپاوە هەبووبێ!

ئەوپەڕی هەواڵی کە بەدەستەوە هەیە، میر بەدرخان بەگ (١٨١٢ز) میری جزیرا بۆتان و میر محەمەد پاشا کۆری ڕواندز (١٨١٠ز) هەردووکیان کارخانەی چەکسازی و تۆپیان پێکەوە ناوە. یێکەمیان دەستەیێکی ناردووە بۆ ئەورووپا بۆ فێربوونی چەکسازیی. دووەمیان خان گێلدی نێوێکی - گۆیا ئازەری یان ڕووسی بووە- هێناوە بۆ ڕواندز و



هاریکاری وەستا ڕەجەبی کوردی وەستای چەکسازیی و پیشەزانی تۆپەکانی میری ڕواندز!

لە ڕووی زمان و ئەدەبیاتیشەوە ئەوە چ بەڵگە و هەواڵێ بەدەستەوە نییە کە هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆ کرابێ و زانستێ، هونەرێکیان لێ ڕاگواستبنەوە... ئەویی هەرە دیارە مەلا خالیدی شارەزووریی- مەلاییێکی سلێمانیی سەردەمی ئەوڕحمان پاشای بابان- ڕووی کردووەتە (دێلهی)ی هێندوستان و لای شێخێکی نەقشبەندیی مەشقی کردووە و دەستووری ڕێبازەکەی وەرگرتووە، ئەوجا هاتووەتە بۆ سلێمانیی و بەنازنێوی (مەولانا)شەوە لە کوردستاندا و هەندەراندا نێوبانگی دایەوە، بەڵام چ ئەو، چ شاعیرانی هونەرمەند و نەتەوەپەروەر (نالیی) و (حاجی قادری کۆیی) لە کوردستانی نیشتمانیاندا جێگەیان نەبووەوە لە غەریبایەتیدا مردن!! سەیر ئەوەیە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا، هێندێ گەڕۆک، خۆرهەڵات و کوردناسی ئەورووپایی - بەهەر مەبەستێ بووبێت- دیدەنیی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی و ئێرانیی و کوردستانیان کردووە. ئەوی زانستپەروەر بووبێت، کاری بەکەلک و بێ وێنەی لە دەست هاتووە وەک کۆکردنەوەی دەستنووس لەمەڕ مێژوو، زمان، ئەدەبیات، کەلەپووری کورد و دواتر لێی وردبووەتەوە، ساغ و ئەوجا چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە و دەستنووسەکانیشی لە گەنجینەی کتێبخانە ڕەسمی دەوڵەتەکەیدا پاراستووە! بەپێچەوانەی ئەوانەوە کوردان -نەک هەر دیدەنی ئەورووپایان نەکردووە، مەبەستێکی ئەوتۆیان نەبووە- وەکو دەربەستی کۆ و پاراستنی ئەو بابەتانەش نەبوون، چ کارێکیان نەنواندووە بۆ کەلک وەرگرتن و خۆتوندکردن و پێ گەیشتن بەڕاییێڵەکردنی پردێ لەگەڵ ڕۆشنبیریی ئەورووپا!! تەنانەت یێکێکی وەک ئەحمەد پاشای بابانی میری لە کارخراو و دانیشتووی ئەستەنبووڵ کە ساڵی ١٨٥٣ز بۆ چارەسەرێکی دەردی خۆ چووەتە (پاریس) هەر هێندەی لە دەست هاتووە دوا هەواڵی (نالیی) شاعیر و هاوەڵی خۆی، بگەیێنێت بە(خۆدزکۆ)ی شابەندەری ڕووس لە پاریسدا! جێگەی باسە دواتر کە ئەم کۆنە میرەی بابان بووە بەوەزیری عوسمانیی فەرمانڕەوای وڵاتی (یەمەن) کتێب و کتبێخانەی کڕیوە و لە ئەوێڕاوە هەناردوونی بۆ پێتەختی لە دەستچووی خۆی و باب و باپیرانی؛ (سلێمانیی) داگیرکراوی تورکی عوسمانی. مخابن ئەو کتێبخانەی ناردوونی هەر بەتەنێ لەمەڕ زانستەکانی ئیسلامی و زمان و مێژووی عەرەب و عەرەبیی بوون و هەرگیز چ کتێبێکی زانست یان ئەدەبی وڵاتە پێشکەوتووەکانی تێدا نەبووە![50]

ئیدی لەبەر ڕۆشنایی ئەو باسە، دیارە سەیر نییە یێکەم کتێبێکی کەسیکی کورد –

بەفارسیی- چاپ کرابێت؛ (دیوانی مەولانا خالید نەقشبەندیی - س ١٨٨٤ز. ئەستەنبوولّ) و یێکەم ڕۆژنامەی کوردیی و تورکیی؛ (کوردستان - س ١٨٩٨ز. قاهیرە) بووبن لە لایێکی دیەوە تا سەردەمی ئینگلیزی داگیرکەری کوردستانی باشوور چ چاپخانەیێکی کوردی هەڵنەکەوتووە و ئەوێ دەمێ (چاپخانەی حوکوومەت - س ١٩٢٠ز. سلێمانیی)ی دانا و دواتریش دووەم چاپخانە (چاپخانەی زاری کورمانجی- س ١٩٢٥ز. ڕواندز) لە لاییێن ڕۆژنامەوانی نەتەوەپەروەر حسێن حوزنی موکریانیەوە دامەزرا.

سەرچاوە، تەماشاکراو، پەراوێز/ بەشی -١.

١- ٦٢/١؛ ل ٥١-٥٢.

٢- ٦٢/١؛ ل ١٥.

ئەز بۆیێکا ئەم ڕێژەیەم پەسند کرد چونکە لە سنووری مێژوویی کارەکەمەوە زۆر نزیکە.

٣- زانای ئەمریکایی؛ ڕالف. س. سۆلەکی Ralph C. Solecky لە ساڵی ١٩٥٥ز. دا لە ئەشکەوتی (شایندەر)ی نزیک باژێڕی ڕواندزدا ئەم لاشە کۆنەی دۆزییەوە!

٤- ٦٢/١؛ ل٦

٥- ٦٢/١؛ ل٧

٦- ڕاستییەکەی لە لای من کوردستانی باشوور لە (لوڕستان)وە دەست پێ دەکات. ئەز بەهۆی ناسرانی ڕەسمیانەی (کوردستانی جونووبی) کە گۆیا - ئەمێستە- کوردستانی داگیرکراوی عێراقی عەرەبە- ئەم زاراوەیەم بەکار بردووە، دەنا باوەڕم ئەوەیە کوردستانی باشوور (کوردستانی نێوەندە!). جێگەی باسە دەوڵەتی ئێرانی داگیرکەر، لە سەدەی شانزەوە بەشی (هەمەدان) و (لوڕستان)ی لە کوردستان جویێ کردووەتەوە و بەتەنێ (سنە)ی کۆنە پێتەختی میرنشینی (ئەردەلان)، باژێڕەکانی سەقز، بانە، بیمار، مەریوانی بەنێوی (کوردستان)ەوە ناسیوە. لە سەردەمی ڕەزا شاوە؛ (کرمانشا)یشی بەپارێزگاییێکی جویێ، هەروەها بەشەکانی خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ؛ ماکۆ، قوتوور، شاپوور، لە باشووری دەریاچەکەشەوە؛ مەهاباد، خانێ/ پیران شەهر. نەغەدە، شنۆ، تکاب، قرووە، دیواندەرە، بۆکان، سەردەشتی خستووەتە پاڵ هەرێمی ناسراو بە(ئازەربێجانی خۆرئاوا) کە دیارە مەبەست جویێ کردنەوە و لێک دابڕانی گەلی کورد و سنووری سروشتیی کوردستانە!

وێڕا، زۆردارەکانی عەجەم، هەر لە کۆنەوە خەڵکی کوردیان ئاوارە و ناچاری کۆچ کردووە. بۆ وێنە بۆ خوراسان، بجنورد، فارس، کرمان، تەورێز، حومە، تاران (بنۆڕە هەمان سەرچاوە)

٧- هەمان سەرچاوە.

٨- بۆ بیروڕای مینۆرسکی بنۆڕە سەرچاوە: ١٤٤/٤/٧/٢. بۆ بیروڕای تۆفیق وەهبی بنۆڕە گەلاوێژ - ژ: ٥-٦، س ١٩٤٠. بۆ بیروڕای سۆن Soane بنۆڕە: پێشکەوتن - سلێمانیی: ژ ٢٧،



٢٨/١٠/١٩٢٠ز، ل٢.

٩- هەمان سەرچاوە و نووسراوەکەی سۆن Soane.

١٠- ٩/١، ل ٢٨-٢٩

١١- ئەز پێم وەیە، ساتێ دەڵێن: (شێوەی سلێمانیی) پێویستە ڕاستیی فەرامۆش نەکرێت و ببژێرێت (شێوەی بابان) چونکە لە لایێکەوە چۆن بابانەکان -وەک سۆرانەکان- میرنشینیان هەبووە، ئەدەبیاتی کوردیی بەرهەمی پتر بووە. لە لایێکی دییەوە دووەم خاوەندی ڕۆژنامەی کوردیی - تورکی (پیرەمێرد) لە ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەققی - س ١٩٠٨ز)دا، لاپەڕە کوردییەکەی بەنێوی شێوەی سلێمانیی یان سۆرانییەوە نەنواندووە، بەڵکو بە(بابان کورد جەسی - کوردی بابان)ەوە ڕاگرتووە! ئەز پێم وەیە ساتی ئەوەیە، ڕۆشنبیرەکانی کورد (زاراوەیێ) لە بریی شێوەی موکریی، بابان - سلێمانیی، سۆرانیی دابنێن!

١٢- لەبەر خەریک نەبوونی کارەکەم بە(ئەدەبێ نوێ)ی ئەم سەردەمەوە، ئەز لەمەڕ شیعری نوێش نەدواوم!

١٣- ٩/١/، ل ٥٢١.

١٤- ٦٠/١؛ ب١؛ ل ١٤-٢٧.

١٥- ٢٩/١ ل٢٦ (پێشەکیی مەلا مەحموودی بایێزیدیی).

١٦- ١٠١/٥/٢؛ ل ١٣-١٤، هەروەها ١٢٨/٣٧/٢.

١٧- ١٠١/٥/٢؛ ل ١٥-١٧.

١٨- ١٠١/٥/٢؛ ل ١٥-١٧.

١٩- ژین - ز ژ ٨٦٨؛ ١٩٤٨/٤/٢٤ پیرەمێرد (زمانەکەمان چۆن بنووسین؟).

٢٠- ژین - ز ژ ٨٧٩؛ ١٩٤٧/٧/١٧ پیرەمێرد. جێگەی وردبوونەوەیە، کە ٢٠٪ەی مەبەستی لە هەموو کۆمەڵە، بەئەوپێیەی نیوەی ئەوەش ١٠٪ ژنە، ئەوە ڕێژەکە ١٠٪ی پیاوان دەگرێتەوە. بۆ وێنەش ئەگەر ژمارەی دانیشتووەکانی سلێمانیی پێتەختی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٢٠ز. دا - دەمی گەشتەکەی ڕیچی ئینگلیز- دە هەزار کەس بووبێت، ئەوە لە کۆی پێنج هەزاری پیاودا، پێنج سەد کەس خوێندەوار بووە!

٢١- ژین - ز ژ ٨٧٩.

٢٢- مخابن لە مەنفادا کتێبخانەکەم لە بەردەستدا نییە ورد و کورت مێژووی ئەو دەوڵەت و میرنشینانە ڕوون بکەمەوە!

٢٣- ١١٧/٢١/٢؛ ل ١٨. کورتەی ئەو وەقفنامە عەرەبییە ئەمەیە: «... وبعد فقد وفقّتُ جميع عقاراتي من البساتين والرحى والخانات والاراضي والقنوات والدكاكين والتيمارات التي تملكت بالشراء والاحياء والاحداث في شهرزور وتوابعه وفي كويسنجق ولواحقه، في اربيل ومضافاته وفي كركوك ومايليه، وفي مريوان وقراه، على مدارس قلعة چوالان ومدرّسيه وطلاّبه وجوامعه والجسر

فيه وفي شهرزور، وعلى الأيتام المتعلمين بقلعة چوالان وعلى المعتكفين في عشر آخر رمضان والايام المعدودات وعلى دار الضيافة والوعاظ والمترجمين والمصنفين فيها وعلى مدرسة گلعنبر وعلى مدرسة أربيل ومدرسيه وعلى المدرستين اللتين بنينا هما في كركوك وعلى الطلاب والمدرسّين بتفضيل كتب في الحجج على حده...»

٢٤- ٢/٤١/١٣٧؛ ص.

٢٥- ١/٣؛ ل ١٨٨-١٨٩. ئەز لە مەنفادا لە نووسینی ئەم بەشەدا (دیوانی حاجی قادری کۆیی)م لەبەر دەست نەبوو، بۆیێکا کەڵکم لە ئەم کتێبە وەرگرت!

٢٦- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٩١-١٩٣.

٢٧- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٩٤.

٢٨- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٩٦-١٩٧.

٢٩- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٩٨.

٣٠- هەمان سەرچاوە ل ١٨٦-١٨٧.

٣١- لە ئەسڵدا نووسراوە (مونصیفان)

٣٢- ١/٦١؛ ل ٤٦. جێگەی سەرنجە هەر ئەم چوار دێرە نەزمە، بەتەنێ ئەم ئامراز و وشانە؛ (کرد، بە، نا، بۆ)ی کوردین، دەنا ئەوانی دیی عەرەبین!!

٣٣- مەتنە عەرەبییەکەی ئەمەیە؛ (وَ مِنَ العَجَب انّي سَمعّتُ أنَّهُ شُنِّعَ عليَّ بأنَّ الديباجَة كُرديّة، فَصَدقَ عَليهم المَثَلُ الكُرديّ السائد؛ هُمْ كَبَيَضةٍ خَرَجواُ مِنْ قِشرِها!»).

٣٤- کاروان - ژ ٢٤، ئەیلوول ١٩٨٤ (رسائلَ کاك احمد الشیخ الی.../ احسان المفتي). مەتنە عەرەبییەکەی دەڵێت: «اشكرك على ترويج كُتُب العقايد وارجو ان تكون باللغتين الفارسية والعربية وتكون أنفع!!».

٣٥- پێشکەوتن - سلێمانیی؛ ژ ٨٧، ١٩٢١/١/٢٢ (زمانی خۆمان لەبیر نەچێ - مووسڵ/ کۆیسنجق - ڕەسووڵ ناجی). دەشڵێت: (لە قەومی عەرەب بپرسێ دەڵێن؛ اكراد ماعندهم لسان. تورک هەمیشە دەبێژن؛ كرد لرده لسان رسمي يوقدر!).

٣٦- پێشکەوتن - سلێمانیی: ژ ٧٠، ٢٨/ ١٠/ ١٩٢٠. مەتنە نووسراوەکەشی ئەمەیە:

أصل عربی أست
ترکی هنر أست
فارسی شکر أست
کردی کوز خر أست!!

٣٧- مامۆستای کورد - ژ ٢٧؛ ل ٢٥، گوتاری (ئیسلامییەکان و کێشەی کورد - شێخ عومەر غەریب، وەرگیراو لە کنز العمال - حسام الدین متقي الهندي!)



٣٨- ٢/٤١/١٣٧؛ ص٤. (المذهب الشافعي الذي يوجب الاندماج في العربية بكل وجة!). جێگەی باسە لەمەڕ ناتەبایی شەرعناسەکان -فوقەهاکان-ی ئیسلامەوە، وێنەی زۆر بەدەستەوە هەیە. کتێبی (فجر الاسلام - فەجرولئیسلام - احمد ئەمین؛ ص ٢٥٠) وێنەیێکی نزیکی باسەکە نزیک دەکاتەوە و دەڵێت: «ناتەبایی نێوان فوقەهاکان ئەگەر سەرنجیان بدرێت، بەڕوونی دەیانبینین. بۆ وێنە؛ ئەباحەنیفە ڕێگە دەدات کە بە«فارسیی» لە برێتی عەرەبیی دەست بەنوێژ بکرێت و بەئەو زمانە ببێژرێت «الله اکبر» هەروەها ڕێگەش هەیە بەفارسیی (قران) بخوێندرێتەوە. بەڵام ئیمامان «مالیک» و «شافیعی» پێچەوانەی ئەو ڕایەن و ناڕازین!). جێگەی گوتنە مەزەبی شافیعی بەهۆی سەڵاحوددینی ئەیووبییەوە لە وڵاتانی میسر و وڵاتەکانی عەرەب، هەروەها لە کوردستاندا پتر هێزی گرت.

٣٩- ١/٣؛ ل ٤٥.

٤٠- ١/٣؛ ل٤٦.

٤١- ٢/٥٠/١٤٦؛ ص ١٢١-١٣٠.

٤٢- ٢/٥٠/١٠٤؛ ص ٦٠٧-٦٠٨.

٤٣- ٢/٥٠/١٠٤؛ ص ٦٠٧-٦٠٨.

٤٤- ٢/٣٠/١٢٦؛ ص ٣١-٣٣.

٤٥- ٢/٣٠/١٢٦؛ ص ١٤٣-١٤٥

٤٦- ٢/٣٠/١٢٦؛ ص ١٩٨-٢٠٥

٤٧- ٢/٣٠/١٢٦؛ ص ٢١٣-٢١٤

٤٨- ٢/٣٠/١٢٦؛ ص ١٤٦-١٤٧

٤٩- ٢/٣٠/١٢٦؛ ص ١٤٨-١٥٠

٥٠- بۆ ڕاستیی؛ خوێندەوار و لێ کۆڵەکان بۆیان هەیە لە هەر سێ جزمی گەڵاڵەکراوی مەحموود ئەحمەد محەمەد دا؛ (فهرست مخطوطات مكتبة الاوقاف المركزية في السليمانية/ پێ ڕستی دەستنووسەکانی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی) وردببنەوە کە ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٤ز. ڕاوە چاپ کراون و باسەکانی ئەو میرە و کتێبە وەقفکراوەکانی لە بەشی (المكتبه البابانيه/کتێبخانەی بابان)دا ببیننەوە!

# بەشی دووەم

**١- ئەدەبی نامەنووسین**

١/١- تاریفی ئەدەب

ئەدەب هونەرێکی جوانە لەنێو هونەرە جوانەکانی؛ نیگارکێشی، مووسیقە، پەیکەرسازیی، شانۆ کە هەموو بەری هۆش و بیر، حەز و ئارەزوو، هیوا و مەبەستی مرۆڤە و لە خۆیەوە بۆ کەڵکی خۆی هەڵقوڵاوە و تێ دەکۆشێت. کەرەستەی ئەدەبیش؛ هۆش و بیر و زمان و جوانکارییە و بەچەند جۆرێ؛ وەکو (پەخشان، شیعر) بەنووسین یان بەسەرزاریی دەریدەبڕێت.

٢/١- تاریفی نامە

وەک نێوێ هەست بیەخشێت؛ دەسکێ هۆش و بیرەکە بەجۆرێکی سەرزاریی یان نووسراو، بەشێوەییێکی ئاسایی یان هونەرانە؛ لە یێکێکەوە، لە کۆمەڵێکەوە، لە دەزگەییێکەوە بۆ یێکێ، لایێ دەنێردرێت. مەبەستیشی خولقاندنی پێوەندیی، ناسیاریی، لێک حاڵی بوون -بەچاک و خراپەوە- و شارەزاییە!

قسەی سادەش پەخشانە، بەڵام پەخشانی ئەدەبی نییە، چونکە هەردوو مەرجی بیر و جوانی تێدا نییە! (نامە) ئەو پەسنانەی هەیە بۆیێکا لە هەموو ئەدەبێکدا بە(پەخشاننامە) دەناسرێت و هەر ساتێکیش لە بۆتەی کێش و ئاوازەدا نووسرا، ئەوە بە(شیعرنامە) دەناسرێت؛ کەوابوو نامە دوو جۆرە دوو شێوەی سەرەکیی هەیە: نووسراو و سەرزاریی، پەخشان یان شیعر ئامێز!

٣/١- نامە و فەرهەنگ شوناسان!

فەرهەنگی فارسیی؛ بورهان فاتیح دەبێژێت: نامە نووسراوێکە بەخامە: نووسین، فەرمان، هەروەها کتێبیش دەگرێتەوە وەکو (شانامە)، (فورس نامە)، (بازنامە) و هاوتایان.[1] لە زمانی پەهلەویشدا (نامەک Namak) لە (نام)ەوەیە کە نووسراو و



نامەگۆڕینەوە دەگرێتەوە[2]. هەروەها لە پەهلەویدا (کەتا Kata) فەرمان، نامە، دەگرێتەوە[3]. ئەو سەرچاوەیە لەمەڕ (کاغەز)یش دەڵێت: برێ دراوی پێچراوە و گەیاندراو بەیێکێ دەگرێتەوە و وشەکەش چینیە و گۆیا پیشەسازیی کاغەز - پەڕە دروست کردن لە ئەو وڵاتەوە هەڵکەوتووە، بەڵام هێندێ سەرچاوەی دی دەبێژن کە وشەی کۆنی عەرەبیی (کاغەز) ڕەنگبێ ڕیشەکەی تورکیی بێت نەک چینیی![4].

هەمان سەرچاوە لەمەڕ وشەی (توغرا/ طغرا)ش دەبێژێت کە بۆ ناسنێوی سوڵتانەکان، لە سەردەمی سلجووکە تورکمانەکانەوە باوی پەیدا کردووە و خۆیشی جۆرە خۆشنووسییەکی کەوانەییە![5].

فەرهەنگی عەرەبیی فارسیی لەمەڕ (نامە) دەبێژێت؛ نێوێکە لە (أرْسَلْ - ئەرسەل/هەناردن)، (پەیامبەریی/نامەبەری)یەوە هاتووە و مەبەست (کیتابەت/نووسراو)ێکە. بۆ وێنە (رسالە الغفران/ ریسالەتولغوفران) کتێبی ئەبولعەلائولعەربییە.[6]

مێژووی ئەدەبی عەرەبیی لێی دەگێڕێتەوە؛ (ریسالە - رسالة/ نامە) لە چاخی نەزانینی بەر لە ئیسلامدا، وەک زاراوەیێ لە نێو عەرەبدا هەبووە. ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر کەرەستە - تیپەکانی زمان؛ (ر. س. ل) کە (رسل - روسول)ە و مانای (قطیع - قەتیع/ڕان، ڕەوە)ی مەڕ و حوشتری گرتووەتەوە! ئەوجا بەرەبەرە بووە بە(رسالة - ریسالە) بۆ گێڕاندنەوەی هەر هەواڵێکی سەرزاریی کە لە نامە هەنێرەوە هاتووە بۆ نامە وەرگر. ئەم وشەیەش تا سەرەتای سەردەمی پەیامبەری ئیسلام؛ محەمەد (د) و لە دواتریشەوە هەر باو بووە، تەنانەت لە (قرآن)ی پیرۆزیشدا هاتووە... خودا دەفەموێت: (فتولی عنهم وقال یاقوم لَقد ابلغتکم رسالة ربّي!/ ئەلئەعراف ٧٩). هەروەها (اني اصطفیتك علی الناس برسالاتي وکلامي - ئەلئەعراف ١٤٤).[7]

فەرهەنگی خاڵ لەمەڕ نامە هەر هێندەی گوتووە؛ کاغەزێکی نووسراو کە بۆ یێکێک بنێردرێت! فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەش دەبێژێت؛ قاقەزی نووسراوە بۆ بەڕێکردنی دەنگوباسی نووسراو!

٤/١ ڕەوتی نامە

مرۆڤی کۆن لە چاخی بەردین و بێ نەزانیندا، بۆ کەڵکی مان و ژینی خۆی، بێ گومان گەلێ ڕێگەی گرتووە و خۆی پێ نواندوون، جا چ بەئاماژەیێ، دەنگێ، ئاوازەیێ، وێنەیێ،

تەنانەت ئەگەر نەخش و وێنەیێکی ڕاوی کردبێت، هەموو ئەوانەی وەکو زمانێ بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی بەکار بردووە. ئەو یادگارانەیشی لەسەر بەردی ئەشکەوتان –بۆ ئەورۆ– وەکو نامەیێ بەجێ هێشتووە و یادگارین!

ئەو مرۆڤە، بەزەبری پێشکەوتنی ڕۆژگاری و هۆش و بیر و قورسایی پێویستییەکانی، ژێر بووەتەوە، بەرە بەرە پێکەوەنانی خێزان، کشت و کێڵ و ئاڵوگۆڕ کردن، زمان گرتن و پێوەندیی گرێدان فێر بووە. بەرە بەرەش لە شوێنێکدا، لەگەڵ کۆمەڵە کەسانی دی، کۆ و جێگیرتر بووە تا وەی لێ هاتووە، توانا و زانایی لێ بووەشێتەوە و بیخاتە گەڕ بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵەی گەورەتر، شوێنی گەورەتر، پاراستنی بەری هۆش و بیر و ڕەنجی تا گەیشتووەتە ئاستی دامەزراندنی شارستێنی نوێ کە لە ئەم قۆناغەدا هەر کۆمەڵە و تیرەیێ، بەزمان و داب و دەستوور و ڕۆشنبیریی خۆیەوە لەسەر بەشە زەوی و ئاوی تایبەتیدا جێگیر بووە. لە ئەم بارەشدا کۆششی کردووە کە بەزمان، بەرهەمی هۆش و بیر و کردەوەکانی، باسی شەڕ و تەقەڵلای، ئازادیی و بەرەنگاریی دوژمنانی، ئاڵوگۆڕی بازرگانی خۆی لەسەر بەرد و لەتەختی سوور و تاوێری گەورە بنەخشێنێت و بپارێزێت! هەڵبەت یادگارەکانی شارستێنە کۆنەکانی ئاشوور، سۆمەر، بابلەکان لە وڵاتی نێوان هەردوو ڕووباردا، بەڵگەی ئەو پێشکەوتنەن کە گەلێ وێنەی ژێربیی و کرداریان –بەنامەشەوە– نووسیوەتەوە و تۆمار کردووە... بەڵام بێ گومان مرۆڤ لەبەر و دواوە، هەمیشە ڕەفتاری لەگەڵ (نامەی سەرزاری) نواندووە و تا ئێستەش ئەو خووەی بەرنەداوە!

دوای هەڵکەوتنی ئایینە زیندووەکانی ئاسمان و هەناردنی هەر چوارنامەی خوای تاک و توانا؛ (زەبوور، تەورات، ئینجیل، قرآن) بەپەیامبەرانیدا و بەزمانەکانیان، باری هۆشیاریی و پێوەندییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ و دەوروبەر، قۆناغی پێشکەوتنی گەورەیان بەخۆوە دیت، لە ڕیزیشدا باری ڕۆشنبیریی گەشەتر بووە و لە ڕاییڵەیدا (نامە نووسین) بەشیعر یان بەپەخشان نرخیان گرانتر بوو... نامە مێژووییەکانی پەیامبەری خودا، محەمەد (د) بۆ (کیسرا)ی عەجەم و (هەرکڵ) ڕۆم و (نەجاشی) حەبەش بەڵگەی ڕاستیین!

جێگەی گوتنە لە چاخی (خەلیفە ڕاشیدییەکان) لەنێو عەرەبدا (نامە) گەیشتە بەرزیی و زاراوەی (رسالە – ریسالە)ش هەر نووسراوێکی گرتەوە کە یێکێ بۆ یێکێکی دی هەناردبێت، تەنانەت (شیعر) گۆڕینەوەش لە نێوان دوو کەسدا بە(ریسالە – نامە) ناسرا. هەروەها چ لەنێو عەرەب و چ نەتەوە موسڵمانەکانی دیدا، زاراوەی نوێش بۆ (نامە) هەڵکەوت، وەک (ألْوكة – ئەلوەکە)، (رقعة – روقعە) و (خطاب – خیتاب)!



### ١/٥- هەردوو ئەدەبەکە و نامە

### ١/٥/١- پەخشان و نامە

### ١/٥/١/١- تاریفی پەخشان

لەلای خۆرئاوانشینەکان چ لە لای عەرەب و هاوتایان، پەخشان قسە و ڕستەیێکە، هۆش و بیری مرۆڤ، بێ خۆبەستن بەکێش و قافیەوە، دەیگێڕێتەوە.

پەخشان چەشنی شیعر؛ هونەرێکی ئەدەبە و –بەتایبەتیش دوای هەڵکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی– سێ بەشە:

ب/١- پەخشانی زانستیی، کە ژیریی –نەک سۆز– دەستی گەورەی تێدا هەیە و پتر مەبەستی دەربڕین و ئاشناکردنی ڕاستییە، وەک: فەلسەفە، بیرکاریی، کیمیا، پزیشکیی، زانستەکانی ئایین و هتد.

ب/٢- پەخشانی هونەریی کۆن –کلاسیک– کە هونەرەکان؛ بەیان – ڕوونیی، بەدیع – جوانکاریی، بەلاغە – ڕەوانبێژیی، لەف و نەشر – پێچ و پەخشی ئەدەبی عەرەبیی بەکار دەبات، وەک لە ئەم کتێبەدا هێندێ نامەی (سەیید ڕەشید)، (پیرەمێرد)، (میرزا مارف)، (مەلا کاکە حەمە – ناریی) بەڵگەن.

٢- پەخشانی هونەری نوێ کە پێچەوانەی هونەرە باس کراوەکانی ئەدەبی عەرەبییەوە و بەئازاد ناسراوە و کۆڵەکەکەیشی؛ ڕەزم، وێنەگرتن، دەربڕینێکی زوڵاڵە. لە ئەم کتێبەدا دوو نامەی (مستەفا ساییب)، (گۆران) بەڵگەن.

ب/٣- پەخشانی ڕۆژنامە، یان پەخشانی کارگێڕیی. ئەم پەخشانە بەشێوە کەڵکی لە چێژی خۆش و ڕەوانی میللیی و ئاسایی –زمانی ئاخاوتن– و هەروەها لەبزی بەرز و دەربڕینی سازگاری پەخشانی ئەدەبیی هونەرانە وەردەگرێت بەبێ ئەوەی لە هیچ کامێکدا بتوێتەوە. بەمەبەستی داڕشتنی هەموو جۆرە هۆش و بیر و هەڵوێستێکی کوردیی و دنیایی بۆ پەیوەست بوونێکی گیانی گیانی لەگەڵ هەموو جەماوەر و بەسەرکردنەوەی هەموو ڕووداوێکی خۆش و ناخۆش، هەموو خواستێکی نزیک و دووری کە بێ گومان ئەمە بۆ خۆی –بەهەموو پەسنێکیەوە– چاکترین و کۆکترین کەرەستەی هونەرە بۆ پەروەردەکردنی زانست و ماریفەت و بڵاوبوونەوەیان کە ئەمەیشی پێچەوانەی (شیعر)ە کە بنچینەکەی هەستی تاکە کەس و کەف و کوڵی سۆز و کێش و ئاوازەی ئارەزووە!

٢/١/٥/١- ئەدەبی نووسراو و پەخشان

وردبوونەوەی زانستانە و پشکنینی ڕاستیی، وەکو نیشانی دەدەن تا کۆتایی سەدەی نۆزدە، ئەدەبیاتی کورد، پتر بەهونەرەکانی (شیعر، نەزم)ەوە خەریک بوون، ئەوە پێویستە لە کۆنترین پەخشانی دەستگیر بوو، نووسراو، چ سەرزاریی بگەڕێین و وردبیینەوە!

١/٢/١/٥/١- دیارترین پەخشانی نووسراو.

١/١/٢/١/٥/١- کتاب صرف لسان کردی - کیتابی سەڕف لیسانی کوردیی

- عەلی تەرەماخی؛ (لە ١٥٩١ز. بەدواوە هەڵکەوتووە، لە ١٨٤٩ز-١٨٥٠ز.دا مەلا مەحموودی بایەزیدیی ڕوونووسی کردووە!»)[8]

ئەمە وێنەییێکی پچووکی مەتنەکەیەتی:

(بسم الله الرحمن الرحیم

ئێعلەم تۆ بزان ئەی موفرەدی موزەککەری موخاتیب کو ژ بووێ تایەفا ئەکرادان ڕا ژی لازمە کو ب زمان کورمانجیی ئەو ژی عیلمی سەڕف بزانن! لەورا بینا و ئەساسا هەموو عیلمان لەسەر عیلمی سەڕفێیە! عیلم حسێبێکە وەکوو مێزینە ژ بووێ عولوومید مایی ڕا فونوونێد بەعیلم سەڕف تێنە وەزناندین کو دوروست و غەڵەتییا وێ عیلمی وەزناندین، کەسەک تەمام و کێماسییا وێ نزانە. بەس وەکوو هایە، واجیبە کو مرۆڤ عیلمی سەڕف بزانە دا تەکەللوم و خەبەردانا ڕاست و دروست نییە! بێ عیلمی سەڕف کەلام دروست نابی. لەورا لازمە کو تو وەزعا خەبەردانی بزانی... مەسەلا موفرەد و تەسنییە و جەمعان فەرق بکی و بزانی وەغائیب و حازری ژێیک و دوو جودا بکی، وە موزەککەر و موئەننەسی ژ هەڤ دوو ڤقەتێن کو حەتتا خەبەردانا ڕاست و دروست ببە! مەسەلا ئەگەر تۆ نزانی ب لەفزا موفرەدی دگەڵ تەسنییە و جەمعی خەبەر بدەی، کەلامێ تەغەلەت دبی و جەهلاتە مەعلووم دبە!

ئەڤ عیلم سەڕفێ د حەموو کافێد لیسانان‌دا هەیە و ئیجرا دبە، ئەما ئێک ونها، ژ بووێ مەلازمە زمانی کورمانجییە، لاکین لازمە کو بەغەرەک زمانی عەرەبی و فارسیی میسالان بینن لەورا ئەڤ عیلم سەڕف بەئەسڵ و ئیبتیدا د زمانی عەرەبییدا بوویە و ئەلفازێد کو لازمە ژ بووێ عیلمێ سەڕفی ئەلفاز عەرەبیینە هتد!!)[9]

٢/١/٢/١/٥/١- طُبا کردي/ توبیا کوردی - تەئلیفا مەلا مەحموودی؛ (لەبەر دەستنووسێکی س ١٢١٢ک/١٧٩٧ز-١٧٩٨ز نووسراوەتەوە!)[10]



ئەمە وێنەییێکی پچووکی مەتنەکەیەتی...

«بسم الله الرحمن الرحیم و بەثقتی

دەرمانی چاڤی تارییی بووی؛ نیڤ میسقالی داروو و فیلفیل؛ میسقالەک بەری بەحری، دوو میسقال شەکری نەبات تێک دان بکەنە کل د چاڤێ خۆە بکیشن!

دەرمانی چاڤی کۆرە تازە گرتی؛ بەڕی بەحری و کسپکێت هێکان، چێژەک ژبی دەرانی هەردووکان وەکی یێک بکەن د چاڤێ خۆە بکیشن!

دەرمانی چاڤی کۆراهی لێ بت؛ کەڤن؛ زەعفەرانە!

دەرمانی چاڤی هێستر بکەن دندکێت قەسپان بسووژن، ب قووتن، تێکەڵ هەنگڤین بکەن، پاشی دچاڤێ خۆە بکیشن!... هتد).[11]

٣/١/٢/١/٥/١- لُبُّ العقاید الکُردي - لوبیە لعەقایید ئەلکوردی[12]، [یان] عەقیدە نامەی کوردییەی مەولانا خالید نەقشبەندی (١٧٧٩ز-١٨٢٩ز. ژیاوە).

کۆنترین دەستنووسی لە ساڵی ١٢٣٤ک/١٨١٩ز، (دەستگیرم بووە!).[13]

ئەمە وێنەییێکی پچووکی دوا لاپەڕەی ئەو دەستنووسەیە:

«... ئەجەهەننەمی چووارەمیین بۆ دەرهێنانەوەیانە لە پاش ئەویتنیان. ئەجەهەننەمی پێنجەمین بۆ مەرتەبەی گەورە و پایەی بوڵندیانە لە بەهەشتی. وە بەهەشت دائیمەیە وە نیعمەتی بێ حیسابە وە بەهەشتی هەیە. بەهەشتی هەر کەس بەقەدەر ئیمان و عەمەلی خۆی مەرتەبەی بوڵندی دەبێ! جەهەننەمیش دائیمە وە ئەهلی جەهەننەم هێندێکیان دائیمیین، هەردووکیان ئەمرۆ هەن!

بەهەشت لە ژوور ئاسمانی هەفتەمینە. جەهەننەم لەژێر تەبەقاتی زەمینە. ئەسڵی شەشەمین ئەمەتە کە بێ شک و گومان باوەڕ و یەقیینت ببێ وە بزانی هەرچە جەنابی پاکی خودای تەعالا خوواهیشتی بووە وە موقەددەری فەرمووە کە ببێ یا نەبێ، بێ زیادی و نوقسان هەروەها دەبێ. هەرچە خوواهیشتی بووە بەبوونی نەبوونی مەحاڵە هەر دەبێ، وە هەر چە خوواهیشتی بووە بەنەبوونی، مەحاڵە هەر دەبێ، بوونی مەحاڵە وە هەرگیز نابێ!/تەواو. «تمت شد في ٢٤ ج١ ١٢٣٤/٢١/٣/١٩١٩ز»[14]

٤/١/٢/١/٥/١- مولود الكُردي/ مەولوودنامەی کوردی؛ شێخ حسێن قازی (١٨١٥ز-١٨٧٥ز. ژیاوە)

وێنەییێکی مەتنەکەی - بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٣٥ز - ئەمەیە:

(ئەمما جبرائیل بەئیزنی ڕەببەلعالمین گەڕا بەئاسمانان‌دا، سیدرەی مونتەهادا و بەجەننەتولمئەوادا بەشارەتی بەمەلائیکان و حۆریان دەدا، بانگی دەکرد، دەیفەرموو:

مژدەبێ بەنەزدیک بوونی زوهووری کەسێ کە ڕۆژی ڕووی ئەو، شەوی کوفر ڕۆشن دەکات، جەمالْ و ساحیب کەمالّی ئەو، ڕووی زەمین گولّشەن دەکات، چراغی ساحیب نوور باعیسی فەرەح و سروورە، تاجی کەرامەتی لەسەرە، شافیعی ڕۆژی مەحشەرە، ساحیبی موعجیزە و کیتابە، ئەمر دەکات بەچاکە و نەهی دەکات لە خراپە، لە ڕێی خودا غەزا دەکات، دینی حەق ئیحیاء دەکات.

سەییدولمورسەلیین، ڕەحمەتەلعالمین، ناوی ئەو محەممەد و تەهە و یاسینە، هەموو بلّندان خووار دەکات، لە پاشی ئەو هیچ پێغەمبەرێک نابێ، ساحیبی ئایاتە، ساحیبی موعجیزاتە، فەخری عالەمە، گەورەی بەنی ئادەمە، سەییدی کائیناتە، سەرداری ئەنبیایە. سالاری ئەسفیایە، نوورە بەسوورەتی ئینسانە، ساحیبی موعجیزە و (قرآن)ە، سوورەتی پاکە، سیرەتی چاکە، موبارەک و ئازادە، خوجەستە سیەرە، خۆش ئەندامە، شیرین خەرامە، هامسایەی فەرەح مایەیە، ئوممەتی ئەو خەیرولئوممە، ئەم مەدحە بۆ ئەو کەمە سەللە اللە و عەلیهی وەسەللەم. مەلائیکە کە ئەم مژدە و بەشارەتەیان بیست دەستیان کرد بەحەمد و سەنا و بەتەکبیر و دوعا.

دەرکەی بەهەشت کرایەوە، دەرکەی جهەننەم داخرا، گولّی بەهەشتێ خۆشحالْ بوون، درەخت سەوز بوون، کافیی بەحەوز بوو، غونچە دەمی داوە، کانی وشک ژیاوە، تەیران هەموو هاتنە خرۆش، سەرچاوە هاتنە جۆش، حۆرییان کرد بوون، ولدانی بەهەشت «شەرابەن تەهوور»یان نۆش کرد، بولبول مەست بوون، لەسەر چلّان نەسیم وەربوون، بەنێوی گولّان گولّوولک سوور بوون، کەوسەر سەرکەوت، زیخی دەرکەوت، جۆگەی پڕ بوو، وشکی تەڕ بوو، چیمەن شین بوو، نێرگز ڕەنگین بوو، گولْ گەش بوو، وەنەوشە ڕەش بوو، نەرگس پشکووت، گیای بزووت، درەختی هاتە میوە، کەوتە دەر، قەسری موزەییەن کرا، ساحیبی موعەییەن کرا، فەرشیان ڕاخست، عەرووسیان داخست، هەوا موعتەتەر بوو، بۆنی زۆر زۆر بوو! جبرەئیلی ئەمین لە پاش بەشارەتدان بەئەهلی ئاسمان، نازلْ بووە سەر ئەرز، لەگەلْ سەد هەزار مەلائیکەدا بەشارەتیان دا بەکێوانەوە بەبەحرانەوە، بەبەڕڕانەوە، بەوەحشیانەوە، بەتەیرانەوە، بەماسیانەوە، حەتتا بەساکینانی تەبەقەی حەوتەمین...)(١٥)

وێنەی کۆتایی مەولوودەکەش –لە دەستنووسێکی سالّی ١٣١٤ک/١٨٩٦ز ئەمەیە:



(ئامینە دەیفەرموو؛ لەو وەقتەدا تینوویەتییەکی غالبم گەیشتێ، شەربەتێکی کافوور، شیرنتر لە شەکری، سافتر لە شیری دایان پێم، نوورێکی عەزبی داخیل بووە دلّم، لە پاشان ڕووانیم لەلای سەرمەوە تەیرێکی عەزیمولجیسسە داخیل بووە حوجرەکەم، بالّی سەوزی بەسەر دلّمدا هێنا!)(١٦)

١/٥/١/٢/١/٥- یێکەم پەخشانی ڕۆژنامە بەشێوەی کورمانجیی باکوور؛ میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا؛ (کوردستان – س١، ژ١، پێنشەممە ٣ ذیلقەعیدە ١٣١٥ک- ٩/٤/١٣١٤ز – ٢٢/٤/١٨٩٨ز. قاهیرە. «سەرگوتارا»).

«بسم الله الرحمن الرحیم

سەد هەزار شوکر و حەمد ژی خودێ تەعالا ڕە ئەم موسلّمان خەلق کرین، وە زانینا عیلم و مەعریفەتێ ڕە، هیش و زەکا دامە!

دەرهەقا عەلیماندنیا عیلم و مەعریفەتێ ڕە، گەلێک ئایەتێن جەلیلە وە ئەحادیسێ شەریفە هەنەن.

دنیاییێرە چ قاس موسلّمانا هەبن، گوند و باژێڕێن حەمیادە، مەکتەب و مەدرەسە و جەریدە هەنەن!

دنیاییێدە چ دیبە چ نابە، جەریدە دینڤیسن!

حەیفا من تێت ژی کوردا ڕە، کورد ژی گەلێک قەوما زێدەتر خۆەییە هەش و زەکانە، جامێرن، دینێن خۆەدە ڕاست و قەوینە، خورتن و دیسا وەکە قەومێن دی نە خوەندانە، نە دەولّەمەندن... دنیاییێدە چ دیبە، جیرانی وان، مۆسقۆن چاوەیە، وی چ بکە، نیزانن!!

لەوما ڕێیا خودێرە، من ئەڤ جەریدەیاها نیڤیسی، بیئیزنا خودێ تەعالا پاش نهوو، هەر پازدە ڕۆژادە، جارەکی ئەزی جەریدەکی بنڤیسم، ناڤێ ڤی من کرییە «کوردستان».

ڤێ جەریدەییێدە ئەزی بەحسا قەنجیا عیلم و مەعریفەتا بیکەم، لی کوودەرێ مرۆڤ دی عەلمە، لی کوودەری مەدرەسە و مکتەبێن قەنج هەنە، ئەزی نیشا کوردا بیکەم. لی کوو دەرێ چ شەڕ دیبە، دەولّەتێن مەزن چ دێکەن، چاوە شەڕ دێکەن، تیجارەت چاوە دیبە؟ ئەز حەمییا حیکایەتی بیکەم!

حەتتا نوهوو کەسێ جەریدەکی هۆلی نەنڤیسییە! ئەڤ جەریدەیا مناها یا عەووەلینە! لەوما وێ گەلێک کیمایی هەبیتن، ئەز هێڤی دیکەم کیمایا جەریدەیی ژی من ڕە بینڤیسن! حەمی تیشت وەکی نوو چەدیبن، کێمن، پاشی هینگێ دیچە، دیکەڤێ ڕێ دە!

ئەڤە ئیدی ئەزێ دەست مەقسەدێ بیکەم! «ومن الله التوفیق» / تەواو). (١٧)

١/٥/١/٢/١/٦- یێکەم پەخشانی ڕۆژنامە، بەشێوەی کورمانجیی باشوور. سلێمانییەلی تۆفیق/ پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەوان؛ (کورد تەعاون و تەرەققی؛ س١، ژ١، شەممە ١ ذیلقەعیدە ١٣٢٦ک/ ١٣٣٤/١١/٢٢ - ١٩٠٨/١١/٩ز. ئەستەنبووڵ.

«گوتار» مەقسەدی گردبوونەوەی جەمعییەت!»).

(جەمعییەتی ئێمە نیزامنامەی بۆ هەموو تەرەفێ ناردووە. وەکو لەوەدا نووسیویە؛ مەقسوودمان ئەمەیە حوکمی قانوونی ئەساسیی کە لەگەڵ شەریعەت؛ ڕێ دەکەوێ، موحافەزە بکەین! ئەوی لازمە بۆ تەرەققیی قەومی نەجیبی کورد، هەمووی ڕێک بخەین؛مەعاریفیان، حاڵ خۆشییان، یێک کەوتنی ناوخۆیان، ئاش بوونەوەی لەگەڵ هاو وەتەنیان، با خوسووس لەگەڵ (ئەرمەن)یان بێتەجێ!

لە ڕێی موحافەزەی دەوڵەت و میللەتی عوسمانییدا، بەعەزمێکی مەحکەمی دینیی، بەیێک وجوودی میللیی، ڕۆح ببەخشین!

ئەگەر لە پاش گردبوونەوەی مەجلیسی مەبعووسان ببین بەفیرقەی سیاسی؛ گۆڕینی قانوونی ئەساسیی بەرەنگێ قوبووڵ دەکەین، ئەو حەققەی مەقامی گەورەی خەلیفەی موسڵمانان و سەڵتەنەتی عوسمانیان نەگۆڕێ، هیچ میللەتێ خۆی لە میللەتێکی کە زیاتر نەگرێ!

جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققیی عوسمانی ئەو دەستووولعەمەلەی کە نووسیویە بۆ سەلامەتیی وەتەن، بۆ تەرەققی هەموومان چاکە. ئێمەش وا دەچین بەرێوە!/ تەواو(١٨)

١/٥/٢- ئەدەبی سەرزاریی و دیارترین پەخشانی!

١/٥/٢/١- داستانی ناز و خدر - عەلیی بەردەشانیی (بڵاوکەرەوەی بەشاییری دەربارەی ئەورەحمان پاشای بابانی داناوە. پاشاکە لە ١٧ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٢٨ز- ١٨١٣/٣/٢ز.دا مردووە. سلێمانیی). (١٩)

ئەمە - بێ لە نەزمەکەی - بەشێکی مەتنی داستانەکەیە:

«... عەلی ئەگەر هاتە ژوورێ، بۆ میری شتێکی کوت. کوتی: شتێکم بۆ بڵێ پێم خۆش بێ و قەتم نەبیستبێت!

کوتی:

میر. دوو برا بوون، یێکیان نێوی میر سوبحان و یێکیان نێوی میر سەهمان بوو. میر



سەهمان برا گەورە بوو، تەواوی دنیا لە ترسی ئەوانە دەلەرزیی!

برا گەورەیان ئەگەر هاتە مردنێ، کوڕێکی بوو، نێوی خدر بوو. کابراش کچێکی بوو نێوی ناز بوو. کوتی: ئێمە هەر شەریکین، تەواوی دنیا لە ئێمە دەترسێ! کوتی؛ ناز لە خدر مارە کە!

دایکی خدر حجێڵ بوو، هەر خدری ببوو. نۆ زگی بوو، نۆبەرەی بوو. لێی مارە کرد.

چەندی پێ چوو، بابی خدر مرد. مامی پێی کوت: ڕۆڵە ئەتۆ لێرەکانە بە! ئەمیش دەچمە جێیەکی دی خەریکی کاسبی و بەسەر خێڵ ڕاگەیشتن دەبین!

کوڕەکە هێندە بەجەوهەر بوو، ئیشتیبای لەوەی بوو، پیاوی ڕەشید ڕابگرێ! مامەکەشی عەجایەباتی وا هەر نەبوو، تەواوی کوردی تورکیە خەرجییان بۆ دەنارد!

ئەگەر میوانی مامی دەبوو، چاوی دەکەوت بەناز، ڕۆحیان دەگەڵ یێکتر تێکەڵ دەبوو. هەرکیان جحێڵ بوون، ئارەزووی یێکدییان وەهابوو، وەک پیاو ئارەزووی ئاوی کەوسەری هەیە!

جا خدر چار کەسی نارد، پیاوی کەیخوداد و ڕدێن سپی و ئیختیاردار، کوتی: بەمامم بڵێن نازم بداتێ، چی دی بۆ لە ماڵە خۆی ڕادەگرێ؟

کوتی: واللە مارەکراوی خۆیەتی، دەیدەمێ، بەڵام ئەمیش دڵم بەدایکییەوەیەت، ئەویش دایکی بدا بەمن!

خدر ڕقی هەستا، کوتی: جا چۆن مامم لە ڕووی هەڵاتووە، جا ئەوە قسەیە مامم کوتوویەتی؟ لەو قسەیە گەڕێ! عەیبە بۆ وی پیاوی وا ساحێب جەوهەر قسەی وا بکا! نازیشم بداتێ و خودداریی نەکا!

کوتی: واللە هەرتک چاوی کوێربیی دایکیم نەداتێ نایدەمێ، نایەڵم چاوی بەناز بکەوێ!

جا خدر کوتی: ئەوە سەفیی بووە شتێکی وای بەمن کوتووە!! ئەوانیش نسحەتیان کرد، کوتیان: مامتە، هەر بەزمانی خۆش! تەقریبەن حەفتەیێکی پێ چوو، وەک ئێستە ژن دەچنە سەر چاکی، ئەوە ماڵ و منداڵی پادشا دەگەڵ ناز چوونە سەر چاکی، چاکەکەش دوور بوو، ڕێگای چوار سەعات دەبوو.

ناز خواجە سەرایێکی نارد کە پێی بڵێ؛ خاتر جەم بێ بەخوابیشت بابم نایداتێ! بێ هەڵمبگرێ و بمبا!

هاتن خەبەریان بەخدر دا. جا دەست بەجێ خدر سوار بوو، کورتی ببڕێتەوە؛ هات، پێشی پێ گرتن، یەخسیری کرد! یازدە ژن و کچی دەگەڵ بوو!

کوتی: مامم هەچ خەڵەتێکی دەکا، پکا!

ئەگەر خەبەر بۆ مامی چووەوە، وەک تیخی چاک دەکالاند ڕانەدەوەستا... ئەوە هات، ساز بوو بۆ سەر خدر. حەوت خوشکی بوو، ئاخیر کچ و کچی دیکە و تاییفە و شێست ژن جلّەوەکەیان گرت. خرخاڵی جەواهیرات لە ملدا... کوتیان: ئێمە دێین، نایێلین ئەو شەڕە ببێ!

کوتی: لە بەرگی ژنایەتیدا نابێ بێن! زرێ و شیر و خەنجەر لە خۆتان بدەن! ئەو شەڕە دەبێ! دەبێ ئەنگۆ تێ کەون!

عافرەتەکان هەموو وەکو بیزا ناسک و دولبەرن. ئەوان هاتن، خەبەری لە خدر نارد، کوتی: کەڵی گەییشتە سەر، حازربێ، ئەو ئەتکەی دەگەڵ من کرد!

خەبەریان دا بەدایکەکەی خدر... نیزیکەی حەفتا و پێنج کچ و ژنی هێناوە، هەمووی غەرقی خەنجەرن، ئەوانیش بۆ شەڕێ هاتوون.

جا دایکی، خدری بانگ کرد، کوتی: ڕۆڵە هاتوون بۆ شەڕێ، ڕاوەستە ئێمەش لەشکرێکی وا ساز پکەین، جوابی بدەینەوە!

ئەویش بەخوشک و خوشکەزا و... هەشتا عافرەتی ساز کرد. هەمووی پتەت لە پشتی بدابایە، دەپەڕی وەک ڕەشە ڕێحانە!

ناز کە تازەی هێنا بوو؛ ئەوە بەتەواوی ئەسڵەحەی لە خۆی دا. خۆی زرێ پۆش کرد، ئەویش تێدابێ.

خدر زۆری خۆش دەویست، ئێستاکانێ نەیگوت مەیە! گوتی: ئەتۆش حازربە! ئەوە ڕدێن سپی و کەیخودایان ناردە کن یێک، قسەیان یێکدگیر نەبوو.

دایکی خدر نێوی (بەسێ) بوو. مامەکەی کوتی: خدری بەسێ، هەڵبەت دەڵێی لێم دەترسێ؟ نایێڵم چی دیکە ڕۆحت ببێ، کچم بەیێخسیری لە کنت بێ!

جەنگەکە قەوما... تێرژان تێکرا ژن و پیاو... هتد)[٢٠]

١/٥/٢/٢- چیرۆکێ -بێ نێونیشان- لە ساڵی ١٩٠٣دا میرزا جەوادی قازیی لە سابلاخدا بۆ ئۆسکارمانی ئەڵەمانی گێڕاوەتەوە![٢١]



ئەمە مەتنە تەواوەکەیەتی...

(لە دێیێ لە دێهاتی لاجانێ، دوو ئامۆزا تفەنگیان دەشانی کرد. چوونە ڕاوی گاکێویی. ئەوێ ڕۆژێ پێنج گاکێوییان کوشت!

شەویان بەسەردا هات، چوونە ئەشکەوتێکی، ئاووریان کردەوە، کەبابیان کرد، دەستیان کرد بەخواردنی!

یێکیان کوتی: ئامۆزا، ئەمن ئەوە دەنووم ئەتۆ کێشکێی بکێشە، خەوت لێ نەکەوێ، ئێرە بەترسە!!».

خەوی لێ کەوت! ئەوی دیکە زۆری خەو دەهات، نوست.

نیوەی شەوێ وەخەبەر هات؛ تەماشای کرد ئامۆزای نەماوە. ئاووری خۆش کرد. تەماشای کرد خوێن زۆر ڕژاوە. لە ئەشکەوتەکەیدا کونێکی دیبەوە ڕووناکیی دەدا. چوو دەکونەکەیەوە تەماشای کرد، لە بنەبانێ جانەوەرێک دانیشتووە، ئاووری کردووەتەوە، کەبابی دەکا، کێردێکی بەدەستەوەیە، کەلاکی ئامۆزای لە تەنیشتی. بەکێردەکە دەیبڕێ لەسەر ئاووری دادەنێ، نیوە بریشتوو دەیخوارد!

کابرا سەرسام بوو. تفەنگی خۆی پڕ کرد، ڕووی لە سینگی دی کرد، لێی ئاووردا، دەعباکە گوللەکەی بەدەستی گرتەوە، بۆڵژنێکی لێ هات. گوللەکەی بۆ هاوێشت.

کابرا زۆر ترسا، چوو تفەنگی ئامۆزاکەی هێنا، پڕی کرد، دوو گوللەی تێ هاوێشت، لە پشتی ئاووردا.

جانەوەرەکە بۆڵژنێکی لێ هات، کەوتە سەر عەرزی. کابرا چووە سەری؛ دووازدە خەنجەری لێ دا، جانەوەرەکەی کوشت!

ئەوێ شەوێ لەوێ بوو، سبحەینێ هەڵستا چۆوە دێیێ... ڕدێنی سپیی ببوو، خەڵقی نەیاننناسیەوە... کوتی: بابە، حیکایەتێکی وام بەسەرهاتووە، ڕدێنم بۆیێ سپی بووە! وەرن بێین مەیتەکەی بهێنینەوە!.

چوون هێنایانەوە!/)تەواو.

١/٥/٣- دەنگی نامە لە شیعری نووسراودا!

وێڕای ئەوەی لە (بەشی سێیەم)دا کۆمەڵێ (شیعرنامە)ی کوردیم خستووەتە ڕوو، بەخراپی نازانم چەند وێنەییێکی پچکۆلانەی چۆن بەکاربردنی نێوی (نامە، قاقەز، سەبا،

نەسیم، باد) و هەروەها (قاسید) لەلای هێندێ شاعیر بنوێنم!

شاعیرانی کورد لە کۆنەوە زۆر (شیعرنامە)یان بەکار بردووە، بەڵام (مەولەویی/ مەعدووم) لە هەموویان پتر. بەگشتیش شێوەی هەرە کۆنی ئەدەبی عەرەب کە سەرەتاکەی بە(لەخودا پاڕاندنەوەی درێژ و ستایش و نزاکردن و یاری کردن بەوشە) دەست پێ دەکات، لەلای زۆربەیان کەمتر بەکار براوە. مخابن شاعێرانمان بەدەگمەن بەحسابی ساڵی کۆچیی، مێژووی نامەکانیان تۆمار کردووە.

پەرۆشی شاعیرانیش بۆ نامەکاری مایەی سێ باسە؛ ڕەواج و حەڵاڵیی لە ئەدەبیاتی عەرەب و عەجەمدا و ڕێز لێگرتنی. پەسنی وەکو هونەرێکی ئەدەبی چینی خوێندەوار. بەکار نەبردنی پەخشان!

زۆربەی نامەکاریی شاعیرانیش لەمەڕ پێوەندیی دوو کەس و بۆ دۆستی و لەیێک حاڵیی بوونە، بەڵام هەمیشە -وێڕای ئەو باسانە- چمکی بەسەرهات و مێژووی قۆناخێکی ژینی نەتەوەی گرتووە، وەک (ڕەنجووریی، نالیی، سالم)، هەر بۆیێکا دەتوانرێت بەئەو جۆرە شیعرنامانە ببێژرێت (شیعرنامەی مێژوویی!). شیعرنامەش کە هەتا ئەمرۆ لەنێو کورددا هەر ماوە، بەڕاستیی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە باو و وزەی ڕووی لە سستیی کرد کە بێ گومان مەڵامەت هەر تێ پەڕبوونی سەردەمەکانی نییە، بەڵکو هەڵکەوتنی پەخشان و زەبری ڕۆژنامە جێگەیان پێ لێژ کردووە. ئەمەش هێندێ وێنەیە:

١

ساقی (نامە)

ساقی باوەڕۆ جامێ پەی مەستیی
سوودەم مەستییە زیان ژ هەستیی
جامێ کە مەغزی باوەرۆ وە جۆش
دنیا و مافیها بکەم فەرامۆش

(مەلا پەرێشان)[٢٢]

٢

نەی شەکەرا سپی دەست و زەند، زانم مەجالا(نامە)خۆەند لێڤان
تەبەسوم کر ژ قەند، ماست کەباب فی روما



(قاسید) ب مەقسوودا مەهات، با موژدە ئو ئەمر و بەرات
نیشان هنارن هەم خەلات، شەهزادەیا گول گوون قەبا

(مەلا جزیری)[٢٣]

٣

دیم کە (قاسیدێ) شیرین تەور و خوو
(نامە)ی دڵ نواز ئاوەرد جەلای توو

(ڕەنجووری)[٢٤]

٤

فیدات بام (شەماڵ) پەیک عەنبەر بۆ
ئەر تۆ وە ئیخلاس مەدارات نەبۆ
نەگیری ئارام تا وەشارەکەی «کۆ»
بینای دیدەم قیبلەگای دڵ جۆ
ساکینەن جەو زێد، سەر وەفیدات بۆ
هیچ نییەن حاجەت سوئالکەری تۆ

(محەمەد ئاغای دەربەند فەقەرە - ١٧٩٠ز-١٨١٢ز)[٢٥]

٥

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی(بادی)خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور

(نالیی؛ ١٧٩٧ز- ١٨٥٥)[٢٦]

٦

جەگیان سێر وەردەی جەتەن هەراسان
خاڵۆی خەمیای خەم خاڵ خاڵ خاسان
(نامە)م چون یاوا مولاحەزەت کەرو
بشۆ وەپا بۆس عەرزکەر جە ڕووی دەرد

(مەولەوی)[٢٧]

٧

(نامـەم) بەخـەمـۆشی کـە جـواب دایـەوە زانیم
بۆ من نەنـویسـیـی کـە جـوابنـامـە جـوابە
وەعزی عولەما (کوردیی)لەناو مەجمەعی عوششاق
بێ عـەینیی قسـەی قـەوم و گـوزارشتی عـەزابە!

(کوردیی: مستەفا بەگی ساحێبقران - ١٨٠٩ز-١٩٤٩ز)[٢٨]

٨

ئەی (شەماڵ) ئەی شیفای نەساغان وەرە تووبی خاڵی ڕووی یار
بەگـوڵ و وەنەوشـەی باغـا بگەیێنە دۆعـا و سـەلام

(وەفایی؛ میرزا عەبدوڕڕەحیمی سابلاخی - ١٨٤٤ز-١٩٠٢ز)[٢٩]

٩

دەخیلت بم (سەبا) تۆ مەحرەمی ئەسراری جانانی
بەریدی کۆیی یاری، مەحرەمی زوڵفی پەرێشـانی

(کەمالیی؛ عەلی باپیر ئاغا؛ ١٨٨٧ز-١٩٧٥ز)[٣٠]

## ١/٤/١- دەنگی نامە لە ئەدەبی سەرزارییدا!

بێ گـومـان کـوردی بێ بەش لە خوێندن و خوێندەواریی کـوردیی ئازاد، لە مێـژەوە بۆ کەڵکی پێ ویستی و داخوازییەکانی ژین و هەڵکرد و گووزەرانی، پەنای بردووەتە بەر (نامـەی سـەرزاریی) چ بەهەڵبـەست و بەیت، چ بەپەخـشـان و بەتایبـەتیش نامـە گۆڕینەوەکەش لە نێوان دوو لادا بووە!

وەک بەڵگەی ڕووناکیش زۆرن، نێوی (نامە، کاغەز، قاقەز) بەکار براوە. (شەماڵ) بە(نامەبەر) و (قاسید) بە(نامەگەیێند) ناسراوە و وێکڕا هەموو دەنگیان بیستراوە.

هەڵبـەت -وەکو مەبەستەکانی پتر ڕوون دەبێتەوە- بەجێیە چەند وێنەیێکیـان ئاشنا بکەم:



## ١/٤/٥/١- هەڵبەست و بەیت

(نامـە) دەنووسم لە گـوڵی سـرکـەیی
ئەو جـووابەی ناردت بەدرۆ پێم گـەیی!

٢

(کـاغـەز) دەنووسم لە پەڕی مـێـشێ
دەیدەم بە(شـەمـاڵ) دڵـی نەیێـشێ

٣

(کـاغـەز) دەنـووسم بەخـوێنی دڵـم
دەیدەم بە(شـەمـاڵ) بیـبـا بۆ گـوڵـم
نـایدەم بە(شـەمـاڵ) پێچ و پەنـایە
بۆ خۆم بۆی دەبەم دوو قسەم لە دڵایە!(یان) مویتەلایە[٣١]

٤

دەیگوت خوشکێ بلا بیگەڕێین بزانین کـوێی بریندار کـراوە[٣٢]
باڵیـان هەڵدەهێنا؛ (قـاقـەز)ێکی لێ مـوشـەمما دراوە.
لەوان وابوو مـردووە، ئەوە (قـاسـیـد)ە، جـوابی هێناوە[٣٣]

٥

(یایەزین (قاقەز)ێکی بۆ کاکە مەم نووسی...)

وەرە، تەمەننایە بکەین لە خولای، لە ساحیبی عەرز و ئاسامانێ کاکی من ئاشقە ڕاوە، هەڵکاتە شەماڵێ، لێی دا لە گۆپاڵ بارانێ «سبحەینێ کاکم دەچێتە ڕاوی ئاهوویێ لە دەشتی گەرمیانێ!» کاکە مەم نەخۆشێک بێ کەس بەدەردی نەزانێ.

سبحەینێ چێشتانێ، سوڵتان ژوان و پەیمان بگەیێتە لای دیوانێ[٣٤]

٦

قـوربانت بم (شـەماڵ) وەرە
ئەو (کـاغـەز)ەم لەبۆ بەرە
بیـدە بەدەسـتی دولبـەرە[٣٥]

٧

(فەرەجوڵڵاخان (قاقەز)ی نووسییە...)
حاشا و مادوڵڵا كوڕی من نییە
لە سندووسێی دەكەم خوێڕییە!(٣٦)

٨

(قاقەز) چوو بۆ عێلانە
بێ ڕەشەی ڕەسووڵ ئاغانە
دەگەڵ حەمەدی شینانە
ڕابەریان ئەوڕەحمانە
چۆڵیان كرد، باگردانە!(٣٧)

٩

(ماڵ ماڵ دەڵێتەوە بەناسرییە؛ «قاقەز»ێكی بۆ بنووسە بەدزییە. بڵێ...)

ئەمە كوڕی مەزن و میرزاغای هاتووین، دەبینە نۆكەری وی بەیێكجارەكییە، وڵاتی كوێستانیان لێ بڕیوین، جا لە خولای بەرەژێر، ئەگەر چارە نەكا هیچ هومێدی دی نییە!

(مۆری لە ماڵ ماڵی وەرگرت. مۆری كرد بەیێكجارەكییە!)(٣٨)

## ١/٥/٤/٢- پەخشان

١

(میر هەڵیگرت «قاقەز»ێكی نووسی بۆ میر حەجی...)

براله: بەسەری من براییمی بێ كەیف نەكەی، زۆر ئەمانەتت بێ، پەكی نەخەی لەسەر ماڵی دنیایە. ئەمما كارێكی زۆر گەورە هاتووەتە بەرێ. سوڵتانی ئەستەنبووڵێ دەسەری كردووە بۆ فەرشێكی، سەد كەسم هێناوە، كەس باشاری ناكا، بەكەس ناكرێ. ئەگەر خاتوون پەریخانێ نەنێری، هەرتكمان دەخنكێنن. هەر وەزعێكی دەكەی خاتوون پەریخانێ بنێرە، ئەمما بەخاتری ئەمن زۆر نیگاداشتی براییمی پكە، ئەمانەتی ئەمنە، لەكن تۆم داناوە!(٣٩)



٢

(قەر «قاقەز»ێكی بۆ حەمەد پاشاخانی نووسی...)

حەزێ دەكەم وڵاتی سندووسێش ڕابگا، خاتوونێكی هەیە، بەمنی كەرەم بكا!

(حەمەد پاشاخان بۆی نووسیەوە...)

چلۆن ڕێك دەكەوین؟ ئەو خەڵقی كوێستانێ و ئەمن خەڵقی گەرمێنێ. كچی من لە كوێستانێ بەرێ ناچێ و ئەویش نایێتە گەرمێنێ!(٤٠)

٣

خاتوون چراغانی (قاقەز)ێكی لە برای نووسی، كوتی...

قاییل بێ مێردیی دەكەم، ناقاییل بی مێردی هەردەكەم.

پاشا قاقەزەكەی ماچ كرد، خوێندییەوە. (قاقەز)ێكی بۆ خوشكی نارد، كوتی...

لە منی كەوێ بۆ مێردی بۆ خۆی دیتۆتەوە، ئیزن بدا مارەی بكەم!(٤١)

٤

سوڵتان (قاقەز)ێكی نووسیی بۆ میر سەیفوودین بەگی... ئەسپی بۆرە و مەركەبی سەگڵاو سواربن، وەرنە ئێرە، بەنگۆم هەیە كارە!(٤٢)

٥

پاشا هەڵیگرت؛ (قاقەز)ێكی بۆ میر مەمی نووسی...

ڕۆلە فرزەند! سەبرێكم لێ بگرە هەتتا وەكوو كۆشك و تالارت بۆ دروست دەكەم!

پاشا (قاقەز)ێكی بۆی نووسیی...

ها فرەزەن! ئەمما سەبرێكم لێ بگرە هەتتا حەوت مانگی دی، هەتتا وەكو كۆشك و تالارت بۆ دروست دەكەم.

(قاقەز)ەكەی وەرگرت لە مامۆستای، ماچی كرد، لەسەر خۆی دانا. هەڵیگرت. (قاقەز)ەكەی نارد بۆ دایكی...

دایە! حەوت ساڵە لەژێر خانێ دام، وێستاش دنیای ڕوونم لێ قەدەغە كراوە!(٤٣)

## ٦

شا فەرەجی وردە شاتریی -بەقسەی سەججادی لە ١٩٣٠ز.دا/K باریێ گەنم دەنێرێ بۆ ئاشی سەی خەلیل، لە ئەو گەرمیانەدا بیهارِن. شەوێ بارە گەنم دەدزرێت و خەبەر دەدەن بەشا فەرەج. دەڵێ؛ کەس دزی من نییە تەرخانی نەبێ! مەلا بانگ دەکات، دەڵێ بنووسە بۆ حەمەسەنی ڕەییسی تەرخانی؛ بنووسە:

(حەمەسەن ڕەییسی تەرخانی! تکات لێ ئەکەم دێزە سووری خۆت مەهەسوو لە دێزە ڕەشی من. ئەگەر تۆ درنگەت لێوە بێت، من زرنگم لێوە تێت! سووەی وادەمان پشتی «وارگەدرێژە» بێت. نەیێژی وە نامردی هاتە سەرم، خۆت و لەشکرت حازر بن، یا بارە گەنمەکەم بۆ بنێرەوە. «شا فەرەجی شاتری»).

حەمەسەنیش ئەم وەڵامەی بۆ دەنووسێتەوە:

(سەر باشقەی وردە شاتریی، شا فەرەجی لە ڕەچەڵەکی تەرخانیی؛ نووسیوتە دێزە سووری خۆت لە دێزە ڕەشی من مەهەسوو! برا من گەمەی وا ناکەم، تۆ زرنگەت لێوە تێت، من خشەم لێوە تێت، تۆ هەسوونی، من گوریسم. وەخوام سپاردی. «حەمەسەنی تەرخانی»).

لەگەڵ باریێ گەنما ئەم وەڵامەی بۆ دەنێرێتەوە![٤٤]

### ٦/١- ڕەنگی شێوازێکی عەرەبیی بەکوردییەوە!

بێ گومان پەخشان بنچینەی (پەخشاننامە)یە! وەک باسیش کرابوو، لەلای (چینی هەڵبژاردە)ی کوردان، چەند درەنگانێ هەڵکەوتووە، هێندە ئەوان بەپەخشانی عەرەبیی و فارسییەوە پتر خەریک بوون!

ئەز لە ئێرەدا زۆریان لێ ناکۆڵمەوە، بەتایبەتی کە وێنەیان لە (بەشی نامەی بیانی زمان)دا هەیە، بەڵام -وەکو وێنەی پەخشاننامەی زمان بیانی زۆر دێرینم دەستگیر نەبووە- پێ ویستی دەبینم ببێژم، شێوەی پەخشاننامەی کۆنی عەرەبیی لە نێوان سەدەکانی ١٥-١٧ز.دا، لە هەر بەرهەمێکی وەک (ڕیسالە، کیتاب/ نامە)دا بەئەم وێنەیە بووە: نووسەرەکەی بەنێوی خودا و پاڕاندنەوە و پەسن و ستایشیی گەورەیی، هەروەها بەخۆشەویستی و ستایشی پەیامبەر و یارانی و خۆشەویستانی، دەستی پێ کردووە. ئەوجا هاتووەتە سەر خۆ بەنزم ڕاگرتن و پاڕاندنەوە و داخوازی بەخشین و یارمەتیی. ئەوجا چووەتە نێو مەبەستەوە. بۆ کۆتاییش دیسان سڵاو و پاڕاندنەوەی گێڕاوەتەوە. ئەمەش بۆ خۆی شێوازێکی کۆن و دوور و درێژ، پڕ لە گوتە ڕازاندنەوە و نرخ گرتنی وشەیە!

هەڵبەت کوردان -چینی هەڵبژاردەی- ئەم شێوەیەی بەکاربردووە کە تەنانەت درەنگانێ لە نەزم و بەیتیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

بۆ وێنەی ئەو شێوە پەخشاننامە کۆنە، مەئموون بێگە بەگ، دانراوە مێژووییەکەی خۆی -کتێبەکەی- لە س ١٥٧٥ز.دا بەزمانی تورکیی و پاڕاندنەوەیێکی عەرەبیی، تورکیی ئەوهە دەست پێ کردووە:

بسم الله الرحمن الرحيم

الشكر والمنة لخلاق الاكوان، رزاق الانس والجان، جل جلاله وعَّم نواله، الذي ميّزَ بالنطقِ النوع الانساني من سائر الاجناس والانواع المخلوقة، وزين وجود، المستلزم السجود بخلعة (لقد خلقنا الانسان في احسن تقويم) والصلوات الفائضه على الحّد والقياس على رسول، سدرة المنتهي مأواه، مقبول لدى اكرم اله، أعني به سيدنا محمد المصطفى عليه أفضل التحيات والثناء الذي سار بّبراق ميمون يُضاهي البَرق، ورفرف يحاكي الهّما، فعبَّر (قاب قوسين)، واقتربُ مِنْ مقام الاعزاز، وتشرّف بمفخرة (انك لعلى خُلقٍ عظيم)، ونال مرتبة مَأْمَنَ الاسرار، وسلام الله على آله واصحابه وخلفائه الاربعة، الراشدين السُعّداء، وجميع أنصاره واحبائه الذين جاء منهم: «أصحابي كالنجوم بأيُّهم إقتديتم) وكانوا نجوم الهُدى ورجوما للعدى، عليهم وعلى أتباعهم رضوان الله تعالى الى يوم الدين.

وحين كان هذا العبد، مأمون بيگه بك عادلاني، رزقه الله سعادة الدارين بِمُحمّد سيِّد الكونين في سنجق حلة أيام تشريف شاهنشاه العالم، ملك ملوك الزمان، أعَدل سلاطين الاوان، أكملُ الخواّقين الفاتحين للأقاليم، المتوكَّل على الله المنان، السلطان ابن السلطان صاحبقران، مرادخان الثالث عرش السلطة إهتبل هذا العبد الحقير فُرصة لثم الاعتاب السنية وهو يعّرف نفسه اليه قائلاً... هتد)[٤٥]

شەرەفخانی بدلیسییش لە (شەرەفخانە؛ س ١٥٩٧ز-١٥٩٨ز)دا بەپەخشان و هەڵبەستی فارسییەوە، شێوەیێکی کۆنی ئەوتۆی پتر بەکار بردووە! وێڕای هێندێ گۆڕینی چێژە فارسییەکەی بۆ کوردیی، ڕەنگی شێوەکەی ئەمەیە:

## بەنێوی خودای دەهند و دلۆڤانەوە

سەرەتای وتارم بەسوپاسی ئەو خوایە دەست پێ دەکا کە پەسندی ئەو لە دڵی رووناکەوە وەک رۆژی بەتیریژ زەوی و عاسمان دەتەنێتەوە، ئەو خاوەند شکۆیەی کە هەموو پایەبەرز و سەربڵندێک لەسەر ژێر رێشمەی دەرگانەی ئەودا بەلارە ملیی و سەرکزیی سەردەنێتەوە.

شیرینکارێکە؛ دەفرێکی گڵینی بۆ داڵدە و پەسیوی گیانی ئادەم لە قوڕ و لیتە هەڵخستووەتەوە و بەتینی تیشکی بەزەیی خۆی وشکی کردووەتەوە و بەچاوپێداخشاندنێک وەهای مشت و ماڵ داوە و ئەوەندەی ڕێز لێ ناوە کە شیاوی کۆڕی بارەگای پڕ شکۆی خۆی بێ و لە بەرەوژووتر لە نۆ پلەی تەختی یەزدانییدا، جێگەی بۆ کردەوە و بەشانازییەوە ڕای ناوە!

دەست ڕەنگینێکە؛ لە خاکی ڕەشی نمناک سکەییێکی وەهای داڕشتووە کە بەهەزاران هەزار بەبار و بەخەڵوار مرواریی و گەوهەر لە بازاڕی دوڕناساندا بەقولەقاپەی ڕاناگەن و دەسکی لەدوو ناکەن.

باڵا دەستێکە؛ ئەو پاشا و خان و بەگلەر و سەردار و سەروەرانەی کە بەلووت بەرزیی و فیز و شانازییەوە لەسەر ژێردەستان خۆ ڕادەنێن و تیز بەم و بەو دەکەن. لە بەرانبەر هێز و دەسەلاتی ئەودا ڕووت و نابووت و کەساس و بێ ئەنوان... ئەو گەداو بێ نەوایانەی کە چاوی چاکەیان لە دەستی بەخشندەی خودای تاکە و دەستی نیازیان تەنیا بەرەو بارەگای شکۆداری ئەو بەرز دەکەنەوە و بەس و لەو پێوە کاریان بەکەس نەماوە... ئەگەرچی بەڕووالەت و لە دیمەندا بێ پایە و مایە و بێ سەروەر و بەرەو شپرزە و پەرێشانن، بەلام لە ڕاستییدا پاشای سەربەرز و دڵخۆش هەر ئەوانن!

هەر خۆیەتی هێندێکان بۆ ماوەییێک بەرز دەکاتەوە و بەسەر کۆمەڵێکیاندا زاڵ دەکا و بۆ ئەزموون و بەڵگە لێ دەرخستن پەتیان بۆ شل دەکات و سەردەمێک خۆیان لێ دەبوێرێ و لە ئەنجام و ئاکامدا پێمێردی گیان کێشانیان بۆ دەنێرێ و لە کۆڕی ژیانیان وەدەردەنێ و گۆڕی جیهانیان لێ هەڵدەوژێرێ و بەگۆڕی تەنگەبەر و گۆڕیچەی سەنکەسەر و تاریکیان دەسپێرێ و لە ڕۆژی پرسینەوەدا پاک و پووکیان لێک هەڵداوێرێ و لەبەر دەمی دادگای بەرزی خۆیدا بێ ڕوودەراویسی و بێ کەمایەسی چاکە و خراپەکانیان بۆ دەژمێرێ، ساخ و پتەویان دەکاتە نەمامی بەهەشت و دەغەڵ و گەندەڵیان بەبەرکڵێ دۆزەخەوە هەڵدەپەسێرێ.



کارنەخشینێکە؛ هەر لە تاکە جووتێکی نێر و مێوە گەلێک تیرە و هۆزی جۆربەجۆر و سپیی و سۆر و زەرد و بۆر و ڕەش و گەندمی لە بنەچەکە و ڕەگەزی ئادەمی هەڵخستووەتەوە... بۆ ئەوە کە خۆی و خۆیان بناسن... هەر کەسە بەپێی پێداویستی ژیان فێری شتێک کراوە و چەشنە زانستێکی وەپاڵ نراوە و ئەرکی فەرمانێکی شایانی پێ سپێردراوە تا کاروباری ژیان لە هەموو سەرێکە و ڕێک بێتەوە و بەند و شیرازەی ژیاننامەی مرۆڤایەتیی لەبەریێک هەڵنەوەشێ و لێک نەبێتەوە و ئەم دامودەزگا گەورە و گرانە و ئەو خانەدانە پڕ خێران و ئاوەدانە ئاورگی پڕ بەڕەنگی دانەمرکایەوە.

دڵ و دەروونی کیژ و کوڕی لە تین و گڕی ئەوین پڕ کردووە و بەتیشکی تاسەی پێکگەیینی داگیرسانەوە؛ دەردی ژانی لە ژن بەهەزار ڕەنگی دڵڕفێن ڕەنگاندووە و شەکەتی ماندووبوونی بێ براندنەوەی بەپیاو سەلماندووە... هەر بۆیێکا پیت و بڵێسەی کووانووی ئەم ژیانە لەسەر ڕووی ئەم ئەم جیهانەدا هەر بگەشێتەوە و هەرگیز نەکوژێتەوە.

شیعر:

هەر لە خۆت جووانە گەورەیی کردن
گەردن کەچی تۆن: ژیان و مردن
نەویی کردن و بەرزیی لە تۆیە
ژیان لە تۆیە بەتان و پۆیە

## پەسنی پەیامبەر

دروود و ئافەرینێک کە هەرگیز لە بنە نەیە و سەروبنی دیار نەبێ بۆ دیداری پاکی ئەو پەیامبەرە دیاریی بێ کە فەرموویەتی: پەیامبەر بووم و هێشتا بابە ئادەم لەنێو ئاو و لیتەدا دەتلایەوە.

ئەو پەیامبەرەی کە خودای بانی سەر دوواندوویە و دەربارەی ئەو گوتوویە: تۆمان هەر بۆیە نارد و ئەسپاردەمان بەتۆ ئەسپارد کە ببیە مایەی سەروەریی و بەختەوەریی و نموونەی دادگەریی بۆ هەموو ئافەریدەییێک!

پەیامبەرێ کە بەمیوانیی بۆ سەرخوانی دیوەخانی یەزدانی مەزن لە سەرووی نۆ نهێمیی ئاسمانان بان کرا... بەدرێژایی ڕێبازی بۆ بەخێرهێنان و پێشوازیی هەر نۆ گومبەزی تەرز و بەرزی بۆ ڕازایەوە و چراخان کرا... فریشتەکەی بەهەشتەکەی خودا کە بوراقی نێونراوە و دیمەنی ئەسپی باڵداری پێ دراوە بۆ گەشتی دەشت و چۆڵی بێ تۆز و خاک و خۆڵی بەرەو

خێوەتی شین بەزین کراوی لەسەر زەوین ئامادە کراو فەرمانی بزووتنی پێ درا. چاپووک سواری نازدار بەتەیاری و چەلەنگی مامزە و ئاوزەنگی لێ بزاوت و بەحاستەم تەڕادی هەنگاوت. ئەسپی باڵداری خۆش ڕەوقی وەخۆکەوت و لە بای شەماڵ ڕەوانتر و زۆر لە خەیاڵ تیژتر باڵتر نێوانی دەپێوان و بەخۆشبەزی و گوڕ و تاوی تەوس و پلاری دەهەڕەتی چاو دەگرت. چوار ناڵەی گاڵەیێکی وای دەکرد: ڕێی لە گەڕان مانگ و خۆر دەبڕیەوە و بەپەلکەی باڵ و بژان دەنکە فرمێسکی قەتیس ماوی لە چاوی ئەستێران دەسڕیەوە.

ئەوەندە چالاک و بەکاربوو کە جوابڕایلی جڵەودار دەگەڵی دەرنەبرد و سەرەوەدەری دەرنەکرد و بینی تەنگ و پشووی سوار ببوو، لە نیوەی ڕێگەدا بەجێما و لە سوێی ئەو نیوە و نیوە چڵیە هەر ئاخ و داخی پێ ما.

شیعر:

لە شەوڕۆیی خۆشت کە جبریل بەجێما
ورەی بیری پێشەوە بڕەی تۆ بەکێ ما ؟
هتد...(٤٦)

ئەم شێوە ئەدەبییە تاڕادەیێ و لە (بەیتی ئەووەڵ و ئاخیر – تذکرە العوام)ی مەلا محەممەد ئیبنولحاجدا پەیڕەوکراوە کە دەڵێ.

بسم الله الرحمن الرحیم
یارەب تۆیی ساحێب هودا
وەقتێ دەبین فیتنە بەدای
حیقرن بکەی (یاذا الندا)
بەئیسمی تۆ بیدایەتێ
بیدایەتم بەئیسمی تۆ
لە زیکری فیتنەی خەلقی تۆ...
هتد(٤٧)

لە ئەمەش پتر لە ئەدەبی سەرزارییشدا – تاڕادەیێ– ئەو شێوازە بەکار براوە. بۆ وێنە عەلیی بەردەشانیی لە (بەیتی ئەوڕەحمان پاشای بابان)دا ئەوهەی دەست پێ دەکردووە تا چووەتە باسەکەوە:



خالەق! هەر ئەتۆی قادر
ڕەببی! هەر ئەتۆی قادر
چەند باقی و چەند نادر
تۆی عەرز و ئاسمان ڕاگر
هەشتێ هەزار عالەمە، بێ شکە وەڵڵاە زیاتر
ئەمنیش یێکم لەوان عالەمان، خۆ دەگرم لە هەمووان کەمتر.
سەجدەی شوکرێم لەسەربوو، نەتخولڤاندم بەکافر
لا اله الا الله! سەد هەزار جار شوکر
تۆی باتین و تۆی زاهیر
چەند باران و چەند بەفر
چەند ڕووبار و چەند بەحر
چەند ئاسمان و چەند هەور
چەند بەهەشت و چەند ئاوور
چەند قۆشەن و چەند لەشکر
چی توو پێت ببێ ئەمر
نەشبیتن دەیکەی حازر
حازر دەکەی بەڕەوانی
ڕەببی هەر تۆ تەن سوبحانی
خالقی کوللی شەیئانی
مالیکی بەحر و بەڕیانی
عەلیم و خەبیری هەمووانی
تەوفیق دەری، موستەعانی
ئەزم (عەلیی بەردەشانیی)
دەبەندێم نەکەی زبانی
بەیتی دەڵێم بەدیوانی
مەدحی پاشای کوردستانی
مەدحی پاشای کامیان باشە
شایەد ڕۆم و قزڵباشە

هەر جارێ شیری دەکێشا
هەمووی دەهاتنە تەماشا
عالەم ئاڵایە چاوەشە
مەردە عەبدوررەحمان پاشا...
هتد[٤٨]

وێڕای ئەو وێنانە، وردبوونەوە دڵنیام دەکات کە ئەو شێوە کۆنە لە سەدەی هەژدەدا و لەلای ئەو چینە هەڵبژاردەیەوە باوی هاتووەتە کزیی.

نامەکانی (شێخ مەعرووفی نۆدێیی بەرزنجی) ئێرە بەڵگەیە. هەروەها کۆمەڵێ نامەی (خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی) کە ئەمە وێنەییێکە و بۆ شێخ مەحموود ساحیبی برای نووسیوە:

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدالله رب العالمین والصلوة والسلام علی سید المرسلین وعلی آله اصحابه أجمعین. أما بعد، فقد ورد مرسومکم الناطق بانه وقع الخلاف بین السادات الموجودین عندکم في أن ارواح الانبیاء الکرام علیهم الصلوة والسلام این تکون في البرزخ، هل هي حالة في أجسادها المکرمة کما کانت في الدنیا ام في اعلی عِلین أم غیر ذلك... هتد[٤٩]

ئەز باوەڕ دەکەم -بەڵگەی لە ئەو جۆرەش زۆرە و لە ئێرەدا وێنەی دی دەبیندرێت- کە ئەم شێوەیە درێژەی کێشاوە و بەرە بەرە دەستی لێ بەردراوە. بەڵام شێوە کۆنەکە هەر ڕیشەی لەلای ئەم زانا و ئەوی دی هەر ماوە. بۆ ڕاستیش قازی پێنجوین مەلا محەمەد خواهەرزاد[٥٠] لە ساڵی ١٩١٤ز.دا وەکو کەسێکی یێکەم «٢٠» جلد تەفسیری (قرآن)ی پیرۆزی کردووە بەکوردی[٥١] و نێوی لێ ناوە (تذکار ایمان بو کوملی کوردان/ تیزکار ئیمان بۆ کۆمەڵی کوردان) و ئەو سەرتا و نێوەند و کۆتاییە کۆنەی بەکار بردووە.

لە پێشەکییدا نووسیویەتی:

بسم الله الرحمن الرحیم

حەمد و سەنا و ستایش و ئافەرین و چاکە لە حەققاوتن، هەر لە ئەزەل تا ئەبەد، هەر لایێق و شایستەیە بۆ زاتی بێ نیازی خواییێکی تاک و تەنها و بێ شەریک و توانا و مورید و موختار و حەکیم، دروست کونەندەی ئاسمانان و زەمین و سائیری عالەمی خوار و ژوورێکی وا ناردوویەتی[ قرآن] بۆ لای عەبدی خۆی کە محەمەد ولمستەفای موختارە



(سەللە اللە وعەلیهی وەسەللەم» لەبەر ئەمە ببێ [ قرآن]وە یا محەمەد ولمستەفا «سەللە اللە و عەلیهی وەسەللەم» لە بۆ عوموومی عالەم، بۆ فیرقەی ئیمانداران و بڕوا کونەندان بەموژەد دەرە بەڕەحمەت، وە لە بۆ کافران و بێ بڕوایان بەترسێنەر!)

نووسەر ئەوجا هاتووەتە سەر ستاییشی پەیامبەر و نووسیویەتی: (ئەی خودایێ کە تۆی «واجیبولوجوود» و ڕێژندەی وجوود و ڕەحمەتی، وە ئەی کەسێ کە غایەتی هەرچی مەقسوود و مەرامی، بڕێژە ڕەحمەتێ کە بەرابەریی بکا بەگەورەیی گەورە و ڕەئیس و سەرداری ئێمە کە محەمەد ولمستەفایە کوڕی عەبداللەی کوڕی عەبدولموتتەلیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدولمەناف، لە ئەولادی گەورانی قورەیشیە، وە لە ئەولادی ئیبراهیم خەلیلواللەیە و بەڕاستی ڕەوانەت کردووەتە سەر هەموو بەنی ئادەم و جیننیی. بڕێژی ئەو ڕەحمەتی خۆتە بەسەر ئەو وە بەسەر کەسانێکا کە باوەڕیان پێ بووە و یاریدەیان داوە و لە ئەمر و فەرمانی تۆ و ڕەسوولی تۆ دەرنەچوون، وە لەسەر تابیعین و عولەمای دین و موئمینانی سالحین بێ تا ڕۆژی دین، ئامین یا ڕەببەلعالمین!).

ئەوجا هاتووەتە سەر مەبەستی و نووسیویەتی: (بزانن! گەورەترین هەموو عیلم لە جیهەتی قەدر و شەرەف و ڕۆشناییەوە؛ عیلمی تەفسیری [قران]ە کە ڕەئیسی هەموو عولووم و زانینی ئومووراتی دینە و ئەساس و سیڕڕی هەموو حیکمەت و یەقینە، وەبینای قەواعیدی هەموو شەریعەتی موبینە، وەلائیق نییە هیچ کەسێ تەعەڕڕوز بەمەعنای [قران] بکا و قسەی تێدا بکا مەگەر کەسێ تەفەووقی عیلمی ببێ بەسەر هەرچی ئوسووڵ و فرووعی دینی ئیسلامە. وە ئەمما ئەم بەندەی کە نموونەی بێ چارەی کەم عیلمییە؛ کە مەعلوومە بە محەممەدی خوا هەرزادی پێنجووینیی و جورئەتی کردە سەر ئەم کێوە عەزیمە کە تەفسیری [قران]ی کەریمە بەزبانی کوردی، لەبەر ئەمە بوو کە چاوم پێ کەوت تەفسیری [قران]ی کەریم هەروەکو بەعەرەبیی تەفسیر کراوە، بەفارسیی و تورکیی و هیندیی و سائیری زبانی جیاجیایش کراوە، وە بەزبانی کوردیی نەبوو، دڵم مەیلی چووە سەر تەفسیرکردنی بەزبانی کوردیی تا قەومی کوردانیش ڕەسم و ناوێکیان ببێ و هەر کەسێکیان جوزئێ سەوداییەکیان هەیە لە عولوومی دینی ئیسلامی بێ خەبەر نەبن و سستییەک بەواسیتەی ئیختیلاتیان بەکوففارەوە لە دڵیانا حاسڵ بووە، زایل ببێ وە بێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست و دینی ئیسلام -بیحە ولیخالیقو عەللام- وە ناوم نا بە«تیزکاری ئیمان بۆ کۆمەڵی کوردان!»).

نووسەر لە کۆتاییدا، تکا و پاڕاندنەوەی خۆی نواندووە و نووسیویەتی: (یاڕەببی

ئەگەرچی ئەم بەندە موحەققەرە پڕ جەهل و بێ عیلم و دانشە، لایێق و شاییستە نییە بەم بەیانە خۆشە، تەوفیقم بدەی لەسەر کردنی ئەم تەفسیرە موبینە خۆشە وە لە قیامەتا بۆم بکە بەتۆشە، وە زبان و دڵم مەحفووز بکەی لە هەر سەهو و نسیان و نەزانین و هەر گوفتارێ بێ فائیدە و بۆشە! یارەببی ئەوا من کە ئەدنا بەندەی حەزرەتی تۆم لەسەر تەلەبی تەوفیق لە حەزرەتی موقەددەسی تۆ دەستی پێ ئەکەم وە ئەتۆیش بەڕەحمەت و بەخشاییش و نیعمەت و کەرەم و تەوفیقی خۆت، تەوفیقم بدەی، وە لە ناو عولەمانا خەجاڵەت و مەهجوورم نەکەی. ئامین یا ڕەببەلعالەمین!).

بەکورتیی ئەم شێوە کۆنە، لە دوای یێکەم جەنگی گێتییەوە ون بووە و -وێڕای بەکاربردنی نامەی فارسیی و تورکیی زمانیش- لە نامەکاریی کوردییدا بەتەنێ لە هێندێ نامەدا (باسم الله) یان ژمارە «٩٠٠» دانراوە کە لەبریی بێکن.

جێگەی باسە، زۆر زۆر بەدەگمەن لە نامە بیانی زمان و کوردییەکانی نامەنووسەکانی ڕابردوودا (مێژوو)ی نامەکە نووسراوە کە پێم و ئەوە مایەی باوەڕ نەکردنە بەمێژوو (!!) هەر بۆیێکا (سەیید ڕەشید)ی نامەنووسی توانا، توانجی لە (تەئریخ/ مێژوو) داوە و بە(تا - ڕیخ)ی لە قەڵەم داوە!!

## ١/٧- پڕیشکێکی سەرەتای نامەی کوردی!

ئەگەر وێنەکانی (پەخشان)ی کوردیی سەرەتا و ئاماژە بۆ کرا و، سنووری مێژووی هەڵکەوتنی ئەو چڵەی ئەدەبەکەمان لە چوارچێوەی دوو سەد ساڵێکدا نیشان بدەن، ئەوە چاوەنۆڕ دەکرێت کە مێژووی هەڵکەوتنی (نامە/ پەخشاننامە)ی نووسراویش بگەڕێتەوە بۆ ئەو سنوورە و دواتر.

ئەز چەند کرد و کۆشم نواند، مخابن لە گەنجینەی کتێبخانەیێکدا، لە سنگی کتێبێکدا، لە بوخچەی تاقی ماڵێکدا؛ (نامەیێگ)ی نزیکی ئەو سنوورەم دەستگیر نەکردووە و نەدیتووە. بەپێچەوانەشەوە سەدان نامەی زمان بیانییم لێ هەڵکەوتووە! وێڕا، خۆش بەختییە کە کردەوەیێکی لێ کۆڵ؛ محەمەد عەلیی قەرەداخیی، لە پاڵ نواندنی چەند وێنە (شیعر)ێکی مەولەویی شاعیری بەنێوبانگ، (دوو کەرتە نامە)ی پەراوێزی شیعرەکان و (دوو دێڕ)ە پەخشانی دی ئاشنا کردووە.

مەولەوی شاعیری سەدەی هەژدە -قەرەداخی گوتەنیی- لە وەڵامی ئەحمەد بەگی کۆماسیی شاعیردا، بەشێوەزاری کورمانجیی باشوور و بێچوەزاری هۆزی (تاوەگۆزیی)



خۆیەوە، ئەوهە ئەو (کەرتە نامانە و دێڕانە)ی نواندووە:(٥٢)

١- تاقەت خۆ نابێ! خالۆ، فەرمموودە بوند (کاغەز) بنووسمە پەنجە، یان لە گرەوە نزدیک ترە!! ئەرێ خاک وەسەرم بەو خاس نزدیکە!! لە گرەتا پەنجە، ڕۆژە ڕێگە ئەست. نازانم چ بنووسم؟ دەردم دووبارە بووگەسەوە، یاخوا خۆم لە (کاغەز) زووتر بڕۆمەوە.

ئاخ! (ن)/ تەواو(٥٣)

٢- بەخودا ئەگەر ئینساف بوێ، بەشەکەی قیامەتیچت بەسە، بەشەرتێ لەگەڵ (زەهاویی) وەییێکۆە بخوێنن! کاکە بەمەرگی تۆ جارێ تر کەس ناوێژێ! (ت)/ تەواو.(٥٤)

٣- ئاخ خۆم لە کوێم بۆت بخوێنم!/تەواو(٥٥)

٤- قافڵەی بەهارییە، ها خاسی بخوێنە! هەی داد!!/تەواو(٥٦)

ئەم (دوو نامە) نووسراوەی مەولەویی، نرخە گرانەکەیان لە ئەوەدایە لەلاییێکەوە؛ توانای کوردیی نووسین -با ڕێنووسی عەرەبیی بەکاربرابێ- هەبووە، بەڵام باوی نەبووە و کەمتەرخەمییەکەش لە ئەستۆی (چینی هەڵبژاردە)دا بووە. لە لاییێکی دییەوە ڕاستییەک ساغ دەکەنەوە -وەکو عەقیدە نامەکەی خالید نەقشبەندیی و مەولەوودنامەکەی شێخ حسێنی قازیی- کە لە سەردەمی میری بابان؛ ئەوڕەحمان پاشاوە، بزاڤی ئەدەبیاتی کوردیی ڕووی لە پێشکەوتن کردووە، تەنانەت وەک خۆم دیتوومە، هاوتای (عەقیدەنامە)ی ئاماژە بۆ کراو، لە کوردستانی خۆرهەڵاتیشدا هەڵکەوتووە و ڕێگەیشی تێ دەچێ، وێنەی هاوتای ئەو نامانەی مەولەویش لە ئەوێدا هەڵکەوتبن کە مخابن سەرچاوەیێ چاوانی ڕوون نەکردوومەتەوە!

دەی لە ئێرە بەدواوە تا هەڵکەوتنی یێکەم ڕۆژنامە (کوردستان - س ١٨٩٨ز) وەک پتر باس دەگێڕمەوە- نامەنووسین و نامەکاریی کوردی بەشێوازی کورمانجیی باکوور دیار و بڵاوە. لە دوای ئەم ڕۆژنامەیەشەوە -وەک پتر لە نامەکاندا و لە جێگەی خۆیدا ساخم کردووەتەوە- لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨ز-١٩٣٧ز.دا کوردێکی موکریان (سەیید ڕەشید) کۆمەڵی نامەی گرانبەهای نووسیوە!

هەرچۆنێ بێ؛ ئەگەر بڵێین نامەکانی مەولەویی پڕیشکی سەرەتایێکە بۆ نامە نووسینی کوردی، ئەوە سەرەتای پتەو لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ەوە دەست پێ دەکات کە بێ گومان ئەو سەرەتایە کوتوپڕ نییە، بەڵکو ئەنجامی گۆڕینێکی دیاری مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیری ڕوو لە پێشکەوتنە!

**٨/١- کورد و نیو سەدەی بیست؛**

**١/٨/١- سەرنجێکی سیاسیی و ڕۆشنبیریی**

**١/١/٨/١- ١٨٥١ز-١٩١٤ز.**

دوا میرنشینی کورد -میرنشینی بابان- لە ساڵی ١٨٤٩ز. دا بەپیلانی بێ وچان و زۆردارانەی ڕۆم و عەجەم ڕما. ئیدی سوپا و (قائیمقام)ێکی تورکی عوسمانیی (ئیسماعیل پاشا) جێگەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆماڵیی کوردیان گرتەوە. هەروەها بەپیلانی هەمان دوژمنان، شۆڕشی ڕستگاری و یێکخستنەوەی کورد و کوردستانی ژێر دەسەتەیان؛ (شۆڕشی شەمدینان؛ ١٨٨٠ز - ١٨٨٢ز) مەشخەڵی دامرکایەوە.

بەئەو پێیە سێ بەشی کوردستان کەوتە ژێر باری گرانی عوسمانی و بەشێکی ژێر باری قاجاری ئێران. ئیدی گەل و نیشتمانی کوردان بەڕاستی کەوتنە قۆناغی ژینی ژێردەستەیی و دووچاری توندوتیژی مەزەبی، نەتەوەیی، سیاسیی، ئابووریی، ڕۆشنبیریی، کۆمەڵیی بوون کە بەڵگەی نووسراو گەلێ جەخت بۆ ڕاستی دەکەن!

لە ئەو تەنگانە نەتەوەییەدا، هەڵبەت کوردپەروەرە دەسەڵاتدارەکان، ئایینناسە ڕاستەکان، ڕۆشنبیرەکان، بەتایبەتی لە کوردستانی ژێر باری عوسمانیدا سرەوتیان نەداوە و ڕێگەی دییان گرتووەتە بەر بۆ پاراستنی شوناسنامەی نەتەوەیی و بەرهەڵستی تاوانەکانی دوژمنان و لە سەرکردنەوەی مافەکانی کورد؛ یێکێ لە ئەو ڕێگە ناسکانە، ڕێگەی سیاسەت بووە، چ بەنهێنیی چ بەئاشکرا!

وێنەیێکی سەرەتا و دیاری ئەم ڕێبازە ئەوەیە؛ کاتێ لە مانگی مایسی ١٨٨٩ز.دا چوار خوێندکاری مەکتەب -کۆلێج-ی پزیشکیی سەربازانە؛ کۆمەڵێک -پارت-ی سیاسیی ئازادیخوازیان لە ئەستەنبووڵی پێتەختدا بەنهێنی دامەزراند کە دواتر ناسرا بە؛ (کۆمەڵی یێکگرتن و پێشکەوتنی عوسمانیی/ ئیتتیحاد و تەرەققی عوسمانی جەمعیەتی)، لە نێوانیاندا دووی کوردیان؛ ئیسحاق سکوتی، عەبدللە جەوددەت (دکتۆر)ی خەڵکانی دیاربەکر و عەرەبگیربوون!(٥٧). مەبەستی هەرە گەورەی ئەم پارتەش؛ کارکەنارکردنی -بەنێو- خەلیفەی موسڵمانان؛ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٤ز.-١٩٠٨ز) و بووژاندنەوە و باوکردنی ژینی دەستتووریی بوو. خراپە و نالەباری ئەو سوڵتانەش بەرامبەر بەگەلی کورد، باسی دوور و درێژی هەیە!(٥٨)

ئەو کۆمەڵە -ئەگەر عوسمانیانەش بیری کردبێتەوە و چالاکیی نواندبێت- کەم و زۆر



کاری لە ژینی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی ژێر دەستە کردووە! ئەوەتە: (دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی شەمدینان، تێگەیشتووەکان؛ نەوەی میرزادەکان، خانەدانەکان کارکردنی سیاسیانەی نهێنیان لەگەڵ هەبووە. بۆ وێنە - ئەگەر لە ڕیزی ئەندامەکانی کۆمەڵەکەشدا نەبووبێ!- میقداد مەدحەت بەدرخان کە زۆر ڕوون نییە لە کەنگێوە دەستی داوەتە کاری سیاسیی و نهێنیانە و لە زستانی ١٨٩٧ز.دا لە بۆتانەوە چووە بۆ میسر و ڕۆژنامەی (کوردستان - س ١٨٩٨ز)ی تێدا دەرکردووە، هاریکاریی کۆمەڵەی نێوبراوی کردووە و لایێنگرەکانی یارمەتی ئەویان پێ براوە.(٥٩) هەروەها هەر ئەو -وەک وێنەیێکی دی هاریکاریی- لە کۆنگرەی ئازادەکانی عوسمانییدا؛ (٤-٩/٣/١٩٠٢ز. پاریس) بەشداربووە.(٦٠)

لە لایێکی دییەوە، هێندێ ناسراوی دی کورد - هەر لە سەردەمی سوڵتانی نێوبراودا - بەئاشکرا کرد و کۆشیان نواندووە، بەشکو چاکەیێ بەرامبەر خەڵکی کوردستان بنوێنن. بۆ وێنە، یێکەم پارتێکی سیاسی ئاشکرا؛ (کوردستان عەزمی قەومی جەمعییەتی - س ١٩٠٠ز) لە لایێن فیکری ئەفەندیی ئامەدییەوە دامەزراوە و یێکێ لە ئەندامە ناسراوەکانیشی کوردییزادە ئەحمەد ڕامز بووە!(٦١)

کۆمەڵی یێکگرتن و پێشکەوتنی عوسمانیی، لە ١٠ی تەمووزی ٢٣/١٣٢٤ تەمووزی ١٩٠٨ز.دا، توانیی شۆڕشێکی سپیی بکات و دەسەڵات بگرێتە ئەستۆ و ئەم ڕووداوە گرنگە کە ناسراوە بە(مەشرووتییەت) لە پێناوی ئامانجەکانی ژیاندنەوەی ژینی دەستووری و کارکەنارکردنی سوڵتاندا، بەتایبەتیش بەدروشمەکانی؛ ئازادی، دادپەروەریی، یێکسانیی، هەموو نەتەوەکانی ژێر باری دەوڵەتی عوسمانیی -کوردیش یێکی بوو لە ڕیزدا- لە خۆی گرد کردەوە!

لە ئەم هەڵە هەڵکەوتووەدا، کوردان بەچەند جۆرێ خۆیان نواندووە، هەبووە وەک لایێنگری ئەو کۆمەڵەیە هاتووەتە پێشەوە. بۆ وێنە، کۆمەڵەی نێوبراو کە گەلێ لقی لە سەرانسەری وڵاتی عوسمانییدا کردووە؛ (لقی سلێمانیی، ١١ تەمووز ٢٤/١٣٢٤ تەمووز ١٩٠٨ز) لە کۆمەڵێ بازرگان و ڕۆشنبیر و ئەفسەر پێک هێناوە!(٦٢)

هەشبووە ڕۆژنامەیێکی دەرکردووە، وەک ئەحمەد شەریف هەرسکلی و بەدری مەلاتیی کە بەتورکیی ڕۆژنامەی (شەرق و کوردستان -٢٥ شەووال ١٣٢٦ک/... تشرینی دووەم ١٩٠٨ز)یان دەرکردووە!(٦٣)

وێڕای ئەوانە، خەڵکانی ژیر و نەتەوەپەروەری ئەوتۆش هەبوون کە بەکۆمەڵ و لە چوارچێوەی هاریکاریی سیاسیی لەگەڵ (کۆمەڵی یێکگرتن و پێشکەوتنی عوسمانیی) و بەمەبەستی هەڵساندنەوەی نەتەوەیی کورد و سەرخستن و دەستگیرکردنی مافەکانی، کۆمەڵی کوردیی سەربەستیان دامەزراندووە. دیارترینیشیان؛ (کۆمەڵی هاریکاری و پێشکەوتنی کورد/ کورد تەعاون و تەرەققی جەمعیەتی ١٩٠٨/٩/١٩ز. ئەستەنبووڵ)ە بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری شەمدینی و گەلێ ڕۆشنبیر و نێوداری کورد وەکو سلێمانییەلی تۆفیق/ پیرەمێرد.[٦٤]

ئەم کۆمەڵە لە لاییێکەوە ڕۆژنامەییێکی تورکیی - کوردیی (ڕۆژنامەی هاریکاری و پێشکەوتنی کورد/ کورد تەعاون و تەرەققی غەزەتەسی؛ ژ:١، ٢٢ تەشرین دووەم ١٣٢٤ر (١٩٠٨/١١/٩ز) ئەستەنبووڵ - ژ:٩، ١٩٠٩/١/١٧ز) بەشێوەزاری کورمانجیی باکوور و باشوورەوە، هەروەها گۆڤاری (کوردستان - س ١٩٠٨ز. ئەستەنبووڵ)[٦٥] و یێکەم قوتابخانەی کوردیی بۆ زارۆکان لە ئەستەنبووڵدا دەرچوواند و کردەوە![٦٦] لە ئەوەش پتر لە ئەستەنبووڵ و چەند باژێڕی کوردستاندا؛ دیاربەکر، بدلیس، مووش، ئەرزرووم... هتد، لقی کردەوە![٦٧]. هەروەها کۆمەڵەکە لە پاڵ خۆیدا ڕێکخراوێکی دی بەنێوی (کۆمەڵی کورد بۆ بڵاوکردنەوەی زانستیی/ کورد نەشری مەعاریف جەمعییەتی؛ س ١٩٠٨ز. ئەستەنبووڵ)ی دامەزراند کە قوتابخانەکە بەری ئەو کۆمەڵەیە بوو![٦٨] ئەم کۆمەڵ و ڕۆژنامە و گۆڤارانە و قوتابخانەکە هەموو بەر شاڵاوی یاخیی بوونە سەربازییەکە - ناسراو بەڕۆم ئیلی: ٣١ مارت ١٢٣٥ر/١٣ نیسان ١٩٠٩ز-ی کەوتن و سەرۆک و ئەندامان و لایێنگرەکانی و پیاوە ناسراوەکانی کورد بەر ڕەشبگیریی کەوتن و زیندانی کران کە یێکێکیان خاوەند ئیمتیاز و ڕێبەر و نووسەری ڕۆژنامەکە؛ سلێمانییەلی تۆفیق/ پیرەمێرد بوو.[٦٩]

هەر ئەوێ دەمێ گۆڤارێکی تورکی؛ (ئامێد سەودا/ ئامێدیی ڕەش؛ شوبات ١٢٣٤ژ/کانوون دووەم ١٩٠٨ز. ئەستەنبووڵ) دەرچووە کە وێ دەچێ ئەمیش بەر شاڵاوە باس کراوەکە کەوتبێت بۆیێکا - وەکو ژمارە شەشی دیار نییە!!- ژمارە پێنجی لە مارت ١٣٢٤ر/١٩٠٩ز.دا دەرچووە!

دوای یاخی بوونەکە، ڕووی فێڵبازانە و پەسنی بیری (کۆمەڵی یێکگرتن و پێشکەوتنی عوسمانیی) و گیانی تورکپەرستیی پتر دەرکەوتووە و مخابن کەسانێکی کوردیی وڵاتپارێز لایان داوە بەلایدا و دەهۆڵیان بۆ ژەنیوە وەک زیا گولپ کە



ڕۆژنامەییێکی تورکیی (پەیمان - ژ؛ ١، ١٠ جومادولئاخیر ١٣٢٧ه - ١٥ حوزەیران ١٣٢٥ر/ ١٩٠٩ز)ی لە باژێڕی دیاربەکردا دەرکردووە و داکۆکی و لایێنگیری بۆ کۆمەڵی نێوبراو نواندووە![٧٠]

وەک باسی ڕابردوو، بەهۆی یاخی بوونەکەوە و بێ بەڵێنی و پڕوپووچی دروشمەکانی کۆمەڵی پێشکەوتنی عوسمانییەوە، بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەنووسیی کوردیی تووشی تەنگانە و پاشەکشێیی بوون، بەڵام وێڕا خەباتی بیر و قەڵەمی نەتەوەپەروەران و وڵاتپارێزانی کورد هەر دانەمرکاوتەوە و بەنهێنی و ئاشکرا لە کاردا بوون و زۆریان بۆ دوژمنەکان بردووە، بەتایبەتی لەلایێن خوێندکارە ژیر و نەتەوەپەروەرەکان و خەڵکانی دڵسۆزی وەک خانەدانەکان، ئەفسەران، پزیشکان، پارێزەرانی کورد کە گرانییەکیان لە ژینی سیاسی وڵاتەکەدا هەبووە و هێندێکیان وەزیرییان کردبوو. سەرئەنجام کۆمەڵێکی نوێ (کۆمەڵی خوێندکارانی کورد - هێڤی؛ ١٩١٢/٧/٢٧ز. ئەستەنبووڵ)[٧١]. بەسەرۆکایەتی قەدری جەمیل پاشا دامەزرا و گیان کرایەوە بەبەری بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری و بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا کە تەنانەت ڕووناکی داوە لە کوردانی بەغداد و موکریش! ئەم کۆمەڵەیە گۆڤاری تورکی کوردیی: (ڕۆژی کورد - ژ ١؛ ١٣٢٩/٦/٦ر/ ١٩١٣ز - ژ؛٤، ١٣٢٩/٨/٣٠ر/ ١٩١٣ز)ی دەرکرد، کە خاوەند و بەرپرسی عەبدولکەریم سلێمانیی/ کەریم بەگی حاجی عەبداللەی حەمە کەرکووکی بووە![٧٢]. ئەم گۆڤارە -دوای چوار ژمارەی- بەهۆی ڕێبازی کوردایەتییەوە، ڕاگیراوە و خاوەندەکەیشی دراوە بەدادگە.[٧٣] بەڵام کۆمەڵەکە دانەماوە و لە بریی ئەو، گۆڤاری تورکی - کوردیی؛ (هەتاوی کورد - ژ١؛ ١١ تەشرینی یێکەم ١٣٢٩-١٩١٣ز. ئەستەنبووڵ)ی دەرکردووە کە خاوەند و بەرپرسی عەبدولعەزیز بابان بووە. گۆڤارەکەش دوای ژمارە سێی ڕێکەوتی ٢٩ کانوونی یێکەمی ١٣٢٩ر - ١٩١٤/١/١١ز. ڕاگیراوە[٧٤]

لە لاییێکی دییەوە؛ گۆڤارێکی دی تورکیی - کوردیی (یێکبوون - ژ١، ١٩ ئەیلوول ١٣٢٩ر - ١٩١٣ز - ژ٣؛ ٣٠ ئەیلوول ١٣٢٩ - ذولقەعیدە ١٣٣١ک-١٩١٣ز) دیسان لەلایێن کۆمەڵی هێڤییەوە لە ئەستەنبووڵ دەرچووە!

لە بەغدادیشدا خوێندکار و ڕۆشنبیرەکانی کورد، بۆ پشتیوانی لە ئەو کۆمەڵەیە؛ گۆڤاری تورکی - کوردیی؛ (بانگی کورد - ژ١، ١٩١٣/١٢/٢٦) لە لایێن جەمالوددین بابانەوە -پێنج ژمارەی- لێ دەرکردووە و دەبێژرێت کە بەهۆی قەومانی جەنگەوە وەک

(هەتاوی کورد - یێکبوون) پەکیان کەوتووە و نووسەرەکانیان کەوتوونەتە داوی سەربازییەوە![٧٥]

لە ئێرە بەدواوە تا دوای (١، ج، گ) هەواڵێکی بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستانی باکووردا ئەگەر هەڵکەوتبێ ئەوەیە: لە س ١٩٠٧ز.دا کوردەکانی ئەرزروم و بدلیس - هەروەها کوردەکانی مووسڵیش- سەرکوت کران دیسان لە س ١٩١٢ز. دا بزاڤی چەکداری (مەلا سەلیم) و (شەهابوودین) ڕوویان دا و سەرکوت کران. لە کوردستانی باشووریشدا، بزاڤی شێخ عەبدولسسەلامی بارزانی لە س ١٩١٤ز. دا ڕووی دا کە لە مووسڵدا خۆی لە سێدارە درا. لە کوردستانی خۆرهەڵاتی ژێرباری قاجاری ئێراندا، لە دوای ژینی دەستووریی - مەشرووتە؛ س ١٩٠٦ز. -ەوە، گیانی نەتەوەیی هێندێ بووژاندنەوەیێکی بەخۆوە دیت بەتایبەتی کە لە نێوچەکانی مەهاباد، سنە، کرماشاندا چەند ئەنجوومەنێکی خەڵکی پێک هات و (قازیی فەتاح)ی شاعیر، پێشڕەوی داخوازیی (خودموختاری) بوو بۆ کورد کە پشتیوانی ئەو ئامانجەی (سمکۆ)ی سەرۆکی (خێڵی شکاک) بوو لە نێوچەی (ورمێ)دا[٧٦].

١/٨/١/٢- ١٩١٨ز - ١٩٢٤ز

لە ٢٩ی تەشرینی یێکەمی ١٩١٤ز. دا، تورکیای عوسمانیی چووە پاڵ ئەڵمانیای جەمسەرێکی یێکەمی جەنگی گێتی! بەرامبەرەکانیشی؛ بریتانیا، فرانسە، ڕووس، بڕیاریان دا ئیمپراتۆرییەتە نەخۆشەکەی عوسمانیان کەرت و پەرت بکەن تا بگەنە کانە نەوتە زلەکانی (وڵاتی نێوان هەردوو ڕووبار - عێراقی ئێستە)، هەر بۆیێکا لە گەرمەی جەنگدا؛ (پەیمانی سایکس پیکۆ: ٩-١٦/٥/١٩١٦ز)ی نهێنی بڕیاری دابوو؛ هەموو کوردستانی نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی بەشی ڕووسیا و فرانسە بێت، بەڵام دوای ئاگربڕ بەهۆی گرانیی پارسەنگی بریتانیاوە، هەروەها دەرچوونی ڕووس لە جەنگدا - بەهۆی قەومانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ز. ەوە- بڕیارەکە ئەوهە کەوتەوە؛ وڵاتی نێوان هەردوو ڕووبار و فەلەستین بەشی بریتانیا و سووریاش بەشی فرانسە بێت!

بریتانیا لە هیندستانی خۆرهەڵاتەوە لەشکرکێشی کرد و بەدەریادا هات تا لە ٢٢/١١/١٩١٤ز. دا (بەسڕە) و لە ١١/٣/١٩١٧ز. دا (بەغدا) و لە ٢٥/١٠/١٩١٨ز. دا (کەرکووک)ی داگیر کرد. سەرئەنجام لە ٣١/١٠/١٣٣٤ر - ٣٠/١٠/١٩١٨ز، لە دوورگەی (مۆدروس Modrus)دا ئاگربڕ مۆرکرا و هەموو



جموجووڵێکی جەنگی ڕاگیرا. ئیدی لەشکری بەزیوی تورکی عوسمانیی ناچار بوو ڕوو بکاتەوە کوردستانی باکوور و بەئەوپێیەش لەشکری بریتانیا لە ١٨/١١/١٩١٨ز. دا باژێڕی (مووسڵ) و -بەسیاسەتیش- لە ١٧/١١/١٩١٨ز. دا (سلێمانیی)شی هێنایە ژێر باری دەسەڵاتی سیاسی و سەربازییەوە. بەئەم جۆرە هەر سێ هەرێمەکەی جارانی عوسمانی (بەغدا، بەسرا، مووسڵ) بەتەواوەتیی لە فەرمانڕەوایی عوسمانیان دابڕاندن!

گەلی کورد، بێ ئەوەی دەستێکی لە هەڵگیرساندنی ئەم جەنگەدا هەبێ، کەوت بووە کوورەیەوە و گەورەترین کارەساتی تووش بوو... کوردستان -بەخۆرهەڵاتیشەوە- ببووە شەڕگە و خەڵکەکەیشی سووتەمەنی! وێڕای کوشتار و یێخسیری، نەخۆشیی، گرانی، کاول بوون، بنچینەکانی ژین و شارستانی هەڵتەکاند!

ئەفسەرێکی گەورەی بەشداربووی لەشکریی عوسمانیی؛ مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی، ژمارەی کوژاوانی کوردی بەنزیکەی (نیو ملیۆن) لە قەڵەم داوە. ئەمە وێڕای سەدان هەزار بریندار و نەخۆش و پەککەوتە! بۆ دیتنی وێنەیێکی ئەو کارەساتانە؛ کاربەدەستی ئینگلیز؛ مس بیل Miss’s Bell لەمەڕ باژێڕی -کۆنە مەڵبەندی بابان- سلێمانیی ئەوهە باس دەگێڕێتەوە: (... کاتێ لە مانگی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ز. دا «سلێمانیی»مان داگیر کرد لە کۆی دانیشتووەکانی کە لە باری ئاساییدا ٦ هەزارێ بوون، هەر «٢٥٠٠» کەسێکی زیندوو بوون... لاشە لەسەر شەقام و زێرابەکاندا فڕێ درابوون... برسییەتی و نەخۆشیی هەڵپەیان بوو بۆ سەر خواردنی زیندووەکان و خانوو و بەرەیێکی ئەوتۆش کە کەلکی نیشتەنی بگرن، یێکجارکەم بوو).[٧٧]

ئیدی لە توونی جەنگێکی گەورەی ئەوتۆدا، هەرچی بزاڤێکی سیاسیی و ڕۆشنبیرانەی کورد هەیە، دامرکابوونەوە، تەنانەت هێندێ قوتابخانەی سەرەتایی -تورکیی- و فێرگەیێکی نێوەندیی سەربازیی لە سلێمانییدا سست و سەرگەردان، یان هەڵگیرابوون. لە بارەی ڕۆژنامەنووسیشەوە لە نێوان ١٩١٤ز - ١٩١٨ز. دا بەتەنێ لە دوورەوە یێکێکی وەک سورەییا بەدرخان سێیەم خولی (کوردستان - ژ١ - ١١؛ ١٥ زیبقەعیدەی ١٣٣٥ک - ١٢ ئەیلوول ١٩١٧ - ١٥ ڕەبیعولسانی ١٣٣٦ک - ٢٨ کانوونی دووەم ١٩١٨. قاهیرە) بەکوردیی و تورکیی دەرکرد![٧٨] لەلایێکی دییەوە -وێڕای نرخی ڕۆژنامەنووسیی- دەزگەی پروپاگەندەی سیاسی ئینگلیز لە بەغدادی داگیرکراویدا، ڕۆژنامەیێکی کوردیی (ڕۆژنامەیێکی سیاسیی و ئیجتیماعی و خادیمی یێک بوون و سەربەستی کوردان)ی بەنێوی (تێ گیشتنی ڕاستی - ژ١ - ٦٧؛ ١ کانوون دووەم

١٩١٨ - ٢٧ كانوون دووەم ١٩١٩. بەغداد)ەوە دەركرد![٧٩]

سەرۆكی كۆماری ئەمریكا؛ وێلسن Willson لە ١٩١٨/١/١٨ز. دا لە گوتەیێكی خۆی لەبەردەم كۆنگرێسی ئەمریكادا - لە ڕاییێڵەی بڵاوكردنەوەی دوانزە بەندە ناسراوەكەیدا- ڕایگەیاند؛ (نەتەوە ژێردەستەكان مافی چارەنووسیان هەیە و ئەوپەڕی ئازادن ڕێگەی سەربەخۆیی بگرن و دەوڵەتی سەربەخۆییان دابمەزرێنن!). ئەم گوتانە بۆ گەلانی خڵتانی خوێن و شەكەتی جەنگ و ڕستگار بوو لە ستەمی چەند سەدەی توركی عوسمانیی -كوردیش لە ڕیزدایە- وەك شەفەقی ڕووناكی و سەرچاوەی هیوا بوون! لەلاییێكی دیەوە؛ بریتانیا چ فرانسە، لە بڵاوكراوەكانیاندا -تێ گەیشتنی ڕاستی بەڵگەیە- گفتی ئاشكرایان دەدا بۆ ڕستگاریی و سەربەخۆبوونی ئەو گەلانە. ئەم گۆڕینە نوێیە لە بیروباوەڕ و هەڵوێستەی دەوڵەتە زلەكاندا و بەتایبەتی سەركەوتووەكانی جەنگدا، بۆ گەلی كورد سەرەتای قۆناخێكی مێژوویی نوێ بوو.

لە كوردستانی باشووردا كە چ دەستە و بزاڤێكی سیاسی و ڕۆشنبیریی تێدا نەبوو؛ كەسێكی خانەدان و بەهێز و ناسراوی وەك حەفیدزادە مەحموود -لەبەر و دوای ئاگربڕەوە- نامە و نامەكاریی لەگەڵ بریتانیای داگیركاری وڵاتی نێوان هەردوو بار گۆڕییەوە و ئامادەی هاریكاریی و چاودێریی ئەوی پەسەند كرد، (ئەگەر كورد لە نێو نەتەوە ئازادەكاندا بناسرێت!).

دوای گوتوبێژ و دانوستاندێ لە ١٩١٨/١١/١٧دا، بریتانیا حەفید زادە مەحموودی بە(حوكمداری كوردستان) ناسیی و -لەسەر ئەو كەلاوەیە- یێكەم حوكوومەتی كوردستان دامەزرا و (سلێمانیی) بوو بەپێتەخت.[٨٠]

بریتانیا لە دوای ئاگربڕەوە پێی نایە قۆناغی تیژكردنی ڕەنجی سیاسیی كە بەڵگەنامەی زۆریش پشتیوانی ڕاستییەكانن، هەرە مەبەست و ئامانجی دووررەوی بەتایبەتی ئەمانە بوو:

١- گرەوبردنەوە لە توركان لەهەر دانوستاندێكی سیاسییدا، بەتایبەتی لەمەڕ كۆنە هەرێمی مووسڵ؛ (كوردستانی باشوور)ی پڕ لە كانە نەوت و دەست بەسەرداگرتنێكی دڵنیا و هەمیشەیی!

٢- بەكاربردنی باسی گەلی كورد وەك قاقەزێكی بەهێز لە گەمەی سیاسەتدا، لە پێناوی بەرگرتن لە هەر مەبەست و خواستێكی توركان!



٣- دروست كردنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ بۆ عەرەبی عێراق و كوردستانی باشووری پێوە بلكێنێت و مەبەستی یێكەمی مسۆگەرتر بكات!

بەئەو ڕۆشناییانەدا دیارە كە بریتانیا - چۆن بنچینەی باوەڕی نكوولیی كردنە لە مافی ئازادیی و یێك بوون و سەربەخۆیی كورد و كوردستان- هەر لە سەرەتاوە فێڵ و دووڕوویی، پیلانی سیاسیی و پروپاگەندەی تا سەربازیی لە دژی حوكوومەتی كوردستان نواندووە. لە سەرێكەوە -وەك لە بەیاننامەی دانوستاندا ددانی بەسنووری دەسەڵاتی حوكمڕانی حەفیدزادەدا ناوە- بەری دەگرت و دەسەڵاتەكەی تەسك و لاواز دەكرد چ بەئەوەی تێكەڵ بوونی ئازادانەی نوێنەرانی كوردستانی خۆرهەڵات و هاتنە پاڵ كوردستانی باشووری بەرپەچ دایەوە، چ بەئەوەی لە سنووری نیشانەكراودا حوكمداری سیاسیی و نێرووی سەربازی خۆی دادەنا و جێگیر دەكرد، چ بەئەوەی بەپارە و گفتی درۆ، تۆوی گومان و بێ باوەڕیی و لاساریی نواندنی بەرامبەر حوكوومەتی كوردستان لەنێو كۆڕ و كۆمەڵ و بەتایبەتی لەنێو خێڵەكاندا، دەچاند! تەنانەت كاری خراپەی گەییشتە ڕادەیێ؛ هەر دوای سێ مانگێ، حوكمدارێكی سیاسیی خۆی -نەیاری حەفیدزادە- لە سلێمانییدا دامەزراند بۆ بەرهەڵستی حوكوومەتە ساواكەی كوردستان. بەئەو پێیە لە ئێرە بەدواوە حەفید زادە پەرۆشی پەرەسەندنی دەسەڵاتە نیشان كراوەكە و سەربەخۆیی كوردستان، ناچار بووە دەست بداتە خەباتی چەكداریی و شۆڕش! سەرئەنجام لە نێوان مایس - تەمووز ١٩١٩ز.دا، شۆڕشەكەی ناكام و خۆیشی دیل كرا و حوكم درا بەخنكاندن تا گۆڕدرا بۆ زیندانیی لە دوورگەییێكی هیندستاندا. سلێمانیی پێتەختیش لە نێوان حوزەیران ١٩١٩ز - ئەیلوول ١٩٢٢ز. دا، بەتەواوی بوو بەداگیركراوێكی بریتانیا.

هەڵبەت كاریگەریی جەنگ و ئەنجام و گۆڕینە گەورەكانی، خەباتی بیر و قەڵەم و تفەنگی كوردانی هۆشیار و بەگوڕتر كرد... لەلاییێكەوە خەبات لە دژی توركان لە لایێن كوردە ژیر و خانەدانەكانی كوردستانی باكوورەوە، لە لاییێكی دیەوە لە دژی عەجەم لە لایێن نەتەوەپەروەرە كارامەكانی كوردستانی خۆرهەڵاتەوە، هەڵكەوتووە. بۆ كوردستانی باكوور، هەر دوای ژینی -بەنێو- دەستووریی س ١٩٠٨ز، خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریی چڕ سەری هەڵ دایەوە و لە نێوان ١٩١٨ز- ١٩٢٠ز.دا كۆڕ و كۆمەڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی هەڵكەوتن، وەك (كۆمەڵی بەرزیی كوردستان/ كوردستان تعالی جمعیتی: س ١٩١٨ز- ١٩٢٠ز)، (كۆمەڵی كۆمەڵی كورد/ تشكیلات اجتماعی جمعیتی - س ١٩١٩ز)، (كۆمەڵی كورد بۆ خوێندەواری و

بڵاوکردنەوە/ کورد تعمیم معارف و نشریات جمعیتی - س ١٩١٩ز)، (کۆمەڵی بەرزی ژنانی کورد/ کور کادینلار تعالی جمعیتی - س ١٩١٩ز) و کوڕانی بەدرخان پاشا میقداد مەدحەت، ئەمین عالی، عەبدوڕڕەحمان و ڕۆشنبیرە ژیرەکان، کەمال فەوزی، مەمدوح سەلیم، ئەکرەم جەمیل پاشا و هاوەڵانیان لە ڕیزی پێشەوە بوون.[٨١]

وێنەی ئەو بڵاوکراوانەش، گۆڤاری تورکیی کوردیی؛ (ژین؛ ژ -١؛ ١٣٣٤/١١/٧ر - ١٩١٨/١١/١٦ز - ژ؛ ٢٥، ١٩١٩/١٠/٢ز) کە هەمزە و موکسی و کەمال فەوزی و مەمدووح سەلیم سەکار و سەرنووسەر و خاوەندی بوون![٨٢] گۆڤاری تورکیی، کوردیی، عەرەبیی، فارسیی، فرانسیی؛ (کوردستان؛ ژ ١، ١٣٣٥/١/٣٠ر - ١٩١٩/١/٣١ز - ژ١٩، ١٩٢٠/٣/٢٧ز) کە خاوەند و بەرپرسی محەمەد میهریی و سەرنووسەرەکەی ئەرواسی زادە محەمەد شەفیق بوون![٨٣] هەروەها ڕۆژنامەی تورکی کوردیی - ڕۆژانە و حەوتۆیی- (ژین - ژ١؛ ١٩٢٠/٣/٢٥ - ژ ٣٦، ١٣٣٦/٦/٢١ر - ١٩٢٠/٦/٢١) کە هەمزە موسکی و ماوەیێ مەمدووح سەلیم دەریان کرد و خۆیشی درێژەی گۆڤاری (ژین)ی باس کراوە،[٨٤] هەردوویشیان لە بڵاوکراوەکانی (کۆمەڵی کورد بۆ خوێندەواری و بڵاوکردنەوە) بوون...[٨٥]

سورەییا بەدرخان - وەک میقداد مەدحەت و عەبدوڕڕەحمانی مامانی کوردپەروەر و کارامە لە وڵاتی میسردا، بەتایبەتی لە بەرودوای ئاگربڕەوە، کەوت بووە خەباتی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی، لە لایێکەوە بەر لە کۆتایی جەنگ، ڕۆژنامەی (کوردستان - ١٩١٧/٨/١٢ز؛ی تا (ژ -١١، ١٩١٨/١/٢٨ز) لە قاهیرەدا دەرکرد، لە ئەوەش پتر (کۆمەڵ - پارتی سەربەخۆبوونی کوردستان/ خۆیبوون: س ١٩١٩ز - ١٩٢٠ز)ی دامەزراند کە خۆی سکرتێری گشتی و عارف بەگی ماردینی سەرۆکی بووە و چالاکانە لەبەر دوای پەیمانی (سەڤەر)ەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێ کۆشاون.[٨٦]

لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا، بزاڤێکی نەتەوەیی چەکدارانەی ئازادیخوازیی کوردستان لە چنگی ڕژێمی عەجەم بەسەرکردایەتی سمکۆی سەر خێڵی شکاکی لە نێوان ١٩١٩ز - ١٩٢٢ز.دا ڕووی دا کە بازێڕەکانی (ورمێ، سەلماس، خۆی، مەهاباد، شنۆ و چەندی دی) ڕستگار کرا و لە ئەو ماوەیەشدا ڕۆژنامەیێکی کوردیی حەوتۆیی سیاسی ئەدەبیی هەواڵبەخش بەنێوی (کورد - ژ: ١، ١٢ شەووال ١٣٣٨ک - ١٩٢٠/٦/٢٩ز. ورمێ)ی دەرکرد کە محەمەد تورجانی/ مەلا محەمەد قزڵجی ڕێبەری بوو.

هەرچەند سمکۆی ئازا و نەتەوەپەروەر، ئامانجەکەی گەورە بوو، مخابن بەرنامەیێکی



کۆک و پتەوی نێوخۆیی نەبوو، وێڕاش کەوتبووە نێو پیلانی دەوڵەتانەوە، بەڵام وێڕا نزیکەی دە ساڵ خەباتی کرد تا سەرئەنجام وەک باب و باپیرانی کەوتە تەڵەی عەجەمەوە و نامەردانە شەهید کرا!

لە کوردستانی باشووردا، بەتایبەتی لە سلێمانیی داگیرکراودا، هەرچەندە دەسەڵاتی سیاسی و پروپاگەندەی بریتانیا، یێکەم چاپخانە و ڕۆژنامەی کوردی حەوتۆیی - بەنرخ- بەنێوەکانی (چاپخانەی حوکوومەت) و ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانیی؛ ژ ١؛ ١٩٢٠/٤/٢٩ز - ژ ١١٨؛ ١٩٢٢/٧/٢٧ز)ی دامەزراند و فەرمانڕەوای سیاسی (سۆن Soane)ی کوردییزاون سەرپەرشتی دەکردن، هەروها خوێندن و نووسین لە دوو قوتابخانەی سەرەتایی بازێڕەکەدا و لە دامودەزگەکانی ئیدارەدا کوردیی باوبوو، هەروەها کاروباری ئابووری بازێڕەکەش ڕێکخرا و بودجەی سەربەخۆی هەبوو، دیسان هێندێ ڕێگەوبان و زێراب ئاوەدان کرانەوە و هانی کشتوکێڵ و بازرگانی دراو ئاسایشی خەڵکی دابین بوو، بەڵام خەباتی سیاسی نێهنیانەی کۆمەڵانی نەتەوەپەروەرە. بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئازادیی حەفیدزادە و دەرپەڕاندنی داگیرکەر، هەر درێژەی هەبوو. بۆ وێنە بەرەنجی کۆنە ئەفسەری عوسمانیی؛ جەمال عیرفانی نەتەوەپەروەر، چەند کۆمەڵێ بەنێوەکانی (بەرزی وڵات، کوردستان، گزنگ فیداییانی کورد، وەتەنپەروەران) کرد و چالاکییان نواندووە![٨٦]. هەروەها لە هێندێ نەتەپەروەر و کەسانی خانەدان؛ (کۆمەڵی سەربەخۆیی کورد) بەسەرپەرشتی ڕەفیق حیلمی نەتەوەپەروەر دامەزرابوو![٨٧]

بەرەی براوەی جەنگ، بەتایبەتی بریتانیا و فرانسە، لە لایێکەوە بۆ هاتنەدی مەبەستی دووڕەویان، لەگەڵ تورکان تەواو ناکۆک بوون کە ئەو تێ دەکۆشا -هەرێمی مووسڵ- کوردستانی لێ دابڕاوی بسەندێتەوە، لە لایێکی دییەوە گەلی کوردیش بۆ سەربەخۆبوون تێ دەکۆشا. ئیدی بریتانیا چ لە لای تورکەوە، چ لەلای کوردەوە کەوت بووە بەر فشار، بەتایبەتی کە دەنگ و داخوازیی گەی کورد بەهۆی شەریف پاشای خەندانەوە گەییشتە (کۆنگرەی ئاشتیی گەلان - س ١٩١٩ز. پاریس) کە نێوبراو لە ١٩١٩/٣/٢٢ز. دا یاداشتنامەیێکی دا بەکۆنگرەکە و خۆی بەنێونەری گەلی کورد ئاشنا و (داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان)ی دەکرد!. سەرئەنجام، بریتانیا بەنیازی لارکردنی باری تورکان و -بەڕووالەت- قایل کردنی گەلی کورد، لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، توانیی (پەیمان سەڤەر Sêver - ١٩٢٠/٨/١٠) بەسەر تورکدا بسەپێنێت کە بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) کەڵکی مافە ڕەواکانی کوردیان دەگرت.

بەندی (٦٢)ی گفتی دا کە: خودموختاری بۆ ئەو نێوچانە دیاریی بکرێت کە زۆربەی دانیشتووەکانی – لە کوردستانی باکووردا– کوردن!

بەندی (٦٣)ی هەرە گرنگیش گفتی دابوو؛ دوای تێ پەڕبوونی ساڵێ بەسەر پەیمانەکەدا، ئەگەر کورد ویستی، دەتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆی دابمەزرێنێ!

بەڵام بریتانیا بۆ لە قانوون گرتن و خستنەگەڕی ئەم پەیمانە چ هەنگاوێکی کارامەی نەنا، بەپێچەوانەوە –وێڕای ناکۆکی نانەوە لەنێو کۆمەڵەکانی کوردی باکووردا– لە کوردستانی باشووردا سیاسەتی لکاندنی بەعێراقی عەرەبەوە پەیڕەو دەکرد. بۆ وێنە ئەوەتە لە حوزەیرانی ١٩٢١ز. دا (پێرسی کۆکس Percy Cox)ی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا، بەیاننامەی چەند بەندی ڕەسمییانەی بڵاوکردووەتەوە و ڕادەگەیێنێت گۆیا؛ (بۆ سێ ساڵی دی مۆڵەتی سلێمانیی دەدا، ئایا قاییلە لەگەڵ عێراقی عەرەب یێک بگرێت– بلکێت– یان نا؟).[٨٨]

لە لاییێکی دییەوە بڕیاری دابوو؛ (فەیسەڵ کوڕی حسێن)ی حیجازیی ڕەگەز –دەرکراو لە سووریای داگیراوی فرانسە– بهێنێتە عێراق و بیکات بەپاشا، تەنانەت بێ چاوڕوویی گەیشت بووە ڕادەیێ، بەزۆر و ساختەکاری، دەیویست خەڵکی کورد بەپاشای خۆی بزانێت، هەر بۆیێکا لە ژێر باری داگیرکارییدا، دەنگ وەرگرتنێکی بەجێ هێنا، بەڵام وەک زۆربەی خەڵکی کورد لێی بەگومان و نەناسیاری بوون، کەرکووک و بەتایبەتیش سلێمانیی، دەنگیان بۆ نەدا. بۆ ڕاستیش کۆمەڵێکی «٢٠» کەسەی ناسراوانی سلێمانیی، بەئاشکرا لە ١٩٢١/٧/٢٠ز.دا، فەرمانڕەوایی سیاسی بریتانیایان لە سلێمانییدا ئاگادار کرد کە؛ (چونکە ئەو کابرایە لە ئەوان دوورە و نایناسن، ڕانواندن پێ ویست نازانن!)[٨٩]. بەڵام بریتانیا بەهەوای خۆیەوە لە ١٩٢١/١٠/٢٣ز.دا (فەیسەڵ)ی هێنا بۆ عێراق و کردی بەپاشا، تەنانەت لە ١٩٢١/١٠/٢٥ز.دا حوکوومەتێکی دەمەکیی دەستکردی بۆ عێراقی عەرەب –لەژێر چاودێری خۆیدا– دامەزراند کە کەلکی ئامانجە دووڕەوەکانی بگرێت کە یێکێکیان بەرهەڵستی مافەڕەواکانی گەلی کوردە!

بریتانیا لەسەر ئەم ڕێبازەیدا، لە ١٩٢١/١١/١٧ز.دا، بەنێوی (ئەنجوومەنی ئیداریی سلێمانیی)ەوە، چەند کەسێکی هەڵبژارد بۆ بەکاربردنیان لەهەر کاروبارێکی سیاسیی خۆیدا[٩٠]، بەڵام فشاری تورکان کە لەشکریان گەیشت بووە ڕواندز و فشاری گەلی کورد



و لەنگیی باری سیاسی و سەربازیی –نەشیدەویست قوربانیی– سەربازیی و دارایی زۆر بدات –ڕووی وەرگێڕا بۆ بەکاربردنی سیاسەتێکی نەرمتر بەرامبەر بەگەلی کورد... ئەوجا لە لاییێکەوە نەخشەی کێشا بۆ لێ بوردن و ئازادکردن و گێڕاندنەوەی حەفیدزادە مەحموود. لە لاییێکی دیەوە، ڕێگەی دا بەهەڵکەوتنی یێکەم کۆمەڵی ڕۆشنبیری و کۆمەڵیی – بنچینەی مەبەستیشی سیاسی بوو– کە (جەمعیەت کوردستان – سلێمانیی؛ ١٩٢٢/٧/٢١ز) بوو بەسەرۆکایەتی کۆنە ئەفسەری عوسمانی ناسراو مستەفا پاشا مەلکێ و ئەندامیەتی چەندین کەسی دەوڵەمەند و ناسراو و ڕۆشنبیری سلێمانیی! ئەم کۆمەڵەش –لەگەڵ ڕاگرتنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن: سلێمانیی) ڕۆژنامەیێکی حەوتۆیی کوردیی کە هێندێ جاریش گوتاری تورکی و فارسیی دەنووسیی، ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان –س١، ژ١، ٢ی ئۆگستۆس ١٩٢٢ز)ی دەرکرد.

بریتانیا بەپێی نەخشە سیاسییە نوێیەکەی، لە ١٩٢٢/٩/٥ز.دا، بڕیاری دا دەسەڵاتی سەربازیی و سیاسیی داگیرکاریی خۆی لە سلێمانییدا بکێشێتەوە و لە ئەو ڕۆژەدا کلیلی گەنجینە و دەسەڵاتی ئیدارەی دایە دەست کۆمەڵێ ناسراوی سلێمانیی کە بە(ئەنجوومەنی میللی سلێمانیی) و بەسەرۆکایەتی شێخ قادری حەفید ناسراوە و دەستبەجێ کاروباری گرتە خۆی کە تا گەڕاندنەوە و دەسەڵاتی گرتنی حەفیدزادە مەحموود، دەست بەکاربوو ئەوی لە سەرەتای مانگی تەشرینی یێکەمدا دەستەی سەرۆکان –ئەنجوومەنی وەزیران–ی ڕاگەیاند و خۆی بە(مەحموودی یێکەم؛ مەلیکی کوردستانی جونوویی) ئاشنا کرد.

لە ئێرە ڕاوە خەباتی سیاسی و چەکداریی حەفیدزادەی مەلیک بۆ جێبەجێ بوونی سەربەخۆیی و یێکگرتنی کوردستانی باشوور تا نیوەی ساڵی ١٩٢٤ز.ی خایاند. لە ئەو مەودایەدا، جارێکی دی شۆڕشی چەکداری نواند، بەڵام سەرئەنجام بەپیلانی بریتانیا و بەکاربردنی نێرووی خۆی و نێرووی هەوایی و (لیڤی Leives)ی بەکرێگیراوی و چەند پەلێکی سوپای عێراقی عەرەب[٩١] لە ١٩٢٤/٦/٢٠ز.دا ناچار بوو پێتەختی مەملەکەتی کوردستانی باشوور دەبەستەوە بدات و خۆیشی مەشخەڵی شۆڕشی سێیەمی لە چیادا بەرەوی بریتانیا –عێراقی عەرەب، کردەوە. (بۆ دووبارە نەبوونەوە و باسی پیلانەکان و ڕووداوەکان، بنۆڕە: نێوداران/ حەفیدزادە مەحموود!)

ئەوی هەرە گرنگە، بریتانیا و هاوپەیمانەکانی، لە بری لە قانوون گرتنی (پەیمانی سەڤەر) و بەتەنگەوە هاتنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد –بەتایبەتی دوای هێندێ سەرکەوتنی تورکیا بەسەر ئەرمەن و یۆناندا –لەگەڵ تورکان ڕێککەوتن و (پەیمانی لۆزان

Luzzane؛ ١٩٢٣/٧/٢٤ز)یان مۆر کرد که هەرگیز باسی مافەڕەواکان و نێوی کوردی تێدا نەهات، بگرە پەیمانی سەڤەری فەرامۆش کرد!

جێگەی زانینە؛ لە ماوەی دەسەڵاتی حەفیدزادەی مەلیکدا، سێ ڕۆژنامەی کوردی – حەوتۆیی!!– زمان حاڵ؛ (ڕۆژی کوردستان –ژ: ١؛ ١٩٢٢/١٠/ ٩ز – ژ: ١٥؛ ١٩٢٣/٣/٣ز) و یێکەم ڕۆژنامەی شۆڕشگێڕیی؛ (بانگی حەق – ژ: ١؛ ٢٨ مارت ١٣٣٩ر/ ١٩٢٣/٣/٢٩ز – ژ:٣؛ ١٩٢٣/٤/١٢ز. ئەشکەوتی جاسەنە) و (ئومێدی ئیستیقلال – ژ: ١، ٢٠ ئەیلوول ١٩٢٣ز – ژ: ٢٥؛ ١٨ ئاب ١٩٢٤ز. سلێمانیی) دەرچوون.

هەر لە ئەو ماوەیەدا –وێڕای بەکاربردنی چاپخانەی حوکوومەت– لە فەرمانگەکاندا کاروباری نووسین بەکوردیی و لە چەند قوتابخانەیێکی سەرەتایی و نێوەندیشدا، خوێندن بەکوردیی بوون. ئاڵای کوردستانیش شەکاوە بووە و یێکەم پوولی کوردستانیش –لە ساڵی ١٩٢٣ز. دا– بۆ کاروباری فەرمانگەکان نەک پۆستە چاپ و بەکاربرا، بەڵام چ کۆمەڵەیێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئاشکرا و نهێنی هەڵنەکەوتووە، تەنانەت (کۆمەڵی کوردستان – س ١٩٢٢ز) هەر دوای گەڕاندنەوەی حەفیدزادە بۆ کوردستان و دەسەڵات گرتنەوەی، پووکاوەتەوە، بگرە پەکی کەوتووە!

٣/١/٨/١– ١٩٢٤ز – ١٩٣٢ز

دوای (پەیمانی لوزان)ی زۆرداران، هیواکانی گەلی کورد بەدادپەروەریی وڵاتە زلەکان و بەتایبەتی بریتانیا، ڕووی لە کوێربوونەوە کرد و بەڕاستی قۆناخێکی مێژوویی یێکجار سەخت هاتە پێشەوە. وێڕا لە هەمان هەلدا، هۆش و بیری نەتەوەیی و ڕەوایی مافەکانی ئەم گەلە، لە دڵ و گیاندا، زیندوو، ورەیش هەر بەهێز بوو!

لە کوردستانی باکووردا کە بەشی زۆری کوردستانە، ئەو دووەم ڕێبازەی –یێکەمیان بۆ کوردستانی سەربەخۆی تێ دەکۆشا– کە لایێنی خودموختاری لەنێو تورکیادا، گرت بوو کاتێ دڵنیا بوو لە پووچەڵیی گفت و بەڵێنە درۆکانی کەمال ئەتاتورک لەگەڵ کورد– لە ١٩٢٤/٣/٢ز.دا حوکمڕانی خەلیفایەتی هەڵوەشاندەوە و کۆماری تورکیای دامەزراند– ئەو ڕێبازە ناچار بوو خەباتی چەکداری بگرێتە بەرا، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٥ز.دا بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری شەمدینی، شۆڕشی هەڵگیرساند، بەڵام تەنیا باڵێ و دوڕندەیی ڕژێمی ئەتاتورکی داگیرکەر و کوشت و کوشتاری زۆری هاریکاریی فرانسە،



بگرە یارمەتی ڕژێمی بەڵشەفیش، هەموو کارێکیان کرد ئەو شۆڕشە ڕەوایە بکوژێتەوە و سەرانی و دەیان خانەدان، ڕۆژنامەوان، ئەفسەری کورد لە سێدارە بدرێن! ئیدی لە ئەو هەلەشەوە هەتا قسە و نووسینی کوردی قەدەغەکراو هەرچی زۆرداریبیە بەسەر کورددا باری!

لە ئەو هەلانەدا –شۆڕشی حەفیدزادەش بەچیاوە بوو– بریتانیای هاوپەیمان و چاودێری عێراق، هەڵپەی بوو کێشەی بەنێو هەرێمی مووسڵ بەهۆی (کۆمەڵەی گەلان)ەوە ببڕێنێتەوە! سەیریش ئەوەیە بریتانیا بەڕووالەت دژی ئەو کردارانەی تورکیا بوو، کەچی خۆی و لەشکری عێراق و بەکرێ گیراوەکانیان سەرگەرمی کوژاندنەوەی شۆڕشی حەفیدزادە بوون.

کۆمەڵەی گەلان، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ز.دا، لیژنەیێکی سێ کەسیی ڕاسپارد بۆ دەنگ وەرگرتنی خەڵکیی، داخۆ بەکامیان قایلن؛ تورکیا یان عێراق هەرێمی بەنێو مووسڵی بەربکەوێت!

لە ئەوێ دەمێدا؛ کۆمەڵەیێکی سیاسیی ئاشکرا – لە باژێڕی مووسڵیش بەهەمان نێوەوە– بەنێوی (کۆمەڵی بەرگریی لە نیشتمان/ جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن – کوردیی– سلێمانیی سەرۆکی بوو. کۆمەڵەکەش کە دوای گەڕاندنەوەی لیژنەکە لەکار کەوت، دەنگی هەڵبڕیی –گۆیا– هەرێمی مووسڵ کەرتێکی تەواوکەر و جوێ نەبووی عێراقە! بەڵام لیژنەکە، لە لێ کۆڵینەوەی خۆیدا نووسیبووی: (لە بارێکدا ئەگەر چاودێری کۆمەڵەی گەلان تەواو بوو، دوای بڕانەوەی ماوە چوار ساڵیبیەکەی پەیمانی نێوان عێراق و بریتانیا، بەڵێنی ئیدارەیێکی نێوچەیی بەکورد نەدرێ، خەڵکێکی زۆری کورد، تورکیان پێ باشتر دەبێ لە عەرەب!)[٩٢]

کۆمەڵەی گەلان کە لەسەر پەنجەی هێزی بریتانیا دەسووڕایەوە، باسەکەی بەلای ئامانجی بریتانیا – عێراقدا داشکاند و لە ١٩٢٥/٧/٦ز.دا باوەڕی هێنا بەلکاندن – هەرێمی مووسڵ– کوردستان بەمەملەکەتی عێراقەوە.

بەڕووالەتیش لیژنەی سنوور کێشان لەمەڕ کورد پێشنیازی کردبوو؛ (پێویستە ئارەزووەکانی کورد لەچاو بگیرێ و فەرمانبەرانی ڕەگەز کورد بۆ ئیدارەی وڵاتەکەیان دابنرێن و پێویستە بەعەدالەت خوێندن لە قوتابخانەکاندا بەش بکرێت و لە کاروباری کارگوزاریشدا، زمانی کوردیی بەڕەسمەن بناسرێت!» .[٩٣]

وێڕای دابەش کردنە ناڕەواکەی کوردستان، خەڵکانێکی خانەدان، موڵکدار، دەرەبەگ، بازرگان، کۆنە فەرمانبەر و ئەفسەری عوسمانی، هێندێ ڕۆشنبیری کوردستانی باشوور هەبوون کە تا ڕادەییێکی باش بەرامبەر بە بریتانیا نەرم و دڵیشیان بەچاکی (!!) و بەتایبەتیش بەسێیەم بڕگەی بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلانەوە بوو کە دەبێژێ: (لە حوکوومەتی بریتانیای خاوەند دەسەڵاتی چاودێریی کردنی عێراق داوا بکرێت، ئەو تەگبیرە ئیدارییە دڵنیا و زامنانە بۆ دانیشتووەکانی کورد، بخاتە بەردەم ئەنجوومەنەکە کە لیژنەی لێ کۆڵینەوە لە دوا ئەنجامدا حوکمی ئیدارەییێکی نێوچەیی ڕاسپاردبوو!)[٩٤]

دوابەدوای ئەو ڕووداوانە، ئەو جۆرە خەڵکە باس کراوە کە بەڕاستی هەر لە دوای ئاگربەست و یێکەم حوکوومەتی کوردستان و داگیربوونی سلێمانییەوە -بەڕۆشناتیی کەڵکی چینایەتییان- وەک دەستەییێکی لایێنگری بەکاربردنی سیاسەت لەگەڵ ئینگلیز، خۆیان دەنوواند و کەپری پاشایەتیی عێراقیشیان پەسەند دەکرد... ئەمانە وەک لایێنگری حەفیدزادە نەبوون، هێندێ دەستکەوتیشیان لە یێکەم پارلەمان (س ١٩٢٥ز) و پلەوپایەیان لە دامودەزگەکانی دەوڵەتی عێراقدا دەستگیر بوو. هێندێ بەجموجۆڵی سیاسیی - ئاشکرا و نهێنییەوە، هێندێکی دی بەخۆبردنە پێش لە ڕۆژنامەکاندا، خۆیان دەنوواند!! بەڵام نەتەوەپەروەرە ڕاستەقینەکان-ئەکەر خۆوڕاستانیش تێکەڵی نەبووبن- پشتیوانی خەباتی حەفیدزادە و مافەڕەواکانی نەتەوەکە بوون و هەر یێکە لەلای خۆیەوە پەرۆشی خزمەتی خەڵکەکە بوو، بەتایبەتی بۆ هاندانی خوێندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی!

جێگەی باسە، هەر دوای داگیرکردنی سلێمانیی، دەسەڵاتی داگیرکەر و هاودەنگەکانی لە ئەو جۆرە خەڵکە نێوبراوە، ڕۆژنامەییێکی حوکوومەتیی -کوردیی- حەوتۆیی؛ (ژیانەوە - ژ: ١٩٢٤/٨/١٨ز - ژ: ٥٦، ١٩٢٦/١/١٤ز)[٩٥] دەرچوواندووە کە -وێڕای نرخی سیاسیی و ئەدەبیی و ڕۆژنامەنووسیی بۆ ئەمڕۆ- سەرگەرمی پروپاگەندەی چاک بۆ ئینگلیز - عێراق و خراپ بۆ حەفیدزادە مەحموودی شۆڕشگێڕ بوو کە بە(لات و لووت، چەتە، دز)ی لە قەڵەم دەدا!

هەر لە گەرمەی باسی کێشەی مووسڵیشدا (!!)، کۆنە ئەفسەری عوسمانیی و ئەفسەری دەستبەرداری دووەم شۆڕشی حەفیدزادە؛ ساڵح زەکی ساحێبقران لە بەغدادا گۆڤار -نیو مانگە-ی کوردیی و عەرەبیی و تورکیی (دیاری کوردستان - ژ: ١٩٢٥/٣/١١ - ژ: ١٦؛ ١١مایس ١٩٢٦ز)ی دەرکرد!



کۆنە ئەفسەری عوسمانیی و سەرۆک -وەزیر-ێکی دووەم حوکوومەتی حەفیدزادە؛ مستەفا پاشا یامەلکێش- لە ١٩٢٣/٦/١٧دا لەگەڵ چۆڵ کردنی سلێمانیی بوو بەغدادنشین!! -یێکێکی هەرە دەنگ بەرزی نێو ئەو جۆرە خەڵکە باس کراوە بوو کە گۆیا (ئینگلیز ئێسکی کوردان ناشکێنێ!!)[٩٦] و دوای لکاندنەکەش سەرگەرمی کرد و کۆشی سیاسیی و ڕۆژنامەنووسیی ئاشکرا و نهێنیی بوو. هەر لە ئەو پێناوە و بەئەو باوەڕەوە - کە پڕی سۆزی نەتەوەییش بوو- لە بەغدادا سەرلەنوێ ڕۆژنامەی جارانی؛ (بانگی کوردستان - ژ: ١٤-١؛ ١٩٢٦/١/٢٨ز - ژ: ١٤-٣؛ ١٩٢٦/٤/١ز)ی دەرکرد. بەڵام وێ دەچێ - وەکو ڕەنجی سیاسیی زۆری بەری نەگرت!! -بیروباوەڕەکانی کەلکی ئەو بارە نوێیانەی ڕۆژگارەکە و دوا ڕۆژی نیازەکانی بریتانیا- عێراقی چاودێر کراوی نەگرت بێ، بۆ یێکا هەر زوو و بۆ بەرەو دوا ڕۆژنامەکەی ڕاگیرا و لەکار کەوت!

وێڕا -وەک پڕ باوەڕم- هەر هاوبیرەکانی ئەو بوون کۆمەڵەییێکی سیاسیی نهێنیی؛ (کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردان - س ١٩٢٦ز. سلێمانیی) یا دامەزراند! کۆمەڵە وەک بەرنامەی سیاسی دیارە و دامەزرێنەکانی نێویان ونە؛ بێ سڵەمینەوە جەخت بۆ (پاراستنی مافەڕەواکانی کورد) دەکات، بەڵام سەیر ئەوەیە؛ (بۆ پێشکەوتنی میللەتی کورد، ڕەهبەری خۆی ئەمڕۆ حوکوومەتی بریتانیا دەناسێ!!). کەچی بەئەو باوەڕەشەوە - دوای ناسینەوەی لە لایێن موتەسەرڕیفیەتی سلێمانییەوە- قەدەغە کراوە و بۆ بەرەو دوا پەک خراوە! (بۆ تێ گەیشتنی بنۆڕە ئەم کتێبە: بەرنامەی سیاسی جەمعیەی پێشکەوتنی کوردان!).

هەر لە ئەوێ دەمێدا، دەمودەست -وەک لە بریی کۆمەڵەی پێشکەوتن بێ!!- سێ کەسی ناسراو و ڕۆشنبیر و لایێنگری مستەفا پاشا یامەلکێ، داوایان داوە بەوەزارەتی کاروباری نێوخۆیی عێراق بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەییێکی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵیی بەنێوی (کۆمەڵی زانستیی کوردان - سلێمانیی)یەوە و وەزارەتەکە لە ١٩٢٦/٢/٢٤دا ڕێگەی پێ دراوە! وێ دەچێ بریتانیا - عێراق ئەم کۆمەڵەیە و هاوتایان پەسەند بووبێ بۆ بەرگرتن، هەروەها چاودێری کردنی هەر جموجۆڵێکی سیاسیی نهێنیی و نواندنی لافێ گۆیا ڕێزی ڕۆشنبیریی کورد دەگرن، بۆ یێکارێگەی دامەزراندنی هەمان کۆمەڵەیان داوە لە (کەرکووک، پردێ/ ئاڵتوون کۆپری)دا![٩٧]

هەر لە ئەو ڕۆژگارانەشدا، لە کۆنە پێتەختی میرنشینی سۆران؛ (ڕواندز)دا، بۆ یێکەم جار لە مێژوویدا، نەتەوەپەروەر حسێن حوزنی موکریانی، بەڕەنج و دەرامەتی خۆیەوە

چاپخانەییێک و گۆڤار - مانگانە!!-ی کوردیی (زاری کرمانجی - ژ: ١، ١٩٢٦/٥/٢٥ز - س ١٩٣٢ز) دامەزراند کە لە پێناوی بیری نەتەوەیی و وشەی کوردییدا چەرمەسەریی و ماڵ کاوڵ بوون، گرتنی چێژت! بەر لە ئەمیش ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی گۆیا سەر بەشارەوانیی سلێمانیی، لە لاییێن موتەسەڕریف و سەرۆکی کۆمەڵی زانستییەوە نێوەکەی گۆڕدرا بۆ (ژیان - ژ ١، ١٩٢٦/١/٢١ز - ژ ٥٥٣، ١٩٣٨/٣/١٠د. سلێمانیی) کە وێڕای دەرنەکەوتنی نێوی کەسێ، وێ دەچێ -بەپێی قسەی خۆی- دوای ماوەییێکی کەم، پیرەمێرد بووبێت بەخاوەند ئیمتیازی، کە هەر ئەو لە ١٩٢٦ز - ١٩٢٨ز - ١٩٧٣ز.دا، جارێ باوەڕپێکراو و جارێ سەرۆکی کۆمەڵی زانستیی بووە!

دزە دابەشکەرەکانی کوردستان، لە ئەو هەلانەدا کەوتبوونە گەرمەی خۆسازدان بۆ بەرگرتن و سەرکوتکردنی هەموو جۆرە خەباتێکی سیاسی و بەتایبەتی چەکداریی گەلی کورد. لە ئەم پێناوەشدا بێ سڵەمینەوە کەوتنە پەیمان گرێدان. بۆ وێنە لە ١٩٢٦/٦/٥ز.دا؛ پەیمانێ لە نێوان بریتانیا و عێراق لە لاییێن و تورکیا لە لاییێکی دییەوە، لە (ئەنکەرا)ی پێتەختی نوێی تورکیادا مۆر کرا.

بەندەکانی؛ بەتایبەتی بڕگەی دوانزەی بەئاشکرا جەخت دەکات؛ (هەردوو لا گفت و پەیمان بەییێک دەدەن کە خۆیان دوور بگرن لە هەر پێوەندییێ کە شێوەییێکی دیپلۆماتی نەرمی هەبێ لەگەڵ سەرخێڵ و شێخ و ئەندامەکانی خێڵە خۆ وڵاتەکەیان. هەروەها هەردوو لا بەهیچ شێوەیێ ڕێگە نادەن لە نێوچەکانی سنووریاندا هیچ جۆرە ڕێکخراوێ، پروپاگەندەیێ، کۆبوونەوەیێ هەڵبکەوێ کە دژی ییێکێ لە ئەو دوو وڵاتە دەکرێ!!).[٩٨] ئەمەش سەرەتای هاریکاریی عێراق - تورکیا بوو لە دژی گەلی کورد و بزاڤی نەتەوەیی ڕستکاریخوازیی!

لە لاییێکی دیەوە، لە ١٩٢٦/٤/٢٦ز.دا (پەیماننامەی دۆستیی و پاراستنی ئاسایش) لە تاراندا لە نێوان تورکیا و ئێراندا مۆر کرا. بەندەکانی ئەم پەیماننامەش سەرگەرمی داڕشتنی سیاسەتێکی هاوبەش بوو لە دژی گەلی کورد و سەرکوتکردنی بزاڤی ڕستگاریخوازی.

بەندی شەشەمی پەیمانەکە ڕادەگەیێنێ؛ (هەردوو لا گفت و پەیمان دەدەن، هەرچی لە وزەیاندا هەیە بەکاری ببەن بۆ کۆتایی پێ هێنانی ئاژاوە و تاوانکاریی و پیلانگێڕی کە



خێڵەکان لە نێوچەکانی سنووردا دەیقەومێنن و هێورییی و ئاسایشی ئەم دیو و ئەو دیوی سنوور دەشێوێنن!!)[٩٩].

پێوەندییەکانی فرانسەی چاودێریکەر -ماندانتۆر-ی سوریا لەگەڵ تورکیا بەرەو پێشکەوتن چوون کاتێ لە ١٩٢٦/٤/٣٠ز.دا، ڕێککەوتننامەی (دۆستیی و پێوەندیی هاوسێیی)ان لە ئەنکەرەدا مۆر کرد.

ڕێککەوتننامەکە ڕۆشنایی دەدات کە هەردوو لا یێکدگیرن (دژی ئەو کەس و ڕێکخراوانە بووەستنەوە کە خەبات و هەڕەشە دەکەن و پەلاماری ییێکێ لە ئەو دوو دەوڵەتە دەدەن!)[١٠٠]. ئەمە وێڕای - پاشکۆی پەیماننامەکە- پرۆتۆکۆڵی ژمارە هەشت بەنێوی (چاودێری سنوور)ەوە کە بڕگە ١-٤ی هەمووی لە دژی خەباتی گەلی کوردە... تەنانەت بڕگەی چوارەمی دەڵێت؛ (ئەگەر هاتوییێکێ یان دەستەییێکی چەکداری تاوانبار کراو بەیاساشکێنی، لە نێوچەکانی سنووری ییێکێ لە ئەو دوو وڵاتەدا هەڵاتن بۆ لای وڵاتی دووەم، ئەوە پێ ویستە وڵاتەکە بەخۆیان و چەک و هەر دەستکەوتێکەوە، تەسلیمی وڵاتەکەی دی بکاتەوە کە ئەوان خۆوڵاتی ئەون!)[١٠١]

لە ئەو هەلانەدا و لە پاییزی ١٩٢٦ز بەدواوە، ڕۆشنبیر، نەتەوەپەروەرەکانی کوردستانی باشوور، کەوتبوونە خۆ، بۆ وێنە کۆمەڵێکی نەتەوەیی سیاسی نهێنی (کۆمەڵە زەردەشت - سلێمانیی) دامەزرا. نەتەوەپەروەر مستەفا سایب. لە ژیننامەی خۆیدا لێی نووسیوە: «خۆی، لەگەڵ هێندێ خوێندەوار و پێ گەیشتوویی وڵاتدا کۆمەڵێکیان پێکەوەنا بەنێوی «کۆمەڵی زەردەشت»ەوە بۆ خزمەتی میللەتەکە و وڵاتەکە! لەگەڵ کوردەکانی سووریا و لوبنان و ئێراندا و لەنێو کوردستاندا، ناسیاویی و هاوبیروڕا، موناسەبەتیان پەیدا کرد و دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامە و نەشەرات بەنێو دێهات و خێڵەکانی کورددا بۆ هەوڵ و تەقەللادانی سەندنی حەق و حوقووقی میللەتەکە و شێخ مەحموودی حەفید ئەندامی کۆمەڵەکە بوو. کۆمەڵەکە هانیان دەدا کە داوای حەق و حقووقی میللەتەکە بکات بەمەرجێ «موختاریەتی ئیدارە» بەکورد بدرێ!)[١٠٢]

هەڵکەوتنی ئەم کۆمەڵەکە، بێ گومان هێندەی شۆڕشی حەفیدزادە مەحموود بۆ بریتانیا - عێراق ترسناک نەبوو، بۆییکا بەرگرتنی ئەو کۆمەڵەیە مەبەستی هەرە گەورەی نەبوو!.

پەیمان و ڕێککەوتنەکانی باس کرا و، دوژمنەکانی پتر بەهێزتر کرد بەتایبەتی بریتانیا - عێراق کە وێڕای بەهێزی و پڕ تیفاقیان و بەکاربردنی نێرووی هەوایی بریتانیای توانا، سیاسەت و پروپاگەندەیان گەرمتر کردبوو!

له لاییێکەوە هەرچی ناتۆرەی خراپە لە دژی حەفیدزادەیان بڵاو دەکردەوە. لە لاییێکی دییەوە سەرخێڵ و دەرەبەگەکان و خوێندەوارە هەلپەرستەکانیان لەخۆ نزیک دەکردەوە، بەڕادەیێ تا خزمانی حەفیدزادەیشیان دەستەمۆ و ڕازیی کردبوو، لێیان کشاندەوە و شێخ قادری برای نموونەیێکی دیارە.

وێڕا خۆوڕاستانیش سیاسەتیان لەگەڵ حەفیدزادە خۆی بەکار دەبرد و نامە و نامەکاریان لەگەڵ دەگۆڕییەوە.

وێ دەچێ حەفیدزادەی بێ دەرامەت و تیفاقی جەنگ و نەبوونی دراوسێیەکی دۆست، هەروەها هەڕەشەکانی ئەو هاوپەیمانانە، هەموو کارێکیان بەحەفیدزادە کردبێت کە باوەڕ بکات شەڕی چەتانە و بەرهەڵستی لە وزەدا نەماوە، هەر بۆیێکا -بەتایبەتی دوای نەرمی نواندنی و ئازادکردنی فرۆکەوانێکی برتانیایی- بەدان و ستاند قاییل بوو و لە نیوەی ساڵی ١٩٢٧ز. دا، دەستی لە شۆڕش هەڵگرت و بەپێی چەند مەرجێکی ساکار و خۆیی، بڕیار درا دەست لە کاروباری سیاسەتی بریتانیا - عێراقەوە وەرنەدات و دوورەوپەرێز لە گوندێکی سەر سنووری کوردستانی خۆرهەڵات دابنیشێت!

وەک بەرەی دوژمنانی کورد ئەم سەرکەوتنەیان بۆ هاتەدی، خانەدان و ڕۆشنبیرە نەتەوەپەروەرەکانی کوردستان، بەهیوای شکاندنی پەرژینەکانی داگیرکەران و ڕاپەڕاندنی ئەوپەڕی جەماوەر و هێنانەدی مافەکانی گەلی کورد، کەوتنەخۆ! ئەوەبوو هەر لە دوای دانیشتنەکەی حەفیدزادەوە، (کۆمەڵ - پارتی خۆیبوون) لە دوای (کۆنگرەی س ١٩٢٧ز. لوبنان) بەسەرۆکایەتی سورەییا بەدرخان -ئەوکاتە لە ئەمریکا دەژیا- خەباتی نەتەوەیی لە بەشەکانی کوردستانی داگیرکراودا گەرمتر و چڕتر بوو، عەلی ئیحسان پاشا ڕاسپێردرا بۆ (لقی کوردستانی باکوور) و جەلادەت بەدرخان بەسەرۆکی (لقی حەڵەب، سوریا) و مستەفا شەوقی ڕەمەزان بەسەرۆکی (لقی بەغداد) و (مستەفا ساییب)یش - وەک بەڵگەی بریتانیای جەخت دەکات - سەرۆکی (لقی سلێمانیی) و محەمەد ڕەمزی، مامەند کەرکووکی سەرۆکی (لقی هەولێر) بوون. وەک بەڵگەنامە بریتانیاییەکەش بەدەستەوە دیارە؛ (کۆمەڵی زەردەشت) پاڵی داوە بەئەم کۆمەڵە نوێیەوە (خۆیبوون) کە بەهۆی و ئەندامێکی ناپاکییەوە، نێوی دەستەی سلێمانیی و هەولێر و ئەندامەکانیان بۆ کاربەدەستەکانی ئینگلیز ئاشکرا و دیسان و بەهۆی بەیاننامەکەوتن لە مستەفا ساییب - سەرەتای ١٩٢٩ز- کۆمەڵەکەی سلێمانیی ئاشکرا بووە و خۆیشی ئاوارەی باژێڕەکانی باکوور و باشوور و نێوەندی عێراق کراوە[١٠٣]



دوای دەست هەڵگرتن و گۆشەگیریی حەفیدزادە، بەڕاستی قۆناغێکی نوێ و بارگران لە ژینی گەلی کوردی باشووردا سەری هەڵ دا!

ڕووداوەکان دەیسەلمێنن؛ بەتایبەتی بەرەی لاییێنگری سیاسەت بەکابردن لەگەڵ بریتانیا و دڵخۆش بەبڕیارە -بڕگەسێ-کەی کۆمەڵەی گەلان، هاتنە پێشەوە بۆ نواندنی جموجۆڵی ئاشکرا تا بەئەو ڕێگەیەی باوەڕیان پێ هەیە، کەم تا زۆر مافەکانی گەلی کورد دەستگیر بکەن.

دەستەییێکی ئەو بەرەیە، چەند ئەندام پارلەمانێکی کورد بوو، لە ئەو ڕۆژگارەدا دەنگ و قەڵەمی بەرز دیاربوو کە بەر لە چالاکییەکانی لە لاییێن ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە ڕەخنەی توندی لێ گیرا.

چالاکیش بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٢٨ز بەدواوە دەستی پێ کرد و محەمەد ئەمین زەکی -مێژوونووس- دەستپێشخەری نواند کە لەمەڕ ناتەواوییەکانی زۆربەی قوتابخانە کەمەکانی کوردی و دواکەوتنی خوێندەواری، هەروەها - بەبەڵگەی ڕاستەوە- لە نیسانی ١٩٢٩ز.دا یاداشتی ڕەسمییانەی داوە بەپارلەمانی عێراق.

لە مانگی نیسانی ١٩٢٩ز. شدا چەند ئەندامێکی دی سکاڵانامەیان داوە بەسەرەوەزیرانی عێراق و بەرەو ڕووی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا، کردووەتەوە! لە ئەم سکاڵایەدا وێڕای داخوازی بۆ دامەزراندنی دەزگەییێکی گشتیی بۆ سەرپەرشتی خوێندن لە کوردستاندا، هەروەها دابین کردنی بودجەی پێ ویست بۆ لیواکانی کورد و دەستکاری کردنی هێندێ قانوونی وەک (قانوونی زەوی و زار)، داخوازییەکی گرنگیان ئەوەیە؛ لیوایێکی نوێ بەنێوی (لیوای دهۆک)ەوە دابمەزرێ و لیواکان؛ (دهۆک، سلێمانیی، کەرکووک، هەولێر یێک بخرێن و دەزگەییێکی گشتیی پشکنین چاودێرییان بکات و پشکنەرەکەش کوردێکی کارامە و توانا بێت؛ موتەسەڕڕیفەکانیش پێوەندی بن و دەسەڵاتی تەواوی هەبێت و ببەسترێتەوە بەپێتەختی حوکوومەتەوە... هتد...!)[١٠٤]

دیسان لە شوباتی ١٩٣٠ز. دا ئەندامەکانی کورد لە پارلەماندا سکاڵانامەیان داوە بەنوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراق و گلەییان لە فەرامۆش کردنی داخوازییەکانی ڕابردوویان کردووە! تەنانەت محەمەد ئەمین زەکیی لە ئەو ڕۆژگارانەدا (یاداشتنامەییێک)ی گرنگی لەسەر مافەکانی گەلی کورد داوە بە (مەلیکی عێراق)ی عەرەب کە گوێی لێ نەگرن.

لە بەرامبەر کرد و کۆشی کورداندا، چۆن کاربەدەستەکانی عێراق دەستیان

بەزمـان و خـوێندن و بڵاوكـردنەوەی كـوردیی كـردووە: (بنۆڕە ئەم كـتـێـبـە و بابەتی: كـێـشـەیێكی سـیـاسی بەنێـوی نووسـینی كـوردییـەوە!)، هەروەها چۆن كـردەوەیێكی ڕاستگۆیانەیان بەرامبەر بڕیار و ڕاسپاردەی كۆمەڵەی گەلان نەنواندووە، بریتانیا - عێراق بیر و هەڵوێستی زۆردارانەیان هەبووە كە بۆ وێنە، هەر لەمەڕ پێكهێنانی لیواییێكی نوێ و یێكخستنی لیـواكـانی كـورد، ئەوهە دوژمنانە و پێـچەوانەی بڕیاری كـۆمـەڵەی گـەلان ڕەفتاریان كردووە.

ئەم بەشـە -بەڵگەنامـە- گـرنگە لە نامـەیێكی نوێنەری باڵای بریتـانیـا لە عـێـراقـدا؛ گـیلبێرت كـلایتن Gilbert Claition بۆ بەرپرسی كـاروباری خـۆرهەڵات سێر جـۆن. ئی. شەكبێرگ Shuckburg ڕاستییەكە دەسەلمێنێت كە نووسیوبەتی:

(٢٢/٤/١٩٢٩

... لە ئەم دواییـانەدا بزووتنەوەیێكی جـوداخـوازی لە لیـواكـانی كـورددا سـەری هەڵ داوەتەوە كە خۆی نواندووە لە ژمارەیێ ئەرزوحاڵنامەی دراو بەمەلیك، سەروەزیران و من و هێندێكیش بەبێ ئیمزا بڵاوكراونەتەوە كە زۆر توندڕەوترن و كۆپییەكـانی ئەوانەش لە لایێن پشكنەرە ئیدارییەكانی نێوچەكانی كوردوە نێردراون.

ئەرزوحـاڵنامـەكـان بەزمـانیكی هێـمن داڕێژراون و بەشـێـوەیێكی سـەرەكـیی باسـیـان داواكردنی دامودەزگەی پەروەردەیی پترە بەزمانی كوردی و یێكخستنی لیواكانی كورد تا نێوچەیێكی جودادا سەربەخۆیان بێ!!

مەلیك هەروەها كۆرنوالیێس، هەردووكیان پێشنیازیان كرد كە ئەم بزووتنەوەیە دەبێت لە سەرەتاكەیەوە پان بكرێتەوە بۆ ئەوەی بایەخێكی گەورەتر پەیدا نەكات... هتد!!)[١٠٥]

بەئەو بیر و بەرنامەیەوە، بریتانیا چ هاوەڵەكانی، هەمیشە خەریكی پیلان چنین بوون دژی گـەلی كـورد. بۆ وێنە لە ٢٩/٦/١٩٢٩ز. دا لە ئەنكەرەدا، لە نێـوان تـوركـیـا و سوریادا پرۆتۆكۆلی (چاودێریی سنوور و زەبت كردنی نەتەوە كۆچەرەكان و گومرگ) مۆر كراوە.

بەپێی دووەم بەندی ئەو پرۆتۆكۆڵە، هەردوو حوكوومـەت گفـتـیـان بەیێك داوە ڕێگە نەدەن بەئەو هێزانەی دەیانەوێ نێوچەكانی سنوور بكەن بەبنكە بۆ خۆسازدان و (جەردەیی و چەتەگـــەریی!!) و دەبـوایە یـێكدی ئاگــــەدار بـكەنـەوە لە بارەی پـەلامـــــاری دەسـتـەچەكـدارەكـانەوە و بەری پەڕینەوەی سنووریان لێ بگرن! بێ گـومـان مـەبەسـتی تایبەتیان هەر كوردە!



بەندی سێیەمیش پەیمانی داوە كە دەسەڵاتدارەكانی نێوچەكانی سنوور و ئەو دەستە چەكدارانە بگرن و لێیان بپێچنەوە كە كاری پەلامار و حەردەییان لێ دەوەشێتەوە!!

بەندی سیانزەیش دەڵێت؛ (هەر هۆزێ دژی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە ڕاپەڕی كە ڕێگەی پێ دراوە بەهارە هەواریی تێدا بكات و دوای ڕاپەڕینەكەی پەنای بردووەتە بەر وڵاتی دووەم، دەبێت چەك بكرێت و لە سنوور دوور بخرێتەوە و بەجۆرێ تەمێ بكرێت كە ئیدی نەتوانێ كاری دوژمنانە لە دژی دەوڵەتی یێكەم بكات!)[١٠٦]

لە لایێكی دیوە لە ساڵی ١٩٢٩ز. دا، پەیمانێكی دەمەكی لە نێوان عێراق و ئێراندا بەسترا كە لە ئەمەدا ئێران باوەڕی بەدەوڵەتی عێراق هێنا و دەستەی دیپلۆماتیان گۆڕییەوە![١٠٧]

بریتـانیـا - عـێـراق هەر لە ئەو هەلانەدا سـەرگـەرمی چنینی پەیمانێكی نوێ بوون. بریتـانیـای چاودێر و دروسـتكەری عـێـراقی عـەرەب، مـەبەسـتی هەرە گـەورەی ژێر دەستەبوونی مـەڵبـەندی كانە نەوتەكان بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵی دی و عێراق بۆ خۆش كردنی زەمینەی پەیمان گرێدان، دەبوو هەڵبژاردنێكی نوێی ئەنجوومەنی نوێنەران - پارلەمـان- سـاز بكات و بۆ ئەو مـەبەسـتـەش كـاروباری هەڵبـژاردنی نوێی بەوەزارەتی عەبدولموحسین سەعدون ڕاسپارد كە ئەم سەروەزیرە لە ١٣/١/١٩٢٩ز. دا خۆی كوشت.

سـەرئەنجام -دوای تـەمـەن كـورتی وەزارەتی ناجی سویدی دوای سـەعـدوون- وەزارەتی نووری سەعید لە ٢٣/٣/١٩٣٠ز. دا هاتە كایەوە كە خۆی سەرۆكایەتی عێراقی كرد لە گوتوبێژكردندا لەگەڵ بریتانیا بۆ پەیمانەكە.

بابەتەكـانی گـوتوبێژەكـانی هەردوولا لە ڕۆژنامـەنووسـیـدا بڵاو دەبوونەوە! یێكێ لە ئەو باسە گرنگانەش كە دەستەیێ كوردانی خاوەند دروشمی (چەكی قەڵەم و موراجەعات)ی دەورووژاند؛ پێـشنووسی پەیمانە نـوێیەكـە بوو كە چ بەندێكی باسی پاراستنی مافەكـانی كوردی تێدا نەبوو![١٠٨]

ئەم باسە كارێكی كرد كە لە سلێمانییدا، دەستەی نێوبراو -بێ قاییل بوونی بەتێكەڵی حەفیدزادە لە ڕیزیدا- كەوتە خۆ و تەگبیـردانان بۆ ناڕەزایی دەربڕین و دووبارەكردنەوەی داخوازیی مافە ڕەواكانی كورد!

ئەو دەستـەیە لە سلێمـانییـدا بەسەرۆكایەتی عـەزمی بەگی بابان بەنێوی (هەیئەتی وەتەنییە)ەوە دامەزرا كە -هەر بۆ وێنە- ئەرزوحاڵنامەیێكی ٢٦/٧/١٩٣٠ز، بەئیمزای

ئەندامەکانیەوە، دوا بڕیاری ئاشکرای کورد دەنوێنێت کە دەڵێت: (داوای دروست کردنی حوکوومەتێکی کورد دەکات لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلان!)[109]

لیژنەی هەمیشەیی چاودێریی -لیژنەی ئینتیداب- لە کۆمەڵەی گەلاندا، دوای کۆمەڵێ ئەرزوحاڵ و یادداشت و بروسکەی داخوازیی ئەو (هەیئەتی وەتەنییە) و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بڕیاری دا ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان ڕابسپێرێ؛ (بۆ ڕەفزکردنی ئەرزوحاڵی ئەشرافەکانی کورد کە داوای دامەزراندنی حوکوومەتێکی کوردی دەکەن لەژێر سەرپەرشتیی کۆمەڵەی گەلاندا!)[110]

جێگەی باسە ئەو داخوازییەی (هەیئەی وەتەنییە) و هاوتای، داخوازیی زۆربەی گەلی کورد بوو کە -هێندێ سەرخێڵی نێوچەی بادینان لێ دەربچێ، بۆ کەڵکی خۆیان پشتیوانی حوکوومەتی عێراق عەرەب بوون - نوێنەرەکانی کەرکووک، سلێمانیی، هەولێر، بەخانەدانی ناسراو و سەرخێڵ و بازرگان و ڕۆشنبر و ڕۆژنامەوانەوە، هەموو یێک دەنگ و بەئاشکرا و ڕووبەڕوو لە کۆبوونەوەدا لەگەڵ سەروەزیرانی عێراق، نوێنەری باڵای بریتانیا، بۆ ئەو ئامانجە نەتەوەیی و ڕەوایە تێکۆشان... بەڵام هەرگیز پەسەند نەکرا و حوکوومەتی عێراقی عەرەب - بەپشتیوانی بریتانیا- ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ز، خۆنیشاندانی جەماوەری سلێمانییان خڵتانی خوێن کرد و خەڵکی بێ گوناه کوشتاری لێ کرا کە بوو بەمۆر بەپەیمانە مۆرکراوەکەیانەوە!.

ئەم پێ شێلانەی مافەکانی کورد و هاواری جەماوەر و ڕۆشنبیرە نەتەوەپەروەرەکان بۆ حەفیدزادە مەحموود، کارێکی ئەوتۆ بەهێزیان هەبوو، حەفیدزادە لە دوای تەشرینی دووەمەو و بۆ چوارەم جار دەست بداتەوە مەشخەڵی شۆڕش! دوای چەند مانگێ کە لە ڕاییلەیدا لەشکرە بەکرێگیراوەکانی ئینگلیز لەهیندی و (لیڤیی)ی، بەیارمەتی نێرووی هەوایی و لەشکری عەرەبی عێراق و بەکرێگیراوەکانی، ئاگری گوللە و تۆپیان بەسەر گەلی کورد و شۆڕشەکەیدا دەباراند، هەر حەفیدزادە خۆی، لە ١٩٣١/٣/٢١ز.دا نامەیێکی بۆ (سەرۆکی کۆمەڵەی گەلان) نارد و داوای لە کۆمەڵە کرد تا (دان بنێت بەسەربەخۆیی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی باشووردا)[111] بەڵام داخوازییەکەی -وەک نامەیێکی دی ٩/ ١٠/ ١٩٣٠ز- پشت گوێ خرا!!

لە لاییکی دیەوە، بەنێوی کۆمەڵێ خانەدان و سادات و ئەفسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانەوە -کە وەکالەتنامەیشیان داوە- کۆنە ئەفسەر و موتەسەڕیفی ساڵی



١٩٣٠ی سلێمانیی؛ تۆفیق وەهبی، نامەیێکی پڕ بەڵگە و داخوازییەکانی گەلی کوردی لە ١٩٣١/٤/١٩ز. دا پێشکەشی (سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە کۆمەڵەی گەلاندا) کردووە -کۆمەڵەی خۆیبوون لە دیمەشقیش پشتی گرتووە- و داخوازیی گەلی کوردی کوردستانی باشووری بە(خۆ حوکم کردنێکی نێو چەپی لە سایەی سەروەری عێراقدا) ڕاگەیاندووە.[112] بەڵام ئەم داخوازییەش کە کەمترین مافە، پشت گوێ خرا!

حەفید زادەی سەرکردەی شۆڕشی نەتەوەیی ئازادیخواز، لە ڕێگەی پەلاماردانی (کەرکووک)دا، دیسان بۆ سەری سێیەم جار، هیوای نەهاتەدی و لە (شەڕی ئاوباریک - ١٩٣١/٤/٥ز)دا شکا! لە ئەم هەلانەدا بریتانیا و عێراق و ئێران - بەتایبەتی لە دوای پەیمانەکەی ١٩٢٩ز.ی عێراق و ئێرانەوە- بڕیاریان دا گەلە کۆمەکێ لە حەفید زادە بکەن! بۆ ئەم مەبەستە پشکنەری ئیداری ئینگلیز لە سلێمانییدا و دەستەی ئەرکانی لەشکری عێراق کە ئەفسەرێکی ئینگیلز و سەرفەماندەی نێوچەی خۆرهەڵاتی لەشکری عێراق بوو، چوون بۆ بازێری (مەریوان)ی کوردستانی خۆرهەڵاتی داگیرکراوی ئێران و لەگەڵ فەرماندەکانی لەشکری ئێران بەشێوەیێ ڕێککەوتن لە ١٩٣١/٥/١٤ز. دا، لەشکرکێشییەکی هاوبەش دژی حەفیدزادە دەست پێ بکەن![113]

لەنیو ئەم دوژمنانەدا حەفیدزادە چاری نەما لە ئەو بەولاوە - ڕۆژێ بەر لە لەشکرکێشییەکە - لە ١٩٣١/٥/١٣ز. دا و لە ئاوایی (پێنجوین)دا خۆی بەدەستەوە بدات! ئیدی بەقۆڵ بەستییەوە ڕەوانەی پێتەخت کرا و تا ساڵی ١٩٤١ز بەدەست بەسەرییەوە لە بازێڕەکانی باشوور و نێوەندی عێراقی عەرەبدا ژیا!

بەئەم شێوەیە لە لاییکەوە؛ ساغ بووە و کە بەیێکییەتی گەل و شۆڕشی چەکداری سیاسەت زان نەبێ، بریتانیا و داگیرکەرەکان نایێنە ژێر بار و بەتەنێ چەکی قەڵەم و موراجەعات بەرناگرێ!

لە لاییکی دیەوە؛ ڕوون بووەوە کە بەپیلانی ورد و نامرۆڤانەی بریتانیا و کوشت و کوشتاری زاڵمانەی خۆی و دسکەلاکانی، داخوازیی گەلی کوردستانی باشوور بۆ دامەزراندنی (دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردستان) تەنانەت کۆششێ بۆ (خۆ حوکم کردنێکی نێوچەیی)ش، بەڕواڵەت -نەک بەهیوا- پێ شێل و سەرکوت کرا!

ئەو کارەساتەش بەتەنێ کۆششێکی نەتەوەیی کورد نەبوو، بەڵکو لە لاییکی دیەوە، شۆڕشگێڕی کوردستانی خۆرهەڵات (سمکۆی شکاک) لە ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٠٩ی.خ/

٢٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ز، بەپیلان و تەڵەیێکی سەرلەشکری عەجەمی ئێران، شەهید کرا![١١٤]

لە لایێکی دیەوە، ڕەگەزپەرستەکانی تورک بۆ پەلاماردانی (شۆڕشی ئاگری داغ)ی کوردستانی باکوور، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨ز-١٩٢٩ز.دا دوو پەلاماری سەربازییان دا و شکان، بەڵام بەپشتیوانی فڕۆکە و تانک و تۆپ و نزیکەی سەد هەزار سەرباز، لە نێوان ٦/١٣ - ١٣/٧/١٩٣٠ز. دا دەیان گوند کاول بوون و سووتان و پتر لە ١٥,٢٧٧ خۆ وڵاتی بێ چەکیش شەهید کران و شۆڕشەکەی دامرکایەوە. جێگەی باسە یێکێ لە هاودەنگەکانی ئەو شۆڕشە نەتەوەییە، شێخ ئەحمەدی بارزان بوو، ئەوێ -بەپێی بەڵگەنامەی بریتانیایی- تورکیا داوای لە بریتانیا و عێراق کردبوو، سەرکوت بکرێت![١١٥]

هەر شێخ ئەحمەدی بارزان لە کوردستانی باشووردا -وێڕای جودایی بەرنامە و ئامانجی لەچاو شۆڕشی حەفیدزادە- لە مانگی کانوونی یێکەمی ١٩٣١ز. دا، شۆڕشێکی چەکدارانەی لە دژی ڕژێمی عێراقی عەرەبی هاوپەیمانی بریتانیا دەست پێ کرد، بەڵام نێرووی هەوایی بریتانیا و لەشکری عێراقی، ناچاریان کرد لە ١٩٣٢/٥/٢٢ز. دا، خۆی بدات بەدەست تورکەوە کە دوای چەند ڕۆژێ زیندانیان کرد و زۆربەی هاوەڵەکانی درانەوە بەعێراق. تەنانەت لە بەهاری ١٩٣٣ز. دا، شێخ ئەحمەدی بارزان خۆیشی درایەوە بەعێراق![١١٦]

جێگەی لەبیر نەچوونەتەوەیە، لە ماوەی (شۆڕشی ئاگری داغ)دا، هەر سەرکردەکەی ڕۆژنامەیێکی کوردی و زمانحاڵ؛ (ئاگری: ١٩٢٩ز - ١٩٣٠ز)ی دەرکرد. هەواڵیش بەدەستەوە هەیە کە ڕۆژنامەیێکی دیش (گازیا وەڵات)یش دەرچووە.[١١٧]

لە نێوان ١٩٣٠ز - ١٩٣٢ز. دا، حوکوومەتی عێراقی عەرەب، هێندێ هەنگاوی نا بۆ جوان کردنی وێنەی خۆی لە لای گەلی کورد. بۆ وێنە (موفەتێسیشیەتی مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان - نێوەندی ١٩٣٠ز)ی دامەزراند لە کەرکووکدا بۆ سەرپەرشتی قوتابخانە کوردییەکان. هەروەها لە هەمان باژێڕدا ڕێگەی دا شارەوانیی کەرکووک ڕۆژنامەیێکی چەند زمانی بەنێوی (کەرکووک)ەوە دەربکات کە حەوتۆیی و چەند لاپەڕەیێکی کوردی بووتە تا درەنگانێکیش هەر ژیا. دیسان لە ڕاییێڵەی قانوونە چڵەکەیدا: (قانوونی زمانەکانی نێوخۆ - س ١٩٣١ز)، زمانی کوردی بەڕەسمی ناسیی. هەروەها ناچارما لە ١٩٣٢/١/٢٨ز. دا بڕیار و بەڵێن بدات بەکۆمەڵەی گەلان کە لە



(قەزا کوردنیشنەکانی مووسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانییدا، زمانی کوردیی لە خوێندندا هاوشانی زمانی عەرەبیی بێ!!)

شایانی باسە، بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠ز. دا، لەگەڵ دانانی تۆفیق وەهبی بەموتەسەڕڕیفی سلێمانیی، جموجۆڵێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕادەربڕین و بووژاندنەوەی (کۆمەڵی زانستی) و دامەزراندنی (کۆمەڵی ژنان) و پارە کۆکردنەوە بۆ کڕینی چاپخانەی تایبەتی - کە نەکڕدرا- بۆ کۆمەڵی زانستی، ڕوویان دا و هەڵکەوتن... بەڵام دوایی بەهۆی ڕاپەڕینەکەی ٦ی ئەیلوولی خوێناوییەوە، بارەکە تووشی پاشەکشێ بوو، تەنانەت بەر لە ڕاپەڕینەکەوە موتەسەڕڕیف لێ خرا و بەدەست بەسەریی گێڕایانەوە بۆ بەغداد. لە ئەوەش پتر، کۆمەڵی زانستیی - بەبیانووی تێکەڵیی لە ڕاپەڕینەکەدا- بێ هەڵوەشاندنەوەی پەکخراو تا ساڵی ١٩٣٢ز نەکەوتەوە سەرخۆی. هەر لە ئەم ساڵەدا گۆڤاری (زاری کرمانجی)ش ڕاگیرا!

هەر لە ئەو ڕۆژگارانەدا یێکەم یانەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کوردیی لە بەغدادا (یانەی سەرکەوتن - مارتی ١٩٣٠ز) لە بەغدادا دامەزرا بەسەرۆکایەتی مەعروف جیاووک، بەڵام ئەمیش لە دوای ساڵی ١٩٣٢ ز.-ەوە بەرەو چالاکی نواندن، ملی نا!!

١/٨/١/٤- ١٩٣٢ز - ١٩٣٨

کە کۆمەڵەی گەلان (؟؟) بەپشتیوانی دابەشکەر و داگیرکەرەکانی کورد و کوردستان دەرچوو، ئەم گەل و نیشتمانە زۆر لێ کراوە، بریندار و بەتەنێ مایەوە...

دوژمنان وەک لە گیانی نەبەزیوی ئەم گەلە تۆقابن، هەمیشە بێ سرەوت و بەچەپ و بەڕاست هەر لە کرد و کۆش و پیلان و پەیمان گرێ داندا بوون!

در. جەبار قادر لە لێکۆڵینەوەیێکی، پەردەی لەسەر تەقەللاکانیان لاداوە و دەگێڕێتەوە؛

فەیسەڵی پاشای عێراقی عەرەب، لە ساڵی ١٩٣٢ز.دا، دیدەنی (تاران)ی کرد، هەوڵی دا سیاسەتێکی سێ قۆڵی؛ ئێرانی -تورکی- عێراقی بەرامبەر بەکورد و پێویستی پاراستنی (ئاسایش!!) لە ئەم دیو و ئەودیوی سنوورەکاندا بەکارببرێت! هەرسێ لاش بەگەرمییەوە پێشوازییان لە ئەو هاوەڵبەندییە ناپیرۆزەیان دژی گەلی کورد کرد. لە ١٩٣٢/١/٢٣ز.دا (ڕێککەوتننامەی سنووری) لە نێوان تورکیا و ئێراندا مۆر کرا. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە هێندێ لە بنارەکانی (چیای ئاگری) دران بەتورکیا بۆ ئاسان کردنی هەوڵەکانی سوپای تورک لە دژی ڕاپەڕیوەکانی ئاگری داغ.

هەر لە ١٩٣٢/١١/٥ز.دا بۆ پەرەپێدانی دۆستایەتی نێوان تورکیا و ئێران (پەیمانی دۆستایەتی و هاریکاریی ئابووری و بێ لایێنیی) لە ئەنکەرەی پێتەختدا گرێ درا!

دوای ئەوە -بەمانگێک- لە ١٩٣٢/١٢/٩ز.دا، هەر لە ئەنکەرەدا (پرۆتۆکۆڵی ئاڵوگۆڕکردن و بەدەستەوەدانی تاوانباران) مۆر کرا. لە دوای ئەوەشەوە تورکیا، حوکوومەتی ڕەزا شای پەهلەوی قایپیل کرد کە خێڵی (جەلالی) لە سنوورەکانی تورکیا دوور بخاتەوە. بەپێی هێندێ سەرچاوە، ئەو خێڵە بۆ نێوچەی ئەسفەهان دوورخرایەوە!

ئەو کەین و بەینانەی نێوانیشیان، هەمووی لە کاتی ڕاپەڕینی ئاگری داغدا بوو.

هەروەکو ئاشکرایە، ئێران یارمەتییەکی زۆری سوپای تورکی دا کاتێ کە ڕێگەی دا بەهێزەکانی تورکیا بەخاکی ئێراندا تێ بپەڕن و پشت لە ڕاپەڕیوەکان بگرن و ڕێگەی هاتوچوونی لۆجستیان لێ بگرن!

بەر لە گرێدانی ئەو ڕێککەوتنەش، پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران هێندێ ئاڵۆزیی تێ کەوت بوو، بەتایبەتی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی تورکیا هەڕەشە و گڕۆشە لە ئێران دەکرا گۆیا هاریکاریی ڕاپەڕیوەکانی کورد دەکات، بەڵام وەک هەمیشە، لەسەر حیسابی کورد، هەردوولا ڕێککەوتن و بۆ پتر پتەوکردنی دۆستایەتیشیان شای ئێران لە ساڵی ١٩٣٤ز.دا، دیدەنی ئەنکەرەی کرد و هەمیشە ئاشکرای دەکرد کە؛ گەلێ بەلایەوە گرنگە، پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا بەهێز بێت و نابێت هیچ کۆسپ و تەگەرەیێکی سنوور ڕێگەی بەهێزبوونی پێوەندییەکان بگرێت![١١٨]

در. جەبار قادر لە لێکۆڵینەوەیدا پتر دەڵێت؛ دەتوانم بڵێم کە ئەو پەیمانانەی کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکان، زەمینەی (پاکتی سەعد ئاباد)یان دروست کرد. بەڵام بەر لە گرێ دانی پەیمانی سەعد ئاباد، چەند ڕێککەوتننامەی دوو قوولی گرێ دران کە هەموو لاکانی بەیێکەوە گرێ دا و ئەرکی دامەزراندنی (بلۆکی خۆرهەلاتی نێوەند)ی ئاسان کرد. بۆ وێنە لە مانگی نیسانی ١٩٣٧ز.دا لە تاراندا، ڕێککەوتننامەیێ بەنێوی (پاراستنی ئاسایشی نێوچەکانی سنوورەکانەوە) لە نێوان ئێران و عێراقدا گرێ درا و هەر ئەمیش دژی کورد بوو.

لە ئەو هەلانەشدا بوو کە (پەیماننامەی سنوور)ی نێوان ئێران و عێراق گرێ درا و کێشەکانی نێوان هەردوولا، بەتایبەتی (شەتولعەرەب) چارەسەر کرا! دوا بەدوای ئەمە (پەیمانی بەگژیێکدا نەچوون) لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق لە بازێڕی (ژنێڤ)ی



سویسرادا گرێ درا و کاتێ کە ئەفگانستان چووە پاڵی، پرۆژەی (سەعد ئاباد) لە دایک بوو. دیسان هەر لە ئەو ساڵەدا (پرۆتۆکۆڵی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان)یان مۆر کرد!

بەئەو شێوەیە زەمینەی (پەیمانی سەعد ئاباد - ١٩٣٧/٧/٨ز) خۆش بوو کە وەزیرانی دەرەوەی تورکیا و ئێران و عێراق و ئەفگانستان بەنێوی (پەیماننامەی بەگژیێکدا نەچوون)ەوە لە کۆشکی سەعد ئابادی تاراندا مۆریان کرد!

ئەوەی - لە ڕیزی ماددەکانیدا/K -پێوەندی بەکوردەوە هەیە، بەندی حەوتە کە دژی گەلی کورد و بزاڤە ڕستگاریخوازەکەیەتی و هەمان بەندی هەمیشەیی پەیمانەکانی نێوان دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دووبارە دەکاتەوە.

لە ئەو بەندەدا هاتووە؛ (مۆرکەرانی پەیمانەکە سۆز دەدەن کە هەر لایێنە لە نێوچەی دەسەڵاتی خۆیدا هەرچی کارێکی لە تواناادا هەیە، بەکاری ببات دژی دامەزراندنی دەستەی چەکدار و کۆمەڵ و ڕێکخراو و چالاکییەکانیان کە هەوڵ دەدەن دەزگەکان لەنێو ببەن و بۆ سەروەریی و ئاساییش ترسناکن، چ لە نێوچەکانی سنووری دەوڵەتانی مۆرکەری پەیمانەکەدا بێ یان لە هەر جێگەیێکێ دی ئەو وڵاتانەدا بێت).

هەموو نووسەرانێ کە لە ئەم بەندەی سەعد ئابادیان کۆڵیەوەتەوە بیروباوەڕیان یێکدگیرە کە ئەم پەیمانە ئەوە ڕادەگەیێنێ؛ دوژمنانی کورد چ داگیرکەران و چ پشتیوانەکانیان، بەئاشکرا هێزەکانی خۆیان یێکخست و بڕیاری خنکاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان دا!.

تەنانەت ڕۆژنامەی تایم The Time - ١٩٣٧/١٢/١٠ز-ی ئینگلیزیی، مەبەستی ناحەزانەی پەیمانەکەی بەرامبەر بەکورد ئاشکرا کردووە کە دەڵێت؛ (پەیمانی ئاسایی - سەعد ئاباد/ جەبار - دەبێت ڕێگە نەدا دۆزی کورد ببێ بەهۆی کێشە و ناکۆکی لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراقدا. واتە ئەو وڵاتانەی دانیشتووەکانیان کوردیان تێدا هەیە و گەلێ سەرئێشەیان لەگەڵ ئەم چیانشینە بزێو و سەر بەگۆبەندانەدا هەیە!).

هەر لە ئەو کاتەشدا و بۆ پاساوی پەیمانەکە و هاریکاری دژی گەلی کورد، کەمالییەکان هێندێ پروپاگەندە و درۆ و دەلەسەیان بڵاوکردەوە گۆیا یێکییەتی سۆڤیەت یارمەتی کوردەکانی دەرسیمی داوە![١١٩]

ڕاستییەکەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی (دەرسیم - س ١٩٣٧ز) بەسەرکردایەتی سەیید

ڕەزا کە وەک ڕاپەڕینەکەی کوردەکانی (دیاربەکر – س ١٩٣٤ز) بەشێوەیێکی دوڕندانە لە لایێن کەمالییەکانەوە سەرکوت کرا و ئەو ڕەگەزپەرستانە تا قەڵاچۆکردنی خەڵکی نێوچەی (دەرسیم)یان گرتەبەر، دەڵێم ڕاپەڕینەکەی دەرسیم چ دیاربەکر، وەڵامێکی مەنتیقیانە بوو بۆ داگیرکەران کە گەلی کورد سەد هێندە کوشتار و گەلە کۆمەکێ و پەیمان گرێ دانانی دوژمنانی بەرەو ڕووبێ، هەرگیز چۆک دانادات و داوای مافەڕەواکانی خۆی دەکات... تەنانەت وێنەی سەیید ڕەزا کە بەدەستی خۆی پەتی سێدارەی کردە مل و هاواری کرد؛ «ئێوە هێشتا لەگەڵ کورد تەواو نەبوون، گەلەکەم تۆڵەی من دەکاتەوە!»[١٢٠]؛ ئەمە وێنەی سەربەرزی و باوەڕی پتەوی گیانی ئینسانی کوردە!

لە کوردستانی باشووردا، حوکوومەتی مەملەکەتی عێراقی عەرەب، بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی خۆی، سەرگەرمی دامەزراندنی لەشکرگە و بنکەی پۆلیس و پەرەپێ دانی بڵاوکردەوەی فەرمانبەری عەرەب بوو. لەلایێکی دییەوە بەرۆشنایی ئەو گفت و بەڵێنانەی دابووی و لە ترسی ڕاپەڕینی گەلی کوردیش، ناچار –بەشێوەیێکی خاو– لای لە کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنی کوردیی قوتابخانەی سەرەتاییەکانی بڵاوکردنەوەی هێندێ نێوچەدا کردەوە کە بێ گومان مەبەستێکی گەورەی خۆی، سەپاندنی بەرنامەی خوێندنی عەرەبی بوو.

هەروەها بەناچاریش، ڕێگەی دەدا –بێ توخن کەوتنی سیاسەت– هێندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەربچن.

لە بەرامبەریەوە، گەلی کورد هەر لە نێوان ١٩٣٢ز – ١٩٣٨ز.دا کرد و کۆششی سیاسی و نهێنی و چالاکی ڕۆشنبیری دەنواند.

بۆ وێنە چوار ئەندامی هەیئەتی وەتەنییەی بەسەرچوو، بەسەرۆکایەتی حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا، کۆمەڵەییێکی سیاسی نهێنی (فیدایی نیشتمان؛ ١٩٣٥ز – ١٩٣٦ز، سلێمانیی)یان دامەزراند، بەڵام دواتر وەکو هەواڵی دەستکەوتی خۆیان لە نێو پارلەمان و دەزگەکانی دەوڵەتدا بەدەستەوە هەیە، هەواڵی کاریگەریی کۆمەڵەکە دەنگی نییە!

هەروەها لەتیفی حەفید زادە مەحموود لەگەڵ چەند دۆستێکی، کۆمەڵەی سیاسی نهێنی (برایەتی؛ ١٩٣٧ز – ١٩٣٩ز. سلێمانیی)ی دامەزراند کە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان بوو!

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٧ز.دا (کۆمەڵەی دارکەران –هەولێر) نهێنی لەلایێن



کۆمەڵێ نەتەوەپەروەرەوە دامەزرا کە توانی لە کەرکووک و سلێمانییشدا لقی خۆی بەنهێنی بکاتەوە! لە لاییێکی دییەوە لاوە نەتەوەپەروەرەکانی کورد لە سلێمانییدا کۆمەڵەی نهێنی (ئازادی کورد – س ١٩٣٨ز)یان دامەزراند![١٢١]

جێگەی باسە نەتەوەپەروەرانی دی، لە هەلی هەڵگەڕانەوە سەربازییەکەی سەرتیپی دووەمی لەشکری عێراق، بەکر سیدقی – ڕەگەز کورد– لە ١٩٣٦/١٠/٢٩ز بەدواوە ڕەنجیان داوە. لە ئەم ڕووەوە مستەفا سایبی نەتەوەپەروەر لە ژیننامەی خۆیدا – بێ نیشاندانی نێوی کۆمەڵێکی سیاسی!! –باس دەگێڕێتەوە و دەڵێت؛ (کە ئینقیلابەکەی بەکر سیدقی ڕووی دا، خۆی و هاوڕێکانی زۆر هەوڵیان دا و بۆ بڵاکردنەوەی سەندنی حوقووقی کورد و «موختارییەتی ئیدارە!» بۆ کوردستانی عێراق. دیسان بەیاننامە و نەشەراتیان بەنێو خەڵکی شارەکان و دێهاتەکان و هێندێ عەشاییێر کە لە حەرەکاتی میللییدا تێکەڵاوییان هەبوو، بڵاوکردەوە. کە حوکوومەت فەرقی بەم جووڵانەوەیە کرد، گۆڕییان – خۆی لە سلێمانییدا بوو/k –بۆ حیللە و کەربەلا، دوایی بۆ بەغدا لە ١٩٣٨ز.دا)[١٢٢]

لە ڕووی خەباتی قەڵەمەوە؛ لە نێوان ١٩٣٢ز – ١٩٣٨ز.دا، ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەرە نەتەوەپەروەرەکان و دڵسۆزانی پێشکەوتنی کورد وەک ئیسماعیل حەقی شاوەیس، پیرەمێرد، حسێن حوزنی موکریان، زێوەر، ساڵح قەفتان، عەبدولواحێد نووریی، عەلی باپیر ئاغا، فایێق بێکەس، محەمەد ئەمین زەکی مێژووناس، گۆران، نووری شێخ ساڵح و هتد... کەوتبوونە خۆ بۆ بووژاندنەوەی مێژوو، کەلەپوور، زمان و ئەدەبیات، هەروەها بۆ داهێنانی بیر و جۆرەکانی ئەدەبی نوێ بەگوتار و شیعر و چیرۆک و شانۆنامەوە.

ئەوی زۆر لەبەرچاو و دەوری کاریگەری بووە، بزاڤی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردییە! بۆ وێنە ڕۆژنامەی (ژیان – س ١٩٣٢ز) کە سەر بەشارەوانی بوو، کەوتە ژێر چاودێریی پیرەمێرد کە هەر خۆی لە ١٩٣٤/٨/١٤ز.دا، بەشێوەیێکی ڕەسمیانە، ڕۆژنامەکەی هێنایە سەر خۆی و چاپخانەکەی شارەوانیش بەکرێ گرت و لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە و بابەتەکانی گەورەتر و چڕتر کرد و خەریکی بڵاوکردنەوەی نووسین بەلاتینی بوو، بەڵام بەئەو بیانووە و هی دییەوە، لە ١٩٣٧/٨/٣ز.دا کە شارەوانی مۆڵەتی بەکرێ دانی چاپخانەکەی بۆ نوێ نەکردەوە و ناچار خۆی (دووەم چاپخانە)ی کڕی و دایمەزراندو لە ١٩٣٧/٩/٢٠ز.دا کەوتەوە دەرکردنی (ژیان) کە لە

١٠/٣/١٩٣٨ز.دا ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیشی لێ سەندرایەوە. پیرەمێرد هەر کۆڵی نەدا و دیسان ئیمتیازی ڕۆژنامەیێکی نوێی؛ (ژین)ی وەرگرت کە لە ٢٦/٧/١٩٣٩ز.دا یێکەم ژمارەی -بەخۆشەویستی ڕۆژنامەی (ژیان)ەوە بەڕستی ژمارە (٥٥٤)ەوە -بڵاوکردەوە کە تا ماڵئاوایی لە ١٩/٥/١٩٥٠ز.دا هەر خۆی دەریکرد و دواتریش تا سەرەتاکانی ١٩٦٢ز، خزم و کەسەکانی دەریانکرد!

جێگەی باسە وێڕای بوونی پیرەمێرد بەسەرۆکی زانستی لە نێوان ١٩٣٣ - ١٩٣٨ز.دا کە بزاڤی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و هونەری گەرم کرد، هەروەهاش لە مێژووی نوێی سلێمانیی و کورددا (جەژنی نەورۆز)ی بووژاندەوە و -خۆی گوتەنی- مەبەستی بوو؛ (ئاگری نەورۆز ڕێ گوزەری ئاییندەکانی ڕوون بکاتەوە!)

هەر لە نێوان ١٩٣١ز - ١٩٣٨ز.دا جووتە نەتەوەپەروەری کارامە؛ مستەفا سایب و تایێر بەهجەت مەریوانیی (کوردی و مەریوانی) بەدەرامەتی خۆیانەوە پرۆژەی دانان و وەرگێڕاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردییان بەنێوی (نەشریاتی کوردی و مەریوانی)یەوە بەجێ هێنا کە لە ئەو ماوەیەدا «١٣» چاپکراویان بڵاوکردەوە لە ڕاییڵەیدا یادگاری شاعیرە کۆنەکانیان بووژاندەوە، هەروەها چەند وێنەیێکی ئەدەبی ئەوروپاشیان -بەچیرۆک و ڕۆمانەوە- ئاشنا کرد! هەر لە ساڵەکانی ١٩٣٣ز - ١٩٣٤ز.دا (لاوانی کورد) لە بەغدادا دوو بڵاوکراوەی شێوە گۆڤاریان بەنێوەکانی (یادگاری لاوان) و (دیاریی لاوان)ەوە لە بەغدادا چاپ و بڵاوکردەوە و دەنگێکی نوێی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیان بەرز کردەوە. لە باژێڕی هەولێریشدا -بۆ یێکەم جار لە مێژوودا- گۆڤارێکی کوردی؛ (ڕووناکی - ژ: ١؛ ٢٤/١٠/١٩٣٥ز - ژ: ١١؛ ١٦/٥/١٩٣٦ز) لە لایێن پارێزەر شیت مستەفا و بەسەرپەرشتی خۆوڕاستانی نەتەوەپەروەر حسێن حوزنی موکریانی دەرچوو کە لە ئەم مێژووەوە هونەری چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیی لە ئەو باژێڕە دێرینەدا بنچینەی دامەزرا!

جێگەی یادکردنەوەیە؛ حسێن حوزنی لە نێوان ١٩٢٩ز - ١٩٣١ز.دا کۆمەڵێ دانراوی مێژوویی کوردی چاپ و بڵاوکردەوە کە بۆ ئەو ڕۆژگارانە و هەمیشەش نرخێکی گەورە و گرانیان هەیە!

هەر لە سلێمانییداک شارەوانیی سلێمانیی - لە ڕاییڵەی بەربەرەکانێی پیرەمێرددا- ڕۆژنامەیێکی حەوتۆیی (!!) کوردیی؛ (زبان - ژ: ١، ی دەرکود کە، مامۆستا و ڕێبەری قوتابخانەی شەوانەکەی (کۆمەڵی زانستی) ساڵح قەفتانی مێژووناس سەرپەرشتی کرد!



هەر قەفتان خۆیشی -پرۆژە سەرنەگرتووەکەی کۆمەڵی زانستی بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیێ یان گۆڤارێ- بەئیمتیاز و سەرپەرشتی خۆی، یێکەم گۆڤاری سلێمانیی؛ (زانستی - ژ: ١، ٢٥/٢/١٩٣٨ز)ی لە سلێمانییدا دەرکرد کە مخابن دوای ئەو ژمارەیە، بەری خزمەتی لێ گیرا!!

لە کوردستانی باکووردا، وەک هەموو جموجووڵێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردیی قەدەغە بوو، گەلێ ڕۆشنبیری نەتەوەپەروەری دڵسۆز، ئاوارە بوون کە نەوەی بەدرخان پاشا لە ڕیزی پێشەوە بوون. ئەوجا جەلادەت بەدرخان کە لە سوریادا گیرسایەوە، کەوتە خەبات قەڵەم و کاری ڕۆژنامەنووسی و گۆڤاری بەنرخی (هاوار - ١، ١٥/٥/١٩٣٢ز - ژ: ٥٧؛ ١٥/٨/١٩٤٣ز)ی دەرکرد کە نووسەر و شاعێرەکانی کوردستانی باشووریش - بەگوتار و شیعرەوە- هاریکارییان کرد. هەر ئەم زاتە و کامەرانی برایشی، لە ئەو هەلەوە لە شام و لوبناندا، بنچینەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیان بۆ دواڕۆژ دانا و بەبڵاوکراوەکانیان نووسینی کوردی لاتینیشیان باو کرد!

١/٨/١- ٥/١/ ١٩٣٩ز - ١٩٤٦ز

لە یێکەم جەنگی گێتیدا؛ بەشی هەرە زۆری دەستکەوتە کانەکانی نەوت، ڕێگەوبانی دەریایی، بازاڕ، بنکەی نێرووی هەوایی تا دەسەڵاتی سیاسی بەر بریتانیا و بەشێکی دی بەر فرانسە و هێندکۆکەیێ نێوچەی بەگێچەلیش لە سنووری نەمسادا بەر ئیتالیا کەوت!

لە ماوەی بیست ساڵی دوای جەنگەکەشەوە، ئیتاڵیا کە خۆی بەکەم بەش و دڵتەنگ لە دەسەڵاتی دەریایی و سیاسی کۆنە هاوپەیمانەکانی دەزانی، هەروەها ئەڵەمانیای دۆڕاو و پەرۆشی تۆڵەسەندنەوە و دەسەڵات گرتنەوە؛ هەردووکیان خۆیان کۆک و پۆشتە کرد، چ لە ڕووی ئابووری و پیشەسازیی و سەربازییەوە، چ لە ڕووی گردکردنەوە و ڕاکێشانی ئەوپەڕی جەماوەریانەوە.

بەنیتۆ مۆسۆلینی Mossulini Benito لە ئیتاڵیادا پارتی (فاشیزم Fashisim - س ١٩١٩ز)ی دامەزراندن و لە ١٩٢٢ز. شدا دەسەڵاتی گرتە دەست.

ئەدۆڵف هیتلەر Adolf Hitler یش پارتی نازیزم Nazisim - س ١٩٢٠ز)ی دامەزراند و لە سەربازێکی یێکەم جەنگەوە هەڵکشا و بوو بەسەرۆکی پارتەکە و لە نێوان ١٩٣٣ز - ١٩٣٤ز. شدا بوو بەڕاوێژکار، ئەوجا بەسەرۆکی باڵای ئەڵەمانیا.

ئەم جووتە بەهێزە هەرگیز بەئەو نەخشەیەی بریتانیا و فرانسە لە گێتییدا قاییل نەبوون،

تەنانەت ئەڵەمانیا کە بەرزیی ڕەگەزی (ئاریی) لە دەماردا بوو، دەیویست خۆی جێگەی ئەوان بگرێتەوە و هەموو ڕێگەوبان و بازاڕێ، تا دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری وڵاتان، بکەونە ژێر دەستی و بەتیلەی چاوی ئەو ببزوێن!!

ناکۆکییەکان و خۆسازدان بۆ جەنگێکی نوێ بەبەر چاوانەوە دەدرەوشانەوە و پێشبینی هەڵگیرسانی دەکرا. ڕاستییەکەیشی لە ١٩٣٩/٩/٣ز.دا دووەم جەنگی گێتیی قەوما.

جەنگەکە لە کورد و کوردستانەوە دوور بوو، بەڵام بەهۆی تێکەڵی دووەم جەمسەری جەنگەکەوە -بریتانیای هاوپەیمانی مەملەکەتی عێراقی عەرەب- کاریگەریی بۆ چارەنووسی کورد و نیشتمانەکەی هەبوو!

گەلی کوردی دابەشکراو و ژێردەستە و داماو، لە ترسی کارەساتەکانی جەنگەکە و تەنینەوەی، بەگشتی تووشی دڵەڕاوکێ و بەهۆی زەبرەکانی بریتانیاشەوە ناچاری لایێن گرتنی بریتانیا و هاوپەیمانەکانی بوون، بەڵام خەڵکانێکی ڕۆشنبیر و نەتەوەپەروەری ناحەزی ئینگلیزیش هەبوون کە بەهیوای ژێرکەوتنی بوون. ساتێکیش کە یێکەییەتی سۆڤیەتیش -بەلەشکری سووریەوە- تێکەڵ و و هاوپەیمانی بریتانیا بوو، ڕۆشنبیرەکان پتر بەلای سەرکەوتنی بریتانیا و هاوپەیمانەکانیدا دایانشکاند!

لە ئەو هەلانەدا لە سەرانسەری کوردستاندا، بزووتنەوەیێکی چەکداریی نەبوو، بەڵام کۆمەڵە نهێنییەکان، بەتایبەتی (دارکەر، برایەتی، ئازادیی کورد) لە کوردستانی باشووردا، قورساییەکی سیاسییان لەنێو جەماوەردا هەبوو، بۆیێکا کەوتنە چالاکی و خۆیێکخستن!

(دارکەران) پەرۆشی هەڵکەوتنی سەرکردەیێکی ناسراو بوو. بۆ ئەو مەبەستە، ڕووی داخوازییان لە ڕۆشنبیری ناسراو ڕەفیق حیلمی نا! سەرئەنجام لە شەقڵاوەدا (پارتی هیوا - س ١٩٣٩ز) بەسەرۆکایەتی ئەو بنیات نرا.

لە نێوەندی ساڵی ١٩٤١دا، کۆمەڵەکانی؛ (برایەتی، ئازادی کورد، هیوا) خۆیان لە (پارتی هیوا)دا یێکخست کە لە ئەم کارەدا ئەفسەرە دڵسۆزەکان دەوری کاریگەریان هەبوو. بە ئەو پێیە (پارتی هیوا)کە هاوەدەنگ و لقی لە کوردستانی خۆرهەڵات و خۆرنشینیشدا دامەزراند و وەک پارتێکی نەتەوەیی سەربەستی خوازی کوردستان دەرکەوت، تەنانەت بەئەو بیروباوەڕەوە- لە عێراق هاوپەیمانی بریتانیادا- مەڵبەندی لە بەغدادا و لقەکانی لە باژێر و باژێرۆکەکانی کوردستانی باشووردا، بەئاشکرا کردەوە!



وەک چەند سەرچاوەییێکیش جەخت دەکەن، ئەندامەکانی (ئاغا، شێخ، پیاوە ماقووڵ، ڕۆشنبیر، مامۆستا، قوتابی) بوون.[١٢٣]

پارتی هیوا -وەک ئاگاداری پیلان و نەخشە و پەیمانەکانی بریتانیا نەبووبێ!!- لە سەرەتاوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان، بریتانیای مەزنی بەپشتیوان زانیی!

چەپڕەوەکانی پارتەکەش، بەتایبەتی لەگەڵ تێکەڵیی یێکەیەتی سۆڤیەت لە جەنگەکەدا و دەرکەوتنی سەرکەوتنەکانی لەشکری سوور لە ١٩٤٤ز.دا بەسەر ئەڵمانەکاندا، پتر بەلای سۆڤیەتدا دەکشان و بانگیان دەدا کە پێ ویستە پشت بەئەو ببەسترێ نەوەکو بریتانیا!

لە ئەوێ دەمێدا، نەتەوەپەروەری گەورە مستەفا بارزانیی - دەست بەسەر لە سلێمانییدا- لە ١٩٤٣/٧/١٢دا، بەیارمەتی لەتیفی حەفیدزادەی مەحموود و ڕەزامەندی سەرۆکی باڵا - ڕەفیق حیلمی - بەنهێنی ڕایکردەوە بۆ بارزان. دەست بەجێش یاداشتێکی بەحوکوومەتی عێراق دا و داخوازی پێشخستن و چاککردنی باری ڕۆشنبیری و ئابووری کوردستانی باشوور)ی کرد. سەرئەنجام بارەکە بەئەو شکایەوە؛ لە سەرەتای مانگی کانوونی یێکەمی ١٩٤٣ز.دا، لەشکری عێراق پەلاماری (بارزان)ی دا!

لە گەرمەی خوێنڕژانی کورددا، (پارتی هیوا) یاداشتێکی دا بەباڵوێزی ئەمریکا لە بەغدادا و خاڵەکانی (وێڵسن)ی وەبیر هێنانەوە بۆ بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد! هەروەها پێوەندیشی بەهەمان باڵیۆزەکانی بریتانیا، یێکییەتی سۆڤیەت، چینەوە کرد بۆ فشار خستنە سەر حوکوومەتی عێراق تا بەپیر داخوازییەکانی کوردەوە بچێ![١٢٤]

بارزان بوو بەمەڵبەندی شۆڕش. لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانیش، (هیوا) نەیدەزانی چۆن ڕەفتاری خۆی یێکلایی بکاتەوە؛ پشتیوانی شۆڕش بێ کە ئەمە مانای بەگژداچوونی بریتانیایە، یان دەست لە شۆڕش بەربدات!!

لە ئەنجامدا بەگوشاری باڵی چەپڕەو، پارتەکە بڕیاری دا کە بەهەموو شێوەیێ پشتیوانی شۆڕش بێ و لە بەیاننامەیێکیشدا بۆ گەلی عێراق (!!) تاوانی شەڕ هەڵگیرساندنی خستە ئەستۆی حوکوومەتی عێراق و داوای چارەسەرکردنی کێشەکەی کرد! لەهەمان هەلدا، هێندێ ئەفسەری نەتەوەپەروەری کارامەی پارتەکە چوونە پاڵ شۆڕش و (هیوا)

مسته‌فا بارزانیشی به‌یێکێکی خۆی ناسی! به‌ڵام زۆری نه‌برد -وه‌ک جاران!- به‌گوشاری سی هه‌زار سه‌ربازیی عێراقی عه‌ره‌ب و هاریکاریی نێرووی هه‌وایی بریتانیاوه، شۆڕشه‌که دامرکایه‌وه و مسته‌فا بارزانیش له ئابی ١٩٤٥ز.دا، ناچار بوو به‌پێشمه‌رگه‌کانیه‌وه، چه‌کدارانه ڕوو بکه‌نه کوردستانی خۆرهه‌ڵات![١٢٥]

له گه‌رمه‌ی جه‌نگدا که یێکیه‌تی سۆڤیه‌ت به‌شێکی زۆری کوردستانی خۆرهه‌ڵاتی داگیر کردبوو، (پارتی هیوا) سێ نوێنه‌ری خۆی؛ (میرحاج، مسته‌فا خۆشناو، عیززه‌ت عه‌بدولعه‌زیز)ی هه‌نارد بۆ مه‌هاباد و دامه‌زراندنی (لقی هیوا). ئه‌وانیش له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێ نه‌ته‌وه‌په‌روه‌ری ئازادیخواز و چالاک کۆبوونه‌وه و له ١٦/١٠/١٩٤٢ز.دا، به‌رنامه‌یێکیان دانا بۆ دامه‌زراندنی که به‌نێوی (کۆمه‌ڵه‌ی ژ. ک/ ژیانه‌وه‌ی کورد)ه‌وه، به‌دروشم و مه‌به‌ست و بڵاوکراوه‌کانیه‌وه، وه‌ک (لقی هیوا) خۆی نواند. هه‌روه‌ها ئه‌ندامێکی چالاکی (هیوا)؛ ئه‌فسه‌ر عیززه‌ت عه‌بدولعه‌زیز ڕووی کرده کوردستانی باکوور تا له‌گه‌ڵ (کۆمه‌ڵی خۆیبوون) باسه‌کانی نه‌ته‌وه تاووتوێ بکه‌ن.سه‌رئه‌نجام ڕێککه‌وتن له ٤/٤/١٩٤٤ز.دا نوێنه‌ره‌کانی هه‌ردوولا کۆببنه‌وه، به‌ڵام ئاڵۆزیی ڕووداوه‌کان و به‌تایبه‌تی کێشه نێوخۆییه‌کانی (هیوا) به‌ری کۆبوونه‌وه‌که‌ی گرت![١٢٦]

پارتی هیوا، تا ده‌هات ناکۆکییه‌کانی و دووبه‌ره‌کی پتر و تێ ده‌که‌وت، تا دواجار له کۆبوونه‌وه‌ی گشتییدا؛ (کۆنگره‌ی گشتی؛ که‌رکووک - س ١٩٤٤ز) باڵی چه‌پ به‌ته‌واوه‌تی جوێ بووه و به‌شێکی چووه پاڵ کۆمه‌ڵه‌ی (یێکییه‌تی و تێ کۆشین)ی (لقی پارتی کۆمه‌نیستی عێراق). هێندێکیشی پاڵی دا به‌(ئه‌لقاعیده)وه و هێندێکی دی (پارتی شۆڕش)یان دامه‌زراند. به‌ڵام به‌شی زۆر چوونه پاڵ (پارتی ڕزگاریی کورد)ه‌وه. باڵی ڕاستڕه‌ویش تا ماوه‌یێ به‌ته‌نێ ژیان تا دوا (کۆنگره؛ که‌لار - س ١٩٤٥ز) و ئه‌وجا به‌هێورییه‌وه پووکایه‌وه و ون بوو، به‌ڵام له جێگه‌یدا (پارتی دیموکراتی کورد) دامه‌زرا، که هه‌ر هه‌مان (پارتی شۆڕش) بوو. ئه‌میش له کۆنگره‌ی مانگی ئابی ١٩٤٦ز.دا، بڕیاری دا که نێوه نوێیه‌که له خۆی بنێت. دوایی له (سێیه‌م کۆنگره، که‌رکووک - ٢٦/١/١٩٥٣ز) بڕیاری دا نێوی (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) له خۆی بنێت![١٢٧]

به‌ڕۆشنایی چه‌ند لێ کۆڵینه‌وه‌یێکی سیاسه‌ت شوناسانیش؛ (پارتی هیوا) وه‌کو له ماوه‌ی جه‌نگدا هه‌ڵکه‌وت و ئامانجی سه‌ره‌کیی تا که‌مترین مافی نه‌ته‌وه‌یی پێ نه‌هاته دی، ئینگلیز دۆستانی نێو ڕیزه‌کانی، ده‌وری کارگه‌ریان له کاروبار و له‌ت و په‌ت بوون و



نه‌مانیشدا هه‌بووه، ته‌نانه‌ت باوه‌ڕ به‌هێزه‌که هه‌ر ئینگلیز خنکاندوویه‌تی!

جێگه‌ی گوتنه، هه‌رچه‌نده هێندێ سه‌ره‌قه‌ڵه‌می یاداشت گێڕاویانه‌ته‌وه گۆیا ئه‌و پارته بڵاوکراوه‌ی خۆی هه‌بووه، ئه‌وه‌تا ئه‌وڕۆ چ وێنه‌یێکی یادگاری دیار نییه!

هه‌ر له ماوه‌ی ١٩٣٩ز - ١٩٤٥ز.دا و له ڕایێڵه‌ی کاروانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامه‌نووسیی کوردستانی باشووردا- وێڕای باری جه‌نگ و ته‌نگانه‌ی که‌ره‌سته‌ی چاپه‌مه‌نی- چه‌ند ڕه‌نجێکی دیار نرخیان زۆره.

له لایێکه‌وه به‌ئیمتیازی ئیبراهیم ئه‌حمه‌د و سه‌رنووسه‌ر عه‌لائوددین سه‌ججادی، له به‌غدادا گۆڤارێکی کوردی مانگانه‌ی ڕۆشنبیری و ئه‌ده‌بی؛ (گه‌لاوێژ - ژ: ١، کانوونی یێکه‌م ١٩٣٩ز - ئاب ١٩٤٩ز) ده‌رچووه.

هه‌روه‌ها پیره‌مێرد -به‌هۆی گێچه‌لی کاربه‌ده‌سته نه کورد و ناحه‌زه‌کانی له سلێمانیی- که له ١٠/٣/١٩٣٨ز.دا ئیمتیازی (ژیان)ی لێ سه‌ندرایه‌وه، ئه‌و هه‌ر کۆڵی نه‌دا و به‌دارایی خۆیه‌وه، ئیمتیازی ڕۆژنامه‌ی حه‌وتۆیی (ژین)ی وه‌رگرت و هه‌ر له سلێمانییدا له ٢٦/٧/١٩٣٩ز.دا یێکه‌م ژماره - ڕستی دوا ژماره‌ی ژیان: ٥٥٤ی لێ دا- ده‌رکرد که تا کۆچی ماڵئاوایی له ١٩/٦/١٩٥٠ز.دا ڕه‌نجی بۆ دا و دوای خۆیشی خرزم و نه‌وه‌ی تا سه‌ره‌تاکانی ساڵی ١٩٦٢ز، ژیاندنیان.

له لایێکی دییه‌وه، به‌تێ کۆشینی محه‌مه‌د ئه‌مین زه‌کی و تۆفیق وه‌هبی -دوو مانگێ دوای جه‌نگه‌که- کارێ کرا که حوکوومه‌تی عێراقی عه‌ره‌ب بڕیار بدات به‌شێکی کوردیی چاره‌که سه‌عاتی له ١٩/١١/١٩٣٠ز.دا له ڕادیۆی عه‌ره‌بی به‌غدادا بکرێته‌وه که ئه‌مه بوو به‌یێکه‌م ڕادیۆی کوردیی له مێژوودا.

هه‌روه‌ها له گه‌رمه‌ی جه‌نگدا و له نێوان ١٩٤٢ز - ١٩٤٥ز.دا ده‌زگه‌کانی پروپاگه‌نده‌ی بریتانیا له نێوان ڕاستی خۆرهه‌ڵاتدا، وه‌ک ڕادیۆی عه‌ره‌بی شه‌رقولئه‌دنایان له (یافا/ فه‌له‌ستین)دا کرده‌وه بۆ بڵاوکردنه‌وه‌ی ده‌نگوباسه‌کانی جه‌نگ و به‌رهه‌ڵستی پروپاگه‌نده‌ی ئه‌ڵمانیا، هه‌روه‌ها له ئه‌وێدا به‌شێکی کوردیی به‌نێوی (ڕادیۆی کوردستان)ه‌وه کرایه‌وه که ڕۆژانه نیو سه‌عاتی په‌خش ده‌کرد. به‌پێی هێندێ هه‌واڵی نووسراویش، بێژراوه که (پارتی هیوا) کارمه‌نده‌کانی ئه‌و ڕادیۆیه‌ی هه‌ڵبژاردووه که گۆرانی شاعیر، ڕه‌فیق چالاکیی نووسه‌ر، ڕه‌مزی قه‌ززاز بوون. ڕادیۆکه‌ش وه‌ک ڕادیۆ هاوتاکه‌ی (لوبنان) به‌کوردیی که کامه‌ران به‌درخان له ئه‌و ماوه‌یه‌دا سه‌رپه‌رشتی ده‌کرد، دیاره وه‌ک ڕادیۆیێکی تاکتیکی

بوون بۆیێکا دوای بڕاندنەوەی جەنگ لەکار خران.

هەر دەزگەی پروپاگەندەی بریتانیا لە عێراق – وێ دەچێ بەئیمتیاز و دارایی باڵیۆزخانەی بریتانیا بووبێ– گۆڤارێکی کوردیی حەوتۆیی لە بەغدادا بەنێوی (دەنگی گێتیی تازە – ژ: ١، تەشرینی یێکەمی ١٩٤٣ز – س ١٩٤٥)ەوە دەرکرد کە وێڕای هەڵنەخستنی نێوی خاوەند ئیمتیاز و سەرنووسەر، ساخ بووەتەوە تۆفیق وەهبی خۆی سەرپەرشتی بووە و حسێن حوزنی موکریانی و چەندی دی کاریان تێدا کردووە. ئەم قۆناخەی گۆڤاری نێوبراو چەند بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری پێوە دیارە، هێندە پتر پروپاگەندەی زۆری بۆ بەرەی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی کردووە، تەنانەت گوتاری ئەوتۆیشی تێدا نووسراوە گۆیا (ئینگلیز و کورد خزمن!!)

لە دوای جەنگەوە، گۆڤارەکە لە لایێن دەزگەی گشتیی پروپاگەندەی عێراقەوە، مۆڵەتی پێ دراوە کە محەمەد بابان خاوەند ئیمتیازی و فایێق تۆفیق ڕێبەری بەرپرسیار و حسێن حوزنی موکریانی سەرنووسەری بێ و بووش بەگۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵیی تەواو و لە (ژ:١، ١٢/١١/١٩٤٥ز – س ١٩٤٧ز)دا خزمەتێکی چاکی ژینی ڕۆشنبیریی کوردی کرد!

جێگەی باسە، هەر لە ماوەی جەنگدا؛ کامەران بەدرخان بەیارمەتی جەلادەتی برای. لە (بەیرووت – لوبنان)دا بەتیپی لاتینی و کوردیی دوو گۆڤاری دەرکرد؛ (Roja nû ڕۆژانو – ژ: ١ مایس ١٩٤٣ – تا دەوروبەری کۆتایی جەنگ) و (Ster ستێر – ژ:١، ١٩٤٣/١٢/٦ – تا دەوروبەری کۆتایی جەنگ) کە پتر بەبلاوکردنەوەی ڕووداو و هەواڵەکانی جەنگەوە خەریک بوون.[١٢٨]

دیسان هەر کامەران بەدرخان بەزمانی فرانسی ڕۆژنامەی (Lu jour Naxeau لو ژوور نۆڤۆ/ ڕۆژی نوێ – س ١٩٤٣) لە بەیرووتدا دەرکردووە!

لە کوردستانی خۆرهەلاتی ژێر دەستەی ئێراندا، وێ دەچێ ناکۆکییەکان و لاوازبوونی (پارتی هیوا) لە کوردستانی باشووردا، کاریگەرییەکی توند و خراپی نەبووە، بەپێچەوانەوە لە لایێکەوە بەهۆی نیوە مردوویی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شاوە کە دەسەلاتی بەهێزی بریتانیا و داگیرکاریی رووس پەرێشانیان کردبوو، لە لایێکی دیەوە بەهۆی ژیریی لاوە ڕۆشنبیر و نەتەوەپەروەرەکانی (کۆمەڵەی ژ. ک/ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)ەوە، بارەکە ڕەنگ و ڕووی ڕووناک و هیوا بەخشی نواندووە!



لە ئەو ڕۆژگارانەدا، ئەو کۆمەڵەیە؛ کەوتە سەر بیری خۆ نزیک کردنەوە لە نەتەوەپەروەری ژیر و کارامە و فیداکار قازیی محەمەد. سەرئەنجام لە مانگی تەشرینی یێکەمی ١٩٤٤ز.دا و لە کۆبوونەوەیێکی تایبەتی و نهێنییدا، کارێ کرا کە ئەو زاتە بەنێوی نهێنیی بینایییەوە– ببێ بەئەندامی کۆمەڵەکە، تەنانەت وێڕای ئەوەی ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی بوو، هەر بەڕابەر و دەمڕاستی کۆمەڵەکەش ناسرا!

دوای ئەم ڕووداوە، (ژ.ک) گەشاندنەوەی پتری بەخۆوە دیت؛ دانیشتووەکانی باژێڕ و گوندەکان هەر لە مەهابادەوە تا شنۆ و نەغەدە و بۆکان و باکووری سەقز کەوتنە سەر بیری هاوبەشی. گەلێ هۆز و تیرە، بەهاندانی سەرکردەکانیان بوون بەئەندامی (ژ.ک). هەروەها پێوەندیی لەگەڵ بەشەکانی دی کوردستان پتر بەهێز بوو. لە ئەو هەلانەشدا کە چالاکی و هاتن و چوون پتر دەبوو، قسەوباس لەمەڕ (دامەزراندنی کۆمارێ) بۆ کورد گەرمتر بوو. وەکو باسیش دەکرێ (سۆڤیەت) ئاموژگاریی کردبوو کە کاتی ئەوە هاتووە لە بریی (ژ. ک) پارتێکی دیموکرات دابمەزرێ؛ ئەم بیرە لە نێو ڕۆشنبیرەکاندا قسەی لێ کرا تا لە ٢ی خەزلوەری ١٣٢٤ ک. خ/ تەشرینی یێکەمی ١٩٤٥ز. دا، یێکەم (کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان) لە مەهاباد ڕێکخرا.[١٢٩]

ئەم پارتە لە کۆنگرەکەیدا کە قازی محەمەدی بەسەرۆکی کۆمیتەی نێوەندیی هەڵبژارد، بڕیار و مەبەستی (ڕستگاریی و سەربەستی و یێک بوونی کوردستان) بوو. هەر لەبەر ئەو ڕۆشناییەش لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ک. خ – ١٩٤٦/١/٢٢ز. دا لە (مەیدانی چوارچرا)ی مەهابادداو بەئامادەبوونی دەیان هەزار کەس (کۆماری کوردستانی خودموختار) ڕاگەیاندرا. هەر دەست بەجێ کابینەی وەزارەت، دامودەزگەکانی دەوڵەتی بەشێوەیێکی ڕێک و پێک دامەزران.

کۆماری کوردستان –یێکەم حوکوومەتی کوردستانی خۆرهەلات و دووەم لە مێژووی نوێی کورددا/K/– بە دامودەزگەکانی وەزارەتەکان، ئیدارە، سوپا و نێرووی چەکدار، ئالای سێ ڕەنگ، مامەڵەی سیاسی و دیپلۆماتی و پەیمان گرێ دان، گوتوێژ وەک لایێنێکی خاوەند قەوارەیێکی سیاسی و مەعنەویی، ڕاگەیاندن بەڕادیۆ و ڕۆژنامە و چاپەمەنی، خوێندنی کوردی –بۆ نێرینە و مێینە– لە قوتابخانەکاندا و بەکاربردنی کوردیی لە کاروباری ڕەسمییانەدا، ئەمانەی هەموو لەبەرچاوی سیاسەت بەدەستەکانی ئێران – هەروەها زلهێزەکان/K/– دووربوون لە (خودموختاری)یەوە![١٣٠]

ئەم بارودۆخە –مانەوەی تا پێشکەوتنی– بۆ ڕژێمی ئێران کە هەرگیز ددانی پێدا نەدەنا، نەک هەر مۆلەکە بوو، بەڵکو سەروبەر ناپەسەند بوو، چونکە نەک هەر پێچەوانەی هەموو پەیمانە باسکراوەکانی لەمەڕ کوردە، بەڵکو مانای لەت لەت بوونی ئێرانە کە تا زلهێزەکان پەسەندی ناکەن!

بەئەو ڕۆشناییە، ڕژێمی ئێران لە ڕاییلەی کرد و کۆش و پیلانگێڕانیدا، لە لاییێکەوە پێوەندی لەگەڵ ڕووس گەرم دەرکرد و گفتی (ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت)ی پێ دەدا تا نەخشەی گوشاری خۆی بەسەردا زاڵ و ناچاری بکات لەشکری بکێشێتەوە و سەرچاوەی هاریکاریی و یارمەتی لە ئەو و کۆماری ئازەربێجان وشک بکات! لە لاییێکی دییەوە تێ دەکۆشا ناکۆکی و ئاژاوە و بەگژداچوون لە نێوانیاندا بقەومێنێ؛ جارێ بەهاندانی تەورێز بۆ دابڕینی پێوەندیی و گوێنەدانە کورد. جارێ بەهاندانی کورد بۆ بەگژداچوون و شەڕ هەڵگیرساندندن لە دژی ئازەرییەکان، جارێ –لە گوتوبێژدا– بەفەرامۆش کردنی ئازەرییەکان یان کورد. ئەمە وێڕای هەڕەشەی لە خوێندا گەوزاندنی کوردستان کە محەمەد ڕەزا شا بەرەو ڕوو دابووی بەگوێی قازی محەمەددا! ڕووسیش دووڕوویی و فێڵی بەکار دەبرد کە تەنانەت (سادیچکۆڤ)ی باڵیۆزی لە تاراندا – دەمێ کە ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکووری ئێران وەرگرت– و (بیریا)ی دەستە ڕاستی (ژۆزێف ستالین J. Stalin)ی سەرکۆماری یێکیەتی سۆڤیەت و (باقیرۆف)ی سکرتێری پارتی کۆمەنیستی ئازەربێجانی سۆڤیەت، گەلێ جار قسەیان لەسەر پێوەلکاندنی کۆماری کوردستان – بەواتەی ئەوان ئازەربێجانی باشوور– بەئازەربێجانی باکوورەوە کردووە. لە ئەم بارودۆخ و ئاستەنگانەشدا قازیی محەمەد، لەگەڵ هەموو، سیاسەت و گوتوبێژی پەیڕەو کردووە کە تەنانەت هات بووە سەر بیروباوەڕی پاراستنی ئەو (خودموختاری)یە و تێ نەپەڕین لە سنووری و ئازادکردنی بەشە زەوییەکانی دی کوردستانی خۆرهەڵات، هەروەها دوور نەڕۆیشتن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیار و دروشمی سەرەکی پارتەکەی و نرخ گرتن باری نێودەوڵەتی، هەر بۆییێکا کرد و کۆش و گوتوبێژ و پێوەندی کردووە – خۆی تا نوێنەرەکانی – لەگەڵ شای ئێران و سەروەزیری، لەگەڵ سۆڤیەتەکان، ئەفسەرێک و باڵیۆزخانەی ئینگلیز، ئەفسەرێکی دەزگەی نهێنبڕیی ئەمریکا، بەڵام هەموو ڕەنجێکی بێ هوودە بوو![131]

یێکیەتی سۆڤیەت – دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنی نەوت دەرهێنان لەگەڵ ئێران – ڕووی ڕاستی گەمە تەواوەکەی خۆی نواند کە ئەو تۆپانەی دابوونی بەکۆماری ئازەربێجان،



سەندیەوە. لە ئەوەش پتر، ئامۆژگاریی هەردوو کۆماری ئازەربێجان و کوردستانی کرد کە بەری هاتنەوەی لەشکری ئێران نەگرن!!

سەرئەنجام لە ١٩٤٦/١٢/١١ز.دا، کۆماری ئازەربێجان بەشێوەییێکی بلەز ڕما و سەرانی هەڵهاتن و خەڵکی باژێڕی تەورێزیش دوو چاری کوشتن و بڕین و تاڵان بوون کە لەشکری ئێران بۆ زاڵبوونەوەی ڕژێمەکەی، جێبەجێ کردن!

ئەم ڕمانە خۆوڕاستان کاری لە هۆش و بیری سەرانی کۆماری کوردستان و خەڵکەکەشدا کرد! بێ هیوایی، شپرزەیی، ترسی کوشت و بڕ لە گیانی خەڵکدا تەنیەوە!

بەکورتیی؛ لە ١٩٤٦/١٢/١٧ز.دا سەرکۆمار و دەستەیێ لە کاربەدەست و هاوبەشە گەورەکانی کۆمار، پێشوازیی لەشکری تارانیان کرد. ئیدی عەجەم سەرلەنوێ مەهابادی داگیر کردووە و دامودەزگەکانی کۆماریشی هەڵوەشاندەوە.

شای ئێران گۆیا لێ بووردنی گشتی ڕاگەیاندبوو، کەچی لە ١٩٤٧/١/٢٢ز.دا بڕیاری لە سێدارەدانی قازی محەمەدی پێشەوای کۆمار و هاوەڵەکانی سەیف و سەدری قازیی درا کە لە ١٩٤٧/٣/٣١ز. شدا گیانیان فیدای نەتەوە و نیشتمان بوو.

ئەم بەشە وەسیەتنامەیەی قازی محەمەد بۆ کەسوکار و خێزانی خۆی، ڕەنگ بێ ڕۆشنایی و مانای زۆری هەبێ بۆ گەلی پرسیاری خوێندەواران... دەڵێ: (... بەئەو هەموو هۆیەوە کە لە ئیختیاری مندابوو، ئەگەر شەڕم بکردبا، ڕەنگ بوو تێ نەشکێین... بەڵام بۆ ئەمەی مەهاباد و وێڕان نەبێت و بۆ خاتری تێدا نەچوونی خەڵک، شەڕمان نەکرد.

بەئەو هەموو ماشێن و هەلانەی کە لە ئیختیارمدا هەبوو، دەمتوانیی لە مەهابادڕا هەڵێم و دوو جاریش لە گوتارەکانی خۆمدا بەخەڵکی مەهابادم گوت؛ ئەمن دەمزانی ئەگەر هەڵبێم ئێرەش وەک تەورێزی لێ دەهات و تووشی کوشتار و تاڵان و بڕۆ دەبوون!

ئەمن بەخەڵکم ڕاگەیاند کە ڕەنگە بمگرن و بشمکوژن، بەڵام بۆ ئەمەی نامووسی خەڵکیی بپارێزرێت و تاڵان نەکرێت، هەڵنایەم و خۆم بەقوربانی ئێوە دەکەم!

ئەوە من بەعەهدی خۆم وەفا دەکەم و تا ئێستەش لە مێژوودا نەدیتراوە کە سێ فیداکارییەکی ئەوهەی کردبێت! هەڵبەت لەسەر ئێوەش پێ ویستە نیسبەت بەخزم و کەسوکاری من وەفاداربن و تۆڵەی ئەمنیش بستێنەوە)[132]

مستەفا بارزانیی هاریکاری کۆماریش، خۆی و چەکدارە بارزانییەکانی ملیان نەدا بۆ خۆ بەدەستەوەدان و جەربەزانە لە ١٩٤٧/٧/١٧ز.دا ڕووباری (ئاراس)یان بڕی و

ڕوویان تێ کردە وڵاتی یێکیەتی سۆڤیەت، بەڵام ئەفسەرە نەتەوەپەروەرەکانی ڕیزی شۆڕشی بارزان و هاریکاری کۆماری کوردستان؛ خەیروالله عەبدولکەریم، عیززەت عەبدولعەزیز، محەمەد قودسی، مستەفا خۆشناو ڕوویان نەکردە سۆڤیەت و بەهۆی ڕژێمی ئێرانی دوژمنەوە، درانەوە بەحوکوومەتی عەرەبی عێراق و لە ١٩٤٨/٦/١٩ز.دا - بەتاوانی هەڵگەڕانەوە و چەک بەرەوڕووکردنی حوکوومەت!!- لە سێدارەدران و لە لای نەتەوەی کورد و مێژوویشی بوون بەنیشانەی بەرزی فیداکاریی!

لە ئەم قۆناغەدا ئەگەرچی گیانی هاریکاریی نەتەوەیی و خەباتی چەکداریی و سیاسیی ئەم دیو و ئەودیو تێکەڵ و بەجۆش بوو، بەڵام باوی ناقۆڵای (خودموختاریی) و هەرێم خوازیی لە بری کوردستان خوازی سەرانسەریی -وەکو لە ساڵەکانی ١٩١٧ و ١٩١٨ بەدواوە لەنێو هێندێ ڕیزی کوردی باکوور و لە ١٩٢٠ بەدواشەوە لە باشووردا ئەتوار و بانگهێشی ئەوتۆ هەڵکەوت- سەری هەڵدایەوە کە مخابن ئەوە وەکو شێوەیێکی پاشەکشێ، بەڵکو تێشکانێکی سیاسیی بوو!. جێگەی باسە، لە تەمەنی (ژ.ک) و (کۆماری کوردستان)دا، بۆ یێکەم جار لە مێژووی کۆن و نوێی کوردستانی خۆرهەڵاتدا چڕترین و بەتاوترین بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیی - وێڕای نووسین و خوێندن و چاپەمەنی- هەڵکەوتووە و کۆمەڵی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی نرخ گران: سیاسی و زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵی- بەگۆڤاری لاوان و منداڵانەوە کە تەنانەت لە چ سەردەمێکی کوردستانی باشووردا نەبوون- دەرچوونی کە ئەمەن: گۆڤاری نهێنی زمانحاڵی (ژ.ک) بەنێوی (نیشتمان - نێوەندی س ١٩٤٣ز - ١٩٤٤ز. تەورێز)ەوە. هەروەها (ئاوات - س ١٩٤٥ز. مەهاباد). گۆڤاری منداڵان: (هەڵاڵە - سەرەتای س ١٩٤٦ز. بۆکان)، (هاواری نیشتمان - ١٩٤٦/٣/٢١ز. مەهاباد) کە گۆڤاری لاوانی دیموکرات بوو، (گڕوگاڵی منداڵی کورد - بەهاری س ١٩٤٦ز - ١٩٤٦/٦/٢١ز. مەهاباد)، هەروەها ڕۆژنامەی ئاشکرای سیاسی و زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ (کوردستان - ژ: ١، ١٩٤٦/١/١١ز. مەهاباد) و (ڕێگا - س ١٩٤٦ز!). لە دوای کۆماریشەوە ڕۆژنامەی (کوردستان - ژ: ١، ١٢/٦/ڕێگا - س ١٩٤٧ز) کە درێژەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی سەردەمی کۆمار بوو- وەک بەشێکی ڕۆژنامەی ئازەربێجان - بڵاودەبووەوە و دکتۆرەکان؛ عەلی گەلاوێژ، ڕەحیمی قازی، عەزیز شەمزینی نووسینیان تێدا بڵاو دەکردەوە و ڕۆژنامەکەش پانزە ساڵێ ژیا![١٣٣]



١/٨/١/٦- ١٩٤٦ز - ١٩٥٨ز

گەلی کورد لە دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی بارزان و لە سێدارەدانی کۆمارە کۆرپەکەی کوردستان و لە گرێژەنەچوونی یێکیەتی ڕیزی پارتە سیاسییەکانی، تووشی تەنگانەیێکی نوێ یێکجار سەخت بوو؛ ژینی سیاسی، ئابووریی، ڕۆشنبیریی، کۆمەڵیی، تەنانەت باری دەروونیشی گرانتر و شپرزەتر و تاڵتر بوو.

لە لایێکی دیەوە؛ سەرلەنوێ چڕتر تووشی نەخشە و پیلانی زلهێزەکانی چەپ و ڕاستی توانا و بەدەسەڵاتی نێو گێتی بووەوە، بەتایبەتی کە دوو جەمسەری یێکیەتی سۆڤیەتی هاوبەشی -سۆشیالێست- و وڵاتە ئیمپریالیستەکان بەپێشڕەوی ئەمریکا، لە پێناوی دەستگیرکردنی دەستکەوتی مەزن و دوو ڕەو لە گێتیدا - وێڕای هاوپەیمانەکەیان لە جەنگەکەدا -کەوتنە جەنگێکی سارد کە یێکێ لە مەڵامەتە ناسکەکانی، نێوەڕاستی خۆرهەڵاتی پڕ لە سامان و ڕێگەی دەریایی و بازاڕی بازرگانی بوو!

یێکیەتی سۆڤیەت، وێڕای ساغ بوونەوە دووڕوویی و خۆپەرستیی بەخۆکێشاندنەوەی لە پشتگیریی و ژیان و مانی کۆماری کوردستان، بەزەبری بریسک و هووڕی دروشمە ناسک و دلڕفێنەکانی یێکدگیریی خەباتی چینایەتی و هاوچارەنووسی گەلانەوە و گۆیا مسۆگەریی پاکۆبوونی ڕژێمی بەرەی ئیمپریالیزمی سەرمایەدار و هەڵگێڕانەوەی حوکوومەتە نۆکەرەکانیان و پێ ویستی سەربەخۆبوونی گەلانە(!!)، هەروەها بەهۆی چالاکی پارتەکانی (شیووعی عێراق)، (توودەی ئێران)، (شیووعیی تورکیا)، (شیووعیی سوریا)وە، هێندێ لە کوردان دەبوونە باوەڕپێکراوی و هێندێکی دی - ناشیووعیی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان - بەدۆستی. ئەم بارەش کارێکی ئەوتۆ کاریگەری هەبوو، جەمسەری دووەم و ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، گەلی کوردیان لێ ببوو بەیێکێ لە سەرچاوەکانی ترسناکی و هەڕەشە و گۆبەندی کارامە بۆ بەرژەوەندە ناسک و چارەنووسسازەکانیان، تەنانەت کار گەیشت بووە ڕادەیێ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەر کوردێکیان بە(شیووعی) دەناسی[١٣٤]

در. جەبار قادر، لە لێکۆڵینەوەیدا ئەم باسە و نەخشە و پیلانی بەرەی ئیمپریالیزم و داگیرکەرەکان، ورد دەکاتەوە و دەڵێت: (... مەترسی خۆرئاوا و ڕژێمەکانی نێوچەکە لە ئەوەدا بوو کە کورد؛ دوای باوەڕ نەمانی بەگفت و بەڵێن و سۆزی خۆرئاوا و دیتن و ناسینی زۆردارەکی و چەوساندنەوە لە لایێن ئینگلیزەوە و بەتایبەتی لە کوردستانی

باشووردا، هەروەها دوای دڵنیابوونی لە کار و کرداری دەزگە نەتەوەییەکان - کۆمەڵەی گەلان/ k - بۆ خزمەتی بەرژەوەندی زلهێزەکان و شاردنەوەی لاف و گەزافیان لە پشت پەردەی ماف و ڕەوایی خواستی گەلانەوە، مەترسی ئەوەی لێ دەکرا بەلای شیووعییەتدا لا بدات و بزاڤی ڕستگاریخوازییەکەی بکەوێتە ژێر ڕکێفی یێکیەتی سۆڤیەتەوە!

ئەم پروپاگەندەیە کرا بەبەهانەیێ دژی بزاڤی ڕستگاریخوازی گەلی کورد و هەر داخوازییەکی کورد - بەبەری پروپاگەندەی شیووعییەت لە قەڵەم دەدرا و بەفیتی (مۆسکۆ) دەناسرا!

ئەم پروپاگەندەیە، دەبوو چەند ئەرکێ جێبەجێ بکات:

١- شێواندنی ڕاستییەکان و ڕەش کردنی داخوازییەکانی گەلی کورد و گەلانی نێوچەکە کە لەبەر گەلێ هۆی مێژوویی و ئایینیی و ڕۆشنبیریی، خۆشییان بەچارەی شیووعییەت بەدڵدا نەدەهات. بەئەو شێوەیە ئەو بزاڤەی کورد، لە هەموو لایێنگیری و پشتیوانییەکی ئەو گەلانە و جەماوەری کوردیش بێ بەش بکات!

٢- پاکانە کردن بۆ سیاسەتی توندوتیژ و بێ بەزییانەی سەرکوتانەی داگیرکەران کە دژی شیووعییەت تێ دەکۆشن!

٣- لە هەمووش گرنگتر، لەژێر پەردەی بەربەرەکانێی شیووعییەت و پاراستنی نێوچەکە زەمینە خۆش کردن بۆ دامەزراندنی بلۆک -بەرەیێکی- سیاسی و سوپایی سەر بەخۆرئاوا هاتە پێشەوە.

جارێکی دی، تورکیا و عێراق بناغەی سیاسەتی هاوبەشی دژ بەکوردیان دانا.

لە ١٩٤٦/٢/٢٨ -واتە هەر لە سەردمی کۆماری کوردستانیشدا/K- سەروەزیرانی عێراق نووری سەعید، دیدەنی (ئەنکەرە)ی کرد و لەگەڵ کاربەدەستەکانی تورکیا کەوتە داڕشتنی پلانی هاوبەش دژی جموجووڵی کورد. گفتوگۆکانی (ئەنکەرە) زۆر بەنهێنی دەکران، وێڕا زوو بەزوو نێوەرۆکی دژ بە کوردی گفتوگۆکان ئاشکرا دەبوو، تەنانەت نەیانتوانی بۆ ماوەیێکی درێژ، نێوەرۆکی پەیماننامەی نوێ بشارنەوە.

ڕۆژنامەی The Dialy mial لە ئەم بارەیەوە نووسیویەتی: (پێ ویستی ئەم پەیماننامەیە بەئەو شێوەیە هاتووە کە پاکتی سەعد ئاباد لە کار کەوتووە و دۆزی نەتەوەیی -ناسیۆنالی- کورد مەترسییەکی مەزنە بۆ ئاسایش و ئاشتی لە نێوەراستی خۆرهەڵاتدا!).

هەر ئەو پەیمننامەیەش بوو بەبەردی بناغەی پاکتی بەغداد!



لە ئەو کاتەدا بیر لە دامەزراندنی پاکتێکی خۆرهەلەڵاتی بۆ پاراستنی ڕژێمەکانی نێوچەکە و بەرژەوەندەکانی خۆرئاوا، بەسەرۆکایەتی ئەمریکا دەکرایەوە! دەبوو ئەو پاکتە ئەرکی هاوبەرگریی و هاوپەیمانی بگرێتە ئەستۆ. دەبوو تورکیا لە ئەم پاکتەدا دەوری سەرەکی لە نێو وڵاتانی نێوچەکەدا ببینێت بەتایبەتی. دوای ئەوەی لە پاکتی ناتۆ NATO - پاکتی باکووری ئەتڵەسی/ K-دا وەرگیرا!

یێکەم هەنگاوی بلۆکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥١ز دەمێ ئەمریکا و بریتانیا و فرانسە و تورکیا (پرۆژەی سەرکردایەتی نێوەڕاستی خۆرهەڵاتی)یان پێشنیازی میسر کرد کە پەسەندی نەکرد. دوای ئەوە بیرۆکەی (پشتێنی باکوور) لە لایێن وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە خرایەبەر نەشتەری لێکدانەوە و دەمەتەقێ. گەوهەری ئەم پرۆژەیە ئەوەبوو کە وڵاتانی نزیک یێکیەتی سۆڤیەت لە پاکتێکدا کۆ بکرێنەوە و ئەمریکا و ئەورووپا سەرپەرشتی بکات. لە ئێرەشدا دەبوو تورکیا بەنێوی ئەوانەوە دەوری سەرەکیی بنوێنێت.

تورکیا هەلی بەفیڕۆ نەدا و لە ڕێگەی ئەم پاکتەوە گەلێ یارمەتی ئابووریی و سوپایی خۆرئاوای دەستگیر بوو بۆ بەهێزکردنی قورسایی خۆی و لەنێو وڵاتانی نێوچەکەدا بەکاری دەبرد.

ئامانجی سەرەکی ئەم پاکتەش پاراستنی ڕژێم و سنوورەکانی؛ تورکیا و عێراق و ئێران و پاکستان بوو نەک شاڵاو و پەلاماردانی یێکیەتی سۆڤیەت!.(١٣٥)

دەوری گرنگی تورکیای ئەندامی پاکتی ناتۆ - لە ١٩٥٢/٢/١٨ز.دا- دەوری پاسەوانێکی گوێڕایێڵی بەرژەوەندەکانی خۆرئاوا بوو لە خۆرهەڵاتدا و نیشانێکی گەورەیشی گەلی کورد بوو. ڕاستیش بەڵگەی باوەڕپێ کراو جەختی بۆ دەکات؛ (ئەلێکساندەر هێیک Heague، سەرلەشکری پێشووی نێرووەکانی «ناتۆ» لە گوتەیێکیدا جەختی کردووە: پاراستنی خۆرهەڵاتی تورکیا - کوردستانی باکوور/ K - کە لە ئەستۆی سوپای تورکیادایە، پاراستنی سەرچاوەکانی نەوتە لە نێوەڕاستی خۆرهەڵات و کەنداوی فارسدا!)(١٣٦)

بیروباوەڕ و کردار و ئامانجە دووڕووەکانی (پاکتی خۆرهەڵات) و دەوری تورکیاش، ڕۆژ بەڕۆژ کۆکتر و کارامەتر و بەگوڕتر بووە.

لە سەرەتای کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٥ز. دا، عەدنان مەندەرێسی سەروەزیرانی

تورکیا، دیدەنی بەغدادی کرد و لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق نووری سەعید، بڕیاری گرێدانی پەیماننامەی پاراستنی ئاسایشی هەردوو لا درا.

لە ٢٤ی شوباتی هەمان ساڵدا، دیسان لە بەغداددا (پەیماننامەی هاریکاریی نێوان عێراق و و تورکیا) مۆر کرا و بووش بەبەردی بناغەی (پاکتی بەغداد) و نێوەرۆکی پەیماننامەکەی ساڵی ١٩٤٦ز.ی دوو پات کردەوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی گۆڕینەکانی ئەو دە ساڵەی دوایی.

دوای دوو مانگ، بریتانیاش کە خۆی لە پشت گرێ دانی پەیمانەکەوە بوو، بوو بەئەندام، لە تەمووزی هەمان ساڵ پاکستان و لە تەشرینی یێکەمیشدا ئێران، بوون بەئەندامی ئەم پاکتە کە بە(پاکتی بەغداد) ناسرا.[١٣٧] ئەمریکاش کە خاوەندی بیرۆکەی دامەزراندی (پشتێنی باکوور) بوو، بەباشی زانی وەک ئەندامێکی چاودێر لە لیژنەی ئابووریی و سەربازیی و ئاساییشدا، واتە لە (لیژنەی بەربەرەکانی جم و جووڵی ڕووخێنەر)دا جێگە بگرێت. بەواتاییێکی دی، ئەمریکا سەرپەرشتی لاییێنە گرنگەکانی ئابووریی و سەربازیی و نهێنبڕیی -جاسووسیی- دەکرد!

وێڕای ئەوەی سەکردایەتی (پاکتی بەغداد) بەبریتانیا سپێردرا بوو، ڕاستییەکەی دەسەڵاتی ڕاستەقینە و مافی بڕیاردان بەدەست ئەمریکاوە بوو، چونکە پاکتەکە ئەڵقەییێکێ گرنگی ڕستی پاکتە خۆرئاواییەکان بوو، دەشبوو لە پاکتەکانی (ناتۆ و سەنتۆ CENTO)دا وێکڕا گرێی بدات.

بەندی یێکەمی پاکتی بەغداد، ئامانجی دامەزراندنی خۆی بەئەم شێوەیە نیشان دەدات؛ (ئەم پەیمانە بەرگریی لە ئاسایش و هێمناتی وڵاتە بەشدارەکان دەکات. وێڕای پێ داویستە گشتییەکان، ئەندامەکان دەتوانن و پێ ویستییە ڕێککەوتنی دوو قۆڵی لە نێوان خۆیاندا بکەن!)

ئەوەی پێوەندیی خۆوراستانی بەکوردەوە هەبوو؛ (لیژنەی بەربەرەکانێی جم و جووڵی ڕووخێنەر) بوو کە مەبەستی جم و جووڵی ڕێکخراوە شیووعییەکان و بەتایبەتی ڕیکخراوەکانی کورد بوو کە دژی ڕژێمەکانی نێوچەکە خەباتیان دەکرد و داخوازییەکانی گەلی کوردیش بەسامناک و هەڕەشە بۆ یێکییەتی سنوورەکانی ئەو دەوڵەتانە لە قەڵەم دەدرا! ئەو لیژنەیە کە سەرکردە و ڕێبەرەکانی دەزگەکانی پۆلیس و ئاسایش و دەزگە نهێنبڕەکانی وڵاتی بەشداری دەگرتە خۆی، ساڵێ جارێک کۆ دەبوونەوە و ڕاپۆرتی دەدا بەئەنجوومەنی وەزیران و پلان و پیلانی بەربەرەکانێی لە دژی چالاکی و جم و جووڵی



ڕێکخراوە دیموکرتخوازەکان و کوردپەروەردەکان دادەڕشت!

وێڕای سەرگەرمی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەپلان دانانەوە، وڵاتەکانی خۆرئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا چست و چالاکانە بەشداریی دەکرد.

لە کاتی دووەم کۆبوونەوەی سەرۆوەزیرەکانی وڵاتە ئەندامەکانی (پاکتی بەغداد) و لەسەر داخوازیی ئەنجوومەنەکەی، ئەمریکا بوو بەئەندامی (لیژنەی کاری دژی ڕووخێنەر) لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٧ز. بەدواوەش بەشدری (لیژنەی سەربازیی) پاکتەکە بوو.

پاکانەی بەشداربوونیشی ئەوەبوو؛ گۆیا (پێ ویستە بەرگریی لە یێکییەتی زەوی وڵاتەکانی ئەندامی پاکتی بەغداد لە دژی شیووعییەت بکرێت!)، بەڵام ڕاستییەکەی لە دژی خەباتی گەلی کورد بوو کە مەبەستی بنچینەیی سەربەخۆیی نیشتمانەکەی بوو، کە ئەمەش -بەبیری چەوتی لیژنەکە- مانای پارچەکردنی یێکییەتی ئەو وڵاتانەی دەگرتەوە!

بەئەو شێوەیە هەموو جم و جووڵ و خەباتێکی گەلی کورد بەنێوی شیووعیەتی و جوداخوازیی و خراپەکارەوە، بەربەرەکانێ و سەرکوت دەکرا![١٣٨]

لە ئەو بارودۆخانەدا، یێکیەتی سۆڤیەت -بەهەموو خۆهەڵکێشانیەوە- هەرگیز لاییێنگری خەباتی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبوو. پارتە شیووعییەکانی نێو وڵاتە داگیرکەرەکان دیسان نەیاری ئەو ئامانجە و لەگەڵ پارتەکانی کورد -وێڕای هێندێ هاریکاریی لە کۆڕی خەباتدا دژی ئیمپریالزم و ڕژێمە ملکەچەکانی نێوچەکە- لە ناکۆکی شەڕی پروپاگەندەدا بوون. بێ گومان ئەنجامی هەردوو هەڵوێستیش بەشکستی بزاڤی ڕستگاریخوازیی گەلی کورد و قازانجی بەرەی خۆرئاوا و ئەو هەموو پاکت و پەیمان و پیلانانە و توندوتیژی داگیرکەران دەگەڕایەوە لەنێو توونی ئەم تەنگانەیەدا، گەلی کورد، بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا - لەچاو بەشەکانی دیدا- هەر بەکاربوو، ڕێگەی دیار و توانایشی هات بووە سەر خەباتی سیاسیی نهێنیانە و تەکانی ڕۆشنبیریی.

کۆمەڵانی خەڵکی -وەک هەموو بەشەکانی دی کوردستان- چەند لە تەنگانەی دارایی و خوێندەواریی و تەندروستیدا بوون، هیوای گەورەیان بەچینی ڕۆشنبیر و لاوان بوو. بەچاوی بێ هیوایشەوە دەیاننۆڕیە ئەو چەند ئەندامە کوردەی پارلەمانی عێراق - وەک یێک دوو وەزیری بێ شیر- کە بۆ چاو بەستنێ هەڵبژێردران و زۆربەیان دەرەبەگ و سەرخێڵ و ساماندار و ئەڵقەلەگوێ و نوێنەری کەڵکی چین و گیرفانی تایبەتی خۆیان بوون!

چینە ڕۆشنبیرەکەش -بێ لە خەڵکانی شیووعی- بەگشتی لە ناخی گیاندا هیوای ڕستگاریی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان بوو، هەر لە خەڵکانی سەربەستەوە تا نەتەوەییەکان -وەک کۆمەڵی: ک. ژ. ک- تەنانەت لایێنگرەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ئەوی وەک بەئاشکرا ئەو دروشمەی هەڵنەگرت بوو، لە لاییێکەوە خەباتی بۆ هێنانە دی مافە گرنگەکانی ئازادیی سیاسی و چاکبوونی باری دارایی و کۆمەڵی و تەندروستی و خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی و پێشکەوتن و لە لاییێکی دیەوە بۆ بەربەرەکانێی پلان و پیلانەکانی بەرەی ئیمپریالیزم و داگیرکەران تێ دەکۆشا. تەنانەت لە ئەو پێناوەدا هاریکاریی پارتە چەپڕەوەکانی عێراق و وڵاتەکانی عەرەب و گێتیی دەکرد، لە ڕیزی پێشەوەش شیووعییەکان.

لە ڕیێڵەی ئەم ڕەنجەدا، ڕۆشنبیرەکان -بەتایبەتیش سیاسەتبازەکان- دەورێکی گەورەیان دیت بۆ ئاشکرا کردن و بەربەرەکانێی پاکت و پەیمانەکان و بەیاننامە و خۆنیشاندانی گەورەی جەماوەرەوە بەرهەڵستیان دەنواند، بەتایبەتی بەرامبەر (پاکتی بەغداد) و ڕژێمی عێراقی نۆکەری خۆرئاوا.

لە ڕووی خەبات و تەکانی ڕۆشنبیریشەوە، بەڕاستی مامۆستا، ئەدیب و شاعیر، ڕۆژنامەوان، هونەرمەندەکان، دەوری کاریگەریان لە ژینی خەڵک و وریابوونەوە و پێ گەیشتنیان دەگێڕا و هەموو جەختیان بۆ شوناسنامەی نەتەوەیی جوێی گەلەکەیان دەکرد و لە هەمان هەلدا کاریشیان لە بزاڤی ڕۆشنبریی دواکەوتووی بەشە داگیرکەراوەکانی دی دەکرد.

وێڕای ئەوەی پارتەکانی کوردستانی باشوور کەم و زۆر بەنهێنی پێوەندی و هاریکاریی پارتەکانی بەشەکانی دی کوردستانیان دەکرد، بەتایبەتی لە ئامێزگرتنی تێ کۆشەرە ئاوارەکانی کوردستانی خۆرهەڵات و پێکەوە کارکردن، بەڵام بەڕاستی لەبەرەوە دروشمێکی سیاسی ناقۆڵا -شیووعیەکان گەرم دەهۆڵیان بۆ دەکوتا- بەنێوی (برایەتی کورد و عەرەب)ەوە بوو بەباو، بگرە جێگەییێکی بەهێزی پەیدا کرد کە ئەمە دروشمی قۆناغێکی سیاسی لێ دەرنەچوو، بەڵکوو بوو بەبەڵاییێکی چەشنی ڕەگی گولی بەمەبەستی کلۆرکردنی گیانی نەتەوەیی و کوردستانخوازیی و شۆڕشگێڕیی کە تەنانەت هەر داگیرکەرەکان خۆیان کەڵکی گەورەیان لێ وەرگرت بەڕادەیێ -وەک دوارۆژ ڕاستی بێ فەڕیی سەلماند- لەژێر سێبەریدا گەلی کورد نەک هەر تەوقی ژێر دەستەیی لە ملدا توندتر، بەڵکو قەڵاچۆش کرا![١٣٩]



جێگەی باسیشە، هەر لە دوای دووەم جەنگی گێتییەوە تا ساڵی **١٩٥٨**ز، حوکوومەتی عێراقی عەرەب -لە کوردستانی باشووردا- چ کارێکی ئاوەدانی، تەندروستی، پیشەسازیی، کشتوکاڵی دیار و گرنگی لە دەست نەهات، بەپێچەوانەوە هەر خەریکی ڕێگەوبان و ئۆردوگەی سەربازی  دانانی بنکەی پۆلیس بوو. زوو بەزووش لە وەرزەکاندا، بەنێوی (مەشقی سەربازییەوە -فەرزەییات) چەند بەشێکی کارامەی نێرووی سوپای عێراقی دەناردە کوردستان و بەتەقەمەنی ڕاستەوە جم و جووڵی دەنواند کە ئامانجی هەرە گەورەی چاوترساندنی گەلی کورد بوو! لە لاییێکی دیەوە وێڕا- هەر لە ساڵانی بیستەکانەوە پتر خەریکی تەنگ پێ هەڵچنینی کوردانی باژێڕەکانی کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و بەدرە و جەسسان و مەندەلی بوو، بەڕادەییێک بەهەر بڕوبیانوو و تۆقاندنێ هێدی هێدی ناچاری کۆچ کردنی دەکردن. هەروەها نێوە کوردییەکانی باژێڕۆکەکانی دەگۆڕیی بۆ عەرەبی. وێڕاش کاربەدەستی گەورەی نا کورد -بەتایبەتی موتەسەڕڕیفەکان- ی دادەنا. هەروەها بەکاربردنی زمانی کوردیی لە نووسینی کاروباری ڕەسمیانەدا لە لیواکاندا تا وەزارەتی نێوخۆ، باوی نەما و بەگشتی هەر عەرەبیی بەکار دەبرا. هەروەها پتر بەرنامە و بابەتی خوێندنی عەرەبی لە هەموو قوتابخانەکاندا دەچەسپاند.

شایانی لەبیر نەچوونەوەیە کە حوکوومەت - وەک جۆرێکی سیاسەتی لاوازکردنی گەلی کورد- بەتایبەتی بایەخی بەدەرەبەگ و سەرخێڵەکان دەدا و لە نێو دەوڵەت و کۆمەڵدا قەدری دەگرتن  قسەی سووار دەکردن،[١٤٠]. بەپێچەوانەشەوە -وێڕای قەدەغەکردنی پێکەونان و کارکردنی پارتی سیاسی ئازاد - توندوتیژی بەرامبەر کوردپەروەرە نیشتمانپەروەرەکان و ڕۆشنبیرەکان دەنواند و بەگرتن، ئەشکەنجەدان، نەفی کردنەوە نەدەوەستا و بەهۆی دامودەزگە و نۆکەرەکانیەوە، سەندنی پاکانەی زۆرەملێ و بڵاوکردنەوەی لاف و گەزاف و هەڕەشەی نێو زڕاندنی جێبەجێ دەکرد. ئەمە وێڕای هاندانی هێندێ قەڵەمی ڕۆژنامەی عەرەبی بۆ پەلاماردان و نێو زڕاندنی کورد و مێژووی کە ڕەسمەن خوێندنی مێژوو، جوگرافیای کورد و کوردستان هەر قەدەغە بوو، هەروەها دانان و بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەوتۆش بەکێشە بوو.

تا هەڵگەڕاندنەوەی سوپاش لە ڕژێمی پاشایەتی عێراقی عەرەب -١٩٥٨/٧/١٤ز- هەرچەندە ڕۆژنامەنووسیی سیاسیی کوردیی قەدەغە بوو، ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و کوردی - عەرەبیانە دەرچوون: یێکەم ڕۆژنامەی هەولێری ژمارە تاقانە؛ (هەتاو - ژ: ١، ١٩٤٨/٩/١١ز) کە کۆنە ئەفسەری عوسمانی - عێراق، نەتەوەپەروەری ناسراوی کورد

ئەمین ڕواندزی خـاوەند و سـەرنووسـەری بـوو![١٤١]. ڕۆژنامـەی کـوردی و عـەرەبی مامۆستاکانی هەولێر؛ (هەولێر – ژ: ١، ١٦/١٢/١٩٥٠ز – ١٩٥٣).

بڵاوکـراوە – سـەرەتا بەرۆنیـو – و گـۆڤـارۆچکەی وێنەداری حـەوتۆیی کـوردیی پروپاگەندەیی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدادا؛ (ئاگا و ڕووداوی هەفتەیی – پەیام) لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩ز – ١٩٥٨ز.دا[١٤٢] هەروەها (چەند لاپەڕەییێکی کوردی) گۆڤاری عەرەبیی بڵاوکراوەی دەزگەی گشتیی پروپاگەندەی عێراق (هنا بغداد/ هونا بەغداد) لە نێـوان ١٩٤٧ز – ١٩٦١ز.دا[١٤٣]. گۆڤـاری حەوتۆیی سیـاسیی و کـۆمـەڵی و ئەدەبی عەرەبیی و کوردیی؛ (نزار – ژ ١، ٣٠/٣/١٩٤٨ – ژ ٢٢، ١٥/٣/١٩٤٩ز. بەغداد) کە عەلائوددین سەججادی سەرنووسەری بوو![١٤٤]. گۆڤاری نێومانگەی کوردی؛ (هەتاو – مـایس ١٩٥٤ز – تەشرینی دووەم ١٩٦٠ز. هەولێـر) کە گـیوی مـوکریانی خـاوەند و سەرنووسەری بوو! یانەی سەرکەوتنی کوردانیش لە بەغدادا، گۆڤاری مانگانەی کوردیی (هیوا – ژ ١، تەمووز ١٩٥٧ز – ئاب ١٩٦٣ز)ی دەکرد. عەبدولقادر بەرزنجیش گۆڤاری (شـەفـەق – ژ ١، ١٥/١/١٩٥٨ز. کـەرکـووک)ی دەرکـرد کـە لە س ١٩٥٩ز.دا بوو بە(بەیان) و مـاوەییێک وەک زمـانحـاڵی ئاشتـیـخـوازانی بوو و دوایی دیسـان وەک ڕۆژنامەییێک لە کەرکووک دەرچووەوە و تا س ١٩٦٣ز.ی خایاند![١٤٥]

هەروەها گـۆڤـاری حـەوتۆیی کـوردیی و عـەرەبیی (پێشکەوتن/ التـقـدم – ژ ١، ٢٨/٢/١٩٥٨ز س ١٩٦٣) کە خاوەند و سەرنووسەری محەممەد بریفکانی بوو!

باری کـوردسـتـانی باکـوور ئاسـتـەم و دژوارترین باربوو، سـیـاسـەتی ڕەسـمـیـانە و ڕەگەزپەرستانەی تورک هەر بەنکوولی کردن لە مافە سیاسی و کۆمەڵی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد و قـەدەغـەکردنی هەمـوو جم و جووڵ و چالاکـیـەک نەوەسـتـا بوو، بەڵکو هەر لە سەرکـۆمارەوە تا سەرووەزیرەکـان، کـاربەدەسـتـانی وەزارەتەکـان و سوپا، ئەندامـەکـانی پارلەمـان، ڕۆژنامـەنووسـەکـان، هەمـوو بانگی تـواندنەوەیان دەدا. لە سـەرێکی دییـەوە، گـەلی کـورد خـۆی لە تەنگانەی هەژاریی و بێ کـاریی، لەش بەباریی، نەخـوێندەوارییـدا دەژیا. لە ئەوەش خراپتر کۆمەڵگەی کوردەواریی چەوساوەی چینی کۆنەپەرست بوون.

وێڕای ئەم هەمـوو زۆرداریـیـە، گـیـانی کـوردایەتی و نیـشـتـمـانپـەروەریی زیندوو بوو، بەتایبـەتی لەلای لاوە خوێندکارەکـانی زانکۆکـان و ڕۆشنبیـرە ژیرەکان کە ئەمـان –وێڕای هەمـوو دیوار و تەلبـەندێ– بەنێـوی ڕوو هەڵمـاڵـینی کـێشـەکـانی (خـۆرهەڵات)ە –واتە کـوردسـتـانی باکـوور کە نێـوهێنانی قـەدەغـە بـوو– بەزمـانی تورکی و بەنووسـینی لاتـینی



تاراددەیێ خەریکی بزاڤی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیریی ئاشکرا بوون و لە نێوان ١٩٤٨ز – ١٩٥٨ز.دا ئەم گـۆڤـار و ڕۆژنامـانەیان دەرکـردووە؛ (DICLE KAYANAGI/ (کـانی دیجلە) – س ١٩٤٨ز – ژ ٣٠، ١٧/٣/١٩٤٩ز. ئەسـتـەنبـووڵ) کـە ڕۆژنامـەییێکی سەربەخۆیی حەوتۆیی سیاسی و خاوەندی حسێن دیکەجی و شێخموس ئەڵماس/ مووسا عەنتەر و ڕێبەری کاروباری نووسین حسێن دیکەجی بووە.[١٤٦] بەپێی نووسینی در. س. ئە. شڤان؛ خوێندکـارە کوردەکـانی زانکۆ و ڕۆشنبیـرەکان، بەپێی توانا گـۆڤـاری (کـانی دیجلە)یان لەسەر ئەرکی خۆیان و بۆ باسە فیکریەکان دەرکردووە![١٤٧]

گـــۆڤـــاری تورکی؛ (SARK MECMUASI/ (گـــۆڤـــاری خـــۆرهەڵات – ژ ١، ٣١/١/١٩٥٠. ئەستـەنبـووڵ) نووسینی شێـخـموس ئەڵمـان – مووسا عـەنتـەر بووە. ئامانجیشی ڕووە هەڵماڵینی دواکەوتنی خۆرهەڵات – کوردستانی باکوور – و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری بووە.[١٤٨]

ڕۆژنامـەی حـەوتۆیی سـیـاسی و سـەربەخـۆیی تـورکی؛ (SARKIN SESI/ (دەنگی خۆرهەڵات – ژ ١، ١٨/٥/١٩٥٠ز – ژ ٦، ١٩/١٠/١٩٥٠ز. ئەستەنبووڵ) خاوەند و ڕێبەری کاروباری نووسین؛ سەمەد ئەفشار بووە![١٤٩] ڕۆژنامەی تورکی؛ (DEMOKRAT DOGU/ (خـۆرهەڵاتی دیموکـرات) – س ١٩٥٠ز)[١٥٠]، گـۆڤـاری تورکی؛ (AGRI/ (ئاگـری) – س ١٩٥٣ز – ١٩٥٧ز. ئەنکەرە) کە خـوێندکـارە کـوردەکـانی (ئاگـری) لە زانکۆدا، ساڵی جارێ دەریان کردووە[١٥١] گۆڤاری تورکی؛ (HENEJ/ (هەنەک) – س ١٩٥٥ز. ئەنکەرە) کە خوێندکارە کوردەکانی دیاربەکر لە زانکۆدا دەریان کردووە و بەتەنێ ئەم ژمارەیەش دەرچووە؛[١٥٢]، گۆڤاری تورکی؛ (GUDI/ جوودی) – س ١٩٥٦ز) کە – بەنێـوی چیای ئاگرییەوە– خوێندکارە کوردەکانی جزیرا بۆتان لە زانکۆدا، دەریان کردووە، گـۆڤـاری تورکی؛ (DERSIM/ (دەرسـیم/ س ١٩٥٧ز. ئەنکەرە) کـە خـوێندکـارە دەرسـیمییەکان لە زانکۆدا دەریان کردووە[١٥٣]، ڕۆژنامەی تورکی: (CERIDE - I DER-SIM/ «ڕۆژنامەی دەرسیم» – س ١٩٥٧ز. ئەستەنبووڵ) کە خوێندکارە دەرسیمییەکان لە زانکۆدا دەریان کـردووە، ڕۆژنامـەی تورکی – هێندێ نووسـینیش بەکـوردی لایتـینی – (ILERI YURD/ «وڵاتی پێـشکەوتوو» – س ١٩٥٨ز – ژ ٢٥٧، ٢٢/٩/١٩٥٩ز. دیاربەکر) کە عەبدوڕڕحمان ئەفهەم دولاک خاوەند و ڕێبەری نووسین؛ جانیب یڵدریم بوون ئەم ڕۆژنامە ڕۆژانە و سیاسییە، ڕەخنەگر بووە و –نەتەوەپەروەری شەهید– مووسا عەنتەر هێندێ نووسینی بەکوردی و لەمەڕ باسەکانی کوردستانی باکوور نووسیوە.[١٥٤]

باری گەلی کورد کوردستانی خۆرهەڵاتیش بەپێی سیاسەتی توندوتیژی ڕەگەزپەرستانەی محەمەد ڕەزا شاوە -بەتایبەتی بەهۆی نوشستییەکەی کۆماری کوردستانەوە دیسان ئاستەم و دژوار بوو. ڕژێمی ئێران ئەوپەڕی توندوتیژی بۆ سەرکوت کردنی هەر بزاڤێکی سیاسی و کۆمەڵی و ڕۆشنبیری بەکار دەبرد. نهێنیبرەکانی لە هەموو دامودەزگە و بازێڕ و گوندێکدا دەچاند بەڕادەیێ خزاش بووە نێو خێزانەکانەوە و دڵنیایی و بێ باوەڕیی باو کردبوو. ئەم ڕژێمە وەک داگیرکەرەکانی دی هەمان سیاسەتی هەژار و لەش بەبار و نەخوێندەوارکردنی گەلی کورد گرتبووە بەر، هەروەها بێ کاریی، داوێن پیسی و نۆکەریی باو کردبوو.

هەرچەندە خەباتی سیاسیی کورد زۆر لاواز و نهێنی بوو، ڕژێمەکە هەر سڵی دەکردەوە و نیشتمانپەروەرەکانی دەگرت و ڕاودەنا. ڕەسمەن خوێندنی کوردی و بەکاربردنی قەدەغە بوو، بەڵام لە ترسی کاریگەریی ڕادیۆ کوردییەکان (یەریڤان، قاهیرە، بەغداد) ناچار بوو چەند سەعاتێکی پەخشی کوردیی ڕادیۆکانی (سنە، تەورێز، مەهاباد) لە نێوەندی پەنجاکاندا، دەنگیان بێت! ئەم ڕادیۆیانە - هەرچەندە پتر پروپاگەندەیی بوون- بۆ ئەو ڕۆژگارە تاریک و نووتەکە کەڵکی تینوویەتی خەڵکی دەگرت! بێ گومان بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی ئاشکرا و نهێنی لاواز بووە و ئاشکراکەیشی هات بووە سەر گۆڤارێکی فارسی و کوردیی بەنێوی (خۆرنشین - س ١٩٥١ز. مەهاباد)ەوە کە بێژراوە ساڵێک ژیاوە.[١٥٥] هەروەها ڕۆژنامەییێکی کوردی بەنێوی (ڕاوێژ - س ١٩٥٢ز)ەوە کە هەواڵی زۆر ڕوون نییە[١٥٦]

لە کوردستانی خۆرئاواشدا کە ڕەگەزپەرستەکانی عەرەبی سوریا نێوی (جزیرە)یان بەسەردا دابڕیوە، سیاسەتی نکوولی کردن لە هەبوونی گەلی کورد و مافەڕەواکانی، هەروەها داگیرکردنی زەوی و زاری جووتێرەکانی کورد و چاندنی گوند و خەڵکی عەرەب لە نێویاندا پەیڕەو دەکرا. بەتوندویش بەرهەڵستی خەباتی نهێنیی ڕۆشنبیرەکانی کورد بوون کە لە ڕاییێڵەی خەباتدا هەمیشە پێوەندییان بەبراکانی بەشەکانی دیەوە هەبووە.

لە بارێکی ئەوتۆ سەختیشدا -وەک سەرچاوەکانی ڕۆژنامەنووسیی سووریا بێ دەنگن!!- هەواڵی بەدەستەوە نییە جەخت بکات بۆ هەڵکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی ئاشکرا!

**٩- دەستکەوت**

ئەگەر گەلی کورد لە دواچارەکی سەدەی نۆزدەوە تا نیوەی سەدەی بیست و لە نێوان دوو



جەنگی گێتیشدا مایەی ڕەنجی بێ وچانی ئەوە بێت؛ خۆی و کوردستانی دووکەرتی نێوان دوو داگیرکەر، ببنە چوار کەرتی نێوان ڕۆم و عەجەم و عەرەب و قەبارەی نەتەوەیی تەواوی بکرێت بەکەمێکی نەتەوە لە هەریێکەی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا و وڵاتە زلهێزەکان -کۆمەڵەی گەلان-یش پشتیوانی ڕاستەقینەی ئەم کارەساتەبن، دەی ئیدی چی دەست کەوتووە؟

ڕاستییەکەی ئەم پرسیارە کورت و ئاسانە، بۆ خۆی سەدان کتێب و لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت، بەڵام ئەز -لە کتێبێکی ئەدەبییدا- بەکورتی هەر هێندە دەڵێم؛ کۆنە گەلی کوردی لەبیرکراو، بۆ یێکەم جار لە مێژووی نوێیدا - وێڕای کەموکورتی هەر هەڵسوکەوتێکی کە دوو بەشی ئەنجامی پاشماوەی خراپی سەدەکانی ڕابوردووی تاریکە - هۆشی نەتەوەیی بووژایەوە و لە ئەو ماوە باس کراوەدا (ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی)[١٥٧] بێ هاوتای نواند کە:

١- بەڕاستی شوناسنامەی نەتەوەیی خۆی و نیشتمانی داگیرکراوی سەلماندەوە و بەخوێن جەختی کرد کە نەتەوەییێکی هەمیشە و زیندووە و بزێوە و هۆش و بیر و دەست و زمانیشی کرایەوە!

٢- بڕیار و کردار و قوربانیی نواند بۆ ئازادیی و یێکگرتنەوەی لەئەو پێناوەشدا وێڕای یاخی بوونی لە داگیرکەرە کۆنەکان - بەچەکی سووکەڵەوە -شۆڕشی ئازادیخوازی لە ڕووی زلهێزێکی وەک (بریتانیا) نواند و باسەکەیشی کرد بەباسێکی نێودەوڵەتی و سەلماندی کە تا ئامانجی سەربەخۆیی یێکجارەکی دەستگیر نەکات مەحاڵە بسرەوێت!

٣- لە بەرامبەر چینی کۆنی جڵەوگری ژینی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵی گەلدا - دەرەبەگ، شێخ و مەلا، دەوڵەمەند، چینێکی مێژوو کردی چینایەتی و ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە سەری هەڵدا و دەستی پێ کرد لە پێناوی دواڕۆژێکی پێشکەوتووی گەلدا!

بەکورتی لە ئەو ماوەیەدا پتر لە دوانزە شۆڕش و ڕاپەڕینی چەکدارانە و جەماوەرانە، سێ حوکوومەتی خۆماڵی ئازاد، پتر لە بیست و پێنج پارتی سیاسی، پتر لە دە کۆمەڵ و یانەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵی، پتر لە شەست و سێ ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی ئاشکرا[١٥٨]، پتر لە پێنج چاپخانە، پتر لە سێ سەد و چل کتێبی هەمە جۆری کوردیی چاپ کراوە![١٥٩]، هەروەها پتر لە نۆ ڕادیۆی کوردی دامەزراون![١٦٠]

وێڕاش لە کوردستانی باشووردا، زمانی کوردیی بۆ خوێندن و کاروباری ڕەسمیانە -

بەنیوەچڵیش بووبێت- بەکار براوە و لە قانوون گیراوە. هەروەها دەیان قوتابخانەی جۆربەجۆر بۆ نێرینە و - مێینە و سەدان مامۆستای قوتابخانە، ئەفسەر، پارێزەر، ئەندازەڤان، پزیشک، کارشوناس، قسەزانی رادیۆ، وێنەگر، وەرزشڤان، مۆسیقەژەن، نیگارکێش، گۆرانیبێژ هەڵکەوتوون و هەریێکە بەشێوەیێ تێ کۆشاوە!

ئەم راستیانەی ئەو ماوە کورتە، ئەگەر بۆ وێنە بەراووردی چوار سەدەیێکی دەسەلاتی سیاسیی و رۆشنبیریی و کۆمەڵیی (میرنشینی بابان)ی دەرەبەگی خێڵۆیست بکرێن کە وێڕای ئەوەی (یێک نامە)ی کوردیی تێدا نەنووسراوە و بەشەڕی خۆبەخۆی و براکوژیشەوە قڕی خستە تەخت و بەختی خۆی و خێڵەکەی و بۆ بەرەودواش پاکۆ بوو، ئەوە بێ گومان قەبارەی (دەستکەوت)ی سێ چارەکە سەدەی باس کراو، هێند گەورە و رووناکە، خۆری بەختی کورد و دوارۆژی شادانی کوردستانە!

ئەز بەش بەحاڵی خۆم -وەک کوردێ- پڕ باوەڕم و دڵنیا دەڵێم، سەدەی بیست بەڕاستی سەدەی ژیانەوەی کوردە!

### ١٠- سەرچاوەکانی هۆشیاریی نەتەوەیی

ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی -بەنووسراو و سەرزارییەوە- تا کۆتایی سەدەی نۆزدە بەڵگەیێکی بزاڤی رۆشنبیری نەتەوەیی بووبێت، ئەوە لە سەدەی بیستەوە باری نەتەوەیی بەگشتی و هۆشیاریی نەتەوەیی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە.

راستییەکەی -بەر لە هەڵکەوتنی رۆژنامەنووسی و دامەزراندنی کۆمەڵەکانی سیاسی و رۆشنبیری و ئاوەدان بوونەوەی قوتابخانەی کوردی- تاک و تەرایێ لە نووسەران و شاعیرانی وەک (سالمی ساحێبقران) و (حاجی قادری کۆیی) بەتایبەتیش ئەمەی دوایی نەک هەر رێچکەی هۆش و بیر و شیعری غەزەل خوانیان شکاند، بگرە یێکێکی وەک حاجی، بەتایبەتی -لە ئاوارەییشدا و لە پێتەختی دەوڵەتی عوسمانی داگیرکەری کوردستاندا- خۆی و هونەرەکەیشی بۆ هۆشیاری نەتەوەیی سەردەمێکی نوێ دانا. هەر بۆیێکا - بێ چاپ بوونی دیوانیشی- شیعرێکی زۆری، بەنووسینەوە بووبێت یان بەدەماودەم، پەرپونەتەوە کوردستان و خەڵکی لە ئامێزی گیانیان گرتووە.

حاجی قادر، وێڕای بابەتە هەمەجۆرەکانی شیعری، هێندە زانا بووە، دڵنیاش بووە کە چەند هۆش و بیری بگوشێت، هەموو باس و بابەتێکی لەبەر بەری تەسک و توانای دەربڕینی شیعر، پێ راناگۆسترێتەوە، هەر بۆیێکا باوەڕی هێناوە بەپێویستی هەڵکەوتنی



کەرەستەی نوێ بۆ سەردەمێکی نوێ کە لە ژینی مرۆڤایەتیدا هەڵکەوتووە. ئەوەتە لە شیعرێکیشدا جەخت بۆ باوەڕی و ئەم گۆڕینە دەکات و دەڵێت:

زەمانە رەسمی جارانی نەماوە
چراغی (نازیم) و (مونشی) کوژاوە
لە دەووری ئێمە (رۆمان) و (جەریدە)
ئەگەرچی مەقسەدە؛ زانینی باوە![١٦١]

دیاریش هەر ئەم بنچینە نەتەوەییەش میقداد مەدحەتی خاوەندی یێکەم رۆژنامەی کوردی - تورکی؛ (کوردستان - ١٨٩٨/٤/٢٢ز)ی راگرتووە تا لە هەندەراندا - بەدارایی خۆیەوە- چاکی مەردایەتی بکات بەلادا و ئەو رۆژنامەیە دەربکات.

راستییەکەیشی -وێڕای گوتارە بەنرخەکانی- هەر لە سەرەتاوە ئەو بنچینە نەتەوەییەی سەلماندووە کە هاتووە نامەیێکی فرانسی زمانی بۆ دۆستەکانی نووسیوە و مەبەستی خۆی بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی روون کردووەتەوە... نووسیویەتی:

(گەورەم...

زۆر بەختیارم ژمارەی یێکەمی رۆژنامەی «کوردستان»تان بۆ بنێرم، ئەوێ کە هەر ئەمێستە لە قاهیرەدا دامەزراندووە!

نەتەوەی من کە نەتەوەی کوردە، ژمارەی شەش ملیۆن کەسە لە ئاسیای پچووکدا. زمانیان گەلێ کۆنە. ئەمە بۆ یێکەمین جارە کە ئەم رۆژنامەیەم بەئەم زمانە بلاوکردووەتەوە بەمەبەستی [تێ گەیاندنی زانیاریی و خۆشەویستی لەنێو رۆڵەکاین نەتەوەکەمدا و هان دانی کوردانی تا رێگەی پێشکەوتن و شارستێنی نوێ بگرنەبەر و لە هەمان ساتدا خۆیشیان پێ نیشان دەدەین].

بابم میر بەدرخان بەشداری جەنگی سەربەخۆیی کوردستانی کرد لە دژی حوکوومەتی عەبدولمەجید -سوڵتانی عوسمانی/K - ئەوێ کە لە نیشتمانەکەی خۆماندا ژینی لە بنەماڵەی ئێمە قەدەغە کرد. لەبەر ئەمە رووم کردە میسر و لەبەر ئەوەش کە دەخوازم نیزام و ئاسایش باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشن، بڕیارم دا لە رێگەی ئەم رۆژنامەیەوە هەموو توانای خۆم لە دوورەوە -لە دەرەوەی ولاتدا- تەرخانی هەر کارێ بکەم کە [قازانج و بەختیاریی و پەروەردەکردنی بیری خۆولاتیانی کوردی تێدا بێت!].

میقداد مەدحەت).[١٦٢]

لەبەر ئەو ڕۆشناییيە، دەتوانم بڵێم، هەڵکەوتنی (ڕۆژنامەنووسی کوردیی) چەند نوخشەی تێکەڵبوونی شارستێنییە، هێندەش پتر سەرچاوەیێکی ڕووناکیە بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی کورد!

هەر لە ئەم ڕوانگەیەشەوە، دیارە کە ڕۆشنبیرە نەتەوەپەروەرەکان- بەخانەدان و ئاییناسە ڕاستەکان و مامۆستا و پارێزەر و کارشوناس و ڕۆژنامەڤان و ئەدیب و نووسەران و ئەفسەرانی نیشتمانپەروەرەوە - هەموو بۆ هەمان مەبەست، لایینگری ڕاستەقینەی هەڵکەوتنی سەرچاوەی هاوسەردەمی ئەوتۆ بوون!

ئەگەر بەخێراییش یادێکی نیو سەدەی ڕابوردووش بکەینەوە، دڵنیا دەبین کە هەموو کۆمەڵە -پارتە سیاسییەکان، خۆیان بەتاقە سەرچاوەی هۆشیاریی نەژماردووە، بەڵکو پەنایان بردووەتە بەر سەرچاوەکانی؛ ڕۆژنامەنووسی، کۆمەڵەکانی زانستی و خوێندەواری و کۆمەڵی، قوتابخانەی کوردیی، چاپ و بڵاوکردنەوە، کۆڕ و ئاهەنگ و دواتریش ڕادیۆ، بەئەوەش خۆیان بەئەڵقەیێ لە ڕستی ئەو ئەڵقانەدا ناسیوە و وێکڕاش یێک مەبەستی گەورە و سەرەکییان هەبووە!

وردبوونەوە لە ئەرک و چالاکی زۆر و جۆربەجۆریان کە چەند قۆناغێکی مێژوویيان بەخۆوە دیتووە و قوربانیی گرانیان تێدا بووە - باسێکی قووڵ و تایبەتییە و ئێرەش بەشی ناکات - دەیسەلمێنن کە گەلی سەخت و چەند لایێنە بوون.

بەشێوەیێکی گشتییش هەرە گرنگەکانیان ئەمەن:

١- کۆکردنەوەی جەماوەر و بڵاوکردنەوەی گیانی برایی و هاریکاریی نەتەوەیی و نیشتمانی.

٢- بڵاوکردنەوەی بیری سیاسی کوردایەتی پێشکەوتنخواز لە پێناوی بەرهەڵستی و پاکۆدانی داگیرکاریی و هێنانەدی مافی چارەنووس کە ئازادی و کورد و کوردستان و یێکگرتنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە.

٣- ئاشناکردنی دۆست و دوژمنەکانی هەر ڕۆژگار و قۆناغێک، هەروەها قەوماوەکانی دەوروبەر و گێتیی و ناساندنی باسی ڕەوای گەلی کورد بەگەلان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی. هەروەها هاریکاریی کردن لەگەڵ کۆمەڵ و چینەکانی ئازادیی و پێشکەوتنخوازی گەلەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان.

٤- بایەخدان بەلاوان، قوتابیان، ڕەنجدەران، ژنان و نرخاندنی دەور و توانایان لە ڕیزی



کاروانی خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵییدا و داکۆکی لە مافەکانیان.

٥- بووژاندنەوەی زمانی کوردی و چاک و ئاسان کردنی ڕێنووسی کوردی. هەروەها بووژاندنەوەی ئەدەبیات و کەلەپووری ڕۆشنبیری کۆن؛ مێژوو، جوگرافیای کورد و کوردستان. دیسان هاندانی کۆ و چاپ و بڵاوکردنەوە، دانان و وەرگێڕان بەتایبەتی باسەکانی بیانەکان لەمەڕ کورد و کوردستان. هەروەها هاندانی داهێنانی ئەدەبی و هونەری نوێ و بڵاوکردنەوەیان و تێ کەڵبوون لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی گێتیدا.

٦- ئاوەدان کردنەوەی قوتابخانەی کوردی بۆ نێرینە و مێینە و هاندانی خوێندنی باڵای زانستی هەمەجۆرە بەشێوەیێ هەموو باژێڕە گەورە و پچووکەکان، ئاواییەکان، گوندەکانی کوردستان بگرێتەوە.

٧- هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لە بەرامبەر - خوونەریتی پووچ و بێ کەڵک و باوکردنی بیری شارستێنی.

ئەز لە ئێرەدا -بێ قووڵ بوونەوە- هەر بۆ ناسینی کرد و کۆششی ئەو سەرچاوانە لە پێناوی هۆشیاری نەتەوەییدا، هێندێ وێنە و باسی دی - وێڕای وێنەکەی ڕۆژنامەی کوردستان - دەخەمە ڕوو:

١- پیرەمێرد، ئەندامی کارامەی (کۆمەڵی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد - س ١٩٠٨ز. ئەستەنبووڵ) لە س١٩٣٢ز.دا یادی بارودۆخی ڕۆژگار و ڕەنجی نەتەوەپەروەرەکان و پەلاماردانی کەرەستەکانی هۆشیاریی کردووەتەوە و دەڵێت: (... کە ئەوان گوتیان تورکین، ئەوساتە هەموو میللەتەکان کە سێ چەندانی ئەوان بوون، ئەوانیش گوتیان کەوابوو ئێمەش عەرەبین، کوردین، ئەرنائوود -ئەلبانی/K-ین. ئەوجا ئەو سەردەمە کوردیش کەوتە خۆی! لە ئەستەنبووڵدا، لە هەموو لایێکدا، کۆمەڵ کۆمەڵ کەوتنە یێک، لە شوێن ڕیشە و کردەوە و پیشەی باب و باپیری خۆیان گەڕان! لە هەموو کتێبە یاداشتەکانی ئەورووپادا هەر شتێکی دۆزییەوە کە گوتی: کورد ئەمەیە!).[١٦٣]

٢- عەبدورڕەزاق بەدرخان - شاگردی حاجی قادری کۆیی شاعیر- کە هاریکاریی براڤی مەلا سەلیم بوو، بەردەست عوسمانییەکان نەکەوت تا بەر لە ١٩١٧ز.دا لە مووسڵدا دەرمانخواردیان کرد و، لە ساڵی ١٩١٢ز.دا پەنای بردە کوردستانی خۆرهەڵات و لەگەڵ سمکۆی شکاک لە نێوان ١٩١٢ز - ١٩١٣ز.دا لە باژێری (خۆی)دا کۆمەڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی (جیهاندانی)ان دامەزراند؛ مەبەستی بنیاتنانی بنکەیێکی سیاسی

و شۆڕشگێڕیی بوو لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا لە دژی هەردوو ڕژێمی قاجاری ئێران و تورکانی عوسمانیی. یێکێ لە مەبەستە گەورەکانی بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی؛ دامەزراندنی قوتابخانەییێکی کوردی و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و کڕینی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی بوو. بێژراویشە هەر لە ئەو مەودایەدا ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دەرکردووە.

کوردناسی بەنێوبانگی سۆڤیەتی (ئا. ئۆربیللی)ی لە یادکردنەوەی گوتوبێژێکی خۆی و عەبدوڕڕەزاقدا، قسەی لێ گێڕاوەتەوە و نووسیویەتی. (هەرگیز ئەوە لەبیر ناکەم کە میللەتەکەم لە کۆت و زنجیری عوسمانی و قاجارییدایە. هیوا و ئاوات و ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە گەل و وڵاتمان لە کۆت و زنجیری زۆردار و داگیرکەر ڕستگار بکەین! ئەوجا بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجە پیرۆزە، گەلەکەمان پێ ویستی زۆری بەخوێندەواریی هەیە. کلیلی ئەمەش ڕەخساندنی هۆکانی فێربوون و خوێندەواریی گەلی کوردە. ئەگەر بەمن و هاوەڵەکانیشم ڕستگار نەکرا، هەر کاتێ کورد بوو بەخاوەندی دەست و قەڵەم و خوێندەوار بوو، ئەوساتە دەتوانێت بەخۆیدا بێتەوە و ئازادیی خۆی ببینێت!).(١٦٤)

جەلیلی جەلیل لە باس کردنی دامەزراندنی قوتابخانەکە و بەرنامەی خوێندن لە (خۆی)دا، نووسیویەتی: (بڕیار درا لە زەکاتی موسڵمانان ئەو پارەیە کۆ بکرێتەوە و ئەرکەکەش بەسمکۆ سپێر درا!)(١٦٥)

جەلیلی جەلیل لە ڕاپێڵەی قسەوباسی پتریدا وێنەی ناسکی کردەوە بۆ هۆشیاریی نەتەوەییمان نیشان دەدا کە دەگێڕێتەوە؛ (ڕۆژێک بەر لە کردنەوەی قوتابخانەکە لە ١٩١٣/١٠/٢٧ز.دا، سمکۆ «٢٩» منداڵی لە گوندەکانی: چاربی، سۆمای، برادۆست، خایدارەوە هێنا بوو بۆ قوتابخانەکەی «خۆی». منداڵەکان دوو ڕیز بوون کە بەرگی ئەورووپاییان لەبەر بوو، هەموو یێک جۆر بوو، کڵاوەکانیشیان کە ڕەنگی سپی بوو لە شێوەی کڵاوی کەفکاسی - کۆکازیی بوو. «٤٥» چەکدارێش لە چەکدارەکانی سمکۆ پارێزگارییان دەکرد. منداڵە بەچکەشێرەکان کە ٨-١٠ ساڵان بوون، بەنێو باژێڕەکەدا ڕێک و پێک دەڕۆیشتن و بەپێشڕەوی تاقمێک سوارەوە، ڕوویان کردە قوتابخانەکە.

دەستپێکی قوتابخانەکە، بانگدانێکی مەلاییێکی قوتابخانەکە بوو، دوای بانگەکەی لە خوا پاڕایەوە بۆ ئەم سەرەتای فەڕە کە تووشی نەوجەوانانی کورد بووە و داوایشی لە بابانیان کرد کە سوپاسی خوا بکەن بەچاوی خۆمان کردنەوەی قوتابخانەی کوردی دەبینین. عەبدوڕڕەزاق بەدرخان و سمکۆش گوتاریان خوێندەوە کە یێکەم پێ ویستییەکانی



قوتابخانەکەی ڕوون کردەوە و دووەم سوپاسی نواند!)(١٦٦)

٣- کۆمەڵی پێشکەوتنی ژنانی کورد -مانگی گوڵان/ نیسان ١٩١٩ز. ئەستەنبووڵ، لە ئاهەنگی کردنەوەی لە ١٩١٩/٦/٢٠ز.دا - دوای مەولوود خوێندن - ئەنجووم خانم یامەلکێ بەنێوی ژنانی کوردەوە، گوتارێکی -تورکی زمان- داوە و تێیدا گوتوویەتی؛ (گەلی خانمانی بەڕێز... کۆمەڵی پێشکەوتنی ژنانی کورد کە بۆ ئامانجێکی گەلێ بەرز و بەڕێز دامەزراوە، سەرەتای خەباتی خۆی بەخوێندنی ئەم مەولوودە پیرۆزە دەست پێ کرد و نزای بۆ بارەگای خوا ئەوەیە کە خەباتەکەمان خێربەخش و سەرکەوتوو بکات. دەشخوازم بەنێوی نەتەوەی کوردەوە سوپاسی ئەو خانمە بەڕێزانە بکەم کە تەشریفیان هێناوە و تکاش دەکەم مۆڵەتم بدەن چەند وتەیێ بێژم!

ئامانجی کۆمەڵەکەمان ئەوەیە ژنان و زاڕۆکانی کوردی هەژار و موحتاج کە پێ ویستیان بەهاریکاریی و یارمەتی دەستی ئێوەیە، بۆ ئەوانە کار پەیدا بکەین، ئیدارەخانەییێک، قوتابخانەییێکیان بۆ بکەنەوە و ژنانێ کە دەتوانن دەرس بڵێنەوە، بەکرێ مامۆستایی تێدا بکەن. ئەز دەخوازم بێژم کە کۆمەڵەکەمان چەند دەسەڵاتی هەبێت، یارمەتی دارایی و بەدەنییان پێشکەش بکات.

کۆمەڵەکەمان بۆ تیماری برینەکانی نەتەوە موحتاجی فیداکاریی ئێوەیە. ئەگەر هەموو کورد بۆ هاریکارییمان دەستی خۆی درێژ و فیداکارییەک بکەن، دەبینینەوە کە داخوازییە نەتەوەییەکەمان ڕاست و دروستە. خودا نەتەوەکەمان هەمیشە بەختیار بکات).(١٦٧)

٤- لە ئاهەنگی کردنەوە (کۆمەڵی زانستی کوردان - سلێمانیی) و لە شەوی ٢/٣-٤-١٩٢٦ز.دا، یێکێ لە دامەزرێنەرەکان، پارێزەر ڕەفیق تۆفیق، گوتارێکی داوە - گەلێ مەبەست ڕوون دەکاتەوە - و چەند بەشێکی ئەمەن؛ (... جەمعییەت دەیەوێت خزمەتی زانستی کوردان بکات، بەنووری عیرفان دەماغی کورد هەوێن بکات! جەمعییەت دەیەوێت کورد وا پێ بگات لەگەڵ مەدەنییەتی ئەمڕۆ بتوانێت ڕێ بکات! جەمعییەت عەلائەقەل دەیەوێت حەرەکەتێکی عیلمییە و فیکرییە لە کوردستاندا تەولید بکات؛ حەرەکەتێک!

موحتەرەمینە، ئێوە دەزانن لە دنیادا بۆ ژیان حەرەکەت، هەموو زرێ ڕۆحێک بۆ ژیان مەجبووڕە بەحەرەکەت. لە ئینسانەوە بگرن کە ئەکمەلولمەخلووقاتە تاکو دەگاتە مێروولەییێک، دەبێت بۆ ژیان بجووڵێنەوە! لە تەبیعەتدا ڕاوەستان نییە، ئەوەی ڕاوەستێت دەمرێت!

هەموو ڕۆژێک دەیبینین، دەیخوێنینەوە کە میللەتەکانی دی چی دەکەن! لە فەعالییەتێکی موتەمادیەدان؛ لە لاییێکەوە شاخ کون دەکەن، ڕێ دروست دەکەن، ژێر بەحر دەگەڕێن، هەوا دەپێون، لەژێر تینی هەتاوێکی سووتێندا بیابانها، فەمافیها دەگەڕێن، لەنێو سەرماییێکی زەمهەریربیدا قوتبەکان، شاخە سەربەرزە بەفراوییەکان تەحەڕڕیی دەکەن، ڕاوەستان نازانن، تەهلوکە نازانن، یێکێکیان تووشی تەهلوکەییێک دەبێت دەی دی بەکەمالّی خۆشەویستی خۆیان دەهاونە عەینی تەهلوکەوە. ئەم حەرکەتە و ئەم فەعالییەتە بۆ چییە؟ بۆ سەربەرزییە و بەقای نامە، مادام کە ئێمەش میللەتێکین و مادام بەو سیفەتەوە کە ئەعزاییێکی موهیمی کوردین، لە جەمعییەتدا مەجبوورین بەحەرەکەت، خزمەت بەخۆمان، خزمەت بەجەمعییەتی بەشەرییە، خزمەت بەمەدەنییەت، وەزیفەییێکە کە حالّی ئیجتیماع لە ئێمە داوا دەکات، ئەگەر بێت و ئێمە ئەو وەزیفەی خۆمان بەجێ هێلّین، تەبیعەت وەکو هەموو عوزووییێکی زائید و عاتیلّ، مەحوومان دەکاتەوە! زاتەن ئەحفادیش ئەمەیان لێ داوا دەکات، چونکە ئێمە نەهاتووینەتە دنیا، هەر بۆ خۆمان بژین، دەبێت بۆ ئاییندەش، بۆ ئەحفادیش بژین، مەرتەبەییێک بۆ ئەوان تەرک بکەین! ئەگەر هەروا حازربین و حازرخۆر بین، بەدەستی خۆمان ئاییندەمان و بەدەستی خۆمان لە پێش ئەوەی کە بێتە دنیا، نەسلی ئاتییمان دەکوژین، سەردەبڕین.

ئێمە نابێت لەبەر ئەوەی زۆر پاشکەوتووین مەیئووس بین! مەیئووسییەت مردنە! وەزیفە چەند گەورە بێت، بەموشکیلات بێ شەرەفیش بەو (...)، ئەم حالّەی کە بەسەر ئێمەدا هاتووە بەسەر هەموو میللەتەکانی کەیش هاتووە! مەسەلا «یۆنان» لە زەرفی سێ عەسری حاکمییەتی تورکدا؛ ئەوی تەماشای دەکرد، وا تێ دەگەییشت کە ئەم میللەتە لە زومرەی مەرجوومەکانە، لاکین وەقتێ کە نەسیمی حورییەت لە «فرانسە»وە بەسەر یۆنانستاندا پڕژا، ئەم میللەتە ئەو نەسیمە موعەتتەرەی بۆن کرد، لە خەو خەبەری بووەوە، تەماشای مازیی خۆی کرد، لەو مازییە پڕ لە ئیحتیشامە، قووەتێک و ئیمانێکی وەرگرت، ڕووی کردە ئیستیقبال، بەقووەت و عەزمێکی نەلەرزۆکەوە دەستی کرد بەڕۆیشتن، یۆنانستانیان پڕ کرد لە مەکتەب، مەدرەسە، کتێبخانە، جەمعییاتی عیلمییە، لە پاش موددەتێک یۆنان بووە یۆنانی ئەمڕۆ کە لە بەحری سفیدا ڕەقابەت لەگەلّ «ئیتالّیا» دەکات!

ئەوروپا، ئەی ئەوروپا چی بوو؟ لە پێش ئەوەی کە مەدەنییەتی یۆنان لە بیزانتەوە هیجرەتی ئەوروپا بکات، لە پێش ئەوەی کە مەدەنییەتی یۆنان بەدەلالەتی (عەرەبە ئەندەلوسی)یەکانەوە داخلّی ئەوروپا بێت، ئەوروپا چی بوو؟؛ ئەوروپا لە ئێمە پتر لە



جەهالەتدا بوو، لە ئێمە پتر پەرێشان بوو، لاکین فەلسەفە و مەدەنییەتی یۆنان، چاوی کردنەوە، تەماشایان کرد کە ئەم ڕێیە ڕێ نییە بەسەریدا دەڕۆن، قوروونی وستایان تەرک، بەکەمالّی عەزم دەرگەی عەسری حازریان کردەوە و ئەوروپا بووە ئەوروپای ئەمڕۆ!

ئێوە ئەی موحتەرمین، ئیحتیماله دەلّێن؛ تۆ بەحس لە حەرەکەت، لە فەعالییەت دەکەیت، چەند میسالێکت بۆ فەیز و بەرەکەتی فەعالییەت بۆ ئێمە هێنایەوە، تێ گەیشتین! ئەی ئێمە چی بکەین؟

ئێمە چی بکەین، پێتان دەلّێم ئێستاکە چی بکەین! دەی میللەتەکانی دی چیان کردووە، ئێمەش دەبێت ئەوە بکەین! دەبێت مازیمان زیندوو بکەینەوە، مازیی، بەلّێ مازیی! بەکەمالّی تەئەسسورەوە دەلّێم ئێمە لەگەلّ مازیی خۆمان هیچ عەلاقەییێکمان نەماوە، بەهیچ شتێکی خۆمان موتەئەسسیر نابین!... چەندمان هەیە لەگەلّ حالّمان، ڕابوردوومان، ئاییندەمان، عاداتمان، عەوائیدمان، ئەدەبیاتمان و بەکەلیمەییێکی کورت حەتتا تەئەسسورێکی لەسەر ئێمە نەماوە!!

دەبێت وەک هەموو میللەتێک، مازیمان، مەفاخیری میللییەمان بژێنینەوە و لەو مازییە قووەت و ئیمانێک وەربگرین و بەکەمالّی عەزم ڕوو بکەینە ئیستیقبال.

جەمعییەتی زانستی پێمان دەلّێت، لە هەموو جێ و شوێنێکی کوردستان، مەکتەبێک، دارولعیرفانێک، کتێبخانەییێک بکەینەوە، غەزەتەییێک دەرکەین، کورد فێری خوێندن بکەین، نووسین بکەین، ژماردن بکەین، کڕین بکەین، فرۆشتن بکەین! دەبێت کورد بکەینە پیاوێکی عەسریی. دەبێت منداڵەکانمان بنێرینە ئەوروپا، لەوێدا پێیان بخوێنین، کوردی ئەوروپایی پێ بگەیێنین! دەبێت ویداع لەگەلّ قوروونی ئوولا بکەین، بەلّێ لە قوروونی ئوولا، چونکە ئێمە لەم عەسری نوورەدا لە هەموو شتێکماندا لە قوروونی ئوولایین. دەبێت ویداع لە قوروونی ئوولا بکەین «بەخۆیەوە، بەئوسوولّی تەدریسیەوە، بەمەدرسەیەوە، بەتەرزی تەفەککور و تەحسیلیەوە، بەهەموو شتێکیەوە» ویداع لە قوروونی وستا بکەین، لە «هەموو شوعباتی حەیاتدا تەجەددود بکەین!»، دەبێت موحارەبە لەگەلّ جەهالەت بکەین «جەهالەت و نادانی لە کوردستاندا دەرکەین!»، دەیکەین، دەیکەن [ئەکسەری حازیروون بەییێک دەنگ و یێک ئاواز گوتیان: دەیکەین، دەیکەین/ ڕۆژنامەی ژیان].

بەلّێ، بەلّێ، ئەمینم دەیکەین، ئەگەر نەتانکردایە، لێرە حازر نەدەبوون! «ئەمینم پریشکی تەجەددود کەوتووەتە کوردستان» ئەم پریشکە خواه ناخواه، ئەمڕۆ سبەینێ

چرايێک دادەگيرسێنێت، ئەوی لەژێر ڕووناکی ئەم چرايەدا ڕێ نەکات، دەبێت لەبەر تينيدا بسووتێت!

وا تێ دەفکرم لە ئوفوقەوە ڕووناکی شەفەقێکی نزيک، تاريکيی ئەترافمان ڕاو دەنێت. لە دوای ئەم شەفەقە، سوبحێکی شەعشەعەدار چاوەڕێمانە... هەزاران سەلام لەو شەفەقە، لەو سوبحە! هەزاران سەلام) (١٦٨)

٥- وێنەيێکی دی کاريگەريی کۆمەڵەکان بۆ بڵاوبوونەوەی هۆشياريی نەتەوەيی، کاری کۆمەڵی زانستی سلێمانييە کە -وێڕای کردنەوەی قوتابخانەيێکی شەوانە بۆ کاسبکار و کرێکار و خەڵکی دی نەخوێندەوار - گيانی نەتەوەيی ئەو شاگردانەی ڕاپەڕاندووە، بەڕادەيێ، بۆ يێکەم جاری لە مێژووی نوێی کورددا، تێکەڵی خۆنيشاندانێکی گەورەی جەماوەری و ناڕەزا بن لە دژی پەيمانی ساڵی ١٩٣٠ز.ی نێوان بريتانيا و عێراق - و قوربانی بدەن!

سەرچاوەيێکی باوەڕپێکراو -لە چەند کەسێکی ئاگاداری ڕووداوەکەوە- باس دەگێڕێتەوە و وێنەی ئەو ڕووداوە دەگرێت و دەڵێت: (شەوی پێنج شەممە؛ ٤ی ئەيلوول، فايێق بێ کەس- مامۆستای قوتابخانەکەی زانستی و شاعيری نەتەوەپەروەر/K/- قوتابييەکانی زانستی لە گەڕەکی سابوونکەران هێنايە خووارەوە. بەدەووری سەرادا دانيشتن، سروودی نيشتمانييان دەخوێند و هوتافيان دەکێشا. لە پڕ ئوتۆمبێلی موفەتتيشی ئيداريی - کارمەندی سياسيی بريتانيا/K/ - دەرکەوت و دايانە بەر بەرد!

ڕۆژی شەممە؛ ٦ی ئەيلوول، دانرابوو کە هەيئەتی تەفتيش بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنی «مونتەخەبە سانەوييەکان» لە سەرای سلێمانييدا ئامادەبن. نزيکەی ٣٠ کەسێک لە سەرادا کۆبوونەوە بۆ هەڵبژاردنی نائيبەکان!

سەرانی هەيئەتی وەتەنييە - کۆمەڵە پياوێکی ناسراو و ڕۆشنبيری سلێمانيی ناڕەزا بەهەڵبژاردن و پەيمانەکە/K/ - لايێنگری توندوتيژيی نەبوون. هەر لەبەر ئەمە لە خۆنيشاندانەکەدا بەشدار نەبوون! ئەوی هاندەری سەرەکيی و سەرکردەی بوو «فايێق بێ کەس» بوو کە لەگەڵ قوتابييەکانی زانستی لە بازاڕدا کەوتنە داخستنی دوکان بەخەڵک. بەشی زۆری خەڵک دوکانيان داخست و بەرەو بەردەرک سەرا ڕۆيشتن. لە چاپخانەکاندا بەگرامەفۆن سروودی نيشتمانی لێ دەدرا. خەڵک زۆر کۆبوونەوە. هوتاف و شيعارات بەدەنگی بەرز لە دژی هەڵبژاردن دەدرا. وەکو بەياننامەکەی حوکوومەتيش دەڵێت: ژمارەی خۆنيشاندەرەکان زيادی گەيشتە ٢-٣ هەزار کەس. خۆنيشاندەرەکان بەردەرکی سەرايان



گرت بوو. ڕێگەيان لە هاتوچۆی نێو سەرا و دەرەوەی دەگرت. پۆليس نەيتوانی بڵاوەيان پێ بکات و ڕێگەی هاتوچۆ بکاتەوە. لە نێوان پۆليس و خەڵکدا بوو بەشەڕەدار و بەردەفڕکێ. ئەم ڕووداوە لە سەعاتی ١١ی بەر لە نيوەڕۆ ڕووی دا.

دەسەڵاتداری يێکەمی حوکوومەت لە سلێمانييدا، وەکيلی موفەتتيشی ئيداری «ئەلبانی» بوو. داوا لە فەرماندەی جەيش کرا سرييەيێک سەرباز بنێرێت، ئەويش بەشی نەکرد. داوای فەوجێکيان کرد. سەربازەمان لە حەوشی سەرا و سەربانندا دامەزران و بەمەترەلۆز -ڕەشاش- کەوتنە تەقە لە خۆنيشاندەرەکان. چەند کەسێ کوژران. «بەپێی بەياننامەی حوکوومەت و بەقسەی خەڵک نزيکەی ٦٠ کەس کوژراوە» و چەند کەسێ بريندار بوون و ئەوانی دی بڵاويان کرد.

هێزە چەکدارەکانی عێراق دەستيان گرتووە بەسەر جادەکاندا. کوژراوەکان لە حەوشی سەرادا کەڵەکە کراون و بريندارەکانيش لە نێو قاووشێکدا ڕيز کران و کەوتنە ڕاونان و گرتنی هاندەر و ڕێکخەر و بەشدارانی خۆنيشاندانەکە، تا دوو سێ ڕۆژ هەر خەڵک دەگيران و پۆليس و سەرباز شايەتييان لێ دەدان. ژمارەی گيراوەکان لە ١٠٠ کەس تێ پەڕيی!). (١٦٩)

## ١١- ڕۆژنامەنووسيی کوردیی - فێرگەی ڕۆشنبيريی!

تورکانی عوسمانی، عەجەم، عەرەب کە هونەری ڕۆژنامەنووسييان لە وڵاتەکانی ئەورووپای پێشکەوتووەوە پێ گەيشت، چونکە خاوەندی قەوارەی سياسی يان ڕۆشنبيريی پتەو بوون، زمانيان، خوێندن و نووسينيان، گوزەرانيان، کۆمەڵيان، تێکەڵييان، بەتايبەتيش ئەدەبيات و ڕۆشنبيرييان توانا بوو... بەڵام - وەکو باس ڕابورد- گەلی کوردی ژێردەستە و نيشتمان داگيرکراو، هەروەها دەستەمۆی ڕۆشنبيرييان، لە ئەوپەڕی نەزانين و نەخوێندەواريی و هەژارييدا بوو کە تەنانەت درەنگانێ لە (هەندەران)دا ئەم هونەرەی لە ئاميز گرت و بەکار برا! ئيدی هەڵکەوتنی لەنێو ئەو بارە سەخت و دەگمەنەدا، مانای هەڵگرتنی ئەرکێکی مەزن و مێژووييە!

ڕاستييەکەی مايەی خۆشبەختييە کە ڕۆژنامەنووسيی کوردیی -لە کوردستانی يێکەم ڕۆژنامەوە وێڕای پەسنی خۆی وەک کەرەستەيێکی پێوەنديی و ڕاگەياندن، دەستبەجێ خاوەندی پەيامێکی نەتەوەيی و مرۆڤپەروەريی بوو، بڵاوبوونەوەی (ڕۆشنبيريی) مەبەستی گەورە و نزيک و دووری بوو. بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستييە - هەر لە سەرەتاوە-

کۆمەڵە سیاسییەکانە کە ژیرانە، نەک هەر پشتیوانی ئەو مەبەستە پیرۆزە بوون، بەڵکو ئاودێری بوون، چونکە بۆ گەلی کورد بەتایبەتی؛ سیاسەت بەبێ ڕۆشنبیریی، تیغی کولە!

وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی بزاڤی نیو سەدە پتری ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا دڵنیایی دەبەخشیت - وێڕای بەرهەڵستی هەمیشەیی داگیرکەران، بەتایبەتیش قەدەغەکردنی دووان لە سیاسەت - هەمیشە لە سەنگەری ڕەنج و بەرگرییدا بوو بۆ پاراستنی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و تێکەڵی لەگەڵ ڕۆشنبیریی گێتیی! تەنانەت لە ئەو ئاستەدا بووەتە (فێرگەیێکی ڕۆشنبیریی) و بەڵگەی زۆریش ڕاستیی دەسەلمێنێت!

ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، لەبەرو دوای دامەزراندنی قوتابخانەی کوردییەوە - کە بەشێوەیێکی گشتیی بەرێکی تەسکی گرتووەوە و تا ئەوڕۆش کوردستانی باکوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لێی بێ بەشن و قەدەغەکراوی داگیرکەرانە - هەمیشە، وێڕای دەنگ بەرزیی و هاندان و داواکردنی قوتابخانەی هەمەجۆرە بۆ نێرینە و مێینە، هەر خۆی فێرگەی فێربوون و خوێندن و نووسین و بڵاوکردنەوە و ڕەواج پێ دانی کوردیی بوو. هەر خۆی سەرچاوە و کەرەستەی بووژاندنەوەی زمان و داهێنانی فەرهەنگ و چاککردن و گۆڕینی ڕێنووس[١٧٠] و بژارکردنی کوردی بوو لە زەبری بیانەکان! دیسان هەر خۆی مەڵبەندی یێکەمی بووژاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبیی، مێژوو، کاروباری کۆمەڵی و یادگاری چاکی نەتەوەیی پێشینیان بوو. هەر خۆی کانی ڕوون و جوان و دڵفڕێنی ئەدەبیاتی نوێ، منارەی ناسین و تێکەڵیی لەگەڵ ئەدەبیاتی گێتی بووە، بەتایبەتی - لە سەرەتادا- بەهونەری وەرگێڕانەوە![١٧١]

وێڕا، دوو ڕاستیی گرنگی دی و، مەزن دەسەلمێنێت... لە لاییێکەوە - پتر لە کۆمەڵە سیاسییەکان - چونکە بەشی هەموو گەل بوو، ئارامگەی هەمیشەیی چینە جۆربەجۆرەکان بوو، بەڕادەیێک لە ترسی ئەم توانا و نێوبانگەی تا داگیرکەرانیش - لە هەر ڕۆژگارێکدا - توانای بەرگرتن یان قەدەغەکردنی تەواوەتیان نەبووە و نییە و ناچارن هەر دیار بێت! لە لاییێکی دییەوە قیبلە و فێرگەی دەیان شاعیر، ئەدیب، نووسەر، وەرگێڕ، ڕۆژنامەڤان، لێ کۆڵی مەیدانە جۆربەجۆرەکانی زانستەکانی مرۆڤایەتی وەک زمان، مێژوو، کارشوناس، بگرە دەسەڵاتێکی سیاسەتبازەکانیش بوو.

پیری ڕۆژنامەڤانی کورد؛ پیرەمێرد، قسەی دووبارەی نەخشی گەوهەرەکە گوتوویەتی؛ (ڕۆژنامەنووسیی ڕۆشنبیرییە!)[١٧٢]. ئەزیش پڕ باوەڕم کە بۆ کورد (فێرگەیێکی ڕۆشنبیریی) نەتەوەیی و تاڕادەیێ پێشکەوتن خوازی بووە!



## ١/١١- سەردەمی ڕۆژنامە سەردەمی پەخشانە!

وەکو بێژرا، تا هەڵکەوتنی (ڕۆژنامەنووسیی) هێندەی شیعر لە ئەدەبیاتی کوردییدا، جێگەی گەرم و خۆش بوو، پەخشان شوێنی تاریک و تەسک، وزەی لاواز بوو!

ئەگەر بەپەلەش یادێکی بار و کێشە و پێ ویستی و داخوازی و ئەرکەکانی نیو سەدە پتری خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵیی گەل بکرێتەوە، ڕاستی دیارە؛ وەک (ڕۆژنامەنووسیی) کەرەستەی یێکەم و دەستکەلا و پشتیوان و دڵسۆزیان بوو، ئەوە چ ئەوان و چ ڕۆژنامەنووسییش پێ ویستیان بە(زمان)ێکی توانا و کاریگەر هەبوو کە باری هۆشیاریی و کار تێ کردن، ڕاگەیاندن و تێ گەیاندن و خێرا و ئاسانتر بکات... تواناییێک کە گیان، ئەقڵ، سۆز، دەروون بهەژێنێت، چاو بکاتەوە جوان و ڕاست و ڕەنگەکان ببینێت و بیانناسێتەوە، بازوو بۆ کردەوەی چاک بەهێز و چالاک بکات، جۆشی بدات بۆ بەرهەڵستی هەموو کۆت و زنجیرێکی توندوتیژ، بەرگەی ستەم و ژانی هەموو دەرد و بەڵاییێکی دواکەوتن بگرێت و بەیاخی بوون بیانگۆڕێت و بەرهەمی نوێ و بەفەڕ؛ بۆ ژینێکی نوێ و چاکتر، بۆ دوارۆژێکی ئاسوودە و دڵنیا و شادومانتر، پڕ لە ئازادیی و پێشکەوتن بخولقێنێت!

ئایا ئەم گۆڕینە مێژووییە گەر ڕوویدات -وەک ڕوویشی دا- لە وزەی زمانی (شیعر)دا بوو؟ ڕاستییەکەی وێڕای جوانی و فەڕی هونەری شیعر وەک پەلێکی کەسک و دانەبڕاوی زمان و ئەدەبی هەر گەلێ، بۆ هیچ گەلێ، لە هیچ ڕۆژگارێکدا، هەرگیز توانای گۆڕینی تەواوەتی نەبووە و نییە، چونکە سەختی و ئاسان کردنی ژین - ژینی گەلی کوردیش بەتایبەتی - هەرگیز لە سنوورێکی ئەدەبیی تەسک و ڕازاوە و بەئاوازەدا، بەهۆش و بیرێکی ئەندێشە باز و سۆز و کەف و کوڵی ئارەزووەوە، بەوشەی کەم و کورت، دەستەمۆ نەبووە و نابێت، بەتایبەتی کە گەلێ باسی گرنگ، وردبینی، نەشتەری تیژی ژیریی، لێکدانەوەی قووڵ و هەناسەی درێژی زانستانەی پێ ویستە! ئاشکراشە بنچینەی (پەخشان) زمانی گوتوبێژ و لێک حاڵی بوونی هەمیشەیی و بزێوە! بەواتاییێکی دیش، زمانی (زانست)ە و بۆ وێنەش هەردوو وێنە پەخشانی (دەستووری زمانی کوردیی) عەلی تەرەماخی و (توبیا کوردی) مەلا مەحموود نێوێ، بەڵگەی ئەو ڕاستییەشن کە ڕوون کردنەوەی ئەو بابەتە زانسیانە و هاوتایان - بەتایبەتی نهێنییەکانی دەوروبەر - دیار و شاردراوە، زمانی (شیعر) هەرگیز بەرگەیان ناگرێت!

بەئەو پێیە ڕۆژنامەنووسی کوردیی وەک کەرەستەیێکی پێشکەوتن، هەروەها پەخشان وەک زمانی کارامە و کەرەستەیێکی ئەو گۆڕینە، دەبوو هاوشان و هاوڕێگەبن کە هەرگیز لێک جوێ بوونەوەیان مەحاڵە. بەئەو ڕۆشناییەش - وەک ئەم ڕووداوەش قەوما - دەتوانین دڵنیابین کە بەڕاستی (سەردەمی ڕۆژنامە، سەردەمی پەخشانە!)... سەردەمی ژێربوونەوە و زمان ڕەوانی، کرد و کۆشش، گۆڕین و پێشکەوتنە.

بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی - لە یێکەم ڕۆژنامەوە تا ئاگربڕی یێکەم جەنگی گێتیی؛ ١٩١٨/١٠/٣١ز کە ئەستەنبووڵ پێتەختی بوو، بەشێوەیێکی گشتی هەر بە(پەخشانی کارگوزاریی)ەوە خەریک بووە و مەبەستی هەرە گەورەیشی ڕاگەیاندنی هۆشیاریی و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی گشتی بووە کە لە ئەو پێناوەشدا، لە پاڵ کوردیدا، ناچار زمانەکانی تورکی، فارسی، عەرەبی، تەنانەت فرانسیشی بەکار بردووە.

لەلاییێکی دیەوە، (پەخشانە گوتار) بەشێوەیێکی گشتیی زمانی، وشک و ئەستوور، داڕشتنی زبر و شاش و دەربڕینی ناڕەوان بووە کە بێ گومان ئەوە ئەنجامی سەختی بارە ڕۆشنبیرییە کۆنەکە و بەتایبەتی باو نەبوونی کوردیی نووسین و تێکەڵی زمانەکانی دی و ڕێنووسیانە!

هەڵبەت ئەگەر باری (پەخشانی کارگوزاری) ئەوهە بووبێت، بێگومان باری (پەخشانی هونەرانە) نالەبارتر بووە، بەتایبەتی - لە ماوەی باس کراودا - هەردوو وێنەیی، لە گۆڤاری (ژین - س ١٩١٨، ١٩١٩ز. ئەستەنبووڵ)دا دەرکەوتوون و یێکەمیان پەخشانێکی هونەرانەی نوێ و ئازادە بەنێوی (هاواری دایکێ)کەوە، شاعیر و نووسەر، قازی زادە مستەفا شەوقی - ئەندامی کۆمەڵی بەرزی کوردستان - بەشێوەزاری کورمانجی خۆرهەڵات، نووسیویەتی، دووەمیش بەنێوی (مەمی ئالان)ەوە، نووسەری ژیر ع. ڕەحیمی نووسیویەتی![173]

پەخشانەکەی قازیی زادە، وەک کۆششێکی سەرەتایی دێتە بەرچاو، بەتایبەتی کە هەر (پێشەکی)ەکەی چەند دێرێکە و تەواوکەرەکەی بیست و نۆ تاکە شیعری نیشتمانییە! ڕاستییەکەی هەر ئەم کردەوەیە، پەخشانە - سەجەعاوی و نەزم و ئامێز - مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی دەخاتەوە یادمان کە وێڕای ئەو دوو پەسنەی بابەتەکەی ئایینی بووە! ئەم قسەیەشم بۆیێکا هێنایەوە - وێڕای حاڵەتە تاک و دانسقە هونەرانەکەی نامەنووسی توانا، سەیید ڕەشید - دڵنیاین لە ئەو ڕاستییەکە (پەخشانی هونەرانە) پێشکەوتنێکی یێکجار خاوی بەخۆوە دیتووە!



ئەز لە ئێرەدا - وێڕای وێنە یێکەمەکانی گوتاری میقدار مەدحەت و تۆفیق سلێمانییەلی/ پیرەمێرد کە لە بەشە باسەکانی ڕابوردووا خراونەتە ڕوو - پێ ویستی دەبینم لە لاییێکەوە وێنەییێکی پەخشانی کارگوزاری و لە لاییێکی دیەوە پەخشانە هونەرانەکەی قازی زادە بنوێنم:

١- پەخشانی کارگوزاریی، بەنێوی (هەر من بم و کەسی تر نەبێ/ نووسینی عەبدولکەریم سلێمانیی) کە نووسیویەتی:

(دەردێک، عیللەتێک کە تووشی ئێمە بووە، ئەسبابی زۆرە. سەبەبی ئەووەڵی وەکو لە نوسخەی ئەووەڵا عەرزمان کرد؛ ئەساسەن ئێمە قەومێکی بێ ئیتتیفاقین. سەبەبی بێ ئیتتیفایشمان وەکو هیلالی شەوی جەژن دیارە؛ گەورەکانمان تا ئیمڕۆ بەمەعاریف ئیلتیفاتیان نەبووە!

ئەوان بۆ خۆیان بەجیا مەسلەکیان ئیجاد کردووە. ئەو مەسلەکە بەزاهیر ئەگەرچی لەگەڵ ئامالی خۆی بەمووافیقی دەزانێ، فەقەت بیلنەتیجە سەبەبی ئیزمیحلالی خۆی و قەومی کوردە!

ئەم مەسلەکە عیبارەتە لە دوو کەلیمە؛ «هەر من بم و کەسی کە نەبێ!»، لەبەر خاتری ئەمە کە کەسی کە نەبێ، بەئەنواعی حیلە و دەسیسە، تەشەببوس دەکرێت. مەسەلەن ناموس هەتک دەکا، نوفووس قەتڵ دەکا، ماڵان تاڵان دەکا! هەر ئەو شەخسە بەتەنیا موتەزەڕیر نابێ، بەڵکو ئەو قەومە، ئەو قەبیلە کە ئەو لە ناویایە، سەراپا بەپڕیشکی ئاگری ئەو دەسووتێ، تار و مار دەبێ، مەحوو نابوود دەبێ! نیهایەت ئەو زاڵمە پایەدار نابێ، چونکە قانوونی ئیجتیماعی، موحیت، حاڵەتی ڕۆحییەی ئەو قەومە موساعید نییە بۆ ئەو زوڵمە!

ئەگەر لەباتی ئەم مەسلەکە، مەسلەکی «منیش بم و تۆش ببە!» تەعقیب بکا، هەموو عالەم، شک نییە کە لە ئەو موستەفید دەبێ.

قەومێک کە حەز بەتەرەققی یێکتر بکەن و موتتەفیق بن، بێ شوبهە نائیلی هەموو مەرامی خۆی دەبێ. ئەگەر حەسوود و بێ ئیتتیفاق بن، زوو زوو زەوالی دەبێ!

عەجەبا ئەساسی «هەر من بم و کەسی کە نەبێ!» چییە؟ بەندە لام وەهایە کە موختەلیف فیهی نییە، موتتەفیق عەلیهی، ئەساسی جەهالەتە! بەڵێ جەهالەتە.

جەهالەت دەردێکی بێ ئامانە، خوا تووشی دوشمنی کا! فەقەت دەرمانی جەهلیش زۆر

سەهلە، مەعارف! مەعاریف چەند لە تەرەققییدا بێ، میللەتیش دەبێ، بەلکە بێ ئەمساڵیش دەبێ! میسالی ئەمە ئینگلیزە... ئینگلیز ئەوەندە پڕ لە مەعاریفەکە لە سەدی دوو پیاوی جاهیلی نییە و ئەمڕۆکە حاکمە بەسەر کورەی ئەرزا، هەموو لەبەر عیلم و عیرفانە! مەعاریف کە نەبوو، میللەتیش نییە و ڕۆژ بەڕۆژ لە ئینحیتاتایە، وەک ئێران، وەک غەیری ئێران!

ئێران ئیسلامن، موتتەفیقن، یێک مەزهەب، فەقەت بێ مەعاریفن. (!!) لەبەر دەردی بێ مەعاریفی، ڕۆژی ئیقبالی هەر لە ئاوابوونایە، قەت ئەمەلی هیلالی بۆ تەسەوور ناکرێت!

مەعاریف بۆ تەقوییەی دین وەک مووسا، یەدی بەیزای هەیە! قەومێک کە عالیم بێ، بەئیلقای ئەم و ئەو «ضالّ – گومراه» نابێ!

پرۆتستان کە گاوورن، هەموو ڕۆژێ ڕیسالەیێ دەردەکا، بەئایەتی [قران] ئیسباتی نوبووەتی عیسا دەکا!

بەڵێ ئێمە تەسدیقی نوبووەتی عیسا دەکەین، چونکە ئیسلامین. حاجەت بەم نەشرییاتە چییە، ها؟

ئەم نەشرییانە بۆ نوبووەت نییە، بۆ ئەمەیە کە عیسا بکەن بەخودا، خەڵقی ئیقناع بکەن کە عیسا خودایە!!

قەومێک کە جاهیل بوو، بەم ئیلقائاتە ئەڵبەتە گومڕا دەبێ. عەشائیری ئەترافی بەغدا سێ ساڵ لەمەوپێش هەموو سوننی مەزهەب بوون، ئیمڕۆ هەموویان یا شیعەیە یا وەهابییە! ئەگەر وا لە خۆمان غافڵ بین، ئیشمان خراپە، خودا ئیسلاحی حاڵمان بکا!)(١٧٤)

٢- پەخشانی هونەرانە، بەنێوی (هاواری دایکی/ نووسینی قازی زادە مستەفا شەوقی) کە نووسیوبەتی:

(سبەینێیەکی زوو، هەوا سارد و ڕۆژ تازە، سەری هێناوەتە دەرێ. گوندێکی ڕووخاو لە دوورەوە، سەحرابێکی واسیع دەنێویدا، شەقامەڕێیەک بۆ لای ڕۆژئاوایە دەڕۆیت. لە قەراغ ڕێگەیێکی، چۆمێکی بەخوڕ دەهات. ڕووی سەحرای، گیای شین، کراسێکی مەخمەریی لەبەر کردبوو! لەوێدا کوردێکی جوان هەیکەل، بەخەواڵوویی ڕاکشابوو. لەسەر سەری بەسیمائێکی ماتەمداریی و بەجەبینی، ئەسڵ دەردەدار، ژنێکی کوردی پیر،



بەئەو مەقامە خەریک بوو کە لە خەوی هەڵستێنێ:

لە تەئسیری فسوونێ، ڕۆژی تابان، عالەمی شۆری،
مەگەر تۆ چاوەکانم مێری کوردان، هێشتا مەخمووری!!
لەبەر نازی باڵێنجی خەو، ساتێ هەڵێنە سەر،
تەماشاکە؛ لە مێرگوڵان دەخوێنن بولبولی شەیدا بەڕەنجووریی!! /هەتا دوایی شیعرەکە!)(١٧٥)

داگیرگردنی بەغدادی هەرێمی عوسمانی لە ١٩١٧/٣/١١ز.دا، ئەوجا هەموو وڵاتی عێراقی عەرەب و دابڕاندنی ئەو و هەرێمی مووسڵ – کوردستانی باشوور – و دامەزراندن و ڕمانی یێکەم حوکوومەتی کوردستان لە سلێمانییدا لە نێوان ١٩١٨/١١/١٧ز – ١٩١٩/٥/٢٦ز.دا، بەڕاستی لە هەموو ڕوویێکەوە گۆڕینێکی کاریگەر بوو بۆ گەلی کورد!

بریتانیا هەر لە سەرەتای داگیرکردنی بەغدادەوە لە داگیرکردنی بەسڕەشەوە لە ١٩١٤/١١/٢٢ز.دا دەستی پێ کرد – بۆ پروپاگەندە و هۆشیاریی و گۆڕینی ڕای گشتی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، چەکی ڕۆژنامەنووسی بەکاربرد کە تیخێکی ڕۆژنامەی نیوە حەوتۆ ئەوجا حەوتۆیی؛ (تێ گەیشتنی ڕاستی؛ ١٩١٨/١/١ز) بوو. ڕۆژنامەکە وێڕای مەبەستی سیاسیی گەورەی، بەتایبەتی بۆ زمان و ئاسان کردنی خوێندنەوەی کوردی و بەهێزبوونی گوتاری ڕۆژنامەنووسیی کارگوزاری، کلاوڕۆژنەیێکی ڕووناک بوو... لە لایێکەوە داڕشتنی پتەو و ڕەوانتر کرد، لە لایێکی دیەوە دەستی هێنا بەزمانی نووسینی کوردیدا، بەڕادەیێ بۆ جوان کردن و ڕەواج پێ دانی، وشەی کوردی ڕەوانتر و زاراوەی نوێی بەکاربرد، هەروەها بۆ ئاسان کردنیشی دەستکارییەکی ڕێنووسی نووسینیشی کرد و ئەم ڕێبازەشی بەدرێژایی دوو ساڵی بڕیی کرد.

ئەز – بێ درێژدادریی– بۆ تێ گەیشتنی خوێندەوار، سێ بەشە وێنەی (پەخشانە گوتار)ی ڕۆژنامەکە دەخەمە ڕوو:

١- گوتاری (چاکەی حوکوومەتی بریتانیای موعەززەم بۆ عێراق) کە دەڵێت: (عێراق لەم شەڕە عالەمگیرەدا لە هەموو لا، نەوجەوانانێکی زۆری بەکوشتن دراکە بەڕاستی قووەتی ئەژنۆ و هێزی دەستی بەختیاریی ئاییندە بوون. لەبەر ئەمە ئەم وڵاتە خەندەبارە، هەموو لایێکی لە زۆریی هەتیوانی هەناسە سارد و بێوەژنانی بێ کەس و دەر، هەمیشە

دەگـریا. هەزاران مـاڵوێران بوو، سـووتا، وەک جگەری خـانەخوێ، بوو بەکـۆی زوخـاڵ. هەزاران باغ و جۆگە و زەوی، بێ خاوەن، رزق، شتومەک ڕۆژ بەڕۆژ کەم، فەقیر و هەژار تا ئەهات زۆر دەبوو. گەلێ کەس ئێوارە بێ چرا دەما، شەوبێ شێو سەریان ئەنایەوە! هەمـوو لایێ پڕ لە شـیـوەن و هاوار و گـریان و باوکـەڕۆ بوو. بێ سـەریی و بێ دەریی، هەمـوو وڵاتانی خەمبار کرد! بێ ئیشی، بێ بازاریی، خەڵقی لە گیانی خۆی بیزار کرد. عێراقییە بێ چارەکان لەژێر باری گرانی خوێنینی ئەم هەموو شەڕ و شۆڕە، ئەم هەموو خەم و خەفەتە دەیانناڵاند... ئاخریی خوا حوکوومەتی موعەززەمەی بریتانیای بۆ عێراقییەکان ڕەخساند، حووومەتە زاڵمە عاجیزەکەیان دەرکرد و هەموانی لە کۆت و زنجیری بێ ڕەحمی ئەوان نەجات دا، لە حاڵی نەزعی گێڕانەوە، دووبارە ژیانەوە...)(١٦٧)

٢- گوتارێ کە ئەمە بەشێکیەتی:

(ئێـمـە لێـرەدا ڕوو ئەکـەینە ڕەنجـبەر و فـەقـیـران، چونکە دەزانین، دەوڵـەمـەندان بەنانی خۆیـان گەییشتوون و ڕۆحی خۆیان زۆر خۆش دەوێ و خۆیان نە بەقەومی کورد، نە بەدنیا ناگۆڕنەوە. ئەمما ڕەنجبەر و فەقیر، لە هەموو قەومێکدا مل لە چەقۆ دەسوون، هەر ئەمەندە جوانێکی زیرەک ڕێگەیان پێ نیشـان بدەن، دەتوانن هەراییێک بنێنەوە، هەم خۆیان و هەم قەومی کورد لە فەلاکەت و کوێرەوەریی ڕزگار بکەن. ئەی کورد، برایانی فەقیر و ڕەنجبەر، خۆتـان زۆر چاک دەزانن کە ئەرزی کـوردسـتـان، هەمـوو شـاخ و داخـە، عـەسکەری غـەریب ڕێی تێدا چاک دەرناکا. ئەگەر کورد سیلاحی خۆیان بێنن و لەگەڵ ئێوە یێک بن، دەتوانن هەراییێکی گەورە بەرپا بکەن!)(١٧٧).

٣- گوتارێ بۆ چاک و ئاسان کردنی نووسینی کوردی، ئەمە بەشێکیەتی:

«ئەوروپاییەکان، بۆ خوێندن و نووسینی زمانی شەرقییەکان زۆر موشکیلات دەکێشن. ئێـمـە لەبەر ئەمـە کـە ئەم مـوشکیـلاتە بەقـەدەر ئیـمکان حـەل بکـەین، ئەمـە سـاڵێکە لە نووسینی کوردیدا، بەموافەقەتی فەننی ئینشاکان، بەعزێ ئیستیلاحمان قەبووڵ کرد. «سەر» و «بۆر» و «ژێر»ی حەرفەکان بە«ه» و «و» و «ی» دەنووسین... لە باتی کردستان «کوردستان» و لە باتی دکا «دەکا» و لە باتی موفقیت ئەوان «موفقیتی اوان» و هەمزەش بە«ی» دەنووسین! ئەمە بێ شوبهە بۆ چاک خوێندنەوەی نووسینی کوردیی فائیدەی زۆرە و گەلێ ئیسـتـیلاحاتی کـەیشـمـان تەسەوور کـردووە، ئەوانیش لە وەختێ خۆیدا نەشر دەکەین!»(١٧٨).



ئەز لەبەر ڕۆشنایی گۆڕینی تەواوی بارە سیـاسییـەکە، ئەم گـۆڕینە نوێیـە لە شێـوەی (گوتار)ی ڕۆژنامەنووسی و بەکاربردنی کوربیدا، بەسەرەتای قۆناغێکی نوێی دەزانم کە بێ گومان تەواوی بارەکەش، دواتر ڕەنگی بەسەر یێکەم حوکوومەتی کوردستاندا ڕشتووە، بەتایبەتی لە ڕووی بەکاربردنێکی ڕەسمیانەی زمان و نووسینی کوردییەوە! مخابن تەمەنی ئەو حوکوومەتەش کورت بوو؛ ڕۆژنامەنووسی تێدا هەڵنەکەوت، بەڵام – وەک لە بەشی نامەی ڕەسمییدا باسی دێتە پێشەوە – هەرە کاریگەرییەکەی ئەو بارە سیاسییە ئەوە بوو کە لە سەردەمی ئەو حوکوومەتەشدا، زمانەکانی دی جێگەیان پێ لێژ بوو، کوردیی چەسپا.

دەی باری (پەخشانە گوتار)ی کارگوزاریی و هونەرانە، دواتر چی لێ بەسەرهات، کوێر بووەوە یان پێشکەوت؟

## ٢/١١- کاروانی پێشکەوتنی پەخشان

وەڵامدانەوەییێکی ڕاست، وردبوونەوەی پێ ویستە، بۆیێکا پێشیدەکەوم و دەڵێم: دوای جوانەمەرگ بوونی حوکوومەتە ساواکەی کوردستان، دەسەڵاتی خۆوڕاستانی بریتانیای داگیرکەر لە سلێمانیی پێتەختدا، جێگیر و ئەفسەری سیاسی ئینگلیز، سۆن Soane بەفەرمانڕەوای یێکەمی دامەزرا!

وردکردنەوە و لێ کۆڵینەوەی ئەم فەرمانڕەواییە لە هەموو ڕووییێکەوە – وەک بەشی ئەم کتێبە نییە – لە ژینی گەلی کورددا، بۆ قۆناغەکە و دواڕۆژ بایێخێکی مێژوویی هەیە و ئەوی مەبەستی منیشە نەشتەردانێکی خێرایە لە زەبر و کاریگەریی بەرامبەر ڕۆشنبیریی کوردی تا لەبەر ڕووناکیی، وەڵامی پرسیاری ڕابوردوو بدەمەوە!

لێ کۆڵینەوە جەخت دەکات کە ئامانجێکی گەورە و گرنگی کەسی فەرمانڕەوا – با سەرچاوەکەیشی مەبەستی سیاسی پروپاگەندەیی هەبووبێت! – هەڵتەکاندنی بنچینەی کۆن و دانانێکی بنچینەییێکی نوێی ڕۆشنبیریی کوردی بووە! کەرەستە و کۆڵەکەکانی ئەم گۆڕینەش دەسەڵاتی سیاسی خاوەند دارایی، کەرەستەی شارستێنی، تێکەڵی هۆشمەندە قەڵەمگرەکانی کورد خۆی بووە!

وێڕای کۆڵەکەی یێکەم کە سۆن Soane خۆی دەسەڵاتێکی کارامە و نەخشەکێش و بڕیاردەری دارایی بووە، یێکەم (چاپخانە)ی کوردیی، یێکەم (ڕۆژنامە)ی حەوتۆیی کوردیی دامەزراندووە. هەروەها لەگەڵ کردنەوەی چەند قوتابخانەییێک (بەرنامەی

خوێندنی عوسمانی) لاداوە و خوێندنێکی کوردی - لاسایی کراوی بەرنامەی خوێندنی دانراوی ئینگلیز بۆ عێراقی عەرەب - باو کردووە. هەر لە هەمان هەلدا محەمەد باشقەی سەرپەرشتی خوێندن؛ ئەلف و بێیەکی کوردیی؛ (ئەووەڵەمین قیرائەتی کوردی - س ۱۹۲۰ز)ی چاپ و (ڕێزمانێکی کوردی/ گولزار - مامۆستا سەعید سیدقی کابان - س ۱۹۲ز)ی بەسەر قوتابخانەکاندا بڵاوکردووەتەوە.[١٧٩] هەروەها - بەزۆر بووبێت یان بەدڵ - هەرە قەڵەمگرە ناسراوەکانی، تێکەڵی نووسین و هاریکاریی کردنی ڕۆژنامەکە کردووە. وێڕاش درێژەی داوە بەسەپاندنی کوردی نووسین لە کاروباری دەزگەکاندا! لە لایێکی دیەوە گەرم و گوڕ بۆ بووژاندنەوەی زمان، مێژووی کورد، داب و دەستووری کۆمەڵایەتی، داهێنانی هونەرەکانی (گوتار)، هاندانی وەرگێڕان و ئاشناکردنی ئەدەبی گێتی، بەتایبەتیش بۆ داهێنانی (ئەدەبی نوێ) تێ کۆشاوە!

سۆن Soane کە خۆی ڕێبەر و نووسەری یێکەمی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانیی) بووە، جارێ لە هێندێ ڕووەوە، بۆ پتر ناسینی توانا و بیر و کردەوەی و زەبری کاریگەریان - لە نێودارانیشدا باسی پترە - قسەوباسی هێندێ شارەزا و ناسیاوی دەهێنینەوە...

١- مێژووناسی کورد و کوردستان محەمەد ئەمین زەکی لێی نووسیوە:

(بەقەدەر کوردێک کوردیی دەزانیی و لە عالیمێکی کورد پتر شارەزای زمانەکەمان بوو!)[١٨٠]

٢- دوکتۆر جی. ئێم. لیز G. M. Lessی جێگری سۆن Soane لە هەڵەبجەدا، لە ساڵی ۱۹۲۸ز.دا گوتارێکی لێ نووسیوە و دەڵێت: (ئەهالی سلێمانیی و عولەماکانی، بەسووکی و نەنگی و گەمەوە لە ئەو ڕۆژنامەیەی دەئاخاوتن و لە ئەنجوومەناندا نێویان دەبرد. میستەر سۆن هەڕەشەی لەوانە کرد وە بەزۆر ناچاری کردن بیخوێننەوە و پیرۆزی بزانن! خوێندن و نووسین و چاپکراوانی کوردیی جێگەی فارسی و تورکی باو بگرێت!)[١٨١]

٣- ڕۆشنبیری گەورە؛ مستەفا سایب، لە ژیننامەی خۆیدا لێی نووسیوە: (مێجەر سۆن Soane کە حاکمی سیاسی بوو، چاپێکی هێنا بووە سلێمانیی و ڕۆژنامەی پێشکەوتنی دەردەهێنا. وەکو بەهەموو دێهات و ناحیە و قەزا و شارەکاندا بڵاوی دەکردەوە، هەموو هەفتەیێک بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامەیەی دەنارد بۆ قوتابخانەکەمان -خۆی قوتابی بووە/ K - و بەسەر هەمووواندا دابەش دەکرا بۆ ئەوەی زاخاوی بیرمان بدەینەوە و



بەکوردی بخوێنین و بیخوێنینەوە. لە واقیعدا زۆر تەئسیری کردە سەر بیر و هۆشمان).[١٨٢]

دەی کەسێکی ئەوهە بەدەسەڵات و توانا، کوردیزان، پەرۆشی خوێندن و بڵاوکردنەوەی کوردی و دیارە ڕۆژنامەکەی کردووە بەهێزی پشتیوانی (گۆڕینی ڕۆشنبیری)، بەڵام داخۆ چ زمانێ، چ ڕێبازێ، چ هونەرێ، چ بابەتێکی لە (ڕۆژنامە)دا بەکاربردووە؟

لێ کۆڵینەوە و وردبوونەوەم -کتێبێکی تایبەتیم بۆ داناوە- دڵنیای کردووم کە وەک کەسی یێکەم و کارامەی ڕۆژنامەکە و سەرپەرشت و ڕاست نووسی زۆبەی نووسینەکان؛ هێندەی یێکجار پەرۆشی زمانی کوردی پەتی و ڕەوان و هونەری (پەخشان) بووە، زۆر کەمتر بایەخی داوە بەبڵاوبوونەوەی (شیعر) کە هەرگیز دەرگەیشی لە بووژاندنەوە و بڵاوبوونەوەی (شیعری کۆن)، (بەیت)، (پەندی پێشینان)، (حەکایەت)، (مەتەڵ) نەکردووەتەوە.

لە لایێکی دیەوە - تا کۆتایی کاری لە سلێمانیی و لە ۱۹۲۱/۳/٦ز. دا وەک بایەخێکی تایبەتی داوە بەبابەتە گرنگەکانی (زمان) و (مێژووی کورد) و وەرگێڕاندنی بابەتی ئەدەبی ئەوروپایی وەک (ڕۆمان، چیرۆکی پۆلیسی)، بەڕاستی پەرۆشی داهێنانی ئەدەبی نوێی کوردی بووە! بەشێوەیێکی گشتیش بایێخێکی زۆری داوە بەهونەرەکانی (گوتار)ی وەک: سەرگوتار، لێ گوتن، ڕیپۆرتاژ، چیرۆک؛ لێ کۆڵینەوە، لەسەر نووسین - ڕەخنە، نامە، جاڕ، ئاگاداری، هەواڵی نێوخۆیی و بیانی! جێگەی باسە هەر خۆی وەرگێڕی چەند بەشێکی (شەرەفنامە) و (گەشتی ڕیچ)ە کە بەڕستێ ژمارەی بڵاوی کردوونەتەوە. هەروەها جێگەی پێ زانینە کە لەبەر دووبارە نەبوونەوەی نێوی خۆی - کە زۆر دەگمەن دەرکەوتووە - بەگشتی بەئیمزاکانی (م...) و (پێشکەوتن) و (پ)ەوە، هەروەها گەلێ گوتار و کردەوەی (بەبێ ئیمزا)ن!

سۆن Soane کە ئەوپەڕی پەرۆشی زمان و نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردیی پەتی بوو - بەپێی لێ وردبوونەوە - کوردییەکەی لاسایی نووسەرە پێشینەکانی کورد نییە و لاسایی کەرەوەی زمانی زوڵاڵ و پەیتی کوردییە لە بۆنەی هونەری گوتاری ڕۆژنامەنووسیدا. لە لایێکی دیەوە هێندەی - لە ئەو ڕۆژگارە ناسکەدا - بەئەو باسەوە خەریک بووە، نەیپەرژاوەتە سەر دەستکاریی کردنی هەموو گوتارەکان، تەنانەت نەیتوانیوە کێشەی (ڕێنووسی کوردی) بنەبڕ بکات و هێندەی بۆی کراوە تا ماوەی فەرمانڕەوایی خۆی و

دواتر، ڕۆژنامەکەی لەسەر ڕێبازە ئاسانەکەی (تێ گەیشتنی ڕاستی) بەڕێگەوە بردووە و ئاسانتریشی کردووە. وێڕا دیاریشە کە لایێنگری چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش بووە، بۆیێکا پێشنیازێکی سەرەتایی شاعیر و نووسەری توانا (م. نووری/ نووری شێخ ساڵح)ی لا پەسەند بووە کە لەمەڕ (نیشانەدانان بۆ تیپ/ دەنگەکانی کوردی) لە ژمارەییێکدا و بەنێوی (لەیێک چوونی حەرف)ەوە گوتارەکەی بڵاوکردووەتەوە و مخابن ئەنجامی نەبووە![١٨٣]

ئەمێستەش سەرەی لاکردنەوەیە لە پرسیارە گرنگەکە؛ دوای ڕۆژنامەی (تێ گەیشتنی ڕاستی)، ئایا (پەخشانە گوتار)ی کارگوزاری لە ئەم ڕۆژنامەیەی نێو خەڵکی کورددا، دواکەوت یان پێشکەوت؟

بەر لە وەڵامدانەوەی، پێ ویستە ڕاستی لەبەرچاو بێت کە؛ شوێن و کات، بار و ڕەفتار، نووسەر و خوێندەوارانی هەردوو ڕۆژنامەکە و بارستی کاریگەرییان، گەلێ لەیێک جودان، بەتایبەتی لە ڕووی پێوەندیی نووسەران و خوێندەوارانەوە.

لە سەردەمی (تێ گەیشتنی ڕاستی)دا و سەرەتاکەیدا، هێشتا کڵپەی ئاگری جەنگ دیاربوو، ڕۆشنبیرەکانی کورد - زۆربەیان - لەژێر باری دەسەڵات و ڕۆشنبیریی عوسمانیدا بوون، تواناکانی ئەستەنبووڵ، هێشتا نەگەڕابوونەوە، هەروەها ڕۆشنبیرەکانی نیشتمانیش گرد نەبوون، ڕۆژنامەنووسیی کوردیی - بەتایبەتیش نووسینی کوردی - تازە بەتازە چاوی کردبووەوە، بەڵام لە سەردەمی (پێشکەوتن - سلێمانیی)دا، بارەکە وەرگەڕابوو.

لە (تێ گەیشتنی ڕاستی)دا، نە نێوی سۆن Soane و نە کارگێڕێ تا نووسەرێ، شاعیرێ، دیار نەبووە، بەڵام لە (پێشکەوتن - سلێمانیی)دا، هەر لە نێوی سۆن Soaneەوە تا دەیان شاعیر و نووسەری گوتاری هەمەجۆرە دیارن و ئەمەش مانای ئەوەیە؛ ڕێبەری ڕۆژنامەکە تا نووسەرەکان، بەرپرسی زمان و شێواز و بابەت و توانایانن. بەئەو ڕۆشناییە و بەئەوەش کە کەسی ڕێبەری ڕۆژنامەکە، شارەزای هونەری ڕۆژنامەنووسیی، کوردیزان، پەرۆشی زمان و ئەدەبیات و گۆڕینی (ڕۆشنبیری) بووە، گومان نییە کە هونەرەکانی (پەخشان) و (گوتار)ی کارگوزاری تا (هونەرانە)، پێشکەوتنێکی دیاریان بەخۆوە دیتبێت.

ئەز لە ئێرەدا پتر نارۆم و - بۆ وەڵامدانەوەکە - پێم خۆشە خوێندەوار خۆی سەرپشکی هەڵبژاردنی ڕا و بڕیار و ناسین و تێ گەیشتنی ڕاستی بێت، هەر بۆیێکا - لەپێشدا -



چەند وێنەییێکی (پەخشانە گوتار)ی ڕۆژنامەکەی دەخەمە بەرچاو و دەست:

١- گوتاری نووسەر؛ ئەندامی ئەنجوومەنی شار - بێکباشی تۆفیق وەهبی بەنێونیشان: (موراجەعەت بەحەمییەتی میللییە، لە سلێمانییدا مەکتەبی سەناییع ١٣/ ٥/ ١٩٢٠ز. بڵاوکراوەتەوە)؛ دەڵێت: «ئەمڕۆ دەستوورێکی زۆر موهیم هەیە کە ئەمە بیلخاسسە میللەتی ئێمە ئەبێ لەبەر چاویدا بیگرن! ئەو میللەتانەی کە لە دەرەجەی ئیفراتدا هەوڵ نەدەن بۆ گەیشتنی تەرەقییاتی عیلمییە و سەناعییەی ئەمڕۆ لە بەرانبەر خوسرانێکی گەورەن. بینا لەسەر ئەمە، ئێمەش بەگوێرەی ئەم دەستوورە، مەجبووری هەوڵ دانین. بەڵام لەبەر ئەمە کە تابیع بەقانوونی تەدریجی تەکامولین، هەموو شتێک بەڕۆژێ ناتوانین تەواو بکەین. بەڵام هەنگاوی ئەووەڵمان بهاوین، درەنگ ماینەوە، بەغار پێشکەوین، زۆریش غار کەین کە پێی بگەین؛ بێشکەی مەعریفەت مەکتەبی سەناییعە.

لەبەر ئەمە کە حوکوومەتی فەخیمە - بریتانیا/K - ئێمە قەرزداری تەرەقییاتێکی عیلمییە و سەناییعیە کە لە ئیستیقبالدا نائیلی دەبین، بکا و موساعەدەی بەدامەزراندنی مەکتەبی سەناییع فەرمووە. ئەمە چۆن کرا؟ بۆتان بگێڕمەوە؛ لە موزاکەرەی هەفتەی پێشوودا لەبەر ئەمە کە سواڵکەریی سەوییەی ئەخلاقییەی میللەتێک زۆر بەپەستی ئەگەیێنێت؛ سواڵکەرێک هەروەکو خۆی بۆ من و بۆ دەوڵەمەندێک و بۆ هەموو ئەفرادی میللەت، میقرۆبێکی موزیڕە. ئێستە ئێمە لەگەڵ چارەی ئەمەدا خەریکی لێکدانەوەی بووین، لە قەبیلی ئەوەی کە بەبەردێک سێ و چوار تەیر لێ دەین، تەئسیسی مەکتەبێکی سەناییعمان بەخەیاڵا هات.

حوکوومەتیش کە لوتف موساعەدەی فەرموو، لە سایەی مەکتەبدا مەملەکەت هەنگاوێک بەرەو عیلم و سەنعەت ئەهاوێ. سواڵ کردن کە ئەخلاق بەفەساد ئەدا، لەناو هەڵئەگیرێ، مناڵە سواڵکەرەکان لە ئیستیقبالدا فێری سەنعەتێک ئەبن کە لە هەموو ئیحتیاجیەتێک نەجاتیان بدا.

ئەوانەی کە لە مناڵییدا سواڵ بکەن؛ چونکە فێری نان پەیاکردنی بێ ئەزییەت بوون، لە نەتیجەدا بەتەبیعەت فێری دزی ئەبن. حاڵ وایە ئەوسا پێشی ئەم سەنعەتەش ئەگیرێ.

ئەم مەکتەبە بەموساعەدەی حوکوومەت، لە تەرەف میللەتەوە ئەکرێتەوە. بینائـ لەسەر ئەمە، ئێمە، هەموو میللەت بۆ موعاوەنەت هەوڵ بدەین ئیعانە بدەین! ئەمین بن کە ئەجر و سەوابی ئەمە بەقەد دروست کردنی مزگەوتێک گەورەیە، یەعنی ئەم ئیعانەیە لەچاو

هەموو کەسێکا ئیسباتی ئەکەین کە عاشقی مەدەنییەتین و بینائ لەسەر ئەمە لاییقی مەدەنییەتین.

لەگەڵ هەندێ توجاری بەحەمییەت مولاقاتم کرد، بەجارێ بۆ دانی سیی چل، حەتا سەد لیرەش پیاوی بەحەمییەت هەیە. لە وانەی کە دەوڵەمەند نین شتێکی زۆرمان ناوێ، هەموو کەس لێکی باتەوە؛ بەساڵێک چەند نان بەفەقیرەکان ئەدات، موقابیلی ئەوەمان بەجارێک پێ بدات، جارێکی کە هیچ نەدات.

بۆ گرد بۆ کردنەوەی پارە، هەیئەتێک تەشکیل ئەکرێت، ئەمە ئیشێکی خێر و مەعقوولە، گەلێک موحەسسەناتیم ژمارد.

موراجەعەت بەحەمییەتی وەتەنییە ئەکەم، چونکە زۆر لە دواوەین، حاڵمان باعیسی پێکەنینە/ تەواو). (١٨٤)

٢- گوتاری نووسەر م. م. بەنێونیشانی (زراعەت و تیجارەت/ ١٩٢٠/٦/٢٤ ز. بڵاوکراوەتەوە) دەڵێت: (زراعەت و تیجارەت بناغەی مەدەنییەت و عەمەلییاتی عیلم و مەعریفەتە! زراعەت عادەتا ئەرز هەڵکەنن و ئەڵماس دەرهێننانە، تیجارەت ئاسن فرۆشتن و ئاڵتوون پەیاکردنە.

ئەو شارانەی کە جێگای تیجارەتە، دەبن بەشاری گەورە گەورە و زراعەتی چاک و بەبەرەکەتیش لە ئەترافی ئەو شارە گەورانە پەیدا ئەبن.

زراعەت پێشکەوتن، تیجارەت موەفەقییەت، سەروەتیش موکافاتە.

زراعەت چشتێکە بەسایەی تیجارەتەوە دەبێ بەباغ و باغچەکەش سەروەتیش خەزێنەییێکە کلی چاو لەژێر ئەو باغچەیەدا پەیدا ئەبێت.

ئینجانەیێکی گوڵ - کە زۆر ئەهەمییەتی نییە - دیسان زراعەتە. دوکان و یا خانوییێکی پچکۆلە تیجارەتە.

ئەربابی تەدقیق ئەمەنگە ئەهمییەتیان داوە بەزراعەت و تیجارەت کە ئەمڕۆ بەزراعەت دەڵێن «فەن» و بەتیجارەت دەڵێن «عیلم».

ئەم فەن و عیلمەش کتێب و مەکتەبیان هەیە. هەچ کەس لەم مەکتەبانەدا بخوێنێ و شەهادەتنامە وەربگرێ، لە هەموو جێگەیێک مەقبووڵ و موعتەبەر دەبن و لە هیچ وەختێکدا پەکیان ناکەوێت.

ئەربابی زراعەت و تیجارەت لە هەموو وەختێکدا بۆ حوکوومەت و میللەت و بۆ نەفسی



خۆیان چاکەیان هەیە، بەڵام سەد حەیف کە هینەکانی مەملەکەتی ئێمە لەم بەحسە بەدەرن، چونکە ئەمانە نە بۆ حوکوومەت و نە بۆ نەفسی خۆیان چاکەیان هەیە. لەبەر ئەمە ئەم ئیشەی کە ئەوان ئەیکەن تیجارەتی پێ ناڵێین.

لەبەرچی لە مەملەکەتی ئێمە فەقیری زۆرە؟ چونکە؛ هەچی پارەییێکمان هەیە، ئەکەوێتە دەست توجارەکان، ئەوانیش جارێکی کە بۆ شتێکی وای خەرج ناکەن کە کەلکی میللەت بگرێ و بۆ خۆشیان بێت کەوابوو ئەو پارانە چی لێ ئەکەن؟ بەڵێ بۆ خاتری ئەوەی کە لە مەراقدا نەمێننەوە ئەمیشتان عەرز بکەم:

ئەو پارانەی کە ئەکەوێتە دەستیان گردی ئەکەنەوە و ئەیکەن بەژێر چاڵەوە. بەم نەوعە ئەم پارانە دەمرێن. لەگەڵ ئەمەشدا هی واشیان هەیە کە ئێواران بەنان و دۆ شێو ئەکاتەوە. کەوابوو ئەمانە لە توجار «پارەپەرست» و «پارەکوژ»ن و ئەم ئیشەی کە ئەوانەش ئەیکەن لە تیجارەت زیاتر «میللەت ڕووت کردن»ەوەیە.

زراعەتیشمان لە دوایە؛ دیسان ئەمیش قەباحەت لە توجارەکانەوەیە، چونکە کە میللەت ڕووتایەوە، ئێتر زراعەت بەچی ئەکرێت؟

لەجیاتی ئەمە، بێنن بەو پارانەی کە گردی ئەکەنەوە، شەریکەتێ تەشکیل بکەن و ئەنواعی مەکینەی زراعەت، مەکینەی ئارد، سینەما. ئوتومبێل، عەرەبانە و ئەم نەوعە ئەشیانەی کە بۆ مەملەکەت و بۆ خۆشیان چاک بێ، جەلب بکەن و بەهەموو نەوعێک موعاوەنەتی موحتاجینی میللەت بکەن، بۆ خاتری ئەوەی کە حوکوومەت و ئەهالی و فوقەرای مەملەکەت و خۆشیان ئیستیفادەی لێ ببینن.

بەڵێ لەگەڵ ئەمەش چاکەشیان زۆرە و هەموو وەختێک ئەیانەوێت کە بەنەوعێک موعاوەنەتی ئەهاهالی و فوقەرای مەملەکەت بکەن، بەڵام ئەمانیش بەتەنها هیچیان بۆ ناچێتە سەر!/ تەواو). (١٨٥)

٣- گوتاری نووسەر؛ ت. فائیق بەنێونیشانی (خوێندن/ ١٩٢٠/٧/٢٩ز)... دەڵێت: (لە هەموو وەختێکدا باعیسی بەرکەوتن و پێشکەوتنی هەموو قەوم و میللەتێک، خوێندن بووە و خوێندنە! لە دنیادا هیچ شتێک نییە بەقەد خوێندن و خوێندەواری باش بێ. لە هەر میللەتێکا خوێندن تەرەقی کرد و خوێندەوار زۆر بوو، ئەو میللەتە پێش ئەکەوێت. ئەمە شتێکی ئاشکرایە.

ئەمڕۆ لەسەر زەمیندا هیچ دەوڵەتێک نییە کە بەسایەی خوێندنەوە پێشی نەکەوتبێ؛

ئینگلیس، فرانسز، ئەڵمان... ئەمانە هەموو لە پێشا وەک ئێمە بوون، فەقەت لە پاشدا، چونکە خەریک بوون و خوێندوویانە، خۆیان فێری هەموو شتێک و شتێکیان دەرهێناوە، لە شتی پچووک، شتی زلیان دروست کردووە.

بەکورتی، ئەم میللەتانە لە پێشەوەن و پێشکەوتوون، هەر بەسایەی خوێندنەوە بووە و هەر بەسایەی خوێندنەوە ڕۆژ بەڕۆژ پێشتریش ئەکەون. بڕوا ناکەم کەس بتوانێ بڵێ وا نییە. ئەمە شتێکە وەک ڕۆژ ئاشکرایە.

لەگەڵ ئەمەیش کە چاومان لەم هەموو تەرەققی و پێشکەوتنەیە و ئەیشزانین کە هەموو بەخوێندن پەیدا بووە، تا ئەمڕۆ لە کوردستانا، بەقەد خۆی تەماشای خوێندن و خوێندەواری نەکراوە و ئەهمییەتی نەدراوەتێ و بەڵکوو ڕۆژ بەڕۆژ خوێندن و خوێندەوارمان کەمتر ئەبێ!! ئەمە شتێکی زۆر عەیب و شایانی تەئسسوفە! ئەمڕۆ لە کوردستانا گەر بگەڕێیت لە سەد کەسی دوو کەس خوێندەوار نادۆزێتەوە، ئەمەیش هەموو لەبەر وردبوونەوە و هەوڵ نەدانی خۆمانە! ئەگەر وەها بمێنین، بەدوعا لە پێشکەوتن، لەبەرکەوتن، لە هەموو شتێک.

ئەگەر ئەمانەوێت پێشکەوین، ئەگەر ئەمانەوێ بژین، ئەبێ بخوێنین، چونکە هەموو شتێکی چاک، هەموو عیلم و فەن و سەنعاتە باش باشانە، بەخوێندن بەر ئەکەوێت، پێش ئەکەوێت، ڕێک ئەکەوێت!/تەواو). (١٨٦)

٤- وێنەی گوتاری - بێ ئیمزای - سۆن خۆی (بێ نێونیشانە ٢٨/ ١٠/ ١٩٢٠ز):

اصل عربی است
تورکی هنر است
فارسی شکر است
کوردی گوز خر است

من زۆرم حەز دەکرد چاوم بەبێژەری ئەم درۆیە بکەوتایە، حەیف کە نەماوە! هەواڵێ کە دەست من کەوتووە، ئەمە لە وەختی محەمەد عەلی میرزا کوڕی فەتاح - فەتح/K - عەلی شاە لە سلێمانیی بێژراوە.

وا چاکە بێین تەماشا بکەین؛ هەچ کەسێ کە کورد نەبێ، ناتوانێ فێری ئەم زمانی کوردیە ببێت و تێ بگات چییە! ئێرانێ لە زمانی خۆیان زۆر بەفیزن و کوردی بەهیچ نازانن، بەڵام نابێ ئەمەندە فیزیان ببێ، چونکە زمانەکەی خۆیان تێکەڵە لە عەرەبی و تورکی و فارسی، هەچ وەختێ پیاوێکی ئیرانی پەکی لەسەر قسەیێک کەوت، دەچێت لە



عەرەبی دەدزێ، لە باخەڵی خۆیدا هیچی نەماوە یا بۆگەن بووە و لە بیری چووە. کەوابوو بێین تەماشا بکەین؛ بزانین زمانی کوردی لە چییە.

لە ئێرانی کۆندا دوو زمان بوو، کە ئەو دوو زمانە لە پێش زمانەکانی کە بێژراوە. ئەوانەیش یێکێکیان زمانێ بوو کە لە کوێستانی ڕۆژئاوای ئێران قسەی پێ دەکرا. ئەوی کەیان ئەوەبوو لە کن ئەسفەهان و شیراز و فارسی کرمان و یێزد دەبێژرا.

هەر بەم ڕەنگە، دوو تائیفەیش بوو؛ ئەوی بەزمانی «کوێستانی» قسەی دەکرد «مادی»یان پێ دەوت. ئەو «مادی»یانە بوون کە وڵاتی «ئاسووریی» و ئێرانیان داگیر کرد لە «کیانیان».

ئەوانیش بەزمانێ کە لەناو ئێران قسەیان دەکرد، ئێرانییەکان بوون، کە لەم دوو زمانە بەجێ ماوە.

لە زمانی ئێرانی کۆن کە «فورسی قەدیم» یان پێ دەڵێن، لە کن کرمانشاە و شیراز، بەنووسینی مێخی لەسەر لەتە «بەرد» ماوەتەوە، لە زمانی کوێستان کە زمانی «مادی»ە، دیسان ماوە.

لە کتێبی پێغەمبەر زەردەشت کە ناو دەبرا بە«ئاوێستە» ، «قانوون»ە. زەردەشت خۆیشی «مادیی» بوو، لەکن سابڵاغەوە لە دایک بووە. زیاتر لە «ئورمێ و ئەشنێ و سولدووز» و کوێستانی کوردستانی ئێستا دنیای ڕابوارد. چونکە مادییەکان سەر ئێرانی کەوتن، کتێبەکەی خۆیان لەگەڵ خۆیان برد. ئێرانییەکانیش بوون بەزەردەشتی، بەڵام زمانی «مادیی»ان وەرنەگرت. هەتا وەختێ کە ئەسکەندەری ڕۆمی هاتە ناو، ئەو «مادیی»انەکە لە ئێران بوون، کوژرا و ڕایان کرد و گەڕانەوە کوێستانی خۆیان، ئێرانییەکان کەوتنە ژێر باری ڕۆم! چەن وەختێک لە پاش مردنی ئەسکەندەرە، لەلای بلووجستانەوە یێکێ لە سەرکردەکان کە ناوی «زنوفوون» بوو، لەگەڵ دە هەزار کەس ویستی بگەڕێتەوە ڕۆم - یۆنانستان/K - لە ڕێگەی شیراز، بەهبەهان، شوشتەر، دزفوول، مەندەلی، کفری، کەرکووک، ئەربیلەوە هات. وەختێ کە گەیشتە ئەولای ئەربیل، دی کە هەموو دنیا کێو گرتوویەتی، دەبێ لەناو کێودا بکەوێت و بگیرێت لەناو تائیفەی کوێستانی کە لە تەئریخی خۆیدا دەڵێت: «چۆن کەوتینە ناو کێوەوە و تووشی کوردۆک و کوردی مادیی بووین، زۆر تاڵیمان لە دەست کێشا، دەیانوت: ئێوە دوژمنی ئێمەن کە مادیین، زمانی ئەمانە زمانی کتێبی زەردەشتی بوو!» ئێستا «کوردۆک» کوردە و «کوردی مادی»یش

کورمانجی یا کورمانجیە.

کەوابوو دەرکەوت کە کورد لە «مادیی»ەکانە، زمانی کوردیش زمانی «مادی» و کتێبی لە «ئاوێستەی زەردەشت»یە.

دیسان هەمموومان دەزانین کە تائیفەکانی کورد، هەتا ئەمڕۆ لە کوێستانی خۆیان هەن، زمانیشیان هەر وایە.

ئێستا با تەماشا بکەین، بزانین چی بەسەر «فارسی» هاتووە! وەختێ ئەسکەندەری ڕۆمی ئێرانی داگیر کرد، زمانی ڕۆمی بوو بەزمانی ڕەسمی. چەن وەختێک فارسی لەناودا نەما، لە پاش ڕۆمیەکان بوو بەوەختی «ئەرشکی»ی کە تائیفەیە بوون لەلای خۆراسان. لەم وەختەدا، زمانی ئێرانی تازە بووەوە بەناوی زمانی «پەهلەوی». لە پاش «ئەرشکی» بوو بەوەختێ «ساسانییەکان» کە کوڕانی «بابک»ی شیرازیین. زمانی ئەوانیش پەهلەویی بوو. هەروا هەتا ئیسلام بوون. کە عەرەبەکان بەتەواوی ئێرانیان گرت و هەتا چەن سەد ساڵ، دیسان فارسی گوم بوو لەژێر عەرەبیدا. پاش ئەوە لە وەختی خەلیفەکانی «بەنی عەباس» دیسان فارسی ماقووڵ بوو. هەتا ئەمڕۆ فارسی زمانێکی بندار نییە، تێکەڵی تورکی و عەرەبییە لەوساوە کە «جەنگیز و تەیموور و هەلاکۆ» کەوتە بەر زمانیان! بەڵام کوردی، وەک خۆی ماوە، ییەکێکە لە پاکترین زمانی ئەم ناوە، هیچ پێویستی بەفارسی، لاقەی ئەو زمانەیش ناکات، لە فارسی کۆنترە و پاکترە! دەبێ کوردەکان بەزمانی خۆیانەوە فیزداربن، با لەجیاتی ئەوەی بیر بکەنەوە کە هەتا فارسی تیابێ، باش نابێت/ تەواو»).[١٨٧]

٥- کورتە چیرۆکی نووسەر: م. ئەنوەر «بەیاخی جل دروو/ ١٩٢٠/١٢/١٦ز»

(وەستاییێکی جل دروو، نەخۆش کەوت، تووشی گرانەتێ بوو. زۆر کەوتە پەشێویی و وڕێنەی دەکرد. لە وەختێکا کە لەشی نیشت بووە سەر ئاو و عارەقی دەکرد، خۆی ئەدی و شتی وای ئەهاتە بەرچاو کە مردووە. دی بەیاخێکی گەورە و پانیان لەبەرچاو هەڵکرد. ئەم بەیاخە لەو لەت و کوتانەی کە لە هەووەڵی جل دورینەوە دزیی بوو، پێک هێنرابوو. تا ئەو ڕۆژە هەچ سەرە مەقەسێکی دزی بوو و لەژێر دەزگەدا شاردبوویەوە، ورد و جوان لێک درابوو و کرابوو بە بەیاخێکی گەورە و با ئەیشەکاندەوە. لە قرچە قرچی دانی و لەرزە لەرزی لەشی داچڵەکی و هاتەوە بەخۆیا. خەوەکەی خۆی بەپرسیاری ئەوە دنیا لێک دایەوە. لە دڵیا بەستی کە ئیتر قەت هیچ وەختێ لە هیچ شتێک نە دزێ. کە هەڵسایەوە و چووە دوکان؛ خەلفەکەی بردە پەناوە تەمێی کرد کە وەختێ جلی بڕیی ئەگەر پێی زانی کە بڕشتی ئەکا و لێی دەرئەهێنێ و ئەیشارێتەوە، پێی بڵێ: «وەستا، بەیاخەکەت بیر نەچێتەوە!».

جل دروو، چەند وەختێک لەسەر ئەم نەزمە ڕۆیی و هیچ دزیی نەکرد کە جلێکی جوانیان دەبڕی، بەهەزار تەقەلا، خۆی لە دزیی ئەگێڕایەوە. زۆر جار چاوی ئەقووچان و مەقەستی تێ ئەنا. تا دوایی، ڕۆژێ شتێکی زۆر نوێ و نایابیان هێنایە لای، خۆی پێ زەوت نەکرا، دانی بەخۆیا نەگرت، لە وەختی چاکڵ بڕینیا، کوتێکی بۆ خۆی جوێ کردەوە. لە بری چوار چاکڵ، هەشتی بڕی و چواری دزی.

خەلفەکە لە دەست و مەقەستی وەستای ورد ئەبووەوە. پێیزانی، سەری بردە پەنا گوێی و وتی:

«وەستا! بەیاخەکەت لەبیر نەچێ!»

وەستا سەری ڕاوەشاند و دەستی نا بەسنگی خەلفەکەوە، وتی:

«ها... ه تۆیش؟ ئەم بەیاخەت کرد بەچی؟ وەک خەسوو هەموو وەختێ ئەیکوتی بەچاوما؟ ئەو بایەخەی من دیم، ئەم تەحرەی هیچ تیا نەبوو!»/ تەواو).[١٨٨]

٦- بەشەڕۆمانێکی (ئەلێکساندەر دۆماس/ نێوی ڕۆمان و وەرگێڕ نەنووسراوە و دوای فەرمانڕەوایی سۆن Soane بڵاوکراوەتەوە؛ ١٩٢١/١٠/٢ز)[١٨٩]

(هەووەڵی مانگی سەپتەمبەر ١٨٣١، ییەکێ لە خۆشەویستانی پاریسم بۆ وەختی ڕاو دەعوەتی کردم. ئەوسایش من زۆر شەوقی ڕاوم لەسەردا هەبوو. هەموو ساڵ لە هەموو لاییێکی فرانسەوە، هاوڕێ و خۆشەویستانم وەختی ڕاو بانگیان دەکردم، منیش دەکەوتمە بیرەوە بۆ لای کامیان بچم!!

ئەو ساڵە واو ڕێکەوت چوومە «فەنتەنە ئیرز» چونکە نزیک بوو بەپاریس، بەجێ ڕاوێکی خۆشم بیست بوو! لەبەر ئەوە هەتا ئەو ڕۆژە، ئەو جێگەیەم نەدیی بوو، وام بەباش زانی بچمە ئەوێ. ساعەت شەشی شەو، لە ڕێگەی ئاسنەوە بزووتم بۆ «فەنتەنە». لە ڕێگەدا هەر چاوم بڕی بووە سەوزایی ئەو ناوە! ساعەت هەشت و نیو گەیشتم. بەردەستەکەم خواردەمەنییەکی زۆر باشی پێ گەیان بوو؛ خواردمان. لە پاشا بەییێکەوە چووینە ناو باغ.

لە کەناری هەر خانووییێک، گوڵی سوور و جوان، چانرا بوو. گوڵەکان بەرز بووبوونەوە،

لقەکانی دیواری خانووەکانی داپۆشی بوو، بەتەرحێکی وا هەر لە سەربانەوە هەتا دەم زەوییەکەی، پارچە گوڵ بەرچاو دەکەوت، تەماشاییێکی زۆر جوانی هەبوو! چاو هیچی نەدەدی. لە پاشا گەڕاینەوە بۆ نوستن.

بەیانی زوو لەگەڵ خاوەن ماڵ چووین بۆ ڕاو، بەخت نەیبڕیی، هەتا نیوەڕۆ هیچمان نەدۆزیەوە!

بۆ ئەوەی مانگویەتیمان – ماندوویەتی/ K – دەرچێت، چووینە ژێر سێبەری دارێک، لە پاش نەختێک، کەروێشکێکی بەڕاکردن هات بۆ لای ئێمە، هەردووکمان بەیێکەوە تفەنگمان خاڵی کرد، وا ڕێکەوت، تفەنگی هەردووکمان سەری کرد. کەروێشکەکە وەک گاڵتەی لێ بێت، بەبەردەممان‌دا تێ پەڕیی. چۆنیەتی ئەو ڕۆژە ناگێڕڕێتەوە، بەدەستی خاڵی و سەرداخراو و لچ قرچ هەڵاتوو و عەرەقی ناوچاوان گەڕاینەوە ماڵێ. نزیک ماڵان بووینەوە، گەیشتینە سەری کۆڵانێ کە دووڕێیان بوو، تەماشام کرد کابراییێک بەتەحرێکی سەیر و ترس، ڕوویکردە من. وامزانی بۆ من یەت. تفەنگەکەم پڕ کرد، وەستام بۆ بەرامبەری کردن! کە نزیک بووەوە، تەماشام کرد هەموو دەست و لەشی، خوێنی لێ ئەتکێ، بەگورجی لە پێش دەممەوە تێ پەڕی. لێی کەوتینە شک؛ وتمان ڕەنگە یێکێکی کوشت بێ. شوێنی کەوتین هەتا بەر دەرگەی خانووی ژمارە «٢». دەستی نا بەزەنگی بەر دەرگەکەدا، دەرگە کرایەوە، چووە ناو دەرگەکە دانیشت. چەن کەسێکیش بەدەنگی زەنگەوە هاتن، لە پاش نەختێک پەنجەرەییێک لە نوهۆمی دووەم کرایەوە؛ سەر و ملی ژنێک دەرکەوت! بانگی کرد؛ مسیۆ ژاکمەن، ئەمە تۆ چی دەکەیت لێرە؟

کابرا جوابی دایەوە؛ بەڵێ منم! کوێخا لێرەیە یا...

لە پاش چەند دەقیقەییێک، کوێخا و دوو کەسی تار هاتن!)[١٩٠]

گومانم نییە – لەبەر ڕۆشنایی ئەو وێنانە – خوێندەوار، نەک هەر بەڕاستی هەستی بەگۆڕینی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیریی کردووە، لە گۆڕینێکی نوێی (پەخشان)ی کارگوزاری و (کوردیی نووسین)ش دڵنیایە.

دەی داخۆ باری (پەخشانی هونەرانە)ش گۆڕینی بەخۆوە دیتووە؟

ئەز – وێڕای نواندنی کورتە چیرۆکەکەی ڕابوردوو – لەمەڕ ئەم پرسیارە و ورد تێ گەیشتنی ڕاستی، پێشەکی وێنەی بیروباوەڕی ڕۆشنبیرێکی کورد و ڕێبەری ڕۆژنامەکە؛ سۆن Soane دەخەمە ڕوو:



١– لە ژمارە پێنجی ڕۆژنامەکەدا – ئا لە ئەو سەرەتایەدا – بیروڕای نووسەرێ کە نێوی (ئەحمەد/ ئەحمەد بەگ) بووە – ئەز بەئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ/ دوایی موتەسەڕڕیفی دەزانم – بۆ (مودیری پێشکەوتن) لە ١٩٢٠/٥/٢٧ز.دا بڵاوکراوەتەوە. بزانە چی نووسیوە:

نیشانەی سەعادەتە، کە وەک «پێشکەوتن» بێ، لە لیوای سلێمانییا دانراو نوێنرا. زۆر مەمنوونی حوکوومەت و واسیتەی بووین – مەبەستی سۆنە/K – ئومێدیش دەکەین کە حوکوومەت بە«پێشکەوتن»ی، بەفەیز و بەڕووناکیمان بگەیێنێ.

بێنە سەر مەقسەد، وا دیارە کە ئەربابی نووسین – سۆن/K – جەنابیان خەریکن بەجارێ زبانی کوردی لە زمانی فارسی و عەرەبی ڕووت بکەن، بەجارێ سادە و ئازادی بهێڵنەوە. ئەمەش لە پڕا مومکین نابێ، لەبەر ئەمەی زبانی کوردی لەگەڵ فارسییا تەحرێک و نموونەییێکە! و بۆ عەرەبیش عادەتەن بووە بەموحتاج موحتاجی... خوسووس زبانی عەرەبی زۆر دەوڵەمەنگە هەروا بەدەس و بردێ ناتوانین ئیستیغنای لێ بکەین، هەرچەن ئەمە ئینکار ناکرێ؛ ئەمڕۆ لە کورد و عەشاییێری کوردەواریی خۆمان کە جونووبیە، زبانیان هەیە، زۆر سادە و ئازادە!

ئەگەر ئەرباب – سۆن/K – خۆی بگەڕێ و لێکی باتەوە، نزیک ئیمکان دەبێ کە ئەمەندە ئیحتیاج نەنوێنین، سەربەخویی زبانی ئێمەش ڕەنگ و شکڵێک بەجوێ بۆ خۆی پەیا بکا، بەڵام ئەو [ظەرافەت و طەڕاوەتە، ئەو جیناس و حەلاوەتە]ی کە هەیە تێک دەچێ، نامێنێ!

ئەمە لازمە نەک وا بەدەس و بردیی و بەمانوکردنی – ماندووکردنی/K – فیکر و هۆش، بەتەدریج زبانی خۆمان، ڕێگای نووسین و وتن بدۆزێتەوە و بەحەقی خۆشی بگات. زاتەن دەبێ لە مەولا ئەربابی فەزیلەتیش، حەمیییەتەن هەوڵ بدا بۆ ئەم زبانە، وەکو زبانەکانی کە، ئەساس و قاعیدەی بۆ بدۆزێتەوە و داییێنێ – دایهێنێ/K – بۆی؛ لەبەر ئەمەی زمانی ئێمە زۆر لە دوا ماوەتەوە، کە زۆریش ئیستیعدادی پێشکەوتنی هەیە.

وام نیاز و ڕجا هەیە، وا دەمودەست، یێکجارەکی، زبانەکەمان دەستی لێ نەدرێ، هیچ نەبێ قیاس لە زبانی عوسمانیی بکەین؛ ئەو بەکوهنەییە – کۆنییە/K – و بەم هەموو هیمەتەوە کە لێی کرا و ئەدەبییاتیشی بەم دەرجەیە تەرەققی کرد، جارێ هەر لە ئەسارەتی فارسی و عەرەبی، خۆی پێ ڕزگار نەکرا./ تەواو)[١٩١]

٢- سۆن بەئیمزای (م...)ەوە، بەسەر گوتاری (بۆ خۆ ولاّتییەکان بەحەموویەتی، بۆ ئەحمەد بەگ بەتایبەتی ٣/٦/ ١٩٢٠ز) وەلاّمی داتەوە:

جاری پێشوو لە پێشکەوتندا، لەسەر زمانی «کورد» شتێک درێژ درابوو کە ئەم زمانە بەجارێک لە عەرەبی و فارسی ڕووت نەکرێت و ناکرێت.

بەڵێ خۆ دیارە لە پڕێکدا کەس نابێ بەکوڕێک، بەڵام ئەوەی لە دەست بێت و بکرێت، بۆ چ نەکرێت؟

وا دەزانم ئەو نووسینانە کە عەرەبی و فارسی تێکەڵە، ئەگەر بڵێم زۆر کەسی وا هەیە کە تێ ناگا، درۆ نابێت.

وەک لە فەرموودەکەی ئەحمەد بەگدا ئەم دێڕەی تیا نووسرابوو؛ [ئەو ظەرافەت و طەراوەتە، ئەو جیناس و حەلاوەتە!!] ئێوە بن و خوا ئەمە کەی کوردییە؟ یێکێ لە عەرەب زۆر شارەزا نەبێ، لەمە چۆن دەگات؟ کوێخا و پیاوە ماقووڵەکانمان یێکە یێکە ئەمانەیان لێ بپرسنەوە، باش دەرئەکەوێت کە درۆ ناکەم! ئەو جوانی و باشی و خۆشییە کە بۆ عەرەبی و فارسی دادەنرێت، لەبەر ئەمەیە کە زۆر بێژراوە و باش چووەتە مێشکەوە، ئەیگینا کورد لە فارسیش کۆنترە! ئەگەر باش تەماشای فارس بکرێت، تیا دەرئەکەوێت کە لە کوردی زۆر وەرگرتووە.

چونکە نووسینمان بەکوردی نەبووە، لای عەربیی و فارسیش زۆرتر گیرا، بەو ڕەنگە زمانەکەمان پاش کەوت!

ئێستایش حەز لە وتن و نووسینی عەرەبی و فارسییەکە دەکەین، چونکە زیاتر پێیانەوە ڕاهاتووین!

بەڵێ بڕوایش بەئەوە دەکرێت، بێت و زمانەکەمان ڕووت بکرێت، لەوانیتر بۆ ئەمڕۆی ئێمە گرانە، بەشکو زۆریش گرانە، ئەگەر ئێمە ئەم گرانییە لەسەر خۆمان فڕێ بدەین، لەو «ڕابوردوانە» کە ئەم گرانییەیان بۆ بەجێ هێشتووین بێ جێی تر دەکەین، چونکە بەیێکجاری دەیکوژێنینەوە، ئەوانەی پاش ئێمە دەکەون لێیان ون دەبێ، ئیتر بۆیان نادۆزرێتەوە.

خۆ دیارە چ لەناو عەرەب و چ لەناو عەجەم، لەناو کورد و تورک؛ شت بۆیە دەنووسرێت کە حەموو کەس بتوانێ تێ بگات، هە چ کەس بەو زمانە کە ئەیەوێت، شتێکی نووسی کە حەموو کەس تێ گەیشت و توانی لە زمانێکی کە کەم، یا هیچی تێکەڵ نەکرد، بۆ چ



ناشیرینە؟

ئێوە دەڵێین جارێ بەئەو زمانە ڕەنگێک بڕێژرێت، ئینجا دەستی لێ بدرێت، بەڵێ باشە! بەڵام ئەم دەست لێ دانە ڕووخانن نییە، بەشکو نەهێشتنی دڵۆپەی عەرەبی و فارسییە، هەتا لە توانیندابێ، کون و قوژبنیشی بگیریت!

ئینجا لەمەولا، هەچ کەس بەڕەنگێک خزمەتێکی باش بکات، وەک خۆتان دەفەرموون [ئەساس و مەساس]، [قاعیدە و ماعیدە] وەک ڕەنگ ڕشتن و ئەو شتانەبێ، بۆی دانرێت، زۆر هەوڵ بدرێت بۆ پێشکەوتنەوەی زمانەکەمان!

نەک لەبەر دڵگران بێ، لەمە زیاتر لە سەری ناڕۆم!/م...)[١٩٢]

ئەوجا یێکێ - بەئەو بیانییەی خۆیەوە و بەئەو بیر و توانا و پەرۆشییەوە، سەرگەرمی پێشکەوتنی زمانی کوردی بێ، دیارە پتر تێ کۆشاوە بۆ چەسپاندنی نەک هەر ڕاکەی، بەڵکو زمانەکەش. ڕاستییەکەی ئەم کردەوەیەی بەئەوە سەلماندووە کە دوای چەند مانگێ (لەمەڕ کوردیی پەتی) گرەوێکی لەنێو نووسەران و شاعیرەکاندا کردووە و جاڕی بۆ داوە و خەلاّتیشی بۆ بڕیوەتەوە. ئەوەتە لە (ژ - ٢٧، ٢٨/١٢/ ١٩٢٠ز.دا) گرەو و مەرجەکانی بەئەم جۆرە بلاّوکردووەتەوە: [بۆ زانین... پێشکەوتن، خۆی و کۆمەڵی، لەو ساوە حەز بەژوورکەوتن و پێشکەوتنی زمانی کوردی خۆمان دەکات. نیازی وا هەیە کە نووسینی کوردی بکڕێت و بانگی ئەوانە دەکات کە حەز لە نووسین دەکەن:

١- بە سێ ڕەنگ پارەی داناوە بۆ کڕینی ئەم نووسینە کوردییە، بۆ (١) پەنجا ڕوپییە، بۆ (٢) ٣٥ ڕوپییە، بۆ (٣) بیست و پێنج ڕوپییە.

٢- هەتا ڕۆژی ١٠ی نۆڤەمبر ١٩٢٠، ئەم نووسینە وەردەگیرێت.

٣- ڕۆژی یانزە تەماشا دەکڕێت.

٤- ڕۆژی هەژدە لە (پێشکەوتن)دا بلاّو دەکرێتەوە و پارەکە دەدرێت.

٥- ئەو کەسە گرەو دەباتەوە کە نووسینەکەی ڕوون و دیاربێ، فارسی و تورکی و عەرەبی کەمتر تیابێ و تامداربێ، نووسینەکەیشی وەک سیاسی، فەلسەفە و ئامۆجگاریی - ئامۆژگاریی/ K - نەبێ، باسی زراعەت، یا سەفەرنامە و حیکایەت و سەرگوزەشتەی شەڕ و شتی وا بێ باشە! ئەگەر شیعر بوو کەلیمەی فارسی نەبێ وەک ئەمەی ڕووی «حەز لێ کراو - مەشعووقە» دەکەن بە«ماه تابان»، ئەگریجە و زوڵف «موشک ئالوود» لێو بە«لەعلی یاقووت»، چاو «غەزال - ئاهوو...» ئەگەر کینایەبێ، با ئەویش

کوردی بێ/ تەواو).[١٩٣]

لە ئەنجامی ئەم گرەوەدا – هەڵبەت کۆمەڵێ شاعیر و نووسەر و بەرهەمی جۆر بەجۆری تێکەڵ بووە – شیعرێکی پەتی بەنێونیشانی (جووت و گا)ی شاعیر م. نووری و دوو (پەخشانی هونەرانە)ی زەکی سایب/ مستەفا سایب و محەمەد جەمیل/ جەمیل سایب گرەویان بردووەتەوە کە سەرکەوتن و بەرهەمەکانیشیان وێکڕا لە ڕۆژنامەکەدا، لە ١٨/١١/١٩٢٠ز.دا بڵاوکراونەتەوە.[١٩٤]

ئەز وەک بەتایبەتی (پەخشانە هونەرانەکان)م مەبەستە و دەیانخەمە ڕوو، پێ ویستی دەبینم بڵێم؛ دووەم کەس، مستەفا سایب، قوتابی و برا پچووکی جەمیل سایب بووە... بنۆڕە چیان نووسیوە:

١– مستەفا سایب بەنێونیشانی (بۆچڕووک)ەوە نووسیوتی: (هەچ وەختێ ئەم قامیشە دوو لەتە، ئەم ئاسنە دوو کەرتە ئەگرم بەدەستەوە؛ زمانم توێ توێ ئەبێ... خوێنی دڵ؛ ئەو دڵۆپە سوورانە، لە هەموو شاڕەگی لەشمەوە کۆ ئەبێتەوە و ئەتکێ؛ حەوزێکی سوور دەخاتە بەرچاوم، تنۆک تنۆک لە چاومەوە فرمێسک ئەڕژێ و لەبەر پێما بیرێک پەیدا ئەبێ، سەرم وەک مزراحێکی دگ دگە بەگۆڕ داییەکوتێ؛ گێژ و سووڕ ئەخوا و لە بەینا ئەمێنێتەوە... ئەو هەنسکانەی لە بەنگی دڵەوە هەڵ ئەکشێ؛ لە گەرووما کۆ دەبێتەوە، هەناسەم لێ دەبڕێ... دەمەوێ لەم کاسە لێوڕێژەی دڵم بڕێژم و سەرم سووک کەم. سەد حەییف؛ گڕەی دڵ، گڕپەی جەرگ، بۆ چڕووکی ناو زک کە بڵێسە ئەبەستێ؛ وەک زمانی هەژدەهاک لە قورگمەوە سەر ئەکێشێ، هەرچی سەرچاوەی فرمێسکم هەیە، ئەیکا بەهەڵمێکی سوور و لە کونە لووتمەوە دەری دەکا... چاوم وەک نانی سەر ساج وشک و ڕەش ئەکاتەوە... لەو وەختەدا دەمەوێ بەهەموو هێزی ئەژنۆم ڕاکەم، بەڵام ڕێم گیراوە! بەهەردوو دەست ئەکێشم بەسەر و پۆتەڵاکی خۆما و ئەزیرێنم، بەڵام هەموو کەس چاوی نوقاوە، هەموو لا گوێ و کەڕ بووە، کەس دەرد لە من ناشنەوێ، کەس چاوم بۆ ناگێڕێ... هاوار سەد هاوار؛ من چیم کردووە خوا وام لێ بکا؟

ئەگەر نەبوایە بەناشکوریی؛ ئەو دەست و چاوە، ئەو گیانە خوا داویمێ، وەک بوخچەی بووک ئەمپێچایەوە و ئەمکوتا بەسەروچاوی عیزرائیلدا؛ نەم ئەویست. بەڵام ئەوەیشم پێ ناکرێ، عیزرائیلیشم دەست ناکەوێ... لە دووی ئەگەڕێم و نایگەمێ، لێم بووە بەسێبەری خۆم؛ کە بۆی ئەچم ئەڕوا... ڕاوودووی ئەنێم؛ ڕائەکا، هەر نایگەمێ، تا ڕۆژی خۆی نامگرێ... منیش دەبێ تا ئەو ڕۆژە بتلێمەوە و گەوزی خۆم بدەم!!/ تەواو).



٢– جەمیل سایب بەنێونیشانی (ڕۆژەوەبوونێک)ەوە ئەمەی نووسیوە: (لە دوایی ئەم بەهارەدا، لە بەغدا ئەهاتمەوە... شەوێک لە کرپچنەوە، دوو کەس بووین، سواری دوو بارگیر بووبووین، لەگەڵ قاترچیەکدا سێ بەسێ، لە سەگرمەوە هاتین.

دنیا چونکە هیچ جەردە و دز و حیزی نەبوو، بێ ترس و لەرز، بێ دڵە داخورپێ بەڕێکەوتین... شەو مانگەشەو بوو، تریفە تریف. ئەودیوی سەگرمە، دیتە زۆر بەردەڵانی و خوار و خێچە، هەر لە نیوەی ڕێگەکە من دابەزیم، بەهەزارا نق و جڕ سەرکەوتم. کە هاتمە سەرێ، زۆر مانگوو بووم، لە سووچێکی سەرکەژەکە قنگەڵ فسێکم دایەوە، تۆزێ دانیشتم.

وەختێ بەرەبەری بەیان بوو، مانگیش لە ئاوابوونا بوو. جریوە جریوی ئەستێرەکان و بریقە بریقی مانگەشەوەکە، عیسان تێری لێ نەئەخوارد، هەروا تاس ئەیبردمەوە، چی بکەم وا هەڵ کەوت بوو؟ هەموو قۆپیەی قەرداخم لێ دیاربوو، هەتا چاوبڕی ئەکرد، ئەو دارستان و قۆپییەیە وەکو ئاوێکی زۆر مەنگ و کش و مات، سەوز، ڕاگیرابوو. شنەشنی ئەو با فێنکە کە ئەهات، خشپ و هووڕی بەو گەڵایانە ئەخست. لەولایشەوە تازە شەبەق بەیانی دابوو. «قەراغ و بێجاڕ»، عاسمان، سپی داگەڕابوو. هەر چەنگم ئەکرد تێرم لە ڕوانینی نە ئەخوارد.

لە خوارەوە، لە بەردەمما، لەناو قۆپییەدا، جارجارە لوورە لووری دەعبا و مەعبا، زریوە زریو و فڕک و هووڕی چۆلەکە و مۆلەکە کە وا تازە لە خەو هەڵئەسان و ئەگەڕان، دڵمی وا ئەخورپان.

لەناو قۆپییەدا ناو بەناو، شوان و موان ئاگرچکەیان کردبووەوە، بریسق و هووڕی ئەو ئاگرانەیش لە دوورەوە ئەتووت گوڵە ئەستێرەیە ئەنوێنێ. ئەو ڕووناکییە بێ تۆزە، ئەو با خۆشە بۆندارە، ئەو کەژ و کێوە سەوزە، ئەو دانیشتن و پاڵ دانەوەیە، ئەو بیرکردنەوەیە، هەروا تۆزەڵقانەییێکی مابوو لە خۆشییانا ببورێمەوە، دەمویست هەتا ماوم لە دنیادا لەو جێگە و سەعاتەدا بوومایە.

لە پڕێکا کایرای قاتەرچیی، گرمانگی– گرماندی/ K – وتی: فڵانە کەس!

وتم: هێی بلەباقە، ئەوە چییە کوڕە؟

وتی" درەنگە، هەڵستە بەڕێ کەوە، بڕۆین!

منیش هەناسەییێکی ساردم هەڵ کێشا و هەڵسام و ڕاپەڕیم بۆ خوارەوە. لەو سەرە و

لێژەیە بە دوو سێ قەڵەمباز خۆم گەیانگە خوارەوە.

پێش هەتاو کەوتن، گەییشتینە دەربەنگەکە. باوەڕ ئەکەن ئەوێشم بەقەد سەرێ لا خۆش بوو؟ لەم لاو لەولاوە، ذەو بەرد و تاوێرانە چۆن بەعاسمانا سەریان گەیشتووەتە کەشکەشان؟ سەرهەڵئەبڕیی کڵاوت ئەکەوێتە خوارەوە، تاف و هاژە هاژی ئەو ئاوە سپییە و ساردە کە ئەهاتە خوارەوە ئەو با فێنکە خێرا خێرا ئەیدا بەسەر و چاوما، لە خۆشییانا قاچم نەبوو بڕۆم بەڕێوە!

لەبەر دەربەنگا جۆگەلەیێکی نەشمیلە و خنجیلە، ڕێک و پێک هەڵگیرابوو. هەرچوار لای دارستان و سەوزە گیا و گوڵی زەرد و سوور!.

لە وەختی هەتاو تازە کەوتنا، لە قەراغی ئەو جۆگەلەیە، بارمان کوتا بەزەوییا. هەتاو تازە ئەکەوت، بریسقەی هەتاوەکە لە مەعبێنی لقی گەڵاکانەوە، ئەیدا بەناو جۆگەلەکەدا، لە پڕشنگەکانی، چاوم ڕێشکە و پێشکەی ئەکرد.

کوتوپڕ ئاگریکی نێڵەنێڵمان کردەوە، چاییێکمان لێ نا، قاوەییێکمان پێ گەیان، چونکە بەڕێی ئاسن هات بووین، هێشتا سەموون و بەکسمەد و پەنیر و ماستی بەغدا و خەیار و پڕتەقاڵی باقووبە و قەیسیی و سێوی شارەبانمان تەڕ و پڕ پێ هەبوو، بەچایی و قاوەوە تێر و پڕمان خوارد! دوایی سەر خەوێکمان شکان و هەڵسایین و هاتین بەڕێوە.

ئێستاکەیش و هەتا ئەو ڕۆژەی دام بێڵنە لێوی قەبر، ئەو خۆشییەم لەبن دانایە./ تەواو)!

دەی بەڕۆشنایی ئەو دوو کۆرپە گەوهەرینەی زمان و ئەدەبی کوردی - هەروەها بەڕۆشنایی گوتارە کوردییە ڕەوانەکانی دی - ئایا بۆ سۆن Soane نییە، پشت ئەستوورانە و دڵنیا، ڕوو لە خەڵکی و بەتایبەتی لە شاعیر و نووسەران بکاتەوە و زیندوویی و ڕەسەنی زمانی کوردی و، پێزی ئەدەبی و ئەم ڕێبازە نوێیە ڕابگەیێنێت.

ڕاستییەکەی - بەر لە جێ هێشتنی یێکجارەکی سلێمانیی بەبیست و چوار ڕۆژێ - سون، گوتارێکی هەر بەنێوی (پێشکەوتن) و بەنێونیشانی (نووسینی کوردی)یەوە لە ١٠/٢/١٩٢١ز.)دا بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت: (جاران وا بەبیردا دەهات کە کوردی نانووسرێت و ناخوێنرێتەوە، کەچی دەرکەوت ماندوویەتییان تیا کێشاوە، ئەنجا بووە بەشێک و جێگە و شوێنێکی باشی گرتووە؛ ئەمیش ماندوویەتی دەوێت بۆ ئەمەی کە جوانتر و باشتر بنووسرێت و بخوێنرێتەوە و جێگەییێکی بەرزتر بگرێتەوە. جا ئەوەیش



لەسەر خۆوڵاتییەکان، لەسەر بیردارەکان و کوردە پەتییەکانە کە «یێک بگرن!» چی پێویستە بکرێت، کام لای ناتەواوە، تەواو بکرێت بۆ ئەو شتانەی کە وتنی لەگەڵ نووسینا جیاوازە؛ شتێک ڕێکخرێت و دانرێت، ئەیگینا هەروا لا گوێی بدرێتێ، سەر ناکەوێت و ڕێک نابینرێت، باش ناگونجێت.

ئەم خزمەتە تەنیا لەسەر هەنێ نییە، لەسەر هەمووە! هەچ کەس چی بەبیردا دێت، چۆنی بەباش دەزانێ، چ لۆنی لا سووک و باشە، بیری خۆی بنوێنێت، هەر لە بیرێ شتێک وەرگیرێت و دانرێت، ئیش تەواو دەبێت، جوان ڕێک دەخرێت! نەک زمانەکەی خۆمان واز لێ بهێنین، بەزمانێکی کە بنووسین و خەریکی شتێکی زیاتر بین.

بەڵێ گەلێ زمان زانین، باشە، بەکەڵکە، بۆ وەختی خۆی، لەگەڵ پیاوی خۆی، لە وڵاتی خۆی بەکەڵک دەهێنرێت... ئەیگینا کوردێک بۆ کوردێکی کە بنووسێت؟ ئەگەر فێر نییە و ڕانەهاتووە، ملی باتێ، ڕادێ، زۆریش ڕادێ.

ئەمانە کە ئەمڕۆ کوردی دەنووسن، دەتوانم بڵێم سێ ساڵ لەمەوپێش، دوو دێڕیان بەتەواوی لە کوردی نەدەنووسی، پێشیان نەدەخوێنرایەوە. کە دەستیان دایێ، هەر دە ڕۆژی گران بوو، لە پاشدا ڕا هات، فێر بوو، باش تریش فێر دەبێ.

زۆر شتی وام دیوە کە بەزمانێکی کە دەنووسرێت، کەچی پڕیە لە کوردی؛ وەک هەنێ نووسینی فارسی کە لە دێڕێکدا سێ و چوار قسەی کوردی ناو دەهاوێژرێت.

ئینجا کەوابوو، تۆ ئەم کاغەزە کە بۆ کوردی دەنێریی، جارێ بیکە بەکوردی و بینووسە.

زۆر درێژی نەکەمەوە، چاکە نووسین و خوێندنەوەی کوردی، چونکە لە وەختی ئێمەدا هات و زیاتر لە پێشوو بەکەڵک هێنرا.

پێویستە لە سەرمان کە هەموو لاخەریک بین و وای دامەزرێنین؛ لە پاش ئێمە زۆری پێوە ماندوو نەبن، بۆڵە بۆڵمان بۆ نەنێرن خۆشە)/. تەواو[١٩٥]

ئەمێستە دڵنیام، هەر خوێندەوارێکی ژیر، دڵنیا و هاودەنگی بیروڕای سۆن Soane ـە کە (کوردی باش دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە) و هێندەی پێ ویستە، لە سەرەتادا (ڕەنج و ماندوویەتی پێ دەوێت). لە ئەوەش پتر زمانی کوردی - وەک هەر زمانێکی زیندوو - خەرمانێکی بەپێزە، بۆیێکا نووسەری کوردیش، بەڕاستی توانای (داهێنان و جوانکاریی) هەیە.

تۆ بڵێیت: یێکی - لەگەڵ بڕواکردن بەنرخی ئەو ڕاستییە و ئەو دوو دانە گەوهەرە

دانسقەیەی جووتە برا کە یێکەم بەهۆش و بیر و قەڵەمێکی ڕەنگینی کوردی نیگارێکی سوریالی و دووەم نیگارێکی سروشتی دلڕفێنی کردووە – ئەوانە بەتیلێکی ڕێکەوتی چاو لە پاداشت بزانێت؟

ڕاستییەکەی – بەر لە وەڵامدانەوە – پێ ویستی دەبینم خوێندەوار دڵنیا بکەم کە وێڕای کورتە چیرۆکی؛ (بەیاخی جلدروو)، هەر لە هەمان ڕۆژنامەدا؛ چەند کۆششێکی دی لە هونەری کورتە چیرۆکدا دیارو بڵاوە؛ وەک چیرۆکی (س) نیوێ کە بەنێونیشانی (موفلیس و بێکار)ەوە – دوای سۆن – لە ١٩٢١/٤/٧ز.دا بڵاوی کردووەتەوە و پێ ویستی دەبینم بیخەمە ڕوو:

(پیاوێکی موفلیس و پیاوێکی بێ کار، لە جێگایێک دانیشت بوون، هەر یێکێ موافیق لە ئەحواڵی خۆیان، قسەیان دەکرد.

موددەتێک بەم نەوعە ڕایانبوارد. موفلیسەکە ئارەزووی جیگارەکێشانی کرد. دەستی بردە گیرفانی، قوتوویێکی شکاوی جیگارەی دەرهێنا، بەدەفتەر دەستی کردە جیگارە پێچانەوە. لە پاش ئەوەی کە جیگارەی پێچایەوە، دەستی بردە بەر باخەڵی، بەرد و ئەستێیەکی دەرهێنا، وەکو لە زەمانی پێشوو عادەت بوو، ئەمڕۆش زۆر کەس موفلیس و لادیی بەعەمەلی دەهێنن! بەتەقەتەق بەردە ئەستێ پووشوەکەی ئاگری گرت و جیگارەیێکی داگیرساند! پیاوە بێ کارەکە ئینتیزاری ئەوەی دەکرد کە موفلیس پێچانەوەی جێگارەی تەواو بێ بەشکوو بیداتە دەست ئەویش، جێگارەیێک بیپێچێتەوە، ئەگەر قووتووەکەیشی نەداتێ، جگەرە داگیرساوەکەی بداتێ! ئەمما ئەو موفلیسە، هیچ ئەو نەوعە خەیاڵەی نەبوو کە قوتووە جیگارە بدا بەڕەفیقە بێ کارەکەی جیگارە بپێچێتەوە.

جیگارەی خۆی داگیرساند، قوتووە جیگارەکەی نایە ناو گیرفانی، بەلەزەتێکی تەواوەوە دەستی کرد بەفیشە فیش و نەفەس لێ دانی جیگارە و دووکەڵەکەی ئەکرد بەسەرچاوی ڕەفیقە بێ کارەکەیدا.

ئەو بێ کارە کە زانی نە جیگارە و ئەوقووتە جیگارەی نەدرایێ، سەیر و تاقەتی نەما، بەڕوویێکی زۆر عاجیزەوە داوای جیگارەیێکی لە ڕەفیق موفلیسی کرد. موفلیس لەبەرئەوەی کە بێ ئیقتیدار بوو و خۆشی زۆر موحتاج بەدووکەڵی جیگارە بوو، بەعیوانێکی تەئەسسوف و بەعوزرێکی نابەجاهـ لە دانی جیگارە حەزی نەکرد و نەی دایە! بەڵام بێ کارە لەبەرئەوەی کە جیگارەی نەدرایێ و جوابی دایەوە و زۆر حەزیش لێ دەکرد؛



دەستی کرد بەهەناسە هەڵکێشان، ئاخ و داخ وتن!! ئەو وەقتە موفلیس ڕەفیقەکەی خۆی وا دی، دڵی پێ سووتا، پێی وت:

– هەرچەندە کە وتوویانە بەفارسی؛ (پوولداران بەکەباب، بێ پوولان بەدووری کەباب/ کەباب بۆ خاوەند پوول و دووکەڵی کەباب بۆ بێ پوول/ k)، مادامەکی وایە، لە شەرتی ئینسانییەت دەرنەچن و زەرەر بەکیسەی موفلیسی خۆمان نەدەین، فەرموو ئەم جیگارە داگیرساوە بکێشە.

ئەگەرچی ئەو جیگارەیە تووتنیشی تیا نەماوە، دووکەڵ لە ئاغزەکەی دەهات، بێ کاری فەقیر زانی هیچی تیا نییە، لە ناعیلاجی، ئەو کوتە جیگارەی وەرگرت و دەستی کرد بەنەفەس لێ دان و کێشانی جیگارە. لە پاش دوو سێ نەفەس، ئاغزەکەیشی نەما، ناعیلاج فڕێی دا!

بێ کار بەڕەفیقی موفلیسی وت:

– ئەی برادەر، ئەگەر سەرمایەیێکم ئەبوو، دەستم دەکرد بەجیگارە فرۆشتن، چونکە ئەمڕۆ هیچ کەسێک وەک جیگارە فرۆش، قازانجی نییە.

موفلیس لەم قسەیە تەعەجوبی کرد. بەبێ کاری وت:

– لەم قسەیە مەقسەدت چییە و بۆ قازانجی ئەمیش دەلیلت چییە؟

بێ کارەی بێ چارە، دەمی کردەوە و وتی:

– چەند وەقتێک لەمەوپێش، ئەو تووتنەی کە وەک فشقی – بشقل/K – ناو تاوڵەی کاروانچییەکانی سەقزی، هەر کیلۆی بەدە دوازدە ڕوپیە ئەیانکڕی و ئەیانفرۆشت و ئەو تووتنەش لە دوکانی تووتنچییەکان ئەکرا بەجیگارە، هەر شەشی ئەدرا بەیێک ئانە و ئەو ساحێب دوکانە، خۆی و ماڵ و منداڵی پێ بەخێو ئەکرد.

ئەمڕۆکام تووتن خۆشە و «بێ شەمە»یە، قیمەتی پەین ناکات، با هەروەک ئەو بفرۆشرێت! ئەمما چی بکەم، ئەمڕۆ هیچ سەروەتم نییە، ئەگەر ئەبوو، ئەمڕۆ دەستم دەکرد بەتووتن فرۆشتن و دەستی هەموو تووتنچییەکانم دەبەستەوەو لە چەند مانگێکدا منیش ئەبووم بەپیاوێکی «ئیهیی؟». (١٩٦)

موفلیس کە گوێی دا بەقسەی بێ کار، تێ گەیشت لە مەقسەدی! دەمی کردەوە و دەستی کرد بەقسەکردن و وتی:

– من، تۆم بەئینسانێکی عاقڵ ئەزانی، ئەمما کە گوێم لەم قسانەی تۆ بوو، لەبەر چاوم

کەوتی و ڕەش بووی! مادامەکە وایە، گوێیشت لەم قسەی منە بێ، قسەی کاممان چاکتر بوو، هەردووکمان پێکەوە ئەوە دەکەین.

من هەرچەندە موفلیس و سەرمایەم نییە، سەرمایە حازر ئەکەم، تۆیش لەباتی بەشی خۆت، نەختێ قوماربازیی حازر بکە... چایخانەیێک ئەکەینەوە، شەکر و چای ئەکڕین بەوەعدە، قۆریی و سەماوەر بەقەرز و دوکانیش بەئامانەت ئەگرین. هەر چایێ بەدوو ئانە ئەفرۆشین، خودا ڕازیی، بەندەی خودا ڕازیی، بەلەدییەش دەنگ ناکات. ئەمجار ئێمەش ئەمین بەپیاوێکی «ئیهی؟» /تەواو). [١٩٧]

وێڕای دووبارە بوونەوەی ئەم هونەرە نوێیە لە ئەدەبی کوردیدا کە کلاوڕۆژنە ڕووناکەکەیشی هەر ئەم قۆناغە و ئەم ڕۆژنامەیە، ئەوە دوو دانە بەڵگە دی پێشکەوتنی پەخشانی کوردی، بەتایبەتی (پەخشانی هونەرانە) نوێ بەدەستەوە هەیە!

ئەم دوو وێنەیە - ئەگەرچی بیر و توانا و سەلیقە و زمانی نووسەرەکان جوداییان هەیە - یێکێکیان، دیسان زەکی ساییب/ مستەفا ساییب بەنێوی (سکالا)وە لە سەردەمی سۆن Soane دا لە ٢٣ و ٣٠/١١/ ١٩٢٠ز.دا بڵاوی کردووەتەوە کە نەک هەر پەخشانێکی هونەرانەیە، بەڵکو (یێکەم نامەی هونەرانەی ئازادە) و نوێیە لە ئەدەبی کوردیدا... دەڵێم ئازاد، چونکە - وەک بۆچرووک - هەرگیز پرپیشکێکی هونەری ئەدەبی کۆنی لاسایی کراوی عەرەبی، پێوە دیار نییە.

ئەز بۆ سەلماندنی ڕاستی و ناسینی جودایی و توانای هەردووکیان، بەتەنێ لە ئێرەدا - بۆ وێنەکەی کوردی/ مستەفا ساییب بنۆڕە: نامەکان پێشکەوتن - هەر دووەم دەخەمە ڕوو کە شاگردی مەکتەبی هەڵەبجە؛ لە هۆزی کاتبی فارسی، عەبدالله سەبریی/ گۆران) کێشاویەتی و نێوی لێ ناوە؛ (ئەسەفی مازیی و ئەندێشەی ئیستیقبال)م و بەدوو بەش لە ٢٣ و ١٩٢١/٧/٣٠ز.دا بڵاوی کردووەتەوە... ئەمە کەرتێکی بەشی یێکەمە:

«ئاخ مردن ! ئاخ مردن بۆ ناتگەمێ؟ بەخوا مردن بۆ من، بەکامی دڵ گەیشتنە و لە غەم خەلستنە! چونکە ڕابواردنی عومری ئەم دەورەی سەعادەتە، هەروەک سەفەری دوور و درێژی تیجارەتە! سەرمایەی ئەم تیجارەتەیش، تەحسیلی «عیلم و مەعریفەت»ە، کە ئەم تەحسیلەش لە حاڵەتی سەباوەت و شەبابەتدا تەواو ئەکرێ.

من کە ئێستا خەریکم سیننی گەنجییەت ئیکمال ئەکەم، لەبەر بیروچوونی سەعی و تێکۆشان، لە وەقت و عاناندا، زۆر نادیم و پەشیمانم! فەقەت چ فائیدەیە؟ تفی ڕۆکراو



قووت نادرێتەوە، عومری عەزیزم تێ پەڕی و ناگەڕێتەوە!! زەربولمەسەل «عیلاجی واقیعە پیشی ئەز وقووع بایەدکەرد/ علاج واقعە پیشی از وقوع بایدکرد!»یش دەلیلێکە بۆ ئیستیقبالم کە لە حاڵی ئیزمیحلالایە!

لەبەر ئەمە، بۆچی ئەگەر هەموو بەحرە موحیتەکان، زوخاوبوونایە، بەقومێ وشکم نەئەکردن؟ حاسیلاتی هەر پێنج قیتعەکە غەم بووایە، خواردنیم بەژەمێ بەکەم نەئەزانی؟ کەوا ئەم نەمامی زیندەگانیمە کە بەرگی حەیاتی جاویدانییە، بەتەئسیری گەرما حەرارەتی نەزانین و جەهالەتی سەمووم، بەرد و هەڵقرچاو هەڵاتوو، لەبەر دووری لە زیبای شەمسی مەعریفەت، لە نەش و نمای تەحسیل، بەش بڕاو، بەواسیتەی خەزانی حەماقەتەوە لە کەلای عەقڵ و دیرایەت، مەحرووم و بەش بۆ نەماو بووە.

ئاخ! تا ئەو ڕۆژەی لنگی لێ ڕائەکێشم، هەر ئاخ و هەر داخ بۆ ئەم تالیعە نامویارەکە، ئەنجام و بەخت سیایە! هتد...) [١٩٨].

کەواتە، لە دوای سۆن Soane ـەوە، ڕەنجدان بۆ داهێنانی (پەخشانی هونەرانە) ڕەنگ و دەنگی هەبووە، ئەگەرچی وردبوونەوە جەخت دەکات؛ ورشە ورشی لە تۆز و گەردی زمانی دیبەوە گلاوە.

هەرچۆنێک بێت، بەشێوەیێکی گشتی لە ئەو ڕاستییە دڵنیابن کە قۆناغی (سۆن Soane، نەک هەر بنچینەیێکی بەهێز و بەپێز و پتەوی ڕۆشنبیریی، خوێندەواریی، ڕۆژنامەنووسی کوردی پێشکەوتووی چەسپاند، بگرە بنچینەی کوردی پەتی و هونەرەکانی گوتار و بەتایبەتی (پەخشانی هونەرانە)یشی لە مێژووی ئەدەبی کوردی نوێدا دانا.

ئەدی، بەگشتی و لە ئێرە بەدواوە، کاروانی پەخشانی کوردی - ڕۆژنامەش، ئاوێنەی بالانومایەتی - ملی کام ڕێگەی گرت؟

بەر لە وەڵام، پێ ویستە بشلێم؛ لادانی سۆن Soane لە فەرمانڕەوایی و بەجێ هێشتنی سلێمانیی لە ١٩٢١/٣/٦ز.دا - بەهەر بڕوبیانوویێک بووبێت!! - نیشانەی سەرەتای گۆڕینێکی سیاسی گرنگە لە ئاستی گەلی کورد و دوارۆژی کوردستاندا کە ئەوە بابەتێکی گەورە و ناسکی گوتوبێژەکانی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی بریتانیا بوو لە (کۆنگرەی قاهیرە - ١٩٢١/٣/١٢ز)دا. [١٩٩]

ڕەنگی ئەم گۆڕینەش - لەبەرەوە - بەسەر هەموو ڕوخسارێکی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریی گەلی کورددا دەڕژا و خێرا خێراش دەبریسکایەوە کە هەر زوو پرپیشکی بەر

(پێشکەوتن – سلێمانیی) کەوت!

ڕەنگێکی هەرە دیاریش ئەو ڕەنگە بۆرەیە کە ڕۆژنامەکەی لە پەیامی ڕۆشنبیرییەوە ڕاگواستووەتەوە بۆ پەیامی (ڕۆژنامەی هەواڵبەخشی) و لە (گوتار) پتر، بایەخی دا بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و لێ گوتن و ڕوون کردنەوەی کاروباری سیاسی، بگرە لە سەرەتاکانی **١٩٢٢**ز.شدا، گوڕی نووسینی پەتیش خاو بووەوە! لە لایێکی دیەوە، لەناکاودا – لە ئەو هەلانەدا – سەر و بۆر و ژێر و هەمزە و گیرەی عەرەبی دیسان خرایەوە نێو ڕێنووسی کوردییەوە!

وێڕای ئەوانە و ون بوونی (پەخشانی هونەرانە)، نکوولی لە ئەو ڕاستییەش ناکرێت کە لە ئەو هەلانەدا، ڕۆشنبیرەکان، دڵسۆزانە لەسەر زمانی کوردییان کردووەتەوە، بەتایبەتی ئەو ساتەی ڕۆژنامی (عێراق)ی بەغدایی هەواڵێکی بڵاوکردبووەوە گۆیا؛ هاکا قوتابخانەکانی سلێمانیی – دوور لە دەسەڵاتی عەرەبی عێراق – خوێندنی عەرەبییان بەکار برد![٢٠٠]

هێندێ لە ئەو ڕۆشنبیرانە، وەک ڕەسووڵ ناجی، م. نووری، خاوەندی گوتاری (بێ زمان بەسەزمان!)، دەست بەجێ پەرچیان داوەتەوە، تەنانەت دووەم و سێیەم، لافی قازی مستەفا قەرەداخییان داوەتە دواوە کە هاوارەکەی ڕەسووڵ ناجی بۆ بەرگرتن لە ئەو پەلامارە، بەدەرگە داخسنی مزگەوت وخانەقا و تەکییەکان دەزانی![٢٠١]

بەکورتی؛ دوای – قۆناغی ڕۆشنبیری – سۆن، بارێکی پێچانەوەی ڕۆژنامەکە، لە لایێکەوە (ئەنجوومەنی ئیداریی سلێمانیی) لە پیاوە ناسراوەکان هەڵبژێردراو[٢٠٢]، زۆریشی نەبرد (جەمعییەتی کوردستان) دامەزرا، ئەوجا ڕۆژنامەکە جاری ماڵ ئاوایی دا و جێگەی خۆی چۆڵ کرد بۆ (بانگی کوردستان)ی کۆمەڵی نێوبراو.

ئەم ڕووداوانەش، بێ گومان هەموو مانای خۆیان هەبووە و وێکڕاش نوخشەی هەڵکەوتنی قۆناغێکی سیاسی نوێ بوون کە ئازادکردن و گێڕاندنەوەی حەفید زادە مەحموود، هەرە نێونیشانی بەرز و دیاری بوو.

ڕۆژنامەی ئیزندراو و سەربەست؛ (بانگی کوردستان)ی مستەفا پاشا یامەلکێ، وەک جێگەی ڕۆژنامەی دەسەڵاتی داگیرکەری گرتەوە، وێڕای کوردی – لە چوار لاپەڕەدا – بەشی فارسی و هێندێ جار تورکیشی بەکار دەبرد کە ئەوە نەک هەر تەسک کردنەوەی (بەری کوردی نووسین) بوو، بەڵکو پاشەکێشێکی ڕۆژنامەنووسیش بوو.



بەڵێ چ خاوەندەکەی و نووسەرە کارامەکانی؛ م. نووری، عەلی باپیر ئاغا، پەرۆشی خزمەت و (گوتاری کارگوزاریی)ش بوون، بەڵام بارەکە هێندە خێرا بوو، ڕێبازی کوردی پەتی بەرگەی نەدەگرت.

لە لایێکی دییەوە – ئەگەرچی یێک دوو وێنەی سەرەتای پەخشانی درامای ڕۆژنامە بڵاوە – مخابن کورتە چیرۆکێ، وەرگێڕانێکی ئەدەبی، بەتایبەتی نووسینی (پەخشانی هونەرانە) لە هیچ ژمارەییێکی (بانگی کوردستان)، (ڕۆژی کوردستان)، (بانگی حەق)، (ئومێدی ئیستیقلال)دا دەرنەکەوتوون، تەنانەت لە نیوەی ڕێگەی ئەو دوا ڕۆژنامەیەدا – چەند ڕێبەرێکی گۆڕیی – ڕۆژنامەکە بوو بە(ڕۆژنامەیێکی هەواڵبەخشی) بەڵام بەر لە ئەو بەرێگە کەوتنەدا، حسێن نازمی ڕێبەری ماوەییێکی – پتر لە ڕەفیق حیلمی ڕێبەری ماوەییێکی دی – ڕەنجی بۆ پێشکەوتنی (گوتاری ڕۆژنامەنووسی) داوە کە چەند وێنەییێکی دیارە! مخابن هەموو گوتارەکان کە پەرۆشی هوشیاریی سیاسی و بابەتی کۆمەڵی بوون، دەربەستی کوردی پەتی و داهێنان و جوانکاریی، تەنانەت بیرکردنەوەش لە چاککردنی ڕێنووس، نەبوون.

بەکورتی، لە نێوان **١٩٢٢**ز – **١٩٢٤**ز.دا، وێڕای ئەوەی گوتاری کارگوزاریی ڕۆژنامەکان بەهێزتر بووبوو، نووسینی کوردی پەتی، دایە دواوە و (پەخشانی هونەرانە)ش ڕەنگ و دەنگی – هەر هیچ نەبێت بەبەرچاو و گوێوە – دیار و بیستراو نەما.

وێڕای ئەو باسانەش، لە ڕاییەڵەی ئەم چوار ڕۆژنامە ئازاد و خۆماڵییەدا – وەک لە داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە – چەند وێنەییێکی (نامەی کوردی) کەوتووەتە ڕوو کە بێ گومان ئەوە کوتوپڕ نییە و ڕیشەی ڕابووردووی هەیە! ئەم قۆناغە نیشتمانییە، تاسەر بڕی نەکرد و بەداگیربوونی سلێمانیی پیتەختی مەملەکەتی کوردستانی باشوور و ڕاپەڕینی سێیەم شۆڕشی حەفید زادە مەحموود لە ڕووی داگیرکەردا، قۆناغێکی سیاسی جوێ و ترسناک لە ژینی گەلی کورددا دەستی پێ کرد کە زەبرێکی دەم و دەستی بێ بەش کردنی مەلیک و شۆڕشگێڕان بوو لە (چاپخانە و ڕۆژنامە).

ئەم قۆناغە جوێ و کاریگەرە، چەکی یێکەمی فرۆکەی دوژمن و چەکی دووەم ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی زمانحاڵی ڕەسمی بوو کە زیرەکانە بەکار دەبرا. هەرچەندە لە سەرەتایشدا نێوی چ سەرپەرشت و کارگێڕێکی ئاشنا نەکردبوو، بەڵام – ئەز دڵنیام – ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ دامەزرێن و سەرپەرشتی بووە و کارمەندە کۆنەکانی (پێشکەوتن)

ڕۆژنامەکانی دی و هێندێ قەڵەمی ناحەزی حەفید زادە هاریکاریی بوون.

ڕۆژنامەکە کە دوای نۆ مانگێ - گۆیا - بوو بەڕۆژنامەیێکی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵی، تاسەر پێوەی دیارە کە هەر زمانحاڵی بریتانیا و عێراق بووە کە زۆری نەبردووە پەخشاننووسی توانا و ناحەزی حەفیدزادە؛ جەمیل سایب - بەڵگەش هەیە کە زووتر و دواتر تێکەڵی هەبووە - لە نێوان ١٩٢٥/٦/٦ز - ١٩٢٥/٨/٢٧ز.دا، ڕێبەری بووە! نێوبراو وێڕای توانای چاودێری کردنی هونەرەکانی (گوتار)، کارێکی ئەدەبی نوێیی تێدا نواند کە ڕۆمانێکی ناتەواوی بەنێوی (لە خەوما)وە، بەڕستێ ژمارەی ڕۆژنامەکە - هەروەها بەژیانیش - بڵاوکردەوە. هەڵبەت وێڕای مەبەستی کە پروپاگەندە بوو لە دژی حوکمڕانی حەفید زادە، کارەکەی وێنەیێکی دی پێشکەوتووی (پەخشان) بووە... بەڵام بەشێوەییێکی گشتی، ڕۆژنامەکە، لە سەردەمی ئەو و م. ئەدیبی جێگرەکەیدا - ئابی ١٩٢٦ ز - ئەیلوول ١٩٢٧ز - کە هەردووکیان لە (ژیانەوە) و (ژیان)دا جوێنی ناشرینیان (بەبێ ئیمزا و بەئیمزای ج. ص، م. أ) بەشۆڕشگێڕان و حەفید زادە داوە، لە باری کوردی نووسینی ڕۆژنامەکانی سەردەمەکانی حوکوومەتی کوردستان پێشکەوتووتر بووە. ئەگەر چیی نەیتوانیوە جێگەی ڕێچکەی کوردیی پەتیی - قۆناغی سۆن Soane بگرێتەوە! ئەم ڕۆژنامەیە وێڕای کاریگەریی ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبیشی - تا وێنەی شیعری نوێ و گوتاری نووسەرانی نەتەوەپەروەریشی تێدا هەیە - لەکەی هەرە گەورەی ئەوەیە بێ سڵەمینەوە لە مێژوو، بەهەر بڕوبانوویێ، دژی بزاڤی ڕستگاریخوازیی گەلی کوردستانی باشوور جووڵاوەتەوە کە کارێکی ئەوتۆ، هەرگیز لە ڕۆژنامەنووسی کوردی تا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانیی)ش نەوەشاوەتەوە.

ژیانەوە؛ لە ١٩٢٦/٦/٢١ز.دا، نێوەکەی کرا بە(ژیان)، هەر دێڕە یێکەمەکانی - دڵنیام نووسراوی ئەحمەد بەگە - کۆمەڵی ڕاستی ڕوون دەکاتەوە کە گوتوویەتی: «مەعلوومە کە لیوای سلێمانیی، مەعرووزی ئەو ئینقیلابە بوو کە دیمان لە حەقیقەتدا مەحکوومی مەحموو بوو (!!) غەزەتە مەحبووبەکەشمان - هەڵبەت مەبەست هەر «بانگی کوردستان»ی مستەفا پاشایە/ K - هەروەها تووشی ئەو تەئسیراتە هات و ڕووناکی نەمابوو، تاریک مابووەوە، نیهایەت شەفەقەتی حامی موعەززەم - بریتانیای داگیرکەر/ K - بەدوایی هێنانی ئەو فەلاکەنە، ئێمەی ژیاندەوە و نووری عەزەتەکەمان هەڵگیرسایەوە! بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە تەسویر بکا، ناونرا «ژیانەوە».

ژیانەوە، هەتا موددەتێکی موناسیب، فەلاکەتی ڕابوردووی بەئاوازێکی حەزین و



بەئادابێ کە دڵ بتوێنێتەوە - وەکو ئادابەکەی جەمیل سایب!!/ K - ئەیدا بەگوێ و دەیخستە بەرچاوی خوێندەواران، بەو نەوعە دەرسێکی عیبرەتی ئەدا!(!!).

دیسان هەر لەبەر ئەوەی موقەددەرات و ئیستیقبالمان ساغ نەبووەوە، دەوری ژیانەوەش بۆ ئێمە ئەبوو بە بەرزخێکی ژین و مردن. هەروەها غەزەتەکەمان کە میسالێکی ئەم وەتەنەیە یاخو سینەماییێکە کە موقەددەرات و مەوجوودییەتمان پەردە پەردە نیشان ئەدا، سوورەتی حەقیقیەی دەرنەئەخرا و حەقیقەت مەغدوور بوو.

پەیام ئەخیر کە مژدەی مانەوەی وەتەنە خۆشەویستەکەمانی گەیاند - مەبەستی باوەڕهێنانی کۆمەڵەی گەلانە بەلکاندنی کوردستانی باشوور بەمەملەکەتی عەرەبی عێراقەوە!!/ K - ڕۆحێکی تازەی دا و سەعادەتێکی ئەبەدیی بەخشی پێمان.

بەو موناسەبەتەوە غەزەتەی ژیانەوەش کەوتە دەورییێکی تازە و گەشاوە و بۆ ئەوەی بوون و ژیانمان تەمسیل و ئیرشاد بکا، ناوی نرا؛ «ژیان!»)[٢٠٣]

وێ دەچێت کە «ژیان» لە وەرز و کەشێکی خۆشتردا چاوی هەڵهێنابێت، بەتایبەتی کە دامەزرێنەکەی؛ ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، لە لاییێکەوە موتەسەڕڕیفە و باوەڕ پێ کراوی بریتانیا - عێراقە، لە لاییێکی دیەوە، خۆی لە ساڵی ١٩٢٥ز.ەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانیی[٢٠٤] و دیسان لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٦ز.دا سەرۆکی کۆمەڵی زانستیشە.

ئەحمەد بەگ - بەبڕوای من هەر ئەوە کە لەسەر کوردیی پەتیی بیروڕای لەگەڵ سۆن Soane گۆڕییەوە! - وێڕای دژایەتی کردنی ڕێبازی شۆڕشگێڕی حەفیدزادە، دەیویست بەهاریکاریی کردنی ئینگلیز - عێراق، خزمەتی گەلەکەی بکات، بۆیێکا وەک بیەوێت جێگەی سۆن Soane بگرێتەوە، هەر لەنێو کۆمەڵی زانستیدا؛ (کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی) پێک هێنا و لە ١٩٢٦/١٢/١ز.دا و لە ئاهەنگی دەست پێ کردنی کاروباریدا، گوتەییێکی بەنرخی بۆ پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردیی دا.[٢٠٥]

ئەم کردەوەیە - لە گەرمەی جێگیرکردنی دەسەڵاتی عێراقی عەرەبدا - بەبڕوای من، لە دوای پەلامارەکەی سۆن Soane ـەوە، دووەم پەلاماری گرنگە کە هەر دەست بەجێ لە مێژوو گیراوە.

پیرەمێرد - یێکەم پشتیوانی ئەم پەلامارە - لە هەمان ئاهەنگدا، شیعری (کچە کوردی پۆشتەی پەتی) پێشکەش کردووە و لە بڵاوکردنەوەی (ژیان)دا ئەم پەراوێزە (پەخشانی

هونەرانە)یەیشی خستووەتە پاڵ و لە ڕاستی دوواوە و نووسیوەیتی؛ (ئەم کچە کوردە کە بەم جلە کوردییە پەتییە پۆشتەم کردووەتەوە، ڕیپۆڵێکی بێگانەی تیا نییە! والاّییێکی منی تیا نییە! هی یێکێکە لە پێ گەیشتووە بەشەوقە پڕ شەوقەکانی وەتەنە... کەواکەی بەری – مەبەست ئەحمەد بەگە کە لە دانیشتنی کوردەوارییدا کەوا و سەڵتەی لەبەرکردووە/K – سەروبەرە... سەرکەوێ، بەرکەوێ! ئەو منی هێنایە سەر سەودای کوردیی پەتی نووسین... بەشۆرێکی زۆرەوە، دەیەوێ نووسینمان چاک و پاک و ڕێک و پێک بێ... تێکەڵ و پێکەڵ نەبێ، گوڵ بێ، بێ پەیکوڵ بێ. بەچرای خۆمان بەریشدا بڕۆین و بەرێوە بچین لەم دیارەدا... ئەمە لەو دیاریی داوە، دیارە دەبێ بکرێ بەدیاریی ئەو، خوا یاربێ!/ تەواو)[٢٠٦]

شایانی ڕوون بوونەوەیە؛ م. أ/ م. ئەدیب/ محەمەد ئەدیب کە لە (ژیانەوە)دا جێگەی جەمیل سایبی گرتەوە و لە (ژیان)دا مایەوە تا لە ئەیلوولی ١٩٢٧ز، عەلی عیرفان چووە شوێنی و ئەمیش تا ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ز مایەوە، بەنێوی ڕێبەری ڕۆژنامەکە و چاپخانەکەوە کاریان کردووە، بەڵام وەک پیرەمێرد خۆی گوتوویەتی و لە ساڵی ١٩٢٨ز.شدا، سەرچاوەی ڕەسمی جەختی کردووە، ئەحمەد بەگ کارێکی کردووە کە پیرەمێرد سەرپەرشت و (خاوەند ئیمتیاز)ی ڕۆژنامەکە بێت.

ئەز وەک وردبوومەتەوە، وێڕای ئەم باسە، پیرەمێرد گەرم تێکەڵی بیروڕا دەربڕینی سیاسی نەبووە کە وێ دەچێت خۆی مەبەستی بەری دەربڕینی نەبووە!

هەرچۆنێک بووبێت، گومانی تێدا نییە کە (ژیان) تا سەرەتای بەهاری ١٩٢٧ز، سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی شاعیر و نووسەرەکان و داهێنانی ئەدەبی و کرد و کۆششیان بووە بۆ کوردیی پەتی... بەڵام ڕاستیشە کە تا سازانی حەفیدزادە لەگەڵ حوکوومەتی عێراق عەرەب، ڕۆژنامەکە ناحەزیی بەرامبەر نواندووە.

ئەو کۆششەی (ژیان) بۆ کوردیی پەتی، بەڕاستی هەر زۆر زوو، تووشی لەرزەیێکی گەورە و پاشەکشێ هاتووە کاتێ کە ئەحمەد بەگی موتەسەڕڕیف – لە لاییێکەوە بەهۆی پیلانی ناحەزانیانەوە و لە لاییێکی دیەوە بەهۆی پلانێکی نوێی سیاسی بریتانیا و عێراقەوە بۆ کۆتایی پێ هێنانی حەفیدزادە و شۆڕشەکەی – ناچار بووە دەست لە کار و فەرمان هەڵبگرێت و دانیشێت![٢٠٧]

بەئەو پێیە گوڕوتینی کۆمەڵی زانستی، کۆمەڵی بژاری کوردی، کوردیی پەتیی، تەنانەت ڕەونەقی (ژیان) کز و تاریک بوون. بەڵێ لە سەردەمی موتەسەڕڕیفی نوێ –



ئەحمەد عوسمان هەولێری و لە ساڵی ١٩٢٨ز.دا کرد و کۆشش بۆ گەشاندنەوەی کۆمەڵی زانستی و (ژیان) کراوە کە لە لاییێکەوە پیرەمێرد بووە بەخاوەندی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە و عەلی عیرفانیش بووە بەڕێبەری چاپخانە و ڕۆژنامەکە، لە لاییێکی دیەوە دەستەی نوێ بۆ کۆمەڵی زانستی هەڵبژێردراوە، بەڵام ڕەوتی کۆشش بۆ (کوردی پەتیی) و بەتایبەتیش (پەخشانی هونەرانە) هەر سست و بێ ڕەنگ و بۆ بووە، تەنانەت گوتاری کارگوزاریش ڕۆژ بەڕۆژ – بەڕۆشنایی توندبوونی پێوەندی سیاسی و ڕۆشنبیریی حوکوومەتی عەرەبی عێراقەوە – پڕ بووە لە شێوەی دارشتنی عەرەبییانە و زمانی عەرەبیی.

ئەم بارەی کوردیی پەتیی، وەک تێکڕای باری ڕۆشنبیریی سلێمانیی بەهاتنی موتەسەڕڕیف تۆفیق وەهبی لە سەرەتای ١٩٣٠ز.دا تەکانێکی بەخۆوە دیت و هیوای پێشکەوتنی زۆر دەکرا، بەتایبەتی کە نێوبراو خۆی نووسەر و زمان شوناس و دۆستی ڕۆشنبیرەکان و خاوەندی نێوبانگێکی گەورە بوو. مخابن ڕووداوەکانی دوارۆژی گەلی کورد و پێوەندی لەگەڵ حوکوومەتی عەرەب و فەرامۆش کردنی مافەکانی لە لایێن کۆمەڵەی گەلانەوە، بارەکەیان تەواو شێواند و سەرئەنجام بەر لە ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ز، نێوبراو لە موتەسەڕڕیفی خرا و شێوازەی نووسینی (کوردیی پەتیی) و چاککردنی ڕێنووسی، لە ڕۆژنامەنووسیدا، پچڕا بەڕادەیێ گوتارەکان، ڕیپۆرتاژەکان، هەواڵەکان پتر تێکەڵی عەرەبیی بوونەوە.

ئەز لە ئێرەدا هەر بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ وێنە گوتارەکانی ڕابوردوو، ئەم بەشە گوتارەی (ژیان) لەمەڕ داخوازیی گێڕانەوەی موتەسەڕڕیفی دوورخراو تۆفیق وەهبی دەنوێنم کە لە ٤/٩/١٩٣٠ ز.دا، بەر لە ٦ی ئەیلوول بڵاوی کردووەتەوە.

(ڕۆیشتنی موتەسەڕڕیفی غەیوورمان سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ بۆ بەغداد و خەبەری ئینفیسالی لە موتەسەڕڕیفیەتی، لێرە جیددەن زۆر تەئسیری کردە ئەهالییەکەمان؛ بەعومومی کوردەکانی عێراق و بەتایبەتی ئەهالی ئەم لیوایە، بەگەورە و بچووک و ژن و پیاوەوە موتەئەسسیر و بۆ ئیعادەکردنەوەی حەسرەتکەشن و بۆ هاتنەوەی لە هەموو لاییێکەوە ئیستیرحامنامەیان تەقدیمی حوکوومەت کردووە.

ئەمەیش حەقیقەتەن حەقە، چونکە ئەم لیوایە کە لە عێراق لیواییێکی موهیم و عادەتەن بەمەرکەزی کوردستانی جونووبی ئەناسرێ، مووددەتێکی زۆر لە هەموو تەرەققییاتێک مەحرووم و بێ بەش مایەوە و ئەم موحیتە کە تەبیعەتەن و فیترەن ئەهلەکەی مایلی عیلم و عیرفانن و مەحەببەتی مەعاریفیان هەیە، پەردەیێکی جەهل بەسەریا ڕاکشابوو، فەقەت

بەهاتنی سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ کە لە پێ گەیشتوانی ئەم وەتەنەیە و زاتێکی داهی و موتەبەحیرە، ئەهالییەکەمان لە تاریکی جەهل ڕزگاری بوو، وڵاتەکەمان بەچرای مەعاریف ڕووناک کرایەوە و حەقیقەتەن موشاروئیلیێه لە پێش هەموو شتێکا بۆ ئینتیشاری مەعاریف و بۆ تەئسیس و دامەزراندنی موئەسسەی عیلمیە و بۆ زیادکردن و کردنەوەی مەکاتیبی ئیبتیدائی لە تەشەببوس کردن غافڵ نەبوو و بەعەزمێکی مەتینەوە بۆ تەرەققی و تەعالی وەتەنەکە هەوڵی دا و غەیری ئەمانیش بەواسیتەی تەتبیقی قەوانین و نیزاماتی حوکوومەتەوە، عەدالەت بەهەموو مەعنایەوە لەناو ئەم موجتەمەعەدا تەحەسسوسی پێ کرابوو وە بەم سەبەبەوە لە بەینی حوکوومەت و میللەتا مەحەببەتێکی موتەقابیلە هات بووە وجوود!... هتد). (٢٠٨)

دوای ڕاپەڕینەکەی ئەیلوولی ١٩٣٠ز، جارێکی دی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ کرایەوە بەموتەسەڕڕیفی سلێمانیی، بەڵام زەبری ئەو ڕووداوە و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی حەفیزادە و گومانی حوکوومەتی عەرەبی عێراق لە ڕۆشنبیرەکان، کۆمەڵی زانستی، ئەمانە کارێکیان کردبوو کە تا ئەوێکی موتەسەڕڕیف دەسەڵاتی ڕاست کردنەوەی باری ڕۆشنبیری نەبێت.

کاتێکیش کە حەفیدزادە لەسەر شانۆ نەما، هەروەها باری سیاسی ڕووی لە هێوریی کرد و هێندێ مافی خوێندەواریش - بەنیوە چڵیی- لە قانوون گیرا، ئەحمەد بەگ لە سەرەتایساڵی ١٩٣٢ز.دا، دەستی کردەوە بەچالاکیی.

لە لایێکەوە، سەرلەنوێ و بەسەرۆکایەتی خۆی، (کۆمەڵی زانستی) بووژاندنەوە و دەستەیێکی ڕێبەری نوێی دانا، هانی قوتابخانە شەوانەکەی دا، پیرەمێردیشی - دوای مردنی حسێن نازمی ڕۆژنامەڤان - کرد بەڕێبەری (ژیان) و زۆری نەبرد لە ١٩٣٣ز.دا پیرەمێردی کرد بەسەرۆکی زانستی و کاری بۆ ئاسان کرد ئیمتیازی گۆڤاری (زانست)ی بەربکەوێت کە لە ساڵی ١٩٢٧ز. ڕاوە بەهیوای بوون. (٢٠٩)

هەر (ژیان) خۆیشی شایەتە کە هەر لەگەڵ دەست بەکاربوونەوەی پیرەمێرد، سەرلەنوێ کاروانی کۆشش بۆ کوردیی پەتی و داهێنانی ئەدەبیی بەتایبەتی (شیعری نوێ) و (پەخشانی هونەرانە) هەڵکەوتووە. کردەوەکانی پیرەمێرد خۆی و گۆران، شاکیر فەتاح، ئیبراهیم ئەحمەد لە بڵاوکراوەی دیدا، بەڵگەی پتەو و بەهێزن.

لە ئێرەدا - وێڕای پەخشاننامەلە (ژیان)ی سەردەمی پیرەمێرددا - ئەم (شیننامەیەی



گۆران) بۆ (برایێکی جوانەمەرگ)ی کە لە ساڵی ١٩٣٤ز.دا بڵاوی کردووەتەوە، زەنگوولەیێکی بەئاوازەی ئەو کاروانەیە... نووسیویەتی: (ئەوا هەشت گەڵاڕێزانی تەواو، فرمێسکی پایزی بەسەرا باریی! هەشت کۆچی بەرەو گەرمیانی تەواو، پۆلی قەل و قاژوو، دار و دەوەنیان ڕەش پۆش کرد. ئەو ساڵانەی کۆن، چەشنی وڵاتێک لێی جێ بیتەوە، یێک لە دووی یێک، بەرەبەرە لەچاو ون بوو.

ئێستا، لە دوور دوورەوە، پەڵەیێک دووکەڵی سپی لە عاستی شوێنەکەیان بەرز ئەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشا من، هێشتا بەڕووناکیی و بەگەرمیی و تازەیی هەشت ساڵ لەمەوپێش، هەووەڵ دیدارتم لە بیرە: لاوێکی ئێسک سووک و خوێن گەرم، دڵتەڕ، تەڕپۆش، بەجووتێ چاوی ڕەشی نێرگسی و درشت کە هەر یێکە لە عاسمانێک موقناتیس و زەردەخەنەیان تیابوو؛ دەستی گوشیم.

برادەرەکان بەیێک دەم گوتیان: «ئەوڕەحمان». لە پاشان منیشیان بەتۆ ناسیی.

ناوەکەت ئەوەندە بەدەم برادەرەکانتا هات بوو، بەلێوی خۆشەویستی ئەوەندە ماچ کرابوو، گرنجی و پڕووشەکانی سوابوو، سفت بوو، لە خۆیەوە لە دەم ئەخزا چەشنی مێخەکبەندی سەر کەمەرە، لەگەڵ هەموو لێوێک ئەزرنگایەوە. دەمی منیش چ زوو هۆگری ئەم ئاڵتوون ڕشتنە بوو؟ چ زوو بەزنجیری ئارەزووت ڕاهاتم؟ فێری براپەرستێ بووم؟

لەو جارەوە کە هەموو سێ هەفتەیێک لەگەڵت ڕامبوارد، ئەوڕەحمانی هەووەڵ دیدار، بەتەوالێت و تەراشە تازەکەیەوە، بەگوڵە ئاڵەکەی بەرسنگیەوە، بەزەردەخەنە ئەو ڕەحمانیەکەی سەرلێویەوە، ئاشکراترین و ڕووناکترین نەخشەکانی یادمە.

ساڵی ١٩٢٨ چەند خۆشحاڵ بووم کە هەردووکمان بووین بەژێر بەفرە زۆرەکەی «پێنجوین»ەوە... ئەو زستانە درێژەمان بەدیار ئاگرێکی خۆشەوە، بەپێکەنین و گۆرانی بردەسەر.

تۆ، بەتەواوی بۆ نەوجوانیی ژیان خولقابووی... بەیانی هەتا ئێوارە وەکو هەنگی برسی، بەگۆرانیی وتن، بەشوێن گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و شیلەی شیرینییا دەسووڕایتەوە... ڕۆشنایی ژیانت ئەوەندە تیژ بوو، سەرچاوەی شادیی، هەنگوینی هەرزەکاریی، لە تاریکترین پێچ و پەنا بوایە، بەشارەزایی ڕێت ئەبردە سەری، منیش هەمیشە بەشوێنتەوە بووم. کەڵکەڵە و ڕەوشتی دنیای دڵداریی و جوانیت، گەرمایی و جم و جووڵی تافی نەوجوانیت، ئەوەندە لە پێش چاوم شیرین بوو، شەو و ڕۆژ خەریکی «مەشقی ئەوڕەحمانی» بووم... لام وابوو،

تۆ سەر مەشقی ژیان و نەوەجوانیت! ڕاستییەکەش هەر وابوو.

هەروا لە بیرمە؛ نیوە شەوێکی ئەستێراوی هاوینی **١٩٢٩** بوو، لەبەردەمی «پێنجوین»ی خەوالّوودا، زەبری زەمانە، دەستی برایەتی دوو بێ تاوانی لە ملی یێکتری پچڕیی... تارمایی تۆ، بەدەم هەنیسکەوە، لەناو ڕەشایی کۆڵانەکانا، بەرە بەرە ون بوو، منیش بەسەر بارگەییێکەوە بەرەو «تەوێڵە» شوێن کاروانی «هەڵەبجە» و ناڵە ناڵی زەنگی تاریکیی کەوتم... ئیتر لەو حەلەوە ناو بەناوێکی چەند ڕۆژیی، یان چەند هەفتەیی، یاخو لای ئەوپەڕی یێک دوو مانگی نەبێ، تۆ، بەهەموو گوڕی لاویەتیی و جوانیی و قوڵپی برایەتیتەوە، لە من ونی!!

قاقەزم زۆر کەم بۆ ناردووی، بەڵام تاسەی گەرم و یادی بەسۆزم، هەمیشە بەڕێتەوە بووە. لەگەڵ ئەوەش حەقم بوو زۆر دەربەستت نەبم، چونکی ئەمزانی لەناو هەچ کۆمەڵێکی ئاهەنگابی؛ گۆرانیی ئەڵێیت... لە هەچ پێچ و پەناییێکی نەو جوانییدا هەنگوینی دڵ، خۆراکی گیان ئەمژی... بەڵام ئێستا کە هەچ قاقەزێک ئەکەینەوە، بەباسی مردنی تۆ، بۆنی فرمێسکی لێ دێ... ئەی هوو؟! خۆ ڕاگرتن چەند گرانە؛ ئەوڕەحمان بمرێ؟ گەرمەی جوانیی بژاکێ؟ ڕۆشنایی ژیان لە نیوەی ڕێگادا بکوژێتەوە؟ نەوجوانی لەژێر پێی مەرگا بفلیقێتەوە؟... هەروا ئاگرم تێ بەر ئەبێ!

ئەوڕەحمان؛ چۆن؟ ئێستا ئەم ئاسمانە شینە تۆی لەژێر نیت؛ ئەم هەتاوە نەرمەی پایز، لەسەر و تەوالیتی تۆ نادات؟ ئەم دنیا گەورەیە بەدووتا خوار و ژوور بکرێ، هەرگیز نادۆزرێیتەوە؟ ئەی لە کوێیت؟ لەژێر گڵا؟... ئاخ!!)[٢١٠]

ئەم گوڕە کە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ – موتەسەڕڕیفی هەولێر: س **١٩٣٥**ز – بەگۆڤاری (ڕووناکی)یش هەولێری پێ ڕووناک کردەوە، لە سلێمانیی دوای خۆی و موتەسەڕڕیفی ڕۆژنامەڤان ساڵح زەکی ساحێبقڕان، لە نێوان **١٩٣٦**ز – **١٩٣٨**ز.دا، تووشی بەرهەڵستێکی ناحەزانەی موتەسەڕڕیفی ناکورد، مەجید یاقووبی بوو کە مەبەستی بەتەنێ تەنگ پێ هەڵچنینی کەسێکی ڕۆشنبیری گەورەی وەک پیرەمێردی خاوەندی (ژیان) و سەرۆکی کۆمەڵی زانستی نەبوو، بەڵکو مەبەستی هەڵتەکاندنی بزاڤی ڕۆشنبیریی و پێوەندی توند و تۆڵی جەماوەر و ڕۆشنبیران و بەرگرتن بوو لە کوردایەتی پێشکەوتوو، بەڵام هەرچەندە زیانی خۆی گەیاند، بزاڤی ڕۆشنبیری و سەرچاوەکانی هۆشیاریی و ڕەوتی کوردایەتی لە ئەو بەهێزتر بوون و پیرەمێردیش سەربەرزانە، چاپخانەی دووەمی سلێمانیی دامەزراند و ڕۆژنامەی (ژین)ی سەربەستی دەرکرد و ئاگری نەورۆزی



نیشانەی پێشکەوتنیش نەکوژایەوە. هەروەها بەگوڕ کەوتەوە نووسین و پەیڕەوی کوردیی پەتیی.

ئەوی مایەی خۆشیشە، ئەم بارە بەرگەی دووەم جەنگی گێتیی گرت کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان؛ (ژین)، (گەلاوێژ)، (دەنگی گێتی تازە)، (هاوار) هەر پەرژینی زمان و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کورد بوون و داهێنان و کوردیی پەتیش، تەنانەت (پەخشانی هونەرانە) لە گەشانەوەدا بون. لە ماوەی **١٩٣٩**ز – **١٩٤٥**ز.دا، چەند نێوی هەڵکەوتووی دی بەئەو هونەرەوە دەرکەوتن، وەک؛ عەلائوددین سەججادی، حسێن حوزنی موکریانیی، ڕەسووڵی نادیری، ڕەفیق حیلمی، ڕەفیق چالاک.

هەر لە ئەو ماوەیەشدا، تەنانەت لە نێوان **١٩٣١**ز – **١٩٤٣**ز.دا، گۆڤاری (هاوار) کۆمەڵی نووسەری توانای ئاشنا کرد کە سەرگەرمی بنیات نانی چیرۆکی کوردیی بوون، وەک جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، نوورەددین زازا، مستەفا ئەحمەد بۆتی، عوسمانی سەبری، قەدری جان کە ئەو کارەیشیان بەڵگەی پێشکەوتنی پەخشانی کوردیی بوو.

بەئەو پێیە، ڕۆژ بەڕۆژ، زمان و نووسینی کوردی پەتیی – بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا – لە گەشاندنەوە و پێشکەوتندا بوون کە دەسکەلای یێکەمی دەربڕینیش (هونەری پەخشان) بوو... بەڵام چونکە ئەم هونەرە تەمەنی زۆری نەبوو، هەمیشەش دووچاری هەڵسوکەوت دەبوو، هەروەها سەرچاوەکانی ژیانی پتر بە(پەخشانی کارگوزاریی)ەوە خەریک دەبوون و پێ ویستییەکانی خەڵکیش ئەویان بەکەڵک دەهێنا، ئەوە ئەو جۆرە پەخشانە، لە (پەخشانی هونەرانە) بەگوڕتر بوو، بۆیێکا ڕەنگی ئەم خاڵەش تا ساڵی **١٩٥٨**ز – تەواو بەئەدەبی نامەنووسینیشەوە دیارە.

باسی کاروانی پێشکەوتنی پەخشانی کوردیی کە زۆری بەبەرەوە ماوە و هەیە، بەبێ نیشان دانی ڕاستییەکی مێژوویی گەورە و گرنگ ناتەواو دەبێت کە ئەوەیە؛ ئەگەر ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، لانەی گەورە و یێکەمی گۆش کردن و پێشخستنی (پەخشان) بووبێت، ئەوە بەرهەمی هۆش و بیر، توانا و ڕەنجی قەڵەمی نووسەرانی کورد، بەڕاستی دووەم لانەی گەورە و گەرمی پەخشان بوو! بەڵگەش – لە ئەو نیو سەدەیەدا – ئەو سێ سەد و چل کتێبە چاپ کراوەیە کە سێ بەشی لەسەر بنچینەی (پەخشان) ڕاگیراو و ڕازاوەیە و بەشە کەمەکەیشی (شیعر) بووە! لە ئەوەش پتر – وەک بەدەگمەن شاعیرێ، نووسەرێ هونەرەکەی کردبێت بەپیشە و سەرچاوەی نانی – گەلێ کەسی شیعرپەروەر،

خزمەت کردنی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیات و زانست کارێکی پێ کردوون، لە (شیعر) بتەکێنەوە و (پەخشان) لە ئامێز بگرن... مستەفا پاشا یامەلکێ، عەبدولواحید نووری، حسێن حوزنی، ڕەفیق حیلمی، حەسەن شێخ حەمە مارف، چەند وێنەیێکی دیارن. هەروەها گەلێ شاعیر لە یێک کاتدا، بەهەردوو هونەرەکەوە، بگرە بەتێکەڵ بوونی ڕۆژنامەنووسیشەوە، یێکجار پەرۆشی (پەخشان) بوون... دیارترین وێنەش؛ پیرەمێرد، گۆران، قەدری جان، هتد.

ڕاستییەکەی ئەم حاڵەتەی شاعیر و نووسەرانی کورد - کە لە مێژووی ڕۆشنبیریی گەلاندا دانسقەیە - نەک هەر بەڵگەی ڕووناکی خزمەت و پێشخستنی پەخشانە، بەڵکو بەڵگەی ڕەنجی مێژوویيانە لە پێناوی تۆڵە کردنەوەیێکی خێرا لە کەمتەرخەمیی پێشینان و سەدەکانی تاریکی و نیشانەیێکی بەرزی ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی و شارستێنی نوێیەکە پێم وەیە لە نێو کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، ئازایانە جێگەی گەلی کوردی دیاریی کردووە.

## ٣/١١- کاریگەریی ڕۆژنامە بۆ نامە

باسەکانی ڕابوردوو، ڕوونیان کردەوە کە هونەری (شیعر) و (شیعرنامە) لەنێو گەلی کورددا، مێژوویان لە هونەری (پەخشان) و (پەخشاننامە) کۆنتر و پتەوترە... بەڵام بەهەڵکەوتنی بزاڤی (ڕۆژنامەنووسیی) بەری بزاڤی نەتەوەیی، بارەکانی ڕاوردوو، هەموویان ڕوویان لە پاشەکشێ کرد و (ئەو) بوو بەلانەی یێکەمی (پەخشان)! هەروەها ڕوونیش کرایەوە کە هەڵکەوتنی (پەخشان) لەسەر بنچینەیێکی ئەدەبیی یێکجار بەرتەسک و زەوییەکی ڕەقی ڕۆشنبیری دەستەمۆی بیانی و خوێندەوارییەکی بێ پێز دامەزرا کە وێکڕا (نووسینی کوردی)یان بەکارێکی ناپەسەند دەزانی.

بەئەو ڕۆشنایيە، ڕۆژنامەنووسیی کوردیی - نۆبەرەکەیشی لە دایک بووی هەندەران بوو - هەر لە سەرەتاوە ئەرکەکەی یێکجار سەخت و دژوار بوو، چونکە لە لایێکەوە دەبوو بۆ هۆشیاریی و بەتایبەتی هۆشیاری نەتەوەیی، لە لایێکی دیەوە بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی و نووسینی کوردیی تێ بکۆشێ... بەئەو پێیەش - لە پێناوی گرێ دانی پێوەندی و دروست بوونی لێک حاڵی بوون لە نێوان خۆی و خوێندەواران و ڕۆشنبیراندا - ناچار بوو، لە پاڵ کوردیدا، زمانە بیانییەکانی (تورکی، عەرەبی، فارسی) و هتد بەکاریان ببات کە ئەم کارە چەند کەڵکی پەیامەکەی گرتبێت، تا ڕادەیێکی دیاریش بەری



بڵاوکردنەوەی کوردیی تەسک دەکردەوە.

ئەو ڕاستییانەش ئەوە دەسەلمێنن کە ڕەوتی کاروانی بڵاوکردنەوە و گەشاندنەوەی زمان و نووسینی کوردیی و بەتایبەتیش (پەخشان)، گەلێ گران بووە، بۆیێکا هەنگاو بەهەنگاو ڕێگەی بڕیوە، ئیدی کە باری (پەخشان) ئەوهە بووبێت، دیارە (پەخشاننامە)ش ڕەوتەکەی بەهەمان شێوە بووە، ئەگەر نەڵێم، خاوتریش بووە.

وردبوونەوەیێکی ژیرانە لە بزاڤی ڕۆژنامەنووسی کوردیی دڵنیایی دەبەخشێت کە لە یێکەم چارەکی تەمەنیدا و بەتایبەتی لە نێوان ١٨٩٨ز - ١٩٢٥ز.دا، بەدوو شێوە خزمەتی (ئەدەبی نامەنووسین)ی کردووە... دڵسۆزیی بۆ بەکاربردن و بڵاوکردنەوەی (پەخشان) و دووەمیان؛ بایێخ دانێکی خۆوڕاستان بۆ بڵاوکردنەوەی (نامە)ی کوردیی.

ڕۆژنامەنووسیی کوردیی؛ هەر لە نۆبەرەکەیەوە، وەک گوتاری بیانیی زمان بڵاوکردووەتەوە - بەزەبری هەمان بنچینەی سەختی ڕۆشنبیری و خوێندەواری - بەهەمان شێوەش (نامەی بیانیی زمان)ی خستووەتە ڕوو چ بەعەرەبی چ بەتورکی کە ئەز نیشان دنایان پێ ویست نابینم.[٢١١]

بەڵام هەر (کوردستان - خولی: ١ و ٣) ژیرانە و پتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دوای خۆی و تا ساڵی ١٩٢٥ز، (کۆمەڵی نامە)ی کوردی شێوەزاری کورمانجی بۆ مێژوو تۆمارکردووە.

ڕاستییەکەی ئا لە ئێرە و لە ئامێزی (کوردستان - س ١٨٩٨ز)دا، (ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی) لەدایک بووە.

ئەز بۆ پیرۆزیی کردەوە مێژووییەکەی (کوردستان) و ناسین و بۆن کردنی ئەو نوخشەیەی گوڵزاری (ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی)، لەگەڵ خوێندەواران، یادیان دەکەمەوە و لەبەریشەوە هێندێ گوڵەوەچنی دی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا دەکەم.

نامەکانی (کوردستان/ خولی - ١)

📖 پ. ن؛ کە: ١/١/١

[ن. ح. ـــ خاوەند ڕۆژنامە میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا ](٢١٢)

شام

[-/-/١٣١٥ (ک)/ ١٣١٤ (ر) (١٨٩٨ز)]

[ش؟]

......(٢١٣)

ئەڤ جەریدەیا میرێ مە دەریخستی، هات شامێ. من یێک پەیدا کرد. چقا کوردێ نیزیک هەنن، من جڤاندن. وەکی ئەڤ جەریدە دیتن ناڤێ وی کوردستانە، خوەیێ وی میرێ مەیە، حەمییا عەوولی ماچ کرن، دانین سەر سەرێ خۆوە، گەلەک شابین.

پاشی من ژ وان ڕە خوەند. وەقا دلێ وان خوەش بوو، حەچکو تە دنێ دایە وان.

ئەڤ نسحەت و خەبەرێن تەنیڤسین، قەنج کەتن گوهێ وان، زانین ئەڤ تشتەک قەنجە، ل ناڤ خۆدە خەبەردان! پاشی نهوو، حەچی یێ مەزن وێ خۆە ژ حەمالییێ خەلاس بکەن، بیعەلمن هۆستایی، بیعەلمن چەکێن نوو، ل ناڤ خۆوە دە دراڤا بدەن، هەق زاروکێ خۆە بدەن؛ مەکتەبا، ڕێکەنە باژارێ سەنعەت و هنەرا.

ئەز سەر کوردێ مە گەلەک دقەهرم، خودێ دوو تشتێ قەنج ڕە ئەم خولوقاندن... یێک شوجاعەتە، یا دی ژی سەخاوەتە. خۆ وێ وان هەردوو تشتێن قەنج ڕە هوولی کێم مانە؟ چ ڕە بەردەستێ خەلکێدە مانە؟ ئەڤ قەباحەتا مەیە، چکو ئەم مانە بێ مەعریفەت و سنعەت؛ تو، ڤێ زەحمەت و مەسرەفێ سەر قەنجیا کوردا دکشینی! تە ئەڤ جەریدە ژ مە ڕە دریخستیە؛ خودێ ژ تە ڕازیی بت. تو گەلەک ئایەت و حەدیسێن ڕاست ڕێین قەنج نیشا مە دکی! ڕەحمەت لە بابی تەبت! خودێ دەوڵەتا تە مەزن بکەت. ئەو عەدل و کەرەما بابی تەکریی، نهوو ژی دبت سەبەبا ڕەحمەتێ! ئەو جەریدە تە سەر قەنجیا کورد دەرێخستی، ئەڤ ژی نیزک وێیە، ڤی زەمانی قەنجی هووقاس دبت.

خودێ و پێغەمبەر پاش نهوو، وێ هەر ئاریکا ریاتە تە بیکەن. ئەم ژی هەر پۆستە هیڤیا جەریدا تەنە، دوعاییێن قەنج، مەدحێن باش، عەوولی ژی، نهوو ژی خۆ ل سەر مە دەینە./تەواو

ن.ح(٢١٤)



📖 پ. ن: کە: ٢/١/٢

[سەیید تاهیر بۆتی ـــ میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا ](٢١٥)

[-/-/١٣١٦ (ک)/ ١٣١٤ (ر) (١٨٩٨ز)]

[ش؟]

ژ بۆ جەریدەیا کوردستانێ(٢١٦)

حەیفا من گەلەک ژ کوردێ مە ڕە دهات، من ڕۆژ و شەڤ گازند دیکرن، چقا کورمانج هەنە، حەمی مێر و ژیهاتینە، چ ڕە هوولی، بێ مەعریفەت و سەنعەت مانە؟ نیڤیساندن و خۆندنا حەمی کوردا، چ ڕە نینە؟ ئەز ل ناڤ ڤان کوول و دەردا ژار و کال ببینم، حەییری مابیم، نهووژ خودێ تەعالا شوکر دکم.

ئەڤ جەریدەیا تە، ل سەر قەنجیا کوردا دەرێخستی، یا تە ژ مە ڕە ڕێکری؛ هات و کەتە دەستێ من، حەچکو چقا موراد من هەبین، حاسڵ بین، قەنجی یێ ل سەر دنێدە حوقا دبت. مەزنایی ل ڤی زەمانی حوقا چی دبت. وەکو من جەریدە خووند، ئەز دەرحەقا دوعا و مەدحێ تە، حەییریی مام، ئەز ژ خووندنا وێ تێر نەبیم. من گازی کورد و کورمانجا کر، ژ وان ڕە خووند. ئەو ژی گەلەک شا بین، بەلکە ژ تا بینێ لال بین. ل ناڤ بەینا دوو سێه ڕۆژادە حەقێ بیست جەریدەیا دان هەڤ و ژ م ڕە ئانین. کەرەم بکە، ل جەریدەیا خۆە دە بنڤیسە ئەز ڕێکەم کوو دەرێ؟ وەکی تو هێڤیا مە قەبوول نەکی، هێڤی دکەم تو هەر هەر پۆستە ژ م ڕە چل، پەنجێ جەریدەیا ڕێکی.

تە ل جەریدە خۆدە (ئەلعیلموعیلمان، عیلمولئەبدان وەعیلمولئەدیان)(٢١٧) نیڤیسی. ئەز هێڤی دکم هەر جار دەرحەقا واندە، دوو سێه بەحسا بنڤیسە، کورد ل ڤێ دەرێ، ژ سویا حەیا ئێڤارێ ل بەر گەرمییێ دشوغلن، پاشێ قەنج فەنا کرنا خۆە، نەخۆش دبن، گەلەک دمرن.

ئەڤ کوردێن وان دەرا، حەمی شافیعینە، مەلایێ شافیعیيیا ل ڤان دەرا حوقا پەیدا نابن. کتێبا مەزهەبێ شافیعیا، مرۆڤ ل وان دەرا نارە پەیدا بکە. هەکە تو جارجارا ژ کتێبا (ئیبنوحەجەر) تشتەکی لازم بنفیسی، ئەو ژی وێ ببە سەبەبا خێر و نامداریا تە.

ئەز ژ خودێ شوکر و حەمدێ دکەم، پیچەکی خووندن و نڤیساندنێ دزانم، هەکە تو قەبوول بکی، پاش نهو و ئەزێ قاسیدیا جەریدەیا تەبکم. ئەڤ باژار وەک باژاری کوردا لێ هاتینە، هەر ساڵی دە پازدە هەزار کورد ل هەرە دچڤن، ڕەنجبەریێ، دورییینا دەخلێ

دکەن، گەلەک ژ پاشی دمین، خۆەیێ مالێ و زارِ و دبن. ژ بەر ڤی سەبەبی ئەزێ موحتاجیا حالی کوردا ژ تە ڕە هەر جار بنڤیسم، خدمەتەکە هوولی گچک ژ میرێ خۆە ڕە بکم.

ئەتەنەیی

سەیید تاهیر بوتی[٢١٨]

پ. ن؛ کە: ٣/١/٣

[ش. م ـــ عەبدورڕەحمان بەدرخان پاشا][٢١٩]

[-/-/١٣١٦ (ک)/ ١٣١٥ (ر) [١٨٩٩ز]

[دیاربەکر]

[کاغەزەکە ژ کوردستانی هاتی][٢٢٠]

ئەلحەمدولله، ژ وی خالیقی کەون و مەکان ڕە کو کورمانج ژی ل عالەمی دان ناس کرن. خودێ عیلم و عومری میرێ مە زێدە بکە!

زەمانی بابێ تە؛ جەننەتمەکان (بەدرخان) بەگی، خەمی کوردستان ل سایا عەدالەتا وی، مەعموور و ڕاحەت بی. نها ژی ئەلحەمدولله، ل سایا عیلم و قەلەما وە، پاش نهوو، کورمانج حەمی وێ مەسعوود و بەختیار بن.

میرێ من؛ هوون ژی دزانن کو کورمانج ب خولقەتا خۆە، نەوعەک ژ بەنی ئادەمن، مومتازن، شەجیعن، جوامێرن. کەمییا وان عیلم و مەعریفەتە. سایا وە بەئیزن و کەرەما خودێ تەعالا، پاش نهوو وی مەیلا عیلم و مەعریفەتی ژی بکەن.

ئەڤە دوو سێ هەیڤە، جەریدەیا کوردستانێ، تێتە ولاتێن مە، لێ مەئمموورێن حوکوومەتی ناهێلن ئەم سەربەست بخوونن، دگرن دەست کێ ببینن. وێ مرۆڤی حەبس و ئەزا دکەن! دیسا ژی کورمانج حەمی گەلەک مەیلا جەریدەیێ دکەن، ژێ نابورن ڤێ ڕێدە ئەمێ گەلەک تشتا فیدا بکەن، حەتتا قەوم و میللەتێن دی، ئەم کورمانج ژی ساحێب تەرەققی بن! ئەز وە ئومێد دەکەم کە سولتان عەبدولحەمید قەنجیا مە دڤێ، لێ ئەڤ والی و قائیمقام و مودیر، حاسلێ چ قاس مەئموورین ڕێکە ل سەر مە، گەلەک زالم و بێ ئینسافن ئەوان خراپ کر! تو حال کەسی نەما. وەقتێ بابێ تە، گوندێن سەد خانی، دە مالێ نەمانە! ئەو ژی ڕەبن و ژارن. گەلەک کورمانج ژ کوردستانێ هوجرەت دکەن. هەن دچنە نێڤ عەجەم، دچنە نیڤ تورکیا، هەن ژی ژ ڕەبەنییێ مەحو دبن ژ بەر چاڤا د تەلفن.

ئەم کورد ژ تەهێڤی دکەن کو تو جەریدەیا خۆەدە بەتورکی ژ خوونکار ڕە بنڤیسی دا فکرە



حالی کورمانجا، دا بزانییە کوردستان خراب دبە، دڤێ موسلمان حەمی بزانین کو وەکو کورمانج نە ل ملێ کوردستانی بینا، حەتا مۆسقۆف هاتی ئەناتۆ لی زەبت کربی، وی هەنگێ موسولمانیا ئەناتۆلی حالی تورکا وێ یێکجار خراپ ببیا، لەوما دڤێ ڤی حالی ژ خونکار ڕە عەرز بکەن دا مەئموورێن ڕاست و عادیل ڕێکە کوردستانی! هەکی ئەڤ حالێ هاوەها دەوام بکە؛ کورد ژی هو ڤێ زولمێڕە تەحەمل دکەن، وێ بین هاڤالی ئەرمەنییا، وێ ب هەڤ ڕە ئەسبابێن عەدالەتی بخوازن.

ئەز هێڤی دکەم ڤی ژی بنڤیسە کو ڤان نیزیکیا دەرێن ژ دەست خونکار دەرکەتین وەک بولغارستان و کریدیی، حەمی سەبەبا زولما مەئموورا بی. ئەڤە مەعلوومی عالەمە عەدالەت ل کی ملییە، مروو خۆە دەدە وی ملی.

بێژە خونکار (ئەلعەدلو ئەساسولمولک)[٢٢١] حەیفا من تێت مەئموورێن وی نە عادیلن، زالمن، خائینن، بێ ئینساف و موروتەن، هەر نەفعا خۆە ل فەلاکەتا مە دگرن.

بێژەر خونکار، ئەی ئەمیرولمۆئمینین، حەزرەتی پێغەمبەر ئەمر کرییە کو «ئەلئیمام مسئوولون عەلالناسی عەن ڕەعییەتیهی»[٢٢٢] چ ڕە ڤی ئەمرێ پێغەمبەر جێ ناکێ؟ هەکی تو نە فەکری، حالی تە بە عێن خۆە، تو ژی عیندەالله مەسئوولی. جەزایی تە بێ ژ حەمیا زیدەتر بت.

بێژی ئەی پادشا تو نزانی «عەدلو ساعەتین خەیرون مین عیبادەتی سەبعینە سەنە؟»[٢٢٣] بێژێ ئەی خەلیفە، فکرە پاش خۆە، ئەسلاف و ئەجدادێن تە چ کرنە، دنیا ڕەجفاندنە! ئەجدادێن تە شیر ل دەستی وان دکەتن، پێشییا عەسکەری! ئەو خۆە دچوونە ولاتێن خۆە دگەڕان، لاوێن خۆە ڕێد کرن، تەحقیقا ئەحوالێن خەلقێ! تو چ ڕە ژ سەرا خۆە دەرناکەڤی؟ تو هەما دفکری ل دەورا خۆە! تو هەما جامیعا ل دوورِ سەرا خۆە چێکی؟ کو دەری بێ ئەسلەک هەبت تو وێ ب تەنێ مەزن دکی؟ جارەکی سەرێ خۆە هەلنە، پیچەکی دوورِ خۆە فکرە! دا تو ببینی عەبدێن خودێ تەعالا چ زولم و غەدرێ دبینن! چەوا دنالن؟ دا تو ببینی چاڤێن یەتیم و ژن و بیا چاوا باران دبارن؟ دا تو کوردستانی ببینی حەچکو جەنگیز و تەیموور تێ ڕە بورینە، حەچکو زەلزەلە بی یی، خانی خراپ بینە، ژ عومرانێ ئەسەر نینە، ئەو ژن و زاڕوو، ل بەر دار و بەرا دکرن تازیی، برچی مانە؟

بێژی ئەی خەلیفە حوقووقی ڤان عەبدین خودێ ئەسپاری تەیە!/تەواو

ژ ئەشرافێن دیاربەکری

ش. م[٢٢٤]

🕮 پ، ن، که: ٤/١/٤

[مەلا سالح جزیریی ـــ عەبدوڕڕەحمان بەدرخان] (٢٢٥)

[-/-/١٣١٦ «ک» / ١٣١٥ «ر» [١٨٩٩ز]

[ش؟]

## میری من

ئەو جەریدا کو وە دەست پێ کردی هەر پازدە ڕۆژا جارەکی دەردێخن جار ناتێ ولاتێ مە. نادیرەن دگەهێ دەستێ مە. ئەم دخونین، ئوون حەمی کو لاوێن بەدرخان بگێنە، میرێ مە کوردانن، ژ میرێن وەک وە هەر قەنجی یێ ئەم ئینتیزار دکرن. قەنجیا خزمەتا بابێ تە، ولاتی مە گەللەک بییە. ئەڤ هیممەتتاها مووجیبێ شوکرانا مەبە. هەمان خودێ هەوە مووەففەق بکە. ئەڤ خدمەتا وە ئیناشا الله ل نک خودێ و پێغەمبەر ژی مەقبوولە، بەڤێ جەریدەیێ هەتا دنێ دنێیە ناڤێ خۆە ئیبقا کر.

ئەزبەنی، تو مە ل مەعاریفێ تەشویق، تەرغیب دکی. قەنجیا مەعاریفێ تشتەک وەیە کە کەس نکارە ئینکار بکە. مەعاریف نوورەکی وەیە کو کوور خوەی چاڤ دبن. لاکین چ چارە کو ئەسباب تەحسیل ل نک مەتو نینە؟ کەس نینە ل مە بپرسە: خودێ چاوێ خائینا کهور بکە! حەچی کو عەبدولحەمیدە، ڤێجا مە زانینی کو حەچی ب خێرا کوردا ڕەیە، ئەوی ناڤێ. چ قاس ڕەزیل و بەد ئەسڵ هەنە، ئەوی دانە دورِ خۆە. سەحەحارە موتریب، نەدیم و موشاویرێن وینە. لەوما ڕۆژە ڕۆژ حالی مە خراب دبە. بێ خەبەر کوردا بپرسە؛ بەس لاوێن بەدرخان بەگی مانە.

ئەزبەنی؛ نەحەددێ منە، لاکین تە ژی درەنگ دەست پێ کرە چ ڕە بەری دە بیست ساڵەکی وە، ئەڤ جەریدە ئیحداس نەکر؟ ئەڤ مەئموورێن سەرمە، زوڵم ل مە دکەن، مالێن مە تالان دکەن؛ لاکین ژ لوتف و کەرەبا خودێ ئومێد دکەم کو پاش نهوو ئەڤ حال گەلەک دەوام نەکە (ئەلئوموورو مەرهوونەتون بیئەوقاتیها)[٢٢٦] ئو ئومێد دکەن کو ئینشا الله ژی ئیروییێڤە دەمێ ئیقبال و سەعادەتا کوردا ژی هات.

تشتەک هەیە ئەم مراندنە؛ ئەو ژی ئەوە کو جەریدەیێن دەست کەتین، من خووندن، حەمیی نافیع موللک و میللەتە. هوون ژ عەدالەتێ ڕە چ قەنج بەوی دبێژن ژ تەرەققیا کوردا ڕە چ هەیە، ئەوی دنویسن! دە ڤێجا چ ڕە جەریدا هەوە مەنع دکەن، ناهیلن بیێ ولاتێ مە؟ ڤی سوڵتان عەبدولحەمیدی ژ قەنچییێ ئینحیراف دکە. ئەم دبهیسن کو حەمی



دەرا مەکتەب هاتنە ئینشا کرن، ئەسباب تەهییە بینە! ولاتێ مە هی تو ئەسەر تەرەققی نینە! ژ ڤێ حالی مەعلووم دبە کو خونکار ناڤێ کورد تەرەققی بکەن. دڤێ هەر ئەم ژ حەمیا کێم بمینن. هەر کوردا ل سەر کوژتنا ئەرمەنیا تەحریک دکە. مە ڤێجا نزانی کو ئەرمەنی مەزلوومن مەقسەدا وی زانی. ئەوی دڤێ ئەم هەر لە حالێ وەحشەتیدە بمینن، هەر ئەرمەنییا ڕە شەڕ بکەن. لاکین بلا ئەمین بە کو ژنهوو لێ حەرامە؛ نابینە.

ئەم ب هیممەتا میرین خوە دە، هەنگی ژ دەست مەبی، ئەمێ پاش نهوو خدمەتا ئینسانییەتی بکەن! مە ڤێجا زانی کو حەمی سەبەبا بەلا مە کوردا، فەساد و خەباسەتا (قیبتین)[٢٢٧] سەرایێنە! حەیفا من و تە بت کو هندە هەزار کورد ل ئەستانبووڵی هەنە، یێک ژ وان ڕۆژەکی دەربەکی ل وی موتریب (ئەبولهودا نادە!)[٢٢٨]، وجوودا وی قیبتی ئەلنەسەبی مەحوو ناکە؟ ئەز دمینم حەیبری کو پادشاهەک چەوا موسەخخەری موتریبەکی بییە؟ ئەزبەنی، ڤێ جاری ئەز هەو دنڤیسم، ئینشا الله پاش نهوو ئەزێ ژ حالی کوردستانی گەلەک ژ تە ڕە بنڤیسم، لاکین ئەز نزانم ئەڤ تەحریراتا من وێ بگەهیە دەست میرێ من. ئەز ژ کەرەما میرێ خۆە ئومێد دکم کو وێ جوابەکی بدە من!/تەواو

مەلا ساڵح جزیریی

نامەکانی (کوردستان/ خولی - ٣)

🕮 پ. ن؛ که: ٥/١/٥

[مەلا ئە. کامی ـــ ئازیز ئەحمەد/ خاوەندی ڕۆژنامە][٢٢٩]

[-/-/١٣٣٥ /١٩١٧ز]

[جامیعەی ئەزهەر/ قاهیرە]

[کاغەزێ هاتییە ژ جامیعەیێ ئەزهەرێ][٢٣٠]

ئیرۆ، ئەز ژی برایێ مە کورمانجی ڕا نیسحەت دکم، هشیاربن! دبێژم ئەم ژ ڤی وەقتی چاڤێ خۆە ڤە نەکەن، ئو ژی وێ خەوا گران ڕانەبین. خەلکی کورمانجی بوونیامە ناهلین. بوونا ڤی دیبێژم ئەم گشک زانای مە و نەزانای مە، گژی چاڤێ خۆە ڤەکەن ئوو دەست بدەنە هەڤ. بوونا سەلامەتا کوردا بخەپتن و وەلاتێ ژی تەهلوکە خەلاس بکەن؛ ئو ناموسا و شەرەفا خۆە بلند و مەزن بکەن. پاش ڤی ئەم ژی بکارن ل بەر یارو نەیارا سەری خۆە بەرڤە ڕاکەن!

ئیرو ژی چار ملیۆنا پتر کورد هەنە و باشیی ناڤی کوردا مابەینا خەلقی نایێ گۆتن و

ئوو کەس وان ناس ناکەن؛ کەمەکا ئوو عەناسیرا د هەژمێرن! نابێژن کورد ژی هەنن، حەقی وان ژی هەیە.

سەبەبی ڤێ ئەڤە کە کورد بێ تەئریخن و بێ جەریدەنن و ئیشی دنێیێ و سیاسەتا عالەم نزانن، بوو ناڤی ڤی کەس ژی وان ناس ناکەن.

ئیرۆ تەئریخەک کورمانجانینە، حەتا بزانن ژی جینسی خۆڕا، ئو و ژ سەلامەتیێ ڕا چ خدمەت کرنە! ئیرۆ جەریدەکا کوردی تو نییە، حەتا خۆە بکارن ژی تەعەددایێ خەلکی و ب حیلە و دەسیسەی سیاسەتا، خۆە موحافەزە بکەتن.

ئیرۆ قەومەک نەمایە کە جەریدەیێ وان نییە. ب ڤی جەریدەیی خالی خۆە دبێژن، دەردی خۆە تەشریح دکەن، مەتلەبەکی وان هەیە دخازن.

حەمی قەومێ بێ جەریدە، ئەو وەک مرۆڤێ لاڵە. نکارە دەردی خۆە ب بێژە. سەح ناکە چ حالی دایە.

ل بووناڤێ، کورمانج خودان هەڤ، جەمعیەتەکی چێ کرن و جەریدەکی دەرخیستین و ناڤێ جەریدەی (کوردستان) دانان.

ئەڤ جەریدە ژی، تەئریخی بوراندینا کورمانجا، بەحس دکە، ئوو کورد ژی کوو هاتن و چوقا بوون و ژی سەلامەتین ڕا، جینسی خۆە ڕا چ خدمەت کردنە، دنیڤسن.

ئەڤ جەمعیەتا مە مەزنیا و بڵند بوونا کورمانجا دخەپیتە، ژ بوونا کورمانجی ژی، مرۆڤ بن، ئوو جەمعیەتا چێ کەن و ب عەزمانی خۆە بنڤیسن و مەکتەبا ڤەکەن و کتێبا عەزمانی خۆە بنڤیسن و وەڵاتی خۆە ئیسلامی بکەن و ئیتتیفاق بکەن، شەڕ و عەداوتی کە ناڤ مە دایە، دەرخینن و ئەم گشی ییێک بین و ئەم دبیێژین حەقی کوردا ژی هەیە خۆە تنێ ئیدارە بکەن. ئوو ل ڤێ جەمعیەتا مە ل گەل ئەهلی ئەوروپایی ئەحوالی کوردا تەشریح دەکەن، حەتا ئەهلی ئەوروپایێ بزانن کە لە دنێیێ کورد ژی هەنن و ئوو حەقی خۆە ژی دخازن.

ئەم تەڤدادا، کورمانج ژی، دلێ خۆە، ژ ڤی جەمعیەتی ڕا ژی مالی میر بەدرخان ڕە کە ئەڤ ڕێ ژ کورمانجا ڕا ڤەکر، تەشککور دکەین. خودێ حەمی خەلقێن کە سەر قەنجیا کورمانجارە دخەپیتە، بهێلە./ تەواو

مەلا. ئە. کامی



پ. ن؛ کە: ٦/١/٦

[عەبدوسسەتار کوری ـــ کوردستان](٢٣١)

[-/-/١٣٣٥ (ک)/ ١٩١٧ز]

[ش؟]

## کاغەزێ هاتییە...(٢٣٢)

جەوانا کورمانجا، ئەمە ژی سالێ ١٢٦٢ (ڤردەر و بەرەو!!) شووندا دێچین و تو کەسەک تونینە ژ مەڕا ببێژە؛ ئەی گەلی کورمانجنو هشیار بن! چوقاسە بەلاو موسیبەتەکە ژ وەڕاتێن؟ هوون دبێژن، حیکمەتی خودێ وەسایە! مێزکەن؛ حیکمەتا خودێ تەعالا چەوایا ژی وەڕا ببیژم: خودێ تەعالا ژ حەموو مەخلووقێ، وەکی خەتی تەلغرافی بەڵابووی، هەر قەومەکێ قاسی شەهیرەزابوونە خۆە، ژی وی قانوونا ڕەببانی کە سەر حیکمەتی خودێ تەعالا تەئسیس بوویە، عیلم و مەعریفەت ئیقتیباس دکەن.

ئەڤ قانوونە ڕەببانی، نوورانی ئوفوقە ئەزەلیدا، ب چیبیا قوورەتی ڕاکرییە، ئیتتیحاد و تەرەققی، حەموو تەعەببودا ئەمر کرییە.

هەر شەعب کە ئالییێک ئیختیار کرن، هەنگان ب دنێ گرتن تەمایی. دڤێ حاسڵ کرن، مینا ئەهلێ ئەوروپایێ تەرەققی ییێک بوونا دان.

مەعلوومە هەر مرۆڤێ بێ دینان سەر زەعمی وان ب ئاخیرەتێ، دەگرن. ئەڤ شەعبە؛ مرۆڤا دەکوژن، گوندا تالان دکەن، ڕەبەنانە ژی بو ڕێ قوّت دکەن. ئەڤ وقووعاتانە واقیع بوون و دبن. خوسووسەن سالێ ١٣٢٢ شەڕێ کە مابەینا (مەلان دقەڕە) کە چیاندا چێ بوو، ژی زەمانی ئەووەلدا حەیا نوها شەڕییێکە، وەسا مەزن و فەزیع تو ناڤ میللەتەکی چێ بووبوو، وەلاکین ناڤ کورداندا چێ بوو.

مەعە هازا مەزن و مەلایێ کورمانجا، شەڤا دەرد و کەلامێ خودێ و حەدیسی پێغەمبەرا دخوونن و خووندن ددەن و باژاری مەزن دگەڕن، قەت ژ ڤێ غەفلەتێ هشیار نابن.

ئەز ل باتی خۆە دبێژم سەبەبێ ڤێ ئەڤە کە ژ قەڕنێ عەووەلی حەیا نوها تو کەسەک مەکتەبەک بوونا زمانێ کوردان ڤەنەکرن، خوسووسەن قەواعیدەکی ژ وی ڕا چێ نەکرن، مینا سەرفەکی - صرف/K - نەحووەکی حەتا جەریدان و مەجەللان ب زمانێ کوردان دەرخستین، بوونا حەموو کەس فەهم بکە ئوو بخوونە.

مەعنا ئیتتیحادو تەرەققی چینە بزانن! ئیرۆ جەوانا کوردان مینا جەوانا تورکان دکەن.

ئەڤ جەوانێ تورکان، ژ دەرڤا ئیتتیحادو تەرەققی یێ میللەتێ خۆ دخاستن و ژ میللەتێ خۆڕە بەخیتاب دکرنە کە ئەڤ خیتابە میللەتێ وان فەهم نە دکرن، بوونا ڤی میللەتی وان، حەیا ئیرو مینا مرۆڤێ غەریب ل وان مێزە دکەن، بووناڤی، بەرعوقەلای کورمانجان واجیبە، کە بەری هەر تشتەکی مەکتەبەکا ئیبتیدائی بوونا تەعلیما لوغەتێ کوردی ڤەکەن، ئەو تەحسیلا وی ڕا ئوسوولاً دانێن. ئەڤە زەن مەکەن تشتەکی سەهلە، بوونا ڤی هیممەتەکا مەزن دخازی هێڤیامە ژ خودێ تەعال هیدایەتێ جەمعییەتی کورددا بکا نهوو چێ بوویە، ژ بوونا کوردان تشتەکی هیجامی چێ بکەن.

وەالله مووەففەق./ تەواو

عەبدوسسەتار کوردی

پ. ن؛ کە: ٧/١/٧

[مەلا کورمانج. ئە. کامیل – خاوەند ڕۆژنامە][٢٣٣]

[–/–/١٣٣٦ (ک) / ١٩١٧ز]

[ش؟]

کاغەزێکی دی ژی...[٢٣٤]

چوقا مێزە دکم، لە وەلاتی کوردا و ل بۆ گڕێی عەددێ کورمانجا، قەت نابینم ئەو نەژی سەح دکم؛ مەکتەبەک و سەدر و سیماکی بۆ لوغەتی مەیە کورمانجا هەیە و نەژی دبێژم کەسەکی، کتێبەکی سەرف و نەحوو ب عەزمانی مەیێ کوردا تەدوین کرییە!! ئەڤ ژی مە کوردا ڕا چوقا عەیب و شەرم دبە!! دناڤ میللەت و عەناسیردا ئیرو تو قەوم نمایە بێ کتێب و بێ بنڤسین غەیری کوردان! بینرێ شاعیری کوردا چ دبێژە:

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت
بێگانە لە تەرجومەی زمانی
ئەسراری کتێبی خەڵکی زانی
میللەتی بێ کتێب و نووسین
غەیری کوردان نییە لە ڕووی زەمین![٢٣٥]

بووناڤێ، ئەهلی ئەورووپا دبێژن کە زمانی کوردا زمانی ئەدەبیات نییە، چونکە ئەهلی ئەورووپا دێچن و سیاحەت دکەن، ل وەلاتی مەکوردا دنێرن کە چوقا باژارێ کورمانجا



هەنن، ناڤ ئەڤ باژاراندان؛ جەریدەکی مە بەزمانی کوردا، ئەو نەژی مەکتەبەکی مە بەزمانی کورمانجا هەیە. بەلێ حەموو بۆ لوغەتی تورکانە، ئەو مێزە دکێن کورد حەموو لە چییان و کۆهانادا ساکین دبن! ئەو ئەوو باژارێ تورکا گەڕینە، ژێ تورکا ڕا ب ڤی ئیستیدلال دکن؛ لوغەتی کوردی لوغەتی ئەدەبیات نییە ئەو بۆ لوغەتی کوردا کیتابەت و خووندن و نیڤیساندن نینە و کورد قەومەکی جاهیل و قەومەکی بێ بەهرەیە و مەعلوومی حەموو کەسەکی بوویە، کورد؛ ئەشقیانە، هەر لە چیاندا دگەڕن و دزیێ دکەن و کورد قەومەکییە بۆ شەڕ و عەداوەت و بۆ شیقاق و نیفاقن و مالی هەڤ دوو غەسب و غارات دکەن، قابیلی تەمەددوون نینن.

ل بووناڤی، سەرمە کوردا واجیبە بەری حەموو تشتی، ئەم پڕ بخەپتن، بوونا لوغەتی خۆ نەشر بکەین و بەزمانێ خۆ مەکتەبا ڤەکەین، حەتا ئەم بکارن ئەڤ جەهلا و شیقاق و نیفاقا ناڤ خۆدا دەرخینن و پاشی ڤێ بوونا قەنجییێ، بوونا وەلاتێ خۆ بخەپتین، چونکە نیڤیساندن و خووندن بەوی لوغەتی و حورووفا، ئەڤە وەکی ڕابیتەیێ قەبائیل و عەشائیرا ڕەبتی هەڤ و دوون دکە و سەبەبی ڕەفعی شیقاق و نیفاقا ژێ دبە.

مادامەکی، قەومەکی ل ڤی عەسرێدا بۆ لوغەتی وان، خووندن و نیڤیساندن نییە، ئەڤ قەوما دائیما بۆ شیقاق و نیفاق دبت و نائیلی مەقسوودی خۆ نابن و دائیما تەحتە زوڵم و تەعەددایێ خەلقییدا دمنن.

قەومی کوردا ئەگەر ئەڤ شەڕا ئەو عەداوەتا و ئەڤ شیقاق و نیفاقا ناڤ مەیێ کوردا توننە بووبا، ئەو بۆ لوغەتی مەیێ کوردا خووندن و نیڤیساندن هەبوونا، ئەو ئەم حەموو کوردێک موتتەفیق بوون، مین غەیری ڕەبیین وەشەک – من غیر ویب و شک – ڕیپاسەتی عالەمێ، ئەوێ ب دەست مە کوردا و کورمانجادا بوو ئەوو ئەڤ ڕۆم و عەجەم حەموویان دکر ژ مەڕا غولامی.

مێزە بکە، شاعیری کورد چ گۆیتیە:

گەر دێ هەبوویا مە ئیتتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەڕا دکر خولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت[٢٣٦]

لاکین، ئەم مەلان و مەشایخ و شاعیر و فەقیران چ بکەن، دەست مەڕا تشتەک نینە؟ بەلێ ئەڤە ژی عار و عەیبی دبە ژ ئەمیر و حاکمی کوردا و کورمانجاڕا.

بووناڤی شاعیرەک دی ژی بێژە:

نامووسە(!!) ل حاکم و ئەمیران
تاوان چییە لە شاعیرو فەقیران[٢٣٧]

خودێ تەعالا حالی مە ئیسلاح بکە. ومینە الله تۆفیق./تەواو

مەلا کورمانج. ئە. کامل

📖 پ. ن؛ کە: ٨/ و - ٨/١

[میر ئازیز ئەحمەد - سوورەییا بەدرخان پاشای خاوەند ڕۆژنامە ـــ مەلا کورمانج. ئە. کامیل][٢٣٨]

[ ١٥ سەفەر ١٣٣٦ (ک) / ١٩١٧ز]

مەلا کورمانج ئە. کامیل ڕە

کاغەزی تە کە هەژمارێن دی ڕە مە نیڤیسی بوو، ئەمێ ئیرۆو جوابێ ڤێ بدەین.

بەلێ، حەقێ تە هەیە کە توژی حالێ کورمانجاڕە قیڕا بدەی. گیشک کورمانجە کە خۆە ژی، وەلاتی خۆە، ناموسی خۆە، میللەتی خۆە دکە، ئوو ڤێ حالێدە کو کورمانج تێدا وە نەکرە؛ قیڕاندە؟

ئەمما ئەڤ حالە سووچی کییە؟ حەیا ڤی دەمی چ ڕا کورمانج هوولێ بن لەنگا تورکادا مانە؟ چ ڕا حەقی خۆە نەئەستاندینە؟

کورمانج حەمی دنێ دزانە ئوو دبێژە کە نەترسنۆکن، بەر چ سەبەبا ناخەپیتن، حەقی خۆە بستینن ڤە، وەکی مرۆڤی دییێ دونێ قەنج و سەرئازاد ببوورنن؟

ئەم نابێژین مەلا و شاعیرا بچنە شەڕی؟ نە، ئەم زانین کە شەڕ نە شوغلی ڤانە، شەر شوغلی میراو حاکمایە. ئەمما خەلقی ڕە بێژن کە چ ڕا میرا ئوو حاکما دخەپیتن. چ ڕا شەڕی دیکرن؟ چ ڕا تێنە کوشتن؟ چ ڕا دوکوژن؟ تورک چ نە؟ نەیاری کوردا گش ئانکین ئەڤ شوغلی مەلا و شاعیرایە.

شوغلی میللەت ژی ئەڤە کە گوهێ خۆە بدەنە خەبەرا مێرین و مەلایێن خۆە وە حەیان مرنی بخەپتن، نەزڤرن ژی ڕێیێ شەڕی بەر سەبەبا ئەستاندنا حەقێ کوردا! توجار کی



ڤەگەڕا، حەمی خەلقی کە ڤەک مەییێ کورمانج بن لنگێ تورکابوو ئوو حەقی خۆە ستاندن ژڤان.

ئەم دبینین کە عەوولی، مەلا و شاعیرا ڤی میللەتی گوتینە براییێن خۆە ڕا، حالێ ڤان چوقا بوو بەری تورکا. نهوو چوقایە؟ ئوو ڤی خرابییێ ژ کوو تێت؟ هێدی هێدی تیفاق چی بوو، پاشی ڕۆژ، حەمی میللەت ڕابوو ئوو حەقی خۆە بر.

مەلا و شاعیرا دبێژن ئەم نەمرۆڤین شەڕیینە. ئەم جیهێ خوەدا ڕوونین ئوو خودێ تەعالا ڕە دوعا بکەین، بلا میرا و حاکی شەڕی بکەن، حەقێ ئازادییامە بستینن، پاشی ئەم ژی ژڤێ سەر ئازادییێ حسێبێن خۆە ببەین. ئەڤ نەڕاستە! هوون چ ڕا بیر دکەن کە ئەحمەدی خانی نەتەنێ گۆتییە؛ شوغلی مەزینا وەلاتێیە.

گۆتییە ژی:

هەرچی برە شیرێ دەستی هیممەت
زەبت کر ژ خۆە ڕا ب مێری دەوڵەت
لەوڕا کو جیهان وەکی عەرووسە
وێ حوکمێ د دەستێ شیرێ ڕووسە
لێ عەقد و سیدداق و مەهر و کابین
لوتف و کەرەمن، عەتاو و بەخشین
پرسی ژ دنێ من ئەو ب حیکمەت:
(مەهرا تەچی؟) گۆتە من کو: (هیممەت)
حاسڵ کو دنت ب شیر و ئیحسان
تەسخیر دبت ژ بۆیێ ئینسان![٢٣٩]

ئەم دبینین کە دا کەسەکی فورادی خۆە بستێیت لازمە خۆەیی هیممەت ببە! هەکە نەحەمی بت، ژ کەسەکی میرا و حاکما کورمانجا هیممەت دکن!

لازمە کە مەلا و شاعیرا مە ژی هیممەت بکەن، ڤەکی ئەحمەدی خانی بێژین کورمانجاڕە:

ئەڤ قولزومێ ڕۆم و بەحرێ تاجیک
هیندی کو دکەن خورووج و تەحریک
کورمانج دبن ب خووین مولەتتەخ
وان ژ یێکڤە دکن میسالی بەرزەخ![٢٤٠]

گۆهی ڤانده قەنج بکەن کە گشک ژ کورمانجا گۆهێ بدە خەبەرا تورکا، ئەڤێ لاییقێ لەعنەتی خودێ و ڕەسوولی ڤی، لاییقی مرنی ژ دەستی کورمانجا دبە!

ئەر و مالی من حەیا نهوو، ئەمێ خەپتێن بەر ئەستاندینا حەقی و ئازادییا کورمانجا، ئوو ئەمێ حەیا مرنێ ڤێ ڕیێ بیخەپیتێن. بام هێڤی دکەین کە مەلا و شاعیرا کورمانج ژی ئاریێ مە بکەن!/تەواو

میر ئەحمەد ئازیز

🕮 پ. ن؛ کە: ٩/١/٩

[مەلا تەها جزیری ـــ ئەحمەد ئازیز / خاوەندی ڕۆژنامە] (٢٤١)

[-/-/١٣٣٦ (ک)/ ١٩١٧ز]

[ش؟]

مودیرا جەریدەیی کوردستانی

میر ئەحمەد ئازیزە ڕە

میرێ من

مە هەژمارا هەفتییێ کوردستانیدا کاغەزێ تە دیت و خووند، خودێ تەعالا ژ تە ڕازیی بت. تو چو قا قەنج و ڕاست دبێژی؛ ئەم مەلایا کورمانجا، حەیا نهوو، قەت قەدرا حورییەتا مە نزانی بوون، مە قەت ڤی ڕێیێ ڕا ئاریی میرێ مە نە دکری بوو.

ئەزی نهوو سەح کرم کە هەکە قوومەکی دڤێ حەققی ئازادییا خۆە بستینە، لازمە عەوولی، حەمی شوغلی خۆە ڤێ ئازادیێ ڕا لاییق بکە؛ دا قەومی مە ژی، لاییق ڤێ بن.

نێرینا کە میرێ مە شەڕی بکەین، لازمە ئەم، مەلا ژی ڤان ڕە بێژین: میرا چ ڕا شەڕی دیکەن. مەڕا فەرزی خودێ تەعالایە کە ئەڤ ژی، ئاریێ میرێ مە بکەین.

ئەم بێژین خەلقی وەلاتی بیانا چەقایە و وەلامی مە چاڤە خەرابە و چ ڕا هوولێ خەرابە؟

ئەحمەدی خانی، مەقامی ڤی جەننەت ببە، چ ئەسپەحیێ گۆتییە:

گەر دی هەبوویا مە پادشاهەک
لاییق بدایا خودێ کە لاهەک
تەعین دەبوو ژ بۆ ڤی تەختەک
زاهیر دەبوو ژ بۆ مە بەختەک



حاسڵ ببوویا ژ بۆ ڤی تاجەک
ئەلبەتە دە بو مەژی ڕەواجەک
غەمخواریی دیکر ل مە یەتیمان
تێ نانە دەری ژ دەستییس لە ئیمام
غالیب نەدەبوو سەر مە ئەڤ ڕۆم
نەدەبوونە خەرابەیی دەستی بووم
مەحکووم عەلیهی ئی سەعالیک
مەغلووب و موتیعی تورک و تاجیک(٢٤٢)

بەلێ سەبابا خەرابیا وەلاتی مە ئەڤە کە؛ ئەم مەغلووبی تورک و تاجیک بووین، قەت حالی وەلاتی خۆە فیکر نەکرین، خەبەرا درەوا ڤان ڕە گوهدان، هەڤ کوشتین، کوم سوورا ژ ڤی دەمی ولاتی مەدە دسپی کرین، حەمی خەراپی چێ کەن. مە باژارِ بەردا، ڕەڤینە سەرحییا و ڤەکە ئەڤ باژارِ نەیا مە قەت ژ حالی ڤان پرسی نەکرین.

هەکە چی دی ئەم سەر دەکوم سوورا«!!» هاتین، مە هەسپێ خۆە بر و چووینە چیایێ دی. هەر ڕوو ئەم هوولێ ژ ڤێ چیایێ ژ چییاییێن دی ڕەگەڕا، ئوو ژ ڤی گەڕاندنێ بێ مەعریفەت ماین.

ژ بەر تورکا ڕەڤاندین ڕە، ئەم قەت فەهمیت نەکرین، ئەم نەگۆتین کە ڤێ باژارِی کە ئەز دهیلم یا منە! ئەڤ چیایێ ئەز ژڤێ درەڤیم یا منە! ئەزی ڤان ناهێلم، ژ ڤان نارەڤیم، هەکە تورک بت بلا بت، ئەز ژی ڤی ڕە ڕوونم، هەکە قەنج ڕوونیشت ئەم ڤەک برا ببوورین، هەکە خستە ناحەقی بکەت، ئەزی شەڕی بیکەم، دەستا و لنگێ ڤی بشکینم، بمرم ناهیلم حەقێ من بستینە، م ڕە زولمی بکە.

ئەڤە ڕاستە کە تورک ژی ڤەکێ من موسلمانە و حەمی موسلمانان براینە. ئەمما هەکە برای من م ڕە خەرابی دکە، ئەز چاڤە ناهێلم، هوولێ ژی حەقی منە ئەز نهێلم تورکی ژی م ڕە خەرابی بکە.

گەلی جەوانا کوردا! حەیا نهوو ئەم خەونەکی گران دابووین، ئیدی پێڤە لازمە هشیار بین. ساحیب حەقێ خۆە بین. ژ ئەستاندینا ڤێ هەکە لازمە بمرین، ئەمما ڤێ بستینین.

میرێ مە ئەحمەد ئازیز، خودێ تەعالا ژ ڤێ ڕازی ببە، مەڕە ڕێیێ خەپیتاندنێ جەریدەیێ خۆەدا نیشان دکە. لازمە گوهێ خۆە بدینە خەبەرا تێدا دنڤیسە و بچین ژ ڕێڤە کەم ڕە نیشانددا.

ئەز باڤەر دکم کە ڕۆژەکی کورمانجا ژی سەر دنێ قەنجیهێ ببن و ناڤێ میر ئەحمەد ئازیز حەیا قیامەتی خاترێ کورمانجادا ڤەکە مەزینا مەیێ قەنج ڤەکە، با برا ڤی خالید ئیبنووەلید ڤەکە، سەلاحوددین ئەییووبی بمینە.

ئەز ژ ڤێ ڕۆژی کوردستانی ڕا چوقا ژ دەستی من دەردکە ڤە، هو(!!) بنفیسم ژ حالی وەڵاتی مەیێ ڕەبەنی!

مەلا تەها جزیزی

[تەواو]

ئەگەر لە ئەو سەرەتا یێکجار ناسکەی دوورە گەل و نیشتمانەوە؛ (کوردستان) بەئەو شێوە دیارە، بایێخی بە(نامەی کوردی)دا بێت، ئەوە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دوایی خۆی، کەمتر لەسەر ئەو ڕێبازە بزاوتوون، بەڕادەییێک گۆڤاری (ڕۆژی کورد – س ١٩١٣ز) هەر بەتەنێ (پیرۆزبایی نامەییێک)ی تێدا بڵاوە. هەروەها هێندەی هەواڵ دیارە، گۆڤاری (هەتاوی کورد – س ١٩١٣ز)ی دوای خۆیشی، هەر (نامەییێکی کوردیی) دیارە. لە ئەمەش پتر ئەگر (کوردستان – س ١٩١٧ز / خولی – ٣) بایەخێکی زۆری بە(نامەی کوردی)دا بێت و بەتەنێ (یێک نامەی زمان تورکی) بڵاوکردبێتەوە، ئەوە گۆڤاری دەوڵەمەندی (ژین – س ١٩١٨ – ١٩١٨ز) هەر تاقە نامەییێکی کوردی (تێدا نییە؟) بەپێچەوانەوە بۆ وێنە، ژمارەکانی (١، ٤، ٥، ٩، ١١، ١٣، ١٥، ٢٢) نامە و وەڵامنامەی (تورکیی زمانی) کۆمەڵێ نووسەری تێدا بڵاوە کە هێندێکیان زۆر ناسراون، وەک؛ سلێمانییەلی تۆفیق / پیرەمێرد، در. ف. بەرخۆ، خیزانینزادە کەمال فەوزی.(٢٤٣)

ئەز بۆ نواندنی ڕاستی و سەلماندنی کاریگەریی ڕۆژنامەنووسیی بۆ (نامە)، پێ ویستی دەبینم نامە کوردییەکانی (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد) بنوێنم کە ئەمیان – لە هەمان ژمارەیەدا – سێ نامەی تورکیی زمانی بڵاو کردووەتەوە.

هەڵبەت ئەم نامە کوردییانەش دوو گوڵی یێکەم وەرزی ئەدەبی نامەنووسینی کوردیشن کە یێکەم لە کوردستانی باکوور و دووەم لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا چاویان هەڵهێناوە.



نامەی کوردی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)

🕮 پ. ن؛ کە: ١٠/١/١٠

[مودانی. خ. ح ـــ گۆڤاری ڕۆژی کورد](٢٤٤)

-/-/١٣٢٩ [ر/س/١٩١٣ز]

پیرۆزناوە

هەژمارا ئەووەلی (ڕۆژناوە/ڕۆژنامە/K) من خووند. گەلەک پێ چاوەنوور ئوو دڵ خۆەش بووم. سەد ئافەرین بێ غیرەت و هیممەتا وە! هوون دزانن کو هیممەتا مێران چییان دبن تێنی؟ حاجەت قسەکردنە...

ئەدیبی مازنی مە، جەنابی (حاجی) ب نێرِ چ گۆتییە:

تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد
ئەنواعی میللەل لە گەورە تا چووک
خەملیوە مەمالیکی وەکو بووک
یێک بەرگن و یێک زوبان و یێک ڕەنگ
بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ
دنیا بە ترِان دەخۆن و دەیدەن
هەرچۆنێ مەرامیانە دەیکەن
هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن
پامالی زەمانە، میسلی گەردەن
هەرمانەوە بێ نەوا و مەزڵووم
وەک بوومی خەرابەزار، مەشئووم
گەر باعیسی ئەم دەپرسی کامە
شەرتێکە کە بۆ هەموو تەماتە
ئەو شەرتە بەکوللی ئیتتیفاقە
گەر مەرعەش و وانە، گەر عێراقە
قەسرێکە بەساغی ئەو، نیفاقە

گەر وا نەبێ بابی هەر بەتاقە
سەد شێخ و مەلا و ئەمیر و خانی
بۆ لەززەتی عەیش و زیندەگانی
لەو لاوە ئەوان بەحیلەسازیی
لەم لاوە ئەمان بەتەقلەبازیی
قوڕیان بەهەموو وڵاتەوە دا
تا موڵک و ڕەعییە پاکی فەوتا
یێکیان ئەمی تۆ دەکەی نەیانکرد
غەمیان نەبوو، کورد ئەگەر هەموو مرد.[٢٤٥]

ڕۆژناوە وە پیرۆزبی. پیرۆزکرن لە سەر من فەرزە. ئەز قەرزا خۆە ب چەند خەبەری بێ سەروبن ئەدا دکم! ژ من عەرز، ژ وە قەبوول.

غایەتا من ئەوە کو ڤی وەسیلە خیتابە یا جەنابی(حاجی)بنویسم،ڕەحمەتا خودێ لێ بە.

ب فکرن چ مەراریی ژ دڵی ڕێتییە؛ ڕووحی وی ب فاتیحەییێک شاکەن. خەبەری دووێ وەک گوهار لە گۆهـ کەن!

لە جێیەکی وەها گۆتییە:

کێ دەڵێ کوردەکان بەئیدراکن
بەسە ئەم نەقسە گوێ لە من ناکەن

جێیەکی دی ژی وەها نووساندییە؛

(حاجیی)، سا بەسیە سەد هەزار دەفعە
پێم گوتی؛ ئەم قسانە بێ نەفعە
ڕۆژی ئەووەڵ لە بەندەو و ئازاد
خدمەتی خەڵقە قیسمەتی ئەکراد
باوکە هەر چۆنێ تۆ دەڵێی وایە[٢٤٦]
زەن دەکەم ئەم قسانە خۆ ڕایە
قوڕی کام جێ بکەم بەسەر خۆدا
ئەمە لێم بوویتە عیللەتی سەودا
بەقسەی چاکە دەستیان دەگرم
تەرکم ناکەم بەلۆمەتا دەمرم!



خودان فەزڵ و کەمال، قەدر و قیمەتا کەلامی حاجیێ دزانە. حاجی وەسا عالی جەنابەکە کو چاوی زەمانە ئەمسالی نەدیتییە.

مە درێژ کر، ئەم بێینە سەر مەقسەدا خۆە... ئەڤە (خیتابەیا) جەنابی حاجیێ لەژێرڕا ڕیز دکم:

سەلاموالله مینني کولله یەومین[٢٤٧]
لە ئەسحابانی ساحێب غیرەت و دین
لە بێ عاریی هەموویان کەوتە یادم
ڕومووزی ئیتتیفاق و ئیتتیحادم
لەبەر دووریی لە ئەقران و لە ئەمسال
لە کوردانم دەپرسی (زەربولئەمسال)
لە بۆ ئەم یێک دوو ئەشعارەی ڕەش و ڕووت
هەتا پەیدابوو، ڕووحم گەییە سەر لووت.
دەفەرمووی ئەم عەزابە بۆ چ دەکێشی
چ مەلزوومە ئەگەر چاوت نەیێشی
قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت
خەوم نایێ لە داخی موڵک و میللەت
ئەگەر وەک من خەبەرداربن لە دەوڵەت
لە حەیفان خۆ دەخنکێنن بەبێ پەت
چوار ملیۆنە کوردستان نوفووسی
بەقیسسەی ئەهلی تەخمینی کە نووسی
هەموویان شێری بێشەن حاتەمی جوود
لە شەڕدا کێوی جوودیی و بەحری مەمدووە
وەلێکن فائیدەی چی هەرج و مەرجن
لە دەعوادا لەگەڵ یێکتر بەمەرجن
لە گوێی گا نوستوون هەرچندە شێرن
وەکوو کەروێشکی چاو ڕاماو و کوێرن
ئەویی ئەعلایە سەردەستەی شکارە
ئەوی ئەدنایە بەستەی زوڵفی یارە

ئەوی ئازایە شەهنامە دەخوێنێ
ئەوی مسکێنە گەنم و جۆ دەچێنێ
ئەمانە بێ شوعوور و گێژ و وێژن
موتیعی لۆتی خوێڕیی و هەرزە بێژن
کوڕێکی وا نەبوو هەستێتە سەر پێ
بزانێ خەڵقی چۆن کەوتوونە سەر ڕێ
بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت
کتێبی تازە و تەئریخی دەوڵەت
بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف
سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف
ئەگەر کارێک نەکەن لەم بەینەدا زوو
مەمالیک کاتەکی زانیت لە دەست چوو
گەمی سەحراو و دەریا دێتە جەولان
بەغەیری پێکوەڕی فەوجی سواران
بەتڕ خانی بەسەر ناچێ، لەمەوپاش
لەهەر لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش
لەژێر پێدا دەچن حەیف و مخابن
گەدا بن ئێوە، دوشمنتان بەشابن
بەغەیری ڕۆمی و ئینگلیز و ڕووسی
بێ حەددرن دەوڵەتان ناویان بنووسی
لە جێی خۆیان هەڵستاون بەغیرەت
لە دنیا ناوی خۆیان ناوە دەوڵەت
سەراپا ساحێبی سککە و سوپاهن
وەکو جەم ساحێبی تەخت و کولاهن
لە تەدبیری ئومووری موڵکی خۆیان
شەریکن پینەدۆز و شاه و گاوان
لە هەر وەقتێ یێکێکی بێتە هاوار
لە جوتیار و شوان و ئەهلی بازاڕ



لە جۆشین و لە ئیشا مێشی هەنگن
بەمن چی کافرن یانە فەڕەنگن
وەکو بیستوومە بۆ دەفعی مەسائیب
ئەمەتە تەدبیری کورت و فیکری سائیب
لە دەشت و دێ و ویلایەت بینە ئەحباب
وەکو شەخسێکی واحید بن لە هەر باب
لە بۆتان تا بەبان و سەرحەددی ڕەی
لە ئەولاتر وەها نۆش بێتە سەر دەی
ببینە یێک لە تەعلیم و نووسین
جلوبەرگ و زووبان و ڕەسم و ئایین

ڕۆژناوە یا وە ب سوورەتا سەڵاحوددین ئەییوبی خەملّییە، ڕاستی بێژم ب شەڕەفا وی کەملییە! ئەو سەڵاحوددین کو شەش سەد ساڵە کو ناڤێ وی، مێرانییەوی، عەدالەتا وی، تەمامی دنیایێ گرتییە و عالەم ژ وی بەحس کرییە، حال ئەوە کو کوردان خەبەرداری وێ قیسسەیی نینە!! سەبەبی وی ژی نەزانینی و نەخووندنییە!

ئەگەر ئەم خووندابوونا، زانا بوونا، ل حال و ئەحوالی کا و بابان شارەزا بوونا، وەکی (گامەش!) دناڤ عالەمدا مەحرووم هەر تشتی نەدمان؛ ناڤی باب و باپیرامە، شێخی دەمی، مەلایی دمە، موئەللیف دمە، ئوو نەدانە بەد (۰۰۰!!) و لە هەر ئالێک دا لەبن تەعنی دۆست و دوژمنان وا نەدمان، وەکو خەڵقی جەوهەرێ خۆە نیشان ددا.

ئەو شاعیرا بلّند پایەیێ مە، حاجی قادر چ فەرموویە:

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نزانی
مەعین داکی حیزە و بابی زانی
سەلاحوودین و نوورەددینی کوردیی
عەزیزانی جزیر و مووش و وانی
موهەلهەل، ئەردەشێر و دەیسەمی شێر
قوباد و باز و میری ئەردەلانی
ئەمانە پەکیان کوردن، نیهایەت
لەبەر بێ دەفتەریی ون بوون و فانی

کـتـێب و دەفـتـەر و تەئریخ و (کـاغـەز)
بەکـــوردیی گـــەر بنووســـرایە زوبانی،
مـەلاو و شـێخ و مـیـر و پادشـامـان
هەتا مـەحـشـەر دەمـا ناوونیـشـانی

ئەگەر ئەم هشیار نەبن وەکو عالەم نەخەپتن، ل بن دەست و پێی دوژمناندا(..!!)، خۆە، دبت کو دناڤ چار پێنج هەیڤادا لە موسلمانان چ قەومی و ب سەر واندا چ هات؟

ئیرو ژینا مە مەوقووفە ب خەباتا مە! خەلاسامە، فەلاحا مە توننەیە مادامکوو وەهابە!

لازمـە کـو ئەم ژی بخـەپتین. ئەڤ بێ عـاریاها ژ خـۆە دوور بکین! ڕێیـا مـوسـڵـمـانی و مـێرانی بگرین؛ (وە ئیننەمالو لمؤمـینینە ئیـخـوە) ڕا، شـیـعـارێ خـۆە بزانین. جـەوهەری مێرانییا خۆە نیشان بدەین.

مودانی: خ. ح
فی ١١ حوزەیران سەنە ٣٢٩

نامەی کوردیی گۆڤاری: (هەتاوی کورد)
🕮 پ. ن؛ کە: ١١/١/١١
[بابامیـر مـحـەمـەد حـسێن خان/ سەرداری مـوکریی و سابڵاخ ـــ عـەبدولعـەزیز بابان/ خاوەند گۆڤار][٢٤٨]
[-/ کانوون یێکەم/ ١٣٢٩ (ر)/ س ١٩١٤]
[سابڵاخ]

ئاقای من

چاوم کـەوت بەڕۆژنامـەی (هەتاو) و وابزانە کـە هەمـوو دنیـایان دا بەمن، چونکە تا ئێسـتـە، ئەو مـیـللەتە کە لە پێشـدا لە هەمـوو مـیـللەتان مـەشـهـوورتر و ئازاتر بوو، ئەوڕۆ بەدبەخـتی ڕووی تێ کـردووە و بەدبەخـتـیـان گـەورە ترە... ئەوە بوو کـە بەزبانی خـۆمـان کتێبمان نەبوو، ڕۆژنامەیێکمان نەبوو، ئەدەبیاتمان نەبوو!!

منداڵی ئێمە کە بیانخوێندایە، دەبوو بەزمـانی فارسیی دا تورکی بـخوێنن! شوکری خودا کە ئەوڕۆ لە ئەسەدی قەڵەمی جەوانانی غەیووری ئێمە، دوو ڕۆژنامە بەزبانی کوردی چاپ دەکرێ. لەسـەر هەمـوو کـوردان لازمـە قـەدری ئەو زاتە گـەورانە بزانن و بەهەمـوو تەرزێ لە پێشڕەفتی ئەو مەقسوودە موقەددەسە کە ئەو دوورە وجوودە موحتەرەمە؛ عـەدولعەزیز بەگ لە پێشینان کەوتووە، کۆمەکی بکا.[٢٤٩]

بەڵکو ئینشا الله مـیللەتی کوردیش بێـتە عـەرەسەی تەمـەددون و بەزبانی خۆی نەشری مەعـاریف و تەئلیفی کتێب و تەئسیسی مـەداریس بکا، تا لەوە زیاتر لە خەوی غەفڵەتدا نەمـێنن![٢٥٠] خـواهیش و تەمـەننا لە ئەو دوو زاتە مـوحـتـەرەمـە دەکـەم، هەمـوو مـانگان ڕۆژنامـەی (هەتاوی کـورد) و (ڕۆژی کـورد) ڕەوانە بکـات کـە چاوم بەتەمـاشـاکـردنی ئەو ڕوون دەبێتەوە!

قیمەتی ئابوونەم ڕەوانە کرد، لە حاجیی زەینولعابیدین تاجیری تەورێزیی وەرگرن.

ئینشا الله لەوە بەدوا ئیعانەش دەنێرم. بەگیان و بەدڵ بۆ هەموو حەرسێ - عەرزێ/K - ئامادەم.

[بابا میر محەمەد حسێن خان-
سەرداری موکریی و سابڵاخ]

[تەواو]

وەکـو باس ڕابورد، لە دەمـەو جـەنگ دۆڕاندنـی دەوڵەتی عـوسـمـانیـدا - بەتایبـەتی کـە بریتـانیا بەغداد و بازێڕەکانی کوردستـانی باشووری داگیرکرد - قۆناغێکی سیاسی جوێ لە دەم دەرکەوت کە قۆناغی کەرتبوونی دەوڵەتی نێوبراو و بەتایبەتی دابڕینی گەلی کورد و -کانی نەوت- کوردستان بوو لێی.

زەنگێکی ئەو قـۆناغـە نوێیـە، لە ڕۆژنامـەی (تێ گـەیشـتنی ڕاسـتی؛ س ١٩١٨ز - ١٩١٩ز)ەوە هات کە بۆ یێکەمین جار لە مێژووی کورددا، هەر بەتەنێ (کـوردیی) دەنگی کردار، بەڵام زەنگی هەرە گـەورە و خۆش ئاواز، دامـەزراندنی (حوکـمداریی کـوردسـتـانی باشوور) بوو کە ئەویش دەستـبەجێ - لە داهاتوودا باسەکە پتر ڕوون دەکەمەوە - زمـانی تورکی لادا و (کوردیی) بوو بەزمانحاڵی ڕەسمی کە هەتا (نامەکاریی)شی گرتەوە!

بەئەو ڕۆشنییە، لە ئێرە بەدواوە، جێگەی خۆیەتی - لەنێو کاروانی ڕۆژنامەنووسی - لە قۆناغی نوێدا بۆ باری (نامە) و دەنگ و ڕەنگی چاوو گوێ هەڵبخەین!

وردبوونەوەکـانی نزیکن و دڵنیـایی دەبەخش کـە ڕۆژنامـەی (تێ گـەیشـتنی ڕاسـتی) و بەتایبەتی (پێشکەوتن - سلێمـانیی) خۆیان دانابوو بۆ بڵاوکردن و ڕەواج پێ دانی زمانی کوردیی بەهۆی هونەری (پەخشـان) و بەتایبەتیش کوردیی پەتییەوە.

ئەز وەکو وردبوومەتەوە، دەبینم یێکەمیان چ نامەییێکی کوردی تێدا نییە، بەڵام دووەم وەک توند توند بەرۆکی (پەخشان)ی گرتووە، هێندە پەرۆشی (نامە) نەبووە.

ئەوی دیارە، لە سەرەتادا، کەسی سۆن Soane؛ (دوو پرسیار)ی بەشێوەی (نامە) بەرەو رووی ئایینناسەکان و داوای وەڵامی کردووە کە دراوەتەوە؛ دواتریش لە (سکاڵا) نامە هونەرانەکەی (کوردیی/ مستەفا ساییب) پتر چ نامەییێکی دی نایەتە بەرچاو.

داخۆ بۆچی؟ کە سۆن لە ئەو قۆناغە پێشکەوتووەی رۆژنامەنووسیدا و لە گوتاری (نووسینی کوردیی)دا گوتووشیەتی؛ (ئینجا کەوابوو، تۆ، ئەم کاغەزە کە بۆ کوردی دەنێریی، جارێ بەکوردیی بینووسە)، کە ئەم قسەیەیشی بەڵگەی پەرۆشییە بۆ (نامەکاریی کوردیی) و وێڕاش رۆژنامەکە بەتەمەنترین و رێکترین رۆژنامەی حەوتۆیی کوردیی و بەربڵاوبووە.

ڕاستییەکەی وەڵامی هەرە ڕاستی ئەو پرسیارە، هەر ئەوەیە کە – وەکوو لێم گوتووە – نێوبراو مەبەستە گەورەکەی؛ (پەخشان) و چەسپاندنی لەنێو خوێندەواراندا، لەسەروو بایێخ دان بە(نامە)وە داناوە کە دەبوو بە(پەخشان)ی جۆر بەجۆر بۆی تێ بکۆشێت و ڕێگەی بۆ تەخت و خۆش بکات وەک لە گوتاری ئاماژە بۆ کراودا گوتوویەتی: (ئەمانە کە ئەمڕۆ کوردی دەنووسن، دەتوانم بڵێم ٣ ساڵ لەمەو پێش دوو دێڕیان بەتەواویی بەکوردیی نەدەنووسی و پێشیانده خوێندرایەوە!) کە بێ گومان ئەم گوتوبەی بەشێوەییێکی گشتیی گێڕاوەتەوە.

وەکو لە ڕابوردووشدا ئاماژەم بۆ بیرەوەریی هاوەڵەکەی سۆن؛ جی. ئێم. لیز G.M.Less کرد، ئەوە چەند بەزۆر، نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردیی سەپاندووە، ئەوهەش و زیرەکانە، سێ جار (پرسیارنامە)ی بەرەوڕووی مەلا زاناکان کردووەتەوە کە لە لاییێکەوە پێیی سەلماندوون؛ کوردیی دەنووسرێت و پێویستە بینووسن! لە لاییێکییەوە هەر بەوەڵامەکانیانەوە، ڕای گشتی دڵنیا کردووە کە هەرچی تەواوتر و قسەیێ لە دژی کوردی نووسین بکرێت، لافی پووچن و ئەوەتە ئەو مەلا زانایانە خاوەند کێشی تایبەتی لەنێو کۆمەڵدا کوردیی دەنووسن و کوردیی نووسین و حەڵاڵە و ڕەوانە، پێ ویستە و ئاسان و خۆشە.

ئەز لە ئێرەدا وێنەی دوو (پرسیارنامە)ی سۆن Soane و وەڵامەکانیان تۆمار دەکەمەوە کە بێ گومان کردوەییێکی (نامەکاریی)ە و ڕاستەوڕاست دەچێتە خانەی (ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی)ەوە.



نامەکاریی ڕۆژنامەی پێشکەوتن – سلێمانیی.

🕮 پ. ن؛ کە: ١٢/١/١٢

[سۆن Soane ـــــ قازیی سلێمانیی)[٢٥١]

[١٤/١٠/١٩٢٠ز]

پرسیارێکە لە قازیی ئەفەندی

دوو ڕۆژ لەمەوبەر بەبەردەمی چاپخانەییێکدا بەئوتومبێل ڕابوردم، تەماشام کرد دوو کەس دانیشتوون (ئەسکەمیل) یاری دەکەن.

چاپچییەکەم بانگ کرد وتم؛ ئەمە چی دەکەن؟ وتی: ئەفەندیم ئەمە قومار نییە لەسەر دوو پیاڵە چای وا دەکەن – لەکن خۆی وای دەزانی کە جوابێکی چاکی داومەوە – بەڵام من قسەیێکی کەم هەیە... دەڵێم: ئەو یاریانە لەسەر پارە یا چای بێ، یاخو لەسەر هەچ شتێکی تر بێت؛ قومارە، فەرقێکیان لەنێودا نییە.

لە (قرآن)ی مەجیددا بێژراوەک «ویسئلونك عن الخمر والميسر قل فيهما إثمٌ كبير ومنافع للناس واثمهما اكبر منْ نفعهما[٢٥٢]» یەعنی «لە تۆ دەپرسن لە مەی و قومار، بڵێ ئەو دوانە زیانی گەورە و قازانجی هەیە بەڵام زیانیان زۆرترە لە قازانجیان!».

دیسان فەرمووراوە؛ «وإنما يريدُ الشيطان أنْ يوقعَ بينكم العداوة والبغضاء في الخمرِ والميسر ويَصُدُكم عن ذكر الله وعن الصلواة». یەعنی «جگە لەمە نییە کە شەیتان دەیەوێت لە ناوتان دوژمنی و ڕەق بخاتن بەمەی و قومار و ئێوە بهێڵێتەوە لە زیکری خوا و لە نوێژ!».

لەمە زیاتر نازانم. حەز دەکەم لە قازیی ئەفەندییەوە جواب بدرێتەوە./ تەواو

سۆن

🕮 پ. ن؛ کە: ١٣/١/١٣

[قازیی سلێمانیی ئەحمەد موختار ـــــ سۆن Soane][٢٥٣]

[٢٤/١٠/١٩٢٠ز)

[سلێمانیی]

جواب بۆ حاکمی عالی جەناب

لە ژمارە بیست و پێنجەمی نوسخەی (پێشکەوتن)دا لە بەیاناتی جەنابی حاکمەوە

زانرا کە لەم ڕۆژانەدا یێکێک عەرزی کردووە کە (ئەسکەمیل) و یاریی کردن لەسەر چاوی، قومار نییە.

ئەگەرچی جەنابی حاکم ئەو قسەیەی لا مەقبووڵ نەبووە و مووافیقی نەفسولئەمر ئەو قسەیەی ڕەد کردووەتەوە، فەقەت ئارەزووی فەرمووە لە منیشەوە جوابی بدرێتەوە. منیش ئەڵێم؛ هەر کەسێ لای وابێ یاریی کردن لە سەرچای قومار نییە، تێ نەگەیشتووە. دیارە ئەو کەسە مەعنای قومار نازانێ بۆیێ ئەو چایە لەو چایخانەیەدا بەحەلاڵ تێ دەگا. لەبەر ئەمە لازمە مەعنای قوماری بۆ بەیان بکەم.

سەییدی شەریف (جەرجانبی) عەلیهی ڕەحمە، لە کتێبی (تەعریفات)دا، تەعریفی قومار وا دەکا؛ (ئەلقومار و فی لەعیبی زەمانینا، کوللو لەعبین یەشتەریتو فیهی غالیبەن مینەلموتەغالیبین، شەیئون مینەلمەغلووب./ القمار في لعبِ زماننا كلّ لعب يشترط فيه غالباً من المتغالبين شيء من المغلوب».

یەعنی؛ قومار لە یاریی کردنی زەمانی ئێمەدا هەر یارییەکە کە زۆرتر جار شەرتی تیا بکرێ لە تەرەف ئەو دوو کەسەوە کە هەر یێکیکیان ئەیەوێ خۆی بیباتەوە چشتێک لەو کەسە کە ئەیدۆڕێنێ.

خۆ دیارە پیاڵەیێک چای یان فنجانێک قاوە و حەتا تاقە جیگارەیێکیش چشتێکە. کەوا بوو هەر یارییەک شەرتی چشتێکی تیا بکرێ، قومارە.

تەفسیری (بەیزاوی/ البیظاوی) لە بەحسی ئایەتی شەریفەی «یسئلونك عن الخمر والمیسر...» و لە شەرحی لەفزی (مەیسەر)دا، ئەفەرموێ؛ «سومییە بیلقومار لیئەننەهو ئەخەزە مالەلغەیری بیوسرین!/ سُمِيَّ به القمار لانه اخذ مال الغير بيسر!».

یەعنی؛ نێوبراوە قومار بەمەیسەریی، چونکە قومار وەرگرتنی ماڵی یێکێکی ترە بەسەهلی.

خۆ دیارە ماڵ هەر پارە نییە، هەروەکو پارە ماڵە، پیاڵە چای و یا فنجانێک قاوە و حەتا تاقە جیگارەیێکیش ماڵە.

ئایەتی شەریفە؛ «انما یرید الشیطان ان یوقع بینکم العداوە والبغضاء فی الخمر والمیسر...» کە جەنابی حاکم لەو نوسخەیەدا بەیان و مەعناشی بەکوردییەکی باش ئیزاح فەرموو بوو؛ خۆپاراستن لە مەی و قومار، نەسیحەتێکی گەورەیە.

ئومێدم وایە کە ئەهالی کیرام لەم چشتانە کە گوناه و زیانیان بۆ دین و دنیا هەیە و کەم



و زۆریان فەرقی نییە، خۆیان بپارێزن./ تەواو

قازی سلێمانیی

ئەحمەد موختار

📖 پ. ن؛ کە: ١٤/٢/١٢

(سۆن Soane ـــ قازیی و عولەماکانی سلێمانیی][٢٥٤]

[ ٢٥/١١/١٩٢٠ز]

[سلێمانیی]

(تەڵاق)

لە بەغدادەوە نووسراوە کە بە(حەنەفی) ژن بەهیچ کلۆجێک ناتوانێ تەڵاقی خۆی لە مێردی بسەندێت با مێردەکەی ئیجازەیشی نەدا، یا مێردەکە نابووت بووبێ؛ ژن چارەی نییە.

ئەگەر مێردێک غائیب بێ و بەعەقڵ و زەین دیاربێ کە مردووە، دیسان هەتا چەند ساڵێک ژنەکە ڕستگار نابێ.

لە شەڕەوە هەتا ئێستا ئەمە لەسەر هەنێ ژن زۆر گرانی و ڕەقی نواندووە، چونکە زۆری وا، مێردیان لە شەڕدا کوژرابوو وە شایەد نەبوو کە ببێ بەڕستگاری ژنەکە. بەڵام لای (حەنبەلی) و (مالیکی) مێردێک چ لە حازر نەبوونی یا لە نەبوونی یاخو لە نەویستنی ئیدارەی ژنەکە نەگەیێنێت، ژنەکە دەتوانێ تەڵاق بسەندێت.

لەبەر ئەم تێ وردبوونەوەیە لە **٢٣**ی ڕەبیعولئەووەلی **١٣٣٤** شێخولئیسلامی ئەستانبووڵ لەگەڵ قوبووڵ کردنی سوڵتاندا فەتوای داوە کە قازییەکان ئەم نوقتەیەی (حەنبەلی)یە بەجەواز بزانن، ئێستا (مەجلیسی تەمیزی شەرعی) دایان ناوە کە ئێرادەی سوڵتان بۆ ئەمە لە عێراق ڕەوابێ.

لەبەر ئەوە لە عێراق بەم ڕەنگە دادەنرێت، چونکە ئەهالیی کوردستان (حەنەفەیی)نین، خواهیش لە جەنابی قازیی و عولەماکانی تر دەکەم ئەگەر ئیرادیان بۆ بەجێ هێنانی ئەم نوقتەیە هەیە، بفەرموون و ئیرادەیان بنوێنن./تەواو

حاکمی سیاسی

میجەرسۆن

📖 پ. ن: ١٣/ و-٢/١٥

[قازیی سلێمانیی و عولەماکان ـــــ حاکمی سیاسی](٢٥٥)

[١٩٢٠/١٢/٩ز]

[سلێمانیی]

جەواب بۆ حوزووری حاکمی سیاسی

لەسەر ئەمری جەنابی حاکم موزاکەرە و موراجەعەی کتێبمان کرد، ئەسەح لە مەزهەبی (شافیعی)دا ئەمەتە؛ ئەو ژنانە کە مێردیان بێ سەروشێن و نازانرێ چیان لێ هاتووە و ئیسبابی عەجزی مێردیان لە نەفەقە بۆ ناکری، فەسخی نیکاحیان ناکرێ و چارەی تریان نییە ئەمە نەبێ کە مردنی مێردیان یا بەشاهید یا لە پاش موددەی یەئس بەحوکمی قازی تەحەققوق بکا، ئەو وەختە بۆیان هەیە شوو بکەن و ئێمە کە (شافیعی)ن بۆمان دروست نییە بەغەیری ئەسەح مەزهەبی خۆمان، فەتوا بدەین.

| | | | |
|---|---|---|---|
| مودەڕڕیس | مودەڕڕیس | موفتی پێشوو | قازیی سلێمانیی |
| حسێن | باباعەلی | عەبدولعەزیز | ئەحمەد موختار |
| مودەڕڕیس | مودەڕڕیس | مودەڕڕیس | |
| سەیید ئەحمەد | عومەر | جەلالوددین | |

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ١٦/١/١٤(*)(٢٥٦)

[کوردی/ زەکی سایب/ مستەفا سائیب ـــــ یێکێ؟](٢٥٧)

[١١-٢٠/١١/١٩٢٠ز]

[سلێمانیی]

سکالا

دەمێکە پێوەم ئەم دێرانە ڕەش بکەمەوە! ئەمە هاواری دڵێکی بریندارە... ئەمە خوێناوی جەرگێکی بەناسۆر کەوتووە... ئەمە وەک ئەوە وایە کە قەتماغەی برینێک هەڵکۆڵی. وەک ئەوە وایە کونی کوێرەوە بووی برین بەنەشتەر هەڵدڕیی.

(*) پێشکەوتن- سلێمانیی: س١، ژ٣٥٣ و ٣٥٦.



ئێستا کە ئەیلێیم؛ دڵم تک تک خوێن ئەپاڵێوێ... ئەو خوڕڕەی دڵە دێتە سەر نووکی قەڵەمەکەم، منیش تا بکشێ، لە لووتی قەڵەمم بەربێتەوە، بەسەر قاقەزیا ئەڕێژم. هیچ نەبێ بەرچاوی دڵێک ئەکەوێ؛ ئازایی و بەجەرگی من ئەزانێ! هیچ نەبێ دوو کەس ئەڵێ: ئەشەمبیللا خوێنی خۆی چاک ڕشتووە.

ئەوەتی لەم ڕێیەوە ئەڕۆم؛ هاوڕێیێکم هەیە. وەختێ کەوتمە سەر سەرەتای ئەم ڕێیە، قاچ و قولم بەیێکدا ئەهات، جێ پێی خۆم بۆ نەئەدۆزرایەوە، هەموو وەختێ لە خەزانا بووم... ڕێیێک وەک شەوێکی دەیجوور، تاریک! وەک ڕۆژێکی درێژ لە تاریکییدا... پەلم بۆ پێشەوە کوتا، شتێکم هاتە بەرپەل، بەهیوای ئەمەی خۆمی پێ ڕاگیر کەم، پاڵی پێوە بدەم، تونگ تونگ گرتم.

نزیک ساڵی لەمەوپێش من بۆ ئەو ڕێ لێ بڕییەم، ڕێ پێشاندەرێکم دۆزییەوە، باشم دۆزییەوە، چاکم هەڵبژارد. ئەتوانم بڵێم کە ئینسان لە ئاوێنەشدا تارمایی خۆی وا بەدی ناکا! ئەو، ئەوەندە بەرز بوو، ئەوەندە ورد بوو، قەت نەیئەگەیشتمێ. زاتی، لە ڕۆژی هەووەڵەوە من خست بوومە دڵی خۆمەوە کە قەت نامە ئەو، وەک ئەوم لێ نایە، نایگەمێ، تۆزی پێی ناشێلم، لە دەشتی کاکی بەکاکی بەرزیی و ڕووناکییدا وەک سێبەری خۆم، هەموو وەختێ لە پێشمەوە بوو، بەڵام من بەهیوای ئەوە نەبووم، ئەوم لێ بێتە دەرێ! بۆ من هەروا چاک بوو کە کردم؛ لاسایی ئەوم کردەوە شوێن پێی ئەوم هەڵگرت... دوور و نزیک دوای کەوتم! ئەگەر بشڵێین نەناس نەبوو، ناسیاوێ بوو کە هیچ وەختێ باوک لەگەڵ نەوەی خۆی وا ڕنایەت!

لە بەینێکی زۆر کەمدا وامان جووت گرت بوو، وا بەیێکەوە لکا بووین، بەهیچ کلۆجێ جوێ بوونەوەمان نەبوو.(٢٥٩)

دووگیان؛ دوودڵ لە لەشێکدا... ئاخ سەد خۆزگەم بەوسایە! من دەم بووم و ئەو زەمان. من لەش بووم و ئەو چاکی. من؛ من بووم، ئەو من. ئەو ئەوبوو، من ئەو!

ئەوسا وام ئەهاتە بەرچاو کە هیچ وەختێ، هیچ شتێ، بەهیچ تەحرێ، لە هیچ جێیێک، لە هیچ کوێیێک، جوێمان ناکاتەوە، لێکمان نابڕێ.

خۆشەویستی بەهەموو پڕیی مانایەوە، من و ئەو بووین [برایەتی!] بەهەموو تەواوی مانایەوە، من و ئەو بووین.

پاک هەر خوایە! من، ئەوسا ئەمم بەشتێکی زل نەئەزانی. ئەموت: ئەمە شتێکە بۆ هەموو کەسێ وایە! ئەمبیست، بەربای گوێم ئەکەوت کە زۆر کەس بەغیبلی بەمن و ئەو

هاتووه، سەریان لەم یێکیەتییەی من و ئەو سڕماوە! زۆر کەس بەهەموو تەحریێ خەریک بوون گولۆڵەی شین بخەنە مەعبێنمان، بمانئاڵۆزێنن. من وام بەدڵا ئەهات کە قەت نابێ دڵی من، یان دڵی ئەو، قسەی کەسی کەی تیا ناگونجێ! وام ئەزانی کە تا ئەو ئەوبێ، دڵی وەک ئاوێنە لە ئاقارم، بێ ژەنگ ئەبێ، وەک شووشە بێ تۆز ئەبێ.

بەڵێ منیش ئەزانم دڵ وەک شووشە وایە، بەپەلە پیتکەیێکیش ئەشکێ. بەڵام خوا ئاگای لە هەموو شتێکە، هیچ وەختێ من دەست و ئەموستم نەبزاوتووە... نەک بەرد، هیچ شتێکی ڕەقم لە دەست نەبۆتەوە! ئەو شووشەی دڵە، من نەم شکاندووە... چونکە ئەگەر بشکاندایە لە عاستی خۆم ئەزرنگایەوە. ئەو ئاوێنەی دڵەم ژەنگاویی نەکردووە؛ ئاوێک، چڵپاوێکم پیا هەڵنەبژاندووە... چونکە ئەگەر تنۆکێ ئاوم هەڵبدایە، ژێر خۆمم تەڕ ئەکرد. لەبەر ئەمە، زۆر چاک ڕووناکە کەبەبەردی لاغییە شکاوە، بەقسەی وێڵ بووە.

حاشا... حاشا! ئێستاش مردنی خۆمم پێ خۆشترە لە شکاندنی ئەو دڵە! دڵ شکاندن لای من، بەمەزەبی من؛ پیاوکوشتنە، خراپەکردنە. بەڵام ئەڵێن چی لەگەڵ ئەم عاسمانە چەوتە کە کەچ و کورووچی خستە شتێک، پێچی مێزەرێکی پێ ئەچێ... کە ویستی خۆی لێڵ و تاریک کا، بەقەد کونی دەرزییەک شینایی تیا ناهێڵێتەوە!

مردن؛ بەڵێ مردن، مردن چییە؟ سپێردراوێکە لێت وەرئەگرنەوە... گیانێکە لێت ئەسێننەوە، چونکە لە ڕۆژێکەوە پێ ئەنێیتە دنیا، ئەوەت لەبەر کردووە، ئەزانی، لە پێش چاوتە، هەموو وەختێ بۆی گورجی!

گەلێ کەس کە ئیمانیان قاییمتر بێ، هیچ لایان ناخۆش نییە، بەڵکو ئەوەیان لا ناخۆشە کە ئەم چەند ڕۆژەی دنیایان درەنگ بەسەر ئەچێ! بەڵام، تۆ وەرە... شتێک بەهەوڵ و تەقەللاییێکی زۆر پێک بهێنێ، خۆشەویستییەک لە دڵتا بووبێ بەمۆر، بەهەموو ڕەگی لەشتا بڵاوبووبێتەوە و چێشتبێنی و لایشت وابێ کە بەو خۆشەویستییەوە، بەو خۆشییەوە داتئەپۆشن، بەگڵت ئەسپێرن، کەچی کوتوپڕ لە هەمووی بیتەوە، بێ بەش دەرچی، لە نەشەت دەن!!. جا ئەمە لەوە ئەچێ کە یێکێ لەناو گۆما گوم بووبێ، نوقم بووبێ، تەنگەنەفەس بووبێ، سەر لە ئاو دەرهێنێ، دەمی دوولەت داچەقێنێ، خەریک بێ هەناسەییێکی پڕ بەدڵ بدا، لە پڕ چەپۆکێ بەتەپڵی سەریا بدەن، نوقمی کەن، ئیتر سەر دەرنەهێتەوە، بخنکێ!

بەزانستی من وایە؛ لە هەموو شتێ گرانتر و بەئەرک و عەزیەتتر، گرتنی دڵێکە! یێکێ کە توانی دڵێکی گرتە مست و نەیگوشیی و لە دەستی دەرنەکرد، هەموو شتێکی لە



دەست یەت! تەیرێک ئەوەندەی گرتنی گرانە، لە دەستگرتنی دوو ئەوەندە گرانترە، چونکە لە ڕێدا هەیە، ئەو تەیرە لە ترسی ڕاکردنی، بۆ تونگ گرتنی ئەوەندەی بیوشی، مرداری بکەیتەوە!

فەرهاد کە ئەڵێن کێوی هەڵکەندووە، ئەوەیم هیچ لەلا گران نییە، بەڵکو ئەوەیم لا خۆشترە و کە دڵی شیرین وا زەوت کرد و لە پاش خۆی نەیژیاندووە.

ئاخ! سا چی بکەم؟ من ئەگەر بڵێم خەڵەتاوم، وا نییە، چونکە ئەو بەینەی کە وامئەزانی دڵم لای ئەوە و ئەو دڵی لای منە، هیچ بەخەڵەتا نەچووبووم. ئەوەی من بووم و ئەوبوو، سەرزارییی نەبوو... بەڵام نازانم چی قەوما؟ چیم لە دەست تراز؟ وای نابینم کە بوو!! گۆڕاوم یەتە پێش چاو... بەڵام خوا بکا من خەڵەت بم!

هەی های! دڵ ئاوێنەی دڵە. ئێستاش من هەموو سووچ و قوژبنێکی دڵی خۆمم چاو لێیە. ئەبینم هێشتا تاریکی بەسەر چاوی دڵمانە هاتووە. هەر ئەو دوعایە ئەکەم خوا بکا دڵی من خەڵەت بێ!

توخوا! توبیت و خوا! پێم بڵێ، ڕاست برۆ، لە ڕوودا مەمێنە، شەرم لە ڕۆژانی ڕابوردوو مەکە، هیچ ئەو خۆشەویستییەی جاران نەبێتە گرێی سەر زمانت!

من، من!! ئاخ لاڵ بووم، چی بکەم، چی بڵێم؟ ئەترسم من چاکی بۆ چووم!

یا ڕەببی، سا تۆ بکەی وا نەبێ کە من ئەیلێم: تۆ بەشقی خوا پێم بڵێ، من، هیچ کورتی و ناتەواوییەکم لە ڕووی تۆدا، لە [برایەتییدا] بووە؟

ئۆف مەیلێ، تو گیانی هەموو خۆشەویستێکت!

ئۆخەی خوایە؛ (نەء، نەء!)؛ ئەمە لە زمانی تو بێت و بەربێتەوە؟

ئەمە من وتم، تۆ خۆت بیلێ، بەزمانتا بێت، باوەڕ بکەم! دەبلێ هەروەک جاران! ئەگەر وا نییە مەیلێ، بێ دەنگ بە! دەم کوت بە!

زۆریش بەعەزرەتەوەم بیزانم، تێ بگەم... بەڵام بێ دەنگ بی، جوایش نەدەیتەوە، من ئەوا تێ ئەگەم، دان بەجەرگما ئەنێم؛ ئەگەر مەرحەمەت بفەرمووی کورتی و ناتەواوییەکم، یا ناتەواوییەکانم بێیت و بیژمێرت زۆر پێ خۆشحاڵ ئەبم، بەشکم ئەمە دنیایە، ئەگەر دڵم بۆ یێکێکی کەی لێ دابوو، بێ سروەی بکەم!

کوردیی

[تەواو]

ئەگەر (پێشکەوتن – سلێمانیی) لە قۆناغی سۆن Soaneی پێشکەوتوودا، لە ئەوە پتر خووی نەدابێتە (نامەی کوردیی)، داخۆ ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ و ئازادی کورد؛ (بانگی کوردستان) و (ڕۆژی کوردستان) و (بانگی حەق) و (ئومێدی ئیستقلال) و دوایی ڕۆژنامەی حوکوومەتی (ژیانەوە) چۆن ڕەفتاریان کردووە؟

ڕاستییەکەی (بانگی کوردستان)ی سەربەخۆی مستەفا پاشا یا مەلکێ، تا دامەزراندنی دووەم حوکوومەتی کوردستان – مەلیک مەحموودی یێکەم – هەر بەتەنێ (یێک نامەی کوردیی) و (نامەیێکی فارسیی) کەسێکی ناسراوی بڵاو کردووەتەوە کە محەمەد ئەمین زەکییە![٢٦٠]

وردبوونەوە لە ئەم دوو نامە (زمان جوێیە) دیسان هەر بارە سەختەکەی خوێندەواریی کوردی کارتێچووی بیانی دەسەلمێنێتەوە، چ لە ڕووی زمانەوە، چ لە ڕووی داڕشتنەوە. هەر ئەمەش جەخت بۆ سەرەتای ڕەوتی کاروانی (ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی) دەکات، بەڵام هەر ئەو نامە کوردییە – دوای سکالاکەی کوردیی – دووەم بەڵگەی هەڵکەوتنی (نامەی کەسیی/ کۆمەڵیی)یە کە مەبەستەکەی جوێیە لەگەڵ مەبەستەکانی (نامەکاریی) نێو ڕۆژنامەنووسی ساڵانی ١٨٩٨ز – ١٩٢٠ز، ئەوانەی وێڕای هاودەنگییان لەگەڵ ڕاپەڕینی سیاسیی و نەتەوەیی و ڕۆژنامەنووسی کوردیی، مەبەستێکی (سیاسی و ڕۆشنبیریی) گشتیان هەبووە، چ بۆ بەرهەڵستی داگیرکەران و هێنانە دی مافەکانی گەل کە تا فەرمایشتەکانی خوا و پەیامبەر، ئامۆژگاریی و ڕەخنەگیریی شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانیان – بۆ سەلماندن – هێناوەتەوە، چ بۆ بووژاندنەوەی زمانی کوردیی و چاککردنی، چ بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی کوردیی و ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانە و ڕەواج پێدانی خوێندنی کوردیی و هەموویشیان (پەخشان)ی ئاسایی دوور لە کردەوەیێکی هونەرانەی بیر و قەڵەمیان، بەکاربردووە!

وێڕا، دوای دامەزراندنی دووەم حوکوومەتی کوردستان، هەر (بانگی کوردستان) هەنگاوێکی دی بەرامبەر (نامەی کوردیی) ناوە کە بەهۆی گۆڕینی بارە سیاسییەکەوە، لە لایێکەوە چەند (نامەیێکی ڕەسمیی) خۆماڵیی بۆ یێکەم جار لە مێژوودا، هەروەها (نامە/ مەزبەتە)یێکی کۆمەڵی مامۆستای قوتابخانەکانی سلێمانیی بڵاوکردووەتەوە.

ڕۆژنامەی زمانحاڵی دووەم حوکوومەتی کوردستان؛ (ڕۆژی کوردستان)یش، وێ دەچێت لەبەر بارە سیاسییە ناسکەکە، هەر پەرۆشی بڵاوکردنەوەی (نامەی ڕەسمیی) بوویێت، بۆیێکا لە چ ژمارەیێکدا (نامەی کەسیی) بڵاو نەکردووتەوە، مەگەر ئەو (بروسکەنامانە)



بەکوردیی کراوانەی حەفیدزادەی مەلیک نەبێت کە بە(تورکیی) بەرەو ڕووی (سمکۆی شکاک) و (سەیید تەها)ی شەمدینیی کردووەتەوە![٢٦١] جێگەی ڕوون کردنەوەشە، برووسکەنامە زووتر لە (پێشکەوتن – سلێمانیی) و (بانگی کوردستان)دا هەڵکەوتووە!

ڕۆژنامەی (بانگی حەق)ی شۆڕشیش، لە دوو ژمارە چاپ کراوەکەیدا، چ نامەیێکی پێوە دیار نییە، بەڵام (ئومێدی ئیستیقلال)ی دوای خۆی و زمانحاڵی سێیەم حوکوومەتی کوردستان، – هێندەی زۆربەی ژمارەکانیم لەلا هەیە – چەند نامە و بڕیارنامەیێکی مەلیکی کوردستان و سەرۆک – وەزیر –ی نێوخۆی تێدا هەیە! بەڵام لە ئەو ژمارانەی بەردەستمدا، نامەی کەسی تایبەتیم بەرچاو نەکەوتووە![٢٦٢]

ئەز – وەک وێنەی نامەی ڕەسمیی لە بەشی خۆیدا دەنوێنم – لە ئێرەدا پێم چاکە، کە لە (بانگی کوردستان) و (ئومێدی ئیستیقلال)ەوە وێنەی (نامەی کەسیی) و (مەزبەتەنامە) و وێنەی نامە – سیاسییەکە–ی شێخ محەمەد غەریبی سەرۆکی نێوخۆ بنوێنم کە ئەمەن:

نامەی کوردی ڕۆژنامەی (بانگی کورستان)
📖 پ. ن؛ کە: ١٧/١/١٥
[محەمەد ئەمین زەکی ـــــ پێشکەوتن – سلێمانیی / مستەفا پاشا یامەلکێ]
[–/–/١٩٢٢ز]
[ئەستەنبووڵ]

...[٢٦٤]

ئەمانەوێ بەواسیتەی ئێوەوە مەسئەلەیێکی زۆر گەورە عەرزی هەمشەهرییەکانی خۆمان بکەین.

زۆر ئومێدمان هەبوو کە ئەم ئیشە لە پێش موراجەعەتی ئێمەدا، لە تەرەف (پێشکەوتن) بەیان و تەعقیب بکرێت؛ فەقەت وا ئەسەف تا ئێستا لەم خوسووسەوە هیچ شتێکمان نەدی و بەتەبیعەت موتەسسیر بووین و ئەم موراجەعەتەمان نەتیجەی ئەم تەئەسسوراتەیە.

مەعلوومی ئێوەیە کە قسمی کوللی زابتان و مەئموورینی عێراق؛ لە حەربی عومومییدا، بۆ تەرەفی قافقاس و حەڵەب و ئەم لا و ئەولای فرێ دران. بەعزێکیان تەلەف بوون و قیسمێکیان مانەوە و قیسمێکی کە؛ زۆر کەمیان بەساغی نەجاتیان بوو.

ئێستە، ئەوانەی کە ئەجەلیان نەهاتبوو، وە کە نەمردبوون، لە ئێرەدا؛ لە ئەستەنبووڵدا، غەریب و بێ کەس، موحتاج و پەرێشان ماونەتەوە. لێرە نە کەس ڕەحم بەحاڵیان دەکا و نە ئێوە لەوێ فیکرێ لە ئەمانە دەکەنەوە.

ئەم حاڵە هیچ شوبهەی نییە کە خیلافی ڕەزای خودا و پێغەمبەر و مونافی حەمییەت و غیرەتی ئەهلی وەتەنە، با خوسووس ئەم فەقیرانە کە عومدەی مونەوویرانی ئەهلی وەتەن.

لازمە فیکر بکەینەوە؛ کە لە مووددەتی چەند ساڵدا پێ گەیشتوون؟ ئایا لەسەر هەمووتان فەرز نییە، کە چارەیێکیان بۆ بدۆزنەوە کە بیانگەیێنن بۆ وەتەنی خۆیان؟

بێ شوبهە، ئەمانە، بۆ مەملەکەت، عونوسرێکی لازام و موفیدن و هیچ کەس لە خزمەتی ئەمانە ئیستیغنا ناکات. ئەگەر بینا لەسەر ناوی غەزەتەکەتان، بەڕاستی فیکر و ئارەزووی (پێشکەوتن)تان هەیە، بەتەواوی موحتاجی خزمەتی ئەمانەن، وە ئیللا تەهلوکەی پاش کەوتن بۆ وەتەن مەوجوودە، حەتتا ناقابیلی ئیحتینابە!

لە ئەم خوسووسەوە، بۆ هەموو لاییێک نووسراوە، با خوسووس بۆ (مەندووبی سامی) کە لە بەغدایە، موراجەعەتی پێ کراوە.(٢٦٥)

ئەزانین لە هەموو لاییێکەوەس، غیرەت بۆ نەجات بوونمان دەکەن، فەقەت لەسەر ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)یش، فەرزی عەینە کە سەرفی هیممەت و غیرەت بکا، چونکە ئەم فەلاکەت زەدەگانە کە لێرە کەوتوونەوە، زۆریان خەڵقی سلێمانییە و هیچ شوبهە نییە، ئەهلی سلێمانیی و ئەترافی کە بەسەلابەتی دین و غیرەتی وەتەنی و هەمشوهرییەتی مەشهوورن، لە هەموو لاییێک زبانزدەن، سەماحەت و جوانمەردیی پێشان دەدەن و بەقەدر حاڵی خۆتان، هەرچەندێ مومکین بوو، بەسورعەت بۆ ئەمانە (ئیعانەیێک) گرد بکەنەوە، بەناوی ئێمەوە کە لە تەرەف ئەوانە بۆ ئەستەنبووڵی ئەنێرن! وە ئینشا الله لە سایەی غیرەت و حەمییەتی ئەهلی وەتەنەوە، ئەم فەقیرانە لێرە ڕستگار دەبن و بەخزم و ئەقربیای خۆیان شاد ئەبنەوە.

باقی تۆفیق لە خودا، غیرەت لە ئێوە!

[نێوی ئیمزاکان]

١- زەهاوی زادە - یوزباشی
٢- سابیت بەگ زادە - نووری
٣- ئالووسی زادە ئیبراهیم - تەبیب
٤- مستەفا کامیل - بێکباشی ئەرکان حەرب



٥- حاجی عەبدوڕڕەحمان باپیرزادە محەممەد
٦- ئەمین - بیکباشی ئەرکان حەرب

[تەواو](٢٦٦)

📖 پ. ن؛ کە: ١٦/١/١٨

[کۆمەڵی مامۆستای قوتابخانەکانی سلێمانیی - ریاسەت/ وەزارەتی مەعاریفی کوردسانی باشوور](٢٦٧)

[-/١١/١٩٢٢ز]

[سلێمانیی]

بۆ مەقامی ڕیاسەتی مەعاریفی تەقدیم(٢٦٨)

بەواسیتەی تەسدیقی تەشکیلاتی تازەی مەعاریفەوە، حیسسێکی عولوویی کە حەزرەتی حوکمداری کوردستان (دامەشەوکەتوهو) دەرحەق بەمەکاتیب لوتفەن و تەنەززولەن ئیبرازی فەرمووە، حەقیقەت مافەوقی هەموو حیسسێکی عالییە.

ئەمڕۆ لە سایەی ئیرادەی و فەرمانی ئەعللاحەزرەتی حوکمدارەوە، تەشکیلاتی مەکاتیب، مووافیقی ئوسووڵ و ینیزامی مەعاریف، جێگایان و تەرتیباتی تازەیان، سزاداری تەقدیرە، بیلخاسسە ئینتیخابی ڕەفیق حیلمیی ئەفەندی کە لە ئیقتیدار و فەعالییەتی وەتەنپەروەریدا، مەعلوومی هەموو میللەتی کوردە؛ موجیبی تەقدیر و شوکرانی کاففەی هەیئەتی تەعلیمییەیە. لە سایەی مودیر مووماٸیلێهەوە، لە زەرەفی ئەم چەند ڕۆژەدا لە مەکتەب نیزام و ئینتیزام تەحسین و تەربییە بەفەعالییەت و فیداکارییەکی تام، ئیبراز دەکرێ. عومووممەن لە مووما ئیلێه ڕازیی و لە مودیرییەتی خۆشحاڵین. ئیقتیداریشی مەعلوومی هەموو لاییێکمانە. بینا عەلێه بەواسیتەی مەقامی سامییەوە بۆ خاکپای حەزرەتی حوکمداری ئەعزەم ڕەفعی تەشەککوراتی ناچیزانە دەکەین، ئەفەندم.

[ئیمزاکان]

| | | | |
|---|---|---|---|
| موعەللم ئیعدادیی مەحموودیی | کەزا | کەزا | کەزا |
| ساڵح ڕەفعەت | سەعید سدقی | زیوەر | ئەحمەد حەمدیی |
| موعەللیمی ئیعدادی مەحموودیی | موعەللیمی ئیعدادی مەحموودیی | | کەزا |
| محەممەد ڕەمزی | سەعید ئەدیب | | محەممەد محەممەد زوهدیی |

| | | |
|---|---|---|
| موعەللیمی ڕوشدییەی قادرییە | موعەللیمی ڕوشدییەی قادرییە | کەزا |
| سەعید زەکی | عەبدولعەزیز عوسمان | عەبدولعەزیز |
| موعەللیمی ئیبتیدائی ڕەئووفییە | موعەللیمی ئیبتیدائییەی ڕەئووفییە | موعەللیمی ئیبتیدائییەی لەتیفیە |
| سەیید عاکیف | ئەحمەد | ئەحمەد حەمدیی |

[تەواو]

نامەی کوردی ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال)

🕮 پ. ن: ١٩/١/١٧

[غەریب/ شێخ محەمەد ـــــ ڕێبەری ئومێد ئیستیقلال/ حسێن نازم][٢٦٩]

[-/ جیمادولئاخیر ١٣٤٢ک/ ١٩٢٤ز]

بۆ جەنابی مودیری ئومێدی ئیستیقلال

لە ١٠ی کانوونی سانیی ٣٣٩ تەئریخ و ١٤ ژمارەی غەزەتەی (ئومێدی ئیستیقلال)دا، چاوم پێ کەوت، عەتف بەغەزەتەی (ستارەی بەیان/ ستارەء بیان) بەیانتان فەرمووە کە حوکوومەتی ئەنقەرە، قەرار داوە و بەڕەسمیی و خوسووسیی، بۆ ئێران (حوکوومەتی ئێرانی) و حوکوومەتی ئێرانیش لەجیاتی حوکوومەتی عوسمانی (حوکوومەتی تورک) بنووسێ.

من کە یێکێم لە ئەفرادی ئیسلام، ئەم لەفزەم زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکی ئەم حوکوومەتی ئیسلامە، حەوت سەد ساڵە بەناوی (عوسمانی) ناوبراوە و ئەبرێ و ئەم لەفزە نەجیبەی عوسمانیییەیە مەحوو نەبووەتەوە و خیانەتێکی وایان لەگەڵ ئیسلامییەتدا نەکردووە کە ببێ بەمووجیبی مەحموویيەتیان.

بینائەن عەلیهی ئەم لەفزە بۆ عوموومی ئیسلام سووئ تەئسیرێکی زۆری هەیە! لە حەسەبەی سەداقەت و دیانەت ئەمە عەرز ئەکەم؛ مادام حوکوومەتی عوسمانیی ناوی تەبدیل ئەکرێ، زاتەن ئەم حوکوومەتە ئیسلامیە و بەشەرەفی ئیسلامییەتەوە، بەڕەسمیی، هەر بەحوکوومەتی ئیسلامییە بنووسرێ چاکە![٢٧٠]

رجا ئەکەم لە مەتبوعات، ئەم ئیستیرحام نامەیەم تەبع بفەرموون!

ڕەئیسی داخیلییە
غەریب[٢٧١]

[تەواو]



ئەگەر ئەو وێنانە، وێنەی (نامەی)ی نێو ڕۆژنامەنووسی ئازاد و خۆماڵیی کوردبن، داخۆ باری (نامە) لە تاکانی ڕۆژنامەنووسی ڕۆژگارەکانی تێکەڵ بوون - بەزۆردارەکی - لەگەڵ مەملەکەتی عێراقی عەرەب، چۆن بووبێت؛ هەڵبەت وەڵامدانەوەی تەواو، دەبێت مەودای ساڵانی ١٩٢٥ز - ١٩٥٨ز، بگرێتەوە!

ئەز - بۆ نەشێواندنی باری مەبەستی کتێبەکە - پێویستی دەزانم، وەڵامدانەوەکە شێوەییێکی گشتی هەبێت و بۆ ئەمەش، لە لاییێکەوە یێکەم وێنەی ڕۆژنامەنووسی کوردیی ڕۆژگاری تێکەڵ بوون، هەموو ژمارەکانی (ژیانەوە)ی حوکوومەتی/ دوایی نیمچە حوکوومەتی سەر بەشارەوانی سلێمانیی و لە لاییێکی دییەوە - لە ب: ٥/١دا - وێنەی (نامەکاریی) بڵاوکراوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دی، وەک: (ژیان، زاری کرمانجی، ڕووناکی ژین، گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە، گۆڤاری هەتاو)م وەرگرتووە کە وەڵامێکی زۆریان لە ئامێزدا هەیە.

ورردبوونەوە لە ئەو مەودایە، ڕووناکی ئەوتۆ دەدات، هەر لە (ژیانەوە)وە، دەروازییێکی گەورەتر - بەزەبری پێشکەوتنی خوێندەواریی و دیسان بەزەبری تێکەڵ بوونەکە - لە ڕووی (نامەکاریی کوردی)دا کراوەتەوە و دوو دەستەی ئاشکرا تێن و تاویان پێ دراوە.

دەستەی سیاسەتکاران، لە نێوان ١٩٢٥ز - ١٩٣٠ز.دا، بۆ دەنگ پێ ڕاگەیشتن و هۆشیاریی و نیازی سیاسی - بەچاک و خراپەوە - خەریکی بوون! لە لاییێکی دیەوە - هەر لە ئەو مەودایە و دواتر - دەستەی ڕۆژنامەڤانان و نووسەران و شاعیران و خوێندەواران، بەمەبەستی بیروڕا گۆڕینەوە لێک حاڵی بوون و خزمەتی ڕۆشنبیریی، زمان و ئەدەبی کوردیی و بەتایبەتی پێشخستنی هونەری پەخشانی کوردیی و (ئەدەبی نامەنووسین) ڕەنجێکی گەورە و دڵسۆزانەیان داوە. دیارە، لە هەردوو باردا، بەتایبەتی لە دووەمدا، (ئەدەبی نامەنووسین) گەشتر بووەتەوە و ڕەواجی بەهێزتر بووە.

ڕاستییەکەیشی، پیرەمێردی وەستای شیعر و پەخشان و ڕۆژنامە، لە (ژیان - ١٩٣٢ز) بەدواوە، تا (ژین - ١٩٣٩ز - ١٩٥٠ز)، زەبرێکی یێکجار گەورە و چاکی نواندووە چ بۆ پێشکەوتنی پەخشان، چ بۆ نامەکاریی خۆی و نووسەرانی دی. بۆ ڕاستیش هەر لە (ژیان - س ١٩٣٢ز)دا (یێکەم نامەی هونەرانە)ی (گۆران)ی شاعیر و نووسەری بڵاوکردووەتەوە.

لە لاییێکی دییەوە، هەر لە ئەو ڕۆژگارەوە، خۆی، بەشێوەی نامەکاریی و بۆ خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردیی، نامەییێکی زۆری لەگەڵ محەمەد ئەمین زەکی مێژوونووس،

ئارەزوومەندی نامەکاریی، لەگەڵ چەندین نووسەر و شاعیری دی گۆڕیوەتەوە و بڵاوی کردووەتەوە، چ لە (ژیان)، چ لە (ژین)، چ لە ڕۆژنامە و گۆڤاری دیدا.

لە دوای ئەویشەوە، گۆڤاری (گەلاوێژ)ی تەمەن درێژ، هەر بەمەبەستی خزمەت و پێشخستنی (پەخشان) و باوکردنی (نامەکاریی کوردی) بایەخێکی دیاری نواندووە، بەڕادەییێک، هەر لە (یێکەم ژمارە)یەوە، (گۆشەی: هەر مانگە قاقەزێک)ی کردبووەوە بۆ بەری هۆش و بیر و قەڵەمی نووسەران. ئەمە وێڕای بڵاوکردنەوەی بیروڕای ڕۆشنبیریی و ئەدەبی، بەشێوەی (نامەکاریی) کە خێرا خێرا، شاعیران و نووسەران پێوی خەریک دەبوون و ئەو لە ئامێزی دەگرتن.

بۆ ڕاستیش، لەهەمان گۆشەدا (گۆران)ی شاعیر و نووسەری توانا، (پەخشاننامەییێک)ی بڵاوکردووەتەوە کە وێڕای ئەوەی نێوی لێ ناوە (تاسەی هاودەرد)، خۆی وێنەییێکی نامەکارییە!

ئەز، پێویستی دەبینم – بەر لە بڵاوکردنەوەی نامەکانی: ژیانەوە؛ س ١٩٢٥ز – بیخەمە ڕوو.

وێنەی نامەی کوردی گۆڤاری (گەلاوێژ)

📖 پ. ن؛ کە: ١٨/١/٢٠

[بێ ئیمزا/ گۆران ـــــ برادەرێکی!!] (٢٧٢)

[-/-/١٩٣٩ز]

برا

دوو دڵی هاودەرد، دوو پارچە گۆشتی هەژار بووین... لە کونجێکا، پێکەوە ئەمانناڵان! هەردووکمان تەلیسمی ژیان، دیوە ڕەشەکەی پێشان دابووین. لە عاسمانی هیوامانا، ڕووناکی نەبوو. ئەستێرە کزۆڵەییێک چییە، نەئەدرەوشایەوە. دوو دڵ کە نیشانەی مانیان، ئازارێکی زۆر، لێ دانێکی سستی بێ تین بوو.

نازانم بەهۆی چ هەولێکەوە بوو، کە لە شوێنێکی کپ و چۆڵا، لە قوژبنێکی بێ دەنگی (سلێمانیی)دا، یێکدگیر بووبووین؛ شەو و ڕۆژێ ئازاری درێژمان پێکەوە، تاوێک بەناڵێن، تاوێک بەسکاڵا تێ ئەپەڕان.

هەی داخ!! وامان ئەزانی کە لە دەریای کولۆڵییدا ناخمان گرتووە، ئیتر جێگەی قووڵتر نەماوە تێی کەوین!



وەک پیشەی ئادەمیزادی گەوجە، هیچ نرخی ئەو نیعمەتەمان نەئەزانی کە لە قولی مستمانا بوو! پەنجەمان تەنیا سەر جێگەی ئێش و ئازار ئەخست و ناوچاو و ژیانی خۆمان بەلەعنەت ئەکرد. نەمانئەزانی: ڕۆژێک ئەبێ تۆڵەی ژیان، بەرچەپۆکمان بدا؛ هەرییێکە بەلاییێکا تەفروتوونامان کات!!

برا

بەتەواویی، بڕوام هەیە، ئێستا تۆیش وەک من، لە دنیادا نیعمەتێکی گەورە لەناو چاوی خۆت بخوازیی؛ تەنیا پێکگەیشتنەوەمانە، کە ئەوسا ئەم پێکەوە بوونە، دڵی هیچ کاممان زۆر و کەم، دەربەستی نەبوو!

ئاخ، چەن خۆشە دوو هاودەرد، لە قوژبنێکی کش و ماتا، سەربنێن بەسەری یێکەوە، سکاڵای ئێش و ئەندێشەی خۆیان بکەن! بەڵام ئەفسووس، وەک مناڵێکی ساوا، ئەوسا زانیم چۆلەکەکەم زۆر جوانە کە لە دەستم فڕیی و لە ئوفوقی تەماوییدا چووە خوارێ، ئیتر یێجگاریی ون بوو.

ئێستا؛ ڕەنگە مەنتیق و لێکدانەوە بەکەڵکی زبان پاراویی ئامۆژگارییکەرێکی سارد و سڕ بێت، ڕەنگە ئاسان بێت، خەڵق بڵێین؛ «پاش ڕابوردوو، گریان بێ سوودە!»، بەڵام دڵێک کە بەساجا چزاوە، بەم دەرمانانە فێنک ئەبێتەوە؟

هەیهوو... هەیهوو

[تەواو]

شایانی باسە – وەک لە ڕابوردوودا ئاماژەم بۆ کرد – نامەنووسینی کوردیی، لە دوای ساڵی ١٩٣٢ز.ەوە ڕۆژ بەڕۆژ ڕووی لە بەکاربردنی زمان و وشە و ڕستەی بێگانە وەردەگێڕا و کوردیی خۆماڵیی، بگرە کوردیی پەتی ڕەوانی بەکار دەبرد. وێڕا نابێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکرێت کە خوێندەوارەکانی پەروەردەی ڕۆشنبیری و خوێندەواریی بێگانە، کەم و زۆر، خوویان بەئەو ئەتوارە کۆنەوە گرت بوو، بەڵام ئەوانیش – بەزەبری پێشکەوتن – ناچار دەبوون کە بەرەبەرە خۆیان بکێشنە ڕیزی کوردی خۆماڵییەوە. بەڵگەش – وەک لە نامەکاندا زۆرن – محەمەد ئەمین زەکی و بگرە پیرەمێرد و خۆشییەتی.

سێ خاڵیش بەڕاستی شایانی فەرامۆش نەکردنن! یێکێکیان ئەوەیە، هەر لە ئەو مەودایەدا کە (بابەتەکانی نامەکاریی) بەکاروباری سیاسی و پتریش بەڕۆشنبیریی

گشتیی و ئەدەبیاتەوە خەریک بووە - لەبەر دواکەوتویی باری کۆمەڵی - مخابن خوودانە بابەتی (نامەی ئەڤینی)ی، زۆر زۆر دەگمەن بووە، بگرە (پەخشانی کوردی)ش - بەپێچەوانەی شیعرەوە - زۆر نزیکی نەبووەتەوە!

هەر ئەم خاڵە دەمبات بۆ خاڵی دووەم؛ ئەو دیاردە ناقۆڵایە، کە هەر (پیاوان) بەئەدەبیات و بەتایبەتی بە(شیعر) و (پەخشان)ەوە خەریک بوون و (نامەکاریی)ش هەر لە ئەوان وەشاوەتەوە و نیوەی کۆمەڵ؛ (ئافرەت)ی لێ بەش بووە!

هەڵبەت کوتەکی گەورەی زۆرداریی کۆمەڵی دواکەوتوو، (ئافرەت)ی لە خوێندەواریی و ئەدەبییات و بەتایبەتی (نامەکاریی) کردبوو، مەلامەتی هەرە گەورەیە، بەڵام - وەک من کرد و کۆششم کرد و نامەیشم خستووەتە ڕوو - وێنەییێکم لە ڕیزیانەوە دۆزیوەتەوە کە باری پێشکەوتن و پێویستی بۆ (نامەکاریی)، ڕایچڵەکاندووە و وێڕای نەخوێندەواریی و نەزانینی نووسین، خۆی فێری نووسین و بەکاربردنی زمانی کوردیی و (نامەکاریی) کردووە.

وێنەی (ڕووناک ڕەشید بابان) لە سییەکاندا و بەکاربردنی (نامەکاریی)، بەڕاستی، بەڵگەی پێشکەوتن و دەنگ بەرز کردنەوەی ئافرەتی کوردە.

سێیەم خاڵ بەئەم پرسیارەوە خۆی دەنوێنێت؛ داخۆ لە کەنگیەوە ڕۆژنامەنووسی کوردیی، دەرگەی (نامەگۆڕین)ەوەی لە خوێندەواران کردووەتەوە؟

ڕاستییەکەی مایەی خۆشییە کە یێکەم ڕۆژنامە (کوردستان) وەڵامی داوەتەوە، بەڵام لە کوردستانی باشووردا - بەباوەڕی من - لە ساڵی **۱۹۳۰**ز بەدواوە، ئەو پێوەندییە بەرەبەرە خۆی نواندووە و دواتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی مەوداکەدا و بەتایبەتی لە بڵاوکراوە و گۆڤارۆچکەی (ئاگا و ڕووداوی هەفتەیی/ پەیام)، پێوەندییەکە گەرمتر بووە و گەلێ جار هەر بە(وەڵامێکی کورت) و هێندێ جار بەشێکی نامەکانی بڵاوکردووەتەو کە نامەی ئەوتۆش هەبووە، بابەتی گرنگی نواندووە کە مخابن خۆی - چ کەسێکیش تا ئەورۆ - لێی نەپرسیوەتەوە، وەک بابەتی ئەم نامەیە کە هەر بەئەم شێوەیەش - لە پەیامدا - خراوەتە ڕوو:

[شێخ فەتاحی شێخ عیساموودین - عەودالانی نووسیویەتی:

[لە دێی شارستێن کە سە بەناحیەی مەرگەیە لە لیوای سلێمانییا، پیاوێکی زاناوی کۆن هەبوو، لە تەمەنی **۱٤۳** ساڵییدا. سێ ساڵە وەفاتی کردووە، ناوی مەلا خدر بوو، بەخەلیفەی شارستێن ئەناسرا.



ئەو زاتە کتێبێکی بوو، لە پێست و بەزمانی فارسی شکستە نووسرابوو(۲۷۳). دوو نیگاری تیابوو!

یێکێکیان نیگاری (کامێران) شای کورد و ئەویکەیان نیگاری (ئەشکەوتی؛ قزقاپان) بوو.(۲۷٤)

لە ساڵی **۱۹۳۱**دا، ئەم کتێبەم بە **۸۰** دینار لێ کڕیی... پەڕەکانی دڕابوون، چاکم کردنەوە. مەلا شێخ عارفی عەودالان بۆی کردینە کوردی لە ماوەی ساڵێکدا، چونکە ژمارەی پەڕەکانی چوارسەد زیاتر بوو.

ئەو کتێبە تا هاوینی **۱۹٤٥** لام مایەوە، لە پڕێکا کەپرەکەی هاوینەهەوارمان ئاگری تێ بەر بوو، ئەو کتێبە تەئریخییە بەنرخە و چل کتێب دەستخەتی تریش سووتان.

زۆر دڵتەنگ بووم، بەڵام بەوە دڵخۆشم کە تەرجومە کوردییەکە لای جەنابی مەلا شێخ عارف ماوەتەوە. خۆشم نوسخەییێکم لێ وەرگرتووەتەوە!

لەناو ئەو کتێبەدا، ڕاستی لە بابەت (قەڵای جوڵندی) و (قزقاپان) نووسراوە کە تەئریخی دروست کردنیان ئەگەڕێتەوە بۆ (۱٤٥۰) ساڵ لەمەوبەر.

ئەو کتێبە جگە لە باسی ئەشکەوتی قزقاپان و شاری قەڵای جوڵندی، باسی پاشایێکی کەی کورد و (شەڕی ئێران و ڕووم) یان (شەڕی قەوقاز) و (نەوشیرەوان) ئەکا کە کوردەکان لایێنگیری نەوشێرەوانیان کردووە!/ تەواو].(۲۷٥)

شایانی باسە - وەک دەنگوباس زۆرە - هەر لە ئەو ماوەیەدا شێوەکانی (بەیاننامەی سیاسی نهێنی کوردیی)، هەروەها جاڕنامە، پرسەنامە، سوپاسنامە، ڕۆژ بەڕۆژ پتر و زمانپاراوتر و کۆکتر دەکەوتنە ڕوو، بگرە هێندێکیان لەنێو خەڵکدا ڕەواجیان زۆر بووە.

ئەمێستەش - بەر لە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی ژیانەوە - بەڕۆشنایی ئەو وێنە نامانەی ڕابوردوو، هەروەها داهاتوو، هەر لە ئێرەوە دیسان با پرسیار دەکەمەوە؛ داخۆ ڕۆژنامەنووسی کوردیی، کاریگەریی زۆری بۆ هەڵکەوتن و باوکردنی ئەدەبی نامەنووسینی کوردی هەبووە کە یێکەم نامەی کوردیش، تا نامەی هونەرانە لە ئامێزی نازی ئەودا، چرکاندوویانە، چاویان هەڵهێناوە؟

ئەز وەڵامەکە و بڕیاردان بۆ خوێندەواران و تیری ژیرییان دەهێڵمەوە.

دەگەڕێمەوە سەر یێکەم ڕۆژنامەی ڕۆژگاری تێکەڵ بوون لەگەڵ مەملەکەتی عێراق؛ ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ئەوێ کە لە ڕابوردوودا شوناسنامە و کردەوەکانیم بەرامبەر

به(پەخشان) ئاشنا کرد.

ئەم ڕۆژنامەیە - بەزەبری باری تێکەڵییەکەی - دیارە بەرامبەر بە(نامە) و جۆرەکانی گورجە، چالاکە کە - وێڕای بروسکەنامە و جاڕ و هاوتایان - لە هەر پەنجا و شەش ژمارەکەیدا (یانزە) نامەی هەمەجۆرەی تێدا بڵاوە.

وێڕای بایەخی بەنامەکاریی، جێگەی سەرسوڕمان نییە کە لە لاییێکەوە، لە ژمارەییێکیدا، (خۆی) نامەی بەکاربردووە و بەرەو ڕووی حەفیدزادەی شۆڕشگێڕی کورد و کوردستان کردووەتەوە و لە لاییێکی دییەوە؛ (بەیاننامە)ییێکی فەرماندەییێکی ئەو سێیەم شۆڕشە بێ دەرامەتەی قۆستووەتەوە و هەر (خۆی) بەدەمڕاستی خەڵکی داناوە و (وەڵامی داوەتەوە!!).

ئەم کردەوەیەی بەڵگەی زیندووی ئەوتۆیە؛ جەخت بۆ هەڵوێستی ناحەزانەی خۆی بەرامبەر شۆڕش و حەفیدزادەی ڕستگاریخواز دەکات کە بێ گومان دەستی ئافەرینی داگیرکەرانی لەسەرە؛ وێڕاش هەر ئەو کردەوەیە بەڵگەیشە کە ڕۆژنامەکە و مامۆستاکانی، (نامە)یان کردووە بەکەرەستەییێکی شەڕی دەروونی و پروپاگەندە، کە ئەمەییێک لە ڕۆژنامەنووسیدا دەربکەوێت!

ئەز، پتر ناڕۆم و لە ئێرەدا، لە سێ نامە (هاوارنامە)ی نووسەری نەتەوەپەروەر؛ (کوردێک/ ک/ مستەفا سایب) بەتەنێ وێنەییێک[٢٧٦] و لە دوو (بەیاننامەی سیاسی)ش دیسان وێنەییێک[٢٧٧]، هەروەها وێنەی (نامەی ڕۆژنامەکە) و سێ (هاوارنامەی سیاسی) و دوو (نامەی کەسی)ش، بۆ مێژوو، بۆ ڕۆشن بوونەوەی بیری خوێندەواران دەخەمە ڕوو کە وێڕای ناسینەوەی شێوەی زمان و داڕشتنیان، ئاشنای مەبەستەکانیش دەبێ.



نامەی کوردیی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)

پ. ن؛ کە: ٢١/٢/١٥

[کوردێک/ مستەفا سایب - مونەوویران و شوببانی کورد/ ئەوانەی لە بەغدان][٢٧٨]

١٥-١٦/١٠/١٩٢٤ز[٢٧٩]

بەغداد[٢٨٠]

بۆ مونەوویران و شوببانی کورد
ئەوانەی لە بەغدان

هەرچەند لێکی ئەدەمەوە و بیر ئەکەمەوە، نازانم چۆن ڕووم بێ قسە بکەم و ناوی (مونەوویر و شوببانی کورد) بێنم!! چونکی لە عومری خۆم، هێشتا ئیشێکی باش و تەشەببوسیکی خێرم لێ نەدیوون و ئیتر کەسیش[٢٨١] هیوای پێیان نەماوە؛[٢٨٢] جا مونەوویر و شەبابێ کە[٢٨٣] ئیحتیاد و ئەمەلی پێ نەمێنێ، بۆچی چاکە؟[٢٨٤]

نەختێ بیر بکەنەوە و تەماشای میلەلی ئەتراف و[٢٨٥] مونەوویرەکانیان بکەن و ئیتر بەزەویتان[٢٨٦] بەعومری خۆتان ئیستیقبالی میللەتانا بێتەوە! هیچ نەبێ هەر تۆزێ عیبرەت وەرگرن. لە هاووڵاتییەکانی خۆتان... ئەوە مونەوویران و شوببانی شیمالیی و بزانن چییان کرد و چی ئەکەن؟ هەووەل کەسی کە بیناغەی حورییەت و مەشرووتییەتی دانا و عالەمی ئیسلامی لە زوڵم و ئیستیبداد: ڕزگار کرد، کوردێکی شیمالیی بوو)[٢٨٧]

هەووەڵ فیکرێ کە لە کوردا هەڵکەوت بۆ ئیتتحاد و کۆمەڵ بەستن، لە کوردی شیمالیدا بوو![٢٨٨]

هەووەڵ شەڕێ کە بۆ میللییەت کرا و لەو ڕێیەدا هەزار (نەوجوانی بەکوشتن دا و کردی بەقوربانی کورد)؛ کوردی شیمالیی بوو کردیان![٢٨٩]

هەووەڵ ئەسەرێ کە بەکوردی چاپ کرا و (مانی میللییەتی پێ زیندوو کرایەوە) ئەسەری کوردی شیمالی بوو.[٢٩٠]

هەووەڵ چاپخانەییێک کە کرایەوە و کوردی پێ بڵاوکرایەوە، کوردی شیمالی بوو کردیان.[٢٩١]

کوا، ئێوە چیتان کرد و (خەریکی چیین؟)[٢٩٢]

هەرییێکە ساحێب مەوقیع و (روتبەن)!![٢٩٣]. هەر کەسەتان مالیکی دەس و بازووی خۆتان و قیسمەن (پارەدارو) دەوڵەمەندن![٢٩٤] کوانێ، لە ڕێی ئەم میللەتە هەژار و مەزڵوومەدا چیتان کرد و (چەندتان سەرف کرد؟)[٢٩٥].

بەهەمووتان ناتوانن چاپێک جەلب بکەن، غەزەتەییک و یا مەجمووعەییێکی هەفتەیی پێ دەربێنن؟ کە ئەوە نەکەن و غەزەتە و کتێبی کوردی دەرنەکەن و نەشری نەکەن و کە مانگێ خۆتان لە ڕێی میللەتەکەتانا هیلاک و ماندوو نەکەن، ئیتر چی ئەکەن و (چۆن) ئەفەرموون (کورد)ین؟[٢٩٦](لەسەر قەنەفە دانیشن و سەیری کتێب بکەن و عومر ڕابوێرن و بەکوردی هەناسەسارد و بێ زانست چی؟)[٢٩٧]

بزانین ئێوە کە ٣٠ - ٤٠ گەورەی کوردن لە بەغداد، بۆچی دانیشتوون و هیچ ناکەن بۆ ئەم میللەتە (دواکەوتووە و کوێرە؟)[٢٩٨] باووباپیرتان ئێوەی بۆ شەخسی خۆتان و بۆ حەیات ڕابواردن نەهێناوەتە سەر دنیا و ئەم وەتەنەی بۆ دەحشییەکان بەجێ نەهێشتووە! کوانێ؛ چیتان بۆ ئەم میللەتە کرد و چیتان کرد بۆ ئەم وەتەنە؛[٢٩٩] کەی حیسسی حیجابمان بێ کە لەبەرچاومان هەننێ میللەت کە دوێنێ وەک ئێمە و لە ئێمەی ئەمڕۆ، سەرکەوتن و تێگەیشتووەکانیان ڕۆح و ماڵیان سەرف و فیدا ئەکەن بۆ میللەتەکەیان![٣٠٠]

کەی حیسسی حیجابمان بێ، هەر لە جزیرە و بوتانەوە تا هەورامان خاکێکی زل و پڕ فەیز[٣٠١]، غەزەتەییێکی کوردی تیا نییە و جەمعییەتێکی تیا نییە و ئاساری ئینسانییەتی نییە و نییە![٣٠٢]

عەیب و شوورەیی[٣٠٣] نییە؛ عاسیمەی عێراق پڕە لە مونەوویر و شوببانی کورد، کەچی[٣٠٤] هێشتا یێکتریی ناسانن و حەز بەیێکتریی ناکەون نابن بەیێک و دوو کەسمان لە قوژبنێکا دانانیشن موباحەسەییێک بکەن دەرحەق بەس حەیات و ئیستیقبالی میللەت و وەتەنەکەیان؟! ئیتر تاکەی(٣٠٥) نایەنەوە بەرخۆتان و تۆزێ غیرەت ناکێشن؟. کوا جەمعییەتتان؟ کوا ڕۆژنامەتان؟ کوا ئیتتیحادتتان و کوا کتێبتان؟ و خزمەتتان[٣٠٧] کواە - کوا؟؟[٣٠٨] کەرکووک نان لە خۆیان ئەبڕن و پارە کۆ ئەکەنەوە بۆ دەربەدەرەکانی خارجی [٣٠٩] کە بێنەوە.

ئێوە، ئەی تێگەیشتووانی[٣١٠] کورد چیتان کرد و چی ئەکەن؟ حوقووق و شەرەفی میللەت و زمانتان، سبەیێنێ کێ ئەیپارێزێ؟



ئەی مونەوویران و شوبباتی کورد![٣١١] ئیتر حیسسی[٣١٢] مەرحەمەت و حەمییەتی میللیتان بێتە جۆش و بەزەییتان[٢١٣] بەم حاڵە پەشێوەمانا بێتەوە.

وەک ئەفەرموون کوردین.[٣١٤]، شتێک بکەن و لە قسەدا مەیهێڵنەوە و ویقار و شەرەفی میللیتان[٣١٥] موحافەزە بکەن و ناوتان ڕەش و کوێر مەکەنەوە! لەجیاتی وەخت ڕابواردن، بەکۆمەڵی ئیشێک بکەن و تێکۆشن، ئەگینا، ڕابورین و حەقی ژیانیشمان نامێنێ!.[٣١٦]

توخوا، بۆ سەرەفی میللەتان شین نییە کە ئەمڕۆ لە دنیادا، هەر ئێوە(٣١٧) ئەی ئەولادی[٣١٨] ئەییووب[٣١٩] جەمعییەیێک، غەزەتەییێک، ئەسەرێکتان نەبێ و گاڵتەتان[٣٠٢] پێ بکەن؟

توخوا عەیب و عار نییە، مونەوویرێکی کورد، دەس بداتە غەزەتە دەرهێنان و لەسەر دوو هەزار ڕوپییەی دیپۆزیتۆ، دابمێنێ و ئیشەکەی سەرنەگرێ؟[٣٢١] کەچی بەغداد پڕ بێ لە دەوڵەمەند و کاپرەداری کورد و لە ئاخیریشدا ئەو مونەوویرە بەمەئموورییەتێکەوە دانیشێ و هیچ نەکا؟

لەمە زیاتر گوناهی تەئریخی؟[٣٢٢] لەمە زیاتر تاوان؟ بەسیەتی ئۆباڵی ئەم میللەتە بەگەردنی ئێوە ئەبێ؛ خزمەتی میللییە و وەتەنییە بەقسەکردن نابێ! کوا ئیتتحادتتان، کوا غەرەتەتان و کوا خزمەتتان؟ ئەمانەمان[٣٢٣] لە ئێوە ئەوێ ئەی ئەی تێگەیشتووانی میللەت!!/تەواو

کوردێک

١٨/١٠/٢٤(٣٢٤)

🕮 پ. ن؛ کە: ٢٢/١/١٩

[ڕۆژنامەی ژیانەوە - حەفیدزادە مەحموودی مەلیک!)[٣٢٥]

[١٩٢٥/٣/١٩ز)

[سلێمانیی]

## حیشمەتمەئاب مەلیکە درۆزنە!

بیستوومە، بەینێک خۆت خزاندبووە دێی (کەندەسوورە)، هەرچەند ئەو دێیەم نەدیوە، بەڵام دیارە کوێستانە، بەفری زۆری لێ باریوە! مەعلوومە ئێوەیش وجوودی نازکتان ناخەنە بەر سەرما، خۆت دەکێشیتە خەڵوەتخانەی مولووکانە![٣٢٦]. ئومێد ئەکەم لەوێدا کە

بەتەنها مابیتەوە و دێو جنۆکەکانت لێ دوور کەوتەوە، سەرت بخەیتە هەردوو ئەژنۆتەوە، تۆزێ ئەم ئەحواڵەی خۆت و ئەو ئەوزاعەی میللەت کە پێشانت دان، لێکی بدەیتەوە و نەختێ نەفرەت لە خۆت بکەیت و ئەگەر ویجدانت بێ، هەنێکیش بگریت، چونکە ڕەنگە لە وێدا بێتەوە بیرت کە میللەتێ سلێمانیی و حەتتا هەموو میللەتێ کورد بەکەماڵی ئیشتیقاق لە ژێر ڕیپاسەتی جەنابتان، ئیستیرحامی ئیستیقلالییەتیان کرد و حوکوومەتی بریتانیایش، ڕەحمی بەفریادی میللەت کرد، موجریمێکی وەک تۆی لە هیندوستانەوە عەفوو کرد و بەڕەئیسی مەجلیسی میللییەوە هێناتییەوە بۆ سلێمانیی، ئیستیقبالی میللەتێکی قەدیمی ساحێب شەرەفی تەودیع کردیت. ڕەنگە لە وێدا بێتەوە بیرت کە هەموو میللەتی کورد بەتەواوی کەیف و ڕووخۆشی هاتن بەپیرتانەوە و تاقی زەفەریان بۆ دروست کردیت و کچە مەعسوومەکانیان، بەو دەستە و پەنجە نازکەیان، گوڵ بارانیان کردیت.

ڕەنگە لە وێدا بێتەوە بیرت، هەموو منداڵی بێ گوناهی مەکتەب بەگۆرانی حەزین و پاڕانەوەی گریان، هاتن بەپیرتەوە، تەمەننای ڕووناکیی پاشەڕۆژیان لێ کردیت.

دیسان ڕەنگە لە وێدا لێکی بدەیتەوە کە ئەو پەنجە نازکانەی کە تۆیان پێ گوڵ باران ئەکرد، لە سایەی ناوچەوانی تۆوە، کەس نازانێ هەر زەڕڕە و پارچەیێکی کەوتە کوێ؟ ئەو منداڵە مەعسوومانەی کە تەمەننای ئیستیقبالیان لێ کردیت، ئێستاکێ چووزوانێ لەناو چ شیوێکدا لە برسا مردوون! ئەو دەنگە بەرزانەی کە بێ پەڕوا هاواری حوقووقیان ئەکرد، ئێستا مەعلووم نییە، بەکەلی سەفالەتی چ وڵاتێک نووساوە؟

ئەو سیما نەجیبانەی کە پیلانی مووەفەقییەتی کوردستانیان ڕێک ئەخست، ئێستا کێ چوزانێ لە چاپخانەی کام مەملەکەت، سەفیل و پەرێشان کەوتوون؟

ئینجا لەو خەڵوەتخانەی سەعادەتدا کە ئەمانەت لێک دایەوە، ئومێد ئەکەم، لە پاش میقدارێ گریان و قورپێوان، بەناوی سەلامەتیی ئەم میللەتەوە؛ دەمانچە مانهێرەکەت دەربهێنی و بەفیشەکێ خۆت بکەیت بەقوربانی ئیستیقبال و ئاسایشی ئەم میللەتە! فەقەت هەیهات، ئەو سەوییەیە، ئەو عیرفانە، ئەو عالی جەنابییە، لە تۆدا نییە! تۆ، ئێستایش واز لەم میللەتە هەژارە ناهێنیت، یان جەردەیی یان بەدزیی یان بەئەنواعی تەشقەڵە، دیسان میللەت ئەڕووتێنیتەوە! نازانم بەچ سەڵاحییەت و ناوی کام دینەوە، ئێستایش داوای تەکالیفیان لێ ئەکەیت؟

توخوا جار بەجار لە دڵی خۆتا هیچ تەریق نابیتەوە، لە هەر جێگایێک قاتیلێک، قەرزدارێک، دزێک، حیزێک هەبوو، هەمووت لەخۆ کۆکردەوە و ناوت نا (فیداکار) و لە



پارەی خەڵقی سلێمانیی دەوڵەمەندت کردن و کەچی هەر تێگەیشتوویێکی مەملەکەتە، تۆی سەوقی سەر چاکە بکردایە، وەکو مەڕ لە ماڵی خۆیدا سەرت بڕین! توخوا هیچ لێکی نادەیتەوە، چەند سەد هەزار ڕوپیەت لە ماڵی قوڕبەسەرەکان دەرخواردی ئەم و ئەوی نامووبارەکت دا، کەچی دوو ڕۆژ کە پارەت نەدانێ، بەرەڵایان کردیت و هیچ بەعەیب و عاری نازانن، بێ شەرم و حەیا، بەناو ئەم میللەتە جەرگ بڕاوانەدا ئەسووڕێنەوە! ئەمجار بزانە ئەوانەی کە لە دەورتن، هەموو وەهان و لەوان خراپتر!

ئیتر بەسە! تێ بگە! واز لەم شێتییەتییە بهێنە! لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە! میللەت کەڵکی پێوە نەما و لەمە زیاتر مەیانڕووتێنەرەوە و دەرخواردی دز و حیزەکانی مەدە.

ئیستیرحامی عەفوو بکە! زاتەن ئەوەندەت پارەی فەقیر و هەژار پێکەوە ناوە، وەک شاه ئەتوانی هەر ڕۆژەی لە پایتەختی حوکوومەتێ ڕابوێریی.

ئیستیقلالییەتمان لە تۆ ناوێ و شەڕمان لێ لادە. (مەڕا بەخەیری تو ئومێد نیست، شەڕ مەڕەسان! / مرا بەخیر تو امید نیست شر مرسان!)[٣٢٧]

ئیتر شەقاوەت لەمە زیاتر؛ بەسە، بەس! ڕێ و شوێنێ کە خوا و پێغەمبەر بۆی داناوی، ئەو ڕێیە بگرە!

یاخوا و پێغەمبەر ئینتیقامی ئەم میللەتە هەژارەت لێ بسێنێ! بەسە بەس.../تەواو

(بێ ئیمزا)[٣٢٨]

📖 پ. ن؛ کە: ٢٣/١/٢٠

[ڕواندزیی - بۆ عالەمی مەدەنییەت][٣٢٩]

[-/-/١٩٢٥]

مووسڵ

هاوارێک بۆ عالەمی مەدەنییەت!

لەو ڕۆژەوە کە برا کوردەکانی سەروومان کەوتوونەتە موجادەلاتی میللییەوە، ئێمەیش کە برای ئەو قەهرەمانانەین و بەدەنەن لە یارییەدانیان دوور و مەحرووم ماوین و هیچ نەبوایە بەزبان و بەنووسین موعاوەنەتی ئەو قەهرەمانانە، لەسەر هەموو فەردێکمان فەرز بوو، حەیفە کە جەنابی (جیاووکی کوردی)[٣٣٠] نەبێ، لەم موحیتەدا، هیچ کەسێکمان هاواری ئەو برایانەمان بەقەڵەم، زۆر و یا کەم، لە لاپەڕەکانی (ژیانەوە) و غەزەتەکانی عێراقماندا بەچەند کەلیمەیێک نەخستە پێش ئەنزاری عالەمی مەدەنییەتەوە. تەبیعی

ئەمە قوسوورێکە و ئیهمالێکە کە قابیلی لێ بوردن نەبێ، چونکە ئەو برایانەمان کە تورکە زاڵمەکان، هەموو ڕۆژێک پانزە بیستێکی گەورەیان لە حەیاتی ماددیی جوێ ئەکەنەوە و قوربانی وەحشەتی خۆیانیان دەکەن، ئەو زاتانە بۆ مەنفەعەتی زاتی خۆیان نەکەوتوونەتە ئەم موجادەلە گەورەیە! خوا ئەزانێ ئەو برایانەمان کە هەموو ڕۆژێک بەقەنارەی تورکەوە هەڵدەواسرێن، عەجەبا چەند منداڵ و خزمی بێ کەس و بێ دەر لە دوای خۆیان بەجێ ئەهێڵن و لە هەموو لەززەتێکی ئەم دنیایە مەحوو بوونی ئەم مەردانە، مەحرووم و سەفیل و سەرگەردان ئەمێننەوە.

ئەی (ژیانەوە)! توخوا کە تۆ چرایێکی ڕووناکی کوردی، مودافەعەکاری میللەتی، ناشیری ئەفکاری ئەم مەزڵوومانەی و داواکاری حەقی هەموومانی؛ ئێستا و زیاتر واز لە هەموو قسەیێ بهێنە، تەنها هاواری میللیمان و نیدای ئەو برا مەعسوومانەمان بگەیێنەرە سەمای عالەمی مەدەنییەت، بەڵکو ئەو کەسانەی کە خۆیان بەمودافیعی بەشەر دەزانن و وەقفی وجوودی خۆیان کردووە بۆ ئەم غایە موقەددەسە، نەختێک بەزەویی بەم هاوار و نیدایەمانا بێت!

تورکەکان لایان وایە کە خۆیان لەناو جەزیرەییێکدان، چوار تەرەفیان ئاو گرتوویەتی و هیچ کەس چاوی لە زوڵم و غەدر و موعامەلەی خوێنخوارانەی ئەوان نییە!!

مەسئەلەیێک هەیە، ئەڵێن؛ کەروێشک لە لای خۆیا کە چاوی قووچان وا ئەزانێ کەس نایبینێ!

ئەوانیش ئەوەندە غافڵن وا ئەزانن ئەم زوڵمە بێ ئەندازەیە کە ئیجرای ئەکەن، بەشەرییەت ئاگای لێ نییە و قانوونی حوقووقی بەشەر، ئەو گوناهە گەورەیە گەورەیەیان ئەبەخشێ!! موعامەلەی وەحشیانە و غەددارانەی ئەوان نەوەک هەموو کوردێ، هەرچی جینسی بەشەر هەیە، هێناویەتە هەیەجان.

ئومێد ئەکەین کە ئەم غەدرە زل زلانە، بگاتە جێی خۆی و ئەم هەموو خوێنە ناحەقە کە ئەیرێژن، ڕۆژێک بێ، حیسابیان لێ بپرسێ.

تەئریخی بەشەرییەت، ئەم نەوعە موعامەلەی ئەوان، هەموو بەقەڵەمی سوور، لە لاپەڕەی مەحسووسی خۆیدا، قەید بکات!/تەواو

مووسڵ - ڕواندزی(٣٣١)



📖 پ. ن؛ کە: ٢٤/١/٢١

[ئەمین کوردی - بۆ عالەمی بەشەریەت!](٣٣٢)

[-/-/١٩٢٥ز]

بەغدا

## هاوارێک بۆ عالەمی بەشەرییەت

ئەمە دەنگێکی حەقیقەتە کە لە ویجدان و دڵی کوردێک یەتەو دەرەوە! تورکەکان بەخوێن ڕژاندنی کوردەکان، ئەیانەوێ مەدەنییەت بنوێنن! ئەی کوردی بەدبەخت، ئەی تورکی قاتیل، ئەی عالەمی ئیسلام ئیتر بەسیەتی، چاومان بکەینەوە، واز لە خەوی غەفڵەت بینین، شوێنی قسەی واهی نەکەوین، بەهاش و هووشی و درۆ و دەلەسە تەفرە نەخوێن! حەق و حەقیقەت لە کوێیە، غایە و مەقسەدمان لە چیا دەست ئەکەوێ، بۆ ئەوە بگەڕێین.

تورکەکان؛ کوردستانی شیمالیان هەموو بەدەستی زوڵم و سونگی خوێناویی خۆیان، مەحوو کردەوە، بەقوڕیان گرت! ئەیانەوێ کە کوردستانی جونووبیش بەدرۆ و ئایین و ئۆیین، بەسیاسەتێکی بێ مەعنا ئیغفال بکەن و سەوقیان بکەن بۆ شتی خراپ و عوسیات و بەو ڕەنگە ئەوانیش مەحوو بکەنەوە!

من پێتان بڵێم کە تورکەکان هیچ وەخت و زەمانێ، کوردیان بەحەقیقەت خۆش نەویستووە و هیچ وەختێ حوقووقی کوردیان لەگەڵ حوقووقی تورکدا وەکو یێک ڕانەگرتووە و هیچ زەمانی نەیانویستووە سەربەستی و ئازادیی، ڕێگەی نەجات و گەورەیی بدرێ بەکورد! ئەو قانوونی حورییەتی شەخسیەیە کە بۆ تورک بووە، نەیانهێشتووە هیچ زەمانێ، کورد بەشی لێ دەست بکەوێ و چاویان بکرێتەوە و خۆیان لە دەستی زوڵمی تورکەکان نەجات بدەن.

تورکەکان ئەوەندەیان ئارەزوو کردووە کە کورد بەنەزان و نەخوێندەواریی بمێننەوە و تێ نەگەیشتووبن کە ئەو جێگایانەی کە تورکی لێ ساکینە، لە ناحیە و لە دێهاتیشیا مەکتەبیان لێ کردووەتەوە، لەو جێگایانەی کە بەکوردستان ئەژمێردرێن، نەوەک لە دێهات و ناحیە، لە قەزاکانیشی، مەکتەبێ کە کەڵکی بێ، نەیانکردووە، بۆ خاتری کورد دائیمەن بەنەزان و کوێریی بمێننەوە و ئەسیری زوڵم و غەدداری ئەوان بن.

ئەتوانم بڵێم و ئیسباتی بکەم ئەم نەزەرییەی تورکە کە لە حەق کوردایەتییا کردوویانە،

هینی ئەمڕۆ نییە... لەو ڕۆژەوە کە حوکوومەتی ئیتتیحاد و تەرەققی هاتوونەتە جێگای ئیقتیدار، ئەم ئیشەیان لەناو خۆیانا ڕێک خستووە و هێناویانەتە ناو، فیکری نەهێشتنی کورد و کوردایەتییان قەرار داوە و حەتتا لە حەربی عومومییدا، تورکەکان بەسەییئاتی خۆیان و بەنەزانینی موعامەلە و سەرکێشییان، موحیتی کوردیان کرد بەمەزرەعەی ئیستیلای ئەجنەبی و کوردستانیان ڕووت و قووت هێشتەوە و ئەفرادی ئەهالی و عەشایری کوردستانە کە هەموو هیجرەتیان پێ کردن بۆ سەحرا و چۆڵ و بێ ئاوی (قۆنیە)، مەقسەدیان هەر ئەوەبوو کە ئەو کوردانە. لەو ناوەدا ئیسکان بکەن و جارێکی تر نەکەونەوە وڵات و جێگای خۆیان. بۆ ئەم خوسووسە، ئەوسا قانوونێکی **٣٦** مادەییان دروست کردبوو، وە حەتتا قۆمیسیۆنی موهاجیرینی کورد کە دایان نابوو، هەر بۆ مەحووی کوردایەتی بوو. ئەم فیکرە سەقیمانە مەحسووڵی یادگاری (ژۆنەکان)ی ئیتتیحاد و تەرەققی بوو.

لە حەرەبی عومومییدا، زۆر کەس بەچاوی خۆی چاوی پێکەوت کە ئەفرادی میللەتی کورد بۆ مودافەعەی وەتەن و وڵاتەکەیان لەژێر بەیداخی عوسمانیدا، ڕۆحی خۆیان فیدا کرد و خوێنیان لەسەر حەددەکاندا ئەڕشت. ئەوانە کە هەموو لە پیاوە هەڵبژێرراوەکان بوون، لە پاشان ئەفرادی عائیلەیان لەبەر زوڵم و غەدری ئەو تورکە خۆێنخۆرانە، سەفیل و سەرگەردان، کەوتنە هیجرەت بەهەموو لایێکدا، بێ جێگا و مەسکەن دەربەدەر و ئاوارە، لە کون و قوژبنی وڵاتانا، بێ نان و ئاو ئەسووڕانەوە. ئەو منداڵە نازدارانە، ئەو ژنە عەفیفانە لەتاو برسییەتی، ئاخیریی وایان لێ هات بەگۆشتی کەس و کارە لە برسا مردووەکانیان، خۆیان ئەژیاند! زۆر پیاوی بەناموسی قسە ڕاست، ئەم حاڵانەی بەچاوی خۆی دیوە، ئینسان ئێستایش کە ئەم حاڵانە ئەهێنێتە بەرچاو، هەرچی ئەعزای هەیە، لەتاوانا یەتە لەرزین و هەموو تووکەکانی لەشی وەکوو سووژن ڕاست ئەبێتەوە.

... [٣٧٣]، لە پاش موتارەکە ئەو پیاوە گەورانەی کورد کە لە شەڕی حودوودی عەجەمستانەوە هاتنەوە، خوسووسەن لەناو ئەمانەدا؛ (خالید بەگ) میرئالای قوماندانی ئالاکانی عەشیرەتی (جوبرانلی) بوو[٣٣٤]، چاویان بەم ئەحواڵە کەوت کە ئەم تورکە زاڵمانە چییان بەسەر ئەم کوردە مەزلوومەدا هێناوە و ئەم منداڵە مەعسوومانەیان تووشی چ ڕۆژێکی ڕەش کردووە، ئەوی لە پڕیشکی گڕی ئاگری ئەو غەددارانە نەجاتی بووبوو، گردی کردنەوە، بردنی بۆ مەنتیقەی (وارتو) لەوێ ئیعاشەیێکی بۆ تەئمین کردن. لە پاشان خۆی ئەم مەسئەلەیەی کرد بەشکات و پرۆتێستۆ، بەمستەفا کەمال پاشا و کازم بەکر



پاشای گەیاند – کە ئەوانیش تازە خەریک بوون قۆنغرە دابمەزرێنن – فەقەت لە نەتیجەدا تێگەیشت کە وەکو ئەڵێن (جنۆکە جوێیە و پڕی جۆییە!!) کورد و تورکیش ئیتر پێکەوە هەڵکردیان نابێ، ئەویش وازی لە ئەوان هێنا و کەوتە هاوار بۆ حەقی سەرێحی کورد و کوردایەتی!

کورد هەروەکو ئەیزانین، قەومێکی ساحێب دین، ساحێب جێگە، ساحێب عیرقن؛ سەخیی، عەزمکار، ئازاد ساحێب ئینسافن، خوێنخۆر و بێ مروەت نین، لە دوای حەربی عومومییدا تورک وا مەغلووب و سەرگەردان بووبوون، ئەگەر کورد ئارەزوویان بکردایە، تورکیان بەیێک دەفعە مەحوو ئەکردە و کوردستانێکی زۆر گەورەیان دروست ئەکرد، فەقەت چونکە تورکیان وا زەلیل و بێ دەستەڵات دی، لەو وەختەدا ئینسافیان قبووڵی نەکرد و جارێ هیچ دەنگیان نەکرد. کەچی موقابیل بەم ئینسانیەتە گەورەیە، تورکەکان ئەمجارە وەکو جانەوەری خوێنخۆر دەستیان کرد بەکوشتاری کوردەکان و دڵیان ئازاردان و حەقیان زەوت کردن، وایان لێ کردوون کە هەر کوردێ بەکڵاوی کوردییەوە، بەعەبا و لیباسی کوردییەوە بوو، هەر حەقێکی مەشرووعی خۆی ڕوو بکاتە هەر مەحکەمەیێک، بەبێ حەق دەریئەکەنە دەرەوە و لە هەر جێگەیە خوێندەوار و تێگەیشتوویێکی کورد ببینن، بەئەنواعی بوختان، درۆ و دەلەسە، عەزل، نەفی، کوشتنی بەحەقی ڕەوا ئەبینن و بەناوی خیانەت و وەتەنییەوە، ئیتتیهامی ئەکەن.

خوڵاسە، شێخ و مەلا، بەگ و ئاغا، ئەفەندیی و پاشا، هەرچی کوردبێ، بەسووکی تەماشیان ئەکەن. بەمانیشەوە ڕازیی نابن، پیاوی وەکو (سەیید عەبدولقادر ئەفەندیی شێخ عوبەیدواللە) کە لە هەموو دنیادا ناو و شوورەتی هەیە، خۆی و کوڕی تەبەعەی، پیاوی وەک (یووسف زیبیا بەگ) و وەک (خالید بەگ) بەناحەق ئەیانکوژن و لەناویان ئەبەن. (شێخ سەعید) کە لە داخیلی (ئەرزرووم) لە قەزای (خنیس) لە ئەولادی شێخ (عەلی بالووی پیرانی) بوو، لەسەر تەعقیبی حەقی سەرێحی دینی و میللی، ئەیگرن و لەگەڵ چەند کەسێکی تری نامداری کورد قەسابییان ئەکەن و ئەیانکوژن.

بەمیشەوە ڕانەوەستان (خوا عالیم و شاهێدە، بەچاوی خۆم دیم) لە دیاربەکر ١٥٠٠ کوردی ئیسلامیان وەکو مەڕ هێنا، لە مزگەوتێکدا حەبسیان کردن و بەدوو بلووک عەسکەری بۆمباچی، هەر چوار تەرەفی مزگەوتەکەیان گرت و هەموویان بۆمبابارانکردن و کوشتنیانن.

دەتوخوا زوڵمی وا لە هیچ تەئریخێکدا بینراوە و بیستراوە؟

...[٣٣٥] بەناوی مەحکەمەی ئیستیقلالەوە، تاقمێ جەللاد و قاتیلیان مونەوویرەکانی کوردیان کۆکردەوە، ناردوویانەتە دیاربەکر، لەو وەختەدا کە موحاکەمەی مونەوویرەکانی کورد ئەکرا، خۆم بیززات لەناو گوێگرەکاندا بووم، گوێم لە موحاکەمەیان ئەگرت.

دوقتۆر فوئاد، شیخ ئەییووب، شێخ عەبدولقادر ئەفەندیی، کوڕەکەی، کەمال فەوزیی، بەبێ گوناح و قەباحەت، هەروا ئەیانگرتن و ئەیانکوشتن. بەهەڵگرتنی مەحاکیمی شەرعییە، بەبەستن و گرتنی مەداریسی عیلمییە، بەرەبەڵاکردنی ژنان لەناو پیاواندا، لەناو کۆمەڵ و جێگای دانیشتنی پیاواندا، ژن و پیاو بەیێکەوە بوون. خولاسە، بەم نەوعە شتانە کوردیان عاجز کرد و دڵیان شکاندن، تەجاوزی دین و ئایینییان کردن! کوردیش لەبەر ئەم حالانە هەستانە سەر پێیان، داوای حوقووقی میللییە و دینییەیان ئەکرد. ئەگینا کورد هیچ قەباحەتێکی تریان نەبوو!

شێخ عەبدلقادر ئەفەندیی، حاجی موسا بەگ کە لە نەوەی عەلائوددین پاشا بوو، نوفووزێکی زلیان لە کوردستاندا بوو وە قوماندان ئالاکانی جوبرانی خالید بەگی میر ئالا، قوماندانێکی گەورەی عەسکەریی بوو، میللەتی کوردی زۆر خۆش ئەویست، شێخ سەعید، شێخ شەمسوددین، خولاسە مەشایخ و عولەمانی تر، هەموویان لەسەر داوای ئەساساتی دین و ئایین بوو کە بەناحەق بەم دەردەیان بردن و لەناویان بردن. لەگەڵ ئەمانەیشدا کە ئەم هەموو ناحەقییەیان کرد، حەقی کورد ناتوانن مەحوو بکەنەوە. بەکوشتنی ئەم زاتانە، ناوی کوردایەتی کوێرنابێتەوە. ئەمین بن، بزانن کە لە شەرقدا، بۆ هەموو وەختێ، ئەبێ ئەو زاڵمانە، بۆ حەرەکەتێکی میللیی و دینی کورد ئامادە و ڕاوەستاو بن.

تورک ئەبێ تێ بگەن کە هەر لەسەر ئەم زوڵم و وەحشەتەیە کە ئەرنائوودیان – ئەلبان/K – لێ جوێ بووەوە، میسر، سووریا، حیجاز، یەمەن، عیراقیان لێ پچڕا، کوردیش هەر ئەبێ لەوان بتەکێتەوە و جوێ ببێتەوە. لەمە زیاتر چارەیێکی تر نییە!

(قسە هەزارە و دوانی بەکارە!) کورد و تورک پێکەوە نابن، تێ بگەن ئەگەر زوڵم، تۆپ و گوللەی هەبێ، حەقیش قۆڵێکی هەیە ناشکێتەوە، ڕوویێکی هەیە ناگەڕێتەوە!/تەواو

لە عەشیرەتی جوبرانی

ئەمین کوردی



پ. ن؛ کە: ٢٠/٢/٢٥

[ڕواندزی – بۆ شوهەدای کوردستان!][٣٣٦]

[-/-/١٩٢٥ز]

مووسڵ

هاوارێکی بۆ شوهەدای کوردستان[٣٣٧]

ئەی شوهەدای میللییەت و فیداییانی کورد، میللەتی کورد بەشەهادەتی ئێوە، سەراپا بەرگی ماتەمی لەبەرە، چاوی هەموو کوردێک بۆ ئێوە پڕ لە فرمێسکترە، دڵی هەموو کەسێ لەبەر ئێوە پڕە لە ئاگر، بۆ حەق سەندنی ئێوە هەموو کوردێ ئامادە و حازرە.

ئەی فیداییانی میللەت! ئێوە نەمردوون، ناوی موبارەکتان لە دڵی هەموو کوردێک باقییە! هەموو کوردێ بەئیفتیخارەوە ناونان ئەهێنێ و ئەولادی خۆیان بەناوی ئێوەوە ناو ئەنێ، بەم مردنە موفتەخیر و سەربەرزبن کە میللەتتان بۆ ئێوە، هەتا دنیا بمێنێ، دەناڵێنێ! بەشەر، ئەرواحی ئێوە تەقدیس ئەکات، تەئریخ بەقەڵەمی ئاڵتوون، هیممەتی ئێوە ئەنووسێ! زەمانەیێ ئەبێ هەیکەلتان لەو جێگایەی کە ئێوەی تیا هەڵاواسراوە، دائەمەزرێ و ئەبێ بەزیارتگای نەسلی ئاتیی! ئێوە ئەمڕۆ ماددەتەن نەمان، بەڵام ڕۆحی کوردانتان ژیاندەوە، عەزم و سەباتتان نیشان دا، جیهادی قەومایەتیتان بڵاوکردەوە!

ئەی گەلی کوردان! ئەمما ئێوە، ئەمڕۆ ڕۆژی ماتەم و شینتانە... ڕەئیسی کوردان: شێخ عەبدولقادری شەمدینانی و قەهرەمانی زەمان محەممەدی کوڕی و موفتی دیاربەکر جەنابی عەبدولحەمید و کوڕەکەی و خواجەی عەسکەری و جەنابی ئەکرەم و جەنابی دوقتۆر فوئاد و ئەمسالیان، لەو وەختەدا کە بەپەتی تورکان هاڵاواسران، دیسان ئێوەیان لەبیر نەچووەتەوە و هەموو فریاد و هاوارێکیان عوموومی بوو، هیچ کامێکیان بیری ماڵ و منداڵ و خزمی خۆیان نەکردووەتەوە، عەلالعومووم فریادی کورد و کوردایەتییان کردووە... لە پاش (بژی وەتەن)، (بژی کوردستان) ئەمجار ئەو پەتی زوڵم و وەحشەتە بەکەماڵی ئیفتیخارەوە خراوەتە ملتانەوە و وەتەن و میللەتیان بەجێ هێشتووە و عەرزی ئیحتیرامیان بۆ هەموو کوردێک کردووە!

کەوابوو، لەسەر هەموومان لازمە کە بەئەبەدی، ئەم قەهرەمانانەمان لەبیر مەچێتەوە و ئەرواحی موبارەکیان، هەتا مردن تەقدیس بکەین، مانگی شەهادەتیان بەمانگێکی ماتەم بزانین و عەلامەتێکی ماتەم هەڵگرتن بەفەریزەی زیممەت دابنێین![٣٣٨]

ئەی دوڕەندە و غەددار، ئەی زالّم؛ خوێنخواری تورک، ئێوە مەحوو و هەلاک بووبوون، کورد نەجاتی دان! یۆنان ئاسارتانی بڕیی بووەوە، میللەتی نەجیبەی کورد بەخوێنی خۆیان یارییەیان دان، ئەم مەزالّمە موکافاتیان بوو؟

ئەم وەحشەتە، وەعد و وەعیدتان بوو؟ زاتەن لە نەجابەتی ئێوە هەر ئومێدی ئەوە ئەکرا. میللەتی کورد زۆر فورسەتی چنگ کەوت، بەزەیی بەئێوەدا هات، ئێوەی نەکوشت، خاک و مەملەکەتی تۆرانیان بەرباد نەکرد، بەڵام ئێوە ئەلەم فرسەتە پچووکە کەوا دەستان کرد بەمەحوو کردنەوەی قەومێکی وا نەجیب، پیاوە گەورەکانی ئەم میللەتەتان هەڵبژارد و هەڵتاناواسی. زاتەن پیاو و منداڵ و ژن کوشتن، پیشەتانە. فەقەت بەتەحقیق بزانن، ئەم میللەتە چەندی لێ بکوژن دوو ئەوەندە زیاد ئەکا.

ئەی غەددارینە، ئێمە ئیتر لە یێکتری ئاشکرا بووین، مننەتتان نەبێ، میللەتێک بەهیچ کەس لەناو ناچێ. کوردیش بەئێوە مەحوو نابێتەوە. ئەمڕۆ ڕۆژی ئێوەیە، فەقەت ئەمین بن، ئێمەیش ڕۆژێکمان هەر ئەبێ، هیچ شوبهەی نییە کە عەزم و سەباتی کورد، ئیتتیماهی شوهەدای خۆی ئەسێنێ.

ئێوە ئەی تورکچییەکانی مەملەکەتی کوردستان، ئەی جل خوارە دوشمن دین و وەتەنەکەمان، چاو هەڵبڕن، تەماشاکەن، خۆشەویستەکەتان چ دوپشکێکە، چ مارێکە، چ خوێنخورێکە، چۆن زەربەی خۆی وەشاند؟

هێشتا لەگەڵ ئەم غەددارانە، مەحببەتتان هەیە؟ ئینساف، ئینسافی موسڵمانەکەتان ئاخر ئەم غەددارەیە، هەر ئەم زالّمە بوو بەمەحامی خۆتان ئەزانی، هەی خوا عەقڵ بەئەولادتان بدا!

ئەی قەهرامانی شیمال، بەقوربانی عەزم و سەباتتان بن، بەهەموو هێز و قووەتتان دەست بدەنە تفەنگ و خەنجەرە تیژەکانتان بلەرێننەوە. حەقی قادر و ئەکرەم و فوئاد و ڕەفیقەکانیان بسێنن، خوێنیان ون مەکەن، لەژێر خاکەوە چاوەڕوانی ئینتیقام ئەکەن.

بژین ئەی قەهرەمانینە، هەموو بزانین کە تورک دوژمنی کوردە، مەحووکردنەوەی کورد غایەیانە!/ تەواو.

مووسڵ – ڕواندزی



📖 پ. ن؛ کە: ٢٦/٢/١٧

[غەریب/ شێخ محەمەد غەریب ـــ کوێخا و ئیختیاری ناحیەی قەرەداغ][٣٣٩]

[-/-/١٩٢٥ز!!]

[ش؟]

بۆ عومومی کوێخا و ئیختیارانی دێهاتی ناحیەی قەرەداغ عەرز ئەکەم؛

عەزیزان، سەلام لە عوموومتان ئەکەم، لە پاش عەرزی سەلاّم، ئەم دوو سێ کەلیمەیە عەرزتان ئەکەم.

خۆتان مەعلووماتتان هەیە، چوارسەد ساڵ لە زەمانی حەزرەتی شێخ ئیسماعیلی وەلیانییەوە – قەددەسە سیڕڕوهو – ناحیەی قەرەداغ بەپیر و موریدی و بەموڵکایەتی و بەحوکوومەتی، لەژێر دەستی ئێمەدا بوو، حەتتا حوکوومەتی تورکیا غەیرەز ماها – بێ لە ئێمە/ k – مەئمووری تری لەسەر قەرەداغ تەعین نەکردووە. وەقتی حەربی عموومی، بەموتارەکە ئەم ویلایەتی مووسڵەی تەرک کرد. ناحیەی سەنگاو و قەرەداغی دا بەدەستی ئێمەوە.

ئەمە دە ساڵە بۆ دیانەت و مودافەعەی وەتەن، خوێنی خۆمان ئەڕێژینین. تا حاڵ، دە دەفعە خانەوێران و دەربەدەربووین. ئەمین بن، تا خودا قووەت بدا دەست بەرنابم، تەوەککول بەخودا!!

باز – ئەمجارە/ k – لەسەر تەحریکات و تەزویراتی بەعزێ نامەرد و موونافیقانی ئینگلیز خوا، ئەم فەلاکەتە عەزیمە بەسەرمان بکات! لە خۆتان مەعلوومە، حاجەتی بە بایان ناکا، غەیرەز – بێ لە/ k – دەربەدەریی و فەلاکەت، قیمەتی سێ میلیۆن لیرە، حوکوومەتی ئینگلیز، زەرەری لە ئێمە داوە و ئەز – لە/ k – خۆیشانمان هاکەزا.

سەبەب بەحوقووقی قەدیم و ئیسلامییەت، موداخەلەی ئێوەم نەکرد، وتم مادام خۆمان دووچاری فەلاکەت بووین، با ئەم خەڵقە بمێنێتەوە چاکە!

خۆتان مەعلووماتتان هەیە، هەردوو سەرچنار و ئەڵەبجە و شابازێڕ و پێنجوین، ئەو پێنج ساڵە هەر چ واریداتێکیان ببێت، تەسلیمی ئێمەی ئەکەن. سەری یێک زەڕڕە، موخالیفی ئەمری ساحێب جەناب شێخ مەحموود ئەفەندییان نەکردووە. لەناوی ئەم میللەتی کوردستانەدا ئێوە ناوی خۆتان ناوە چی، لە عالەم زیاترن؟ نە! لە عەشیرەتی جاف ساحێب دەستترن؛ نە! فیکر و خوڵقی ئەووەڵ لەسەر دەرکەن تاکە خودا ئیسلاحتان

بكات. حەيات بمانەد/ حيات بماند – ژين بمێنێتەوە/ k – ئينشا الله (ئەم ولاتە؛ بەماڵی ئينگليز و عەرەب نابێ!).

خولاسە، بۆ تەحسيلاتی واريداتی عموومی، موناسيبم نەزانی كە بەلەشكرێكی زۆرەوە خۆم بێم، ئەوا برادەران و فەرزاندن – كوڕان/ k – بەدەفعەتەری عوشر، ڕەوانەم كرد، بلا خودگيريی و بەقيل و قال، عوشری زەخيرە و شينايی و توتون بەتەواويی تەسليمی بكەن! شايەد موخالەفەتی بكەن و يا كەسانێ وا بەمەرقەدی پدەرم – بابم/ k – تا خودا قووەتمان بدا، ئەز مەحوو كردنيش قوسوور ناكەين و ديهاتی سادات چ ئەحواڵێكی بەسەر هاتووە، ئينشا الله دوو قات حەق ئەسێنم.

ئيتر گوناهی خۆتان بەگەردنی خۆتان، لازمی تەبليغ نامەتان عەرز بكەم و وەسسەلام./ تەواو

ئيدارەی مەئمووری قەزای قەرەداغ و
قوماندانی عموموم سواری غەريب[٣٤٠]

📖 پ. ن؛ كە: ١٩/ و–٢٧/١

[ژيانەوە – شێخ حەمە غەريب][٣٤١]

[١٩٢٥/١٢/١٠]

[سلێمانيی]

ئەو كاغەزەی سەرەوە، هەروەكو لوورەی چەقەڵێك وايە كە لە خاريجی ئاواييەوە بێت! چ وەقتێ حوكوومەتی تورك و يا بريتانيا، قوبوولی ئەوەی كردووە، ناحيەكەی لە تەرەف ئەمانەوە كە ناوی خۆيان ناوە؛ شێخ، وا قووت بدرێ و تەزييق بكرێت؟

لە چ زەمانێكدا، شێخان، خوسووس شێخ حەمە غەريب، ساحێبی سێ ميليۆن لێرە بوون؟ ئەگەر ئەم ميقداريشيان بوو بێت، بێ شوبهە بەزۆر لە فەقير و فوقەرايان سەندووە و ديارە ئەم پارەيە حەرامە![٣٤٢]

زۆر چاك مەعلوومە كە (شێخ مەحموود) لە پاش ئەوەی بوو بەدز و جەردەيێكی عاديی، شەو جەردە بێ حەياكانی ئەنارد بۆ ئەوەی نانی فەلاح و جووتيارە قوڕبەسەرەكان بدزن و لە پاشا بەكەرەكانيانەوە ڕايان ئەكرد بۆ ئێران.

ئايا ئەمە شتێكە فەخری پێوە بكرێت؟ ئەمەيە موعامەلەی حاكمێك كە خەرجی بسێنێ؟



لە هەموو كەسەوە مەعلوومە كە حوكوومەتی ئينگليز، نايەوێ لە كوردستاندا هيچ شتێكی خەڵق ببرێت و مەيدانی كەسيش نادا كە دزييان لێ بكا، هيی شێخ مەحمووديش![٣٤٣]

ئەمما حوكوومەتی ئينگليز بەنەوعێكی وەها موحافەزەی حوقووق و عادات و ديانەت و ليسانی كوردی كردووە كە لە هيچ مەملەكەتێكی موجاويرەدا كە (بەكورد مەسكوونە) وەها نەكراوە.

ئيتر ئەی عەزيزی شێخ مەحموود، ئەو سەرينە بنێرە ژێر سەری خۆت كە هەموو كەسێ ئەزانێ تۆ لەشكرێكی زۆرت نييە، ئيللا تاقمێكی بێ دين و قاتيل نەبێت، ئەگينا بۆچ وا دووراو دوور لە ئێران دانيشتوون، كە وای پێشان دان موعاونەتتان بكا؟

بۆچی نازانن، دەمێكە توركەكان دەرەكی ئەوەيان كردووە كە سەعادەتی مەملەكەتەكە يان وا مومكينە كە ئەشخاسی وەكو ئێوەمانانی تيا نەبێت؟

بينائەن عەليهی، سلێمانييش، ئەتوانێ ئەوە دەرك بكا!/ تەواو

📖 پ. ن؛ كە: ٢٨/٢/١٥

[محەمەد ئەمين زەكی ــــ ئەحمەد بەگی تۆفيق بەگ/ موتەسەرڕيفی سلێمانيی][٣٤٤]

[١٩٢٥/٧/-ز]

[بەغدا]

مير نەجابەت، سەميرم

بينا لەسەر وجوود و لوتف و ئيعتيمادی سەركار و هەمشارييەكانی موحتەرەم، بەفەخر و شەرەف، قوبووڵی ئەم خزمەتە ئەكەم، وە لە داخيلی ئيمكاندا، سەعی بۆ خزمەتی وەتەن ئەكەم.

لەم خوسووسەوە، پێگانە سيلاحم لوتفی باريی، ئيمدادی ڕۆحيانييەتی حەزرەتی پێغەمبەری و موعاونەتی شوورەفا و نوجەبای وەتەن و ڕەفيقەكانمە، وە ئينشا الله شتێ كە موخاليفی زەمين و زەمان بێ، لە ئێمە ڕوو نادا. تەوەغغول لەگەڵ موحالات و غەيرە مەعقوولات ناكرێ. موجەڕڕەد ڕجای ئەوەم كە لە خوسووس كار و خزمەتی وەتەن و ئيحتياجاتی مومكينولئەزالەوە، دائيمەن خەبەردار و ئيرشادمان بفەرموون، تا بۆ نەيلی مەقسەد، ڕێگەيێكی كورت و موناسيب بگرين!

ڕجای دووەم ئەوەيە كە ڕەفيقەكانيشم ئيقاز بفەرموون تا وەحدەتی حەرەكەت و

سەلامەتی مەسڵەحەت، موحافەزە بکەین. ئینشا الله لە ئیرشاد و دەلالەتی ڕێگەی ڕاست، خیلاف لە ئێمەوە سادیر نابێ! هەروەکوو عەرزی (میرزا فەەج)م[٣٤٥] کردووە، بەوانی تریش ئەڵێم" «ئیتتەبیعونی ئەهدیکوم سەبیلە ڕڕەشاد/ اتبعّون أهْدِكُم سبيلَ الرشاد»[٣٤٦]. ئومێدم لە قاپی خوای گەورە وایە کە ئێمە لەبەرچاوی ڕوئەسا و ئەشراف و هامشارییەکان شەرمەسار نەفەرمووێ.

مەعلوومی سەرکارە کە ئەگەر تۆفیق ڕەفیق نەبێ، عەقڵ و تەگبیری مەخلووق بێ بەر ئەمێنێتەوە؛ «ئەلعەبدو یودەببیر والله یوقەددیروهو/ العبدُ يُدَبرِّ والله يُقدِّر!!»[٣٤٧]

ڕجای سێیەم ئەمەیە؟ ئەشراف و نوجەبای وەتەنی عەزیز، حوسنی نییەت و فیداکاریی بەندە فەرامۆش نەکەن! مەعلوومی هەر لاییێکە، موخلیس، ساحێب مەسلەک و مەنسەبم و بەڵکو لە پاش چەند ڕۆژێ تەرفیعیش ئەکەم. موخەسسەساتی ئێستام یێک و نیوی موخەسساتی مەبعووسییە. خزمەتی مەبعووسی مووەققەتییە، مەسلەکی ئێستاکەم دائیمییە، مەئمووریيەتێکی وەکو مودیرییەتی مەکتەبی عەسکەرییە و داروتتەدریب - دار التدريب/ K - دراوە بەمن![٣٤٨].

بەندە لە مەقامی شوکرانەدا ئەم هەموو مەنفەعەتە شەخسییەی خۆمم فیدای هامشارییەکانم کرد و خزمەتی مووەققەتەی (نیابەت)م قوبووڵ کرد. تەنیا ئارەزوو و ئەمەلم ئەوەیە؛ کە ئیخلاس و حوسنی نییەت و فیداکاریی فەقیر، لای خاس و عام، مەعلووم ببێ و بەنەوعێکی تر، یەعنی بۆ ئەمەل و ئومێد و تەمەع و شتێکی تر نەدرێتە قەڵەم و بەدڵدا نەیەت! هەتا بەندە موتەسەللی بم و بەخولووسی و شەوقێکی تەواو، دەست بکەم بەخزمەتی هاموەتەنەکانم.

ڕجای ئەووەڵم دیسان تیکرار ئەکەمەوە کە چونکە خۆم لە پێش گەڕانەوەی مەجلیسدا، مومکین نەبوو بێمەوە ئەوێ. ئیلتیماسی ئەوەم هەیە کە لە ئیحتیاجاتی عاجیلە، خەبەردارم بفەرموون، تا ئەوی مومکین بێ بیکەین. لەگەڵ ئەوەی، بەندە، تا ئێستا لە تەعقیبی ئەحواڵی مەملەکەت غافڵ نەبووم و قووفێکی غیابیم هەیە. ئەگەر ئەم وقووفە لەگەڵ ئیرشاد ڕێگە پێ نیشاندانی حالییدا یێک بگرێ، دیارە ئەبێتە باعیسی نەفع و قازانجی زیاتر و گەورەتر!

هەروەکوو لە عەریزەی پێشوودا عەرز کرابوو، فەقیر لە تەقدیری فورسەت، حەقیقەتەن عاجز نیم و بەڵکوو چەند ساڵ لەمەوپێش قەراری خۆمم داوە و بۆ ئەم خوسووسە عەلاقەدارانیشم تەنویر و ئیرشاد کردووە!



بینا لەسەر ئەمەی شتێک کە موخالیفی مەنافیعی حوکوومەتی فەخیمە[٣٤٩] و حوکوومەتی عێراق و وەتەن خوسووسی بێ؛ لە دەست و زبانی ئێمە دەرناچێ و هەموو غیرەت و مەساعی ئێمە بۆ ئەمە سەرف ئەکرێ کە مەنافیعی موتەقابیلە، تەوحید و بەیێکەوە، تێکەڵ بکرێ.

وەک بیستوومە، لە سلێمانییدا هەر مەکتەبی ئیبتیدائی هەیە، ئەویش زەعیفە! عەجەبا لە هەڵەبجە مەکتەب نییە و مەوجوودی مەکتەب چەندە؟ ئەحواڵی عومومییە، دەرەجەی ئیقتیداری موعەللیمەکان چ نەوعێکە؟ ئەگەر تەشەببوس بۆ تەزیدی مەکتەب بکەین، جێگەی حازر هەیە یان نییە؟ مەکتەبی ئەوقاف هەیە یان نا؟ ئەگەر هەیە مەوجوودی چەندە و لە چ حاڵێکدایە؟ ئەحواڵی سیححییەی عومومییە چۆنە؟ ئەگەر تەشەببوس بۆ خستەخانەیێک بکەین، جێگا دەست ئەکەوێ یان نا؟

لەم خوسووساتەوە، لە خوسووس ئیحتیاجاتی ترەوە، لوتفەن تەنویرم بفەرموون، بەڵکو ئینشا الله شتێک بکەین!

باقی لە غایەت بەدەر مەمنوون و مننەتداری جەنابی عالی و ئەشرافم. ڕجای دەوامی موحیببەت و موعاوەنەت ئەکەم.

خوا تەوفێقی هەمووان بدا!/ تەواو

[محەمەد ئەمین زەکی]

📖 پ. ن؛ کە: ٢٩/١/٢٢

[هەنری دوبس H. Dobbs - حەفید زادە مەحموود][٣٥٠]

[٤/١١/١٩٢٥ز]

[بەغداد]

بۆ شێخ مەحموود

موددەتێ لەمەوپێش، کاغەزی ئێوە بەتەئریخی ٢٠ی ئۆگوستۆس بەواسیتەی موفەتتیشی ئیدارەی سلێمانییەوە گەیشت![٣٥١]

لە خوسووس ئیفداتی سیاسییەوە کە لەو کاغەزەدا بەیانتان کردبوو، جواب هەر ئەمەیە؛ کە حوکوومەتی موعەززەمەی بریتانیا، قەرار و عەزمی قەتعی کردووە کە: (ئەبێ کوردستانی جونووبی لە داخیلی مەملەکەتی عێراقدا بمێنێتەوە!)[٣٥٢] مەعەهازا بەنەزەری ئەهمییەتی تەماشای ئەوە کراوە کە مەئمورینی کوردی بۆ تەعین بکرێت و بۆ موعامەلاتی

ڕەسمییە و تەدریساتی مەکاتیب، زبانی کوردیی ئیستیعمال بکرێت کە ئەمە لە ئیستیقبالیشدا ریعایەت ئەکرێت.

مەعلوومە کە چ حوکوومەتی ئێران و چ حوکوومەتی تورکیا، لە هیچ زەمانێکدا ئەم نەوعە ئیمتیازانەیان بەکوردەکان نەبەخشیوە![٣٥٣] لە ئێوەشەوە مەعلوومە کە حوکوومەتی تورکیا، ئێستا دەرحەق بەکوردەکان، سیاسەتێکی ئێجگار زاڵمانە و ئیعتیسافکارانە تەتبیق ئەکا و بۆ مەحوو و پایماڵ کردنی دیانەت و زبان و مەنافیعی کوردەکان سەعی ئەکا! ئێستا کوردەکانی عێراق بەواسیتەی ئەو ئیلتیفات و مەرحەمەتەوە کە لە حوکوومەتەوە دەربارەیان ئەکرێت، لە هەموو کوردەکانی سائیری مەمالیکی کە مەسرووړتر و خۆشحاڵ ترن. لەبەر ئەوە تەحریکاتی ئێوە بۆ عەشائیری کوردی بەزددی حوکوومەت ئەبێتەوە باعیسی بەڵای عەزیم بەسەریانا و تەشەببوساتی ئێوە بەرامبەر بەقووەی حوکوومەتی بریتانیا کە موئەییدی عێراقە، بێ فائیدە و عەبەس ئەمێنێتەوە.

ئەگەر لە حەرەکاتی ئێستاتانا عیناد و دەوام بکەن، لە نەزەر عالەمدا شەرفتان زائیل ئەبێت و هەروەک دزێکی عادیی، تەماشاتان ئەکرێت و عاقیبەت دووچاری فەلاکەت و موسیبەتی عەزیم ئەبن! ئێستاش وەکوو جاران حازرم بۆ ئەوەی ئێوە قوبووڵ بکەمە بەغداد و ئیحتیرامی شەرەف، تەئیمنات ڕابگرم و لە خوسووس موستەقبەلەوە، موزاکەرەتان لەگەڵ بکەم! وە ئەگەر لە پاش هاتن ئارەزووتان کرد بۆ جێگەی خۆتان بگەنەوە، تەعەهھود ئەکەم، مانیعی عەودەتتان نەبم.

ئەگەر فیکری مولاقاتتان هەیە، ئەبێ زوو بێن، چونکە ڕۆژی سییەمی کانوون ئەووەل، بەڕوخسەتی سێ مانگ لە بەغدادەوە، ئەچمەوە بۆ لۆندرە!

هەنری دوبس

مەندووبی سامی عێراق[٣٥٤]

[تەواو][٣٥٥]

١٢- سەیید ڕەشید نامەنووسی پێشڕەو و هونەرمەند!

ڕۆژنامەی یێکەم (کوردستان - س ١٨٩٨ز) دڵنیای کردووین کە - بەپەخشاننامەی شێوەزاری کورمانجی باکوورەوە - بەڕاستی سەرەتای ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی، لە ڕۆژگاریەوە هەڵکەوتووە! بەڵام ئەگەر پیرەمێرد لە ١٩٠٨ز.دا (یێکەم پەخشان) و بابامێر محەمەد حسێن خان لە ١٩١٣ز.دا (یێکەم نامە) و زەکی سایبب لە ١٩٢٠ز.دا (یێکەم



نامەی هونەرانەی)ی شێوەزاری بابان/ موکری/ سلێمانیی/ سۆرانییان(؟) ئاشنا کردبین، ئەوە هەمیشە پرسیارێکی سەرسام لە دڵدا ماخۆلانیەتی و هاوار دەکات؛ ئەم شێوەزارە کە بەهونەری شیعر و (شیعرنامە) و بەپەخشانی ناسکی (ئەدەبی سەرزاری)ەوە، دەوڵەمەند خۆی دەنوێنێت، داخۆ؛ لە ئەو مەودا باس کراوەدا، هۆش و بیرێ، قەڵەمی ژیرێ، هەڵنەکەتووە کە مێژووی ئەم چڵەی ئەدەبەمان، گەشتر، ڕەنگینتر بنوێنێت.

ڕاستییەکەی - بێ درێژکردنەوە - خۆشبەختییە کە تریفەی وەڵامێکی ڕووناک ڕووناک چاو و دڵ ڕوون دەکاتەوە.

لێ کۆڵ و نووسەرێکی کوردستانی خۆرهەڵات؛ سوبهەرووددین ئەبووبەکر خوانچە، لە کتێبی فارسیی؛ (زینده گینامەی عاریفی ڕببانی حەزرەت شێخ یووسف مولەققەب بەشەمسووددین بورهانی/ زندگینامه عارف ربانی حضرت شێخ یوسف ملقب بشمس الدين برهانی - س ١٩٨٩ز)دا، لاییێنگرێکی ئەو پیرەی ڕێبازی نەقشبەندیی و خانەقانیشینی گوندی (بورهان)ی نێوچەی موکریانی کوردستانی خۆرهەڵات؛ (سەیید ڕەشید)ی ئاشنا کردووین کە - وەک لە نێوداراندا ژیننامەی ڕوون کراوەتەوە - لە فێرگەکانی باژێڕەکانی کوردستاندا، بۆ خوێندن عەوداڵ بووە و لەبەر پیرەکەی، ناچار - دەستی لێ هەڵگرتووە و تا مردن دڵسۆز و باوەڕپێکراوی خۆی و جێنشینەکانی و خانەقاکە بووە.

سەیید ڕەشید کە شاعیر و پەخشاننووسی فارسیی و کوردیی بووە و چەند نێوناسێکی هەبووە، کەسێکی زمان پاراو و خەندان و قسە نەستەق و خۆش گۆ بووە و سڵی لە کەس نەکردووەتەوە! وەستا بووە لە پەخشانی فارسیی و بەتایبەتی لە (کوردیی)دا، بەڕادەیێ سوپهەرووددین کە (کۆمەڵێ نامەی فارسیی و فارسیی - عەبدوڵڵەی ئەنساری - لە ئەدەبیاتی فارسیدا - لە مەیدانەکانی پەخشانی سەرواداردا - نەسر موسەججەع/ نثر مسجّع - توانا و بەهێز بێت، ئەوە سەیید ڕەشید لە ئەدەبیاتی کوردییدا، داهێنەر و بنایتنەرە!)[٣٥٦]

سوپهەرووددین - وەک بڕیارەکەی بەجێیە - لەمەڕ قۆناغی ئەدەبی و پێشڕەویی نێوبراو لە ئەدەبی نامەنووسینی کوردییدا، ڕاست دەبێژرێت؛ (سەیید کە نامەنووسی کوردیی دەست دایێ، هێشتا لە کوردستانی باشووردا - لێکندراو بەعێراقی عەرەبەوە/ k - هەر زەمینەی شیعر خۆش بوو، نامەنووسین بەزمانی فارسیی بوو، بۆ مەبەستەکانی زانست و ئایینیش، کەڵک لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە!)

هەمان لێ کۆڵ، توانای هەڵسەنگاندووە و پتر دەبێژرێت؛ (ئەو نوێخوازیی، جوانکاریی و ڕەوانبێژی و خۆش ئاهەنگییەی ئەو کە بەکەرەستەی سادە تا خۆماڵییەوە دەینواندن، لە کەسانی دی نەوەشاوەتەوە!)[٣٥٧]

لێکۆڵ و بڵاوکەرەوەی نامەکانی، هێندە بەهونەر و زمانییەوە دەنازێت، پشت ئەستوورانە دەڵێت: (ئەگەر هێندێ لە نووسەرانی فارسی، لە سەدەی چواری کۆچییدا بەئاشکرا گوتبیەتیان: ئێمە ناتوانین مەبەستەکانی زانستیی/ عیلمیی، بەزمانی دەریی – زمانە نافارسییەکان، بۆ وێنە کوردی/ K – ڕوون بکەینەوە، ئەوە سەیید ڕەشید کەسێکە کە ڕاست و ڕەوان جەخت دەکات؛ کەسێ بەهرەمەند بێت، بەهەر زمانێ بخوازێت – بەتایبەتی زمانی زکماکی – دەتوانێت مەبەستەکانی ڕوون و ئاشنا بکات!)[٣٥٨]

نامەکانی سەیید ڕەشیدێکی خانەقانشین و عەودالّی سۆفیاتیی – کە پێی ڕانەگەیشتووە – وێڕای نواندنی زمانپاراویی، لە چڵەکانی هونەری ئەدەبی عەربیدا، وەک ڕەوانبێژیی/ بەلاغە، ڕەگەزدۆیی/ جیناس، دەقگیریی/ تیایاندا، دیسان بۆ ئێمە دوو ڕاستی دەنوێنن... لە لایێکەوە توانا و پێزی (زمانی کوردیی) دەسەلمێنن. لە لایێکی دیەوە، پێشڕەویی خۆی، بەر لە شاعیران و نووسەرانی دی لە ئەدەبی نامەنووسیندا دەنوێنێت کە تەنانەت هیچ کەسێ، بۆ وێنە (پیرەمێرد)، (ناری) بەئەندازەی ئەو و بەئەو هونەرانەوە، سەرگەرمی نامە نووسین نەبوون! لە ئەوەش پتر دەتوانم بڵێم – بەڕۆشنایی نامەی هەشتەم – کە سەیید ڕەشید پێشڕەوە لە نووسینی (پەخشانی هونەرانە)ی کوردیدا، بگرە، ئەگەرچی مێژووی کارەکەی ڕوون نییە، وەک یێکەم پەخشاننووسی هونەرانەی کوردیی لە سەدەی بیستەمدا، دێتە بەرچاو و بۆڕی قازیی زادە مستەفا شەوقی و مستەفا سایبیشی داوەتەوە! بۆ ئەم باسەش – بەئەو هۆیەوە کە مێژوو بەسەر نامەکانەوە نییە و بڵاوکەرەویشیان سنووری مێژوویی نامەکانی پێ ساغ نەکراوەتەوە و ئەز لە پەراوێزدا ڕوونم کردووەتەوە – دڵنیام کە (بەر لە ساڵی ١٣٢٨ک/ ١٩١٠ز – شێخ شەمسوددینی پیری لە ئەو ساڵەدا مردووە – نامەی کوردیی و هونەرانەی نووسیوە و لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ز – ١٩٢٢ز.دا یادگاری نامەکاریی زیندووە) کە گومان نییە ئەوێکی وەستا تا کۆچی ماڵئاوایشی لە ١٩٣٧ز.دا هەر پێوەی خەریک بووە، بەتایبەتی کە نامەنووسین بۆ ئەو وەک پیشە و خولیایێکی گیانی گیانی هەمیشەیی بووە! بەکورتی دەتوانم ببێژم – ئەگەر زووتریش دەستی نەدابێتێ – لە نێوانی ساڵانی ١٩٠٨ز – ١٩٣٧ز.دا بەئەم چڵە هونەرەی ئەدەبی کوردییەوە خەریک بووە!



بابەتەکانی نامەکانی سەیید محەمەد ڕەشید ئەگەرچی دەور و خولی دۆستیی و ئاشنایەتییان داوە و (ئیخوانییات) بووە، ئەوە ڕەنگ و بۆ و کاری ڕۆشنبیریی ئیسلامی عەرەبیی، فارسیی، هەروەها سەلیقە و شارەزایی خۆی، بەتایبەتیش لە زمان و ئەدەبی کوردیدا دەنوێنن! وەک سەرنجیشم داوە، سەیید ڕەشید لە سەرەتادا بەنامەکاریی فارسیی، ئەوجا فارسیی و کوردیی، دوایی بەکوردیی تەواوەوە خەریک بووە کە ئەز – لەبەر پێویستی – هەر نامە فارسی – کوردیی و کوردییەکانم بەسەرکردووەتەوە.

ئەمێستە ئەو پرسیارە گرنگەم لەبەرچاوە کە خۆی دادەکوتێت و دەڵێت: بنچینەی هەڵکەوتنی نێوبراو زەبر و ڕەنگ و ڕووی چ قۆناغێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی دەنوێنێت؟

ئەز دڵنیا دەڵێم کە هەڵکەوتنی ژینی دەستووریی – مەشرووتەی (ئێران – ١٩٠٦/٨/١٥ز – ١٩٠٩/٧/١٣ز) و (تورکیای عوسمانی – ١٩٠٨/٧/٢٣ز) زەبری کاریگەریان بۆ بووژاندنەوەی گیانی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی کورد هەبووە. بەڵگەی زیندووش – ئەگەرچی باسی دووبارەیە– لەبەرچاوە کە دوای مەشرووتەی ئێران، ئەنجوومەنەکانی کورد دامەزران و لەلایێن مەهابادیی قازی فەتاحیشەوە بانگی (خودموختاری) درا. لە لایێکی دییەوە لە نێوان ١٩١٢–١٩١٣ز.دا، خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی باکوور عەبدوڕڕەزاق بەدرخان و کوردی خۆرهەڵات سمکۆی شکاک پێکیان گرت و وێکڕا لە بازێڕی (خۆی)دا (کۆمەڵی جیهاندانی)ان دامەزراند و کەوتنە جۆشدانی گیانی نەتەوەیی و قوتابخانەیان بۆ زارۆکان کردەوە و کۆششیان بۆ چاپخانە و گۆڤار و ڕۆژنامە دەرکردن کرد و دواتریش دوای (ا. ج. گ) سمکۆی شکاکی سەرکردەی نەتەوەیی خەباتی شۆڕشگێڕی کرد و فەرمانڕەوایی دامەزراند و چەکی سیاسی و ڕۆشنبیریی، بەتایبەتی (ڕۆژنامەگەریی)شی بەکاربرد.

لە لایێکی دییەوە، هەر لە ڕایێڵەی پەلاماری زەبری ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەپەروەرەکانی باکوور، لە نامە کوردییەکەی (بابا مێز محەمەد حسێن خان)ی سەرداری موکریی و سابڵاخ و (مژدە)کەی قازیی زادە مستەفا شەوقیی بۆ (کردنەوەی قوتابخانەی کوردی) لە گوندی (شەرەفکەندی) موکریدا لە ساڵی ١٩١٣ز.دا دەبینینەوە کە مەولانا حاجی مەلا محەمەد سادیق – لایێنگر و ئەوجا جێنشینی شێخی بورهان لە س ١٩١٠ز.دا – گفتی کردنەوەی داوە (سەیید ڕەشیدیش وەک لە نامەکانیدا نێوی ئەو زاتەی هێناوە و لایێنگیری بووە).

لە ئەوە پتـــر دەتوانم بشـــڵـــێم؛ (ئەدەبی نامـــەنووسنی کـــوردیی)ش هەر بەزەبری ئەو مەڵامەتانە، بەتایبەتی لە دوای ڕۆژنامەی (کوردستان - س ١٨٩٨ز)ەوە، لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا و بەتایبـەتی لە نێـوچەی مـوکـریان و (گـوندی بورهان، خـانەقـای بورهان)دا سەری هەڵ داوە و (سەیید ڕەشید)یش لە ئەو مەیدانەدا سوارێکی پێشڕەو بووە.

جێگەی خۆیەتی ڕوونیش بێت کە؛ (هێمن)ی شاعیری گەورە، جەختی کردووە بۆ زەبری چاکی ئەو (خانەقا)یە لە ژین و کرداری هەڵکەوتووەکانی بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی کورددا.

ئیـدی پێـویسـتی نابینم پتـر بئـاخـێـوم و چاکـتـرە کـە چەپکێ گـوڵنامـەی (ئەدەبی نامەنووسینی کوردی) لە گوڵزاری هونەری سەیید ڕەشیدەوە بچنم کە بۆن و بەرامەیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بۆ بەرەودوا پاکۆ نابێت![٣٥٩]

١- نامەی فارسی - کوردی سەیید ڕەشید![٣٦٠]

🕮 پ. ن؛ کە [ف. ک. - ١): ٣٠/١/٢٣[٣٦١]

[سەیید ڕەشید ـــــ ییێکێ!!]

٢٠ ڕەجەب [بەر لە ١٩١٠ز][٣٦٢]

[ش؟]

قربانت گردم

بعد از اینکه قاصد مراجعت نمود، اسباب خیالات فاسسده برای چاوەشیان فراهم آمد؛ من جمله اندیشه میکنم که از دشنامهای محبت امودت انگیزم. اگر سردفتر ارباب تمیزرا خدای ناخواسته غبار بر خاطر نازک فرونشیند و تنزلات و حوقوق سالیانه، خاکسار را در نظر همان یار عزیز اعتباری نماند و داغ حرمان را بر جبین نامرادی نشاند، خاک کدام سر زمین را بسرکنم و دیگر از کمی توتون اگر خیالی بفرماید و از این رو دلگیر آید چه چارەسازم و خود را بکدام خاکپا دراندازم؛ بکدام قدمگاه سراندازم؟ والحاصل از اندازه بدر غم و اسف وندامت برخاطر جمع آمد وبنیات عیشم را قلع و قلعهء عشرتم را بالمره قمع نمود...

در ورطهء غم غوطه می خوردم تا امشب که پنجشنبه بیست رجب است، در موقعی که سلطان جهان آرا در آن میان قدر پر کاه نبودی و خسرو خاور از پرتو نسبت انحضرت خلقت (وجعلت الشمس ضیاء) پوشیدی و ماه گردون جاه از شعاع طلعت او شربت



(والقمر نورا) نوشیدی، مکررا معروض داشتم که تصدق گردم!].

**وەرگێڕاندنەکەی** [قوربانت بم. دوای گەڕاندنەوەی نامەبەر، هۆی خەیاڵە پڕوپووچەکانی (چاوەش)ت کـۆ بووەوە. لە ئەوانەدا خـەیاڵم ئەوهەیە، جنێـوە خـۆشـەکـانت کـە تێکەڵی دۆسـتی و خۆشـەویسـتین؛ ئەگـەر خوانەخواسـتە تۆز و گـەردێکی بکـەوێتـە بان دەفتـەری ناسکی ژیران و ئەجری ساڵانـەی بەندەی پچووکـتـان نرخی نەمێنێ و داخی بێ بەشی بنێ بەنێـوچەوانی نامـورادیەوە، خاکی چ زەمـینێ بکەم بەسـەرمدا؟ ئەگـەر لە بێ توتونیـشدا، بیرکردنەوە بفەرموون، ئەگەر لە ئەم ڕووەوە دڵتەنگ بن، ئیدی چ چارییێکم دەمێنێت و خۆم بدەم بەسـەر خـاکی بەرپێی کـێـدا؟ سـەر بخـەمـە سـەر جـێگەیی کـێ؟ سـەرئەنجـام لە ئەندازەبەدەر، خەم و درێخ و پەشیمانیی لە بیر و هۆشمدا خڕبوونەتەوە و بنچینەی خۆشی ژینمیان هەڵتەکاندووە.

لەنێو کێشـەی خەمدا نوقمم، تا ئەو شەو کە پێنج شەممە؛ ٢٠ی ڕەجەبە و لە کاتێکدا کە سـولـتـانی جیـهـانـی ئارا لە ئەو نێـوچەیەدا نرخی قلێ کـای نەبوو و تیـشکی خۆریش لە ئاسـتی ئەو بەرێزەدا کـاڵای (وجـعل للشـمس ضـیـا ء)ی پۆشی و مـانگی گـەردوونـیش بەتیشکی پەخشانی ئەو شەربەتی (والقمر نورا)یی پۆشی، دووبارە عەرزم کرد؛ بەساقەت بم!/ تەواو].

فلانێ بۆی نووسی بووم؛ عـەرزی شێخی بکە، لەو بەیتولمالە حەقیـقیـیە کە خودا وەکن تۆی ناوە و تۆی کردووە بەموقەسسیم کە لە بەینی ئەسنافی سەمانیەدا تەفریقی بکەی، منیش یا موئەللیفەتولقووبم یا سەگی فوقەرام.

بەهەر جیهـەتێ لەم دوو جیهـەتە، لە ئەربابی ئیسـتیـحقاقم، ڕجام واسیتـە کە حەزرەتی ئەرحەمولعالەمین بێ بەشم ناکا!

شـێخ - شـێـخی بورهان/ K - پێکەنیی و فـەرمـووی (دەی دەی، ئەدیی جـوابت بۆ نەنووسـیـەوە؟ بۆی بنووسـە کـە شـێخ دەڵـێ: بەڵێ منیش وەک ئاوی جـاری لە تینووان دەگـەڕێم، شەڕم دەگـەڵ مـەنسـووبی خۆم هەر ئەوەیە کە کـەسێکم وەدەست کـەوێ، ئەهلی ئیستیحقاق بێ، خۆی بەموحتاجی ئەو بەیتولمالەی بزانێ کە وەزیفەی ئەسنافی سەمانیە و بەراتی داخیلینی ئەبوابی سەمانیەیە، ئەمما شورووتی هەن:

ییێکێ لەوان؛ ڕوشدە! ییێکێ لەوان؛ تەسدیق بەوجوودی ئەو بەیتولمالەیە! ییێکێ لەوان ئەوەیە؛ دەبێ جـەواڵی خۆی بەکـۆڵدادا، بێـتـە کن مـوقـەسسـیم، بەتەوازوع جەواڵی خۆی دەگرێ تا بۆی تێ بکەن. هاکەزا...

دەی خودا بەشی بدا، یا خوا! بەخوا زەکا خۆشە!]
عەرزم کرد، بەڵێ بەعزێکم لەوانە بۆ نووسیوە...

[بەدیداری تو چندان مایلستم
که از غیر تو یکسر غافلستم
چنان سرمست و حیران بەهجرت
بەدرد خویشتن هم جاهلستم
بەقامت سرو آزادی بەرخ گل
منت هم قمریم هم بلبلبستم
دل آید سوی تو من در پی دل
چه سازم خودگرفتار دلستم
فراقت کرد بیزار از حیاتم
بەمرگ خود کنون مستعجلستم
زاشک حسرتم گُلگشت گل گشت
بەهر دوپای اکنون درگلستم
بەماضی حال (چاوەش) اینچنین بود
کنون در غضه مستقبلستم]

وەرگێڕاندنەکەی:

[بۆ دیداری تۆ گەلێکان بەمەیلم
بۆ غەیری تۆ من غافڵ
بەدووریت بەچەشنێ سەرمەست و حەیرانم
کە لە دەردی خۆم بێ ئاگاو و خەبەرم
بەباڵای سەرووی ئازاد، بەڕووی گوڵ
من بۆ تۆ وەک قومری و بولبولم
دڵ بەرەو تۆ دێ، منیش لە دووی دڵم
چی بکەم، خۆم گەر گرفتاری دڵم؟
جوێ بوونەوەی تۆ لە ژینی بێزاری کردووم
بۆ مەرگی خۆم تا بلێیت پەرۆش و پەلەم



لەناو فرمێسکی خەمدا، گوڵزار بووەتە قوڕ
ئێستە بەهەردوو پێ لە نێوی قوڕم
ڕابوردووی حاڵی (چاوەش) ئەوهەبوو
ئەمێستە پەست وخەمخۆری دواڕۆژم]

وەسسەلام

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە [ف. ک - ٢]: ٣١/٢/٢٣
[محەمەد ڕەشید - عەزیز ئاغای عەباسی][٣٦٣]
[م؟]
[ش؟]

[عزیزی را که از اهل تمیز است
بحب حضرت یوسف عزیز است
هوا خواه گروه صادقان است[٣٦٤]
تو گویی کهربای عاشقان است
بسوقات دعای خیر دارین
تهم برگردنش هر دم دو صد دین
کند گر در ادای دین تأخیر
شود اوهم چو من از اهل تقصیر
تفاوت هست من، بیدست و پایم
از این رو بیجواب آید دعایم
خدا شکر نقداً او عزیز است
خداوند دل و دین و تمیز است
اگر او در ادا تأخیر دارد
بەبی عذر روا تقصیر است]

وەرگێڕاندنەکەی:

[ئازیزێ کە ئەهلی ژیرییە
بەدۆستی حەزرەتی یووسف ئازیزە

هەواداری دەستــــەی (ســادیقــانە)
تۆ دەڵێـیت کـە کـارەبای عـاشـقـانە
بۆ دوعـــای خـــێـــری هەردوو دنیـــا
هەمیشە دووسەد فەرزت وا لە گەردندا
ئەگــەر لە قــەرزدانەوەش دوا بکەویت
تازە وەک من، تۆش ئەهلی تەقسیـری
جـودایی هەیە کـە من بێ دەست و پێم
بۆبێکا نزا گـــۆبیم هەر بێ وەڵامـــە
سوپاس بۆ خوا ئەمێستە ئەگەر عەزیزە
خــــــاوەنـدی دڵ و دیـن و هـۆشــــــە
ئەگــەر ئەو لە فـــەرمــان دوا بکەوێت
بەبێ بەهانەی ڕەوا، کردەوەی تەقسیرە

[آقای؛ من برادرم سید محمد را، سفارش فرموده بوند که اگر طاقت سفر و نقل را ندارند تا وقت اعتدال هوا معاف باش.

بزرگی لعمل وردید، خدای تعالی بحسن مجازات و قبول خاطر عزیزان بر ما وشما منت نهاد وطرفین و جمیع یاران را مشمول مراحم پیران کناد آمین!

جناب آقا هم اگر وقت مساعده شود و شواغل از پیش برخیزد، وفا بەعهد فرماید وتشریف را باورد و مدتی در خانقاه گوشەگیر باشد. شاید در مقابل بومی و گنجشک گیری که بازی و طفلانه است، شهبازی و کبوتر و نخچیری نقد وقت گرد.

هین مگو مـا را بدانشـه بارنیـست
باکـریمان کـارها دشـوار نیـست

باوجود اگر تشریف را آوردند باهمەکس آشناو با مادر نبردید. شیخ شیرازی رحمه الله در خدمت نادرستان فرموده است:

دو برابر چو گـوسفند سلیم
در قفـا همچـو گـرگ مـردم خـوار

حالت جناب آقا با داعی خیر خواه ضد آن است:

در برابـر چـو رو بـه گـــــــر بـرز
در قـفـا همـچـو شـیـر صـاحب عـار



چون به تجربه رسیده است، هر وقت ملاقات در بین واقع شد، صورت جدال بەمیان می آید و هنگامیکه نمیبت بەداعی از مدعیان قبول ننموده اند، باز از دل و جان مترنم این آوازم که وصف الحال و مناسب مقام است:

باز راسته و مرا بکش که پیشت مردن
بهـتر کـه پس از تو زندگانی کـردن!]

وەرگێڕاندنەکەی:

[ئاغام... سەیید محەمەدی برا ڕاسپاردەی فەرموو بوو کە ئەگەر توانای سەفەر و هاموشۆم نەبێت، تا خۆش بوونی کەش و هەوا، بەخشراوە! گەورەیی بەکاربەبە! خوای باڵا پاداشتی خێر و چاکە بەسەر ئێوە و ئێمەدا بەمننەت ببەخشێت و هەردوولا و هەموو دۆستانیش بەر ڕەحمەتی پیران بکەون، ئامین!

ئاغای بەڕێز... ئەگەر کات لەباربوو، سەرقاڵ نەبوو، کۆسپ لەبەردەم نەبوو، وەفای خۆی بەجێ و تەشریف بهێنێت، ماوەیێ لە خانەقادا گۆشەگیر بێت. ئەگەر لە بەرامبەر کوندەپەپوو و چۆلەکەگرتن کە یاریی منداڵانەیە، شاباز و کۆتر و نێچیرێ دەستکەوتی ئەوکاتەی بێت:

وریابە بەئێمە مەڵێ بۆ لای ئەو پاشایە ڕێگە نییە
لەگەڵ بەخشندەکان کار سەخت نییە

وێڕا، ئەگەر تەشریفتان هێنا، لەگەڵ هەموو کەس ئاشنا و لەگەڵ ئێمە دەرنەبا، شێخی شیرازیی سڵاوی خوای لێ بێت لە زەمی ناڕاستەکاندا فەرموویەتی:

لە بەرامبەردا وەک مەڕێکی پاکە
لە پاش ملەشدا وەک گورکێکی پیاو خۆرە

حاڵەتی جەنابی ئاغا لەگەڵ بەندەی خێرخواز، دژی ئەوەیە:

بەرەو ڕوو وەک ڕێویی زیرەک و فێڵباز
لە پاش ملەشدا وەک شێری بەعەیب و عارە!

تاقیمانە نیشانی داوە، هەر کاتێ بەیێک گەیشتن هاتەدی، شێوەی مشتومڕ، دێتە گۆڕێ. هەر کاتێکیش کە دیار نەبوو، سۆز و بەزەیی دەفەرمووێت و زەمی بەرامبەر، لە بەدخواهانەوە پەسەند ناکات.

منیش بەدڵ و گیان ئەم ئاوازە دەڵێمەوە کە شایانی باس و ئەم شوێنەیە.

دووباره وەرەوە و من بکوژە کە مردن لە بەردەمی تۆ باشترە
لەوەی کە لە پاش تۆ ژیان بەرمە سەر!]

نۆبەی جەڤەنگە: سەد حەیف مەلا سوڵتانی ئەحمەق، حازر نییە تا بەگژی تۆیدا کەم!! هەر ئەو گۆڕت دەکێشێ!

ئەرێ عەزیز؛ توخوا بۆ چ هێندە درۆزن و بێ وەعدەی؛ وەک وشتری نێو پەمۆ، چاو دەقووچێنی و دەلەوەڕێی، وە دەزانی کەس نەیدیویی؟ ئاخر ئێمە، ئینشا الله، دوو ڕۆژی دی یێکدیی دەبینینەوە، ئەتۆ ئەوسا بووتە ڕەشەکەی کە لە کن ڕەشەی خۆت پێ سپی کردووە، چی لێ هات؟ توتنی نێو چیای؟ دەڵێی کەمە! کاغەزی دەمەربۆڵ؛ دەڵێی هەمە، ئەمما هەر بەشی خۆم دەکا! نۆشی گیانت بێ، چاوم لێی نییە، وەدەزانم خۆشەویستی خۆم دەعەمەلی هێنا، لە کەمەرە شلکانی سلێمانیی[٣٦٥]، بۆ چ بەشم نادەی؟ دە قسەت چییە؛ خێر!! وەالله سەگەتیت لێ نابڕێ!!

پەشیمانم، ئەوجا دەڵێم؛ ڕووبەڕوو چاکی، پاشملە ناپاکی! بابە کەیفی خۆتە عەزیز؛ تووڕە مەبە و هیچم ناوێ!

بەخوای، ئینشا الله نەختێک هەوای خۆش کا، یا دێی یا دێم، تۆڵەی هەمووانت لێ دەکەمەوە.

[باقی داستان فردا، در خدمت جناب ملا سعید بعرض دست بوسی مصدع و اهل مدرسه را سلام میرسانم!]

وەرگێڕاندنەکەی [دوایی داستان بۆ سبەی و دەستی مەلا سەعید ماچ دەکەم و سڵاوم بۆ کەسانی نێو فێرگەی دەنێرم!]

بەخوای عەزیز، هەر بەو قاعیدەی بۆ خۆت داتمەزراندووە، ئەگەر عیلاجێکی سەر و قوونی برایم و بایبزێ نەکەی، لە هەموو خێری خودای مەحرووم دەبن. ئەنجا کەیفی خۆشتە!!

[جناب شیخ محمد – حفظه الله – و قاطبهء أهل خانقا علیّه بدعای خیر سلام فوق الغایه یاد آورند و بههمت پیرانتان می سپرند، علی الخصوص جناب شیخ امین و ملا علی و مام حسین سلام رسان و دعاخوانند]

وەرگێڕانەکەی: [جەنابی شێخ مەحەمەد – کوڕی شێخی بورهان/ K – خودا بیپارێزێت و هەموو کەسی خانەقای پایەبەرز، بەنزای چاک و سڵاوی زۆر یاد دەکەمەوە و



بەهیمەتی پیرانتان دەسپێرم، بەتایبەتی سڵاو و نزام بۆ شێخ ئەمین و مەلا عەلی و مام حسێن!]

عەزیز؛ نازانم سەبەب چییە، لەو بەینەدا چوار پێنج کەڕەت، لە خەودا بەتەفسیل چاوم پێت کەوتووە؟ گفتوگۆ و سوحبەتی زۆرمان بووە، لە خەودا ئینسانتری!

ڕەنگە ئاگات لە خۆت نەبێ، لە خەودا هەنگوینی بێ مێشی، سەلیم و موسوڵمان و ڕەئووف و میهرەبانی، ئەمما بەزاهیر جارجار خۆت ئەحمەق دەکەی!

ڕەنگە هەر مەتڵەبت ئەوەبێ لە بیرت نەچێتەوە، دووری دەکەیەوە: گاھ گاھێ وەک فەقییەکان، قەدەم لێ دەدەی و کەسی تووڕەیی دەکەی! حەتتا ئەحمەد بەو هەموو منداڵییەوە، ئەوەندە حاڵی بووە، دەڵێ: ئاغا قوولەیە! ڕاست دەکا، هەر هێندەی لێ دەزانێ، دەئا شتێکی زلتری دەگوت!

عەزیز؛ ئەگەر شەرمت بەخۆبێ، بەستە! ئەحمەق، خەڵق لە دەرەوە بەپیاوێکی تەواوت دەزانن، لەکنیان وەبە، لە دەرەوە و ژوورەوە هەر چاکی!

[ز گوش پنبه برون آر و داد خلق بده
و گر تومی ندهی روز دا خواهی هست!]

وەرگێڕاندنەکەی:

[لۆکە لە گوێ دەربێنە و دادی خەڵکی بدە
ئەگەر تۆ نەیدەیت، ڕۆژی لێ پرسینەوە هەیە!]

عەزیز، مەحزی کەیف خۆشی تۆ، خۆم هێندە ئەزییەت داوە، ئەگەر زۆریشت پێ خۆش نەبێ، تووڕە مەبە! هێشتا قەباڵەم مۆر نەکردووە، با هەروابێ، مۆر نەکرێ.

زیادە ایام بکام و عمرتان مدام باد آمین

وەرگێڕاندنەکەی:

[پترەکەی، ڕۆژگارتان خۆش و تەمەنتان درێژ. ئامین]

وەسسەلاموعەلەیکوم وەڕەحمەتوالله وەبەرەکاتوهو.

[تەواو]

محەمەد ڕەشید

پ. ن؛ کە [ف. ک - ٣]: ٣٢/٣/٢٣

[سەیید ڕەشید - میرزا عەبدوالله](٣٦٦)

[دەوروبەری ١٩٢٠ز - ١٩٢٢ز](٣٦٧)

[ش؟]

### براکەی بابم

بۆ تۆ کەبابم. ئاوورێکی لێ وەدە. ئاوورێکم لێ وەکوژێنە. ئەوجارەش وەمژێنە! پیاوی چابە، هەوای (وێنان) ڕۆنێ. روتبەی دوونان ڕەچاو مەکە!

نیعمەتی زاهیر و باتینی دێرە دایە. هەستە وەرەوە دێرە، مەچۆ دەرەوە؛ دەیرە! ئێرە پڕ لە خەیرە، دەوەرە پڕ لە شەڕە، زیدانی بێ مەفەڕە، مەنفەعەتی زەڕە: [باری اگر حالت (چاوەش) مشوس سراسم غش ڕا موحمتاً پرسی من کنی، این است کە عرض میکند دیگر مختارند].

وەرگێڕاندنەکەی:

[ئەگەر باری شیواو و پڕ چەوت و چەوێڵی (چاوەش) بەمەرحەمەت بپرسیت، ئەمەیە عەرزەتی دەکەم و ئیدی کەیفی خۆشتە!]

[بادی کە گذارش بەسر کوی تو یا بم
جان باد فدایش کە از او بوی تو یا بم
خاکم بەراە کە گذ سوی تو باید
چون نیست رهم آنکە گەز سوی تو یابم
زبر قدمت باد سرم چون ندهد دست
کش بالش راحت سر از نوی تو یا بم
جز ضربت تیغ ستم و تیر جفانیست
کامی کە من از ساعدو بازوی تو یا بم
خوا هم کنم از رشتد، جان بند قبایت
تا دمبد مش بستە بەپهلوی تو یا بم!]

وەرگێڕاندنەکەی:

[بایێ کە لە گەڕەکی ئێوەڕاوە هەڵ بکا
گیان فیدای بێ کە بۆنی تۆی لێ دێ



من خاکی ڕێگەی هەر کەسێکم کە بەرەو تۆ هاتبێ
کاتێ کە من ڕێگەم نەبێ بێم بۆ لای تۆ
سەرم ژێر پێت بکەوێ ئەگەر دەست نەدا
سەری ڕەحەت بنێمە سەر سەرینی ئەژنۆی تۆ
بێجگە لە لێدانی تیغ و ستەم و تیری جەفا
ئارەزووی دیم نییە لە دەست و بازووی تۆ
دەمەوێت بەڕشتەی گیان، بەندی کەواکەت دروست بکەن
تا دەماودەم هەر بەتۆوە بەستراوبم!]

تۆ دەتکوت؛ ئێسکێکم بەسە، ئەمێستە لە پلاو و عەنبەربۆش تێ پەڕیی. وەسسەلام!/تەواو.

### ٢- نامەی کوردی

پ. ن؛ کە: ٣٣/٤/٢٣(٣٦٨)

[سەیید ڕەشید ـــ میرزا عەبدوالله](٣٦٩)

[م؟]

[ش؟]

[قال الشافعي رضي الله تعالى عنه؛ من استرضي ولم يرضى فهو شيطان، ومن إستغضبْ ولم يغضبْ فهو حمار!/ قالە شافیعی ڕەزیەالله تەعالا عەنهو، مەن ئیستەرزا وەلەم یەرزە فەهووە شەیتانون، وە من ئیستوغزیب وەلەم یەغزەب فەهووە حیمارون!]

وەرگێڕاندنەکەی [شافیعی، خوای باڵا لێی ڕازی بێت، گوتوویە: ئەگەر یێکێ قاییل کرا و قایل نەبوو، ئەوە شەیتانە. ئەگەر یێکێ توورە کرا و توورە نەبوو، ئەوە کەرە!]

بابەکەم؛

تو خۆت ناناسی؟ عەجەب حاڵەتێکت هەیە، بەمن موتەئەسسیر نابی؟ دڵت پێم ناسووتێ کە دە حوببی تۆدا ئەهلی فەنا و بەقام، ساحێبی شەرت و وەفام، گرفتاری جەفام، لەژێر باری عەنام، بەدوژمنی دەست و کاسەشت کە موداخەلەت لێ دەکا، پێت موتەلەززیز دەبێ، پاش ملەش حەسبی دڵخواهی نەفسی بەدخووی خۆی لێت دەدوێ،

لێشت دەخوا، لێشت دەخەوتێ، تووڕەنابی، لێی نادەیی... بەعەقلی ناقیسی من، دۆستی لەگەڵ تۆ عەداوەتە، عەداوەت بەتۆ، شایی و داوەتە!

ق: [قوربان/ K]

مەنزوورم ئەوە نییە بەگژ کەستداکەم، شەڕە سەگت پێ بکەم. مەقسەدم ئەمەیە، دەخەوی خۆت بگە!

ق: زۆر ئومێد بەتۆ بوو، دەمگوت؛ شوکر یارێکی وەفادار و دڵدارێکی سەداقەت شیعارم کەوتە چنگ. نەمدەزانی مارێکی زەهرکار و کەمتیارێکی ئینسان خوارم هاتە جەنگ.

ڕەجام بەقووەت بوو، زەعیفت کرد. تەمام بەشیددەت بوو، خەفیفت کرد!

[قال النبيّ صلى الله عليه وسلم: مَنْ قطع رجاءَ مَنْ إرتجاه قطع الله رجائه يوم القيامة، فلنْ يلج الجنَّة!/ قالەننەبیو سەلاالله عەلیهی وەسەللەم: مەن قەتەعە ڕەجائە مەن ئیرتەجاهو قەتەعەالله ڕەجائە یەومەلقیامە، فەلەن یەلجەجەننە!]

وەرگێڕاندنەکەی [پەیامبەر سەڵات و سڵاوی خودای لێ بێت، گوتوویە: هەر کەسێ تکای تکارێکی نەگرت، خودا لە ڕۆژی قیامەتدا تکای ناگرێت و بەهەشت نابینێت!]

ماڵت خرابێ، نە بەرجایێ فریب دەخۆی، نە لە خۆفی ئەندێشە دەگەی!! نە غیرەت بەکار دەبەی!! نە نەفسانییەت بەعەمەل دێنی!!

نازانم بەچت بگرم؟ بێ ئینساف، قەت برایەتی وا دەبێ؟

ئەوە من؛ لە ئاخیری ڕەجەبەوە، شەو و ڕۆژ، بیست و چوار سەعات، کوللی دەقیقەییێک، چاوم لە ڕێتە، گوێم لە دەرکێتە!

یاڕەبی خودا عەقڵێکت پێ بدا کە پێی خەجاڵەت بێ! ئینسافێکت بداتێ کە حەقێ تەسلیم کەی! دڵێکت پێ مەرحەمەت کا، دۆست بەدۆستا بزانی، دوژمن بەدوژمن.

[بابدان بد باش و با نیکان نیکو
جای گل گل باش و جای خارخار]

وەرگێڕاندنەکەی:

[با خراپەکاران خراپ بن و چاکەخوازان چاک
لە بۆ گوڵ گوڵ ببە و لە بۆ دڕکیش دڕک]

قوربان، دەستم لە هەموو کەس و هەموو شت بەردا، لە دامێنی تۆش بەند نەبوو!



[بەیکبار از جهان دل بەتو بستم
ندانستم کە پیمانم نپائی!]

وەرگێڕاندنەکەی:

[بەیێکجاریی لە دنیادا دڵم دا بەتۆ
نەمزانی کە پەیمانەکەمت پێ ناگات]

توخودا بۆچ هیچ بەقسەی من موتەئەسسیر نابی؟ قەسەم بەزاتی خودا، لە خۆم و لە تۆ موتەحەییرم! لە تۆ کە چۆن هێندە بێ تەمیزی، لە خۆم کە بۆ چ هێندە حیزم!! ماشاللە لا حەولەوەلا قووەتە ئیللا باللە.

قوربان: مەملەکەتی خەیاڵم هەموو بەجووتی زیان شێوکرد. بەئامووری قەڵەم وەردم داوە. بەماڵووی سفارش ماڵووم کرد. بەشی وەرزێکی دیکەم نەماوە، بەئومێدێک و سەد هەزاری، هەمووم داچاند، هیچی لێ نەڕوا.

ئەوی کە ڕوواش، زیزانە بوو، کەسب و کارم حیزانە بوو. هەرچەند سەری خۆم دێنم و دەبەم، فیکرێکی بیکرم نەماوە کە بیڕازێنمەوە و بۆ تۆی بنێرم. هەموو خۆیان لێ شاردوومەوە، خۆیان لێ باردووم، بەزبانی حاڵ پێم دەڵێن؛ حاڵت خۆشە بێ حەیا؟ زۆرت شەرم بەخۆیە؟

ئاخۆ ئەو هەموو فیکرە بیکرە کە دەلیباسی (نەزم و نەسر)دا بۆی دەنێریی، هەر هێندەی مەیل پێ هەن تا جارێکیان دەگەڵ دەنووێ، خراپیان دەکا، لە پاشان بەشەقان دەریاندەکا، دەربەدەریان دەکا، عاقیبەت هەموویان دەبێ بێنەوە کن تۆ، بۆچ هێندە بێ ناموسی؛ بۆچ دەمریی ئەگەر چ نەنووسی، دانیشی بەمەئیووسی یا بچییە نێو عروووسی؛

شیعرەکانم کە جگەر گۆشی منن، دەربەدەرن
دلی (نالی)ی چ ڕەقە قەت غەمی فرزەندی نییە

دەمکوت؛ لێی گەڕێ مەحرەمی ڕازم، جێگەی نیازم دەستکەوت؛ نەمزانی بەناهەمواریی، بێچووە بەرازم تووش بوو. یاڕەب زۆر زۆر شوکر، ناچارم وەک (سەنعان)ی، لێرە و پاش دەبێ پاسەوانی بەرازان بکەم.

کە مەلا ئەحمەد هاتەوە، فریبت دابوو، برات بوو، بەبەراتت دابوو. کاغەزی سەرگەردانیت وەدەست نابوو، کە [چەند روز دیگر می آیم/ چەند ڕۆژێکی دی دێم]/K].

من کە بەئومێدی وەسڵت بووم، بەقەباڵەی فەسڵت چووم، لە قەبیل ئەوەیە؛ هەستم بێمە (ڕەحیمخان) خۆتم لێ وەدزی، بڵێی؛ کاڵەکی بۆ بەرن، فرووجی بۆ وەکوژن!

خۆم من [أم الخبائث/ ئوممولخەبائیس] نیم بەزگ دەگەڵتا پێوە بووبم؛ بەخەیاڵ بێمە زگت داخۆ چ دەخۆی؟

من ماچ و مووچەم لە یارم ناوێ، خۆی ناوێژمە سەر هەتا هەڵاوێ، کەسێکم دەوێ پێم ئاشنابێ، بەلاچۆ نەچێ، بەوابێ، وابێ! با وجوودی ئەوەش، ئەوەم هەر لەچاو دیارە کە لە ئاخیری کاغەزەوە نووسی بووت: [بود بندهء نازنین مشت زن]، [أما شما بەبی انصافی خشت زن و بەنی وفایی مشتی زنی، والا قول ما را در بی قولی کالبول قرار نمیدادی و انگشت منع را بر حرف مانمی نهادی].

وەرگێڕاندنەکەی:

[بەندەی نازەنین مشت وەشینە]،

[بەڵام تۆ بێ ویژدانانە خشت وەشێنی و بەبێ وەفایی، مشت وەشێنی! دەنا ئێمەتان لە بێ قەولییدا بەمیز دانەدەنا و ئەنگوستی قەدەغەکردنتان لەسەر قسەی ئێمە دانەدەنا]

وام خەیاڵ لە تۆ دەکرد؛ بۆ خوێنی خۆت، قسەی من ناشێکێنی، پەردەی من نادڕێنی. وا نەکەی ئەمن مەحزوون بم، ڕەقیب مەمنوون بێ.

ئەوێستاش یێک دەفعە لێت نائومێد نەبووم، بۆ چ کە هاتی؛ ئەگەر عاقڵ بی، منیشت بەقەدەر مریشکێکی هێلکەنەکەر پێ بووێ!

بەخودای کەوتییە عوزران، خەجاڵەتم دەکەی، چونکە عوزر عەلامەتی تەوالود و تەوادودە!

ئەگەر خوانەخواستە، کەر و خیرەسەر و دەربەدەربی، دەستت لە عەلاقەی من شووت بێ، شێت دەبی، دەڵێن: ئەی جا چ قەوماوە؟ تووڕە دەبی، لە عوزر دەکەی تا دەگەییە سیننی یەئس، دەبێ هەر بگریم قوڕی وەسەرکەم، بڵێم؛ وەرە دە دنیایەدا برایێکت بێ، ئەویش تەبەڕڕا پکا!! بابێکت بێ، دەرت کا!! کوڕێکت بێ، نەفەقەت نەکێشێ!! دڵدارێکت بێ، دڵت لێی بێشێ!! حەیاتێکت بێ، ڕووحت بکێشێ!!

ڕەجام وایە، بەهیممەتی (شێخ)ی، ئەو حاڵەمان بەسەردا نەیە؛ زۆر جاران چاکتر ڕێک کەوینەوە... وەسسەلام./تەواو



پ. ن؛ کە: **٣٤/٥/٢٣**

[سەیید ڕەشید – عومەرخانی شکاکی][٣٧٠]

[بەر لە ١٩١٠ز](٣٧١)

[ش؟]

عومەر گیان

ئومێدەوارم عومرت درێژبێ، دوژمنت گێژ بێ، ڕێگەت سەربەرەولێژ بێ، نەفەقەت پێ بێ، پیری (بورهان)ێت لە پشتێ بێ!

عەزیزم؛ شەب خیزبە، شوور ئەنگیزبە، کەمتر حیزبە. هەزار جار لە ڕێی دنیادا گیراوی، بڵا لە ڕێی خوداشدا بەردێکت بێتە ڕێ!

ئیقدام مویارەکە، هەستەوەرە، عەزرەتت هەر وەڕە وەڕە. سەی حیز بەخۆڕایی لەبەرخۆیەوە دەوەڕێ!

ئەتۆ ئاغای، من چاوەشم، دەگەڵ منت پێ ناکرێ!/ تەواو

ڕەشید کۆنە چاوەشە

پ. ن؛ کە: **٣٥/٦/٢٣**

[محەمەد ڕەشید – قەرەنی ئاغا][٣٧٢]

[م؟]

[ش؟]

مام قەرەنی

دەمێکە نەمدیوی، ئەودیوو ئەودیووم پێ نەکردووی؛ بزانم ئەو دێوەی لەگەڵتە، چی لێ کردووی؟ بەهەر سووڕەت سەلامت لێ دەکەم، دوعای خێرت بۆ دەکەم!

کاغەز هەڵناگرێ ئەوەی کە خەیاڵم هەیە پێت بڵێم؛ بۆچی زۆر هەڵدەگری ئەگەرچی زۆر زەعیفی؟

شاکەرە، دەنا دەبوو زەخیرەی (سەردەشت)ێ بەتەنێ بەتۆ هەڵگرێ! ئەگەر وانەبێ، فائیدەی تۆ لە دەرەوە ئەوەیە کە فەقەرەیێک دەنێو مەنسووبی حەزرەتی (شێخ)دا – ڕووحم بەقوربانی بێ – ڕووی دا؛ خەریک بی ئیسلاحی پکەی!

ماددەی کاک عەبدوڕڕەحیم کە لە ئەسحاب و مەنسووبانی قەدیمی (مەولا)یە، دەبوو

ئێمه پێ نەزانین، چاکی پکەی، پاکی پکەی، نەوەک خۆت کەرکەی، بێ باکی پکەی!

فائیدەی ئێمەش لە جیواری مەرقەدی مونەووەردا ئەوەیە؛ بەدەرد ئێوە دەردەدار بین، بەغەمی ئێوە گرفتار بین، غەمخواربین، غەمگوسار بین (موستەغفیر بیلئەسحار) بین!

موختەسەر ئەمن برێکم ئاگا لە خۆیە. بەخودای وەزیفەی خۆم بەکوللی تەرک نەکردووە، دوعا گۆیی دەکەم ئەتۆش کەدخودایی و ئاغای پکەی، وە ئیلا دەبییە کەیبانوو!

عەلالحیساب، برای موکەڕڕەم مەلا ئیبراهیم، ئەگەر بەهیممەتی شێخی، بەڕەزامەندیی گەڕاوە، بابی لە جێی خۆی دامەزراوە، مەجبوورم یێک بەسەد دەبێ لە دوعاگۆی زیادکەم وە ئیللا دوو فەقەرە پەیدا دەبێ؛ یێک؛ بەسەت نازانم!

دوو؛ بەکەرت لە قەڵەم دەدەم. وەالله نازانم بەکوێت دادەم، چ جێی ساغت نییە و ئاخیری قسان دوعا و سەلام بێ.

مەعنای (بێ) دەزانی مەعنای وەرە؟ دەبێ لە ئەلف و بێوە پێت بخوێنمەوە! (قەرەنی)یە، خەرجی جووتبەندانی لەسەرە!

دوعا و سەلامی من بەبابەکرا غای بگەیێنە. بۆیێ کاغەزم عەلاحیدە بۆ نەنووسی، وەک قسە دەکەن؛ دەڵێی بابی نەماوە، ئاخر ئەوە موعەممایە.

بابەکر کە بای نەما، کەر دەبێ! ئەگەر نەبێ بۆ دەبێ کار بەدەرەجەیێک پکا؛ پیاوی وەک کاک عەبدوڕڕەحیم جواب پکا؟

ئەمن عەرزم کردووی؛ شاری وێران بەکەران ئاوەدانە. ناحەقی نییە! موختەسەر دوعا و سەلامی منی پێ بگەیێنە، لێشی قەبووڵ مەکە کە کاک عەبدوڕڕەحیم لەوێ بڕوا... وەسسەلام./ تەواو

محەممەد ڕەشید



📖 پ. ن؛ کە: ٣٦/٧/٢٣

[محەممەد ڕەشید - بۆیێکێ؟] (٣٧٣)

[م؟]

[ش؟]

قوربان

ئەمشۆ کە جومعەیە، بۆ نوێژی مەغریبێ، چوومە دەرێ بانگ دەم. مانگ لە تەرەف تۆوە، لەژێر هەوران هاتە دەرێ. وای نواند کە عەزیزت من لە باتی خۆی ناردووە!

کوتم؛ بەخودای لە باتی خۆی قەبووڵت ناکەم حەتا کە تەماشاشت کەم، بۆیێت تەماشا دەکەم کە لە تەرەف وڵاتی وییەوە تولووعت کردووە و هەم بەخەجاڵەتی لەوێ هەڵاتووی. یەعنی تاقەتی موقابەلەم نییە، ڕێم ناکەوێ بەندبم! [دو پادشاه در اقلیمی نگنجد - دوو پاشا بۆ هەرێمێ نابن!/K]

خێر خێر تۆ بەندەی وی. تا بەندەش بی، تا بەندەی ویی؛ خۆشم دەوێی! ئەمما ئیستێ چونکە هەڵاتووی، زۆرت لێ تووڕەم. بۆ تۆ ئەدەب وابوو کە هەڵنەیەی. هەڵاتی؛ ئابڕووت چوو!

کە وام کوت، جوابێکی خۆشی دامەوە، دڵی هێنامەوە، فەرمووی:

لە خۆفی تەڵعەتی؛ ڕۆژ هەروەکو شێت
بەڕوو زەردیی هەڵات و کەوتە کێوان[٣٧٤]

ئەمن چۆن پێم دەکرێ بەندبم؟ ڕاستە بەندەم، ئەمما ڕووم نییە لە خدمەت ئەودا بەندبم! هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ، ئێواران دێمە دەرێ، بێ نوورم هەتا شەوێ، چاوم بەویی دەکەوێ، دەبم بەڕۆژی شەوێ، ئەوجار سەیر دەکەم!

ئەوە یێک. یێکی دیش، فەرمووی: [دجاله ز پیش شب دنبال آید! - جەجاڵ بەر لە شەوێ بەدوویدا دێت!/K]

ئەمن ئەوشۆ هاتم، ئەو سبەی شەوێ دێ. تەفاوتمان زۆرە ئەمن مانگی سێزدەم، ئەو مانگی چاردەیە! ئەو بەدرە، من بەدرەقەم! ئەو ڕۆژ دەکا بەشەو، شەو دەکا بەڕۆژ! ئەو سبحەینان کە دێتە دەر، ڕۆژ هەڵدێ؛ شەو کە هاتە دەر، مانگ تەماشای ئەرزی دەکا؛ هەناسە هەڵدەکێشێ، ناتوانێ بێتە خوارێ! گوێی لێ نییە کە خەڵکی دەڵێین: مانگ و

ڕۆژە بەزبانی حاڵ دەڵێ: با هەر شەرمەندی ئەو ڕۆژەبم! لە شەرمان، لە سەرمان، ئاوا دەبێ!

که وای کوت؛ کردمە تەفائول. زۆرم دوعا کرد. ئێستا مونتەزیرم:

وەرە ئەی مەهی، دوو هەفتە کە لە قامەتت بڕاوم
لە قیامەتت بترسە، بەخودا دەکەوییە داوم!
مەڵێ بۆ نەمردی (چاوەش) کە لە من بڕای حەیاتم
کە ئەمەت لەکن حەیاتە، بەئومێدی وەسڵە ماوم!

وەسسەلام./تەواو

📖 پ. ن؛ کە: ٣٧/٨/٢٣

[محەمەد ڕەشید ـــ مەلا محەمەد ئەمین!] (٣٧٥)

[م؟]

[ش؟]

جەنابی موستەتاب، زەهر و مەتین
ئاقای مەلا محەمەد ئەمین

مەحفووزبی لە شەڕی سێ شین... شینی شەهوەت و شینی شوهرەت و شینی شەیتانی لەعین!

لە کاروباری تەولییەدا مووازیب بە؛ بارێکی گرانە، ئەمرێکی خەتیر:

سیجیللی نەفسی ئەممارە بەرازە
دزە، حیزە، خەریکی تورکە تازە
لە تاعەتدا کە نەتبێ لوبسی تازە
بەبالاّ پۆشی[ کرّمنا -کەڕڕەمنا/K] مەنازە

مینە؛ خڕەی بگرە، خڕی هەڵدە! قەرزی قەدیمی عەبدوالله جەدیدولئیسلامی لێ بستێنەوە! وەسسەلام./ تەواو

محەمەد ڕەشید



## ١٣- کورتییەکی مێژوویی نامەکاریی ڕەسمی

ئەگەر نامە کەرەستە و دەسکەلای خولّقاندنی پێوەندیی و لێک حاڵی بوون بێت، ئەوە (نامەکاریی ڕەسمیی) وێنەی شوناسنامەی زمانی نەتەوەیی، دووەم ئالاّی ولاّت، دەنگی توانای دەسەڵات، خزمەتگوزارێکی خۆوڕاستانی پێوەندیی حوکوومەت و گەل، مایەی بڕوا و دڵنیاییە!

ئەگەر مێژوو جەخت دەکات، لە سەرانسەری کوردستاندا، لە هیچ سەدەیێکدا (میرنشینەکانی کورد) زمانی کوردی خۆیان بۆ کاروباری (فەرمانڕەوایی - ڕەسمی) بەکار نەبردووە. بەپێچەوانەوە - بەزەبری هێندێ هۆی گەورە و باسکراو و بەتایبەتی کاملّ نەبوونی بیری نەتەوەیی - زمانەکانی بیانەکانیان بەکار بردووە کە ئەو کردەوە ناقۆلاّ و ناڕەوایە، نەک هەر زەبرێکی مێژوویی ترسناکی لە پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی گەلی کورد داوە، بەڵکو دەسکەلاییێکی خۆش و ئاسانی بەناحەز و دوژمنەکانی خۆیان و گەلی کورد بەخشیوە تا توانج و تانووتی تێ بگرن و زمان و توانای بەسووک بزانن! هەر مێژووش جەخت دەکات، لە سەرەتای سەدەی بیستدا بەزەبری تێکۆشانی سیاسی و ڕۆشنبیریی گەلی کورد و ڕۆشنبیرە ئازادیخوازەکانیەوە - نەک بەخێر و بێری داگیرکەران - بۆ یێکەم جار لە مێژوودا (نامەکاریی کوردیی ڕەسمیی) هەڵکەوت و لە نێوان دوو جەنگی گێتیی سەدەکەشدا، دوو قۆناغی بەخۆوە دیتووە:

- قۆناغی سەربەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کورد
- قۆناغی داگیرکاریی بیانیی؛ ئینگلیز، عەرەب، عەجەم!

هەردوو قۆناغیش، وێکڕا، ڕێکەوتی ئەم سەردەم و دەسەڵاتانەیە:

١- سەردەمی یێکەم حوکوومەتی کوردستان/ حوکمداری کوردستان باشوور. سلێمانیی: ١٩١٨/١١/١٧ز. دامەزراندن - ١٩١٩//٦/١٨ز. (پەککەوتنی بەدیل گرتنی حوکمدار؛ حەفیدزادە مەحموود!)

١/١- کارگێڕە سیاسییەکانی بریتانیای چاودێریکەر لە سلێمانییدا، دیسان لە ئەو مەودایەدا، پەیڕەویی نامەکاریی کوردی ڕەسمییان کردووە.

٢- یێکەم سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا لە سلێمانییدا: ١٩١٩/٦/١٨ز - ١٩٢٢/٩/٥ز. (کشاندنەوە لە سلێمانیی دەسەڵات دان بە؛ ئەنجوومەنی میللیی کوردستان تا هاتنەوەی حەفیدزادە مەحموود).

٣- سەردەمی دووەم حوکوومەتی کوردستان/ حوکمدار - مەلیکی کوردستان باشوور. سلێمانیی: ١٩٢٢/١٠/٩. دامەزراندن (بەپێی یێکەم فەرماننامەی ڕەسمیی) - ١٩٢٣-٣-٣/٤ز (کشاندنەوە لە سلێمانیی و دەستدانە دووەم شۆڕش!).

١/٣- سەردەمی دووەم شۆڕشی کوردستان باشوور - ١٩٢٣-٣-٣/٤ز ١٩٢٣/٦/١٧ز. (کشاندنەوەی بریتانیای داگیرکەر!).

٢/٣- سەردەمی دووەم داگیرکاریی بریتانیا - سلێمانیی: ١٩٢٣/٥/١٦ز. داگیرکردنی سلێمانیی ١٩٢٣/٦/١٧ز. (ئەنجوومەنی تەشکیلاتی حوکوومەتی - سلێمانیی بەڕاسپاردەی کارگێڕی بریتانیای داگیرکەر، مێجەر ئەدمۆندنس لە ١٩٢٣/٦/١١ز.دا دامەزرا!).

٤- سەردەمی سێیەم حوکوومەتی کوردستان باشوور. سلێمانیی: ١٩٢٣/٦/٢٠ز. بەپێی یێکەم فەرماننامەی ڕەسمیی - ١٩٢٤/٦/٢٠ز. (چۆڵ کردنی سلێمانیی پێتەختی مەملەکەتی کوردستانی باشوور).

٥- سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا و مەملەکەتی عێراق عەرەب. سلێمانیی: ١٩٢٤/٧/١٩ز. داگیرکردن - س ١٩٢٥ز. دانانی موتەسەڕڕیف -کورد-ی نوێنەری مەملەکەتی عێراقی عەرەب!

٦- سەردەمی داگیرکاریی مەملەکەتی عێراقی عەرەب. سلێمانیی: س ١٩٢٥ز - س ١٩٤٨ز.

١/٦- سەردەمی سێیەم شۆڕشی کوردستان باشوور. سلێمانیی و نێوچەکەی: ١٩٢٤/٦/٢٠ز - کۆتایی/١٩٢٧/٦ز. سازانی مەلیک مەحموود لەگەڵ حوکوومەتی بریتانیا و عێراق و بڵاوە پێ کردنی شۆڕش!

داخۆ باری نووسین و نامەکاریی کوردی ڕەسمیی و هەڵکەوتنیان چۆن بووە؟

لێ کۆڵینەوە و وردبوونەوەم - لەبەر ڕووناکی دەستنووسی بەڵگەنامە و نامەکاریی ڕەسمیی - دڵنیایی دەبەخشن؛ باری یێکەمین هەڵکەوتن و ڕەوتی (نووسین و نامەکاریی کوردی ڕەسمیی) بەئەم شێوەیە بووە: کاتێک کە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی باشوور، بەسەرکردایەتی حەفیدزادە مەحموود - دوای نامەکاریی و گوتوبێژی نهێنی و ئاشکرا لەگەڵ حوکوومەتی عەسکەریی بریتانیای داگیرکەری عێراق - سازان، دەبوو بۆ سەلماندنی سەربەستی نیشتمانی و خۆجوێ کردنەوە و دابڕان لە فەرمانڕەوایی حوکوومەتی



عوسمانیی و (زمانی تورکی)ش، ئەو زمانە لابدرێت و (زمانی کوردیی) جێگەی بگرێتەوە و ببێت بە(زمانحاڵی ڕەسمیی یێکەم حوکوومەتی کوردستانی باشوور) کە بێگومان کاروباری سیاسیی، کارگوزاریی، خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی دەگرتەوە! دیاریشە کارگێڕیە سیاسییەکانی بریتانیا - کە هەرە مەبەستی گەورەیان جوێ کردنەوە و دابڕاندنی کورد و کوردستان بوو لە دەوڵەتی عوسمانیی دۆڕاوی جەنگ - لایێنگیر و هاندەری ئەم دەستوورە نوێیە بوون کە دەم و دەست لەگەڵ دامەزراندنی (حوکمداریی کوردستان/ یێکەم حوکوومەتی کوردستانی باشوور) نووسین و نامەکاریی کوردیی ڕەسمیی، لە (بارەگەی حوکمدار) خۆیەوە تا دەزگەکانی (موتەسەڕڕیفیەت، بەلەدییە، تاپۆ، دادگە، دارایی، ئیجرا، ئەتیام و... هتد) گرتووەتەوە![٣٧٦]

بەئەم پێیە لە ئێرەوە، نووسینی کوردیی و بەتایبەتی (ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی ڕەسمیی) بۆ یێکەم جار لە مێژوودا هەڵکەوت!

داخۆ ڕەوتەکەیان چۆن بووە؟

بۆ وەڵامێکی ڕاست و ڕەوان، پێشەکی پێویستە لە (ڕەوتی نووسینی کوردیی) نێو دەزگەکان بکۆڵینەوە کە بۆ ئەمەش شایەتیی بەڵگەی زیندوو پێویستە!

هەرچەندە - لەبەر نەبوونی دەزگەیێکی پاراستنی دەستنووس و بەڵگەنامە لە کوردستاندا و بەتایبەتی لەبەر زەبری داگیرکاری - دەستگیرکردنی (بەڵگەی زیندوو) کارێکی ئاسان نییە، ئەوە بەڕۆشنایی کۆمەڵێک دەستنووس و بەڵگەی ڕەسمیی چنگ کەوتووی خۆم و هێندێکی زانا عەبدوڕڕەقیب یووسف، ڕەوتی (نووسینی کوردیی) لە نێوان ١٩١٨ز - ١٩٤٨ز.دا بەئەم شێوەیە ڕوون دەکەمەوە:

بەڵگە دەستنووسێکی ڕەسمیی و گرنگ (سیجیللی مەحکەمەی شەرعی سلێمانیی) سەرەتای نووسین گۆڕین (لە تورکییەوە بۆ کوردیی) ساغ دەکاتەوە.

سیجیللەکە - لە گەنجینەی عەبدوڕڕەقیب یووسفدا لەبەر دەستم بووە - لە دوو بەشی تورکی، کوردیی پێک هاتووە و جەخت و دڵنیامان دەکات کە هەشت ڕۆژ بەر لە دامەزراندنی حوکمداریی کوردستان - لە ئەو مەودایە و زووتردا، حەفیدزادە مەحموود کاروباری ئیداریی باژێڕەکەی بەنێوی عوسمانییەوە ڕایی دەکرد - لە ١٩١٨/١١/٩ز.دا؛ (کاروباری نووسین بەتورکی ڕاگیراوە) و (سیجیللەکە داخراوە!).

سیجیللەکە، لە بەشە کوردییەکەی دوای تورکییدا، مێژووی دەست کردن بەنووسینی

کــوردیی ڕاگــرتووە و تۆمــاری کــردووە کــە ڕێکەوتی؛ ٢٣ی ســەفــەر ١٣٣٧ک – ١٩١٨/١١/٢٨ز.ه.

لە ئێـرەدا، وێنەی (داوایێکی داگەی شـەرعی سلێـمـانیـی) دەخـەمـە ڕوو – هەرچەندە وێنەی یێکەم نییـە و لەبەر کورتی هەڵـبـژاردووە – کە مۆری قـازیی و نووسـەرەکـەی و مێـژووی ٢٧ی ڕەجەب ١٣٣٧ک ١٩١٩/٤/٢٦ز.ی لەسەرە و ئەمە بەشێکی شێوەی زمان و دارشتنەکەیەتی:

☼ [نۆمیرۆ: ٢٥٤

حسێن نازم ئەفـەندیی کوڕی عـەبدولفـەتاح ئەفـەندیی، لە مـەحکەمـەی شـەرعـیـیـەی سلێـمـانیی و مـوواجـەهەی یایە حـەبیـبـەی کـچی مـەلا عـەلی حـافزوڕەحـمـەی کچی شێخ شەریف شێخ ئیسماعیلدا، دەعوای کرد کە ئەم یایە حەبیبە و ڕەحمە خاتوون، خانووی مەورووسەی خۆیان لە مەحەللەی گۆیژە و قەریب سەرای حوکوومەتە و تەرەفێکی کۆڵانە و تەرەفێکی شـیـوە و تەرەفـێکی خـانووی فـەتاحی کـەبابچـیـە، چوار مـانگ لەمـەوپێش بەمـەبلەغی سەد و بیـست تەهرانی – پارەی ئیـران/ K – بەمنیـان فرۆشتـووە و پارەیان وەرگرتووە. لەگەڵ ئەمە عـەلەلئوسـووڵ بۆ تاپۆکردنی بەناوی منەوە تەعنە دەکەن(!!). لە تەرەف شەرعەوە بەئیجرای تاپۆ و ئیفای تەقریر فەراغی ئەمر پێکردنیان مەتلووبە!

مەزبوورەتان یایە حەبیب و ڕەحمە، جەوابەن وتیان؛ واقیعەن ئەو خانووەی مەحدوود و مەزکوورە کە موڵکی مەرووسانە، بەم حسێنە ئەفەندییەمان فرۆشتووە بەمەبلەغی سەد و بیست تەهرانی بەشکڵی (!!) قەتعی و پارەکەیشمان وەرگرتووە، هیچ حەق و موداخەلەی ئێـمـەی پێـوە نیـیـە و نەمـاوە، مـوڵـک و مـوشـتـەرای مـەزبوور حـسـێن ئەفـەندییـە و عیندەلئیجاب لە دائیرەی تاپۆی بۆ ئیفای تەقریر فەراغی حازرین... هتد[٣٧٧]

تەحریرەن لە بیست و هەفتەمی ماهی ڕەجەب سەنەی هەزار و سێسەد و سی و هەفت!

موقەیید ● (...) قازیی ●

ئەحمەد حەمدی سەرکاتب سەیید محەممەد[ (٣٧٨)/ تەواو]

هەڵبەت بەڕۆشنایی ئەم (سیجیللە) و نووسین گۆڕینی لە تورکییەوە بۆ کوردیی. دیارە دەزگەکانی دیش هەمان دەستووریان پەیڕەو کردووە و (بارەگەی حوکمداری)ش هەروەها.

بەڕاسـتی کـوردیی نووسین، وێنەیێک – لە وێنەی نووسینی ڕابوردو لە پێشتـرە – لە نامەکاریی ڕەسمیی (حوکمداری کوردستـان) خۆی دەخەمەڕوو کە بێگومـان هەر لە یێکەم



نامەیەوە – بەردەستنەکەوتووە – هەر بەکوردیی و بەئەم شێوە زمـان و دارشتنە و ئەدەبی ئاخاوتنەوە، نامەکاریی ڕەسمیی کردووە:

١– نامەیێکی کوردیی ڕەسمیی حاکم/ حوکمداری کوردستان

📖 پ. ن؛ ڕە: ٣٨/١/٢٤

[حاکم/ حوکمداری کوردستان مەحموود ـــ شێخ عیسامووددین][٣٧٩]

ن [ژ]: ١٧٧

٨ جومادیلئەووەل ٣٧٧ [١ک – ١٩١٩/٢/٢٨ز]

[سلێمانیی]

حاکمی کوردستان محمود

پۆستنیشینی دەرگەی قادریی

جەناب شێخ عیسامووددین دامە فەیزوهولعالی

لە سایەی لوتف و مەرحەمەتی خودا و یاوەریی حەزرەتی ڕەسوولی ئەنام و بەیارییەی ئەنبیا و ئەولیای عیزام، لە تەحتی حیمایەتی دەوڵەتی فەخیمەی بریتانیادا، حوکوومەتی جەدیدەی جەلیلەی کوردستان تەشەککولی کردووە.

مەعلووم لەمە؛ مەقسەدی ئەسڵ و خولاسەی فیکری ئەم حوکوومەتی حازیریە؛ نەشری عیلم و فونوون و تەرویجی ئەحکامی شەرعیەت و خیدمەت و موحافەزەی دین و ئایینی ئیسلامیە!

لە نەزەر ئێمەدا خیدمەت و ڕەشادەتی جەنابی ئێوە، چونکە مەعلوومی دنیایانە، بۆ سەرف ئیدارەی خۆتان و لەوازماتی [تەکییەی عەبدالان] بۆ مەعیشەتی فوقەرا و سالیکان و موسافیران، لە ئیتعیباری ١٠ی جومادیلئەووەل ٣٧٧ەوە، مانگی سەد ڕوپییە بۆ خۆتان و جەنابی مودەڕڕیس عەبدوالله مانگی پەنجا ڕوپییەمان ئینعام و تەخسیس کرد! ئومێد وایە کە ئینشاالله لە سابیق زیادتر خزمەت و ئیرشاداتی دینییە ئیفا و ئینتیشار بکەن!

٨ جومادیلئەووەل ٣٣٧

حوکمداری کوردستان

●

[مۆری ئیمزای مەحموود][٣٨٠]

٢- نامەیێکی کوردی ڕەسمیی موتەسەڕریفی سلێمانی

☼ پ. ن؛ ڕە: ٣٩/١/٢٥

[موتەسەڕریفی سلێمانیی: عومەر ـــ حاجی ئاغا فەتحوالله] (٣٨١)

◎ [موتەسەڕریفی سلێمانیی]

[ژ]: ١٢٤

٢٤ شەعبان ٣٣٧ [ک - ١٩١٩/٥/٢٤ز]

٩٠٠ [بسم الله]

جەناب حاجی ئاغا فەتحوالله

لە تەحتی ڕییاسەتی عاجزدا، بەسیفەتی ئەعزایەتی هەیئەتی ئیدارەی حوکوومەتی میللییە، بەئەمری حوکمداری کوردستان، ماهییە بەدوو سەد ڕوپییە تەعین و لە قیسمی ئەنجوومەنی مالییەدا دەوام فەرموونت تەنسیب کرا. لە ئیعتیباری بیست و چەهارەمی ماهی شەعبان، موستەعینەن بیتەوفیقی الله تەعالا، لەسەر وەزیفەی خۆت دەوام فەرموونت ڕجا ئەکەم!

موتەسەڕریف

[ئیمزا] (٣٨٢)

عومەر

٢٤ شەعبان سنە ٣٣٧

[تەواو]

هەر لە ئەو سەرتای سەردەمەشدا، (دائیرەی سیاسی ئینگلیز)ی چاودێریی حوکوومەتی کوردستانی باشوور لە سلێمانییدا، ئەویش کوردیی نووسین و نامەکاریی کوردیی ڕەسمی بەکار بردووە. ئەمە وێنەیێکە:



٣- نامەیێکی کوردیی ڕەسمیی کارگێڕێکی سیاسیی بریتانیا لە سلێمانییدا...

☼ پ. ن؛ ڕە: ٤٠/١/٢٦

[یاریدەری فەرمانڕەوای سیاسی؛ گرینهاوس Greenhouse ـــ حاجی ئاغا فەتح الله] (٣٨٣)

◎ [مۆری: دائیرەی سیاسی ئینگلیس]

دائیرەی سیاسی ئینگلیس

[ژ]: ٦٨

١٩١٩/٤/٢٨ [ز]

[سلێمانیی]

جەنابی حاجی ئاغا فەتح الله

بۆ گفتوگۆ لە کاروباری ئەوقافدا، بەمەعریفەتی موتەسەڕریف - سەیید عومەر/ K - مەجلیسێ تەشکیل دراوە و موناسیب بینراوە کە ئێوەش لەو مەجلیسە حازر بن. ڕجا دەکەم لەو وەقتەدا کە ئەو مەجلیسە کۆ دەبنەوە، ئێوەیش حازر بن، بۆ ئەم کاری خێرە سەعی بفەرموون.

موعاوینی حاکمی سیاسیی

[ئیمزای ئینگلیزی: گرینهاوس]

١٩/٤/٢٨ [بەئینگلیزی]

٢٨ی ئەپریل ١٩١٩

[تەواو]

بەڕووناکی ئەو بەڵگانەی سەردەمی یێکەم حوکوومەتی کوردستان، نەک هەر بەکاربردنی نووسینی کوردیی نێو دەزگەکان، بگرە وێنەی کوردیی (نامەکاریی ڕەسمیی)شمان ناسییەوە، بەڵام ئایا دەمودەست و ئاسان، هەر (کوردیی) بەتەنێ بەکاربراوە و جێگەی (تورکیی) گرتووەتەوە؟

ڕاستییەکەی شوێنی بارەگرانە چەند سەدەییەکەی خوێندەواریی و زمانی تورکی عوسمانیی - کوردیش قەدەغە بووە - هەرگیز لە دەزگەکاندا بەزوویی و ئاسانی و هەر بەکوردی پڕ نەکراوەتەوە، بەڵکو ئەم کاری (گۆڕین)ە و (جێگیرکردنی کوردیی)

مەودایێکی سروشتیی پێ چووە و بەڵگەی زیندووش جەختی بۆ دەکات.

بۆ ڕاستی دوو بەڵگەی دوو دەزگە شایەتی دەدەن:

١- سیجیللەکەی (دادگەی شەرعی سلێمانیی) لە ڕاپێڵەی داواکانی خۆولاتیەکاندا - وەکو دەورم کردووەتەوە - چەند دانە (نووسراوی فارسی) و بەدەگمەنیش (عەرەبی) تێدا هەیە.(٣٨٤)

٢- گەنجینەی نووسینەکانی (دەزگەی تاپۆی سلێمانیی) لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٢٢ز.دا، وەکو نووسینی کوردی دەنوێنێت، هەروەها (نووسینی فارسی) بۆ هێندێ کاروباری خۆولاتیانی بەکاربردووە! لە ئەوەش پتر هێندێ نێونیشانی (تورکی) دەستنووس و (ئیستیمارەی کوردی و عەرەبی و فارسی) چاپکراوی بەکاربردووە کە نووسینەکان هەموو یێک مانا دەبەخشن و وێرا (نێونیشانی دەسەلات/ حوکوومەتەکان)یش دەنوێنن کە لەبەر گرنگییان، نیشاندانیان پێویست دەبینم:(٣٨٥)

١- حکومت کوردستان

(کوردیی/ مێژووی چاپی بەسەرەوە نییە! لە مانگی جوڵای ١٩٢٢/٧ز.دا، بابەتی فارسیی لێ نووسراوە! بڕوام هەیە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩ز.دا - لە بەغدادا- چاپ کرابێت!)(٣٨٦)

٢- BRITISH OCCUPATION - الحكومة العسكرية البريطانية

(عەرەبیی/ مێژووی چاپی ١٩٢١/٤/٦ز.ە لە ١٩٢١/١٠/٦ز.دا بابەتی فارسیی لێ نووسراوە. وێ دەچێت لەبەرو دوای دامەزراندنی حوکوومەتی عێراقی عەرەبەوە لە تاپۆی بەغدادا بەکار برابێت و لە ئەوێوە گەیشتبێتە سلێمانییش!).

٣- حکومەت بریطانیا

(فارسیی/ مێژووی چاپی بەسەرەوە نییە! بابەتی فارسیی لە ١٩٢٢/٧/٢٤ز.دا لێ نووسراوە! پێم وەیە لە یێکەم داگیرکاریی بریتانیا لە سلێمانییدا و لە ڕۆژگاری سۆن Soane یشەوە بەکار برابێت!).(٣٨٧)

کەواتە لە سەردەمی یێکەم حوکوومەتی کوردستان و لە سەردەمی یێکەم داگیرکاریی بریتانیاشدا، بەتایبەتی بەکاربردنی (هێندکۆکەیێ فارسیی) ئاسایی بووە کە بێ گومان خوێندەوارە کوردەکانی دەزگەکان تا کارگێڕە دیارەکانی بریتانیا، لەبەر پێویستی و سووک



و خێراکردنی پێوەندیی و تێگیشتنی خۆیان و خۆولاتییەکان، چاوپۆشیان لە بەکاربردنی کردووە.

جێگەی خۆیەتی یادی ئەو خاڵەی گرەوەکەی سۆن Soane بکرێتەوە کە لە (پێشکەوتن - سلێمانیی)دا گوتوویەتی: (فارسی و تورکی و عەرەبی کەمتر تیابێ) و ئەمەیشی مانای لاریی نەبوونە لە هێندکۆکەیێ بەکابردنیان.

ئەگەر ئەوە وەلام بێت بۆ باری نووسینی کوردیی، ئەوە هەر ئەو باسەش وەلامدانەوەی پرسیار لەمەڕ (باری نامەکاریی کوردیی ڕەسمیی) ئاسانتر کردووە.

ڕاستییەکەی وێڕای ئەو وێنە نامە کوردییە ڕەسمییانەی ڕابوردوو، دیسان بەڕووناکی بەڵگەنامەکانی بەردەستم، ئەوە بەشێوەیێکی گشتیی، لە هەر سێ حوکوومەتەکەی کوردستاندا، تەنانەت لە دووەم و سێیەم شۆڕشدا - با حەفیدزادە بۆ کاروباری سیاسی لەگەڵ بیانەکان، زمانی بەکاربردبێت - بەتەنێ هەر باوی کوردیی هەبووە! هەروەها لە سەردەمەکانی داگیرکاریی بریتانیاشدا، دیسان هەر هەمان دەستوور پەیڕەو کراوە، بەڕادەیێک خۆولاتییەکانیش بۆ کاروبار و پێوەندییان بەدەزگەکانەوە، نامەکارییان بەکوردیی بووە و (ئەرزوحاڵنامە) و (وەکالەتنامە)یان بەڵگەی ڕاستییە کە هەتا لە دەرەوەی کوردستانیش بە(کوردیی) ڕوویان کردووەتە دەزگەکانی کوردستان.

ئەز لە ئێرەدا - لە پاڵ وێنەکانی پاشکۆ - دوو وێنەی نامەکاریی ڕەسمی دەخەمەڕوو:

١- وەکالەتنامەیێکی خۆولاتییەک لە دەرەوەی کوردستان:

✡ پ. ن؛ ڕە: ٤١/١/٢٧

[خاوەند وەکالەتنامە ئیبراهیم بن بەنحاس/ عیمارە ـــ وەکیل حسقێل منەشی]

(سلێمانیی)(٣٨٨)

[٣٠ ئەیلوول ١٩١٩ز]

[عیمارە]

وەکالەتی خوسووسی

من کە ناو و مۆرم لە ژێرەوە دانراوە، لە میللەتی مووسەویی، ساکینی عیمارە لە مەحللەی قادرییە، وەکیل و موفەووەزم کرد حسقێل کوڕی مەنشی ساکێن لیوائی سلێمانییە لەسەر ڕەهنی ئەو مولکەی عائیدە بەمن و تەحتە ڕەهنی محەمەد ئەمین کوڕی

حاجی ڕەسوولە ووەکیل مووما ئیلیه موفەووەزم کرد بۆ فەککی ئەو ڕەهنە لە مورتەهین محەمەد ئەمینی مەزکوور، ئینشائو ڕەهن، ئینشائو فەککی ڕەهنی، ئەو موفەووەزە وەکالەتەن لە نەفسی وە ئیسالەتەن بەهەرچی حەز بکا، موختاربێ لە جەمیعی حوقووقی شەخسییە و جەمیعی مەحاکیمی نیزامییە وشەرعییە و جەمیعی دەوائیری ڕەسمییە و بەهەرچی موعەللەق بێ بەئەم دەعوای مەزکوورە و ئەم وەکالەتە موتڵەقە و تەسدیقم کرد بۆی. ئەم وەکالەتی خوسووسییە لە پێش کاتبی عەدلی (عیمارە) تەحریرەن؛ ٣٠ ئەیلوول سەنە ١٩١٩.

| | | |
|---|---|---|
| شاهێد بیزالیک | شاهێد بیزالیک | ئەلمووەکیل |
| منەشیی موشێ سەلتوون | سەبوون ساڵح ناحووم | ئیبراهیم بن بەنحاس |

نومیرۆ: ٦١

تەسدیقی ئەکەم ئیبراهیم کوڕی بەنحاس ئەم وەکالەتەی ئیبراز کرد و تەڵەبی تەسدیقی کرد و ئیعتیرافی کرد بەئیمزای خۆی و حازر بوو لەکمن، یەومی ٣٠ ئەیلوول سەنە ٩١٩

[ئیمزای عەرەبی]

ڕەسمی قەیدییە پوولی ٣ ڕوپییە و دوانزە ئانە قەیدی ٥٣١ لە یەومییە کراوە

٣٠ ئەیلوول سەنە ٩١٩ [تەواو]

٢- نامەیێکی کوردی ڕەسمیی؛ سەردەمی سێیەم شۆڕشی کوردستان:

📖 پ. ن؛ ڕە: ٤٢/٢/٢٤

[مەحموود - باش قوماندان ـــ قوماندان -سەرکردە-ی عەسکەریی][٣٨٩]

ژمارە: ٢٥٠٠/٥

١٣٤١/٧/٢٢ [ڕ - ١٩٢٤ز]

مەریوان - وڵەژێر

بۆ جەنابی قوماندانی عەسکەری

١- کاتیبی خۆم مولازیم سانی ئەحمەد ئەفەندیی - ئەحمەد خواجە/ K - کە خەدەماتی فەوقولعادە و فیداکاریی لە موشاهەدە و فیعلەن خیدمەتی موسەللەمە، لە ١٨/ تەمووز/٣٤١ەوە بۆ مولازیمی ئەووەلی تەرفیع و تەلتیف کرا.

٢- بەو نەوع و کەیفییەتە تەسحیح و داخیل بفەرموون!



٣- مووسا ئیلیێه هەر لە ئومووری تەحریرییەی خۆمدا موستەخدەمە، دەخڵی بەسەر قەتەعاتەوە نییە! باقی ئیحتیرام!

مەحموود

باش قوماندان

[تەواو]

هەرچەندە بۆ مەودای ساڵانی ١٩٢٣ز - ١٩٢٤ز، بەڵگەنامەی ڕەسمیی ئەوتۆم لەمەڕ نووسینی زمانەکانی بیانی لە دەزگەکانی سەردەمی دووەم و سێیەم حوکومەتی کوردستاندا، بەردەست نەکەوتووە، بەڵام بەئەو ڕۆشناییەی ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی (ڕۆژی کوردستان) و (ئومێدی ئیستیقلال) هێندکۆکەیێ گوتاری فارسییان نووسیوە، پێم وەیە لە دەزگەکانیشدا بەئەو ئەندازەیە، ئەو زمانە بەکار برابێت.[٣٩٠]

لە لایێکی دییەوە، مخابن چ بەڵگەنامەیێکی نامەکاریی چوارەم شۆڕشی کوردستان؛ ١٩٣٠ز - ١٩٣١ز.م بەدەستەوە نەهاتووە تا قسەی لێ بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم لە ئەو ڕۆژگارەشدا هەر کوردیی بەکاربراوە![٣٩١]

لە کۆتایی باسی نووسینی کوردیی دەزگەکانی کوردستاندا - لە سەردەمە باسکراوەکاندا - پێویست دەکات ڕاستییەک لە دڵی خوێندەواراندا بچەسپێت کە ئەوەیە؛ هەر سۆن Soaneی فەرمانڕەوای بریتانیا پەرۆشی سەپاندنی زمانی کوردیی نەبووە، بەتایبەتی لەنێو ڕیزی (فارسی نووسەکان) و مەلاکاندا، بەڵکو حەفیدزادە مەحموود کە هەتا بەیاننامەی سیاسی بەکوردی، تەنانەت بۆ یێکەم جار لە مێژوودا یێکەم پوولی ڕەسمی (حوکوومەتی کوردستانی جونووبی) بە کەرەستەیێکی سادە و خۆماڵییەوە چاپ و بڵاوکردەوە، دەڵێم حەفیدزادەش دڵسۆزی بەکاربردن و سەپاندنی کوردیی بووە.

ئەحمەد خواجە - مێژوونووس - و نووسەری تایبەتی خۆی، لە وەڵام دانەوەی هێندێ پرسیارمدا، بەڵگەیێکی گەش و خەندانی نیشان داوە و نووسیویەتی: (شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان، هێندە کورد و کوردیی خۆش دەویست، ڕایسپاردم کە هەر نامەیێکی «فارسی» لە لایێن دۆستەکانییەوە، بەتایبەتی لە مەلاکانەوە بۆ هات، من بەکوردیی وەڵامیان بدەمەوە!»).

ئەحمەد خواجە باسەکە ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێت: (جارێک مەلا کاکەحەمە - ناریی - ی شاعیر و دۆستی نزیکی شێخ مەحموود، نامەیێکی بۆ نووسی بوو! شێخ - بۆ گەمە -

منی ڕاسپارد کە بە«فارسیی» وەڵامی بدەمەوە! دواتر شێخ و ناریی چاویان بەیێک کەوتەوە و «ناریی» گلەیی لە ئەو وەڵامە فارسییە کرد! شێخیش ئۆباڵەکەی خستە ئەستۆی من. بەڵام ناریی – چونکە تەبیاتی گەمەی شێخی دەناسی – پێی گوت: قوربان خەتای ئەوینیە، خەتای ئەو کەسەیە کە فێری کردووە!).[٣٩٢]

باری نووسینی کوردیی و نامەکاریی ڕەسمیی لە دوای داگیرکردنی سلێمانیی – س ١٩٢٤ز.ەوە چۆن بووە؟

لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەم بەتەنێ ئەو وڵامەی دەستگیر بووە کە دەسەڵاتدارەکانی بریتانیای داگیرکەر – وەک موتەسەڕڕیفی ئینگلیز – دەمودەست نووسینی کوردی و نامەکاریی کوردی ڕەسمییان بەکاربردووە.

لە ئێرەدا ئەم وێنە بەڵگەیە، شایەتی دەدات:

☼ پ. ن؛ ڕە: ٤٣/١/٢٨

[موتەسەڕڕیفی ئینگلیز کاپیتان چاپمان A. J.CHPHAN – حاجیی شێخ ئەمین خاڵ)[٣٩٣]

موتەسەڕڕیفی سلێمانیی

ژمارە: ٢٩٢

١٩٢٤/٩/١٦

بۆ خزمەت جەنابی ڕەشادتمەئاب

حاجی شێخ ئەمین خاڵ دامەفەزڵوهو[٣٩٤]

لە خوسووس حاجی مەلا مستەفاوە[٣٩٥] ئیلتیماسنامەییێکتان ناردبوو. هەرچەند لەبەر خاتری ئێوە کە ساحێب حوسنی شوهرەت و ئەهلی فەزیلەتن، ئارەزووم کرد تەخلیەی بکەن، فەقەت لەبەر ئەوەی موزیڕڕە بۆ مەملەکەت، مەعەلئەسەف مومکین نابێ تەخلیە بکرێ. ئیتر ئیحتیرام!

◎

[ئیمزای ئینگلیزی نێوبراو]

موتەسەڕڕیفی سلێمانیی

[تەواو]



دوای ئەو موتەسەڕڕیفە و دامەزراندنی یێکەم موتەسەڕڕیف -کورد-ی نوێنەری دەسەڵاتی مەملەکەتی عێراقی عەرەب لە سلێمانییدا، دیارە هەموو دەزگەکانی (لیوا، قەزا، ناحییە) دیسان نووسین و نامەکاریی کوردیی ڕەسمییان پەیڕەو کردووە! تەنانەت بەڕۆشنایی بەڵگەنامەکان – هەروەها بەڕۆشنایی ئەوەی لە مەملەکەتی عێراقدا ڕۆژنامەنووسیی کوردیی توخنی گوتار و نووسینی فارسی نەکەوتووە، تەنانەت گۆڤاری (دیاریی کوردستان: س ١٩٢٥ز)یش کە مۆڵەتی بەشی فارسیی هەبووە و هەرگیز بەکاری نەبردووە – دیارە لە دەزگەکاندا، باوی (نووسینی فارسی) نەماوە، تەنانەت ڕەنگبێ قەدەغە کرابێت... بەڵام – وەک بەڵگەنامەکان لەبەرچاون و شایەتن – نامەکاریی ڕەسمی لەگەڵ (بەغداد)ی پێتەخت و باژێڕەکانی دیی وەک (مووسڵ) بەدوو شێوە بووە؛ لە لاییێکەوە (بەتەواوەتی عەرەبی) و لە لاییێکی دییەوە (کوردیی و عەرەبیی) بووە، واتا کاتێ نامەکاریی لەگەڵ بەغداد کرابێت؛ لاییێکی بەعەرەبی و لاییێکی بەکوردی نووسراوە، هەروەها بەعەرەبیی تەواوەتیش بەڵام لەگەڵ باژێڕەکانی دیی، هەر عەرەبیی بووە و وێ دەچێت ئەم دەستوورەش سەرەتای ڕێگە خۆش کردن بووبێت بۆ (باوکردنی عەرەبیی!)[٣٩٦]

وێڕای هێندێ بەڵگەنامەی دەستگیر بووم، پرس کردنیشم هەر ئەو ئەنجامەی لێ نزیک کردوومەتەوە، لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجاوە، نامەکاریی کوردیی ڕووی لە (ئاوابوون) کردووە، تەنانەت وەک سەرنجم داوە، لە دادگەکان و پۆلیسدا – بابیشم لە دەزگەی پۆلیسدا بوو – ئەگەر لێ پرسینەوە و لێکۆڵینەوە و داوەریی بەکوردیی دەمودوویی بووبن، ئەوە نووسین و نامەکاریی لە باژێڕ و قەزا و ناحیەکاندا بەتەنێ (عەرەبیی) بووە!

هەڵبەت بەهێزکردن و بەکابردنی (عەرەبیی) لە ڕیزە حوکوومەتەکانی عێراقی عەرەبەوە سەرچاوەی گرتووە و مەملەکەتی نێوبراوە لە قانوونەکانی خۆیدا هەر بۆ ڕێزگرتنی ئارەزووەکانی گەلی کورد و زمانی نەبووە، بەڵکو بەڵگەی بەهێز و زاڵ کردنی سیاسەتی بەعەرەب کردنی گەلی کوردە کە دوارۆژ ئەم ڕاستییەی بۆ مێژوو ساغ کردەوە!

لە قۆناغی سەربەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کورددا، لە کۆماری کوردستانی خۆرهەڵاتدا – وەک هێندێ باسی بەسەرچوو – چۆن زمانی کوردیی بوو بەزمانحاڵی ڕەسمیی، ئەوە بەڵگەنامەکانی سەردەمەکە، ڕۆشنایی دەدەن کە هەموو دەزگەکان – بەسوپاوە– بەتەنێ کوردییان پەیڕەو کردووە. سروشتیشە ئەگەر بۆ کاروباری سیاسی کاربەدەستە گەورەکان، هێندکۆکەییێک فارسیی یان تورکیی بەکاربرابێت![٣٩٧]

دوو پرسیاریش ماونەتەوەو چاوەنۆڕی وەڵامن:

١- شێوەی زمان و داڕشتن نامەکاریی ڕەسمی هەردوو قۆناغی باسکراو، چۆن دێنە بەرچاو؟

وردبوونەوە جەخت دەکات؛ نامەکاریی کوردیی ڕەسمیی، بەپێی پێوەندیی ڕۆشنبیریی، بەتایبەتی خوێندەواریی کوردیی بەعەرەبییەوە، - هەتا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سۆن Soane یشدا - کوردییەکی تەواو پەتی نەبووە، بەڵکو تا مەودای باس کراومان، تێکەڵی عەرەبیی بووە!

شێوازی داڕشتنیشی - بەشێوەییێکی گشتی - کورت و ڕەوان و دوور لە شاشی بووە. هەموویشی بەهۆی نامەکاریی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی عوسمانی، ئێرانی، عەرەبەییەوە، هێورن و ڕێزی ئەدەبی ئاخاوتنیان گرتووە!

ئەگەر پرسیاریش لە بابەتەکانیان بکرێت، دیارە پێوەندییان بەکاروباری سیاسیی، خزمەتگوزاری، ئیداریی و کێشەکانی خۆوڵاتیان و فەرمانبەرانەوە هەبووە.

٢- نامەکاریی ڕەسمی، چ کاریگەرییەکی بۆ ئەدەبی نامەنووسینی کوردی هەبووە؟

ڕاستییەکەی، نامەکاریی کوردیی ڕەسمی کە بەرەو وێنەی (پەخشانی کوردی)ە، کاریگەرییەکەی ئەگەر نەشگاتە ڕیزی کاریگەریی (ڕۆژنامەنووسی کوردی)، ئەوە بۆ بەهێزکردنی ڕۆشنبیری، بەتایبەتی خوێندەواری کوردی و بەگۆڕکردنی (ئەدەبی نامەنووسین)، کۆڵەکەییێکی گەورە و بەهێز بووە، چونکە - وێڕای بایەخی مێژوویی بۆ کورد - وەک دووەم ئاڵا و دەنگی دەسەڵات و توانای زمان - نەک هەر دەزگەکانی حوکوومەتەکانی خۆماڵی و بیانی، بەڵکوو خۆوڵاتی کورد خۆی، بەهۆی پێوەندیی و تێکەڵییەوە، ئەوانیش هاریکار و بەرخۆر و بەرەبەرەش فێری بوون و خوویان پێوە گرت و بۆ نامەکاریی کەسیش کەڵکیان لێ وەرگرتووە!

بەگوتەییێکی کورت، نامەکاریی کەسی و ڕەسمیی، وێکڕا ئەو چڵە بەنرخەی (ئەدەبی نامەنووسیی)ان دروست کردووە و ڕاگرتووە.(٣٩٨)





١- ١٥٧/٦/٣، ج٣؛ ل ٩٠٧

٢- ١٥٧/٦/٣، ج٣؛ ل ٢٠٧ لە پەراوێزدا نووسراوە؛ (نامە گۆڕینەوە دەگرێتەوە!).

٣- ١٥٧/٦/٣، ج٣؛ ل ٢٢١٢ لە پەراوێزدا دەڵێت: «نوشتە» نێوێکە لە «نوشتن/ نووسین/ کیتابەت»ەوە هاتووە. هەروەها (کارکردن)یش دەگرێتەوە. لە لاپەڕە: ٢٢٠یشدا دەڵێت؛ (نوشت) لە ڕابردووی (نشتن/ نووسراو/ کیتابەت)ەوە هاتووە. هەروەها دەڵێت؛ بەکوردیی (نڤیسین) واتە گەڵاڵەکردنی نووسین. جێگەی تێبینی کردنە لە کوردییدا (نوشتە) واتە هەر نووسراوێکی قەدکراو کە نزاییێکی خرابی لە بەرامبەر یێکێکی دی تێدا نووسرابێت.

٤- ١٥٧/٦/٣، ج٣؛ ل ١٥٦٩

٥- ١٥٧/٦/٣، ج٣؛ ل ١٣٥٥

٦- ١٥٢/٣/٣؛ ل ١٠٦٣ لە پەراوێزی لاپەڕە: ١٤١٦دا دەڵێت؛ کیتاب لە (نام/ نێو)ەوە وەرگیراوە و بەکوردییش (نامە) واتە؛ نامەکاریی.

٧- ١٣٢/٣٦/٢

٨- ٢٩/١؛ ل ٢٦ [بنۆڕە؛ ودبنڕە: ٢/٤/ - ژ/١]

٩- بەدەستکاریی ڕێنووسەوە!

١٠- لە گەنجینەی زانا عەبدوڕڕەقیب یووسفەوە. سلێمانیی س ١٩٨١. بەتایبەتی پێشکەشی کردووم و یێکەم جارە بڵاو ببێتەوە. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٤/٢ - ژ ٢]

١١- بەدەستکاریی ڕێنووسیوە.

١٢- گەنجینەی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیی. ژمارەکەیم لەدەست داوە

١٣- هەمان گەنجینە، ژمارە - ٢١٧٠/ ٢١٦٩ جێگەی گوتنە؛ یێکەم لاپەڕەی عەقیدەنامەکە ناتەواو و دڕاوە، هەر بۆییێکا من لە دوا لاپەڕەیەوە مەتنم نیشان داوە. جێگەی باسیشە ئەم دەستنووسە کۆنترە لە دوو هاوشێوەی دی کە یێکەمیان لە هەمان گنجینەدا ژمارەی: ٢٥٤٥-٢٥٥٢ی هەیە و لە ٢ی جومادی یێکەمی ١٢٩٤ک - ١٨٧٧/٧/١١ز. نووسراوە و محەمەدی مەلا کەریم لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد - س ١٩٩١ز.دا بڵاوی کردووەتەوە! دووەمیان کۆتاییەکەی ناتەواوە و دیارە کە یادگای قەڵەمی (مەزناویی یێکەم و دووەم)ە کە ئەو نێوانەی تێدا نووسراوە و پەراوێزیان هەیە.

بۆ وێنەی (لب العقاید) بنۆڕە (ودبنبڕە: ٢/٤/ - ژ ٣-١]

بۆ وێنەی دەستنووسی؛ ١٢٣٤ک/ ١٨١٨ز. بنۆڕە؛ ودبنبڕە - ژ: ٣ -١

بۆ وێنەی دەستنووسی؛ (مەزناوی)یەکان بنۆڕە؛ ودبنبڕە - ژ: ٣ - ٢

بۆ وێنەی دەستنووسی؛ س ١٨٩٧ز بنۆڕە؛ ودبنبڕە -ژ: ٣ - ٣

جێگەی خۆیشیەتی ڕوون بێت کە دۆستم زانا عەبدوڕڕەقیب یووسف لە مەڕ پرسیارم - بەنامەییێکی

سالّی ١٩٨٤ز. وەلاّمی داومەتەوە – بۆ هەبوونی عەقیدەنامەیێکی کۆنی کورمانجیی باکوور، دەلّێت: (عەقیدەی ئیمانیّ/ عقیده ایمانی – شیخ عوسمان پوری*، له ٢١ی ڕەمەزانی ١٢٧٣ک/ ١٨٥٦ز – ١٨٥٧ز.دا نووسراوە و ١٣ لاپەڕەیە) و لە مەکتەبەتو لدیراسات ئەلعولیا/ بەغدادا هەیە؛ سەرەتای عەقیدەنامەکە ئەمەیە؛

(تو بزان رکن اسلامی پینجن. رکن اول کلمەء شهادته؛ اشهد أزْ شاهیدِي دِدِمْ ان لا اله الا الله کو نیێن تو معبودی...) کۆتاییەکەیشی نووسراوە؛ (السلام علی من اتبع الهدی).

* هەمان سەرچاوە دەلّێت؛ شێخ عوسمانی پوری پیاوێکی ئایینناسی سەدەی نۆزدە بووە. گۆڕەکەی لەنێو گومەزێکدایە لە پشت باژێڕی (تەنتوان/ طنطوان)ی سەرکەناری دەریاچەی (وان)ەوە.

١٤- بەدەستکاریی ڕێنووسیەوە.

١٥- ١/٤٤؛ ی – –١٨ و ١٨١.

١٦- دەستنووس ژمارە – ٣٠٨. زانکۆی سەلاّحوددین – هەولێر؛ س ١٩٨٤. دەستنووسەکە لە کۆتایی مانگی جومادیلئاخیری ١٣١٤ک.دا تەواو کراوە. بنۆڕە [وبندبرە: ٤/٢ – ژ ٤].

١٧- بەدەستکاریی ڕێنووسیەوە. بنۆڕە [ودبنبرە: ٤/٢ – ژ ٥].

١٨- بەدەستکاریی ڕێنووسیەوە. بنۆڕە [ودبنبرە: ٤/٢ – ژ ٦].

١٩- ١٥٦/٥/٣؛ ل –.

٢٠- بەهێندیّ دەستکاریی ڕێنووسییەوە؛

٢١- ١/١٧، ج١؛ ل ١٨٣ – ١٨٤.

٢٢- ١/٥١؛ ل –.

٢٣- ١/٨٠؛ ل – ٩٦.

٢٤- ١/٣٢؛ ل – ١٧٦.

٢٥- ١/٦٠؛ ب٣؛ ل ٢٧٢.

٢٦- ١/٨٦؛ ل – ١٧٤.

٢٧- ١/٨٠؛ ل – ١٤٥.

٢٨- ١/٦٥؛ ل ٤٤–٤٥.

٢٩- ١/٩١؛ ل ٢٧١.

٣٠- ١/٧؛ ل ١٣٧.

٣١- حەفسە بەکر محیەددین قەساب (دایکی نووسەر) ١٩٨٠/١١/٢٢، سلێمانیی.

٣٢- مەبەست لە بالّندەی قولّینگە.

٣٣- ١/٧١، ج٢؛ ل – ١٤٧ (بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستیّ).

٣٤- ١/٧١، ج١؛ ل – ٣٠٧ (مەم و زین).

٣٥- ١/٧١، ج٢؛ ل – ٣٥ (بەیتی عەلی عاشق).

٣٦- ١/٧١، ج٢؛ ل – ٣٠٦ – ٣٠٧ (بەیتی قەروگولّزەر).



٣٧- ١/٧١، ج٢؛ ل – ٣٢٤ (بەیتی باپیر ئاغای مەنگوور).

٣٨- ١/٧١، ج٢؛ ل – ٩٠ (بەیتی ناسر و مال مال).

٣٩- ١/٧١، ج٢؛ ل – ٨٧ (بەیتی برایمۆک).

٤٠- ١/٧١، ج٢؛ ل – ٣٠٧.

٤١- ١/٧١، ج٢؛ ل – ٣٢١ (بەیتی زەمبیل فرۆش).

٤٢- ١/٧١، ج٢؛ ل – ٢١١ (بەیتی قۆچ عوسمان).

٤٣- ١/٧١، ج١؛ ل – ٢٢٤ (مەم و زین)

٤٤- ١/٤٤؛ ل ١٩٣ – ١٩٤. جێگەی باسە سەججادی دەلّێت گۆیا؛ نامەکە نووسراوە و مێژووی بەسەرەوە نییە و گۆیا هی سالّی ١٩٣٠ز.ە، دەی چونکە ئەو سەرخێلاّنە نەخوێندەوار بوون و یێکێکی وەک شا فەرەج (مەلا)ی بانگ کردووە قسەکانی بۆ بنووسێتەوە، ئەز بەئەو ڕۆشناییە نامەکە بەنامەیێکی سەرزاری دەژمێرم.

٤٥- ٢/١٠٦/١٠؛ ل ١٥ – ١٧. بنۆڕە [ودبنبرە: ٤/٢ – ژ ٧: ١ – ٢].

٤٦- ١/٩؛ ل ٣ – ٦. نووسەر دوای پەسنی پەیامبەر، پەسنی سولّتانی عوسمانی کردووە و لەبەر درێژنەبوونەوە، بلاّوکردنەوەی لادا.

٤٧- بنۆڕە: ئیبنولحاج – مەلا محەمەدی سێوجیی؛ (بەیتی ئەووەل و ئاخیر یان تذکرە الفوام)؛ ئاشناکردن و لێکۆلّینەوەی محەمەد عەلی قەرەداخی، سلێمانیی ١٩٧٩.

٤٨- ١/٧١؛ ج٢؛ ل ٧٦٠ – ٧٦١.

٤٩- ٢/١٢٨/٣٢؛ ص ٣٣٦ (الرقعە الثالثە).

٥٠- محەمەدی کوڕی عەبدولکەریم کوڕی ئەحمەد (١٨٧١ز – ١٩٣٥ز. پێنجوین).

٥١- دەستنووسەکەی لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانییدایە و لە ئەوێوەم وەرگرتووە و دەستکاریی ڕێنووسیم کردووە. (مخابن ژمارەکەیم لە دەست داوە!).

٥٢- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٦؛ ل ٢٥٤، بەغداد ١٩٧٨. (شارۆییێک لە باخچەی ئەدەبی مەولەویی/ محەممەد عەلیی قەرەداخی) [بنۆڕە: وبدبنبڕ – ژ: ٤/ ١ – ٣].

٥٣- شیعرەکەیش ئەمەیە:

هیجرانت ییێکجار جەحەد ویەردەن
وە سواسەت شادییەن جە بێخ ئاوەردەن
دووریت خێمەی دلّ ڕیشەکەن کەردەن
... هتد.

٥٤- گۆڤاری کوڕ – ب٦؛ ل ٢٥١. شیعرەکەی هاوەلّی – وەکو نامە، بەدەستکارییەوە

ئەمەیە: پەی چیش خالّۆکەی دەروون جە هۆز کەیل
خەیلین ئەجزای مەیل لەیلەکەی پڕ مەیل ...
... هتد

٥٥- سەرچاوەی پێشوو؛ ل ٢٤٤.
شیعرەکە - وەک نامەکە بەدەستکاریی ڕێنووسەوە - ئەم فارسی زمانەیە:

شمال عبارت نامەات ضیاء دیدە فرد هادی
معنی باریک دارد، یکی یکی را بخوانید
خوب ملاحظە کنید، نادانستە نگذاریدشان

واتە:

شنەی شەماڵ لە بریی نامەیە، ڕووناکی چاوم؟
شیعرەکان مانایان زۆر وردە، یێکە یێکە بیانخوێنەوە
باش سەرنجیان بدە، نەزانانە بەسەریاندا تێ مەپەڕە!

٥٦- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٤. شیعرەکەی هاوەڵی (قافڵەی بەهارییە)ی کوردییە! بنۆڕە [ودبنبرە: ٤/٢ - ژ ٨].
٥٧- ٢/٢٢/١١٨؛ ل ٤٩ - ٥٠. سەر دەستەی دامەزراندن ئیبراهیم تیمۆی ئالبانیایی و ئەندامەکەی دی محەمەد ڕەشید چەرکەسی بوون.
٥٨- ئەز لە زمانی کەسانی هاوسەردەمەکەوە ئەم وێنە باس و نووسینانە دەخەمەڕوو:
١- ئازیزی ئەحمەد/ سورەییا بەدرخان پاشا، لە گوتارێکی ڕۆژنامەی (کوردستان - ژ١، ١٢ی ئەیلوولی ١٩١٧ز. قاهیرە! (خولی سێیەم)دا نووسیویەتی؛ «... کاتێ سوڵتان سەلیمی یێکەم نێوی خەلافەتی لە سەڵتەنەتی خۆی نا، میرانی کورد لە وڵاتی خۆیشیان و وڵاتی ئێمەیشیان خراپ کرد! لە زەمانی میرانی کورددا لە وڵاتی کورددا، هەموو شتێکی باش هەبوو، بەرەبەرە هەمووی خراپ بوو. تورکان دووسەد ساڵ بوو نەیاندەزانی لە (ئەدرنە) تا (ئەستەنبووڵ) ڕێگەیێ دروست بکەن، ئیدی چۆن بزانن ڕێگە و شتی باش لەوڵاتی ئێمەدا دروست بکەن؟ بەری دووسەد ساڵ حاڵی وڵاتی ئێمە لە ئێستە خراپتر نەبوو... پاشاکانی عوسمانی دیتیان بەباشی ناتوانن وڵات بگرن، تۆوی خراپەیان فڕێ دایە نێومانەوە، بەرەبەرە هەموو وڵات وەک شەڕگەی لێ هات!! میرانی کورد کە حوکوومەتی عوسمانی بەزۆر هێنابوونیە ئەستەنبووڵ ئەم حاڵەیان دیت؛ دیتیان حوکوومەتی عوسمانی هەر ڕۆژە دەڵێت بۆ چاکەی وڵات هەواڵ دەدەن، هەر ڕۆژە درۆیێ دەکات و شتێکی باش ناکات؛ گوتیان مادام حوکوومەتی عوسمانیی خۆی خراپە دەکات، بۆچ ئێمەش لەگەڵ خراپ ببین؟ هتد...»
عەبدوڕڕەحمان بەگی کوڕی بەدرخان پاشا، لە کوردستان (ژ ١٥، س ١٩٠٠ز. ژنێڤ/ خولی یێکەم)دا باسی شێوەی دامەزراندنی کاربەدەستانی عوسمانی و خراپەیان لەگەڵ کورد دەکات، دەبێژێت؛ (... ئەز بێژمەوە، ئەو مەئموورێن خونکار - سوڵتان/ K - ڕێ دێکە کوردستانێ، چاوە تەعین دیبن؟ چ فیکرێ دەنە و چی دێکەن. خونکار بیست سی هەزار زێڕەکی ڕیشووەت ژی وەزیرەکی دیستینە، دەیکە سەدری ئەعزم - سەروەزیر/ K - پاشی ئەو سەدری ئەعزەم چەند هەزار زێڕەکا ڕیشوەت دیستینە؛ وەزیر دەێکە نازیر - پاشا، وەزیر/ ک - پاشی پاشایێک هەزار زێڕەکی



ڕیشوەت دەیدە سەدری ئەعزم، دیبە مەسەلا والییا (دیاربەکری). ئەو والیێ دا حەیفا وان پەرێ - پارە/ K - دایێ سەدری ئەعزم؛ دڤێ دەرینە، ڕیشوەنا بخووە، حەچییێ گەلێک ڕیشوەت دا، وی دەێکە موتەسەڕڕیف. پاشی ئەو موتەسەڕڕیفە ژی دا حەیفا وی ڕیشوەتا دایێ والیی، دڤێ دەرینە! حەچییێ گەلێک پەرا بدە، وی دەێکە قائیمقام. دیـ ڤێجا قائیمقام ژی حەیفا پەرەیێن دایێ موتەسەڕڕیف، ژی کوردێن ڕەبەن دیستینە! گەلی کوردنۆ، مەئموورێن حوکوومەت ڕێ دەێکە وەڵاتێن کوردستانی، ئەغلەب هوونە، ئەو مەئموور تەدریجی وەڵاتی وە خراپ دەێکەن! هتد...».
نووسەر محەمەد فەزڵی موغاغی، لە (پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س١، ژ٧، ١٠ی حوزەیران ١٩٢٠)دا نووسیویەتی: «... هەر نەفەرێکی ژاندارمە - پۆلیسی عوسمانیی/ K - لەسەر ئەهالی حاکمییەتێکی موتڵەق بوو. ڕاستی ژاندارمەیی نەبوو، یێنکیچەرییەتی - جۆرە لەشکری تورکی عوسمانی/ K - بوو، ئەم مەسئەلەیە تەدریجییەن گەیشتە ڕادەیێک مەئموور و میللەت بەنەزەر دوشمن تەماشای یێکدیان دەکرد! نەفەرێکی ژاندارمە ئەگەر بچورابە دێییێ، هەموو سەروەتی ئەهلی ئەو دێیەی بەزۆر بستاندایە هێشتا لای کەم بوو. ئەگەر بەتەواویی لێکی بدەینەوە دوو بەشی گرانی و فەوتانی ئەهالی و وێرانی دێهات لە تەرەف ژاندارمەوە بوو! هتد...».
تۆفیق سلێمانیی - پیرەمێرد -ی شاعیر و دووەم خاوەندی ڕۆژنامەی کوردی، لە قەسیدەیێکی سیاسی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەققی - ژ١؛ شەممە ٩ی تەشرینی دووەم ١٩٠٨)دا دەبێژێت:

«میللەت نەدەنگ و ڕەنگی خەلیفەی دەبی و دەبیست
مەزڵووم نە حەددی بوو بەشکات دەنگی بێتەدەر
عالیم کە بوو بووە؛ خزمی خەزووری سەپانی شێخ
کورد دەستی گرت بۆ نۆبەیی، نۆبەی نەکەوتەبەر
هەرچییەک بیووتایە ئەمن کوردم، ئەو دەمە
ڕێگەی (تەرابولس)ی بەپێخواسی دەگرتەبەر
بێ دەستەڵات و بەستەزبان بووین لە عالەما
هیچ چارەمان نەمابوو، دوعامان دەکردەبەر» (*)

٥٩- وەک یارمەتیدان و پشتگیریی بەرامبەر عەبداللە جەودەت و ئیسحاق سکوتی کە لە ئاوارەیی (تەرابولس)ەوە هاتوون بۆ ئەوروپا و لە باژێڕی (ژنێڤ)دا ڕۆژنامەی زمانحاڵی کۆمەڵە عوسمانییەکان؛ (عوسمانلی/ عثمانی - س١٨٩٧ز - ١٨٨٩ز)یان دەر کردووە! (بۆ زانینی پتر، بنۆڕە: ١/ ١٥).

*(*) مەبەست لە (تەڕابولس) بەبیرهێنانەوەی ئاوارەکانی هۆزی (هەمەوەند)ی کوردستانی بەنێویانگە کە سوڵتان نێویراو ئاوارەی وڵاتی (لیبیا)ی ئەفریکای کردن و ئەویش نەبەزانە بەزۆر، گەڕایەوە نیشتمانی خۆشەویستی! (مەتنەکانی بەدەستکاریی ڕێووسیانەوە نواندوومن!).*

٦٠- -كوردستان- س٣، ژ: ٣١، ١٤/٤/١٩٠٢ز.

٦١- ١/١٥؛ ل ٢٠. (هەر ئەم سەرچاوەیە ڕادەگەیێنێت کە ئەحمەد ڕامیز لە ١٩٠٤ز.دا ڕایکردووە بۆ میسر و دوایی لە ئیتاڵیادا پەنابەر بووە! پتر دەڵێت: کۆمەڵەکە لە ئەو ساڵەدا داخراوە! (مخابن ئەز لە مەنفادام و نەمتوانی «بەرنامە»ی سیاسی کۆمەڵەکە بنوێنم کە یێکەمین بەرنامەی -تورکیی زمان- کۆمەڵێکی کوردە.

٦٢- بنۆڕە ئێرە و (ب-٤/ ١ نامەی زمان بیانی).

٦٣- ١/١٥؛ ل ٢٤-٣٢. (ئەم ڕۆژنامەیە توخنی کوردایەتی نەکەوتووە و بەئایینەوە خەریک بووە).

٦٤- بنۆڕە: کەمال ڕەئووف محەمەد؛ (پیرەمێرد پیری ڕۆژنامەنووسان)/ کوردستانی نوێ - ژ؛ ١٨٩٢؛ ١٢/٥/١٦٦، سلێمانیی.

٦٥- ١/٥٧. (جێگەی باسە ئەم سەرچاوەیە و هەموو سەرچاوەیێکی دی، تا ئەوڕۆ دەڵێن؛ ژمارەکانی (کوردستان)ی خولی دووەم بەردەست نەکەوتوون!!).

٦٦- بنۆڕە: در. جەبار قادر؛ (کورد و چەند زانیارییەکی نوێ)/ کاروان - ژ -٣٢، س ١٩٨٥، ل٥.

٦٧- هەمان سەرچاوە. هەروەها ١/٦.

٦٨- ژین - زژ ٩٥٣، ٢٧/٢/١٩٤٩، سلێمانیی، (سەرگوتار).

٦٩- ١/٧٢؛ ل ٤٧ - ٥٢ (جێگەی باسە ئەم ڕۆژنامەیە ٤٧ ژمارەی لێ دەرچووە و ژمارە؛ ٦٢ی لە ٢٨ شەعبان ١٣٢٧/٣ ئاگستۆس ١٣٤٥ر/١٩٠٩ز.دا بڵاوبووەتەوە و دیاترین نووسەران و بەرپرسانی میر کاتب زادە شوکریی و حیلمی زیائوولکەنە.

٧٠- ١/١٠؛ ل ٢٠-٢٤.

٧١- بنۆڕە: کەمال ڕەئووف محەمەد؛ (عەبدولکەریم سلێمانیی خاوەندی ڕۆژی کوردی، کوردستانی نوێ - ژ؛ ١١٩٤، ١٩/١/١٩٩٦، سلێمانیی.

٧٢- ١/٩٥، ج١؛ هەروەها سەرچاوەی پێشوو.

٧٣- ١/٧٢؛ ل ٦١-٦٣.

٧٤- ١/٧٢؛ ل -.

٧٥- ١/٣؛ ل٧٥ و ٢٣١.

٧٦- ١/٩٥؛ ل ١٥٢.

٧٧- ٢/١١/١٠٧.

٧٨- ١/٥٤؛ (دەورەی سێیەم).

٧٩- ١/٣؛ ل ٨١-٨٨.

٨٠- لە داهاتوودا باسی دێتە پێشەوە.

٨١- ١/ ١٠؛ ٢٤-٥٩ (کۆمەڵی ژنانی کورد بەسەرۆکایەتی ئەنجووم یامەلکێ بووە].

٨٢- ١/٧٢؛ ل ٧٦- ٨٠.



٨٣- ١/٧٢؛ ل ٨١-٨٠.

٨٤- ١/٧٢؛ ل ٨١-٨٠.

٨٥- ٢/٤٤/١٤؛ ل ٦٢ - ٩٥. هەروەها ١/٥٤، ل ٢٩ (فەرهاد پیرباڵ).

٨٦- ١/٢٥؛ ب١، ٦١.

٨٧- ١/٢١؛ ب١، ل ١٠٠ - ١٠٤، ج٢، ل ١٠٤ - ١٢٨ (بەغداد)

٨٨- پێشکەوتن - سلێمانیی؛ ژ ٥٥؛ ١٢/٥/١٩٢١.

٨٩- پێشکەوتن - سلێمانیی؛ ژ ٦٦؛ ٢٨/٧/١٩٢١.

٩٠- پێشکەوتن - سلێمانیی؛ ژ ٨٧؛ ٢٠/١١/١٩٢١.

٩١- ئەم لەشکرە نەستووریە لە ئاوارەکانی تورکیاوە و لە دوای ئاگربڕەوە دامەزراو بوو بەدەسکەلایێکی بریتانیا بۆ کوشت و بڕی کورد کە سەرئەنجام -لە عێراقدا- هێندە هێزی گرت، لە سەرەتای سییەکاندا لە حوکوومەتی عێراق عەرەبیش هەڵگەڕاوە و سەرکوت کرا.

٩٢- ٢/١٦/١١٢، ط٣؛ ص١٣٣.

٩٣- ٢/١٦/١١٢، ط٣؛ ص١٥٤.

٩٤- ٢/١٦/١١٢، ط٣؛ ص١٢٩.

٩٥- ڕۆژنامەکە لە (ژ-١٩؛ ٢/٣/١٩٢٥ز)ەوە، وشەی (حوکوومەتی) هەڵگرتووە گۆیا بووە بە؛ ڕۆژنامەیێکی نیو مانگانەی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵیی.

٩٦- بانگی کوردستان؛ ژ ١٤-٢؛ ١٥/٢/١٩٢٦ز. (بەغداد).

٩٧- گۆڤاری: هیوا - س ١٩٩٠ز (پاریس). [بەڵگەنامەی بریتانیایی].

جێگەی باسە، وەک نێوی سەرۆک و ئەندامەکانی کەرکووک و پردێ لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، خۆم چ هەواڵێکی جم و جوولی ئەو شوێنانەم بەرچاو و گوێ نەکەوتووە؛ وێ دەچێت هەر زوو بەری چالاکییان لێ گیرابێت.

٩٨- ١/٥٧؛ ل ٢٤-٤٢.

٩٩- ١/٥٧؛ ل ٤٣.

١٠٠- ١/٥٧؛ل ٤٤.

١٠١- ١/٥٧؛ ل ٤٤

جێگەی باسە، وەک در. جەبار ئاماژەی بۆ کردووە، فرانسە لە ساڵی ١٩٢١ز.دا ئامادەی خۆی نواندووە بۆ چاوگێڕاندنەوە بە(پەیمانی سەڤەر)دا کە ئەوە بۆ خۆی پشتیوانییەکە بۆ ئەتاتورک.

١٠٢- ١/٤١؛ ل ١٦.

لە لایێکی دیبیەوە (کوردی/ مستەفا ساییب) لە ژیاننامەیێکی خۆیدا - بۆ جەمال بابانی نووسیوە - دەڵێت: «لە ئەووەڵی ساڵی ١٩٢٨ز.دا کە ئینگلیز هانی شێخ مەحموودی دا (؟) تا هەستی لە دژی حوکوومەت و حەرەکەت بکات. لەبەرئەوەی شێخ خۆی ئەندامێک بوو لە کۆمەڵەکەماندا

نەمانهێشت بێ پاداشت هیچ بکات و داوای هەندێ مەتالیبمان کرد کە یێکەمیان (موختارییەتی ئیدارە) بوو بۆ کوردستان و لەبەرئەوەی بۆیان دەست نەدا و نەیانکرد، ئێمەیش ماوەمان نەدا کە شێخ مەحموود بێ موقابیل و بێ سوود هەستی!!». بنۆڕە: ڕەنگین – ژ ١٣٧، س ١٩٩٩.

(١٠٣) – بنۆڕە: در. کەمال مەزهەر ئەحمەد (خێروبێری ڕاپۆرتنووسێک)؛ ڕەنگین – ژ ٩٠ و ٩١؛ س ١٩٩٦ز. هەروەها سەرچاوەی پێشوو! جێگەی تێڕامانە؛ در. کەمال ئەو باسەی جوان ڕوون نەکردووەتەوە و نێوی (ڕاپۆرتنووسەکە)یشی ئاشنا نەکردووە. بڕوامیش هەیە؛ کۆمەڵی خۆیبوون لە عێراقدا. (کۆمەڵی پشتیوان) و لقی خۆیبوون لە سلێمانییدا هەر (زەردەشت) بووە! جێگەی باسیشە نێو و ناتۆرەی ئەوتۆ لە (خۆیبوون) نرابوو گۆیا دەستنێژی ئینگلیز و فرانسەیە، بەڵام – وەک در. کەمال مەزهەر لە ڕۆشنبیری نوێی ١٩٩٦ز.دا ڕوونی کردووەتەوە و بەڵگەنامەی هێناوەتەوە – ئەوانە پووچن و کۆمەڵەیێکی سەربەست و نەتەوەپەروەر بووە، ئەگەرچی کورتبین بوون کە ماددەکانی (٤، ٥)ی بڕیاردراوی کۆنگرەکەی بەیروت – س ١٩٢٧ز، بانگی برایەتی و دۆستی لەگەڵ داگیرکەرەکانی بەشەکانی دی کوردستان داوە. ماددەی (٤) دەڵێت: «دروست کردنی پێوەندیی برایەتی هەمیشەیی و بۆنەی دۆستایەتی لەگەڵ حوکوومەتی ئێران و گەلی فارسی برا». ماددەی (٥) دەڵێت: «دروست کردنی پێوەندیی برایەتی و دۆستایەتی هەمیشە لەگەڵ هەردوو حوکوومەتی عێراق و سووریا. لە ئەو سنوورەشدا، ئەو مافانەی کە لە گەلاڵەی (چاودێریی/ ماندات/ ئینتیداب) و پەیمانی نێودەوڵەتی لەمەڕ مافەکانی کورد لە ئەم دوو دەوڵەتەدا بە بەس بزانن. هەروەها لە ئەوەی کە هەیە، پتر، چ مافێکی سیاسی دی لە ئەو دوو حوکوومەتە داوا نەکرێت!» [بنۆڕە: ١/٨/؛ ل ٩٠].

١٠٤- ژیان – ژ ١٦٦؛ ١٩٢٦/٤/١١؛ (بەدەستکاریی داڕشتن و ڕێنووسیەوە!).

١٠٥- ١/٦؛ ل ٢٠ (لە بەڵگەنامەی بریتانیایی Fo 116759 ەوە).

١٠٦- ١/٥٧؛ ل ٤٥

١٠٧- ١/٥٧؛ ل ٤٥

١٠٨- ١/٦؛ ل ٥٠

١٠٩- ١/٦؛ ل ٢٤٥

١١٠- ١/٦؛ ل ٢٤٥ (بۆ تێگەیشتنی تەواوی ڕووداوەکان، دەوری سەرچاوەکە بکەرەوە).

١١١- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٧٤ و ٢٢٣

١١٢- هەمان سەرچاوە؛ ل ٢٤٨ و ٢٥٨

١١٣- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٤٨ و ١٥٠

١١٤- بنۆڕە: ڕەئووف تەوەککولی؛ (چەند کورتە باسێک لە بارەی سمایل ئاغای سمکۆوە) – مامۆستای کورد؛ ژ ٢٦، س ١٩٩٥.

١١٥- ١/٥٧؛ ل ٤٦

١١٦- ١/٥٧؛ ل ٤٦



١١٧- ١/٧٢؛ ل ٩٥-٩٨ (وێنە و ژمارەکانی ڕۆژنامەکە تا ئێستە بەردەست نەکەوتوون).

١١٨- ١/٥٧؛ ل ٤٦

١١٩- ١/٥٧؛ ل ٤٦ – ٤٨

١٢٠- بنۆڕە: ڕیکارد وارلینۆس؛ (دووڕوویی وڵاتانی ڕۆژئاوایی)؛ وەرگێڕانی لە سویدییەوە کاوە ئەمین – ڕابوون؛ ژ ٢٧، س ١٩٩٩، ل ٣٠.

١٢١- بنۆڕە؛ عەبدالله نەجات (حیزبی هیوا) – ڕابوون، ژ ٢٦، س ١٩٩٩، ل ٥٩.

١٢٢- ١/٤١

١٢٣- بنۆڕە: عەبدلله نەجات؛ ل ٥٩ – ٦١

١٢٤- بنۆڕە: عەبدلله نەجات؛ ل ٥٩ – ٦٢

١٢٥- بنۆڕە: عەبدلله نەجات؛ ل ٦٢ – ٦٣

١٢٦- بنۆڕە: عەبدلله نەجات؛ ل ٦٣

١٢٧- بنۆڕە: عەبدلله نەجات؛ ل ٦٤ – ٦٥

١٢٨- ١/٣: عەبدلله نەجات؛ ل ٢٣٨

١٢٩- بنۆڕە: مەحموود مەلا عیززەت؛ (قازیی محەمەد لەناو ڕووناکیی مێژوودا) – مامۆستای کورد؛ س ١٩٩٥، ل ٢٤ و ٢٥.

١٣٠- هەمان سەرچاوە؛ ل ٢٦

١٣١- هەمان سەرچاوە؛ ل ٣٠-٣٢

١٣٢- هەمان سەرچاوە؛ ل ٣٤-٤١

١٣٣- ١/٣، ل ٢٢١، ٢٢٣، ٢٣٨، ٢٣٩ مخابن هەموو مێژوویێ، هەروەها ڕادەی ژمارەکانی تەواو ڕوون نەکراوەتەوە!!

١٣٤- بەڕۆشنایی ئەو دروشمانە، هەڵوێستی هەمیشەیی ئەو پارتە شیوعیانە هەر ئەو مانایەی بەخشیوە کە پشتیوانی مانەوەی کوردستانی ژێردەستەی دەوڵەتەکانی تورک و عەجەم و عەرەبن، تا ئەوڕۆ قایلیش نین ددان بنێن بەباری تایبەتی کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد و بزاڤی ڕستگاریخوازنەی کە بارێکی بێ وێنەیە لە گێتییدا و لە سەدەی ئاسمان گرتندا!

١٣٥- ١/٥٧؛ ل ٥٠-٥١

١٣٦- ١/٥٧؛ ل ٥٣

١٣٧- دوای هەڵگەڕاندنەوە سەربازییەکەی ١٩٥٨/٧/١٤ز لە ڕژێمی پاشایەتیی عێراق بەسەرکردایەتی -کوژراو- زەعیمی روکن عەبدولکەریم قاسم عێراق لە ئەم پاکتە دەرچوو کە بەغدادیش پێتەختی بوو.ئەوجا (ئەنکەرا)بوو بەپێتەختی پاکتەکە و نێویشی کرا بە(سەنتۆ Cento).

١٣٨- ١/٥٧؛ ل ٥١-٥٣

١٣٩- پێم وایە پارت و سیاسەتبازەکانی کوردستانی باشوور بۆیان نییە چی دی ئەم قەوانە سواوە لێ بدەن و جەماوەری بێ گوناه و زۆرلێکراوی گەلی کورد دەستخەڕو بکەن.

١٤٠- جێگەی یادکردنەوەیە لە هەڵی دوا شۆڕشی حەفیدزادە – س ١٩٣٢ز.دا و بەدیلگرتنی، هەروەها لە هەڵی شۆڕشی بارزانیشدا، کۆمەڵێ سەرخێڵی دەرەبەگ و خۆپەرست لەژێر ئاڵای (ئۆردووی خۆرهەڵات)دا، هاریکاریی نێرووەکانی حکومەتی عەرەبی عێراق و ئینگلیزیان کرد و سەرئەنجام لە دوای سەرکوت کردنی شۆڕشەکان، پاشای عێراق (جبە و شمشێر و نیشانی ڕافیدەین)ی خەڵات کردن. بۆ ڕاستی بنۆڕە گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە؛ س ١٩٤٥؛) کە نێوی ئەو کەسانە و جۆری خەڵاتەکانی ئاشنا و ڕیز کردووە.

١٤١- بنۆڕە: کەمال ڕەئووف محەمەد (یێکەم ڕۆژنامەی هەولێر – س ١٩٤٨)؛ کاروان – س٤، ژ ٤٨، ئەیلوولی ١٩٨٦ز.

١٤٢- وردبوونەوەی خۆم.

١٤٣- ئەم گۆڤارە لە سەرەتادا هەر –بەزمانی عەرەبی– بەرنامەکانی ڕادیۆی عەرەبی و بەشی کوردی بڵاو دەکردەوە. لە نێوان ١٩٥٠ز – ١٩٥٥ز.شدا (بەشی کوردی) بەزمانی کوردی و گوتار و شیعر و بەرنامەوە – بێ نێوبردنی ڕەفیق چالاکی سەر پەرشتی – بڵاوکراوەتەوە. لە نێوان ١٩٥٨ز – ١٩٦٣ز.دا گۆڤارەکە بوو بە(الاذاعة والتلفزيون – ئەلیزاعە وەتتەلەفزیۆن/ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) و بەرنامە و گوتار و شیعر و پەندی کوردی بڵاو کردەوە.

١٤٤- بەهۆی سیاسەتێکی تایبەتی وەزارەتی ١٩٤٨ز.ەوە کە مەبەستی هێورکردنەوەی باری وڵات بوو، ئەوە بێک (مافی گۆڤارێکی سیاسی ئازاد) بەکوردی بدرێت، دوایی کە پێویست بەئەو سیاسەتە نەما، ئەو گۆڤارە وەک چەند ڕۆژنامەی دی، پەک خران.

١٤٥. ١/٣؛ ل ٢٤٢

١٤٦- ١/٧٢؛ ل ٩٩ دەشڵێت؛ گۆڤاری دی، (کانی دیجلە – نیسان س ١٩٥٢) تەلعەت سانگن خاوەندی بووە.

١٤٧- هەمان سەرچاوە

١٤٨- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٠٤

١٤٩- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٠٧

١٥٠- هەمان سەرچاوە؛ ل ١٠٩ (سەرچاوەکە دەڵێت؛ هەواڵی زۆر ڕوون نییە!!)

١٥١- هەمان سەرچاوە؛ ل ١١٠

١٥٢- هەمان سەرچاوە؛ ل ١١١

١٥٣- هەمان سەرچاوە، ل ١١٢

١٥٤- هەمان سەرچاوە؛ ل ١١٥ – ١١٨

١٥٥- ١/٣؛ ل ٢٤٠

١٥٦- ١/٣؛ ل ٢٤١

١٥٧- مەبەستم لە ڕاپەڕینی نەتەوەیی (وریابوونەوەییێکی نەتەوەیی)یە نەک ڕاپەڕینێکی گشتی سیاسیی و چەکدارانە سەرانسەریی یێککگرتوو.



١٥٨- کە دەڵێم پتر، لەبەر ئەوەیە لە لایێکەوە؛ ڕەنگبێ هێندێ ڕۆژنامەی دی دەرچووبن و من پێی نەزانم. لە لایێکی دییەوە ڕۆژنامەنووسی سیاسی نهێنی دەرچوون و کاریگەر بوون و من تێکەڵی لێکۆڵینەوەم نەکردووە. دەبێت بشڵێم ئەز تا ئێستە لە ڕۆژنامەنووسی نهێنیم نەکۆڵیتەوە چونکە ئەو کارێکی تایبەتی و گەورەیە بێ دەستگیر کردنیشیان لێکۆڵینەوەی هێندێکیان ناتەواو دەبێت. ئەز دەبینم کاتی ئەوە هاتووە کە دانراوێکی تایبەتی بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بزاڤی (ڕۆژنامەنووسی نهێنیانەی کورد) دابنرێت و هەر کەسێ بیگرێتە خۆی، من پێشەکی دەست خۆشی لێ دەکەم.

١٥٩- بەرۆشنایی سەرچاوە؛ ١/٨٨

[وێڕای دانراوەکانی دی بەزمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی].

١٦٠- بەرۆشنایی ئەوەی تاک و تەرایێ ڕادیۆچکەی ناوەخت و تەمەن کورت هەڵکەوتوون. (لێ وردبوونەوەی خۆم).

١٦١- کوردستان – ژ ١؛ ١٨٩٨ز، ل٣/ بەدەستکاریی ڕێنووسەوە.

١٦٢- ١/١٥؛ ل ٨–٩

١٦٣- ژیان – ژ ٣٢٦؛ ١٩٣٢/٥/١ز/ گوتار: نەتەوە و زمانی کورد.

١٦٤- ١/٩٥؛ ل ١٥٣ – ١٥٤

١٦٥- ١/٩٥، ل ١٦٣–١٦٤

١٦٦- ١/٩٥؛ ل ١٦٥ – ١٦٦

١٦٧- ١/١٠؛ ل ٥٩

١٦٨- ژیان – ژ ١٢؛ ١٩٢٦/٤/١٢ز/ ڕێپۆرتاژ: کردنەوەی جەمعییەتی زانستی.

١٦٩- ١/٦؛ ل ٦٠ – ٦١

١٧٠- ڕێنووس گۆڕین و چاککردنی، دەتوانم بڵێم لە سەردەمی میرنشینی بابانەوە و بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی هەژدەوە ٠ تا ئێستە و بەرۆشنایی ئەلفابێی عەرەبی – تا ئەوڕۆ وەک کێشەیێکی بنەبڕ نەکراو ماوەتەوە و لە پەنجاکانیشەوە گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەوڕۆ – بەدانانی هێندێ نیشانەوە بۆ هێندێ دەنگی تایبەتی زمانی کوردی – نووسینەکە بەپێی گۆ کردنی دەنگەکان، یا تیپەکان دەنووسرێت. ئەم کێشەیەش لە ساڵی ١٩١٣ز.دا، بەتایبەتی لە (ڕۆژی کورد – ژ؛ ٢، ١٣٣٩/٧/٦ر/ س ١٩١٣ز.)دا کەوتە بەرچاوی خوێندەواران کە ڕۆشنبیرێکی نەتەوەپەروەر (م. ص. ئازیزی) هەر بەرۆشنایی تیپەکانی عەرەبی – ئەلفابێیەکی نوێ و داتاشراوی داهێنا و پێشنیازی بەکاربردنی کردبوو. هەرچەندە ڕێنووسەکە – کە بۆ ئەو سەرەتا تاریکە وەک بروسکەیێک وابوو – ڕەوان و ئاسان بوو، ئێستە و ئەوساش هاودەنگی نەبوو. ئەم کێشەیە وەک لە (تێگەیشتنی ڕاستی) و (پێشکەوتن – سلێمانیی)دا تۆزەڵتانێ خووی درایێ و کەڵکی هەبوو، درێژەی کێشا و بوو بەباسێکی گۆڤاری (دیاریی کوردستان) کە تۆفیق وەهبی، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، پیرۆت/ مەحموود جەودەت، هەروەها لە (زاری کورمانجی)شدا حوزنی موکریانی – کە هێندێ خاڵ و نیشانەی بۆ دەنگەکانی کوردی دانا – گەرمتر بوو... لە ساڵی ١٩٢٦ز.شدا؛ (قیرائەتی کوردی) و

(ئەلفای کوردی) زێوەری شاعیر و ئەحمەد عەزیز ئاغا داندران و ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانیی تەماشای پەسەندکردنی پێ سپێردرا، بەڵام وێ دەچێ بڕیاری نەدا بڵاوبێتەوە. لە ئەم هەلەدا، کێشەکە گەورەتر بوو، بەتایبەتیش بوو بە(کەرتێکی کێشەی سیاسی گەلی کورد) کاتی کە لە نێوان ڕۆشنبیرەکانی کورد و وەزارەتی مەعایفی عێراقی عەرەبدا مشتومڕی نایەوە. (بنۆڕە بەشی نامەی ڕەسمی و درێژەی ئەو کێشەیە). کێشەکە هەر مایەوە تا بڵاوبوونەوەی (سەڕف و نەحووی کوردی – س ١٩٢٨ز)ی سەعید سیدقی کابان و (دەستووری زمانی کوردی – س ١٩٢٩ز)ی تۆفیق وەهبی و (ئەلفبای کوردی – س ١٩٢٩ز)ی ئەحمەد عەزیز ئاغا کە یێکەم – لەگەڵ سێیەم پەسەندی وەزارەتی مەعاریف و بەکاربرا بوون و دووەم پەسەند نەکرا – لە هەردووکیشیان پتر کەڵکی دەگرت... بەڵام کاتێ کە تۆفیق وەهبی بوو بەموتەسەڕریفی سلێمانیی، ڕۆژنامەی (ژیان – س ١٩٣٠) بۆ چەند مانگێ هەنگاوێکی گەورەی نا کە وێڕای دەستکاریی دەنگەکان، پەیڕەوی دەستوورەکەی تۆفیق وەهبی دەکرد بۆ نووسینی کوردی بەپێی گۆکردن. دەتوانم بڵێم ئەو دەستووره و ئەو بڵاوبوونەوەیە و دەورەکەی (ژیان)؛ بەردی بناغەی ڕێنووسی نوێیان دانا. دوای لابردنی تۆفیق وەهبی – موتەسەڕریفی تەمەن کورت – ئەو هەنگاوە تووشی ساتمەیێک بوو، بەڵام لە سییەکانەوە تا چلەکان و پەنجاکان، چ نووسەرە ژیرەکان، چ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک (ژیان) و (ژین)ی پیرەمێرد، (ڕووناکی) حوزنی موکریانی، (زبان)ی ساڵح قەفتان و (زانستی)ەکەی، هەروەها بەتایبەتیش (گەلاوێژ) ڕەنج و دەمەتەقێ و کردەوەی ژیرانەیان دەنواند، تا کار گەیشتە ئەوەی مامۆستایێکی ژیر ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە نێوان ساڵانی ١٩٥١ – ١٩٥٦ز.دا و بەتیشکی دەستوورەکەی تۆفیق وەهبی، ڕێنووسێکی کۆک و پێشکەوتووی بۆ (ئەلفابێی کوردی) و فێربوونی قوتابییەکانی قۆناغی سەرەتایی دانا و پەیڕەو کرا! تۆفیق وەهبیش خۆی پرۆژەی گۆڕینەکەی بردە سەر و بەتایبەتی لە چلەکانەوە تا پەنجاکان – بەکردەوەییێکی کارامەوە – ئێشکی گرت کە هەر خۆی لێی گوتووە؛ (بڕیارم دا هەتا تیپی عەرەبی نیشانەداری داڕێژراوی خۆم، دانەنێم، هیچ بڵاونەکەمەوە. هەر بۆ ئەم ئەمانجانەش لە ١٩٥٦ز.دا چووم بۆ بەیرووت، سەرپەرشتی داڕشتنی تیپی تایبەتی بووم – لە چاپخانەدا/K – ئەوی کە (قواعد اللغة العربية – س ١٩٥٦)م پێ بڵاوکردەوە). ڕاستییەکەیشی گۆڤاری (پەیام)، دەورێکی دیاری گێڕا. جێگەی خۆیەتی قوتابخانەکان و مامۆستاکانی کورد، لە ئەم گۆڕینەی ڕێنووسدا، دەوری کاریگەریان هەبووە. شایانی باسە، لە (دیاریی کوردستان) و (هاوار) و (ژیان) و (ڕۆژانو) و (ستێر)دا، بیروڕا و دەمەتەقێی زۆر و ڕەنجێکی گران درا بۆ بەکاربردنی (ڕێنووسی لاتینی) کە بەهۆی بەربەرەکانێی حوکوومەتەکانی عێراق – لە کوردستانی باشووردا بەری نەگرت و لە کوردستانی خۆرئاواو و باکووردا کەم تا زۆر سەری گرت! ئەمیستەش – وەکو گوتم – کێشەکە هەر بەردەوامە و لە باشوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، نووسەرەکان – بەمنیشەوە – لەسەر ڕێنووسێ یێکدگیر نین ئەگەرچی هەموو پەیڕەوی نووسین بەپێی گۆکردنی تیپەکان دەکەن.

١٧١– پێشکەوتن – سلێمانیی، هەر خۆی بەڵگەیە کە وێڕای وەرگێڕاندنی شەرەفنامە بەنێوی (نەسەب



و ڕەوشتی کوردان)ەوە، گەشتەکەی (ڕیچ) بەسەردێڕی (سەد ساڵ لەمەوپێش)ی سلێمانییەوە، هەروەها ڕۆمان و چیرۆکە پۆلیسییەکە و شیعرێکی تورکی؛ ڕەجایی زادە ئەکرەم و وەرگێڕدراوی م. نووری شێخ ساڵح – ژ ٩٢، ١٩٢٢/١/٢٦ز–ی بڵاوکردووەتەوە. ئەمە وێڕای وەرگێڕاندنی هەواڵەکانی گێتی و بەیاننامەی بڵاوکراوی دەسەڵاتی بریتانیا.

١٧٢– بۆ وێنە بنۆڕە: (ژین – س ٢١، زژ ٨٦٦، ١٩٤٧/٤/٢/ گوتار: هەڵەوەڕیی.

١٧٣– ١٠/١؛ جلد؛ ٥/ژین – س١، ژ ١٥، ١٣٣٥/٣١٣٠ر – ١٩١٩ز.

١٧٤– ڕۆژی کورد – ژ٢؛ ١٣٢٩/٧/٦ر – ١٩١٣ز [ودبنبڕە: ٤/٢ – ژ ٩].

١٧٥– ١٠/١؛ جلد ١؛ ژین – ژ١، ١٣٣٤/١١/٧ر – ١٩١٨ز.

١٧٦– ٣/١؛ ل ١١٢–١١٣/ تێگەیشتنی ڕاستی – س١، ژ ١٥؛ ١٩١٨/١/١ز.

١٧٧– ٣/١؛ ل ١٢٤/ تێگەیشتنی ڕاستی – س١، ژ١٥؛ ١٩١٨/٢/١٩ز.

١٧٨– ٣/١؛ ل ١٥١–١٥٢/ تێگەیشتنی – س٢، ژ ٦٣؛ ١٩١٩/١/١٣ز.

١٧٩– کاک بەهجەت سەعید کابان – لە ساڵی ١٩٨٣ز.دا – فۆتۆکۆپی ئەم ڕێزمانەی پێشکەش کردووم کە بەهاندانی سۆن Soane و لە ماوەی سێ مانگدا دانراوە و زیوەری شاعیر، شیعرێکی بۆ دەستخۆشی بۆ گوتووە و لە دەستنووسەکەدا تۆمارە. لە لاییێکی دیەوە ئەم ڕێزمانە هێندێ خاڵبەندیی تێدا هەیە بۆ دەنگەکانی کوردی. جێگەی گوتنە ڕێزمانەکە چاپ نەکراوە و هەر ماوەتەوە تا دوایی دەستێکی پێدا هێناوە و (موختەسەری سەرف و نەحووی کوردی – س ١٩٢٨ز)ی لێ دەرچووە.

١٨٠– ٣٥/١؛ ج٢، ل ٢٩١.

١٨١– نووسینی در؛ جی. ئێم، لیز. وەرگێڕاندنی حوزنی موکریانی/ دەنگی گێتی تازە – ژ٥، ب٤، ئۆگوستۆس ١٩٤٥ز/ گوتارەکە لە لاییێن؛ ئێم. سی، فاس و گۆڤاری: ژورناڵ سەنتراڵی بریتانیایی، فۆرمی٣، س ١٩٢٨ز.ەوە بڵاوکراوتەوە.

١٨٢– ڕەنگین – ژ ١٣٧، س ١٩٩٩ز؛ ل ٢٠/ گوتاری: کوردی و مەریوانی – جەمال بابان.

١٨٣– پێشکەوتن – سلێمانیی؛ س١، ژ ٤٤؛ ١٩٢١/٢/٢٤ز.

١٨٤– پێشکەوتن – سلێمانیی؛ س١، ژ ٢.

١٨٥– پێشکەوتن – سلێمانیی؛ س١، ژ ٩، ١٩٢٠/٦/٢٤.

١٨٦– پێشکەوتن – سلێمانیی؛ س١، ژ ١٤.

١٨٧– پێشکەوتن – سلێمانیی؛ س١، ژ ٢٧. بنۆڕە [ودنبڕە: ٤/٢ – ژ ١٠].

١٨٨– پێشکەوتن – سلێمانیی؛ س١، ژ ٣٤.

١٨٩– پێشکەوتن – سلێمانیی؛ س٢، ژ ٨٧.

١٩٠– پێم وەیە ئەم وەرگێڕدراوانەش تێکەڵی گرەوەکە بوون و بەریان نەکەوتووە و – دوای سۆن – لەبەر پێویستی پڕکردنەوەی ڕۆژنامەکە بڵاوکردەنەوەیان پەسەند کرابێت. زۆریش وێ دەچێت کە (سۆن) خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی دانابن، بەتایبەتی کە یێکێ لە مەبەستەکانی – خۆبشی دەستپێشخەرە – هونەری وەرگێڕاندن بووە.

١٩١- پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س١، ژ٥؛ ١٩٢٠/٥/٢٧ز. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٤/٢ - ژ ١١].
١٩٢- پێشکەوتن - سلێماین؛ س١، ژ ٦، ١٩٢٠/٦/٣ز. [بنۆڕە: ودبنبڕە: ٤/٢ - ژ١٢].
١٩٣- پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س١، ژ ٢٧، ١٩٢٠/١٠/٢٨ز.
١٩٤-پێشکەوتن-سلێمانیی؛ س١، ژ ٣٠، ١٩٢٠/١١/١٨ز.[بنۆڕە؛ ودبنبڕە:٤/٢ - ژ ١٣:١-٢]
١٩٥- پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س١، ژ ٤٢، ١٩٢١/٢/١٠ز. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٤/٢ - ژ ١٤].
١٩٦- بۆ وشەی (ئێهی - یان - ئیهی!!) لە چ فەرهەنگێکی کوردیدا واتاییم بەرچاو نەکەوت. وێ دەچێت یان بێگانە بێت، یان زاراوەییێک بێت مەبەستی کەسێکی دەوڵەمەند یان کورد گوتەنی (خواپیاو) یان ئینگلیز گوتەنی؛ کەسێکی (های لایف) بێت.
١٩٧- پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س١؛ ژ ٥٠.
١٩٨- پێشکەوتن - سێلێمانی؛ س٢؛ ژ ٦١. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٤/٢ - ژ ١٥].
(پەندە فارسییەکە، واتای: چارەکردنی کارەسات دەبوایە بەر لە ڕوودانی بێت).
١٩٩- ڕۆژنامەی پێشکەوتن - سلێماین؛ ژ ٤٦ - ڕایگەیاندووە گۆیا سۆن Soane بەڕوخسەتێکی شەش مانگە ڕۆیشتووە! ئەمەش لە ڕاست ناچێت، چونکە وێڕای ئەوەی هەرگیز نەهاتەوە، هاوەڵی خۆی؛ سی. جی. ئەدمۆندز لە داندراوی خۆی - کورد تورک و عەرەب -دا دەڵێت: دەستی لە کار و فەرمان هەڵگرتووە. ئەز پێم وەیە ئەمە ڕاستتر بێت و مەلامەتیش بەشدارنەکردنیەتی لە ئەو کۆنگرەیەدا کە ئەوێکی هەرە شارەزای کورد و کوردستانی لێ دوورخراوەتەوە! بۆچی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە هێشتا سەرچاوەییێکی ئینگلیزی یان کوردی، نەیداوەتەوە... ئەز زۆر کنەم تێدا کرد و فوئاد ڕەشید بەکر لە دوا دیدارمدا لەگەڵی - ١٩٩٤/٤/١٩ز. سلێمانیی - گوتی: «سۆن Soane باوەڕی هەبوو کە کورد و کوردستان نابێت بکەونە ژێر باری عێراقی عەرەبەوە» کە کۆنگرەکە بۆ ئەم مەبەستەتێ کۆشاو جێ بەجێ کرد.
٢٠٠- ئەم باسە، ڕۆژنامەی (عێراق - ژ ٤٥٨، ١٩٢١/١٠/٢٣ز) بڵاوی کردووەتەوە کە تێیدا گوتوویەتی: تەبدیلی تەدریساتی مەکتەبەکانی سلێمانیی بەعەرەبی لەسەر تەشەبوسی موفەتتیش مەنتیقەی مووسڵ سەلیم حەسوون ئەفەندیی، دەردەست ئیجرایە) کە ئەم کەرتە گفتارە، م. نوری - لە وەڵامدانەوەی قازیی مستەفا قەرەداخییدا - لە پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س٢، ژ ٩١، ١٩ جەنیوەریی ١٩٢٢ز.دا هێناویەتیەوە. گوتاری ڕەسووڵ ناجیش - بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەنێوی: زمانی خۆمان لەبیر نەچێ! - لە پێشکەوتن - سلێمانیی: س٢، ژ ٨٧، ١٩٢١/١٢/٢٢ز.دا بڵاوە.
٢٠١- گوتاری مستەفا قەرەداخی لە پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س٢، ژ ٨٩، ٩٠؛ ٥ و ١٢ جەنیوەری ١٩٢٢ز.دا بڵاوە. نووسەری ون و خاوەندی گوتاری: (بی زمان بەسەزمان) کە من دڵنیام (مستەفا سایبب)ە، وەڵامەکەی لە هەمان ڕۆژنامە؛ (س٢، ژ ٩٢، ٩٣، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠ - ١٩٢٢/١/٢٦ - ١٩٢٢/٣/٢٣ز)دا بڵاوە.
٢٠٢- پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س٢، ژ٧٨، ئۆکتۆبەر ١٩٢١ ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی بڵاوکردووەتەوە کە لە ١٩٢١/١٠/١٦ز.دا کراوە.



٢٠٣- س١، ژ ١، پێنجشەنبە ٥ ڕەجەب ١٣٤٢ (ک)/ سەرگوتار.
٢٠٤- یێکەم کۆبوونەوە ئەنجوومەنی مەعاریف لە ١٢ تەشرینی یێکەمی ١٩٢٥ز.دا بەسەرۆکایەتی موتەسەڕریف خۆی بووە. بنۆڕە: ژیانەوە: س٢، ژ ٥٠، ٢٦ تەشرینی دووەم ١٩٢٥ز.
٢٠٥- بنۆڕە: ژیان - س١، ژ ٤٦، ١٩٢٦/١٢/١٦ز.
٢٠٦- بنۆڕە ژیان - س١، ژ ٤٥، ١٩٢٦/١٢/٩ز.
٢٠٧- ناحەزەکانی - لەژێر پەردەی کۆمەڵی زانستیدا - دەستەییێک بوو بەسەرۆکایەتی مستەفا پاشایا مەلکێ، جەمال بابانی داوەر، شێخ قادری حەفید و چەندی دی کە دەیانویست جێگە و پایەی موتەسەڕریفی پێ لێژ بکەن! حوکوومەتیش - بۆ پلانەکەی ئەمی پەسەند نەبوو کە ئەمی ناکۆک لەگەڵ حەفید زادە بۆ پێوەندیی سیاسی دەستی نەدەدا - لە سەرەتادا کردی بۆ موتەسەڕریفی هەولێر و ئەم نەیکرد، دوایی بەدانیشتنی قاییل بوو.
٢٠٨- بنۆڕە: ژیان - ژ ٢٥٩، ١٩٣١/٩/٤ز.
٢٠٩- ئەم ڕۆژنامە - گۆڤارە بەنێوی (کۆمەڵی زانستی)یەوە و بەئیمتیازی پیرەمێرد هەرگیز دەرنەچوو، بەڵکوو لەساڵی ١٩٣٨ز.دا - یێک ژمارەی - بەئیمتیازی ساڵح قەفتانەوە دەرچوو! پیرەمێرد (بەچاپخانەی خۆی و مەسرەفی چاپ کردنی) یارمەتی دا.
٢١٠- ١/٦٤؛ ل ٨٦ - ٩٠
٢١١- بۆ وێنەی نامەی زمان عەرەبیی، بنۆڕە: کوردستان - س١، ژ ١٦؛ ١٦ ڕەبیعولئەووەل ١٣١٧ک/ ١٣٣٥ر/ ١٨٨٩ز. (نامەی شێخ حەسەن/ شام). بۆ وێنەی نامەی زمان تورکیی (بر کورد/ کوردێ) بنۆڕە: کوردستان -س١، ژ ١٧، ٨ ڕەبیعولئاخیر ٣١٧ک/ ١٣١٥/٩/١٥ر/١٨٩٨ز.
٢١٢- کوردستان - ژ ٣؛ ١٨٩٨/٥/٢١ز/ بۆ ژیننامەی میقداد مەدحەت، بنۆڕە: نێوداران. بنۆڕە [ودبنبڕە - ٢/٥/ - ژ١).
٢١٣- خاوەند ڕۆژنامەکە دیارە سەردێڕی نامەنووسی لاداوە.
٢١٤- نامەنووس ونە.
٢١٥- کوردستان - س١، ژ ٥، ١٨٩٨/٦/١٥. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٢/٥ - ژ ٢]. خاوەند ڕۆژنامە؛ میقداد مەدحەت بەئەم چەند دێڕە وەڵامی داوەتەوە: ئەز ژ وێ کاغەزا تە ڕێ کر، گەلەک مەمنوون بیم. خودێ عیلم و هیممەتا تە زێدە بکە! هەر جارا ئەزێ پەنجێ جەریدەیا ژ تە ڕە ڕێکەم، لێ چەکوو حوکوومەت هی ئیزنا جەریدەیا من نەدایێ، لەوما ئەز نکارم بەپۆستەیی ڕێکەم. ئەزی تەغلیدەکە دی ژ تە ڕە ڕێکەم، بگەهینم دەستی تە! پاشی نهوو ژی، ئینشا الله ئەزی تەعریفا مەزهەبی شافیعیی ژ کورمانجا ڕە بکەم! هەکی تو هەر جار بەحسا کورمانج و حالێن وێ دەرێ بنڤیسی، ئەزی گەلەک مننەتی ژ تە هەلینم/ تەواو.
٢١٦- وێ دەچێت خاوەند ڕۆژنامە ئەم سەردێڕەی دانابێت و نێوی خۆی و سڵاوی لێ لابردبێت.
٢١٧- واتە زانست دووە؛ زانستی تەنەکان. زانستی ئایینەکان.

٢١٨- نامەنووس ونە.
٢١٩- کوردستان - س١، ژ ١٣؛ ٢٠ ذیلقەعیدە ١٣١٦ک/ ١٩٠٠ز. ژیننامەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان پاشا بنۆڕە: نێوداران. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٣].
٢٢٠- وێ دەچێت سەردێڕێکی دانراوی خاوەند ڕۆژنامە بێت.
٢٢١- واتە (داد بنچینەی موڵکە، دەوڵەتە؛ دەسەڵاتە).
٢٢٢- واتە (ئیمام بەرپرسیاری خەڵک و گەلەکەیەتی).
٢٢٣- واتە (دادپەروەریی دوو ساتێ لە حەفتا ساڵ پەرستش چاکترە).
٢٢٤- نامەنووس ونە.
٢٢٥- کوردستان س١، ژ ١٤، ٩ی زیلحیجحە ١٣١٦ک/ ١٩٠٠ز. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٤].
٢٢٦- واتە: کاروباران بەندەن بەوادەی خۆیانەوە.
٢٢٧- قیبتی/ قبطی [بنۆڕە فەرهەنگۆک].
٢٢٨- ئەبولهودا - شێخولئیسلام - ئەلسەییاد کە زۆر نزیکی سوڵتان عەبدولحەمید بووە و وایش تاوانبار کراوە گۆیا (جەمالوددین ئەفغانی) دەرمانخوارد کردووە.
٢٢٩- کوردستان - ژ ٣؛ ١٢/ ١٠/ ١٩١٧ز/ بۆ ژیننامەی: ئازیزی ئەحمەد/ سورەییا بەدرخان بنۆڕە: نێوداران. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٥]. نامەنووس ونە.
٢٣٠- دیارە خاوەند ڕۆژنامە ئەم سەردێڕەی دانابێت کە لە پەراوێزیشدا ئەم وەڵامەی داوەتەوە؛ (ئەم دبینین ژ ڤێ کاغەزێ کە کورمانج هیشیار بوونە. ئومێدا مە زێتر دیبە کە ڕۆژەکا قەدری خەپیتاندا مە بێنە زانین!).
٢٣١- کوردستان - س١، ژ ٤، ٢٧/ ١٠/ ١٩١٧ز. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٥/٢ ژ -٦]. نامەنووس ونە. خاوەند ڕۆژنامە لە پەراوێزدا ئەم وەڵامەی داوەتەوە: (کوردستان - چوقا ئەم دبینن جەوانا کورمانجا هشیار دبن، ئەم ژی ڕێییێ مە گرتی، زیدەتر بخەپتین!).
٢٣٢- دیارە خاوەند ڕۆژنامەی ئەم سەردێڕەی داناوە.
٢٣٣- کوردستان - ژ ٦؛ ٢٦/ ١١/ ١٩١٧ز. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٧]. خاوەند ڕۆژنامە ئەم وەڵامەی داوەتەوە: (کوردستان - هەژمارێن دکارە، ئەمی جوابی ڤی کاغەزی بدەین).
٢٣٤- دیارە خاوەند ڕۆژنامە ئەم سەردێڕەی داناوە.
٢٣٥- لەبەر هەڵەی نووسین و گێڕاندنەوەی، (نووسینە چاپ کراوەکەی نووسەر)م لادا و شیعرە تەواوەکەم لە دیوانی حاجی قادری کۆییەوە خستە جێگەیان.
٢٣٦- لەبەر هەمان مەلامەت، شیعرە ڕاستەکەم لە (فەرهاد شاکەلیی - ئەویش لە مەم و زین بڵاوکراوەی ڕۆدینکۆوە - بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کوردایەتی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانییدا/ مامۆستای کورد - س ١٩٩٣ز - سوید) وەرگرت.
٢٣٧- هەمان باس و سەرچاوە.
٢٣٨- کوردستان - ژ ٧؛ ٣٠/ ١٢/ ١٩١٧ز. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٥/٢ -ژ ٨].
٢٣٩- لەبەر هەڵەی نووسین، لە سەرچاوەی پێشووترەوە (شیعر ڕاستەکە)م وەرگرت و دانا.



٢٤٠- هەمان باس و سەرچاوە.
٢٤١- کوردستان - ژ ٩؛ ٢/١/١٩١٨ز. [بنۆڕە؛ ودبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٩].
٢٤٢- هەمان باس و سەرچاوەی پێشووتر.
٢٤٣- بۆ نامەی سلێمانییەلی تۆفیق/ پیرەمێرد، بنۆڕە: ژین - س١، ژ ٤، ٢٨ تەشرین دووەم ١٣٣٤ [ر]/ ١٩١٨ز. بۆ نامەی د. ف - فوئاد - بەرخۆ، بنۆڕە: ژین - س١، ژ ٥، ١٢ کانوون یێکەم ١٣٣٤ [ر] ١٩١٨ز. بۆ نامەی خێزانیزادە کەمال فەوزی، بنۆڕە: ژین - س١، ژ ١٣، ١٠ مارت ١٣٣٥ [ر]/ ١٩١٩ز.
٢٤٤- ڕۆژی کورد - ژ ٢، ٦ تەمووز ١٣٢٩ [ر]، ١٤ شەعبان ١٣٣١ [ک]/ س ١٩١٣ز. نامەنووس ناسراوم نییە. لەبەر درێژیی و هەڵەی چاپی زۆر، فۆتۆکۆپییم نەنواندووە.
٢٤٥- لەبەر هەڵە و ناتەواویی ڕێنووس و شیعرەکان، (شیعرە ڕاستەکان)م هەموو لە دیوانی حاجی قادری کۆیی - س ١٩٨٦وە وەرگرتووە و داناوە.
٢٤٦- دوو دێڕی پێشتر، لە مەتنەکەدا نەخرابووە ڕوو.
٢٤٧- سلام الله منيّ كلُّ يوم!
٢٤٨- هەتاو - س١، ژ ٣، کانوون یێکەم ١٣٢٩ [ر]/ ١٩١٣ز ئاشناکردنی؛ مەحموود زامدار/ کاروان - س٥، ژ ٥٣، شوبات و مارتی ١٩٨٧ز. هەولێر. نامەکە بەنێوی (پیرۆزبایی)ەوە نێردراوە. نامەنووس ناسراوم نییە. جێگەی باسە، لە هەمان ژمارەدا (شیعرنامەیێکی کوردی) بەنێوی پیرۆزباییەوە لە گۆڤارەکەدا بڵاوە کە شاعیری نەتەوەپەروەری کوردی کەرکووک (فوئاد) ناردوویەتی و شیعرنامەکەش دیسان لە (دیوانی فوئاد/ تاهیر فوئاد - س ١٩٧٠ز)دا بڵاوە.
٢٤٩- وێ دەچێت نووسەری نامە نێوی خاوەندی (ڕۆژی کورد) عەبدولکەریم سلێمانیی بردبێت و لەبەر قەدەغەبوونی، نێوهێنانی - لە نامەکەدا - لا برابێت.
٢٥٠- نێوهێنانی کردنەوەی قوتابخانەیێکی کوردی، ئاخاوتنم لەمەڕ بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی دوای ژینی دەستووریی عوسمانی بۆ (نەتەوەپەروەرەکانی کوردستانی خۆرهەڵات)یش دەسەلمێنێت، بەتایبەتی لە هەمان ژمارەشدا قازی زادە مستەفا شەوقی گوتارێکی بڵاوکردووەتەوە و مژدەی ڕاگەیاندووە کە (مەولانا حاجی محەمەد سادیق) لە گوندی «شەرەفکەندیی»دا قوتابخانەیێکی کوردیی ئەوەدان کردۆتەوە. هەڵبەت ئەوە وێنەی ئەو کار تێ چوونەیە.(*)

*(*) مەلا محەمەد سایق مەلا ئەحمەد، لە باشووری میاندوواو هاتووەتە دنیاوە لە جەژنی ڕەمەزانی ١٣٣٦ک. خ./ س ١٩١٧ز.دا کۆچی کردووە و لە گوندی (بورهان)دا بەخاک سپێردراوە. خۆیشی وەچەی خێڵی مەزرەنگە. دایکی؛ کیژی حاجی مەلا محەمەد حاجی کەندییە. ئاییشێ کیژی؛ کابانی مەلا مستەفا حەسەنی خانی بابی مەلا محەمەد شەرەفکەندیی - مەلای بۆر -ەکە باپیری شاعیر عەبدوڕڕەحمان شەرەفکەندیی (هەژار)ە! مەلا محەمەد سادیق، لایێنگری ڕێبازی نەقشبەندی، ئەوجا دوایی جێگەنشینی شێخی بورهان (شەمسوددین بورهان) بووە. چ دانراو و یادگارێکی ئەدەبی و ئایینیی نییە. [بنۆڕە: ٣/٤/١٥٥].*

٢٥١- پێشکەوتن - سلێمانیی: س١، ژ ٢٥؛ ١٤/ ١٠/ ١٩٢٠ز. بنۆڕە [ودبنبڕە - ٢/ ٥ ژ ١٢].

٢٥٢- سۆن Soane بەهەڵە وی (إثمها)ی بە(اثم هما) نووسیوە کە پێم وەیە ڕێنووسی خۆیەتی نەک هەڵەی تیپچنی چاپخانەکەیە!

٢٥٣- پێشکەوتن - سلێمانیی: س١، ژ ٢٦؛ ٢١/ ١٠/ ١٩٢٠ز. بنۆڕە [ودبنبڕە - ٢/ ٥ ژ ١٣].

٢٥٤- پێشکەوتن - سلێمانیی: س١، ژ ٣١؛ ٢٥/ ١١/ ١٩٢٠ز. بنۆڕە [ودبنبڕە - ٢/ ٥ ژ ١٤].

٢٥٥- پێشکەوتن - سلێمانیی: س١، ژ ٣٢؛ ٩/ ١٢/ ١٩٢٠ز. بنۆڕە [ودبنبڕە - ٢/ ٥ ژ ١٥].

٢٥٦- پێشکەوتن - سلێمانیی: س١، ژ ٢٥ و ٢٦؛ ١٣ و ٣٠/ ١١/ ١٩٢٠ز. بنۆڕە [ودبنبڕە - ٢/ ٥ ژ ١٦].

٢٥٧- ئەم (سکاڵا - نامە)یە کە گۆیا بەنێوی (برایەتییە)ەوە بۆ (یێکێکی ون؟)ی نووسیوە، وەک لە بەشی نامەکانی مستەفا سایبیدا ڕوون کراوەتەوە، (نامەی برایەتی نییە!).

٢٥٨- لە دەستنووسی خۆیدا ئەم مێژووەی لێ داوە بۆ یێکا دانانیم پێویست زانی.

٢٥٩- تەواوبوونی بەشی یێکەم.

٢٦٠- نامە فارسییەکە بەتایبەتی بۆ مستەفا پاشایە و لەهەمان ژمارەی نامە کوردییەکەدا بڵاوە.

٢٦١- بنۆڕە؛ ڕۆژی کوردستان - س١، ژ ٧، ١٦ جومادیئەووەل ١٣٤١ک/١٩٢٢ز.

١٦٢- بنۆڕە؛ بەشی پەخشننامەی ڕەسمی.

٢٦٣- بانگی کوردستان - س١، ژ ٤، ٢٢/٨/١٩٢٢ز./ بۆ ژیننامەی محەمەد ئەمین زەکی، بنۆڕە: نێوداران، هەروەها (ودبنبڕە - ٢/ ٥: ژ ١٧].

٢٦٤- دیارە سەرەتای نامەکە، لادراوە.

٢٦٥- مەبەستی نوێنەری باڵای بریتانیایە لە عێراقی عەرەبدا.

٢٦٦- ئەم نامەیە - وەک نامە فارسییەکە - لە ڕۆژنامەکەدا، دیارە خۆی بەرەو ڕووی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانیی) و مستەفا پاشا یامەلکێی کردووەتەوە بۆ یێکا بەردەستی ئەو کەوتووە و ئەوهە بڵاوی کردووەتەوە و بۆیشی تێ کۆشاوە.

ئەم باسە و هێندێ باسی دی نێو ئەم نامەیە - هەروەها نامە فارسییەکە - چەند پرسیارێک ڕاست دەکەنەوە کە ئەمەن:

١- بۆچی لەم ڕۆژنامەیەدا - بانگی کوردستان -دا بڵاوە؟

٢- ئەنجامی داخوازیی خاوەند ئیمزاکان چی بووە؟

٣- ئەوانە کێن؟

بەکورتی وەڵام ئەمەیە:

١/١- هەتا نامەکە گەیشتووەتە سلێمانیی، لە ئەم باژێڕەدا هێندێ گۆڕینی سیاسی گرنگ قەوماوە: لە لایێکەوە ڕۆژنامەی زمانحاڵی بریتانیای ڕاگیرکەر؛ (پێشکەوتن - سلێمانیی/ ژ ١١٨، ١٧ جولای/ تەمووز ١٩٢٢ز) بەیێکجاریی لە کار کەوت و ئەوێ دەمێش، (جەمعییەت کوردستان) و (بانگی کوردستان)یش دامەزران.



بەنامەکەشدا وێ دەچێت کە محەمەد ئەمین زەکی، لە دوورەوە هەواڵێکی هەڵەی پێ گەیشتبێت گۆیا؛ مستەفا پاشا سەرپەرشتی (پێشکەوتن - سلێمانیی)یەکە ڕاست نییە و بۆیێکاش نامەنووس نامەکەی بەرەو ڕووکردووەتەوە.

٢/١- داخوازیی نامەکە - هەروەها نامە فارسییەکەش - بۆ کۆ کردنەوەی کۆمەک و هەناردنی باربووە بۆیان تا بگەڕێنەوە نیشتمان!! ڕۆژنامەکە وەکو هەردوو نامەکەی بڵاوکردووەتەوە، دیسان بەقەڵەمی مستەفا پاشا یامەلکێی سەرنووسەر و بەنێونیشانی (ئەحواڵی زابتانی کورد)ەوە، بانگی هاوولاتییەکانی کردووە تا بەپیر هاواریانەوە بچن... بەڵام ڕۆژنامەی جارێکی دیی باسی یارمەتی و هەناردنی پارەی نەکردووە و ئەمەش گومان دەخاتەوە و نازاندرێت ئەنجام چی بوو.

٢/٢- بۆ وەڵامی ئەم گومانە، خۆم کاتی خۆی پرسم بەچەند کەسێکی ئاشنای سەردەمەکە کرد، وەک زانا محەمەدی خاڵ، دەرمانساز نووریی عەلی، هەردوو کۆچ کردووش وەڵامیان یێک بوو، سەلماندیان کە بەپارەی (ڕوپیەی عوسمانی) یارمەتییان بۆ چووە. تەنانەت بۆ دڵنیابوون بەئەم درەنگانە - دیوانی پیرەمێرد؛ س ١٩٩٠ز - لە مستەفا سایبەوە هەواڵ دەرکەوتووە کە جەخت بۆ (هەناردنی پارەکە) دەکات و ڕاستی کۆششەکەی مستەفا پاشا! بەڵام ڕوون نییە پارەکە چەند بووە.

لە ئێرەدا، پێویستە خاڵێکی گومان بڕەوێتەوە کە ئەوەیە؛ داخۆ مەبەستی ڕستەیێکی نێو نامە فارسییەکەی محەمەد ئەمین زەکی چ بێت کە دەڵێت: «بەپێی ئەمرێک کە وەقتی ڕۆیشتنمان، بەهۆی عەزیز بەگی -مستەفا پاشا - نووری چاومەوە تەبلیغ کرابووم، هێشتا ئینتیزاری ئەمرم و ئامادەم!!».

ئەز چەند وردبوومەتەوە، باوەڕم لەسەر یێک خاڵ توندە کە مەبەستەکەی هەر ئەوە بێ؛ مستەفا پاشا گفتی پێ دابێت بۆ گەڕاندنەوەیان. ئایا گفتێکی ئەوتۆی داوە؟

بەڵگە بروسکەی ڕەسمییانە و نهێنی ئینگلیز لەبەر دەستە و ئەوەتە؛ هۆرالد رامبۆڵد H. Ram-boldی باوەڕ پێکراوی سیاسی بریتانیا لە باژێڕ قوستەنتینەدا، ڕۆژی ١١/١/١٩٢١ز، بروسکەی بۆ لۆرد کورزۆن G. N. Curzon لێ داوە و گوتوویەتی: (مستەفا پاشامان ئاگادار کرد کە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ولاتی نێوان هەردوو ڕووبار - عێراق - و ئەویش پێشنیازی کرد «تا هێندێ ئەفسەری کوردی خەڵکی سلێمانیی لەگەڵ خۆی بگێڕێتەوە... بەڵام من بۆ ئەوە هانم نەدا، چونکە ئارەزووی من هەر ئاسان کردنی گەڕاندنەوەی خۆی بوو بەتاقی تەنێ»/ تەواو. [بنۆڕە: سەرچاوەکان: ٢/١٣/١٠٩]).

دیاریشە لە ئەو هەلەوە تا دوای گەڕاندنەوە و سەرگوتارەکەیشی - لە بانگی کوردستاندا - مستەفا پاشا بۆ گێڕاندنەوەی ئەو ئەفسەرانە کۆششی کردووە، بەڵام بەری لێ گیراوە و بریتانیا نەیخوازیبوە ببنە هێزێ بۆ کورد.

٣/١- خاوەند ئیمزاکان - چەند وردبوومەتەوە - ئەمەن:

٣/١/١- سەرۆکی یێکەم: عەبدولقادر سەلیم زەهاوی... گەڕاندنەوەی - بەماوەیێ - کەوتووەتە بەر لە دەرچوونی فەرمانی پاشایانی مۆرکراوی ٢٥/١١/١٩٢٢ز.

٢/١/٣- مــولازمی دووەم: نووری ســابیت... گــەڕاندنەوەی ڕێکەوتی گــەڕاندنەوەی هاوەڵی پێشوویەتی. شایانی باسە کە هاتنەوەی ئەم دووە - لە ئەو هەلەدا - پتر ڕاستی گەیشتنی پارە کۆکراوەکە دەسەلمێنێت. [نووری سابیت؛ ١٨٩٧ز. سلێمانیی - ١٩/ ١٠/١٩٣٨ز. بەغداد، خاوەندی ڕۆژنامەی عەرەبی گاڵتەجاڕیی ڕۆژانە: حەبەزبووز - حبزبوز - س ١٩٣١ز - ١٩٣٨ز. بەغداد].

٣/٣- پزیشک: ئیبراهیم عاکیف ئالووسی؛ گەڕاندنەوەی - بەماوەیێ - کەوتووەتە بەر لە ١٤/٣/١٩٢٢ز کە ئەوێ دەمێ پزیشکی مەڵبەندی کەربەلا بووە.

٤/٣- موقەددەم: مستەفا کامیل سلێمان/ کوردی کەرکووک؛ گەڕاندنەوەی - بەماوەیێ - کەوتووەتە بەر لە مانگی شوبات ١٩٢٤ز. [ڕۆژنامەی عەرەبی ڕەسمی: ئەلوەقائیع ئەلعیراقییە - ١٠/٧/١٩٢٤ز لێی گوتووە: موقەددەم مستەفا کامیل سلێمانیی - س ١٨٨٥ز. هاتووەتە دنیاوە؛ س ١٩٠٢ز دامەزراوە بەئەفسەر و لە شوباتی ١٩٢٤ز.دا چووەتە پاڵ سوپای عێراق].

٥/٣- موقەددەم محەمەد ئەمین زەکی حاجی عەبدوڕڕەحمان/ محەمەد ئەمین زەکی.

٢٦٧- بانگی کوردستان - س١، ژ ١٣؛ ٣/١١/١٩٢٢ز.

٢٦٨- مستەفا پاشا یامەلکێ سەرۆک - وەزیر -ی مەعاریف بووە لە دووەم حوکوومەتی کوردستاندا!

٢٦٩- ئومێدی ئیستیغلال - س١، ژ ١٥، ١٨ جیمادولئاخیر ١٣٤٢، ٢٤ کانوونی سانی ١٣٣٩ر/١٩٢٤ز./ ژینامەی نامەنووسم لێ ڕوون نییە. بنۆڕە [ودبنبڕە: ٢/٥ - ژ ١٩].

٢٧٠- دیارە (کۆماری تورکیا)ی هەر بەئیسلامی جاران ناسیوە، بۆیێکا ڕوویشی لە ڕۆژنامەکەیە کە هەر بەئەو شێوەیە بنووسێ.

٢٧١- پێم وەیە، نێوبراو سەری لە مێژوو، سیاسەتی نێودەوڵەتی دەرنەکردووە، دەنا کەمال ئەتاتورک کۆماری تورکیای نوێ ڕابگەیێنێت و (سوڵتان عەبدولحەمید)و خەلافەتی ئیسلامی لادرابێت و هەڵوەشابێتەوە، ئەم بیروڕایانە مانایان چییە؟ بۆچی هەر لەبەر ئەم ڕژێمەی کە ئەو بەئیسلامی دەزانێ، (پەیمانی - سەڤەر)ی لایێنگری مافەڕەواکانی گەلی کورد، فەرامۆش نەکرا؟

٢٧٢- لە مەنفادا وێنەی ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکەم لەبەردەست نییە تا بینوێنم! - بنۆڕە: گەلاوێژ - س١، ژ ١، کانوونی یێکەم ١٩٣٩ز، ل ٥٥.

٢٧٣- واتە بەفارسی و بەخەتی شکستە نووسراوە.

٢٧٤- ئەشکەوتی قزقاپان - هەروەها قەلای جوڵوندیی - نزیکی باژێری سلێمانیین. بەیتی جوڵوندیی لە کوردەواریدا ناسراوە و وەک ئەفسانەیێکی لێ هاتووە! قەلای جوڵوندیش لەلای زانا تۆفیق وەهبی، بەقەڵایێکی (کیانی) ناسراوە.

٢٧٥- پەیام - ب٦، ژ ٢٦٥، ٢٢ تەشرینی دووەم ١٩٥٤ز. جێگەی خۆیەتی ڕوونی بکەمەوە کە لە دۆستم مامۆستای قوتابخانە بەهائوددین شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ عیساموددین - لە ١٩٨٣وە تا ٢٧/٤/١٩٩٣ - پرسیاری چارەنووسی ئەو (کتێبە)م لێ کرد کە خاوەند نامەش دەکاتە (مامی) و (مەلا عارف)یش کوڕی شێخ حەسەن کوڕی شێخ مارف لە گەڕەکی ئابلاخ دادەنیشت و کۆچی



کردووە! ئەو دۆستەم کە هەراسان کردبوو، چ ئەنجامێکی دەستگیر نەکردم! تۆ بڵێیت نەکەوتبێتە (دەزگەی شوێنەوار دێرینەکان/ ئاسار: بەغداد) کە لە ساڵی ١٩٧٦ز. بەدواوە - وەک ئاگادارم - مووزەخانەی سلێمانیی کەوتە کۆکردنەوە و کڕینی (دەستنووسی کۆن) کە ئەمێستە لە بەغدادا (دەزگەی پاراستنی دەستنووسەکان)یش دامەزراوە؟

٢٧٦- دووەم نامەی (سکالا - بۆ برا عەزیزەکانم؛ ب١/ ژ ١٤، ٢/٢/١٩٢٥) بەبێ ئیمزایە و (بەشەکانی دی/ لەبەر دەستمە) بلاونەکراونەتەوە. سێیەم نامە؛ (بۆ هاووڵاتییە موحتەرەمەکان: ژ ٣٨، ٣/٩/١٩٢٥ز) بەئیمزای (ک)ەوە بلاوە. ئەم نامانە و چەندی دی بلاوکراوەی، لە (دەفتەرێکی دەستنووسی نووسەردان) و لە (نامەکانی مستەفا سایبب)دا خراونەتە ڕوو.

٢٧٧- بەیاننامەی یێکەم؛ (بەیاننامەی کۆمەڵی مودافەعەی وەتەن/ سلێمانیی)ە کە باسی کرا! بنۆڕە؛ [ودبنبڕە: ٢/٥ - ژ ٢١].

٢٧٨- ژیانەوە - س١، ژ ١٣، ٢٥/١/١٩٢٥ز. بنۆڕە [ودبنبڕە ٢/٥ - ژ ٢١]. جێگەی گوتنە، هەمان نێونیشان - هاوارێک لە بەغدادەوە - لە (دەفتەرەکە)یشدا هەیە و بلاوکراوەکەی ئەم ڕۆژنامەیە پاکنووسە.

٢٧٩- ئەم مێژووەم پێ پەسەند بوو کە لە (دەفتەرەکەی)دا نووسراوە.

٢٨٠- ئەو کاتە خۆی خوێندکاری مەکتەبی ئەندازە بووە لە بەغدادا.

٢٨١- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ کەس

٢٨٢- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ پێتان

٢٨٣- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ کە میللەت ئیحتیاد و...

٢٨٤- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ بۆچی چاکە و چی ئەکا؛

٢٨٥- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ ئەترافتان

٢٨٦- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ بەزەییتان

٢٨٧- مەبەست کوردستانی باکوورە.

٢٨٨- ئەگەر مەبەستی؛ مەدحەت پاشا (١٨٢٢ز - ١٨٨٤ز) بێت کە ناسراوە بە(بابی دەستوور)، ئەوە سەرچاوەیێکم نەدیتووە جەخت بکات ڕەگەز کورد بووە.

لە دەفتەرەکەدا نووسراوە: جەمعییەت بەستن.

لە دەفتەرەکەدا نووسراوە: کوردی شیمالی بوو.

ئەگەر مەبەستیشی دامەزراندنی کۆمەڵ - پارت -ی (یێکییەتی و پێشکەوتنی عوسمانی) بێت، ئەوە ڕاستییەکە هەر ئەوەیە کە پێشتر ڕوونم کردووەتەوە.

ئەگەر مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵی کوردی پێش ژینی دەستووریی - ١٩٠٨ز. بێت، ئەوە (کۆمەڵی عەزمی قەومی- ١٩٠٠ز)و(کۆمەڵی هاریکاریی و پێشکەوتن کورد-١٩٠٨ز) دەگرێتەوە.

٢٨٩- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ چەند هەزار مناڵی بەقوربانی و لافاوی خوێنی مەعسوومانیدا بەڕشتن!

هەڵبەت مەبەستیشی (شۆڕشی شەمدینان)ە.

٢٩٠- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ چاپ و بڵاوکرایەوە.
٢٩١- هێندەی سەرنجم داوە، یێکەم چاپخانە (نەجم ئیستیقبال/ نجم استقبال)ی ئەستەنبووڵە کە (حسێن!!) نێوی خاوەندی بەرنامەی (کۆمەڵی عەزمی قەومیی) بەتورکی و گۆڤارەکانی (ژیان؛ س ١٩١٨ز - ١٩١٩ز) و (کوردستان؛ ١٩١٩ز - ١٩٢٠ز)ی چاپ کردووە؛ چاپخانەی (ئیجتیهاد/ اجتهاد)ی ئەستەنبووڵیش کە خاوەندەکەی عەبدوالله جەودەت (دکتور) بووە، گۆڤارەکانی (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد)ی چاپ کردووە.
٢٩٢- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ چی ئەکەن؟
٢٩٣- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ ڕوتبەییێکن!
٢٩٤- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ پارەتان زۆرە و...
٢٩٥- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ چەند ڕوپییەتان خەرج کرد؟
٢٩٦- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ بۆچی؟
٢٩٧- لە دەفتەرەکەدا ئەم ڕستانە نەنووسراوە.
٢٩٨- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ قوڕبەسەر و دواکەوتووە!
٢٩٩- لە دەفتەرەکەدا ئەم ڕستانە نەنووسراوە!
٣٠٠- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ ئەم ڕستانە نەنووسراوە!
٣٠١- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ زل و بە بەرەکەت.
٣٠٢- لە دەفتەرەکەدا ئەم ڕستانە نەنووسراوە.
ڕاستییەکەیشی کاتی نووسینی نامەکە، هەر (ژیانەوە) تاقە ڕۆژنامەی کوردی بووە لە کوردستانی باشووردا. هەروەها تا ئەوکاتە؛ هەر (ئەووەڵەمین قیرائەتی کوردی - س ١٩٢٠) و (دیوانی مەحویی - س ١٩٢٢) بەچاپ گەیشت بوون. هەروەها چ کۆمەڵەییێکی سیاسی کوردی، یان ڕۆشنبیری - بەکۆمەڵی لاوانی کوردی بەغدادیشەوە - لە بەغدادا ڕێک نەخرابوو!
٣٠٣- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ (عار) لە بریی شوورەیی!
٣٠٤- لە دەفتەرەکەدا ئەو وشەیە نەنووسراوە.
٣٠٥- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ یێک جار
٣٠٦- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ ناجووڵێنەوە.
٣٠٧- لە دەفتەرەکەدا یێک جار وشەکە نووسراوە.
٣٠٨- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ جێگەییێکی وەکو کەرکووک.
٣٠٩- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ بۆ دەربەدەرەکانی تورکیا.
٣١٠- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ مونەوویران.
٣١١- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ ئەی مونوویران و شوبباتی کورد.
٣١٢- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ ئیتر حیسسی.
٣١٣- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ بەزەویتان.



٣١٤- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ وەتەنپەروەری کوردین!
٣١٥- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ توخوا بۆ میللەت و شەرەفی میللەتان.
٣١٦- لە دەفتەرەکەدا ئەم ڕستانە نەنووسراوە.
٣١٧- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ عەیب و شیێن نییە کە...
٣١٨- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ ئەحفادی.
٣١٩- مەبەست سەلاحوددینی ئەیووبییە!
٣٢٠- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ گاڵتەمان.
٣٢١- وێ دەچێت مەبەستی ڕۆژناڤەوان؛ ساڵح زەکی. ساحێبقران (١٨٨٦ز - ١٩٤١ز) بێت کە خاوەندی گۆڤاری حەوتۆیی - پانزە ڕۆژی کوردی و عەرەبی و تورکی بڵاوکراوەی بەغداد (دیاریی کوردستان - ١٩٢٥/٣/١١ز) بێت کە لە پێشەکی یێکەم ژمارەی ئاماژە بۆکراودا گوتوویەتی: «... لە پایتەختی حوکوومەتی فەخیمەی عێراقییەدا جەریدەییێکی سیاسی و یەومیی لازم بوو کە لیسانی حاڵی میللەتی کوردبێ. بەناوی تەئمیناتەوە موڵکم نوان بوو، لاکین قەوانین و ئەوامیری حوکوومەت بۆ نەشری جەریدەی سیاسی: دوو هەزار ڕوپییەی نەقدی دەپۆزیتۆی تەڵەب دەکرد!».
٣٢٢- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ میللی.
٣٢٣- لە دەفتەرەکەدا نووسراوە؛ یێک کۆمەڵ بن و تێکۆشن و بەس بێ! غەزەتەمان ئەوێ، زمان و ئەدەبیاتمان ئەوێ، جەمعییەت و ئیتتیحادمان ئەوێ، ئەسەری کتێبمان ئەوێ!
٣٢٤- لە دەفتەرەکەدا هەمان ئیمزا و ئەو مێژووە داندراوون کە دیارە مێژووی تەواوکردنی نامەکەیە و بۆیێکا منیش تۆمارم کرد!
٣٢٥- ژیانەوە - س١، ژ ٢١، ١٩٢٥/٣/١٩. بنۆڕە [ودبنبرە: ٥/٢ - ژ ٢٢].
٣٢٦- ئەگەر سەرنجی مێژوو بدرێت، هەروەها گوتارەکە خۆیشی، زۆربەی ئەم قسانەی نووسەر بێ سەروبەرە. حەفیدزادە لە سەرەتای دووەم شۆڕشدا، بارەگەی خۆی و فەرماندەیی، چاپخانە و ڕۆژنامەی (بانگی حەق)یش، ئەشکەوتی جاسەنە بوو.
٣٢٧- واتەی ئەم قسە فارسییە؛ (ئێمە هیوامان بەچاکەی تۆ نییە و شەڕتمان لێ لادە).
٣٢٨- نامەکە نێوی چ نووسەرێکی (لێ نەدراوە!)؛ بەڵام بەڕۆشنایی سەردەمی ڕێبەری ڕۆژنامەکە و بەکاربردنی وشەکانی (دز و حیز) کە لە (ڕۆژەوە بوونێک)ی جەمیل سائیبدا هاتووە و هەرگیز کەسی دی وشەی ئەوتۆی بەکار نەبردووە، ئەوە دڵنیام نامەنووس هەر ئەمە. جێگەی خۆیەتی، بۆ مێژوو، هێندێ قسەی بەراوردی ڕاستی و مێژوو بکەم، لە ئەوەوە دەست پێ بکەم کە ئەو (شەڕە) جوێنە ناشیرینە، وەک هەڵە و لەکەییێکی نووسەرێکی توانایە، بەڕاستی ناڕاست و ناڕەوا ئاخاوتووە و بەتایبەتی ئەگەر حەفیدزادە - بەقسەی ئەو - سەرداری (دز و حیزان) بوایە، هەرگیز شۆڕشی لەدەست نەدەهات و حوکمی خنکاندن و بەندبوون و ئاوارەیی نەدەدرا! هەروەها - نووسەر گوتەنی - لە ئازادبووندا، ئەو پێشوازییە نەتەوەییەیشی بەخۆوە نەدەدیت! لە لادێیێکی دییەوە، لە ئەو بارە ناسکە پیلاناوییەی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا، هەرگیز شەڕی کوردکوژیی، شەڕی خێڵەکیی ڕووی

نەداوە و بەدرێژایی فەرمانڕەوایشی، بەتەنی دوو ڕۆشنبیری نەتەوەپەروەر و جەمال عیرفان و عارف سایبی برای نامەنووس کوژران کە تا ئەوڕۆ بەڵگەی ساغ بەدەستەوە نییە ئایا فیتی ئینگلیز، تورک، عەجەم کوژراون یان نا!؟ ئەحمەد خواجەی نووسەری حەفید زادە نووسیویەتی: «حەفیدزادە بۆ کوشتنی عارف سایبی نووسەری خۆی، گریا و دەیگوت: دەبێت تۆڵەی بکرێتەوە». لەمەڕ قسەیێکی دیی نامەنووس کە (فیداکاران) بە(دز و حیز) لە قەڵەم دەدات، دەبێت بڵێم: مێژوو شایەتە کە زۆربەی ئەو گیانبەخشانەی لەشکری کوردستان، ڕەش و ڕووتی نەتەوەکە بوون! دەی داخۆ ئەوە چ ویژدان و قەڵەمێکە کە نێو و ناتۆرەی ئەوهەیان لێ بنێت؟ ئەگەر حەفید زادە سەرکردەی (دز و حیزان) بوایە، دەی بۆچی برای نووسەری نامە: نەتەوەپەروەری ئازادیخواز، مستەفا سایب، قاییل دەبوو (حەفید زادە) ببێت بەئەندامی (کۆمەڵ/ پارتی نهێنی زەردەشت - خۆیبوون) کە خۆی باوەڕپێکراوی بوو؟ داخۆ مستەفاش (دز و حیزە؟). من لاریم لە ڕەخنەگرتن نییە لە هەڵەی سیاسی زۆری حەفید زادە، دڵیشم بەرد نییە لە ئاستی ژانی قووڵی برا کوشتندا، بەڵام باوەڕ دەکەم کە ویژدان بۆ فەڕی گەل و نیشتمان دەبێت، پاکیژ و زیندوو بێت. حەفید زادە مەحموودی یێکەم شۆڕشگێڕی کوردستانی باشوور، دەیان شاعیر و نووسەری کورد شانازییان پێوە کردووە و گەلی وەفاداری خەبات و گیانبەخشینی بوون کە هەتا مرد: (گوندی داریکەلی)ی بەهەموو پێتەختو خۆشیی دنیا نەگۆڕییەوە و بەجێی نەهێشت! بەڵێ حەفید زادە خۆشەویستی گەلەکەی بوو کە تەنانەت پێوەندییەکی گیانی گیانی لەگەڵ هەبوو. بۆ ڕاستیش، بەڵگەی زیندوو، ڕۆژنامەی ئینگلیز (تایمز - ١٩٣١/٥/٢٥ز)ە کە وێنەی ئەو پێوەندییەی گەل و بەتایبەتی خەڵکی سلێمانیی گرتووە و لە ڕیپۆرتاژێکدا، لەمەڕ خۆبەدەستەودانی حەفید زادە - لە کۆتایی چوارەم شۆڕشدا - ئەوهەی لێ نووسیوە: (ڕۆژی ١٣ی مایس - ١٩٣١ژ/ K - هیچ شتێکی نوێ لە بارەی «شێخ»ەوە نەبیسترا. نێرووەکانی عێراق و ئێران بەردەوام خۆیان بۆ پەلامارە هاوبەشەکەی ڕۆژی داهاتوو ئامادە دەکرد! بەیانی ڕۆژی ١٤ی مایس، نێرووەکان لە هەردوو دیوی سنووردا ئامادە بوون بۆ جووڵان کە پەیامێکی پەلە گەیشتە ئەو ئەفسەرەی فەرمانددەیی نێرووەکانی عێراقی دەکرد... ئەوەتە لە نیوە شەوی ڕابوردووەوە، «شێخ» بەسوارییی هاتووە بۆ «پێنجوین» و لە ماڵێکی قوڕپندا نووستوە. دوای کۆبوونەوەیێک، بەبێ هیچ مەرجێ، قاییل بوو بەتێکڕای مەرجەکانی حوکوومەتی عێراق، بەڵام داوای کرد - لەبەر تۆماری شێخ - نابێت چ پاسەوانێکی سوپای عێراق یاوەری بن بۆ شاری سلێمانیی. هەرچۆنێک بوایە، پاسەوان شتێکی زۆر پێ ویست بوو بۆ شوێن خستنی سوارەی عێراقی کە لە بەشێکی ڕێگەی بەرەو سلێمانییدا، پاسەوانیان دەکرد. شێخ مەحموود دەستی کرد بەگریانێکی بەکوڵ و لە پاسەوانەکە پاڕایەوە کە [بیکوژیت]. ئاشکرایە ئەوەی ڕەچاو کردووە کە ڕۆیشتن بەنێو چیاکاندا و بەچاودێریی پاسەوانی سوپای عێراقی، سووکایەتییە بۆ کەرامەتی کە ناسڕدرێتەوە.

<u>«بەدرێژایی ڕێگەی بەرەو سلێمانیی، دیلەکە: شێخ مەحموود، لە هەموو شوێنێکدا، گەورەترین دڵنەوایی و شیوەنی لە لایێن هەموانەوە بۆ دەکرا! دانیشتوانی سلێمانییش، هاتنە دەرەوە بۆ سڵاو</u>



<u>لێ کردن و دەت ماچ کردنی!... هتد)</u>. بنۆڕە: ٦/١؛ ل ١٦٩.

٣٢٩- ژیانەوە - س١، ژ ٩، ١٩٢٥/٧/١ز. بنۆڕە [ودبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٢٣].

٣٣٠- مەبەست مەعرووف عەلی ئەسغەری نووسەر و سیاسی و داوەرە!

٣٣١- هەرچەندە نێوی تەواوی نووسەر دیار نییە، بەڵام بەوردبوونەوەم لام ڕوونە کە ئەم کەسە هەر (ئەمین ڕواندزیی) کۆنە ئەفسەری عوسمانی و ئەفسەری لەشکری حوکوومەتی کوردستان - تا دووەم شۆڕش - ئەفسەری عێراقییە کە لە ئەوێ دەمێدا لە ڕیزی سوپای عێراق و لە (مووسڵ)دا بووە و لەبەر فەرمانەکەیشی نەیتوانیوە نێوی خۆی بنووێنێت! جێگەی گوتنە هەر لە ئەو باژێڕەدا کابانی هەڵبژاردووە.

٣٣٢- ژیانەوە - س١، ژ ٣٢ - ٣٤، ١٣ و ٧/٣٠ - ١٩٢٥٨/٢ز. بنۆڕە [ودبنبـــڕە: ٥/٢ - ژ ٢٤]. نووسەرەکەیم پێ نەناسرایەوە! شایانی گوتنە، لە گۆڤاری (کاروان - س ١٩٨٦ز) و لە ڕاپێڵەی ئاشناکردنی ڕۆژنامەی (هەتاو - س ١٩٤٨ز)دا، گوتوومە کە ئەم (نێوە)؛ ئەمین ڕواندزییە! ئەمێستە پەشیمانم و بڕواکەم هەڵەبوو!

٣٣٣- ژیانەوە - س١، ژ ٣٣، ١٩٢٥/٧/٣٠.

٣٣٤- میر ئاڵای قوماندن: پلەیێکی بەرزی ئەفسەری عوسمانییە کە (قائیدی فریقەی عێراقی) دەگرێتەوە.

٣٣٥- ژیانەوە - ژ ٣٤؛ ١٩٢٥/٨/٦ز.

٣٣٦- ژیانەوە - س١، ژ ٣٥، ١٩٢٥/٨/١٣ز.

٣٣٧- شەهیدانی شۆڕشی کوردستانی باکوور - س ١٩٢٥ز هەر لە کاتی خۆیەوە تا ئەوڕۆ نەمرن لە مێژووی کورد و کوردستاندا.

٣٣٨- ژیانەوە - س١، ژ ٣٠، ١٩٢٥/٧/١٠ بەنێوی (ڕۆژی ماتەمی عموومییەوە) بەیاننامەی کۆمەڵی بەرزی کوردستانی ڕاگەیاندووە ونووسیویەتی: «تەبلیغاتێ لە خوسووس شەهادەی مەرحووم شێخ عەبدولقادر ئەفەندیی شێخ عوبیدواللەوە کە لە تەرەف مەرکەزی عموومی جەمعییەتی تەعالی کوردستانەوە کراوە، وا بەیان ئەکات کە ڕۆژی ٢٤ی ئایاری ١٩٢٥، بکرێ بەڕۆژێکی ڕەسمی بۆ شەهادەتی مەغفوور بۆ هەموو کورد، لە عالەمی کوردایەتییا ناوی ئەو شەهیدە نەکوژێتەوە!». جێگەی خۆیەتی خوێندەوار باسێکی لێ ون نەبێت کە دەبینێت (ژیانەوە) بایەخێکی زۆری داوە بەباسی کوردستانی باکوور و گەلی کورد و تاوانی تورکان. ڕاستییەکەی - ئەگەرچی هەموو کوردێک لە هەر بستێکی کوردستانی نیشتماندا مافی بیروڕا دەربڕین و سۆزی نەتەوەیی هەیە - ئەم ڕۆژنامەیە لە دڵسۆزیی خۆیەوە ئەوهە نەخرۆشاوە، بەڵکو وەک دیارە، پەیڕەوی سیاسەتی بریتانیای تاوانباری کردووە کە لە لایێکەوە لە کوردستانی باشووردا کوردکوژیی و کاول بوونی کوردستانی گرت بووە بەر و لە لایێکەوە - بەسەرزاریی - لەبەر کەڵکی سیاسی خۆی و بەتایبەتی لەمەڕ کێشەی بەنێو مووسڵ (؟) ڕەخنەی لە تورکیا دەگرت کە ڕۆژنامەکانی بریتانیایش دەنگی ئەوتۆیان

کردووە. ئەم سیاسەتە دووڕووە نەگریسە، تا ئێستەش هەر پەیڕەوکراوە و دەکرێت، بەڵام هەر کوردێ، بەشەرەف و ژیر بێت، پەرچی ئەم سیاسەتە دەداتەوە و دۆستی و دوژمنایەتی چاک دەناسێتەوە!

٣٣٩- ژیانەوە - س٢، ژ ٥٣. (ئەم نامە/ بەیاننامە)یە! بنۆڕە [ودبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٢٦].

٣٤٠- قوماندانی عومومیی سواریی، پایەیێکی سوپایی حوکوومەتی کوردستانە و بەواتای: سەرفەرماندەی گشت نێرووی سواریی!.

٣٤١- ژیانەوە - س٢، ژ ٥٢، ١٩٢٥/١٢/١٠. بنۆڕە [ودبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٢٧].

٣٤٢- نامەکە بەڵگەیەکە دەڵێت: «هێندە میلیۆن لیرە زەرەر بەئێمە - واتە گەلی کورد - گەیشتووە و (لە خۆشیمان) هەروەها! ئەی لە نێوان ١٩١٩ز - ١٩٣٢ز.دا تۆپ و فڕۆکەی کێ کورد و کوردستانی ئاگرباران دەکرد؟ خۆ حوکوومەتی عێراقی عەرەب لە ١٩٣١/٤/٢٢ز.دا، پۆلی فڕۆکەی لە ئینگلیز وەرگرت و تا ئەو کاتە پووشکە بەقنەیێکی نەبوو!

٣٤٣- ئەی (نەوتی کوردستان) کێ دزیی؟ شێخ یان ئینگلیز؟ پاشماوە دێرینەکاین کوردستان - کە ئێستەش زۆری لە مووزەخانەی بریتانیایە - کێ دزی؟ تەنانەت دەزگەی یێکەم پوولی کوردستان لای شێخ و نەوەکانی، لای کورد خۆی مایەوە یان سی. جەی. ئەدمۆندزی ئەفسەری ئینگلیز دزی و - وەکو خۆی لە کورد تورک و عەرەبدا پێی لێ ناوە - بەدیاریی داویەتی بەهاوەڵێکی؟

٣٤٤- ژیانەوە - س١، ژ ٣٣، ١٩٢٥/٧/٣٠ز(*) بنۆڕە [دوبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٢٨].

٣٤٥- میرزا فەرەجی حاجی شەریف؛ (١٨٨٧/ - ١٩٥٣/١١/١٤ز)، بازرگانێکی گەورە و خەڵکی سلێمانیی، نوێنەری سلێمانیی لە پارلەماندا!! مێردی خوشکی جەمیل سایب.

٣٤٦- واتە: ڕەگەڵم بکەون تا ڕێگەی ڕاستتان نیشان بدەم!

٣٤٧- واتە: بەندە تەگبیر دەکات و خواش چارەنووسسازە.

٣٤٨- ئەو فێرگە سەربازییە دوایی بوو بەکۆلیجی سەربازیی عێراق.

٣٤٩- مەبەست بریتانیایە.

٣٥٠- ژیانەوە - س٢، ژ ٥٣، ١٩٢٥/٢/١٧ز. بنۆڕە [ودبنبڕە: ٥/٢ - ژ ٢٩]. شایانی باسە - وەک کۆڵیومەتەوە - ئینگلیزەکان بەکوردی نامەکارییان لەگەڵ کورد کردووە و ئەم نامەیەش وێنەیێکە و ڕوون کردنەوەی باسی نامەکاریی سەردەمی داگیرکاریی بریتانیایە.

٣٥١- موفەتتیشی ئیداریی - پشکنەری سیاسی - بریتانیا لە هەر باژێڕێکدا هەبووە، پشکنەری باس کراوی ئەوکاتە: (کەپیتان لایین) نێو بووە!

*(*) هەر ڕۆژنامەکە بەئەم پێشەکییەوە، نامەکەی نواندووە. گوتوویەتی: «لەم ڕۆژانەدا قاقەزێکی خوسووسی لە تەرەف ئەشرەف جەناب ئەمین زەکی بەگ، مەبعووسی سلێمانییەوە هاتووە بۆ خزمەتی موتەسەڕڕیفی ئەفخەم! لەسەر موساعەدەی خۆیان، بەعزی مەئالی ئەو قاغەزە کە عائیدی مەنفەعەای عومومییە و بیلخاسسە تەقدیر و تەشەککوری ئەفکاری هەموو خەڵقی وڵاتەکە ئەکات کە بەدڵێکی ساف و پاکەوە، ئەویان بۆ مەبعووسی هەڵبژاردووە. ئێمەیش لێرە، وا عەینەن دەرجی ئەکەین/تەواو».*



٣٥٢- ئەو گفتارە بۆ خۆی بەڵگەیێکی ڕووناکی لکاندنی کوردستانی باشوورە بەعێراقی عەرەبەوە. هەروەها بەڵگەیێکی گەورەشە بۆ ڕەوایی خەباتی گەلی کورد بەسەکردایەتیی حەفید زادە مەحموود کە دیارە ویستوویەتی، بەئاشتی و گفتوگۆی سیاسی بەری ئەو تاوانە بگرێت! هەڵبەت حەفید زادە نەچووەتە بەغداد و وەڵامیشی درێژەپێدانی شۆڕش بووە!

٣٥٣- ئا لە ئێرەدا تاوانی پێشینان و بەتایبەتی میرنشینەکانی کورد ساغ دەبێتەوە کە ئەگەر ئەوان - بۆ کاروباری ڕەسمیی - زمانی کوردیی خۆیان بەکار ببردایە، هەڵبەت ئەم داگیرکەرانە نەدەهاتن ناز بەسەر کورددا بکەن.

٣٥٤- هەنری دوبس Sir H. Doobs، کارگێڕێکی مەدەنی و یێکێکی پێشەوەی دەزگەی سیاسی بریتانیا بوو لە هیندوستاندا. ماوەیێک قۆمیسەری دادوەریی و دارایی بووە، دوای قۆمیسەری سنوور لەسەر سنووری ڕۆسیا و ئەفگانستاندا. لەگەڵ قەوانی (ا. ج. گ) لە ئەوەدابوو فەرمانەکانی متمانە پێ کراوی سیاسی بریتانیا لە عەرەبستانی عوسمانیدا، هەروەها کونسوڵی گشتی بریتانیا لە بەغدادا، وەربگرێت! داوەری و دارایی، دوایی ڕێبەری پۆلیس، ئەوجا فەرانبەر بوو! نێوبراو زانستێکی تەواوی لەمەڕ نێوەڕاستی خۆرهەڵات هەبوو؛ هەر لە حەڵەبەوە تا تاران، ئەفگانستان، سنووری باکووری هیندوستان، بلوجستان. دوبس کە عەرەبییەکی چاک دەئاخاوت، دوای پەرسی کۆکس Sir percy coxی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا، هەروەها دوای جێگری کۆکس؛ تێ. ئا. وێڵسن T. A. Willson، بوو بەنوێنەری باڵای بریتانیا ئەویش وەک ئەو دوو پێشینەی - نەخشەکێشەکانی لکاندنی کوردستانی باشوور بەعێراقی عەرەبەوە - تاوانبارێکی جەنگە بەرامبەر بەکورد و کوردستان و لە سەردەمیدا، نێرووی هەوایی بریتانیا دوڕندەترین تاوانی. جێ بەجێ دەکرد!

٣٥٥- ڕۆژنامەکە و کارگێڕەکانی کە زوڕناژەنی دوژمن بوون، دیسان هەڵیان داوەتێ و لە پەراوێزی نامەکەدا ئەم قسانەیان نووسیوە: (بێینەوە سەر بەحسی ئەخلاق و ئەتواری حەقیقی شێخ مەحموود و تاقمە جەردەکەی. وا دیارە فەخامەتی مەندووب بەهیچ سووڕەتێ بۆ ئیغفال نەکراوە. ئەخباری فەخامەتی مەندووبی سامی زۆر سادە و بەسیتە. عەلاوەی، ئێمە بەتەواویی مەئزوون کراوین بەوەی کە بلێین بەشێخ مەحموود، ئایا ئەم تەکلیفە بەقیمەتە قوبووڵ بکا و یا تەرجیحی ئەوە بکا کە حەیاتی خۆی لە خەجاڵەتییدا خیتام پێ بێنێ. یێک شت هەیە کە مەعلووم و موحەققەقە، ئەویش ئەمەیە: بەقەتعی، جارێکی تر بەشەخسێکی وەها ئیعتیبار ناکرێ کە وەزائیفی حاکمێک ئیفا بکا! ئەگەر بێت و خۆی و یا هەر کەسێ لە تەرەفدارەکانی خەیاڵی ئەوە بکەن کە جارێکی تر ئەبێتەوە بەحاکمی سلێمانیی، دووی کڵاوی بابردوو ئەکەون!/ تەواو).

٣٥٦- ١٥٥/٤/٣؛ ل ٣١٧ - ٣١٨.

٣٥٧- ١٥٥/٤/٣؛ ل ٣١٩.

٣٥٨- ١٥٥/٤/٣؛ ل ٣١٩.

٣٥٩- بڵاوکەرەوەی نامەکان - لە زاری یێکێکەوە کە دیارە هاوسەردەمی سەیید ڕەشید بووە -

سەرگوروشتەییێکی نووسیوەتەوە، گۆیا؛ سەیید بەکوڕێکی گوتووە؛ بەبابی بلێت؛ (خۆی بەدرۆ و دەلەسەی تاریخ زاییع نەکات، با ئەویش نەبێت بە: تا... ڕیخ!!)(*) ئەم توانجەی لە مێژوو، وێنەی بڕوایەتی، هەر بۆیێکا مێژووی نامەکانی زیندەبەچاڵ کردووە کە ئەمە کەموکورتییەکە بەنامەکانی ئەو و نامە کوردییەکانی سەرەتا و ڕابوردووەوە!

بڵاوکەرەوە؛ سوپهەروددین – وێڕای کرد و کۆششی چاک و جوانی – بۆی نەکراوە سنووری مێژوویی (نامەکاریی) سەیید ساغ بکاتەوە...

ئەز بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلینە، کۆشش دەکەم نیشان بدەم و هەر بەڕۆشنایی نامەکان، ساغی بکەمەوە:

١- بڵاوکەرەوە، لە باسی ژینی سەییددا دەبێژیت؛ (نزیکەی ٥٠ ساڵ لە خانەقادا ژینی ڕابواردووە!) کەی چووەتە خانەقا؟

*(*) بڵاوکەرەوە؛ سوپهەروددین، لە ڕاییێڵەی کۆ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵی نامەی فارسی، کوردی، کوردیدا؛ هێندێ وێنەی دی توانا و هونەری سەیید، هەروەها هێندێ قسە خۆشی ئاشنا کردووین. ئەز لە هەردوو باسەوە، چەند وێنەیێک دەنوێنمەوە!*

*١- چەند بەشە نامەیێکی فارسی - کوردیی:*

*١/١- لە نامەیێکدا بۆ میرزا عەبدوالله، نووسیویەتی: کوڕە بەس کەربە، کەڕ بووم گوێرەکە! بەس کەڕ بە گاگوێ، بێ ڕێ، بێ دەرپێ، وشتر پێ، کۆڵان کوت، یاڵان توت، کوولەکەی ئاوێ، چەوەندەری دێمی، باسکێشی کەران، کۆڵەکەی هۆڵێ!*

*ئارەزووی نەنکت، گرمەی دەهۆڵێ! پاڵەوان کەچەڵ، بەدمەستی جەنگی، شۆخی شێوە ژن، تینە فەرهەنگی! تاکەی لە دووریت ...../ نەنووسراوە. K - زۆڕنات شکاندم، هەی کۆنە دومبەگ، چاوشینی موو زەرد، سووری فیتنە جۆ، تاکەی بناڵم، بگریم لە دەست تۆ؛*

*ڕووڕەش، پڕ لە غەش، کوشندەی چاوەش، بۆ تۆ جوولەکەی وەسڵت بۆتە هەش! مەئموولی نەنکت، تێڵای باپیرت، تۆی تێوەنێ هەرچی بۆتە وەزیرت!*

*پشکەڵە وشتر، کوودەڵە مستو(بابی میرزا عەبدوالله/ بڵاوکەرەوە-K)من مردم، خوێنم کەوتۆتە سەر تۆ. مەیموونە سسوورەکەی لۆتی نەوادە، بەمەیلی چاوەش دەمێکی لادە! دەمێکە چاوەش چاوی لە ڕێتە، دەمزانی چاوی غوباری پێتە. هەڵستە زووکە، دەمرێ لە داغت، بولبول بەزیزی دەمرێ لە باغت!*

*ق: هەڕەشەم فەوتان. ئەوێستا لەبەر ناپیاویێ تۆ وەک منداڵان دەگریم، هەتا وەک ژنان دەستم بەتووک و دوعایان نەکردووە، لە کەری شەیتان دابەزە، سواری ئەسپی ئینساف بە!*

*هەتا هار نەبووم، وەرە! دەنا والله سلووکێکت بۆ دەکەم، ڕووی خۆم لە دەست تۆ، ڕەش دەکەم. هەتا دەمرم دوعای خێرت بۆ دەکەم.*

*ئەمن دەشترسێم خودا لێم قەبووڵ نەکا. زۆرت دڵ بریندار کردم، ئاخ مردم!!*

*وەسسەلام*

*[تەواو]*

*٢/١- لە نامەیێکی دییدا بۆ میرزا عەبدوللە، نووسیویەتی:*



٣٦٠- کۆ و بڵاوکەرەوەی، وێنەی دەستنووسی چ نامەیێکی سەیید ڕەشیدی نەنواندووە. ئەز لە دۆستم عەبدوڕڕەقیب یووسفەوە (وێنەی شیعرێک و نامەیێک)ی دەستنووسی نێوبراوم وەرگرتووە. [بنۆڕە؛

---

*... چۆن وا دەبێ؟*

*من هێندەم تۆش خۆش دەوێ، من لێرەبم، تۆش لەوێ؟ من لێرە بگریم بەتاوە، من لێرە مابم بەناو، خەبەر بنێرم نەیەی، نە دەستم دەیەی نە پەی؛ دەرسم لە کن نەخوێنی، دڵیشم لێ بڕفێنی؟*

*تەڵەبم دەکەم لە شێخی؛ وەزێر ئاوت دەربێخی، تا قەدری من بزانی، نەبییە جووی ڕەجمخانی!*

*میرزالەی ڕەحیمخان. وەرە کن یاری جانی، ڕووبکە پیری بورهانی، با نەبییە کۆنە کانی، نەبییە سەی شارستانی!*

*کە دەچێتە نێو فەقێیان، سەفەر دەکەی بەپێیان، دەبییە لۆتی لادێیان، بۆ نان دەکەوییە کووچان، دەکەوییە ماچ و مووچان، کوتەک بەدەستی مل هووڕ، قەددت دەبێ بەگۆچان! دەڵێن: دەرەنگە میرزا هەڵستە؛ چێشتێ لێ نێ! ئەگەر بۆڵەت لێوە بێ، دەڵێن: دۆڵمێکی تێ نێ! سەرت بگاتە هەوران، دەتکەونە دوو بەتەوران! ببی بەشاهی مەردان، پێت دادەن بەبەردان!*

*کەوابێ پیاوی چابە؛ مەشغوولی ئیرتیقابە، کوڕێکی باوەفابە، هەر تاڵیبی توقابە، جویای فەنا و بەقابە. عیلمت دەوێ؟ زەریفە! حوجرەت دەوێ؟ تەمیزە! نانت دەوێ؟ حەڵاڵە! شێخت دەوێ؟ عەزیزە...*

*وەسسەلام*

*[تەواو]*

*٣/١- لە نامەیێکی دییدا نووسیویەتی:*

*یا شەمسوددین مەدەد*

*باوەڵێ، باوەڵێ! جەنابی سەیید عەبدوڕڕەحیم! کاک سەعید، کوێخا مەحموود! سۆفی مەحموود! سوبحانە الله خەویان گرانە... بەخوا ناپاکن، بەخوای بێ باکن، بێ ئیدراکن!! لە خودای ناترسن، لە شەیتان ناپرسن!!*

*ئینسان با لە کاری شێخیشدا بێ کە زۆر لە دەرەوە بەند بوو، ژەنگاویی دەبێ، ژەنگاویی دەبێ، سەلیقەی کەم دەبێ، عیلمی نامێنێ، دینی دەشێوێ، وەک (عەبدوللە)ی لێ بەسەردێ! جاران لە دەرەوە دەگریا، ئێستا لە سەربانان پێ دەکەنێ! جاران دەهات؛ لێرە دەچۆۆ بەر گوێلکان. ئێستا لەوێ دەچێتە بەر کەران، زک کوڕان، کن کچان!*

*قەدەرێ لەمەوپێش کوتیان: لە مەحموودی دواوون. سەری کێوانم لێ وێک هات؛ قەندم لێ تاڵ بوو، عەیشم بەتاڵ بوو، هەرچەندە ئیستیمزاجی شێخم کرد، شوکر ئەسەری عەجزی نەدی!*

*٤/١- لە نامەیێکی دییدا - ئەم دێڕانەی، کردەوەی هونەری سەروادارییی، ڕەگەزدۆزیی، دەقگیریی - دەڵێت:*

*دەنووسم وەرە، وەرە! دەڵێی وەڕە وەڕە.*

*دەنووسی: مەسڵەحەت وایە تا نییەت (ابتدای ماه مبارک رمضان - سەرەتای مانگی ڕەمەزانی پیرۆز/K - نەیەم... ئەی گوو بەمەسڵەحەتت!*

*ئەو مەسڵەحەتە شەیتان بۆی کردووی، بەڵێ شەیتان بۆی کردووی! تێت گەییوە بۆ گەی و سوارت بووە! ئەی عومری نەفسێت نەمێنێ دەگەڵ تەدبیرت، مەرگی نییەتت بێ دەغەڵ بۆ پیرت!*

*وەکیلت لێرە حاڵی خۆشە، لە سایەی تۆوە، تۆی براوە. چی دی بەدەستەوە نەماوە، وەک کەر نا، وەک تۆ*

ودبنبڕە: ٢/٥ - ژ ٣٠/ = پ. ن: ٣١/٢/٢٣]
٣٦١- ٣/٤/١٥٥؛ ل ٣٢١-٢٢
٣٦٢- لە نامەکەدا ساڵەکە ئاشنا نەکراوە، بەڵام بەنێوبردنی (شێخی بورهان) ئەوە نامەکە بەر لە مردنی

---

*لە قوڕدا، ماوە. لە شەرمەساریی، چاوی بەرداوە:*
*ماڵت خرابێ کە هاتییە ئێرە خۆ ناتخۆم. (للە در صبا):*

*ای سندە صــبــا از حـســرتت مــرد*
*آخـــر بەدرد آنخــــواهمت خـــورد*
*(ئەی بت بای سەبا لە حەسرەتی تۆ مرد*

..............

*ماڵت خرابێ، تۆ هەتا منداڵتر بووی، گەورەتر بووی! تا زل دەبی، غافڵ دەبی، چل و فل دەبی، شەق و شەل دەب! جاران عاقڵ بووی، ئێستا غافڵی! جاران کامڵ بووی، ئێستا کاملی!*

*١/٥- لە بەشە نامەیێکی دییدا بۆ (میرزا محەمەد ڕەسووڵ) نێوێکی ناردووە - بەقسەی بڵاوکەرەوە گۆیا لە شاگردێکی پێشووی سەییدی ویستووە. کیژی بەشوو بدات یان قاییل بێت بیداتێ و کابراش قاییل نەبووە. بەچەند دێرێکی فارسییدا دیارن دڵتەنگ بووە و سەییدی لە ئەو کارە ئاگەدار کردووە - نووسیویەتی:*

*زاهیرەن لەسەر کاغەزی دوو وەرەقی کە پێ خرابوو، ڕقی هەستا ئەمی ڕەقی هەستابوو. دەفتەری سێ وەرەقییە تازەکەی هێنابوو، دەبن چۆکی خۆی نابوو. دوو وەرەقی لێک کردبۆوە، قەڵەمێکی ئامادەی دەبەر زگ چەقاوی، بەهەوا ڕاوەستاوی، لە دۆپڕکراوی، بەگوێزان دادڕاوی، عەمەل دەستووری، کەوا سووری، زۆر مەغرووری، سەر ئەستووری، مەیلاو ژووری، مابیلوتەننوری، بەحەیتەڵمەز مەشهووری، فەرهەنگی هەیکەلی، عەمو مەسیلی، ئیبنوسەبیلی، سیغار قەتیلی، دوشمن زەلیلی، شەیتان دەلیلی، تالیبومەسیلی، لە ئینساف دووری، دەعوا خڕی، دەروون پڕی، دوژمن قڕی، بەرزگ دڕی، دیوار بڕی، داوێن گڕی، مێزەر خڕی نێو (..../ نەینووسیوە -K) بڕی مەیدان، زۆری میداد، لە خۆی، فرمێسک دۆی، مەرەکەب سپی، گردەڵ نشینی، قەرەتەپی ئابی، لە دینی گرینۆکی پڕ قاروقینی، دنیا بەری قیامەت نەبینی، سۆفی وەشی، میحراب گوزینی، دووراودوور دەژێر و وەڕەقی نێوەڕاستی کوتا بوو. کوتا بووی، کوتا بووی هەتا هیچی لێ نەمابوو. خۆشی بەسەردا دابوو، لەو شیوەدا ڕووابوو؛ عەفووی دەکەی پیاوەتییە! خوێنت دەوێ خوشکی هەیە! عەیبی نییە. کفن بەمن ببڕێ، کردوو گۆڕ بەگۆڕ چێ!*
*عەفووی دەکەی دوو تانم دەوێ. خوێنت دەوێ؛ پێشکەشی دەستێنم... زێڕ و زیوم ناوێ، جەواهیر تەڵەب دەکەم، لەپاش ئەوەی پێشکەشی دەکەمەوە.*
*نەشیش بسووتێ نە کەباب! گەندە لە مەندە کەمتر نییە: کچ بۆ کوڕ، ژن بۆ پیاو، دوعا گۆتم زۆر بەتاو.*
*مەڵتەبی خۆم دی تەمام.*
*چاوەشی تۆم، وەسسەلام*

*[تەواو]*

*٢- بڵاوکەرەوە (بەسەرنێوی مطاییات سید ڕەشید - ل ٤١٣ - ٤٢٢) ئەم سەرگورشتە و قسەخۆشانەیشی لێ گێڕاوەتەوە:*
*١/٢- سەیید لە ڕۆژگاری خوێندکارییدا، لەگەڵ مامۆستا مەلا ساڵحی حەریق (شاعیر) لە نێوچەی*



نێوبراوە.
٣٦٣- ٣/٤/١٥٥؛ ل ٣٢٦-٣٢٨. بڵاوکەرەوە دەڵێت؛ عەزیز ئاغا کەسێکی ناسراوی نێوچەی موکریان و لایێنگری شێخی بورهان و دوایی حاجی مەلا محەمەد سادیق بووەج.

---

*(سەقز)دا بەکەناری کێڵگەییێکی تووتندا تێ دەپەڕێ کە چەند ژن و کیژێ خەریکی شەتل ناشتن دەبن. سەیید کە بەلایاندا تێ دەپەڕێت و سڵاوی خۆی دەکات و دەبێژێت: (کیژەکانم بێم دەگەڵتان بچەقێنم؟).*
*٢/٢- سەیید لە حەوزخانەڕاوە هاتووەتەوە. حاجی شێخ عەبدوڵڵەی کوڕەی گەورەی شێخی بورهان(**) دەچێتە کنیەوە لە هەڵێکدا کە سەعاتەکەی تێ پەڕیوە، لە سەیید دەپرسێت:*
*- سەیید ئی تۆ چەندە؟*
*سەیید دەڵێت:*
*- قوربان ئیمن بستێکە!*
*ئەویش پەست دەبێت و دەپرسێتەوە.*
*- دەڵێیم لەگەڵ ئی من چەندی فەرقە؟*
*- قوربان، وەک دەڵێن؛ ئی تو قولانجێک دریژترە!*
*ئەم جارە شێخ عەبدوڵڵە گرژتر دەبێت و دەڵێت:*
*- کوڕە ئەتۆ بۆ هێندە سەیری؟ دەی دەریهێنە، چاوی لێ کە!*
*سەیید بەئاوازێکی نەستەقانەوە دەڵێت:*
*- قوربان باوەڕم پێ بکە، ئێستا لە حەوزخانەی دەرمهێنابوو، چاووم لێ کرد!*
*شێخ عەبدوڵڵە کە زانی وەڵامی پێویست لە سەییدەوە نابیستێت سەعاتەکەی دەخاتەوە باخەڵی و جێگەی بەجێ دەهێڵێت!*
*٣/٢- یێکێ لە شاگردانی پێشووی سەیید دەگێڕێتەوە:*
*فەقێ ڕەشیدی یالاوەیی، بێ ئەمری کاک سەیید کردبوو، ئەویش ئەو شیعرەی بۆ داناوە:*

*ئەو سەرزلە حیزەی کە موسەممایە ڕەشیدە*
*بیگرە لە ڕەشی نێو، لە ڕەشی بە لە ڕەشی دە!*

*(**) شێخی بورهان؛ شێخ شەمسوددین بورهان. دایکی ئایيشێی وەچەی خێڵی کەڵهوڕ و خەڵکی گوندی (سێلوێ)ی نێوچەی (لاجان)ی کوردستانی خۆرهەڵاتە، بەڵام خۆی خەڵکی ئاوایی (ماوەت)ە کە ئەمێستە سەر بەباژێڕی سلێمانییە.*
*بەڕۆشنایی هێندێ شیعر، مێژووی لە دایک بوونی بەمەزندە لە نێوان ساڵانی ١٢٤٢ک - ١٢٤٥ک/ ١٨٢١ز-١٨٢٦ز.دا ڕاگیراوە و مێژووی کۆچی ماڵئاوایشی ڕێکەوتی ١١ی جومادی دووەم ١٣٢٨ک - ٢١/٦/١٩١٠ز.ە کە لە گوندی (بورهان)دا ئەسپاردەی خاک بووە.*
*بابی شوان و گاوان و گرێکار بووە، بەڵام کوڕەکەی حەوت ساڵان بووە کە بەسەر کابانیدا بەجێی هێشتووە و خۆیشی ڕووی لە ئەوە دنیا کردووە. دایکی بەشێوەی بابی بەخێوی کردووە. مەلا برایم نێوێکی پێشنوێژ و مامۆستای مزگەوت و فێرگەی گوندەکەیان، ژیریی و زیرەکی ناسیوە و دایکی هان داوە کە بیخاتە بەر خوێندن. مەلاکەش بژێویی بۆ دابین کردووە و ناردوویەتیە فێرگەی شاگردان بۆ وەرگرتنی زانستەکانی ئایین... (قران) و ڕێزمانی عەرەبی فێر بووە. دوایی بۆ خوێندنی پتر ڕووی کردووەتە (مەهاباد) و لە مزگەوتی (ڕۆستەم بەگ)دا سەرگەرمی خوێندن و زانستەکان بووە. دایکیشی*

٣٦٤- مەبەست حاجی مەلا محەمەد سادیقە! بەرۆشنایی ئەم نامەیەش کە نێوی (گروھ - دەستەی سادیق)ان ھاتووە و بڵاوکەرەوەیشی کە نووسیویەتی ئەو کەسەیە مەبەست، ئەوە دیارە بەر لە مردنی

---

*لە گوندی (سێڵوێ) ڕاوە باری کردووە بۆ گوندی (پاڵاوەی سەرێ)ی نزیکی مەھاباد. دوای دوو ساڵێ ڕووی کردووەتە گوندی (عیساکەند)ی باشووری خۆرھەڵاتی (یاڵاوەی سەرێ) و ئەوێ دەمێ کوڕەکەیشی گەورە بووە و بەپلەی مەلایی ڕاگەیشتووە. لە ئەو ھەڵەڕاوە ڕووی کردووەتە ئاوایی (تەوێڵە)ی نێوچەی ھەورامان و لە خانەقای (شێخ زیبیائوددین)دا بە(مەلا یووسفی یاڵاوەیی) ناسراوە*

*لە ئەو ھەوارگەیەدا، وێڕای خەریک بوون و بەزانستەکانی نەقڵی و عەقڵییەوە، خەریکی مەشق و پەیڕەویی دەستووریی ھەوادارانی ڕێبازی (نەقشبەندیی) بووە تا سەرئەنجام لە نێوان س ١٢٧٧- ١٢٨٠ک/ ١٨٦٠ز-١٨٦٣ز.دا، شێخ عوسمان شێخ زیبیائوددین سیراجوددین، ئیجازەی جێنشینی - خەلیفاتیی - ڕێبازەکەی لێ پیرۆز کردووە. ئەوجا لە نێوچەی موکریان و گوندی (بورھان)دا نیشتەجێ بووە و خانەقای بۆ ئاوەدان کراوەتەوە.*

*نزیک ساڵی ١٢٩٥ک/ ١٨٧٨ز حەجی کردووە و لە س ١٢٩٧/ک ١٨٧٩ز.دا ھاتووەتەوە و س ١٣٠١ک/ ١٨٩٢ز، خانەقای نوێ کردووەتەوە.*

*شێخ شەمسوددین، خواناس و شەریعەت و تەریقەت پەروەر، چاکەخواز، دڵسۆزی ڕێبازەکەی بووە. شارەزای زانستەکانی دیار و نادیار، عەرەبی و فارسی زان بووە! مخابن - وەک نامەی بەزبانی دی ھەیە - بەکوردی چ دانراو و نامەی دیاز نییە.*

*خانەقاکەی لە ژینی خۆی و بەرەودواشدا، مەڵبەندی ڕۆشنبیری و زانستە ئیسلامییەکان و پەناگەی داماون بووە. لە خانەقاکەیدا - وەک فێرگەیێ - وانەکانی زانستی وەک؛ فیقھ، ئوسووڵ، تەفسیر، فەلسەفە، مەنتیق، عیرفان خوێندراوە و گەلێ دۆست و لایێنگیری ھەبووە وەک؛ زانایان و شاعیران؛ سەیید محەمەد سەعید نوورانی، خەلیل بەگی سیچانبڵاغی، مەلا محەمەدی سابڵاخی ناسراو بە(مەلای گەورە/ مەلای ڕەوانی)، مەلا مارفەشەل - قازیی سلێمانیی بابی شاعیر ڕەمزی مەلا عارف - سەیید محەمەد ئەمینی لاجانی، مەلا باڵەکی، مەلا مستەفای ھیرانی، مەلا ڕەسووڵی ئەرمەنیبڵاغی، مەلا محەمەد (سادیقی مرزنگ - حاجی مەلا/ مەولانا مەلا محەمەد سادیق - کە بوو بەجێنیشینی، شاعیران؛ مەلا ساڵح/ حەریق، عەبدوالله بەگ/ میسباحوددیوان/ ئەدەب، عەلی بەگ/ سالار سەعید، حەیدەری موکری/ حەیدەریی. مەلا عەبدوالله مەلا عەبدولقادر/ مەولەویی، میرزا سەلیمی موکریی، سەیفولقوزات!*

*شێخی بورھان شەمسوددین، چوار کابانی لە چارە نووسرابوو، چەند کوڕ و کیژی لێیان ھەیە. کچەزاییکی - زەینەبی کیژی سەییدزادە مروەتی دووەم کابانی - سەیید محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکریی؛ (ھێمن: ١٩٢١ز - ١٩٨٦ز)ی شاعیرە کە یادی ڕۆژگاری خوێندن و چاکەی ئەو خانەقایەی دوای شێخی بورھان کردووەتەوە و نووسیویەتی؛ (خانەقای ئەو سەردەمە زۆر ئاوەدان بوو. خەڵک دەھات و دەڕۆیی و کەس ھەقی بەسەر کەسەوە نەبوو. فەرق و جودایی زۆر کەم بوو. جارێکی دیکەشم گوتووە و دووپاتی دەکەمەوە؛ دەتگوت «کەشتی نووح»ە... لە ھەموو تۆ و تۆرە و ڕەگەزێکی لێ بوو. پەنای بێ کەسان و لێ قەومان و ئاواران بوو. پیاوچاک، خۆپارێز، شەل، تەنانەت بێ دینیش لەژێر بنمیچکیدا کۆببوونەوە و پێکەوە دەژیان و ھەموو یێک جیرەنانیان وەردەگرت. ئەفگانی، فارس، تورک، ئازەریی و تەنانەت ھیندیشی لێ بوون. کوردی ھەموو نێوچەکانی کوردستان*



ئەم کەسە لە ١٩١٧ز.دا، نامەکە نووسراوە!

٣٦٥- مەبەست قامیشە جگەرەیە کە کاغەزی لوول کراوە.

٣٦٦- ٣/٤/١٥٥؛ ل ٣٣١-٣٣٢.

٣٦٧- بەرۆشنایی شەڕی تورک - یۆنان لە نێوان ١٩٢٠ز - ١٩٢٢ز.دا

٣٦٨- ٣/٤/١٥٢؛ ل ٣٢٣-٣٢٦.

٣٦٩- بڵاوکەرەوە دەبێژێت کە بۆ ئەم کەسە نووسراوە.

---

*لێ ھەبوون کە بەشێوەی جۆربەجۆر قسانیان دەکرد. ھی وا ھەبووە بەزەحمەت لە یێک دەگەیشتن! پیاوی گەورە و زانا بەنێوبانگەکانی ئەو سەردەکی موکریان، وەک؛ مامۆستا فەوزی/ مەلا ئەحمەد فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوا قازی محەمەد، حاجی مەلا محەمەدی شەرەفکەندیی، عەلیخانی ئەمیری، بەتایبەتی ئاغا و خوێندەووار و زاناکانی فەیزالله بەگی ھاتوچۆی خانەقایان دەکرد و بەمانگ و دوو مانگ لەوێندەرێ دەمانەوە!)*

*یووسف محەمەد؛ شێخ شەمسوددینی بورھان، ھەر لە گوندی بورھان و لە خۆرئاوای خانەقاوە، لەبەر گردۆڵێکدا ئەسپاردەی خاک بووە.*

*سەرچاوە: ١/٧٦، ھەروەھا ٣/٤/١٥٥*

*١٩٣٧ز مردووە - ٥٠ ساڵ ژینی خانەقا - ١٨٨٧ز. ھاتووەتە خانەقاوە.*

*١٨٨٧ز - ١٨٦٢ز. لەدایک بووە = ٢٥ ساڵان بووە کە بۆ (یێکەم جار) چووەتە خانەقاوە و ناسنێوی شیعریی خۆی (شەھید)ی گۆڕیوە و - دیارە لەبەر دڵی پیرەکەی - گۆڕیویەتی بۆ (چاوەش!). وەک بڵاوکەرەوەش گوتوویەتی (زۆر نەماوەتەوە) و لە پێناوی خوێندندا، بەنێو فێرگە دوور و نزیکەکانی کوردستاندا گەڕاوە، ئەوە بەلاییێنی کەمەوە: ئەم گەڕاندنەوەی ٣-٥ ساڵێکی خایاندووە و بۆ (دووەم جار) ئەوجا ھاتووەتەوە بۆ خانەقا و کە دەکاتە؛ دەوروبەری ساڵی ١٨٩٢ز. ئەز پێم وەنییە کە لە ئەم تەمەن و ساڵەدا خووی دابێتە (نامەی کوردی)، چونکە نامە فارسییەکانی و فارسی - کوردی و کوردییە تەواوەکانی، وێنەی (کاملّی) دەنوێنن و ڕووداوە گرنگەکانی ١٩٠٦ز - ١٩٠٨ز.یش کە باسیان کرا، لەبەرچاون!*

*٢- سەیید ڕەشید لە ڕاپێڵەی نامەی (ف. ک: ١)دا گوتوویەتی: «... شێخ پێکەنی... عەرزم کرد بەڵێ بەعزێکم لەوانە بۆ نووسیوە!» ئەم باسە - وەک ئاماژەم بۆ کردووە - ڕێکەوتی بەر لە مردنی شێخ بورھان - س ١٩١٠ز. دەگرێتەوە.*

*٣- نامەی [ف.ک:٢] بۆ عەزیز ئاغای عەباسی، دوای مردنی شێخی بورھان و ڕۆژگاری جێ نیشنەکەی حاجی مەلا سادیق دەگرێتەوە کە - وەک گوتم - لە ساڵی ١٩١٧ز.دا ئەمیش مردووە.*

*٤- نامەی [ف - ک: ٣] بۆ میرزا عەبدوللە کە دەڵێت: (پیاوی چابە، ھەوای وێنان/ یۆنان ڕۆنێ، ڕوتبەی دوونان ڕەچاو مەکە!) ڕێکەوتی شەڕی نێوان تورکیا و یۆنان نێوان ساڵانی ١٩٢٠ز - ١٩٢٢ز.ە. دیاریشە - وەک بڵاوکەرەوە ئاماژەی بۆ کردووە - میرزا لایێنگری یۆنان و سەییدیش - بەباوەڕی ئیسلامییەوە - لایێنگری تورکی موسڵمانی بوون! جێگەی گوتنە - بەقسەی بڵاوکەرەوە - میرزا عەبدوالله لە ٨ی ڕەبیعولئەووەلی ١٣٤٦ک.خ/ ١٩٢٧ز.دا مردووە. بەئەم پێیە، تا ئەم ساڵە لە نێوان خۆی و سەییددا نامەکاریی ھەر ھەبووە!*

٣٧٠. ٣/١٥٥/٤؛ ل ٣١٧. عومەرخانی شکاک برا گەورەی سمایل خانی شکاکی نێوداره.

٣٧١- بەئەو ڕۆشنایییەی کە نێوی (پیری بورهان) هاتووه، ڕەنگبێ مێژووی نووسینی ڕێکەوتی ئەم ماوەیە بێت.

٣٧٢- ٣/١٥٥/٤؛ ل ٣٢٨-٩٢٩.

بڵاوکەرەوە دەڵێت؛ قەرەنی ئاغا، خاوەندی گوندی (قزڵقۆی)ی نێوچەی خانێ/ وێران شەهر بووه!

٣٧٣- ٣/١٥٢/٤؛ ل ٣٣٠-٣٣١.

٣٧٤- شیعری (نالی)یە!

٣٧٥- ٣٠/١٥٥/٤؛ ل ٣٣.

بڵاوکەرەوە دەبێژێت؛ نامەکە بۆ مەلا محەمەد ئەمین شکاکی پێشنوێژی گوندی (ئاتا بڵاغی)ی نووسراوه.

٣٧٦- هەر وێنەی نامەکاریی دەزگەکانم دەستگیر بووه!

٣٧٧- چەند دێڕێکی پاشماوەی جوان دەرنەکەوت بوو کە بە(فاکس) بۆم هاتە مەنفا، بۆیێکا هێندەم لێ نواند.

٣٧٨- وەرگیراو لە زانا عەبدوڕڕەقیب یووسفەوە! بنۆڕە [ودبنبڕە: ٢/٤ - ژ ١٦].

٣٧٩- وەرگیراو لە بەهائوددین شێخ عەبدولکەریم شێخ عیسامووددین(*) - سلێمانیی؛ ١٩٩٣/٤/٢٧ز. بنۆڕە [ودبنبڕە: ٢/٥ - ژ ٣٨].

٣٨٠- ئەم مۆرانە بەلێ وردبوونەوە و بیرکردنەوە و گوتەی ڕەئووف مەلا محەمەد، هەڵکەندراوی مۆرهەڵکەند مەلا محەمەدی بابیەتی کە دۆستی حەفیدزادە مەحموود بووه. لە لایێکەوە پووری شیری بەحەفید زادە داوە، لە سەرێکی دییەوە، شاگردی باپیرەی حەفیدزادە؛ کاک ئەحمەدی شێخ بووه. بۆیێکا بەڕۆشنایی (سجیللێکی بەلەدییەی سلێمانیی سەردەمی مەملەکەتی کوردستان؛ س/١٩٢٣ز.١٩٢٤ز)، پارێزراو لەلای عەبدوڕڕەقیب یووسف (مووچەی مانگانە بەنێوی مەلا محەمەدی حەککاک، مەلا محەمەدی فەقێ ئەحمەدەوە) بۆ بڕاوەتەوە. عەلی باپیرئاغا - کەمالیی شاعیر لای من یادی خۆشنووسی و مۆرهەڵکەندنی کردووەتەوە. ئەحمەد خواجەش دەیگوت: وەک دۆستی خواجە ئەفەندیی بابم بووه، دۆستی من بووه و مۆری بەنێوی (ئەحمەد سەبری)یەوە بۆ هەڵکەندووم کە لە ئەم دواییینەدا (ئەحمەد دەروێش - ئەخۆڵی شاعیر) لێی سەندووم.

ڕەئووف مەلا محەمەد - شاگردی بابی بووه - دەگێڕێتەوە کە بابی مۆری بەرۆکی پێشمەرگەکانی کوردستان (موجاهیدینی کوردستان)ی هەڵکەندووه. پتر. باسێکی گرنگ و نەزاندراوی ئاشکرا کرد - لەسەر شریت تۆمارە - کە لە ماڵی خۆیاندا بابی و شێخ لەتیفی دانساز تێ کۆشاون لە (جیوە) سککە - پارەی زێڕ بۆ حوکوومەتی کوردستان دروست بکەن، بەڵام هەر زیویان لە دەست هاتووه و بەئامانجەکە نەگەیشتوون. [عەبداللەی شێخ لەتیفی دانساز، لە نامەیێکدا بۆ عەبدوڕڕەقیب یووسف، باسەکەی گێڕاوەتەوە و نێوی مەلا محەمەدی بەمەلا ئەحمەد نێو بردووە!!]. ڕەئووفی مەلا محەمەد - لە پەنجاکاندا قۆمیسەری پۆلیسی لە ئاوایی بازیاندا - دەگێڕێتەوە؛ حەفیدزادە لە (پیرانەوە) چەند جارێ داوای ئەم دام و دەزگەیەی لێ دەکردین (ڕەنگبێ لەنێوان ١٩٢٨ز - ١٩٣٠ز، بووبێ!). پتر گوتی؛ کاتێ لە ساڵی ١٩٥٠ز.دا، زوو زوو دیدەنی شێخ مەحموودم دەکرد بۆ گوندی (داریکەلی) هەر هەواڵی ئەو دام و دەزگەیەی لێ دەپرسیمەوە کە دەمگوت؛ هەر زوو دوای مردنی بابم لە دەست چووە! مەلا محەمەد - برای مەلا مەحموود - کوڕی فەقێ ئەحمەدی کوڕی بابەشێخە. لە بابەوە زەنگەنە ئەو و لە دایکەوە تاڵەبانییە. لە نێوان ١٨٥١ز-١٩٢٨ز.دا لە سلێمانییدا لەدایک بووه و بەزەحیریی مردووه و لە گردی جۆگەدا نێژراوه. خوێندنی زانستەکانی نەقڵی و عەقلی تەواو کردووە کە لە فێرگەکانی سلێمانیی و مەریوان و سنەدا گەڕاوە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووه. بەڵام هەرگیز مەلایەتی نەکردووه و هەر پیشەی مۆرهەڵکەندیی بووه و بەتەنێ بۆمباردومانی سەرەتای ١٩٢٣ز.دا کە خۆی و منداڵانی و کابانی ڕوویان کردووەتە (گوندی سیرینی بابەشێخ) لە شابازێڕدا، ماوەییێکی کورت پێشنوێژیی کردووه. دیسان لە بۆمباردومانی سلێمانیی - ١٩٢٤ز.دا بەمنداڵان و کابانەوە ڕوی کردووەتە ئاوایی قەرەداغ و - وەک خێزان و منداڵەکانی حەفیدزادە - ماوەییێکی کەمیتێدا بوون! لە ژینیدا دوو کابانی هەڵبژاردووه؛ (ئامینە) نێوی کە مردووه و منداڵی لێ نەماوه! (ئایشێ - ئایشەبەگوڵ)ی کیژی حاجی فەتاحی دەباخچی، ناسراو بەگۆشتنەخۆر. لەمیان، ڕەئووف و عوسمان و فاتیمەی هەبووە کە ئەمێستە هەموو مردوون.

من - نووسەری ئەم دێرانە - بۆ مێژوو ئەم باسانە دەگێڕمەوە و پتر دەڵێم؛ «لەمەڕ پێوەندیی بەشیعری کوردییەوە، باسێکی قووڵ هەیە - لە ئێرەدا جێگەی نابێتەوە - بەتایبەتی لەسەر ژین و ناسنێوی (خاکی - مەلا محەمەد) کە مامۆستا خاڵ بڵاوی کردووەتەوە!!».

٣٨١- وەرگیراو لە فەرەیدوون تۆفیق ئاغا فەتح الله - سلێمانیی؛ س ١٩٨٨ز. بنۆڕە [ودبنبڕ: ٢/٥/ - ژ ٣٩] بۆ ژیننامەی حاجی ئاغا فەتح الله، بنۆڕە: نێوداران!

٣٨٢- موتەسەڕڕیف عومەر؛ مامی حەفیدزادە مەحموود. [ژیننامەیم پێ نەزانی].

٣٨٣- وەرگیراو لە سەرچاوەی پێشووترەوە. بنۆڕە [ودبنبڕ: ٢/٥ - ژ ٤٠]. ژیننامەی (گرینهاوس)م لا ڕون نییە.

٣٨٤- لە مەنفادا سیجیللەکەم لەبەر دەست نییە تا وێنەیێکی عەرەبییەکان بنوێنم.

٣٨٥- وەرگیراو لە گەنجینەی دەزگەی تاپۆی سلێمانیی - س ١٩٩٥ز. بنۆڕە [ودبنبڕە: ٢/٤ - ژ ١٧: ١-٣].

٣٨٦- نێونیشانی دەسەڵاتەکە؛ (حوکوومەتی کوردستان) و مێژووی بابەتە فارسییەکەش مانگی ١٩٢٢/٧ز. نارێکێ دەنوێنن، چونکە حوکوومەتی کوردستان - یێکەم و دووەم - لە ئەو مێژووەدا فەرمانڕەوا نەبووه، بەڵکو سلێمانیی داگیرکراوی دەسەڵاتی بریتانیا بووه. ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە دەبێت (ئیستیمارەکە) هەر لە سەردەمی یێکەم حوکوومەتی کوردستاندا چاپ کرابێت.

*(*) بۆ ژیننامەی شێخ عیسامووددین، بنۆڕە: نێوداران.*

٣٨٧- زۆر پەرۆشی دۆزینەوەی نووسینی (سۆن Soane) بووم بەتایبەتی دەستنووسی خۆی، مخابن ڕەنجم بێ هوودە بوو.

٣٨٨- وەرگیراو لە گەنجینەی دەزگەی تاپۆی سلێمانیی - س ١٩٩٥ز. بنۆڕە [ودبنبرە: ٢/٥ - ژ ٤١].

٣٨٩- بنۆڕە: ٢٥/١؛ ب٢، ل ١١٧.

٣٩٠- بەرۆشنایی؛ چیم دی - ا، نامەکاریی کوردی مەلیک مەحموود بووە کە (شوێن، ژمارەی نامە)یش تۆمار کراون.

٣٩١- لە چیم دی - ئەحمەد خواجەدا ڕۆشناییەکم بۆ مەبەستەکەم بەرچاو نەکەوت!

٣٩٢- لە مەنفادا نامەکەم لەبەر دەست نییە تا مێژووی تەواوەتی - هەرچەندە لە ١٩٨٥ز.دا بووە - هەروەها دەقی قسەکانی نیشان بدەم. دیسان، هەر لە چیم دی - ب١، هەمان باس نووسراوە، بەڵام لە مەنفادا کتێبەکەم لەبەر دەست نییە تا دەقەکەی بنوێنم کە هەمان مانا و مەبەستی نواندووە!

٣٩٣- بنۆڕە [ودبنبرە - ٢/٥/ - ژ ٤٣].

دەستنووسەکە لە نووسەر مەلا محەمەد کوردی(*) - کوڕی حاجی مەلا مستەفاس کوردە - سلێمانیی؛ ماڵی خۆی، ١٩٨٦/٨/٤ز وەرگیراوە.

جێگەی باسە کاپیتان چاپمان A. J. CHAPMAN، بەقسەی خاوەندی (موزەککەرات عەبدولعەزیز یا مەلکێ/ مذکرات عبدالعزیز یاملکی - س ١٩٥٧. بەغداد) فەرماندەی نێرووەکانی بریتانیا - عێراق بووە بۆ پەلاماردانی سلێمانیی پێتەختی مەملەکەتی کوردستان.

نێوبراو ڕایشیگەیاندووە ئەگەرچی فەوجەکانی عێراقی عەرەب - عەبدولعەزیزیش ئەفسەرێکی تەوری دەستیان بووە لە پەلامارکەدا - عەلی ڕەزا عەسکەری فەرماندەیان بووە، بەڵام ڕاستییەکەی چاپمان هەموو شتێ بووە.

چاپمان تا ١٩٢٥/٣/٧ز، وەک موتەسەڕڕیفێ دەست بەکار بووە و لە ئەو ڕۆژەدا - لە ئاهەنگێکدا - کاروباری موتەسەڕڕیفی ڕاگۆستۆتەوە بۆ موتەسەڕڕیفی نوێ ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ.

بنۆڕە: ژیانەوە - س١، ژ ٢٠، ١٩٢٥/٣/٩ز.

٣٩٤- بنۆڕە ژینامەی شێخ ئەمین خاڵ؛ بنۆڕە نێوداران.

٣٩٩٥- حاجی مەلا مستەفا کورد - ئەوهە ناسراوە - کوڕی عەلییە، لە سلێمانییدا لە دایک بووە و لە ١٩٢٨ز.دا مردووە. بەپێی وردبوونەوە و پرس کردنم بۆم ڕوون بووەتەوە کە ئایینپەروەرێکی کورد و لایێنگری حەفیدزادە بووە و لە هەموو کۆڕ و مزگەوتەکاندا لە دژی بریتانیای داگیرکەر ئاخاوتووە و بریتانیای بە(کافر) نێو بردووە. ئەم بەڵگەیەش جەختێکی گەورەیە بۆ ڕاستیی کە بریتانیای - گۆیا - دیموکراتیی لەگەڵ نارازییەکان جووڵاوەتەوە بۆیێکا پیاوێکی کوردی موسڵمانی بەند کردووە و

---

*(*) ئەو مامۆستا ئەدیبە (١٩٠٨ز- ١٩٨٨/٣/٣٠ز) بۆ منی گێڕایەوە کە محەمەدی خاڵی زانا - کوڕەزای شێخ ئەمین خاڵ - نامەکەی لەمەڕ بابی پێشکەش کردووە.*



(بەڕەڵاکردنی بەزیان) ژماردووە! وەک پرسیشم کردووە، ئەو زاتە دوای دامەزراندنی موتەسەڕڕیف ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ، ئەوجا ئازاد کراوە. مخابن چەندم کرد، کوڕەزاکانی وێنەی فۆتۆگرافیان دەستگیر نەکردم.

٣٩٦- بنۆڕە: پخشاننامەی ڕەسمیی.

٣٩٧- ئەو بەڵگەنامانە - وێنەیان لە پاشکۆدا بڵاوە - هاریکاریی کۆماری کوردستان حەمە ڕەشیدخان، کۆی کردبوونەوە و پاراست بوونی و مەحموودی مەلا عیززەتیش - بێ نووسینەوەیان - بەتەنێ لە سویددا چاپی کردوون.

٣٩٨-لەبەر هۆ گرنگە باسکراوەکانی پێشەکییەکەم، دەبێت خوێندەوار ڕەخنە نەگرێت کە هەر (سلێمانیی)م بەوێنەی گرنگ و یێکەمی لێ کۆڵینەوەم زانیوە نامەکاریی ڕەسمی باژێڕەکانی دی کوردستانی باشوورم بەسەر نەکردووەتەوە، بەتایبەتی لە نێوان ١٩٢٥ز-١٩٤٨ز.دا. هەڵبەت من دڵنیام لە سەردەمە باس کراوەکاندا، بەتایبەتی لە سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا - عێراقدا، دیسان لە باژێڕەکانی دی - وەک هەولێر -دا نامەکاریی هەبووە. بۆ ڕاستی؛ (ژیانەوە - س١، ژ ٣١؛ ١٩٢٥/٧/١٦ز) مژدەی ڕاگەیاندووە؛ [وەکو لە غەزەتەکانی عێراقدا خوێندوومانەتەوە، لە پاش ئەمەی حەزرەتی ئەشرەف فەخامەت مەندووبی سامی - بریتانیا لە عێراقدا/K - زیارەتی لیوای هەولێریان کردبوو، وایان بەموناسیب زانی بوو کە لیوای (هەولێر) لەمەودوا (لیسانی ڕەسمی)ەکەی کوردی بێ و بەم ڕەنگە لە مەجلیسی ڕەسمی کراوە. ئێمە لەلای خۆمان و دووەمینی لیوای هەولێر تەبریک ئەکەین کە زمانەکەمان لە (دوو لیوای عێراق)دا بەزمانی ڕەسمی ناسراوە و موعامەلە هەر بەزمانەکەی خۆمان ئەبێ!]. هیوام زۆرە هەر نووسەر و لێ کۆڵی - وەک پاشکۆیێ بۆ ئەم بابەتە - لە دوارۆژدا نامەکاریی ئەو ڕۆژگارانەی ئەو باژێڕە و شوێنانی دی کۆ و بڵاو بکاتەوە.

# بەشی سێیەم

**نێوداران**(*)

١- ئەحمەد تۆفیق بەگ پشدەریی.
٢- مەلا ئەحمەد فەقێ عەلیی/ م. فەوزیی.
٣- مەلا ئەحمەد شێخ محەممەد/ مەلای جزیریی.
٤- مەلا ئەحمەد مەلا مەحموود مەلا ئەحمەد مەلا محەممەد دیلێژەیی/ چاومار، موفتیی.
٥- کاکە ئەحمەد شێخ مەعرووف نۆدێیی بەرزنجەیی.
٦- ئەمانوالله خەسرەو ناکام ئەردەڵانیی/ ئەمانوالله خان.
٧- بابا عەلیی شێخ مەحموود حەفید.
٨- شێخ ئەمین شێخ محەممەد خاڵ
٩- پاکیزە ڕەفیق حیلمی.
١٠- تاهیر مەلا مەحموود، تاهیر بەهجەت مەریوانی.
١١- تۆفیق مەحموود ئاغا هەمزە مەسرەف/ سلێمانیی ـــ تۆفیق/ پیرەمێرد.
١٢- تۆفیق مەعرووف محەممەد/ تۆفیق وەهبی.
١٣- جەمال حاجی تۆفیق/ جەمال نەبەز.
١٤- حسێن عەبدولفەتاح ئەحمەد/ حسێن نازم.
١٥- شێخ حسێن شێخ عەبدولقادر/ شێخ حسێن کەسنەزان.
١٦- حسێن عەبدوللەتیف شێخ ئیسماعیل/ حسێن حوزنی موکریانی.
١٧- حەسەن محەممەد عەلیی جاف/ حەسەن فەهمیی.
١٨- شێخ حەسەن شێخ محەممەد نۆدێیی/ شێخ حەسەن گلەزەردەیی.
١٩- کاکە حەمە مەلا ئەحمەد مەلا عەبدوڕڕەحمان/ ناریی.

(*) لە ڕاییڵەی نامەکاندا هێندێ نێوی دی -لە جێگەی خۆیاندا- کەم تا زۆر ئاشنا کراوە.



٢٠- حەمە حسێن خان میرزا حەسەن سەیفولقوزات/ سەیفی قازیی.
٢١- حەفسە مەلا ڕەشید بابان.
٢٢- مەلا خالید ئەحمەد حسێن شارەزووریی/ مولانا خالید نەقشبەندیی شارەزووریی.
٢٣- خانای قوبادی.
٢٤- مەلا خدر ئەحمەد شاوەیسی میکاییلی/ نالیی.
٢٥- ڕووناک مەلا محەممەد ئەمین/ ڕووناک مەلا ڕەشید بابان.
٢٦- شێخ ڕەزا شێخ عەبدوڕڕەحمان مەلا ئەحمەد/ شێخ ڕەزای تاڵەبانی.
٢٧- مەلا ڕەشید فەتاح بەگ محەممەد بەگ/ مەلا ڕەشید بەگی بابان.
٢٨- ڕەشید کەریم قەرەداخی.
٢٩- ڕەفیق تۆفیق مەحموود/ ڕەفیق چالاک.
٣٠- ڕەفیق ساڵح عەبدالله/ ڕەفیق حیلمی.
٣١- سلێمان پاشا عەبدوڕڕەحمان پاشا بابان.
٣٢- سورەییا ئەمین عالی میر بەدرخان پاشا/ ئازیزی ئەحمەد.
٣٣- ئە. بێ. سۆن Elly Banestar Soane/ مێجەرسۆن.
٣٤- مەلا سەعید حەسەن/ مەلا سەعید سیدقی کابان.
٣٥- شاکیر فەتاح.
٣٦- شێخ عوبەیدالله شەمدینیی سەیید تەها شێخ عەبدوللەی نەهریی.
٣٧- مەلا عومەر خالید شالیی بەگیی/ ڕەنجووریی.
٣٨- مەلا عومەر مەلا عوسمان ئەبیبەکر/ مەلا عومەر ئەفەندیی هەولێریی.
٣٩- شێخ عومەر شێخ عوسمان سیراجوددین/ شێخ زیائوددین.
٤٠- شێخ عومەر شێخ محەممەد ئەمین شێخ مەعرووف/ شێخ عومەر قەرەداخی.
٤١- مەلا عەبدالله مەلا ئەسعەد جەلیی/ مەلا عەبدالله جەلیی.
٤٢- عەبدالله سلێمان/ گۆران.
٤٣- عەبدالله سەبریی ئەمین.
٤٤- عەبدالله عەزیز عەبدوڕڕەحیم.
٤٥- مەلا عەبدالله محەممەد مەلا ڕەسووڵ/ زێوەر.

٤٦- عەبدوڕڕەحمان میر بەدرخان پاشا.
٤٧- عەبدوڕڕەحمان سەیید عەبدوللەتیف شێخ ئیسماعیل/ گیوی موکریانیی.
٤٨- عەبدوڕڕەحمان مەلا عەبدولعەزیز موفتی/ شێرۆ.
٤٩- عەبدوڕڕەحمان محەممەد بەگ قەرەجەهەننەمیی ئەحمەد بەگ/ سالم.
٥٠- عەبدوڕڕەحمان پاشا مەحموود پاشا بابان.
٥١- سەیید عەبدوڕڕەحیم مەلا سەعید/ مەعدووم/ مەولەویی.
٥٢- مەلا عەبدولعەزیز مەلا ئەمین مەلا ئەحمەد چاومار/ مەلا عەبدولعەزیز موفتی.
٥٣- مەلا عەبدولکەریم فەتاح/ مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس.
٥٤- عەبدولکەریم محەممەد فوئاد.
٥٥- عەبدولمەجید شێخ عارف قازیی.
٥٦- عەبدولواحید مەجید تیلەکۆیی/ عەبدولواحید نووریی.
٥٧- شێخ عەلائوددین شێخ عومەر زیائوددین/ شێخ عەلائوددینی بیارە.
٥٨- مەلا عەلائوددین نەجمووددین عیسامووددین/ عەلائوددین سەججادی.
٥٩- عەلیی باپیر ئاغا کوڕی چراغ/ عەلیی کەمال/ کەمالیی.
٦٠- عەلیی عەبدوڕڕەحمان حاجی قادر/ عەلیی کەمال.
٦١- شێخ عیسامووددین شێخ قادر/ شێخ عیسامووددین عەودالآن.
٦٢- فائیق تۆفیق/ ئەحمەد فائیق/ فائیقی تاپۆ.
٦٣- فائیق عەبدالله کاکە حەمە/ بێ کەس.
٦٤- فوئاد ڕەشید بەکر.
٦٥- ئاغا فەتح الله حاجیی عەبدالله.
٦٦- کەریم مەعرووف عوسمان/ ناتیق.
٦٧- ماجید مستەفا.
٦٨- میرزا مارف ئەحمەد.
٦٩- شێخ محەممەد شێخ ئەحمەد/ ویسالیی.
٧٠- محەممەد ئەمین عەبدوڕڕەحمان مەحموود باپیر/ ئەمین زەکیی.
٧١- محەممەد تۆفیق ڕەشید/ وردیی.



٧٢- مەلا محەممەد جەمیل مەلا ئەحمەد ڕۆژبەیانیی/ ج. ب. ڕۆژبەیانیی.
٧٣- سەیید محەممەد ڕەشید سەیید حەسەن سەیید عەلیی/ سەیید ڕەشید.
٧٤- محەممەد ڕەشید خان قادر خان شێوە گوێزانیی.
٧٥- محەممەد ڕەمزیی مەلا مەعرووف سەیید ڕەسووڵ/ ڕەمزیی مەلا عارف.
٧٦- محەممەد ساڵح سەعید/ حەمە ساڵح زەنگەنە.
٧٧- محەممەد سەعید عەبدولمەجید ئەحمەد قەززاز/ سەعید قەززاز.
٧٨- سەیید محەممەد سەیید محەممەد جەباریی.
٧٩- مەلا محەممەد عارف مەلا قادر جنگیانیی/ مەلا عارفی چنگیانیی.
٨٠- شێخ محەممەد شێخ عوسمان سیراجوددین/ شێخ بەهائوددین.
٨١- شێخ محەممەد شێخ عەبدالله شێخ سەعید دۆلاشی/ قانیع.
٨٢- محەممەد خاڵ شێخ عەلیی شێخ ئەمین خاڵ/ شێخ محەممەد خاڵ.
٨٣- محەممەد میرزا عەلیی/ قازی محەممەد/ محەممەد قازی.
٨٤- محەممەد عەلیی محەممەد فوئاد.
٨٥- مەلا محەممەد کەریم قازیی سەقزیی/ کەوسەر.
٨٦- شێخ محەممەد سەیید مستەفا سەیید ئەحمەد بەرزنجەیی/ شێخ مارف نۆدێیی.
٨٧- محەممەد مەحمود محەممەد/ محەممەد قودسیی.
٨٨- شێخ محیەددین شێخ ساڵح بەرزنجەیی.
٨٩- مستەفا سەیید ئەحمەد/ مستەفا نەریمان.
٩٠- مستەفا مەلا ئەحمەد سابیب مەلا قادر/ مستەفا سابیب.
٩١- مستەفا ساڵح کەریم.
٩٢- مستەفا عەبدولکەریم عەزیز قازانقایی/ مستەفا مەزهەر.
٩٣- مستەفا عەزیز مستەفا/ مستەفا پاشا یامەلکێ.
٩٤- مستەفا شێخ مەحموود شێخ محەممەد قەرەداغیی/ مستەفا قەرەداخیی.
٩٥- مەلا مستەفا مەلا قوتبوددین/ بێسارانی.
٩٦- مەحموود حەسەن فەهمیی/ هۆشمەند.
٩٧- شێخ مەحموود شێخ سەعید حەفید/ حەفید زادە مەحموود.

٩٨- مەحموود پاشا عەبدوڕڕەحمان پاشا بابان.

٩٩- مەحموود محەممەد ئەحمەد دیاربەکریی/ مەحموود حیلمیی.

١٠٠- مەحموود پاشا محەممەد پاشا کەیخسرەو جاف/ مەحموود پاشا جاف.

١٠١- مەحموود فەقێ محەممەد هەمەوەندیی/ مەحموود فەهمیی.

١٠٢- مەعرووف عەبدولقادر خەزنەدار/ مارف خەزنەدار.

١٠٣- مەعرووف شێخ عەبدولکەریم قادرکەرەم/ مارف بەرزنجیی.

١٠٤- میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا.

١٠٥- مەلا مەحموود مەلا ئەحمەد موفتیی/ بێخود.

١٠٦- نادر شا ئەساریی/ شای ئێران.

١٠٧- ناهیدە ڕەفیق حیلمیی.

١٠٨- نووریی شێخ سالّح شێخ غەنیی/ م. نووریی.

١٠٩- نووریی عەبدولئەحەد جەرجیس/ نووریی فەتتوحیی «در».

١١٠- ئی. دەبلیوو. نۆئێل E. W. Noiel/ مێجەر نوئێل.

١١١- هادیی ڕەشید چاوەشلیی.



**☼❑⊖ ئەحمەد تۆفیق بەگ پشدەریی(١)(*)**

(ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ/ ڕۆشنبیر: س١٣١٤ک/١٨٩٨ز. سلێمانی ١٠/١/١٩٦٣: بەغداد).

لە کارنامەی ڕەسمی خۆیدا دەگێڕێتەوە؛ خوێندنی (ق. س) و (ق. ر) و (ق. ئا. س. بەغداد)ی بڕیوە تا دوا قوتابخانەی لە ساڵی ١٩١٤ز.دا تەواو کردووە.

هەر خۆی لەلای عەبدولمەجید فەهمی حەسەن گوتوویەتی، نیازی هەبووە لە ئەستەمبووڵدا پتر بخوێنێت، بەڵام (١.ج.گ) قەوماوە و بابیشی شەهید بووە.

لەلای عەلیی سەیدۆ گۆرانی گێڕاویەتییەوە؛ (لە جەنگەکەدا کە بریتانیا باژێری کەرکووکی داگیر کرد - ١٧/٥/١٩١٧ز - حوکوومەتی تورکی عوسمانیی بەبێ پرس لە سلێمانییدا کردمی بەجێنشینی موتەسەڕڕیفی تورک و تا تورکەکان کەرکووکیان گرتەوە، من کارم بەجێ دەهێنا. بەڵام بەر لە وەرگرتنی کاری جێنشینیی لەگەڵ شێخ مەحموود بەرزنجەی ڕێککەوتم کە پێوەندی بکات بەسەر فەرماندەی لەشکری بریتانیاوە و ئاگاداریان بکات کە ڕێبەریکردنی وڵاتی کوردان بداتە دەست نیشتمانپەروەرەکانی کورد و بریتانیاش چاودێر بێت! ئەمەش ڕووی دا، بەڵام هەواڵەکە گەیشتە حوکوومەتی عوسمانیی شێخ مەحموودی گرت و منیش بەدوایدا، زۆری نەبرد ئازاد کرام!).

بەڵگە لەبەر دەستە کە لە سەردەمی (حوکوومەتی کوردستانی باشوور - سلێمانی:

---

(١) تۆفیق بەگ بە تابوور ئاغاسیی ناسراوە، هەروەها کە لە مووسڵدا ئەو فەرمانەی هەبووە بە (تۆفیق، دارەکە بێنە) ناسراوە گۆیا بە دار لە خەڵکێکی داوە و توندوتیژ بووە!

(*) سەرچاوە:

١- دۆسێی تایبەتی خۆی لە پارێزگای سلێمانییدا. (فۆتۆکۆپی کراوم لە ١٩٨٥ز.دا).

٢- در. دارا ئەحمەد تۆفیق (چەند دیمانەییێکی نێوانمان لە ساڵانی ١٩٨٥ز-١٩٩٨ز. سلێمانیی).

٣- هێندێ بەڵگەنامەی گەنجینەی خۆم.

٤- ٢/٤/١٠٠.

٥- ٢/٣١/١٢٧.

٦- ٢/٣٨/١٣٤.

٧- ٢/٥٥/١٥١.

٨- بانگی کوردستان، پێشکەوتن - سلێمانیی، ژیان، ژیانەوە، ژین، ڕووناکی (کوردستانی باشوور).

س١٩١٨ز)دا نەبووە بەموتەسەڕڕیف، بگرە نێویشی ونە!

لە سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا – سلێمانیی؛ س١٩١٩–١٩٢٢ز.دا، نێوی دەرکەوتووە...
ڕۆژنامەی پێشکەوتن – سلێمانیی؛ ١٩٢٠/٥/٢٠ز وەک ڕێبەری ناحیەی سەنگاو نواندوویەتی و ڕاگواستراوەتەوە بۆ ناحیەی سورداش. هەروەها لە شوباتی ١٩٢١ز بە ڕاگواستراو بۆ ناحیەی قەرەداخ نیشانی داوە. ڕۆژنامەکە دیسان نیشانی داوە کە لە مانگی تەشرینی یێکەمی ١٩٢١ز.دا خۆی پاڵاوتووە بۆ (ئەنجوومەنی ئیداریی لیوا) و سەرنەکەوتووە.

دواتر لە (ک. کوردستان – ١٩٢٢/٧/٢١ز)دا وەک ئەندامی دەستەی هەڵبژاردەی کۆمەڵەکە دەرکەوتووە.

ڕۆژنامەی بانگی کوردستان – س١٩٢٢ز کە ئەو هەواڵەی نواندووە، دیسان نیشانی داوە کە لە ١٩٢٢/٩/٥ز.دا لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی لیوا بووە کە دەسەڵات و ڕێبەری باژێرەکەیان لە فەرمانڕەوایی سیاسی بریتانیای داگیرکەر وەرگرتووە و لە ڕیزی (ئەنجوومەنی میللی کوردستان)دا کاروباری باژێرەکەیان ڕاپەڕاندووە تا گەڕاندنەوەی حەفید زادە مەحموود کە خۆی یێکێکی ڕیزی پێشەوەی پێشوازی بووە!

بە قسەی ئەدمۆندس C. J. Edmonds، ئەحمەد بەگ لە (سەردەمی دووەم حوکوومەتی کوردستان – س١٩٢٢ز)دا، لە ڕیزی کارگێڕ و دەسەڵاتداراندا (ڕێبەری پۆلیسی سلێمانیی) بووە.

دوای دووەم شۆڕشی کوردستان – س١٩٢٣ ز و چۆڵکردنی سلێمانی لە دەسەڵاتی حوکوومەتی کوردستان و داگیربوونەوەی سلێمانیی لەلایێن بریتانیاوە، ئەو لە ڕیزی سەرپەرشتی دەزگەکاندا ماوەتەوە و لە (ئەنجوومەنی تەشکیلاتی حوکوومەتی: ١٩٢٣/٦/١١ز)ی دامەزراوی ئەدمۆندسی فەرماندەی نێرووەکانی بریتانیا، بووە بە قایمقامی سلێمانیی، بەڵام لە ١٩٢٣/٦/١٤ز.دا، لەگەڵ ئەندامانی دی ئەنجوومەنەکە دەستبەرداری کار بووە.

بەڵگەنامەی نووسراوی خۆی دەڵێت؛ ئەحمەد بەگ هاوکار و هاوکارانی پەلاماری لەشکری بریتانیا – عێراق بووە بۆ داگیرکردنی سلێمانیی پێتەختی مەملەکەتی کوردستان و دەرپەڕاندنی حەفید زادە و حوکوومەتەکەی لە ١٩٢٤/٧/١٩ز.دا دوای جێگیربوونی داگیرکاری مەملەکەتی عێراقی عەرەب لە سلێمانیدا – ئەو سەرگەرمی کاروباری ئیداریی و سیاسیی بووە... لە ١٩٢٥/٣/٧ز.دا بووتە بەیێکەم موتەسەڕڕیفی سلێمانیی. لە ١٩٢٥/٢/١٤ز.دا، ئەوێ دەمێ بۆ پەرچدانەوەی داخوازی تورکیای کەمالی بەرامبەر هەرێمی مووسڵ چالاکانە جووڵاوەتەوە و (جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن)ی دامەزراندووە. لە نیسانی ١٩٢٧ز.دا لە



فەرمانی موتەسەڕڕیفیی لابراوە و دانراوە بۆ هەولێر و نەچووە – خۆی لای عەلیی سەیدۆ گۆرانی گوتوویەتی گۆیا حوکوومەتی عێراقی عەرەب گومانی لە دلسۆزیی هەبووە – و ئیستیقالەی داوە!

جارێکی دی لە نێوان ١٩٣٠/٩/٢٨ز – ١٩٣٥/٤/٢٤ز. دا موتەسەڕڕیفی سلێمانیی و لە نێوان ١٩٣٥/٤/٢٥ز – ١٩٣٩/٤/٢٤ز.شدا موتەسەڕڕیفی هەولێر بووە!

در. دارای کوڕی – لە ئێرەوە باسی بۆ من کردووە دەڵێت: (ئیدی ڕاگواستراوەتەوە بۆ بەغداد و فەرمانی پشکنەری ئیداریی لە وەزارەتی نێوخۆدا پێ سپێردراوە، بەڵام ئەو نەچووەتە سەر کار. لە ئەو هەلانەدا هێندێ ئاشنای کوردی دیدەنی ماڵیان کردووە و دووزمانیان لای حوکوومەت نواندووە و ڕاپۆرتیان لێ داوە گۆیا، خەڵک هان دەدا جلی ئەفەندییەتی فڕێ بدەن و ڕوو بکەنە چیا! لەسەر ئەوەش کە نەچووەتە سەر کاری، خانەنشین کراوە. لە ئەوەش پتر فەسڵ –دەرکردن–ی بۆ نووسراوە!).

دارای کوڕی پتر دەڵێت، (ئەو ماوەیە لە بەغدادا گوزەرانمان زۆر تەنگ و تاڵ بوو. دایکم مووچەی خانەنشینی بابی بووژاندەوە و بە ئەوە گوزەرانمان دەکرد. لە دوای هاتنی حوکوومەتی ڕەشید عالی گەیلانیش، تەلەفوون بۆ بابم کرا کە هەر کارێکی بخوازێت، وەک موتەسەڕڕیفی، ڕێبەری گشتی تووتن، چوونە پەرلەمان، پەسەندە، بەڵام ئەو هیچی پەسەند نەکرد!).

عەبدوڕڕەزاق ئەلحەسەنیی نووسیویەتی: لە نێوان ١٩٤٣/٨/١٩ز – ١٩٤٤/٥/٣١ز.دا نوێنەری سلێمانیی بووە لە پارلەماندا. (دارا دەڵێت: نەچووە؟).

سەرچاوەی باوەڕپێکراو –کوڕەکەیشی لایێنگیرە– دەگێڕێتەوە: لە ئەنجوومەنی پیراندا، لە پەنجاکاندا بە (پیرێ) ناسراوە. دوایی خانەنشین کراوە. ئیدی هەر لە بەغدادا ماوەتەوە تا بەنەخۆشیی –شێرپەنجەی پرۆستات–ەوە کۆچی کردووە و لە بەغدادا نێژراوە.

ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ، یێکێکە لە دوو موتەسەڕڕیفی کۆنی عێراق کە(نیشانی ڕافیدەین) یان لەلای پاشای مەملەکەتی عێراقی عەرەبەوە خەڵات کراوە... بەڵام لە ساڵی ١٩٦٢ز.دا – لەسەر لایێنگیریی نەژادی کوری بۆ پ.د.ک– لە بەغدادا ماڵەکەی پەلامار دراوە و وێڕای پشکنین و تاڵان کردنی کتێب و دەستنووس، خۆیشی هێندێ تاڵیی چێژتووە و کوڕەکەیشی گیراوە!

لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە؛ زمانەکانی کوردیی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، هێندێ ئینگلیزیی و فڕانسزیی زانیوە.

وەک هێندێ دەستنووسی پاشماوەی کتێبخانەکەی و نامەکاریم دیتووە؛ زۆر بایەخی داوە

بەرۆشنبیریی ئیسلامیی و عەودالّی بووە. ئارەزوومەندی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی و فارسیی بووە. کتێبخانەیێکی نایابی هەبووە و لە دەست چووە.

گەلێ سەرچاوەی ڕۆشنبیریی دەگێڕنەوە کە ئەحمەد بەگ لە ڕۆشنبیرە دەسەلاّتدار و چالاک و خزمەتگوزارەکانی کوردبووە... لە ١٩٢٥ز.دا سەرۆکی ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانی، لە ١٩٢٦/٢/١ز.دا سەرۆکی کۆمەڵی بژاری کوردیی پێشنیارکراوی و لە ١٩٢٦/٤/١٣ز – ١٩٢٧ز، سەرۆکی کۆمەڵی زانستیی سلێمانیی و لە نێوان ١٩٣٢ز–١٩٣٥ز.شدا، دیسان بووژێنەرەوەی هەمان کۆمەڵ بووە.

دامەزرێنەر و نێولێ نەری ڕۆژنامەکانی (ژیانەوە، ژیان)ی سلێمانیی و هاندەری یێکەمی گۆڤاری (ڕووناکی) هەولێر بووە.

لە سلێمانییشدا گەلێ یادگاری ئاوەدانیی مایەی ڕەنج و کرد و کۆششی ئەوە و خەڵکی سلێمانیی، ئەدیبان و ڕۆشنبیران، شاعیران، ڕۆژنامەڤانان لە نێوان ١٩٢٥ز–١٩٤٧ز.دا ستایشیان کردووە.

پیرەمێردی دۆست و ئاشنای نزیکی گەلێ جار لێیی نووسیوە... لە س١٩٤٧ز.دا لێیی گوتووە؛ (هێندێ سیفەتی هەیە شا بەیتە! شێخ مەحموودی ئاشت کردەوە. دیار چ خیدمەتێکە مەکتەبی کچانی دانا. بەکرەجۆی کرد بەباغی نموونە. لە قەراخ شار سەددی لافاوی دروست کرد.

ئێستەش دەخلّم بەسەر ئیدارەوە نییە، ئەوی بە من دەبڕێ حسیسەی ئەدەب و نەزاکەت و نەزاهەتیە! جارێ منی هێنایە سەر شەوقێک «مەولەوی»ی پێ زیندوو کردمەوە. تەفسیلاتی ئەوە لە «ژیان – ژ٤٠٩»دا هەیە. ئەو «ژیان»ەی کە ئەو خۆی ئەو ناوەی بۆ دۆزییەوە و خستییە ئەستۆی من، نیشان بە ئەو نیشانەی خیتابەیێکی لە «ژیان – ژ٤٣٠»دا هەیە و چووەتە تەئریخەوە!).

پیرەمێرد پتری لێ گوتووە: (ئاخ، خوویێکی هەیە کە خۆی بەچاکی دەزانێ و من نا؛ ئیفراتی عیزەتی نەفسی لە عالەم بەدەری کردووە!).

بەڵگەنامەی بریتانیایی ساڵی ١٩٣٣ز لێیی نووسیوە؛ (لە نێودارەکانی سلێمانییە، حوکوومەتی عێراقیی چەند جار ویستوویەتی کەسانی دی بخاتە شوێن، بەلاّم ئەوانەی دانراون توانا نەبوون. ئەحمەد بەگ پیاوێکی خۆش مەشرەب و پۆشتە و جوانە. هەمیشە لای فەرمانبەر و ئەفسەرەکانی بریتانیا خۆشەویست بووە!)

جێگەی باسە، چەند سەرچاوەیێ گێڕاویانەتەوە کە حەفید زادە مەحموود و ئەحمەد بەگ لە



١٩١٧ز.دا سوێندی هاوپەیمانیی و براییان بۆ یێکدیی خواردووە کە تا سەر لە خۆشیی و ناخۆشییدا پێکەوە بن، بەلاّم دوایی –گۆیا– حەفید زادە لە ساڵانی ١٩١٨ز–١٩٢٢ز.دا فەرامۆشی کردووە و ئیدی لە ١٩٢٣ز بەدواوە لێک دابڕاون!!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، ئەحمەد بەگ خەدیجەی ساڵح پاشای مەحموود پاشای خەندانی هاوسەر بووە کە محەممەد تۆفیق و نەژاد –هەردوو کۆچیان کردووە– و پزیشکان دارا، ئازاد، کیژانیان حەلیمە و فاتیمە نەوەیانن و لە کوڕە جوانەمەرگەکانیشیان نەوە کەوتووەتەوە و هێندێکیان دانیشتووی سلێمانین!

**○ ئەحمەد عوسمان پاشا محەممەد پاشا جاف**

(ئەحمەد موختار جاف/ شاعیر: س١٨٩٨ز. هەڵەبجە – ١٩٣٥/٢/٦ز. عەبابەیلێ – هەڵەبجە!).

نەوەی خێڵی جافە. دایک عادیلەخانی بەنێوبانگە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەدا و دواتر لە مەلا و مامۆستا زمانزانەکانەوە دەستگیر بووە.

لە لاویەتییەوە – وەک تاهیر بەگی برا گەورەی – خولیای ئەدەبییات و بەتایبەتی شیعر بووە. دەسەلاّت و توانای خانەدانەکەی و تێکەڵیی زانا و شاعیران و دەنگ خۆشان، دیارە بوونەتە هەوێنی بەهرەی شیعری.

لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ز–١٩٢٢ز.دا و لە یێکەم سەردەمی داگیرکاریی بریتانیادا قایمقامی هەڵەبجە بووە. لە حوکوومەتی کوردستاندا کارگێڕ نەبووە. لە دوای داگیرکردنی سلێمانیی لە س١٩٢٤ز.دا، دیسان بە قایمقامی هەڵەبجە دانراوەتەوە، هەروەها بۆ ئەنجوومەنی –پارلەمانی– عێراق هەڵبژێردراوە! لە یێکەم سووڕی پارلەمانی نێوبراودا و لە نێوان ١٩٢٤–١٩٢٦ز.دا نوێنەری سلێمانیی بووە. وێ دەچێت لە نیازی داگیرکەران تێگەیشت بێت بۆیێکا – وەک ڕۆژنامەی ژیان: ١٩١٦/٢/٤ز شایەتە – خۆی لە ئەو ئەرکە کێشاوەتەوە و ئیستقالەی کردووە. ئیدی تا کۆچی ماڵئاوایی تێکەڵی کاروباری حوکوومەتیی و دەوڵەت نەبووە. مردنەکەیشی بەدەستی پۆلیس بووە لەسەر ئاوی ڕووباری سیرواندا[1].

(١) تا ئێستە چ بیر و قەڵەمی ورد و ڕاستگۆیانە (هۆی کوشتن)یان ڕوون نەکردووەتەوە، چ لە کاتی خۆیدا چ لە ئەم سەردەمانەدا. عەلائوددین سەجادیی لێیی نووسیوە: (بە گوللەی تفەنگی دەستێکی پیس لەسەر ئاوی سیرواندا کوژرا!!). ڕەفیق حیلمیی لێیی نووسیوە: (لەسەر ئاوی سیرواندا =

زمانەکانی کوردیی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، هێندێ ئینگلیزیشی زانیوه. گەلێ شاعیر و لێ کۆڵی ئەدەبیاتی کوردیی بە شاعیرێکی نەتەوەپەروەری گەورەی دەژمێرن!

---

=لەلایێن دەستێکی نەفامی کوردەوە کوژرا!!). پیرەمێرد لە (ژیان)ی ڕۆژنامەیدا لێیی نووسیوە: (ئیفراتی سەخا و زەکا بووبووە نەگبەتی سەرشانی. خۆی دانا و داخی بەدڵی عالەمدا نا!) بەڵام پێشەکیی نووسی دوا دیوانی چاپکراوی؛ در. عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ -کە ئەو نووسراوانەیشی یاد کردووەتەوە- مەلامەتی کوشتنەکەی نزیکی (هۆیێکی سیاسیی) کردووەتەوە کە دەڵێت: (ڕاستیی ئەوەیە کە لە ١٩١٩-١٩٢٤ز.دا قایمقامیی کردووە و پاشان بووە بەنائیب، بەڵام دوایی وازی لە هەموو ئەمانە هێناوە و شاری بەجێ هێشتووە و ڕووی کردووەتە چیا!!). داخۆ ئەم باسانە کامیان ڕاستە؟ پێشەکیی دەبێژم کە ڕاستیی لەسەر و هەموو سۆزێکەوەیە و هیچیش لە بەهرەی ئەدەبیی و گیانی نەتەوەیی بەرزی کەم نابێتەوە ئەگەر بڵێم من هەر لە ساڵی ١٩٧٠ز. ڕاوە - لەگەڵ در. ئیحسان فوئاد خەریکی پاکنووسی و چاپکردنی ڕۆمانەکەی بووم - پەرۆشی هۆی تەواو نەکردنی ڕۆمانەکەی و بەتایبەتیش (هۆی کوشتنەکەی بووم!) کە دوا کۆششم ئەوە بوو لە مانگی تەشرینی یێکەمی ١٩٨٩ز.دا، بەتایبەتی چەند ڕۆژێ لە دەزگەی (مەڵبەندی هەڵگرتن و پاراستنی بەڵگەنامەکان/ مركز حفظ الوثائق - بغداد)دا دۆسیێەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گشتیی و وەزارەتی نێوخۆ و وەزارەتی دادم پشکنیی، مخابن (دۆسییێی کۆشتنەکە)یم هەر دەستگیر نەبوو... هەرچۆنێ بێت من بەپرس و ڕا وەرگراتن و دەورکردنەوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، ئەم هەواڵانەم کۆکردووەتەوە کە هەموو جەخت دەکەن (کوشتنی ئەحمەد موختار جاف) بەئەنجامی هۆی دیە و ئەمەی خوارەوە هۆیێکی دیارە کە بەئەم جۆرە ڕوونی دەکەمەوە:

١- لە هاوینی ١٩٧١ز.دا گوتەبێژێکی ڕادیۆییم لەگەڵ شاعیر عەلیی باپیر ئاغا/ کەمالیی هاوەڵی نزیکی ئەحمەد موختار جاف کرد کە وێڕای ئەو پێوەندییە، ڕۆمانی باس کراو (بە قەڵەمی عەلیی باپیر) خۆی نووسراوەتەوە. من وەڵامەکەیم لەسەر شریت تۆمار نەکرد چونکە باسەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕادیۆ نەدەشیا کە لەسەر (هۆی تەواو نەکردنی ڕۆمانەکە) گوتی:

- لە ئەو شوێنەدا کە تەواو نەکراوە، لە نووسین ڕاوەستام و بە ئەحمەد بەگم گوت: ئیدی من بۆت نانووسمەوە؟

ئەحمەد بەگ لێمی پرسی:

* بۆچیی؟

گوتم:

- دەتەوێت ببم بەشەریکی ئەوانەی کە لەسەریان دەنووسیت و دەتکوژن؟

کەمالیی پتر بۆ منی گێڕایەوە کە ئەحمەد بەگ گاڵتەی پێ هاتووە و زۆری لەگەڵ گوتووە و ئەمیش نەیبیستووە! =



وێڕای ئەوەی -بە کەم و زیادەوە- لە ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٦٩، ١٩٨٦ز.دا (دیوانی شیعر)ی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٢٨ز.دا ڕۆمانی (چۆن بووم بە خانەدان؟/

---

= من لە کەمالیم پرسیی:

- ناحەزانی کێ بوون؟

گوتی:

- ڕاستت دەوێت، مەبەستی چیرۆکەکەی کە نێوی نا (چۆن بووم بەخانەدان؟) بەڕاستیی (حامید بەگی جاف) بوو! (ئەمە یێکەم جارە ئەم باسە بخەمە سەر قاقەز کە چەند جار و لای چەند دۆستێکی نزیکیشم گێڕاومەتەوە).

٢- لە پاییزی ١٩٧٢ز.دا -لەنێو سەرای سلێمانییدا- ئاشنای کۆچ کردووم؛ شێخ محەممەد مەحویی باشکاتبی دادگەی سلێمانیم دواند و سۆراخی دۆسییەکەی کارەساتەکەم کرد، گوتی: هەتا پاروپێرار دۆسییەی بەسەرهاتی کوشتنەکەی مابوو، لە ئەم دواییەدا لەگەڵ دۆسییەکانی دیی دادگە فڕێ دران و سووتێندران! مەرحووم شێخ محەممەد پتر گوتی: من دەوری دۆسییێەکەم کردبووەوە، چەند جارێ خوێندوومەتەوە! کورتییەکەی ئەمەیە: ئەحمەد بەگ لەگەڵ چەند خزمێکی خۆی - یاریی قاقەزێن دەکەن! ئەحمەد بەگ سەنەدێکی بێ مایە بەکار دەبات و دەیدۆڕێنێت. ئەوانیش کە دوایی ڕاستییەکەی سەنەدەکە پێ دەزانن، شکاتی لێ دەکەن. ئەویش کە (ئەمرییلقەبزی بۆ دەردەچێت)و خۆی نادات بەدەستەوە و لە ئەنجامدا ڕێکەوت، ڕۆژێ ڕێکەوت ئەحمەد بەگ لەسەر ئاوی سیروان تووشی پۆلیس دەکات، تەقەی لێ دەکەن و دەکوژرێت!

٣- ڕۆژی ١٩٩٨/٣/١٧ز لە سلێمانیی و ماڵی دۆستم شێخ نووریی شێخ ڕەشیددا -بەئامادەبوونی در. دارا ئەحمەد تۆفیق بەگ و شێخ نووری خۆی- میوانێ کاک ناجیی شێخ عەلائوددینی بیارە، لە ڕاییێڵەی قسەوباسدا لەمەڕ ئەحمەد بەگ، ئەوهەی بۆ گێڕامەوە: (ئەحمەد بەگی موختار جاف، قەرزاری قادر بەگ جافەر سوڵتان دەبێت، مووددەیێ تەواو دەبێت! ئەو شکاتی لێ دەکات لە مەحکەمە. سەنەدێکی دروست کراوی ئەحمەد بەگ -موزەییەف- دەبێت کە گۆیا پارەکەی داوەتەوە بە قادر بەگ(!!) دەردەکەوێت کە سەنەدەکە تەزویرە. ئیتر لەسەر ئەوە فەرمانی گرتنی لەلایێن دادگەوە بۆ دەردەچێت کە پۆلیس بیگرن!).

٤- دوای ئەوەی لە س١٩٨٩ز.دا دۆسیێەکەیم بۆ نەدۆزرایەوە، بڕیارم دا، بۆ ڕووناکیی، دەوری ڕۆژنامەنووسیی کوردیی ئەو سەردەمە بکەمەوە... خۆشبەختانە (سێ مانگ بەر لە کوشتنی) ئەم دوو ئیعلانە لەلایێن «حاکمی مونفەریدی سلێمانیی»یەوە لە ڕۆژنامەدا بڵاو و چاپ کراوە:

٤/١- ئیعلان: بینا بەدەعوایێکی ژمارە «٩٣٤/٧٨» کە لە تەڕەف حەمید بەگ کوڕی مەجید بەگ لە مەحکەمەی بیدایەت لە عەلیهیی ئەحمەد موختار بەگ کوڕی عوسمان پاشا، ساکینی حەلەبجە، ئیقامە کراوە بۆ «فەسخی ڕەهن» و «تەڵەبی بەدەلی ڕەهن» کە عیبارەتە لە حەوت سەد و نۆ لیرەی =

مەسەلەی ویژدان)ی نووسیوە کە ساڵی ١٩٧٠ز. چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەم کارەی جێگەییێکی گرنگی لە هونەری ڕۆمانووسینی کوردییدا گرتووە!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، ژنی هێناوە و کوڕ و کیژی لە بەغداد و لۆندۆندا دەژین!

= عوسمانیی، لە نەتیجەی تەبلیغاتدا مەعلووم بوو کە موددەعا عەلیهی، محەللی ئیقامەتی مەجهوولە، لەبەر ئەوە قەرار درا بەتەبلیغی ئەم ئیعلانە کە لە ڕۆژی ١٠ی کانوونی ئەووەلی ١٩٣٤ خۆی وەیا وەکیل لە مەحەکەمە حازر نەبن، غیابەن دەرحەقی موحاکەمە ئیجرای ئەکری! سلێمانی: حاکم مونفەرید)

٢/٤- ئیعلان: بینا بە دەعواییێکی رەقم «٩٣٣/٧٩» کە لە تەڕەف حەمید بەگ کوڕی مەجید بەگ لە مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانیی لە عەلیهی ئەحمەد موختار بەگ کوڕی عوسمان پاشا، ساکینی حەلەبجە ئیقامە کراوە بۆ تەڵەبی قەرزێ کە جەمعەن «سێ سەد و ییێک لیرەی عوسمانییە» بەنەتیجەی تەبلیغاتدا مەعلووم بوو کە موددەعا عەلیهی ئیقامەتی مەجهوولە، لەبەر ئەوە، قەرار درا بەتەبلیغی ئیعلان کە لە ڕۆژی ١٠ی کانوونی ئەووەلی ٩٣٤ خۆی با وەکیل لە مەحکەمە حازر نەبن، غیابەن دەرحەقی موحاکەمە ئیجرا

سلێمانیی: حاکم مونفەرید).(*)

*(*) هەردوو ئاگادارییەکە لە (ژیان - ٩، ژ ٤١٩، شەمو ١٠ تەشرینی دووەم ١٩٣٤/ ٣ی شەعبان ١٣٥٣ک، لاپەڕە: ٤)دا بڵاوە.*



### ❍ مەلا ئەحمەد فەقێ عەلی(*)

(مەلا فەوزیی/ م. فەوزیی/ شاعیر: س؟ - هەڵەبجە ـــ س١٩٤٣ز- ١٩٤٤!! گوندی حاجیکەند - کوردستانی خۆرهەڵات)

عەلائوددین سەججادیی لێی نووسیوە؛ (مەلا ئەحمەد کوڕی حاجیی عەلیی هەڵەبجەیی، نێوی شیعریی «فەوزیی»ە، لە سایڵاخدا دانیشتووە!)(١).

هێمنی موکریانیی کە «مامۆستا فەوزیی» بەگەورە و بەنێوبانگی موکریان داناوە، ورد ورد یادی کردووەتەوە و لێی نووسیوە؛ (مەلا ئەحمەد فەوزیی(٢)، خەڵکی سلێمانییە و لە کوردستانی عێراقەوە لەگەڵ شێخولئیسلامی گەورە - لەپێش بابمدا شێخولئیسلامی موکریان بووە- هاتووەتە موکریان. پاش مردنی شێخولئیسلام ژنەکەی ئەوی مارە کردووە، کچێکی بووە کە بەجوانەمەرگیی مرد. ژنێکی دیکەیشی هێنا و و کچێکی دی لەوی بوو.

خۆی ساڵی ١٩٤٣ز لە گوندی حاجیکەند مرد و لە خانەقای «شێخی بورهان» نێژراوە!(٣). کتێب و نووسینەکانی وەگیر زاواکەی کەوتن کە هیوادارم نەفەوتابێ. وەک بیستوومە کە پاش

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ١/٤٦؛ ل٥٤٩.
٢- ١/٧٦؛ ب٢؛ ل٥٣٤.
٣- ١/٧٨؛ ل٨-١١.
ڕۆژنامەکانی: پێشکەوتن - سلێمانیی. ژیان.

(١) سەرچاوەکە نووسیویەتی: ساڵی ١٩٢٣ز، مردووە!! هەڵبەت ئەوە هەڵەیە!

(٢) بەڕۆشنایی وێکچوونی شێواز و زمانی هەر سێ شیعری بڵاوکراوەی (پێشکەوتنی سلێمانیی: ٥١-٥٢) هەروەها بەڕۆشنایی (وەڵامی بۆ خالیسیی - ژ ٥١) کە ئیمزای «ئەحمەد»ی داناوە و لە (ژ ٥٢)شدا کە ئیمزای «م. فەوزی» داناوە، ئەوە تەواو دڵنیا دەبین لە نێوی خۆی و نێوناسی. بۆ زانینیش، کەسانی دی نێوناسی (فەوزی)یان هەبووە، وەک: شێخ عومەر زیائوددین شێخ عوسمان سیراجوددین(٢٦ جومادیئەوەل ١٢٥٥ک - ١٣١٨ک/ بیارە). هەروەها مەلا عەبدولعەزیز موفتی (١٨٧٢ز-١٩٤٧ز. سلێمانیی). هەروەها شاعیری سلێمانیی ئەحمەد شێخ غەنیی؛ (١٨٩٢ز-١٩٥٨ز. سلێمانی) کە ئەمیان نێوناسی شیعری (ئەحمەد فەوزیی) هەڵگرتووە و مەلایەتیی نەکردووە و فەرمانبەری حوکوومەت بووە. هەروەها ئەم دوا زاتە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانی)دا شیعری بڵاو نییە!

(٣) بنۆڕە نێوداران بۆ «شێخی بورهان».

مردنی ١٤٠ تمەن دراو و دوو مایینی میرات لێ بەجێ ماوە!).

هێمن زانست و هۆش و پێوەندی پێوەندیی خۆیشی لەگەڵی، ڕوون کردووەتەوە و، دەڵێت؛ (فەوزیی، بەبڕوای من، یێکێکە لە گەورە پیاوانی مێژووی کوردستان کە داخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتان و لە بیر چووەتەوە. ئەو لاوە کوردانەی -لە سەردەمی پاشایەتیی ڕەزاخانی پەهلەوییدا کە بەقەقلیدی ئەتاتورک خەریک بوون، گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بتوێنێتەوە و یێکێک لەو سێ کوچکە ئاوورە بوو کە پەیمانی سەعد ئابادی پێک هێنابوو- ئازایانە کوردایەتییان دەکرد، یا شاگردی «فەوزیی» بوون، یا شاگردی شاگردەکانی ئەو. بەتایبەتی پێشەوا قازیی محەممەدی شەهید شانازیی بەوەوە دەکرد کە شاگردی «فەوزیی» بووە!

فەوزیی، زانایێکی گەورە، ئەدیبێکی کەم وێنە، کوردێکی پاک و بێ باک بوو، بەڵام شاعیرێکی باش نەبوو، بتوانێ بیخاتە نێو چوارچێوەی شیعری عەرووزییەوە! ئەودەمیش شیعری سپیی نەبووە باو!.

درۆ نەبێ، لە خۆیم نەبیستووە، بەڵام بیستوومە زۆر دۆستی عاریف سائیب بووە(٤). ئەوەشم بیستووە چەند جار مەحموود جەودەت(٥) هاتووەتە موکرییان و لە ماڵی ئەودا خۆی شاردووەتەوە و لەگەڵ خەڵک تەماسی گرتووە. تەنانەت بیستوومە «کۆمەڵی ژینەوە»شیان دروست کردووە، بەڵام هەر گوتەیە و زۆر جێگەی متمانە نییە!.

مامۆستا، غەزەلێکی «حافز»ی تەخمیس کردبوو کە لەناو شیعرەکانییدا پەسەندم کردبوو. ئەوەش بەندێک لەو تەخمیسەیە کە بەبڕوای من وەستایانەیە:

گهی شوی ز امیران پادشه محسوب
گهی وزیر و بدرگاه پادشه محبوب

(٤) برا گەورەی جەمیل سائیب! نەتەوەپەروەر و نووسەری تایبەتی مەلیک مەحموود و شەهید کرا و لە ١٩٢٣/٥/١٦ز.دا!

(٥) ئەفسەری نەتەوەپەروەری لە سێدارەدراو.
جێگەی گوتنە، ئەگەر پێوەندییەکەی مەلا ئەحمەد فەوزی و مەحموود جەودەت ڕاست بێت، دوور نییە کە (فەوزیی)ش لە هاوین، یان پاییزی ١٩٢١ز.دا، وەکو جووتە برا جەمال و عادیل عیرفان چووبنە پاڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی سمکۆی شکاک و لە دواییدا هاتبنەوە و (فەوزیی) نەگەڕابێتەوە.
لە لایێکی دییەوە مەحموود جەودەت کە ئەندامێکی چالاکی (کۆمەڵی سەربەخۆیی کورد - س١٩٢٠ز)ی نهێنیی بووبێ و -ئەگەر پێوەندییەکە ڕاست بێت- دەبێت فەوزیی لە سلێمانییدا هاریکاریی هەمان کۆمەڵەی کردبێت و لە ژێرەوە ناحەزی ئینگلیز بووبێت.



گهی شوی بسردار ناگهان مصلوب
«بچشم عقل در این رهگذارپر اشوب»
«جان و کار جهان بی ثبات و بی محل است»(٦)

دەبێ بڵێم -کە لە من لە کولیجە دەمخوێند مامۆستا فەوزیی لەوێدا مەلایەتیی دەکرد و هەشت نۆ ساڵان بووم - من دەسکردی «فەوزی»م. ئەو هەڵیوەشاندمەوە و تێکی هەڵشیلام و سەرلەنوێ دروستی کردمەوە. ئەو دەرکی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوە. ئەو ڕێگەی ژیانی پێ نیشان دام. بێ گومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت «فەوزیی» و لەکن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا، ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە.

ئەو تێی گەیاندم من ڕۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیێکی بێ بەش و چارەڕەش و زۆرلێکراوە و دەبێ ڕۆڵەکانی لە پێ نێوی ڕزگارکردنیدا فیداکاری بکەن و لەخۆ بوردوویی نیشان بدەن.

ئەو فێری کردم زەوقی ئەدەبیم چۆن تیف تیفە بدەم و مشتومالی بکەم. ئەو فێری کردم چۆن شیعر بڵێم. ئەو فێری کردم ولاتەکەم خۆش بوێ و پێی هەڵبڵێم. ئەو حاڵیی کردم؛ کوردیی زمانێکی ڕەوان و بەربلاو و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدەبێکی گەورە و دنیایی پەسەندی بێ!

ئەو حاجیی قادری کۆیی، نالیی، کوردیی، سالیم، مەولەویی، حەریق، مەحویی، ئەدەب، وەفایی پێ ناساندم و شیعرەکانی ئەوانی بۆ شیی کردمەوە.

ئەو فێری ڕۆژنامە خوێندنەوە و ڕۆمان خوێندنەوەی کردم. ئەو دیوانی شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی فارسی بۆ پەیدا کردم و هانی دام بیانخوێنمەوە و شتیان لێ فێر بم، بەڵام سوێندی دام قەت بەفارسیی شیعر نەڵێم و هەتا بۆم دەکرێ بەکوردیی بنووسم!

ساڵ و نیوێک لە خزمەت ئەو خوێندم، بەیانان لەگەڵ گزینگ دەکەوت، دەچوومە ماڵی مامۆستا، هەڵدەستا بۆ نوێژ، دەرسم دەخوێند و هیچمان ماندوو نەدەبووین. کەم وابوو لەسەر

(٦) کوردییەکەی ئەوەیە:
جارێ بەمیرێکی پاشا دەژمێردرێیت
جاری ئەوتۆش بە وەرزیرێکی خۆشەویست
جاری واش لەپڕ بەداری «خاچ»ەوە دەکرێت
«بەچاوی ئەقڵ» لە ئەم دنیای پڕ ئاشووبە بنۆڕیت
دنیا و کاری دنیایش پووچ و بێ جێیە!»

کتێب دەرسم پێ بڵێ. دوو گەوهەری نایابی لە دەریای قووڵ و بێ بنی زانستی خۆی وەردێنان و لە کۆشی منی هەژاری چاو لە دەستی دەکردن! بەڕاستیی مامۆستا و شاگرد نەبووین، پیر و مورید بووین. من تا ڕادەی پەرستن ئەوم خۆش دەویست و ئەویش منی بە کوڕی خۆی دەزانیی. ئەگەر ڕۆژێک نەم دیبا، ئارەزووم دەکرد، جومعە و شەموان نەبوایە.

ئەو لە پێ گەیاندنمدا بەپەلە بوو، منیش تامی تێ گەییشتنم کردبوو، قەت لە خوێندنەوە و گوێڕاگرتن لە مامۆستا وەرز نەدەبووم. پاش نیوەڕانیش لە باتیی مامۆستا دەرسم بە کچ و کوڕە گچکەکانی خاڵم دەگوت. ئەویش دوو قازانجی هەبوو، هەم زانیاریی خۆم بەرەو ژوور دەچوو و هەم زەحمەتی مامۆستام کەم دەکردەوە!

مەلا ئەحمەد فەوزیی، یا مەلای سلێمانیی کێ بوو؟ بۆ پەڕیوەتەوە مەڵبەندی ئێمە؟ نازانم!! من ئەو دەمی ئەوەندەم مەبەست نەبوو ئەوانە بزانم. لە ڕووشم هەڵنەدەهات لێی بپرسم، بۆ؟ خۆیشی هیچ باسی خۆی بۆ نەکردووم!

مامۆستا فەوزیی شاعیرە بەرزەکانی کوردی پێ ناساندم و ئەدەبی فارسیی فێرکردم).(٧)

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لە (یادی مەردان - ج٢)دا لێی گوتووە؛ (مەلا ئەحمەدی فەقێ عەلیی کە نازنێوی شیعری «فەوزیی» و مرۆیێکی خوێندەوار و هاوڕێی شێخ عەبدولکەریمی خانە شووریی و شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەد بڕەند و شێخ بابە ڕەسووڵی بێدەنیی بووە.

لە مەدحی تەکییەی ئەحمەد بڕەندا ئەم چەکامەیەی نووسیوە:

ئەم تەکیەی شێخ مارفە چوار فەسڵە بەهارە(٨)
جێی سونبول و گوڵ و یاسەمەن و سەروو چنارە

(٧) هێمن لە ئەو لێ گوتنانەیدا، لەمەڕ توانا و هونەری شیعری م. فەوزییەوە ئم قسانەیشی کردووە کە وێ دەچێت زۆر ورد نەبن... نووسیویەتی:
(جاروبار شیعری خۆی بۆ دەخوێنمەوە و نەشی دەگوت هی خۆمە، بەڵام زانیم شیعری خۆیەتی. بێ دەنگ بوو تا تەواو بوو. گوتی: پێت چۆن بوو؛ گوتم: باش نەبوو! وا دیاربوو خۆشی زۆری خۆش نەدەویست، پێکەنیی و گوتی؛ هی خۆمە، بەڵام بۆ کەس وەکو تۆ بیر و بڕوای خۆی دەرنابڕێ؟ بۆ هەر کەسم خوێندووەتەوە گوتوویانە زۆرباشە!». گوتم: قوربان لە سایەی تۆوە من وام لێ هاتووە شیعری باش و خراپ لێک بکەمەوە! ئەوجا قاقا پێکەنی و گوتی: دیارە نەک هەر باش نییە، بەڵکە خراپیشن و کاغەزەکەی وردورد کرد!/ تەواو.
(٨) مەبەست شێخ مەعرووفی نێرگسە جاڕییە لە گوندی ئەحمەد بڕندا!



ئەم سەحنە چ سەحنێکە کە ڕێی هەر کەسی تێ کەوت
دەرچوونی لە بۆ باغی ئیرەم زەحمەت و عارە
ئەم باغە چ باغێکە کە نەشئەی سەحەری ئەو
بۆ بادەپەرستان سەبەبی ڕەفعی خومارە
ئاوی وەکو کەوسەر، چەمەنی ڕەشکی بەهەشتە
خاکی چی، بڵێم. چۆنە، هەموو موشکی تەتارە
هەر زەڕڕە هەوایێکی وەکو ساحەیی چینە
هەر نوقتە لە خاکی بەنەزەر قەسر و تەلارە
کوحلی بەسەرە، ئەسڵی کەمالاتە غوباری
هەرچەندە لەبەر سەفوەتی، خالیی لە غوبارە
هەر چوار تەڕەفی مەحکەمە، مەڕبووتە بەشادیی
یێکجاری ئەوەی خۆشە لەوێ، غەم کە فیرارە
وەک باغی بەهەشت وایە موقابیل بە جەهەننەم
ئەو جەننەتی دنیایە، ئەمیش داری قەرارە.
هەر نوقتەییێکی جالبی ئەنزاری دەقیقە
هەر مەنتیقەییێکی بەخودا خوندی شیعارە
ڕێحانەیی بۆن خۆشە وەکو توڕڕەیی دڵدار
مەستە لە خەوا، نەرگسی. وەک چاوی نێرگزە
سەیری کە چ ڕەنگێکە لە عەکسی گوڵ و سەبزە
قەوس و قەزەحە دائیرەی ئەو حەوش و حەسارە
ئاونگی لەگەڵ سەبزەیی گوڵ هێندە لەتیفە
هەروەک عەرەقی سەبزەوو خەت و ڕوخی یارە
بنواڕە لە عەکسی چەمەن و قەنزەیی شەبنم
ئەفلاکی وەکو نیلووفەڕە، پڕ لە ستارە
جێی عیشوەو و نەززارەیی کام دڵبەرە ئاخۆ
سەف سەف کە وەها حوور و پەریی دێنە نەزارە
جیلوەی چ نیگارێکە کە لێی کردووە تەئسیر
خاری بەمەسەل عەینی گوڵە، زاغی هەزارە

مەنزەرگەهی کام ڕەشکی پەری و غیرەتی حوورە؟
دائیم لە بۆی جێن و مەلەک دێنە زیارە!
ئەلحەق لە جیهاندا نییە مانەند و شەبیهی
جێیەکی وەک موستەعیددی سەیر و نەززارە.
ناگاه حەریفێ لە جوابا وتی: ئەی دۆست
ئەم جێگە کەوا خاریجە وەسفی لە ژمارە
ئەم عەرسە غەریبە لەگەڵ ئەم باغە عەجیبە
نازانی مەگەر مەنزەرەیی حەزرەتی یارە
کام یارە؟ بڵێ: یارێ وەها سەرووی ڕەوانە
کام دڵبەرە؟ ئەو دڵبەرە وا شوهرەیی شارە.
شۆخێکە کەوا شێخ و مەلا عاشقی ئەوبوون
جوانێکە کە عالەم لە غەمی پیر و نزارە
ڕۆژی فەلەکی حوسنە لەنێو جوملەیی خوبان
خەڵکی هەموو وەک دائیرە، ئەو قوتبی مەدارە
نوسخەی خەتی لەو ڕۆژەوە بینیوبە عەتارید
بۆ خزمەتی ئەو دائیمە بێ سەبر و قەرارە.
ڕۆحێکە موجەسسەم کە لە بۆ یێک نیگەهی ئەو
جان و دڵی عوششاق بەیێکبارە نیسارە
تا عەسکەری مۆژگان دڵم کردمە (ئەدرنە)
هەر ناڵەیی گەرمم بووەتە عەینی شەرارە
چاوێ بەدوو چاوی کە دەکا مەیلی بەهەر لا
چەن سامیریی ئاشفتە دەکا، هێندە عەیارە
خاڵێ کە لەسەر سەفحەیی ڕووی سابیتە نەقشە
جێی حیرەتە بەم ڕۆژە کە شەو چۆنە دیارە
عەبیادی دوو سەد ساڵە کە لە ئەو چاو و برۆی دی
مەستانە نەی و عوود و شەرابی لە کەنارە
مووسا دەسە، عیسا نەفەسە، داودژێی نەغمە
گوڵ غونچە دەمە، موو کەمەرە، لالە عوزارە.



زوهرە لە سەما کەوتە سەما و ڕەقس و تەرانە
ئەو ڕۆژە کە دیی عیشوەیی ئەو، ڕەشکی نەهارە
هێندە چابوک و چالاکە لە بۆ سەیدی دڵی خەڵک
بەستەی سەری هەر موویی، دوو سەد عاشقی زارە
هەر وا دڵی خەڵکە کە دەناڵێ لە غەمی ئەو
ئەو ئاهووە سەیبیادە، عەجەب شێری شکارە؛
بەرهەم زەنی ئۆردوویی غەمە لەشکری غەمزەی
شۆر ئەفگەنی ڕۆم و عەجەمە هەر بەئیشارە
فەوزیی چ دەڵێیت؛گەر شەو و ڕۆژ مەدحی بکەم من
نایێتە نیهایەت بەمەسەل یێک بە هەزارە
تەشریحی سەمای وەسفی وەکو نایەتە تەقریر
تەوزیحیشی وا نایێتە ناو دورجی عیبارە![٩]

...

شاعیر و لێ کۆڵ شێخ نووریی شێخ ساڵح، لە ڕاستە گوتای بڵاوکراوەی بەنێوی (ئەدەبیاتی کورد)ەوە، شیعرێکی (م. فەوزیی) بە (میسال بۆ تەعقید) هێناوەتەوە کە ئەمەیە:

تەسادوف کەسێ چووبووە ئەو خوارە
دوانیش نیزاعیان ئەبێ بەم قەرارە
چ ئەمیان چ ئەویان ئەڵێ من لە پێشم
لەلای ئەو کەسەی وا لە عالم دیارە.
یێکێکیان لەبەر پارەداریی بەزاهیر
بەباتین چرای چاو، کلی نووردارە

(٩) سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی ل-٥٣٤، پ٢ دەڵێت: ئەم پارچە شیعرە لە ڕووی دەسنووسی شاعیر خۆیەوە نووسراوەتەوە لە داوێنەکەیدا نووسیویەتی:
«تحریر شد أز دست احمد فوزی برای جناب ملا فتاح». ئەو کاتەش لەگەڵ شێخ عەبدولکەریم و شێخ بابا ڕەسووڵ لە ئەحمەد برندە فەقێ بووە!/ تەواو.
بە ئەم پێیە ئەم شیعرەی بۆ ڕۆژگاری فەقێیەتی دەگەڕێتەوە کە هەر لە ئەوێ دەمێوە، ناسنێوی (ئەحمەد فەوزی)یشی هەڵگرتووە!

ئومــێــد ئەگــەر چیی هەیەتی قــەناعــەت
خـەزێنەی مـەجـازی چ بێ و ئیـسـتـیـعـاره؟
بە تێـبـینیی ئەم چۆن ئەبێ قـەد بەقـەد ئەو
بەصـیـرەت بەسـیـرەت نیـیـە ئەی بەپاره!
قەزا ڕاکە ئاخریی قسەی ئەو چووە سەر«!!»
بەسـەرچوو بوو ئەم وەک نەزانێ ژمـاره
لەگـەڵ پۆسـتـەدا ئەو کـەسە کـاغـەزی هات
بەفـری هومـا نا وەکـو باو کـوڵلاره
هومـا نیـشـتنەوەی خـۆ لەسـەر دوڵەمـەندە
بەڵێ کـوندەبەبووش ڕووی لە خـاڵی هەواره!
کەوا بێ بەمەتڵەب گەیشت ئەو عـەجاییب
لەسـەر ئەم قـسـەی باره شـیـعـری سـواره
بەچیی تۆ ئەمـەندە هونەرمـەندی ئەی پوول؛
ئیـلاهی ببێ دڵ بەسـەد پاره پاره!
لە چابوک دەسیی، تۆ، گەیاندووتە غـایەت
لە چابوک سـوارییـشـا مـامـەیاره!
مـەگـەر بۆ هیـلالی شـەوی عـیـدی قـوربان
لە هەر لا کە هەر پەنجەیە و تۆی ئیشاره[10]

وربوونەوەم لە ڕۆژنامـەکـانی سـاڵانی ١٩٢٢ز-١٩٢٤ز.ی سـەردەمی حـوکـوومـەتەکـانی کوردستان و دیارنەبوونی نێو و هەواڵ و شیعر، کارێ دەکەن بلێم؛ وێ دەچێ بەر لە ئەو قۆناغە و بەتایبەتی لە نێوەندی ١٩٢١ز.دا ڕووی کردبێتە موکریان.

لێک دانەوەی توانا و نێوبانگی و ناشتنی لە خانەقای (بورهان) و دەرکەوتنی شیعری لە ڕۆژگاری فەقێیانییەوە، ئەمانە هەموو لە خەملاندنی تەمەنی بۆ ژوور لە ٦٠ ساڵان، نزیکمان دەکەنەوە!

(١٠) ژیان – س١، ژ٤٨، ٣٠/١٢/١٩٢٦ز /م. نوری.



### ⊖ مەلا ئەحمەد شێخ محەممەد(*)

(مەلای جزیریی/ شاعیر)

کوڕی جزیرا بۆتانە لە کوردستانی باکووردا. کێشەی مێژووی لە دایک بوون و مردنی نەبڕاوەتەوە لێ کۆڵەکان بۆیان ساغ نەبووەتەوە. در. محەممەد محەممەد نووری عارف دەڵێت؛ بەلای منەوە مامۆستا مەلا ئەحمەد مەلا محەممەد ژڤنگیی موفتیی قامیلشیی - کوردستانی خۆرئاوا - باشترینە بۆ ناسینی سەردەمی مەلای جزیریی کە دەڵێت:

(مەلای جزیری لە کۆتایی سەدەی دەی هیجریدا ژیاوە. واتە دوای ساڵی ٩٥٠ک/١٤٥٣ز، لە سەردەمی میر شەرەفخانی کوڕی میر ئەبدالدا کە یێکێ بووە لە میرەکانی «ئازیزان» و ماوەییێکی زۆر فەرمانەوای جزیر بووە.

شەرەفخان س١٠٠٥ک/١٥٦٦ز زیندوو بووە و وێ دەچێت مەلای جزیریش لە ئەو فێرگەیەدا مامۆستا بووبێت!). دیوانی شیعری مەلای جزیری لە کوردستاندا و لەلای هێندێ خۆرهەڵاتناسی بیانیی بایەخێکی زۆری هەیە.

لە شیعردا بەدڵداری ڕاست و خواپەرست ناسراوە. کوردیی و عەرەبیی و فارسیی و تورکیی باش زانیوە و نووسیوە. لە زانستەکانی ئەقڵی و نەقڵی بەتایبەتی لە فەلسەفە و بیرکاریی و ئەستێرەشوناسیدا دەستی باڵا بووە.

دیوانی (مەلای جزیری) لەلایێن کوردناسان و خۆمانەشەوە و خۆیشەوە چەند جار چاپ کراوە.

### ❑ مەلا ئەحمەد مەلا مەحموود مەلا ئەحمەد مەلا محەممەد دێلێژەیی!(**)

(مەلا ئەحمەد چاومار/ موفتیی: !!-!!. سلێمانیی)

لەلای بابی و لەلای مەلا عەبداللەی ڕەش، شێخ مەعرووفی نووشێ خوێندوویەتی و ئیجازەی لە ئەمەی دوایی وەرگرتووە کە مامۆستای موفتی زەهاویی، مەلا عەبدوڕڕەحمان پێنجوینیی و بریفکانیی و ئەحمەد فائیز بەرزنجەیی بووە.

لە س١٨٤٠ز.دا بووە بەسەرۆکی مەلایانی سلێمانیی -موفتیی- و لە س١٨٧٢ز.دا حەجی کردووە و لە ڕێگەدا مردووە!

(*) سەرچاوە: ١- ١/٥١، ب٢، ل١٩٥-١٩٦.

(**) سەرچاوە: عەبدوڕڕەقیب یووسف

○ **کاکە ئەحمەد شێخ مەعروف نۆدێیی بەرزنجەیی**(*)

(کاکە ئەحمەدی شێخ/ ئایینناسی بەنێوبانگ: ١٢٠٨ک/١٧٩٣ز ـــ ١ موحەڕڕەم ١٣٠٥ک/ ١٨٨٧ز. سلێمانیی).

دایکی عائیشەی شێخ ڕەسوڵی پڵاوخۆرە. لە منداڵییەوە لەبەر دەستی بابی زانای و فێرگەیدا دەستی بەخوێندن کردووە تا بەرەبەرە لە زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵییدا بەهرەی وەرگرتووە تا چەند ئیجازەیێکی زانستیی پێ بڕاوە! ئیدی لە سەردەمی بابیدا و لە ڕۆژگاری خۆیدا خەریکی فێرکردن و ڕێنوێنیی بووە!

وردبوونەوە جەخت دەکات کە هێندەی بابی لە زانست و داناندا بەدەسەڵات نەبووە، بەڵام لەنێو کوردەوارییدا نێوبانگی لە بابی گەورەترە!

لێ کۆڵینەوەم لە نێوبانگییەکەی ئەم مەلامەتانە بەڕاست دەناسێت:

١- کاکە ئەحمەد شێخ وەک لە ڕۆژگاری هەڵکەوتنی (کێشەی خالید نەقشبەندیی)دا بەهەڵوێست توند دەرکەوتووە ئەوە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی میری باباندا هێندێ هەڵوێستی بەخاوەند (کەرامات!!) ناسراوە، وەک ئەو باسەی (ڕیچ RICH) گێڕاویەتییەوە گۆیا: (ژنێ بوختانی بۆ فەقێیەکی کاک ئەحمەد هەڵبەستووە و سکاڵای لە پەلاماردان کردووە و کاربەدەستانی بابانیش بڕیاری سووتاندنیان داوە! کاک ئەحمەدی شێخ هەڵدەداتێ و پاکانە بۆ فەقێیەکەی دەکات، بەڵام بەگوێی ناکرێت. ئاگر لە فەقێ بەردەدرێ و کاک ئەحمەدی شێخ جبەکەی بەسەردا دەدات و ئاگر دەکوژێتەوە و فەقێ ڕسگار دەبێت!).

ئەم ڕووداوە -هەروەها هاوتایشی- مایەی ڕاکێشانی سەرنج و باوەڕ و ڕێزی خەڵکیی بووە!

٢- لە کۆنەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری بابیەوە تا خۆی، خانەدانەکەی بەزانست و دۆستایەتییەوە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانیی و مەمالیکەکانی بەغداد هەبووە، بەتایبەتیش خۆی نواندووە گۆیا تێکەڵی کێشە و کاروبارەکانی سیاسەت نابێت. کاتێکیش کە میرنشینیی

(*) سەرچاوە:
١- ١/٣٦.
٢- ١/٧٥.
٣- ١/٩٠.
٤- ٢/٢١/١١٧.
٥- ڕۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێرد.



بابان ڕما و وڵاتەکە ماوەیێ تووشی پاشاگەردانی و تاڵان و بڕۆ و ڕێگریی بوو، ئەوجا لەشکری عوسمانیی داگیرکەریش سلێمانییان داگیر کرد، لە خانەدانی ئەو پتر - وەک نامەی دەستنووسی خۆی لە ئێرەدا بلاوە کە بەچاکیی پێشوازیی کردووە - کەسێ نەبووە جێگە و پشت و پەنای ئەو خەڵکە بێت، ئەویش نازی کێشاون و سەروماڵیانی پاراستووە و بەئەمەش پیاو چاکیی خۆی لە دڵی خەڵکدا جێگیرتر کردووە!

٣- پیرەمێرد -لە ڕۆژنامەی ژیندا لێی نووسیوە- وێڕای باوەڕی بە (کەرامات)ی کاکە ئەحمەدی شێخ، جەخت بۆ ئەوە دەکات کە کاکە ئەحمەد پیاوچاکێکی کۆمەڵیی ئەوتۆ بووە؛ هەموو ڕۆژێ، چووەتە نێو بازاڕەوە و چاوی هەڵخستووە ئەگەر دوو کەس لە یێک دڵگیر بووبن، ئاشتیان بکاتەوە، تەنانەت بۆ هەمان مەبەست گەلێ جار ڕێگەی گوندانی گرتووەتە بەر!

٤- ناکۆکییە کۆن و پاکۆبووەکەی نێوان هەوادارانی (تەریقەتی قادریی - نەقشبەندیی) لە سەردەمیدا بۆ بەرەو دوا بنەبڕ بووە و دۆستیی و تێکەڵییەکی زۆریان لەنێودا خوڵقاوە.

پیرەمێرد لە پێشەکیی چاپکراوی (مەناقیبی کاک ئەحمەد)دا باس ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: (کاکە ئەحمەد لە خدمەتی شێخ بەهاددیندا، بەخۆشیی و خۆشەویستیی موبادەلەی تەریقەتیان کرد و بەیعەتیان لە یێکدی وەرگرت، کاکە ئەحمەد هەم ئیرشادی تەریقەتی قادریی و هەم ئیجازەی نەقشبەندیی دەدا. هەتا لە خزمەتی شێخ زیائوددین، یەعنی شێخ عومەری بیارەدا، تەجدیدی ئیجازەیان کردەوە. شێخ عومەر ئیمزای خۆی دەنووسیی «الداعي عمر القادري النقشبندي/ من عومەر قادریی نەقشبەندیم» و کاکە ئەحمەدیش دەینووسیی «الداعي الحزين احمد النودهي النقشبندي والقادري/ منی خەمگین ئەحمەدی نۆدێیی نەقشبەندی و قادریی».

ئەمە بوو بەسەبەبی ئیختیلات -تێکەڵیی- و مەحەببەتی زیاد لە بەینی مەنسووبینی هەردوولا! ئەمە خدمەتێکە کاک ئەحمەد هێناویە و ڕەونەقێکە بەیانەت و تەریقەتی داوە!).

محەممەد ئەمین زەکی لە نووسراوی خۆیدا، دەبێژێت: (کۆچی کاکە ئەحمەدی شێخ وەک کارەساتێ بوو بۆ سلێمانیی ماتەمگر). کاک ئەحمەدی شێخ حەجی پیرۆزی کردووە و چوار ساڵ لە (مەدینە)دا ماوەتەوە.

دانراوەکانی:

چەند دانراوێکی -دەستنووسی- هەیە وەک:

١- لێک دانەوەی هەڵبەستراوە عەرەبییەکەی بابی (سلم الوصول في علم الاصول).

٢- پەراوێزێ بۆ کتێبی: (کمال في شرح الشافية) لە زانستی سەرفی عەرەبیدا.

٣- گەلێ نامەی بەفارسیی نووسیوە - دەڵێن سەد نامە دەبن - کە لە س١٨٨٢ز.دا لە بەغدادا شەشیان چاپ کراوە. هەروەها لە س١٩٣٦ز.دا لە نەجەفدا دوانزەی چاپ کراوە.

مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیسیش -هێندەی من دیتوومە- تا س١٩٩٤، لە چوار بەرگدا؛ پەنجا نامەی کردووە بە (کوردیی) و نێوی (مەکتووباتی کاک ئەحمەدی شێخ)ی لێ ناوە.

وێ دەچێ هێندی دانراوی دی هەبووبن و لە دەست چووبن.[1]

کاکە ئەحمەدی شێخ هاوسەری هەڵبژاردووە و هەر (محەممەد)ی کوڕ هەبووە کە ئەمیش حەوت کوڕی بووە و یێکێ لە ڕیزیاندا شێخ سەعیدی بابی حەفید زادە مەحموودی شۆڕشگێڕی کوردە!

## ⊖ ئەمانوللە خەسرەو ناکام ئەردەڵانی

(ئەمانوللە خان/ غولام شا: س؟ ـــــ ١٨٦٧ز)

دوا کەسی فەرمانڕەوایە لە میرە کوردەکانی ئەردەڵان. ئەو دووەم ناسنیوە -غولام شاه-ی بۆیێکا هەیە چونکە لە سەردەمی فەتح عەلی شای قاجار لە تاراندا لە دایک بووە.

محەممەد مەردوخی مێژوونووسی لە (تەئریخی کورد و کوردستان - ل١٦٩-١٧٨)دا زۆری لێ نووسیوە و دەڵێت: دوای لادانی ڕەزا قولی خانی برای لە ساڵی ١٢٦١ک/١٨٤٥ز.دا بۆ یێکەمین جار دەسەڵاتی حوکمڕانیی ئەردەڵانی وەرگرت. س١٢٦٢ک/١٨٤٦ز گەیشتووەتە باژێری «سنە» و دەستبەکار بووە، بەڵام چونکە توندوتیژ بووە بەرامبەر کەسانی سەر بەڕەزا قولی خانی برای، ئەمانوللە خانی بەگی وەکیل، لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکیی «سنە»یان چۆڵ کردووە و ڕوویان لە هەورامان و دوایی هاتوونەتە سەری و شەڕیان کردووە، ئەمانوللە خان بەسەریاندا زاڵ بووە.

(١) -بابم- ڕەئووفی مەلا محەممەدی شاگردی کاکە ئەحمەدی شێخ گەلێ جار بەخەمەوە باسی دەکرد کە بابی (دەستنووسێکی دەرمانسازیی زاتی کاکە ئەحمەدی شێخی هەبووە) و تا نێوەندی ساڵانی چلەکان مابوو، دابووی بە هاوسەری پووری - مەلا سابیری سۆفی ئەمین- و بۆ بەرەو دوا ون بوو! جێگەی گوتنە؛ نەنکم -دایکی بابم- ئاییشێی حاجی فەتاحی دەباغچی گۆشت نەخۆر، گەلێ جار لەبەر چاوم (شافی مایەسیریی) دروست دەکرد و کە لێم دەپرسیی: (چۆن فێری گرتنەوەی ئەم دەرمانانە بوویت؟) دەیگوت؛ باپیرت لە (کتێبەکەی کاکە ئەحمەدی شێخەوە -ڕۆحم بەساقەی!- فێری کردووم!)



دوای پێنج مانگێ بەبڕیاری شای ئێران، لەسەر تەخت لابراوە و دیسان ڕەزا قولی خان بووەتەوە بەحوکمداری ئەردەڵان. لە ساڵی ١٢٦٥ک/١٨٤٥ز.دا بەفەرمانی ناسیروددین شا، دیسان ئەمانوللە خان کراوەتەوە بەحوکمڕان! لە س١٢٦٦/ ١٨٥٠ز.دا حوکوومەتی ئێران یارمەتیی دەوڵەتی عوسمانیی دا بۆ لەنێوبردنی شۆڕشی ئەحمەد پاشای بابان و ئەمانوللە خانی نارد بۆ لێدانی هێزەکەی ئەحمەد پاشا. دوایی چووە بەگژ عەزیز بەگی بابانیشدا کە لەبەر فشاری هەردوو دەوڵەت چووبووە نێوچەی زەهاوەوە. هێزی عەزیز بەگی دەرکرد و ناچاری پەنابردنە بەر هۆزەکانی عەرەبی کرد.

هەروەها ئەمانوللە خان لە س١٩٦٨ک/١٨٥١ز.دا ڕاپەڕینی حەسەن سوڵتانی هەورامانی لەنێوبرد، دیسان لە هەمان ساڵدا. خێڵی جافی لە ئێران - کوردستانی خۆرهەڵات، K - دەرکرد!

مردۆخ دەڵێت: ئەمانوللە خان دەستیشی کردووە بەبڵاوکردنەوەی مەزەبی «شیعیی» لە سنەدا هەر بۆیێکا مەلایانی کوردستان کەوتنە خۆیان، بەڵام نەیانتوانی کاری تێ بکەن و پەشیمانی بکەنەوە. لەبەر ئەمە شێخ سیراجوددینی تەوێڵەیان ئاگادار کردووە و ئەویش شێخ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی لەگەڵ (مەولەویی) زانا و شاعیری کورد ناردووەتە کن ئەمانوللە خان تا پەشیمانی بکەنەوە، بەڵام بێ سوود بووە، بۆیێکاش ئاژاوە لە سنەدا قەوماوە، بەڕادەیێ شێخ عەبدولقادری مەردوخی -خاوەندی کتێبی تەهزیبولکەلام/ تهذيب الكلام- کە یێکێکە لە زانا گەورەکانی سەردەمی خۆی، باژێری «سنە»ی چۆڵ کردووە و هاتووەتە سلێمانیی.

سوڵتان عەبدولحەمید کە ئەمەی بیستووە، نامەیێکی بۆ شێخ عەبدولقادر ناردووە. س١٢٧٦ک/١٨٦٤ز خەڵکی هەورامان بەسەرکردایەتیی محەممەد سەعید سوڵتان بەینیان لەگەڵ ئەمانوللە خان تێک چووە، شەڕیان کردووە، بەڵام ئەو توانیی هەورامانیەکان دەربکا بۆ نێوچەی هەڵەبجە. شێخ عەبدوڕڕەحمانی شێخ سیراجوددین و محەممەد پاشای جاف هاتنە لای و بەینی هەردوولایان چاک کردەوە.

ئەمانوللە خان کابرایێکی هێمن و هێور، لێ هاتوو بووە. بیست ساڵی حوکمڕانی کردووە، مزگەوتی (والی)، مزگەوتی (دارولیحسان)ی ئاوەدان کردووەتەوە. کاتێ کۆچی دوایی کردووە، دوو هەزار بەرگ کتێب لە نامەخانەکەیدا بووە!

## ئیسماعیل ئاغا محەممەد ئاغا[*]

عەلیی -خان- ئاغا ئیسماعیل ئاغا شوکاک (سمکۆ/ سەرخێل،
نەتەوەپەروەری شۆڕشگێر و ڕستگاریخواز و شەهیدی کورد و کوردستان:
١٨٧٥ز ـــ حوزەیرانی ١٩٣٠ز. شنۆ!)

نەوەی خێڵی شوکاکی بەنێوبانگی کوردستانی خۆرهەڵات و باکوورە کە لە کۆتایی سەدەی (١٢) و سەرەتای سەدەی (١٣)ی کۆچییەوە لە نێوچەکەدا بەدەنگ بووە و باپیرانی «سمکۆ»ش هەمیشە نارەزا و نەیاری فەرمانڕەوایی عەجەم و شەیدای ڕستگاریی بوون!

لە دوای ژینی دەستووریی - مەشرووتەی ئێرانەوە؛ (س ١٩٠٦ز)، ئەم خێڵە بەهێزە لایێنگیری خودموختاریی گەلی کورد بوو، بەڵام دوای هەڵکەوتنی سمکۆ، بەتایبەتی لە س١٩١٣ز بەدواوە و بەهاریکاری عەبدوڕڕەزاق بەدرخانی نەتەوەپەروەری شەهید، تێکۆشانی ڕووی لە سەربەخۆیی کوردستان و ڕستگاریی گەلی کورد بوو کە لە پێناویدا و لە باژێڕی «خۆی»دا یێکەم کۆمەڵی سیاسیی و ڕۆشنبیریی کورد؛ (جیهاندانیی) لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا دامەزراند.

سمکۆ لە (ا.ج.گ)دا چ جم و جووڵێکی چەکداریی نەنواند و تێکەڵی شەڕگێڕەکان نەبوو، بەڵام لە دوای ئاگربڕەوە، بەتایبەتی لە نێوان س١٩١٩ز-١٩٢٢ز.دا چەکی بۆ ڕستگاریی گەلی کورد لە دژی ڕژێمی ئێرانی عەجەم بەرزکردەوە و نێوچەیێکی کوردستانی خۆرهەڵاتی ئازاد کرد و ڕۆژنامەنووسیی داهێنا، بەڵام نەیتوانی -وەک حەفید زادە- حوکووومەتێکی کوردستانیی دابمەزرێنێت و پێش بکەوێت، هەروەها لەگەڵ حەفید زادە وێکڕا یێکیەتیی کوردی ڕستگاریخواز بەسەر داگیرکەران و دوژمناندا بسەپێنن! هەڵبەت داگیرکەران؛ عەجەم و تورک و ئینگلیز دوژمنی گەورەی ئەو هیوایە بوون. لێ کۆڵەکانی مێژووی سیاسی کورد، چ بیانیی و چ خۆیی، بە سمکۆ و ئامانجی خەباتیەوە خەریک بوون و لێیان نووسیوە...

ئیگلێتن. دەبیلیوو Eagletan. W ی خاوەندی کتێب (کۆماری کوردستان) لێی گوتووە: (سمکۆ لاوێکی شۆخی لێ هاتوو بوو. هەر لە منداڵییەوە شارەزا و ڕاهاتووی ژینی سەخت و پڕ لە شەڕەشەق بوو، ئەو بۆشاییەی بەکشاندنەوەی ڕووس لە نێوچەکانی باکووری ئێراندا پەیدابوو، سمکۆ توانیی پڕی بکاتەوە!)[١].

سەرچاوە:

١- ١/٩٥؛ ل ٢٦٠.



کوردناسی سۆڤیەتیی؛ ڤلچیڤسکی. و لێی گوتووە: (لە یێکەم جەنگی گێتیی؛ ١٩١٤ز-١٩١٨ز.دا، حوکوومەتی ئێران زۆر لاواز و کەم دەسەڵات بوو. گەلێک لە سەرکردەکان - خێڵەکان-ی کورد ئەوەیان بەهەل زانیی و ویستیان سوودی لێ وەربگرن. ئیسماعیل خانی شوکاک لە ساڵانی ١٩١٨ز-١٩٢٢ز.دا پەڕوباڵی هاویشت و خۆی کۆکردەوە و بەهێز و توانا بوو، دەسەڵاتی خۆی بنجبەست کرد!. لە ساڵی ١٩٣٠ز.دا بەبەڵێنێکی درۆی ئێرانییەکان هەڵخەڵەتا کە بۆگوتوبێژکردن و ڕێککەوتن بانگیان کرد بۆ «شنۆ» و لە ڕێگەدا بۆسەیان بۆ نایەوە و کوشتیان!)[٢].

کوردناسی هۆڵاندی مارتن ڤان برونەسن M.V. Bruinseen لێی گوتووە؛ (سمکۆ بۆ ئەوەی گشت دەروازەکانی لەبەردەم والا بێت، لە یێکەم جەنگی گێتییدا خۆی بە چ لایێکەوە نەبەست و لە ئەو ماوەیەدا سیاسەتێکی هێمنانەی گرتەبەر. بەڵام لە دوای جەنگەوە سمکۆ بوو بەیێکێ لە هەرە تێکۆشەرەکانی کورد لە کوردستانی ئێراندا کە بابەت و مەبەستی ئەو تێکۆشانەی هەتا دەهات تر خۆی ئاشکرا دەکرد و گەییشتە ڕادەیێک لە سیاسەتی ئێراندا بەڕوونیی خۆی دەنواند و دەسەپاند، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی ڕەزا خان -ڕەزا شا- سیاسەتێکی دژ بەدیموکراتی بەکار برد لە بەرامبەر ڕاپەڕینی نەتەوەی کورددا کە ڕۆژ بەڕۆژ کڵپەی دەسەند!)[٣].

کوردناسی فڕانسیی کریس کۆچێرا Chris Kutschora لێی نووسیوە؛ (مافی گشتیی و سەربەستیی نەتەوەی کورد، واتا بوونی ولاتێکی یێکگرتووی کورد، ئاوات و مەبەستی سمکۆ بوو!)[٤].

میر بەسرپی کە خاوەندی کتێبی (ئەعلامولکورد/ نێودارانی کورد)ە لێی نووسیوە؛ (کە یێکەم جەنگی گێتیی بڕایەوە، سمکۆ کەوتە سەر خولیای دروستکردنی حوکوومەتێکی کوردیی کە هاوەڵ و ڕاوێژکارەکەی سەیید تەهای شەمدینیی -کوڕەزای شێخ عوبێداللەی شۆڕشگێڕ- بوو!

سمکۆ لە ساڵی ١٩١٩ز.دا شۆڕشی کرد و «ورمێ» و «شاپوور»ی گرت، بەڵام دواییەکەی حوکوومەتی ئێران لەشکرێکی زۆری لە «قۆزاق»ەکان پێکەوە ناو بەرەنگاریی سمکۆی کرد و لە مەڵبەندی خۆی «گوندی چاریی - چەهریق»ی دوورخستەوە و دوایی سمکۆ دووبارە دەستی

٢- ١/٩٥؛ ل ٢٦١.

٣- ١/٩٥؛ ل ٢٦١.

٤- ١/٩٥؛ ل ٢٦٤.

دایەوە شۆڕش و چالاکیی، بەڵام ڕەزا خان -ڕەزا شا- بوو بەوەزیری جەنگ و فەرماندەی گشتیی لەشکر کە نێرووی ناردە سەر سمکۆ و ناچاری کرد پەنا بباتە بەر تورکیا وە ئەویش لە چەکی داماڵیی و دووری خستەوە بۆ گوندێ!

لە ساڵی ١٩٢٤ز.دا دوای دەرچوونی فەرمانێ بۆ لێ خۆش بوونی، گەڕایەوە بۆ ئێران، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٦ز.دا دووبارە ڕاپەڕی و سەرئەنجام شکا و ڕایکردە تورکیا و لە ئەوێدا گیرا و دوایی بەردرا و گەڕایەوە بۆ ئێران و کوژرا!)[٥].

مارتن ڤان برۆنەسن بزووتنەوەکەی سمکۆی هەڵسەنگاندووە و دەبێژێت؛ (یێکێ لە هۆ سەرەکییەکانی سەرنەکەوتنی سمکۆ، بریتیی بوو لە نەبوونی دەزگەییێکی ڕێکوپێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری و زۆربەی ئیشەکانی لەلاییێن خزم و دەست و پێوەندەکانی خۆیەوە بەڕێگەوە دەبران. نە لیژنەییێک، نە ڕێکخراوێک، نە دەزگەییێکی هەبوو بۆ ڕاوێژکردن. هەروەها هێزەکانی لەلاییێن دەزگەییێکی سوپاییەوە بەڕێگەوە نەدەبرا و ئەوەی کە لە «ورمێ» و «سابلاغ/ مەهاباد»دا هەی بووە، بریتیی بووە لە سەرخێڵەکان کە هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ دانیشتووەکانی باژێڕەکان نەبووە، بڕیار و نەخشە و پلانێکی ڕێکوپێکی نەبووە بۆ کۆکردنەوەی باج و چۆنییەتیی خەرجکردنی ئەو باجە وەرگیراوانەی کە لە ڕاووڕووت و تاڵانییدا چەکدارەکانی دەستگیریان دەبوو. زۆربەی هێزەکەی سمکۆ بریتی بوو لە کۆنەسەربازەکانی زەمانی عوسمانیی، بەڵام ئەوانە زوو وازیان لێ هێنا هەر کە حوکوومەتی تورکیا لە ساڵی ١٩١٩ز.دا لێ خۆش بوونی بۆ دەرکردن.

سمکۆ هەوڵێکی زۆری دا کە بەهۆی سەیید تەهای دۆستییەوە -ژنبرایەوە- یارمەتیی لە ئینگلیزەکان دەستگیر بکات بەڵام بێ سوود بوو. پێوەندیشی لەگەڵ کەمالییەکان -تورک- هەبوو، بەڵام ئەوانیش درۆیان لەگەڵ کرد و دەستیان بڕیی!)[٦].

لە کتێبی (کورد و عەجەم)دا بزووتنەوەکەی سمکۆی هەڵسەنگاندووە و دەبێژێت؛ (سمکۆ لە بزووتنەوەکەیدا هەیئەتێکی ئەرکانی جەنگی نەبوو. ڕێکخراوێکی سیاسی یان ئەنجوومەنێکی سەرکردایەتیی نەبوو، هەروەها ستراتیژیی جەنگی و سیاسی دیاری نەبوو، هێزەکانی لە چەکدارەکانی هۆزەکان پێک هات بوو کە هەموو نارێک بوون و مەشقیان نەبوو، شارەزای شەڕی نیزامیی نەبوون و بەتەنێ بەشەڕی چەتەگەرییەوە ڕاهات بوون، بۆییێکا نەیاندەتوانیی پارێزگاریی

٥- ١/٩٥؛ ل ٢٦٢-٢٦٣.

٦- ١/٩٥؛ ل ٦٨٠-٦٨١.



نێوچە و باژێڕە ئازادکراوەکان بکەن لە پەلامارەکانی نێرووەکانی ئێران.

لە دوای ڕستگارکردنی «ورمێ» و «سەڵماس» و «سابلاغ» جووڵانەوەکەی سمکۆ تووشی سستیی بوو و نەتەنیەوە بۆ شوێنە کوردنشینە گرنگەکانی دی وەک کوردستان «سنە» و کرماشان «ئیلام».

سمکۆ سوودی لە هەل و دەرفەتی لاوازبوونی ئێران وەرنەگرت بۆ پێکهێنانی لەشکرێکی ڕێکوپێک و دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسیی و کۆکردنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی خەڵک و دامەزراندنی بەیوەبەرایەتییەکی ئەوتۆ لە کوردستاندا کە ماف و ئاسایش و سەروسامانی خەڵک دابین و پارێزگار بکات کە لەو کاتەدا ئێران بەتەنگوچەڵەمەییێکی قووڵدا تێ دەپەڕیی و لە چەند شوێنێکی جوێ جوێدا هەڵگەڕاندنەوەی چەکداریی دژی دەسەڵاتی حوکوومەتی مەرکەزیی دەستی بێ کرد بوو. سمکۆ لەگەڵ ئەوە نەیتوانیی پێوەندیی و هاوکاریێ و هاودەنگیی دابمەزرێنێت. لەبەر ئەوە زەمینەی ناوەکیی تێکشکانی بزووتنەوەی -کە بەچارەنووسی خۆیەوە بەند بوو- هەتا دەهات تەختتر دەبوو وە حوکوومەتی ئێران لە دوای خۆگرتنەوەی توانیی بەچەند پەلاماری یێک لە دوای یێکەوە، نێوچە ئازادکراوەکان لە سمکۆ بسێنێتەوە و بزووتنەوەکەی بەتەواوی بشکێنێت!)[٧].

سمکۆی شکاک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا تێدەکۆشا... لە ئەو پێناوەدا داوای یارمەتیی لە ڕووس، تورک، ئینگلیز کرد و کەسیان پشتیوانی نەبوون و ئەویش نەبوو بە کاغەزی یاریی سیاسەتیان.

سمکۆ چەند جارێ لە لاییێن ڕووس، تورک، عەجەمەوە گیراوە. عەجەم و تورک چەند جارێ پیلانی کوشتنیان لێ کردووە! عەجەم وەک باب و باپیرانی و دوو برای کوشتووە، جارێ بەنێوی دیارییەوە نارنجۆکیان بۆ نارد و بەرنەکەوت، بەڵام دواجار هەر بەپیلانی ئەوان شەهید بوو. جارێکیش پەنای بردبووە بەر تورک، بەڵام کەمالییەکان پیلانی کوشتنیان لێ کرد و پەلاماریان دا و ژنێکی کوژراو «خەسرەو»ی کوڕی دیل کراو خۆی ڕستگار بوو.

بنچینەی خوێندەواریی سمکۆ ڕوون نییە، بەڵام زمانەکانی فارسیی، تورکیی، ڕووسیی زانیوە.

سمکۆ چەند ژنێکی هێناوە، یێکێکیان خوشکی هاوەڵی، سەیید تەهای شەمدینییە. چوار کوڕی هەبووە کە گەورەکەیان -تا ئەوڕۆ بەژیانەوەیە و لە تورکیا دایە- خوسرەوە کە ئەفسەری

٧- ١/٩٥؛ ل ٦٨٠-٦٨٣.

خانەنشینە. هەروەها کیژێکی خوسرەو (سەفییە)ی کابانی شێخ جیتوی کوڕی شێخ تەها شەمدینی دانیشتووی هەولێر بوو کۆچی کرد![8]

### ❑ شێخ ئەمین شێخ محەممەد خاڵ(*)

(شێخ ئەمین خاڵ/ ئایینناس: ١٨٤٢ز ـــ ١٩٣١/٦/٢ز. سلێمانیی).

وەچەی مەلا ئیسماعیل کوڕی مستەفا کوڕی مەلا شەمسوددین –هاوسەردەمی بنیادنانی بازێڕی سلێمانیی لە ١٧٨٤ز.دا– کوڕی مەلا عوسمان کوڕی سەیید مەحموود کوڕی سەیید محەممەد کوڕی سەیید حەسەنی ناسراو بەئەبووبەکری موسەننیفی شارەزووریی گۆرانیی نەوەی سەیید بایەزیدی کوڕی سەیید محەممەدی خواناسی بەنێوبانگ پیرخدری شاهۆیی! خوێندنی سەرەتایی لەسەر دەستی هەردوو زانای ناسراو! مەلا محەممەدی کەوانە دۆڵیی و شێخ عەبدولقادری سنەیی دەست پێ کردووە. دوایی چووەتە کۆڕ و ڕێبازی نەقشبەندییەوە و شێخ بەهائوددینی شێخ سراجوددین ئیجازەی لێ پیرۆز کردووە و لە سلێمانییدا بووە بەجێ نشین – خەلیفە–ی ئەو ڕێباز، و ئیدی خەریکی ڕێنمایی خەڵک بووە بۆ خواپەرستی و چاکە و جوامێریی. لە ئەدەبی عەرەبی، کوردیی، فارسییدا شارەزا بووە. قەسیدەی بەنێوبانگی ئەو کە لە ڕێگەی حەجدا گوتوونی، وێنەی عەشقێکی گیانی گیانیی و خوداناسییە! لە هەموو ژینی خۆی و سەردەمەکاندا، خۆی لە کاروباری حوکوومەتیی بەدوور گرتووە!.

مزگەوتی حاجیی شێخ ئەمینی خاڵ لە گەڕەکی گۆیژەی سلێمانییدا –ئێستەش ئاوەدانە– خۆی ئاوەدانی کردبووە و فێرگەی زانستیش بوو تا سەرەتاکانی حەفتاکان. لەلای خەڵکی سلێمانیی و کوردەوارییدا ڕێزێکی دیار و تایبەتی هەبووە.

### ❑ بابا عەلیی شێخ مەحموود حەفید(**)

(س ١٩١٢ز. سلێمانی ـــ ١٩٩٦/٦/٢٠ز. لۆندون)

کوڕی نێوجێیی حەفید زادە مەحموود. دوای تەواوکردنی ئامادەیی بەغداد ڕووی کردووەتە بازێڕی ئەسکەندەرییەی میسر و لە نێوان ١٩٢٨ز–١٩٣٢ز.دا لە (کۆلیجی ڤیکتۆریا)دا

٨– ٩٥/١؛ ل ٦٨٠–٦٨٣.

(*) ژیننامەیێکی عەرەبی نووسراوی مامۆستا شێخ محەممەد خاڵ –بەتایپیرایتەر– کە خۆی پێشکەشی کردووم.

(**) سەرچاوە: کوردستانی نوێ – س١٩٩٦.



خوێندوویەتی! دوایی ڕووی کردووەتە بازێڕی نیویۆرکی ئامریکا و لە (کۆلیجی ئابووری – زانکۆی کۆلۆمبیا)دا خوێندوویەتی و باوەڕنامەی لە زانستی ئابووریدا پێ براوە.

دوایی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق... ماوەیی لە دەزگەی شەمەندەفەردا کارگێڕ بووە، دوایی لە کابینەی وەزارەتی ئەرشەدولعومەریی لە ١٩٤٦/٦/١ز.دا وەزیری ئابووریی بووە. هەر لە هەمان ساڵ و نوبەم وەزارەتی نووری سەعییدیدا هەمان پۆستی وەزاریی بەرکەوتووە. لە یێکەم وەزارەتی حوکوومەتی عەبدولکەریم قاسمدا پۆستی وەزیری کۆستنەوە و هاموشۆی بەرکەوتووە، بەڵام لە ١٩٥٩/٢/٧ز.دا دەستی لە کار و فەرمان هەڵگرتووە و ئەوجا لە س١٩٦٨ز.دا هەمان پۆستی بەرکەوتووەتەوە! دوایی ڕووی کردووەتە بەیرووت و دواتریش –دوای کۆشش بۆ کوشتنی لە لایێن ڕژێمی بەعسی عەرەبی عێراقەوە– ڕووی کردووەتەوە لۆندن و پەنابەر بووە تا لە ئەوێدا کۆچی کردووە.

ژنی هێناوە... نەوەی هەیە... هیچ دانراوێکی نییە و چەند زمانێکی بیانیی زانیوە. لەنێو ڕۆشنبیرانی کورددا، ڕەنگی تێکەڵیی و هاودەنگی نییە!

### ❑ پاکیزە ڕەفیق حیلمی

(نووسەر/ س١٩٢٤ز. سلێمانیی ـــ ٢٠٠٢ز)

کچە گەورەی ڕەفیق حیلمییە. ساڵی ١٩٥٢ز ماجستێری لە زانکۆی هارڤەردی ئامریکا و دکتۆرای لە زانکۆی لۆندۆندا وەرگرتووە. هەروەها لە زمانە سامیەکانیشدا دوکتۆرای لە قاهیرە پێ براوە.

یێکەم ژنە کوردی کوردستانی باشوورە کە خوێندنی باڵای دەستگیر کردبێت. مامۆستا، ئەوجا ڕاگری کۆلیجی ئاداب – بەشی وردیی زانکۆی بەغدا بووە، ماوەیێ مامۆستای زمانی عەرەبیی بووە لە زانکۆی عەممان/ ئوردووندا. دەستی لە شیعردا هەیە. گوتاری ئەدەبی و زمانەوانی زۆرە.

ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق – کورد بووە. خاوەندی چەند دانراوێکی زانستیی و ئەدەبیی و زمانەوانییشە، لە نێودا:

١– ژیانێکی پڕ ئەندێشە؛ بەغداد – ١٩٦١ز.

٢– صيغ الجموع في اللغة العربية مع بعض المقارنات السامية – بغداد؛ ١٩٧٢.

نێوبراو دایکە، هاوسەرەکەی عەرەب بووە و دەرنگانێ لێی جودابووەتەوە. چەند منداڵی گەورەی لێی هەیە.

## ⊖ ☼ تاهیر مەلا مەحموود(*)

(تاهیر بەهجەت/ مەریوانیی: بڵاوکەرەوە. نووسەر. پزیشک: س١٩٠٥ز. سلێمانی ــ ٣٠/ ١٠/ ١٩٧١ز. ئامریکا)

بابی؛ مەلا مەحموود مەلا محەممەد ئەمین سدیقیی زادەی خەڵکی «خەڵووزە»ی سەر بەباژێڕی مەریوانی کوردستانی خۆرهەڵاتە، بەفەقێیاتیی هاتووەتە سلێمانیی و ماوەیێ بەمەلایەتی و پتریش بەمۆر هەڵکەندنەوە خەریک بووە. دایکی ئامینە قادرە کە ئامۆزای محەممەد زەکیی ناسراوی کوردە! خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانییدا دەسگیر بووە. بەڕۆشنایی کار و فرمانی دوارِۆژی، وێ دەچێت لەمەڕ تەندروستی ئاژەڵ (بەیتال) خوێندبیەتی و بووبێت بەبرینپێچ، بۆیێکا لەساڵی ١٩٢٦ز.دا لە ئاوایی «شارەبان»دا کارمەندی بەیتاڵ بووە. بەڕۆشنایی قسەوباسی نووسراوی ئەحمەد شوکری هاوەڵی؛ وێ دەچێت بەر لە ساڵانی ١٩٣٠ز-١٩٣١ز.ەوە ڕاگواسترابێتەوە بەغداد و بەدەم فەرمانەکەیشیەوە بەشەو خوێندنی ئامادەیی تەواو کردبێت، بۆیێکا دوارِۆژ بۆ ی لواوە لە ئامریکادا بچێتە کۆلێجی پزیشکیەوە.

لە نێوان ١٩٣١ز.دا خۆی (مەریوانیی) و هاوەڵی (کوردیی)؛ مستەفا سایب پرۆژەیێکی دووقۆڵیی کۆ و چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردییان بەنێوی (نەشرییاتی کوردیی و مەریوانیی)ەوە ڕایی کردووە، تەنانەت خۆی چاپخانەیێکی کڕیوە (چاپخانەی مەریوانیی)ەوە دوایی فرۆشراوە.

بەڕۆشنایی نامەی ٨/١٩٣٨ز بۆ مستەفا سایب، دیارە لە نیوەی مانگی ئاب/١٩٣٨ ز.دا ڕووی کردووەتە ئامریکا بۆ خوێندنی پزیشکیی نامەیشی بەڵگەیە ئەو ساڵە یان ساڵی ١٩٣٩ لە کۆلیجی (دەرمانسازیی و زانست College of Parmacy& Sience؛ زانکۆی فیلادەلفیا) دەستی بەخوێندن کردووە! دوای ماوەیێکی کەم نیازی خوێندنی لە ئەڵمانیادا کردووە بەڵام نەچووە و هەر لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە.

دوای مادەیێ -وەکو مستەفا سایب بۆ جەمال بابانی گێڕاوەتەوە- لەبەر بێ دەرامەتیی خەریک بوو دەست لە خوێندن هەڵبگرێت، بەڵام محەممەد ئەمین زەکیی بۆی تێ کەوتووە و

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- هێندێ بەڵگە و یادگاری بەردەستم.

٢- ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی : ژیان - س١٩٢٦ز، ژین - س١٩٧١ز [ئەحمەد شوکری]، گەلاوێژ، نزار، هەتاو، عێراق - س١٩٧٤ز [مستەفا نەریمان]، ڕەنگین - ژ١٢٩، س١٩٩٩ز [کوردیی و مەریوانیی کێن؟ بەشی دووەم - جەمال بابان، ل٢٦-٢٧]



خراوەتە سەر خوێندکارەکانی دەوڵەتی عێراق تا بۆ لواوە خوێندنەکەی تەواو بکات. گوتاری لە (گەلاوێژ - س١٩٤٦ز) دیارە کە باوەڕنامەی (M.S.C)ی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٤٨ز بەدواوە لە گۆڤارە کوردییەکاندا نێوی بەپزیشک دەرکەوتووە.

بەڕۆشنایی نامەی خۆی -بۆ مستەفا نەریمان- لە ساڵی ١٩٥٢ز.دا هاتووەتەوە بۆ دیدەنیی نیشتمان و کەس و کاری و -وەک ئەحمەد شوکریی گوتوویەتی- ویستوویەتی دیدەنیی (مەریوان) و خزمانی بکات بەڵام ڕێگەی پێ نەدراوە و ناچار دوایی گەڕاوەتەوە بۆ ئەمریکا و تا مردن تێیدا ژیاوە!

مەریوانیی، لە نێوان ١٩٤٥ز-١٩٦٣ز.دا پێوەندیی ڕۆشنبیریی خۆی، بەهۆی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (ژین، گەلاوێژ، نزار، هەتاو)ی کوردستانی باشوورەوە هەبووە و لەگەڵ هاونەتەوەکانی هەواڵ و پرسیاری تەندروستیی گۆڕیوەتەوە و ڕوون کردووە. وێڕاشی دیارە لەگەڵ شاعیر و نووسەران پێوەندیی توندوتۆڵی هەبووە!

پرۆژەی (نەشرییاتی کوردیی - مەریوانیی) یادگارێکی مێژوویی، وێنەی خەباتی ڕۆژنامەگەریی و نەتەوەیی و خۆی و هاوەڵەکەیەتی.

تاهیر بەهجەت مەریوانیی کە کوردیی، تورکیی، فارسیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی باش زانیوە، -بەڕۆشنایی دوانووسینی جەمال بابان- لە ژیانیدا سێ جار ژنی هێناوە، لە بەغدادا ژنە عەرەبێک لە ئەمریکاوە تەڵاقنامەی بۆ ناردووە و منداڵی لێ نەبووە. لە ئەمریکاشدا (روزالین) نێوێ کە منداڵی لێ نەبووە و تەڵاقی داوە. هەروەها (کاترین) نێوێ کە لە ئەمیان تاقەکیژێ (پەریی) لێ بووە و ئێستە لە ئەمریکادا دەژیی و شووی کردووە و پێوەندیی لەگەڵ برازاکانی تاهیردا لە بەغدادا هەیە[١].

---

(١) کاک جەمال بابان ئەم باسانەی لە پارێزە، پەروێز محەممەدی برازای تاهیر وەرگرتووە. بەڵام نێوبراو، هەروەها ئومێدی کوڕەزای شاکیر موجریی هاوەڵی تاهیر کە گوتوویەتی (تاهیر لە س١٩٣٥ز.دا) و جەمال بابانیش گوتوویەتی لە (بەینی ساڵەکانی ١٩٣٧-١٩٣٨ز)دا چووە بۆ ئەمریکا و بۆ خوێندن، هەڵەن و یاداشتەکانی بەڵگەن. هەروەها ئەو گوتەیەی کە نووسراوە گۆیا (ساڵی ١٩٥١ز) گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، ئەوەش هەڵەیە و نامەی خۆی بەڵگەیە!

جەمال بابان -دیارە لە برازای تاهیرەوە- دەشبێژێت ساڵی ١٩٦٨ز هاتووەتەوە بۆ بەغداد و لە نەخۆشخانەی زانکۆی ئەمریکایی - بەیروتدا لەبەر نەخۆش کەوتنی، ماوەیێ کەوتووە و ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ ئەمریکا و تووشی (بیر ئالۆزیی - لە بیرچوونەوە/ داء النسیان) بووە و مردووە! من لە ئەم بارەیەوە هەرهێندە دەڵێم لە ساڵی ١٩٦٨ز.دا من خۆم بەغدادنشین و تێکەڵی ڕۆشنبیران و=

مخابن هیوا و هاواری بۆ ناشتنی لە کوردستانی نیشتمانیدا نەهاتە دیی و بوو بەژێرخاکی ئەمریکاوە![٢].

= ناسراوانی کورد بووم و کەسم نەدیتووە و نەشمبیستووە بڵێت (تاهیر) هاتووەتەوە!! بەڵام بۆ ئەوەی نووسیویەتی: (لەسەر چاپکردنی کوردیی، چەند جار ئەو دوان -کوردیی و مەریوانیی- تووشی کێشە بوون)، ئەوە چاوەنۆڕکراوە، بەتایبەتی کە دانراوەکەی ئەمین زەکیی (دوو تەقەللای بێ سوود- س١٩٣٥ز) بەچاپخانەی (مەریوانیی) چاپ کرا و بەر لە بڵاوبوونەوەی قەدەغە و کۆکرایەوە.

لە ئێرەشدا پێویستی دەبینم لێ کۆڵەکان و خوێندەواران ئاگادار بکەم کە (دۆسێی تاهیر بەهجەت مەریوانی/ مطبعة المريواني) لە دەزگەی مەڵبەندی هەڵگرتنی بەڵگەنامەکان (مرکز حفظ الوثائق؛ بغداد)دا هەیە و من ژمارەکەییم لای خۆم نووسیی و ساڵی ١٩٨٩ز کە چوومەوە بۆ دۆزینەوەی و تەماشاکردنی، ڕێبەری گشتیی دەزگەکە مامۆستا حەمیدولعەلوەچیی دۆستی بەڕێزم، ژنە فەرمانبەرێکی بانگ کرد کە یارمەتیم بدات. بۆ وەرگرتنی. دوایی هاتەوە و گوتی: (دیار نییە) و ئەو ژمارەیە دۆسییەک بووە و ئێستە لەسەر مایکروفیلمیش نییە!). بەڕاستیی زۆر دڵتەنگ بووم، بەتایبەتی کاتێ داوای (پسووڵەکەمم کردەوە کە ژمارەکەم لێ نووسیبی بوو!) گوتی: (دڕاندم). هیوام بەخوایە لێ کۆڵەکان (ئەو دۆسێیەیە و دۆسێی ڕەفیق چالاک کە ژمارەکەی ئەویش لەسەر هەمان پسووڵەدا بوو) بدۆزنەوە و هەواڵی ڕاستتر و بەنرختر لەمەڕ (نەشرییاتی کوردیی و مەریوانیی و مەتبەعەی مەریوانیی) ڕوونتر بێتەوە.

(٢) ئازاد جەمیل سابیب چەند جارێ بۆ منی گێڕاوەتەوە کە لە حەفتاکاندا -دیارە ساڵی ١٩٧١ز بووە- لە ماڵی برا گەورەیدا لە بەغداددا میوان بووە کە شەوێ ئەسعەد خەیلانیی هاوڕێی براکەی لە ئەمریکاوە تەلەفوونی بۆ کردووە و لە ڕاییڵەی گوتوبێژدا پێی گوتووە: پیرێکی نەخۆش لە نەخۆشخانەی بیر تێکچووندا کەوتووە و پەرێشانە و هاوار هاواریەتی و دەڵێت (نامەوێت لێرە بمرم، بمبەنەوە بۆ کوردستان، بۆ سلێمانی، بۆ گردی سەیوان!) و خەستەخانەش لە کوردییەکەی ناگەن و بەدەستییەوە داماون.

ئەویش لێی دەپرسێت: کێیە و کوێندەرییە؛

وەڵامی دەداتەوە؛ نێوی (تاهیر بەهجەت مەریوانییە!).



## ❑⊖ تۆفیق مەحموود ئاغا هەمزە ئاغا مەسرەف(*)

(سلێمانیەلی تۆفیق/ پیرەمێرد: شاعیر، ڕۆژنامەڤان؛ س١٨٦٧ز ـــ ١٩/٦/١٩٥٠ز. سلێمانیی).

وەچەی مەلا وەیسی مەلا محەممەد نەجەف قولی بەگ و بنەچەیشی خێڵی بەختیارییە!

ژین و کرداری بەر سێ قۆناغ کەوتووە:

١- قۆناغی خوێندن و پێ گەیبیشتن لە منداڵییەوە لە نیشتمان و لە لاویەتییدا لە ئەستەنبووڵ لە نێوان ١٧٧٤ز-١٩٠٨ز.دا.

٢- قۆناغی تێکەڵی لە خەباتی سیاسیی، ڕۆژنامەنووسیی، کار و فەرماندا لە ئەستەنبووڵ؛ ١٩٠٨ز-١٩٢٤ز.دا.

٣- قۆناغی گەڕانەوە بۆ نیشتمان و خەباتی هۆش و بیر و قەڵەمی لە نێوان ١٩٢٥ز-١٩٥٠ز.دا.

قۆناغی یێکەم:

لە حەوت ساڵاندا خراوەتە بەر خوێندنی حوجرە و بەردەستی مەلا حسێنە گۆجە. نۆ ساڵان بووە -١٨٧٦ز- لەسەر ڕاست و چەوتی شیعرێکی حافیزی شیرازیی ڕقەبەرایەتیی لەگەڵ مامۆستاکەی کردووە و سەرئەنجام لێیی جوێ بووەتەوە و -بەهۆی حەسەن ئەفەندیی مامییەوە- چووەتە بەر حوجرەی مەلا سەعیدی زەڵزەڵەیی.

وێ دەچێت تا ساڵی ١٨٨٠ز خوێندنی بردبیەتە سەر. دواتر چووەتە بەردەستی مەلا مەحموود

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ١/٤٦.
٢- ١/٤٧.
٣- سەرجەمی دیوانی پیرەمێرد بەغداد - س١٩٩٠ز.
٤- ١/٩٠.
٥- ١/٩٣.
٦- بەڵگەنامەکانی بەردەستم.
٧- ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ١٩٠٨ز-١٩٥٠ز.
٨- ژیان، ژین (س١٩٢٥-١٩٥٠).

مەلای (مزگەوتی هەمزە ئاغا)ی خۆیان و لە هەمان هەلدا وەکو فەقێش -بۆ دەستگیرکردنی خوێندن- پتر بەنێو مزگەوتەکانی سلێمانییدا سووڕاوەتەوە، تەنانەت دیدەنییەکی باژێڕی (بانە)ی کوردستانی خۆرهەڵاتیشی کردووە و لە خوێندنی عەرەبییدا سەرکەوتووە. لە ئەیلوولی ۱۸۸۸ز.دا دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و بووە بەنووسەری دەزگای سەرژماردن -کاتیب نوفووس-ی باژێڕی سلێمانیی ئەوجا بەقسەنووس؛ کاتیب زەبت.

خۆی دەگێڕێتەوە؛ لە نێوان ساڵانی ۱۳۰۳ر-۱۳۰۵ر/۱۸۸٦ز-۱۸۸۹ز.دا فەرمانبەر بووە بەسەر موڵکەکانی سوڵتانەوە -ئەرازیی سنییە- لە هەڵەبجەدا! ئەوجا لە ئەو دوامێژووەوە سەرنووسەر -باشکاتیب-ی ئاوایی سیتەکی مەڵبەندی قەزای شارباژێڕ بووە و تا تەشرینی یێکەمی س۱۸۹٥ز ماوەتەوە. لە ئەم مێژووەوە ڕاگواستراوەتەوە بۆ کاری جێنشینیی داواکاری گشتیی دادگەی کەربەلا -نائیب موددەعی عام- و پەسەندی نەبووە و نەچووە. ئیدی دەستی لە کاری حوکوومەتیی هەڵگرتووە. لە ئێرە بەدواوە بووە بەنووسەری تایبەتی و سەرپەرشتی کاروباری ڕەسمییانەی (شێخ مستەفای نەقیب)ی کوڕەزای کاکە ئەحمەدی شێخی سلێمانیی!

لە س۱۳۱۷ر-۱۹۰۱ز.دا بەهۆی ئەو پێوەندییەوە، یاوەر و هاوڕێگەی شێخ سەعیدی حەفید و شێخ مستەفای نەقیب و خزمان و دۆستانیان بووە کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم داوەتی کردبوون بۆ ئەستەنبووڵ!

دوای سێ مانگ مانەوە، لە س۱۳۱۸ر/۱۹۰۱ز.دا، لەگەڵ شێخ سەعید و یاوەرانیی ڕووی کردووەتە حیجاز بۆ حەجکردن و لە س۱۹۰۲ز.دا لەگەڵیان گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و -ئەوان لە ۱۹۰۳ز.دا گەڕاونەتەوە - ئەم لە پێتەختەکەدا ماوەتەوە.

لە ئەم هەلەدا، بەهۆی زیرەکیی و فارسیی زانین و خۆشنووسییەوە بەپێشنیازی عیززەت پاشای دەسەڵاتداری دیوانی حوکوومەتەوە، بووە بە (ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای نووسەران«!!» )ی حوکوومەت و ناسنێوی (بەگ)ی پێ بڕاوە و لە دەزگاکاندا بە (حاجیی تۆفیق بەگ) ناسراوە(۱).

وێڕای پێ نەگەیشتنی لە قوتابخانە ڕەسمییەکاندا، هەر بەژیری و سەلیقەی خۆی و بەیارمەتیی پاشای باسکراو، لە (فێرگەی قانوون/ مەکتەب حوقووق)ی ئەستەنبوڵدا وەرگیراوە

(۱) لە سەرچاوەکاندا -لە عەلائوددین سەججادیی بڵاوکەرەوەی باسەکەوە- جۆری ئەنجوومەنەکە نیشانە نەکراوە؛ ئایا ئەنجوومەنی باڵای نووسەرانی سوڵتانە یان ئەنجوومەنی باڵای نووسەرانی دیوانیی/ حوکوومەتیە؟ من خۆم پێم وەیە؛ ئەنجوومەنی دووەمە، بۆیێکا ئەوهەم لێ نووسیوە!



و -بێ گومان دوای چوار ساڵ خوێندن- بەحەوتەمی ڕیزی خوێندکارەکان دەرچووە و بووە بە قاننوونناس! هەر لەم قۆناغەدا، لە بەرە باپیرە گەورەیەوە، هاوسەری یێکەمی لە سلێمانییدا هێناوە و دوو کیژی لێ هەبووە. لە سەرەتای جێگیر بوونیشی لە ئەستەنبووڵدا - ڕەنگبێ لە ۱۹۰۲ز-۱۹۰۳ز.دا، ژنە تورکێکی هێناوە و دوو کوڕی لێ بووە(۲).

قۆناغی دووەم

لە دوای هەڵکەوتنی مەشرووتی س- ۱۹۰۸ز.دا، دەستی داوەتە کاری پارێزەریی و سیاسەت و ڕۆژنامەڤانیی. لە ئەم هەڵەدا تێکەڵی ڕێکخراوی سیاسیی کورد (کۆمەڵی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد - ۱۹۰۸/۹/۱۹ز) بووە و لەنێو (۱۰) ئەندامی دامەزرێندا هەڵبژێردراوە بەخاوەند و ڕێبەر و نووسەری ڕۆژنامەی زمانحاڵی کۆمەڵەکە؛ (ڕۆژنامەی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد)ی ئەحمەد جەمیل دیاربەکریی سەرنووسەر بووە!

خۆی دەگێڕێتەوە: لەسەر کوردایەتیی - س۱۹۰۹ز - گیراوە و لە سیدارە ڕستگاری بووە(۳).

دواتر کەوتووەتە کۆڕی کار و فرمانی ڕەسمییەوە و لە ۱۹۰۹/۹/٥ز - ۱۹۱٤/٤/۱٤ز.دا قائیمقامی (جولەمێرگ) و لە دوا مێژووشەوە تا ۱۹۱٥/۲/۲۱ز قائیمقامی (قەرە مووسڵ) و لە ۱۹۱٥/۲/۱ز.دا قائیمقامی (یاڵاداوە) و ئەوجا لە ۱۹۱٦/۹/۲۸ز.دا قائیمقامی (بەیتولشەباب) و لە ۱۹۱۷/۳/۱۸ز.شدا قائیمقامی (گمووش کۆی) و لە ۱۹۱۷/٥/۲۲ز.دا قائیمقامی (ئەتەبازاڕیی) و لە ۱۹۱۸/٤/۱۷ز.دا موتەسەڕڕیفی باژێڕی (ئەماسیە) بووە کە ئەمە دوا فرمانە و کاریەتی!

هەواڵی ڕاست و ڕەوان بەدەستەوە نییە کە دوای ئاگربڕی (۱.ج.گ) تا گەڕانەوەی بۆ کوردستانی باشوور چ کارە بوو، بەڵام بەڕۆشنایی هێندێ قسەوباس و نووسینی خۆی، و دەچێت کە خەریکی سیاسەت و کوردایەتیی بووبێت و ڕۆژ بەڕۆژیش باری ژین و گوزەرانی نالەبار بووبێت، بۆیێکا -دوای هاندانی خزمانیشی- بڕیاری گەڕانەوەی داو تا لە

(۲) بە ئەو ڕۆشناییەی کوڕە گەورەکەی (نەژاد) لە داییک بووی ساڵی ۱۹۰٤ز.ە!

(۳) ئەم باسە ڕێکەوتی هەڵگەڕانەوە سەربازییەکەی ئەفسەرە ناڕازییەکانی نێو پارتی یێکییەتی و پێشکەوتنی تورکی عوسمانییە کە لە ۳۱ مارت ۱۳۲٥ و/ ۱۳ نیسان ۱۹۰۹ز.دا یاخیی بوون و لە ڕاییێڵەیدا زانا و ڕۆشنبیر و گەورە پیاوان گیران و ئەمانەش -دوای سەرگرتنی یاخیی بوونەکە- بە لێ بوردنە گشتییەکەی ۱ تەمووز ۱۳۲٥ر/ ۱۹۰۹ز، ئازادبوون!

١٨/١١/١٩٢٤ز.دا بەڕێگەی حەلەب – شامدا گەییشتووەتە بەغداد و ئەوجا شەوی ٣٠/١/١٩٢٥ز گەییشتووەتەوە سلێمانیی.

قۆناغی سێیەم:

هەرە قۆناغی ڕۆشنبیریی گرنگییەتی کە لەگەڵ گەڕانەوەی و لە ٢٤/٢/١٩٢٥ز.دا نێوی لە ڕیزی دامەزرێنەکانی (ک.م.و. سلێمانیی) (جمعية الدفاع عن الوطن)دا دەرکەوتووە.

بەلێکدانەوەی من، ئەم کردەوەیەی وەک کارێکی ناچاریی دێتە بەرچاو، بەتایبەتی کە زۆر دڵشکاو بووە و کەڵکەڵەی گەڕانەوەی یێکجاریی بۆ ئەستەنبووڵی کەوتووەتە سەر و لە ١٧/٩/١٩٢٥ز.دا ڕووی کردووەتە بەغداد. ڕۆییشتووە و دوایی لە ٢٣/٢/١٩٢٦ز.دا هاتووەتەوە بۆ سلێمانی![٤]

وێ دەچێت کە بڕیاری دابێت هەرگیز توخنی چ پارتێکی سیاسی نەکەوێت و خۆی دابنێت بۆ خەباتی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەنووسیی، بەتایبەتی کە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی موتەسەڕریف هاودەنگی بووە!

تێکەڵییە گەورە و ناسراوەکەی لە (ک.ز.ک – سلێمانیی)ەوە دەست پێ دەکات کە لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەردا، شەوی دووشەممە ٢٢/٢٣/٨/١٩٢٦ز، بەئەندامێکی دەستەکە هەڵبژێردراوە. هەروەها لە هەڵبژاردنی دووەم دەستەدا لە ١٣/١٠/١٩٢٦ز بە سکرتێری کۆمەڵەی نێوبراو دەرکەوتووە کە تا ساڵی ١٩٢٨ز لە کرد و کۆشدا، بگرە لە هەرە چالاکەکانی کۆمەڵی نێوبراودا بووە.

(٤) هەر لە ئەوێ دەمێدا، پیرەمێرد –بەبێ ئیمزا– لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە – س١، ژ٣٤، ٦/٨/١٩٢٥)دا شیعرێکی جوان، بەڵام نارەوا و پڕ تانەوتەشەڕی بەرەو ڕووی حەفید زادە مەحموودی شۆڕشگێڕ کردوووەتەوە کە سەرەتا و کۆتای ئەمەیە:

لە گوێم دێ دەنگی لایلایەی وەتەن؛ دایکی جگەرسووتاو
دەرێژێنێ بەسەر وێرانەکەی خوێن ئاو یا خوێناو
لەباتیی پرچ وەکو ورچ پایتەختی شوومی ئەشکەوت بوو
سیواک و زەرگی، خەنجەری شەو کەمەندی تەوقی لەعنەت بوو!!

ڕاستییەکەی ئەم کارەی پیرەمێرد –کە ماوەییێک حەفید زادەی لێ زویر بووە– یێکێکە لە ئەو هەڵانەی پیرەمێرد کە دوایی هەر خۆی لێی پەشیمان بووەتەوە! مخابن لە ئەدەبی کوردییدا ناسڕدرێتەوە!



کۆمەڵی نێوبراو هەر لە دامەزراندنییەوە لە کاربەدەست و دەوڵەمەند و ڕۆشنبیرەکان پێک هات بوو. هێندێکیان مەبەستی سیاسی و هێندێکیان مەبەستی کەڵکی تایبەتیان هەبووە. ئەو لە ئەو مەبەستانە خۆی دوور گرت بوو، بۆیێکا –وێڕای توانا و دڵسۆزیی– ناچار بووە لاتەریک بێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٢ز.دا کە ئەحمەد بەگ بە موتەسەڕریفی سلێمانیی دامەزرایەوە، سەرلەنوێ –دوای پەک کەوتنی کۆمەڵی نێوبراو– بۆ بووژاندنەوەی هاتەوە ڕیزی پێشەوە، تەنانەت لە ١٩٣٣ز.دا بووە بەسەرۆکی کە تا داخستنی لە ١٩٣٨ز.دا خۆی بۆ تواندووەتەوە!

دەوری پیرەمێرد لە (ک.ز.ک. سلێمانی)دا دەورێکی مێژووییە، چونکە مەبەستی ئەو بەتەنێ ڕۆشنبیریی و کارکردن بوو بۆ خزمەتی و بەتایبەتی لە خوێندەواران.

ئەو بارێکی نوێی لە کۆمەڵی نێوبراودا خوڵقاند، لە لاییێکەوە چینی خەڵکی زەحمەتکێش و نەخوێندەواری –بە قوتابخانە شەوانەکەی کۆمەڵەکەوە– کۆکردە و هاندەری یێکەم بوو بۆ خوێندەواریی و ڕۆشنکردنەوەی هۆش و بیریان، بەڕادەیێ نەک هەر جموجووڵی ڕۆشنبیریی و هونەریی پێ نواندن، ڕێگەی بۆ خۆش کردن کە تێکەڵی هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵی کوردەواریی ببن، بەتایبەتی کە گیانی نەتەوەیی بووژاندنەوە و (ئاگری نەورۆز)ی پێ کردنەوە، چونکە ئەو دڵنیا بوو کە لاوانی خوێندەوار و ژێر سەرمایەی نەتەوەن. خۆی نووسیویەتی؛ (لە ئەستەنبووڵ هاتمەوە –س ١٩٢٤ز– لە ترەێنینی شەمەندوفەردا وتبووم: ئومێد وایە ئەم دەستەی کوڕانە، میشعەلێ هەڵکەن!/ ژین: ١١/٣/١٩٤٨ز).

بە بووژاندنەوەی نەورۆزیش بەدەستی ئەو لاوانە، مەبەستی ئەوە بوو؛ (عالەمی مەدەنییەت ئاگادار بکەم کە ئاگری «یارە»ی ئێمە بۆ ئاتەشپەرستیی نییە! بۆ ئەمەیە کە سەری ساڵی تازە، بەخت و شانسی میللەتەکەمی پێ ڕوون بکەمەوە. خواخێرمان بێنێتە ڕێ/ ژین: ١٨/٣/١٩٤٨ز).

حاجیی تۆفیق بەگ/ پیرەمێرد؛ لە کۆمەڵی نێوبراو و لە ڕۆژنامەنووسییدا، ئەگەر مەبەستی هۆشیاربوونەوەی لاوان بووبێت، هەتا مردن باوەڕی بەچەکی شارستێنیی؛ خوێندن و زانست بوو بۆ پێشکەوتن؛ (بەهیوای چیی چەک و سیلاحی عەشاییر بم؟ سا ئەگەر خوا دای و عیلم و فەن و قەڵەم و کاغەز کەوتە ناو، ئەوسا دەڵێم هەین!/ ژین: ٢٩/١١/١٩٢٤ز).

هەر لە کۆمەڵی نێوبراو و ڕۆژنامەنووسییەوە، بڕوای بە یاریی سیاسەتبازەکانی ڕۆژگارەکەی نەبووە و هانی لاوانی داوە کە دوور بن و خوو بدەنە ئەو چەکە کارامەیە؛ (ئەگەر بەقسەی ئەم پیرەمێردە دەکەن، هەرچیی لەبارتاندا هەیە، بیدەنە سەر خوێندن و خۆتان بەسیلاح و زرێی عیلم

و فەن ئامادە بکەن! ڕاوەستن، هیچ مەکەن تا ئەم پەیکەرە کۆنەی خۆپەرستانە - پیرەکان/K - لە ناواندا نامێنن! زاتەن هەتا دێت، لە سایەی خواوە لێمان کەم دەبێتەوە!/ ژین: ١١/١٠/١٩٤٥ز). تا دوا هەناسەش باوەڕی هەر بەخوێندەواری و زانست و پێشکەوتن بووە، بۆیێکا لە وەسیەتنامەکەیشیدا، گوتوویەتی: ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن! کوڕ و کچ تا خوێندەوار نەبن، بێ سوودە! هەموو شتێک بە عیلم و فەننەوەیە، وەکوو وتوومە:

لای من بەخوێندەوارییەوە، ئاه خوێندەوارییە
هەر میللەتێ کە فەننی نەبێ دەردی کارییە
ئاخ!! خۆزگە کە خوێندنیش وەکو من ئارەزووی دەکەم
بیبینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم!

خەباتی ڕۆشنبیریی پیرەمێرد بەهونەری ڕۆژنامەنووسیی پیرۆزتر بووە... جارێ کرد و کۆششی ڕۆژنامەنووسیی و پێوەندیی گیانیی زووی، شایانی یادکردنەوەیە، هەر لە ئەوەوە کە لە تافی لاویەتییدا پزیشکی ڕووناکیی ڕۆژنامە بەر گیانی کەوتووە، سالّی لە سالّی ١٨٨٠ز.دا، هۆنراوێکی تورکیی داناوە و (موعەللیم ناجیی) لە سلێمانییەوە بۆی ناردووە بۆ ڕۆژنامەی ئەستەنبوولّیی (تەرجومان حەقیقەت) و بلاّوکراوەتەوە.

لە قۆناغی پێ گەییشتنی و هەلّکەوتنی لە ئەستەنبوولّدا، پتر هۆگری بووە و هەر خۆیشی یادی کردووەتەوە و دەلّێت: (لە ڕۆژنامەکانی «شەفەقی سورخ، فەرهەنگ، شەمس» فارسیی تاراندا گوتار و شیعرم بلاّو کردووەتەوە!). هەروەها لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەستەنبوولّ؛ (ئیقدام، ئیجتیهاد، ئەلموسەووەر ئەلموحیت)دا. تەنانەت لە هەلێکدا کە موتەسەڕیفی (ئەماسیە)ش بووە، خۆی دانەبڕیوە و پێوەندییەکی گەرمی لەگەلّ گۆڤاری کوردیی - تورکیی (ژین/ ئەستەنبوولّ)دا هەبووە و گوتار و شیعری بەئیمزاکانی (سلێمانیەلی تۆفیق، س.ت. سلێمانیەلی تۆفیق، مەحموود نەژاد تۆفیق، سلێمانیەلی م. نەژاد تۆفیق، پیرە کورد تۆفیق) بلاّوکردووەتەوە!

ئەمە وێڕای ئەرکە گەورە و بەنرخەکەی لە ڕۆژنامەی (هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد/ ئەستەنبوولّ)دا[٥].

سلێمانیەلی تۆفیق/ پیرەمێردی یێکەم ڕۆژنامەڤانی کوردستانی باشوور - یێکەم بەشێوە زاری سلێمانیی: سۆرانیی - لە گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانیی مەلّبەندی، بە ئەوە ڕۆژنامەنووسیی

(٥) لە ئەم کتێبەدا باسی کراوە.



کوردی پیرۆز کرد کە لە سالّی ١٩٢٨ز- ١٩٥٠ز.دا ڕۆژنامەنووسیی کرد بەقیبلەی هەستیی خۆی و دەنگی ژیریی نەتەوەی کورد!

لە ڕۆژنامەی (ژیان: ١٩٢٦ز-١٩٢٨ز)دا هەر چەند نێو و ئیمزای دیار نییە، بەلاّم زۆر وێ دەچێت کە ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ - موتەسەڕیفی سلێمانیی - ئەوی کردبێت بەخاوەند ئیمتیازی ڕۆژنامەکە، بەتایبەتی کە سەرچاوەیێکی ڕەسمیی سالّی ١٩٣٦ز، ڕایگەیاندووە کە حاجیی تۆفیق بەگ لە سالّی ١٩٢٨ز.دا خاوەند ئیمتیازی ڕۆژنامەی نێوبراو بووە[٦].

ئەگەر لەبەر خۆ نەگلاندن لە کاروبارە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارەوە کردەوەی ڕۆژنامەنووسیی لە ڕۆژنامەی باس کراودا، زۆر دیار نەبێت، ئەوە بەهۆی (ک.ز.ک. سلێمانی)یەوە ویستوویەتی ڕێگەی خەباتی بیر و قەلّەمی ئاسان و خۆش بێت.

ڕۆژنامەی (ژیان - ١٠/٣/١٩٢٧ز) ڕایگەیاندووە کە سکرتێری کۆمەلّی زانستیی - حاجی تۆفیق بەگ - لە ڕێبەری چاپەمەنیی حوکوومەتەوە مۆلّەتی پێ دراوە (مەجمووعە/ گۆڤاری زانستیی) دەربکات! سەرچاوەی ڕەسمیش گوتوویەتی: (لە ٢٩/١/١٩٢٧ز.دا، حاجیی تۆفیق بووە بەخاوەندی ئیمتیازی گۆڤاری زانستیی!)[٧].

هەرچەندە ئەم ڕۆژنامە؛ گۆڤارە چاوی هەلّنەهێناوە -بێ گومان بەهۆی کێشەکانی زانستیی خۆیەوە- ئەوە حاجیی تۆفیق لەگەلّ کۆچی کوتوپڕی ڕێبەری ڕۆژنامەی ژیان (حسێن نازم لە شەوی ٥/٦/٥/١٩٣٢ز.دا)، دەستبەجێ ئەم بووە بەڕێبەری ئاشکرای.

پیرەمێردی خاوەند هۆش و بیری ئازاد و شارەزای هونەری ڕۆژنامەنووسیی بەئەوەش دلّی ئاوی نەخواردووەتەوە، بەلّکو تێکۆشاوە کە سەربەستانە کار بکات و تێ بکۆشێت، بۆیێکا لەلاییێکەو، بەپێی ڕەزامەندیی (وەزارەتی نێوخۆی عێراق - چاودێریی چاپەمەنیی؛ نامەی ژ: ١٨١ی ١٧/٥/١٩٣٤) مۆلّەتی وەرگرتووە کە خۆی خاوەند ئیمتیازی ڕۆژنامەی (ژیان) بێت[٨] کە لە ئەوەش پتر چاپخانەکەی بەلەدییەی بەکرێ گرتووە.

بەئەو ڕۆشناییە یێکەم کەسە - لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا - یێکەم ڕۆژنامەی کوردیی حەوتویی سەربەست دەربکات!

(٦) بنۆڕە: ئەلدەلیل ئەلعیراقی ئەلڕەسمیی/ الدلیل العراقي الرسمي؛ بغداد، س١٩٣٧. ص٨١٦.
(٧) هەمان سەرچاوە!
(٨) بەلّگەنامەی بەردەستم (وزارة الداخلیة العراقیة - رقابة المطبوعات) کە دەسەلاّتیشی نەداوەتێ بە هیچ جۆرێ توخنی سیاسەت بکەوێت!

چاوانی ناحەزانی کورد بە (ژیان)ی چرای ڕۆشنبیری پیرەمێرد، کوێراییان دەهات بۆیێکا بەربەرەکانییان کرد و لە ١٩٣٧/٨/٣ز.دا (مۆڵەتی بەکرێ دانەوەی چاپخانەکەی بەلەدییەیان بۆ نوێ نەکردەوە)، بەڵام ئەو -بەدارایی کەم توانی خۆیەوە- سەری دانەنەواند و (چاپخانەییێکی دی) بەتیپی نوێوە کڕی و لە ١٩٣٧/٩/٢٠ز.دا درێژەی دا بەبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی!

کاربەدەستە ناکوردە ناحەزەکان -بەبیانووی کردنەوەی ئاگری نەورۆز و نووسینی لاتینی لە ڕۆژنامەکەیدا-بەفەرمانێکی ئیداریی بەری ڕۆژنامەکەیان گرت و لە (ژ: ٥٣٣؛ ١٩٣٨/٣/١٠ز)دا داخرا.

ئەم تەنگ پێ هەڵچنینە تەواو بێزاری کرد بۆ جاری دووەم بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ ئەستەنبووڵ و ڕووی کرد بەغداد.

مارف جیاووکی هاوەڵی و نوسەری ناسراو، شایەتیی بۆ ئەو بارەی دەدا و ڕادەگەیێنێت کە (پەشیمان کرایەوە و ئەویش گفتی شەڕەفی دا کە تەنیا ئەوراقی ڕەسمیی و تەرجەمەی حاڵی لە وەزارەتی نێوخۆیی تورکیا وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە. بەڕاستیی زۆری پێ نەچوو، گەڕایەوە!)[٩].

لە گەڕانەوەی ئەم جارە تێکۆشا ئیمتیازی دەرکردنی ڕۆژنامەی حەوتۆیی (ژین)ی وەرگرت کە بەخۆشەویستیی ڕۆژنامەی (ژیان)ەوە، ڕستی ژمارەکانی وەرگرت و بە ئەو جۆرە؛ (ژین - ز ژ ٤٥٤، ٢٩ کانوونی دووەم ١٩٣٩ز)ی سەربەست، بەچاپخانەکەی خۆی تا مردن خۆی بەڕێگەوەی برد و خزم و کچەزا و دۆستانیشی تا ساڵی ١٩٦٣ز، ژیاندیان!

تۆفیقی مەحموود ئاغای هەمزە ئاغای مەسرەف (کۆنە فەقێ - حاجیی) فەرمانبەرێکی پچووکی عوسمانیی تا موتەسەڕیف، قانووناس، سیاسیی کوردپەروەر، شاعیر، ڕۆژنامەڤان، وەرگێڕێکی هونەرمەند، پیبەسنووس، ئەدیب و کەلەپوورناس، لە شیعردا -کە زۆربەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوە- بەچەند ناسنێوەوە دەرکەوتووە، وەک؛ (قەلەندەر، پیرەویسی خلک، کونەماسیی، گورگەدەریی، مەلا هەیاسیی، کوێخا ڕەمەزانی ورمزیاریی، بێسارانیی، ئەبولوەفای کوردیی، دەباشانی» و لە (ژیان)دا بەئیمزاکانی (پیرەمێرد، قەلەندەر) و لە (ژین)دا بەدەگمەن ئیمزای ئاشنا کردووە، بەڵام لە (دەنگی گێتیی تازە - ژ١... هتد) و (گەلاوێژ)ی بەغداد و (هەتاو - س١٩٤٨ز)ی هەولێردا، بەئیمزای (پیرەمێرد)ەوە شیعر و گوتاری بڵاوە.

(٩) بنۆڕە: ٤٧/١، گوتاری مارف جیاووک.



ڕۆژنامەڤانیی پیرەمێرد هاوسۆزیی و ڕاستگۆییە لەگەڵ بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی و چەندی لە دەست هاتبێت بەقەڵەم و چاپخانە و ڕۆژنامەکەیشیەوە پشتیوانێکی کەم وێنە بووە. بۆ ڕاستییش:

١- بەر لە هەڵکەوتنی یێکەم گۆڤاری هەولێر (ڕووناکیی - س١٩٣٥ز) ڕووی تکا و نووسینی -لە ژیاندا- کردووەتە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی موتەسەڕیف، بەشکو تێ بکۆشێت ڕۆژنامەیی لە هەولێردا هەڵبکەوێت. ئەمەش جێبەجێ بوو.

٢- بەر لە دەرچوونی گۆڤاری (زانستیی - س١٩٣٨ز) وەکوو پەرۆشی هەڵکەوتنی ئەو چرایە بوو، بۆ دائەگیرسا، ساتێ کە ئاواتەکەی بەدەستی ساڵح قەفتان هاتە دیی، هەمان کەس لە ژمارە تاقانەکەیدا جەختی کردووە بۆ (هاریکاریی بێ پاداشتی پیرەمێرد) لە چاپکردنی ئەو گۆڤارەدا و یارمەتیی دانی.

٣- ڕۆژنامەی یێکەمی هەولێر (هەتاو - س١٩٤٨ز) لە ژمارە تاقانەکەیدا جەخت دەکات کە زۆربەی نووسینەکانی -ئەگەر نەڵێم هەمووی- بەری هۆش و بیری قەڵەم و کرداری چاپخانەکەی ئەوان!.

٤- هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردییش دەرکەوتبن، ئەو دەمودەست گەزگەز باڵای کردووە و مژدە و پیرۆزبایی بڵاوکردووەتە، وەک بۆ؛ (دەنگی گێتیی تازە - س١٩٤٣ز. بەغداد)، (کوردستان - س١٩٤٦ز. مەهاباد)، (هەتاو - س١٩٤٨ز. هەولێر)، (نزار - س١٩٤٨ز. بەغداد)، (ئەلجیهاد/ الجهاد - س١٩٤٨ز. بەغداد)، (ئەسسلێمانییە/ السليمانية - س١٩٤٨ز/ بەغداد)ی هەردوو عەرەبیی و خاوەند کورد.

وێڕاش، بە شیعر و گوتارەوە، گەلێ جار خۆشەویستیی بۆ (گەلاوێژ - س١٩٣٩ز - ١٩٥٠ز.) بەچاپخانەی (ژیان)ی بەکرێ گیراوی و (ژین)ی خۆیەوە - هێندەی ئاگادارم - بەهەشت یادگاری خۆیەوە، چاپخانەکانی بیست و چوار کاری جۆربەجۆری چاپ و بڵاوکردووەتەوە کە بابەتەکانی ئایین، مێژوو، شیعر، چیرۆک، پەروەردەی منداڵ، پیبەس، گاڵتەجاڕی دەگرنەوە. ئەمە لە هەڵێکدا گەلی کێشەی دارایی و چاپەمەنیی لە ڕێگەدا بووە، بەتایبەتی لە (٢.ج.گ: ١٩٣٩ز-١٩٤٥ز)دا، کە ناچاریش بووە بە خانوو خستنە بارمتەوە بەسەر کێشەکاندا زاڵ ببێت! جێگەی گوتنە، ئەو چاپ کراوانەش بەری قەڵەمی شاعیر و پیاوچاکانی ڕابوردوو، هەروەها نووسەرە لاوەکانیش بوون کە خۆی ئەمانەی بانگ دەکرد بۆ نووسین و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیی، چونکە باوەڕی ئەوە بوو؛ (هەزار سواری زەرپۆش ببینم و دە ئەسەری عیلمیی، دە ئەسەرەکەم لەلا پەسەندە! ژیان - ١٩٤٣/٥/٨ز).

پیرەمێرد، لە بڕوای پتەوەیەوە کە (ڕۆژنامەنووسیی ڕۆشنبیرییە)، هەموو توانای ژێریی خۆی بۆ هۆشیاریی و خوێندەواریی و تێگەییشتن و پێگەییشتنی نەتەوەکەی تەرخان کردبوو؛ بەدرێژایی سەرگەرمی گوتاری مێژوویی، کۆمەڵیی، ئەدەبیی، هونەریی، پەروەرشتیی، کشت و کێڵیی، تەندروستیی، ئیدارە شوناسیی، قانووناسیی، ئایینیی بگرە وەرزشیی و گاڵتەجاریش بووە. وەستاییێکی گەورە و کەم وێنەی بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بوو، بەتایبەتی لە گوتاری کارگوزاریی و ئەدەبییدا... لە گوتاری یێک ستوونیشدا داهێنەرە و چاکترین سەرگوتارنووسە و بەهێزترین ڕۆژنامەڤانیشە لە زانین و بەکاربردنی نووسینی کوردیی پەتییدا و لە گۆشەی ڕاگەیاندندا! گوتارەکانی، بەکورت و درێژەوە، زمانیان کوردییەکی نەرم و شیرین و ڕەوان و ڕەزم خۆش و شێوەیشیان سفت و نوێ و بەتریفەن! هەرچەندە ڕۆژنامەکانیشی مۆڵەتی دەنگ کردنی سیاسیانەیان نەبووە، بەڵام هەمیشە بزێویی کردووە و - بەتایبەتی لە سەرگوتار و گوتاری کۆمەڵییدا - پلار و توانجی ڕەخنەگیرانە و تیژی لەخۆ و بێگانەش گرتووە و -وەکو چەند کەرتە گوتە و نامەیشی لە ئێرەدا بڵاون- دیارە هەر سڵی لە خودا و نەتەوەکەی کردووەتەوە و بێ پەروا بووە! هەمیشە دوژمنی سەرسەختی دووبەرەکیی کۆمەڵیی و تیرەگەریی و فڕوفێڵی سیاسەتبازان و دوژمنی چەوساندنەوەی جوتێر و گوندنشین و و هەژاران بووە. دەسەڵاتداری خراپ و دەوڵەمەندی چاوچنۆکی بەخوێنمژ ژماردووە و هێندێ جاریش، توند، یان نەرم بەگژیاندا چووە... دۆست و شەیدای یێکگرتن، یێکسانیی، دادپەروەریی، چاکە و پیاوەتیی، ئاوەدانیی کوردستان بووە. بۆ کاری چاکە ستاییش گۆ، بەڵام بەگشتیی نەیاری مێچکەیی و درۆ و بوختان بووە، تەنانەت ئاگاداریی بڵاوکردووەتەوە ئەگەر یێکێ لە ڕۆژنامەکانیدا درۆیێ بنوێنێ، بۆی هەیە لێی بنووسێت تا خەڵاتی بکات. ئەگەر بەرێکەوتیش ڕەخنەی هەڵەی لە کەسێ گرتبێت، هەر زوو ویژدانی ڕۆژنامەڤانیی پەشیمانیی پێ هێناوە و بەئاشکرا داوای بەخشینی لێ کردووە.

پیرەمێرد کوردێکی ژیر و بەڕاست موسڵمان بووە و هێندێ خولیای هەوای سۆفیزم بووە. دژی شیوعییەت، نەیاری سەرسەختی فاشیزم و نازیزم، لایێنگیری دیموکراتیی بووە و زۆری لێ دواوە و نرخیشی بۆ کوردەواریی بە ئەم جۆرە لێک داوەتەوە: (دیموکراسیی؛ چێشتە خۆشەیێکە، شا و گەدا و گەورە و پچووک دەتوانێت لێی بخوا و بێ ترس و بێم خۆی پێ بژێینێ، بەڵام نابێ بەخوانی یەغمای بزانن و هەر کەسە لەگەنی خۆی وا پڕ بکا کە بڕژێ و لەپێش هەموو چشتێکدا بۆ هەموو قەومێک قابیلییەتی ژیان و ئاداب و هەڵکردی یێکییەتیی پێ نیشان دانە! ئەوەیش ئەبێ زانایان و نیشتمانپەروەرانی بەڕاست یەک کەوت و ڕاهـ و ڕەسمی حەرەکاتی کۆمەڵیی بۆ خۆیان لێک بدەنەوە؛ لە چ لایێک و لە چ گۆشەیێکەوە دەستیان دەگاتە ئەو خواردەمەنییە؟



بەڕاو و تەدبیری هەموو لایێک ئەو دەستوورە پەسەند بکەن، هەموو یێک دڵ و یێک نیاز، ڕاست و ڕەوان ئەو غایەیە بگرنە پێش چاو. لا نەدەن و گێرەشێوێنیی نەکەن! لە هەموو دەردێکی ئیجتیماعیی خراپتر و کوشندەتر؛ ئەمەتە هەر یێکە لە ئاوازێ لێ بدا، خۆی چیی بەئارەزوودا هات، بڵێ من ئەوەم ئەوێ!

چارەی ئەوەیش ئەمەتە کوڕوکاڵ و قوتابیی منداڵ، هەر یێکە بە بەیاننامەیێکی قۆڕ و بێ مەعنا سەر لە گەل و پێشواکان نەشێوێنن! کۆمەڵی ئاشکرایان ببێ و ڕەگیی و فیکری خۆیان لەوێدا بەسەربەستیی بنوێنن! ئەگینە ئەم وەزعییەت و غەرەزکارییە کە ئێستە دەستیان داوەتێ، تەنها ڕشتەی ئیعتیراز دەداتە دەست ڕەقیبەکانمان. خۆ من پێی ناوێ: بەتەمای هیچی کوردەواریی نیم، بەڵام لە گۆڕیشدا وەک «لوقمان» هەر دەڵێم «بڕێژ» و هاواری بەختیاریی کوردەواریی دەکەم و چاو لە دوام!/ ژین - ١٩٤٥/٩/٢٧ز).

حاجیی تۆفیق بەگ؛ پیرەمێردی کورد و دنیادیدە، دوژمنی سەرسەختی شەڕ و ئاشتیخوازێکی گەورە بووە. سروشتی شەڕانیی مرۆڤ تا ئاژەڵ، شەڕی هابیل و قابیل، تا دەگاتە شەڕە کەڵەشێر، شەڕە سەگ، شەڕە بەران، شەڕە گەرەک، شەڕی تیرەگەریی نێوخۆ، شەڕی نێو وڵاتانی تاوانبار و کردووە و بێزی لێ کردوونەتەوە. تەنانەت -کە لە منداڵییەوە تا مردن چەند شەڕێکی نێو وڵاتان و بەتایبەتی دوو جەنگی گێتیی و کارەساتی قاتوقڕیی و برسیەتیی و هەژاریی دیت بوو - داهێنەکانی زانست و تەکنۆلۆژیای نوێیشی وەک (ئەتۆم)ی بەفەلاکەتی زانست ژماردووە و گوتوویەتی: (ئێستە ئەهلی فەن، خوێنی ئەم هەموو ئینسانانەیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان!/ ژین: ١٩٤٦/٥/٢٣ز). وێڕای ئەو هەڵوێستە مرۆڤپەروەریی و ئاشتیخوازییەی، ئەوێکی کوردی ژیر و نەتەوەپەروەر، شەڕی ڕزگاریخوازیی و شەڕی داگیرکاریی لێک جوێ کردووەتەوە، بۆیێکا بە شیعر و بەگوتارەوە، گەلێ جار لایێنگیریی بۆ یێکەم نواندووە.

بۆ وێنە باوەڕەی پتەو و بەهێزی خۆی نیشانی هاونەتەوەکانی داوە و ئامۆژگاریشی کردوون؛ (کوڕانمان هەتا خۆ نەدەن بەکوشت، نەکەونە غیرەت بەوردودرشت. کچانمان لەژێر بەیداخی ڕەشدا چاو هەڵنەهێنن بەخوێنی گەشدا، سەربەستیی، ئازادیی نابێ حورییەت دەبێت هەر خوێنی بەها بێ!/ ژین: ١٩٤٨/٣/١١ز)[(١٠)].

ئەگەر زانستانە و هێورانە بنوارینە هەموو بوارەکانی ژینی هاونەتەوەکانی، ئاوەدانیی

(١٠) لە گوتارەکەیدا خۆی نووسیویەتی کە مەبەستی (ئەوانەیە خوێندنیان تەواو کردووە!) و هەمیشەش لایێنگری توخن کەوتنی لاوان و قوتابیان نەبوو، لە کاروباری سیاسەتدا!

وڵاتەکەی، ئەوە لە ئەو پێناوەدا -گەلێ شیعر و گوتاریشی بەڵگەن- پەرۆشی یێکییەتیی و دۆستیی و یێکسانیی نەتەوەکانی عێراق بووە و بانگی کاربەدەستەکانی کردووە کە دڵسۆزی ئەو مەبەستانە بن و بۆی تێ بکۆشن. ئەگەر لە ئەو پێناوەشدا ستایشی هەر کردەوەییێکی چاکی کردبێت و هانی پێشکەوتنی دابێت، ئەوە هەرگیز چاوپۆشیی لە چەوت و چەوێلیان نەکردووە و ڕەخنەی لێ گرتوون، هەر لە دەستکاریی هەڵبژادنی پارلەمانەوە تا دەگاتە بەرتیل خۆریی و بەتەنگەوە نەهاتنی داخواز و هیوای خۆ وڵاتییەکان. ڕاستییەکەیشی لە نێوان ١٩٢٥ز-١٩٥٠ز.دا بانگەوازی زۆری بەرەو ڕووکردنەوە و خەونی نەهاتەدی، بۆیێکا سەرئەنجام، بەئاشکرا هاواری لێ هەڵستاوە و نووسیویەتی: (دوای ئەوەی لە ئەستەنبووڵ غەزەتەچیی بووم و بیستساڵیشە لە نیشتمانەکەی خۆم -کە عێراقە!!- سوحوفیم و لەم بیست ساڵەدا من بە زبان و نووسین، هاواری وەحدەتی عێراقییەمە کە کورد و عەرەب بەتەقسیماتی ئەزەلیی، لە خاکێکدا، لە شوێنێکدا، لە ئایینێکدا، لە کرد و کۆشییەکدا، ئەژین و هیچ لایێکیان ئەو لایێکەی دی پێ قەڵاچۆ ناکرێ، بۆ چ لە یێکدی دڵشکست بن؟ هیچ حوکوومەتێکی وام نەدیت کە بەدڵسۆزیی، ئەم ڕۆحە بخاتە بەدەنی ئیدارەوە! ئەم داخە لە دڵما مایەوە. شەیتان لە من برەوی زیاتر بوو، یا تەئسیری سیاسەتی خارجیی نەیدەهێشت!!/ ژین - ١٩٤٦/٧/١٨ز).

دیسان جارێکی دی نووسیویەتی: (ئێمە بیست و ئەمەندە ساڵە لەسەر یێک بەیتی شیرین و دڵپەسەندیی ئەم نیشتمانەمان کرد کە بچێ بەدڵی دانیشتوانیان و خۆشیان بوێ و خزمەتی بکەن... کەچی نەمزانیی بوو بلوێرەکە چۆن لێ دەدەم!! کاشکی لە باتیی ئەو مەقالە جوانانە، نانێکم لەڕێی شەیتاندا بدایە و تا ئینسان و حەیوانم پێ بهێنیایە هەڵپەڕین. من هەر دەیرپێسم: هاوار دەسەڵاتدارینە، ئەم خاک و خۆڵە، خاک و خۆڵی کیمیایە، چیای «ئیسکسیر»ی تیایە و بۆچ ئیستیفادەی لێ ناکەن؟/ ژین - ١٩٤٧/١/٢ز).

جێگەی خۆشییەتی بزانرێت؛ ئەگەر جاروبارە -بەتایبەتی لەسەر بەڕەسمیی ناساندنی زمانی کوردیی، لە دوای یێکەم جەنگی گێتییەوە- ستایشییێکی کاربەدەستەکانی بریتانیای کردبێت، یان بەهۆی دووەم جەنگەوە لایینگیری هاوپەیمانەکان بووبێت، ئەمانە هەرگیز نەیانتوانیوە و ناتوانن ڕاستیی ناخی دڵ و گیانی بشارنەوە کە تاوانی چارەنووسی ناهەمواری گەلی کورد و کوردستانی نیشتمانی داوەتە پاڵ بریتانیا و بەئاشکرا و بەرەو ڕووش نووسیویەتی: (... گۆیا ئینگلیز عالەمی لە بەندی و بارکێشیی ڕستگار کرد، کەچیی بۆ ئێمە ڕەگی گولییە!/ ژین: ١٩٤٧/٥/٢٦ز).

ڕاستییەکەیشی پیرەمێرد لە هێندێ باری سەرنجدا کەموکورتیی هەیە، بۆ وێنە لە ١٩٤٧ز.دا



ستایشییێکی (شای ئێران)ی کردووە لەلایێکی دیەوە -با لە ئایینپەروەری خۆیشیەوە بێت- زۆر هەڵچووە بۆ هاندانی کوردان لە شەڕکردنی جوودا لە شەڕی (عەرەب و جوو: س١٩٤٨ز)دا!!

پیرەمێردی هەڵکەوتووی سەردەمی تاریکیی و ڕاپەڕیو لە خەوی دواکەوتن و تینووی پێشکەوتن، نیوەی کۆمەڵ (ئافرەت)ی لەبیر نەچووە و بەڕاستیی لایێنگیری مافە ڕەواکانی ژنی کورد بووە. ئەو -یێکەم هەڵوێستەی دیاریشی شیعرێکی تورکیی خۆیەتی لە ژین: ١٩١٨ز.دا کە شانازە بەسەربەستیی و ئازایی و کارامەیی ژنە گوندنشینەکان و بەشێرەژنی ژماردوون- هەمیشە نەیاری نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵ بووە و ڕەخنەی لە نالەباریی ژینی ژنانی باژێڕەکان گرتووە و چەند ڕقیشی لە لاسایی مۆدەکانی بیانیی بووەتەوە، پەرۆشی پێ خوێندنی ژنان، سەربەستی هاوسەر هەڵبژاردن، چارەسەری کێشەی ڕووپۆشیان بووە. تەنانەت لە ڕاییڵەی چەندین گوتار و شیعردا - لەمەڕ کێشەی ڕووپۆشین - تووشی بارێکی نارەوا بووە بۆیێکا نووسیویەتی؛ (جەهل و تەعەسسوب، بەجنێوی گەیاندین!/ ژین - ١٩٤٣/٧/٢٢ز)[١١].

سلێمانیەلی تۆفیق؛ پیرەمێرد؛ وێڕای کوردیی و ناسین و نووسینی شێوەکانی؛ زمانەکانی فارسیی، تورکیی، عەرەبیی زانیوە و بە یێکەم و دووەم شیعر و پەخشانی داناوە و بڵاوە. ئەگەر لە منداڵییشەوە پەرۆشی شیعر بووبێت و - وێڕای مشتومڕەکەی لەگەڵ مەلا حسێنە گۆجە - لەلای مەلای سەعید زەڵزەڵەییش دێڕی شیعری فارسیی خۆی لەسەر کتێبدا نووسیی بێت، ئەوە هەر لە ئەو هەلانەدا خولیای شیعر و گۆرانیی کوردیی بووە و -خۆی گوتەنیی- کەشکۆڵێکی بۆ غەزەلە نایابەکانی شاعیرانی کۆنی کورد، بۆ خۆی نووسیوەتەوە و (نالی)ی شاعیری بەپەیامبەری شیعری کوردیی و ئەوجا مەولەویی ناسیوە.

وەک شاعیر و ئەدیبێ، لە بنچینەییێکی کۆنەوە هەڵکەوتووە، بەڵام بیر و شێوازی دەربڕینی خۆی لە نێوان کۆن و نوێدایە: ڕێبازی لەلایێکەوە سۆزناکە و لەلایێکی دییەوە قەوماوناسی سەردەمە. لە ئایین، ئەوین، سیاسەت، کۆمەڵ دوواوە. لەلای من چاکترین شاعیری سەردەمەکەیەتی کە بەهونەری شیعر، شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی ڕازاندووەتەوە و لە کوردیی پەتییدا پێشڕەوە. وێڕاش -وەک ڕۆژنامەی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد بەڵگەیە- یێکەم شاعیری سیاسییە.

---

(١١) جێگەی گوتنە چەندین سەرچاوە - بەگۆرانی شاعیریشەوە - دەگێڕنەوە کە پیرەمێرد دەورێکی کاریگەری هەبووە لە هەڵکەوتنی (کۆمەڵی زانستیی ژنان - سلێمانیی؛ س١٩٣٠ز)دا.

لە نامە نووسیندا؛ نامەی ئاسایی تا نامەی هونەریی کۆنی لە دەست هاتووە.(١٢)

لەڕووی ئەتواری تایبەتی و کۆمەڵییەوە، بە پیاوێکی بێ فیز و ڕووخۆش و خۆشەویست ناسراوە. دۆستانی نزیکی لێیان نووسیوە -خۆبشی ددانی پێداناوە- کە بەرچاو ڕووناک؛ نان بدە و میوان دۆست بووە، بەڕادەیێ هەموو ساڵێ لە بۆنەی «نەورۆز»دا بەخەرجیی خۆی ئاهەنگی گەورە و جوانی گێڕاوە.

لەلایێکی دییەوە، قەلەندەرخانە؛ ماڵەکەی خۆی لە سلێمانییدا -خانووی نیشتەنیی و چاپخانە و ڕۆژنامەکانی- دیوەخانی ڕۆشنبیرانی کوردستان و بەتایبەتی سلێمانیی بووە.

وێڕای داوێن پاکیی، ژینێکی دەروێشانە و سادەی ڕابواردووە... خۆی باس دەکات: (قەت عەرەقم نەخواردووەتەوە... من لە چلەی هاوێن لە ژێرخانێکدا دەنووم، بیست ساڵە پەنجەرەی ژوورەکەم نەکردووەتەوە... بەو جلانەی هاوین لەبەرمدایە، لە بەفر و سەرمادا دەگەڕێم!).

لە ڕایێڵەی ئەو باسانەشدا، نەوسنیی خۆیشی ئاشنا کردووە و نووسیوسەتی: (لە بابەت خواردنیشەوە، بەدەست خۆمە. توانیویشمە دوو ڕۆژ بەهەوەس هیچ نەخۆم! توانیومە لە زەرفی هەموو بیست دەقیقەیێکیشدا جارێکی دی نان بخۆم. تا ئەم ساڵیش لە حەیاتی خۆمدا، ڕەمەزانان نەخۆش بووبم، هەرچێی بووبم، بەڕۆژوو بووم! خوا لێی خۆش بێ «گاندی» جارێک قینی هەڵسا، گوتی هیچ نان ناخۆم تا دەمرم!! من لە غەزەتەکەمدا نووسیم: ئەویی ئەو

(١٢) پیرەمێرد لە خۆشنووسیشدا شارەزا بووە، بەڕادەیێک خۆی نووسیویەتی؛ (من بەشبەحاڵی خۆم خەتی فارسیی تەعلیق و شکستەیی و خەتی دیوانیی و سولس و تورکیی و چیی و چیی باش دەنووسم و لە جوانییەکەی پتر، شارەزای قاعیدە و سەبک و شێوەیان هەم!/ ژین - ١٩٤٦/٨/١ز).
جێگەی باسە، وێڕای ئەو شارەزاییە -چەند گوتارێکێشی بەڵگەن- بەشی خۆی شارەزای مۆسیقەی خۆرهەڵاتیی و مەقام و گوێندەکانی کوردستان بووە. تەنانەت لە ئەستەنبووڵدا دەستی داوەتە شیعری گۆرانیی تورکیی و کراویشە بەگۆرانیی. لە نیشتمانیشدا گەلێ سروودی داناوە و کراون بەگۆرانیی، بگرە هێندی شیعری نایابی لەلایێن گۆرانیبێژ و هونەرمەندانی وەک (مەلا کەریم، محەممەد ساڵح دیلان و هتد) کراون بەگۆرانیی!
ڕاستییەکەیشی پیرەمێرد ڕۆشنبیرێکی گەورە و شارەزا بووە و لە مەیدانەکانیدا دەستبەکار بووە، بەڵام بەتەنێ بیرای ببڕای لە دوو بابەتدا دەستی نەبووە و خۆی پێی لێ ناوە کە نووسیویەتی؛ (من ئەوەتیی هەم، ویستوومە فێری خوێندن و زانین بم، دوو چشتم ببڕای ببڕ نەزانیوە: یێکێکیان دکتۆریی و تەبابەت، ئەوی دیان ڕیازیی و هەندەسە!/ ژین - ١٩٤٨/٨/١٩ز).



نایەوێت، من بۆیی دەخۆم، ئازایە با نەداتەوە سەر خواردنی من! ئاخیریی ئەو هاتەوە سلاوم!/ ژین - ١٩٤٨/٩/٢ز).

لە ژینی خۆیدا -لە لاویەتییشدا سوارچاک بووە- هێندێ نەخۆشیی گرانی تووش بووە. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٤٤ز.دا، لە سلێمانییدا و بێ بەنج کردن، عەمەلیاتی «شیرپەنجە»ی کردووە، بەڵام هۆی کۆچی ماڵئاوایی، درێژەکێشانی نەخۆشی شەکرە.

دەتوانم بڵێم لە ڕووی مێردایەتیی و باوکیەتیەوە، نەرم نەبووە... چونکە لەلایێکەوە لە یێکەم چوونیدا بۆ ئەستەنبووڵ و تا گەڕانەوەی لە ١٩٢٥ز.دا، لە (کابان و دوو کیژ)ی سلێمانیی نەپرسیوەتەوە، بەڕادەیێ -دوای یێکەم جەنگی گێتیتی، مستەفا سایبی خوشکەزای تێکۆشاوە و بەهۆی در. عەبدوالله جەودەتی ڕۆژنامەڤانەوە دۆزیویەتییەوە و نامەی لەگەڵ گۆڕیوەتەوە - کیژێکی شووی کردووە، منداڵی بووە و هەردووش مردوون و ئاگاداریی نەبووە. هەروەها کاتێ هاتەوە سلێمانیی و کابانی یێکەمی و «ڕەحمە»ی کیژی مابوون، کابانە تورکەکە و دوو کوڕەکەی نەهێناوەتەوە و تا کۆچی ماڵئاواییشی لە ١٩٢٦ز-١٩٣٨ز.دا دووجار دیدەنیی تورکیا و ئەوانی کردبوو، دوو کوڕەکەیشی لە ئەو کابانەی (نەژاد، ویداد) لە ساڵانی ١٩٣٣ز، ١٩٣٩ز.دا هاتوونەتە سلێمانی و ماوەیێک میوانی بوون(١٣).

(١٣) بەپێی دوا هەواڵێ کە من پێم زانیوە؛ (نەژاد)ی کوڕە گەورەی کاربەدەستێکی ناسراوی تورکیا و تورکخوازی لێ دەرچووە و مردووە و نەوەی هەیە کە یێکێکیان (ئورگن ساو)ی کۆنە باڵوێزی تورکیا لە چەند وڵاتی بێگانەدا و ئێستە ڕێبەری گشتیی دەزگەیێکی وەزارەتی هەندەرانی تورکیایە و نووسەرێکی ناسراویشە. برایێکیشی ئەندامێکی بەرزی (پارتی گەلی تورکیایە). بەڵام (ویداد)ی کوڕە بچکۆڵەی پیرەمێرد -مردووە- پارێزەر بووە و ڕەبەن ژیاوە و گەلێ ئەتوازی بە بابی چووە.
لەلایێکی دیەوە، لە کابانە کوردەکەی خزمی خۆی، تەنیا (ڕەحمە)ی مابوو کە دوای خۆی چاپخانە و ڕۆژنامەکەی بەمیرات وەرگرت و نامەی ڕەسمیی (وەزارەتی نێوخۆی عێراق - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پڕوپاگەندە - ژ٣٣١٩، ١٩٥٠/٨/٢٠) مۆڵەتی پێ داوە؛ (چاپخانە و ڕۆژنامەی بەمیراتی بکەون و تۆمار بکرێن بەمەرجێ پارێزەر نووریی ئەمین مەحموود ڕێبەری بەرپرسی ڕۆژنامەکە بێت!). شایانی باسە، دوای مردنی پیرەمێرد؛ سەرەتا جەمیل سایب و دوای مردنی ئەویش (گۆران) ڕێبەری نووسینی ڕۆژنامەکە بوون! جێگەی گوتنە (ژین) بە (٤٥٤) ژمارەکەی (ژیان)ەوە کە لە ڕیزی ژمارەکانیدا بوو، تا ١٩٥٠/٦/١٥ -چوار ڕۆژ بەر لە مردنی پیرەمێرد- گەیشتە (ژمارە: ١٠٥٠)، واتە هەر (ژین) خۆی، لە نێوان ١٩٣٩ز-١٩٥٠ز.دا (٩٩٦) ژمارەی لێ دەرچوو کە پیرەمێرد خۆی خاوەند و سەرنووسەری بوو!

حاجیی تۆفیق بەگ؛ پیرەمێرد، بەڕاستیی هۆشمەندێکی نەتەوەپەروەر، زانستخواز، پیاوچاکێکی کۆمەڵیی، ئاشتیی و پێشکەوتنخوازی کورد بوو.

ئەوێ کە (لاوانی زانستیی) بەڕۆڵەکانی خۆی و کوڕەکانی بەچاوی چەپیی و ئەمین زەکی مێژوونووسی بەچاوی ڕاستی دەزانیی، خۆیشی لە توانا و چاکە و یادگاری پڕ شکۆی خۆی دڵنیابوو، بۆیێکا ئەگەر خۆی بە (ژۆرژ بێرنادشۆ G. Bernardshaw)ی دانای ئینگلیز نەژماردبێت، خۆی لە ئەو بەکەمتر نەزانیوە، بەڵام لەلای مێژوو، بۆ گەلی کورد لە ئەو کەسە گەورەترە.

ڕاستییەکەیشی ژینی نیو سەدەی بیستەمی گەلی کورد، سێ ڕۆڵەی هەڵکەوتووی سلێمانیی بەخۆوە دیتووە؛ (شێخ مەحموودی شۆڕشگێڕ، ئەمین زەکیی مێژوونووس، پیرەمێردی قەڵەمی ئەژنۆی شیعر و ئەدەبییات و بڕبڕەی پشتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی!)

ناشتنی پڕ شکۆ و پاسینی چلەی ماتەمیی و سەرقاڵیی دەیان نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەڤان بەهۆش و بیر و یادگاریەوە، هەروەها نێونانی شەقام و قوتابخانە و خەستەخانە و کتێبخانە و بازاڕ –لە سلێمانییدا– بەنێویەوە، هەروەها دوا ئارامگەی بە «گردی یارە»وە، ئەمانە هەمووی شایەتیی بۆ پایەبەرزیی دەدەن!

گۆرانی شاعیر لە چلەیدا جوان و ڕاستیی لێ گوتووە: (گردی یارە، بۆ چ شانازیی نەکات؟ ئێستە بووە بە مەیدانی پەیکەری دوو ڕەمزی پاڵەوانی نەتەوەکەمان. ڕەمزی یێکەم هی پاڵەوانی دەست و شمشێرە کە لە گۆڕە پاکەکەی مامە یارەدا دەژیی. ڕەمزی دووەم؛ مامۆستا پیرەمێرد؛ پیرەمێرد؛ لەشە فەرتوتەکەی تۆ، گردی یارەی پێ خستە فەرێ، فەرێک کە مایەی شانازییە، تەنانەت بۆ ئەو بیرەش کە گۆڕی «مامە یارە» نموونەیەتی، چونکە تۆ نوێنەری بابەتێکی بەرزتری لە هێزی چەک، هی هێزی قەڵەمی!).

دانراو – وەرگێڕدراو و چاپکراوەکانی:

وێڕای ئەوەی ڕۆژنامەکانی چەندین جزم کتێبی هەمەجۆرەی لێ پێک دێت، هەتا خۆی بەدرەختی ژیانەوە بوو، ئەم یادگارانەی کردووە:

١- مەم و زین – چاپخانەی ژیان، سلێمانیی؛ س١٩٣٤ز.
[داستان بەشێوەی پییەس – دراما].
٢- دوانزە سوارەی مەریوان – چاپخانەی ژیان، سلێمانیی؛ س١٩٣٥ز



[داستان بەشێوەی پییەس – دراما].
٣- دیوانی مەولەویی – ب١، چاپخانەی ژیان، سلێمانیی؛ س١٩٣٥ز.
[بۆ شێوەی سلێمانیی].
٤- مەناقیبی کاک ئەحمەد/ ریسالە عەزیزییە؛ دانانی خواجە عەزیزی وەسمان ئاغا، چاپخانەی ژیان، سلێمانیی؛ س١٩٣٩ز.
٥- کەمانجەژەن– چاپخانەی ژیان، سلێمانیی، س ١٩٤٠ز.
«ڕۆمانێکی ئەڵمانیی – وەرگێڕان لە تورکییەوە].
٦- پییەسی تەمسیلی ڕاستیی لە وڵاتی خۆماندا، چاپخانەی ژیان، سلێمانیی؛ س١٩٤٢ز.
٧- گاڵتەوگەپ – چابخانەی ژیان؛ سلێمانی، س١٩٤٧ز. [نووسراوی خۆی].

❑⊖ **تۆفیق مەعرووف محەممەد**(*)

(تۆفیق وەهبی/ ڕۆشنبیر – زمانشوناس: س١٨٩٢ز. سلێمانی —— ١٩٨٤/١/١٥ز. لۆندون – سلێمانیی!)

دایکی عاسیمەی ڕەسووڵ مەستیی ئەفەندیی ئایینناسە. هەر لە باژێڕی سلێمانییدا چووەتە بەر حوجرەی مەلایان، ئەوجا (ق.ر.س. سلێمانی) و دوایی (ق. ئا.س. بەغداد) کە بەیێکەمی پۆلەکەی دەرچووە و بووە بە ئەفسەر – مولازمیی دووەم. هەر ئەو ساڵە جوێ کراوەتەوە بۆ خوێندن لە (م.ح. ئەستەنبووڵ/ فێرگەی جەنگاوەریی) و کاتێ گەیێشتووەتە جێگەی باس کراو، پۆلی یێکەم هەڵوەشاوەتەوە و ناردوویانە بۆ نێو لەشکر و تا س١٩١١ز ماوەتەوە. لە ئەم هەلەدا (بزووتنەوەی ئەرنائوود – ئەلبان) رووی داوە و تێکەڵی چالاکیی شەڕی لەشکری عوسمانیی بووە. لە پاییزی ئەو ساڵەدا – دوای کپکردنی بزووتنەوەکە – هاتووەتەوە و سەرلەنوێ چووەتەوە

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ٢/٤/١٠٠.
٢-٢/١٧/١١٣.
٣- چەند بەڵگەنامەیێکی ڕەسمیی بەردەستم (فۆتۆکۆپی کراو لە دۆسیی خۆیەوە – پارێزگای سلێمانیی ١٩٨٥ز).
٤- ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیی و عەرەبییەکان، هەروەها (مجلة الكلية العسكرية – عدد خاص، ١٩٧٠/١/٦. بغداد).

فێرگەی نێوبراو، بەڵام لەبەر ڕوودانی (جەنگی باڵکان) و داخستنی فێرگەکە، چووەتە ڕیزی لەشکری خۆرهەڵاتەوە و تێکەڵی جەنگ بووە! دوای ئاگربڕی (١.ج.ک)، بانگ کراوەتەوە بۆ بەشداربوون لە خولی هەمان فێرگەدا. تەواوی کردووە، ئەوجا دوایی هاتووەتەوە بۆ کوردستانی باشوور![١]

ئەدمۆندس C.J.Edmonds لێی گوتووە؛ دوای – یێکەم شۆڕشی کورد؛ ١٩١٩/٥/٢١ز – بەپلەی رائید روکنەوە هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و ئەویش دامەزراندووە بەجێگری ئەفسەری سیاسیی بریتانیایی لە ڕانیەدا!

سەرچاوەی دی دەڵێت: لە هەمان ساڵدا بەپلەی موقەددەمیەوە –کاتێ کە بریتانیاییەکانی لەشکری لیڤیی لە سلێمانییدا پێک هێناوە– دامەزراوە بەفەرماندەی لەشکری لیڤیی.

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن– سلێمانیی؛ س١٩٢٠ز) ڕادەگەیێنێت کە بەهەمان پلەوە ئەندامی ئەنجوومەنی باژێڕی سلێمانیی بووە و لە ١٩٢٠/٧/٧ز.دا سلێمانیی بەجێ هێشتووە و چووەتە بەغداد و تێکەڵی سوپای عێراقی عەرەب بووە!

لە ١٩٢٢/٩/٢٥ز.دا –لەگەڵ چەند هاوەڵێکی خۆی– هاتوونەتەوە سلێمانیی و پاڵیان داوە لە (٢، س.ح. کوردستان)ەوە بەپلەی ڕەئیسی یێکەمەوە، یاوەری (مەلیک مەحموود) بووە، بەڵام وێ دەچێت ماوەیێکی کورت مابێتەوە، بۆیێکا گەڕاوەتەوە بەغداد!

خۆی دەگێڕێتەوە؛ لە دامەزرێنە یێکەمەکانی سوپای عێراقی عەرەبە: (١٩٢١/١/٦ز). هەروەها مامۆستای فێرگەی مەشقی سەربازیی –دارولتەدریبولعەسکەریی– بووە کە لە مانگی ١٩٢٥/٨/ز.دا پلەی بەرزبووەتەوە بۆ موقەددەمیی و ساڵی ١٩٢٥ز.ش بۆ عەقیدیی!

سەرچاوەی باوەڕپێکراو ڕادەگەیێنێت لە نێوان ١٩٢٥/٧/١٦ز – ١٩٣٠/٥/٥ز.دا دووەم فەرماندەی فێرگەی پاشایەتیی سوپایی عێراقی عەرەب بووە. لە ١٩٣٠/٤/٢٨ز.شدا دامەزراوە بەموتەسەڕیفی سلێمانیی و لە ٨/٢١ی ئەو ساڵەشدا لە کارخراوە و بانگ کراوەتەوە بۆ بەغداد و –دەڵێن– دەست بەسەر بووە!

لە ١٩٣١/٥/٥ز.دا – لەگەڵ کۆمەڵێ کەسی عێراقیی و بیانیی بەتاوانی پیلان کردن لە ئاسایشی دەوڵەت، گیراوە و دوایی ئازاد کراوە و نیشتەجێی لوبنان بوو، کە تا ساڵی ١٩٣٣ز،

(١) مخابن چەندم کرد، سەرچاوەیێکم دەستگیر نەبوو، ساڵەکانی خوێندن و پێگەیشتنی ڕاست بنوێنێت!



تێیدا ژیاوە![٢] چەند جارێک ڕێبەری گشتیی زەویی پێوان، کار بووە. هەروەها لە ١٩٤٤/٥/٣ز – ١٩٤٦/١/٣٠ز، ١٩٤٧/٣/٢٩ز – ١٩٤٨/١/٢٣ز، ٣/٥– ١٩٥٠/١٠/١٥ز.دا وەزیری ئابووریی، مەعاریف، کاروباری کۆمەڵیی بووە. لە ١٩٤٣/١١/٩ز – ١٩٤٤/٥/٣١ز، ٣/١–١٩٥٧/٧/٢٠ز بەدواوە لە پارلەماندا ئەندام بووە. لە ١٩٥٧/١١/٣١ز بەدواوە – بەفەرمانی پاشای عێراقی عەرەب – بەپیرێکی ئەنجوومەنی پیران ناسراوە. لە ١٩٥٨/٧/١١ز.دا –بەبیانووی نەخۆشییەوە– چووە بۆ باژێڕی لۆندون و ئید تا مردن تێیدا ژیاوە و تەرمەکەیشی لە ١٩٨٤/٥/١٠ بەدەستوورێکی ڕەسمیی و میللییەوە ئەسپاردەی خاکی چیای (پیرە مەگروون)ی نزیکی سلێمانیی کراوە!

تۆفیق وەهبیی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، لەنێو کورد و بیانەکاندا بەزانایێکی (ئەنترپۆلۆژیای ڕۆشنبیریی کۆمەڵیی) ناسراوە و کورد بەزمانشوناسێکی گەورەی ئەم سەدەیەی خۆی دەزانێت و هێندەی ڕێزی ئەم لایێنەی دەگرێت، کردەوە سیاسییەکانی زۆر سەرنجی ڕاناکێشێت.

چالاکیی ڕۆشنبیرانەی زۆرە؛ ساڵی ١٩٥٦ز ئەندامی ڕێزداری (ی.س.ک. بەغداد) و ساڵی ١٩٥٨ز سەرۆکی (کۆمەڵی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی عێراقی/ بەغداد) و سەرنووسەری گۆڤاری عەرەبیی (ئەلکیتاب/ الكتاب)ی بەغدادیی و ساڵی ١٩٧٠ز ئەندامی ڕێزداری کۆڕی زانیاریی کورد بووە.

لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا، (پێشکەوتن – سلێمانیی: س١٩٢٠ز)، (دیاریی کوردستان – س١٩٢٥ز)، (دەنگی گێتیی تازە – س١٩٤٣ز–١٩٤٥ز)، (گەلاوێژ)، (پەیام) (پێشکەوتن – ئەلتەقەددوم/ التقدم؛ س١٩٥٨ز) بەگوتار و سەرپەرشتیی و ئامۆژگارییەوە بەشدار بووە، بەڵام لە (دەنگی گێتیی تازە)دا خۆی دامەزرێن و –بێ نووسینی نێوی– سەرپەرشت و سەرنووسەر بووە. هەروەها لە گۆڤارەکانی (کۆڕی زانیاریی کورد)، (پەروەردە و زانست)دا گوتاریشی بڵاوە. وێڕای ئەوانەش لە گۆڤاری زانستیی شوێنەوارە دێرینەکانی

(٢) بەلێکدانەوەی کرد و کۆششەکانی – لەگەڵ ئاسووریەکان بۆ دەستگیرکردنی گۆیا چەشنە خودموختارییەک لە چوارچێوەی مەملەکەتی عێراقدا – هەرگیز کەڵکی بزاڤی ڕستگاریخوازیی گەلی کوردستانی باشووری نەگرتووە، بەتایبەتی کە بنچینەکەی ئەوە بووبێت؛ داگیرکاریی مەملەکەتی عێراقی عەرەب بەسەر کوردستاندا هەر فەرمانڕەوا بێت! ڕاستییش جەخت دەکات کە داگیرکەرەکان هەتا ئەو (چارەسەرە بێ کەڵکەیشیان پەسەند نەکردووە!). بۆ تێگەیشتنی هێندێ باسی ئەو جموجووڵە! بنۆڕە؛ (٢/١٧/١١٣؛ ج٣).

عێراقدا (سۆمەر/ سومر) گوتار و لێ کۆڵینی زانستیی بڵاوە.

وێڕای زمانی کوردیی و ناسینی شێوەکانی، عەرەبیی، فارسیی نوێ، تورکیی، ئینگلیزیی، فرەنسیی، ئەلمانیی زانیوە، هەروەها خەریکی ناسین و شارەزابوونی دەستوورەکانی زمانە هیندو ئێرانییەکان؛ سانسەکریتیی، ئاڤێستایی، فارسیی کۆن، فارسیی نێونجیی - فەهلەویی، ئەفگانیی، بلووژیی و هێندێ زمانی دی بووە!

لە ڕووی ژینی کۆمەڵییەوە، ژنی هێناوە و دوو کوڕی؛ پزیشک سزا و سروش لۆندۆن نشینن و تێکەڵیی کاروانی ڕۆشنبیریی کوردیی نین!

چاپکراوی؛ کوردیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی

١- کوردی

١/١- دەستووری زمانی کوردیی - بەغداد؛ س١٩٢٨ز.

١/٢- خوێندەواریی باو - بەغداد؛ س١٩٣٣ز.

١/٣- قسنێک لە کوردستاندا - بەغداد؛ س١٩٤٦ز. (دانانی: س.ج. ئەدمۆندس، وەرگێڕانی: ت. وەهبی).

١/٤- فەرهەنگی کوردیی - ئینگلیزیی، چ١، لۆندۆن؛ س١٩٦٦ز. چ٢. لۆندۆن؛ س١٩٧١ز. (بەهاریکاریی س.ج. ئەدمۆنس).

٢- عەرەبی

٢/١- رجعية المانية وعبادة القوة - بغداد؛ س١٩٤٢.

٢/٢- التون كوپرو - الجسر الذهب - بغداد؛ س١٩٤٦.

٢/٣- القصد والاستطراد في اصول معنى اليحمور - بغداد؛ س١٩٥٠.

٢/٤- قواعد اللغة الكردية - ج١، بيروت؛ س١٩٥٦.

٢/٥- قواعد اللغة الكردية - ج٢، بيروت؛ س١٩٥٦.

٢/٦- ابعاد معني اليحمور عن اسم الملك بهرام گور - بغداد؛ س١٩٥٧.

٢/٧- سفرة من دربند بازيان الى ملهى طاسلوجة - بغداد؛ س١٩٥٨.

٢/٨- حول مقال مسؤولية الاديب الكردي - بغداد؛ س١٩٧٣.

٣- ئینگلیزی

٣/١- W.E TAUFIQ WHHBY, ROC - SCUPLJURES IN CUNDUK CAVE, with Some Anthropoligical Notes Reprinted from Sumer Vol. IV.NO 2. September



1948, Baghdad - Iraq.

٣/٢- TAUFIQ WAHBY and C.J. EDMONDS A Kurdish English Dictionary, OXFORD. First Putlished, 1996.

٤- هێندێ لێ کۆڵینەوەی گرنگی دی لە گۆڤاری کوردیی و عەرەبییدا:(٣)

٤/١- ئەز خولامی چاوی دەکلۆلیم - لاوکی قەیغان (دەنگی گێتیی تازە - شوبات ١٩٤٤ز.).

٤/٢- بنجوبناوانی زمانی کوردیی لە توێکڵە گوێزێکدا. (گەلاوێژ - س١٩٤٣ز/ ژ ٣، ٤، ٥، ٦، ٧).

٤/٣- گۆبەند (پێشکەوتن - التقدم؛ نیسان ١٩٥٨ز).

٤/٤- ئەسڵی تیپە قاڵبی «ئە»ی شێوەی سلێمانیی (گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد - س١٩٧٣ز).

٤/٥- ملاحظات عن تكون سهل السليمانية؛ (سومر - س١٩٥٧).

٤/٦- قلعة كيانية في شمال السليمانية؛ (الكتاب - س١٩٦٨).

٤/٧- أصل تسمية شهرزور؛ (سومر - س١٩٦١).

٤/٨- اصل الاكراد ولغتهم؛ (مجلة المجمع العلمي الكردي - س١٩٧٤).

## ⊖ جەمال حاجیی تۆفیق(*)

(جەمال نەبەز/ زمانشوناس و لێ کۆڵی مێژووی سیاسیی:
١٩٣٣/٢/١ سلێمانی)

دایکی فاتیمەی حاجیی مەلا فەتاحە. لە س١٩٣٩ز.دا چووەتە بەر (ق. س. سلێمانیی). لە نێوان ١٩٤٥ز-١٩٥٠ز.دا خوێندنی نێوەندیی و ئامادەیشی بڕیوە. لە ١٩٥٥ز.دا، لە زانکۆی بەغدادا، خوێندنی کۆلێجی فیزیا و بیرکاریی و پەروەردەی تەواو کردووە، لە ئەو هەڵانەدا لە فێرگەکانی زماندا پتر خۆی فێری ئینگلیزیی و فرەنسیی کردووە، وێڕاش عەرەبیی و

(٣) وێڕای ئەوانە -لەلای نەوەی خۆی- گەلێ دەستنووسی فەرهەنگ و باسی مێژوویی کورد، زمانی ئاوێستایی، دەستووری زمانی کوردیی و هتد... بەبێ چاپکردن ماونەتەوە. هەروەها گوتارە جۆربەجۆرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا کۆنەکراونەتەوە. کوڕەکانی کەمتەرخەمن!

(*) ١- ٨٨/١.
٢- ١٤٥/٤٩/٢. [نووسینی خۆی].

فارسیی و تورکیی دەزانێت و پێیان دەنووسێت.

دوای بڕینی زانکۆ، لە سەرەتای س١٩٦٣ز.دا ڕووی کردووەتە وڵاتی ئەڵمانیا بۆ خوێندن لە زانکۆکانی (میونیخ، فورتسبورگ، هامبورگ)دا و لە زانستەکانی ئیسلامیی - ئێرانیی، هەروەها پەروەردە، زمان، سیاسەت، قانوون، فەلسەفەدا چەند باوەڕنامەیێکی باڵا (دکتۆرا)ی وەرگرتووە.

لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نیشتماندا -بەکوردیی و عەرەبیی- دەیان گوتاری زانستیی، زمانەوانی، لۆکۆڵینی سیاسیی، کۆمەڵیی بە ئیمزاکانی (جەمال نەبەز. ج.أ. کلۆڵ. سامید کوردستانی/ صامد کوردستانی)یەوە بڵاو کردووەتەوە. ڕیزکردنی هەموویان بۆ ئێرە زۆرە! هەروەها لەگەڵێ وڵاتی ئەورووپادا دەیان کۆڕ و سێمیناری زانستیی و ئەدەبی و سیاسیی گرتووە یان تێیاندا بەشدار بووە.

جەمال نەبەز، نەتەوەپەروەرێکی ڕاست، زانایێکی گەورەی کوردە، لە ژینی خۆیدا، هەر لە تافی لاوییەتییەوە هەر لەبەرەی نەتەوەپەروەرانی ئازادیخوازی کورد و کوردستاندا بووە و تا ئەوڕۆ ژین و گوزەرانی خۆی بۆ ئەو مەبەستە داناوە، بۆیێکا هێشتا ڕەبەنە و لە ئەڵمانیادەت دەژیی!

بەرهەمە چاپکراوەکانی لە نیشتیمان و هەندەراندا.

١- کوردیی

١/١- پاڵتۆ - هەولێر، س١٩٥٧ز. (چیرۆک).

٢/١- لالۆ کەریم - هەولێر؛ س١٩٥٦ز. (چیرۆک).

٣/١- هەندێک زاراوەی زانستیی- سلێمانی؛ س١٩٥٦ز.

٤/١- خوێندەواریی کوردیی - بەغداد؛ س١٩٥٧ر.

٥/١- نووسینی کوردیی بەتیپی لاتینی - بەغداد؛ س١٩٥٧ز.

٦/١- وەرگێڕان هونەرە - سلێمانیی؛ س١٩٥٨ز.

٧/١- سەرەتا میکانیک و خۆماڵەکانی مادده - بەغداد؛ س١٩٦٠ز.

٨/١- کوردایەتیی - بەغداد؛ س١٩٦٠ز.

٩/١- موحازەرەیێک دەربارەی وتنەوەی زمانی کوردیی - هەولێر؛ س١٩٦٠ز. (دانانی شەکپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە).

١٠/١- گەرداوەکە - بەغداد؛ س١٩٦٥ز.



١١/١- بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسیی لە ئەوروپا - بەغداد؛ ١٩٧٤ز.

١٢/١- زمانی یێکگرتووی کوردیی - ئەلمانیا؛ س١٩٧٤ز.

١٣/١- گۆڤاری نیشتیمان «تەمووزی ١٩٤٣ز- مایس ١٩٤٤ز» سوید ١٩٨٥ز.

٢- بەعەرەبیی

١/٢- كفاح الاكراد - بيروت؛ س١٩٥٦.

٢/٢- الامير الكردي مير محمد الرواندزي - هەولێر؛ س١٩٩٢. (ئەسڵەکە ئەلمانییە و وەرگێڕدراوە).

## حسێن عەبدولفەتاح ئەحمەد(*)

(حسێن نازم/ ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەڤان: ١٨٧٢ز. سلێمانیی ـــ ٥/٦/٥/١٩٣٢ز. سلێمانیی.)

بابی - تەرزی باشیی - بەرگدروو بووە. دایکی عادیلەی نێو بووە... خوێندنی (ق. س) و (ق.ر)ی لە سلێمانییدا دەستگیر بووە. بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیی، بە ئەم جۆرە کار و فرمانەکانی ئاشنا دەکەن: لە ١/١١ - ١٤/٣/١٣٠٨ر/١٨٩٢ز بە ٢٢٥ غرش نووسەری دادگەی بیدائەی سلێمانیی و لە ١/٣- مانگی حوزەیرانی/١٣٠٩ر/١٨٩٣ز، نووسەری دووەمی دادگەی سلێمانیی و ماوەیێکی دەمەکییش، هەر لە ئەو ساڵەدا نووسەری باجی دەیێک -ئەعشار-ی ناحیەی سورداش بووە! لە ٣١/٧ - ١٥/٨/ ١٣١٠ر/١٨٩٤ز. جێگری نووسەری تەحریراتی قەزای بازیان - چەمچەماڵ- بووە. لە ١/١٢/ ١٣١٠ر/١٨٩٤ز - ٣/٤/١٣١١ر/١٨٩٥ز، باجگر -

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- بەڵگەنامەی ڕەسمیی تورکیی.

٢- بەڵگەنامەی ڕەسمیی عێراقیی.

٣- ١/ ٢٥.

٤- ١/ ٣٦.

٥- ١/ ٣٧.

٦- گوتوبێژ لەگەڵ: ئەحمەد خواجە، جەمیل ڕۆژبەیانی، سامی حسێن نازم، سەبرییە حسێن نازم، شوکوور مستەفا.

٧- ڕۆژنامەکان: بانگی کوردستان. ئومیدی ئیستیقلال، بانگی کوردستان، ژیان، ژیانەوە، ڕۆژی کوردستان.

تەحسیلدار-ی دادگەی بیدائەی قەزای سلێمانیی بووە! ە ١٣١١/٦/١٤ر/١٨٩٥ز - ١٣١٢/٧/٦ر/١٨٩٦ز - ١٣١٣/٤/١ر/١٨٩٧ز، یاریدەری پرسیارکەر -موستەنتق-ی هەمان دادگە و لە ١٣١٣/٤/٨ر/١٨٩٧ز - ١٣١٤/٧/١٥ر/١٨٩٨ز، نووسەری یێکەمی دادگەی مەعموورەی حەمیدییە -پشدەر- بووە! لە ١٣١٤/٨/٩ر/١٨٩٨ز - ١٣٢١/٣/١٠ر/١٩٠٥ز، نووسەری یێکەمی دادگەی بیدائەی شاربازێڕ بووە. لە ١٣٢١/٤/١ر/١٩٠٥ز - ١٣٢٦/٣/١٨ر/١٩١٠ز، نووسەری یێکەمی دادگەی بیدائەی مەعموورەی حەمیدییە و لە ١٣٢٦/٧/١١ر/١٩١٠ز - ١٣٢٧/٣/١٤ر/١٩١١ز، ڕێبەری ناحیەی قەڵاسێوکە بووە و ٥٠٠ غرشی وەرگرتووە. لە ١٣٢٧/١٠/٢١ر/١٩١١ز - ١٣٢٨/٣/٢٩ر/١٩١٢ز نووسەری تەحریری قەزای گوڵعەنبەر -خورماڵ- بووە، لە ٤/١ - مانگی کانوونی یێکەمی ١٣٢٨ر/١٩١٢ز ڕێبەری ناحیەی قزڵجە بووە. لە ١٢/٢ی ئەو ساڵەوە تا ١٣٣٠/٣/١٠ر/١٩١٤ز ڕێبەری ناحیەی خورماڵ و لە ٣/٣٠ - ٨/١٧ی هەمان ساڵدا و دوایی لە ٣/١ - ٣٣٢/٥/٨ر/١٩١٦ز ڕێبەری ناحیەی ماوەت بووە کە لە ئەو دوا ماوە باس کراوە کە دیسان فرمانی جێگری قائیمقامی مەعموورەی حەمیدییەیشی دیتووە. لە ٧/٢ی هەمان ساڵەوە - ١٣٣٤/٤/٩ر/١٩١٨ز، ڕێبەری ناحیەی پێنجوین و لە ٣/١١ی - ١٠/٢٤ی هەمان ساڵی ١٩١٨ز بە ٢٥٠٠ غرش قائیمقامی قەزای بازیان بوو کە لە هۆی هەڵکەوتنی داگیرکاریی بریتانیاوە - وەک بەڵگەنامەکە نووسیویەتی - لە کار و فرمان کەوتووە![١]

لە ئەو مێژووەوە تا یێکەم شۆڕشی حەفید زادە لە ١٩١٩/٥/٢١ز.دا ئەوجا پەککەوتنی

(١) بەمەبەستی پڕۆژەی نووسینم -مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی- لە پاییزی ١٩٨٣ز.دا سێ بەڵگەنامەی ڕەسمیی نێوبراوم لە مامۆستام، سامیی کوڕی وەرگرت! لە ئەو ماوەیەدا تا کۆتایی هەشتاکان -بێ پشتیوانیی بەڵگەنامە- چەند نووسەرێ بەهەڵەی زەقەوە یان کەموکورتیی زۆرەوە لێیان دەنووسیی و من دەنگم نەدەکرد، چونکە بڕیارم دابووبەڵگەنامەی ڕەسمیی پتری دەستگیر بکەم کە ئەمەشم لە ٢٣-١٩٨٩/١١/٢٥ز.دا، لە (دۆسییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینەکانی عێراق - بەغداد)دا جێبەجێ کرد و لەنێو هەزاران دۆسیەدا دۆزیمەوە و فۆتۆکۆپیم کرد. مامۆستا سامیی کوڕی زوو زوو ڕووی بڵاوکردنەوەی باسی لێ دەنام و ناچار لە (گۆڤاری نڤار - س١، ژ٢، هاوین ١٩٩٨ز)دا بڵاوم کردەوە. مخابن گۆڤارەکە، نووسینەکەم -بەبەڵگەوە خوێندنەوەیێکی ڕاستی ڕۆژنامەوان حسێن نازم-ی بەجۆرێکی ئەوتۆ شێلاوە، خۆمیش بەگران باس و پەراوێزەکانم بۆ دەدۆزرێتەوە. ئەم باسە کورتییەکی ئەو بڵاوکراوەیە!



فەرمانڕەوایی حوکمدارییەکە، کار و فرمانی ناسراو نییە، بەڵام زێوەری یاداشتنووس -شاعیر- و ئەحمەد خواجەی هاوڕۆژگارەکان جەخت دەکەن کە (حسێن نازم) هاریکار و لایێنگری حەفید زادە مەحموود و ماڵ تاڵان و ئاوارە کراو بووە![٢]، تەنانەت دەبێژن ڕاوێژکاری حەفید زادە بووە!

لە یێکەم سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا - سلێمانییدا، نێوی حسێن نازم لە ١٩٢١/١/٤ز.دا لە ڕیزی خۆ پاڵێوەکاندا بووە بۆ دەستگیرکردنی فرمانی سەرۆکی بەلەدییە و دووەم دەنگی زۆری بەرکەوتووە، بەڵام هەر سەرنەکەوتووە، جارێکی دی لە شوباتی هەمان ساڵدا، نێوی وەک ڕێبەری ناحیەی مەرگە و لە بریی جەمال عیرفان، دەرکەوتووە!

لە دووەم و سێیەم حوکوومەتی کوردستان؛ ئەیلوول ١٩٢٢ز- حوزەیران ١٩٢٣ز.دا نێوی لە دەزگاکاندا و بەکار و فرمانێکەوە دەرنەکەوتووە، بەڵام لە ١٣٣٩/١/١٠ر/١٩٢٤ز.دا نێوی بە (ڕێبەری چاپخانە و سەرنووسەری)ی ڕۆژنامەی (ئومێد ئیستیقلال) دەرکەوتووە و دوای سێ ژمارەیشی لە ١٣٣٩/٢/٢١ر/١٩٢٤ز.دا نێوی لەسەر ڕۆژنامەکە هەڵگیراوە و (هەواڵی لێ بوردن)ی لە پیشەکەی، بڵاوکراوەتەوە!

دوای بۆردومانکردنی سلێمانیی و داگیربوونی سلێمانیی لە لایێن بریتانیا و عێراقی عەرەبەوە لە ١٩٢٤ز.دا، دیارە حسێن نازم، سلێمانیی چۆڵ کردووە و -وەک سامیی کوڕی بۆ منی گێڕاوەتەوە- بەهۆی خزمانیەوە لە (شاربازێر)دا، بە کوردستانی خۆرهەڵاتدا ڕووی کردووەتە تورکیا[٣].

بەڵگەنامەی ڕەسمیی تورکیی دەگێڕێتەوە کە؛ چووەتە سەر کار و فرمانی دەوڵەتەوە و لە ١٩٢٥/٣/٧ز - ١٩٢٦/٦/٢ز، بە سێ هەزار غرش (قائیمقامی قەزای شەمدینان)ی نێوچەی هەکاریی بووە و لە ئەو دوا مێژووەشەوە لە (فرمان خراوە/ دەرکراوە) تا لە

(٢) زێوەری شاعیر -خاوەندی یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەریی- یادی ڕۆژانی دوای بەدیل کردنی حەفید زادە مەحموود و کوژاندنەوەی یێکەم شۆڕشی کردووەتەوە و نووسیویەتی؛ (من و حسێن نازم و ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ و هەردوو کابانی شێخ مەحموود و کوڕانی شێخ و خوشک و برا و برازا و ئامۆزای و خزم و دۆست و پیاوانی کە ١٥٠ کەسێ دەبوون، دەربەدەر و ئاوار و ماڵ تاڵانکراو، لە سلێمانییەوە ڕوومان کردە: هەورامان، مەریوان و هتد...). جێگەی گوتنە، ئەحمەد خواجە لە ١٩٨٩/٦/٢٥ز. سلێمانییدا، هەمان باسی بۆ سەلماندم و گوتی: سمکۆی شکاک دەربازی کردن کە پەلاماری «چارییە» درا! هەر ئەویش جەختی کرد کە حسێن نازم ڕاوێژکاری حەفید زادە بووە کە سەرچاوەی دیش هەمان باوەڕیان باس کردووە!

(٣) بەقسەی سامیی کوڕی خۆی!

١٩٢٧/٣/١ز.دت دیسان بەقائیمقامی (قەزای سەرا)ی نێوچەی (وان) دامەزراوەتەوە، بەڵام دەستبەجێ (بە ئەو نێونیشانەوە خانەنشین کراوە) و سەرئەنجام لە ١٩٢٧/١٠/٧ز.دا مووچەی ٤٠٨ غرشی بۆ خانەنشین بوونی بڕاوەتەوە![٤]

کوڕی خۆی –لە بیستنەوە– دەگێڕێتەوە کە لە نێوان ١٩٢٨ز–١٩٢٩ز.دا دیدەنیی سلێمانیی کردووە و نیازی گەڕانەوەی بۆ نیشتیمان هەبووە.

---

(٤) ئەم باسەی شایانی ڕوون کردنەوەیە کە بە دوو شێوە دەینوێنم:

١– ڕۆژنامەی (ژیانەوە – س٢، ژ٤٦، ١٩٢٥/١٠/٢٩ز) لە زاری (سەیید عەبداللەی کوڕی شێخ عەبدولقادر)ی پێشەوای شۆڕشی باکووری کوردستانەوە، باسی گێڕاوەتەوە کە گوتوویەتی: (هەروەکو مەعلوومە، کوردستانی شیمالیی، بۆ تەئمینی حوقووقی مەشرووعەی خۆیان، قیامێکی میللیان کرد و لە گەلێ شوێنی کوردستاندا ئیختیلال –شۆڕش– شیددەتی دەسەند. حوکوومەتی تورک بۆ ئەوەی ئەم مەسئەلەیە تەسکین بکا، لە هەموو تەرەفێکەوە قووەتێکی زۆری تەحشید کرد بۆ سەر کوردەکان و ئەو قووەتە تورکە لەو میقدارە زیاتر دەبوو کە لە حەربی ئەخیری یۆناندا، سەوقی دارولحەرەبی کردبوو. لەگەڵ ئەم زۆرییەش مورتتەباتی عەسکەرییەوە و سیلاح و تەجهیزاتی لەسەر سیستەم و مۆدەی تازە بوو، لەگەڵ ئەمەش کورد تا توانیی موقاوەمەتێکی دلێرانەیان کرد. حوکوومەتی تورک هەر بەوە سەرفی نەزەری نەکرد، ئەویی ریجالی کورد بوو، گرتی، زۆری لێ ئیعدام کردن. هەر بەو فیکرە، بۆ تەسهیلی ئیجرای ئامالی خۆی، مەرحووم شێخ عەبدولقادر ئەفەندیی باوکمی ئیعدام کرد). ڕۆژنامەکە لە زاری سەیید عەبداللەوە پتر باس دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (چ لە نوقتەی ئینتیقامی ئەم جیهەتە و چ لە نوقتەی ئیشتیراکی بەو غایەی عومومیەیە، لە جیهەی «نەهرییە» و «شەمدینان»ەوە سەیید عەبداللە ئەفەندیی و تەبەعەی هوجوومیان کرد سەر تورک و «مەرکەزی قەزا»ی ئیشغال و «قائیمقام»ی ئەوێ کە «حسێن نازم»ی خەڵکی سلێمانیی لەگەڵ فەتاحی ژنبرای شێخ مەحموود و میقدارێ قووەتی عەسکەرییە، ئەسیر دەکا و بێکباشی ئیسماعیل حەققی ئەکوژێ! لەبەرئەوەی قائیمقام حسێن نازم ئەفەندیی و مەرقووم فەتاح ئەفەندیی کورد ئەبن، بە ڕەئفەت و شەفەقەتەوە موعامەلەیان لەگەڵ دەکا و ئیزنیان دەدا. فەتاح ئەفەندییش تا حودووی ئێران، سیلمەن ڕەوانە دەکا: هتد...).

٢– بەڵگەنامەی تورکیی ڕەسمیی و ڕوونووس کراوی قەڵەمی حسێن نازم خۆی، باسەکەی ئەوهە گێڕاوەتەوە: (لەبەرئەوەی مەرکەزی قەزای شەمدینان تووشی دەستدرێژیی نەبووە و ئەمیش –حسێن نازم– کشاوەتەوە و باژێڕەکەی بەجێ هێشتووە و ڕووی کردووەتە گوندی «پەمبو» کە شەش سەعات لە قەزاکەوە دوورە، هەروەها لەبەرئەوەی گوێی نەداوەتێ و گوێی لە فەرمانی گەڕانەوە نەگرتووە، بڕیار درا بەپێی ماددە «٣٣»ی قانوونی فرمانبەران لە وەزیفە بخرێت – فەسڵ).

٣– بەڵگەنامەی ڕەسمیی –دەفتەری کار و فرمانی– ئەنجامی چۆنیەتیی (دامەزراندنەوەی قائیمقامی=



بەڵگەنامەی تورکیی ڕەسمیی جەخت دەکات لە ١٩٢٩/٢/٢ز.دا، لە (وەزارەتی نێوخۆی تورکیا – ڕێبەریی خانەنشینان)ەوە، وێنەی ڕوونووسی پاکانە –بەرائەی زیمە–ی و جزدانی خانەنشینیی کۆکردووەتەوە، کە دیارە نیازی گەڕانەوە هەبووە.

ئەرز و حاڵنامەی دەستنووسی لە ١٩٣١/٦/٢٠ز.دا جەخت دەکات کە لە (مانگی نیشانی ١٩٣٠ز)دا بەیێکجاریی و بەخێزان و منداڵانییەوە هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی![٥]

بەراوردکردنی باری هەڵکەوتنی گوتارە ئیمزا نەکراوەکانی لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی سلێمانیی دوای ڕاپەڕینی ١٩٣٠/٩/٦ز، گیران و دوورکەوتنەوەی (عەلی عیرفان)ی ڕێبەری چاپخانە و ڕۆژنامەی نێوبراو، پڕ باوەڕم دەکەن کە بڵێم؛ لە دەوروبەری نێوندی تەشرینی یێکەم – سەرەتای تەشرینی دووەم/ ١٩٣٠ز.دا بووە بەڕێبەری چاپخانە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی نێوبراو!

---

= شەمدینان؛ حسێن نازم)ی ڕوون کردووەتەوە نووسراوە: (نێوبراو کە لە مەڵبەندی قەزای بەجێ هێشتووە، ڕووی کردبووە گوندی «پەمبو»ی هەرێمی «هەکاریی» و هیچ لادانێ –تەجاوز–ێکی نەبووە کە بەپێی ماددەی «٣٣»ی لە وەزیفە خراوە – فەسڵ بووە. دوای ئامادەبوونی لە ئەنکەرەدا و پێشکەشکردنی ڕەخنەی کە داویەتی بە «ئەنجوومەنی مەئموورینی میللەت»، ئەنجوومەن بڕیاری دا؛ چیی لێ نووسراو و بڕیاردراوە، هەڵبوەشێتەوە! مودافەعەی نازم بەگ کە لە لای ئەنجوومەنەکە کردوویەتی، دراوە بە «ئەرکانی حەربی عوموومیی» تا لەگەڵ قەوماوەکاندا بەراورد بکرێن! بەڕۆشنایی وەڵامێ کە لە «ئەرکان حەرب»ەوە دراوەتەوە؛ دەردەکەوێت کە ئەم پیاوە، لە قەزای «شەمدینان»دا کە پێنج تا دە جەندرمەی تێدا بووە بۆ پاراستنی و نێرووەکانی حوکوومەتیش لێی کشابوونەوە و چۆڵ کرابوو، ئەم ناچاری کشانەوە بووە و توانای بەرگریی نەبووە کە بەلایێنی کەمەوە ٤٠٠ کەسی پێ دەویست! ئەم پیاوە وەک قائیمقامێ، شەرەفی حوکوومەت و نیشتمانی پاراستووە و کشانەوە و بەرگریی، کارێکی زۆر پەسەند بووە و شایانی موحاسەبە نییە و دەبێت بخرێتەوە سەر کار و فرمان و شوێنێکی هاوشانی. ئەم بڕیارە لە ١٩٢٧/١/١٧ز.دا لە لایێن ئەنجوومەنی مودیرانەوە، درا !/تەواو)(*).

(٥) سەبرییەی کیژی بۆ منی گێڕایەوە کە؛ بابیان –وەکو گوتوویەتی لە نیسانی ١٩٣٠ز.دا هاتووەتەوە– بەر لە ئەوان هاتبووە بۆ سلێمانیی و (ئێمە لە هاتنەوەکەماندا لە باژێڕی مووسڵدا بووین کە هەواڵی شەڕی بەردەرکی سەر؛ ١٩٣٠/٩/٦ز.مان بیست!).

*(*) ئەم بەڵگەنامە تورکییانە، سامیی کوڕی بۆ کردم بەعەرەبیی، بەڵام شەوێکی درەنگی مانگی ١٩٨٩/١١ز، لە بەغدادا، مامۆستا محەممەد جەمیل ڕۆژبەیانیی بەمەتنە تورکییەکاندا چووە و ئەم وەرگێڕانە کوردییەی ئەوم پێ پەسەندتر بوو!*

دوو ڕەگەزنامە -جینسییەی عێراقیی-ی خۆی لە ٨/١٨ و ١٩٣١/٩/١٤ز.دا، بە (ڕۆژنامەڤان/ صحافی) و ڕێبەری چاپخانەی (ژیان)ی سلێمانییان ئاشنا کردووە! هەمان ڕۆژنامەش هەواڵی مردنی بەنەخۆشییەکی کوتوپڕ - کۆکینێکی گران- باسی کردووە![٦].

حسێن نازم، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، بێ لە کوردیی، فارسیی و تورکیی و عەرەبیی زانیوە و بە دووەم و سێیەم گوتار و دانراوی هەیە!

هەرە دانراوێکی گرنگ -ون- و بەنێوبانگی (دەفتەرەکەی حسێن نازم) بەتورکییە کە لە مەڕ (مێژووی بابان) نووسیویەتی و کەڵکی مێژووی کوردیی گرتووە.[٧]

هێندێکیش دەبێژن گۆیە لەمەڕ (مێژووی ماوەت و سلێمانیی)ش دانراوی هەبووە و ونە!

هیچ چاپکراوێکی ئەدەبیی نییە و گوتارەکانی لە (ئومێد ئیستیقلال)دا بەنێوی خۆی و لە

(٦) ڕۆژنامەی (ژیان - س٧، ژ٣٢١، ١٩٣٢/٥/٩ز) لە چێوەیێکی ڕەش و گەورەی یێکەم لاپەڕەیدا و بەنێونیشانی (زیاعێکی ئەلیم)ەوە ئەم نووسراوەی بڵاوکردووەتەوە؛ (مودیری مەتبەعە حسێن نازم ئەفەندیی کە زاتێکی ئەدیب و بەقیمەتی کورد بوو، ئەکسەری حەیاتی لە مەئموورییەتی ئیدارییدا سەرف کردبوو و چەندساڵێکیش بوو لە وەزیفەی مودیرییەتی مەتبەعەدا بەحوسنی نییەت خزمەتی دەکرد، شەوی ئەم جومعەی ڕابووردووە، سەعات چوار و نیوی عەرەبیی لە شیددەتی کۆکەیێک کە گرت بووی، فوجئەتەن وەفاتی کرد! حەقیقەتەن زیاعی ئەبەدیی ئەم زاتە بوو بەباعیسی تەئەسسوری هەموو ماڵێکی وڵاتەکەمان. بینائەن عەلێهـ لە خوای تەبارەک و تەعالا تەمەننا دەکەین کە بەڕەحمەتی خۆی عەفووی بکات و سەبر و تەسەللیی بەعائیلەی کەدەر دیدەیان ببەخشێ!/ ژیان «بەدەستکاریی ڕێنووسەوە). هەروەها دوای ئەم نووسینە (ژیان - س٧، ژ٣٢٢، ١٩٣٢/٥/١٩ز) لە یێکەم لاپەڕەدا، پیرەمێرد ئەم گوتەیەی نووسیوە کە دامەزراندنی خۆیشی و مەبەستی دەنوێنێت؛ (زۆر دڵشکستم بەکۆچکردنی هامدەردێکی وەک حسێن نازم بەگ، گەرچیی منیش ڕێبوارم و نزیک بەبوارم، بەڵام هێشتا هیوادارم. ژیان، نزیک بوو بەنەمان، چونکە ئیتر بەلەدییە هیچی پێ خەرج نەدەکرا. ناچار لە گۆشەنشینیی هاتمەوە دەرێ و دەستم دایە داوێنی «ژیان»! چاک چاک لە دەستی نادەم، ئێستە بەسەرپەرشتیی ژیان و چاپخانەکەم، وەک خۆم بێ بەها و بەهیوای بەهام گرتووەتە ئەستۆ! دەزانم باوەڕم پێ دەکەن کە تێ دەکۆشم. پەنا بەئێزی چاک دەیبەینە سەر! ئەمەندە هەیە هەموو کاڵایێ بەخریدار دێتە برەو، من خریدارەکان دەنازم و پشتیوانم لە خوا دەخوازم!/ پیرەمێرد «بە دەستکاریی ڕێنووسەوە!»).

(٧) باسی کەڵکی «دەفتەرەکەی حسێن نازم» بەتایبەتی لە کتێبی (تەئریخی سلێمانیی و وڵاتی) ئەمین زەکی مێژوونووسدا ڕوونە کە وەک سەرچاوەیێکی مێژوویی کەڵکی لێ وەرگرتووە.

مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیش وەک بۆ منی گێڕاوەتەوە، دەفتەرەکەی دیتووە و کاتی خۆی خەریکی=



(ژیان)دا بەبێ ئیمزان.

وردبوونەوەم دڵنیای کردووم کە لە هەردوو ڕۆژنامەدا یێکەمین کەسە کە قەڵەمەکەی بە هیچ جۆرێ بەستاییشکردن، یان تانووت لێ دانەوە ڕووی لە هیچ کەس و لایێن و کاربەدەستێ نەکردووە و بەرزیی، ژیریی، پێشکەوتنی گەلەکەی مەبەستی ئەقڵ و زانستی بووە، گوتارەکانیشی ڕۆژنامەنووسیی و پتر کۆمەڵیین!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، دوو ژنی هێناوە، لە یێکەمیان نەوەی هەبووە و کۆچیان کردووە. لە دووەمیان نەوەی دیار و دانیشتووی سلێمانیین کە ناسراوەکەیان مامۆستا سامیی ڕێبەری گشتیی پەروەردە و فێرکردنی جارانی سلێمانییە!

## ☼ ⊖ شێخ حسێن شێخ عەبدولقادر(*)

(شێخ حسێنی کەسنەزان/ ئایینناس: ١٨٨٥ز ـــ ١٩٣٩ز.

گوندی گرپچنە - سلێمانیی)

کوڕەزای شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانە. لە خانەدانە ئایینامەکەیەوە خوێندەواریی دەستگیر بووە. لە دوای بابییەوە بووەتە پۆستنشین و بەئامۆژگاریی هاوئایینەکانییەوە خەریک بووە. خاوەندی تەکیە و دەسەڵاتێکی ئایینیی و کۆمەڵیی بووە وا لە تەریقەتناسەکانی (قادریی)ە، لە نێوچەی قەرەداخ - سلێمانییدا.

=وەرگێڕاندنی بووە، بەڵام تەواوی نەکردووەتەوە و گێڕاویەتیەوە بۆ خاوەندە هەڵگرەکەی لە بەغدادا کە لە خانەدانی (بابان)ە! هەروەها گوتیشی؛ لە تاڵانکردنی ماڵیدا، بەدەست پۆلیسی داگیرکەرانەوە، ئەو نووسینە وەرگێڕاوەنەیشی لە دەست چوون. شایانی گوتنە لە سەرەتای بەهاری ١٩٩٨ز. -سلێمانیی-دا مامۆستام شوکور مستەفای نووسەر ئاگاداری کردم کە (دەستنووسێکی مێژووی بابان) بەتورکیی لە دەوروبەری ئاوایی «خانێ»ی کوردستانی خۆرهەڵاتدا دۆزراوەتەوە و ئەمێستە خۆی محەممەدی مەلا کەریم خەریکی وەرگێڕان و پەراوێز دانانن!). ڕەنگبێ ئەوە دەفتەرەکەی حسێن نازم بێتی دەی خودا بکات!

(*) سالار شێخ عەلیی بەرزنجیی - سلێمانیی: ١٩٩٧/١١/٥.

## ❏⊖ حسێن عەبدوللەتیف شێخ ئیسماعیل[*]

(حسێن حوزنی موکریانیی/ ڕۆژنامەڤان – مێژووناس: ١٨٩٣/٩/١٢ز.
مەهاباد ـــــ ١٩٤٧/٩/٢١ز. بەغداد – هەولێر)

وەچەی شێخ لەتیفی خەزاییە. دایکی سەلما، مەلا محەممەدی سورنجداخیی موکریی کوڕی شێخ مستەفایە کە دەچنەوە سەر (خانی لەپ زێرین)ی سەرداری موکریی.

خوێندنێکی سەرەتایی و بابەتەکانی ئایین و کتێبی وردەی فارسیی لەلای بابی خۆی فێربووە، بەڵام هەشت ساڵان بووە بابیشی مردووە، بۆیێکا چووەتە بەر حوجرەی مەلایان. دوانزە ساڵان بووە کەسوکاری بەجێ هێشتووە و چووەتە نێو کوردەکانی باژێڕەکانی مەراغە و تەورێز و منداڵانی فێری خوێندن کردووە. خاڵیشی مەلا محەممەد ئەمین، چووە بەشوێنیدا تا بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەو نەگەڕاوەتەوە و بەنێو باژێڕاندا سووڕی خواردووە تا لە لای پیرەمێردێک –تورکمان–ی تەفلیسیی ماوەتەوە. ئەوجا چووەتە باژێڕی باکۆ، ئەستەنبووڵ و بەخۆشنووسیی و مۆرهەڵکەندنەوە ژین و گوزەرانی بردووەتە سەر و ئێوارانیش لە کتێبخانەکاندا خەریکی خوێندنەوە بوو. ئەو کاتانەش ئارەزووی نووسینی فارسیی کردووە و بۆ گۆڤارەکانی (خاوەر، چیهرەنوما) و بەنێوەکانی (حوزنیی، جەوانی کورد)ەوە گوتاری بۆ نووسیون[١].

حوزنیی، لە ساڵی ١٩١٢ز.دا بڕیاری داوە لە باژێڕی «حەڵەب»دا نیشتەجێ بێت، لە ١٩١٥ز.شدا چاپێکی کۆنی لە «بەیروت»دا کڕیوە و هێناویەتە حەڵەب و بەقەڵەمی مۆرهەڵکەندییەوە تیپەکانی (پ.چ.ڤ.ژ)ی کوردیی هەڵکەندووە و ناردوونی بۆ ئەڵمانیا دابڕێژرێن. بە ئەم جۆرە، لە بازاڕی «سویقییە»دا چاپخانەی داناوە. لە ئەو ماوەیەشدا کەوتووەتە چاپکردنی نووسینەکانی خۆی، وەکو؛ (مێرگەی دڵان)، (خونچەی بەهارستان) و (گەوهەری بێگانە) کە ئەو دووەی پێشەوە بابەتی مێژوون!

لە گەرمە (١.ج.گ)دا و لە ساڵی ١٩١٦ز.دا، فڕەنسیەکانی داگیرکەری وڵاتی سوریا،

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١– ١/٣.
٢– ١/٨٨.
٣– ڕۆژنامە و گۆڤارەکان: دەنگی گێتیی تازە، زاری کرمانجیی، ژیان، ژین (سلێمانی)، ڕووناکی، گەلاوێژ، هەتاو: مایس ١٩٥٤ز، شوبات ١٩٥٥ز، کانوونی دووەم ١٩٦٠ز (هەولێر).(١) پیرەمێرد –خۆی گوتەنی– لە ئەستەنبوولدا دیویەتی!
(١) ئەو گوتارانە هێشتا ئاشکرا نین و نەخراونەتە ڕوو!



(حوزنیی)ان گرتووە، دەستنووس و کتێبەکانیان سووتاندووە و بڕیاری خنکاندنیان داوە، بەڵام دوای تێکەوتنی پارێزەر و دادگە، بۆی کراوە بەیانزە مانگ بەندیی... ئیدی لە ئەو وڵاتەدا بووە و بەمۆر هەڵکەندیی و خۆشنووسیی و کۆڵینەوە –زەنکۆگراف– ژینی گرانی بردووەتە سەر.

لە ساڵی ١٩٢٥ز.دا لەگەڵ گیوی موکریانیی –بەچاپخانەکەیەوە لە سووریاوە باری کردووە و هاتووەتە بەغداد. لە ساڵی ١٩٢٦ز.دا چووەتە باژێڕی ڕواندزی کۆنە پێتەختی میرنشینیی سۆران و لە ئەوێدا چاپخانەکەی دامەزراندووە و یێکەم گۆڤاری کوردیی کوردستانی باشوور (زاری کرمانجیی – حوزەیران ١٩٢٦ز)ی دەرکردووە.

حسێن حوزنیی، وێڕای ئەو هەموو لەخۆربوردن و چاکەیەی لە لاییێکەوە هێندێ کوردی دەسەڵاتدار، لەلاییێکی دیەوە دەزگەکانی حوکوومەتی مەملەکەتی عێراقی عەرەبی داگیرکەر، تووشی تاڵیی و دەردەسەریی کردووە و ناچار بووە بار بکات بۆ هەولێر.

لە ئەم هەلانەدا – کە لە ١٩٣٢ز.شەوە گۆڤارەکەی ڕاگیرا – چاپخانەی (ژیان)ی بەکرێ گیراوی پیرەمێرد پەریشان و پەک کەوت بوو، حوزنیی، جوامێرانە لە نێوان ٧/٢٣ – ١٩٣٤/١١/١٥ز.دا هاتووە بەدەنگی پیرەمێرد و هاریکاریی چاپخانە و ڕۆژنامەکەی کردووە. مخابن سەرئەنجام دڵشکاو گەڕاوەتەوە[٢]!

حوزنیی، لە ساڵی ١٩٣٥ز.دا بەهاریکاری گیوی موکریانیی – لە مووسڵەوە چاپخانەییێکیان هێناوە بۆ هەولێر و بەبێ نێو ئاشکرا کردن، لەگەڵ پارێزەر شیت مستەفا، یێکەم گۆڤاری هەولێر؛ (ڕووناکی – ٢٤/ ١٠/ ١٩٣٥ز)یان دەرکردووە کە هەموو ئەرکەکەش لەسەر خۆی و گیوی برای بووە. مخابن ئەنجامی ئەم چاپخانەیە و گۆڤارەکەش تووشبوونی بێ دەرامەتیی و بەربەرەکانێی بووە و خاوەند چاپخانەکەش بۆ پێنج دینار قەرز، دەرگەی دادگەی لێ گرتوون و ئەوانیش ناچار چاپخانەکەیان داوەتەوە![٣]

حوزنیی کۆڵنەدەر، سەرلەنوێ کۆششی کردووە؛ چاپخانە لە ڕواندزدا ببووژێنێتەوە و دابمەزرێنێتەوە. چووەتەوە و خانووی بەکرێ گرتووە، بەڵام وەکو (مارف جیاووک) باسی دەکات؛ بەهۆی تەحریکاتی دوژمنانەوە، خانوو بەسەر چاپخانە و کتێبخانەیدا ڕووخێندراوە و تاڵان کراوە

(٣) یادگاری نووسینی لە ڕۆژنامەکەدا دیارە، بەڵام لەمەڕ دڵشکاوییەکەی شتێکی ئەوتۆ نەنووسراوە و بیستوومە کە لە گەڵ پیرەمێرد هەڵی نەکردووە!
(٤) لەمەڕ داخستنی گۆڤارەکە سەرچاوەییێکم بەدەستەوە نەهاتووە کە ڕاستییەکە بسەلمێنێت لەسەر چیی بووە. هێندەی باس کراوە گۆیا لەسەر گوتارێ لەمەڕ (بێ ئاویی) ڕاگیراوە کە من باوەڕ ناکەم ئەوە تاکە وەڵامەتەکە بێت!

و دەزگەکانی حوکوومەتیش خۆیان قۆڵبەست کردووە لە بەندیخانەی مووسڵیان ئاخنیوە. سەرئەنجام دوای تێ کەوتنی مارف جیاووک بەکەفالەت بەرەڵا کراوە و چووەتەوە هەولێر!.

لە ساڵی ١٩٣٨ز.دا کە ڕەشید عالیی گێلانیی وەزیری نێوخۆ بووە، لەگەڵ مارف جیاووک و ئەمین زەکیی بەگ، دیدەنیی هاوینەهەواری (بێ خاڵ)یان کردووە و -مارف جیاووک گوتەنیی- کارێکیان کردووە کە حوزنیی لەگەڵ وەزیرەکە ئاشت بکەنەوە و پێکەوە لەسەر خوانێ دانیشن. دوایی -هەر بەقسەی جیاووک- کە وەزیرەکە گەڕاوەتەوە، کێشەی گرتنی و بەخشینی و دستگیرکردنی ڕەگەزنامەیشی چارەسەر کراوە. تەنگانە بەرۆکی حوزنیی بەرنەداوە و لە کێشەی گرانیی (٢.ج.گ)دا، تۆفیق وەهبیی فریای کەوتووە و بردوویەتە بەغداد و تێکەڵی ڕۆژنامەنووسیی کردووەتەوە و - وەک کۆڵەکەیێکی نادیار - لە پاڵ گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە - تەشرینی یێکەم ١٩٤٣ز) کارگێڕی گۆڤارەکە بووە کە تۆفیق وەهبیی خۆی سەرپەرشتی بووە. لە سووڕی ئەم گۆڤارەدا گەلێ گوتار و چیرۆکی کوردی بڵاوە.

لە ساڵی ١٩٤٥ز.دا، باری ڕۆژنامەڤانیی ڕووناکتر بووە کە لە (دەنگی گێتیی تازە - ١٢/ ١٠/ ١٩٤٥)دا سەرنووسەری ئاشکرا بووە؛ ڕەنجی لە گۆڤارەکەدا درێژەی کێشاوە تا لە شەوێکدا -گیو نووسیویەتی دەرمانخوارد کراوە- کۆچی ئەبەدیی کردووە و لەسەر وەسییەتی خۆیشی لە هەولێری کوردستانە شیرینەکەیدا، ئەسپاردەی خاک بووە!

لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا، نێوناسی جۆر بەجۆری بەکار بردووە، وەک؛ (حوزنیی، حسێن حوزنیی. ح.ح، حوزنیی موکریانیی، خدۆک، ڕواندزیی، بێژەن، داماو!)

حسێن حوزنی موکریانیی؛ هۆشمەندی نەتەوەیی، ڕابەرێکی ڕیزی یێکەمی ڕاپەڕینی ڕۆشنبیریی کوردیی کوردستانی باشوور؛ چاپگێر، تیپچن، مۆر هەڵکەند، خۆشنووس، نیگارکێشی وێنەی بابەتنوێنی ڕۆژنامە Illustration، شاعیر، چیرۆکنووس، کەلەپۆر شوناس، چیرۆکنووسی زارۆکان، ئەدیب و پەخشاننووسی هونەرانە، گوتارنووسی ڕۆژنامە، لە هەمووان و پتر بەڕۆژنامەڤان و مێژووناس ناسراوە!

ئا. ئیم. هامیلتۆن A. M. Hamilton باری ڕۆژنامەڤانیی هەڵسەنگاندووە و لێی نووسیوە؛ (موکریانیی، خۆی بەتەنێ گوتارەکانی گۆڤارەکەی دەنووسیی، خۆی بەتەنێ وێنەکانی دەکێشان، خۆی بەتەنێ لە چاپی دەدان و ئەوجاش دەیپێچانەوە... ئەمە لە خۆیدا وێنەیێکی بێ هاوتای سەر زەمینە!).

باسیل نیکیتین B. Nikiten لە کۆششی مێژوونووسینی گوتووە؛ (حسێن حوزنیی نووسەری کورد... دوا ساڵانی ژینی، بۆ لێ کۆڵینەوەی مێژووی کورد تەرخان کرد و چەند



کتێبێکی لە بارەیەوە بڵاوکردەوە کە سەرچاوەیان دەستنووس و قسەی سەرزاریی پێشینان و سەرچاوەی عەرەبیی، تورکیی، فارسیی)ن.

در. کەمال مەزهەر ئەحمەد باری مێژووناسیی وردکردووەتەوە و لێی گوتووە؛ (پایەبەرزیی حسێن حوزنیی لە گۆڕەپانی مێژوونووسییدا وا خۆ دەنوێنێ؛ کوێریش نەتوانێ نەیبینێ! لێرەدا بەر هەموو شت پەنا دەبەینە بەر چەند ژمارەیێکی مانادا... تا کۆچی دوایی سەیدای هێژای موکریییان، ١٧ کتێبی هەمەجۆرەی بڵاوکردووە کە ١١ی بۆ باسی مێژووی کورد و دووی بۆ باسی مێژووی گشتیی تەرخان کردووە. واتا پتر لە دووسێی کتێبە چاپکراوەکانی موکریانیی بەسەر یێکەوە ١٦٨١ لاپەڕەیە کە ١٢٩٥یان بۆ باسی مێژووی کورد و ١٤٧یان بۆ باسی مێژووی گشتییە! واتا؛ موکریانیی بەسەریێکەوە ١٤٤٢ لاپەڕەی کتێبە چاپکراوەکانی بۆ باسی مێژووە، خۆ ئەگەر بێت و ژمارەی لاپەڕەی ئەو بەرهەمە مێژووییە زۆرەی حسێن حوزنیی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەوە، بیانخەینە سەر ئەو ژمارانەی باسمان کردن، هەڵبەت ئەوسا جێگەی لە مەیدانی مێژوونووسیی کوردییدا دیارتر دەبێ!

حسێن حوزنیی؛ یێکەم کەسە - بەر لە ئەمین زەکییش/K - بەکوردیی لە زانستی مێژوو دواوە. بەرگی یێکەمی «ئاوڕێکی پاشەوە»ش یێکەم کتێبی مێژووی بڵاوکراوەی سەربەخۆی کوردییە کە بۆ باسی مێژووی کورد تەرخان کراوە!

بۆ ئەوەی باشتر لە مانای ئەم ڕاستییانە تێ بگەین، لێرەدا دیسان پەنا دەبەینە بەر چەند ژمارەیێ، لە ساڵانی ١٧٨٨ز-١٩٢٤ز.دا، هەمووی بەسەریێکەوە ٢٥ کتێب بەزمانی کوردیی چاپ کراوە کە هیچمان نە زۆر و نە کەم و نە بەگشتیی چ جای تایبەتیی توخنی مێژوو نەکەوتوون. لە ساڵانی ١٩٢٥ز-١٩٢٩ز.دا، هەمووی بەسەریێکەوە ٢٣ کتێب بەزمانی کوردیی چاپ کراون کە بەتەنێ ٣یان بۆ باسی مێژوون و هەرسێکیان بەرهەمی خامەی ڕەنگینی حسێن حوزنین! لە ساڵانی ١٩٣٠ز-١٩٤٥ز.دا هەمووی بەسەریێکەوە ١٨٤ کتێب بەزمانی کوردیی چاپ کراوە و ١٣یان بەتەنێ بۆ باسی مێژووە و نیوەیان حسێن حوزنیی دایناون!)[٤].

گۆڤاری گەلاوێژ لە کۆچی ماڵئاوایی حوزنییدا نووسیویەتی؛ (ژیانی... بۆ خەرج کرد. زەمانی

(٤) لەگەڵ ئەو خوێندنەوەیە، در. کەمال مەزهەر ئەحمەد -لە مێژوودا- بەبێ نواندنی بەڵگەیێکی ڕاست کە مێژوو، زانست، ڕاستیی دڵنیا بکات، تۆمەتێکی داوەتە پاڵ گۆیا (ماسۆنیی) کاری تێ کردووە! جا تووبی خوا؛ داماوێکی هەژار و زۆرلێکراو ئەگەر بەموویێک ئەو کارەی بەرکەوتبایە، ئە ئاوها دەژیا و دەمرد؟

جوانیی بۆ دانا، عومری گران قیمەتی لە پێناویدا بڕاندەوە... لە ڕێگەیدا چەوسایەوە؛ ڕووتیی کێشا، برسییەتیی چێشت، دەربەدەریی و مل کزیی شارانی گرتە ئەستۆ! حوزنیی؛ نەمردوویت، نامرێت، لە گۆشەی ولاتا شوێنت تەرخانە، ئەسەرەکانت چاوندازی چاوی دڵ ورپاکانە!).

پیرەمێرد لە کۆچییدا نووسیویەتی: (لە دەستمان چوو... کەلەبەرێکی گەورە کەوتە ناو خانووی مەتبووعاتی کوردەوارییەوە کە بەم نزیکانە هەڵناچنرێتەوە، پڕ نابێتەوە.

سەیید حسێن حوزنیی موکریانیمان کۆچی دوایی کرد، خۆی لە کەشاکێشی بەدبەختیی و نەگبەتیی جیهان رسگاری بوو... بەڵام بەڕاستیی بۆ عالەمی مەتبووعاتی کورد خەسارەتێکە باوەڕ ناکەم جارێکی تر پێکێکی وا هەڵبکەوێتەوە!

ئاخ!! خۆزگە ئەو جەوهەرە لەوا بوو، زەمان و جیهان و خزمان بیانهێشتیایە لە ساحەیێکی ڕاست و دروست و کوردەوارییدا خۆی دەرخا!).

مارف جیاووکی سیاسی و ڕۆشنبیری ناسراو لێی نووسیوە: (لە عەسری نابووتیی کورداندا، سەیید حسێن حوزنیی دڵسۆزێکی بێ میسل و نیشتمانپەروەرێکی بێ نەزیر بوو، خزمەتێکی گەورەی کرد، دەبوو میللەت تیمسالێکی بۆ دروست بکردایە!

من هەمیشە وەک «گۆتێبورگ»یکی کوردم تەماشا کردووە. ناوی حوزنیی لە دڵمدا وەک ناوی حسێنی شەهید وایە کە لە دڵی ئیسلامدا جێی گرتووە!).

حسێن حوزنی موکریانیی نەتەوەپەروەری سەرسەخت و قەڵەمێکی گەورەی ڕۆژنامەنووسیی و دەفتەرێکی پرشنگداری مێژووی کورد، هەموو سۆز و توانای پیاوەتیی بۆ کورد و کوردستان دانا و بەشی کابان و وەجاغی ڕوونی نەدا، بۆیێکا ڕەبەن ژیا و مرد!

دانراو و چاپکراوەکانی(٥):

١- غونچەی بەهارستان – حەڵەب؛ س١٩٢٥ز. (مێژوو)
٢- پێشکەوتن – ڕواندز؛ س١٩٢٧ز (ج٢؛ س١٩٦٢ز).
٣- خۆشی و ترشی – ڕواندز؛ س١٩٢٧ز. (چیرۆک بەشیعر بۆ زارۆکان)
٤- بەخێوکردنی کرمی ئاوریشم – ڕواندز؛ س١٩٢٨ز.

(٥) گەلێ یادگاری وەک یاداشت، چیرۆک، پەخشانی ئەدەبیی، گوتاری مێژوویی نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکانن و کۆ نەکراونەتەوە. هەروەها هێندێ یادگاری بەنرخیشی لە لای نەوەکانی گیوی موکریانیە و نازانم کەی خۆر دەبینن!



٥- ئاوڕێکی پاشەوە – ب١، ڕواندز؛ س١٩٢٩ز (ب٢ س١٩٣٠ز) (ب٣ س١٩٣١ز).
٦- تەئریخی حوکمدارانی بابان – ب١، ڕواندز؛ س١٩٣١ز. (مێژوو)
٧- مێژووی ناودارانی کورد – ب١، ڕواندز؛ س١٩٣١ز. (مێژوو)
٨- کوردی زەند – ب١، ڕواندز؛ س١٩٣٤ز. (مێژوو)
٩- کورد و نادر شاه – ب١، ڕواندز؛ س١٩٣٤ز. (مێژوو)
١٠- وێنەگەریی و کوڵێن – ب١، ڕواندز؛ س١٩٣٥ز. (لەمەڕ وێنەگرتن و شووشتنەوە و زەنگۆگراف)
١١- مێژووی میرانی سۆران – ج١، ڕواندز؛ س١٩٣٥ز (ج٢: س١٩٦٢ز).
١٢- دەستووری خوو بۆ کوڕ و کچ – ج١، ڕواندز؛ س١٩٣٥ز. (کۆمەڵیی)
١٣- کوردستانی موکریان: ئەترۆپاتین – ج١، ڕواندز؛ س١٩٣٨ز. (مێژوو).
١٤- بەکورتیی هەڵکەوتی دیرێکی – بەغداد، س١٩٤٧ز. (مێژوو)
١٥- لاپەڕەیێک لە دیرێکی کوردستانی موکریان – بەغداد، س١٩٤٧ز. (مێژوو)

## ☼❑⊖ حەسەن محەممەد عەلی جاف(*)

(حەسەن فەهمی/ نووسەر: ١٦/١١/١٩٠٦ز. هەڵەبجە ــــ ١٨/٦/١٩٧٣ز. بەغداد – قزلرەبات).

کوڕەزای مەحموود پاشای جافی بەنێوبانگە. لەسەر دەستی مامۆستا تایبەتیی خوێندوویەتی. وێڕای بەهرەی خۆی، لە جامی زانست و ئەدەبیاتی نۆشیوە. ژینی لە هەڵەبجەدا بۆ کاروباری خێڵی خۆی و موڵکی تایبەتی تەرخان کردووە. لە ساڵی ١٩٤٨ز.دا ماڵ و منداڵی ڕاگوێستووەتەوە بۆ بەغداد. لە ئەو ساڵەدا و (کانوونی دووەمی ١٩٥٣ز، ئەیلوولی ١٩٥٤ز، مایسی ١٩٥٨ز.دا، لە پارلەمانی عێراقی عەرەبدا نوێنەری هەڵەبجە و سلێمانیی بووە!

خولیای ڕۆشنبیریی، مێژوو، ئەدەبییات و شیعر بووە، لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا ڕستێ گوتاری

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- هۆشمەند حەسەن فەهمی.
٢- ١١٣/١٧/٢.
٣- ١٣٤/٣٨/٢.
٤- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەتایبەتی: گەلاوێژ!

مێژوویی و ئەدەبیی جۆربەجۆری بڵاوە.

وەک لە گەنجینەی یادگاری -لە لای کوڕەکەی- وردبوومەتەوە، دەستی لە شیعری فارسیی و کوردییدا هەبووە، بەڵام وەک شاعیرێ نەناسراوە، دیسان -لە گەنجینەیدا- دەستنووسێکی لەمەڕ (خێڵی جاف) بەیادگار و بێ چاپ ماوەتەوە.

کتێبخانەکەی کتێبی کوردیی و ڕۆژنامە، کتێبی فارسیی، تورکیی هەمەجۆرەی تێدا هەیە؛ هەر لە فەرهەنگ و دیوانە شیعر و کتێبی مێژووەوە تا ئایین. (کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف)ی ناسراو لە گەنجینەیدا پارێزراوە. وێڕای کوردیی، عەرەبیی، تورکیی، فارسیی زانیوە. حەسەن فەهمی جاف، دوو کابانی هەڵبژاردووە؛ چوار کیژ و (هۆشمەند)ی تاقانەی لە بەغداد و سلێمانیی و لۆندوندا دەژین![1]

دانراوە چاپکراوەکانی:

١- پاڵەوانی زەند - بەغداد، س١٩٥٦.

(ڕۆمانێکی مێژوویی ئەوینیە لە فارسییە و بۆ کوردیی).

٢- کوردستان شوێنی گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانیی - بەغداد، س١٩٦١ز (لە فارسییەوە بۆ کوردیی).

## ⊖ شێخ حەسەن شێخ محەممەد نۆدێیی[*]

(شێخ حەسەن گڵەزەردەیی/ ئایینناس، کەشناس: ١٠٨٨ک/١٦٧٧ز
ـــــ ١١٧٥ک/١٧٦٢ز. گوندی گڵەزەردە - قەرەداخ، سلێمانی)

لە منداڵییەوە لەبەر دەستی بابی ئایینناس و خزمە زانستپەروەرەکانی پەروەردە بووە و زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵیی وەرگرتووە و پێ گەیشتووە. هەر خۆی لە هەمان گونددا مزگەوت و فێرگەییێکی ئایینیی ئاوەدان کردووەتەوە.

دانراوێکی عەرەبیی (رسائل القلوب - ڕەسائیلولقولووب / نامەکانی دڵان)ی هەیە، بەڵام

(١) لە ١٤/٥/١٩٩٧ز.دا بەتایبەتی بۆ دیدەنیی کاک هۆشمەندی کوڕی، چووم بۆ بەغداد تا کتێبخانە و یادگارەکانی و نامەیم چنگ بکەوێت. بەڕاستی سوپاسی میوانداریی و هاریکاریی گەرمی دەکەم! لەمەڕ مێژووی لە دایک بوونی بابیشی پێی گوتووم کە ئەم مێژووەلە مێژووی س١٩٠٥ز ڕاستترە کە لە دەفتەری ناونووسدا نووسراوە!

(*) کەلک وەرگیراوە لە ٢/٢١/١١٧.



خۆی لە لای خەڵکی کورد، بەڕێنوێنێکی ئایین و زانایەتیی لە کەشناسییدا نێوبانگی هەبووە و ئێستەش خەڵکێکی زۆری نێوچەی سلێمانیی، بۆ کەشناسیی پشت بەڕۆژنامەی (کەشناسیی شێخی گڵەزەردە/ شێخ حەسەن) دەبەستێ کە مخابن لە ساڵەکانی هەشتاکاندا، ڕژێمی بەعسی عەرەبی عێراق، مزگەوتەکە و ئاواییەکە و پاشماوەی (ڕوانگە)ی کەشناسیی کاول کرد و بەتایبەتی ئەم یادگارە زانستیی و مێژووییەی پاکۆ کرد[1]!

وەڵامنامەی شێخ حەسەن بۆ نادر شا، بەڵگەییێکی زیندووی باوەڕ و چاونەترسیەتی!

## ⊖ کاکە حەمە مەلا ئەحمەد مەلا عەبدوڕڕەحمان[*]

(ناریی/ شاعیر: ١٨٧٤ز. ساوجی کۆن ـــــ ١٩٤٤ز. بێلوو/
کوردستانی خۆرهەڵات)

خانەدانی بابی لە دەشتی «شلێر»ی کوردستانی خۆرهەڵاتەوە هەڵکەوتووە، بەڵام لە گوندی «ساوجی کۆن» نیشتەنیی بوون و ئەمیش لە ئەوێدا چاوی هەڵهێناوە. دایکی لە بەگزادەکانی گوندی «کەبک»ی هەمان نێوچەیە.

لە منداڵییەوە لەکن بابی و زانا ئاشناکانیان دەستی بەخوێندن کردووە و بەرەبەرە بۆ وەرگرتنی زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵیی بەبازێڕ و بازێڕۆکەکانی «سنە، پێنجوین، سلێمانیی، مەهاباد، وان، باشقەڵا، هەولێر، ڕواندز»دا گەڕاوە و لە دوا بازێڕۆکدا لە ساڵی ١٨٩٧ز.دا ئیجازەی مەلایی و مامۆستایی پێ بڕاوە، ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ «مەریوان».

لە س١٩٠٤ز.دا لەسەر داخوازیی حسێن بەگی بێلوو، بووە بەمەلا و مامۆستای گوندی «بێلوو» کە هەر لە ئەویشدا هاوسەری ژینی هەڵبژاردووە و تا مردن گوزەرانی تێدا کردووە.

ناریی، شاعیرێکی کلاسیکی لایێنگری سۆفییاتی بووە و کەسێکی ژیر و ڕەوانبێژ و نوکتەگۆ و دۆستی هونەری شاعیران (مەحویی) و دۆستی ڕاستەقینە و نزیکی حەفید زادە مەحموود

(١) زانا عەبدوڕڕەقیب یووسف -هەر لە هەشتاکاندا- بەر لە کاول بوونی ئاواییەکە؛ کۆششی کرد بۆ بووژاندنەوە و ناسینەوەی (ڕوانگە)کەی شێخ حەسەن، بەڵام هەرچەندە لێ کۆڵینەوەی سەری گرت، پاشماوەی ڕوانگەکە بەکاول بوونی، لە دەست چوو!

(*)سەرچاوە:

١- ١/٤٤.

٢- ١/٤٦.

٣- ١/٨٥.

بووە. وێڕایی کوردیی، فارسیی، عەرەبیی، تورکیی زانیوە و لە یێکەم و دووەمدا شارەزا بوو و شیعری بڵاوە. تا هەنووکە و لە ساڵانی ١٩٦٩ز. مەهاباد و ١٩٨٤ز لە بەغدادا (دیوانی شیعر)ی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

عەلائوددین سەججادیی ڕەخنەگری ئەدەب لێی گوتووە: (ئەم شاعیرە چۆن ئەدیبێکی باڵا و عیبارەت ئارایێکی بێ وێنە بوو، نووسینەکانی ئەستێرە زێڕینەییێکن لە ئاسمانی ئەدەبییاتی کوردییدا!).

### ⊖ حەمە حسێن خان میرزا حەسەن سەیفولقوزات(*)

(سەیفی قازیی/ سیاسی؛ شەهیدی کورد و کوردستان: س١٩١١ز.
مەهاباد ـــ ١٩٤٧/٣/٢١ز. مەهاباد)

ئامۆزای پێشەوا -سەرکۆماری کوردستانی خۆرهەڵات- قازیی محەممەدە. بابیشی یێکێ بووە لە پیاوە زانا و بەنێوبانگەکانی کوردستان و لە شیعردا باڵادەست بووە کە بەکوردیی و فارسیی لەنێو خەڵکدا دەستاو دەستیان کردووە و بڵاوبوون!

حەمە حسێن خان لەبەر دەستی بابی زانا و ئەدیب و شاعیردا، خوێندەواریی دەستگیر بووە و پێ گەییشتووە. دوای ڕمانی دەزگە حوکوومەتی ڕەزا شا، حەمە حسێن خان وەک گەلێ نیشتمانپەروەری دی کورد کەوتە کۆڕی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد و کوردستانەوە. یێکێ بوو لە دامەزرێنەکانی (پ. د. کوردستان).

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، سەرەتا فەرماندەی مەهاباد بوو، ئەوجا وەزیری بەرگریی و پلەی ژەنەراڵ مایور بوو. دوای ڕمانی کۆمار، بەند کرا.

سەرهەنگ -موقەددەم- ئەمیر پەرویز کە یێکێ بووە لە ئەفسەرەکانی حوکوومەتی تاران و سەرکردەکانی کوردیان لە سێدارە دا، دەگێڕێتەوە؛ (کاتێ سەیفی قازییان بردە بەر پەتی سێدارە، یێک بەخۆی هاواری کرد: بژی نەتەوەی کورد. بژی پێشەوای گەلی کورد!). کەم ژیا و کەڵ مرد! زیندووە وەک زیندوویی کورد!

(*) سەرچاوە:
١- ١٩/١.
٢- ٥٢/١.



### ☼ ❑ حەفسە مەلا ڕەشید بابان

(کابان: س١٩٠٧ز. سلێمانیی ـــ س١٩٨٥ز. سلێمانیی)

دایکی ڕەزییەی مەلا محەممەد ئەمینی پێنجوینییە. حەوت ساڵان بووە -بەهۆی کار و فەرمانی بابییەوە- بەتەنێ لە لای دایکی ماوەتەوە. ئیدی تا مردن بابی نەدیوەتەوە و بەنامە و وێنە گۆڕینەوە پێوەندییان هەبووە.

لە س١٩٢٤ز بووە بە هاوسەری عەبدولکەریم محەممەد فوئاد. چەند کوڕ و کیژی پێ گەییشتووی هەیە.

من -نووسەری ئەم ژیننامەیە- تەمەنۆکەیی لە نزیکەوە سەرنجی ئەم ژنە ساڵارەم داوە و وێنەی ژیریی و توانا و ڕەووشت بەرزیی و خوداناسیی و کوردپەروەریی بوو.

ئەم ژنە بەهۆی تێکەڵیی کوڕانییەوە لە سیاسەتدا، تووشی گەلێ تەنگانە و تاڵیی بوو، بەڵام وەک دایکێ لە سەختترین ڕۆژگاردا نەیهێشتووە چ نووسراو و کتێبێکی ماڵ و مێرد و کوڕەکانی لەنێو بچن! مخابن بەنەخۆشیی کۆچی ماڵئاوایی کرد.

### ❍ مەلا خالید ئەحمەد حسێن شارەزووریی(*)

(مەولانا خالید شارەزووریی نەقشبەندیی / ئەلموجەددیدولنەقشبەندی/
ئەبولبەها زیائوددین زیلجەناحەین/ زانای ئایینناس: ١١٩٣ک/١٧٧٩ز.
زەردیاوا - قەرەداخ/ سلێمانیی ١٢٤٢ک/١٨٢٦ز. شام/ سووریا).

سەجەرەی دەچێتەوە سەر پیاوچاکی ناسراو بە پیر میکاییلی شەش ئەنگوست. لە دایکیشیەوە -هێندێ دەڵێن پیرۆز، یان فاتیمەی نێوبووە- دەچێتەوە سەر پیاوچاک پیر خدری شاهۆ.

لە زەردیاو - قەرەداخدا دەستی بەخوێندن کردووە. ئەوجا لە سلێمانیی، زەهاو، حەلوان،

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ٧/١.
٢- ١١٧/٢١/٢.
٣- ١٢٠/٢٤/٢.
٤- ١٢٨/٣٢/٢.
٥- ١٤٨/٥٢/٢.
٦- ١٤٩/٥٣/٢.

کۆیێ، هەریر، بەغداد، سنەدا. لە زانستەکانی عەقلّیی و نەقلّییدا ئیجازەی وەرگرتووە، تەنانەت لە ڕێگەی حەجدا -لە شامدا- لە لا زانایان شێخ محەممەد کوزبەریی و شێخ مستەفا کوردیی. بەر لە ئەوانیش لە لای زانا بەنێوبانگەکانی کوردستان خوێندوویەتی و ئیجازەی وەرگرتووە، وەک: سەیید عەبدولکەریم بەرزنجەیی، سەیید عەبدوڕڕەحیم بەرزنجەیی، شێخ عەبداللەی خەرپانیی، مەلا ئیبراهیمی بیارە، مەلا ساڵحی تەڕەماریی، مەلا مەحموودی غەزایی، مەلا عەبدوڕڕەحیمی زیارەتیی، شێخ محەممەد قەسیمی سنەیی، مەلا محەممەدی باڵەکیی/ ئیبنوئادەم، مەلا عەبدوڕڕەحمانی جەلیی.

لە تافی لاوییدا دەستی داوەتە شیعر و پەخشانی عەرەبیی و فارسیی، لە ئەم هەلەدا ئیبراهیم پاشای میری بابان داخوازی لێ کردووە لە فێرگەیێکدا مامۆستایی بکات، پەسەندی نەبووە و هەر بەزانست وەرگرتنەوە خەریک بووە. لە س١٢١٣ک/١٧٩٨ز.دا کە مامۆستای خۆی؛ شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی بەدەردی ڕشانەوە مردووە، لە فێرگەی مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشای بابان - ئێستە ناسراوە بە مزگەوتی شێخ بابا عەلیی - بووە بە مامۆستا. لە ئەم هەلەوە سەرگەرمی فێرکردن و نووسین بووە.

لە س١٢٢٠ک/١٨٠٥ز.دا، بەڕێگەی مووسڵ، دیاربەکر، ڕەها، حەڵەب، شام، فەلەستیندا، ڕووی کردووەتە ماڵی خودا و لە س١٢٢١ک/١٨٠٦ز.دا، دوای حەجکردن گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی و دەستی داوەتەوە فێرکردن.

هەرچیی سەرچاوەییێکی لایێنگری هەیە، دەڵێن گۆیا؛ (لە تەوافی کەعبەدا، ییێکێک -وەک لە غەیبەوە بێ!!- پێی گوتووە گۆیا کە «فەتحی تۆ لێرە نییە!» و لە هیندوستانە. چاوەنۆڕ ببە ئیشارەتت بۆ دێت!).

دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانیی -گۆیا ئیشارەتەکەیە!!- کەسێ هاتووە بەنێوی دەروێش محەممەد عەزیم ئابادیی؛ (میرزا ڕەحیم الله)ی خەلیفەییێکی شا عەبداللەی دیهلەویی نەقشبەندیی بوو، هاتووە بۆ سلێمانیی و داوەتی کردووە بۆ هێندوستان! حاجیی مەلا خالیدیش لە سەرەتای موحەڕڕەم ١٢٢٤ک/١٨٠٩ز.دا، لەگەڵی ڕۆیشتووە -بەڕێگەی ئێراندا- بۆ هێندوستان! لە ئەو وڵاتەدا بەدیداری نێوبراو گەییشتووە و پێنج مانگێ -هێندێک دەڵێن نزیکەی ساڵێ- هۆش و بیر و دەستووری ڕێبازی نەقشبەندیی لێ وەرگرتووە. دوایی دیهلەوی ئیجازەی لە پێنج ڕێبازی (نەقشبەندیی، قادریی، سەهرە وەردیی، کوبرەویی، چەشتیی) پێ بەخشیوە.



لە ڕێگەی گەڕانەوەیشدا، لە باژێڕی (هرات)دا، شێخ عەبدولعەزیز حەنەفیی نەقشبەندیی کوڕی وەلی الله حەنەفیی نەقشبەندیی، ئیجازەییێکی ناسکی لە (روایات الصحاح) و هێندێ لە (الاحزاب)دا پێ داوە.

ئەوجا دیهلەویی فەرمانی داوە کە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی و ڕێنوێنی و پەروەردەی لایێنگرەکانی ڕێبازەکە بکات. ئەویش کە لە بەندەرەکانی هیندوستانەوە بەڕێزەوە بەڕێ کراوە، بەبەندەری «مەسقەت» و ئەوجا بەباژێڕی «شیراز» تا «سنە»دا هاتووە و لە ١٢٢٦ک/١٨١١ز.دا گەییشتووەتەوە سلێمانیی کە میرزادە و گەورەکان و زاناکان و خەڵکێکی زۆر پێشوازیان کردووە.

خالید نەقشبەندیی ماوەییێکی کورت لە سلێمانییدا ماوەتەوە و ئەوجا ڕووی کردووەتە «بەغداد» و لە گۆشەییێکی «مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گیلانی»دا دابەزیوە و دەستی بەڕێنوێنیی و بڵاوکردنەوەی دەستووری ڕێبازەکەی کردووە. دوای پێنج مانگێ و لە دەمەو کۆتایی ١٢٢٦ک/١٨١١ز.دا گەڕاوەتەوە بۆ باژێڕی «سلێمانیی» و خەریکی ئەو مەبەستە و زانستە دیار و نادیارەکان بووە. لە ئەم هەلەدا -بەهۆی فەرمانڕەوا ئەوڕەحمان پاشای بابان و شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجییەوە -ڕێنوێنی ڕێبازی قادری- و لایێنگرەکانیەوە، ناکۆکیی بەرەو ڕوو کراوەتەوە، تەنانەت تانە و تەشەری شێخ مارف بەڕادەیێ تاوەنبار کردووە گۆیا دەخوازێت خۆ بە (وەلیی) دابنێت و چاوی لە (دەسەڵات) گرتنە!

هێندێ سەرچاوەی سەربەخۆیشی دەگێڕنەوە گۆیا: بەرامبەرەکانی لە مزگەوتی گەورەی سلێمانییدا، تەمایان بووە بیکوژن، بۆییێکا -بەر لە مردنی ئەوڕەحمان پاشا- لە ساڵی ١٢٢٨ز/١٨١٣ز.دا، بەزوێرییەوە «سلێمانیی» چۆڵ کردووە و چووە بۆ بەغداد و لە (فێرگەی ئەلئەحسائییە/ تەکییەی خالیدییە)دا و لە سەردەمی سەعید پاشای کوڕی سلێمان پاشای گەورەی والیی بەغداددا، جێگیر بووە و ڕێزێکی زۆریشی لێ نراوە! ناکۆکییەکە کلّپەی سەندووە و شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی بەنامەییێکی ناسراو (تحریر الخطاب/ نامەییێکی والا)وە کە بۆ سەعید پاشای والیی ناردووە مەولانا خالید نەقشبەندیی بە (کافر) ناساندووە. ئیدی والیی و زانا ناسراوەکانی بەغداد، حیللە، شام، لە سەریان کردووەتەوە و بەژمارەیێ نامەی دوورودرێژ، پەرچیان داوەتەوە.

کێشەکە ماوەتەوە تا ساڵی ١٢٣٢ک/١٨١٦ز کە میری نوێی بابان (مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا) لە دیدەنیی والیی داود پاشای والیی بەغداددا، تکای لە خالید نەقشبەندیی

کردووە تا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانیی. لە ئەم هەلانەشدا، شێخ مارف -دیارە باری لاواز بووە- بەهۆی هێندێ زانای سلێمانییەوە تکای لە خالید نەقشبەندیی کردووە بۆ بڕاندنەوەی کێشەکە و ئاشتبوونەوە. ئەویش بەنامەیێکی عەرەبیی چاک، وەڵامی داوەتەوە و گەردنی ئازاد کردووە و لە کۆڕ و کۆمەڵاندا دۆستایەتی بەرامبەر نواندووە و ڕاگەیاندووە و، کێشەکەی بنەبڕ کردووە!

مەحموود پاشای بابان وەک تکای لێ کرد بۆ گەڕانەوە، بەڵێنی ئاوەدانکردنەوەی (مزگەوت/ خانەقای مەولانا خالید)ی دابوویە و گفتەکەی بردە سەر. هەروەها هەرچیی خەرجییەکی خانەقا و لایێنگرەکانی هەیە، گرتییە خۆی و چەند گوند و جۆگەیێکی لەسەر -وەقف کرد- دانا!

مەولانا خالید هەر لە ئەو ساڵەدا گەڕایەوە بۆ سلێمانیی و کەوتەوە زانست بڵاوکردنەوە و ئاشناکردنی ڕێبازەکەی کە ڕۆژ بەڕۆژ لە کوردستان و هەندەراندا، دەنگی دەدایەوە و لایێنگری پتر دەبوو، بەڕادەیێ هەر لە خانەدانی باباندا - وێڕای مەحموود پاشا - گەلێکیان لە ڕێبازەکە کۆبوونەوە و سەریان بۆ خۆیشی نەوی کرد!

خالید نەقشبەندیی لە ڕواڵەتدا بە ئەو شێوە و خاوەند جەماوەر بوو، خانەدانی بابانیش لە مێژەوە سەرگەرمی ناکۆکیی و شەڕی براکوژیی بوو. شاکانی عەجەم، سوڵتانی ڕۆم، والییە - کڕدراو/مەملووک-ەکانی بەغدادیش، بەنهێنیی و ئاشکرا کنەیان تێ دەکردن و تۆوی دووبەرەکیان دەچاند... ئەم بارە ناهەموارەشی بەسەر خالید نەقشبەندییدا شکاوەتەوە - نامەی خۆیشی جەخت دەکات - کە سەرئەنجام کار گەییشتووەتە ڕوودانی زویریی و گومان لە نێوان مەحموود پاشای بابان و ئەودا، بەڕادەیێک مەولانا و بەنهێنیی لە شەوی ٢/ ١٠/ ١٨٢٠ز.دا سلێمانیی چۆڵ کردووە و چووەتە بەغداد و لە «تەکییەی خالیدییە»دا نیشتەجێ بووە و لە سلێمانییشدا شێخ عەبداللەی هیرەویی خەلیفەی داناوە.

داود پاشای والیی بەغداد، زۆر ڕێزی گرتووە، تەنانەت خۆی شاگردی بووە و ئیجازەی زانستیشی لێ وەرگرتووە و قەرزێکی زۆری بۆ داوەتەوە! بێژراوە لە ئەو هەلانەدا دۆست و لایێنگرەکانی لە وڵاتەکانی موسڵمانان‌دا -لە ئەو ڕۆژگارانەدا- زۆر بووە و لە هەموو کووچەیێکەوە ڕووی تکایان لێ کردووە، بەتایبەتی لە «شام»ەوە تا لە ئامێزی بگرن! ئەویش بەر لە ئەوەی داخوازیان پەسەند بکات، دیدەنییەکی (هەورامان)ی کردووە و لە ئەو هەلەشدا مەحموود پاشای بابان نامە و ڕاسپێری بۆ ناردووە و تکای گەڕانەوەی لێ کردووەتەوە، بەڵام تکای نەگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد و لە س١٢٣٨ک/١٨٢٢ز.دا ڕووی کردووەتە «شام» و گەرم گەرم لە لایێن زانا گەورەکان، نووسەرەکان، پێشوازیی لێ کراوە و لە ئەو باژێڕەدا جێگیر بووە!



لە س١٢٤١ک/١٨٢٥ز.دا، جارێکی دی حەجی کردووە و پێشتریش دیدەنیی «قودس»ی کردووە.

ئیدی بەزانستەکانی ئیسلامیی و ڕێنوێنییەوە لە «شام»دا ژینی بردووەتە سەر تا لە شەوی هەینی ١٤ی ذیلقەعیدەدا -بەپەتای ڕشانەوە- کۆچیی ماڵئاوایی کردووە و بەڕێزێکی زۆرەوە لە گردەکانی (چیای قاسییوون)ی شامدا ئەسپاردەی خاک کراوە!

خالیدی شارەزووریی کوردیی -کە لە خۆشەویستییدا هێندێ زانا و نووسەری عەرەب بەعەرەبییان داناوە- بەنوێکەرەوەی ڕێبازی نەقشبەندیی ناسراوە بۆیێکا بە (المجدد النقشبندي)یش نێو دەبرێت و لە ئەو ڕۆژگارەدا بەزانا و سۆفییەکی هەرە گەورە و هەڵکەوتووی کوردستان و وڵاتە موسڵمانەکان دەناسرا. مخابن کارێکی ئەوتۆی نەکرد -کە دەیتوانیی- بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیی کورد! هێندێ زانا و ئاییناس هێندە بەگەورەی دەزانن، نازنێوی (ابو البهاء ضياءالدين ذي الجناحين)یان بەسەردا بڕیوە.

نێوبانگی خۆی و ڕێبازەکەی -بەڕۆشنایی نامەکانی خۆی و دەیان لێ کۆڵێن و دانراو لەمەڕ خۆی و ڕێبازەکەی، لە سەرانسەری کوردستانی گەورە و دەوڵەتی عوسمانییدا، بگرە لە ئەستەنبووڵی پێتەختەوە تا بەغداد، بەسڕە، ئەحسا، شام، قودس، مەدینە، مەککە، میسر، مەغریب، تەنانەت لە کەفکاسدا، دەسەڵات و سەدان خانەقا و خەلیفە و هەزاران لایێنگری هەبووە و دەیان زانای گەورەی موسڵمانانی دنیا، چەندین والیی، کاربەدەستی گەورەی عوسمانیی، چەندین سەرداری بابانیشیان تێدا بووە.

کلۆدیۆس جێمس ڕیچ RICH کە لە ٢٤/٥/ ١٨٢٠ز.دا لە سلێمانییدا سەرگەرمی گەشت بووە، لە یاداشتی ڕۆژانەیدا دەڵێت؛ (کوردان پێیان شەرمە لە حەزرەتی مەولانا کەمتر نێوی لێ بنێن و گفتاری ئەویشیان لە ڕێزەی «حەدیس» داناوە... لە هەموو شوێنێکی جوێ جوێ تورکیا و وڵاتانی عەرەبدا، دوانزە هەزار لایێنگری هەیە!).

مێژوونووسی عەرەبی عێراق، پارێزەر عەباس عەززاویی، ژمارەی لایێنگرەکانی لە سنووری دەوڵەتی عوسمانییدا بەبیست هەزار کەس داناوە.

نووسەری (الانوار القدسية في مناقب السادة النقشبندية) خەلیفە و لایێنگرەکانی ئەو ڕۆژگارانەی بەسەد هەزار کەس خەمڵاندووە کە ئەم دەسەڵاتە -لە سنوورێکی گەورە و پانوبەریندا- نرخێکی مێژوویی و سیاسی گرنگیشی هەیە!

مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی –کە شارەزووریی ئیمزای خۆیشیەتی– لە رووی توانای زانستەکانەوە، هەروەها توانای زمانەوانیی و ئەدەبییات و هونەرەکانی شیعر و پەخشانەوە، بەکوردیی و پتریش بەفارسیی و عەرەبیی، شیعر و پەخشان و دانراوی هەیە و بەتایبەتیش –هێندێ لێ کۆڵ باوەڕیان هەیە– لە شیعری فارسییدا، کوردێکی باڵادەست و بەهرەمەندە!

شیعری کوردیی –بەشێوەی بابان/ سلێمانیی – کەمترە، بەڵام (عەقیدەنامەی کوردیی) ئەو، تا ئێستە وەک یێکەم بەخشانی کوردیی ئەو شێوە زمانەیە و نرخێکی تایبەتیی هەیە.

لە رووی کۆمەڵییەوە، سێ کابانی هەڵبژاردووە کە یێکەمیان کیژی یووسف ئاغا میکاییلیی خزمی خۆی بووە و چوار کوڕی لێ بووە کە سیانیان بەمنداڵیی و بەر لە کۆچی خۆی بەنەخۆشیی مردوون؛ چوارەمەکەیشیان (نەجمودین)ە کە تا س١٢٧٠ک/١٨٥٣ز بەژیانەوە بووە و لە مەحموود ساحیبی مامیەوە دەستووری ڕێبازەکەی وەرگرتووە و سەرگەرمی ڕێنوێنیی خەڵکیی بووە. کابانەکانی دی، هەردووک عەرەبی بەغداد، فەلەستینیی بوون.

قسەی هێندێ نووسەری کاروباری مێژووی سیاسیی بۆ ئەوە دەچن گۆیا؛ لەژێر سێبەری ڕێبازەکەیدا سەرگەرمی بزاڤێکی سیاسیی بووە بۆ گۆڕینی باری کوردستان و ئەو وڵاتانە بەڵام من لایێگیریان نیم. لەلاییێکی دیەوە لێ کۆڵینەوەکانی دەزگەکانی سوڵتانی عوسمانیی پاکانەیان بۆ دوورەپەرێزیی لە سیاسەت کردووە، بەڵام چ بەڵگەییێکی دیار بەدەستەوە نییە![١]

چاپکراوەکانی:

١– دیوانی مەولانا خالید – ئەستەنبووڵ؛ س١٨٨٤ز. (کوردیی، فارسیی، عەرەبیی)

٢–تەعلیقات لەسەر داوێنی (خەیالیی) لەسەر ڕاڤەی عەقیدەی نەسەفیی و لەسەر عەبدولحەکیم خەیالیی لە (علم الکلام – زانستی قسە)دا – ئەستەنبووڵ؛ ١٨٨٩ز. (عەرەبیی)

٣– عەقیدەنامەی کوردیی – ئاشناکردن و لێ نووسینی محەممەد مەلا کەریم – گۆڤار کۆڕی زانیاریی کورد.

دانراوی دی کە دەستنووس و دەستاودەست بڵاوکراونەتەوە:

(١) لێ کۆڵینەوەییێکم لەسەر ئەو (باسە) دەست داوەتێ و هیوام بەخوایە بتوانم تەواوی بکەم!



١– ڕاڤەی (طباق الذهب – الزمخشري). (فارسیی)

٢– پەراوێزێ لەسەر عەبدولکەریم سەیالکووتی «ناسراو بە: تەتیممە». (عەرەبیی)

٣– جالیة الاكدار في تقلبات الامصار. (عەرەبیی)

٤– العقد الجوهري في الفرق بين كسبي الماتريدي والاشعري «علم الكلام/ زانستی قسە». (عەرەبیی)

٥– پەراوێزێ بۆ: النهاية – الرملي «لە فیقهی شافیعییدا» (عەرەبیی).

٦– ڕاڤەی: العقائد العضودية «لە علم الكلام/ زانستی قسە». (عەرەبیی).

٧– پەراوێزێ بۆ: (جمع فوائد في جامع الاصول وجمع الزوائد – محمد بن سليمان المغربي. (عەرەبیی).

٨– پەراوێزێ بۆ: مقامات الحريري. (فارسیی)[٢]

٩– رسالة في العبادات. (عەرەبیی)[٣]

١٠– پەراوێزێ بۆ: علم النمو بۆ «تەتیممەی سیالکووتی» و پەراوێزی عبدالغفور لاري.

١١– ڕاڤەی: حديث الايمان. (فارسیی)[٤]

١٢– جلاء الاكدار والسيف البتار بالصلاة على النبي المختار. (عەرەبیی)[٥]

١٣– رسالة في اداب الذكر في الطريقة النقشبندية. (عەرەبیی)[٦]

١٤– رسالة في اداب المريد مع شيخه. (عەرەبیی)[٧]

١٥– رسالة في اثبات الرابطة. (عەرەبیی)[٨]

١٦– (نامە عەرەبیی و فارسییەکان)[٩]

(٢) ناتەواوە و دەستنووسیشی لە گەنجینەی زانا محەممەد خاڵدا هەیە!

(٣) بۆ لایێنگرەکانی خۆیێ کە لە مەزەبی حەنەفییەوە چوونە سەر مەزەبی شافیعیی!

(٤) عەقاییدی ئیسلامیی تێدا کۆکردووەتەوە و نێوی لێ ناوە «فرائد الفوائد».

(٥) نێوەکانی ئەهلی بەدری بەپێی تیپەکانی ئەبجەد ریز کردووە!

(٦) لەگەڵ نامەکانی لە «بغية الواجد»دا بڵاوە.

(٧) چەند ساڵێکە لە «قازان»ی پێتەختی تەتارستاندا چاپکراوە.

(٨) لە «بغية الواجد»دا بڵاوە.

(٩) کۆکراونەتەوە و هێندێکی لێ چاپکراوە. جێگەی باسە، لە ژینی مەولانا خالید خۆیدا و دوای =

### ❍ خانای قوبادی(*)

(شاعیر/ ؟؟؟ ـــــ س١٧٤٠ز له ژیاندا بووه!)

ئایینناس و شاعیره، بەڵام بنجوبناوانی خۆی و خانەدانی و مێژووی ژین و هەڵکردی هێشتا دیار نییە و ڕوون نەکراوه، هەموو یادگارەکانیشی بەدەستەوه نییە!

دیارترین یادگاری گەوره و بەنرخی، داستانی شیعری (شیرین و خوسرەو)ەوه کە لە

=خۆیشی، کۆمەڵێ زانای وڵاتەکانی موسڵمان، کتێبی عەرەبیی گرنگیان لەسەر داناوه! لە ئێرەدا بۆ وێنە نێوی هێندێ نووسەر و دانراوەکانیان دەنوێنم:

١- ابراهيم فصيح الحيدري البغدادي - المجد التالد في مناقب مولانا خالد.
٢- أبي بكر بن محمد الحنفي الاحسائي - النشر الوردي باخبار مولانا خالد النقشبندي.
٣- أبي الثناء السيد محمود الالوسي - الفيض الوارد على روضة مرثية مولانا خالد.
٤- اسماعيل الغزي العامري، مفتي الشافعية بدمشق - حصول الأنس في انتقال حضرة مولانا خالد الى حضرة القدس.
٥- ملا حامد البياري الشهرزوري - رياض المشتاقين في مناقب خالد ضياءالدين.
٦- حسين بن احمد الدوسري - الرحمة الهابطة في ذكر اسم الذات والرابطة.
٧- داود بن سلمان بن جرجيس - كسلي الواجد ومثير النواجد.
٨- محمد امين مفتي الحلة - القول الصواب برد ما سميّ بتحرير الخطاب.
٩- محمد امين الشهير بابن عابدين - سل الحسام الهندي لنصرة مولانا خالد النقشبندي.
١٠- محمد امين السويدي البغدادي - السهم الصائب لمن سميّ المصالح بالمبتدع الكاذب.
١١- محمد اسعد صاحب - بغية الواجد في مكتوبات حضرة مولانا خالد.
١٢- محمد اسعد صاحب - جمع القلائد وجمع الشوارد في فرائد حضرة مولانا خالد.
١٣- محمد اسعد صاحب - نور الهداية والعرفان في سرّ الرابطة والتوجه وختم الخواجكان.
١٤- محمد بن سليمان الحنفي البغدادي - الاساور العسجدية في المآثر الخالدية.
١٥- محمد بن سليمان الحنفي البغدادي - الحديقة الندية والبهجة الخالدية.
١٦- محمد بن عبداللة الخاني - البهجة السنيّة في اداب الطريقة العلية.
١٧- محمد الرخاوي - الانوار القدسية في مناقب السادة النقشبندية.
١٨- عبدالمجيد بن محمد الخاني الخالدي النقشبندي - الحدائق الوردية
١٩- عثمان بن سند الوائلي النجدي البصري - اصفى الموارد في سلسال احوال الامام خالد.
٢٠- مەلا عبدالكريم مدرس - یادی مردان.

(*) سەرچاوه
١- ١/٤٦.
٢- ١/٥١.



فارسییەوه کردوویەتی بەکوردیی، شیرین و خوسرەویش (نیزامی گەنجەویی) شاعیری گەورەیی فارس له س١١٧٢ز-١١٨٥ز.دا داناوه. کردەوەکەی خانا توانای شیعر و زمانزانیی دەسەلمێنێت.

لەمەڕ ڕێشە و ژینی، هێندێ قسەوباس نووسراوه... محەممەد عەلیی قەرەداخیی، له نەجموودین مەلای کەلەپوورناسەوه دەگێڕێتەوه: (له بابەت ئەم شاعیرەوه ئەمین زەکی بەگ له «مەشاهیرولکورد - ل ١٩٨»دا دەڵێت؛ خانای قوبادی له شاعیرانی چەرخی سیازده، له کوردستانی -داگیرکراو/K-ی ئێراندا ژیاوه، شیعری جوانی هەیه!». بەڵام نەجموودین مەلا دەڵێت؛ وەک من چوومەته بنجوبناوانی، له چەند زانایێکم پرسیوه، دەڵێن: خانای قوبادی له ئێلی قوبادییه که باوەجانیشیان پێ دەڵێن و تیرەیێکن له جاف، بۆ ئاژەڵ بەخێوکردن گەرمیان و کوێستان دەکەن!).

قەرەداخیی نووسیویشیه؛ (نەجموودین مەلا له دەستنووسی ناسراو به «میناى شکسته» به ئەم جۆره دوواوه: بەقسەی خاوەندی «ژین» جەنابی حاجیی تۆفیق بەگ، خانای قوبادیی له عەسری دەی کۆچیی له ناحیەی هەورامان‌دا ژیاوه. گەلێ ئەسەری مەنزوومی هەیه و سەرگوزەشتەی عیشقی بەشیعر هۆنیوەتەوه! ئەسەرەکانی دەستخەتن و مەوجوودن!!/ ژین - س١٩٥٥)(١).

### ❍ مەلا خدر شاوەیس میکاییلی(*)

(نالیی/ شاعیر: س١٨٠٠ز. گوندی خاکوخۆڵ - شارەزوور ـــــ س١٨٥٦ز. ئەستەنبوول)

وەچەی خێڵی جافه. له منداڵییەوه بەباژێڕ و ئاواییەکانی کوردستاندا وەک؛ (سابڵاخ، سلێمانیی، سنه، قەرەداخ، هەڵەبجه)دا گەڕاوه و له زانایانی وەک؛ مەلا عەبداللەی خەرپانیی، مەلا عەبدوواللەی ڕەش، شێخ عەلیی مەلا، شێخ محەممەد ئیبنولخەتیب، زانستەکانی عەقڵیی و نەقڵیی دەستگیر بووه و پلەی مەلایی بڕیوه.

(١) ڕەنگبێ له ئەم چەند ساڵانەی دواییدا، هەواڵی دی بڵاوبووبێتەوه و من نەم دیتبێت!
(*) سەرچاوه و تەماشاکراو:
١- دیوانەکانی.
٢- پێشەکییەکانی دیوانەکانی.

شوێن ناشتنی ڕوون نییە و ڕەبەن ژیاوە و وەجاخ کوێرە. هەموو لێ کۆڵینەوەیێ -بەڕۆشنایی دیوانەکەی- جەخت دەکەن کە دڵدارێکی سەرسەختی (حەبیبە) نێوێکی زەردیاوایی/ قەرەداخیی بووە و وێ دەچێت ناکام بووبێ!

بەکوردیی، تورکیی، فارسیی، عەرەبیی شیعری گوتووە، بەڵام بەیێکەم پتر و بەئەوانی دی کەمتر و دەگمەن .

شیعرەکانی پتری لەسەر ئەوینە و هێندێکی بۆ وەسف و ستایشە! لە هونەری شیعردا (فێرگە)یێکی سەردەمی خۆی و دواترە. لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، ڕۆژنامەنووسیی و ئەوجا کەلەپوورناس و دۆستانی شیعر و لێ کۆڵەکان خەریکی بڵاوکردنەوەی شیعری و هونەری بوون، بەڵام لە دوا چارەکی سەدەی نۆزدەشەوە، هێندێ خۆرهەڵاتناسی بیانیی عەودالی هەواڵی خۆی و یادگاری بوون، بەتایبەتیش ئۆسکارمانی ئەڵمان و مینۆرسکی ڕووس! هاوەڵی ئەحمەد پاشای بابان بووە!

مەلا خدر؛ نالیی گەورەی شاعیرانی دوا سووڕی میرنشینیی بابان -دیارە لە کەوتنی خانەدانی نێوبراوەوە- نیشتیمانی چۆڵ کردووە. لە ساڵانی ١٩٣١ز، ١٩٤٨ز، ١٩٦٢ز، ١٩٧٦ز، ١٩٧٧ز، چەند جاری -بە کەم و زیاد و لێ کۆڵینی نوێوە- دیوانی شیعری چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

## ❑ داود پاشا(*)

(والیی بەغداد: نێوان ١٨١٧ز ـــــ ١٨٣١ز)

نێوی ڕاستی، داڤیت Davit ی کوڕی جیۆرجی مانڤیلاشڤیلی و دایکی مەریەم Mariamە کە مەسیحایی وڵاتی جۆرجیان و کۆیلەی خانەدانی ئۆربیلیانیی Orbeliani بوون.

داود لە تەمەنی دوانزە ساڵدا دز فڕاندوویەتی بۆ تورکیا و لە ئەوێ ڕاشەوە بۆ بەغداد تا لە (بازاڕی نەحاسە)دا، دەستاودەست فرۆشراوە و مستەفا بەگ نێوێ کرپویەتی و بەدیاریی پێشکەشی پاشا سلێمانی گەورەی کردووە کە بوو بە والیی بەغداد.

داود -کۆیلەی فرۆشراو و خەڵاتکراو- کەوتە نێو کۆمەڵانی خەڵکانێکەوە کە بەزمان و

(*) سەرچاوە:

چەند سەرچاوەیێ بەتایبەتی: در. یووسف عیززەددین - داود پاشا ونهایە المالیک فی العراق؛ بغداد ١٩٧٦م.



ڕەووشت و ئایین و گوزەرانەوە نامۆ بوو، ناچار چیی بۆ نەمایەوە لە تێکەڵیی و ڕاهاتن پتر!

لە کۆشک و تەلار و نازی پاشادا کە مامۆستای تایبەتی بۆ ڕاگرت، خووی دایە خوێندن... زمانی عەرەبیی، زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵیی، تەنانەت شمشێرڤانیی وەرگرت و فێربوو!

(قرآن) و فیقهـ و ئایین، جوانکاریی، ڕەوانبێژی، تەفسیری خوێندن. مامۆستای بەنێوبانگ سەبغەت الله حەیدەریی - موریدێکی مەولانا خالید نەقشبەندیی- ئیجازەنامەی لە فیقهـ و ئایین و تەفسیری بەیزاوییدا، مامۆستا زەینوددیم جەمەلوللەیلیش ئیجازەنامەیێکی دی پێدا. (قرآن)یشی لەسەر دەستی پیری (قرآن) خوێنەکان محەممەد ئەمین مووسڵیی تەواو کرد. هەروەها نەحووسەرف -ڕێزمان و دەستوور-ی لەلای مەلا حسێن محەممەد عەلیی و تەسەووفیشی لەلای حاغز ئەحمەد و بیرکارییشی لەسەر دەستی لوتف الله ئەفەندیی وەرگرت.

داود کە خۆی توانای پێگەیشتنی هەبوو، لە هیچیشی کەم نەبوو بەسایەی سلێمان پاشای گەورەوە -والیی- ڕۆژ بەڕۆژ ئەستێرەی بەختی گەشتر دەبوو، بەڕادەیێ والیی کیژی خۆی لێ مارە کرد، هەروەها کردی بەکلیل و مۆرهەڵگری، تەنانەت کردی بە (دەفتەردار/ بەرپرسی دارایی) خۆی کە دیارە بەهێز و نێوبانگتر بووە!

دوای مردنی سلێمان پاشا و چوونە سەر تەختی سەعید پاشای کوڕی لاوی کە پەروەردەی ناز و خۆشیی بوو، سەری تێدا نابوو، بارەکان بەتایبەتی بۆ داود، ڕوو لە گۆڕین کرد.

توانا و نێوبانگی داود لەلاییێک و ناحەزیی خەسووی داود و دووزمانیی خەڵکانی خۆ بەڕەپێشیش، هەموو کارێکی ئەوتۆیان گێڕا کە والیی سەعید پاشا -ژنبراکەی- لێی بکەوێتە گومان و پیلان دابنێت بۆ کوشتنی! داود پێی زانیی و بەنێوی ڕاووشکارەوە خۆی دزییەوە تا گەییشتە کەرکووک. میری بابان، مەحموود پاشای ئەوڕەحمان پاشا بەسۆز و ڕێز و دەست و دیاریی زۆروە ڕووی تێ کردووە ئامادەیی یارمەتیی و پشتیوانیی بۆ نواند! ڕاستییەکەی لە هەڵێکدا دۆست و دەست و پێوەندی لێی دەتکێنەوە، مەحموود پاشای بابان تاقە دۆستی سەر ڕاست بوو کە هەر بەیارمەتی ئەو و لەشکری بابانەوە، زاتی کرد بچێتە پەلاماردانی سەعید پاشای والیی کە لە باوەشی دایکیدا بەکوشت چوو. ئیدی چووە سەر تەختی پاشایەتیی و سوڵتانی عوسمانییش پەسەندی کرد!

داود کەوتە بنیاتنانی لەشکری نوێ و بەهێز و مەشق پێ کراو، داوای لە حوکوومەتی هیندی خۆرهەڵات -بریتانیای داگیرکەری هیندوستان- کرد تا کەرەستە و تیفاقی جەنگ، کارخانەی پیشەسازیی، پاپۆری پێ بفرۆشێ، تەنانەت پەلێکی نێرووی بریتانیای لەپاڵ شابەندەرەکەیدا لە

بەغدادا، یارمەتییان دا. هەروەها هێندێ پیشەسازیی نوێشی لە ئەورووپاوە وەرگرت، وێڕاش سوڵتان مەحموود پانزە تۆپی نوێی پێ بەخشیی، بە ئەو پێیە لەشکرێکی دە هەزار کەسی مەشق پێ کراوی پێکەوە نا.

لەلاییێکی دییەوە، بایەخی دا بەئاوەدانکردنەوەی مزگەوت و فێرگە و باوکردنی خوێندن و ڕێزگرتنی ئاییناسەکان. خۆیشی لە دەرز گوتنەوەدا بەشدار دەبوو. ئەمەش کارێکی کرد کە خەڵکیی لێ نزیک بێتەوە و ستایشی پێ ببڕێت.

کردارەکانی لەلای دەوڵەتی سوڵتانی عوسمانیی، بەتایبەتی دوای یارمەتی نەدانی لە شەڕی ڕووسدا، گومانی نایەوە، بەڕادەیێ بۆنی جوداخوازیی لێ کرد، چەشنی محەممەد عەلیی لە میسردا.

بە ئەو ڕۆشناییە و بەبیانووی وەرگرتنی خەرجیی ساڵانەوە، سوڵتان مەحموود، سادیق ئەفەندیی نوێنەری خۆی ناردە بەغداد. داود تێگەیشت کە مەبەست لابردنیەتی، بۆییێکا نێوبراوی خنکاند.

ئیدی سوڵتان، عەلیی ڕەزای والیی حەڵەبی ڕاسپارد پەلاماری بەغداد بدات و داود بخات. لە ئەو هەلەدا، پەتای ڕشانەوە، هەروەها لافاویش پەلاماریان هێنا. ڕۆژ نەبوو هەزاران کەس نەمرن، بگرە داود خۆیشی تووشی پەتاکە بوو، بەڕادەیێ کەسی لە دەوروبەر نەما و پیرەژنێ خزمەتی دەکرد.

ئامۆژگاری کرا ڕا بکات. نەیکرد و لەگەڵ خەڵکی داماوی بەغداد، پەرچی پەلامارەکەیان دایە، بەڵام بێ هوودە بوو. سەرئەنجام (دیل کرا)!

عەلیی ڕەزا بەنامەیێکەوە، ڕەوانەی ئەستەنبووڵی کرد. سوڵتانیش -بەڕاسپاردەی عەلیی ڕەزا- چاوی لێ پۆشیی و بەخشیی و کردییە والیی (بۆسنێ)، بەڵام کە سوڵتان عەبدولمەجید چووە سەر تەخت و کرا بە والیی «مەککە» دواتر لە «مەدینە»دا مرد!

داود لەلای هێندێ نووسەر بەخراپ و ماڵکاولی وڵات و لەلای هێندێکی دی بەچاک لە قەڵەم دراوە. هەڵبەت زۆر لە ئەو نووسەرانەی ستایشیان کردووە، لە ڕوانگەی کەڵکی خۆیانەوە بیریان کردووەتەوە!

وردبوونەوە و کۆڵینەوەش لە هەڵوێست و کردەوەکانی بەرامبەر بەکورد، بەتایبەتی میرنشینیی بابان، دڵنیایی دەبەخشێت کە داود نمەک بەحەرام و وەستای بنچینە ڕماندنی میرنشینییەکە بووە کە دوای خۆی بەبیست ساڵ، بەیێکجاریی پاکۆ بوو.



تۆوی براکوژیی لەنێو خانەدانی بابان، ئاییناسەکاندا پتر ڕژاند و خۆی بەری خۆشی لێ خوارد، چەند جار شەڕی میرە کوردەکانی کرد. سەیر ئەوەیە مێژوونووسەکانی عەرەب، بەجوامێری دەزانن کە سیی هەزار لیرەی زێڕی داوەتەوە بەقەرزەکانی (مەولانا خالید نەقشبەندیی)دا کە بێ گومان داود ئەم بەخشینەی لە خۆڕایی نەبووە!!

جێگەی باسە، داوود خۆی بە (مەلیکی بەغداد، مەلیکی بابل) ئاشنا کردووە![١]

## ☼⊖ ڕووناک مەلا محەممەد ئەمین

(ڕووناک مەلا ڕەشید بابان/ کابان: ٣/ ١٠/ ١٩١٠ز ـــــ ...)

کیژی مەلا ڕەشید بابانە. چوار ساڵان بووە بابی بەجێیی هێشتوون و لە ئەستەنبووڵدا ماوەتەوە و نەگەڕاوەتەوە، ناچار -لە دەفتەری نوفووسدا- بەنێوی باپیرییەوە، مەلا محەممەد ئەمین پێنجوێنیەوە نێوی تۆمارکراوە.

لە چ قوتابخانەییێکدا نەیخوێندووە و خۆی فێری نووسین و خوێندنەوە کردووە![٢].

---

(١) لە س١٨٢١ز.دا -دوای ناسینەوە و دایک و برایانی لە جۆرجیا- داود پاشا، بەپارە کارێکی کرد نامەی (گەردن ئازادیی) لە کۆیلەتیی نارد بۆ میری ئۆربیلیانی و کەسوکاری ئازاد کرد، دوو برای -بێ لە دایکیان- هاتن بۆ بەغداد و بەتەنێ (دیمەتری)یان مایەوە و بوو بەموسڵمان و پلەی گەییشتە سەر لەشکر، ئەوجا بوو بەموتەسەڕڕیفی بەسرە.

لە نامەییێکیشدا بۆ دایکی کە سۆزی بۆ دیداری و داوەتکردنی بۆ بەغداد، دەربڕیوە، ئیمزای (کوڕت، مەلیکی بەغداد - داود پاشا)ی لێ داوە!

(٢) ڕووناکی کچەزای مەلا محەممەد پێنچوینیی، وەکو هەموو کچە کوردێکی داماوی نەریتی کۆن و پووچی کۆمەڵیی -وێڕای نێوداریی خانەدانە خوێندەوار و زاناکەی- چیرۆکێکی ئەنتیکەی لەگەڵ فێربوونی نووسین و خوێندنەوە هەیە کە شایانی تۆمارکردنە... لە دیمانەمدا، (ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٢٣ز. سلێمانیی) باسەکەی ئەوهە بۆ گێڕامەوە (کاتێ بەبووکێنیی بردمیان بۆ بەغداد، نە خوێندەواریم هەبوو، نە زمانی عەرەبیشم دەزانیی. دایکم هات بۆ لام، هەر حەوت مانگ بەرگەی غەریبایەتیی گرت و گەڕایەوە بۆ سلێمانیی و بەتەنێ مامەوە. نووری بەگیش -هاوسەری- بەهۆی فرمانەکەیەوە ڕاگۆسترایەوە بۆ بەسرە و من لە بەغدادا مامەوە! ڕۆژێکیان پێم گوت؛ نووری، نە نامەم بۆ بنێرە نە نامەت بۆ دەنێرم، چونکە من ڕووم ناهێنێت بچمە ماڵی مەجید ئەفەندیی -هاوسێیان ئەفسەر مەجید عەلیی- و نامەمان بخوێننەوە!

نووری گوتی: دە باشە؛ من سەرمەشقێک -ئەلف و بێ-ی عەرەبیت بۆ دەنووسمەوە، تۆ قسەت چییە بەتەماشای بینووسەرەوە و بیدە بەپۆستە و بۆم بنێرە! =

له ١٩٢٧/٨/٢٥ز.دا شووی به کوڕه مامی؛ ئەفسەر نووری ئەحمەد کردووە. تاقانە کوڕێک و دوو کیژی بەژیانەوەن خۆی لەلای (سەباح)ی کوڕی تا ئەورۆ لە سلێمانییدا تا لە ٢٠٠٢دا کۆچی ماڵئاوایی کرد(٢).

ڕووناک ژنە کوردێکی ژیر و بەسەلیقە و زمان شیرین و ڕووخۆش و نەتەوەپەروەر زۆر پەرۆشی خوێندنەوە بووە، بەڕادەیێ ئارەزووی شیعری هەبووە. هێندێ پارچە نووسینی هەیە و در. ئیحسان فوئادی خوشکەزای -بۆ منی گێڕایەوە- دەڵێت؛ هەڵبەستی چەشنی فۆلکلۆرن... ئەمە دوو وێنەیە:

-١-

ئێمە کوردین وەتەنپەرستین
بۆ حەقی خۆمان ڕاناوەستین
ئەو کەسەی حەقمان دەخاتە ژێر پێ
دوارۆژ هەر خراپەی تووش دێ

-٢-

میوان بەخۆشیی ڕوو دەکاتە ماڵ
وا زوو دایمەگرن بەتوانج و پەلار
چونکی ئەو کەسەش دەزانێت پەلار
لەپڕا دادەکوتێ بەدەستە، بزمار

***

= سەرەتا کارەکەم پێ ئەستەم بوو، بەڵام کە لە حاڵی خۆم و لە سەرمەشقەکە وردبوومەوە، پێم ئاسان بوو... هەر زۆر زوو خۆم فێر کرد و ئیدی ڕاهاتم و بەرەبەرەش کەوتمە خوێندنەوە
ڕاستییەکەی من کە حەڤدە ساڵ لە بەغداددا بووم و بەبازێڕانی وەک ناسرییەوە مووسڵیشەوە بووم، ئەم کردەوەیە کۆڵێ فریام کەوت و کەلێنی تەنیایی و غەریبایەتی بۆ پڕ کردمەوە.
من گەلێ لە ئەو نامانەم هەڵگرت بوو، زۆرم خۆش دەویستن، بەڵام مخابن لە دەست چوون و هەر ئەم دوو نامەیەم بەهۆی کەریم بەگەوە، بۆ یادگاری هەڵگرتووە!)

(٢) چەند جارێ کە دواترینیان ڕێکەوتی ٣/ ١٠/ ١٩٩٧ز بوو، کرد و کۆشم کرد بەشکو کامێراییێکی ڤیدۆکاسێتم دەست بکەوێت و گوتوبێژی لەگەڵ بکەم، بەڵام مخابن نە خۆم دەسەڵاتم هەبوو، نە خزمانیشی دەربەست بوون!!



❍ **شێخ ڕەزا شێخ عەبدوڕڕەحمان مەلا ئەحمەد مەلا مەحموود زەنگەنە**(*)

(شێخ ڕەزای تاڵەبانیی/ شاعیر: س١٨٣٧ز!!، گوندی قرخ - ٢٠/ ١/ ١٩١٠. بەغداد)

فەتحوالله ئەسعەدی کۆ و بڵاوکەرەوەی (دیوانی شیعر)ی ڕادەگەیێنێت کە بەر لە ١٨٣٠ز.دا لە ئەو گوندەدا لە دایک بووە، سەرچاوەی دیی بەگومانەوە مێژووی ژووڕایان داناوە!!

محەممەد خاڵ -لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورددا- لێی نووسیوە: حەوت ساڵان بووە لەلای بابی دەستی داوەتە خوێندن. دوایی لەلای شێخ غەفووری مامی هێندێ کتێبی وردە و سەرەتایی خوێندووە. ماوەییێکیش لەلای مەلا تواناکانی بازێڕی کەرکووک خوێندوویەتی. ئەوجا چووەتە بازێڕۆکی (کۆیە) و خوێندنی لەلای بەنێوبانگ، زانا جەلیی زادە مەلا ئەسعەد بردووەتە سەر و بەپلەی فەقێیاتیی ڕاگەیشتووە!

چەند ساڵێ لە ئەوێدا ماوەتەوە تا خوێندنی زمان، ڕێزمان، ڕەوانبێژیی، زانستەکانی ئایینی تەواو کردووە! هەروەها لە ئەدەبییاتی فارسیی و تورکییشدا، شارەزایی چاکی پەیدا کردووە، بەڵام نەبێژراوە چۆن و لەلای کێ!!

فەتحوالله ئەسعەد، دەگێڕێتەوە؛ لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵییدا -بابی بەژیانەوە بووە- جارێ چووەتە ئەستەنبووڵ و لە کاروانی گەڕانەوەیدا، هەواڵی مردنی بابی بیستووە.

دوای گەڕانەوەی بۆ کەرکووک لەگەڵ برای گەورەی -شێخ عەلیی- ناکۆک بووە و هەڵی نەکردووە. دوای شەش مانگێ چووەتە (کۆیە) بۆ لای شێخ غەفووری مامی و ئەویش گفتی پێ داوە کیژی خۆی لێ مارە بکات، بەڵام پاشگەز بووەتەوە و ئەویش بەدڵشکاوییەوە هاتووەتەوە بۆ کەرکووک و لە ئەوێش ڕاوە ڕووی کردووەتە ئەستەنبووڵ، هەواڵی ڕاست بەدەستەوە نییە لە ئەوێدا چ کارە بووە، بەڵام دوایی هاتووەتەوە بۆ کەرکووک و بەکشتوکیڵەوە خەریک بووە و مووچەییێکیشی لە دەزگەی داراییەوە پێ بڕاوە، دوای ماوەیێ کرکووکی بەجێ هێشتووە و لە تەکییەی خۆیان «تەکییەی تاڵەبانیی» لە بەغدادا جێگیر بووە و لە بازێڕەکەشدا زۆر ڕێزی لێ گیراوە. لە دوای س١٩٠٩ز.ەوە تووشی نەخۆشیی -زەحیریی- بووە و پێیی نەمردووە، بەڵام

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- دیوانەکانی بەتایبەتی: (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیی - فەتح الله ئەسعەد؛ بەغداد؛ س١٩٣٥ز).
٢- گۆڤاری کاروان، کۆڕی زانیاری کورد!

نوێترین هەواڵی بڵاوکراوە -کاروان- ژ**٩٣**- لە ڕۆژنامەی (الرقیب)ی بەغدادییەوە دەرکەوتووە کە لاقی تووشی نەخۆشیی بووە و وێ دەچێت کاری بۆ مردنی هەبووبێت! لەسەر وەسیەتنامەی خۆیشی کە گۆڕستانی (شێخ عەبدولقادر گێلانی) ئەسپاردەی خاک کراوە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانیی، لە مێژووی کورددا -دوای شاعیرێکی کوردی شەبەک-[(١)]، گەورەترین شاعیری داشۆڕێنە لە ئەدەبییاتی کورددا. بەکوردیی، فارسیی، عەرەبیی، تورکیی لەمەڕ خودا، ئەوین، کۆمەڵیی، نیشتیمان، شیعری هەیە و پتریش بەداشۆڕینەوە خەریک بووە و سڵی لە خزم و خۆی و دەسەڵاتداری خۆ و بێگانە نەکردووەتەوە، بەڕادەیێ لە سەردەمی والیی -عوسمانیی- بەغداددا، والیی و کاربەدەستانی داشۆریوە! ئەم شێوەیەی وێنەی زماندرێژیی و نەزانین و سەرلێشێواویی نییە، بەڵکو وێنەی بێ پەروایی دڵ و دەروونە لە چەوتیی و پەرچدانەوەی ستەم و زۆری سیاسیی و دەستوور و باوی مێچکەیی، فڕوفێڵی کۆنی کۆمەڵیی! دۆستم پرۆفیسۆر در. **محەممەد** نووری عارف -پێگەیشتووی زانکۆی بەغداد و زانکۆی تاران- چەند جارێ بۆ منی گێڕاوەتەوە کە مامۆستاییێکی ناسراوی لە زانکۆی تاراندا، پێی گوتووە: شێخ ڕەزا شاعیرێکی کەم وێنەیە لە خۆرهەڵاتدا!

لە ساڵی **١٩٣٥**ز. ڕاوە چەند جارێ (دیوانی) چاپ و بڵاوکراوەتەوە و کەموکورتییان هەیە. هێشتا ئەدەب شوناسان و لێ کۆڵەکانی شیعر، سەرگەرمی تاووتوێکردنی هونەرین!

ژنی هێناوە؛ شاعیر **محەممەد** خالیسیی و شێخ عەبداللە کوڕین!

---

(١) شاعیرێکی سەدەی هەژدەیە و لێ کۆڵ کاک **محەممەد** عەلی قەرەداخیی لە گەنجینەی دەزگەی دەستنووسەکان/ بەغداددا (دیوانی) دۆزیوەتەوە و لە گۆڤاری: ڕەنگین - س١٩٩٦ز، لێی نووسیوە! (من لە مەنفادا لەبەردەستم نییە تا پتری لێ بنووسم!).



## ☼ ⊖ مەلا ڕەشید فەتاح بەگ محەممەد بەگ[(*)]

(مەلا ڕەشید بەگ بابان/نووسەر: س١٨٦٨ز!! سلێمانیی
ـــ ١٩٤٢/٣/٣ز. ئەستەنبووڵ)

وەچەی خانەدانی بابانە. مێژووی لە دایک بوونی مەزندەیە!! بەپێی دستووری خوێندنی ڕۆژگاری، لە منداڵییدا، کتێبە وردەکانی فارسیی، (قرآن)ی خوێندووە. دوایی بێ ئاگاداریی کەسوکاری و لە تەمەنی چواردە ساڵییدا بۆ خوێندن ڕووی کردووەتە گوندی «شەدەڵە»ی سەر بەئاوایی سورداش/ سلێمانیی. ئەوجا هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و دیسان دوای ماوەیێ بۆ پتر خوێندن ڕووی کردووەتە باژێڕەکانی «بانە»، «قزڵجە»، ئەوجا چووە بۆ باژێڕی «مووسڵ» و دوایی گەڕاوەتەوە و چووەتە باژێڕۆکی «پێنجوین» و لەبەردەستی زانای ناسراو (مەلای پێنجوینیی؛ مەلا عەبدوڕڕەحمان) زانستەکانی عەقڵیی و نەقڵیی دەستگیر کردووە و زانای نێوبراویش ئیجازەی (مەلاییتیی) خەڵات کردووە. هەروەها -ڕەزیبە- کیژی مەلا **محەممەد** ئەمینی برای، لە ساڵی **١٨٩٥**ز.دا لێ پیرۆز کردووە.

بە مامۆستایی هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و لە فێرگەی «مزگەوتی شێخ سەلام»دا دامەزراوە کە تەنانەت کوڕی مەلای پێنجوینیی شاگرد بووە. دوایی لە (ق.ر.س - سلێمانی)دا تا ساڵی **١٩١٢**ز وەک مامۆستایێ بووە. ئەوجا هەر بۆ خوێندن -هێندێ دەڵێن بۆ تێکەڵبوون لە دەورەییێکدا بۆ بە قازیی بوون- ڕووی کردووەتە ئەستەنبووڵ، بەڵام لە ئەوێدا جێگیر بووە و نەگەڕاوەتەوە. ماوەییێک بووە بە (واعیز) لە سوپای عوسمانییدا، ئەوجا چووەتە (مەکتەبی حوقووق/ قانوون) و تەواوی کردووە و بووە بەپارێزەر. دوایی لە باژێڕی (سەکە)دا بووە بەدادوەر و دوانزە ساڵی تێدا ڕابواردووە. ئەوجا ڕاگۆستراوەتەوە بۆ باژێڕی «ئەدەنە»دا تا ساڵی **١٩٣٥**ز دادوەر بووە و لە ئەو ساڵەدا خانەنشین کراوە و ئەوجا چووەتە «ئەستەنبوول» و تا مردن لە

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ١/٧٥.
٢- ٢/٧/١٠٣.
٣- ٢/٤٧/١٤٣.
٤- العراق - ع٣١٣؛ ١٤/٣/١٩٧٧، بغداد (شخصیات کردیە - ص.ک).
٥- چەند گوتوبێژی لەگەڵ سەعدییە عەبدولکەریم **محەممەد** فوئاد (کچەزای ڕەزیبە)، سلێمانیی؛ ١٩٩٧ز-١٩٩٨ز.

گەڕەکی (لالی- ئاقسەرای جادەسی، نۆمرۆ ٢٧)دا بەکابان و منداڵییەوە، تێدا ژیاوە!

مەلا ڕەشید بەگ، توانا و شارەزاییێکی ئایین و کوردیی بووە و لە نووسەرە کوردە پێشڕەوەکانە و بۆی تێکۆشاوە و لە دوورە نیشتیمانەوە خۆی بۆ داناوە.

سێ کابانی هەڵبژاردووە، ڕەزییە کە دوو کیژ؛ حەفسە و ڕووناک و کوڕێکی تاقانەی لێ هەبووە! ئامینە، کوردی سلێمانیی کە کیژێک و دوو کوڕی لێ بووە؛ خەدیجە، بەهجەت نەوزاد. ژنە تورکێ کە تەنیا کیژێ: (شاهیدییە)ی لێ بووە. وەچەی خۆی -کچەزای- بۆ منی گێڕاوەتەوە؛ کە هۆی گەورەی نەگەڕاندنەوەی ئەوەیە کوڕە گەورەکەی لە تەمەنی ٢١ساڵیدا لە تورکیادا جوانەمەرگ بووە و چاوی بەرایی نەهاتووە بەبێ ئەو بگەڕێتەوە بۆ لای -ڕەزییە- دایکی... بەڵام تا مردن پێوەندیی لەگەڵ کابان و منداڵانی هەبووە و نامە و وێنەی لەگەڵ گۆڕیونەتەوە. هەڵبەت وەچەی لە تورکیادا هەیە!

دانراوی چاپکراوی:

١- اقتران النيرين فی مجمع البحرين - بەغداد؛ س**١٩٧٣** (کوردی)(١).

چاپ نەکراو - دەستنووس:

١- در النضيدة في شرح منظومة الفريدة. (عەرەبی)(٢).

٢- قەواعیدی سەرف و نەحوی کوردییە. (بەتورکی دایناوە و خۆیشی کردوویەتی بەکوردیی)(٣).

جێگەی گوتنە، وەچەی بۆ منی گێڕاوەتەوە کە باوەڕی نییە یادگار و نووسراوی لەلای وەچەکانی دی لە «ئەستەنبوول»دا مابن!!

(١) وەرگێڕان و ڕوونکردنەوەی گوتە و ڕیوایەتەکانی (موسلیم) و (بوخاریی)یە کە لە تەمەنی حەفتاوچوار ساڵاندا تەواوی کردووە و فۆرمە فۆرمە بەپۆستدا ناردوونی بۆ زانای ناسراو مەلا حسێن پسکەندیی لە سلێمانییدا تا لە ساڵی **١٩٧٣**ز.دا حاجیی قادر جەبار، خەرجیی چاپکردنی گرتووەتە خۆی.
جێگەی گوتنە لە ساڵی **١٩٩٧**ز-**١٩٩٨**ز.دا، چەند جارێ چووم بۆ دوکانی نەوەی مەلا حسێن پسکەندیی لە سلێمانییدا تا پتر هەواڵی نووسین و نامەکاریی مەلا ڕەشید بەگم لێ ڕوون بێت، مخابن هەر بەدیداری نەگەیشتم!

(٢) لە ٢٢ رەبیعولئەووەل ١٣١٧ک.دا دەستی داوەتێ.

(٣) دەستنووسەکەی - وەکو بێژراوە- لە گەنجینەی زانا محەممەد خاڵدا هەیە!



## ☼ ⊖ ڕەشید کەریم ئەفراسیاب(*)

(ڕەشید کەریم قەرەداخیی؛ نووسەر: **١٩٠٨**ز. سلێمانیی
ـــــ **١٩٧٦/٨/١٢**ز. سلێمانیی)

لە س**١٩١٥**ز.دا خراوەتە بەر خوێندنی سەرەتایی. لە س**١٩٢١**ز.دا ڕووی کردووەتە کەرکووک - ڕەنگبێ بۆ ف. عیلمییە چووبێت - بۆ خوێندن کە دوایی ڕووی کردووەتە (ف.م. بەغداد) و لە س**١٩٢٦**ز.دا تەواوی کردووە و بووە بەمامۆستای (ق. س. قزڵڕەبات/ سەعدییە). دوا چەند ساڵێک ڕاگوێستراوەتە بۆ کەرکووک، ئەوجا لە سەرەتای س**١٩٣٠**ز.دا بۆ سلێمانیی.

لەسەر تێکەڵیی لە ڕاپەڕینی ٦/ئەیلوول/ ١٩٣٠ز (بەردەرکی سەرا) گیراوە -خۆی گوتەنیی لە بیرەوەرییە نووسراوەکەیدا- لەگەڵ بێ کەسی شاعیر بەندبووە، دوایی ئازاد کراوە.

لە س**١٩٣٦**ز.دا ڕاگوێستراوە بۆ (ق. س. هەڵەبجە) و (ق. س. عەبابەیلێ) و چەند ساڵێ لەگەڵ (گۆران)ی شاعیر لە ئەو نێوچانەدا بووە تا لە س**١٩٤٠**ز.دا ڕاگوێستراوەتە بۆ سلێمانیی، ئەوجا بۆ ئاوایی «قەرەداخ» و دوایی لە س**١٩٤٦**ز.دا بۆ ڕێبەریکردنی (ق. س. مەڵکەندیی) سلێمانیی کە ناسرابوو بە (مەکتەبی عەونیی)!

لە س**١٩٥٥**ز.دا ڕاگوێستراوە بۆ گوندی ئاوایی «سێوسێنان»ی نێوچەی قەرەداخ تا لە س**١٩٥٧**ز.دا هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و لە (ق. س. ئەییوبییە)دا دامەزراوە. لە سەرەتای شەستەکاندا خانەنشین بووە.

کوردیی و فارسیی و عەرەبیی زانیوە. لە س**١٩٦١**ز.دا بەنێوی (بیرەوەریی/ **٣٢** ساڵ لە ژیانی مامۆستاییێک)ەوە بیرەوەریی خۆی چاپکردووە کە (گۆران)ی شاعیر پێشەکیی بۆ نووسیوە.

لە س**١٩٣٣**ز.دا کابانی هەڵبژاردووە و وەجاخی ڕوونە ئەفراسیاب ڕەشید کەریم پسپۆری سەرپەرشتی بیرکاریی، کوڕیەتی!

(*) سەرچاوە: ئەفراسیاب ڕەشید کەریم - سلێمانیی؛ **١٩٩٧/١١/٢٩**ز.

## ☼ ❑ ڕەفیق تۆفیق مەحموود؛ [*]

(ڕەفیق چالاک/ نووسەر، ڕۆژنامەڤان: س١٩٢٣ز. سلێمانیی
ـــ ٣/ ١٠/١٩٧٣ز. بەغداد - سلێمانیی) [١]

دایکی ڕەعنای ئەحمەدە. بابی پۆلیس بووە. خوێندنی (ق. س) لە نێوان سلێمانیی و کۆیەدا بووە، (ق.ن. سلێمانی)یشی تەواو کردووە، ئەوجا چووەتە (ف.م. بەغداد) و ساڵی ١٩٤١ر بووە بەمامۆستای قوتابخانەکانی (مەڵکەندیی، خالیدییە، کانیی ئاسکان)ی سلێمانیی.

لە مانگی ئەیلوولی ١٩٤٢ز.دا تا دەمەو کۆتایی س١٩٤٤ز دەستی لە فرمانی هەڵگرتووە و لەگەڵ هاوەڵەکانی (عەبداللە گۆان، ڕەمزی قەززاز) چووەتە فەلەستین/ یافا و لە (ڕادیۆی کوردستان)دا بەقسەزان دامەزراوە. دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لە (ڕادیۆی کوردیی/ بەغداد) دامەزراوە، بەڵام بەهۆی نووسینی گوتارێکەوە لە (گەلاوێژ)دا، لە ڕادیۆکە دەرپەڕێندراوە و بووەتەوە بە مامۆستا.

لە ١/١/١٩٤٥ز.دا مامۆستای (ق. س. سورداش) بووە و دوایی لە س١٩٤٦ز.دا هەمان پیشەی لە (ق. س. قەمچووغە/ سلێمانیی) بەجێ هێناوە.

خۆی نووسیویەتی؛ لە س١٩٤٧ز.دا، لەسەر سیاسەت لە فرمانی دەرکراوە و لە س١٩٤٩ز.دا گیراوە، هەر خۆی نووسیویەتی؛ (دوای کوێرەوەریی لە س١٩٥٠ز.دا بەرەڵا کرام!). ئەوجا هاتووەتەوە سەر (ڕادیۆی کوردیی/ بەغداد) و تا دەمەو هاوینی س١٩٥٥ز قسەزان و نووسەر و ئاکتەری ڕادیۆ بووە. دواتر وەک فرمانبەرێ لە کێڵگەی کشتوکێڵی «بەکرەجۆ/ سلێمانیی» دامەزراوە. لە ئەم ڕۆژگارەوە تا ساڵی ١٩٦٣ز. لە ئەو پیشەیدا ماوەتەوە. لە دوا مێژووەوە تا س١٩٧٠ز لە ڕیزی بزاڤی شۆڕشی کورد و لە (ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق)دا بووە، دوای بەیاننامەی ١١/٣/ ١٩٧٠ز، هاتووەتەوە کوڕی فرمانی

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- یاداشتی خۆی.
٢- دەفتەری نوفووسی.
٣- پرسوڕاکردن بە: (چالاک)ی کوڕی؛ س١٩٧٨ز-١٩٩٧ز.
٤- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. هەروەها دانراوەکانی!

(١) دەفتەری نوفووسی بە لە دایک بووی؛ س١٩٢٥ز.ی لە قەڵەم داوە، بەڵام مێژووەکەی ئێرە ڕاستەکەیە!



حوکوومەتەوە و بەڕێبەری ڕاگەیاندنی (وەزارەتی کاروباری باکوور/ وزارە شؤون الشمال) دامەزراوە. ماوەتەوە تا -بەنەخۆشیی دڵ- کۆچی ماڵئاوایی کردووە.

لە ڕووی تێکەڵیی سیاسیی و کۆمەڵییەوە؛ ئەندامی (پ. هیوا) بووە کە بەڕاسپاردەی هەمان پارت خۆی ئاوەڵەکانی چوونەتە سەر ڕادیۆی دامەزرا و لە یافادا.

لە س١٩٤٦ز.دا لە ڕیزی (پ. رزگاریی)دا بووە کە (پ.د. کورد) دامەزراوە، چووەتە ڕیزییەوە. لە س١٩٤٩ز.دا لە ڕیزی (پ.ش. عێراق)دا بووە کە گیراوە و سەرئەنجام ناچار پاکانەی بێ بەریی بوونی داوە. لە نێوان ١٩٦٣ز-١٩٧٣ز.دا ئەندامی ڕیزی (پ.د.ک) بووە.

ڕەفیق چالاک -وێڕای خەباتی سیاسیی و هەڵنووتانی ناچاریی- مامۆستا، ڕۆژنامەڤان، قسەزان، ئەدیب، دەنگخۆش و ئاواز دانەر، ئاکتەری ڕادیۆ و سەر شانۆ، چیرۆکنووس، وەرگێڕ بووە... بەکورتیی بەهرەمەندێکی گەورەی ئەدەب و هونەر و مامۆستاییێکی درامای ڕادیۆ و شانۆ بووە... ئەو لە ساڵی ١٩٣٥ز.دا بۆ یێکەم جار چووەتە سەر شانۆ، لە س١٩٣٩ز.دا، یێکەم گوتاری لە (ژین)دا بڵاوکردووەتەوە. لە هەژدە ساڵاندا مامۆستا بووە!

ڕۆژنامەڤانی بڵاوکراوە و گۆڤاری (ئاگا و ڕووداوی هەفتەیی/ پەیام) و سەرنووسەر -بێ نێو دەرکەوتن- بووە دیسان لە گۆڤاری (هنا بغداد/ بەشی کوردیی)دا هەروەها سەرنووسەری ڕۆژنامەی (برایەتی) لە (ژین، گەلاوێژ)دا گوتاری کۆنی بڵاوە. دامەزرێنی (کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سلێمانیی - ١٩/٦/١٩٥٧ز) بووە.

ڕەفیق چالاک؛ وێڕای ئەوەی -خۆی دەڵێت پتر لە دووسەد- چل و پێنج (درامای ڕادیۆیی) داناوە و وەرگێڕاوە، دەیان گوتاری هەمەجۆریشی تۆمارە! لە ڕووی کۆمەڵییەوە؛ ژنی هێناوە و پێنج کوڕ و دوو کیژی لەدوا بەجێما کە چوار کوڕی لە نیشتیمان و هەندەراندا دەژین و ئەمەن؛ چالاک، ئازاد، شێرزاد، ئاڵان! [٢]

دانراو و چاپکراوەکانی:

١- کار تێ کردنی بەکەڵک - بەغداد؛ س١٩٥٢ز. )(دراما)
٢- هێزی تاریکی - بەغداد؛ س١٩٥٥ز. (دراما لە تۆڵستۆیەوە)
٣- دارستانەکانمان - بەغداد ١٩٥٧ز.

(٢) پێنجەم کوڕی؛ جوانەمەرگ و شەهیدی ڕیزی (ی.ن.ک)ە.

## ☼⊖❑ ڕەفیق ساڵح عەبدالله(*)

(ڕەفیق حیلمیی/ نووسەر، ڕۆژنامەڤان، لێ کۆڵ: س١٨٩٨ز. کەرکووک
- ٤/١٠/١٩٦٠ز. بەغداد)

دایکی حەلاوەی مارف عەزیز ئاغایە، لە باب و دایکەوە خەڵکی سلێمانییە. بابی ئەفسەری عوسمانیی بووە.

قەڵەمی خۆی نووسیویەتی؛ ساڵی ١٣٢٥ر/١٩٠٩ز (ق. س. کفری) تەواو کردووە. بەداخوازی بابی هاتووەتەوە سلێمانیی و لە پۆلی دووی (ق.ڕ.س. سلێمانیی)دا وەرگیراوە. تا پۆلی سێی تێدا خوێندووە کە هێندەی پۆل تێدابووە، مەبەستی بوو بۆ چوونە (مەکتەبی حەربییەی ئەستەنبووڵ) پۆلەکانی چوار و پێنجی لە (ق. ئا.س. بەغداد) تەواو بکات کە ڕووی تێ کرد و لە دەمەو کۆتایی پۆلی پێنجدا -بەهۆی دەمەقاڵێیە، لەگەڵ مامۆستاییێکی و پزیشکی خەستەخانەیێ- دەرکراوە. ناچار لە ساڵی ١٣٢٩ر/١٩١٣ز.دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی بۆ

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ١/٢٥.
٢- ١/٨٨.
٣- ٢/١/٦٥.
٤- ٢/١٥/١٠٩.
٥- مستەفا نەریمان - ڕۆشنبیری نوێ؛ ژ١٠٨.
٦- ناهیدە ڕەفیق حیلمی - بەیان؛ ژ١٣٧.
٧- دانراوەکانی خۆی:- کۆمەڵێ بەڵگەنامەی ڕەسمیی خۆی و بیروڕای تایبەتی ناهیدە کە بۆ منی ناردووە(*).
٨- ڕۆژنامەکان: ئومێدی ئیستیقلال، بانگی کوردستان، پێشکەوتن/ التقدم، پێشکەوتن - سلێمانیی، ڕۆژی کوردستان، ژیان، شەفەق، گەلاوێژ!

*(*) من -نووسەری ئەم بابەتە- ناهیدەی کیژی بەسایەی بابیەوە و بابیشی بەسایەی نەتەوەی کوردمەوە دەناسم و ڕێزی لێ دەگرم. ویستم بەپێی بەرنامەی وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیی، ئەوپەڕی هەواڵی باوەڕپێکراو؛ بەڵگەنامەی ڕەسمیی، یادگارنامە، دەستنووسی جۆر بەجۆریم دەستگیر ببێت تا - بۆ هەلێکی وەک ئێرە و پرۆژەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بەردەستم- بتوانم ژینامەیێکی ڕاستی بنووسمەوە کە کەسێ تا منداڵانی خۆیشی -بە ناهیدەوە- کارێکی ئەوتۆیان بەجێ نەهێناوە! بۆ ئەو مەبەستە، لە سلێمانییدا، چەند جارێ ڕووم کردە فەوزیی کوڕی. کابرا سەرقاڵی دوکانی موبایەعاتی*



خوێندنی پۆلی پێنجی ئامادەیی تا بەتەواوکردنی ڕوو بکاتە (مەکتەبی باڵای ئەندازە - ئەستەنبووڵ). لە ئەم کۆششەدا سەرکەوتووە و لە سەرەتای (١.ج.گ/١٩١٤ز)دا لە ئەو مەکتەبەدا دامەزراوە.

بەپێی هێندێ بەڵگەنامەی ناتەواوی خۆی -گۆیا- خوێندنەکەی تەواو کردووە و بووە بەئەندازەوان، بەڵام بەوردکردنەوەی هەموو قسە و هەواڵێکی سەرچاوەکان -بەتایبەتیش کە هەرگیز نێوی ئەندازەوانییان نەهێناوە- باوەڕ دەکەم تەواوی نەکردبێت و وەکو دوو ساڵی تێدا خوێندووە، لەبەر تەنگانەی جەنگ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی و لە کانوونی دووەمی ١٩١٦ز.دا مامۆستای زمانی فڕانسیی (ق. ئا. سلێمانیی) بووە.

لە ١٧/١١/١٩١٨ز.دا ئامادەی ئاهەنگی باوەڕهێنان بووە بە (یێکەم حوکوومەتی کوردستان)، لە ئەو هەلانەدا -بەفەرمانی حەفیدزادە مەحموودی حوکداری کوردستان، زمانی کوردیی فێری ڕاوێژکاری بریتانیا لە سلێمانییدا؛ مێجەر (نۆیێل Noiel) کردووە. دوای

*حوکوومیی بوو، خۆی پەڕاندەوە بەتەنێ نێونیشانی بەغدادی ناهیدەی پێ دام کە بەپۆستدا نامەم بۆ نارد... ڕاستییەکەیشی کارامە لێم هاتە پێشەوە و نامەی خۆی و هێندێ هەواڵی خانەدانەکەی و باری خوێندن، گوزەران، کاروباری بابی، هەروەها فۆتۆکۆپیی شوناسنامەی بابی و نامە و دوو نامەی قانیع و گیوی بۆ ناردم کە مێژووی ١١/٣/١٩٨٧ز.ی لێ دابوو. لە نامەکەیشیدا نووسیویەتی: (زۆر بەڕێز کاک کەمال ڕەئووف... نامەکەی ٢٣/٢/١٩٨٧ چەند ڕۆژێ گەیشتووە. زۆر سوپاس بۆ یادی دڵسۆزانەی ڕەفیق حیلمیی... یەزدانی پاک لەپاڵ هەموو ئەوانە بێ دڵسۆزانە و پڕ نرخ ڕەنجی تێکۆشەران دەپارێزن... هتد). دوای چەند هەفتەیێ، ناهیدە هات بۆ سلێمانیی و بەهۆی براژینەوە - کابانی فەوزیی و کارمەندێکی مووزەخانەی سلێمانیی - و دیدەنیم کرد و گەرم سوپاسم کرد و تکای نامەی دی بابیم لێ کرد کە تەنانەت زۆر گەرم هانم دا بەشکو (خۆی نامەکانی گەنجینەی بابی بڵاوبکاتەوە) و کەڵک بەئەدەبی کوردیی بگەیێنێت! گفتی دا کە دیسان بەپیر داخوازیم و تکامەوە بێت... ڕاستییەکەیشی هات کە لەپڕ و لە (بەیان - ژ١٣٧، تەشرینی دووەم ١٩٨٧/ گەشتێک بەناو نامە و گەشتنامەی بەجێماوی ڕەفیق حیلمی)دا، خۆی نواند. ناهیدە خانم لە پەراوێزی بابەتەکەشدا نووسیویەتی: (لەم دواییەدا، نووسەرێکی بەڕێز، هێندە پرسیاری ناردبوو، داوای هێندە دیڤالۆپکراوی کردبوو، هەتا هی ناسنامەی، گوزەرنامەی، دەفتەری خزمەتی... هتد!! خوێندەوارێک «!!» وتی: خۆ بڵێ؛ تۆ پەڕتووکەکەم بۆ ئامادە بکە و منیش ناوی خۆمی لەسەر دەنووسم!/ تەواو). ڕاستییەکەی ئەم توانجەی ناهیدە خانم کە (خوێندەوارێکی نەخوێندەوار فریوی داوە) بەرەو ڕووی منی کردووەتەوە، بۆیێکا پێویستی دەزانم بەنەرمیی پێی بڵێم: ئافەرم کە فریوی نەخوێندەوارێکت خواردووە کە هێندە نەخوێندەوارە تا فەرمایشتەکەی وەستا بەشیر موشیری ڕاست تەڵقین نەکردووی کە فەرموویەتی: تۆ بینووسە و من تەئلیفی دەکەم! ئەوە نییە تۆ و ئەو نەخوێندەوارە گوڕنەتەڵەیە بیست ساڵە دەرویشی ڕەفیق حیلمی و هاوتایەتیی! لەلاییێکی دیەوە، بۆچی ڕەفیق حیلمی خۆی -وەک هێندێ نامەی لە ئێوەدا بەڵگەیە- کاری ئەوتۆی نەکردووە؟ ئەفسووس بۆ فریوخواردنی ناهیدە خان!*

ڕۆیشتنی نێوبراو بۆ گەشت لە کوردستان باکووردا، زمانی فارسیی فێری یاریدەدەری فەرمانڕەوای سیاسی بریتانیا لە سلێمانییدا؛ کاپیتان (بێل Bell) کردووە!

لە ١٩١٩/٢/٢٠ز.دا -بەڕەزامەندیی حەفید زادە- بووە بەیاوەر و وەرگێڕی کاپیتانی نێوبراو لە گەشتدا بۆ بازێڕوکی (کۆیێ). دوای ماوەیێ -لە پەستیی ئەتواری نێوبراو- لێی جوێ بووەتەوە و لە هەلی گەڕانەوەشدا بۆ سلێمانیی -لە ڕواندز-دا بەفەرمانی کاربەدەستەکانی بریتانیا گیراوە و لە بەندیخانەی (کۆیێ)دا ئاخنراوە و تا سەرەتای تەمووزی س١٩١٩ز بەند بووە، ئەوجا ئازادکراوە و دوو مانگی وەک دەستبەسەر بووە کە لە ئەوێ دەمێدا حوکوومەتی بەداگیرکاریی بریتانیا ڕمابوو!

لە ئەم سەردەمە نوێیەدا -سەردەمی سۆن Soane- لە بێ کارییدا دوکانی عەتاریی داناوە، بەڵام زۆری نەبردووە لەبەر زۆر و ستەم، ڕووی کردووەتە بەغداد و لە ڕۆژی هەڵگیرسانی (شۆڕشی عەرەبی عێراق؛ ١٩٢٠/٦/٣٠ز)دا، لە بەغداددا بووە.

دوای ماوەییێکی کەم و لە هاوینی ئەو ساڵەدا هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و -وێڕای جموجووڵی سیاسیی نهێنیی- هەر بەکەسابەتەوە خەریک بووە!

لە ١٩٢١/٣/١٦ز.دا بەمامۆستای بیرکاریی و زمانی تورکیی لە (ق. س. زەفەر - کەرکووک) دامەزراوە. لە ١٩٢٠/٨/٢٠ز.دا فەرمانی ڕاگۆستنەوەی بۆ سلێمانیی دەرچووە و خۆی پەسەندی نەکردووە بۆیێکا کار کەنارکراوە و خۆیشی چووەتە بەغداد. دواجار هەر بە ئەو ڕاگۆستنەوەیە قاییل بووە و بەر لە ١٩٢١/١١/١٣ز -بە سێ چوار ڕۆژێ- گەیشتووەتە سلێمانیی و لە (ق. س. نموونەی سەعات)دا بەمامۆستای بیرکاریی دامەزراوە. ئەوهە ماوەتەوە تا هەڵکەوتنی (٢.س.ح. کوردستان) کە لە ئەم هەلەدا بووە بەڕێبەری (ق. ئا. مەحموودیی) و وانەکانی ئەندازە و سێگۆشەکێشیی گوتووەتەوە. لە هەمان هەلدا نزیکی حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان و متمانە پێ کراوی بووە و لاوەکیانەش وانەی بەکوڕەکانی گوتووەتەوە. لە ١٩٢٣/٣/٢١ز.دا، وەک سەردەستەی نوێنەرانی مەلیکی کوردستان -بەسواریی و بەڕێگەی ڕانییە، ڕواندز، کوردستانی خۆرهەڵات- ڕووی کردووەتە «ئەنکەرە» پێتەختی تورکیا بۆ گوتوبێژی سیاسیی کە بێ ئەنجام بووە!

نووسینی خۆی دەگێڕێتەوە؛ تا ١٣٢٩/٧/١٤ر/١٩٢٣ز، هەر بەڕێگەی گەڕانەوە بووە و -ڕەنگبێ لە مانگی ئابدا- گەیشتووەتەوە سلێمانیی کە لە ئەو ماوەیەشدا (٢.ح. کوردستان) هەڵوەشاوەتەوە و -دوای دووەم شۆڕش- باری نوێی (٣.ح. کوردستان) هەڵکەوتووە.



لە ئەم بارەدا، لە ١٣٣٩/١١/١١ر/١٩٢٣ز.دا بەڕێبەری ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال) دامەزراوە کە تا سەر نەبووە.

لە داگیرکاریی بریتانیا -عێراقی عەرەب؛ س١٩٢٤ز.دا، نەچووەتە ڕیزی شۆڕشی سێیەمی حەفید زادەی مەلیکەوە![(١)]

خۆی دەگێڕێتەوە؛ س١٩٢٤ز مامۆستا بووە لە کەرکووکدا و بۆ ماوەی دوو ساڵ دوورخراوەتەوە بۆ (ق. س. مەجەرولکەبیر)ی باشووری عێراقی عەرەب! سەرچاوەییێکی دی ڕادەگەیێنێت کە تا هاوینی ١٩٢٦ز، ڕێبەری هەمان قوتابخانە بووە! دیارە دواتر ڕاگۆستراوەتەوە بۆ کەرکووک بۆیێکا لە هاوینی س١٩٢٨ز.دا مامۆستای (ق. ئا. کەرکووک) بوو. لە ئەم هەلەش بەدواوە -بەهەمان پیشەوە- ڕاگۆستراوەتەوە بۆ سلێمانیی.

لە ساڵی ١٩٣٠ز.دا مامۆستا (ق. ئا. سلێمانیی) بووە و دیارە -دوای ٦ی ئەیلوول کە تێکەڵی قەوماوەکەش نەبووە- ڕاگۆستراوەتوە بۆ (ق. ئا. مووسڵ) بۆیێکا ساڵی ١٩٤٣ز لە ئەوێدا بووە و لەلاییێکی دیشەوە -ژیننامەی مستەفا سایب بەڵگەیە و دەڵێت- خەریکی جموجووڵی سیاسیی نهێنیی بووە! جارێکی دی ڕاگۆستراوەتەوە بۆ سلێمانیی کە لە ١٩٣٦ز.دا، ڕێبەری (ق. ئا. سلێمانیی) بووە و لە ئەو ساڵەشدا ڕاگۆستراوەتەوە بۆ (ق. نێوەندیی ناسرییە)ی باشووری عێراقی عەرەب.

ناهیدەی کیژی بۆ منی نووسیوە: س١٩٣٨ز پشکنەری مەعاریف بووە لە دەرەوەی بەغداددا. س١٩٣٩ز پشکنەری مەعاریفی لیوای دیالی و ساڵی ١٩٤٠ز-١٩٤٢ز پشکنەری قوتابخانەی دەرەوەی بەغداد و ساڵی ١٩٤٢ز.یش -بۆ چەند مانگێ- پشکنەری مەعاریفی سلێمانیی بووە! ساڵی ١٩٤٣ز. ڕێبەری مەعاریفی کەرکووک و ساڵانی ١٩٤٨ز-١٩٥٠ز.یش ڕێبەری مەعاریفی دیالی و ساڵی ١٩٥١ز ماوەیێ مامۆستای (ق. ئا. تەفەییوز) و (ق. ئا. کەرخ)ی بەغداد و ساڵی ١٩٥٢ز سەرپەرشت و پسپۆری بیرکاری، ئەوجا ڕێبەری مەعاریفی عیمارە بووە! ساڵی ١٩٥٣ز ڕێبەری کاروباری ئەمینداری بەغدادی پێتەخت بووە. ساڵانی ١٩٥٦ز-١٩٥٨ز؛ ڕێبەری (ق. ئا. ئەلشەرقییە) و (ق. ئا. مەرکەزیی) بەغداد بووە! ساڵانی ١٩٥٨ز دانراوە بەکونسوڵی ڕۆشنبیریی باڵوێزخانەی عێراقی عەرەب لە تورکیادا، دواتر گێڕاویناتەو و بەسەرپەرشت و پسپۆری پەروەردە، لە بەغداددا دامەزراوە. لە ئەم کارەدا ماوەتەوە

---

(١) تا ئێستە چ سەرچاوەییێکم بەدەستەوە نەهاتووە -تەنانەت لە یاداشتی خۆیدا- بێ پێوەندیی و نەچوونە چیا لە شۆڕشەکانی حەفید زادەدا ڕوون بکاتەوە!!

تا کوتوپڕ -بەنەخۆشیی دڵ- کۆچی ماڵئاوایی کردووە و هەر لە بەغدادیشدا ئەسپاردەی خاک کراوە.

ڕەفیق حیلمیی لە ڕووی بیروباوەڕەوە، نەتەوەپەروەرێکی گەورە و ناسراو بووە، سیاسییەکی هێور، بەڵام سیاسییەکی شۆڕشگێڕ نەبووە، لە ساڵی ۱۹۲۰ز.دا (کۆمەڵی سەربەخۆیی کورد)ی لە سلێمانییدا بەنهێنیی دامەزراندووە و -خۆی گوتەنیی- بێ بەرنامە و تەمەن کورت بووە. لە هەڵبژێردراوەکانی (ک. کوردستان - س۱۹۲۲ز)دا دەنگی یێکەمینی پێ بڕاوە. لە (ک. پشتیوان - ۱۹۳۰ز. هەولێر)دا سەرۆک بووە. لە سەرەتای سییەکاندا دیسان بەنهێنیی و لە مووسڵدا خەباتی سیاسیی نواندووە؛ بەڵام خەباتی سیاسیی هەرە گرنگی لە (پ. هیوا: س۱۹۳۹ز-۱۹٤٥ز) دایە کە سەرۆکی باڵای بووە! لە بەغدادا، لە ڕیزی دەستەی داخوازەکانی دامەزراندنی (حیزبی جەمهووریی) دوای ۱۹٥۸/۷/۱٤ز بووە!

لە س۱۹۳۰ز.دا ئەندامی دەستەی ڕێبەری (ک.ز.ک. سلێمانیی) بوو. لە س۱۹٥۸ز.دا ئەندامی (کۆمەڵی دانان و پەخش و وەرگێڕان/ جمعية التألیف والنشر والترجمة)ی بەغداد و لە ساڵانی ۱۹٥۹ز- ۱۹٦۰ز.دا جێگری نەقیبی مامۆستایانی عێراق، هەروەها جێگری سەرۆکی یێکییەتیی ئەدیبانی عێراق بووە!

لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسییدا، لە سەردەمەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانیی، بریتانیا، کوردستاندا، لاوەکیانە و خۆوڕاستان پێوەندیی هەبووە، پانزە ساڵان بووە -لە نێوان ۱۹۱۲ز- ۱۹۲۰ز- بەزمانی تورکیی؛ شیعر، پەخشان، گوتاری کۆمەڵیی، سیاسیی لە ڕۆژنامەی (ئەلحەوادیس/ الحوادث هەلی بەشداربوونی: س۱۹۱۲ز-۱۹۱٤ز») و گۆڤاری تورکیی (کەوکەب، مەعاریف «هەلی بەشداربوون: س۱۹۱٦ز») و گۆڤاری تورکیی (ئەلتەجەددود/ «هەلی بەشداربوونی: س۱۹۲۰») بڵاوکردووەتەوە.

یێکەم شیعری کوردیی لە (پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س۱۹۲۰ز)دا بڵاوە!

پێوەندیی خۆوڕاستانیشی -هەر بەتورکیی- لە هەلی مامۆستاییی لە (ق. س. زەفەر/ کەرکووک)دا دەست پێ کردووە کە نووسەرێکی دیاری ڕۆژنامەی زمان تورکیی دامەزراوی بریتانیا؛ (نەجمە/ «هەلی بەشداربوونی: نیسان ۱۹۲۱ز) بووە و گوتاری سیاسیی و ڕۆشنبیریی گشتیی -هەروەها هێندێ شیعری تورکیی- تێدا بڵاوە و لە ئەوەشدا بووە بکرێت بەسەرپەرشتی، بەڵام خۆی پەسەندی نەکردووە لەسەر ئەوەش -خۆی گوتەنیی- زۆری لەسەر تورکان و بەتایبەتی لە کەڵکی کەمال ئەتاتورک، دوواوە، بەڵام لە ئەنجامدا -خۆی گوتەنیی-



پەشیمانە!

یێکەم پێوەندیی خۆوڕاستانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، لە (بانگ کوردستان - س۱۹۲۲ز)دا نووسەر نەبووە و بەتەنێ پێوەندیی لاوەکیانەی هەبووە و دوو شیعری -تورکی- بڵاوە.

دیارترین پێوەندیشی -بەزمانی نەتەوەیی خۆی- لە ڕۆژنامەی زمانحاڵی مەملەکەتی کوردستان (ئومێدی ئیستیقلال - س۱۹۲۳ز)ە کە لە (س۱، ژ٤ - ژ:۱۳، ۱۳ کانوونی یێکەم ۱۳۳۹ر/۱۹۲۳ز) سەرنووسەر بووە! لە ئەو ڕۆژنامەیەدا -دوای مستەفا پاشا یا مەلکێ لە بانگی کوردستاندا- دووەم کەسە کە بانگی داوە بۆ (ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی و ڕۆژنامەڤان).

لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (ژیان - س۱۹۳٥ز) و (گەلاوێژ - س۱۹۳۹ز-۱۹٤٤ز) و (شەفەق - س۱۹٥۸ز) و (پێشکەوتن/ التقدم - س۱۹٥۸ز)دا لەمەڕ کورد، زمان و ئەدەبییاتی گوتاری بڵاوە. دیسان لە ڕۆژنامەی عەرەبیی (ئەلئەیام/ الایام؛ س۱۹٥٤ز)ی بەغدادا، ڕستێ گوتاری دی -بەوەرگێڕانیشەوە- لە گۆڤار و ڕۆژنامەی دیدا هەیە!

ڕەفیق حیلمیی، وەک لە تافی لاویەتیەوە خووی داوەتە شیعر، تا دوای تەمووزی ۱۹٥۸ز.یش هەر شیعری گوتووە، بەڵام لە دیوانۆکی (پاش تەمووز - س۱۹٥۸ز)دا، خۆی بەشاعیر نەژماردووە!

ئەو؛ کە لە ڕۆژنامەی (ئەلحەوادیس - س۱۹۱۱ز) بەنێوی ڕەفیق و دواتریش بەنێوی ڕەفیق حیلمییەوە خۆی نواندووە، وێڕای نائارامیی ژین و کار و فرمان و گوزەرانی، هەروەها وێڕای خەباتی سیاسی و بەتایبەت کەوتن و پووکانەوەی (پارتی هیوا)، سێ کردەوەی نایاب و بەفەڕی جێگرە:

١- چەند لاپەڕەیێکی کۆنی مێژووی کورد، باسی کێشە و مافە نەتەوەیییەکانی نەتەوەکەی، بەکوردیی و عەرەبیی ئاشنا و چاپ و بڵاوکردووەتەوە!

٢- بەقەڵەمێکی ژیر و بیرێکی زانستاتەوە، لە شیعر و ئەدەبییاتی کوردیی کۆڵیوەتەوە و ئەم کارەیشی بەیێکەم ڕەخنەگر و لێکۆڵی کارامەی مێژووی ئەدەبی کوردی دادەنێت!

٣- بیرەوەرییەکانی لەمەڕ کێشەی سیاسیی و نەتەوەیی، سەربەخۆیی کورد و کوردستان (حوکوومەتەکانی کوردستانی باشوور) و پیلانی داگیرکەرانی بۆ مێژوو نووسیوەتەوە کە تا ئەوڕۆ

حەوت جزمی چاپ و بڵاوبووەتەوە.

ئەم یاداشتانە ئەگەرچیی لەسەر بنچینەییێکی تەواو زانستیی و مێژوویی هەڵنەچنراون، بەڵام گرنگترین (یاداشتی مێژووییە) کە تا ساڵی ١٩٥٨ز لە دەست کوردێکی سەدەی بیستەم هاتبێت!

ڕەفیق حیلمیی، یێکێکی ڕۆشنبیر و گەورەیە لە ڕیزی پێشڕەوە نەتەوەپەروەرەکانی سەدەی بیستی کورد دایە، بەو وردبوونەوەدا بۆم ڕوونە؛ ناسک، پاک، توانا بێ فیز و ڕەوشت بەرز بووە. تا ئێستە ئەگەر زۆری لێ نووسرابێت، هێشتا بۆ ئەو کەمە، بەتایبەتی لەمەڕ دەوری لە کەرتبوونی (پارتی هیوا)دا و پێوەندیی بەباسەکەوە!!

زمانەکانی کوردیی، تورکیی، فارسیی، عەرەبیی، فڕەنسیی، ئەڵمانیی زانیوە و پێی نووسیون.

ڕەفیق حیلمیی لە ڕووی کۆمەڵییەوە، بەر لە ساڵی ١٩٢٠ز خزمێکی خۆی کردووە بەکابان و هاوسەری ژینی، نەوەی پێگەیشتوو، توانا و خزمەتگوزاری بەژیانەوەن؛ در. پاکیزە، ناهیدە، نەجات، ژیان، کوڕانیشی؛فەوزی، فەرەیدوون بەژیانەوەن و لەبەغداد و کوردستان و لۆندۆن دان!

دانراو و چاپکراوەکانی:

١- کوردیی

١/١- خولاسەی مەسئەلەی کورد - مووسڵ، س١٩٣٤ز. (لە فڕەنسییەوە بۆ کوردی، «لە کتێبی: العراق و عصبة الامم/ عێراق و کۆمەڵەی گەلان»ەوە).

٢/١ نامێلکەی کوردایەتیی - مووسڵ؛ س١٩٣٤ز. (لە تورکییەوە بۆ کوردی. «نووسینی زیبا گولپ ئەلب»).

٣/١- شیعر و ئەدەبییاتی کوردی - ب١، بەغداد، س١٩٤١ز.

٤/١- شیعر و ئەدەبییاتی کوردی - ب٢، بەغداد، س١٩٥٦ز.

٥/١- یاداشت و ئەدەبییاتی کوردی - ج١، بەغداد، س١٩٥٦ز.

٦/١- یاداشت - ج٢، بەغداد، س١٩٥٦ز.

٧/١- یاداشت - ج٣، بەغداد، س١٩٥٦ز.

٨/١- یاداشت - ج٤، بەغداد، س١٩٥٦ز.

٩/١- یاداشت - ج٥، بەغداد، س١٩٥٧ز.

١٠/١- یاداشت - ج٦، بەغداد، س١٩٥٨ز.

١١/١- یاداشت - ج٧، (ب-٣) بەغداد، س١٩٩٢ز.



١٢/١ پاش تەمووز (دیوانۆکەی شیعر) - بەغداد؛ س١٩٦٠ز.

٢- تورکیی:

١/٢- شعرلرم (شیعرەکانم) - نەجاح - بەغداد؛ س١٩٢٤[٢].

٣- عەرەبیی:

١/٣- الاکراد منذ فجر التاریخ الی سنة ١٩٢٠-١٩٣٢؛ موصل؛ س١٩٣٤. (کوردان لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ساڵانی ١٩٢٠ز-١٩٣٢ز)

٢/٣- دراسات في الادب الكردي المعاصر، بغداد؛ س١٩٥٨. (لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی هاوچەرخی کورد - نووسینی پۆل مارگرێت؛ لە فڕەنسییەوە!).

٣/٣- مقالات...[٣]

---

(٢) لە یاداشت - ب٢، ل١٥٨دا خۆی لێی نووسیوە کە ناحەزانی لافیان لێداوە گۆیا تورکخوازیی دەکات، بۆیێکا هەر لە چاپخانەدا دەزگەی حوکوومەت کۆیان کردووەتەوە و بڵاوبوونەوەیان قەدەغە کردووە و خۆیشی لە کەرکووکەوە ڕاگۆستراوەتەوە بۆ باشووری عێراق!

(٣) ڕستە گوتارێکی عەرەبیی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی (الایام - س١٩٥٤ز)ە کە بەرەوڕووی درۆ و دەلەسەی سەرلێشێوا و خۆپەرست، کۆنە ئەندامی (کۆمەڵی هێڤیی) و خاوەندی دانراوی تورکیی (کوردلر تورکلردن ایستە یورلر - س١٩٢٣/ کوردان چییان لە تورکان دەوێت؟). در. محەممەد شوکری سەگبانی کردووەتەوە. نێوبراو بەنێوی (کێشەی کورد - پاریس، س١٩٣٣ز)ەوە، کتێبی بڵاوکردبووە و بوختانی بۆ مێژوو، نەژادی کورد کردووە و ڕەفیق حیلمیی توانا و نەتەوەپەرویش بە ئەو ڕستە گوتارە -لەپێشدا بەتورکیی و بەنێونیشانی: کورد مسئلەسی صفحاتندن/ لاپەڕەکانی کێشەی کورد- وەڵامی داوەتەوە و ڕاست و ڕەوان لافەکانی پەرچداوەتەوە. هیوام هەیە ئەو ڕستە گوتارەی بکرێت بەکوردی تا وەچەکانمان سەرکوێر نەبن. تەنانەت پێویستی دەبینم، کتێبەکەی سەرلێشێواوی نێوبراویش بکرێتە کوردیی و بڵاوبکرێتەوە!

### ⊖ عەبدوڕڕەحمان پاشا مەحموود پاشا بابان(*)

(ئەوڕەحمان پاشای بەبە: دەوروبەری س١٧٦٤ز. سلێمانیی
ـــــ ١٨١٣ز. سلێمانیی!)

کوڕەزای خالید پاشای بابانە، بە ئەوپەڕی لێکدانەوەم لە ئەو دەوروبەردا لە دایک بووە و هیچ سەرچاوەبێکیش مێژووەکەی ڕانەگرتووە.

بەڕۆشنایی باری خوێندەواریی ڕۆژگاری بابوباپیرانی و خۆیشی، هەروەها بەتیشکی توانای بۆ وانەبێژیی لە فێرگەکاندا، دیارە کە لەسەر دەستی زانا بەنێوبانگەکانی کوردستان، زانستەکانی عەقڵیی و نەقڵیی وەرگرتووە و شارەزایی پەیدا کردووە!

لە نێوان س١٧٨٩ز–١٨١٣ز.دا، شەش جار میری بابان بووە. هەرچەندە وەک پێشینەکانی، دووچاری کێشەی شەڕ و ئاژاوەی خانەدانەکەی بووە و ناچار هێندێ جار پەنای بردووەتە بەر ڕۆم و عەجەم و مەمالیکەکان –کڕداوەکان–ی بەغداد، بەڵام سەرچاوەکانی مێژوو تا گەشتڤان RICH ی ئینگلیز، جەخت دەکەن کە ئازادیخوازی میرنشینییەکەی و مەبەستی بووە هەر خەرجیی ساڵانە بدات بەدەوڵەتی عوسمانیی و لە جەنگدا هاریکاریی بکات و ئیدی سەربەخۆ بژی، بەڵام ئەوان لێ نەگەڕاون ئاسوودە بێت و هەمیشە پیلانیان لێ کردووە و هەر کاتێکیش گوێی نەدابنەتێ، شەڕیان کردووە. مێژوونووسەکان گەلێ لەبارەی دەسەڵات و ئازاییەتییەوە دواون، بەڕادەیێ دەڵێن؛ بەشیری ئەو (عەبدالله پاشا)ی والیی بەغداد دامەزراوە...

مێژوونووسیی تورکیی یاسین ئەفەندیی ئەلعومەریی، هەروەها مێژوونووسی عەرەب ئیبنو سەند ئەلوائیلیی ئەلبەسریی، وێڕای توانج و ناحەزییان، بەدڵێر (جەببار)ی کوردیان نێوبردووە، تەنانەت ئەمەی دوایی جارێ شیعرنامەیێکی عەرەبیی پڕ ستایشی بۆ ناردووە و هەرخۆیشی لە بڵاوکردنەوەدا دەبێژێت، وەڵامی وەرنەگرتووەتەوە!

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ١/ ٨٩.
٢- ٢/ ٢٤/ ١٢٠.
٣- ٢/ ٢٥/ ١٢١.
٤- ٢/ ٣٤/ ١٣٠.
٥- ٢/ ٥٢/ ١٤٨.
٦- ٢/ ٥٣/ ١٤٩.



مەلا خالیدی شارەزووری نەقشبەندیش –لە کاتی مەلایەتیی و بەر لە حەجکردن– بەفارسیی شیعری پڕ ستایشی بەسەردا هەڵداوە! شایێری نەتەوەپەروەری کورد، عەلیی بەردەشانی هاوڕۆژگاری ڕیزە شەڕێکی و ئازایەتی لە (بەیتی ئەوڕەحمان پاشای بەبە)دا ڕازاندووەتەوە. بەسەرهاتە باسکراوەکانی زۆر لەگەڵ مێژوو ڕێکن!

میری میران ئەوڕەحمان پاشای بابان؛ دۆستی گەورەی زانست و خوێندەواریی بووە، بۆیێکا وێڕای ئاوەدانکردنەوەی چەندین مزگەوت و فێرگە و دانان –وەقف–ی موڵک و سامانی لەسەر ئەوان و گەلێ زانای ئایین، خۆیشی لە فێرگەی ئایینی (مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشا/ سلێمانیی)دا خەریکی وانەبێژیی بووە!

گەشتڤان RICH ی ئاشنای، لە زمان خەڵکەوە دەگێڕێتەوە؛ ئەوڕەحمان پاشا نەخۆش بووە و لە گیانەڵادا بەزۆر لەسەر پێخەفەکەی هێور کراوەتەوە کە ئەو هەر کرووزاوەتەوە و گوتوویەتی: (چۆن دەبێت من لەنێو پێخەفدا بمرم؟)

ئەوڕەحمان پاشا کە یێکێکە لە هەڵکەوتووە ئازا و بەسام و ئازادیخواهەکانی کورد، کابانی هەڵبژاردووە و نەوەی لێ کەوتووەتەوە، وەک کوڕانی؛ مەحموود پاشا، سلێمان پاشا، عوسمان عەزیز بەگ، بەڵام مخابن لە مەحموود پاشای کوڕییەوە، میرنشینییەکەی ڕووی لە هەڵدێران و پاکۆبوونی ئەبەدیی کرد!

### ⊖ سلێمان پاشا عەبدوڕڕەحمان پاشا(*)

(سلێمان پاشای بابان/ میر: سلێمانی ـــــ س١٨٣٨ز. سلێمانیی).

مێژووی ژینی ڕوون نییە، بەڵام لە ساڵی دیارکراودا کۆچی کردووە و لە گردی سەیواندا نێژراوە! دوای مردنی بابی بەچەند ساڵێ لەگەڵ مەحموود پاشای برا گەورەی کەوتووەتە کێشە و شەڕی براکوژییەوە. چەندان جارێ یێکدییان لەسەر تەختی میرنشینیی بابان داگرتووە. لە دەوروبەری مانگی جومادیی دووەمی ساڵی ١٢٤٧ک/ ١٨٣١ز، لە نێوچەی «نانپارێز»ی سەر بەسلێمانیی و بەیارمەتیی ئێرانی قاجارەکان، مەحموودی برای لەشکرەکەی شکاندووە، تەنانەت سلێمان خۆیشی بریندار بووە، بەڵام خۆی ڕزگار کردووە و پەنای بردووەتە بەر داود

(*) سەرچاوە:
١- ١/ ٨٦؛ ل٣٧٠–٣٧٤.
٢- ٢/ ٢٥/ ١٢١؛ ل١٢٥–١٥٨.

پاشای والیی بەغداد. کە ئەویش لەشکری ڕەگەڵ خستووە و یارمەتیی داوە بۆ دەرپەڕاندنی مەحموودی برا گەورەی لە دواییەکانی مانگی ڕەجەبی هەمان ساڵدا. بە ئەو شێوەیە هاتووەتەوە سەرتەختی میرنشینیی بابان. مەحموودی برایشی ناچار ڕووی کردووەتە تەوریز و تاران، ئەوجا لە ١٢٥٠ک/١٨٣٤ز.دا چووەتە ئەستەنبووڵ! سلێمان پاشا بەمیریی مایەوە، بەڵام تووشی کێشە و شەڕی میری میران محەممەد پاشای ڕواندز هات... دوایی کە کوشتار کەڵکی نەگرتن، ڕێککەوتن و سنووری نێوان هەردوو میرنشینیان کێشا!!

لە دەوروبەری س١٢٥٢ک/١٨٣٦ز.دا کێشەی ڕاست بوونەوەی حەمە شەریفی هەمەوەندیی -گۆیا زڕ برایەتی- هاتە بەر. بەشەڕێکی خوێناویی و سەرەخۆرەی حەمە شەریفەوە، باسەکەی بڕاندەوە و ئیدی بەئاسوودەیی ژیا تا مرد.

سلێمان پاشای ئەوڕەحمان پاشای بابان، یێکێ بوو لە لایێنگرەکانی خالید نەقشبەندیی و دۆستی زانست و زانایان بوو. دوای خۆی کوڕانی؛ ئەحمەد بەگ، عەبداللە بەگ، محەممەد بەگ بەجێمان کە لە ڕۆژگاریاندا میرنشینیی بابان تەخت و تاراجی پاکۆ بوو!

نالیی شاعیری کورد، هاوڕۆژگاری سلێمان پاشا، بەبۆنەی کۆچییەوە، سەرەخۆشیی لە ئەحمەد بەگ - پاشا کردووە و گوتوویەتی:

تا فەلەک دەوری نەدا - سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبی میهری موبارەک تەڵعەتی پەیدا نەبوو
تا (سولەیمانان) نەبوونە سەدری تەختی ئاخیرەت،
(ئەحمەدی موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو
قیسسە بێ پەردە و کیفایەت خۆ؛ شاهی من کەوا
عادیلێ بوو، قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو.
بۆ نشینگەی مورغی ڕۆحی ئەو کە عالیی فیترەتە
جێگەیی خۆشتر لە ڕەوزەی (جەننەتولمەئوا) نەبوو
وەک قیاسێکی موسبەت بێ، نەتیجەی بێتە جێ
حەمدوللە شەه کە عالیی جابوو، خالیی جانە بوو
(شاهی جەم جا «نالیا» تەئریخی جەم تەئریخیە
دا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو)[1]

(١) تأریخ جم؛ بەژماردنی تیپی ئەبجەد دەکاتە س١٢٥٤ک/١٨٣٨ز.



**📖⊖❑ سورەییا ئەمین عالیی میر بەدرخان پاشا**

(ئازیزی ئەحمەد. ئەحمەد ئازیزی، در. بلەچ شێرکۆ!!/ ڕۆژنامەڤان:
س١٨٨٣، موقتەلە. سوریا ـــ س١٩٣٨ز. پاریس. فڕانسە).

دایکی -هەروەها دایکی جەلادەت، کامەران - چەرکەسە. خوێندنی ئەندازەی کشتوکێڵی لە زانکۆی ئەستەنبووڵدا تەواو کردووە، بێژراویشە پارێزەر بووە![1]. لە س١٩٠٤ز.دا بەتاوانی پیلانگێڕان لە ئاسایشی دەوڵەتی عوسمانیی گیراوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو زیندانیی و نەفیی کراوە. لە س١٩٠٦ز.دا -کاتێ کە ڕەزوان پاشا کوژراوە- لە فێرگەی ئیتالییدا خوێندکار بووە و گیراوە و ڕەوانەی مەنفاکراوە. دوای مەشرووتەی س١٩٠٨ز گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و لە نێوان س١٩٠٨ز-١٩٠٩ز.دا بەکوردیی و تورکیی ڕۆژنامەی (کوردستان - خولی٢)ەوە ڕاگیراوە و خۆیشی بەبیانووی (کۆنەپەرستیی) داتاشراوە وە لەلایێن ئەو دامودەزگە توندوتیژانەی (پ.ی.پ. عوسمانیی)ەوە لە زیندانی (بەکر ئاغا)دا بەندکراوە، دوایی بەلێبوردنی گشتیی، ئازاد بووە. لە س١٩١٢ز.دا، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و ڕێکخراوێکی کوردیی نهێنیی شۆڕشگێڕانەی دامەزراندووە و پێی زانراوە و بەمردن حوکم دراوە و زیندانی کراوە، دوای ماوەیێ زیندانیی لە س١٩١٣ز.دا، وڵاتی عوسمانیی بەجێ هێشتووە تا لە وڵاتی میسردا گیرساوەتەوە و بەنێوی ئازیزی ئەحمەدەوە ڕۆژنامەی کوردیی -تورکیی (کوردستان - ژ١، ١٢/٩/١٩١٧ز - ژ١١، ٢٨/١/١٩١٨ز)ی دەرکردووە، لە ئەو ماوەیەشدا لەگەڵ ئەفسەر و کوردە سوپاییەکانی عوسمانیی دیل و زیندانیی کرا. لە میسردا، تێکەڵی پەیدا کردبوو، گەرمیش بۆ مافەکانی گەلەکەی -بەپێی سەرچاوەکان- هاریکاریی بریتانیای کردووە و لە دوای ئاگربڕی ٣٠/١٠/١٩١٨ز.شەوە لە پێناوی سەربەخۆ بوونی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستاندا کەوتە چالاکی و داواکاریی، تەنانەت لە نێوان ١٩١٩ز-١٩٢٠ز.دا هەر لە قاهیرەدا (کۆمەڵ - پارتی سەربەخۆیی کوردستان/ خۆیبوون)ی دامەزراند کە خۆی سکرتێری گشتیی و عارف بەگی ماردینیی سەرۆکی بوو[2]. چالاکی خۆی و هاوەڵی،

(١) ٢/٤٤/١٤٠؛ ل٨٢، هەروەها ل٢٦٣. پ١٨٧.

(٢) ٢/٤٤/١٤٠؛ ل٨٢-٨٥. ئەو سەرچاوەیە بەعەرەبیی (عوسبەتولیستیقلال کوردستان/ عصبە استقلال کردستان) و -لە سەرچاوەی تورکیشەوە- جەمعییەتی ئیستیقلالی کوردستانی نووسیوە کە لای من هەر (خۆیبوون) دەگرێتەوە کە واتای سەربەخۆ بوونی کوردستانە. هەرچەندە دەشڵێت لە (کۆتاییەکانی س١٩١٨ز)دا دامەزراوە و دەمێکیش دەڵێت لە ١٩١٩ز.دا، ئەوە فەرهاد پیربال لە (٥٢/١، ل٢٩)دا و لە(ئەنسکیلۆپیدای ئیسلامیی - پاریس ١٩٢٣ز)ەوە باسی وەرگرتووە کە (خۆیبوون) لە س١٩٢٠ز.دا، لە قاهیرەدا دامەزراوە.

بەنێـوی ئەم پارتەوە بەڕادەیێ بووە - بەر لە گـرێدانی پەیمانی سـەڤـەر -هاریکاریی ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندانی بۆ هەمان مەبەست و کۆڕ و کەسانی ئەوروپایشی بەماف و ئامانجی گـەلی کـورد، سـەرقـاڵ کـردووە، بۆ وێنە لە ١٩١٩/٨/٥ز.دا، سـورەییـا و عـارف بەگ، نووسـینگەی سیـاسـیی نێرووەکـانی بریتـانیـایان لە میـسـردا دیدەنیی و ئاشکرایان کردووە (ئامـانجی بەرەو دوایان سەربەخۆیی کـوردسـتـانە و ئامادەن چاودێرییەکی سنوورداری بریتانیا بەسەر کوردستانەوە پەسەند بکەن!)

لە ئەوەش پتـر لە ١٩٢٠/٣/٢٢ز.دا سـورەییـای سکرتێـری گـشـتـیی ئەو پارتە نامـەی کردووەتەوە سەر سەرۆکایەتیی (کۆنگرەی ئاشتیی - پاریس) و کاربەدەستەکانی فڕانسەی وریا کردووەتەوە کە ئەو کۆنگرەیە کەوتووەتە ژێر باری پڕوپاگەندەی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە!

سورەییا کە زمانەکانی کوردیی، تورکیی، عەرەبیی، فڕانسیی، فارسیی، ئینگلیزیی زانیوە، لە پێناوی ئامانجی نەتەوەییدا کە سەربەخۆیی کوردستان بوو -دواتر لایدا بەلای خودموختاریی و فیـدراڵیی- بەوڵاتان و پێتەختەکانیانەوە بووە؛ وەک فڕانسە، ئامریکا، بریتانیا، بەلژیکا، قـوبروس، ئوردن، لوبنان، سـوریا و ناسـیـاوییـەکی زۆری لەگـەڵ کـەسـانی سـیـاسـیی، هێندێ خۆرهەڵاتناسی -وەک ڤاسیلی نیکیتین- و کۆڕە زانستناسەکانی نێودەوڵەتیی پەیدا کردووە.

ڤاسـیلی نیکیتن یادی چالاکیی کردووە و نووسـیویەتی: (سورەییا ئەمین عـالیی بەدرخان، یێکەم نیـشـتـمانپـەروەری کـوردە کـە ڕێکوپێک و بەرنامـەدار، کـاروباری گـوتوبێـژ و ڕاوێژ لە کۆڕەکانی و نووسینەکانیدا دەبات!)[٣].

سورەییا بەدرخان -دوای تاوانەکانی تورکیا بەرامبەر شۆڕشی ١٩٢٥ز- ئەوپەڕی کۆششی نواند بۆ کـۆکردنەوەی خـانەدان و ڕۆشنبـیرە نەتەوەپەروەرەکـانی کورد تا بـەرنامەی نوێی خـەبات دابنێن. سەرئەنجام (کـۆنگرەی خۆیبوون - لوبنان؛ س١٩٢٧ز)ی خـڕکـردەوە کە نوێنەرەکـانی کوردستـانی باکوور، خۆرئاوا، باشووری تێدا بەشداربوون و لە جاران پتر بەرنامە و کاروباری خەباتیان چڕ و بەهێزتر کرد، ڕاستییەکەی وێڕای گۆڕینی مافی سەربەخۆ بوونی کوردستان بۆ (خودموختاریی)و خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕژێمەکانی ئێران و سوریا، دوای ئەم کۆنگرەیە، تا کۆچی دواییـشی، (خـۆیبوون) پارتێکی بەهێـز و هەرە چالاکی کـوردستـان بوو کـە -وەک در. کـەمال مەزهەر بەڵگەنامەی بریتانیایی ئاشکرا کردووە- پارتێکی نەتەوەیی سەربەست بووە و ئەو درۆ

(٣) ٢/٤٤/١٤٠؛ ل٨٥.



و دەلەسانەی کە لە ڕوویدا کراوە گۆیا (دەستنێژی بریتانیا و فڕانسەیە)، هەموو پووچن[٤].

دوای کۆنگرەی باسکراو، سورەییای ئەمریکانشین لە س١٩٢٩ز.دا گەڕاوەتەوە لە سووریادا بژی، بەڵام دوای ڕاپەڕینی (شۆڕشی ئاگری داغ - س١٩٣٠) کـاربەدەسـتـەکـانی فـڕانسـە لە سوریادا نیشتەنییان لێ قەدەغە کردووە و ناچار چووەتە پاریس و تا مردنی، بەرپرسی یێکەمی (خۆیبوون) بووە لە فڕانسەدا.

سورەییا بەدرخـانی نەتەوەپەروەر و خـەباتگێـڕی سیـاسیی، بەهۆش و بیری زانسـتیـشەوە، خەباتی ڕۆشنبیریی کردووە و چەند جار لە (کۆنگرەی ئەنتروپۆلۆژیستناسەکانی نێودەوڵەتیی - برۆکـسل/ بەلژیکا؛ س١٩٣٥ز-١٩٣٦ز)دا بەشـداربووە و بابەتی ڕۆشنبـیریی و ئەدەبیی و کۆمەڵیی لەسەر کوردستـان و کورد پێشکەش کردووە و بەزمانی فڕانسیی هێندێکی لێ چاپ کردوون! ئەم کارەیشی بەڵگەییێکی گەورەیە بۆ بەهرە و توانا و ناسیاریی کە دەتوانم بڵێم یێکەم کوردە، تێکەڵی کۆنگرەی زانستیی نێودەوڵەتیی بووبێت![٥]

سورەییا بەدرخان ژنی هێناوە[٦]، کوڕی (حەقیـقیی) و کیژی (قـودرەت) هەر لە قاهیرەدا مردوون و لە کیژەکەیشی نەوە کەوتووەتەوە کە هەیانە ئەوڕۆ لە ئوردوندا دەژین[٧].

(٤) بنۆڕە؛ ڕۆشنبیری نوێ - س١٩٩٦ز. جێگەی گوتنە هەر لە ڕاییێڵەی ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکەدا، لێ کۆڵی باسەکە ئاماژەی کردووە کە لە سییەکاندا سورەییا بەدرخان لەلاییێن (مۆسۆلینی)یەوە داوەت کراوە!

(٥) لە مـەیدانی زانسـتی نێـوبراودا، تۆفـیق وەهبـیی دوای ئەو دێت بۆ واتای (ئەنتـرۆپۆلۆژیا و ئەتنۆگرافیا) بنۆڕە: فەرهەنگۆک.

(٦) ٢/٤٤/١٤٠ و (١/٥٤) ڕەگەزی کابانەکەیان ئاشنا نەکردووە.

(٧) ٢/٤٤/١٤٠، ل٨٧ دەڵێت (قـودرەت) شـووی بە کـوڕەمـامی مـیـر -پاشـا- حـسـێنی پاشـای ئوردنکردووە کە ڕاکان ئەلهاشمیی نێوە و چوار کیژ و دوو کوڕی هەیە. کیژی قودرەتیش (نەوزاد) شووی بە میر ناسر ئەلجەمیل کردووە. کیژەکانیشی نەوەیان هەیە و تا ئەوڕۆ لە ئوردندا دەژین.

دانراوە چاپکراوەکانی:

1- Dr. Bletch Chirguh; La Question Kurde, Le Caire, 1930

در. بلەچ شێرکۆ؛ کێشەی کورد؛ قاهیرە، س.١٩٣٠ز [ئینگلیزی][٨].

2- Le Prince Sureya Badir - Khan, La Littratura, Populaire et Classique Kurde. (XV Lêm Congres International, antheropologie, Bruxelles, 1935) Bruxelles, 1936.

میر سورەییا بەدرخان – ئەدەبییاتی میللیی و ئەدەبی کلاسیکی کوردیی (کۆنگرەی پانزەی ئەنترۆپۆلۆژیای نێودەوڵەتیی، برۆکسل، س١٩٣٥)، برۆکسل، س١٩٣٦. [فڕانسیی][٩].

3- Le Prince Sureya Badir - Khan, La Famme Kurde et son röle Social, (XV lême Congres Internationald, antheropologie, Bruxelles, 1935).

میر سورەییا بەدرخان – ئافرەتی کورد و دەوری کۆمەڵیی. (کۆنگرەی پانزەی ئەنسرۆپۆلۆژیای نێودەوڵەتیی، برۆکسل، س١٩٣٥). [فڕانسیی].

4- Le Prince Sureya Badir-Khan, Cites et Campagme du Kurdustan,Bruxellese, 1936.

میر سورەییا بەدرخان – دەشت و کێوەکانی کوردستان، برۆکسل؛ س١٩٣٦ز [فڕەنسیی][١٠].

5- Emir Sureya Badir-Khan, (Mem O Zin) (Poeme Kurd), (ethnographie, N. S. 24, 1937, S. 4-6).

(٨) نێوی (بلەچ شێرکۆ) لەلای ٢/٤٤/١٤٠، بەتایبەتی بەپێی گوتوبێژێکی تۆمارکراوی ژەنەڕاڵی فڕانسەیی (ڕۆندوت Rondot)، نێوی نهێنیی سورەییایە. وێڕای هەر ئەو سەرچاوەیە ڕایگەیاندووە –وردبوونەوەیشی بۆ ئەو مەبەستە بووە– گۆیا گومان لە ئەو نێوەی کراوە و هێندێ بەنێوی محەممەد عەلیی عەونیی دەزانن کە خۆی وەرگێڕی کتێبەکەیە بۆ عەرەبیی. تەنانەت هەیشە بەکامەرانی برای داناوە!! کەواتە ئیدی هەرچیی نووسرابێت و بە محەممەد عەلیی عەونیی ژماردبێت، هەڵدەوەشێتەوە، بۆ وێنە قسەوباسی حەمەی حەمە باقیی وەرگێڕی (کێشەی کورد – چ٣، س١٩٩٢) لە عەرەبییەوە بۆ کوردیی!

(٩) ٢/٤٤/١٤٠.

(١٠) ٢/٤٤/١٤٠ [لە هەمان کۆنگرەدا].



میر سورەییا بەدرخان – مەم و زین (تێکست و لێکۆڵینەوە – ئەتنۆگرافیا، ن.س٢٤، س١٩٣٧). [فڕانسیی][١١].

بڵاوکراوەکانی – نێوی خۆی لەسەر نییە:–

The Case of Kurdustan agianist Turkey, by Anthority of Hoyboon Supreme Concil of kuridish Goverment, Philadelfia, 1928.

کێشەی کوردستان لە بەرامبەر تورکیادا؛ دەسەڵاتی باڵای خۆیبوونی کورد، فیلادەلفیا، س١٩٢٨). [ئینگلیزیی][١٢].

هەروەها ئەم دوو بەرهەمەی هێشتا چاپ نەکراوە:[١٣]

١– پاریس، تاوانبارەکانی خاوەند ئۆتۆمۆبێل لە دادگەی سن دا.

٢– حوکوومەتی عەزیزیی کورد (بەهاریکاری کامەران بەدرخانی برای).

(١١) ٢/٤٤/١٤٠ [لە هەمان کۆنگرەدا].

(١٢) ٢/٤٤/١٤٠ هەروەها ١/٥٤.

جێگەی خۆیەتی لە ئێرەدا باسێ بکەمەوە کە لەنێو دانراو و بڵاوکراوەکانی (سورەییا)دا، ڕەنگ و دەنگ و نێوی (دانراوێکی مستەفا ساییب) نییە کە لە ژیننامەی نووسراوی خۆیدا –چ ئەویی لەلای منە، چ ئەویی لەلای جەمال بانە– نووسیویەتی (لەوەختانەدا –لە س.١٩٢٠ز.دا– لە بابەت تەئریخ و حاڵەتی ئیجتیماعیی و ئیقتیسادیی و مەعاریفی کوردستانی عێراقەوە، کتێبێکی بچووکم نووسییەوە بەتورکیی و ناردم بۆ سورەییا بەدرخان لە پاریس و لەوێ گۆڕییە سەر فڕانسیی.

(١٣) ٢/٤٤/١٤٠.

## ☼ ⊖ **ئه. بێ. سۆن** Elly Banistar Soane(*)

(مێجەر؛ سۆن/ فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیای داگیرکەر - سلێمانیی:
١٦/٨/١٨٨١ز. کەنزیگتون Kansigton/ بریتانیا
ـــــ ٢٤/٢/١٩٢٣ز. بیزەرت/ تونس).

ئا. تێ. وێڵسن لێی نووسیوە؛ بابی؛ ولیام سۆن W. Soane ئامۆزای سێر جۆن Sir J. Soaneی بیناسازی بەنێوبانگە. ماری ستێل M. Steal ی دایکیشی لە خێڵی سێر ریچارد ستێل R. Stealی سەر بە گۆڤاری سپەکتاتۆر Spectatorە! هەردوو بەرەی باب و دایکی، خانەدانن و لە هونەر و جوانیی و شۆخیدا بەنێوبانگن. بابی کە مرد، سۆن Soane بیست مانگانی تەمەن تەواو نەکردبوو. دایکە بێوەژنەکەی توانای شیری ترشەڵۆکیشی بۆ ساواکەی نەبوو، ناچار خستوویەتە بەر فێرگەی (مەتران لانمیەر)ەوە!

سۆن Soane لە س١٨٩٥ز.دا پێی ناوەتە قوتابخانەی باڵای فێرگەی نێوبراوەوە و تا تەمەنی شانزە ساڵانی ماوەتەوە.

لە ئەو قوتابخانەیەدا ئەستێرەی گەش بووە و لە تاقیمانەی Cambride local Exams لە کانوونی یێکەمی ١٨٩٦ز.دا، هەروەها دوای ساڵێ لە تاقیمانەی Sanior Examsدا، پلەی شەرەفمەندیی بەرکەوتووە!

لە ڕۆژگاری خوێندندا ئەگەرچیی هێندێ مەدالیای لە سەوڵ لێدانی تەنیا کەسدا وەرگرت بوو،

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ١/٣.
٢- ١/٢١؛ ج٢.
٣- ١/٢٥؛ ج١.
٤- ١/٤١.
٥- ١/٩٥.
٦- ٢/١/٩٧.
٧- ٢/١١/١٠٧.
٨- ٢/٢٧/١٢٣.
٩- ٢/٥٤/١٥٠.
١٠- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان: پێشکەوتن - سلێمانیی، دەنگی گێتیی تازە - ژ٥، ب٤، ئۆگۆستۆس ١٩٤٥ز، ژین، ڕەنگین.



زۆر پەرۆشی گەمە نەبووە، بەڵام توانایێکی یێکجار گەورەی بۆ فێربوونی زمانی فرەنسیی هەبووە. هەروەها لە نمایشەکانی قوتابخانەدا وەک ئەکتەرێ، شوێنی دیاربووە! دیارە هەر لە زووەکەوە بەهرەی زمان فێربوون، گوتوبێژی هەبووە کە ئەمەی کەڵکی دواڕۆژی گرت لە وڵاتی فارسدا.

بەر لە ساڵی ١٨٩٨ز. و بەجێ هێشتنی قوتابخانە، کەوتبووە سەر کەڵکەڵەی دیدەنیی خۆرهەڵات، بەڵام تا شوباتی ١٩٠٢ز ئەم هەلەی بۆ نەڕەخسا. لە ئەو هەلەشدا بەهۆی کومپانیای (جێ. سێ. لیگ)ەوە کە وەک کومپانیای هیندوستانیی خۆرهەڵات و جێگرەکانی بوو، سۆن Soane ڕەوانەی وڵاتی فارس کراو لە (بانکی شاهانەی فارس) دامەزرا.

دوای ڕابواردنی ماوەیێکی کورت لە تاراندا، ڕەوانەی بازێڕی (یێزد) کرا. لە ئەویدا و لە ساڵی ١٩٠٣ز.دا -خۆی نووسیویەتی- لە دوای تاقیمانە و خۆ خەریک کردن بەزمانەوە، دەستی داوەتە وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیری بەنێوبانگ (عومەر خەیام). ئیدی زۆری نەبردووە یێکجار هۆگری وڵاتی فارس بووە. بەئەو شێوەیە لە ساڵی ١٩٠٣ز، هێندێکی ساڵی ١٩٠٤ز.دا، ژینی لە بازێڕی (بووشێر) ڕابواردووە. دوایی بە (ژمێریاری بانکی شاهانەی فارس) لە بازێڕی (شیراز) دامەزراوە. لە ئەم هەل و هەڵکەوتانەدا، جلەوی نیازی، بەتایبەتی بۆ ناسینی خوو و نەریتەکانی ئەو وڵاتە، بەرداوە. گەلێ شەو بەجلوبەرگی عەجەمانەوە چووەتە نێو بازێڕەکە و تێکەڵی مەلایان بووە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٠٥ز.دا -بەفێڵ/K- چووەتە سەر (مەزەبی شیعە)ی ئیسلام و دەشلێن کیژی موجتەهیدێکی خواستووە!

ئا. تێ. وێڵسن، پتر دەبێژێت: لە ساڵی ١٩٠٦ز.دا و دوای ڕابواردنی مۆڵەتێکی کورت، کاری بۆ ئاسان کراوە کە ببێت بە (ڕێبەری لقی کرمانشای بانکی شاهانەی فارس)، بەڵام زۆر نەماوەتەوە و ساڵی ١٩٠٧ز لەبەر دەمەقاڵییەکی گەرمی لەگەڵ کارگێڕەکانی کونسوڵی ڕووس لە ئەو بازێڕەدا، دەستی لە کار و فرمانی هەڵگرتووە! لە ڕاییێڵەی کاری لە کرماشاندا، خووی دابووە خوێندن و فێربوونی (زمانی کوردیی)!

دوای گەڕانەوە بۆ ئینگیلتەرا و ڕابواردنی ماوەیێکی کورتی ساڵی ١٩٠٧ز. ئەم جارە بە (خۆ گۆڕیی و بەنێوی؛ میرزا غولام حسێن شیرازەیی)ەوە، دەستی کردووە بەگەشتێکی دوودرێژ بەنێو (وڵاتی نێوان هەردوو ڕووبار و کوردستان)دا.

ئەم گەشتەی بەنێوی بازرگانییەوە لە ئەستەنبووڵەوە دەست پێ کرد و بە «قوبروس، بەیرووت، بەعلەبەک، حەڵەب، دیاربەکر، مووسڵ، نێوچەی ئیزیدییەکان، هەولێر، کەرکووک، سلێمانیی، هەڵەبجە - شەش حەوت مانگی تێدا بووە - بیارە، تکریت، بەغداد) و تا کۆتایی

س١٩٠٩ز.ی خایاندووه کە لە ئەم هەلەدا بە جلی عەجەمانەوە، لە باژێڕی (محەممەرە)دا دەرکەوتووە، لە ئەم هەلەدا ئا. تێ. وێلسن A. T. Willsonی (کونسۆڵی پاشایەتیی بریتانیا لە باژێڕی محەممەرە)دا قۆستوویەتیەوە و داوای لێ کردووە کە ڕاپۆرتنامەیێ –ڕێنمایینامەیێ– لەمەڕ باشووری کوردستانی بۆ گەلاڵە بکات، ئەویش بەگوێی کردووە. هەر لە ئەم هەلەشدا خراوەتە بەر کار و فرمانی (کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ فارسیی). دوای چەند مانگێ نێردراوە بۆ «چیای سوور/ چیای سورخ)ی نزیک باژێڕۆکی «خانەقین» بۆ بووژاندنەوەی کار لە کانی نەوت و دوو پالێوخانەی پچووکدا. لە پاداشتی خزمەتگوزاریی لە «چیای سوور» و لە «بەغداد»دا – کە چاک جوولابووەوە و لەگەڵ فرمانبەرەکانی عەجەم و تورکی نیو ئەو دوو وڵاتە و لەگەڵ خێڵە یاخیی بووەکانیش کارامە بووە – لە س١٩١٣ز.دا دامەزراوە بە (جێگری کونسوڵی بریتانیا لە قەسری شیرین)دا.

کاتێ کە (١.ج.گ) قەوما، سۆن Soane لە بەغداددا بوو، لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی دی ئەوروپاویی گیراوە و دوایی دوورخراوەتەوە بۆ باژێڕی «مەرسینە» و ئەوجا لە «میسر»دا ئازاد کراوە و دەمودەست گەڕاوەتەوە بۆ «بەسرە» و لە وی ڕاشەوە چووەتەوە سەر فرمانی جارانی!

شارەزایی بێ وێنەی لە کاروباری خۆرهەڵات و قەوماوەکاندا، بوو بەمایەی هەڵبژاردنی بۆ کار و فرمانێکی تایبەتی کە لە سەرەتای س١٩١٥ز.دا دامەزرا بۆ (پەلامارێکی شوێن هەڵگری/ حملە استکشافیە). دوای ماوەیێکی کورت و مەشق پێ کردنی لە دەزگەی (چاوەڕاوی – نهێنبریی)دا، دامەزرا بەنووسەری ڕۆژنامەی (بەسرە تایمس Basra Times)دا کە ڕۆژنامەیێکی ئینگلیزیی – عەرەبیی ئەو کاتەی نێوەڕاستی خۆرهەڵات بوو.

سۆن Soane هێندە بەهرەمەند و کارامە بووە، گەلێ چاکی بەڕێگەوە بردووە و پەرەی پێ داوە، تەنانەت (بەشی فارسیی) خستووەتە پاڵ.

زۆری نەبردووە خراوەتە سەرکارێکی دژوارتر کە ڕاسپێردرا بۆ سەرکوتکردنی نهێنبرەکانی سەر بە ئەڵمان و تورک کە لە نێوچەی «بەختیاریی»دا بوون. ئەویش بەپشتیوانی شەش سوارچاکی جەربەزەی کورد، کارەکەی جێبەجێ کرد!

لە سەرەتای س١٩١٦ز.دا، لە باژێڕی «دزفوول» بە (جێگری کونسۆڵی بریتانیا) دامەزرا، دوای داگیرکردنی بەغداد لە مارتی ١٩١٧ز.دا، لەبەر شارەزایی، بە (فەرمانڕەوای سیاسیی مەندەلیی) دامەزرا، بەڵام لەبەر هەمان مەڵامەت لە کانوونی یێکەمی ١٩١٧ز.دا –سەرهەنگ بوو/K– بە (فەرمانڕاوی سیاسیی خانەقین) دامەزرا.



خانەقین پەرێشانی جەنگ و چەپاو و تاڵانی ڕووس و تورکانی عوسمانیی بوو، ئەو لە ئەم باژێڕە –کوردستانیە–دا کەوتووەتە چالاکیی و خزمەتگوزاریی و بووژاندنەوەی خەڵکیی و بەجێ هێنانی هێندێ کاروباری ئاوەدانیی، بەڵام هەر ئەو کاتە کە پەتای (دەردە باریکە/سیل) لە باژێڕەکەدا بڵاوبووبووەوە، تووشی پەتاکە بووە و ناچار لەسەر داخوازی خۆی و لە پێناوی چاکبوونەوەی تەندروستیدا، لە سەرەتای هاوینی ١٩١٨ز.دا ڕووی کردووەتە وڵاتی (ئوستراڵیا) و شەش مانگ پتری تێدا ڕابواردووە! بەڕوواڵەت چاک بووە و جارێکی دی هاتووەتەوە سەر کار و فرمانی بۆ (خانەقین) و لە مارتی ١٩١٩ز.شدا بە (فەرمانڕەوای سیاسیی سلێمانیی) دامەزراوە کە لە ٩٩١٩/٤/٢٤ز.دا گەیشتووەتە باژێڕەکە و مەبەستی نەخشە بۆ کێشراویشی (تەسک و بەربەست کردن، بگرە لاوازکردنی یێکەم حوکوومەتی کوردستان – حەفید زادە مەحموود) بوو!

سۆن Soane، لە هەلی ڕوودانی شۆڕشی ١٩١٩/٥/٢١ز.ی حەفید زادە مەحمووددا، بەرەو باژێڕی کەرکووک چووبوو بۆ پێشوازی کابانەکەی لە (بەسرە)دا. وێڕای ئەوەی مۆڵەتەکەیشی ماوەی دوو هەفتە پتر نەبوو، بەڵام تا ١٩١٩/٨/١٨ز نەگەڕایەوە بۆ سلێمانیی. لە ئەم مێژووە بەدواوە تا ١٩٢١/٣/١ز فەرمانڕەوای یێکەم دەسەڵاتداری بریتانیا بوو لە سلێمانییدا و لە ٣/٦ شدا –گۆیا– ئیزنی شەش مانگێکی وەرگرتووە –چاوپۆشیی لە کار و فرمانی کراوە و لابراوە و گەڕاوەتەوە بۆ بریتانیا کە ڕەنگبێ لە مانگی نیسانی ١٩٢١ز.دا گەیشتووەتەوە!

ئا. تێ. وێلسن لێی نووسیوە؛ نەخۆشییەکەی جارانی کە هەرگیز بەری نەدابوو، تا دەهات کنەی تێ دەکرد، بۆیێکا پزیشک ئامۆژگاریی کرد و ئەویش لە تەشرینی دووەمی ١٩٢٢ز.دا ڕووی کردە دەریا و باژێڕی «بیزەرتە»ی وڵاتی تونس، بەڵام هێندە نەخۆش بوو، ئامۆژگاری کراوە کە بگەڕێتەوە و پرس بەپزیشکی پسپۆڕ بکات، کەچیی نەگەیشتووەتەوە لۆندۆن و لە واپۆڕدا دەستی لە ژیان بەربووە و ڕووی لە دنیای نەبوون کردووە!

لەمەڕ خوو ڕەوشت و ئەتوار و کرداری سۆن Soane، دوو دەستە لە نووسەرانی (ئینگلیز) و (کورد) بیروڕایان هەیە:

١– ئا. تێ. وێلسن، ئەدمۆندس، لیز G. M. Less لێیان گوتووە؛ زۆردارێکی یاخیی، جڵەوگێری ڕای خۆی، توندوتیژ، هێمن، گەلێ لووتبەرز، ناسک و سەرچڵ لە خۆشویستن و بوغزاندندا، لێ نەبووردوو، ئازاد و کارامە، سامدار لە کاروباردا کە کەمتر بەتەبیاتی ئینگلیز چووە.

لایێنگری جوتێر و پاڵە، ڕێزگری چاکییەکانی گەلانی خۆرهەڵات، شەیدای وڵاتی (فارس) و (کوردستان). لە سلێمانییدا -سەردەمی داگیرکاریی دوای یێکەم حوکوومەتی کوردستان/ ک- دڵنیایی و هێوریی گێڕاوەتەوە و دز و جەردە و ڕێگری نەهێشتووە و خەڵکیی لە چەک داماڵیوە! لە ماوەی کار و فرماندا سزای جەستەی بەسەر خەڵکدا نەسەپاندووە! بەتەنێ یێک بیاوکوژ لە سێدارە دراوە و خەڵکەکە ڕێزیان لێ گرتووە و بەدادپەروەریان داناوە. ڕێگەوبان و قوتابخانەی کوردیی کردووەتەوە. جلی کوردیی تەواو، خوێندن و نووسینی کوردیی بەسەر خەڵک و دامودەزگەکاندا سەپاندووە. خۆیشی شارەزایێکی تەواوی کوردستان، مێژوو، زمان، خوو و ڕەوشتەکانی کورد بووە و بەڕەهایی بەکوردیی ئاخاوتووە!

٢- ئەحمەد تەقیی، ئەحمەد خواجە، ڕەفیق حیلمیی -ئاشناکانی سەردەمی- لەمەڕ خوو و ڕەوشت و ئەتوار و کرداری هێندێ بیروڕای نزیک و دووری دەستەی یێکەمیان هەیە... ئەمان نەک هەر بەچەتوون و لووتبەرز و ڕقاویی و جوێنفرۆشی دەژمێرن، بگرە بەزۆردارێکی ئەوتۆیان ژماردەووە کە فەرمانڕەواییان هێناوەتە ڕێزەی (حوکمی قەرەقۆشی میسر)و دەشڵێن؛ ئەگەر ڕێزی لێ گیرابێت لە ترسی سام و زۆرداریيەکەی بووە.

لە سەرێکی دیيەوە، هەموو ئەو نووسەرانە، بەدوژمنی سەرسەختی بزاڤی کوردایەتیی حەفید زادە مەحموودیان ژماردووە، بەڵام چاکەی بۆ سەپاندن و بڵاوبوونەوەی نووسین و خوێندنی زمانی کوردیی، دامەزراندنی یێکەم چاپخانە، یێکەم ڕۆژنامە، کردنەوەی قوتابخانە، ڕێگەوبان بە (پیلانێکی سیاسیی بریتانیا) دەژمێرن و ئەم بڕوایەیشیان لە بەرامبەر پێ لێنانی سەردارەکەیدا؛ ئا. تێ. وێڵسن، بەڕاست دەگەڕێت کە نووسیویەتی؛ (ئەو سیاسەتەی سۆن -ئازا- سیاسەتی باڵا دەیسەپاند و کەڵکی گفتەکانمانی دەگرت بەرامبەر بەندەکانی «٢٢ی ڕێکەوتنەکانی کۆمەڵی گەلان!»).

هەر ئەم دەستە کوردە و نووسەرانی دیی وەک ئەمین زەکیی، پیرەمێرد، بە کوردناسی و زانای زمانی کوردیی دەژمێرن، بەڵام چ ئەمان و چ نووسەر و لێکۆڵەکانی ئینگلیز، هێشتا -زانستانە- کردەوە زمانەوانییەکانیان هەڵنەسەنگاندووە و باری کاری ڕۆژنامەڤانیشیان تەواو تەواو ڕوون نەکردووەتەوە.

سۆن Soane، هەرچۆنێکی لێ گوترا بێت و هەرچییەکی -لە سەردەمی فەرمانڕەواییدا- کردبێت، زووتر لە گەشتەکەی س١٩٠٧ز-١٩٠٩ز.دا، بەشێوەیێکی گشتیی بیروڕاکانی لایێنگری نەتەوەی کورد؛ مێژوو، زمان، ڕەووشت و خووی بووە.

سۆن Soane لە گەشتە چاپکراوەکەیدا؛ کوردستانی بەوڵاتی دێرینی گەلی کوردی ئاریی



نەژاد و خاوەند زمان و بەتایبەتیی بەوەچەی (مید) ژماردووە! ڕەووشت و خوو، تەبیاتی کوردی -بەگشتیی- بەرز و جوان اگرتووە... بە ئازا، زیرەک، جوامێر، پەیمانپەروەر، میواندۆست، داوێنپاک، قەدرزانی ژن ناسیوە، توندوتیژیی خێڵەکانی بەکارێکی ناچاریی و ئەنجامی پەلاماری هەمیشەیی داگیرکەران و بەرگریی کردن لە خۆ و پاراستنی هەبوون ناسیوە. تەنانەت هەر بۆ بەراوورد، کوشتنی لە کوردستاندا بەکەمتر لە بەرامبەر هەر وڵاتێکی ئەورووپا، ڕاگرتووە.

سۆن Soane وەک کوردی بەئاریی نەژاد ناسیوە، بەخاوەند زمانی ئاریانەی پیرۆز و ڕەسنتر و کۆنتر و ساغتری لە فارسیی داناوە و شێوەکانی کوردیی -وێڕای هێندێ جوداییان- بەئاسایی زانیوە و هەموویشیان بەیێک زمانی خاوەند ڕێزمان و ئازاد -بەپێچەوانەی فارسییەوە- لە عەرەبیی و ڕەوان و بەنزیکترین شێوەی (ئاڤێستای زەردەشت)ی دەناسێت.

سۆن Soane، کورد بەخاوەندی ئەدەب، بەهرەمەند لە ئەدەب و شیعردا، سەربەرز لە گەورە پیاواندا -وەک سەلاحوودین- دەزانێت. شەیدایی کوردیش بۆ زانست و فێربوون، دەخاتە تای تەرازووی پەرۆشیی بۆ چەپاو و تاڵان کردن... زۆریشی پێ جوان بووە کە کوردێ بەشانازییەوە خۆی نواندبێ و هاواری کردبێ:

(ئەز کورمانجم) یان (من کوردم)!

ئەگەر سۆن Soane لەلای شارەزایان بە (کوردناس) ناسرابێت، ئەوە من پێوەندییەکەی لە سێ قۆناغدا دەخوێنمەوە:

١- ساڵانی ١٩٠٦ز-١٩١٤ز کە لە ئەم مەودایەدا بەهۆی وڵاتی فارس و زمان و ڕێنووس و ئەدەبییاتی فارسییەوە -چۆن فێری زمانەکە و قرآن و ئاشنای شیعایەتیی بووە- تێکەڵی کورد و لەسەردەستی خەڵکیی و بەسەلیقەی خۆیشی فێری زمانی کوردیی و ئاشنای بەشێکی ئەدەبییاتی بووە.

لە ئەو مەودایەدا تا قەومانی (١.ج.گ) بەتایبەتیش لە ساڵی ١٩٠٩ز ڕاوە، لەمەڕ کورد و زمان و شێوەکانی - گۆران، کورمانجیی شێوەی شادیی، سلێمانیی و ڕێزمانی کوردیی- لێکۆڵینەوەی بەئینگلیزیی بڵاوکردووەتەوە. شایانی گوتنە کە لە ئەم قۆناغەدا دەستی پیلانی سیاسیی و جێبەجێکردنی لە دژی کوردایەتیی، دیار نییە!

٢- ساڵانی ١٩١٨ز-١٩٢١ز کە وەک ئەفسەرێکی سیاسیی لە (١.ج.گ) و دواتردا لە مەندەلیی و خانەقین و سلێمانییدا، خۆو ڕاستان تێکەڵی سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسیی بریتانیای داگیرکەر بووە! بەشێوەیێکی تایبەتیش لە ساڵی ١٩١٩ز.دا دەستی لە تەسک

کردنەوە و لاوازبوونی یێکەم حوکوومەتی کوردستاندا هەبووە. هەروەها لە هەمان مەودادا- وێڕای پێوەندیی بەڕۆژنامەی: تێگەیشتنی ڕاستییەوە!! -لێکۆڵینەوەی ئینگلیزیی و دانراوێکی کوردیی لەمەڕ ڕێزمانی کورمانجیی، بڵاوکردووەتەوە و وەک بێژراش یێکەم چاپخانە و ڕۆژنامەی کوردیی لە سلێمانییدا دامەزراندووە.

٣- سالآنی ١٩٢١ز-١٩٢٣ز کە گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی و هێندێ بیروڕای سیاسیی لایێنگیری کوردی نواندووە. لەلایێکی دییەوە لەمەڕ هۆنراوەی شێوەی گۆران، فۆنۆلۆژیی کورمانجیی باشوور، لێکۆڵینەوەی ئینگلیزیی بڵاو کردووەتەوە. دیسان لە دوای گەڕانەوەیشی، خۆی داناوە بۆ گەلاڵەکردنی (فەرهەنگێکی کوردیی) کە مردنەکەی بەری هاتنە دیی گرتووە«؟»

شایانی باسە، لە ئەم قۆناغەدا، کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی گرنگی لەمەڕ خێڵەکانی کورد، هەروەها زمانی کوردیی -وەک لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکەی ساڵی ١٩١٨ز- و کۆمەڵێ ڕاپۆرتی سیاسی ڕەسمیی گرنگی بڵاوکردووەتەوە!

سۆن Soane -لە هەرسێ قۆناغدا- وەک کوردناسێ بۆ ژینی ڕۆشنبیریی گەلی کورد، کەڵکی گرنگ و گەورەی هەبووە. هەروەها -بەبڕوای من- وەک فەرمانڕەوایێکی سیاسیش لە خانەقین و سلێمانییدا، بەهۆی کارەساتەکانی جەنگەوە، بەرامبەر بەخەڵکی کورد، دیسان کەڵکی گەیاندووە.

کردەوەکانی لە دژی یێکەم حوکوومەتی کوردستان و توندوتیژیشی لەدوای سەپاندنی دەسەڵاتی داگیرکارانەی بریتانیاوە، چەند وێنەی زیانن، دیسان وێنەی چاکیشن، چونکە چارەسەرکردن و ڕێکخستنی دامودەزگەکان، گوزەران، بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی کوردیی، سەرپەرشتیی تەندروستیی، هاندانی خەڵک بۆ کشتوکێڵ، سەپاندنی ئاسایش، بگرە ڕزگارکردنی خەڵکی سلێمانیی لە بەرەڵایی و توندوتیژیی خێڵەکیی، کەڵکی دووەم حوکوومەتی کوردستانیشی گرت و کە حەفید زادە هاتەوە سەر تەخت -وەک ساڵی ١٩١٨ز- نەهاتەوە سەر کەلاوەیێکی پەریشان و برسیی و بریندراوی کارەساتە جگەربڕەکانی (١.ج.گ) کە بێ گومان ئەو بارە هۆیێکی گەورەی لە نێوچوونی یێکەم حوکوومەتەکە بووە!

سۆن Soane ئەگەر داردەستێکی پیلانە سیاسییەکانی بریتانیا بووبێت -کە تا لە کۆنگرەی قاهیرەشدا تێکەڵی نەکرد- ئەوە خۆی وەک ئینسانێ، بەکرداری چاک لە ئەو کوردە دەسەڵاتدارە گەورانەی سەردەمی عوسمانیی پتر خزمەتگوزار و دڵسۆزی مێژوو، زمان، خوێندەواریی، گوزەرانی خەڵکی کورد بووە، هەروەها هەزاران جاریش لە ئەو زرکوردانە -جلخوارە تورکخوازەکان- چاکتر و پەسەندتر جووڵاوەتەوە کە ئەوان بۆ مشتێ لیرای عوسمانیی،



حوکوومەتی کوردستان و سەربەخۆیی گەلی کورد و پێشکەوتنی نەتەوەکەیان بەقوربانی تورکایەتیی کرد. بەکورتیی دەتوانم بڵێیم بەفرمانەکەیەوە خزمەتی گیانیی کوردناسیی و بەئەمەشەوە خزمەتی فرمانەکەی کرد!

کردەوەکانی سۆن، ئەگەر لەلای نووسەری ئینگلیز (ئە. مێین A.Main) بە (کردەوە گرنگەکانی لۆرانسی عەرەب و کەمتر بەنێوبانگ) لێک درابێتەوە، ئەوە من بڕوام هەیە کە ئەو کردەوانەی سۆن Soane، بۆ کورد لە (لۆرانس) گەورەتر دەبوو، ئەگەر پیلانی سیاسیی بریتانیا سۆن Soane ی بەهەمان ڕێگەی لۆرانسدا ببردیایە... هەڵبەت کە وایشی نەکردووە و (سۆن) نەبووە بە (لۆرانسی کورد)، دیارە ئەو پەڵەی شوورەییە بەر تەوێڵی مێژووی سیاسیی و شارستانێتی بریتانیا خۆی دەکەوێت، نەک هەر بەتەنی بەر تەوێڵی (سۆن)ێکی ئەفسەر و ئینسانێکی لەش بەبار[1]!

## ☼❑⊖ مەلا سەعید حەسەن[*]

(مەلا سەعید سیدقی کابان/ نووسەر: س١٨٧٥ز-١٩٦١/٧/٥،
سلێمانیی).

ڕیشەی خانەدانەکەی پشدەرییە. دایکی فاتیمەی نێوبووە، خوێندنی لە فێرگەکانی ئایینەوە، وەک لە( فێرگەی مەلا عەزیز/ مزگەوتی بن تەبەق)ی سلێمانیی، دەستگیر بووە، لە مایسی ١٣٢٧ر/ ١٩١١ز.دا چووەتە کوڕی مامۆستای قوتابخانە ڕەسمییەکانەوە و وانەکانی (قرآن) و (زمانی عەرەبیی، فارسیی) گوتووەتەوە. لە نێوان ١٩١٣ز-١٩١٤ز.دا، مامۆستا و دواتر جێگری ڕێبەری (ق.ر.س. سلێمانیی) بووە و لە نێوان ١٩١٤ز-١٩١٥ز.دا مامۆستای (ق. تەشویقییە)ی سلێمانیی و لە نێوان ١٩١٩ز-١٩٢٢ز.شدا مامۆستای (ق. نموونەی سەعادەت) بووە و (گوڵزار - قەواعیدی زبانی کوردیی) بۆ قوتابیان داناوە کە بەگوتەی خۆی چاپ کراوە!!

---

(١) مخابن کە لیستی دانراو و لێکۆڵین و گوتارە بڵاوکراوەکانی لە مەنفادا لەلام نییە و لەگەڵ ئەو نووسینە نەگەیشتووەنەتە دەستم!

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- کۆمەڵێ بەڵگەنامەی ڕەسمیی، دەستنووسی دانراوەکانی هەردوو کوڕەکەی نیشانیان داوم و فۆتۆکۆپیم کردوون.

٢- گوتوبێژ لەگەڵ کوڕەکانی لە نێوان ٩-١٦/٩/١٩٨٤ز، ١٩٩٢ز. سلێمانی.

له نێوان ساڵانی ١٩٢٢ز–١٩٢٣ز.دا، مامۆستای (ق. ئا. مەحموودیی) و (ق. ن. قادریی) بووه. جارێکی دی له ١٩٢٣ز–١٩٢٤ز.دا هەر هەمان پیشەی هەبووه.

له ١/٣/١٩٢٥ز.دا ١٩٢٦ز.دا یێکەم مامۆستای (ق. س. یێکەم)ی سلێمانیی سلێمانیی و له ١٩٢٦ز–١٩٣١ز.دا دیسان مامۆستی قوتابخانەی نێوبراو و قوتابخانەی ئامادەیی بووه؛ له ١٩٣١ز.دا بووه بەڕێبەری (ق. س. سەرگەڵوو/ سلێمانیی) بووه. ئەوجا ڕاگوێستراوەتەوه بۆ (ق. س. خالیدییه/ سلێمانیی) و تا ڕۆژی خانەنشین بوونی؛ ١/٣/١٩٣٦ز هەر مامۆستای بووه! له چاکیی خۆیەوه، له نێوان ١٩٣٦ز–١٩٣٨ز.دا، مامۆستای قوتابخانه شەوانەکەی (ک.ز.ک. سلێمانیی) بووه.

سەعید سیدقی کابان له ١٩٢٠ز ڕاوه، هۆش و بیر و قەڵەمی خۆی داناوه بۆ دانان وەرگێڕان و بابەتی ڕۆشنبیریی.

مامۆستا سەعید سدقی کابان، هاوسەری ژینی هەڵبژاردووه و نەوەی پێ گەیشتوویشی مامۆستا بەهجەت سەعید سدقی کابانی پشکنەر و دواتر ڕێبەری گشتیی پەروەرەی سلێمانیی، که له ژیندایه، هەروەها دۆستی کۆچکردووم عیززەت سەعید سدقی کابانی سەرۆکی بەلەدییەی سلێمانیی.

دانراوەکانی:

١– چاپکراو:

١/١– موختەسەری سەرف و نەحووی کوردیی – بەغداد؛ س١٩٢٨ز[١].

٢/١– مەعلوومات دینییه/ معلومات دينية. س١٩٣٢ز. (وەرگێڕان له عەرەبییەوه)[٢]

٢– دەستنووس:

١/٢– هەدییه تولعیباد ئیلا سەبیله ڕەشاد/ هدية العباد الى سبيل الرشاد، ج١؛ س١٩٢٥.
ج٢؛ س١٩٢٨ز – ج٢؛ س١٩٢٨ز.

٢/٢– جوغرافیا – س١٩٢٨ز[٣].

(١) ئەوه شێوەی پاکنووس و دەستکاری کراوی «گوڵزاره»ه.

(٢) گۆیا سەیید فەتاح بەرزنجیی و سەیید نووریی بەرزنجەیی له وەرگێڕاندا هاریکاریی بوون (وەک نووسراوه!).

(٣) بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی و گۆیا سەیید نووری بەرزنجەیی هاریکاری وەرگێڕانی بووه. (وەک نووسراوه).



٣/٢– ٦٠٠٠ هەزار مەسەلەی بیرکاری/ ستة آلاف مسألة حسابية[٤].

٤/٢– قەواعیدی تەجوید/ قواعد التجويد. (وەرگێڕان له تورکییەوه)[٥]

٥/٢– تەئریخ پۆلی سێیەم/ تاریخی صنفی سێ هەم.

### ❑ شاکیر فەتاح

(شاکیر فەتاح/ نووسەر: س١٩١٤ز. سلێمانیی – ٢٧/٦/١٩٨٨ز. سلێمانیی/ ڕۆژی گرتن و ونبوون).

خوێندنی (ق. س)، (ق.ن) و (ق. ئاما) له سلێمانیی و بەغداد، هەروەها مەکتەب – کۆلێج–ی قانوونی له ساڵی ١٩٣٦ز.دا تەواو کردووه و هەر له ئەو ساڵەشدا تێکەڵی کار و فرمانی حوکوومەتیی بووه وەک (ڕێبەری ناحیه، قائیمقام، سەرۆکی بەلەدییه).

دوای چەند ساڵێ خانەنشینیی، له ساڵی ١٩٧٧ز.دا، دانراوه بەئەندامی (ئەنجوومەنی قانوونووسی نێوچەی کوردستانی عێراق/ المجلس التشريعي لمنطقه كردستان) و زۆربەی نەبردووه بووه بەجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نێوبراو، بەڵام له ١٥/١١/١٩٨٠ز.دا خۆی کارکەنار و خانەنشین کردووه.

شاکیر فەتاح؛ ئەدیبێکی پێشرەو، نووسەر، قانووناس، شارەزای کوردیی پەتیی، بەعەرەبییش نووسینی هەمەجۆرەی بڵاوه.

یێکەم گوتاری له (ژیان – ٢/٢/١٩٢٧ز)دا بڵاوه. یێکەم بەرهەمی چاپکراوی (فەرهەنگۆک) له س١٩٣٤ز.دا دیاره.

له ساڵی ١٩٢٨ز.دا دەستی بەنووسینەوەی (گەشتنامەکانی له کوردستان)دا خەریک بووه. له ساڵانی ١٩٣٠ز–١٩٣٤ز.دا خەریکی بیرەوەریی نووسینەوه بووه!. له س١٩٣٤ز.دا باوەڕپێکراو و سەرنووسەری بڵاوکراوەی (یادگاری لاوان) و له ١٩٧٠ز.دا ئەندام و جێگری سەرۆکی یێکیەتیی نووسەرانی کورد – لقی سلێمانیی بووه که تا ٢٨/٩/١٩٧١ز ماوەتەوه و له بەهاری ١٩٧١ز.دا ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد بووه.

له دانان و وەرگێڕاندا، بەهرەدار و بۆ هۆنراوەش –وەک بەشاعیر نەناسراوه– پەرۆش و

(٤) دەستنووسەکەم نەدیتووه و باسی کراوه گۆیا ساڵانی ١٩٣٢ز، ١٩٣٥ز دانراون! (کاک بەهجەتی کوڕی).

(٥) ساڵەکە له دەستنووسەکەدا دیاریی نەکراوه.

بەتایبـەتیش سەرگەرمی هۆنراوە پەخشـان، چیرۆک، لێ کـۆڵینی زانسـتیی بـووە. پتر لە ٢٤٠ گـوتاری لە ڕۆژنامـە و گـۆڤـاری کـوردیی و عـەرەبییـدا بڵاوە؛ لە ڕۆژنامـە و گـۆڤـارەکـانی (ئەلتـەئاخی/ التآخي، ئەسـتێرە، برایی، برایەتی، بەیان، خەبات، دیاریی لاوان، زبان، ژین، ژیان، شەفەق، کاروان، گەلاوێژ، نزار، نەورۆز، هاوار، هەتاو، هیوا یادگـاری لاوان) و هتد... هەروەها لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردییدا، ناو بەناو، دیسان گوتاربێژ بووە!

دیارترین و ناسراوترین کۆششی (پرۆژەی خوێندەواریی کوردیی)ە کە لە س١٩٦٧ز. ڕاوە، تا ون بوونی، ژینی خۆی بۆ دانابوو، هەر خۆیشی بەوەرگێڕان و دانان و چاپکردنی بەرهەمەکانییەوە تێدەکۆشا و بەرهەمەکانی بەخەرجیی خۆی بڵاوکردووەتەوە.

بەشێوەییێکی گشتیی، لەمەڕ بابەتەکانی: ئایین، زانستی ڕۆژنامە، تا س١٩١٨ز؛ (١١٩) وەرگێڕدراو و دانراوی خـۆی (٤٤) کـتـێبی چاپ کـردووە کـە باسکردنیـان لە ئێـوەدا جـێـیـان نابێتەوە. گەلێ نووسەری کورد، عەرەب، بێگانە، ستایشی خۆی و پرۆژەکەیان کردووە، وەک؛ د. جەمال نەبەز، جەمیل ڕۆژبەیانیی، ڕەفیق حیلمیی، عەلائوددین سەججادیی، هەروەها د. تەها حسێنی عەرەب و جۆیی بلووی فرەنسیی!

شـاکـیـر فـەتاح، خـۆی مـەبەسـتی تێکۆشـانی ڕۆشنبـیـریی کـەم وێنەی بەچەند دێڕێ ڕوون کردووەتەوە کە نووسیویەتی؛ (خەبات دەکات تا بەرێگەی نیشـتمانپـەروەریی و کوردپەروەریی و مرۆڤدۆسـتییـەوە، دڵـی خوای خۆش بکات، بەشکو سەرفرازانە بچێتە بارەگـایەوە... لە خودا دەپاڕێتـەوە بەرێگەی ئازادی کـورد و کـوردسـتـانەوە –کـە دوژمنانی زۆرداریی و هەژاریی و نەخـۆشـیی و نەخـوێندەوارییـان تووس کـردووە– ئازاد و سـەربەرز و کـامـەران بێت!). پاڕاندنەوەکەیشی گیرابوو!

بەهەمـوو لێ وردبوونەوەییێکی زانسـتـانەوە، شـاکـیـر فـەتاح ییێکێکی گـەورە و دیار و نەتەوەپەروەری ڕۆشنبیرەکانی نیو سەدەی بیستی گەلی کوردە.

شێوازی لە نووسیندا؛ کۆک، ئاسان و بەکوردییەکی پەتیی و ڕەوان ئاخاوتووە. لایێنی ژیریی بۆ پێشکەوتنی نەتەوەکەی مەبەست بووە، بۆییێکا لە سامانی ڕۆشنبیریی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا مەلەی کردووە و نووسەر و زانا بەنێوبانگەکانیان و بیروباوەڕیان ئاشنای گەلەکەی کردووە!

شـاکـیـر فـەتاحی قـانوونناس و ئەدیبی گـەورەی کـورد؛ لە سـاڵی ١٩٨٨ز.دا و لە کـۆڕێکی سیـاسـیی –بەنێـو ڕۆشنبـیـریی– کـاربەدەست و هێندێ ڕۆشنبـیـری کـورد لەگـەڵ هێندێ گـەورە کـاربەدەسـتی حوکوومـەتی بەعسی عێـراقی عـەرەب، هەر لەسەر ئەوەی کە پێشنیـازی کـردبوو؛ (حوکـوومـەت چۆن لەگـەڵ دوژمنەکـانی بیـانیی سیـاسـەتی گـوتوێژ پەیڕەو دەکـات، با هەمـان سیاسەت لە گەڵی پێشمەرگەکانی خۆڵاتیش پەیڕەو بکات!)، گیـرا و سەرەونگون کرا و بوو بەشەهیدێکی گۆڕ ونی کورد و کوردستان و ڕاستی![1].

شـاکـیـر فـەتاح لە س١٩٤٢ز.دا، هاوسـەری هەڵبـژاردووە و کـوڕێکی تاقـانە؛ د. شـێرکـۆی دانیشتووی سلێمانیی و مامۆستای زانکۆی هەیە!

چاپکراوەکانی[2]:

١– خانووی تازە – سلێمانی؛ س١٩٣٣ز. (وەرگێڕان)
٢– فەرهەنگۆک – ڕواندز؛ س١٩٣٤ز.
٣– چیرۆک بۆ منداڵان – بەغداد؛ س١٩٣٥ز.
٤– پرشنگ – بەغداد؛ س١٩٤٧ز.
٥– شەبەنگە بەرۆژ – بەغداد؛ س١٩٤٧ز.
٦– هاوڕێی منداڵ – بەغداد؛ س١٩٤٨ز.
٧– گەورە پیاوان – بەغداد؛ س١٩٤٨ز.
٨– ئافرەتی کورد – بەغداد؛ س١٩٥٨ز.
٩– ژینی نوێ – بەغداد؛ س١٩٥٩ز.
١٠– زەردە شا – بەغداد؛ س١٩٦٧ز.
١١– دیڤالیرا – بەغداد؛ س١٩٦٨ز.
١٢– سوکرات لەبەردەم دادگادا – سلێمانی؛ س١٩٦٨ز.
١٣– گاریبالدی – سلێمانی؛ س١٩٦٨ز.
١٤– لویس پاستێر – سلێمانی؛ س١٩٦٨ز.
١٥– مادم کووری – سلێمانی؛ س١٩٦٨ز.
١٦– کۆماری ئەفلاتون – سلێمانی؛ س١٩٦٩ز.



---

(١) لە نێـوان سـاڵانی دوای خـۆی و س١٩٩٨ز.دا کـە دواجـاریش ڕۆژانی ٧–١٠/٧/١٩٩٨ بوو، دیدەنیی ماڵی؛ کابانی و کوڕەکەم کرد بەشکو نامەکانی خۆی و هاوەڵانی دەستگیر بکەم. مخابن لە دوارۆژدا کوڕەکەی نەهاتە ماڵە بابی و دەستبەتاڵ گەڕامەوە کە لەو سالتەدا ییێکجار نەخۆش بووم!

(٢) بەپێی ساڵی چاپکردن. جێگەی گوتنە؛ ڕاگرتنی لیستی گوتار و بابەتەکانی، نێوو ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەرگەی ئەو لاپەڕانە ناگرن!

١٧- مەم و زین لە تەرازوودا - سلێمانی؛ س١٩٦٩ز.
١٨- یەزیبیدەکان و ئایینی زەردەشت - سلێمانی؛ س١٩٦٩ز.
١٩- ڤۆلتێر - سلێمانی؛ س١٩٧٠ز.
٢٠- چارلسی یێکەم - سلێمانی؛ س١٩٧٠ز.
٢١- سۆسان ئەنتۆنی - سلێمانی؛ س١٩٧٠ز.
٢٢- داماوی موکریانی - سلێمانی؛ س١٩٧٢ز.
٢٣- عومەر خەیام - سلێمانی؛ س١٩٧٢ز.
٢٤- گەشتی شاباژێر - سلێمانی؛ س١٩٧٢ز.
٢٥- گەشتی سروچک - سلێمانی؛ س١٩٧٢ز.
٢٦- مەلا کاکە حەمە - سلێمانی؛ س١٩٧٢ز.
٢٧- گەشتی پێنجوین - سلێمانی؛ س١٩٧٣ز.
٢٨- گەشتی بۆ هەڵەبجە و هەورامان - سلێمانی؛ س١٩٧٣ز.
٢٩- گەشتی بێ کەس - سلێمانی؛ س١٩٧٤ز.
٣٠- زێوەر - سلێمانی؛ س١٩٧٤ز.
٣١- حاجی قادری کۆیی - سلێمانی؛ س١٩٧٧ز.
٣٢- پەیمانیی کۆمەڵایەتیی - سلێمانی؛ س١٩٧٧ز. (وەرگێڕان)
٣٣- خودای هەژاران - هەولێر؛ س١٩٧٩ز.
٣٤- کۆنگرەی منالآن - بەغداد؛ س١٩٧٩ز.
٣٥- هاواری پێشکەوتن - بەغداد؛ س١٩٧٩ز.
٣٦- مۆزار - بەغداد؛ س١٩٨١ز.
٣٧- سامانێک بۆ دابەش کردن - بەغداد؛ س١٩٨٢ز. (وەرگێڕاندن)
٣٨- ڕێگای سەرکەوتن - بەغداد؛ س١٩٨٢ز.
٣٩- کۆمەڵە ڕۆژنامەی خورمال - بەغداد؛ س١٩٨٣ز.
٤٠- سێر والتەر رالّی - بەغداد؛ س١٩٨٣ز. (وەرگێڕاندن)
٤١- کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ - بەغداد؛ س١٩٨٣ز.
٤٢- ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆس - بەغداد؛ س١٩٨٣ز. (وەرگێڕاندن)
٤٣- خەباتی ڕۆشنبیران - بەغداد؛ س١٩٨٣ز.
٤٤- ئیمیل - بەغداد؛ س١٩٨٣ز. (وەرگێڕاندن)



### ☼ ⊖ شێخ عوبەیداڵلەی شەمدینیی سەیید تەها شێخ عەبداڵلەی نەهریی![*]

(سەرکردەی شۆڕشی نەتەوەیی شەمدینان:!!. - س١٨٨٣ز.
تائیف/ حیجاز)

لە ئامێزی خانەدانی ئایینپەر و زانستناسیدا پەروەردە بووە، زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵیی و دەستووری ڕێبازی نەقشبەندیی لە بابیەوە وەرگرتووە. بابی ڕێنوێنی ڕێبازەکە بووە.

دەسەڵاتی خێڵەکیی، ئایینیی لە نێوچەی «شەمدینان»ی هەرێمی هەکاریی کوردستانی باکووردا، دیوەخانی هەمیشە پڕ و، پتر لە دوو سەد گوندی هەبووە. ژیر و زیرەک و وردبین و نەتەوەپەروەر بووە.

جارێک لە (جەنگی ڕووس - عوسمانیی: س١٩٧٨ز)دا پشتیوانی سوڵتان عەبدولحەمید بووە. پایەی بەرزتر بووە، بەڵام هەرگیز گوێگری بانگەوازی شەڕکردنی عیسایییەکانی وەک ئەرمەن، ئاسووریی نەبووە، تەنانەت ڕاپەڕینی شۆڕشەکەیدا، دیسان توخنی ئەو نەتەوانە نەکەوتووە.

لە پاییزی س١٨٨٠ز.دا ڕاپەڕینێکی چەکداری شۆڕشگێڕیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەست پێ کرد... لە باکووری کوردستانی خۆرهەڵاتەوە هاتە پێشەوە.

لێ کۆڵێکی ڕاپەڕینەکەی ئامانجە دووربڕەکان ئەوها لێک داوەتەوە:

١- هەموو کورد، بێ گوێدانە جودایی خێزان، خانەدان، خێڵ، نێوچە، شێوە زمان، لەسەر بنچینەی پێوەندیی نەتەوەیی کۆبکاتەوە و لە دوو دەوڵەتەی ئێرانیی و عوسمانیی داگیرکەریان دابڕێت!

٢- هەردوو بەشی کوردستانی داگیرکراوی ئێرانی قاجاریی و تورکیای عوسمانیی ئازاد بکات و یێک و ڕێکی بخات!

---

(*) سەرچاوە:

١- جەمیل ڕۆژبەیانیی؛ (ثورة الشیخ عبیدالله الشیخ طه النهري ضد الحکومة القاجاریة) «شۆڕشی شێخ عوبێداڵلەی شێخ تەهای نەهریی دژی حوکوومەتی قاجاریی» / گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد - دەستەی کورد؛ ب١٣، س١٩٨٥.

٢- ١/ ٧٠.

٣- ١/ ٧٣؛ ل١٥٥-١٥٦، ١٩١.

٤- ١/ ٩١.

٣- هاوپەیمانیی لەگەڵ گەلانی موسڵمانی ئێران و عەرەب لە هەرێمەکانی مووسڵ، بەغداد، حیجاز، میسردا دروست بکات.

٤- هاریکاریی دۆستانە لەگەڵ نەتەوە عیسایییەکان: ئەرمەن، ئاسووریی و خۆولاتیەکانی کورد لەسەر بنچینەی لێبوردنی ئایینیی و ڕێزگرتنی یێکدیی دابمەزرێنێت!

٥- ئاساییشی و سەر و ماڵی خەڵک، بازرگانیی، خوێندەواری، پیشەسازیی، شارستێنیی لە کوردستاندا دابین بکات!

٦- بەدەستهێنانی دان پێدانانی سیاسی و قانوونیی دەوڵەتانی گەورەی ئەورووپایی (بۆ جێبەجێبوونی ئەم ئامانجە گەورانەش ڕێگەی سیاسەت و دیپلۆماتیی گرتەبەر!).

ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییە چەکدارییە کە هێندێ سەرچاوەی بێگانە، توانای بە ٣٠-٦٠ هەزار چەکدار خەمڵاندووە، بەهۆی زەبری لەشکرکێشیی و سیاسی وڵاتە دەسەڵاتدارەکان و هێندێ مەڵامەتی تایبەتیەوە، لە دوو قۆناغدا تێک شکێندرا و دامرکایەوە:

١- دوای چەند هەفتەیێ شەڕ و پەلامار، بەهۆ لەشکرکێشیی گەورەی ئێرانی ناسروددین شای قاجارەوە، لەلایێکی دیەوە بەهۆی زۆربردنی سیاسی و ڕووبەڕوویی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بارەکە ئەوهەی لێ بەسەرهات؛ لە تەشرینی دووەمی ١٨٨٠ز.دا، لەشکری تورکی عوسمانیی چووە سەر شێخ عوبێدالله و بەفەرمانی سوڵتان داوای بڵاوە پێ کردنی لەشکری لێ کرا، تەنانەت خۆیشی گیرا و برا بۆ ئەستەنبووڵ!

٢- لە مانگ ئابی ١٨٨٢ز،دا (شێخ عوبێدالله) لە ئەستەنبووڵەوە بەپاسپۆرتێکی بازرگانیی دەستکردەوە بەڕێگەکانی «دەریای ڕەش، تەفلیس، یێریڤان، بایێزید، ئالاشکر، هەکاریی» گەیشتووەتەوە هەرێمەکەی و بارەگەی خۆی و کەوتەوە خۆ سازدانێکی نوێ بۆ خەباتکردنەوە!

ئەم جارەش لەلایێکەوە بەهۆی زۆری سیاسیی ئێران و پشتیوانیی هەردوو زلهێزی وەک ڕووس و ئینگلیز بۆ ئێران، هەروەها نەیارییان بەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان؛ دەسەڵاتدارەکانی عوسمانیی ناچار کرد - کەڵکی خۆیشی هاندەرە - تا لەشکر بکاتە سەر نێوچەی هەرکاریی و شێخ عوبێدالله.

بەئەو جۆرە لە کۆتایی تەشرینی یێکەمی ١٨٨٢ز.دا) سەرکردەی نێوبراو، دیل کرا و لەگەڵ سەد سەر خێزانی لایێنگری ڕەوانەی مووسڵ، ئەسکەندەروونە، بەیرووت کرات. لە ئەوێشەوە خۆی دوورخرایەوە بۆ وڵاتی حیجاز کە تا مردن -وەک دەستبەسەرێ- گۆشەگیر بوو.



شێخ عوبێداللەی شەمدینیی وەک سەرکردەی شۆڕشی س١٩٢٥ز، شێخ عەبدولقادری کوڕی، لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیی کورد و کوردستاندا، پایەبەرز و نەمرە!

شاعیری بەنێوبانگ (وەفایی) بۆ کۆچی ماڵئاوایی شێخ عوبێدالله، شیوەنی کردووە و قەسیدەیێکی درێژ و نایابی لەسەر هۆنیوەتەوە. سەرەتاکەی ئەمەیە:

درێغا بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم
لە ئیزهاری عەمەل کەوت، ئافتابی عالەم ئاراکەم
وەرەق ڕێزان، خەزان کەوتە ڕەزان، وەزعی چەمەن گۆڕا
بەسەر چوو فەسڵی گوڵگەشت و تەماشای باغ و سەحراکەم.

### ○ مەلا عومەر خالید شالیی بەگیی(*)

(ڕەنجووریی/ شاعیر: س١٧٥٠ز-١٧٥١ز!! ــــ ١٨٥٨ز!! کەرکووک)

بووژێنەرەوەی ژین و بەرهەمی زانستیی؛ عەبدوڕڕەقیب یووسف ئەو ساڵەی بۆ لە دایک بوونی داناوە. دەشڵێت؛ دوای تەواوکردنی خوێندن -هەڵبەت لە فێرگەکانی کوردستاندا- بووە بە مەلا و بە خاووخێزانەوە چووەتە باژێڕی کەرکووک و ساڵانی (١٧٨٢ز-١٧٨٣ز، ١٧٨٦ز-١٧٨٧ز) لە (مزگەوتی نوێ/ جامیعولجەدید)دا دامەزراوە، دوایی لە گەڕەکی ئیمام قاسمی کەرکووکدا، (مزگەوتی زێوێە/ مزگەوتی ڕەنجووریی) بۆ ئاوەداکراوە و هەر لە ئەوێدا کۆچی ئەبەدیی کردووە و نێژراوە، بەڵام ئەو مزگەوتە کوێر بووەتەوە و پاکۆ بووە.

هەمان سەرچاوە وەک ساڵی ڕاستی مردنی پێ ساغ نەکراوەتەوە، بەڵگە دەستنووسی ڕاستی لەلا هەیە کە جەخت دەکات؛ ڕەنجووریی لە ساڵی ١٢٢٥ک/ ١٨١٠ز.دا زیندووبووە!

محەممەد عەلیی قەرەداخیی بڵاوکەرەوەی (دیوانی ڕەنجووریی) دەبێژێت؛ کەلەپووڕناس، نەجمودین مەلا، لە (ژین - س١٩٥٥ز)دا گوتوویەتی؛ ڕەنجووریی دەستنووسی ساڵی ١٢٧٥ک/١٨٥٨ز)ی هەیە کە دیارە تا ئەو هەلە زیندوو بووە، بەڵام ئەویش مێژووی ڕاستی مردنی پێ نیشانە نەکراوە.

---

(*) سەرچاوە:

١- عەبدوڕڕەقیب یووسف؛ ڕۆشنبیری نوێ - ژ١٠٧.

٢- ١/ ٣٢.

٣- ١/ ٦٠؛ ب١.

٤- ١/ ٦٧.

شاعیری کلاسیک، مەلا ڕەنجووری، زانایێکی سەر بەدەستەی ئەودالانیی/ عەودالانیی ئاییینپەرەوەران بووە و بەر لە (نالیی) بەشێوەی بابان/ سلێمانیی، شیعری گوتووە. هەروەها بەشێوەی گۆران. دیسان بەزمانی فارسیی شیعر و دانراوی زانستی هەیە، هەروەها بەعەرەبییش!

بەڕۆشنایی لێکۆڵینەوەکانی عەبدوڕڕەقیب یووسف کە بلاوکراوەشە، هێندە زانا و وردبووە، لە ئەستێرەشوناسیدا دەستی بالا بووە گەلێ ڕووداوی گرنگێشی بۆ مێژوو تۆمار کردووە.

بلاوکردنەوەی (دیوانی شیعری ڕەنجووریی) جەخت دەکات کە ئەو بەر لە (مەولەویی) بەشیعرنامەوە خەریک بووە. هەروەها -وەک هەستی نەتەوەیی ڕووناکە- چەشنی خالید نەقشبەندیی، شیعری بەسەر ئەوڕەحمان پاشای بابان و سەلیم بەگی برایدا هەڵ داوە، بەلام ئەم بەکوردیی و ئەو بەفارسیی.

حاجیی قادری کۆیی، ستاییشی ڕەنجووریی کردووە:

یێکێ (ڕەنجووریی) ئەهلی کەرکووکە
فیکری بیکری هەموو وەکوو بووکە

ڕەنجووریی، شیعری کۆمەڵیی، سۆفیانیی، نیشتیمانیی، ماتەمینیی، مێژوویی گوتووە.

عەبدوڕڕەقیب یووسف دەگێڕێتەوە؛ دوو ژنی هێناوە و نەوەی هەبوو، بەلام مخابن ئێستە وەچەکانی ناناسرێنەوە[1].

### ❑ مەلا عومەر مەلا عوسمان ئەبیبەکر(*)

(مەلا عومەر ئەفەندیی هەولێریی/ ئاییینناس)

وەچەی خانەدانی بەنیوبانگی هەولێر؛ مەلا گچکە/ گچک مەلای دانیشتووی قەلای هەولێرە، لە باب و باپیرانەوە زانای ئایین بووە.

خوێندنی سەرەتایی تا پێگەیشتنی و دەستگیرکردنی زانستەکانی ئەقڵیی و نەقڵیی، لەلای بابی زانایەوە پێ براوە. هەروەها لە زانست و بەهرەی زانایانی دی، بەشی بەرکەوتووە. بۆ وێنە لەلای ئەسعەد حەیدەریی، مەلا عومەری خێلانیی -ڕواندزیی- ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە.

---

(١) خێڵی شالیی بەگی، لە نێوچەی میرزا ڕۆستەمدا کە ناحیەیەکی سەر بەسلێمانیی بوو، بەئاوەدانکردنەوەی بەستی دوکان، ژێر ئاو کەوت!

(*) سەرچاوە:

١- ٢/٥/١٠١.



لە ساڵی ١٢٩٨ک/ ١٨٨٠ز.دا، چووە بۆ وڵاتی حیجاز و لەلای زانای ناسراو ئەحمەد کوڕی دەحلان -موفتیی حیجاز- ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە. لەسەر دەستی خۆیشی گەلێ زانا پێ گەیشتوون و ئیجازەیان وەرگرتووە، وەک: مەلا ئیبراهیمی دوغرەمەچیی، مەلا محەممەد شەریفی ڕەنگەڕەزانیی، مەلا محەممەدی هەورامانیی... هتد.

دانراوی جۆر بەجۆری هەبووە، بەلام کە لە هاوینی ١٩٥٨ز.دا ئاگر بەردراوەتە ماڵە وەچەکانی لە گوندی «باداوە/ هەولێر»دا سووتاون و بەتالان چوون.

ئێستەش وەچەی دانیشتووی هەولێرن کە ناسراویان نەوەی مامۆستای کۆچکردوو محەمەد ڕەشاد موفتییە.

### ❑ شێخ عومەر شێخ عوسمان سیراجوددین کوڕی خالید ئاغا(*)

(شێخ زیائوددین/ ئاییناس: س١٨٣٩ز. بیارە ـــــ س١٩٠٠ز. بیارە!)

بەمنداڵیی لەلای مەلا مەحموودی دشەیی دەستی بەخوێندن کردووە. هەروەها لەلای مەلا حامیدی نووسەری تایبەتی بابی. بەگەورەیش ڕووی کردووەتە کەرکووک و لە ماڵی شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانیی ڕێنوێن -خالیسی شاعیر- و لە مزگەوتی بلاخیشدا لەلای سەیید محەممەد بلاخیی خوێندوویەتی و ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان و لای بابی (بیارە)نشین. لە ئەوێدا لە تەک مەلا گەورەکاندا هەر خەریکی خوێندن بووە و لە بابیشیەوە دەستووری ڕێبازی نەقشبەندیی وەرگرتووە. دوایی بەفەرمانی بابی، ئیجازەی لە شێخ محەممەد بەهائوددینی برا گەورەی خۆی وەرگرتووە.

دواتر ژنی هێناوە و نۆ کوڕ و چەند کیژێکی لێیان هەبووە. کوڕی خۆی؛ شێخ عەلائوددینی بیارە، گێڕاویەتیەوە کە نزیکەی چل منداڵ و لە منداڵەزای خۆیشی، بەدەستی خۆی ناشتووە!

شێخ زیائوددین، هێندێ مزگەوت و خانەقای ئاوەدان کردووەتەوە وەک خانەقای (خانەقین - س١٨٨٣ز)، خانەقای (قزلڕەبات/ سەعدییە - س١٨٨٥ز)، خانەقای (کفری - س١٨٨٨ز)، خانەقای (بیارە - س١٨٨٩ز) و چەند شوێنی دیش!

لە سەردەمیدا، بیارە؛ مەڵبەندی زانست و مەلا گەورەکان بووە وەک: مەلا قادری گەورە، مەلا عەبداللەی عەبابەیلێ، مەلا مستەفا خورماڵیی، مەلا بەهائوددین، مەلا فەتاحی خەنیی،

---

(*) سەرچاوە:

١- ١/٧٦؛ ج٢.

مەلا عەزیزی ڕۆغزایی، شێخ بابا ڕەسووڵی بێدەنیی –نەتەوەپەروەری کورد/K – مەلا قادری سۆفیی، مەلا مەحموودی بەرلووت، مەلا محەممەدی جوانڕۆیی، شێخ قاسم ئەلقەیسی بەغدادیی –ڕێنوێن– و گەلێکی دی کە زۆریان هاودەنگی ڕێبازی نەقشبەندیی بوون.

دیسان لە سەردەمیدا، کتێبخانەییێکی گەورە و نایابی پێکەوە ناوە و پڕی بووە لە کتێبی هەمەجۆرەی خواناسیی و زانستیی مەلا عومەر/ شێخ زیائوددین، وێڕای زانایی و شارەزایی لە زانستەکانی عەقڵیی و نەقڵییدا، بەنێوی ناسی (فەوزی)یەوە، بەفارسیی و عەرەبیی، پەخشاننووسێکی توانا بووە کە زۆربەیان لە شێوەی (نامە)دان دیسان شاعیر بووە و بەشێوەی (گۆران)هەروەها بەزمانی عەرەبیی و فارسیی شیعری گوتووە. هەروەها چەند نامێلکەییێکی ئایینیشی بەعەرەبیی و فارسیی داناوە.

زانا عەبدولکەریم مودەڕریس –هەڵکەوتووی بیارە– هێندێ یادگاری بەنرخی؛ وەک نامە، شیعر، نامێلکەکانی بڵاو کردووە و لە (یادی مەردان – ج٢)دا چاپی کردوون.

وەچەزاکانی ئێستە بەژیانەوەن و لە کوردستان و هەندەراندان!

## ❑ شێخ عومەر شێخ محەممەد ئەمین شێخ مەعرووف(*)

(شێخ عومەر قەرەداخیی/ ئایینناس:
س١٨٨٥ز ـــ ١٩٣٦/٥/١٣ز. سلێمانیی)

نێوبانگی بە (ئیبنولقەرەداخیی/ کوڕی قەرەداخ) ڕۆیشتووە. لە منداڵییەوە تا پێگەیشتنی لەبەر دەستی بابی ئایینناس و زاناکانی هاوەڵی بابی، پەروەردە بووە و زانستەکانی عەقڵیی و نەقڵیی لێ وەرگرتوون.

لە ساڵی ١٩٢٠ز.دا کە (خانەقای مەولانا/ خالید شارەزووریی نەقشبەندیی) چاک و ئاوەدان و فێرگەی تێدا کرایەوە، ئەویش لە ئەوێدا دامەزراوە بە مامۆستا و بەرپرسی فێرگەکە و تا مردنی بەجێی نەهێشتووە. دیسان لە هەمان ساڵدا کە سۆن Soane پرسیارنامەی بەرەو ڕووی ئایینناسەکان کردووەتەوە، شێخ عومەریش یێکێ بووە لە ئیمزاکەرانی وەڵامنامەکان.

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ١/٧٥.
٢- نامەی کوڕی.
٣- ڕۆژنامەی پێشکەوتن – سلێمانیی؛ س١٩٢٠ز.



هیچ دانراوێکی کوردیی نییە، بەڵام بەنێوبانگەکانی وەک؛ محەممەد خاڵ، مەلا محەممەدی چروستانیی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس و چەندی دی شاگردی بوون.

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، هاوسەری هەڵژاردوو چوار کوڕی بووە کە سیانیان لە نێوان س١٩٨٣ز، ١٩٨٦ز، ١٩٩٥ز.دا فەرمانی خودایان بەجێ هێناوە. کوڕێکی تاقانەی نووسەر باباعەلیی قەرەداخییە و دانیشتووی سلێمانییە[1].

دانراوە چاپکراوەکانی عەرەبیی:
١- حاشية على تصريف الاشنوي – القاهرة؛ س١٩٣٥.
٢- حاشية على رسالة الاداب لعبدالرحمن الپنجويني – القاهرة؛ س١٩٣٥.
٣- الفتح الوامض على المنح الفائض في علم الفرائض – سليمانية؛ س١٩٧٩.
٤- وسيلة النجاة في الصلاة على محمد سيد الكائنات – سليمانية؛ س١٩٧٩.

## ❑ مەلا عەبدالله مەلا ئەسعەد جەلیی(*)

(مەلا عەبدالله جەلیی/ زانای ئایین: س١٨٣٤ز–١٩٠٨ز. کۆیە)

بابی زانایێکی گەورەی ئایین و بەنێوبانگی کوردستان بوو لە کۆیەدا، ئەویش هەر لەلای مامی خوێندن و زانستەکانی عەقڵیی و نەقڵیی وەرگرتووە!

لەتەک شاعیر حاجیی قادری کۆیەی هاوەڵی، لەلای زانای بەنێوبانگ (ئیبنو ئادەم) و مەلا محەممەدی خەتیی خوێندوویەتی. دوایییش ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە.

لە س١٨٧١ز.دا، هاوسەفەری بابی بووە بۆ حەجکردن لە وڵاتی حیجازدا، بەڵام بابی لە س١٨٧٢ز.دا، لە ئەو وڵاتەدا مردووە و لە ئەوێشدا نێژراوە و ئیدی خۆی گەڕاوەتەوە بۆ نیشتیمانی و لە باژێڕۆکی کۆیەدا بووە بەسەرۆکی زانایان.

حاجیی مەلا عەبدالله جەلیی، شاعیریش بووە و بەکوردیی و فارسیی شیعری چڕیوە. چەند دانراو و چەند پەراوێزێکی عەرەبیی لە زانستەکاندا هەیە و چەندین زاناش هەر لەلای ئەوە ئیجازەی زانستییان پێ براوە.

(١) دۆستم نووسەر بابا عەلیی کوڕی، لەسەر داخۆزایم –بەنامەوە– لە ١٩٩٥/٥/٢٦ز.دا هێندێ هەواڵ و وێنەی بابی بۆ ناردم.
(*) سەرچاوە:
١- ٢/٥/١٠١.

### ⊖ عەبدالله سلێمان کاتیب فارسیی[*]

(گۆران/ شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەڤان: س١٩٠٤ز–١٩٠٥ز. هەڵەبجە
ــــ ١٩٦٢/١١/١٨ز. سلێمانی)

لە هەڵەبجەدا منداڵیی ڕابواردووە، خوێندنێکی ڕێکی نەبووە و هەر چەند جزمی (قرآن)ی خوێندووە و بۆ ئەوەش چەند مامۆستای گۆڕیوە.

خۆی دەگێڕێتەوە؛ (بەبیرمدا دێت کە یێکەم قوتابخانەی زەمانی عوسمانیی لە هەڵەبجەدا دانرا، لە پۆلی یێکدا - پێیان دەگوت پۆلی ئیحتیاتیی - وەرگیرام!).

لە ئەو قوتابخانەیەشدا خوێندنەکەی پچڕپچڕ بووە، بەتایبەتی بەهۆی قەومانی (١.ج.گ)ەوە

لە بەهاری س١٩١٩ز.دا و هەتا پاییزی هەمان ساڵ -بەهۆی لایینگرەکانی بریتانیاوە- بنەماڵەکەی تووشی تالان و تاڵیی بووە و بەپەلە پرووزکێ لەگەڵیان گەیشتووەتە چیاکانی هەورامان و ڕستگاری بووە. هەر ئەو ساڵەش بابی مردووە.

لە ساڵی ١٩٢١ز.دا -یێکەم سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا- پۆلی چواری سەرەتایی تەواو کردووە. لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا، بەهاندانی هاوەڵەکەی؛ مستەفا سایب، کاکی ناردوویەتیە بەر (ف.ع. کەرکووک)، بەڵام لە زستاندا کاکیشی کوژراوە و ناچار لەبەر دەستکورتیی دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە و لای دایکی!

لە نێوان س١٩٢٢ز–١٩٢٥ز.دا، دیسان گەلێ تاڵیی گوزەرانی چێژتووە. لە نێوان س١٩٢٥ز–١٩٣٧ز.دا، بە مامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکانی «هەڵەبجە» و گوندەکانی ئەو نێوچەیە دامەزراوە!.

دوای بێزاربوونی لە سووڕاندنەوە بە قوتابخانەکانی گوندەکاندا، لە ساڵی ١٩٣٧ز.دا، تۆفیق وەهبی ڕێبەری گشتیی کاروبار، دایمەزراندووە بەچاودێری ڕێگەوبان لە سلێمانییدا و تا س١٩٤٢ز هەڵی کردووە

لە ئەیلوولی ١٩٤٢ز.دا -لەگەڵ دوو هاوەڵی دی، لە (رادیۆی کوردستان) لە یافادا

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- دیوانە بڵاوکراوەکانی.

٢- ١/ ٢١.

٣- ١/ ٤٦.

٤- ١/ ٦٨.



دامەزراوە و تا دەمەو کۆتایی س١٩٤٤ز ماوەتەوە[١]!

دوای هاتنەوەی بۆ نیشتیمان، لە سلێمانیی و هەولێردا تا ساڵی ١٩٥١ز لەسەر کاری جارانی -ڕیگەوبان- دامەزراوەتەوە. هەر لە ئەو ساڵەدا و لە هەولێردا بەبیانووی بێ سەروشوێنکردنی پارەوە، گیراوە و تا تەشرینی دووەمی ١٩٥٢ز. بەندکراوە[٢]!

دواتر تا ئەیلوولی ١٩٥٤ز -بەنێوی ئاشکراوە- بەرپرسی ئیداری و نووسینی ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانیی بووە. لە ١٧/ ١٠/ ١٩٥٤ز.دا بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە، لەگەڵ کۆمەڵێ ئاشتیخوازانی سلێمانیی گیراوە و ساڵێک لە بەندیخانەکانی «سلێمانیی، کەرکووک، کووت، باقووبە، نوگرتوسەلمان» و ساڵێکیش لە قەزای «بەدرە»دا لەژێر چاودێرییدا بووە! لە ١٩٥٦/٩/٢ز.دا کە ئازاد بووە، لەسەر پڕۆژەیێکی خانووبەرەی حوکوومەتییدا وەک چاودێری پاڵە بووە. زۆری نەبردووە بەهۆی لایێنگرتنی وڵاتی میسری عەرەب - دژی پەلاماری وڵاتەکانی خۆرئاوا - گیراوە و دراوەتەوە دادگەی عورفیی سەربازیی کەرکووک و بۆ سێ ساڵی حوکم دراو و خراوەتە گۆشەکانی بەندیخانەی «کەرکووک» و «باقووبە».

دوای هەڵگەڕانەوە سەربازییەکەی ١٩٥٨/٧/١٤ز، دەرگەی ئازادیی لێ کراوەتەوە و لە ١٩٥٨/٨/١٠ز.دا سەربەست بووە، لە ئێرەڕاوە بەجموجوولیی سیاسییەوە خەریک بووە و لەگەڵ چەند وەفدێکی عێراقی عەرەب، دیدەنیی یێکییەتیی سۆڤیەت، چینی میللیی، کۆریای باکووری کردووە! لە سەرەتای س١٩٥٩ز.دا، سەرنووسەری گۆڤاری (شەفەق)ی بڵاوکراوەی کەرکووک بووە کە دوایی لە سلێمانییەوە بەنێوی (بەیان)ەوە دەریکردووە، هەر لە ئەم هەلەدا بەمووچەیێکی مانگانە لە دەزگەی نیشتەنیی -ئیسکان- لە سلێمانییدا دامەزراوە، بەڵام

(١) لە ١٩٩٩/٨/١٤ز.دا، ئازاد سایب بۆ منی گێڕایەوە کە ساتێ نیازی گەڕانەوەی نیشتمانیی هەبووە، لە فەلەستینەوە نامەی بۆ مستەفا سایبی ناردووە تا بەپارە یارمەتیی بدات! جێگەی گوتنە، هەردوو نێوبراو هاوەڵی تافی لاویەتیی و ڕەنجی ڕۆشنبیریی بوون!

(٢) لە زستانی س١٩٨٥ز.دا، لە هەلی پشکنینی دۆسییەکانی خانەنشینەکانی سلێمانییدا و بەمەستی ڕاست ناسینی ڕۆشنبیرەکانمان، (دۆسییەی گۆران)یشم دۆزییەوە و دەورم کردەوە. هەر دەستبەجێ بڕیاری فۆتۆکۆپیی کردنم دا، بەڵام کە کارمەندێکی دەزگەی خانەنشینەکانی، شاعیر و نووسەر (خالید دلێر)م بۆ ئەم باسە ئاگادار کرد، داخوازی کرد کە دۆسییەکەی نیشان بدەم و لای خۆیشی داینیاوە. دوای ماوەیێک چوومەوە و داوام لێ کرد، گوتی؛ (لام نەماوە!!). بۆ مێژووش دەڵێم؛ لە ئەو دۆسییەدا؛ (گۆران) پێی لە ئەو تۆمەتە ناوە و ئیمزایشی کردبوو! هەروەها فەرمانی بەندکردنەکەیشی دیسان لە دۆسییەکەدا بوو!

بەهۆی بەشداریی لە دووەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد – شەقڵاوە ١٩٦٠ز، لە کار خراوە[٣]!

دواتر بەهۆی دۆست و ئاشناکانەوە لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئەدەبییاتی زانکۆی بەغداددا – وەک مامۆستاییێکی وانەبێژ– دامەزراوە و لە هەمان هەلدا ئەندامی دەستەی ڕۆژنامەی (ئازادیی) سەر بەشیوعییەکان بووە!. لە سەرەتای س١٩٦٢ز.دا، تووشی نەخۆشییەکی گەدە بووە و تا دوایی بە «شیرپەنجە» ناسرا و چەند جارێ لە بەغداد و مۆسکۆ پێتەختی سۆڤیەتدا نەشتەرگەریی بۆ کراوە و سەرئەنجام هەمموو کرد و کۆششێ بێ هوودە بووە و ناچار گەڕاوەتەوە بۆ (سلێمانیی) کوردستان و کۆچی ئەبەدیی کردووە و بەرێزەوە ئەسپاردەی خاک کراوە.

لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە؛ گۆران، زمانەکانی فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، و هێندێ ئینگلیزیی زانیوە!

بە شیعر، گوتاری ئەدەبیی جۆر بەجۆر لە گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکانی (ئازادیی، بڵێسەی بەیان، پێشکەوتن– سلێمانی، دەنگی گێتی تازە، دیاریی لاوان، ژین، ژیان ڕووناکیی، شەفەق، گەلاوێژ، هاوار، هەتاو، هیوا... هتد) بەشداربووە!

سەرەتای شیعر گوتنی –بەشێوەی کۆن– دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی سیانزەساڵیی کە غەزەلێکی گوتووە. تا نیوەی ساڵانی بستیش بە ئەو تەرزە، شیعری چڕیوە.

یێکەم گوتار –پەخشانێکی ئەدەبیی– لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن – سلێمانیی؛ س١٩٢١ز.دا) بڵاو کردووەتەوە.

گۆران –وێڕای هونەری لە شیعردا– پەخشاننووسێکی کەم وێنەیە و لە ڕیزی یێکەمی داهێنەرەکانی پەخشانی هونەرانە دایە. هەروەها وێڕای تێکەڵیی دیاری لە هونەری ڕۆژنامەنووسییدا، یێکێکە لە وەرگێرە چاکەکان.

قۆناغی ڕاستەقینەی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٩ز– ١٩٣٠ز کە لە ئەم هەلە بەدواوە تا ماڵئاوایی –بێ پشوودان– سەرگەرمی هونەرەکە بووە و کە بەگیان و هۆش و بیر و قەڵەمێکی نوێخوازییەوە دەرگەی هونەری شیعری ڕووناکتر، گەورەتر کرد!

گۆران؛ ئەگەر شاعیرێکی سۆزناس و شەیدای ئافرەت و هەرچیی جوانییە، دیسان شاعیرێکی قەوماوناس، کوردستان و سوشیالیست و ئاشتیخوازناس بووە و هەر ئەم پەسنانەیشی بوون بەمایەی نێوبانگی لە کوردستانی نیشتمانی شیرینی و لە وڵاتە بیانەکانیشدا و تا هەنووکەش

(٣) وەک باس دەکرێت؛ دەزگەکە مۆڵەتی نەداوەتێ سەفەر بکات، ئەویش گوێی نەداوەتێ و هەر چووە!



لێ کۆڵ و شارەزاکانی ئەدەب و بەتایبەتی شیعر، هەر لەژێر باری وردبوونەوە دایە.

گۆران و هونەری، بەڕاستیی فێرگەییێکی ئەدەبیی و بەتایبەتی شیعرن ئەگەر چیی کار تێ چووی ئەدەبی کۆنی کوردیی و بەتایبەتی هونەری شاعیرانی وەک مەولەویی و بیسارانییە. هەروەها ئەگەر چیی لە سەرەتادا کاری ئەدەبی نوێی تورکیی، دیسان ئەدەبی فارسیی و دواتر ئەدەبی ئینگلیزیشی پێوە دیاربووە!

ڕەفیق حیلمیی ڕەخنەگر ئەدەبی کوردیی لێی نووسیوە؛ (گۆران یێکێکە لە بوێژە بەرزەکانی کورد کە تەوقی لاسایی کردنەوەیان شکاندووە و سەریان لەبەر چەمەری چاولێکەریی نەچەماندووەتەوە و گیرۆدەی کۆت و زنجیری «عیلمی عەرووز» وەیا پێ بەندیی قافییە نەبوون! گۆران؛ خۆی ڕێگەییێکی تازەی وای داناوە لە شیعردا کە دەشێ بوێژ و ئەدیبە تازەکانمان لاسایی بکەنەوە و لەسەری بڕۆن!)

پتر لێی گوتووە: (گۆران، بەڕاستیی بوێژێکی واقیعیی و فەننانە! بوێژێکە کە ماددەی شیعرەکانی لە کانگای ژیان، واتە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد هەڵێنجاوە و کردوویە بە «بوودەقە»ی ئەدەبدا. ئینجا لەم وێنە سیحراویی و دڵفڕێنەدا کە پێی دەڵێن «شیعر» بۆی هێناوینەتە دەرێ!).

گۆران؛ پێوەندییەکی گیانی گیانیی لەگەڵ کوردستانەکەی هەوێنی شیعری بووە... بۆ ڕاستییش هەر ڕەفیق حیلمیی لێی گوتووە: (گۆران یێکێکە لە ئەو شاعیرانەی کە لە قوتابخانەی تەبیعەتی نیشتمانەکەیدا پێ گەیشتووە، دەرسخانەکانی ئەو؛ دیمەنە شیرینەکانی وڵات و وێنەکانی ڕابواردن و ژیانی کۆمەڵایەتیی قەومی کوردە. لەمانە هەوینی شیعری وەرگرتووە و ئەمانە گوشاییشی داوە بەبیروهۆشی. بەنووری ئەم چاوئەندازە ڕەنگاوڕەنگە، مێشکی ڕوونبووەتە و لە کانگای دڵیدا قەڵبەزی شیعر هاتووەتە هاژە و بەنووکی قەڵەمیدا ڕژاوەتە سەر کاغەز.

گۆران؛ جگە لەمانە، لەگەڵ کاتدا چووە بەرێگەوە. لە نوختەییێکدا نەوەستاوە و گیری نەخواردووە. بەڵکوو لەگەڵ کاروانی شاعیرە بەرزەکانی ئەم چەرخەدا ڕێگەی گرتووەتەبەر و لەوان جودا نەبووەتەوە!).

لە ڕووی کۆمەڵییەوە؛ عەبداللە سلێمان (گۆران) دوو هاوسەری هەڵبژاردووە و لە هەردووکیان نەوەی پێگەیشتووی لە سلێمانییدا دەژین؛ هۆگ و ئەژیی کۆچکردوو کە نووسەر و شاعیرن و کیژە تاقانەکەیشی هیرۆ؛ نووسەرە بەزمانی عەرەبیی!

چاپکراوەکانی:

١- کوردیی

١/١- بەهەشت و یادگار - بەغداد؛ س١٩٥٠ز. (کۆمەڵە شیعر)

٢/١-فرمێسک و هونەر لەگەڵ دوو هاوینە گەشت - بەغداد، س-١٩٥٠ز

٣/١- هەڵبژاردە لە چیرۆکی بێگانە - بەغداد؛ س١٩٥٣ز.

٤/١- پەیامی کورد بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجان و قوتابیان لە بوخاریست - سلێمانیی؛ س١٩٥٤. (کۆمەڵە شیعر)

٥/١- گیروگرفتی ئەڵەمانیا - بەغداد؛ س١٩٦١ز.

٦/١- هێندێ سەرنجی رەخنەگرانە - بەغداد؛ س١٩٦١ز.

٧/١- سروشت و دەروون - سلێمانیی؛ س١٩٦٨ز. (کۆمەڵە شیعر)

٨/١- لاوک و پەیام - سلێمانی؛ س١٩٦٩ز.

٩/١- بەهەشت و یادگار و فرمێسک و هونەر - سلێمانیی؛ س١٩٧١ز.

١٠/١- سەرجەمی دیوانی گۆران - بەغداد؛ س١٩٨٠ز

٢- عەرەبیی:

١/٢- رسالة الشعب الكوردي - بغداد؛ ١٩٥٤.

## ☼ ⊖ عەبدالله سەبری ئەمین(*)

(عەبدالله سەبری/ مامۆستا: ١٨٩١ز. کەرکووک - ؟؟)

خەڵکی سلێمانییە. (ق.ر.س) و (ق. ئا. سەربازیی) و (ق.م. مووسڵ)ی سەردەمی عوسمانیی تەواو کردووە! یێکەم جار لە ١/١٠/١٩١٣ز.دا بە مامۆستای قوتابخانەی قەزای هەڵەبجە دامەزراوە. لە ژینیدا بەقوتابخانەکانی ئاواییەکانی سلێمانییەوەو تا قوتابخانەکانی باژێڕەش گەڕاوە. کابانی هەڵبژاردووە و نەوەی هەبووە. لە ٣٠/١٠/١٩٥٠ز.دا خانەنشین کراوە. مامۆستاییێکی رۆشنبیر بووە و هەرچەندە چ دانراوێکی چاپکراوی نییە، بەڵام لە (ژیان)دا گوتاری کۆمەڵیی - پەروەرشتیی بڵاوە بەنێوی (عەبدالله سەبری)یەوە کە شێوەییێکی درامایی هەیە.

---

(*) سەرچاوە:

١- دۆسیێی خۆی (فۆتۆکۆپی کراوم).

٢- رۆژنامەی (ژیان).



## ✂ ☼ ⊖ عەبدالله عەزیز عەبدوررەحیم(*)

(عەبدالله عەزیز/ نووسەر: س١٩٠٥ز. هەولێر ـــ ٥/٦/١٩٦٢ز. کەرکووک - هەولێر!)

دایکی ئاییشێی نێو بووە و بابی ئەفسەری عوسمانیی. خانەدانەکەی ئەردەڵانییە و لەمێژەوە پەڕیونەتەوە بۆ هەولێر و بەپیشەی (لباد) دروستکردنەوە خەریک و جێگیری هەولێرن. باپیری مەلا بووە و لە منداڵیی ئەمدا کوڕەکەی دەنگی دابڕاوە و ئیدی عەبدالله لەبەر سۆز و رەوشتی باپیریدا پەروەردە بووە!

خوێندنی (ق. س.هەولێر) و (ق.ع. کەرکووک)ی لە نێوان س١٩٢١ز-١٩٢٣ز.دا تەواو کردووە و ئەوجا رووی لە (ق.م. بەغداد) کردووە و دوای دوو ساڵ خوێندن سەرکەوتووە و بە مامۆستای سەرەتایی دامەزراوە... لە نێوان ٢١/٩/١٩٢٥ز-٢١/٨/١٩٢٦ز. لە (ق. س. مەجەرولکەبیر)ی باژێڕی عیمارە و لە نێوان ١/٩/١٩٢٦ز-١٩٢٨ز. لە سلێمانییدا و ئەوجا لە هەڵەبجەدا تا ٢١/٩/١٩٢٩ز، ئەوجا دیسان لە سلێمانییدا تا ٥/٩/١٩٣٠ز، دوایی لە کۆیەدا تا ١٩/٨/١٩٣١ز، ئەوجا لە هەولێردا تا ٥/٣/١٩٣٧ز، دوایی لە شەقڵاوەدا تا ١٠/١٠/١٩٣٧ز، ئەوجا دیسان لە هەولێردا تا ١/٤/١٩٣٩ز، ئەوجا لە کەرکووکدا تا ١/٧/١٩٤٣ز. لە ئەم مێژووەڕاوە تا ٢٠/٢/١٩٥٥ز لە کۆڕی کاروباری ئیدارییدا، رێبەری ئاواییەکانی «مێرگەسوور، ئاغجەلەر، باڵەک، شەقڵاوە، دوزخورماتوو، داقووق، پیباز، شێروانە) بووە و لەدوا مێژووشەوە خراوەتەوە سەر کار و پیشەی مامۆستایی و ئەوهە ماوەتەوە تا لە هەڵێکدا رێبەری قوتابخانە بوو لە کەرکووکدا -بەنەخۆشیی پەستیی خوێنەوە- کوتوپڕ دڵی مردووە و تەرمەکەیشی لەپەنا باپیرانییدا لە هەولێردا، ئەسپاردەی خاک کراوە.

عەبدالله عەزیز لە ریزی یێکەم دەستەی لاوە نەتەوەپەروەرەکانی دووەم چارەکی سەدەی بیستی کوردستانی باشوورە. لە دامەزرێنەکانی (ک.ل. کورد - کەرکووک - بەغداد) و (ک. هیوا - س١٩٣٩ز/هەولێر)ە و زۆر وێ دەچێت کە ئەندامی (ک. خۆبیوون - لقی هەولێر)یش

---

(*) سەرچاوە:

١- کۆمەڵێ بەڵگەنامەی رەسمیی خۆی و دەفتەری رەسمیی کار و فرمانی! (نەژادی کوڕی خۆی، چەند هەواڵێکی بابی و چەند وێنەییێکی فۆتۆگرافی بۆ نووسیومەتەوە و پێشکەشی کردم: ٢٣/٨/١٩٨٥ز هەولێر!).

٢- ژیان، گەلاوێژ.

بووبێ! هەروەها یێکێکی دڵسۆزی (ک.ز.ک. سلێمانیی) بووە! لە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد: (شەقڵاوە: ١٥-١٧/٩/ ١٩٦٠ز)دا بەشدار بووە!

عەبداللە عەزیز، بەئیمزای (هەولێریی: ع. عەزیز) لە ڕۆژنامەی (ژیان - س١٩٢٦ز - ١٩٢٨ز)دا گوتاری ڕۆشنبیریی لەمەڕ زمانی کوردی، تەندروستیی لاوان، چاپەمەنیی کوردیی بڵاوکردووەتەوە. دواتر لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بەئیمزای (ع.ع)، (باوکی نەژاد)ەوە گوتاری بڵاوە[1].

کوڕی خۆی بۆ منی گێڕاوەتەوە؛ دیوانی شیعری هەبووە. هەروەها لەمەڕ کارەساتی (بەرزان)، (جگەرەکێشان) دانراوی هەیە و بەر چاپ نەکەوتوون! هەروەها دەبێژێت کە دانراوی تورکیی (کورداختلاللری/ شۆڕشی کورد)ی عەبدولعەزیز یامەلکێی وەرگێڕاوە و ڕەشنووسەکەی ماوە[2]!

زمانەکانی؛ تورکیی، فارسیی، عەرەبیی و هێندێ ئینگلیزی زانیوە.

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، هاوسەری -لە کوردە ڕاگۆستراوەکانی تورکیای کەمالیی- هەڵبژاردووە و نەوەی ژیر و پێگەیشتووی لە هەولێردان کە یێکیکیان نەژاد عەبداللە عەزیزی مامۆستای خانەنشینە!

دانراوی چاپکراو:

١- کتێبی ئەشیا - س١٩٢٨ز. (وەرگێڕدراو بۆ قوتابییانی سەرەتایی)[3]

(١) نەژادی کوڕی لە ئەم ئیمزایانە -دیتوومن- دڵنیای کردم!

(٢) هەر کوڕەکەی ئاگاداری کردم کە لەگەڵ کۆمەڵێ ڕۆژئاوا چاپی بکات، بەڵام هەرگیز نێوی نەهێناوە و چاپی نەکردووە! من خۆم بەشێکی ڕەشنووسی ئەو کتێبەم لەلای کوڕەکەی دیت و پێشکەشی کردم!/ ١٩٨٥/٨/٢٣ز. هەولێر.

(٣) لە (ژیان) باسی چاپ و بڵاوکردنەوەی کراوە، دەنا خۆم نەم دیتووە و لە بیبلۆگرافیای مستەفا نەریمانیشدا نێوی نەبراوە!



⊖ **مەلا عەبداللە محەممەد مەلا ڕەسووڵ**(*)

(زیوەر/ شاعیر. نووسەر: س١٢٩١ک/١٨٧٥ز. سلێمانیی
ـــ ١٠/١١/١٩٤٨ز. سلێمانیی)

بابی پشدەرییە. حەوتساڵان بووە خراوەتە بەر خوێندن و لەلای حوجرەی (مەلا عەزیز/ خواجە ئەفەندیی) و تا پلەی فەقیاتیی چووەتە پێشەوە و ئەوجا بەنێو فێرگەکانی «سلێمانیی، مەریوان، بانە، موکرییان، ڕواندز، هەولێر، کەرکووک»دا سووڕاوەتەوە و دوایی هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و لە فێرگەی (مەلا عەبداللە عیرفان)دا زانستەکانی کێش و قافییەشی وەرگرتووە و پێی ناوەتە قۆناغی ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی (ئیجازەی مەلایی) و بە ئەم پلەیەش گەیشتووە!

لە س١٩٠١ز.دا لەگەڵ دەستەی خانەدانی کاکە ئەحمەدی شێخ؛ شێخ سەعید و خزمانی کوڕانی، یاوەربووە بۆ دیدەنیی کردنی ئەستەنبووڵ و لە ئەوێدا تێکەڵی زانا و گەورەکان بووە. دوای سێ مانگ هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی.

لە س١٣٢٤ر-١٩٠٨ز.دا لە (ق.ر.س. سلێمانیی)دا مامۆستا بووە، کە قوتابخانەکەش لە ٢٦/١١/١٩١٤ز.دا خراوەتە پاڵ مەعاریف/ زانستیی و لەگەڵ قوتابخانەی سەرەتایی سلێمانیی یێک خراوە و (ق. تەشویقییە)ی لێ پێکهاتووە، ئەویش هەر مامۆستا بووە!

بێژراوە لە (١.س.ح. کوردستان - س١٩١٨ز.)دا بە سەرنووسەر دامەزراوە!! بەڵام بەهۆی لایێنگیری یێکەم شۆڕشی حەفید زادەوە - س١٩١٩ز، ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێ خانەدان و لایێنگر و کابانەکان و منداڵانی حەفید زادە، ئاوارە بووە و کەوتووەتە شاخ و کێوان و کوردستانی خۆرهەڵات و باکوورەوە.

دوای ماوەیێ ئاوارەبوون، لە بەهاری س٩٢٠ز.دا هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و لە (ق. نموونەی سەعادەت)دا بە مامۆستا دامەزراوە.

لە (٢.س.ح. کوردستان؛ س١٩٢٢ز-١٩٢٣ز)دا مامۆستای (ق. ئا. مەحموودیی) بووە. وێ دەچێ لە س١٩٢٣ز-١٩٢٤ز.دا لە مامۆستایی دابڕابێت، بەڵام لەگەڵ هەڵکەوتنی

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- ١/٣٧.

٢- ١/٣٨.

٣- هێندێ دەستنووس و هەواڵی دی لە مەحموودی کوڕیەوە.

٤- ڕۆژنامەکان - هەروەها گۆڤاری: کاروان.

سەردەمی داگیرکاریی مەملەکەتی عێراقی عەرەب لە سلێمانییدا و لە ١٩٢٥/١١/١٢ز.دا، بووەتە بە مامۆستای سەرەتایی. لە ئەو هەلەوە تا ساڵی خانەنشین بوونی لە س١٩٣٧ز.دا، هەر مامۆستا بووە چ لە «سلێمانیی» و گوندی «بەرزنجە» و شوێنان دیدا!

زێوەر لە (ئە.م. سلێمانیی - س١٩٢٦ز)، (ک.ز.ک. سلێمانیی - س١٩٣٢ز)دا خزمەتگوزار بووە! لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سلێمانی؟ گوتار و شیعر - هێندێ جار بەنێوی فائیق عەبداللەی کوڕیەوە - هەروەها لە (بانگی کوردستان)، (ڕۆژی کوردستان)، (ئومێدی ئیستیقلال)، (ژیان)، (گەلاوێژ)، (ژین) شیعر و گوتاری جۆر بەجۆری بڵاوە. لە هونەری گوتاریشدا بەڕاستیی وەستا بووە و هێندە جاریش هەست دەکەیت کە قەڵەمەکەی قەڵەمی ڕۆژنامەنووسێکی کارامەیە!

وێڕای زمانی خۆی؛ فارسیی، تورکیی، عەرەبیی زانیوە و بەفارسیی شیعری گوتووە. شاعیرێکی کلاسیک و هاودەنگی ڕێبازی شیعری کۆن، بەهەردەرار، نەتەوەپەروەر و ڕەوشت بەرز بووە.

پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەڤان لێی نووسیوە؛ (... کە چووبن بۆ ئەستەنبووڵ -س١٩٠١ز- هاوڕێی بەحر و بەڕ و سەفەر و حوزوورم بوو... کە دەستی کرد بەشیعر گەلێ لە پێش من و هەموو شاعیرەکانی زەمان و زمانی خۆمانەوە بوو!).

بەبۆنەی کۆچیی ماڵئاوایشیەوە، لێی نووسیوە؛ (بەڵێ شیعری زێوەر و زێوەر خۆی، زیوەری هەموو شاعیرانی کوردەوارین. ئەمڕۆ نە «بێخود» و نە «بێکەس» و نە «پیرەمێرد» نەگەیشتوونەتە زێوەر!

زێوەر؛ ئەخلاقی لە شیعری جوانتر بوو! بە هەموو مەعنایێکەوە دیندار و بەویقار و قەناعەتکار بوو! لە کیسمان چوو!).

وردبوونەوە لە هێندێ گوتاری، وێڕای نواندنی توانای بەرزی لە پەخشاندا، ئارەزووی گەرمی بۆ ئەدەبی چیرۆک دەنوێنێت کە سەرئەنجام ڕۆمانۆچکەییێکی بەنرخی (لە خەوما)ی نووسیوە و ڕەوان خەونی ژیریی خۆی بەرامبەر دامەزراندنی حوکوومەتێکی خۆماڵیی کوردیی دەگێڕێتەوە کە مخابن هێشتا چاپ نەکراوە![(١)]

(١) بەهۆی مەحموود کوڕیەوە، دەستنووسی ئەم ڕۆمانۆچکەیم دیتووە و خوێندوومەتەوە. دوای لێ وردبوونەوەی و بەراوردکردنیشی لەگەڵ دەستنووسی دی خۆی و بارودۆخی ئەدەبیی و سیاسیی =



مەلا عەبداللە، زێوەر، هاوسەری هەڵبژاردووە و چەند کوڕ و کیژی لەدوا بەجێ ما، یێکیکیان (فائیق/ بەختیار زێوەر)ی شاعیری کۆچ کردووە. دوو کوڕی دیشی مەحموود -نووسەر- و حەسەن ئەندازیارە کە یێکەم لە کوردستاندا دەژیی و ئەوی دی لە ئەمریکادا. کیژێکی تا س١٩٩٦ز بەژیانەوە بوو، دوایی کۆچی کرد.

زێوەر بەنەخۆشیی گەییشتە ئەوە دنیا و بەڕێزێکی زۆرەوە ئەسپاردەی گردی سەیوان کرا.

دانراوەکانی:

١- چاپکراوەکان

١/١- رسالە دینیە/ نامەیێکی ئایینیی - سلێمانیی؛ س١٩٢٠ز.

١/٢- دەستەی گوڵی لاوان - سلێمانی؛ س١٩٣٩ز. (شیعر)

١/٣- چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت و سۆفی کەریمی چەرچیی - س١٩٤٦ز.

١/٤- دیوانی زێوەر - بەغداد؛ س١٩٥٨ز.

١/٥- گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەریی - بەغداد؛ ١٩٨٥ز.

٢- چاپ نەکراوەکان و دەستنووس

٢/١- سەرجەمی دیوانی زێوەر.

٢/٢- شەهیدی کەربەلا. (شیعر بەفارسیی)

٢/٣- لە خەوما.

=گەلی کوردستانی باشوور، پێم وەیە کە دوای بڵاوبوونەوەی (لە خەوما)ی جەمیل سایبب؛ س١٩٢٥ز-١٩٢٦ز، ئەویش ئەم کارەی کردبێت، کە یێکەم -گۆیا- خەوی دیتووە بە زۆر و ستەمەکانی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی یێکەم حوکوومەتی کوردستانەوە، ئەمیش خەونێکی ڕاستی بەدامەزراندنی حوکوومەتێکی کۆک و کارامەی کوردەوە دیتووە و بیروڕای خۆیشی تێکەڵ کردووە! جێگەی گوتنە؛ شێوازی ئەدەبییەکەی قەوماو ناستر و ژیرانەیە!

## عەبدورڕەحمان میر بەدرخان پاشا

(دووەم ڕۆژنامەڤان: ساڵی لە دایک بوون و مردنی ونە!)

خۆی نووسیویەتی؛ فێرگەکانی سوڵتانیی و موڵکیی -مەدەنیی- تەواو کردووە و باوەڕنامەی لێ وەرگرتوون و ٦-٧ ساڵێ لە فێرگەکانی ئامادەییدا، فرمانی -باشکاتب- سەرنووسەریی ڕاپەڕاندووە[١]! سەرچاوەیێک لە -سەرچاوەی دییەوە- دەگێڕێتەوە کە لە نیوەی یێکەمی ساڵەکانی ١٨٩٠ز. ڕاوە لە ئەستەنبووڵ و وەزارەتی مەعاریف - زانستییدا، جێگری سەرۆکی ئیدارە بووە[٢]! خۆی لە ڕاییڵەی ئاشناکردنی ستەمی دەزگەکانی سوڵتان بەرامبەری، دەگێرێتەوە کە چواردە ساڵێ خزمەتگوزار بووە[٣]! لێ کۆڵێ -لە سەرچاوەی دییەوە- بەتایبەتی بەڕۆشنایی نووسینی عەبدورڕەحمان لە گۆڤاری (دروشاک)ی ئەرمەنیی لە ساڵانی ١٨٩٥ز-١٨٩٦ز لە بازێڕی (ژنێف/ سویسرا)دا، ڕادەگەیێنێت کە دیارە لە س١٨٩٤ز.دا ڕایکردووە و پەڕیوەتەوە بۆ ئەوروپا[٤]. خۆی لەمەڕ باری پێش ڕاکردنی باسی گێڕاوەتەوە و ڕادەگەیێنێت؛ (ماوەی ٣-٤ مانگێ بەڕەسمیی لەژێر چاودێرییدا بووم. دوایی بەبەندکراویی ڕەوانەی «ئەدرنە» کرام. دوای هێندێ کاری گاڵتەجاڕیی و نمایشیی کە بەرامبەرم کرا، بڕیاری هەڵاتنم دا)[٥].

ئەو لێ کۆڵە، بەڕۆشنایی نووسینەکانی عەبدورڕەحمان لە ڕۆژنامەی (عوسمانلیی -Osmanli: ١٨٩٧ز-١٩٠٢ز/ ژنێف) ک زمانحاڵی (پ.ی.پ. عوسمانیی)ە، هەروەها نووسینی دی لە گۆڤاری (ئیجتیهاد - س١٩٠٤ز-١٩٣٢ز)ی دامەزرێنێکی هەمان پارت؛ عەبدالله جەودەت، هەروەها بەڕۆشنایی نامەیێ بۆ ئیسحاق سکوتی دامەزرێنێکی هەمان پارت[٦] و دیسان بەڕۆشنایی گفتاری در. جەلیلی جەلیل، ناجی کوتلای، مالمیسانز، جەخت دەکات کە عەبدورڕەحمان ئەندامی ڕیزی پارتی نێوبراو بووە کە سەردەمێ (کوردستان) لە سویسرەدا بەچاپخانەی پارتەکەش چاپ کراوە[٧]!

---

(١) کوردستان - ژ٢٦، ٢٢ی ڕەمەزان ١٣١٨/ ١٩٠٠ز

(٢) ١/٥٤؛ ل٥٢.

(٣) کوردستان - ژ١٨؛ ١ی جومادیی ئاخیر ١٣١٧ک/١٨٩٩ز. (١/٥٤؛ لە وەرگێڕانە تورکییەوە!).

(٤) ١/٥٤؛ ل١٥-١٦.

(٥) کوردستان - ژ١٨ ... (١/٥٤؛ لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە).

(٦) ١/٥٤ (فەرهاد پیربالّ)، هەروەها ١/١٥؛ ل٢٨.

(٧) ١/٥٤، هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان خۆی.



گرتن و ئەشکەنجەدانی براکانی لە ئەستەنبووڵدا لە س١٨٩٨ز.دا بە فشار دەژمێرێت -خۆی گوتەنیی- بۆ بەلاوەنانی بیروباوەڕ و ورەی تا بگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و لە نامەیێکدا بۆ سوڵتان، دەڵێت؛ (قەسەم بەخوا ئەو تەگبیرە ورە و خواستم بەهێزتر دەکات!)[٨]

در. جەلیلی جەلیل هەواڵی ڕاگەیاندووە کە لە ساڵی ١٩٠٠ز.دا لە دووررڕاوە دەزگەی سوڵتان بڕیاری بەندکردنی هەتا هەتایی و زەوتکردنی موڵک و سامان و میراتی بەسەردا داوە![٩]، بەڵام خۆی لە نامەیێکی دییدا بۆ سوڵتان بەتەنێ باسی زەوت کردنەکە دەکات دەنووسێت؛ (کە توانای مانەوەم لە ئەستەنبووڵدا نەما و کار و بازووم کرد بەفیدای مەبەستی پیرۆزم و خۆم هاوێشتە باوەشی ئازادیی، ئایا باوەڕ دەکەن یێکێ لەنێو ئازادیخوازاندا هەبێت کە لە زۆر و ستەمان خۆی ڕستگار کردبێت و پەنای بردبێتە بەر وڵاتێکی بیانیی، ئەوڕۆ لە ترسی زەوتکردنی ماڵ و سامانی بگەڕێتەوە و خۆی بخاتەوە ژێر چنگتان؟[١٠]

بەڕۆشنایی (کوردستان) خۆی، عەبدورڕەحمان کە لە ژ٦-ژ٣١ی بڵاوکردوەتەوە، مەردانە ورەی بەرنەداوە و لە وڵاتانی قاهیرە، سویسرا، بریتانیادا چاپی کردووە، ئەویی مایەی تێڕامانە، لە چاپخانەکانی میسردا (نێوی چاپخانەی کوردستان) نەهاتووە.

عەبدورڕەحمان وەک نوێنەرێکی کورد، ئەندامی (کۆنگرەی ئازادیخوازانی عوسمانیی - فڕەنسە: ١٩٠٢/٢/٤ز.دا بووە[١١]. و لە دوای ١٠ ڕۆژەوە (ژ-٣١؛ ١٩٠٢/٢/١٤ز)ی دەرکردووە و ئیدی ڕۆژنامەکەی ڕاوەستاوە! هیچ سەرچاوەیێ وەڵامی ئەم ڕاگرتنەی نەداوەتەوە!

بەڕۆشنایی لێکۆڵینەوەی شوکری هانی ئۆغلۆ şukri Hani Oglu عەبدورڕەحمان - لە هەلی پیلاندا بۆ کوشتنی سوڵتان عەبدولحەمید لەگەڵ کەسانی دی خەڵکی تورکیای عوسمانیی لە «ژنێف»دا لەلایێن پۆلیسەوە گیراوە و لەگەڵ هێندێ کەسی سەر بەئەو پارتە دراون بەدادگە[١٢]!

---

(٨) کوردستان - ژ٧، ١٩٩٨/١١/١٠ز (١/٥٤؛ لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە!).

(٩) ١/٥٤؛ ل١٧.

(١٠) کوردستان - ژ٢٦، ٢٢ی ڕەمەزان ١٣١٨ک/١٩٠٠ز. (١/٥٢. لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە!).

(١١) کوردستان - ژ٣١.

جێگەی باسە فەرهاد پیربالّ بەکۆنگرەی (پ.ی.پ. عوسمانیی) لە قەڵەم داوە کە پێم وەیە ئەوە ڕاست نییە و عەبدورڕەحمان نێوێکی ئەوتۆی بەکار نەبردووە و کۆنگرەکە هەموو لایێن و پارتێکی تێکەڵ بووە و کۆنگرەیێکی خۆماڵیی پارتەکە نەبووە!

(١٢) ١/٥٤؛ ل١٧.

عەبدوڕڕەحمان، لە نێوان ٢٧-١٩٠٧/١٢/٩ز.دا، لە کۆنگرەی پارتی نێوبراودا، بەشداریی و نوێنەرایەتیی کوردی کردووە![١٣]

دوای ژینی دەستووریی – مەشرووتە؛ س١٩٠٨ز، گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبوڵ و لە ئەوێدا قوتابخانەیێکی کوردیی کردووەتەوە و بەدارایی خۆیەوە خەرجیی پێویستییەکانی دابین کردووە[١٤]. هەواڵیش بڵاوە قوتابخانەکە تەمەن کورت بووە.

زمانەکانی کوردیی، تورکیی، عەرەبیی، فارسیی، فرەنسیی، ئینگلیزیی، ئەلمانیی زانیوە و پێوەندیی ڕۆشنبیریی و سیاسی زۆری هەبووە، تەنانەت لەگەڵ خۆرهەڵاتناسە بیانەکان، وە (مارتین هارتمان)ی ئەڵمانیی و (هۆگۆماکاس)[١٥] و خۆیشی لە (کوردستان) ئاماژەی کردووە کە خەڵکی بیانیی خوێندەواری ڕۆژنامەکەین[١٦].

فەرهاد پیربال باوەڕی هەیە کە (کوردستان)ی سەردەمی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان پاشا، زمانحاڵی (پ.ی.پ. عوسمانیی) بووە و هێندەی بەڵگە و بیانووی هێناوەتەوە، ڕاستییەکەی -وەک هێندێ کەس باوەڕەکەی پەسەند ناکەن- منیش لایێنگری نیم، بەتایبەتی کە ڕۆژنامەکە هەرگیز خۆی ئاماژەیێکی نەکردووە و وەک (عوسمانلیی Osmanli) لە (کوردستان)دا نەنووسراوە؛ (بڵاوکراوەی کۆمەڵی – پارتی ئیتتیحاد و تەرەققیی)ە![١٧]

عەبدوڕڕەحمان نەتەوەپەروەرە، پێشکەوتنخوازە و لە ئاستی سوڵتان عەبدولحەمید و دام و دەزگەی ڕژێمەکەیدا، لە میقداد مەدحەتی برای توندوتیژترە بەڕادەیێک پێی گوتووە؛ «میللەتت براندەوە، لە نێوت برد!»[١٨]. لە نامەیێکی دیدا پێی دەڵێت؛ (ڕۆژێک دێت کە خێرخوازان دەستتان لەو حاڵەتە نالەبار و گیان سووتێنە کە دەردە بەم نیشتمانەتان ڕەوای دەبینن، بکێشێتەوە و پەشیمانیتان لە ڕابوردوومان شەرمەزارتان دەکات کە ئەو کاتە دڵنیام جێگەی خزمەتکردنتان نامێنێت!)[١٩]. لە لێکدانەوەیێکیشدا بۆ خوێندەواران، باسی سوڵتانی

(١٣) ١/٥٤؛ ل١٧.
(١٤) ١/٥٤؛ ل١٨.
(١٥) ١/٥٤؛ ل١٨.
(١٦) کوردستان – ژ١٣؛ ٢٠ ذیلقەعیدە ١٣١٦ک/١٩٠٠ز.
(١٧) ١/١٥؛ ل٢٩ وێنەی ژمارە: ١، ١٨٩٧/١٢/١ز.ی ڕۆژنامەکە بڵاوکردووەتە کە لەژێر نێونیشانیدا بەتورکیی نووراوە: (اتحاد وترقی جمعیتک واسطه نشریاتی).
(١٨) کوردستان – ژ٢٠، ٢٥ شەعبان ١٣١٧/١٩٠٠ز (لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە!).
(١٩) کوردستان – ژ٢٦، ٢٢ی ڕەمەزان ١٣١٨ک (لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە!).



نێوبراوی کردووە و دەبێژێت؛ (ئەو بەدڕەووشتی و کردارە خراب و بێ فەڕانەی عەبدولحەمید خانی دووەم کە لە سەڵتەنەتی ٢٤ ساڵییدا لە دەستی هاتوون، هەموو جیهانی سەرسام کردووە!)[٢٠]. مەبەستیشی لە دەرکردنی ڕۆژنامەکەی لە ئەم ڕاگەیاندنەی پتر ڕوون دەبێتەوە کە نووسیویەتی؛ (لە پێناوی ڕسگارکردنی ئەم میللەتە بێ چارەیە لە دەست زوڵم و ستەمی عەبدولحەمید... بۆ وریاکردنەوەی ئەم نەتەوەیەیە بەهۆی چاپەمەنییەوە. هیوام هەیە کە بتوانم نەتەوەی کورد کەمێک بەئاگا بهێنمەوە!)[٢١].

عەبدوڕڕەحمان ژنی هێناوە و نێوی کوڕێکی گەورەی (عوسمان) دیارە کە لەسەر تێکەڵبوونی لە کوشتاری ئەرمەندا، بەئاشکرا حاشای لێ کردووە![٢٢].

ئەگەر هەواڵی دوارۆژ و چارەنووسیی لە دوای ١٩٠٨ز.ەوە دیار نییە، پرسیارمان لێ ڕاست دەبێتەوە؛ داخۆ میقداد مەدحەت و عەبدوڕڕەحمان ئەوهە بێ باس و سەروشوێن بوون؛ هیچ سەرچاوەیێکیش تا ئەورۆ وەڵامی نەداوەتەوە!![٢٣]

### ⊖ عەبدوڕڕەحمان سەیید عەبدوڵلەتیف ئیسماعیل(*)

(گیو موکریانیی/ ڕۆژنامەڤان. نووسەر: س١٩٠٣ز. مەهاباد
ـــ ١٩٧٧/٧/٢٤ز. هەولێر).

خۆی بە ئەو نێوەوە ئاشنا کردووە، بەڵام دەبێژرێ کە زڕبرای حسێن حوزنی موکریانییە.

ڕیشەی خوێندەواری بەهێز نییە و سەرەتاییە، بەڵام لەپاڵ (حوزنی)دا گەورە بووە و بەهرەی وەرگرتووە.

لە س١٩١٣ز-١٩٢٥ز.دا لە حەڵەبدا و لە س١٩٢٦ز-١٩٣٦ز.دا لە ڕواندوزدا هەر لەگەڵ

(٢٠) کوردستان – ژ٢٣، ٢٢ی شەوال ١٣١٧ک/١٨٩٩ز. (١/٥٤. لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە!).
(٢١) کوردستان – ژ١٨ ... (لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە!).
(٢٢) ١/٣؛ل٦٥ (ئەویش لە ٢/١١٨/٢٢وە).
جێگەی باسە، گەشتەکەی مێجەر نۆئێل E.W.C. Noeil دەگێڕێتەوە کە عەبدوڕڕەحمان لە سویسرادا حەزی لە کیژێ کردووە و هێناویەتی.
(٢٣) گەشتەکەی مێجەر نۆئێل نێوی نەهێناوە.
(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- دانراوەکانی، گوتارەکانی لە گۆڤاری (هەتاو)دا.
٢- نووسراوی دیی.

حـوزنی ژیاوە و هاوڕەنجی بووە. دوای مـردنی حـوزنیی، چاپخـانە و مـیـرات و نووسـراوی بۆ ماوەتەوە. لە س١٩٦٣ز.شدا، چاپخانەی (زاری کرمانجیی) لە هەولێردا نێونا (کوردستان).

گیـو؛ بەگـۆڤـاری (هەتاو – س١٩٥٤ز–١٩٦٠ز) و چاپخـانە بێکەمـەکـەی لە هەولێـردا، بنچینەی ڕۆشنبیریی کوردی لە هەولێردا بەهێز کرد. دیسان بەچاپکردنەوەی (دیوانی شاعیران)، خزمـەتێکی گەورە و جوانی ئەدەبی کـوردی کرد. خۆیشی لە چەند دانراو و چاپکراوێ، دیسان چاکەی نواندووە و ئەمـانەیشی کـاریگەرترن لە گوتـارەکانی ڕۆژنـامـەدا کـە هونەری نووسـینیـان لاوازە!

باسێ کە گرنگە؛ لەلایێکەوە تا مرد لەسەر بیروباوەی نەتەوەیی بوو، جێگەی کوێر نەکردەوە.

ڕەخنەیێکی زانستیی کە لێی دەگیرێت، ئەوەیە؛ لە چاپکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کورددا – بەبیانووی دڵسۆزییەوە بۆ کورد و زمـانی کـوردیی– دەستکاری وشە ناکوردییەکانی مـەتنەکانی کردووە و گۆڕیونی!

هێشتا چەرخی چاپخانەکەی لە هەولیردا، بەدەست نەوەکانییەوە دەسووڕێتەوە و دەنگی دێت.

وێڕای کـوردیی، فـارسـیی، تورکـیی، عـەرەبیی زانیـوە، لە ڕووی کـۆمـەڵـیـشـەوە؛ هاوسـەری هەڵبژاردووە و نەوەی پێگەیشتووی لە هەولێر و هەندەراندا دەژین.

دانراو و وەرگێردراو گەلاڵە کراوە چاپکراوەکانی:

١– ڕابەر – هەولێر؛ س١٩٥٠ز.
٢– کۆلکە زێڕینە – ج١، ج٢ – هەولێر؛ س١٩٥٥ز–١٩٦٠ز.
٣– گیونامە – هەولێر؛ س١٩٦٠ز.
٤– ناوی کچ و کوڕ بەکوردی – ج١، ج٢ – هەولێر؛ س١٩٥٨ز–١٩٧٠ز.
٥– ئەلف و بێی کوردیی وێنەدار – ج١، ج٢ – هەولێر؛ س١٩٦٠ز–١٩٧٢ز.
٦– فەرهەنگی مەهاباد – هەولێر؛ س١٩٦١ز
٧– بۆ پێکەنین – ج١، ج٢ – هەولێر؛ س١٩٦٢ز–١٩٧٥ز.
٨– فێربوونی کوردیی بەبێ مامۆستا – ج١، ج٢ – هەولێر؛ س١٩٦٣–١٩٦٩ز.
٩– مەلا مەشهوور – ج١، ج٢ – هەولێر؛ س١٩٦٧ز–١٩٧١ز.
١٠– خەوننامەی ئیبن سیرین – هەولێر؛ س١٩٧١ز.



### ⊖ عەبدوڕڕەحمان مەلا عەبدولعەزیز موفتیی(*)

(شێرۆ/ نووسەر. شاعیر؛ ١١/١١/١٩٢١ز.
سلێمانیی ـــ ١٩٩٦ز. بەغداد)

خوێندنی قـوتابخـانەکـانی (س، ن) لە سلێـمـانییـدا و (ق. ئا)یشی لە کـەرکـووکـدا تەواو کــردووە. لە ١٩٣٨/١٢/٢٧ز.دا چووەتە ڕێز (کـۆلێـجی سـەربازیی عـێـراق)ەوە و لە ١٩٤١/١/٥ز.دا بووە بەئەفسەر و تا پلەی موقەددەمیی سەرکەوتووە! لە ١٩٥٧/٨/١٠ز.دا بووە بەجێگری مـوتەسـەرڕیفی سلێـمـانیی. دوایی بووە بەقـائیـمـقـامی «ئاکرێ» کـە تا ١٩٥٨/٩/٤ز ماوەتەوە. لە ١٩٦٩/٦/١٨ز.دا خۆی خانەنشین کردووە.

لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا گوتار و شیعری بڵاوە.

عەبدوڕڕەحمان موفتیی؛ شێرۆ، کابانی هەڵبژاردووە و نەوەی پێگەیشتووی هەیە. دوو کوڕی؛ شێروان لە لوندون و شەماڵ لە سلێمانییدا دەژین و ناسراون. نەوەی دی لە بەغداددان!

چاپکراوی:

١– دوای ماڵئاوایی – بەغداد؛ س١٩٩٢ز. (دیوانی شیعر)

### ○ عەبدوڕڕەحمان محەممەد بەگ قەرەجەهەننەمیی ئەحمەد بەگ(**)

(سالم/ شاعیر: س١٨٠٠ز ـــ ١٨٦٦ز. سلێمانی)

وەچەی خانەدانی ساحێبقڕان و ئامۆزای شاعیر مستەفا بەگی کوردییە!

خوێندەواریی لە حوجرە و فێرگەکانی ئایین و زاناکانی سەردەمەکەیەوە –سەردەمی میرنشینیی بابان– دەستگیر بووە، بەڵام ڕوون نییە لای کێ و کێ!!

---

(*) سەرچاوە:
١– دیوانەکەی.
٢– هێندێ باسی کە مەلا شەماڵی کوڕی لە س١٩٩٧ز.دا –لەسەر داخوازیم– بەنامە ئاگاداری کردم و وێنەی بۆ ناردم! کە لە مەنفادا ون بوو.

(**) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١– دیوانی.
٢– ١/٤٣.

دوای ڕمانی میرنشینیی بابان له س١٨٥١ز.دا و داگیرکردنی سلێمانیی لەلایێن ڕۆمیی – تورکانی عوسمانیی–ەوه، ئەویش باری کەوتووەتە لێژیی و لەتاو ستەم و زۆرداریی داگیرکەر ناچار بووە ڕوو بکاتە (تاران)ی پێتەختی عەجەم.

شیعری خۆی بەڵگەیە کە لە ئەویشدا هەڵی نەکردووە و سوێندی خواردووە هەرگیز سەری پێدا نەکاتەوە. هاتووەتەوە بۆ سلێمانی و بە نابەدڵ ژین و گوزەرانی کردووە و تا مردن بەجێی نەهێشتووە. دەشڵێن لە گردی سەیواندا ئەسپاردەی خاک کراوە.

شاعیرێکی کۆن، لە شیعری دڵدارییدا پایەبەرز و لە شیعری نیشتمانییشدا، بەتایبەتی لە بابانپەروەرییدا، یێکجار بالادەست و توانایە... قەسیدە بەنێوبانگەکەی (شەی عەزیز بەگی بابان) ئەنتیکەیێکی گرانبەهای نێو ئەدەبی کوردییە.

نالیی و سالم –هەردوو هاوەڵی گیانیی گیانیی– جووتێ کۆڵەکەی گەورە و بەهێز و جوانی شیعری کوردیین.

هێندێ شیعربشی، بەدەستنووسیی کەوتوونەتە وڵاتانی ئەورووپا.

چاپکراوەکانی:

١- دیوانی سالم – بەغداد؛ س١٩٣٣ز.

٢- دیوانی سالم – هەولێر؛ س١٩٧٢ز.

٣- ذیکرای موحارەبەی بەندەگان – سلێمانی؛ س١٩٤١ز.



⊖ **عەبدوڕڕەحمان پاشا مەحموود پاشا بابان**(*)

(ئەوڕەحمان پاشای بەبە: دەوروبەری س١٧٦٤ز.

سلێمانیی ـــ ١٨١٣ز. سلێمانیی!)

کوڕەزای خالید پاشای بابانە. بەئەوپەڕی لێکدانەوەم لە ئەو دەوروبەرەدا لە دایک بووە و هیچ سەرچاوەییێکیش مێژووەکەی ڕانەگرتووە!

بەڕۆشنایی باری خوێندەواریی ڕۆژگاری باوباپیرانی و خۆیشی، هەروەها بەتیشکی توانای بۆ وانەبێژیی لە فێرگەکاندا، دیارە کە لەسەر دەستی زانا بەنێوبانگەکانی کورستان، زانستەکانی عەقڵیی و نەقڵیی وەرگرتووە و شارەزایی پەیدا کردووە!

لە نێوان س١٧٨٩ز–١٨١٣ز.دا شەش جار میری بابان بووە. هەرچەندە وەک پێشینەکانی، دووچاری کێشەی شەڕ و ئاژاوەی خانەدانەکەی بووە و ناچار هێندێ جار پەنای بردووەتە بەر ڕۆم و عەجەم و مەمالیکەکان –کرِدراوەکان–ی بەغداد، بەڵام سەرچاوەکانی مێژوو تا گەشتڤان RICHی ئینگلیز، جەخت دەکەن کە ئازادیخوای میرنشینییەکەی و مەبەستی بووە هەر خەرجیی ساڵانە بدات بەدەوڵەتی عوسمانیی و لە جەنگدا هاریکاریی بکات و ئیدی سەربەخۆ بژی، بەڵام ئەوان لێ نەگەڕاون ئاسوودە بێت و هەمیشە پیلانیان لێ کردووە و هەر کاتێکیش گوێی نەدابنەتێ، شەڕیان کردووە.

مێژوونووسەکان گەلێ لە بارەی دەسەڵات و ئازاییەتییەوە دواون، بەڕادەیێ دەڵێن؛ بەشیری ئەو (عەبداللە پاشا)ی والیی بەغداد دامەزراوە!

مێژوونووسی تورکیی یاسین ئەفەندیی ئەلعومەریی، هەروەها مێژوونووسی عەرەب ئیبنو سەنەد ئەلوائیلی ئەلبەسری، وێڕای توانج و ناحەزییان، بەدلێر (جەببار)ی کوردیان نێوبردووە، تەنانەت ئەمەی دوایی جارێ شیعرنامەیێکی عەرەبیی پڕ ستایشی بۆ ناردووە و هەر خۆیشی لە

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- ١/ ٨٩.

٢- ٢/ ٢٤/ ١٢٠.

٣- ٢/ ٢٥/ ١٢١.

٤- ٢/ ٣٤/ ١٣٠.

٥- ٢/ ٥٢/ ١٤٨.

٦- ٢/ ٥٣/ ١٤٩.

بڵاوکردنەوەدا دەبێژێت، وەڵامی وەرنەگرتووەتەوە!

مەلا خالیدی شارەزووری نەقشبەندیش -لە کاتی مەلایەتیی و بەر لە حەج کردن- بەفارسیی شیعری پڕ ستایشی بەسەردا هەڵداوە!

شایێری نەتەوەپەروەری کورد، عەلیی بەردەشانیی هاوڕۆژگاری ڕیزە شەڕێکی و ئازایەتی لە (بەیتی ئەوڕەحمان پاشای بەبە)دا ڕازاندووەتەوە. بەسەرهاتە باسکراوەکانی زۆر لەگەڵ مێژوو ڕێکن!.

میری میران ئەوڕەحمان پاشای بابان؛ دۆستی گەورەی زانست و خوێندەواریی بووە، بۆیێکا وێڕای ئاوەدانکردنەوەی چەندین مزگەوت و فێرگە و دانان -وەقف-ی موڵک و سامانی لەسەر ئەوان و گەلێ زانای ئایین، خۆیشی لە فێرگەی ئایینی (مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشا/ سلێمانیی)دا خەریکی وانەبێژیی بووە!

گەشتڤان RICHی ئاشنای، لە زمان خەڵکەوە دەگێڕێتەوە؛ ئەوڕەحمان پاشا نەخۆش بووە و لە گیانەلادا بەزۆر لەسەر پێخەفەکەی هێوور کراوەتەوە کە ئەو هەر کڕووزاوەتەوە و گوتوویەتی: (چۆن دەبێت من لەنێو پێخەفدا بمرم؟)

ئەوڕەحمان پاشا کە یێکێکە لە هەڵکەوتووە ئازا و بەسام و ئازادیخواهەکانی کورد؛ کابانی هەڵبژاردووە و نەوەی لێ کەوتووەتەوە؛ مەحموود پاشا، سلێمان پاشا، عەبدالله پاشا، حەسەن بەگ، مخابن دوای خۆی میرنشینیی بابان ڕووی لە هەڵدێران و پاکۆبوونی ئەبەدیی کرد!

### ❍ سەیید عەبدوڕڕەحیم مەلا سەعید

(مەعدووم/ مەولەویی: زانای ئایین. شاعیر: س١٨٠٧ز ـــ ١٨٨٣ز.
گوندی سەرشاتە. نێوچەی تاوەگۆزیی)

سەجەرەی دەچێتەوە زانا و سۆفیی گەورەی کورد پیرخدری شاهۆ. ناسنێوی شیعری (مەعدووم) و لەنێو خەڵکدا بە (مەولەویی) ناسراوە. یێکێکە لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کورد.

خوێندنی لە بازێڕۆک هەڵەبجەدا و لەسەر دەستی بابی خۆی وەرگرتووە. دوایی چووەتە گوندی «چوڕ»ی سەر بەبازێڕۆکی «مەریوان» و بازێڕەکانی سنە، بانە، سلێمانیی. لە ئەم وێستەگەیەی دواییدا لە مزگەوتی گەورەدا ماوەیێ ماوەتەوە، دوایی گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە. ئەوجا بۆ دووەم جار -لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕەزا قولی خانیی والییدا- چووەتەوە بۆ سنە و لە (مزگەوتی دارولئیحسان)دا دامەزراوە. دوایی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی و خوێندنی تەواو کردووە و لەلای



زانا (عەبدوڕڕەحمان نۆتشەیی) و لە سەردەمی ئەحمەد پاشای باباندا، ئیجازەی زانستی بۆ مامۆستایی خەڵاتکراوە!

هەوای سۆفیاتیی لێ داوە و ڕووی کردووەتە ئاوایی «تەوێڵە» و بووە بەلایێنگری شێخ سیراجوددینی نەقشبەندیی. داوی ماوەیێ گەڕاوەتەوە بۆ گوندی سەرشاتە -نێوچەی تاوەگۆزیی- و گوزەرانی کردووە تا لە کۆچێکدا لەسەر وڵاخ بەربووەتەوە و پشتی شکاوە و سەرئەنجام کۆچی ئەبەدیی کردووە و لە گۆڕستانی «ئەسحابە»ی گوندەکەشدا ئەسپاردەی خاک کراوە.

گەلێ تاڵیی، نەگبەتیی، نەبوونیی، سووتانی کتێبخانە و دیوانی شیعری، کوێربوونیشی بەسەردا هاتووە.

مەولەویی، شارەزای کوردیی، فارسیی، عەرەبیی بووە. لەڕووی باوەڕ و ڕەووشت و خووەوە؛ خواناسێکی گەورە، خۆگر، چاونەترس، بەوەفا، قسەخۆش و نوکتەبێژ، بووە.

دۆست و ئاشنای گەلی دەسەڵاتدار، زانا و شاعیری خۆ و بێگانە بووە و نامەی فارسیی و شیعرنامەی زۆری لەگەڵ گۆڕیونەتەوە؛ وەک لەگەڵ شێخ سیراجوددین، محەممەد پاشای جاف، مەحموود پاشای جاف، عەبدالله داخیی شاعیر، ئەحمەد بەگی کۆماسیی شاعیر، شێخ عەزیزی جانەوەریی شاعیر، موعتەدیمودەوله فەرهاد میرزا، حوسامودەوڵەی برای و هتد...

مەولەویی، وەک یێکێکی هەرە توانای دیار و زمان شیرینە لە هونەری شیعرنامەدا، دیسان هێندێ پەخشاننامەی جوانیشی بەفارسیی هەیە.

مەولەویی، خاوەند کابان و کوڕ و کیژان بووە و ئێستەش باخی وەچەی کەسکە!

دانراوە چاپکراوەکانی

١- چاپکراو:

١/١- العقيدة المرضية/ ئەلعەقییدە ئەلمەرزییە - ئەلقاهیرە؛ س١٩٣٤ز.

١/٢- الفوائح/ ئەلفەوائیح (٥٢٧ شیعری فارسییە لەتەک ئەلعەقییدە ئەلمەرزییە چاپکراوە)

١/٣- دیوانی مەولەویی - سلێمانیی؛ س١٩٣٥ز[١].

١/٤- دیوانی مەولەویی - بەغداد؛ س١٩٦١ز[٢].

---

(١) کۆ و چاپکردن و گۆڕینی بەشێکی شێوەی بابان/ سلێمانیی/ سۆرانیی و بەنێوی (ڕۆحی مەولەوی)یەوە کردەوەی پیرەمێردە.

(٢) کۆکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس.

١/٥- دیوانی مەولەویی - هەولێر؛ س١٩٩٢ز[١].

١/٦- عەقییدەی مەولەویی - بەغداد؛ س١٩٧٧ز[٢].

١/٧- الفضیلة «الوسیلة لشرح الفضیلة» - س١٩٧٢ز[٣].

٢- دەستنووس:

١/٢- نامێلکەیێکی فارسیی لەمەڕ ڕێبازی نەقشبەندیی.

### ❑ مەلا عەبدولعەزیز مەلا ئەمین مەلا ئەحمەد چاومار[٤](*)

(مەلا عەبدولعەزیز موفتیی/ موفتیی؛ س١٨٧٦ز ــــ ١٩٤٧ز. سلێمانیی).

کوڕە گەورە و جێنشینی بابی، موفتیی سلێمانیی سەردەمی داگیرکاریی عوسمانییە! لە بابی و زاناکانی ئاییەنەوە خوێندنی زانستەکانی عەقڵیی و نەقڵیی دەستگیر بووە و بەپلەی مەلایەتیی گەیشتووە!

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانییدا، ئەندامی کۆڕی زانستیی بووە و نیشانی (مەجیدییە)ی عوسمانیی خەڵات کراوە.

لە ساڵانی ١٨٩٨ز، ١٩٠٢ز.دا دەزگەی پیرەکانی -مەشیەخەت- ئیسلامیی عوسمانیی، مەبەستی نزیک خستنەوەی بووە بۆیێکا لە ساڵی یێکەمدا دانراوە بەموفتیی باژێڕی «بۆرسە» و لە ساڵی دووەمدا بۆ باژێڕی «ئەدرنە»، بەڵام بۆی نەچووە.

دوای (١.ج.گ) و داگیرکاریی بریتانی، دەسەڵاتی جارانی نەماوە، بەڵام لە ١٩٢١/١٠/١٦ز.دا لەگەڵ ٣٠ کەسی ناسراوی سلێمانیی، خۆی هەڵبژاردووە بۆ بوونە

(١) گۆڕینی لە هەورامانییەوە بۆ شێوەی سلێمانیی -بەشێوەی شیعر- لەلایێن محەممەد ئەمین ئەردەڵانییەوە!

(٢) کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی محەممەد عەلیی قەرەداخیی!

(٣) ساڵی ١٢٨٥ک/١٨٦٨ز دایناوە و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لێی کۆڵیوەتەوە چاپی کردووە!

(٤) لە ساڵانی ١٩٨٢ز-١٩٩٧ز.دا، گەلێ جار ڕووم لە جەماڵ موفتیی کۆچ کردوو زانا لە نامەکاریی ئەو زاتە ئاگادارم بکات -گوتی لامە و هەیەتی- کەچیی هەرگیز بەدەنگمەوە نەهات!

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- هێندێ سەرچاوەی هەمەجۆر.

٢- ڕۆژنامەی: پێشکەوتن - سلێمانیی، ژیان، ژین.

٣- پرس و ڕا وەرگرتن!



ئەندامی (ئە. ئیـ. سلێمانیی) و سەرنەکەوتووە.

لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا، ماوەیێ سەرۆکی (کۆمەڵی ئەلهیدایە ئەلئیسلامییە/ الهدایة الاسلامیة - لقی سلێمانیی) بووە کە لە ١٩٣٤/٨/٢٠ز.دا دامەزراوە.

دەستی شیعری هەبووە و ناسنێوی (فەوزیی) هەڵگرتووە و دیوانی شیعری نییە و شیعری زۆر ناسراو نییە!

### ❑ مەلا عەبدولکەریم فەتاح(*)

(مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس/ نووسەر. لێ کۆڵی شیعر و ئەدەبییاتی کوردیی: س١٣٢٣ک/١٩٠٥ز. گوندی تەکییەی خۆرئاوای خورماڵ - ...)

لە (هۆزی قازیی) نیشتەجێی ئاوایی سەیید سادیق - سلێمانییە!

لە منداڵییدا (قرآن)ی خەتم کردووە و هێندێ وردە کتێبیشی خوێندووە. لە ئەو قۆناغەدا بابی مردووە. دایکی و خزمانی هانیان داوە بۆ پتر خوێندن و باریان سووک کردووە و ناردوویانەتە بەر فێرگەکانی؛ «سلێمانیی، هەورامان، بیارە، باڵەک) و سەرئەنجام لە زانستەکانی مەنتیق، بیرکاریی، فیقه، ڕێزمانی عەرەبیی، بەلاغەت، ئەستەرلاب و هتد... بەشی بەرکەوتووە. مامۆستاکانیشی لە بەنێوبانگەکاندا بوون، وەک؛ مەلا محەممەد ئەمین بالیکە دەریی نیشتنەیی گەرەکی سەر شەقامی سلێمانیی، شێخ عەلائوددینی بیارە، مەلا محەممەد سەعید عوبەیدیی، مەلا مەحموود بالەکیی، شێخ عومەر قەرەداخیی!

قەرەداخیی مامۆستایشی لە بەهاری ١٩٢٤ز.دا ئیجازەی زانستیی خەڵات کردووە. ئیدی چووەتە گوندی نێرگسەجاڕی نزیک «هەڵەبجە» و دەستی بەفێرکردن کردووە و تا ساڵی ١٩٢٩ز ماوەتەوە. ئەوجا شێخ عەلائوددینی بیارە کردوویەتی بەمامۆستایێکی فێرگەی (خانەقای بیارە) و لە نێوان س١٩٢٨ز-١٩٥١ز.دا خزمەتگوزاری زانست بووە!

خۆی نووسیویەتی؛ لە بەهاری ١٩١٥ز.دا چووەتە فێرگەی (حاجیی ئەحان)ی گەڕەکی مەڵبەندیی سلێمانیی و دامەزراوە، دوایی لە هاوینی س١٩٥٤ز.دا ڕووی کردووەتە کەرکووک

(*) سەرچاوە:

١- ٨٣/١.

٢- ١٤٢/٤٦/٢.

و له (تەکییەی حاجیی جەمیل تاڵەبانیی)دا جێگیر بووە و کوڕەکانیشی فێری زانست و خوێندن کردووە. دوایی ڕووی کردووەتە بەغداد و -دەمێ کە زانا مەلا محەممەد قزڵجیی مامۆستای فێرگەی شێخ عەبدولقادر گێلانیی کۆچی کردووە- داخوازیی داوە بۆ جێگە گرتنەوەی، لە تاقیمانەدا سەرکەوتووە، بەڵام لە ئەوێدا دانەمەزراوە و کراوە بەپێشنوێژی مزگەوتی ئەحمەدیی لە بەغداددا، دیسان داخوازیی داوە بۆ هەمان مەبەستی پێکەم، سەرلەنوێ تاقی کراوە و ئەوجا دامەزراوە و تا س١٩٧٣ز ماوەتەوە و ئەوجا خۆی خانەشین کردووە! وێڕا تا ئەوڕۆش لە گۆشەیێکی مزگەوتی شێخی نێوبراودا، بۆ خۆی خەریکی خوداپەرستیی و لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی کوردیی و زانستیە.

لە ماوەی مامۆستاییدا، لە فێرگەکەدا، گەلێ شاگردی (جاوەیی)، (تورکیی)، (مەغریبی)، (جەزائیری)ی بە زانستی شادبوون!

کردەوەکانی کە زۆربەیان کوردیین، پەیڕەوی لێکۆڵینی زانستییان کردووە، بەتایبەتی کە گەنجینەیێ دەستنووسی کۆن و بەنرخی کۆکردووەتەوە و بەکاریان دەبات.

مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس، وێڕای پسپۆری لە زانستەکانی عەقڵیی و نەقڵییدا، دەستی شیعر و پەخشانی هەیە، ج بەکوردی، چ بەعەرەبیی.

زنا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس -بەبڕوای من- چل چراییێکی بەرز و جوان و ڕووناکی بەختی نەتەوەی کوردە کە لە دڵی مێژوویدا، هەرگیز ناکوژێتەوە!

دانراوە چاپکراوەکانی:

١- کوردیی

١/١- ئیقبال نامە - بەغداد؛ س١٩٣٧ز.

١/٢- ئەساسی سەعادەت - ج١، ج٢ - کەرکووک؛ بەغداد؛ ١٩٤٨ز-١٩٦٩ز.

١/٣- ئاوی حەیات - بەغداد؛ س١٩٤٩ز.

١/٤- ئیمان و ئیسلام - بەغداد؛ س١٩٥٤ز.

١/٥- چل حەدیسی پێغەمبەر - بەغداد؛ س١٩٥٤ز.

١/٦- نوور و نەجات - بەغداد؛ س١٩٥٦ز.

١/٧- قەسیدەی نور الصباح - کەرکووک؛ س١٩٥٧ز.

١/٨- بارانی ڕەحمەت - ج١، ج٢ - کەرکووک؛ بەغداد؛ س١٩٥٨ز-١٩٨٢ز.

١/٩- دیوانی مەولەویی - س١٩٦١ز.



١/١٠- شەریعەتی ئیسلام - ج١، ج٢ - بەغداد؛ س١٩٦٨-١٩٧٦، ١٩٧٣ز.

١/١١- مەولوودنامە و میعراج نامە - ج١، ج٢ - بەغداد؛ س١٩٦٩ز-١٩٨٢ز.

١/١٢- وتاری ئایینی بۆ ڕۆژانی هەینی - بەغداد؛ س١٩٧٠ز.

١/١٣- دوو ڕشتە - ج١، ج٢ - بەغداد؛ س١٩٧٠ز-١٩٨٣ز.

١/١٤- سەرچاوەی ئایین - ج١، ج٢ - بەغداد؛ س١٩٧٢-١٩٨٢ز

١/١٥- دیوانی نالیی - بەغداد؛ س١٩٧٦ز.

١/١٦- دیوانی مەحویی - بەغداد؛ س١٩٧٧ز.

١/١٧- بەهار و گوڵزار - بەغداد؛ س١٩٧٧ز.

١/١٨- یادی مەردان - ج١، ج٢-٣؛ بەغداد؛ س١٩٧٩ز-١٩٨٠ز.

١/١٩- تەفسیری نامیی بۆ قرآنی پیرۆز - ب١-ب٢؛ بەغداد؛ س١٩٨٠ز.

١/٢٠- فەقێ قادری هەمەوەند - بەغداد؛ س١٩٨٠ز.

١/٢١- حەجنامە - بەغداد؛ س١٩٨٣ز.

٢- دانراوی عەرەبیی

٢/١- جواهر الفتاوى أو خير الزاد في ارشاد العباد - ج١-٣؛ بەغداد؛ ١٩٦٩، ١٩٧٠، ١٩٧١.

٢/٢- الوسيلة لشرح الفضيلة السيد عبدالرحيم مولوي - بغداد؛ ١٩٧٢[1].

٢/٣- المواهب الحميدة في نظم الفريدة - ج١-٢؛ بغداد؛ ١٩٧٧-١٩٧٨.

٢/٤- رسائل الرحمة في المنطق والحكمة - بغداد؛ ١٩٧٨.

٢/٥- نور الاسلام - بغداد؛ ١٩٧٨.

٢/٦- رسائل العرفان في الصرف والنحو والوضع والبيان - بغداد؛ ١٩٧٩.

٢/٧- علماؤنا في خدمة العلم والدين - بغداد؛ ١٩٨٣.

(١) دانانی مەولەویی شاعیرە و کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمە.

## ☼ ⊖ عەبدولکەریم محەممەد فوئاد(*)

(کەریم بەگ/ ڕۆشنبیر؛ س١٨٩٨ز. سلێمانیی - ١٩٦٦ز. سلێمانیی!)

لە بابەوە دەچێتەوە سەر خانەدانی (خەندان). خوێندنی (ق. س) و (ق.ر.س. سلێمانیی) تەواو کردووە و چووتە (ق. ئا. سلێمانیی) و بەهۆی قەومانی (١. ج. گ)ەوە تەواوی نەکردووە!

لە ١٩١٦/١/١٨ز.دا بوو بەنووسەری دووەمی دادگەی ئاوایی «بازیان»، لە ١٩١٨/٧/٣ز.دا نووسەری زەبتی دادگەی سلێمانیی، ئەوجا نووسەر تا لە ١٩٣٤/٥/٢٣ز.دا بووە بەنووسەر ییێکەمی دادگەی هەولێر. لە ١٩٣٦/٨/٥ز.دا ڕێبەری ئاوایی «هەریر و باتاس»، لە ١٩٣٨/٤/٩ز.دا بەڕێبەری ئاوایی «قادرکەرەم»، لە ١٩٤١/٨/٢٣ز.دا ڕێبەری ئاوایی بازیان، لە ١٩٤٢/١١/٢٩ز.دا ڕێبەری ئاوایی «سرووچک» و تا لە ١٩٤٤/١٢/١٩ز.دا بووە بەڕێبەری ئاوایی «خورماڵ» و، لە ١٩٤٥/٣/١٦ز.دا ڕێبەری ئاوایی «وەراماوە»ی سەر بە سلێمانیی، لە ١٩٤٦/٢/٣ز.دا، ئاوایی «مزووری بالا»ی سەر بەهەولێر؛ بەڵام مۆڵەتی وەرگرتووە و نەچووە! لە ١٩٤٦/٢/٢٦ز.دا بوو بەچاودێری ئینحیساری تووتنی کەرکووک. دواتر لە نێوان س١٩٥٢ز-١٩٥٥ز.دا لە هەڵەبجە و هەولێردا سەرنووسەری دادگە بووە. دواتر لە س١٩٥٧ز.دا خانەنشین بووە و هاتووەتەوە گەڕەکی کانیسکانی سلێمانیی!

چەند جارێ بەهۆی تێکەڵیی کوڕێکیەوە لە سیاسەتدا، تووشی تاڵیی بووە!

کەریم بەگ، دۆستی خوێندەواریی و هاوڕێی کتێب و شەیدای ڕۆشنبیریی بووە، نامەی مەلا ڕەشید بابانی خەزووری -لە وەڵامی داخوازیی بۆ کتێب- چ جا نامەکانی خۆی، بەڵگەی ڕاستن. وێڕای هەستی ناسک و جوانی ئەدەبیی، کەمێ دەستی لە شیعردا هەبووە و کۆمەڵێکی ئەوتۆ چاپ نەکراوی هەیە... ئەمە دوو وێنەیە:

(*) سەرچاوە:

١- دەفتەری حاڵنامەی ڕەسمیی کار و فرمانی: ١٩٢٧/٧/١٠-١٩٣٣/١٠/١٥ز.

٢-قەسسامنامەی شەرعیی؛ ١٩٢٤/٩/٣ز.

٣- دەفتەری شیعری/ دەستنووس!

٤- سەعدییە خانی کیژی!



-١-

کاتێ کە ڕێبەری ئاوایی بازیان بووە -نزیکی گوندی داریکەلیی حەفید زادە مەحموود- بەشیعرەوە نامەی بۆ حەفید زادە ناردووە و نیازی دیداری هەبووە... ئەم دوو بەیتەی بۆ نووسیوە:

لازمان نییە چێشت و مریشک و گۆشت و دووگی مەڕ
لە خزمەتتانا زۆر ڕەزامەندین بەنانێکی جۆ و دەسکێ پیازی تەڕ

-٢-

لە بەرزنجەدا کە ڕێبەری ئاواییەکە بووە و زێوەری شاعیریش مامۆستای قوتابخانەکەی بووە و تازە گەڵا مێو پێگەیشتووە بە ئەم چوارینەوە داوەتی کردووە:

ئیمرۆ هەمانە نۆبەرەی یاپراخ
گەڵا مێو تازە، پڕ لە گۆشت و یاخ
تەشریف بفەرموون پێکەوە بیخۆین
بەتۆوە پێماندەخورێ بەدەماخ

کەریم بەگ، کەسێکی دیار و ڕووخۆش و قسەزان و نوکتەگۆ بووە. بەنەخۆشییەکی کوتوپڕی گەدەشەوە. کۆچی ماڵئاوایی کردووە و بەڕێزەوە ئەسپاردەی خاک بووە!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە لە ١٩٢٤/٩/١ز.دا کابانی؛ کیژی مەلا ڕەشید بابانی هەڵبژاردووە و چەند کیژ و کوی خوێندەوار و زانستپەروەری پێ گەیاندووە، مامۆستای کۆچ کردوو سوعاد، در. جەمال، نیعمەت، در. کەمال، در. ئیحسان، مامۆستا سەعدییە، عەتا، کۆچ کردوو، در. یوسرییە، دەرمانساز چرا، کە هێندێکیان کوردستان و هەندەران نشینن!

هیچ دانراو و چاپکراوێکی نییە و وێڕای کوردیی، تورکیی، فارسیی، عەرەبیی زانیوە.

## ☼ ⊖ عەبدولمەجید شێخ عارفی قازیی(*)

(شێخ مەجید/ ڕۆژنامەڤان: س١٨٧٥ز. نەجەف - س١٩٦٠ز.
کەرکووک - سلێمانی)

کوڕەزای زانای ئایین و زانست و ئەحمەد فائیز بەرزنجەییە.

(ق. س) و (ق. ئا) سلێمانیی لە ساڵی ١٩١٧ز،دا ی تەواو نەکراوە(١). بەڕۆشنایی پرسم بە ئەحمەد خواجەی هاوڕۆژگاری و وەڵامی، وێ دەچێت شێخ مەجید لە هاوینی ١٩١٩ز.دا لە کەرکووک یان لە بەغدادا مەشقی لەسەر چاپگەریی و تیپچینین کردبێت و دوایی لە (پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س١٩٢٠ز-١٩٢٢ز)دا وەک ڕێبەری چاپخانەکە نێوی دەرکەوتووە! هەمان پیشەیشی لە (٢، س، ح. کوردستان) و لە ڕۆژنامەکانی (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق)دا ڕایی کردووە. بەداگیربوونی (ئەشکەوتی جاسەنە) لەلایێن لەشکری بریتانیاوە، چاپخانە بەجێ ماوەکە و ئەو و هاوەڵەکانی گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانیی داگیرکراو و دیسان لە (بانگی کوردستان - ژ١٤؛ س١٩٢٣ز)ی ئەو هەلەدا، هەر ڕێبەری چاپخانەکە بووە!. لەبەر ڕاوەستانی ڕۆژنامەکە و چۆڵ کردنی لەلایێن داگیرکەرەوە، ئەویش لە سلێمانییدا نەماوە و لە (ڕۆیشتنە گشتییەکە: ١٩٢٣/٦/١٧ز)دا ڕووی کردووەتە کەرکووک. لە دووەم سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا -مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا و هەڵکەوتنی (ژیانەوە -١٩٢٤/٨/١٨ز) گەڕاوەتەوە و ڕێبەری چاپخانەکە بووە.

پسووڵە دەستنووسێکی خۆی نیشانی داوە کە لە ١٩٢٦/١١/٢ز.دا دەسەڵاتی ڕێبەری چاپخانەکەی هەبووە. هەر هەمان پسووڵەش هەواڵێکی دی تێدا هەیە کە لە هەمان هەلدا

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- ئەحمەد خواجە!(دیداری چەند جارەی نێوان ١٩٧٨ز-١٩٩٤ز).

٢- عەبدوڕڕەقیب یووسف (گەنجینەی دەستنووسی و شیعرێکی عەرەبیی بابی و پسووڵەی شێخ مەجید).

٣- کۆچکردوو کامیلی کوڕی (چەند دیدارێکی نێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٩٧ز).

٤- ڕۆژنامە نێوبراوەکان!

(١) وێڕای ئەوەی کوڕەکەی دەبێژێت ئامادەیی تەواو کردووە، ئەز باوەڕ ناکەم؛ چونکە هەر کەسێکی ئەو سەردەمە عوسمانییە ئەو قوتابخانەیەی بڕیبایە، لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا کار و فرمانی پێشتر دەکەوت. تەنانەت هێندێ کەس وەک نامەیێکی وەزیری نێوخۆ سەعید قەززاز بەڵگەیە- باوەڕنامەیان باڵا نەبووە و ڕێبەری ئاوایی بوون و لە ١٩٥٥ز.دا لابراون!



(ئەمین سندووق)ی دەزگەی بەلەدییەی سلێمانیی و دواتر سەرنووسەری هەمان دەزگە بووە!

لە س١٩٢٧ز. ڕاوە لە چاپخانەکە دوورکەوتووە و لە س١٩٣٠ز.دا سەرنووسەری بەلەدییەی هەمان بازێڕە. کوڕی خۆی بۆ منی گێڕاوەتەوە؛ لە نێوان ١٩٣٩ز-١٩٤٦ز.دا ژمێریاری بەلەدییەی کەرکووک و ئەوجا ڕێبەری ژمێریاریی بووە کە تا س١٩٦١ز ماوەتەوە و ئەوێ دەمێ-بەنەخۆشیی کوتوپڕی دڵ- کۆچی ماڵئاوایی کردووە!

هیچ دانراوێکی چاپکراوی نییە، بەڵام لە (پێشکەوتن - سلێمانیی)، (ژیانەوە)، (گەلاوێژ)دا بەئیمزای (عەبدولمەجید)ەوە هێندێ گوتاری هەیە!

ژنی هێناوە و کوڕ و کیژی ناسراو و ڕۆشنبیری هەیە کە کامل شێخ مەجیدیان، جێگری ڕێبەری گشتیی پەروەردە و فێرکردنی سلێمانیی ساڵانی هەشتاکانە!

## ❑ ⊖ عەبدولواحید مەجید تیلەکۆیی(*)

(عەبدولواحید نووریی/ ع. و. نووریی: نووسەر ـــ س١٩٠٤ز! -
١٩٤٤/٧/٥ز. سلێمانیی)

بابی نووسەری دەزگەی ئیداری قەزای چەمچەماڵ -مەڵبەندی بازیان- بووە. دایکی زوو مردووە و بابی ناچار بووە ئەو و خوشکێکی بخاتە بەر سۆزی دایکی دایکیانەوە. وێ دەچێت بابیشی زوو کۆچی ماڵئاوایی کردبێت بۆیێکا هەواڵی دەگمەنە.

باوەڕنامەی خوێندن (ف. م. بەغداد: ١٩٢٧/٦/٧ز)ی بەردەستم بەنێوی عەبدولواحید محەممەد نووریی و بەنەوەی خێڵی (تیلەکۆ)ی ئاشنا کردوو. محەممەد نووریش (خاڵ)ی عەبدولواحیدە کە ئەو پەروەردە و سەرپەرشتی خوێندنی و پێگەیشتنی کردووە و خۆیشی لە ڕووی وەفاوە نێوی (خاڵ)ەکەی نووریی عەلیی دەرمانسازی ناسراوی هەڵگرتووە و تا جوانەمەرگ بوونیشی هەر بەنێوی (عەبدولواحید نووریی)ەوە ناسراوە!

نووسراوەکانی مستەفا سایبی هاوەڵی دەگێڕێتەوە کە پێکەوە لە ساڵی ١٩٢١ز.دا چوونەتە

---

(*) سەرچاوە:

١- بەڵگەنامەی ڕەسمییانەی خۆی (وەرگێڕاو لە مەحموود تۆفیق خەزنەدار/ س١٩٨٥ز).

٢- بەڵگەنامەی بریتانیایی (ڕەنگین - ژ٨٨؛ س١٩٩٦ز/ در. کەمال مەزهەر ئەحمەد - خێروبێری ڕاپۆرتووسێ!).

٣- عەبدولقادر دەباخیی - کاروان؛ س١٩٨٥ز.

٤- دەستنووسی مستەفا سایب!.

بەر (ف. ع. کەرکووک).

عەبدولواحید کە بووە بە مامۆستای سەرەتایی، یێکەم جار لە هەڵەبجە –س۱۹۲۷ز.دا دامەزراوە. ئیدی ساڵانی ۱۹۲۸ز–۱۹۳۰ز، لە سلێمانییدا، ساڵانی ۱۹۳۰ز–۱۹۳۲ز لە شەقڵاوەدا، ساڵانی ۱۹۳۲ز–۱۹۳۷ز لە سلێمانییدا، ساڵانی ۱۹۳۸ز–۱۹۳۹ز لە هەڵەبجەدا، ساڵی ۱۹۳۹ز لەچوارتادا و دواتر لە ساڵانی ۱۹٤۰ز–۱۹٤۲ز.دا لە هەڵەبجەدا، ئەوجا هەر لە سلێمانییدا و تا جوانەمەرگ بوونی –بەنەخۆشیی دردە باریکە– ژیاوە!

بەڕۆشنایی وردبوونەوەشم، لە نێوان س۱۹۲۸ز–۱۹۳۰ز.دا نووسەری تایبەتی ڕۆژنامەی (ژیان) بووە کە چەند جار یادی باسی کراوەتەوە! وێڕا –بۆ چەند مانگێ– لە ساڵی ۱۹۳۵ز.دا جێگری سەرۆکی بەلەدییەی سلێمانیی بووە!

عەبدولواحید نووریی، زوو کە قوتابیی بەغداد بوو، لە (ژیانەوە – ۱۹۲۵/۸/۲۷ز)دا لەمەڕ زمانی کوردیی و پێشخستنی –بەئیمزای عەبدولواحید مەجیدەوە– گوتاری هۆش و بیری نواندووە. دواتر لە نێوان س۱۹۲٦ز–۱۹٤٤ز.دا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (ژیان؛ ژین، گەلاوێژ)دا گوتاری هەمەجۆرەی ئەدەبیی، مێژوویی، کۆمەڵیی، پەروەرشتیی بەئیمزاکانی (عەبدولواحید، ع. و. نووریی)ەوە بڵاوکردووەتەوە کە هەر هەمان ئیمزایشی لەسەر دانراو و وەرگێڕدراوە چاپکراوەکانییدا داناوە.

ئەو کە زمانەکانی کوردیی، تورکیی، فارسیی، عەرەبیی چاک زانیوە و چەند (شیعر)ێکی نیشتیمانیی و پەروەرشتیشی دیارە، پتر بەپەخشان و بابەتی پەروەرشتیی –بەتایبەتی بۆ بایەخی تایبەتی بەمنداڵانی پیاوانی دواڕۆژی نەتەوەکەی– و ڕۆشنبیریی گشتییەوە خەریک بووە. هەروەها پێنج کتێبی لەمەڕ وانەکانی (سروشت، جوگرافیا، جوگرافیای نوێ، تەندروستیی بۆ منداڵ، جوگرافیای سەرەتایی) بۆ قوتابخانەکان گۆڕیوە بۆ کوردیی.

بەڕۆشنایی قسەی مستەفا سایبیی هاوەڵی، عەبدولواحید ئەندامی (ک. ل. کورد: س۱۹۲۱ز–۱۹۲۳ز. کەرکووک) و بەڕۆشنایی ئەو و بەڵگەنامەی بریتانیایی ڕەسمییش، ئەندامی (ک. زەردەشت) و (ک. خۆیبوون – لقی سلێمانیی) ساڵانی (۱۹۲٦ز–۱۹۲۹ز. بووە!

بەڕۆشنایی گفتارێکی نووسەر عەبدولقادر دەباخی کە نووسیویەتی؛ (چوومە سلێمانیی و گۆڤاری کۆمەڵی ژ. ک: س۱۹٤۲ز.م دا بە عەبدولواحید نووریی کە هەواری کۆمەڵەکە بوو لە سلێمانییدا، وەختە بوو لە خۆشییدا ببووژێتەوە!)، دیارە عەبدولواحید لە ئەوێ دەمێدا، سەر



بەئەو پارتە نەتەوەییە بووە!

گوتار و دانراو وەرگێڕدراوەکانیشی لەمەڕ بەرزیی کورد و ڕزگاریی و پێشکەوتنی، هەروەها پێ خۆش بوونی سۆشیالیزم، هەموو بەڵگەن کە عەبدولواحید نووریی، نەتەوەپەروەرێکی ئازادیی و سۆشیالیستخواز بووە. وێڕاش نامەی بڵاوکراوەی ئێرە، بەڵگەی دیاری نەتەوەپەروەریی ئەوە!

عەبدولواحید نووریی، گەلێ گەورە پیاو و نووسەر و شاعیری ناسراوی کۆست کەوتووی مەرگی، لێیان نووسیوە و هێشتاش لێی دەنووسرێت.

عەبدولواحید هەر ئەو کەسە پڕ باوەڕەیە کە سروودی (وریابوونەوە)ی داناوە و تا ئەبەد لە گوێی لاواندا دەزرنگێتەوە:

ڕاچڵەکین و وریا بووین     ڕاپەڕین و هوشیار بووین
قەفەزی دیلیمان شکاند     تا لە عالەمدا بژین
ئەژین، ئەژین
ئێمەش وەک بەشەر ئەژین
ژیانێکی شێرانە     ئێوەش ئەکەین بەلانە
ئەپیارێزین لە میکرۆب لە میکرۆبی بێگانە
نەژی نەژی
دەوری خەرافات نەژی!

نووسەر، محەممەد تۆفیقی هاوەڵی لەدوا ساتەکانی سەرەمەرگدا شایەت بووە و قسەکانی ئەو ساتە سامناکەی ئەوی بۆ مێژوو هەڵگرتووە کە گوتوویەتی: (وڵاتی کورد، نەتەوەی کورد، چاوەڕێی لاوانی کوردن کە ڕزگاریان بکەن و لە نەزانین، لە سەرگەردانیی! تا لە تواناتاندا هەیە ناکۆکیی لەناو خۆتاندا مەهێڵن. دڵی یێکدیی ڕابگرن، هەر ئیشێک دەکەن بەڕاوێژی یێکدی بیکەن بۆ نیشتیمانەکەتان؛ چونکە ئێمە کە نەتەوەی ئەم میللەتەین، لەم خاکی کوردستانەدا پەروەردە بووین... هەموو بزانن کە نیشتیمانپەرستیی ڕەمزی ئینسانی بەرزە!)

ئەو نووسەرە پتری لێ دەگێڕێتەوە و دەڵێت؛ (لەم کاتەدا ڕەنگی تێکچوو، هەردوو چاوی کردەوە، تا لە توانایدا هەبوو پڕ بەدەم گوتی: هەر بژی کورد!).

عەبدولواحید نووریی ژنی هێناوە و نەوەی کیژێکە کە لە ئەمریکادا دەژیی!

دانراو و وەرگێڕدراوە چاپکراوەکانی[١]:

١- لە ولاتی ئادەمیزادە سەربەستەکان – بەغداد؛ س١٩٣٩ز (لە تورکییەوە بۆ کوردیی).

٢- پیرۆزیی منداڵ – سلێمانیی؛ س١٩٤٠ز.

٣- لە بابەت پێڕەوی میللییەوە – بەغداد؛ س١٩٤٢ز (لە عەرەبییەوە بۆ کوردیی).

٤- بەرەو رووناکی – بەغداد، س١٩٤٢ز.

٥- لە رێگەی سەرکەوتنی ئینسانا – بەغداد؛ س١٩٤٣ز.

٦- بەرهەمی کۆکراوەی عەبدولواحید نووریی – بەغداد؛ س١٩٨٩ز (ئامادە و کۆکردنەوەی مەحموود تۆفیق خەزنەدار/ زاوای عەبدولواحید).

**⊖ شێخ عەلائوددین شێخ عومەر زیائوددین![*]**

(شێخ عەلائوددینی بیارە/ ئاییناس: ١٢ رەبیعی یێکەم ١٢٨٠ک/ ١٨٦٣ز. بیارە ـــ س١٩٥٣ز. بیارە)

خوێندنی ئایینی لەلای بابی و مەلا حامیدی نووسەر دەست پێ کردووە کە لە ڕیزدا هێندێ بابەتی (شەرع)یش فێر بووە. هەواڵ بەدەستەوە نییە هەموو زانستەکانی نەقلّیی و عەقلّیی وەرگرتبێت، بەڵام لەسەر دەستی شێخ محەممەد بەهائوددینی مامی دەستووری ڕێبازی نەقشبەندیی وەرگرتووە.

دوای کۆچی ئەبەدی شێخ نەجموددینی برای و شێخ نوورەددینی برازای، لە بیارەدا نیشتەجێ و ڕێنوێن بوون. لە سەردەمیدا باری زانست و (فێرگەی بیارە) هێندێ بووژاوەتەوە و شاگرد و مەلایان ڕوویان تێ کردووە... مەلا عەبدولکەریم موددەڕڕیس بیست و سێ ساڵی بەفێرکردنەوە تێدا ڕابواردووە.

شێخ عەلائوددین –وەکو هەواڵی یادگاری زانستیی و ئەدەبیی دیار نییە– شەش ژنی هێناوە و نەوەی پێگەیشتووی لەدوا بەجێ ما کە هەرە بەنێوبانگیان زانا و شاعیر شێخ عوسمان بوو، ئەویی لە تەمەنی سەد و چوار ساڵییدا لە سەرەتای س١٩٩٧ز.دا لە ئەستەنبووڵدا فەرمانی خودای بەجێ هێنا و ڕووی کردە دنیای نەبوون!

---

(١) هەموو بەرهەمە چاپکراوەکانی بەمووچەی خۆی دنیایان دیتووە!

(*) سەرچاوە:

١- ٧٦/١.



**❑ مەلا عەلائوددین نەجموددین عیسامووددین**

(عەلائوددین سەججادیی/ ڕۆژنامەڤان. مێژوونووسی ئەدەب و لێ کۆڵ: س١٩٠٧ز. باراو/ سروچک ـــ ١٩٨٤/١٢/١٣ز. بەغداد)

دوو ساڵان بووە کە ماڵە بابی هاتوونەتە سلێمانیی. لە منداڵییدا خراوەتە بەر حوجرە و فێرگەکانی ئایینەوە تا لە پێناوی دەستگیرکردنی زانستەکانی نەقلّیی و ئەقلّییدا، گەلێ باژێڕ و ئاوایی کوردستان گەڕاوە، وەک فێرگەکانی (سلێمانیی، هەڵەبجە، قەرەداخ، مەریوان، هەورامان، بانە، سەقز، موکرییان!).

لە س١٩٢٧ز.دا لە (مزگەوتی شێخ جەلال) و (حاجی مەلا ڕەسووڵ)ی سلێمانییدا، فەقێ بووە. لە س١٩٣٨ز.دا مامۆستا بابا عەلیی تەکیەیی ئیجازەی مەلایەتیی پێ بەخشیوە و ئیدی چووەتە بەغداد و لە (مزگەوتی نەعیمە خاتوون)دا بەپێشنوێژ دامەزرراوە! هەر لە بەغدادیشدا لەلای مامۆستایان شێخ ئەحمەد زەهاویی و مەلا محەممەدی قزڵجی بەهێندێ زانستی دی ئیسلامییدا چووەتەوە!

لە س١٩٣٩ز.دا چووەتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسییەوە و لە گۆڤاری (گەلاوێژ)ی کوردییدا ڕێبەری نووسین بووە! لە ئەم گۆڤارەدا ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ خزمەت دانا و تا داخستنی گۆڤارەکەش لە س١٩٤٩ز.دا دڵسۆزێکی کارامە بوو.

هەر لە ساڵی ١٩٤٨ز.دا ڕێبەری نووسینی گۆڤاری عەرەبیی – کوردیی (نزار)ی بەغدادیی بوو کە سەربەستانە لە کاروباری سیاسییش دەئاخاوت.

دوای ١٩٥٨/٧/١٤ز بووە بەمامۆستای زمانی کوردیی لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدادا. هەر بەر لە ئەو ڕۆژگارەشەوە؛ لە ڕادیۆی کوردیی بەغداددا کوتاربێژ بووە!

لە ساڵی ١٩٧٤ز.دا ناچار کرا ئەمینداری گشتیی کاروباری ئەوقاف بێت لە نێوەچەی – گۆیا– خودموختاریی کوردستان عێراقدا!! سێ ساڵی ڕابواردو ئیدی خۆی خانەنشین کرد.

عەلائوددین سەججادیی ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد، یێکێکی ڕیزی یێکەمی زانا و زانستپەروەرە گەورەکانی سەدەی بیستی گەلی کوردە... ژین و هەستیی خۆی بۆ ئەدەب و مێژوو، ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی هاونەتەوەکانی دەتواندەوە و گۆشەی (مزگەوتی نەعیمە خاتوون)ی بەغدادی کردبوو بەخەڵوەتخانەی هۆش و بیر و توانای قەڵەمی کەم وێنەی و بەتەختی پاشای نەدەگۆڕییەوە!

لە ڕۆژنامەنووسیی و بەرهەمەکانییدا، لە بەکاربردنی کوردیی پەتیی ڕەواندا، خۆی لە شانی پیرەمێرد دەدا.

وێڕای ئەوانە؛ ڕەوشت و خووی بەرز و جوان بوو؛ دڵ گەورە و بەخشندە، بێ فیز و ڕووخۆش، بەوەفا و جوامێر بوو.

لە ساڵانی ١٩٦٦ز–١٩٧١ز.دا، زوو لە بەغداد و گۆشەی مزگەوتەکەدا دیدەنیم دەکرد. جارێکیان گوتم: (گەورەم مامۆستا؛ جاروبار دەبینم هێندێ کەس ڕەخنە لە هێندێ بابەت و باست دەگرن، بۆچ وەڵامیان نادەیتەوە؟)

بەڕووخۆشییەکی تەواوەوە گوتی: (هەقی خۆیانە، من بۆیێکا دەنووسم ڕەخنەم لێ بگرن. خۆ من بەتەمای پاداشت نیم! هەروا بێتەوە، من ڕەوشتێکم هەیە؛ نامەوێت ساتێکی خۆم بەبگرە و بەردەوە بەفیڕۆ بدەم، چرای ژیان هاکا کوژایەوە!)

زانا عەلائوودین سەججادیی گەنجینەی زانست و ڕەوشت و توانا، هاوسەری هەڵبژاردبوو، بابێکی بەسۆز و ڕاست بوو... کوڕە ئەندازەڤانە گەورەکەی –وێنەی توانا و ڕەوشت جوانیی بوو– لە جەنگی عێراق و ئێراندا شەهید کرا و ئەو کارەساتەش جگەری بابی سووتاند و دڵی مراند!

مامۆستا سەججادیی خاوەندی پەندی؛ (دانا توانایە، توانا زانایە) کە بەتەوێڵی زۆربەی چاپکراوەکانیەوە مۆرە، لەپاڵ کرد و کۆشی ڕۆژنامەنووسیی و گوتار و ڕیپۆرتاژە بەنرخەکانی و لێکۆڵینەوە زانستییەکانی نێو (گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد) و (گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبییات)و دیسان بەدانراوە چاپکراوەکانیەوە، مێژووی نەتەوەکەی لە ڕاستیی و چاکیی و دڵسۆزیی خەباتی بیر و قەڵەمی دڵنیا کردووە.

دانراوە چاپکراوەکان:

١– مێژووی ئەدەبی کوردیی – ج١، ج٢ – بەغداد؛ س١٩٥٢ز ١٩٧١ز.
٢– گەشتێک لە کوردستاندا – بەغداد؛ س١٩٥٦ز.
٣– ڕشتەی مرواریی – ب١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ – بەغداد؛ س١٩٥٧ز.
بەغداد؛ س١٩٥٧ز.
بەغداد؛ س١٩٥٨ز.
بەغداد؛ س١٩٦٨ز.
بەغداد؛ س١٩٧٨ز.
بەغداد؛ س١٩٧٨ز.
بەغداد؛س١٩٨٣ز.
٤– شۆڕشەکانی کورد – بەغداد؛ س١٩٨٣ز.



٥– نرخ شوناسیی – بەغداد؛ س١٩٥٩ز.
٦– هەمیشە بەهار – بەغداد؛ س.١٩٦٠ز. (چیرۆک)
٧– دەستوور و فەرهەنگی کوردیی – بەغداد؛ س١٩٦٢ز.
٨– ئەدەبی کوردیی نوێ و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردیی – بەغداد؛ س١٩٦٧ز.
٩– ناوی کوردیی – بەغداد؛ س١٩٦٩ز.
١٠– دوو چامەکەی نالیی و سالم – بەغداد؛ س١٩٧٣ز.
١١– کوردەواریی – بەغداد؛ س١٩٧٤ز.
١٢– دەقەکانی ئەدەبی کوردیی – بەغداد؛ س١٩٧٨ز.
١٣– خۆشخوانیی – سلێمانیی؛ س١٩٧٨ز

## ⊖ عەلی باپیر ئاغا کوڕی چراغ(*)

(عەلیی کەمال/ کەمالیی، ڕۆژنامەڤان. شاعیر: ١٨٨٧ز. سلێمانیی ـــ ٢٩/١١/١٩٧٤ز. سلێمانی).

وەچەی جوامێری سەرخێڵی سماییل عوزێرییە. بابی سەرباز، ئەوجا ئەفسەری عوسمانیی بووە. خۆی دەگێڕێتەوە؛ خوێندنی سەرەتایی لە باژێڕ و فێرگەی شێخ ئەوڵای هەولێریی سلێمانییدا دەست پێ کردووە کە کتێبە فارسییەکانی وەک؛ بوستان و گوڵستانی فارسی بەماناوە خوێندووە. هەروەها –لەلای ڕفیق حیلمیی باسی کردووە– لە فێرگەی مەلا محەممەد ئەمین بالیکە دەرییدا زانستەکانی عەرەبیی و شەریعەتی خوێندووە! پتر دەبێژێت؛ لە فێرگەی خواجە عەزیز وەسمان ئاغادا خوێندوویەتی. هەروەها –ڕەفیق حیلمیی گوتەنیی– لە (١، ج، گ)دا لە زانستەکانی شێخ نەجموددینی بیارە کەڵکی وەرگرتووە.

ڕەفیق حیلمیی لێی نووسیوە؛ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیی و لە ساڵی

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو بیستراو:
١– ١/ ٦.
٢– ١/ ٢١؛ ج٢.
٣– ١/ ٨٨.
٤– دانراوەکانی.
٥– ڕۆژنامە و گۆڤارە باسکراوەکان.
٦– شریتی گوتوبێژی خۆم و خۆی لە دیمانەیێکی ڕادیۆیی – س١٩٧١ز.دا (گوتوبێژەکە بڵاوکراوەی: کاروان – ژ٦، س١٩٨٣ز.یشە!)

١٣٢٦ز/ ١٩١٠ز.دا، کارگێڕی ئەوراق –مەئمووری ئەوراق–ی دەزگەی گومرگی بەغداد بووە.

بەهۆی کەوتنەوەی ئاگری جەنگیشەوە –وەک بۆ منی گێڕاوەتەوە– لە بەغداد ڕاوە هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و ماوەیێ نووسەری تورکیی شێخ نەجموددینی بیارە بووە. ئەوجا لە سلێمانییدا نووسەری دەزگەی گەنجینەی ئازووقە بووە.

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن – سلێمانیی) نیشان داوە کە لە ساڵی ١٩٢٠ز.دا –سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا– ڕێبەری مەرکەزی چەمچەماڵ بووە، بەڵام ڕوون نییە چەندی پێ چووە!

لە (٢. س. ح. کوردستان)دا، نووسەرێکی ئاشکرای ڕۆژنامەی ڕەسمیی بووە. دوای بومباردومانی سلێمانیی لەلایێن بریتانیاوە، لە سەرەتای مارتی ١٩٢٣ز.دا ڕووی کردووەتە بەغداد.

لە نێوان س١٩٥٢ز–١٩٢٨ز.دا کارگێڕی دارایی –مەئموور ماڵ–ی هەڵەبجە بووە! دوایی ڕاگوێستراوەتەوە بۆ بەلەدییەی سلێمانیی و لە ئەم هەلەشدا باوەڕپێکراوی پارێزەرێکی دانیشتووی کەرکووک بووە.

لە س١٩٢٩ز.دا حەفید زادە مەحموود، وەک نوێنەرێکی خۆی ناردوویەتی بۆ (کرماشان) و (تاران) بۆ کاروباری سیاسەت!

لە سالانی ١٩٣٠ز–١٩٤٥ز.دا لە بازێڕەکانی سلێمانیی و هەڵەبجەدا ژیاوە. تەنانەت لە ساڵی ١٩٤٥ز.دا بێ کارە بووە و لە هەڵەبجەدا (ئەرز و حاڵنووس) بووە!

لە ساڵی ١٩٥٠ز. ڕاوە –لەپاڵ کەمالی کوڕە گەورەیدا– لە کەرکووکدا ژیاوە و هەر لە ئەوێشدا نزیکەی ساڵێ لە گۆڤاری (شەفەق – س١٩٥٨ز)دا ڕێبەری کاروباری دارایی بووە تا لە س١٩٦٣ز.دا هەر لە کەرکووکدا جێگیر بووە و دوایی هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و لەپاڵ کوڕەکەیدا، تا کۆچی ماڵئاوایی، ژیاوە!

کەمالیی –بەر لە بڵاوبوونەوەی شیعر– تێکەڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بووە و لە س١٩١٣ز.دا ڕۆژنامەڤانی گۆڤاری کوردیی – تورکیی (بانگی کورد)ی بەغداد بووە. هەروەها لە (بانگی کوردستان – س١٩٢٢ز)دا نووسەری بەشی کوردیی و فارسیی و لە (ڕۆژی کوردستان – س١٩٢٢ز)دا تا دوا ژمارە هەر نووسەری بووە. وێڕا لە (ک. کوردستان – س١٩٢٢ز)دا ئەندامی دەستەی هەڵبژێردراو بووە. تێکڕا لە ڕۆژنامەی باسکراوەکان و (ژیانەوە، زاری کرمانجیی، دیاریی کوردستان، ژیان، ژین، پێشکەوتن/ التقدم)دا شیعر و گوتاری بڵاوە.



کەمالیی ڕۆژنامەڤان و شاعیر، وێڕای کوردی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، زانیوە و لە یێکەمەوە تا سێیەم شارەزایان بووە و بەتایبەتی زۆر شارەزایی ئەدەبییاتی کۆن بووە!

ڕەفیق حیلمیی لێی گوتووە؛ (وێنەیێکی بێ کەم و زیادی شاعیرە کۆنەکانە!)

وێڕا، دڵسۆزێکی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی و موشوورخۆری کۆ و بڵاوکردنەوەی بوە. هەروەها لە مەیدانەکانی دانان وەرگێڕاندن و بڵاوکردنەوەشدا، خزمەتگوزار بووە.

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، هاوسەری هەڵبژاردووە، کوڕان و کیژانی هەروەها وەچەی بەژیانەوەن! کەمال عەلی باپیری مامۆستا یێکێ بوو لە کوڕە ناسراوەکانی کە لە س١٩٩٨ز.دا کۆچی کرد!

چاپکراوەکانی:

١– دوانەکانی

١/١– دیاریی شارەزوور – سلێمانیی؛ س١٩٩٦ز.

١/٢– باغی میر – سلێمانیی؛ س١٩٦٨ز.

١/٣– دیوانی کەمالیی – بەغداد؛ س١٩٨٦ز.

٢– کۆکراوەکانی

٢/١– دیوانی مەحویی – سلێمانیی؛ س١٩٢٢ز.

٢/٢– گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم – سلێمانیی؛ س١٩٣٩ز. ج٢ – سلێمانیی؛ س١٩٦٩ز.

٢/٣– شاعیرە ناو ون بووەکانی کورد – سلێمانیی؛ س١٩٧٠ز.

٢/٤– مەکری ژنان – سلێمانیی؛ س١٩٧٠ز. (کۆمەڵە چیرۆکێکی کۆمەڵیی سەرزارییە!)

٣– وەرگێڕدراوەکان لە ئەدەبییاتی فارسییەوە:

٣/١– لەیلێ و مەجنوون – بەغداد، س١٩٥٠ز.

٣/٢– خورشیدی خاوەر – کەرکووک؛ س١٩٥٣ز.

٣/٣– ڕۆستەم و زۆراب – کەرکووک؛ س١٩٥٥ز.

٣/٤– غەزەواتی محەممەد حەنیفە – کەرکووک؛ س١٩٥٦ز.

٣/٥– ئەمیر ئەرسەلان – کەرکووک؛ س١٩٥٦ز.

٣/٦– شیرین و خوسرەو – کەرکووک؛ س١٩٥٧ز.

٣/٧– ڕۆستەم و جیهانگیر – کەرکووک؛ س١٩٥٨ز.

٣/٨– گیانی سەعدیی – سلێمانیی؛ س١٩٦٩ز.

### ❑ عەلیی عەبدوڕڕەحمان حاجی قادر(*)

(عەلیی کەمال/ ڕۆشنبیر. مولْکدار: س ۱۹۰۰ز. سلێمانی - ۱۹۹۷ز. لۆندون - سلێمانیی)

(ق. س) و (ق. ر. س. سلێمانی) و (ق. ئا. س. بەغداد) و (م. ح. ئەستەنبولْ)ی تەواو کردووە. دوای (۱. ج. گ) لە باژێڕەکانی «کۆیە، خانەقین، عەزیزییە»دا ئەفسەری پۆلیس بووە. لە س۱۹۳۲ز.دا دیسان ڕێیەری پۆلیسی کەرکووک، ئەوجا بەغداد، بووە، تا لە س۱۹۳۵ز.دا خانەنشین بووە و خووی داوەتە کاروباری بازرگانیی!

لە س۱۹۳۵ز–۱۹۳٦ز، ۱۹٤۸ز–۱۹۵۸ز.دا نوێنەری سلێمانیی بووە لە پارلەمانی عێراقی عەرەبدا. هیچ سەرچاوەیی بەهاریکاری خەباتی سیاسیی کوردایەتیی ئاشنا نەکردووە، بەڵام لە س۱۹۲۳ز. ڕاوە تا مردنی، بەپارە یارمەتیی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی و ڕۆشنبیریی و خوێندەواریی و قوتابیان و هەژارانی داوە و مزگەوت و خەستەخانەی ئاوەدان کردووەتەوە. هیچ نووسین و دانراوێکی کوردیی نییە کە کوردیی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، ئینگلیزی زانیوە. ژنی هێناوە، نەوەی هەیە.

### ✡ ❑ شێخ عیسامووددین شێخ قادر(*)

(شێخ عیسامووددین عەودالآنیی/ ئایینناس: ۱۸٦۸ز - ۱۹۳۹ز. گوندی عەودالآن/ سلێمانیی)(۱)

وەچەی خانەدانی شێخ ئیسماعیلی عەودالآنە. دایکی سەلمای نێو بووە. لە ژینی خۆیدا -

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

۱- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

۲- وردبوونەوە و پرس کردن و ڕا وەرگرتن.

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

۱/ ۷۵.

۲- ۲/ ٤/ ۱۰۰.

۳- ڕۆژنامەی پێشکەوتن - سلێمانیی.

٤- گوتوبێژ و چەند دیمانەیێک لەگەڵ مامۆستای قوتابخانە بەهائوددین شێخ عەبدولکەریم شێخ عیسامووددین (دوا دیمانە: ۱۹۹۳/٤/۲۷ز. سلێمانیی).

(۱) کەلەپوورناس نەجمووددین مەلا، بەمەزندە ساڵی ۱۲۹۳ک/۱۸۷٦ز.ی بۆ لە دایک بوونی و ساڵی ۱۳۵۰ک/۱۹۳۱ز. بۆ مردنی داناوە. وەچەی خۆی هەر ساڵی مردنەکەی بەڕاست نازانێت!



وێڕای سەرگەرمیی بەڕێنوێنیی و کاروباری تەکیەوە- خەریکی کشتوکێڵ بووە و گوزەرانی پێ کردووە. هەرگیز توخنی کاروباری حوکوومەتیی نەبووە.

سەرچاوەیێکی ئەوتۆش بەدەستەوە نییە باری خوێندەواریی ڕوون بکاتەوە، بەڵام بەڕۆشنایی دەستووری ڕۆژگاری، دیارە لەلای ئایینناسەکان خوێندەواریی دەستگیر بووە و خۆیشی توانا و ناسک بووە بۆیێکا بەشاعیریش ناسراوە و تورکیی و فارسیی زانیوە و بەدووەمیش شیعری هۆنیوەتەوە. هەرچەندە شیعرەکانی کەم دیارن و شێوەی کۆن و زمانی شیرین و داڕشتنیان بەهێزە، مخابن، دیوانی چاپکراوی نییە.

یێکەم شیعری کوردیی چاپکراوی لە (پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س۲، ژ۱۰۷، ۱۱/۵/۱۹۲۱ز)دا بڵاوە.

ئەمە وێنەیێکی شیعریەتی کە کوڕەزای خۆی دەڵێت بەرەو ڕووی حەفید زادە مەحمموودی کردووەتەوە:

جوملە جوملە جەوابی نادیر و شازم هەیە
یێک بەیێک ڕەددی دەلیلی قورس و مومتازم هەیە
سا کەوابێ موعتەریز، گەردن کەچییت بۆ بکەم
بۆ جەوابی «سیر»ی تۆ، ئینجا منیش «پیاز»م هەیە!
تۆ کە بمکەیتە ڕەفیقی عادییەکی جەففولقەلەم
چۆن بلێیم دووبارە بۆ تۆ، حوببی جیاوازم هەیە؟
سادە، شایانی موحیببەتی ئەحمەد و مەحمموودە بەس
چونکە لایان ئیمتیازی حورمەت و نازم هەیە!
بۆ دەرهێنانی گوێی بزماری ژێر پێی موددەعیی
مونتەزیرم، دوو سەد جەوابی هەروەکو گازم هەیە(۲)

شێخ عیسامووددین وەچەی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە و دانیشتووی کەرکووک و سلێمانین(۳).

(۲) بڕوام هەیە ئەم شیعرەی وەڵامی (نامە ڕەسمییەکەی حوکمدار حەفید زادە مەحمموودە) بەتایبەتی کە گوتوویەتی: (تۆ کە بمکەیتە ڕەفیقی عادییەکی جەففولقەم!!) هەڵبەت لە ئەم تاکەدا مەبەستی؛ مامۆستای فێرگەی عەودالآنە کە حەفید زادە -لە نامەکەیدا- مووچەی بۆ بڕیوەتەوە!

(۳) چەندم کرد وێنەیێکی فۆتۆگرافیم دەستگیر ببێت، بەڵام مخابن ڕەنجم بێ هوودە بوو. بۆ ئەو وێنە =

## ☼ ❑ فائیق تۆفیق[*]

(ئەحمەد فائیق/ فائیقی تاپۆ: شاعیر. ڕۆژنامەڤان: س؟
سلێمانیی – ١٩٥٣ز. کەرکووک!)

خەڵکی سلێمانییە. لەمەڕ جۆر و شوێنی خوێندنی هەواڵ بەدەستەوە نییە، بەڵام بەلێکدانەوەی کار و فەرمان و تێکەڵیی، وچێ دەچێت لە قوتابخانەکانی سلێمانییدا خوێندنی دەستگیر بووبێت و ڕووی کردبیەتە بەغداد و ئەستەنبووڵ و خوێندنی باڵای وەک قانوونی تەواو کردبێت ڕەفیق حیلمیی لێی نووسیوە؛ لە دەوری عوسمانییدا ئەندامی دادگەی سلێمانی و ماوەیێکیش ڕێبەری تاپۆی بەغداد بووە. بەڵگەنامەی (کۆمەڵی یێکگرتن و پێشکەوتنی عوسمانیی – لقی سلێمانیی: ١٩٠٨/٧/٢٤ز) بەئەندامێکی دامەزرێنی خۆی ئاشنا کردووە.

ڕاپۆرتێکی ئا. تێ. وێڵسن A. T. Willsonی حوکمڕانی سەربازیی بریتانیا لە بەغدادا ڕادەگەیێنێت کە ئەحمەد فائیق لە ١٩١٩/٤/١ز.دا دانراوە بەڕێبەری تاپۆی سلێمانیی. بەپێی یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمیی و ئەحمەدی خواجا، لە سەردەمەکانی (٢. ج. کوردستان)دا ڕاوێژکاری سیاسیی حەفید زادە مەحموود و دڵسۆزی بووە.

نەجموددین مەلای نووسەر نووسیویەتی: لە ١٩١٩/٤/١ز.دا یاوەری گەشتەکەی ئەفسەری

= فۆتۆگرافیەش کە س.جی، ئەدموندس لە (کورد تورک و عەرەب)دا بەوێنەی (تەکییەی عەودالآن)ی ئاشنا کردووە، وەچەی خۆی دەڵێت؛ (لە وێنەکەدا وێنەی ئەو زاتە دەرنەکەوتووە!).
جێگەی خۆیەتی سۆران مەحویی لە (بەیان – ژ١٣٦، س١٩٨٧/ دەبا ئەم شاعیرە ون بووەمان بەمێژووی ئەدەبی کوردیی بناسێنین!) وێنەیێکی بڵاوکردووەتەوە گۆیا (وێنەی شێخ عیساموددینە). ڕاستییەکەی –وەک وەچەی خۆیم لەبەر وێنە بڵاوکراوەکەدا ڕاگرت– ئەوە هەڵەیێکی درشتە و وێنەکە (وێنەی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ عیساموددین)ە!

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١– ١/ ٢٢.
٢– ١/ ٣٠.
٣– ٢/ ١/ ٩٧.
٤– ٢/ ١١/ ١٠٧.
٥– تاریق جامباز – خمس وثائق غیر منشورە/ پێنج بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە – گوڵان العربی؛ س١٩٩٧. اربیل.
٦– کەشکۆڵی نەجموددین مەلا (دەستنووس١٩٣٧ز–١٩٣٨ز/گەنجینەی عەبدوڕڕەقیب یووسف. سلێمانی).



سیاسیی بریتانیا نۆیێل Noiel بەنێو کوردستانی باکووردا! بەڵگەنامەیێکی نێرووی هەوایی بریتانیا لە عێراقدا ڕایگەیاندووە کە ساڵی ١٩٢٧ز، ڕێبەری تاپۆی بەغداد بووە.

وردبوونەوە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی جەخت دەکات کە لە دووەم سووڕی گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە – ب٥، ژ١، دووشەممە؛ ١٩٤٥/١١/١٢ز – ١٩٤٧ز)دا خاوەند ئیمتیاز بووە![1] نەجموددین مەلا دەڵێت: بەکوردیی، تورکیی، فارسیی، شیعری داناوە، بەڵام تا ئەوڕۆ شیعرەکانی کۆ و دیوانیشی دیار و بڵاو نییە. قەسیدەیێکی وەک وێنەی شیعری سیاسیی کوردیی نێوبانگی هەیە کە لە دژی زۆر و ستەمی تورکانی عوسمانییە و سەرەتاکەی دەبێژێت:

(بە مەعمووریی کە مەشهووری جیهان بوو خاکی کوردستان
هەموو وێرانەیە ئێستا لە زوڵم و وەحشەتی تورکان)

ڕاپۆرتێکی نهێنیی نێرووی هەوایی بریتانیا لە عێراقدا کە لە ١٩٢٧/١١/١٣ز.دا بەرەو ڕووی وەزارەتی نێرووی هەوایی بریتانیای کردووەتەوە، ڕادەگەیێنێت؛ (ئەحمەد فائیق بەگ، ڕێبەری تاپۆی بەغداد، ئێستە خەریکی دانانی کتێبێکە لەمەڕ مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد؛ هەر لە سەرەتایەوە تا ئێستە. کتێبەکەش ڕاستییەکانی مێژووی گرتووەتە خۆی، لەگەڵ تۆمارکردنی هێندێ ڕووداو. نیازی هەیە بەکوردیی و عەرەبیی و تورکیی بڵاوی بکاتەوە. ئارەزووش دەکات کتێبەکەی تەواو کرد، مافی چاپی بدات بە پیاوێکی ئینگلیز و پێی بفرۆشێت!)[2]. هەواڵێکی دی لە ئەو بارەیەوە لە هیچ سەرچاوەیێکی دیدا هەڵنەکەوتووە. وێ دەچێت کتێبەکە بەردەستی ئینگلیزەکان کەوتبێت و بڵاویان نەکردبێتەوە!

(١) دوای بڵاوکردنەوەی باسی ونی (کۆمەڵی یێکییەتی و پێشکەوتنی عوسمانیی – لقی سلێمانیی) لەلایێن منەوە لە ڕۆژنامەی: کوردستانی نوێ – س١٩٩٨ز.دا و ئاشناکردنی ئەم زاتە –کە گوتبووم ئەحمەد فائیق خاوەندی ڕۆژنامەی عەرەبیی لیواء الجهادی بەغدادیش بووە– «عیززەددین مستەفا ڕەسوول ئاگاداری کردم کە ئەو ئەحمەد فائیقە (ئەحمەد فائیق سەعید)ی خەڵکی کفرییە! من بەڕۆشنایی فائیق بەتیی لێ کۆڵی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی و زاهیدە ئیبراهیم لام لێ کردەوە کە یێکەم دەڵێت؛ ڕۆژنامەی نێوبراو لە ١٩٤٨ز.دا داخراوە و دووەم دەڵێت لە ١٩٥٣/٣/٢٢ز.دا دەرچووە و لە ١٩٥٤/١٢/١٧ز.دا، مۆڵەتی لێ سەندراوەتەوە، کە ئەم دوا مێژووە لە مردنیەوە نزیکە!! ئەگەر من قسەکەی «عیززەدینم پەسەند کردبێت و ڕاستییەکەش پێچەوانە بێت، ئۆباڵەکە لە ئەستۆی مندا نییە!»

(٢) ئەگەر کەوتبێتە لایان، دیارە لەبەر گرنگیی باسەکانی، مەبەستیان بووە چاپ و بڵاو نەکرێتەوە و کورد خۆی ئاشنای نەبێت! خۆزیا لێ کۆڵەکانی کورد، بەتایبەتی لۆندۆن نشینەکان سۆراخی ئەو کتێبەیان دەکرد!

بەباسەکانی ڕابوردوودا، دیارە کوردیی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، و زمانی بیانیی دی زانیی بێت.

نێوبراو برای پارێزەر ڕەفیق تۆفیق ئەفەندییە... خۆی ژنی هێناوە و دواتر وەجاخ کوێرە!

شیننامەی مەحموود فەهیمی، هێندێ نهێنیی بیروباوەڕ و تەبیات و ئەتواری ییکاڵا دەکاتەوە[٣]!

## ⊖ فائیق عەبدالله کاکە حەمە[*]

(فائیق بێ کەس/ شاعیر: س١٩٠٥ز. گوندی سیتەک/ سلێمانی ـــ ١٩٤٨/٢/١٨ز. سلێمانی).

بابی ئەفسەری عوسمانیی بووە. لە س١٩٠٧ز.دا هاتوونەتە سلێمانیی لە هەشت ساڵاندا تووشی نەخۆشیی ئاوڵە بووە و سێ بەشی چاوانی زیانی بەرکەوتووە. لە س١٩١١ز.دا بابی ڕاگۆستراوە بۆ خانەقین و لە ئەوێ ڕاوە بۆ بەغداد و کابان و منداڵانیی بردووە. لە س١٩١٢ز.دا بابی ڕاگۆستراوە بۆ تورکیا. خێزانەکەی لە بەغداددا ماوەتەوە. ئەو کۆچەی دوا دیمانەی بووە و ئیدی لێی نەپرسیونەتەوە!

فائیق لە ئەم ماوەیەی بەغداددا ساتمە دوای ساتمەی تووش بوو. لەلاییێکەوە -وێڕای بێ کەسییان- حەمە سەعید برای لە ئاوی ڕووباری دیجلەدا دەخنکێ. دوای چەند مانگێ دایکیشی دەمرێ. ئەوجا، خاڵێکی چاودێریان لە بەغدادا، بەدواياندا ڕوو لە ئەو دنیا دەکات. ئیدی فائیق و تاهیری برای سەرگەردان و بێ کەس دەمێننەوە. لە ئەو هەلانەدا (١. ج. گ)ی دەستی پێ کردووە و ڕێگەی هاموشۆی بەغداد دەگیرێت و هەرچی چۆنێ بێت، حاجیی ئەمینی مامیان لە سلێمانییەوە تکای لە حاجیی عەلیی ئاغای -خەڵکی سلێمانی- دانیشتووی بەغداد کردووە کە چاودێرییان بکات! ژنە ئەفسەرێکی بەویژدان و خەڵکی سلێمانیی؛ (حەبە خان) نێوێ دەیانگرێتە خۆی و دەستیان بەسەردا دەهێنێت و دەیانخاتە بەر قوتابخانە، بەڵام

(٣) زۆرم سۆراخی کەسوکاری کرد، بەڵام کەسێکی ڕاستگۆم لێ هەڵنەکەوت کە ڕێنماییم بکات!

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- دیوانەکانی.

٢- ٦٢/١.

٣- هێندێ بەڵگەنامەی کۆکراوەم!

٤- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان!



تەنگانەی جەنگ و بێ کەسییان هەر پێوە دیار دەبێت.

دوای جەنگ، ژنە سەلارەکە، هێناونیەتە و بۆ سلێمانی و لای مامیان حەواونەتەوە.

فائیق -بەبڕوای من- لە ساڵی ١٩١٩ز.دا چووەتە بەر «ق. نموونەی سەعات/ تەشویقییەی عوسمانیی» و بەهۆی خوێندنی جارانیەوە لە پۆلی دوودا وەرگیراوە[١] دیارە خوێندنەکەی تێدا تەواو کردووە بۆیێکا -بەئارەزووی مامی- لە ساڵی ١٩٢٣ز.دا چووتە (ق. ع. کەرکووک)، بەڵام خوێندنەکەی بۆ نەچووەتە سەر و ڕووی کردووەتە بەغداد بۆ خوێندن لە قوتابخانەی نێوبراو بە (کوللییەی ئەعزەمییە/ دارولعولووم) و تا ساڵی ١٩٢٥ز.ی تێدا ماوەتەوە![٢]. بێژراویشە ئەو خوێندنەیشی نەبردووەتە سەر و لە نێوان س١٩٢٦ز-١٩٢٧ز.دا، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی! گۆیا فائیق چووەتە تاقە پۆلی قوتابخانەی نێوەندییەوە[٣]، بەڵام لەبەر نۆشینی مەی، مامی دەریکردووە و مامە عاریفیشی لەسەر هەمان باس لە هەفتەیێ پتر نەیگرتووەتە خۆی ناچار قوتابخانەکەی کردووە بەلانەی خەو و حەوانەوەیشی و دۆستانیشی خۆراکیان بۆ دابین کردووە! خۆی ئەم بارەی پێ گران بووە و تەکانی داوە بۆ ڕستگاریی، بۆیێکا کەلوپەل و جلوبەرگی خۆی فرۆشتووە و لا دوکانێکی بۆ جگەرە فرۆتن داناوە. لە ماوەییێکی کەمدا ئەوەیشی لە دەست داوە و ناچار -فێستێکی سووری لەسەر ناوە و دزداشەییێکی لەبەر کردووە و سنووقێکی تەختەی لە مل ناوە- دەستگێڕی جگەرە و شخارتە بووە!! دۆستانی ئەم بارەیان لا ناشیرین بووە -وەکو بیستوومە بەهۆی ئەندازەوان مستەفا سائیبەوە- لەسەر ڕێگەی عەرەبەت - سلێمانییدا، ماوەیێ بەچاودێر دامەزراندوە!

بەهۆی دۆستانیەوە -یێکێکیان پیرەمێرد بووە- لە ساڵی ١٩٢٨ز.دا بەمامۆستای قوتابخانە شەوانەکەی (ک. ز. ک. سلێمانیی) دامەزراوە. لە س١٩٢٩ز.دا دەبیستێت بابی لە بازێڕی «مەرعەش»ی کوردستانی باکووردا مردووە، خۆی گورج دەکاتەوە و ڕوو لە تورکیا دەکات بۆ پرسینەوە لە میراتی بابی، بەڵام بێ هیوا و بەدەستی سپییەوە دەگەڕێتەوە و لە ناچاریشدا لە قوتابخانەکەی زانستیدا دەمێنێتەوە.

فائیق بێ کەس، ئاگر خۆشکەری ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ز، لە دوای قەوماوەکەوە کە

(١) وێنەییێکی فۆتۆگرافی ساڵی ١٩٢٠ز.ی قوتابیان و مامۆستاکانی قوتابخانەم لەبەرچاوە کە وێنەی ئەویشی تێدا هەیە!

(٢) ژیانەوە - ژ٣٣؛ ١٩٢٥/٧/٣٠ کە یێکەم شیعری بڵاوکردووەتەوە، نێونیشانی باسکراوی لەسەرە!

(٣) ئەو پۆلە لە پاییزی ١٩٢٦ز.دا کراوەتەوە و هەواڵیشی ڕۆژنامەی (ژیان)ی ئەو ساڵەدا بڵاوە.

(ک.ز. ک. سلێمانیی) داخرا هەروەها؛ خۆی گیرا و ماوەیێ بەند کرا، دوایی لەپێناوی ناندا، خۆی فێرگەییێکی خوێندنی کوردیی – عەرەبیی لە س١٩٣٢ز.دا کردەوە![٤]

لە س١٩٣٤ز.دا –بەهۆی پیاوچاکانەوە– لە گوندی «مۆرتکە»ی سەر بەئاوایی بازیاندا، بە (جێگری مامۆستا/ وەکیل موعەللیم) دامەزراوە، دوایی هەر لەسەر بیروباوەڕی نەتەوەییانەی ڕاگۆستراوەتەوە بۆ بازێڕی «عیمارە»ی باشووری عێراقی عەرەب و ئەویش ئەمەی پەسەند نەکردووە و نەچووە و دەستی لە مامۆستایی بەربووە. دیسان لەلاوە خەریکی فێرکردنی خەڵکیی بووە! لە ١/١٢/١٩٤١ز.دا لە گەرمەی تەنگانەی گرانیی (٢. ج. گ)دا، –بەهۆی هێندێ ناسراوی کوردەوە– سەرلەنوێ دامەزراوە بەجێگیری مامۆستای (ق. س. قەرەداخ)، دوایی بۆ ئاوایی سووررداش و بازێڕۆکی هەڵەبجە کە تێیدا کۆچی ماڵئاوایی کردووە و تەرمەکەیان هێناوەتەوە و ئەسپاردەی گردی سەیوان کراوە.

فائیق بێ کەس –نەتەوەپەروەری سەرچڵ و لەخۆبووردوو لە کۆڕی کۆمەڵە سیاسییە نەتەوەپەروەرەکاندا، تێکۆشاوە و وێڕای تەنگانەکانی ژینی، کردووە و شیعری بۆ ئازادیی کورد و کوردستان داناوە[٥]. هەڵوێستەکانی لە مێژوودا تۆمارن و لە ئێرەدا هێندێ وێنەیان دەنوێنم:

١– لە ١٠/٨/١٩٣٠ز.دا –بەر لە گەیشتنە جێی نوێنەری باڵای بریتانیا و سەر وەزیرانی عێراقی عەرەب بۆ سلێمانیی– جەماوەری گەل بەسەرکردایەتیی ئەو، خۆی دەنواند و داوای مافی چارەنووسی گەلی کوردیان دەکرد. بێ کەس لەبەر دەرکی سەرادا، بۆ هاندان و ڕاپەڕاندنی جەماوەر –بەسەر شانی خەڵکەوە– شیعری؛ (کوردە تاکەی بێ خەبەری، نوستنت بێ عارییە)ی دەخوێندەوە!

٢– ڕەشید کەریم قەرەداخیی لە (بیرەوەریی) خۆیدا نووسیویەتی: (کاتێ من و بێ کەسیان بردە بەردەمی پۆلیسی تەحقیق، پرسیاریان لە بێ کەس کرد! ئەو کە دەست و پێی لە کۆت و زنجیردا بوو، ئەم شیعرەی گوت:

(ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بەتەوق و کۆتەوە!)

٣– لە نەورۆزی س١٩٤٦ز.دا کە س. ج. ئەدمۆندنسی ئینگلیز ئامادە بوو، هەروەها

(٤) ژیان – ٢٤/١٠/١٩٣٢ز، ئاگاداریی بۆ کردنەوەی فێرگەکەی بڵاوکردووەتەوە.

(٥) بێ کەس –بەپێی ڕاپۆرتی خەستەخانە کە بەڵگەنامەکانیم لەبەردەستە– هێندێ نەخۆشیی هەبووە، وەک: هەوی چاو، گەدە، ڕوماتیزمی تیژ و کاریگەر!



کاربەدەست و ناسراوەکانی، بێ کەس بەبەرچاویانەوە، بێ پەروا، شیعری (٢٧ ساڵە من ڕەنجبەری تۆم)ی خوێندووەوە کە ڕووی لە تاوانبارکردنی بریتانیای داگیرکەر بووە!

فائیق بێ کەس لە (ژیانەوە – س١٩٢٥ز) ڕاوە دەستی بەشیعر بڵاوکردنەوە کردووە، بەگشتیی شیعرەکانی دەور و خولی غەزەل، بابەتی کۆمەڵیی و بەتایبەتیش سیاسی داوە، هەر بۆیێکا بەشاعیرێکی گەورەی نەتەوەکەی ناسراوە و لە خانەی بەرز دایە!

فائیق عەبداللە، لەڕووی کۆمەڵییەوە، دوو کابانی هەڵبژاردووە و نەوەی چەند کیژ و کوڕێکی تاقانەیە کە شاعیر شێرکۆیە!

چاپکراوەکانی:

١– دیوانی بێ کەس – بەغداد؛ س١٩٧٠ز.
٢– دیوانی بێ کەس، چ٢ – بەغداد؛ س١٩٨٠ز.
٣– دیوانی بێ کەس، چ٣ – سلێمانیی؛ س١٩٩٩ز.

### فوئاد ڕەشید بکر[*]

(مامۆستا/ نمایشکار/ فەرهەنگنووس: ١٠/٧/١٩٠٥ز.
سلێمانیی – ٩/٨/١٩٩٤ز. سلێمانیی)

بابی ئەفسەری عوسمانیی بە ڕەشید ڕوشدیی ناسراوە. دایکی حەمیدەی مەلا حەسەن ڕەفعەتی برای مەلا عەبداللە عیرفانی خاوەند فێرگەی ناسراوە.

هەر خۆی یێکەم سەرچاوەمە کە دەگێڕێتەوە: ساڵی خوێندنی ١٩١٥ز–١٩١٦ز چووەتە بەر (ق. س. نموونەی سەعادەت) و چوار پۆلی دی خوێندووە تا لە ساڵی خوێندنی ١٩٢٠ز–١٩٢١ز.دا خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانییدا تەواو کردووە![١]

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١– خۆی و بەڵگەنامەکانی هەروەها گوتوبێژی دەم و دوویێمان لە چەند دیدارێکی ١١/٨/١٩٩٠ز، ٢٩/٧/١٩٩٢ز.دا!
٢– یادگارە نووسراوەکان –دەستنووسەکان– ی مستە سایبب!
٣– ڕۆژنامەکانی؛ پێشکەوتن – سلێمانیی، ژیان!

(١) –پێشکەوتن– سلێمانیی؛ س١، ژ١٠، ١/٧/١٩٢٠ز هەواڵی دەرچوونی بەیێکەمی پۆلی سێ و خەلاتکردنی بەسەعاتژمێرێ باس کردووە!

سالآنی خوێندنی ١٩٢٣ز–١٩٢٥ز.ی لە (ق. م. بەغداد)دا ڕابواردووە تا لە س١٩٢٦ز.دا بەمامۆستای (ق.س. سلێمانیی) دامەزراوە! لە نێوان س١٩٢٧ز–١٩٣٠ز.دا مامۆستای (ق. س. هەولێر) و لە س١٩٣٠ز–١٩٣٦ز.دا مامۆستای (ق. س. ڕواندز) و لە سەرەتای ١٩٣٦ز–١٩٣٧ز.دا بۆ چەند مانگی لە (ق. س. چەمچەماڵ) و ئەوجا لە (ق. س. فەیسەلییە)ی سلیمانییدا مامۆستا بووە! لە ئێرەڕاوە لە نێوان (ق. س. فەیسەلییە، غازی، عەبدولئیلاه، خالیدییە)ی سلێمانییدا مامۆستا، ڕێبەر بووە، دواتر پشکنەر و دوا فرمانیشی (یاریدەری ڕێبەری پەروەردە و فێرکردن)ی سلێمانیی بووە کە بەهەمان نێونیشانەوە لە س١٩٦٧ز.دا خانەنشین کراوە. لە ماوەی مامۆستاییدا، پتر وانەکانی ئینگیلیزیی، بیرکاری گوتووەتەوە. خۆی بۆ منی گێڕایەوە؛ لە س١٩٢٠ز–١٩٢١ز.دا، کاپیتان هۆڵت Holtی جێگری فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا لە سلێمانییدا، وانەی ئینگلیزیی بەکۆمەڵێ قوتابیی کورد گوتووەتەوە و خۆیشی یێکێکی نێو ڕیزەکە بووە[٢].

هەر خۆی گوتی: لە ماوەی کارگوزارییدا، چەند کتێبێکی (بیرکاریی) بۆ پۆلەکانی سەرەتایی گۆڕیوە بۆ کوردیی!

فوئاد ڕەشید و کە وێڕای کوردیی، تورکیی، عەرەبیی، فارسیی، ئینگلیزیی زانیوە، دەیگێڕایەوە؛ لە سەردەمی کەرکووکەوە –١٩٢١ز– تا ساڵی ١٩٦٣ز ((یاداشت)ی ڕۆژانەی خۆی نووسوەتەوە، بەڵام لە ئەو ساڵەدا لە مەنعوتەجەوولەکەی سوپای عێراقی عەرەب لە سلێمانییدا – لێی سەندراوە و سووتێندراوە[٣]!

هەروەها –بەنیشاندانی پاکنووسی کارەکەیەوە– گێڕایەوە کە لە نێوان ١٩٢٦ز–١٩٦٠ز. ڕاوە سەرگەرمی دانانی (فەرهەنگی ئینگلیزیی – کوردیی)ە!

وێڕای خزمەتگوزاریی لە مەیدانی بڵاوکردنەوەی خوێندەوارییدا، فوئاد ڕەشید بەکر، یێکەم کەسی پێشڕەوی هونەری شانۆی کوردە و بەتایبەتی سلێمانیی کە لە نێوان س١٩٢٦ز–١٩٣٨ز.دا، لە «سلێمانیی، هەولێر کۆیە»دا سەرگەرمی نواندن یا سەرپەرشتی نواندن و یێکەم

(٢) وەکو لە ئەو و چەند کەسی دیم پرسیوە؛ ئەو قوتابیانەی کە بەتایبەتی ئینگلیزیان فێرکراوە، کەسانی وەک؛ خۆی، سەعید ئەدیب قەززاز، ڕەشید نەجیب، حەمە ساڵح زەنگەنە و هتد... بوون! ئەویشی لێ دەربچێت، کەسەکانی دی لە دوارۆژدا، کار فرمانی گەورە و ناسکیان لە مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا دەستگیر کرا!

(٣) بەخەمێکی زۆرەوە یادی دەکردەوە و ئۆباڵەکەی دەخستە پاڵ ئەفسەری گەورە زەعیم سدیقی کوردکوژ!



جاریشی لەبەر چرا و لەسەر سەکۆی شانۆی (ق. یێکەمی سلێمانیی)، بەشداری شانۆی (زانست و نەزانین/ عیلم و جەهل) بوو[٤]!

مامۆستا فوئاد ڕەشید بەکر؛ ئەندامی یێکەم دەستەی (ک. ل. ک. کەرکووک – بەغداد) بووە... پیاوێکی چاک و دڵپاک و بێ فیز، کوردپەروەر و ڕۆشنبیرێکی گەورە، هەمیشە ڕووخۆش و گەشبین و دەم بەخەندان بووە، بەڵام مخابن لەدوا ڕۆژگارەکانی تەمەندا، بەهۆی هێندێ خەمی خێزانیی و بەتایبەتیش قەوماوەکانی نیشتیمان و شەڕی براکوژییەوە، یێکجار ڕەشبین و خەمبار بوو –کورد گوتەنیی– خەنجەرت لێ بدایە، خوێنی لێ نەدەتکا!!

### ⊖ ئاغا فەتح الله حاجیی عەبدالله[*]

(ئاغا فەتح الله/ ڕۆشنبیر: س١٢٨٩ک/١٨٧١ز – ؟؟ سلێمانیی!)

وەچەی ئاغا ساڵحە. لە فێرگەکانی ئایینەوە، لە سلێمانییدا خوێندەواریی دەستگیر بووە تا بووە بەفرمانگێڕێکی پچووک و بەرەبەرە پێشکەوتووە و لە سەردەمی عوسمانییدا بووە بەئەندامی (ئە. ئی. سلێمانی) و دواتر دامەزرێنی (ک. ی. پ. عوسمانیی – لقی سلێمانیی و لە نێوان س١٩١٤ز–١٩١٧.دا سەرۆکی بەلەدییەی سلێمانیی و لە نێوان س١٩١٤ز–١٩١٧ز.شدا، ئەندامی (ئە. ئی. سلێمانیی) بووە.

لە (١. س. ح. کوردستان) و لە ١٩١٩/٥/٢ز.دا، ئەندامی دەستەی ئیداری حوکوومەتی میللییە –بەشی دارایی– و بووە و لە س١٩٢١ز.دا، لە سەردەمی داگیرکاریی بریتانیادا، یێکی بووە لە خۆپاڵێوەکان بۆ (ئە، ئی. سلێمانیی) و سەرنەکەوتووە. لە (ک. کوردستان: س١٩٢٢ز)دا ئەندامێکی هەڵبژاردە بووە. لە سەردەمەکانی دی حوکوومەتی کوردستانی باشووردا، چ کار و فرمانێکی بەرنەکەوتووە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا، بەموڵک و بازرگانییەوە خەریک بووە.

کابانی هەڵبژاردووە و نەوە و وەچەی لێ کەوتووەتەوە؛ کۆنە ڕۆژنامەڤان تۆفیقی ئاغا فەتح

(٤) خۆی لە دوا دیدارمدا ئاگاداری کردم و گوتی: مستەفا سایب ئێمەی هێنایە سەر کەڵکەڵەی ئەم هونەرە.

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١– بەڵگەنامەکانی لە وەچەی خۆیەوە؛ فەرەیدوون تۆفیق ئاغا فەتح الله – سلێمانیی ١٩٩٨/٨/٤ز.

٢– ڕۆژنامەکان: بانگی کوردستان، پێشکەوتن – سلێمانیی!

الله، کوڕیەتی کە بابی سیاسی و ڕۆژنامەڤان - ونکراوی حوکوومەتی عێراقی بەعسی عەرەب- دارا تۆفیقە! هیچ دانراو و چاپکراوێکی نییە، بەڵام کۆمەڵێ بەڵگەنامەی بەنرخی خۆی لە سەردەمی عوسمانییدا، پاراست بوو، کەڵکی منی گرت!

### ⊖ کەریم مەعرووف عوسمان

(ناتیق/ شاعیر: ١٨٨٨ز ـــــ ١٩٦٧ز. سلێمانیی)

لە منداڵییەوە چووەتە بەر حوجرە و فێرگەکانی سلێمانیی. لەگەڵ حەفید زادە مەحموود -دیارە لە مزگەوتی گەورە و مزگەوتی شێخ ئەولای هەولێرییدا - خوێندوویەتی و دواتر بەنێوی (مەلا کەریمە تەوقە)ەوە ناسراوە کە گۆیا بزێو و شەڕانیی بووە.

لە (١. ج. گ)دا بەر سەربازیی کەوتووە و پەڕیوەتەوە باژێڕەکانی «حوموس، حەما!».

لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا، فرمانبەر بووە. لە ساڵی ١٩٣٧ز.دا بە ئەو پیشەیەوە لە ئاوایی تەوێڵەدا بووە![١] دیوانی شیعری تەواوی چاپ نەکراوە؛ (هێندێ لە دیوانی ناتیق - سلێمانیی) چاپ کراوە کە هەمووی چل و سێ لاپەڕەیە.

ناتیقی شاعیری کلاسیک، هەواڵی دی ڕوون نییە!

### ☼ ❑ ماجید مستەفا(*)

(سیاسیی: ١٨٨٧ز. سلێمانی ـــــ ؟ بەغداد)

لە سلێمانییەوە تا ئەستەنبووڵ بەخوێندنەوە خەریک بووە تا لە لەشکری عوسمانییدا بوو بەئەفسەر - مولازمی دووەم. لە نێوان ١٩٢٣ز-١٩٢٧ز.دا، ئەفسەرێکی شۆڕش و لەشکری مەلیک مەحموود بووە لە کوردستانی باشووردا.

دوای سازاندنەکەی س١٩٢٧ز، ئەویش دامەزراوە بەڕێبەرێکی ئاواییەکان لە حوکوومەتی

(١) کەمالیی شاعیر، یێکەمین شیعرنامەی بۆ ناتیق و لە ئەو ساڵەدا ناردووە!

(*) سەرچاوە:

١- ٢٥/١.

٢- ١١٣/١٧/٢.

٣- ١٢٥/٢٩/٢.

٤- ١٣٤/٣٨/٢.

٥- هێندێ گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی و عەرەبیی.



مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا و یێکەم جار لە ئاوایی «جبایش»ی باژێڕی کووتی باشووری عێراقدا دامەزراوە. دوایی لە س١٩٢٩ز.دا بووە بەموتەسەڕڕیفی کووت و دواییش بەهەمان فرمانەوە لە باژێڕەکانی «ناسرییە، عیمارە»دا دامەزراوە. دوایی ڕاگۆستراوەتەوە بۆ بەغداد و لە وەزارەتی نێوخۆدا لە دەزگەکانی ئیدارەدا دامەزراوە.

لە س١٩٤٤ز.دا وەزیری بێ وەزارەت و لە ساڵانی ١٩٤٦ز، ١٩٥٣ز-١٩٥٤ز.دا نوێنەری سلێمانیی بووە لە پەرلەمانی عێراقدا. لە س١٩٤٦ز.دا بۆ خۆی کومپانیای بازرگانیی (ئوور)ی لە بەغداددا دامەزراندووە و تا مردنی بەکاروباری بازرگانییەوە خەریک بووە.

لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، زمانەکانی کوردیی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی زانیوە. چ دانراوێکی سیاسی، ڕۆشنبیریی نییە! لە نێوان ١٩٣٩ز-١٩٤٥ز.دا یێکێکی بەهێزی نێو (پ. هیوا)ی کورد بووە. چەند سەرچاوەیێک دەبێژن کە لە دووبەرەکیی نانەوە و کوێربوونەوەی ئەم پارتەدا دەستێکی باڵای هەبووە، تەنانەت گومانی ئافەرینی ئینگلیزی لێ دەکەن.

ژنی هێناوە و نەوەی پێگەیشتووی لە بەغداد و سلێمانییدان.

### ❑⊖ میرزا مارف مەلا ئەحمەد

(میرزا مارف/ شاعیر: ١٨٩١ز ـــــ ١٩٥٦/٣/٢٩ز. کەرکووک)(*)

خەڵکی سلێمانییە. خوێندنی لە فێرگەکانی ئایینەوە دەستگیر بووە و خوێندەواریی تا پلەی مەلایەتیی بڕی نەکردووە. ژینی خۆی لە کار و فرمانی حوکوومەتییدا -کاروباری داراییی- ڕابواردووە! شیعری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا پەرت و بڵاوە و (دیوانی شیعر)ی چاپ نەکراوە. میرزا مارف شاعیرێکی کلاسیک، پەخشاننووسێکی هونەری کۆن و بەتوانا بووە[١]!بێ لە کوردیی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی زانیوە.

دوو کوڕ و کیژێکی لەدوا بەجێ ماوە؛ فەخری و عەبداللە و پەروین کە یێکەم و سێیەم مامۆستای قوتابخانەن[٢].

(*) ساڵی لە دایک بوونی لەلایێن شاعیری کۆچ کردوو عەلیی عارف ئاغاوە و ساڵی مردنی لەلایێن نەوەی خۆیەوە، وەرگیراوە!

(١) پەخشاننامەی لاواندنەوە -شیننامە-ی بۆ قالەی ئاییشێ خان لە س١٩٣٤ز.دا، دیسان وێنەیێکی توانایەتی لە پەخشانی هونەرانەدا!.

(٢) مامۆستای ڕۆژگاری قوتابخانەی سەرەتاییم، فەخریی کوڕی، بۆ منی گێڕاوەتەوە کە لە تازێکەیدا لە کەرکووکدا، (دیوان)ی بزر بووە!

## ❍ شێخ محەممەد ئەحمەد(*)

(ویسالیی/ شاعیر: ١٩٠٢/٣/٢٢ز. گوندی تەکییەی قەرەداخ
ـــــ ١٩٧٣/١٠/٢١. سلێمانیی)

وەچەی شێخ عەبدوللەتیفی مەردۆخە و لە شێخەکانی قەرەداخە. مانگێ دوای لە دایک بوون، دایکی مردووە. شەش ساڵان بووە، بابیشی مردووە و سەرگەردان ماوەتەوە. ناچار خۆی داوەتە پاڵ مام و ئامۆزاکانی و شوانیی کردووە. لە ئەو هەلانەدا بەسایەی شێخ بابا عەلیی پێشنوێژ و مامۆستای گوندەکەوە، دەچێتە بەر خوێندن و لە (خانەقای مەولانا خالید)دا و لەلای مامۆستایان شێخ عومەری قەرەداخیی و شێخ مارف، پێنج ساڵی دەمێنێتەوە. ئەوجا بەپێشنیازی مامۆستا عومەر قەرەداخیی، چووە بۆ گوندی (هەرزنی)ی نێوچەی ئالانی کوردستانی خۆرهەڵات، سێ ساڵێ ماوەتەوە. ئەوجا چووەتە کن مامۆستا مەلا ساڵحی خوارەمیری هەمان نێوچە و دوو ساڵی لەلا خوێندووە. لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵاندا ناردوویەتی بۆ خوازبێنیی دڵخوازەکەی، بەڵام توند دەست بەڕوویەوە نراوە، جاری دووەم دوو پیاوی گەورەی گوندەکەی ناردووە بۆی تێ بکەون -پارە دەدەن بە ئەو پیاوەی یارەکەی مارەبڕاوی بووە- و بە ئەو جۆرە بە دڵخوازەکەی شاد دەبێت، بەڵام دوای چەند ساڵێ، کابانەکەی لە گوندی «سنجەڵێ»دا دەمرێت! دوایی هاوسەرێکی دی هەڵدەبژێرێت و تا مردن لە باژێڕی سلێمانییدا پێکەوە دەژین و ئێستە نەوەیان لە سلێمانییدا دەژین!

ویسالیی؛ خاوەندی دیوانی چاپ کراو، شیعری نیشتیمانیی، غەزەل، کۆمەڵیی... هتد، داناوە، تەنانەت بەداشۆرینەوە خەریک بووە.

ئەوی لێی دیارەو زۆر بە (شیعرنامە)وە ەفتاری لەگەڵ ئاشنا و هاوەڵان و دەسەڵاتدارانەوە خەریک بووە و بۆ مەبەستی خۆی بەکاری بردووە. شیعرنامەی ئەوتۆیشی هەیە کە سەرەتاکەی بەچەند دێڕە پەخشانێ و دواتر بەشیعر بڕاندووەتەوە!

چاپ کراوی:

١- دیوانی ویسالیی - بەغداد؛ س١٩٨٦ز.

---

(*) سەرچاوە:

١- ٩٢/١.



## ⊖ محەممەد ئەمین عەبدوڕڕەحمان مەحموود باپیر(*)

(ئەمین زەکی/ مێژوونووس: س١٨٨٠ز. سلێمانیی
ـــــ ١٩٤٨/٨/٢٥ز. سلێمانیی)

دایکی حەبیبەی نێوبووە. بابی وڵاخدار و کاروانگەڕ بووە. لە منداڵییەوە چووەتە بەر حوجرەی خواجە ئەفەندیی مەلا عەزیزی وەسمان ئاغاوە. لە سەرەتادا بە (قرآن) و کتێبی وردەوە، خوێندنی دەست پێ کردووە. لەدواییدا چووەتە بەر (ق. س. سلێمانیی) و لە س١٨٩٣ز.دا چووەتە پۆلی دووی (ق. ر. س. سلێمانی) و لە س١٨٩٦ز.دا ڕووی کردووەتەوە (ق. ئا. س. بەغداد) و ئەوجا لە س١٨٩٨ز.دا ڕووی کردووەتە (ف. ح. ئەستەنبووڵ) تا لە س١٩٠٢ز.دا بەپلەی سەرۆکی هەرە باشەوە -مومتاز- بەئەفسەری عوسمانیی و لە لەشکری شەشی بەغدادا دامەزراوە! لە س١٩٠٣ز.دا خراوەتە پاڵ دەزگەی موڵکەکانی سوڵتان -ئەملاک سنییە-وە و وەک ئەندازەڤانێک تا درەنگانی ماوەتەوە. ئەوجا لەسەر داخوازی خۆی ڕاگوێستراوەتەوە بۆ لەشکری دووی باژێڕی «ئەدرنە». لە س١٩٠٧ز.دا لە لیژنەی نەخشەکێشیی ئەستەنبووڵدا دامەزراوە. لە س١٩٠٨ز.دا بووە بەئەندامێکی لیژنەی چەسپاندنی سنووری نێوان تورکیا و بولگاریا. لە س١٩١٠ز.دا لە لیژنەییێکی ئەوتۆدا بۆ چەسپاندنی سنووری تورکیا و ڕووسیادا دامەزراوە. لە هەلی قەومانی جەنگی باڵکان - س١٩١٢ز.دا لەبەرەی «جەتاڵجە»دا دووەم فەرماندەی ڕوکنی جەنگاوەر بووە. لە س١٩١٣ز.دا لەتەک چەند ئەفسەری دیی، بۆ کاروباری سەربازیی و مەشق نێردراوە بۆ وڵاتی فڕەنسا کە نیزیکی ساڵێکی تێدا ڕابواردووە.

دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبووڵ لە بەشی پێویستیە گشتییەکانی سوپادا دامەزراوە. دوای ماوەییێکی کەم ڕاگوێستراوەتەوە بۆ بەشی ییێکەمی ئەرکانی جەنگ. لە س١٩١٤ز.دا -بۆ دووەم جار- خراوەتە پاڵ لیژنەی چەسپاندنی سنووری تورکیا و ڕووسیا و دوای تەواوکردنی ئەرکەکەی بەباژێڕی «بایێزید»دا هاتووەتە «تەفلیس» و لە ئەوێ ڕاوە حوکوومەتی ڕووسی ڕێگەی داوە بەباژێڕەکانی «باکۆ، ڕۆستۆڤ، مۆسکۆ، پێتروگراد، فینلاند، سووید»دا بگەڕێتەوە بۆ تورکیا کە

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- دانراوە کوردییەکانی.

٢- عەبدولقادری پوورزای.

٣- ٥/١.

٤- ١١٣/١٧/٢.

ئەم سەفەرەی تا دەمەو کۆتایی مانگی تەشرینی دووەمی س١٩١٤ز.ی خایاندووە!

دوای ماوەیێکی کەم و لە مانگی کانوونی یێکەمی ئەو ساڵەشدا، بەسوپاسالاری لیوای یێکەم و بەداخوازی مارشاڵی ئەڵمانیی (ڤوندەر گولتس) و لە باژێڕی «ئەیاستیڤانۆس»دا سێ مانگێ ماوەتەوە و، جێگەی گوتنە. لە ئەو مەودایانەدا، بۆ یێکەم جار لە ٢٤ی تەشرینی دووەمی ١٩٢٥دا بووە بە وەزیری کاروهاموشو، هەروەها وەزیری بەرگری، مەعاریف، ئابووریی و هاموشۆ، دیسان چەند جارێ جێگری وەزارەتی دارایی، مەعاریف، هەروەها چەند جارێ ڕێبەری گشتیی ئابووریی، ئاودێریی، کاروبار، زەویپێوان بووە.

لە پارلەمانی عێراقی عەرەبیشدا، لە ئەم ڕۆژگارانەدا نوێنەری باژێڕی «سلێمانیی» بووە:

١- ١٩٢٥/٧/١٦ز - ١٩٢٨/١/٢٨ز.
٢- ١٩٢٨/٥/١٩ز - ١٩٣٠/٣/١٤ز.
٣- ١٩٣٥/٩/٨ز - ١٩٣٥/١١/٣٠ز.
٤- ١٩٣٧/١٢/٢٣ز - ١٩٣٩/٣/٢٢ز.
٥- ١٩٣٩/٦/١٧ز - ١٩٤٠/٤/٣٠ز.
٦- ١٩٤٧/١١/٩ز - ١٩٤٤/٥/١١ز.

لە دوا مێژووشدا بە (پیرێ/ عەین) لە ئەنجوومەنی پیران (ئەعیان)دا ناسراوە.

محەممەد ئەمین زەکیی، لە ماوەی ژینی سەردەمی عوسمانیی و عێراقییدا -هەروەها لە بزاڤی کوردایەتییدا- تێکەڵی چ پارتێکی سیاسیی نەبووە، بەڵام وەک فرمانبەر، نوێنەری نێو پارلەمان، دەست و زمانپاک، خاوەند هەڵوێست و خزمەتگوزار، وەک مرۆڤێکی کوردیش، خوداناس، ڕەوشت بەرز، دڵسۆز و چاکەخواز بووە. لە کاروباری حوکوومەتییدا، چ لە پارلەماندا، چەندی توانا بووبێ، تێکۆشاوە خزمەتی گەلەکەی بکات و دروشمیشی -خۆی گوتەنیی- ئەوە بووە؛ (ئەویی پاکە لە موحاسەبەت بێ باکە!)

ئەمین زەکیی کورد، هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە عەوداڵی خزمەت و بووژاندنەوەی مێژووی نەتەوەکەی بووە... لە ئەو هەلەدا لە کون و قوژبن و کتێبخانە و گەنجینەکاندا، باس و بەڵگەی بۆ ئەو مەبەستە کۆکردووەتەوە، بەڵام ڕێکەوتی بێ هوودە گڕی بەردایە ڕەنجی. کۆڵی نەداوە و سەرلەنوێ -دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتیمان- چاکی مەردانەی لێ هەڵکردووە و کەوتووەتەوە شەو نوختیی تا هیوای هێناوەتە دی کە خزمەتی نەتەوەکەیەتی و چەند جزم مێژووی نووسیوەتەوە.

زمانەکانی فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، فڕەنسیی، ئینگلیزیی، هێندێ ئەڵمانییشی زانیوە.



هێندێ شیعریشی هەیە و ئارەزوومەندی خۆشنووسیی و نیگارکێشی بووە و لە ئەم ڕووەوە هێندێ یادگاری زیندووە.

لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی پیرەمێرد و گۆڤارەکانی (گەلاوێژ) و (نزار)دا گوتار و لێکۆڵینەوەی هەیە کە لە یێکەم و دووەمدا هەر بەمێژووی کوردەوە خەریک بووە. بەهرەی ژیریی، ڕەنجی بیر و قەڵەمی، دوو سەردەمیان بەخۆوە دیتووە کە کۆمەڵێ دانراوی چاپ کراوە!

چاپکراوەکانی:

١- سەردەمی عوسمانی (بەتورکیی)(*)(١).
١/١- عثمانلی اوردوسی - س١٩٠٦ز.
٢/١- عثمانلی اسفاری حقندە تدقیقات - س١٩١٧ز.
٣/١- عراق فصل غائب ایتدک - س١٩١٧ز.
٤/١- عراق سفری آلرمز - س١٩١٧ز.
٥/١- حرب عمومیدە عثمانلی جبهلری و قایعی - س١٩١٨ز.
٦/١- سلمان پاک میدان محاصرەسی و ذیلی - س١٩١٩ز.
٧/١- بغداد وصول حادثە ضیاعی - س١٩٢٠ز.
٨/١- عراق تأریخ حرب مختصری - س١٩٢٠ز.
٢- سەردەمی عێراق
١/٢- کوردیی
١/١/٢- موحاسەبەی نیسابەت - بەغداد؛ س١٩٢٨(٢).
٢/١/٢- خولاسەیێکی تەئریخی کورد و کوردستان؛ ج١-٢؛ بەغداد ١٩٣١ و ١٩٣٧ز.
٣/١/٢- دوو تەقەلای بێ سوود - بەغداد؛ س١٩٣٥ز(٣).

---

(*) کوت الامارە هجوم و محاصرەسیی (د جزم - دەستنووس و چاپ نەکراو)

(١) خوێندەواری کورد ئاگاداری بابەتەکانی و شێوەی کاری مێژووناسینی نین. من چەندم تکا لە هێندێ تورکیی زان کرد -نەریمان نووسەر یێکێ بوو لە ڕیزدا- کە بۆ وەرگێڕاندنیان بۆ کوردیی تێ بکۆشن، بەڵام مخابن هیوام نەهاتووەتە دی! ئەوە تازە بەتازە کرد و لۆشێ هەڵکەوتووە. خودا چڕی بکا.

(٢) لەمەڕ جموجووڵ و چالاکیی لە پارلەماندا کە کردەوەکانی بەبەڵگەوە سەلماندووە!

(٣) یاداشتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و هێنانەدیی مافەکانی گەلی کورد کە دابووی بەحوکوومەتی عێراقی عەرەب و ئەویش (لە بریی بەدەنگییەوە بچێت، بڵاوکردنەوەی قەدەغە کرد و کۆی کردەوە!).

٢/١/٤- تەئریخی سلێمانیی و وڵاتی - بەغداد؛ س١٩٣٩ز

٢/٢- عەرەبیی (وەرگێڕدراو)

٢/٢/١- خلاصة تاريخ الكرد وكردستان - ج١-ج٢ - القاهرة؛ **١٩٣٩** و **١٩٦١**. (ت: محمد علي عوني)

٢/٢/٢- تاريخ السليمانية وانحاءها - بغداد؛ ١٩٥١. (ت: محمد جميل بندي الروژبياني)

٢/٢/٣- مشاهير الكرد وكردستان في العهد الاسلامي - ج١-٢ - بغداد؛ **١٩٤٥** و **١٩٤٧**. (ت: سانحة أمين زكي، محمد علي عوني)

٢/٢/٤- تاريخ الدول والامارات الكردية في العهد الاسلامي - بغداد؛ س١٩٤٥. (ت: محمد علي عوني).

محەممەد ئەمین زەکی لە ڕووی کۆمەڵییەوە، کابانی خۆی هەڵبژاردووە و یێکێک لە نەوەکانی (در. سانیحە)ی دانیشتووی بەغدادە ئەمین زەکی پیاوی گەورە و دانا و دانسقەی کورد و کوردستان لەوەتیی کۆچی ئەبەدییەوە تا ئێستە دەیان شیعر و گوتار و لێکۆڵینەوە و چەندین کۆڕی ڕێزلێنانی بەدوادا هاتووە...

شاعیری کورد عەبدوڕڕحمان بەگی بابان لێی گوتووە:

ئەی جەمالوددینی ئەفغان، ڕێزە چینی خوانی تۆ
وەی محەممەد عەبدە، عەبدی بارەگای عیرفانی تۆ
ئەی نیزامووددین لە ڕەئیا کەمترین دەربانی تۆ
وەی فەریدووددین لە عیلما تابیعی فەرمانی تۆ
تۆ مەسیح نیت، بەڵام ئاسارەکەت موعجیز نوما
کوردی زیندوو کردەوە، تەئریخی کوردستانی تۆ

محەممەد خاڵی زانا لە لاواندنەوەیدا گوتوویەتی: (ئەمین زەکیی یێکەمین کەسە کە شەهیدی نووسین و تەئلیف کردن بوو، دەست و پەنجەی کوول بوو، لەو ڕێیەدا سەری خۆی دانا!).

مەعرووف جیاووک لێی گوتووە: (ئەمین زەکیی بەگ نەک تەنها هەر موئەڕڕیخ بوو؛ کاتب بوو، ئەدیب بوو، شاعیر بوو، عەسکەر بوو، سیاسیی بوو... بەعیلم و ئەخلاق، بەمەزایاتی عالییەی، بەحیسسییانی ئینسانپەروەریی، بەرزیی و شەرەف مەقامێکی گەورەی هەبوو!).

شاعیر ئە. بێ. هەوری، لە شیوەنییدا گوتوویەتی:



بێ پشتیوان و بێ کەس بووین هەموان
ئیتر کەی، لە کوێ، کێ هەوڵ دا بۆمان؟

تۆفیق وەهبیی لێی گوتووە؛ (ئەمین زەکیی بەگ، پرشنگیی سلێمانییە، ڕۆڵەی کوردە، پێگەیشتووی عێراقە، بەڵام دەبێت بزانین کە ئەمین زەکیی بەگ، بەسروشتی مەزن، بەڕەووشتی پاک، بەکردەوەی چاک، بەتێکۆشینی بێ وچان، توانیی پیالەیێکی زانستییمان بۆ تێ بکات!).

در. کەمال مەزهەر ئەحمەد کردەوەی مێژووناسیی هەڵسەنگاندووە و نووسیویەتی؛ (بەهەر تەرازوویێ بەرهەمە نایابەکانی مامۆستا ئەمین زەکیی بکێشین و بەهەر پێودانێ بیانپێوین، گەیینە یێک ئەنجام؛ ئەمین زەکیی مێژوونووسێکی یێکجار گەورەیە... هیرۆدۆت و گویجاردینی و ئیبنوخەلدوونی کوردە).

نەوەی بەوەفای شەرەفخان و ڕابەری دڵسۆزی سەرتاپای مێژوونووسانی دوای خۆین و بەرهەمەکانی وەک خۆی ئاواتەخوازی بوو، بوونە؛ (سەبەبی تەشویقی قەڵەم بەدەستان و پێگەیشتنی کورد!).

ئەمین زەکیی تا دواهەناسە هەر جوامێر بوو... ببینە کە لە هەلێکدا، نەخۆشی و پیری دەستی ڕۆماتیزم بوو، هات بووە شەقڵاوە بۆ حەسانەوە، خۆی پێ نەگیرابوو، بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی پرۆژەیێ لەمەڕ یارمەتیدانی لێ قەوماوەکانی بوومەلەرزەی پێنجوین، دیدەنییەکی سلێمانیی کردبوو... ئا لە ئەم هەلەدا نەخۆش دەکەوێت، خوێنی پیس دەبێت و گورچیلەکانی دەوەستن و گیانی پاکی دەداتەوە بەخودای تاکی.

بەر لە مردنیشی وەسییەتی کردبوو، لەسەر کێلی گۆڕەکەی ئەم یادگارە هەڵبکەندرێت:

ئەگەر مردم و نەمدیی قەومەکەم سەربەرز و ئازاد
بزانن دەناڵێ ڕۆحەکەم تا ڕۆژی میعاد
دەبێ لاوانی کورد تێ بکۆشن
گەر ویستیان ڕۆحی من ببێ شاد!

## ❑ محەممەد تۆفیق ڕەشید(*)

(وردیی/ نووسەر. شاعیر. ڕۆژنامەڤان. فۆلکلۆرناس:
١٩٢٣ز. کۆیە - ١٩٧٥/١٢/٣ز. بەغداد)

بابی قەساب و باپیری فرمانبەرێکی بچووکی دارایی سەردەمی عوسمانیی و کوڕی فەرهاد ئاغای دیاربەکرییە. لە س١٩٣٠ز.دا چووەتە بەر (ق. س. کۆیە) و لە س١٩٣٧ز.دا بەر (ق. ن. کۆیە) و بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٤٠ز–١٩٤١ز.ش چووەتە بەر (ق. م. بەغداد) و لە بەهاری ١٩٤٤ز.دا بووە بەمامۆستا و لە پاییزی هەمان ساڵدا –بۆیێکەم جاری– لە (ق. س. تەقتەق) دامەزراوە. لە پاییزی س١٩٤٥ز.دا لەسەر جموجووڵی سیاسیی ڕاگوێستراوە بۆ (ق. س. قەڵادزە). لە سەرەتای س١٩٤٦ز.دا بەگیانێکی نەتەوەییەوە دەستی لە کار و فرمانی هەڵگرتووە و چووەتە پاڵ (کۆماری کوردستان – مەهاباد) و تێکەڵی ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە!

دوای جوانەمەرگیی کۆماری کوردستان، ناچار بووە و گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باشوور و لە «کۆیە»دا بێ کاروبار گوزەرانی کردووە.

لە س١٩٤٨ز.دا دیسان بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە، گیراوە و دوو ساڵ بەند بووە! دوای ئازادبوونی لە بەغداددا ماوەتەوە بەرەنجی شا ژیاوە و خەریکی ئەدەب و کەلەپووری کوردیی و چاپکردنی بەرهەمەکانی بووە، بەڵام لە س١٩٥٤ز.دا گیراوە و بەندکراوە و لە ئەم هەڵەشدا هاوسەرەکەی –فیریوی خواردووە– دەستبەرداری بووە. ئەمە بۆ (وردیی) چەشنی کارەساتێ بووە، بەڵام نەبەزیوە و پەیامی خزمەتی نەتەوەکەی بەرنەداوە.

دوای ١٩٥٨/٧/١٤ز خراوەتەوە ڕیزی مامۆستایی و هەر لە بەغداددا ژیاوە. لە هەمان هەلدا تێکەڵی ڕۆژنامەنووسیی بووە بەتایبەتی لە ڕۆژنامەکانی؛ (دەنگی کورد/ صوت الاکراد)، (پێشکەوتن/ التقدم)دا نووسەر بووە! بە ئەم جۆرە گوزەرانی کردووە، تا –بەنەخۆشییەکی کوتوپڕ!– کۆچی ماڵئاوایی کردووە و لە ئەو باژێڕەدا ئەسپاردەی خاک بووە!

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- هێندێ لە بڵاوکراوەکانی.
٢- کەریم شارەزا/ بەیان - تەمووز ١٩٨٨.
٣- ١/٨٩.



محەممەد تۆفیق وردیی؛ بیروباوەڕی نەتەوەیی ڕستگاریخوازی هەبوو، لە ئەو پێناوەدا چەند تووشی سزا و تاڵیی بوو، هەر سەرسەخت ژیا. لە پێشەوە بە (شیعر)ەوە خۆی نواندووە... یێکەم شیعری لە (دەنگی گێتیی تازە - ژ٥، شوبات ١٩٤٤ز)دا بڵاوکردووەتەوە! دواتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردیی، عەرەبیی؛ (ژین)، (الاهالي/ ئەلئەهالیی؛ بەغداد)، (شەفەق)ی کەرکووک، (دەنگی کورد/ صوت الاکراد)، (پێشکەوتن/ التقدم)، (هاوکاری)ی بەغدادا شیعر و گوتاری ڕۆشنبیریی بڵاوکردووەتەوە. هەروەها لە نێوان س١٩٦٠ز–١٩٦٧ز.دا لە ڕادیۆی کوردیی بەغدادا، –بەتایبەتی لەمەڕ کەلەپووری فۆلکلۆر– بەرنامەی هەبوو!

وردیی، لە هەمووان پتر پێشڕەوێکی فۆلکلۆرناسی کورد و ناسراو بوو، چارەکە سەدەیێ بە کۆ و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی سەزاریی کوردەوە، ماندوویێکی بێ وێنە بوو. زۆربەی چاپکراوەکانیشی بەکوردیی تا بەعەرەبیی لەمەڕ ئەو بابەتە بووە!

لێم ڕوون نییە نەوەی لەدوا بەجێ ماوە!!

چاپکراوەکانی:

١- کوردیی

١/١- حەسەن و مریەم - بەغداد؛ س١٩٥٥ز. (فۆلکلۆر)
١/٢- ناسر و مارمار - بەغداد؛ س١٩٥٥ز. (فۆلکلۆر)
١/٣- ئەنجامی داوین پیسیی - بەغداد؛ س١٩٥٦ز.
١/٤- ویستم ژن بێنم - بەغداد؛ س١٩٥٦ز.
١/٥- دەنگی جەزائیر - بەغداد؛ س١٩٥٧ز.
١/٦- سەرەتایێک لە مێژووی کورد - بەغداد؛ س١٩٥٧ز. (وەرگێڕاندن)
١/٧- گوڵی ناکام - بەغداد؛ س١٩٥٧ز. (شیعر)
١/٨- شۆڕشی چواردەی تەمووز - بەغداد؛ س١٩٥٨ز.
١/٩- خانزاد و لەشکریی - بەغداد؛ س١٩٦٠ز. (فۆلکلۆر)
١/١٠- قەڵای دمدم - بەغداد؛ س١٩٦٠ز. (فۆلکلۆر)
١/١١- چوونی بارزانیان بۆ سۆڤیەت - بەغداد؛ س١٩٦١ز.
١/١٢- فۆلکلۆری کوردیی - ب١ - بەغداد؛ س١٩٦١ز.
- ب٢ - بەغداد؛ س١٩٦١ز.

- ب٣ - بەغداد؛ س١٩٧١ز.

١٣/١- مامە یارە - بەغداد؛ س١٩٦١ز.

١٤/١- بانگی کوردستان - بەغداد؛ س١٩٧٠ز.

١٥/١- مەلا ئاوارەی قارەمان - نەجەف؛ س١٩٧٢ز.

١٦/١- چیرۆک بۆ شانۆ - بەغداد؛ س١٩٧٣ز.

١٧/١- هەندێ لە بەیت و هەڵبەستەکانی عەلی بەردەشانیی - نەجەف؛ س١٩٧٣ز. (فۆلکلۆر)

١٨/١- کەرِ بازار - نەجەف؛ س١٩٧٤ز.

**٢- عەرەبیی**

**١/٢- منتخبات من قصائد الشاعر فيكتور هيجو - بغداد؛ ١٩٥٥.**

**٢/٢- من روائع الادب الكردي - بغداد؛ ١٩٥٦.**

**٣/٢- القصة والاساطير في الادب الكردي - بغداد؛ ١٩٥٦.**

**٤/٢- لمحات من الادب الصيني - بغداد؛ ١٩٥٧.**

**٥/٢- الاكراد الفيليون في التأريخ - بغداد؛ ١٩٥٧.**

**٦/٢- تلألأ النور بين الظلام - بغداد؛ ١٩٥٨. (ترجمة)**

**٧/٢- الاكراد في الاتحاد السوفيتي - بغداد؛ ١٩٥٩.**

**٨/٢- كردستان المناضلة - بغداد؛ ١٩٥٩.**

**٩/٢- بحث ودراسة عن الفولكلور الكردي - بغداد؛ ١٩٦٢.**

**١٠/٢- قصائد رائحة للشاعر الالمانيين شيلر وغوته - النجف ١٩٦٤. (ترجمة)**

**١١/٢- قصص شعرية كردية فولكلورية - بغداد؛ ١٩٦٥.**

**١٢/٢- اقاصيص شعبية كردية - النجف؛ ١٩٧٠.**

**١٣/٢- صفحات من نضال الشعب الكردي في ايران - بغداد؛ ١٩٧١.**

**١٤/٢- قافلة الشهداء الاكراد والشعوب الايرانية - بغداد؛ ١٩٧٢.**

**١٥/٢- مدينة كويسنجق والمصطلح الاجتماعي - بغداد؛ ١٩٧٢.**

**١٦/٢- مذكراتي الصحفية - بغداد؛ ١٩٧٣.**

**١٧/٢- نوروز وثورة كاوة الحداد - النجف؛ ١٩٧٣.**

**١٨/٢- من هو الفيلسوف وماذا يريد من الحياة - بغداد؛ ١٩٧٣.**

**١٩/٢- نماذج من التراث الشعبي الكردي - النجف؛ ١٩٧٥.**



## ❑⊖ مەلا محەممەد جەمیل مەلا ئەحمەد ڕۆژبەیانیی بەکر بەیداخدار(*)

(ج. ب. ڕۆژبەیانیی - مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی/ لێ کۆڵی مێژوو:
س١٩١٠ز. گوندی فەرقان - ئاوایی قەرەحەسەنی کەرکوک -
٢٦/٢٧/٣/٢٠٠١ بەغداد)

دایکی زەهرەی کیژی حەسەنە

سەرەتای خوێندنەوە و نووسین لە باپیەوە فێر بووە، دوایی بۆ دەستگیرکردنی زانستەکانی ئایین ڕووی لە کەرکوک، پردێ، هەولێر کردووە تا لە نێوان ١٩٣٥ز-١٩٣٧ز.دا لەلای مەلا ئەحمەد سوهەیلی بێوژیی موفتیی نێوچەی کەرکوک دەستگیری کردوون، دوایی گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووک و درێژەی بەخوێندن داوە تا ئیجازەی زانستیی لەلایەن مامۆستا و زانا شێخ ڕەزای واعیزەوە پێ براو. دواتر چووەتە «کفریی» و بووەتە پێشنوێژی ڕۆژانی هەینیی و مامۆستای حوجرەی مزگەوتێ بۆ دەرز گوتنەوە.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیی خاوەندی هۆش و بیری کوردایەتیی؛ گەلێ جار تووشی گرتن و ئاوارەبوون بووە. بۆ وێنە لە س١٩٤١ز.دا گیراوە و لە بەندیخانەی «عیمارە»دا توندکراوە. ئەوجا ناچار کراوە «بەسرە»نشین بێت کە دوو ساڵ -وەک گوتاربێژی مزگەوتێ- تێیدا ژیاوە. لە س١٩٦١ز.دا چووەتە چیا و پاڵ شۆڕشی کوردەوە، بەڵام لە س١٩٦٤ز.دا -وەک لایێنگیرێکی مەکتەبی سیاسیی پ.د.ک- ناچارانە ڕووی کردووەتە ئێران و تا ساڵی ١٩٧٩ز. تێیدا ماوەتەوە کە لە ڕایێڵەیدا -بەنێوی شاهۆوە- قسەزان و گوتاربێژی (ڕایۆی کوردیی کرمانشا) بووە. هەروەها هێندێ لێکۆڵینەوەی کوردیی بەفارسیی بۆ هێندێ گۆڤار و ڕۆژنامەش نووسیوە. لە س١٩٧٩ز.دا گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد لە (دەزگەی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق)دا بە «ڕاوێژکار» دامەزراوە و خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی زانست لە (کۆڕی زانیاریی عێراق - دەستەی کورد)دا: ئەو کە وێرای کوردیی، زمانەکانی فارسیی و عەرەبیی و تورکیی باش زانیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەک (دەنگی گێتیی تازە، ژین، هەولێر، گەلاوێژ، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی - دەستەی کورد، کاروان، ڕۆشنبیری نوێ، بەیان، ڕەنگین، هاوکاریی)دا لەمەڕ

---

(*) سەرچاوە:

١- گۆڤاری: بەیان - مارت ١٩٨٧ز

٢- ڕۆژنامەی: الاتحاد - ژ٤١٥، ٤١٦، ٦/٤/٢٠٠١ [دوو گوتاری: حەسەن مەحمود حەمە کەریم، غەفوور ساڵح عەبدالله].

لایێنەکانی ڕۆشنبیریی گشتیی و بەتایبەتی مێژوو، گوتاری بەنرخی بڵاوکردووەتەوە. هەروەها لە ڕۆژنامەی عەرەبیی (ئەلئەهالیی/ الأهالي)ی بەغداددا و گۆڤار و ڕۆژنامە فارسییەکانی تاراندا (میهر/ مهر) و (خاک و خوێن/ خاک و خون) و (گۆڤاری کۆنگرەی لێکۆڵینەوەی ئێرانیی) لێکۆڵینەوەی بەفارسیی بڵاوکردووەتەوە! ئەندامی هەردوو کۆڕی زانیاریی عێراق و کورد، ئەندامی کۆمەڵی مێژووناسانی عێراق بووە و لە س١٩٩٣ز.دا یێکیەتیی مێژووناسانی عەرەب، نیشانێکی زانستیی خۆی خەڵات کرد. چەند جارێ کتێبخانە و دانراوەکانی سووتاوە و تاڵان کراوە[١]. لە بەندیخانەکانی عێراقیشدا (شەرەفنامە، تەئریخی وڵاتی سلێمانیی، یاداشتی ڕەفیق حیلمیی) لە فارسیی و کوردییەوە گۆڕیوە بۆ عەرەبیی.

ڕۆژبەیانیی لە س١٩٨٠ز.دا ژنە ئازەرییەکی بەهاوسەری هەڵبژاردووە و دوایی جوێ بوونەتەوە و وەجاخیشیان ڕوون نییە.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیی کورد و زانستپەروەر، ڕۆشنبیری گەورە و لێ کۆڵی مێژووی کورد لە ڕۆژی نیشاندراو و بەغدادی پێتەختدا و لەماڵی خۆیدا، نامەردانە بەچەقۆی پیاوکوژەکانی بەغداد کوژرا و چووە ڕیزی شەهیدانی گەل و نیشتیمان و زانستەوە!

چاپکراوەکانی [بەشێوەی کتێب و گوتاری نێو گۆڤار و ڕۆژنامەوە!]

١- کوردیی

١/١/١- فەرمانڕەوایی شوانکارە لە هەرێمی فارس و ئیسفەهان [گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - ژ٨]

١/١/٢- خانەقین لە مێژوودا - س١٩٨٨. [گۆڤاری کۆڕ - ژ١٨ و ١٩]

١/١/٣- دەینەوەریی و عەیاریی - س؟ [گۆڤاری کۆڕ - محەممەد مەلا کەریم کردوویەتی بەعەرەبیی]

١/١/٤- فەرمانڕەوایی موکریان - س١٩٩٢ز. هەولێر.

١/١/٥- فوتووح سەوادولعێراق/ فتوح سواد العراق - س؟ [لە عەرەبییەوە].

١/١/٦- هەردوو دەوڵەتی حەسنەوییە و عەریاریی - س١٩٩٦ز. بەغداد.

١/١/٧- سیراجوسالکین/ سراج السالكين - س١٩٩٨ز. هەولێر.

١/١/٨- چوار دەوڵەتی کورد/ اربع دول كردية - س٢٠٠٠ز. هەولێر.

١/١/٩- پێشەکیی ئیدریس بەلیسیی بۆ دوو دیوانی دوو شاعیری کورد - س؟ [لە تورکییەوە]



٢-عەرەبیی

٢/١/١٠- شرفنامە - س١٩٥٣ [لە فارسییەوە].

٢/٢/١١- تأريخ السليمانية وانحاءها - س١٩٥١ [لە کوردییەوە].

٢/٣/١٢- مذكرات رفيق حيلمي - س١٩٥٧ [لە تورکییەوە].

٢/٤/١٣- الرسائل المقدسة لسليمان توفيق - س١٩٦٣ [لە تورکییەوە].

٢/٥/١٤- داقوق/ داقوقاء في التاريخ - س١٩٨٣ [گۆڤاری کۆڕ - ژ١٠].

٢/٦/١٥- مذكرات مأمون بيگە بگ - س١٩٨٠ [لە تورکییەوە بەهاریکاریی شوکور مستەفا]

٢/٧/١٦- بندنجين/ مندلي - س١٩٩٢ [گۆڤاری کۆڕ].

٢/٨/١٧- عقرة في التأريخ - س١٩٩٢ [گۆڤاری کۆڕ - ژ٢٣ و ٢٤].

٢/٩/١٨- بغداد الجنة العامرة - س؟ [لە تورکییەوە].

٣-فارسیی

٣/٢/١٩- فرمانڕەوایی بنی عیار در غرب ایران [گۆڤاری کۆنگرەی چوارەمی تەحقیقاتی ئیرانیی - ژ٢ی ساڵی ١٩٥٣، لاپەڕە: ٩١-١١٣].

٣/٢/٢٠- قبیل جاوان [هەمان گۆڤاری کۆنگرەی حەوتەم - ژ٤ی ساڵی ١٣٥٧، ل٢٣٧-٣٦٠].

٣/٣/٢١- حلوان از قدیم تاویرانی [هەمان گۆڤاری کۆنگرەی هەشتەم - ژ١ی ساڵی ١٣٥٧، ل٣٢٠-٣٦٣].

٣/٤/٢٢- مارت و فرمانڕەوایی دنبلیان در بتریز و مناطق اربعە [هەمان گۆڤاری کۆنگرەی شەشەم - ژ٢ی ساڵی ١٣٥٧، ل٣٥٢-٣٧٧].

(١) چەند جاری بۆ یادگاری نامەکاریی ڕووم لێ نا و وەڵامی ئەوە بوو کە زۆری هەبووە و لە سووتاندن و تاڵانکردنی کتێبخانیدا لە دەست چوون!

## ⊖ سەیید محەممەد ڕەشید سەیید حەسەن سەیید عەلیی(*)

(سەیید ڕەشید/ شەهید – چاوەش... ئەدیب، شاعیر: دەوروبەری ١٢٤٠ک.خ/١٨٦٢ز – ١٣١٥ک.خ/ س١٩٣٧ز. گوندی بورهان/ کوردستانی خۆرهەڵات!)

لە سەییدەکانی ئاوایی «زینووی شێخ»ی و خەڵکی «دوو ئاوان»ی نێوچەی شنۆیە.

دایکی ڕابیعەی نێـو بووە. بابی کە شەش کوڕ و کیژێکی هەبووە و لەبەر گوزەران لە ئاوایی خۆی ڕاوە باری کردووە بۆ گوندی «نەڵۆس»ی هەمان نێوچە و هێور بووە، تێیدا نیشتەجێ بووە، لە ئەوێدا پیرۆت ئاغای مامەش و کوڕە گەورەکەی محەممەد ئاغا، بوونەتە ئاشنای و لە دەروازەی (شێخ شەمسوودین بورهان)یان نزیک کردووەتەوە.

سەیید ڕەشید چونکە مێرمنداڵێکی هۆشیار و زیرەک و لێهاتوو بووە، هەر زوو سەرنجی بابی ڕاکێشابوو، کاری تێ کردبوو کە زوو بیخاتە بەرخوێندن و بەردەستی مەلایانی مزگەوتان!

بە ئەم پێیە، سەیید ڕەشید خوێندنی سەرەتایی بەشێوەییێکی باوی ئەو ڕۆژگارانە، دەست پێ کردووە. سەرەتا (قرآن) و وانە یێکەمەکانی ڕێزمانی عەرەبیی و هێندێ کتێبی وردەی وەک؛ (گوڵستان)ی سەعدیی و (بوستان)ی حافزی شیرازیی، هەروەها هێندێ دانراوی گەورە و ئەدیبەکانی فارسیی بەخێرایی خوێندووە و ئاشنایان بووە. بەرەبەرەش پێگەیشتووە تا –بۆ وەرگرتنی زانستە ئیسلامییەکان– خولیای گەڕان بووە بەنێو فێرگە نزیک و دوورەکانی کوردستانی خۆرهەڵات و کوردستانی باشووردا. لە ئەم سووڕاندنەوەدا، لە بازێڕی مەهابادا چاکە و هونەری ئەدیبانی ئەوێ ڕای تووش بوو کە گەلێکیان شاگرد و لایێنگری (شێخ شەمسوددین) بوون!

هاوەڵیی لەگەڵ ئەو دڵپاکانە، باری خۆش کردووە تا لە ئاوایی «شەرەفکەندی»یدا بەدیمانەی (شێخ)ی نێوبراو شاد بێت و هەوای ڕێبازی (نەقشبەندیی) بەر بکەوێت.

چونکە زمانپاراو و ڕەوانبێژ بوو؛ (شێخ) ناسنێوی (چاوەش)ی بەسەردا بڕیی، کە ئەو تا ئەو هەلە، لە شیعر چریندا ناسنێوی (شەهید)ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو.

---

(*) سەرچاوە:
١- ٧٥/١.
٢- ١٥٥/٤/٣.



ئەوێ دەمێ سەیید ڕەشید هێشتا خوێندنی تەواو نەکردبوو، بۆیێکا دوای ماوەیێ حەوانەوە، دووبارە چاوی بڕییەوە خوێندن بۆ ئەمەش ڕووی لە دەوروبەری بازێڕۆکی «سەقز» کرد تا لەسەر دەستی شاعیری بەنێوبانگ؛ مەلا ساڵحی ناسراو بە (حەریق: س١٨٥١ز–١٩٠٩ز)دا، پتر بخوێنێت. دوای ئەویش چووتە بەردەستی مەلا حسێنی سەقزیی لە مەهابادا!

ئەو کە لە ئەم هەلانەدا ژینی خۆی بۆ فێربوون و خوێندنی زانستەکان دانابوو، کەسانێکی ناحەز و دڵپیس، خراپ لێیان خوێندبوو، گۆیا بۆ کاروباری بێ هوودە و لابەلایی، نەک بۆ خوێندن، ژین بەسەر دەبات.

ئەم تەواتیرە کەوتووەتەوە بەر گوێی (شێخ) و ئەویش ماوەیێ لێی زیز دەبێت، تەنانەت ڕێگەبڕیی لێ کردووە بچێتە دیدار و کۆڕیەوە!!

ئەم باسە بۆ سەیید ڕەشید گەلێ تاڵ و تفت بووە و ناچار لە گۆشەیێکی خانەقای شێخدا، ڕۆنیشتووە و ڕۆژگاری خەمباریی ڕابواردووە بەشکو بە ئەوێ گۆشەگیریی و چاوەنۆڕییەوە سەرنجی (شێخ)ی ڕابکێشێت و دڵی پێ بسووتێت و لەگەڵی بەخشندە بێت... بەڵام ئەوەیشی بێ سوود بووە. جار ناجار، چەند بەیتە شیعرێکی (فارسیی) بۆ شێخ دەنووسێت و بەدۆستێکدا بۆی دەنێرێت کە تێیدا داوای لێبوردنی کردووە.

شێخ شەمسوددین کە بەیتەکانی دەگاتە دەست، سۆزی دەجۆشێت و دڵی نەرم دەبێت و بە (چەند مەرجێ) دەیبەخشێت کە؛ دەست هەڵگرتن لە خوێندن، ژن نەهێنان، چا نەخواردنەوەنە!

سەیید ڕەشید تا دوا تروسکایی ژینی، مەرجەکانی بردە سەر بەڵام بۆ دەست هەڵگرتن لە چاو جگەرە، ناتوان بوو! دوای گفت دان، ڕووی کردووەتە کۆڕی (شێخ) و لە بارەگەی خانەقادا جێگەی خۆی گرتووە. ڕەووشتی بەرزی –تا مردن– کارێکی کرد کە ببێت بەخانەقانشین و نووسەری تایبەتی (شێخ) و کلیل هەڵگری!

سەیید ڕەشید، وێڕای ڕێباز و ڕەوشتی، زمان شیرین، نوکتەگۆ، دەنگ خۆش، ژینێکی سادە و هەر سەرگەرمی خزمەتی (ڕێبازە)کە و خانەقای شێخی بووە. چاوی لە ماڵ، سامان، خۆشگوزەرانیی نەبووە! لەلای مامۆستا، زانا، سەرخێڵەکان و خەڵکییش –دوای کۆچی شێخیش– هەمیشە ڕێزدار بووە... جلکێکی سەییدانی پۆشیوە و کەسێکی ڕوخسار جوان و پاکیژ و ڕووناک بووە. نزیکەی پەنجا ساڵی تەمەنی لە ئەو بارەگەیە و پێناوەدا ڕابواردووە... کە کۆچی ماڵئاواییشی کردووە، هەر لە گۆڕستانی (شێخ) و بەدووریی چەند مەترەیێ لە مەزاریەوە، لە گوندی بورهاندا ئەسپاردەی خاک کراوە!

سەیید ڕەشید ئەگەرچیی بەدنیای سۆفیان ڕانەگەیشتووە، شاعیر و نووسەرێکی توانا بووە لە فارسیی و کوردییدا. شارەزای زمان و ئەدەبییاتی کوردیی، فارسیی، عەرەبیی بوو. وێڕاش – دیوانی شیعری کۆنەکراوە– بەکوردیی و فارسیی لە بواری شیعردا بەنێوبانگ و لە (قرآن) خوێندنەوەدا دەنگ خۆشێکی بەرزەفڕ بووە. دەشڵێن تا دەمەو کوژاندنەوەی چرای ژینی، ئەوجا (قرآن)ی لەبەر کردووە.

سەیید ڕەشید؛ غەزەل، چامە، دوو تاکیی، چوار خشتەکیی، پارچە تەرجیع بەندی بەنرخی هەیە[1].

سوپهەروددینی نووسەر و بڵاوکەرەوەی ژین ونامە و شیعری، پتر باسی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: سەیید محەممەد ڕەشید، پتر بە (سەیید ڕەشید) ناسراو بوو!

### ❑ محەممەد ڕەشید خان قادر خانی شێوە گوێزانیی!

(حەمە ڕەشید خان/ هاریکاری کۆماری کوردستان)

لە خانەدانێکی ناسراوی کوردستانی خۆرهەڵات – نێوچەی بۆکانە.

چەند جار لە ڕووی حوکوومەتی ئێرانی داگیرکەر هەڵگەڕاوەتەوە، گیراوە، ئاوارە کراوە، تەنانەت لە عێراقیشدا دەستبەسەر بووە، لە ڕاپەڕینی ڕەشید عالیی گیلانیی عەرەبدا – س١٩٤١ز، لە بەغداد ڕاوە خۆی قوتار کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ باژێڕی بانە.

لە کۆماری کوردستاندا هاریکاری و پلەی ژەنەراڵ مایۆر بووە. نێوچەیێکی گرنگی سەرپەرشتی کردووە.

بەر لە ڕمانی کۆمار، دەستی لێ هەڵگرتووە و جویێ بووەتەوە. لە ئەم بارەیەوە بیروڕا چوون یێک نییە؛ هەیە دەڵێت کە ئەوەی بەفیتی ئینگلیز بووە، بەڵام سەرچاوەیێکی بێ لایێن، یان بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو بەدەستەوە نییە پشتی ئەو تۆمەتە بگرێت!![1]

نەوە و وەچەی بەژیانەوەن!

---

(١)مخابن من هەر هێندە ژیننامەیم پێ زانیوە.



### ❑ محەممەد ڕەمزی مەلا مەعرووف سەیید ڕەسووڵ[*]

(ڕەمزیی مەلا مارف/ شاعیر: س١٩٠٢ز.

سلێمانیی – ١٩٧٦/٧/٢٧ز. سلێمانیی)

بابی –مارفە شەل– قازیی سلێمانیی بووە. لە دایکەوە کچەزای موفتیی مەلا ئەمینی چاوماره. شەش ساڵان بووە چووەتە بەر خوێندنی فێرگەی مەلا سەعیدی زەڵزەڵە و (قرآن)ی تەواو کردووە. بەرەبەرەش کتێبە وردەکانی فارسیی (سمایيل نامە، گولستان، بوستان)ی سەعدیی و دیوانەکەی خواجە حافیزی شیرازیی خوێندووە. دوایی چووەتە (ق. ر. س. سلێمانیی) و سێ ساڵی تێدا خوێندووە –تا پۆلی چوار– و تەواوی نەکردووە و چووەتە فێرگەکانی ئایینیی... وێ دەچێت لەبەر قەوماوەکانی (١. ج. گ) بەپلەیێکی زانستیی ڕانەگەیشتبێت!

ئیدی چووەتە کۆڕی کار و فرمانەوە... لە ١٩٢٧/٩/٦ز.دا بەمووچەی «نەوەد» ڕوپییە لە قەزای هەڵەبجەدا بووە بەباجگری دارایی. لە ١٩٢٧/١١/٦ز.دا لەسەرکارەکەی جێگیر بووە. لە ١٩٢٨/٣/٢١ز.دا ڕاگۆستراوەتەوە بۆ ئاوایی «خورمال» و تا ١٩٢٨/١٠/٦ز ئەرکی

---

سەرچاوە و تەماشاکراو[*]:

١- بەڵگەنامەی ڕەسمیی/ حاڵنامەی کار و فرمان: ژ١٨٤٧٨ی ١٩٥١/٨/٢٨. پارێزگەی سلێمانیی – س١٩٨٥ز (فۆتۆکۆپی کراوم!).

٢- نامەیێکی ڕەسمیی ڕێبەرایەتیی بەلەدییاتی سلێمانیی؛ ژ٣٠٣٦ی ١٩٦٠/٦/٢٢. پارێزگەی سلێمانیی – س١٩٨٥ز. (فۆتۆکۆپی کراوم).

٣- دیمانەیی ڕادیۆییم لەگەڵی؛ ١٩٧١/٨/٢٠، سلێمانیی – ماڵی خۆی. هەروەها دیمانەی سینەمەیی بۆ تەلەفزیۆن؛ ١٩٧٢/٢/١ز. سلێمانیی. هەروەها بڵاوکراوە، لە: کاروان – س٢، ژ٢٤، ئەیلوول ١٩٨٤ز.

٤- ٢١/١؛ ج٢.

٥- ڕۆژنامە و گۆڤارە نێوبراوەکان.

٦- هێندێ پرس و ڕام بە (فەوزیی) کوڕیی.

*(*) ئەم ژیننامەیە بۆیێکا ورد ڕێکخست چونکە هێشتا دیوانی چاپ نەکراوە و وێڕاش لەلاییێکەوە لێکۆڵینەوەی کەمی بەرەو ڕوو کراوەتەوە!*

بەجێ هێناوە! لە نێوان ٨/ ١٠/ ١٩٢٨ز–١٩٣٠/ ٥/ ٧ز.دا لە ئاوایی قەرەداغدا هەمان ئەرکی ڕایی کردووە. لە نێوان ٨/ ٥/ ١٩٣٠ز – ٦/ ١٢/ ١٩٣٠ز.دا بەهەمان کار و فرمانەوە لە سلێمانییدا بووە. لە نێوان ١٧/ ١٢/ ١٩٣٠ز – مایسی ١٩٣١ز.دا بەهەمان کارە و لە قەزای شارباژێڕدا بوو. لەدوا مێژووشەوە تا ٢/ ١٢/ ١٩٣١ز. نووسەری دووەمی دەزگەی داهاتی سلێمانیی بووە. لە نێوان ١٥/ ١٠/ ١٩٣٢ز–١/ ٤/ ١٩٣٣ز.دا بەمووچەی «دینار و نیو» یاریدەری چاودێری دەزگەی ئیستیهلاکی سلێمانیی بووەە. لە ١٦/ ٩/ ١٩٣٨ز.دا بەهەمان کار و مووچەی «هەشت دینار»ەوە ڕاگوێستراوە بۆ هەڵەبجە. لە نێوان ١٧/ ٩/ ١٩٣٤ز–٢٧/ ٧/ ١٩٣٥ز.دا کارگێڕی مەڵبەندی ئیستیهلاکی سلێمانیی بووە، لە نێوان ٢٨/ ٧/ ١٩٣٥ز–٨/ ٦/ ١٩٣٦ز.دا –بەمووچەی دە دینارەوە– نووسەری دارایی داهاتەکانی سلێمانیی بووە! لە نێوان ٨/ ٦/ ١٩٣٦ز–٨/ ٤/ ١٩٣٨ز.دا ڕێبەری دارایی سلێمانیی بووە، لە نێوان ٢٨/ ٩/ ١٩٤٠ز– ٣٠/ ٦/ ١٩٤٢ز.دا ڕێبەری دارایی قەزای هەولێر بووە. لە ١/ ٩/ ١٩٤٣ز.دا مووچەکەی بووە بە«پانزە» دینار و لە ٣/ ٩/ ١٩٤٤ز–١٧/ ١٠/ ١٩٤٧ز.دا وردبین –مودەقیق–ی داهاتی هەولێر بووە؛ لە نێوان ١٨/ ١٠/ ١٩٤٧ز– ٣٠/ ١١/ ١٩٥١ز.دا –بەمووچەی هەژدە دینارەوە– هەمان کاری لە هەمان شوێندا بەجێ هێناوە. دوای ماوەیێ ڕاگوێستراوە بۆ مووسڵ و بەغداد و کەربەلا تا لە نێوان ٢/ ٧/ ١٩٥٣ز–١٨/ ١١/ ١٩٥٤ز.دا –بەمووچەی بیست و پێنج دینارەوە– بووەتەوە بەکارگێڕی ئەملاکی سلێمانیی. لە نێوان ٢١/ ١/ ١٩٥٤ز–٣/ ١٠/ ١٩٥٥ز.دا –بەمووچەی سیی دینارەوە– ڕێبەری لیژنەی ئیدارەی دەزگەی ئاو و کارەبای سلێمانیی بووە! لە ٣/ ١٠/ ١٩٥٥ز–٢/ ٥/ ١٩٥٧ز.دا –بەمووچەی سیی و پێنج دینارەوە– ڕێبەری هەمان لیژنە بووە. لە ١/ ٦/ ١٩٥٦ز–٢/ ٩/ ١٩٥٧ز.دا ڕێبەری کارگێڕیی بەلەدییەی سلێمانیی و لە ٥/ ٧/ ١٩٥٧ز.دا –لە تەمەنی پەنجا و شەش ساڵاندا– خانەنشین کراوە، بەڵام جارێکی دی چونکە تەمەنی بەبەرەوە مابوو، خێزاندار بوو، لە ٢٤/ ١٢/ ١٩٥٨ز.دا خراوەتەوە سەر کار و وەک فرمانگێڕێ دامەزراوەتەوە! لە ٢٥/ ٢/ ١٩٥٨ز.دا –مووچەکەی سیی و حەوت دینار بووە و گەیشتووەتە پەنجا دینار– ڕێبەری دەزگەی ئاو و کارەبای سلێمانیی بووە و لە ٢٥/ ٤/ ١٩٦١ز.دا –بەمووچەی پەنجا و دوو دینارەوە– خانەنشین بووە تا دوارۆژی – بەنەخۆشیی شیرپەنجەی قورگ مردووە– هەر سلێمانیی نشین بووە! (ئەمیش وەک شاعیر عەلی کەمال باپیر ئاغا/ کەمالیی، زۆر جگەرەکێش بووە!).

محەممەد ڕەمزی لە ساڵی ١٩٦٣ز.دا حەجی کردووە... لە ڕووی کۆمەڵییشەوە «دوو»



هاوسەری هەڵبژاردووە و حەوت کوڕی ژیری بووە؛ جەمال –لە جەنگی عێراق و ئێراندا لە بەغدادا منداڵ و کابانی بەر پەلاماری فڕۆکەی ئێران کەوتن هەموو شەهید بوون– کەمال، عومەر، شەهاب، جەناب، فوئاد، فەوزیی!

لە ڕووی تێکەڵیی کۆمەڵیی و سیاسییەوە، ئەندامێکی کۆنی (پ. هیوا) بووە!دوای س١٩٥٨ز، ئەندامی کۆمەڵی ئاشتیخوازان، ئەندامی یێکیەتیی نووسەرانی کورد – س١٩٧٠ز بووە.

لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەتەنێ شیعری لە (پەیام، ژیان، ژین)دا بڵاوە. دیوانی شیعری –تا س١٩٩٨ز– چاپ نەکراوە!

وردبوونەوە لە خۆی و شیعری کە غەزەل، ستاییش، نیشتیمانیی و نەتەوەیی گرتووەتەوە، لەلای ڕەفیق حیلمیی ڕەخنەگری ئەدەبی کوردیی بەجۆرێ لێی گوتراوە؛ (لەسەر سنووری بوێژەکانی دەوری کۆن و تازە دایە. نە پشتی کردووەتە تازە، وە نە ڕووی لە کۆن وەرگێڕاوە. لەگەڵ ئەمەش دەبێت بەتازەپەرست، واتە بەموتەجەدید بدرێتە قەڵەم!)

خۆی لە گفتوبێژێکیی ڕادیۆیی، بۆ منی گێڕاوەتەوە: (ئەویی تەئسیری تێ کردبم، شیعری ئەمانەیە؛ سەعدیی، حافیز، بێ دل! لە هاوعەسری خۆشمدا؛ پیرەمێرد، بێخودی خالم، زیوەر! لە کۆنەکانیشدا حاجیی قادری کۆیی، نالیی، سالم، کوردیی!).

لە ڕووی هەستی نەتەوەیی و هیوایەوە، پتر بۆ منی گێڕایەوە؛ (من کوردم و هەر بەکوردیی بووم و بەکوردیی دەژیم و بەکوردیی دەڕۆم! خولیای ئەووەڵ و ئاخیرم ئەمەیە؛ خوا میللەتەکەم پێ بگەیێنێت و بێتە ڕیزی میللەتان و بن بەپیاو! یێک بن، یێککەوین... ئەمە هیوای ئەووەڵ و ئاخیرمە!).

☼ ❑ **محەممەد ساڵح سەعید**(*)

(حەمە ساڵح زەنگەنە/ ڕۆشنبیر: ٩/١١/١٩٠٦ز-١٩٩٤ز. سلێمانیی).

خوێندنێکی باڵای نییە و -لە تەحسیلاتدار- باجگری داراییەوە بەژیری خۆیەوە پێگەیشتووە تا لە نێوان ٢/٤/١٩٣٥ز-٣١/٢/١٩٦٤ز.دا فەرمانگێڕێکی دیاری کومپانیای نەوتی کەرکوک -سەرپەرشتی فرۆکەخانەی ئینگلیزەکان- بووە و لەدوا مێژووشدا خانەنشین بووە و لە س١٩٧٢ز.دا هاتووتەوە بۆ سلێمانیی و خانووی تێدا دروست کردووە!

لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە -وەک بیستوومە لە ڕیزی ئەو شاگردانە بووە کە لەبەردەستی هۆڵت Holtی ئەفسەری بریتانیاییدا فێری ئینگلیزی بووە - زمانەکانی تورکیی، فارسیی، عەرەبیی، ئاسووریی ئینگلیزی زانیوە.

دەفتەرێکی یادگار و بەجێ ماوی کۆمەڵێ شیعری کۆمەڵیی و ئەوینیی و نیشتیمانیی خۆی و شاعیرانی کورد و بێگانە و کۆمەڵێ بیرەوەریی و قسەی خۆشی تێدا کۆکراوەتەوە و خۆیشی لە خۆی گوتووە؛ (من خۆم بەشاعیر وەیا بەموغرەمولئەشعار دەزانم! شیعری بەرزی پڕ مەعنای پڕ فەلسەفەی شوعەرا زۆر ئەهمییەتی پێ دەدەم). هەرچۆنێ بێت، ئەمە دوو وێنەی شیعری ئەوە:

-١-

دڵم هەر وا لەلای تۆ یاری هاودەم
هەناسەم دێتەدەر جارجارە کەم کەم
بەدڵتا قەت نەیێ بێ تۆ ژیانم
دەبا بۆ خۆی بلێ ئەغیار و مەحرەم
وەرە مەردی خوابە و خێری مردووت
بەخێوم کە بەماچی زوڵف و پەرچەم
دەمم تەرکە بەشیری مەمکەکانت
کە تۆ عاشق کوژی، سەییادی ئەعزەم
تەسەللام دێ بەسەیری قەدد و باڵات
ژیانم خۆش دەبێ خۆمت کە لێ خەم
بەجوانیی تۆ قەسەم ئەی شۆخی شیرین
فیداکار و موتیعی تۆم هەتاکو هەم

(زەنگەنە: س١٩٥٥ز)

-٢-

(بۆ دلاوەرانی ئازادیخوازی کوردی عەزیز!)

لە جەهد و جان نسارییدا          لە عومری هەرزەکارییدا
لە بەحری زانیارییدا          لە ئەوجی کارگوزارییدا
دڵت داییم پەڕۆشی خاک و خوێنت بێ!
لە گفتار و لە ڕەفتارا          لە هات و چۆی دەروشارا
لە یادی عومری پار و پیرارا          لە بەزمی یاری چاو خومارا
دڵت داییم پەڕۆشی حاڵ و ماڵت بێ!
لە خۆشیدا و ئەگەر ناکام          لە جێدا بی، زەلیلی زام
لە کۆڕی بەزم و بادە و جام          بەئارام یاخو بێ ئارام
دڵت دائیم پەڕۆشی کوردەکانت بێ
هتد...

(زەنگەنە...)

لە ڕووی کۆمەڵییەوە لە ٢٦/٦/١٩٢٦ز.دا و لە خانەدانێکی بانەیی و لە پێنجوێندا (ناهیدە ئەمین)ی بەکابانی هەڵبژاردووە... پێنج کیژ و دوو کوڕی؛ نزار، ڕووناک، گێلاس، ئەلماس، جوان، ئاواز، هاوڕێ کە ئەمانیش نەوەیان لێ کەوتووتەوە.

حەمە ساڵح زەنگەنە -وەک بیستوومە- ڕووخۆش و نوکتەگۆ، هەروەها شەیدای ڕاووشکار و وێنەگرتن و گۆرانیی و مۆسیقە بووە و دۆستێکی زۆری هەبووە. وێ دەچێت کار و فرمانەکەیشی نێوبانگی پێدا بێت! بەهێندێ یاداشتی خۆیدا وێ دەچێت کە چاوی لە چاکە و پیاوەتیی بووە! بەپێی هێندێ قسەوباسی خەڵکانێ کە پرسم پێ کردوون، دۆستی ئینگلیز بووە!

(*) سەرچاوە:

١- جوان حەمە ساڵح زەنگەنە - سلێمانیی؛ ٨/١١/١٩٩٧ز.

٢- دەفتەر و یادگارەکانی؛ (هەمان کیژی/ کابانی ئازاد جەمیل سایبب).

٣- پاسپۆرتێکی خۆی، پارێزراو لەلای (ئەلماس)ی کیژی و پارێزەر فائیق ڕەشید. سلێمانیی؛ ٣/١٠/١٩٩٧ز.

٤- هێندێ بیرەوەریی فائیق ڕەشید (زاوای).

## ⊖ محەممەد سەعید عەبدولمەجید ئەحمەد قەززاز(*)

(سەعید قەززاز/ ڕۆشنبیر: س١٩٠٤ز.
سلێمانیی ٢٢/٩/١٩٥٩ز. بەغداد!)

خۆی لە یاداشتی عەرەبیی بەردەستم - نووسیویەتی؛ سێ ساڵان بووە بابی مردووە! باپیری بەئەوپەڕی سۆزەوە، خۆی و خوشکێکی دوو ساڵەیی و براییێکی -لە بابەوە- پەروەردە کردووە، بەڵام ئەویش لە سەرەتای س١٩١٨ز.دا مردووە! دایکی و مامی چاودێرییان کردووە[١]. دایکی مشووری خوێندنی خواردووە و خستوویەتە بەر حوجرەی (مەلا شەریف) و لە ئەوێدا چەند جزمێکی (قرآن)ی خوێندووە. دواتر چووەتە حوجرەی دیی و «گولستان»ی سەعدیی و «بوستان»ی حافیزی شیرازیی خوێندووە. ئەوجا چووەتە بەر فێرگەی (خواجە ئەفەندیی عەزیزی وەسمان ئاغا) و بەهۆی تێکەڵیی خێزانەوە لە شاگردەکانی دی پتر پێوەندیی هەبووە و بۆی لواوە زمانەکانی؛ تورکیی، فارسیی، هنێدێ ئەدەبییاتیشیان شارەزا ببێت. دوایی چووەتە بەر (ق. س. تەشویقییە) و تا س١٩١٨ز کە لە ئەم هەلەدا لەگەڵ تۆفیق قەززازی مامی ڕووی کردووەتە هەڵەبجە!

وەک وردبوومەتەوە لە نێوان س١٩١٩ز-١٩٢١ز.دا چووەتە بەر (ق. س. نموونەی سەعادەت). ساڵانی ١٩٢١ز-١٩٢٢ز، کاپیتان هۆڵت Holt ی ئینگلیز وانەی ئینگلیزیی فێری ئەو و چەند قوتابییەکی دی کردووە. هیچ وێ ناچێت خوێندنی ئامادەیی تەوتو کردبێت!

ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لە (٢. س. ح. کوردستان)دا بەمامۆستای زمانی ئینگلیزیی (ق. ئا. مەحموودییە)ی ئاشنا کردووە.

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ١/٤٢. (ئازاد عەبدولواحید)
٢- پەری کیژی.
٣- شازاد سایيب.
٤- ٢/١٧/١١٣.
٥- جەمال بابان/ ڕەنگین - ژ١٣٧، س١٩٩٩ (کوردیی و مەریوانیی).
٦- یاداشتی.
٧- ڕۆژنامە نێوبراوەکان!

(١) لە یاداشتەکەیدا باسی مەبەستی ئایینیی دایکی کردووە کە پێی خوێندووە.



لە سەردەمی داگیرکاری مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا، لە س١٩٢٦ز-١٩٢٧ز.دا ڕێبەری دارایی -مودیر مال-ی مەڵبەندی سلێمانیی بوو؛ لە کانوونی دووەمی ١٩٢٨ز.دا ڕێبەری دارایی قەزای هەڵەبجە بووە. لە مارتی ١٩٢٨ز.دا ڕاگوێستراوەتەوە بۆ کاروباری نووسەری نهێنیی دەزگەی موتەسەڕڕیفیەتی -دلیم- کووت لە باشووری عێراقدا. لە س١٩٢٩ز.دا نووسەری پشکنەری ئیداریی -ئینگلیز- بووە لە مووسڵدا. لە س١٩٣٥ز.دا ڕێبەری نووسینگەی قائیمقامییەت بووە. لە س١٩٣٥ز. ڕاوە لە کار و فرماندا پێشکەوتووە تا بووە بەڕێبەری ئاوایی/ ناحیە و قائیمقام! لە ساڵی ١٩٤٤ز-١٩٤٧ز.دا موتەسەڕڕیفی هەولێر و لە نێوان ١٩٤٧ز-١٩٥٠ز.دا موتەسەڕڕیفی کەرکووک و دوایی لە کاروباری ئیداریی وەزارەتی نێوخۆدا ڕێبەری گشتیی بووە. لە مارتی ١٩٥٤ز. ڕاوە تا ١٤/٧/١٩٥٨، شەش جار لە کابینەکانی وەزارەتەکانی عێراقی عەرەبدا وەزیری نێوخۆ و دوو جاریش لە نێوان ١٩٥٧ز-١٩٥٨ز.دا نوێنەری سلێمانیی بووە لە پارلەماندا.

دوای هەڵگەڕانەوەکەی سوپا لە پاشایەتی عێراق لە ١٤/٧/١٩٥٨ز.دا لەگەڵ سیاسەتگێڕەکانی سەردەمی پاشایەتییدا گیراوە[٢].

دادگەی سەربازیی ناسراو بە (دادگەی گەل/ محكمە الشعب) بەسەرۆکایەتیی ئەفسەر

---

(٢) لە هاوینی س١٩٩٨ز.دا، شازاد جەمیل سائیيب لە سلێمانییدا بۆ منی گێڕایەوە: لە هەڵکەوتنی ١٤/٧/١٩٥٨ز.دا (مستەفا سايیب) فریای کەوت و لە ماڵ ڕسگاری کرد و خستییە (سنووقی ئوتومووبیلەکەیەوە و پێی گوتووە: حەمە سەعید بەگ چەندم وت حوکوومەت خراپە!)
جێگەی باسە، هەردوو، هاوەڵی یێک باژێڕ و یێک قوتابخانە و ڕۆژگارێ بوون، مستەفا سايیبی نەتەوەپەروەر لە (ژیننامەی خۆی/ نووسراو بۆ جەمال بابان و بڵاوکراوەی بابان خۆیشی) لە یادی ڕۆژانی ساڵانی ١٩٢٩ز-١٩٣٠ز.ی مووسڵدا دەگێڕێتەوە: (لەو ساتەدا بەهەموو لاییێکمان - خۆی و هاوەڵانی/K - ویستمان حەرەکەتێک بکرێ بەعەشاییێری زێبار و سوورچیی و یێزیدیی و ئەوانەی دژی ئینگلیز، حەتا لەگەڵ برا عەرەبەکانی جەیشدا ڕێک کەوتین بەمەرجێک کە حەرەکتمان سەری گرت و ئینگلیزمان دەرپەڕاند، ئێمە «موختارییەتی ئیدارە» وەربگرین لە داخڵی حوکوومەتی عێراقدا و قەرار درابوو کە لەو سەرەوە حەرەکەت کرا، دوو فەوج لە جەیشی عێراق ئیلتیحاق بکەن و بێنە سەر مووسڵ و قەرارمان دا مەحموود جەودەت و محەممەد عەلیی کوردیی و عەبدولعەزیز کوردیی کە زابت بوون، ئەمانیش بچن بۆ عەقرە و ئەوانە کە داخڵی حەرەکەت بن... لەپڕێکدا سەعید قەززاز کە ئەو سایە کاتبی موفەتیشی ئیداری بوو لە مووسڵ، خەبەری بۆ هێنام کە بەیاننامە و کاغەزەکانم گیراوە لەلایێن حوکوومەتەوە!

مەهداویی، دوای چەند مانگ دادوەریی کردنێکی ئاشکرا، بڕیاری خنکاندنی دا و جێ بەجێش کرا و لە گۆڕستانی بابولموعەززەمدا نێژرا.

دوای گوێ گرتنی لە بڕیاری دادگە، گوتەیێکی ناسراوی جاڕ داو دەنگی دایەوە، گوتی: (من لە گوریسی سێدارە ناترسم و ئەگەر دەچمە سەری، گەلێ کەس لەژێر پێمدا دەبینم کە شایانی ژیان نین!)

لێکۆڵینەوە لە کرد و کۆش و پێوەندیی کۆن و پێشکەوتنی کار و فرمانی، ڕوونی دەکاتەوە کە -خۆی گوتەنیی لە دادگەدا: من هەمیشە دوژمنی شیوعییەتم، چونکە دوژمن بەئاییینمە- دۆستی ئینگلیز بووە!

محەممەد سەعید قەززاز، وێڕای کوردیی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی نووسیوە و خوێندووەتەوە!

لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س١٩٢٠ز)دا بەئیمزای (م. س. ع) و (سەعید ئەدیب)ەوە، هەروەها لە (ژیان - س١٩٢٦ز)دا بەئیمزای دووەمەوە، گوتاری کۆمەڵیی و ڕۆشنبیریی بڵاوە چ دانراوێکی سیاسیی، ئەدەبیی چاپ کراوی نییە، بەڵام وەک وردبوومەوە و دەستگیریشم بوو؛ لە ماوەی بەندیخانەدا دەستی دابووە (یاداشت) نووسین بەعەرەبیی و «دە» لاپەڕەی لەمەڕ منداڵیی خۆی تا س١٩١٨ز نووسیی بوو، تەواویشی نەکردبوو. هەروەها لە ئینگلیزییەوە ڕۆمانێکی گۆڕیی بوو بۆ عەرەبیی[٣]!

ژنی هێناوە و (پەری) تاقە کیژ و منداڵییەتی کە ئەمێستە لە هەندەراندا دەژیی!

---

(٣) من ڕۆمانەکەم مەبەست نەبوو - نزیکەی ٣٠، ٤٠ لاپەڕەی کاغەزی شینی نامە بوو - کە لەگەڵ یاداشتەکان ڕۆژی ١٩٩٤/٣/٣ز، لە سلێمانییدا، لە پەری کیژیم گرت و دوای فۆتۆکۆپیی کردنەوەیش بۆم گێڕایەوە و وێنەی فۆتۆکۆپیی یاداشتەکەیشم دا بەچەند کەسێ کە یێکیکیان دۆستم عەبدوڕڕەقیب یووسفە!



## ❑ سەیید محەممەد سەیید سەمەد جەباریی[*]

(سەیید محەممەد جەباریی/ ١٨٧٨ز. گوندی مەحموود پەرایزاد

ــــ ١٩٣٦ز. گوندی جانی. گەرمیان/ کەرکووک)

سەرخێڵێکی ئازا و کوردپەروەری کوردی نێوچەی کەرکووک. خوێندەوار و بەهۆش، دۆستی نزیکی حەفید زادە مەحموود و جێگەی باوەڕی بووە.

لە س١٩١٥ز.دا یاوەری حەفید زادەی سەرکردەی نێرووی کوردان لە شەڕی (شعێبە/ بەسرا)دا لە دژی بریتانیای داگیرکەر بوو.

لە شۆڕشەکانی حەفید زادەدا، بەتایبەتی لە شەڕی «تاسڵووجە»دا س١٩١٩ز، دەورێکی دلێرانەی نواندووە. هەر لە (١. س. ح. کوردستان)دا ڕێبەری ناحیەی جەباریی بووە.

سەیید محەممەد جەباریی لە بەهاری س١٩٢٠ز.دا بەشداریی (کۆبوونەوە ــــ)ی کردووە کە سەرخێڵەکانی (هەمەوەند، زەنگەنە، روغزایی میکاییلێ، ڕەباتیی، ئالیوەیسیی، شێخانی قەرەداخ) لەلای گوندی «کرپچنە»وە یێک کەوتن و بڕیاریان دا دژی بریتانیا بجەنگن و لە نێوچەی چەمچەماڵ و کرپچنەشدا چەند شەڕێکیان کرد کە هەموو مەبەستیان خۆ نواندن و فشار بوو لە دژی بریتانیا تا ناچاری بکەن حەفید زادە مەحموود لە (ئەسارەت)ی هێندوستان ڕستگار بکەن و بگێڕدرێتەوە بۆ کوردستان و گفتەکانی خۆی بەرامبەر دواڕۆژی کورد بەجێ بهێنێت!

دوای هاوینی س١٩٢٠ز. سەیید محەممەد و کەریمی فەتاح بەگ لە نێوچەکەدا بڕێ کاری شۆڕشگێڕانەیان نواند، وەک کوشتنی دوو ئەفسەری بریتانیی لە بازیاندا لەلایێن کەریم بەگەوە لە ١٩٢٢/٦/١٨ز.دا، هەروەها کوشتنی (یوونس)ی ڕێبەری ناحیەی جەباریی لەلایێن سەیید محەممەدەوە. خۆیشیان ناچار بوون نێوچەکە چۆڵ بکەن و بە چەکدارەکانیانەوە ڕووبکەنە «رواندز»ی مەڵبەندی چالاکیی!

سەیید محەممەد لەگەڵ نێرووی ڕواندزیش بەشداری (شەڕی دەربەند ڕانیە - ١٩٢٢/٨/٢١ز) بوو کە نێرووی بریتانیا تێک شکا و ناچاری کشانەوە بوون بۆ بازێڕی کۆیە کە ئەوێشیان پێ چۆڵ کردن!

---

(*) سەرچاوە:

١- عەبدوڕڕەقیب یووسف - ڕۆشنبیری نوێ؛ ژ١١٠، س١٩٨٦.

(لە کەلەپووری بەڵگەنامەی کوردییەوە؛ ل٤٨-٧٦).

له (۲. ش. کوردستان)دا که حەفید زادە کشایەوە بۆ نێوچەی هەورامان، سەیید محەممەد لە نێوچەی خۆیدا مایەوە. لە نزیک «قەرەهەنجیر»ەوە شەڕێکی چاکی کرد و چەند چەکداری یاوەری شەهید بوون! هەروەها لە گوندی «مۆشەلان»ی نێوچەی جەبارییشدا، زەبرێکی توندی لێ دان و پەلاماری ناحیەی «قەرە چێوار»ی دا و سووتاندی، بۆیێکا نێرووی بریتانیا، پەلاماری نێوچەی جەباریی دا و بۆمباردومانی کرد و هەر لە گوندی «پاریاولە»دا، هەژ دە کەسی لێ شەهیدکردن. سەیید محەممەد ناچار ما، ڕوو بکاتە نێوچەی هەورامان و هەشت مانگ لە ئەوێدا بوو.

نێوی سەیید محەممەد جەباریی لە چەند کتێبدا هاتووە، وەک (کورد، تورک و عەرەب/ ل٤٢، ٢٢٣)، (یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیی – ل٦٣) و (چیم دی – ل٨٤).

مخابن سەرچاوەییێکی دیم بەدەستەوە نەهات باسی دواڕۆژی سەیید محەممەد بگێڕێتەوە!

### ⊖ مەلا محەممەد عارف مەلا قادر چنگیانیی(*)

(مەلا عارفی چنگیانیی/ مەلا: دەوروبەری ١٣٠٠ک/١٨٨٢ز.
گوندی چنگیان ــــ ١٣٨٣ک/١٩٦٣ز. سلێمانیی)

لەلای بابی دەستی بەخوێندن کردووە، ئەوجا بەفێرگەکاندا –بەتایبەت بەفێرگەکانی سلێمانییدا– گەڕاوە و خوێندنی زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵیی پێ بڕاوە و ئیجازەی مەلایی وەرگرتووە. ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی خۆی و یارمەتی بابی داوە لە پێشنوێژیی و دووان دان و فێرکردندا، دەستمایەی گوزەرانیشی بەربوومی باخەکانیان بووە.

مەلا عارف، دوای مردنی بابی، جێگەی گرتووەتەوە و بەفێرکردنی شاگردانەوە خەریک بووە کە لە ڕێزیاندا کەسانی وەک؛ مەلا محەممەد مەحموود موراد، مەلا محەممەد کەریم، نەوەی خێڵی قازیی، هەڵکەوتوون!

نێوبراو تا ساڵی ١٣٧٢ک/١٩٥٢ز لە گوندەکەی خۆیدا ماوەتەوە، دوایی هاتووەتە باژێڕی سلێمانیی، ئەوجا چووەتە (مزگەوتی مەحموود پاشای جاف) لە قزلڕەبات/ سەعدییە ئێستەدا کە حەسەن فەهمی جافی کوڕەزای پاشای نێوبراو، چاودێریی دەکرد. دوایی هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و لە (مزگەوتی حاجیی مەلا شەریفی سەعاتچیی)دا تا مردن ماوەتەوە.

مەلا عارفی چنگیانیی ئەدەب دۆست، شارەزای شیعر و بەتایبەتی (نالیی) شاعیری گەورە

(*) سەرچاوە:
١– ٢/٤٦/١٤٢.



بووە. هەروەها یێکێ بووە لە دۆستە نزیکەکانی شاعیران (بێخود) و (ڕەمزیی مەلا مارف).

ژنی هێناوە و دووکوڕی هەیە کە یێکێکیان مەلا عیسامی پێشنوێژی مزگەوتێکی سلێمانییە!

چ دیوان و چاپکراوێکی نییە!

### ⊖ شێخ محەممەد شێخ عوسمان سیراجوددین(*)

(شێخ بەهائوددین/ ئایینناس: س١٨٣٦ز. گوندی تەوێڵە
ــــ ١٨٨٠ز. گوڵپ– تەوێڵە)

دایکی خورشیدەیە و لە بەگزادەکانی ئاوایی «ماوەت»ی سەر بەسلێمانییە.

لە حەوت ساڵاندا چووەتە بەر دەست و زانستی مەلا مەحموودی دشەیی و (قرآن) و وردە نامیلکە باوەکانی شاگردانی خوێندووە. دوایی چووەتە کن مەلا حامیدی نووسەر و نامێلکەکانی زمان و ڕێزمانی عەرەبیی و فارسیی خوێندووە.

لە یانزە ساڵاندا لە بابییەوە دەستووری ڕێبازی نەقشبەندیی وەرگرتووە. بەفەرمانی بابیشی خەریکی پەروەردە و پێگەیاندن و یارمەتیدانی لایێنگرەکان! یێکێ لە خەلیفەکانی خۆی شێخ عەبدوڕەحمان قەرەداخی –بابێ ئیبنولقەرەداخیی شێخ عومەر– بووە. هەروەها شێخ ئەمینی خاڵ.

لە س١٨٩١ک/١٨٣٤ز.دا حەجی کردووە. لە سەردەمی خۆیدا خانەقاکەی –ساڵی ١٢٨٤ک/١٨٦٧ز چواردەوری کردبوو بەخانوو– گومەزی بۆ کرا و بابی لە ژێریدا بوو. ئەویش هەمیشە پڕ بووە لە خەلیفەی گەلێ شوێنان و میوان.

شێخ محەممەد بەهائوددین دەستی لە پەخشانی فارسییدا جوان بووە و هێند کۆکەیێ شیعری کوردیشی هەبووە.

بەڕاسپاردەی خۆی، لە پشت ئارامگەی بابییەوە، ئەسپاردەی خاک کراوە.

(*) سەرچاوە:
١– ١/٧٦؛ ج٢.

### ⊖ شێخ محەممەد شێخ عەبدالله شێخ سەعید دۆلاشی(*)

(قانیع/ شاعیر: ١٨٩٨/٩/١٥ز – ڕیشێن/ مەریوان
ـــ ١٩٦٥/٥/٧ز. گوندی لەنگەربی/ شلێر).

دایکی لە سەییدەکانی «نەراتەوە»ی نیشتنەنیی بناری شارەزوورە؛ خانەدانەکەی بەهۆی پەلاماری دەربەگەکانی مەریوانەوە بۆ سەر خێڵی (کابل)ەکان کە ئەو وەچەیانە، پەراوەزە بووە و هاتوونەتە شارەزوور. هێشتا ڕەنگی تاڵیی ئاوارەیی لێ نەچووبووەوە کە تەمەنی دە ساڵان بوو، بابی مرد؛ لە دوو ساڵانیشدا دایکی کردبوو. بە ئەم شێوەیە لە منداڵییەوە بێ کەس و نەگبەت هەڵکەوتووە. وێڕا لە منداڵییەوە پەنای بردووەتەبەر حوجرەی مزگەوتەکانی و دەستی بەخوێندن کردووە. ئاغا سەیید حسێن چوڕیی دەستی گرتووە و یارمەتیی داوە. بە ئەم جۆرە و لە پێناوی ژین و خوێندندا، فێرگەی مزگەوتەکانی «مەریوان، سنە، بانە، سەقز، بوکان، شنۆ، کۆیە، مەهاباد، هەولێر، کەرکووک، پێنجوین، سلێمانیی، بیارە» گەڕاوە و گەیشتووەتە ئاستی (فەقێ) بەڵام حەزی بەمەلایەتیی نەکردووە و لێی نەچووەتە پێشەوە.

بۆ ژین و گوزەران، تاقە پیشەی (ئاشەوانیی) بەرکەوتووە و لە ساڵەکانی پەنجاکانیشدا – وەک وەکیلی موعەللیم- مامۆستای قوتابخانەی گوندەکانی نێوچەی «شارباژێر، شارەزوور» بووە؛ لە (د. ج. گ)ەوە پتر ناسراوە کە (شیعر)ی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا بڵاوکردووەتەوە.

وێڕای کوردیی، فارسیی، عەرەبیی زانیوە و شارەزایان بووە؛ شیعرەکانی کە ڕەنگی ئەدەبی کۆن دەنوێنن، وێڕای ئەوەی بەزمانی گەلن، لە ئەوین، کۆمەڵیی، هۆش و مەبەستی نەتەوەیی دەدەوێن و دەنگی پێ خۆشبوونی هاریکاریی و کۆمەکیی –سۆشیالیستیی–یان هەیە!

قانیع، بەڕووالەتی ژین، هەژار و دەردەدار بوو، بەڵام بەبڕوا نەتەوەپەروەر، بەجەرگ، ڕاستگۆ بوو، سەربەرز ژیا و مرد، سەیریش نییە بەتەنێ سیی فلسی لەدوا بەجێ بهێنێت!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، ژنی هێناوە و کوڕ و وەچەی شاعیر و نووسەرن و لە کوردستان و هەندەراندا دەژین یێکێ لە کوڕەکانی، بورهان قانیعی ڕۆژنامەڤان و شاعیر و وەرگێڕێکی ڕادیۆی کوردیی بەغداد بوو.

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- ٥٨/١.
٢- ڕۆژنامە و سەرچاوەی دی.



بەکەم دەرامەتیی و بێ پشتیوانیی خۆیەوە، هەروەها بەخەرجیی نەوەکانیەوە، بەرهەمەکانی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

چاپ و بڵاوکراوەکانی:
١- گوڵاڵەی مەریوان – ج١-٢، بەغداد؛ س١٩٥١ز-١٩٧٠ز. (شیعر)
٢- باخچەی کوردستان – بەغداد؛ س١٩٥٣ز. (شیعر)
٣- – بەغداد؛ س١٩٥٣ز. (شیعر)
٤- شاخی هەورامان – بەغداد؛ س١٩٥٤ز. (شیعر)
٥- دەشتی گەرمیان – بەغداد؛ س١٩٥٥ز. (شیعر)
٦- پاشمەرگەری قانیع – بەغداد؛ س١٩٧٠ز. (شیعر)
٧- مێژووی نەژاد و پەیوەستەگیی کورد – بەغداد؛ س١٩٧٠ز. (نووسینی ڕەشید یاسەمی – وەرگێڕاندنی لە فارسییەوە بەهاریکاریی کەریم زەند)
٨- نامەی قانیع/ دیوانی قانیع – بەغداد؛ س١٩٧٤ز. (شیعر)

### ⊖ محەممەد خاڵ شێخ عەلیی شێخ ئەمین خاڵ(*)

(شێخ محەممەدی خاڵ/ زانا، نووسەر، فەرهەنگنووس، کەلەپوورناس:
س١٩٠٨ز ـــ ١٩٨٩/٧/١٥ز. سلێمانیی)

تەمەنی نۆ ساڵان بووە، بابی مردووە. شێخ ئەمین خاڵی باپیری خۆی و براکانی پەروەردە کردووە. لەژێر سێبەری سۆز و ڕەووشت و زانستی (قرآن)ی خەتم کردووە و سەرەتاکانی زمانی عەرەبیی، فارسیی خوێندووە. بەرەبەرەش لەلای زانایانی دی تێکۆشاوە و چەند ئیجازەیێکی زانستیی لە ئایین، زمان، فیقە و هاوتایان لەلای زانایانی وەک شێخ جەلال قەرەداخیی، شێخ عومەری قەرەداخیی، مەلا ئەوڕەحمانی پێنجوینیی، مەلا حسێنی پسکەندیی و هتد... وەرگرتووە؛ لە ساڵی ١٩٣٢ز.دا کە ئیجازەکانی زانستیی لێ پیرۆز کراوە، لە کۆڕ و ئاهەنگێکی ئایینیی و زانستییدا، خراوەتە شوێنی باپیری کۆچ کردووی و لە (مزگەوتی شێخ

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- مامۆستا خاڵ خۆی.
٢- ژیننامەیێکی بەعەرەبی نووسراوی خۆی –نووسراو بەتێپرایتەر– و پێشکەشی کردووم.
٣- دانراوەکان و گۆڤار و ڕۆژنامە باسکراوەکان.

ئەمینی خاڵ)ی خۆیاندا، خەریکی وانە گوتنەوەی ئایینیی و زانستیی بووە! لە هەمان هەلدا –وەک بۆ منی گێڕاوەتەوە– خووی داوەتە ناسین و تێگەیشتنی دانراوەکانی (شێخ محەممەد عەبدە)ی زانای عەرەب و کارێکی زۆری تێ کردووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٢ز.دا چووەتە کۆڕی کار و فرمانی حوکوومەتییەوە و ئیدی لە دادگەکانی «چەمچەماڵ، سلێمانیی، کەرکووک، مووسڵ، هەڵەبجە»دا قازیی بووە، هەروەها بووشە بەئەندامی (ئەنجوومەنی تەمیزی شەرعیی سوننە) لە بەغداددا تا –لەسەر داخوازی خۆی– لە س١٩٦٧ز.دا خۆی خانەنشین کردووە. هەر ئەو ساڵەش چووە بۆ حەج.

محەممەد خاڵ –خۆی پێی خۆش بوو هەروا بناسرێت و لەلای من دەیگوت لە باپیریەوە شانازیی بەزانستەوە نەک بەنەسەبەوە دەکەین– لە س١٩٥٤ز.دا ئەندامی لایێنگری (کۆڕی زانستیی عێراق – مجمع العلمي العراقي) و لە س١٩٧٠ز.دا ئەندامێکی کارا و جێگری سەرۆکی (کۆڕی زانیاریی کورد – دەستەی کورد) و تا مردنی پێوەندیی هەبووە! لە ساڵەکانی سییەکانەوە، بەکوردیی و عەرەبیی؛ گوتار و لێکۆڵینەوەی ئایینیی، زمانەوانیی، کەلەپوورناسیی، کۆمەڵێی لە گەلێ گۆڤار و ڕۆژنامەی عەرەبیی و کوردییدا بڵاوکردووەتەوە وەک لە ڕۆژنامە و گۆڤاری (بلێسە، بەیان، پەروەردە و زانست، زانکۆ، ژین، ڕۆژی نوێ، سلێمانیی، کۆڕی زانیاریی کورد، دەستەی کورد، گەلاوێژ، مجلة المجمع العلمي العراقي، نەورۆز،

مامۆستا محەممەد خاڵ –وەک من دەیناسم و ئاگاداریم– موسڵمانێکی، سەرڕاست و دڵپاک و خێرخوا و بەوەفا بوو... پاک و خاوێن نەخۆشیش بوایە نوێژ و ڕۆژووی نەدەچوو. پیاوێکی گفتبەخش، بێ فیز لەگەڵ ژیر و زانستپەروەران، دۆست و یاری چاکە و ڕاستیی و زانست. وەک کوردێ، نەتەوەپەروەرێکی ڕاستەقینە کە بەزانست و بووژاندنەوەی زمان و ئەدەبییات و کەلەپووریەوە، بۆی تێدەکۆشا. هەمیشە شەیدای سەربەرزیی و سەرفرازیی بوو بەڕادەیێ لە هێندێ قەوماوی گەلەکەیدا –وەک کاول کردنی کوردستان و کۆچ پێ کردنی کۆمەڵانی گەلەکەی– گریانی دەهات و لای من سکاڵای دەکرد و دەیگوت: (خوایە، بووین بەکۆچەر!!). هەروەکو خۆیشی بۆ منی گێڕاوەتەوە؛ حوکوومەتی عێراقی بەعسی عەرەبی، لە س١٩٧٣ز. ڕاوە چەندی لەگەڵ کردووە –بگرە هەڕەشەشی گەیاندووەتێ– تا تێکەڵی (ئەنجوومەنەکانی حوکمی زاتیی) داتاشراوی بێت، بەڵام ئەو هەرگیز نەچووەتە ژێربار!

مامۆستا خاڵ کە تا چاوانی بۆ زانست و چاکەی نەتەوەکەی کوێر کرد و نەخۆشیی گورچیلە و چەند ئەندامی دی پەکیان خست و گیانیان لێ سەند –لە یێک ڕۆژدا لەگەڵ ئەحمەدی برای– بەئەوپەڕی ڕێز و سۆزەوە، بەخاکی گردی سەیوانی باووباپیرانی شادبوو!



محەممەدی خاڵ هاوسەری هەڵبژاردووە و وەجاخی ڕوونە و چەند کیژ و کوڕێکی تاقانە؛ در. خالید خاڵی مامۆستای زانکۆ و مامۆستا ئەختەری کیژی –کە نووسەری تایبەتیی بوو– نەوەیین و کوڕ و کیژێکی لە سلێمانییدان و ئەختەریشی لۆندون نشینە! مامۆستا خاڵ وێڕای هەموو باس و بەرهەمێ، گەورەترین و نایابترین کتێبخانەو گەنجینەی دەستنووس و بەڵگەنامەی هەیە کە ئەمەیشی وێنەی زانایی و دڵسۆزییەتی بۆ پاراستنی کەلەپووری گەلەکەی. بەکورتیی، مامۆستا محەممەدی خاڵ یێکێکە لە زانا گەورەکانی سەدەی بیستی کورد!!

چاپکراوەکانی:

١– کوردیی

١/١– تەفسیری جزمی عم – سلێمانیی؛ س١٩٣٤ز[١].

١/٢– مەولوودنامەی نەوئەثەر – سلێمانیی؛ س١٩٣٧ز.

١/٣– فەلسەفەی ئایینی ئیسلام – سلێمانیی؛ س١٩٣٨[٢].

١/٤– موفتیی زەهاویی – بەغداد؛ س١٩٥٣ز[٣].

١/٥– تەفسیری سوورەی فاتیحە – بەغداد؛ ١٩٥٥ز.

١/٦– پەندی پێشینان – ج١ – بەغداد؛ ١٩٥٧ز[٤].

– ج٢ – سلێمانیی؛ س١٩٧١ز[٥].

---

(١) لەسەر تەفسیرەکەی شێخ محەممەد عەبدە!

(٢) بۆ خوێندن لە قوتابخانەکانی سەرەتاییدا.

(٣) لێ کۆڵین و نیشاندانی سەرگوروشتە و هونەری شیعری کوردیی و عەرەبیی و تورکیی محەممەد فەیزی زەهاویی.

(٤) کۆ و لێکدانەوەی ١٣١١ پەندی کوردییە!

(٥) کۆ و لێکدانەوەی ٣٨٩٠ پەندی کوردییە! جێگەی باسە (پەندی پێشینان – ج٣) کە ٤٥٠٠ پەند بوو، خۆم لە س١٩٨٤ز.دا چووم بۆ (ئەمینداریەتیی ڕۆشنبیریی و لاوان – هەولێر) تا چاپ بکرێت بەتایبەتی کە ئەمیندارەکەی محەممەد محەممەد ئەمین پەرۆشی چاپ کردنی بوو... مخابن هێندێ کەس لە دەزگەکەدا بەئەنقەست هێشتیانەوە و دواجار گوتنیان لەژێر چاپدایە و ڕاپەڕینی ١٩٩١ز.ی بەسەردا هات و ون بوو... کاک در. خالیدی کوڕی، من، سۆراخمان کرد، بەڵام بێ ئەنجام! مامۆستا خاڵ هەتا خۆی مابوو، بەعەزرەتی چاپییەوە بوو، یێکجار ماندووی ئەو فەرامۆشییە بوو. ساڵی ١٩٩٧ز.دا، خۆشبەختانە کاک در. خالیدی کوڕی مژدەی پێ دام کە (ڕەشنووسی ئەو دوا جزمە)ی لەنێو یادگارەکانی بابیدا دۆزیویەتیەوە و چاپی کردوون.

١/٧- ئاگاداریی ئەمانەن - سلێمانیی؛ س١٩٥٩ز[٦].

١/٨- فەرهەنگی خاڵ، ج١ - سلێمانی؛ س١٩٦٠ز.
ج٢ - سلێمانی؛ س١٩٦٤ز.
ج٣ - سلێمانی؛ س١٩٧٦ز[٧].

١/٩- تەفسیری خاڵ، ج١ - بەغداد؛ س١٩٦٩ز.
ج٢ - سلێمانی؛ س١٩٧٢ز.
ج٣ - سلێمانی؛ س١٩٧٩ز.
ج٤ - سلێمانی؛ س١٩٨١ز[٨].

١/١٠- ناڵەی دەروون، ج١ - سلێمانی؛ س١٩٨١ز.
ج٢ - سلێمانی؛ س١٩٨٥ز[٩].

٢- عەرەبیی

٢/١- البیتوشی - بغداد؛ س١٩٥٧[١٠].

٢/٢- الشیخ معروف النودهی البرزنجی - بغداد؛ ١٩٦١[١١].

٢/٣- کنز اللسن - بغداد؛ ١٩٨٣[١٢].

٣- هێندێ گوتاری بەنرخی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد - دەستەی کورددا:

٣/١- بابا تاهیری هەمەدانیی مەشهوور بەعوریان!

٣/٢- پێشگر و پاشگر.

٣/٣- شاعیرانی بێ ناونیشان.

٣/٤- مەلا محەممەدی خاکیی

(٦) خوتبەیێکی خۆیەتی لە مزگەوتی گەورەی سلێمانییدا!

(٧) نزیکەی ٤٠٠٠٠ (چل هەزار) وشەی کوردییە بەهەموو شێوازەکانییەوە!

(٨) تەفسیری کوردیی (قرآن)ی پیرۆزن و بەشی دیش چاوەنۆڕی چاپن.

(٩) کۆمەڵە گوتارێکی زانستیی و ئەدەبیی کۆمەڵیی و ئایینییە کە کاتی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە و دوو جزمی دیش چاوەنۆڕی چاپن.

(١٠) لێ کۆڵینی زانستانەیە لەمەڕ زانای کورد شێخ عەبداللە بەیتووشیی و ئاشناکردنی شیعر و پەخشانە عەرەبییەکانی، هەروەها ئاکارە زانستییەکانی.

(١١) لێ کۆڵینی زانستانەیە لەمەڕ ژین و بەرهەم و ئایینناسی و بەرهەمی ئەدەبیی و زانستیی شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی!

(١٢) لەمەڕ ئاشناکردنی یادگارێکی زمانەوانیی سەیید ئەحمەد فائیز بەرزنجەیی کە ٦زمان و١٢هونەری شێوە دەگمەنی بەشیعر و زانست ڕازاندووەتەوە و مامۆستا خاڵ پەراوێز و ڕوونکردنەوەی نواندووە!



## ⊖ محەممەد میرزا عەلیی(*)

(محەممەد قازیی/ قازیی محەممەد/ پێشەوا- یێکەم سەرکۆماری کوردستانی خۆرهەڵات. مەهاباد/ شەهیدی کورد و کورستان: ٢ی موحەڕڕەم ١٣١٨ک/١٩٠١ز. مەهاباد ـــ ١٩٤٧/٣/٢١ز. مەهاباد).

کوڕی خانەدانێکی ئایین و زانستپەروەرە، دوای خوێندنی چەند نامێلکەیێکی کوردیی و فارسیی دەستی بەخوێندنی سەرەتاکانی ڕێزمانی عەرەبیی کردووە. ئیدی درێژەی داوە بەخوێندنی زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵیی وەک: نەحوو، سەڕف، مەنتیق، بەلاغە، ئوسووڵ، فیقه، کەلام و تەواوی کردوون و لەسەر دەستی بابیشی ئیجازەی قازییەتی وەرگرتووە! بەر لە ئەو ئیجازەیەش، سەرۆکی مەعاریف و ئەوقاف مەهاباد بووە.

لە سەرەتای ژینیشیەوە، تێکەڵی جموجووڵی سیاسی کوردایەتیی بووە. لە نێوان س١٩٢٧ز- ١٩٣٠ز.دا کە کۆمەڵێکی زۆر بچووکی سیاسیی کورد دامەزرا و لەگەڵ (ڕاپەڕین - شۆڕشی ئاگری داخ) و (ک. خۆیبوون)ی کوردستانی باکوور و جاروبارەش لەگەڵ کۆمەڵەکانی کوردستانی باشووریش پێوەندیی دروست کرد، قازیی محەممەد لەنێو ڕیزدا بوو کە ناسراوەکانیان؛ شێخ ئەحمەدی سەریلاوا، قازیی کاکە حەمەی بۆکان، مەلا محەممەد سادقی قزڵجەیی، مەلا ئەحمەدی فەوزیی بوون!

هێندێ لە ڕۆشنبیرەکانی (ژ، ک/ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) خۆیان لێ نزیک کردەوە و لە تەشرینی یێکەمی ١٩٤٤ز.دا، قازیی محەممەد)یان بەئەندامی کۆمەڵەکە وەرگرت و نێوی نهێنیی (بینایی)ان لێ نا. هەرچەندە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندییش نەبوو، بەڵام بەدەمڕاستی کۆمەڵەکەیان ناسیی!

قازیی محەممەد، دەوری کاریگەری هەبووە بۆ خەملاندنی بیر و دامەزراندنی (ح. د. کوردستان) و گرێدان و دارشتنی بەرنامەی یێکەم کۆنگرەی لە ١٩٤٥/١٠/٢ز.دا.

(*) سەرچاوە:
١- ١٩/١.
٢- ٥٢/١.
٣- ٧٨/١.
٤- مەحموود مەلا عیززەت - قازیی محەممەد لەنێو ڕووناکی مێژوودا/ مامۆستای کورد - ژ٢٤، ٢٥؛ زستان و بەهاری ١٩٩٥. سوید!

توانا و چالاکیی و دڵسۆزیی، ڕۆژ بەڕۆژ لەنێو جەماوەر و پارتەکەدا جێگەیان پتەوتر دەکرد، هەر بۆییێکا سەرئەنجام -لە هەلێکی نێودەوڵەتیی و نێوخۆییدا- لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤/ ١٩٤٦/١/٢٢ز.دا، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباددا و بەئامادەبوونی دەیان هەزار کەس بە (سەرکۆمار)ی جەمهووریەتی کوردستان ناسرا و باوەڕی پێ کرا!

قازیی محەممەد وێڕای زمانی نەتەوەیی؛ فارسیی، تورکیی، دەزانیی، لەسەر دەستی مامۆستای تایبەتیش زمانەکانی ئینگلیزیی، ڕووسیی، فڕەنسیی خوێندووە.

وێڕایش شارەزاییشی لە مێژووی کورددا لە کاروباری ئایین، سیاسەت، ئابووریی، کۆمەڵییدا هەبووە.

در. عەبدوڕەحمان قاسملۆ – شەهیدی دەستی عەجەم- لێی نووسیوە: (قازیی محەممەد شەخسییەتێکە، پێویستی بەلێکۆڵینەوەی پتر هەیە. ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا، پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە!).

قازیی محەممەد، کەسێکی هێور و بەهێز، ژیرو نەجیب بووە لە کاروباردا، بەر لە بڕیاردان، لێکدانەوەی وردی بەکاربردووە. چەندیش نەتەوەپەروەر بووە، نەتەوەکانی دی خۆش ویستووە. ئاشتیخواز و باوەڕی بەگوتوبێژ هەبووە... لە بوارێکدا گوتوویەتی؛ (دەبێت بزانین کە هەموو کاتێ کارمان بەشەڕ و خوێن ڕشتن سەر ناگرێت. دەبێت بەسیاسەتیش کارمان بەرەوپێشوە ببەین. گەلێک جاران بەئاشتیی و پێکهاتن، ئامانجمان پێش دەکەوێت!)

وێڕا، لەگەڵ دوژمن سەرسەخت بووە و لە کاتی پێویست و جێگەی خۆیدا، سەربەخۆ و ئازایانە، ئاخاوتووە و ڕەفتاری کردووە! لە شەڕە ناسراوەکانی (ساڵیاوا، واراوا، سەرا، مامەش)دا هەروەک فەرماندەییێکی سەربازیی جووڵاوەتەوە و بڕیاری داوە و دیدەنیی بەرەکانی شەڕی کردووە و گوتەی بۆ پێشمەرگەکان داوە!

دەستور و شێوازە کوردێنیی و دیموکراتیانەکانی کۆمارە تەمەن کورتەکەی -ئەگەرچی لە تەوقی خودموختارییدا بوون- وێنەی پێشکەوتنخوازیی و نەتەوەپەروەرییەتی.

ئەگەر -لە باری نالەباری نەتەوەیی و نێودەوڵەتییشدا- ناچار بووبێت (دروشمی خودموختاریی) بەکۆماری کوردستانەوە بنێت، بەبڕوای من، ئەوە ئۆباڵەکە بەتەنێ لە ئەستۆی ئەودا نییە، بەڵکو پێشتر لە ئەستۆی هەموو بزاڤی سیاسیی سەرانسەری کوردستانی گەورەیە و بەر لە ئەوانیش ئۆباڵەکە لە گەردنی دەوڵەتە زلهێزەکان و داگیرکەرە نۆکەرەکانیاندایە!

دەفتەری گەورەی قازیی محەممەدی پێشەوا، گەلێ هەڵوێستی مەردانەی دەنوێنێت... یێکی لە



ئەوانە، غیرەتیی نەتەوەیی و وڵاتپارێزییە کە دوای ڕمانی کۆمار، هەرگیز ڕاکردن و پەنابەریی و کۆشکی وڵاتانی بێگانەی پەسەند نەکرد و پاراستنی شەرەف و ژیانی خۆوڵاتیەکانی لە گیانی خۆی پیرۆزتر ڕاگرت.

وێنەییێکی دی ئەوەیە -وەک پارێزەرەکەی لە س١٩٥٦ز.دا پەردەی باسە نهێنییەکەی لاداوە- لە دادگەدا سەربەرزانە ڕاوەستاوە!

محەممەد شەریفیی پارێزەری -دەوڵەتی ئێران خۆی بۆی گرت بوو- دەگێڕێتەوە؛ (زۆر حەیف بۆ قازیی محەممەد، بۆ ئەو پیاوە مەزن و ژیرە! قازیی لە دادگەدا نەترس و بەمەنتیق دەئاخاوت... ڕاستییەکەی ئەو داوەریی دادگەی دەکرد! قازیی لە ئاستی میللەتدا حوکوومەتی ئێرانی بەناپاک دەژمارد. ئازایانە، بەغیرەتەوە نەک هەر بۆ مافی نەتەوەیی گەلی کورد تێ دەکۆشا و بەرگریی دەکرد، بەڵکو بۆ مافی هەموو گەلانی ئێران بەرگری دەکرد!)

گەلێ نووسەر و لێ کۆڵ، بەکتێب، یان بەلێکۆڵینەوە، تا ئەوڕۆ لەسەر کۆماری کوردستانو خودموختاریی، لەسەر پێشەوا و قازیی محەممەد، لەسەر مەڵامەتەکانی ڕمانی کۆمار، ئاخاوتوون!

قازیی محەممەد، لە ژینیداو کابانی هەڵبژاردووە و کوڕی تاقانەی (کوڕی ڕەش/ عەلی)یە کە ئەڵمانیانشییینە!

### ☼ ❑ محەممەد عەلی محەممەد فوئاد(*)

(حەمە عەلی/ ڕۆشنبیر: ١٩٢٩/٧/١ز. سلێمانیی
ـــــ ٢٢-١٩٩٧/٥/٢٣ز. سلێمانیی)

(ق. س. فەیسەلییە) و (ق. ن. غازیی) لە سلێمانییدا و دوایی (فێرگەی کشتوکێل)ی لە «ئەبوغریب»ی نێوەندی عێراقدا تەواوکردووە!

یێکەم کار و فرمانی لە دەزگەی ئینحیساری تووتنی سلێمانیدا بەجێ هێناوە. لە شوباتی س١٩٦٣ز.دا -بەهۆی قەوماوە سیاسەکان و زۆرداری سوپای عێراقی داگیرکەرەوە – لە سلێمانییدا، گیراوە و سێ ساڵ کارکەنار کراوە.

لە نێوان ١٩٦٥/٥/٨ز – ١٩٦٩ز.دا لە مووسڵ و مەیدانی شارەزایی خۆیدا کار و فرمانی

---

(*) سەرچاوە:

١- ئازادی کوڕی (١٩٩٧/٩/١٣ز. سلێمانیی).

بەجێ هێناوە. دوایی لە کارگەی پوختەکردنی جگەرەی سلێمانییدا، تا لە س١٩٧٨ز.دا خانەنشین بووە. کابانی هەڵبژاردووە و کوڕێکی تاقانە؛ ئازاد، هەروەها چوار کیژی لەدوا بەجێ ماوە. زۆر پەرۆشی خوێندنەوە و بەتایبەتی مێژوو، شیعر و ئەدەبییات بووە. یێکێ لە کردەوەکانی تایبەتی؛ کۆکردنەوە و هەڵگرتنی نامەییێکی زۆری دۆست و خزمانی بووە.

بەنەخۆشیی کۆچی ماڵئاوایی کردووە و ئەسپاردەی گردی سەیوان کراوە!

### ⊖ شێخ محەممەد سەیید مستەفا سەیید ئەحمەد بەرزنجیی(*)

(شێخ مەعرووف – مارف – نۆدێیی بەرزنجیی/ ئایینناس، نووسەر و
شاعیر بەعەرەبیی: س١١٦٦ک/١٧٥٣ز. گوندی نۆدێ –
١٢٥٤ک/١٨٣٨ز. سلێمانیی)

بەپێی سەجەرەی خانەدانەکەی، سیانزەمین باپیری؛ سەیید عیسای بەرزنجەیی کوڕی سەیید بابا عەلیی هەمەدانییە! (هێندێ دەڵێن ئەم بابا عەلییە نییە کە باسکراوە) بە ئەو پێیە لە ئامێزی خانەدانێکی ئایینناس و زانستپەروەردا پەروەردە بووە!

لە سەرەتای منداڵییدا، (قرآن) و هێندە. وردە کتێبی فارسیی و هێندێ ڕێزمان و فیقهی ئیسلامیی لەلای بابی خوێندووە. لە تەمەنی دوانزە ساڵان ڕاوە بابی بردوویەتیە بەر فێرگەی (غەزایی) بەنێو بانگ لە قەڵاچوالانی پێتەختی میرنشینیی باباندا!

لە ئەو هەلەدا کە ژیریی و زیرەکیی گەشەی کردووە، کوتوپڕ لە س١١٧٨ک/١٧٦٤ز.دا، سلێمان پاشای میری بابان، بەدەستی فەقێیەک کوژراوە. ئیدی باری فێرگەکە ئاڵۆز و نالەبار بووە، ئەویش ناچار ڕووی کردووەتە گوندی «هەزارمێرد»ی نزیکی قەڵاچوالان و لە فێرگەی مامۆستای بەنێوبانگ (ئیبنولحاج/ کوڕی حاجیی) دامەزراوە لە ئێرەدا خۆی و هاوەڵەکانی ئەوپەڕی تاڵیی گوزەران و نەبوونییان چێژتووە، بەڵام ئەم هەر کۆڵی نەداوە و خوێندوویەتی!

لە س١١٨٠ک/١٧٦٦ز.دا، دەمێ کە مامۆستای بەنێوبانگ عەبدالله پێتووشیی –کورد و بەسرەنشین– هاتبووە دیدەنیی مامۆستا ئیبنولحاج و چەند ڕۆژێ میوانیی بووە، شێخ مارف هەلی قۆستووەتەوە و ئامۆژگاریی لێ وەرگرتووە کە ڕێنمایی کردووە بۆ خەریک بوون بەهۆنراوەوە.

(*) سەرچاوە:
١– ١١٧/٢١/٢.



دوای ڕابواردنی چوار ساڵێ لە «هەزارمێرد»دا کە ئەوێ دەمێ باری میرنشینییەکە هێوور بووەتەوە، گەڕاوەتەوە بۆ (فێرگەی غەزایی) و ئیدی ڕۆژ بەڕۆژ تێکۆشاوە بۆ خوێندن و زانست وەرگرتن تا لە س١١٨٥ک/١٧٧١ز.دا مەلا محەممەد غەزایی مامۆستای ئیجازەی زانستیی لێ پیرۆز کردووە!

ئیبراهیم پاشای ئەحمەد پاشای بابان کە لە س١١١٩ک/١٧٨٤ز.دا پێتەختی بۆ باژێڕی نوێ (سلێمانیی) ڕادەگۆستێتەوە، شێخ مارفی کردووە بەمامۆستا «مزگەوتی گەورە» و چاودێری کتێبخانە نایابەکەی بابان! ئەم شوێنەش لە ئەو هەلەوە بوو بەسەرچاوەی زانست و مەڵبەندی زانستخوازان کە گەلێ هەڵکەوتووی وەک: موفتیی زەهاوی، شێخ حسێنی قازیی، شێخ محەممەدی بەرزنجەیی، شێخ بابا ڕەسووڵی سەیید محەممەدی ناسراو بە «سەنائوددینی بەرزنجەیی» و هتد... گۆیش کرد.

شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی، لە زانستە جۆربەجۆرەکانی وەک (نەحوو، سەرف، مەعانیی، بەیان، بەدیع، وەزع، ئاداب، بەحس، مونازەرە، فیقهـ، حەدیس، ئوسووڵ، عەقایید، عەرووز و قافییە، فەرائید)د، بەشیعر و پەخشانی عەرەبیی و فارسیی، پتر لە شەست دانراوی هەیە کە لە نێویاندا، بەتەنێ و بۆ خوێندەواری کورد و –لەبەر فێرکردنی عەرەبیی کاکە ئەحمەدی کوڕی سێ ساڵانەی– فەرهەنگۆکەی هەڵبەستراوی (ئەحمەدیی/ س١٢١٠ک/١٧٩٤ز)ی داناوە!

شاعیریی شێخ مارف لە هۆنینەوەی بابەتە زانستییەکاندا بووە کە پتر لە «دە» هەزار بەیتی لە دانراوەکانیدا ڕێز کردووە و وەک شاعیرانی دی لە ڕووی بابەت و مەبەستەوە، بۆ وێنە بەغەزەلەوە، هەرگیز خەریک نەبووە. وێڕا، توخنی بابەتی کوردیی نەکەوتووە، چ بەنەزم، چ بەپەخشان.

لەلاییێکی دییەوە –وەک نامەکانی بەڵگەن– هەمیشە هاودەنگی دەوڵەتی عوسمانیی و پاشا/ والیەکانی بەغداد بووە و هەرگیز ڕووی لە دەوڵەتی عەجەم نەکردووە. ئەگەر شیعری بەسەر ئەو بێگانانەدا هەڵدابێ، هەرگیز بۆ قیرەکانی بابان نەگوتووە!

شێخ مارفی نۆدێیی وێڕای مامۆستایی، ڕێنوێنی گەورەی (ڕێبازی قادریی) بووە و دەستوورەکەیشی لە شێخ عەلیی دۆڵپەمۆیی مامی بابیەوە وەرگرتووە کە ئەویش لە شێخ ئیسماعیل قازانقاییەوە وەریگرتووە.

کێشەی بەنێوبانگی نێوان خۆی و مەلا/ مەولانا خالید نەقشبەندیی لە مێژوودا ناسراوە کە سەرئەنجام ئاشتبوونەتەوە.

شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی هاوسەری هەڵبژاردووە و دوو کوڕی بووە؛ محەممەد کە بەر لە کۆچی مردووە و ئەحمەد -کاکە ئەحمەدی شێخ- کە نێوبانگی هەیە!

دوا ئارامگەی شێخ مارف گردی سەیوانە!

دانراوەکانی[١]:

١- دیار

١/١- الاحمدیة. (کوردیی – عەرەبیی/ چاپکراو)

١/٢- أوثق العری في الصلاة والسلام علی خیر الوری!

١/٣- أزهار الخمائل في الصلوات المشتملة علی الفضائل والشمائل.

١/٤- الاغراب في نظم قواعد الاعراب.

١/٥- أیشدة (فارسيي/ بۆ ستاییشی پەیامبەر ئیسلام).

١/٦- ترصیف المباني؛ نظم تصریف الزنجاني.

١/٧- التعریف بابواب التصریف.

١/٨- تنقیح العبارات في توضیح الاستعارات.

١/٩- تنویر البصائر في التحذیر عن الکبائر.

١/١٠- تنویر الضمیر في الصلاة المشتملة علی اسماء الله الحسنی.

١/١١- الجوهر الاسنی في الصلاة المشتملة علی اسماء الله الحسنی.

١/١٢- الجوهر النضید في قواعد التجوید.

١/١٣- راحة الارواح في الصلوات والتحیات المشتملتین علی

١/١٤- روض الزهر في مناقب سیّد البشر.

١/١٥- الروضة الغناء في الدعاء باسماء الله الحسنی.

١/١٦- سلم الوصول الی علم الوصول.

١/١٧- الشامل للعوامل.

١/١٨- شرح الصدر بذکر أهل البدر.

١/١٩- شرح لمنظومة تنقیح العبارات في توضیح الاستعارات.

١/٢٠- عقد الدرر؛ نظم نخبة الفکر.

١/٢١- عقد الجوهر، في الصلاة والسلام علی الشفیع المشفع في یوم المحشر.

---

(١) هەرە بەشی زۆری دەستنووسە وەکو محەممەدی خاڵ ڕایگەیاندووە.



١/٢٢- عمل الصیاغة في علم البلاغة!

١/٢٣- غیث الربیع في علم البدیع.

١/٢٤- الفتح الالهي في الصلاة المشتملة علی المناهي.

١/٢٥- فتح الرحمن في علم المعاني والبیان.

١/٢٦- فتح الرزاق في إذکار دفع الاملاق وجلب الرزاق.

١/٢٧- فتح الرؤوف في معاني الحروف.

١/٢٨- فتح المجید في قواعد التجوید.

١/٢٩- الفرائد في نظم العقائد.

١/٣٠- قطر العارض في علم الفرائض.

١/٣١- کفایة الطالب؛ نظم کافیة ابن الحاجب.

١/٣٢- کشف الغامض؛ شرح لمنظومة قطر العارض.

١/٣٣- کشف الأسف في الصلاة علی سید أهل الشرف.

١/٣٤- نظم آداب البحث.

١/٣٥- نظم العروض.

٢- نادیار!![٢]

٢/١- ایضاح المحجّة واقامة الحجّة علی الطاعن في نسب سادات البرزنجة.

٢/٢- البرهان الجليّ في مناقب الامام عليّ.

٢/٣- تنویر العقول في احادیث الرسول.

٢/٤- تنویر القلوب في مدح حبیب علام الغیوب.

٢/٥- زاد المعاد في مسائل الاعتقاد.

٢/٦- السراج الوهاج في مدیح صاحب المعراج.

٢/٧- فتح الموفق في عالم المنطق.

٢/٨- الفریدة في العقیدة.

٢/٩- کشف البأساء باذکار الصباح والمساء.

٢/١٠- نظم الرسالة العضدیة في الوضع.

---

(٢) هەمان سەرچاوە ڕایگەیاندووە.

١١/٢- وسيلة الوصول الى علم الاصول.

### ⊖ محەممەد مەحموود محەممەد[*]

(محەممەد قودسیی/ نووسەر، ئەفسەری شۆڕشگێڕ و شەهیدی کورد و کوردستان: س١٩١٩ز. قودس. فەلەستین ـــ ١٩٤٧/٦/١٩ز. بەغداد - سلێمانیی)[١]

لە تەمەنی شەش ساڵاندا چووەتە بەر (ق. س. مووسڵ) کە بابی ئەفسەر بووە لە باژێڕەکەدا. لە دەمەو تاقیمانەی پۆلی سێدا، بابی ڕاگۆستراوەتەوە بۆ سلێمانیی. لە ئەم هەلەدا چووەتە بەر فێرگە تایبەتیەکەی (بێ کەس)ی شاعیر و شێوە زاری سلێمانیی فێربووە. هەر ئەو شاعیرە ناسنێوی (قودسیی) بەسەردا بڕیوە!

دەفتەری سەربازیی مۆرکراوی؛ مێژووی ١٩٣٩/٩/٢ز.ی نیشانی داوە کە لە ئەو هەلەدا

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو[**]:
١- ٥٢/١.
٢- ٧٧/١.
٣- موکریی: کامەران - محەممەد قودسیی نەمر، سلێمانیی؛ س١٩٥٩ز.
٤- دەفتەری سەربازیی محەممەد قودسیی؛ (س١٩٣٩ز).
٥- دەفتەری ڕۆژمێری بابی (س١٩٤٧ز).
٦- ڕۆژنامەی: پێشکەوتن - سلێمانی، گەلاوێژ - س٥، س٦، س٧، مایس ١٩٤٤، تەمووز ١٩٤٥.

(١) لە دەفتەری سەربازییدا ساڵی هاتنە دنیای بە س١٩٢١ز نیشان دراوە. کامەران موکریی لە دانراوەکەیدا، ساڵەکەی بە ١٩٢٢ز نیشان داوە، ڕەفیقی برایشی لەلای من گوتی؛ س١٩٢١ز لە دایک بووە!! ڕاستییەکەی ئەم ساڵانە -کە ئەو لە قودسدا هاتبێتە دنیاوە- هەموو هەڵەن؛ نیشان بە ئەو نیشانەی کە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانیی: ١٩٢١/٣/٧ز) جاڕێکی بڵاو کردووەتەوە بەنێوی (مەحموودی وێنەگر)ەوە کە بابی ئەوە! بە ئەم پێیە -پێشتریش جاڕێکی ئەوتۆ بەو ئەو نێوە بڵاو نەبووەتەوە- وێ دەچێت کە بابی محەممەد قودسیی، لە دەمەو پاییزی س١٩٢٠ز.دا هاتبێتەوە -لە فەلەستینەوە- بۆ سلێمانیی و بەپیشەی (وێنەگریی)ەوە خەریک بووبێت! هەر بە ئەم پێیەش بڕوام هەیە کە محەممەد قودسیی س١٩١٩ز. لە دایک بووبێت کە نۆبەرەی بابیەتی!

*(**) هەردوو دەفتەرم لە س١٩٩٧ز.دا لە (ڕەفیق)ی برای؛ خاوەندی ستۆدیۆی ڕەفیق - سلێمانی وەرگرت!*



دەرچووە بۆ پۆلی چواری ئامادەیی. ئیدی چووەتە (ف. سەربازیی بەغداد) و دوای دوو ساڵ خوێندن بوو بەجێگری ئەفسەر -نائیب زابت- لە هەولێردا.

لە نێوان س١٩٤٢ز-١٩٤٣ز.دا بووە بەئەفسەری یێک ئەستێرە و لە ڕواندزدا بەئەفسەری سەربازگر -زابت تەجنید- دامەزراوە. لە ئەو هەلانەدا -چۆن لە بەغداددا تێکەڵی کۆمەڵێ لاوانی کوردی بەغداد ببوو- بیری کوردایەتیی بڵاو دەکردەوە. لە س١٩٤٣ز.دا چووەتە ڕیزی (شۆڕشی بەرزان)ەوە. لە س١٩٤٦ز.دا، لەگەڵ گشت هێزی بەرزان -دوای دامرکاندنەوەی شۆڕش- چووەتە پاڵ کۆماری کوردستانی خۆرهەڵات و لە ئەوێدا پلەی بەرزبووەتەوە.

بەڕۆشنایی کتێبی (دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان) پلەی گەییوەتە (کۆلۆنێل - عەقید)یی و یاریدەر -وەکیل-ی بەرزانی مستەفا بووە و لە زۆر کۆبوونەوە و نامەنووسیندا بەنێوی (بەرزانیی)ەوە ئاخاوتووە.

دوای کارەساتی ڕمانی کۆمار و شەهیدبوونی پێشەوا، سەرکۆمار (قازیی محەممەد) لە س١٩٤٧ز.دا، محەممەد قودسیی و چەند هاوەڵی وەک؛ (خەیرالله عەبدولکەریم، عیززەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو)ی ئەفسەران و هاریکارانی کۆمار، بەهۆی حوکوومەتی ئێرانی داگیرکەرەوە کەوتنەوە دەست حوکوومەتی مەملەکەتی عێراقی عەرەب کە لە دووڕاوەحوکمی خنکاندنی دابوون!

دەفتەری ڕۆژمێری بابی - س١٩٤٧ز، تێیدا نووسراوە: (سەعات ٤,٣٠ دەققەی بەرەبەیانی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لە بەندیخانەی بەغداد)دا ئەو و هاوڵەکانی لە سێدارە دران... دوایی لەسەر وەسیتنامەکەی خۆی تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ سلێمانیی و لە ئەو شوێنەدا کە پێشنیاری کردبوو ئەسپاردەی گردی سەیوان، خاکی پیرۆزی کوردستان کراوە.

ڕۆژی ناشتنی لە سلێمانییدا، بۆ ئەبەد ڕۆژی ماتەمینیە!

محەممەد قودسیی، نووسەر و توانا بووە. لە گۆڤاری (گەلاوێژ - س١٩٤٤ز-١٩٤٥ز)دا چیرۆک و نووسینی بەئیمزای (م. مەحموود)ەوە بڵاوە. لە کۆماری کوردستاندا بەدووانبێژ - خەتیب-ی شۆڕش نێوبانگی دەرکردووە. چیرۆکی (نەسرین)ی نووسیوە.

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، دوو هاوسەری هەڵبژارد بوو؛ (نەجیبەی شێخ حەسەن)ی خەڵکی سلێمانیی کە بەسەر منداڵەوە مردووە. (نەسرین)ی کیژی مامۆستاییێکی خەڵکی «بوکان» کە ساڵی ١٩٤٦ز. لە چارەی نووسرابوو.

دەفتەری ڕۆژمێری بابی قودسیی ڕادەگەیێنیت کە لە ٣٠ی نیسانی ١٩٤٧ز.دا بەڕێگەی ڕواندز - هەولێردا هێناویەتی بۆ سلێمانیی. دوای شەهیدبوونی قودسییش ماوەیێ لە

سلێمانییدا ماوەتەوە و ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ کن کەس و کاری بۆ «بوکان».

ڕەفیقی برای محەممەد قودسیی بۆ منی گێڕاوەتەوە؛ ئێستەش لە ژینداین و ڕێزی کەس و کارمانی لەلا هەیە!

چاپکراوەکانی:

١- نیشتیمان و نیشتیمانپەروەریی چییە؟ - بەغداد؛ س١٩٤٧ز

**⊖ مەلا محەممەد کەریم قازیی سەقزیی**

(کەوسەر/ شاعیر: ١٢٦٥/١٨٤٨ز. سەقز ـــ ١٢ جومادی یێکەم ١٣٢٨ک/١٩١٠ز. سەقز)(*)

لە خانەدانێکی کۆنی باژێڕ سەقز -کوردستانی خۆرهەڵات-ە کە پشتاوپشت دەچنەوە سەر خانەدانی شێخولئیسلامی بەنێوبانگ!

خوێندنی لە فێرگەکانی ئایینەوە دەستی پێ کردووە، لە سەرەتادا لەلای مامۆستایان مەلا محەممەدی مودەڕڕیسی مزگەوتی سەقز، دواتر لەلای مەلا عەبدوسسەلامی مودەڕڕیسی بانە، ماوەیێکیش لەلای مەلا محەممەد شەریف لە بۆکاندا، هەروەها دوو ساڵیش لەلای مەلا عەبدالڵەی پیرە باب و دوو ساڵیش لە مەلا عەلیی قزڵجیی تورجانیی لە تورجاندا بووە دوای خوێندنیش لە باژێڕی سەقزدا بووە بەقازیی و ناوبەناویش دەرسی گوتووەتەوە.

خۆشنووس، هەروەها -بەزمانی فارسیی- شاعیر و ئەدیب بووە و (دیوانێکی شیعر)ی چاپ نەکراوی لەدوا بەجێ ماوە کە هەمووی فارسیە، هەروەها کۆمەڵێ نامەی -فارسیی- بەپەخشانی ئەدەبیی باڵا داڕێژراو. نامەکانیش -یێکێکیان بۆ شێخ ڕەزای شاعیری کوردە و لە ئێرەد بڵاوە/١٢- بۆ گەلێ دۆست و شاعیران و ڕووناکبیران و کاربەدەستان وەزیرانی قاجار و نامەیێکیشی بۆ ناسردین شایقاجار (١٨٤٧ز-١٨٩٥ز) نووسیوە.

کوردییەکی چاکی بەنووسین و خوێندنەوەوە زانیوە -چیی کوردیی دیار نییە./K/- و شیعری شاعیرانی کوردی لەبەر بووە و سەروبەندێکی لەگەڵ هێندێکیان هەبوو[1]!

---

(*) حەمەی حەمە باقیی «؟»؛ نامەیێکی مێژوویی بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانیی و هەواڵی تازە/ مامۆستای کورد - ژ٢٤ و ٢٥ی زستان و بەهاری ١٩٩٥ز، ل١٥-٢١، سوید.

(١) بڵاوکەرەوەی وەک سەرچاوەی ڕوون نەکردووەتەوە، هەواڵی نەنواندووە داخۆ نێوبراو وەچەی هەیە و لەکوێدا دەژین.



**☼ ❑ شێخ محیەددین شێخ ساڵح بەرزنجەیی**(*)

(تەکیەدار و ناسراو: س١٩٠٠ز. گوندی پیرداود، هەولێر ـــ ١٩٨١/٧/١ز. هەولێر)

بابی لە نێوەڕاستی سەدەی نوزدەدا هاتووەتە دەشتی هەولێر و لە گوندی پیرداودا جێگیر بووە!

هەژدە ساڵان بووە کە بابی مردووە، ئیدی لە ئەو تەکیە و مزگەوتەی بابی کە لە ساڵی ١٨٩٢ز.دا لە گەڕەکی عەرەبی کۆنی هەولێردا دروستی کردووە، جێگەی گرتەوە!

شێخ محیەددین دۆستی هەژار و داماوان بووە، هاروەها گەلێ لە گەورە پیاوانی وەک پاشا تەلال، مەحموود ئەلسەوواف، ئەمجەد زەهاویی و لە کوردانیش شێخ مەحموودی حەفید، سمکۆ شکاک، پیرەمێرد، هەموو دۆستی بوون!

ئەو تەکیە و مزگەوتەی کە ئێستەش ماوە، کاروانسەرای میوان و لێ قەوماوان بووە!

شێخ محیەددین لەنێو هەولێریشدا گەلێ کاری چاکەی کردووە وەک:

- لە گرانییدا نانەواخانەیێکی کردووەتەوە و نانی هەژارانی داوە!
- دەزگەی (تیشک/ ئەشیعە)ی لە کیسەی خۆی کڕیوە بۆ نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر!
- یارمەتیی قوتابخانە و قوتابیە هەژارەکانی داوە!
- مزگەوتێکی لە گەڕەکی برایەتییدا دروست کردووە!

شێخ محیەددن وەجاخی ڕوونە و نەوەی دانیشتووی هەولێرە کە یێکیان ئەفسەری پۆلیس و قانووناس شێخ ئەحمەد شێخ محیەددینە!

---

(*) سەرچاوە:

١- شێخ ئەحمەدی کوڕی کە لە ماوەی ساڵێکدا -لە هەولێردا- دیدەنیم کرد و تکای ژیننامەی بابیم لێ کرد، تا دوایی لە ١٩٩٧/٤/٢٤ز.دا بە (نامە) ئەم باسانە و فۆتۆگرافی بابی بۆ ناردم!

## ☼ ❑ **مستەفا سەیید ئەحمەد**(*)

(مستەفا نەریمان/ مامۆستای قوتابخانە، ڕۆژنامەڤان: س**١٩٢٥**ز.
کفریی ـــــ **١٩٩٤/٥/٢٧**ز. بەغداد)

خوێندنی سەرەتایی و نێوەندیی بڕیوە تا (ف. م. بەغداد)ی تەواو کردووە و بووە بە مامۆستا لە ئاوایی و گوندەکانی «کەرکووک - کفریی»دا. بێژراوە لە ڕیزی (پ. هیوا)دا بووە.

بەگوتەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیی دۆستی، لە س**١٩٤٤**ز. ڕاوە، بیر و قەڵەمی خستووەتە کار. لە سەرەتادا خووی داوەتە هەڵبەست، ئەوجا (دائیرەتولمەعاریف/ دائرە المعارف) کە بۆی هەڵنەسووڕاوە. ئەوجا بەساڵنامە -تەقویم- دانانی کوردییەوە، هەروە بەوردە گوتارەوە خەریک بووە. دوایی هێندێ کرد و کۆشی کردووە و بۆ شانۆی نووسیوە، بەڵام لە شەستەکانەوە خووی دایە دانانی (پێ ڕستی کوردیی) و لە ئەمەدا کۆششی بەری گرت! لە ساڵانی ڕابوردوودا، لە (دەنگی گێتیی تازە، هەتاو) و ڕۆژنامەی دیبیدا نووسینی بڵاوە! لە کۆتایی شەستەکاندا لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی نزیک بووە و ماوەیێ لە گۆڤاری (بەیان)دا سکرتێری نووسین بوو. دوای خانەنشین بوونی، تێکەڵی دەزگەی ڕۆشنبریی و بڵاوکردنەوەی کوردیی بوو. بەڕادەیێ وەک کارمەندێکی دەزگەکە دیاربوو. لە (هاوکاری، ڕۆشنبیری نوێ، بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدادیشدا گوتار و بەرنامەی بڵاوکردەوە و دوا بەرنامەیشی لە ڕادیۆدا (ئەمڕۆ لە مێژوودا)بوو.

لە سەرەتای هەشتاکاندا، کاتێ گۆڤاری (ڕەنگین)ی دەزگەی ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردیی بڵاوکرایەوە، تا (**٢٥**) ژمارەی سکرتێری نووسین بوو. لە ئەم قۆناغەدا و تا مردنی باری بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئاسان و ژین و گوزەرانی خۆشتر بوو(١).

---

(*) سەرچاوە:
١- ٨٨/١.
٢- ١٢٥/٢٩/٢.
٣- ڕەنگین - ژ٦٧؛ س١٩٩٤ز.
٤- ڕەنگین - ژ٦٩؛ س١٩٩٤ز (سەرنجێکی کتێبی بیرەوەرییەکانی ژیانم - مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیی)
٥- گۆڤار و ڕۆژنامەی دیی.

(١) بەئەمانەت و ویژدانێکی ئینسانیی و ئەدەبییەوە، پێویستی دەبینم بۆ مێژوو هێندێ خاڵ تۆمار بکەم کە پێشەکییەکەی ئەوەیە؛ من لە ژیندا بۆ چەند سەعاتێ لەگەڵ مستەفا نەریمان دانەنیشتووم و لە کار و فرماندا پێکەوە هاوەڵ نەبووین و لە سلاوێکی دووراو دوور بەئەو لاوە، چ ڕووداو و باس لە نێوماندا نەبووە. ئەوجا دەڵێم؛ دوو جار لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ز.دا، ڕێبەری پێشووی =



زمانەکانی کوردیی، تورکیی، عەرەبیی و هێندێ فارسیی زانیوە ژنی هێناوە و نەوەی پێگەیشتووی هەیە و بەغداد نشینن.

چاپکراوەکانی:
١- هاواری لاوان - بەغداد؛ س**١٩٥٣**.
٢- هەڵبەست بۆ قوتابیان - کەرکووک؛ س**١٩٥٥**.
٣- عەلیی ئەفەنیی - کەرکووک؛ س**١٩٥٧**ز. (دراما)
٤- رووخا - کەرکووک؛ س**١٩٥٩**ز. (دراما)

---

=دەزگەی ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردیی - بەغداد؛ کاک محەممەد محەممەد ئەمین بۆ منی گێڕایەوە کە؛ (ساتێ بووە بەڕێبەری گشتیی دەزگەکە، لە چەکمەجەی مێزەکەیدا، ڕاپۆرتێکی مستەفا نەریمانی بەردەست کەوتووە کە داویەتی لە هێندێ نووسەر و کتێبخانەی کوردیی و بووەتە مایەی قەدەغەبوونی بەرهەمی ئەو نووسەر و شاعیرانە و کتێبخانەی کوردیی). نێوبراو بەپەژارەوە گوتی: (من حەز لە چارەی کەسانی ئەوتۆ و «فلان/ من نێوەکەیم دانانەوە چونکە باسی لە ئێرەدا نییە» ناکەم کە وەکیلی ئەمنی سلێمانیی بوو، من موحافیز بووم مەعاشەکەم دووسەد دینار بوو، ئەو لە مانگی سەد و بیست دیناری هەبوو!). لە هەشتاکاندا -بەتایبەتی دوای خانەنشین بوونی و دامەزرانی ڕێبەری گشتیی دەزگەی نێوبراو لە ساڵی ١٩٨٢ز.دا -مستەفا نەریمان وەک دڵسۆزێک دەمڕاستی تاوانبار و کوردکوژ موسڵیح جەلالیی ڕێبەری گشتیی نوێ بوو. شایانی باسە، موسلیح یێکێ بوو لە شیوعیە دۆڕاو و بەزیوەکان کە لە هەلی شۆڕشی کوردستان لە ١٩٧٤ز.دا (سەرۆکی محکەمەی هەیئەی خاسسەی کەرکووک) بوو، بەڕیز لاوان و کیژان و پیرانی کوردی بێ گوناهی مل پەت کرد(*). مخابن گەلێ نووسەر -بەپیر و لاوەوە، بەسەر ڕەش و سەری سپییەوە- لە دەزگەی ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردییدا، دەستەمۆی داوەت و بەرات و شاباشی بوون، ئەگەر شانازیش لە ژیندا بۆ مرۆڤ، بەها و خۆشییەک بێت، ئەوە ڕێگە بەخۆم دەدەم شانازیی بکەم کە من - کارمەندی دەزگەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی، دوای ڕاگۆستنەوەم لە ڕادیۆوە- لە نێوان ١٩٨٢-١٩٨٦ز.دا تێکەڵیی و هاریکاریم لەگەڵ نەکرد، بگرە بێزم لە کارکردن لە دەزگەکەدا کردەوە و خۆم تەنسیب کرد بۆ گۆڤاری «کاروان» تا ساڵی ١٩٨٦ز، ئەوجا کە ماوەی سێ ساڵ تەنسیبم تەواو بوو، بەبیانووی نەخۆشییەوە لە ١٩٨٦/٤/٤ز.دا خۆم خانەنشین کرد کە تەمەنی وەزیفەداریشم ٢٢ ساڵ بوو. در. ئیحسان فوئاد، هەروەها کارمەندەکانی «کاروان» شایەتن! (مەنفا/ زیندانی ڤەنلۆ - هۆلاند: ٢٠٠٠/٩/١٨ز).

*(*) چەند جار لە تەلەفزیۆنی بەغدادا، چەند وێنەیێکی ئەو دادگە بێ دادە نیشان دەدرا!*

٥- کتێبخانەی کوردیی - کەرکووک؛ س.١٩٦٠.
٦- مامۆستای نەمر - بەغداد؛ س١٩٧١ز.
٧- بیبلۆگرافیای کتێبی کوردیی - بەغداد؛ س١٩٧٧ز.
٨- توێژینەوەک لە پێنج بەهرەی نەجموددین مەلا - بەغداد؛ س١٩٧٩ز.
٩- ڕێنووسی کوردیی لە ڕەگ و ریشەوە - بەغداد؛ س١٩٨١ز.
١٠- ما أسداه الأكراد الى المكتبة العربية - بغداد؛ س١٩٨٣. [خەلاتی کوردان بۆ کتێبخانەی عەرەبیی]
١١- بیبلۆگرافیای کتێبی کوردیی؛ ج١-٢؛ س
١٢- بیرەوەرییەکانی ژیانم - بەغداد؛ س١٩٨٤ز.

### ⊖ مەحموود پاشا عەبدوڕڕەحمان پاشا مەحموود پاشا(*)

(مەحموود پاشای بابان/ میر ؟؟ - سلێمانیی - ؟؟ ئەستەنبووڵ)

مێژووی هاتنە دنیا و مردنی نییە! کوڕە گەورەی ئەوڕەحمان پاشای بابانە کە لەسەر وەسیەتی خۆی و ئافەرینی ئایینناسەکان و گەورەکان، جێگەی گرتەوە. دەوڵەتی عوسمانییش پەسەندی کرد و نیشان و بەرگی پاشایەتیی خەڵات کرد!

لە س.١٨٢٠ز.دا میوانییێکی ئینگلیز؛ گەشتڤان ڕیچ RICH دیدەنیی کردووە. ئەو لێی گوتووە؛ (باوەڕ ناکەم هاوتاییێکی چاکی لە خۆرهەلاتدا هەڵ بکەوێت!)، بەڵام پاشا لەلای ئەو گلەیی لە بەخت و ناتەبایی ریزەکانی خانەدانی بابان کردووە و گوتوویەتی؛ (مەگەر خودا بەلاییێکیان بۆ بنێرێت!!). هەروەها پاشا بێزاریی نواندووە بەرامبەر چاوچنۆکی هەمیشەیی عەجەم و کەمتەرخەمیی و بێ وەفایی -مەمالیکەکان- پاشاکانی بەغدادی سەر بەدەوڵەتی عوسمانیی.

بە ئەوپێیە؛ مەحموود پاشای ئەوڕەحمان پاشا لە نێوان ١٨١٤ز -١٨٤٠ز.دا چەندین جار تووشی تەڵەی شەڕی براکوژیی و پیلانی خوێناویی هەردوو دەوڵەتی عەجەم و تورک بووە.

---

(*) سەرچاوە:
١- ٢/٢٤/١٢٠.
٢- ٢/٢٥/١٢١.
٣- ٢/٢٦/١٢٢.
٤- ٢/٣٢/١٢٨.



چەندین جار، بێ مەلامەت، یان بەهەر بڕوبیانوویێ بووبێت، بەفەرمان و یارمەتیی یێکێکیان، لەشکری هاتووەتە سەر و لە پاشایەتیی خراوە، یان لەشکریانی هێناوە و هاتووەتەوە سەر تەخت کە دوا کۆششی ڕێکەوتی س١٢٥٦ک/١٨٤٠ر بوو، ماوەیێ هاتەوە و دواتر هەڵکەندرا و ناچار ڕووی لە ئەستەنبووڵ کرد و هەر لە ئەوێدا مرد!

لە ئەو مەودایەدا شەڕی عەبداللە پاشای مامی، سلێمان پاشای برای و، ئەحمەد پاشای برازای کردووە، تەنانەت لە س١٢٤٢ک/١٨٢٦ز.دا، تووشی شەڕی میری میران مەحەممەد پاشای ڕواندز هات!

هەر بەپشتیوانی مەحموود پاشا و لەشکری بابانیش، دەفتەردار /داود کەهیە چووە سەر تەختی پاشایەتیی بەغداد، بەڵام پاداشتەکەی بێ وەفایی و پیلان و توندوتیژیی بوو!

بەشێوەییێکی گشتیی سەرچاوەکانی مێژوو چەند بەپیاوێکی باشیان لە قەڵەم داوە، بەڵام لاواز و ساوێلکە بووە. کێشەی بەنێوبانگی مەولانا خالید نەقشبەندیی لە سەردەمیدا گەرمتر قەوما و خۆی و عوسمانی برای زۆر لێی نزیک و دۆستی بوون، بەڵام دواجار لێک زویربوون و باوەڕیان بەیێک نەما و بەیێک نەگەیشتنەوە!

هاوسەری هەبووە، نەوەی دیار نییە!

## ☼❑⊖ مستەفا مەلا ئەحمەد سایيب مەلا قادر قەرەداخیی[*]

(مستەفا سایيب/ زەکی سایيب، کوردیی: ۱۹۰٤/۸/۲٥ز. سلێمانیی ـــ ۱۹۸۰/۱۲/۹ز. سلێمانیی)

بابی قازیی بووە، دایکی حەبیبەی مەحموود ئاغای هەمزە ئاغای مەسرەفە... شەش ساڵان بووە خراوەتە بەر (ق. س. کفریی). دوای ساڵێ هاتووەتە (ق.س. سلێمانیی) و لە س۱۹۱۹ز.دا هەر پێنج پۆلەکەی بڕیوە. لە ئەیلوولی ۱۹۲۱ز.دا چووەتە (ف. ع. کەرکووک) و لە س۱۹۲۳ز.دا دوو پۆلی نێوەندیی بڕیوە و ئەوجا چووەتە (مەکتەبی ئەندازە - بەغدا) و لە هاوینی س۱۹۲٦ز.دا خوێندنی تەواو کردووە و لە پاییزدا دانراوە بەئەندازەڤانی دەزگەی کارگوزاریی -ئەشغال-ی سلێمانیی. لە ئەوێدا ماوەتەوە تا لە سەرەتای ۱۹۲۹ز.دا لەسەر جم و جووڵی سیاسیی نهێنیانە کە ئاشکرا بووە، دوور خراوەتەوە بۆ «گەلیی عەلیی بەگ، مووسڵ، بەسرە، دیوانییە، حیللە: س۱۹۳۰ز» کە تا نیوەی ساڵی ۱۹۳۲ز بارەکەی درێژەی کێشاوە. لە ئەم هەڵەڕاوە گۆستراوەتەوە بۆ سلێمانیی و وێ دەچێت تا پاییزی س۱۹۳٦ز مابێتەوە، دیسان لەسەر جم و جووڵی سیاسی ڕاگۆستراوەتەوە بۆ «کەربەلا، حیللە» تا لە س۱۹۳۸ز.دا لە بەغدادا گیرساوەتەوە! لە ئەو دوا مێژووەڕاوە تا خانەنشین بوونی، هەر بەتەنێ لە بەغدادا ژیاو

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- ئارام (جەمال بابان)؛ بەیان - س۱۹۷٤ز.
٢- ۲/۱.
٣- ۱۳/۱.
٤- ٤۱/۱.
٥- ٥٥/۱.
٦- ۱۲٥/۲۹/۲.
٧- دیمانە و گوتوبێژ لەگەڵ جەمیل محەممەد سنەیی. سلێمانیی، س۱۹۹٥ز.
٨- دیمانە و گوتوبێژ لەگەڵ فوئاد ڕەشید بەکر - سلێمانیی.
٩- ژینامەی دەستنووسی مستەفا سایيب -لەبەردەستم- س۱۹۷۳ز.
١٠- ژینامەی دەستنووسی مستەفا سایيب - بۆ جەمال بابان/ ڕەنگین - ژ۱۳۷، س۱۹۹۹ز (کوردیی و مەریوانیی کێن؟/ بەشی یێکەم).
١١- بەڵگەنامە و نامەکانی یادگاری مستەفا سایيب.
١٢- ڕۆژنامە و گۆڤارە نێوبراوەکان!



ە و دوایی لە کۆتایی حەفتاکاندا هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و لەپاڵ برازای -ئازاد جەمیل سایيب- دوارۆژگاری ژینی ڕابواردووە تا بەهۆی چەند نەخۆشییەکەوە -وەک پرۆستات- کۆچیی ماڵئاوایی کردووە

ڕەبەن ژیاوە و وەجاخ کوێرە. زمانەکانی کوردیی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، ئینگلیزی زانیوە

دەستی لە شیعردا نەبووە و لە ڕۆژنامەکانی (پێشکەوتن - سلێمانیی، بانگی کوردستان، ژیانەوە، ژیان، زاری کرمانجیی، گەلاوێژ)دا بەهونەرەکانی گوتاری ئەدەبیی، کۆمەڵیی، سیاسی، کەلەپوورناسیی، ڕۆشنبیریی گشتییەوە خەریک بووە!

یێکەمین نووسینی، پەخشانی هونەرانەی (بۆ چڕۆوک)ە کە دووەم خەڵاتی گرەوی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانیی، س۱۹۲۰ز)ی پێ وەرگرتووە، دوا نووسینیشی کورتە چیرۆکێکی کۆمەڵییە و بەنێوی (دز)ەوە لە (گەلاوێژ - س۱۹٤٥ز)دا بڵاوی کردووەتەوە!

مستەفا سایيب، هۆشمەندی نەتەوەیی کورد و کوردستان، هەڵکەوتووی قۆناغێکی ڕاپەڕینی سیاسیی و ڕۆشنبیریی کورد، پێشکەوتنخواز، کار تێ کراوی ڕۆشنبیریی ئەورووپا. سەرڕاست و لایێنگری بەجەرگی ئافرەت، پێشڕەوی لاوان، ئەدیبی نوێخواز، سیاسی لەخۆبردووی کەم دەرکەوتووکە هەتا بەهرەکانی ئەدەبی بەقوربانی کرد، چارەکە سەدەیێ پتر بەخەباتی قەڵەم -بێ نێو ئاشکراکردنی خۆی- تا سەر بەنێوناسەکانی (زەکیی سایيب، کوردیی، کوردێک، ک، نەورۆز، پەروێز، شاهۆ)وە لە ڕۆژنامەنووسی و کوڕە ناسیاوەکاندا دەرکەوتووە و خەباتی سیاسیی نهێنیشی مەگەر هەر مێژوو پێی بزانێت! باسکردنی ئەوێکی پێشڕەو و فەرمۆش کراو -دەستی ئەنقەستی تێدا هەیە- زۆری پێ دەوێت... لە ئێرەدا بەکورتیی لە دوو دەروازەوە، ناسین و لێ وردبوونەوەی پێویستە:

١- خەباتی ڕۆشنبیرانەی نێوان س۱۹۲۱ز-۱۹٤٥ز کە هەرە کاری گرنگی دامەزراندنی (کۆمەڵی لاوانی کورد: کەرکووک س۱۹۲۱ز - بەغداد و ساڵەکانی سەرەتای سییەکان!) هەروەها پرۆژەی (نەشرییاتی کوردیی - مەریوانیی: س۱۹۳۰ز-۱۹۳۸ز/ بەغداد).

٢- خەباتی سیاسیی -وێڕای ڕەنگدانەوەیشی لە کۆمەڵی لاوان- لە س۱۹۲۱ز بەدواوە؛ دامەزراندنی (کۆمەڵی زەردەشت: س۱۹۲٦ز-۱۹۲۹ز/ سلێمانیی) و (کۆمەڵی خۆیبوون: س۱۹۲۷ز-۱۹۲۹ز/ لقی سلێمانیی).

بۆ پتر دڵنیابوون لە ڕاستییەکان، چەند بەشێکی ژیننامەی دەستنووسی خۆی و ناتەواوی -

هەروەها ژیننامەیشی کە بۆ ج. بابانی نووسیوە- دەخەمە بەرچاو کە دەبێژێت:

(... لە کەرکووک: س١٩٢١ز-١٩٢٣ز.-دا چونکە لە کۆیە و هەولێر و کفریشەوە قوتابیانی کورد هات بوون و لەوێدا دەیانخوێند، لەوێدا کۆمەڵەییێکمان پێکەوە نا و کەوتینە هۆش و بیری کوردایەتیی و بڵاوکردنەوەی.

نەک هەر لە قوتابخانەدا -ف. ع. کەرکووک- بەڵکوو لەنێو شارەکەدا بەتایبەتی لە گەڕەکانی کورددا و هەموو وەختێ لەگەڵ عەبدولخالیق ئەسیریی -شاعیری نەتەوەپەروەر- و دکتۆر حسێن باباجان و سەیید ئەحمەدی خانەقا -سیاسیی- و گەلێکی دی؛ بیروڕایان ڕێک دەخست و بەدزییەوە بەیاننامە و نەشەراتیان بەکوردیی بڵاو دەکردەوە لە دژی ئیستیعمار -مەبەست لە ئینگلیزە- و حەتتا شەوێک فەتح الله ئەسعەد کە قوتابیی بوو لەگەڵیان، لەسەر ئەوە گیرا. لەو وەختەدا لە قوتابخانەکەدا، بەیانیان قوتابیان پێش چوونە دەرسەوە گۆرانییان دەخوێندەوە چ بەعەرەبیی، چ بەکوردیی... لەو وەختەدا موفەتتیشی عامی مەعاریفی ئەوسا ئینگلیز بوو نێوی «میستەر ڕایلی» بوو، هات بووە کەرکووک و مستەفا ساییب بەنێوی «کۆمەڵی قوتابییە کوردەکان»ەوە، چاوی پێ کەوت و داوای لێ کرد کە کارێکی وا بکات، بەکوردییش بەیانیان گۆرانیی بڵێن و «میستەر ڕایلی»ش قسەکەی پەسەند و ئەمری کرد بۆ بەجێ هێنانی ئەو داوایە و داوایشی لە قوتابییە کوردەکان کرد کە گۆرانیی ئامادە بکەن و بیدەن بەمودیری قوتابخانە تا لەگەڵ گۆرانییە تورکیی و عەرەبییەکاندا بیلێن[١].

لە ساڵی ١٩٢٣ز.دا مستەفا سایب هاتە بەغداد و چووەتە قوتابخانەی هەندەسە. لەبەر ئەوەی کە وڵاتەکە و میللەتەکەش داماوی خوێندن بوون، بەشی زۆری قوتابییە کوردەکانی

(١) مستەفا سایب -بەپێی گێڕانەوەی محەممەدی مەلا کەریم- نامەیێکی بۆ ئەوڕەحمان موفتیی/ شیرۆ ناردووە و گوتوویەتی: لە س١٩٢٢ز.دا لە کەرکووکدا قوتابیی بووین. بەیانیان بەتورکیی گۆرانییان پێ دەگوتین. بیستم کە جەنابی «بێخود» تەشریفی هاتووە بۆ کەرکووک، چوومە خزمەتی لە تەکییە، لە دوای بەخێرهاتنی عەرزم کرد؛ لێرە بەتورکیی گۆرانیمان پێ دەڵێن! ئەویش فەرمووی: ئەوجا مستەفا چیت دەوێ؛ گوتم: قوربان سروودێکمان بەکوردیی بۆ دابنێ هەتا ئێمەیش لەبەری بکەین! فەرمووی: باشە! بەیانیی وەرەوە تا سروودەکە بەریت!

بەیانیی چوومەوە خزمەتی، ئەم سروودەی فەرموو بوو «دلاوەران». خوێندیەوە بۆم. منیش ڕەوانم کرد، بردم بۆ قوتابخانە و بەقوتابییەکانم ڕەوان کرد، خۆیشی نوسخەیێکی نارد بۆ سلێمانیی بۆ شێخ نووری شێخ ساڵح کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی بکاتەوە/ تەواو.

بنۆڕە: ٣١/١؛ ل١٣٦، پەراوێز:١.



«قوتابخانەی عیلمییە» هاتن بۆ بەغداد و چوونە قوتابخانەی «دارولموعەللیمین»ەوە کە ببن بەمامۆستا بۆ ئەوەی دوارۆژ کە دەرچوون بچنە وڵاتەکەیان، خزمەتی بکەن و خوێندن و زانستیی بڵاوبکەنەوە! لە پاش چەند مانگێک «کۆمەڵەییێک»ی بچووکیان پێکەوە نا بەنێوی «کۆمەڵی لاوانی کورد»ەوە[٢] کە هەرچیی قوتابییەکی کورد لە بەغدادا هەبوو، بوو بەئەندام و هەر کەسە بەپێی توانای خۆی مانگانەیێکی موناسیبیان دەدا... لە چوار عانەوە تا ڕوپییە و دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی کاغەز و نەشەراتی دەستخەت بۆ گەورە و ئاغایانی ناسیاو لە کوردستاندا. هەموو هاوینێکیش کە دەچوونەوە وڵات، لە قوتابخانەکاندا کە هاوینان دەچوونەوە لە

(٢) یێکەم وێنەی فۆتۆگرافی ئەم کۆمەڵە -بەکۆمەڵ- لە ١٩٢٥/٥/٨ز. باخچەی مۆد/ بەغدادا گیراوە. وێ دەچێ ئەمە وێنەی (ئاشکرابوونی کۆمەڵەکە بێت!). دوا وێنەی هەمان کۆمەڵێش لە هەمان شوێن و ڕێکەوتی ١٩٣٤/٤/٣ز.دا گیراوە. [بنۆڕە: ڕەنگین: س١٩٨٨ز. هەروەها ڕۆشنبیری نوێ - س١٩٧٥] بە ئەم ڕۆشناییەش مێژووی ١٩٢٥/٥/٨ز بەمێژووی یێکەم (کۆمەڵی لاوانی کورد - کوردستانی باشوور) دێتە بەرچاو و مێژووی دامەزراندنی یێکەم کۆمەڵی خوێندکارانی کورد - هێڤی، ١٩١٢/٧/٢٧ز. ئەستەنبووڵە! پێویستیشی دەزانم هەڵەیێکی زەق و دەستی ئەنقەستی هێندێ نووسراو و ناسراو ڕاست بکەمەوە کە تەنانەت هەواڵێکی ناتەواویان ناوەتە دەم عەبدوڕڕەزاق ئەلحەسەنیی خاوەندی (تەئریخ ئەلئەحزاب ئەلعیراقییە/ مێژووی پارتەکانی عێراق) گۆیا: ئەم کۆمەڵەیە -لاوانی کورد- لە سەرەتاکانی سییەکاندا دامەزراوە و ئەندامە هەرە دیارەکانی: فازیل تاڵەبانیی، ئیبراهیم ئەحمەد، شاکیر فەتاح، حامید فەرەج، فائیق بێ کەس، عەبدالله گۆران، ساڵح یووسفیی بوون. ڕاستییەکەی ئەم نێوانە -بێ کەس و گۆرانی لێ دەربچێت- پێوەندیی کۆنیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە نەبووە و ئەم نێوانە نەوەی دووەمی کۆمەڵی لاوان - خوێندکارانی کوردن لە بەغدادا! بە ئەم بۆنەیەوە، بەچاکی دەزانم ئاماژە بۆ کرد و کۆشێکی هەڵبژاردەیێکی نێو ئەم دەستەی دووەمە بخەمە ڕوو کە در. کەمال مەزهەر ئاشنای کردووە و بەبەڵگەنامەی ڕەسمییەوە ڕوونی کردووەتەوە، حەوت لاوی خوێندکاری کورد لە بەغداد و لە ١٩٣٥/٣/٤ز.دا، داخوازیی ڕەسمییان داوە بۆ پێکهێنانی یانەیێکی ڕۆشنبیریی کوردانە بەنێوی (یانەی سمکۆی شکاک)ەوە و کاربەدەستەکانی حکوومەتی عێراقی عەرەب ڕێگەیان نەداوە، لاوە خوێندکارەکانیش ئەمەن. خاوەند پرۆژەکە ئیبراهیم ئەحمەد -بلە- و فازیل تاڵەبانیی و عارف تاڵەبانیی و شاکیر فەتاح و بەهائوددین عارف کە هەر پێنچیان خوێندکاری کۆلێجی قانوون بوون. هەروەها عەبدوڕڕەحمان عەبداللەی خوێندکاری کۆلێجی پزیشکی و شێخ ڕەئووفی شێخ مەحموودی خوێندکاری کۆلێجی ئەمریکیی لە بەغدادا!

بنۆڕە: در. کەمال مەزهەر ئەحمەد - صفحة مجهولة من نضال الفئة المثقفة الكردية في العراق؛ نادی سمكو شكاك/ الاتحاد - س٨، ع٢٨٠؛ ٢٠٠٠/٧/٢٨، سليمانية.

سلێمانیی و هەڵەبجەدا و ئەوانە بەگیانێکی پاکەوە هەوڵیان دەدا و دەرسیان دەگوتەوە بەقوتابییەکان کە لە خوێندندا زۆر دواکەوتوو بوون!).

مستەفا ساییب -پتر لەژیننامەکەی بەردەستی من- لە ژیننامە نووسراوەکەی بۆ جەمال بابان، باسەکانی خۆی و تێکەڵیی و نێو و کردەوەی هاریکار و هاوەڵانی خۆی ڕوونتر کردووەتەوە و دەبێژێت؛ (لە ١٩٢٦ز.دا کە هاتمەوە وڵات، بووم بەموهەندیسی ئەشغالی سلێمانیی و بەهۆی گەڕۆکیی وەزیفەکەمەوە، هەموو وەختێ دەچوومە دێهات و نێو عەشاییرەوە و بیر و هۆشی میللییم، نەشرات و بەیاننامەم بەنێویاندا بڵاو دەکردەوە!

لە وەختەدا لەگەڵ هاووڵاتییە تێگەیشتووەکاندا کۆمەڵێکمان پێکەوە نا بەنێوی «زەردەشت»ەوە کە دیسان من «موعتەمید/ باوەڕپێکراو»ی کۆمەڵەکە بووم و زۆربەی نووسینەکان بۆ هەموو لایێک من دەمنووسیی و ئەندامێکی زۆرمان هەبوو لەوانەدا؛ شەوکەتی عەزەمی بەگی بابان، عوسمان فائیق «؟/K»، فوئاد مەستیی، شێخ سەلام - شاعیر/K - کەریم سەعید - زانستیی/K - کەریم ڕۆستەم مەشهوور بە کەریم شالوم، شێخ مەحموود، عەبدولواحید مەجید/ نووریی و زۆر کەسی دی لە خوێندەواران و تێگەیشتوانی وڵات و دەستمان کرد بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ئاگرین بەنێو دێهات و عەشاییردا[٣].

(٣) در. کەمال مەزهەر ئەحمەد بەسەر نێوی (خێر و بێری ڕاپۆرتنووسێ)ە وە لە گۆڤاری ڕەنگین - ژ٨٨-٩٠، س١٩٩٦ز.دا ڕاپۆرتنامەیێکی ڕەسمیی ئینگلیزی لە عێراقدا بڵاو کردووەتەوە کە ئەندامێکی ناپاکی (ک. خۆیبوون) داویەتی بەدوژمن. لەلایێکەوە نێوی سەرۆکی گشتیی مەڵبەندی بەغداد؛ مستەفا شەوقی، سەرۆکی لقی سلێمانیی مستەفا ساییب، سەرۆکی لقی هەولێر محەممەد ڕەمزیی/ مامەند کەرکووکیی، هەروەها نێوی ئەندامە ناسراوەکانی لقی سلێمانیی ئەو کۆمەڵەیەی ئاشنا کردووە! لەلایێکی دیەوە دەگێڕێتەوە کە ئەندامەکانی (ک. خۆیبوون) جودابوونەتەوە و چوونەتە پاڵ (ک. زەردەشت)ەوە کە ئەویش - مستەفا ساییب گوتەنیی - دەبێژێت کە هەر ئەم موعتەمیدیان بووە. ڕاپۆرتەکە ناڵێت چۆن لە سلێمانییدا دوو کۆمەڵ هەبووە و ڕوونیشی ناکاتەوە لەسەر چیی کەسانی (خۆیبوون)ی پاڵیان داوە بە (ک. زەردەشت)ەوە. جێگەی باسە سەڵامی شاعیر -لە دیوانی شیعردا- گوتوویەتی کە خۆی «موعتەمید» بووە. دیارە ئەمەش ڕاست نییە! باسێکیش کە جێگەی لێ ڕامانە ئەوەیە؛ بەقسەی در. کەمال مەزهەر -لە ڕەنگین: ژ٩٠دا- ئیسماعیل حەققی شاوەیس و دەستەیێ (ک. زەردەشت)یان دامەزراندووە. من هزر دەکەم کە ڕاستییەکە پێچەوانەبێ و مستەفا ساییب هەر دوای دامەزرانی بەئەندازەڤان - س١٩٢٦ز، خۆی دامەزرێنی (ک. زەردەشت) و لە هەمان کاتدا لە س١٩٢٧ز.دا (ک. خۆیبوون)یشی دامەزراندووە. لەلایێکی دیەوە، هەر لە ڕاییڵەی ئەو باسەی در. کەمالدا، نامەیێکی (زەردەشت)ییەکان، نووسراو بۆ حەفید زادە مەحموود، =



لە ئەووەڵی س١٩٢٨ز.دا کە ئینگلیز هانی شێخ مەحموودی دا«!!»لە دژی حوکوومەت حەرەکەتێک بکات، لەبەر ئەوەی شێخ مەحموود خۆی ئەندامێک بوو لە کۆمەڵەکەمان نەمانهێشت بێ پاداشت هیچ بکات و داوای هێندێ مەتاڵیبمان کرد کە یێکەمیان «موختارییەتی ئیدارە» بوو بۆ کوردستان و لەبەر ئەوەی بۆیان دەستی نەدا و نەیانکرد، ئێمەش ماوەمان نەدا کە شێخ مەحموود بێ موقابیل و بێ سوود هەستێ!!.

لە ئەووەڵی س١٩٢٩ز.دا هێندێ بەیاننامە و کاغەزم لێ کەوتبوو، پێم نەزانیی و کەوتە دەست حوکوومەت. لە پاش پرسین و تەحقیقاتێکی زۆر گۆڕیمیان بۆ ڕواندز -گەلیی عەلیی بەگ- و لەوێشدا لەگەڵ ئاغاکانی ڕایات و باڵەک و هەریر و باتاس و لەگەڵ سەیید عەبداللە کە مودیر بوو لە هەریر، نووسینمان لە بەیندا هەبوو، بەهۆی ئەوانەوە بەیاناتم بڵاو دەکردەوە!

دیسان حوکوومەت پێی زانیی، گۆڕیمیان بۆ مووسڵ[٤] کە لە ئەوێدا ئیشی زۆرتر و

=بەنامەی شاوەیس لە قەڵەم دراوە. ڕاستییەکەش، بەڕۆشنایی قسەکانی مستەفا ساییب و شێوازی نووسینینیشی، ئەوە نووسراوی ئەمیانە! هەرچەندەش لە ئاشناکردنی ڕاپۆرتەکەش و لێ نووسینی در. کەمال مەزهەر ئەحمەد ورد دەبمەوە، ئاڵۆزیێ دەبینم، بەتایبەتی لەمەڕ ئەوەی بۆچیی (ک. خۆیبوون)ی سلێمانی پاڵیان داوە بە (ک. زەردەشت)ەوە. من لە ئەم ئاستەدا -بەڕۆشنایی کۆمەڵی پشتیوان کە هەر لقی (ک. خۆیبوون) بووە و مستەفا شەوقیی سەرۆکی بووە- باوەڕ دەکەم کە (ک. زەردەشت) دیسان هەر نوێنەری (ک. خۆیبوون) بووبێت. بەڵگەشم بۆ ئەمە هەر (ک. پشتیوان) نییە، بەڵکوو وەک سدیق ساڵح -لە گۆڤاری: پەیڤ؛ س١٩٩٧ز/ سلێمانییدا- لەمە کەریم ڕۆستەم/ شالوومی ئەندامی (ک. زەردەشت)، بەڵگەی پاسپۆرت و نووسراوی دی هێناوەتەوە و دەیسەلمێنت لە (کۆنگرەی خۆیبوون - بەیرووت؛ س١٩٢٧ز.)دا بەشدار بووە، هەروەها بەڕۆشنایی یاداشتی ساڵی ١٩٣٢ز.ی شاکیر فەتاح کە مستەفا ساییبی بەئەندامی (خۆیبوون) ئاشنا و عەبداللە عەزیز لە س١٩٣٣ز.دا داوای نووسراوی (ک. خۆیبوون)ی لێ کردووە، ئەوە ڕوونە کە مستەفا ساییب ئەندامی کۆمەڵی باسکراوە. شایانی باسە، دروشمی (خودموختاریی) زەردەشتییەکان هەمان دروشمی (خۆیبوون)ە کە تەنانەت لە ئەو پێناوەدا بانگی هاریکاریی کردنی ڕژێمەکانی ئێران سووریەی کردبوو، بۆیێکا (زەردەشت)ییەکان بەقسەی سەلامی شاعیر پێوەندییان بەباڵیۆزخانەی ئێرانەوە لە بەغداددا هەبووە. جێگەی گوتنە (ئاسف ئەعزەم)ی ئێرانیی -بەقسەی دۆستم جەمیل محەممەدیی سنەیی- تێکەڵیی لەگەڵ (ک. زەردەشت) هەبووە!! بەکورتیی دووبارە دەڵێم کە (ک. زەردەشت) بەبڕوای من -بەر لە لقی خۆیبوون دامەزراوە- هەر خۆیبوونە! دواجار سنووری (ک. زەردەشت) لە نێوان ١٩٢٦ز-١٩٢٩ز. دایە!

(٤) بنۆڕە؛ یاداشتەکانی لە ئێرەدا.

بەهێزترمان کرد لەگەڵ مەحموود جەودەت، ڕەفیق حیلمیی، محەممەد عەلیی کوردیی، عەزیز کوردیی و زۆر لە خوێندەوارەکانی کوردی ئەو نیوچەیەش وەک حازم شەمدینان و میر ئیسماعیل بێزیبیدیی کە کوڕەکەی لەگەڵمان ئیشی دەکرد و لەو ساتەدا بەهەموو لایێکمان ویستمان حەرەکەتێک بکرێت بەعەشاییری زێبار و سورچیی و بێزیدیی و ئەوانەی دژی ئینگلیزن، هەتا لەگەڵ برا عەرەبەکانی «K!!» جەیشدا ڕێککەوتین بەمەرجێک کە حەرەکەتەکەمان سەری گرت و ئینگلیزمان دەرپەڕاند، ئێمە «موختارییەتی ئیدارە» وەربگرین لە داخلی حوکوومەتی عێراقدا و قەرار درابوو لەو سەرە حەرەکەت کرا، دوو فەوج لە جەیشی عێراق ئیلتیحاق بکەن و بێنە سەر مووسڵ و قەرارمان دا، مەحموود جەودەت و محەممەد عەلیی کوردیی و عەبدولعەزیز کوردیی کە زابت بوون، ئەمانیش بچن و عەقرە و ئەوانە کە داخلی حەرەکەت بن... لەپڕێکدا سەعید قەززاز کە ئەو ساتە کاتبیموفەتتیشی ئیداریی -ئینگلیز/K- بوو لە مووسڵ، خەبەری بۆ هێنام کە بەیاننامە و کاغەزەکانم گیراوە لەلاییێن حوکوومەتەوە. دەست بەجێ خەبەرم دا بە مەحموود جەودەت و ئەوان، هەرچیی مۆر و تەمغە و کاغەزێکمان هەبوو، لە شوێنێکی قاییمدا شاردمانەوە، هەر بۆ ڕۆژی دوایی گۆڕڕام بۆ بەسرە -وێنەییێکی لە مانگی ١٩٢٩/١٠ز.دا لە بەسرەدا لەبەر دەستمە- و دوایی ساڵی هاتمە «دیوانییە» و ئەوجا لە ئەووەلی ساڵی ١٩٣٠ز.دا هاتمە «حیللە»! لەوێدا زیاتر و گەرمتر لەگەڵ هاوڕێکانی ئەوێ و بەغداد هەوڵمان دا، کۆمەڵێکمان پێکەوە نابوو، کەوتمە موخابەرە لەگەڵ هەموو خوێندەوارەکانمان لە کوردستان و بەغداد، لەگەڵ تێگەیشتووەکانی سووریا و لوبنان و میسر و تورکیا و ئەمریکا، لەگەڵ ئەمین ڕواندزیی، ئەمین یامەلکێ، سەیید حەسەن، سەیید حسێن، سدیق شاوەیس و گەلێکی دی کە نەفیی کرابووین بۆ حیللە.

لەگەڵ وەهبی بەگ - تۆفیق/ K - و دوکتۆر شوکریی - محەممەد سەگبان/K - لەگەڵ مستەفا شەوقیی - سەرۆکی خۆیبوون لقی بەغداد/K - و گەلێکی دی...

کە هەراکەی ٦ی ڕەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ز ڕووی دا، من و هاوڕێکانم لە حیللەوە دەستمان کرد بەبەیاننامە و نەشەرات ناردن بۆ کوردستانی عێراق و ئێران و بۆ دەرەوەی عێراق و بەهۆی برا کوردەکانی سوریا و لوبنانەوە، پەیتا پەیتا لە بابەت شەڕ و هەوڵدانەکەی کوردەوە، بەتوورکیی هەموو دەنگ و باسێکم دەنارد بۆ جەلادەت و کامەران بەدرخان لە شام و بەیرووت و بۆ مستەفا شاهین کە گەورەی عەشاییری «بەرازیی» بوو لە حەڵەب، بۆ سورەییا بەدەرخان لە پاریس و بۆ دوکتۆر مستەفا نەجیبی کوردی باکوور -لە ئەمریکادا- کە بەنووسین دەمناسیی، ئەوانیش لەوێدا بەفڕەنسزیی و ئینگلیزیی و ئەڵمانیی بڵاویان دەکردەوە و هەموو جارێکیش



نوسخەیان دەدا بۆ «عوسبەتولئومەم/ کۆمەڵی گەلان» کە ئەو ساتە لە «ژنێڤ/ سویسرا»دا بوو. هەتا هەموو تەلگرافەکانی خەڵقی وڵات و هی ئافرەتەکانی کوردستان دەیاننارد بۆ ئێمە، چونکە حوکوومەت ئەو تەلگرافانەی کە بۆ عوسبەتولئومەم و دەوڵەتە گەورەکان دەنووسران و دەنێردران، نەیاندەهێشت بنێردرێ، لەبەر ئەوە سووڕەتیان دەنارد بۆ ئێمە و من دەمکرد بەتورکیی و وەک کاغەزی ئیعتیادیی بەپۆستەدا دەمنارد بۆ بەیروت و لەوێوە کوردەکانی ئەوێ بەفڕەنسزیی و ئینگلیزیی بڵاویان دەکردەوە لە عالەمدا و سووڕەتیان دەدا بەعوسبەتولئومەم. هەر لەو وەختانەدا لە بابەت تەئریخ و حاڵەتی ئیجتیاعیی و ئیقتیسادیی و مەعاریفی کوردستانی عێراقەوە، بەتورکیی کتێبێکی بچووکم نووسییەوە ناردم بۆ سورەییا بەدرخان لە پاریس و لەوێدا گۆڕییە سەر فڕەنسزیی و بڵاوی کردەوە!)[٥].

مستەفا سابیب لە ژیننامەکەیدا -دەستنووسی بەردەستم- پتر باس دەگێڕێتەوە دەڵێت: (لە س١٩٣٦ز.دا کە ئینقلابەکەی بەکر سیدقی ڕووی دا، ئەم و هاوڕێکانی، زۆر هەوڵیان دا بۆ بڵاوبوونەوەی سەندنی حووقووقی کورد «موختارییەتی ئیدارەی بۆ کوردستانی عێراق و دیسان بەیاننامە و نەشەراتیان بڵاوکردەوە بەنێو خەڵقی شارەکان و دێهاتەکان و هێندێ عەشاییر کە لە حەرەکاتی میللییدا تێکەڵییان هەبووە. کە حوکوومەت فەرقی بەم جووڵانەوەیە کرد، گۆڕییان بۆ «حیللە» و «کەربەلا» و دوایی بۆ بەغداد لە س١٩٣٨ز.دا).

مستەفا سابیب دوا کۆشش و مەلامەتی کشانەوەیشی لە سیاسەت -لە ژیننامەکەی بەردەستی ج. باباندا- ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت؛ (لە س١٩٤١ز.دا کە هەراکەی ڕەشید عالیی - گێلانیی/K - ڕووی دا، دیسان کەوتینەوە هەوڵدان کە لەم هەلەدا حەقمان بسێنین و لەگەڵ ئەمین ڕواندزیی و سەیید حەسەن و ڕەفیقەکانی دی قەرار درا کە بەبیانووی پاراستنیەوە، دەست بەسەر «فەیسەڵی دووەم»دا بگرین کە لەو وەختەدا لە شەقڵاوە بوو، ئەو بکرێت بەبارمتە بۆ داواکردنی حوقووقمان، بەڵام ڕێک نەکەوت و لەوەدا هێندێ لە ڕەفیقەکان دڵنەرمییان کرد و سەری نەگرت!

(٥) بنۆڕە باسی لە ژیننامەی سورەیا بەدرخان پاشادا.

لە س١٩٤٨ز.دا کە موعاهەدەی «پۆرتسموس» کرا، دیسان ویستمان بەو هۆیەوە شتێک بکەین کە حەقمان بسێنین، کە ئەو هەستانە گەورەیەڕ ڕووی دا و موعاهەدەکەش هەڵوەشایەوە، ئیشکەی ئێمەش مایەوە!

ئیدی ئەویی ڕاستیی بێت لە س١٩٥٠ز. بەدواوە، بەهۆی ئەوەوە کە زورووف گۆڕڕا و نەوەی تازە پێگەیشتوو کەوتنە نێوەوە، من کەوتمە کونجی پیرانەوە و بۆ ئەوەی ئەو نەمامانە، خوێن گەرمانەخزمەتی وڵاتەکە لە ئێمەی کۆن و پیرەکان پتر و باشتر بکەن، خۆم لە سیاسەت دوور خستەوە!/ تەواو).

مستەفا سایب کە چەند هەگبەیێ نهێنیی سیاسیی و ڕۆشنبیریی لەگەڵ خۆی بردە ژێر گڵەوە، لەلای هێندێ کەسی ڕاستپەروەر، هێندێ هەواڵی، لە دووتوێی بیر و گیان و نووسراویاندا، هەڵگیراوە...

هاوەڵی نزیک و هاودەنگی هۆش و بیری، ئەندامی (ک. ل. کورد)؛ فوئاد ڕەشید بەکر، لە چەند دیمانەی نێوانماندا کە دواترینیان لە ١٩٩٤/٤/١٩ز.دا بوو –بەشایەتیی سنەوبەری کیژیی– بەشانازییەوە یادی دەکردەوە و گوتی؛ (مستەفا سایب، عەقڵی ئێمەی لاوانی کورد بوو. مایەی ئیلهام و توانامان بوو. متمانە پێ کراوی بێ وێنەمان بوو... کوردپەروەر، ڕاست، پاک، لەخۆ بردووی ڕاستەقینە ئەوبوو. هەرچیی بڵێیت خرووی فیز، خۆ بەزل گرتن، درۆ، فیشاڵ لە گیانی ئەودا نەبوو، بۆ ئەو هەموو شتێ هات بووە سەربەرزیی و نێو دەرکەوتنی کورد و کوردستان، دەیگوت؛ من چیم لە چاو ئەواندا؟ مستەفا؛ هەموو کردەوەیێکی ڕەوشت بەرزانە، هێمنانە، پاک و خاوێن بەجێ دەهێنا... پارەوپوولی هەمووی بۆ کوردایەتیی عەمەلیی بوو، تەنانەت بابزانیت کە هەر ئەو لە ساڵی ١٩٢٦ز.دا ئێمەی خستە سەر کەڵکەڵەی تەمسیل کردن!).

لە وەڵام دانەوەی پرسیارێکم، پتر گوتی؛ (بۆ ئەوە کە دەپرسیت بۆچیی نێوی دەرنەکەوتووە؛ ئەوە لەلای من، مەڵامەتەکە دوو شتە؛ یێکەمیان خۆپەرت نەبوو! دووەمیان: بێ وەفایی و حەسادەتی هێندێ ناسیاو کە دوارۆژ سنگیان دەردەپەڕاند... هتد).

هاوەڵ و ئاشنای ڕۆژگاری، شاکیر فەتاحی نووسەر کە یێکەم کەسە ورد ورد لە یاداشتەکانی ١٩٣١/٤/١٩، ١٩٣٢/٢/٧ز.دا یادی کردووەتەوە، لە ئاستی مێژووی یێکەمدا، لێی نووسیوە؛ لەلایێن «م» نێوێکەوە سەرپەڕەیێک – کارتێکم بۆ هات و ئەمەی تێدا نووسرابوو:

«بۆ هەموو قوتابییەکی پڕ حەمییەتی کوردی بگێڕنەوە:



١– لەبەر ئەوەی کورد لە پرسەدایە –بەبۆنەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ز.ەوە/K/– پێویستە لەسەر هەموو لایێک، لەم جەژنەدا –جەژنی قوربان/K/– جەژنە پیرۆزە نەکات!

٢– پێویستە لەسەر هەموو کوردێک پارە لە کارت و پۆستەدا بۆ جەژنی «عەرەب» سەڕف نەکات!

٣– ئەوەندە پارەیەی سەڕف دەکرێ لە شتی وادا، کۆی بکەنەوە لە ڕێی چاکیی و بەرزیی میللەت هەژارەکەدا سەرفی بکەن!

٤– ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولتان لەبیر نەچێ!

٥– داوای مووەفەقییەت و بەرزیی وڵات و میللەت و خۆتان دەکەم.

برایێکی کوردتان «م»

وەکو لە پاشاندا بۆم دەرکەوت، ئەم سەرپەڕەیە لەلایێن مستەفا زەکیی سایبەو بۆمان هات بوو!)

لە ئاستی مێژووی دووەمدا، شاکیر فەتاح و هۆش و بیر و کردەوەی هەڵدەسەنگێنێت و لێی دەڵێت؛ (مستەفا زەکیی سایب، لەولاوە کوردانەیە کە پێوەی بنازرێت. ئەو، لە ڕاستییدا گەلێک جیاوازە لە زۆربەی لاوەکان. ئەوان؛ هەتا لە خوێندگەدان، خوێن گەرمن، زمان درێژن، لە کوردایەتیی دەدوێن. لەسەر هەموو شتێک سنگ بۆ دوژمن دەبەنە پێشەوە، کەچیی کە دەکەونە نێو فرمانێکی میرییەوە، سارد دەبنەوە، وەکو خۆیان بەکورد نەزانن، واتە دەست لە هەموو کاروبارێکی باش بۆ کورد دەکێشنەوە... بەڵام ئەو؛ هەروەک هێندێکی دیش هەن کە لە خوێندگەدا بوون، لەم جۆرە بابەتانە لە هیچیان نەدوواون، تەنانەت لەسەر ساردییەتیان، هاوڕێکانیان گاڵتەیان پێ کردوون. بەڵام ئەم، لەوەتیی بووەتە خوێن گەرمێک و نیشتیمانپەروەرێکی بێ هاوتا، لەو ڕۆژەی دەستی کردووە بەفرمان کردن بۆ میریی، خەریکی کاروباری کوردایەتییە. لە خۆییم دیوە و لێشم بیستووە؛ هەتا ئێستە بەچەندان ڕۆژنامەی کۆن و تازەی کوردیی کۆکردووەتەوە کە هاوڕێکانی هێشتا نێویان نەبیستووە و لە هەموو ڕەنگە نووسراو و هۆنراوەی کوردیی و وێنە مێژووییەکانی کوردستانی پەیدا کردووە و هێندێکی کڕیون، هێندێکی بەنێوی دۆستایەتییەوە لێ سەندوون.

لەم ڕۆژانەدا –لە حیللەوە/K/– هاتە بەغداد، هەرچیی وێنەی مێژوویی بێ لە کوردستاندا، وەک هی سەربازانی کورد و گەورە پیاوانی کورد و هی بۆمبارانەکەی مام ئینگلیز و هی کوشتنی سماییل ئاغای سمکۆ و هی خۆپێشاندانەکەی شاری سلێمانیی و وێنەی چاو ئەندازە جوانەکانی

کوردستانی خواروو، هەمووی لێ سەندین و ڕەوانەی ئەمریکای کرد کە لە یێکێ مانگی نەورۆز -مارت-دا لە لایێن «کۆمەڵی خۆیبوون»ەوە بەزمانی ئینگلیزیی لە چاپ بدرێن و لەژێرەوە هێندێکیان لەسەری بنووسرێت!

مستەفا زەکیی سایبب؛ خۆی یێکێکە لە ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵە زرنگکارییە. چەند مانگێ لەمەوپێش ژمارەیێکی زۆر لەو جۆرە نووسراوانەیان بۆ ناردبوون کە شۆڕشەکانی کوردستانیان تێدا نیشان دابوو، ئەو هەمووی بەدزییەوە بڵاوکردبووەوە بەنێو نیشتیمانپەروەرەکانی کورددا.

مستەفا، مانگێ لەمەوپێش سەرپەڕیێکی زۆری بەنهێنیی بەنێو هەموو کوردەوارییدا بڵاوکردبووەوە، هەرچیی نێوی کوردیی هەیە، چ کوڕ و چ کچ، تێیدا نووسرابوو. هەر بۆ ئەمەی کەس لەمەودوا نێوی بێگانە لە کوڕ و کچی خۆی نەنێت!

مەبەستی لە بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوانەی لەسەرەوە نێومان برد، ئەوەیە کە نێوی کورد و کوردستان بەچاکیی بەنێو هەموو جیهاندا بڵاوببێتەوە تا هەموو کەس کورد و کوردستان بەڕاستیی بناسن و لەو بەدناوییەی کە دوژمن و بێگانە پێیانەوە لکاندوون، ڕزگاریان ببێت!/ تەواو).

پیرەمێرد -خاڵی- لە (ژیان - س١٩٣٦ز)دا لێی گوتووە: (تەرتیبی تەمسیل لەم چەند ساڵانە و حساباتی بلیت و مەساریف، ڕۆح و سەرمایەی ئیرادیش، هەمووی لەسەر شانی مستەفا سایبب بوو... ئای خوایە چەند بەکێشە، لەسەر ئەم «زانستیی»یە چیی بەسەرهات و چەند تووناوتوونی کێشا و نەبەزیی!).

هەروەها لە (ژین - س١٩٤٧ز)دا، دیسان پیرەمێرد یادی کۆششی کردووەتەوە و لێی دەڵێت: (لە زەمانی مەجید یاقووبیدا -موتەسەڕڕیفی سلێمانیی: س١٩٣٧ز- لە خانووەکەی زانستیی دەریان کردین، مستەفا سایبب بوو لە مەعاشی خۆی، لە گەڕەکی دەرگەزێن خانووی بەکرێ گرت!)

دوا هەواڵێکی ئەم نەتەوەپەروەرە گەورەیە کە پێم زانیوە ئەوەیە، کە جەستەی مرد، بەتەنێ سێ سەد دیناری لێ بەجێ ماوە و بەشی کفن و دفنی کردووە!

دانراو و چاپکراوەکانی:

(لە بەشی نامەکانی و لە ئاشناکردنی پرۆژەی: نەشرییاتی کوردیی - مەریوانییدا ڕوونکراونەتەوە!)



### ❑ مستەفا ساڵح کەریم[*]

(نووسەر، چیرۆکنووس: س١٩٢٣ز. سلێمانیی ـــــ ...)[1]

خوێندنی (ق. س) و (ق. ن) لە سلێمانییدا و (ف. م. بەغداد)ی تەواو کردووە و تا س١٩٨٦ مامۆستای قوتابخانەکانی ئاوایییەکان و باژێڕی سلێمانیی بووە و ئیدی خانەنشینیی هەڵبژاردووە! لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، گوتار و چیرۆکی کورتی و ڕەخنەیی بڵاوە.

لە (ژین)دا ١٩٥٧ نووسەر بووە. هەروەها لە (کاروان)دا پەیامنێر بووە، ئێستە لە سلێمانییدا دەژیی. بەکوردیی و عەرەبیی دەنووسێت!

کابانی هەڵبژاردووە و وەجاخی ڕوونە!

چاپکراوەکانی[2]:

١- زڕەی زنجیر - سلێمانیی؛ س١٩٥٨ز. (چیرۆکی کورت)

٢- شەهیدانی قەڵای دمدم - ج١؛ س١٩٦٠ز.

ج٢؛ س١٩٨٢ز. (چیرۆک)

---

(*) سەرچاوە:
٨٨/١.

(١) لە س١٩٩٧ز- ١٩٩٧/٤/١٧ز.دا چەند جارێ دیتوومە و دەیدەنیی کردووم، داوای ژیننامەیێکم کرد کە بۆم بنووسێتەوە... خۆی پشتگوێیی خست و -بۆ ناتەواویی ژیننامەکەی- گلەیی لە ئەستۆی خۆیدایەتی!

(٢) چاپ کراوی دی هەیە و -لە مەنفادا- لەبەر دەستم نییە!

### ❑⊖ مستەفا عەبدولکەریم عەزیز قازانقایی قەرەداخیی[*]

(مستەفا مەزهەر/ ڕۆژنامەڤان، ڕۆشنبیر: س١٨٨٨ز. سلێمانیی ـــ ١٩٤٦/٥/٢٤ز. کەرکووک - سلێمانیی)

دایکی فاتیمەی نێوە...

مـحـەممەدی خـاڵ و عـەبدولمەجـیـد فـەهمی حـەسـەن، دوو سـەرچاوەن کـە -دیارە لە خـۆی و دۆسێیەیەوە- ژیننامەیان کورت نیشان داوە و دەڵێن؛ دوای هێندێ خوێندنی بابەتی ئاساین و (ق. س. سلێـمـانیی) چووەتە (ف. م. عـوسـمـانیی) و لە سـاڵی ١٣٢٩ر/١٩١٣ز.دا بووە بەمـامـۆسـتـا![1] یێکەم جـار لە بازێڕی «نەجـەف» و داویی بۆ «خـانەقین، قـەرەداخ» و لە س١٩١٨ز.دا نووسەری دارایی سلێمانیی بووە!

وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەم -وەک ئەو دوو سـەرچاوەیە و م. ر. هاواریش- دڵنیـایە کـە لە نیسانی ١٩١٩ز.دا نووسەر و سکرتێری سۆن Soaneی فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا بووە لە سلێـمـانیـیـدا! لە س١٩٢٢ز.شدا نووسـەری نێـوخۆیی -داخلیی- بووە کـە ڕۆژنامـەی (ڕۆژی کوردستان)یش جەخت دەکات لە س١٩٢٣ز.دا هەمان کار و فرمانی هەبووە! دوایی -هەرچەندە سەرچاوەکان هۆیەکان نەنواندووە و دیارە لە ڕۆیشتنە گشتییەکەی سلێمانییەوە- هەر لە ئەو

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- ١/١٣.

٢- ١/٢٤؛ ج٢، ل١٤٥-١٤٦.

٣-١/٩٤؛ ج١، ل٥١٢.

٤- ٢/٤/١٠٠.

٥- ٢/٣٨/١٣٤؛ ص٧٧.

٦- دیوانی بێ کەس.

٧- ڕۆژنامەکان: پێشکەوتن - سلێمانیی، ژیان، ژیانەوە، ژین، ڕۆژی کوردستان.

٨- فوئاد ڕەشید بەکر.

٩- نەسرین مستەفا مەزهەر!

(١) مـحـەممەدی خـاڵ دەڵێت؛ دارولموعـەللمـینی تورکـیـا و وەک عـەبدولمەجـید فـەهمی حـەسـەن نـاڵێت ئەستەنبووڵ... ئەز پێم وەیە ڕاستەکە ئەوەیە لە ئەستەنبووڵدا نەبووە، بەڵکو لە یێکێ لە فێرگەکانی مـامـۆسـتـایانی (بەغـداد - س١٨٨٦ز. دامـەزراوە!) یان (مـووسڵ - س١٩٠٠ز. دامـەزراوە) و ڕەنگبێ هەر لە دووەمیشدا بووبێت بەتایبەتی کە سلێمانیی سەر بە هەرێمی مووسڵ بووە!



سـاڵەدا بـووە بەمـامـۆسـتـای بازێڕی نـاسـرییـە. لە س١٩٢٤ز.دا ڕاگـۆسـتـراوەتەوە بۆ (ق. س. باقووبە و ئەوجا لە ١٩٢٥ز.دا بۆ (ق. س. قەرە حەسەن) و لە مانگی مارتی هەمان ساڵیشدا بووە بەژمێریار -موحاسیب-ی دەزگەی مەعـاریفی کەرکووک و لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا بووە بەپشکنەری هەمان دەزگە[2]!

وێ دەچێت دوای دامەزراندنی دەزگەی (موفەتتیشییەتی مەعـاریفی مەنتیقەی کوردستان - کـەرکـووک. س١٩٣٠ز) هەر بەپشکنەر مـابێـتـەوە تا لە کـانوونی یێکەمی ١٩٣٤ز.دا بووە بەڕێبەری (ق. ئا. سلێـمـانیی) و[3] لە تەشرینی یێکەمی ١٩٣٥ز.شدا بووەتەوە بەپشکنەری مەعـاریف لە کەرکووکدا. هەروەها لە تەشرینی دووەمی هەمـان ساڵدا بووە بەیاریدەری ڕێبەری مەعـاریفی کەرکووک، لە شوباتی ١٩٣٧ز.دا بەهەمان کار و فرمانەوە لە هەولێر دامـەزراوە. لە مـانگی ئابی ئەو ساڵەشدا بووە بەیاریدەری ڕێبەری مەعـاریفی سلێمانیی و لە ئەیلوولی هەمـان ساڵدا بووە بەڕێبەری کە تا دوارۆژی ژینی بەری نەداوە!

مستەفا مەزهەر، وێڕای کوردیی، فـارسیی، تورکیی، عەرەبیی، هێندێ فرەنسییشی زانیوە و چ دانراوێکی ئەدەبیی، پەروەرشتیی نییە، لە مەیدانی فێرکردن و لە ڕەووشتدا خزمەتگوزار بووە! لە کۆچی ماڵئاواییدا -بەهۆی شیرپەنجەی گەدەوە- لە ـــــ و گوتار و شیعر، ستاییشی کراوە!

باسـێکی گـرنگ کـە کـەس لێی نەدواوە و دوا لێکۆڵینەوە، من ئاشکرای دەکـەم ئەوەیە؛ بەدڵنیـاییـەوە -نەک هەر نووسـەری تایبـەتی سـۆن Soane بووە- ڕۆژنامـەڤـان و دووەم کـەسی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانیی: ١٩٢٠ز-١٩٢٢ز) بووە... بەڵگەش ئەمەیە:

١- لە ژمـــارەکـــانی (٤، ١١، ١٣، ١٩، ٢٦، ٣١، ٣٣، ٤٣، ٥١، ٥٤، ٥٦، ٧٤)دا بەئیمزای (مستەفا)وە کۆمەڵێ ئاگاداریی و داوای ئابوونە لە خوێندەوارە کڕیارەکانی کراوە.

(٢) ژیانەوە - س٢، ژ٤٢، ١٩٢٥/٩/٢٤ز لەمـەڕ دامـەزراندنی نووسـیـویەتی؛ (لە تەعین کـردنی مستەفا ئەفەندیی بەموەفەتتیشی وەزارەتی جەلیلەی مەعاریف، جیددەن ئیسابەتی فەرمووە، چونکە مووماٸێلیهـ موقتەدیر و وەتەنیی و مەعـاریفپەروەرە، گەلێ خزمەتی بۆ مەملەکەتەکەمان سەبەقەتی کردووە، لەڕێی مەعاریف و وەتەنیدا ئومێدی گەلێ شتی دەکەین!/ تەواو).

(٣) -ژیان- س٩، ژ٤٢٣، ١٩٣٤/١٢/٢٢ز هەواڵی ڕاگەیاندووە کە؛ پشکنەری مەعـاریفی مووسڵ مستەفا مەزهەر بۆ مەکتەبی سانەویی سلێمانیی دانراوە. بەڵگەنامەی بەردەستیشم نیشانی دەدات، نووریی بەرزنجەیی لە جێگەی دامەزراوە!

٢- دوای کۆچی سۆن Soane له ١٩٢١/٣/٦ز.دا بۆ وڵاتی خۆی، کەسێکی دی -کە هەر ئەو سکرتێری جێگرەکەی سۆن Soane بوو- لە ڕۆژنامەکەدا وەک ئەو دیار و بەدەسەڵات نەبوو. چ لە ڕووی پێوەندییەوە بەفەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا لە سلێمانییدا؛ Gold-smith گولدسمت، چ لە ڕووی توانای قەڵەمەوە!

٣- مامۆستای کۆچ کردووفوئاد ڕەشید بەکری هاوڕۆژگاری -قوتابیی بووە- بۆ منی گێڕاوەتەوە؛ (من بزانم مستەفا مەزهەر سەرپەرشتی ڕۆژنامەی «پێشکەوتن - سلێمانیی» دەکرد، چونکە هەر جارێ خاڵە جەمال عیرفانم شتی دەنووسیی بۆ ڕۆژنامەکە، دەیدا بە من و دەیگوت؛ تەسلیمی مستەفا مەزهەری بکە!)(٤).

٤- لەسەر پەڕەی ژمارەیێکی هەمان ڕۆژنامە - کۆکراوەی مستەفا سایبب و هەڵگیراو لای جەمال بابان و من- کرێکارێ، خوێندەوارێکی نەناسراو، بۆ یادگار نیگای هەستی خۆی بەمەرەکەبێکی ڕەش تۆمار کردووە و نووسیویەتی؛ (جەنابی مستەفا ئەفەندیی، لە پێشکەوتن هیچ حەوادیس نانووسیی، بۆچیی خزمەتی میللەت و دینی ئیسلام وا دەبێ؟/ تەواو)(٥).

کەواتە مستەفا مەزهەر ڕۆژنامەڤانی یێکەم ڕۆژنامەی سلێمانیی بووە! لە ڕووی کۆمەڵێییەوە دوو کابانی هەڵبژاردووە؛ یێکەمیان بێ نەوە و زوو مردووە! دووەمیان -ئایشێی سەعید قادر: ١٩٨٧/١٢/١٠ز. کۆچی کرد- تاقە کوردێک؛ سەردار و کیژانی نەسرین، مونیرە، گەلاوێژ، پاکیزە، نیهایەتن کە زۆربەیان لە مەیدانی پەروەرشتدا خزمەتگوزارن و هەرە دیاریشیان مامۆستا نەسرینی ڕێبەری (ق. ئا. کیژان) و (پشکنەری پەروەردە)ی سلێمانیی و (ئەندامی یێکەم پارلەمانی کوردستان)ە(٦).

بۆ کۆچیی مستەفا مەزهەر، بێخود، بێ کەس، پیرەمێرد شیعریان گوتووە و ئەمەی دووەم هەڵدەبژێرم:

(٤) دیمانەم و گوتوبێژمان: ١٩٨٨/٦/٢٤ز. سلێمانیی.

(٥) ئەم نووسراوە لەسەر یێکەم لاپەڕەکەی (پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س٢، ژ٨٠، پێنجشەمبە، ٢ ڕەبیعولئەووەل ١٣٤٠/٣ نوڤمبر ١٩٢١/ دوای مێجەرسۆن Soane)ە!

(٦) ڕۆژانی ١٩٨٧/٤/٢٥ و ١٩٨٨/٦/٢١ز. سلێمانیی بەدیمانەی ئەم کیژەی گەیشتم و -زووتریش سەرداری کوڕی- بەهیچ جۆرێ ئاگاداری هەواڵی کاری ڕۆژنامەڤانیی بابیان نەبوون و سەرسام بوون... بەڵام مامۆستا نەسرین لە ڕوو پێی گوتم؛ (بەحیساب... دەڵێن زەمانی ئینگلیز بابم سەر=



دەک فەلەک چەرخت شکێ گشت کردەوەت خونخوارییە
بۆچی تەبعەت وا هەمیشە مائیلی غەدداریییە؛
ڕۆژ نییە ئەم خەڵقە تووشی شین و وا وەیلا نەکەیت
شەو نییە عالەم ڕەحەت بێ، هەر لە گریە و زارییە!
شەربەتت زەهرە و ژیانت قەهرە، لوتفت هەر شەڕە
بەزم و ڕەزمەت شێوەنە، کەیف و سەفات غەمبارییە
گەر بەدوو چاوی عەقڵ سەیرت بکەین جا تێ دەگەین
دڵ بەتۆ بەستن خەتایە و عەیللەتی بێ عارییە
(مستەفا مەزهەر) کە دوێنێ ڕەهبەری ئەم خەڵکە بوو
کۆچی کرد، داخی بەجەرگم کۆچەکەی ئێجگارییە
ئاخ چ دەردێکی گرانە بۆ گەلی کوردی هەژار
قەد بەدەم ناکرێ بەیانی؛ هێندە سەخت و کارییە
هەر کەسێ ڕۆژێ ئەوی دیبی بێ، دەروونی لەت لەتە
پەست و داماوە، لە داخا خوێن لە چاوی جارییە
سالی تەئریخی وەفاتی وا بەناوی هاتە دەر؛
(مصطفی مظهر) غەریقی ڕەحم و لوتفی بارییە!

=بەئەو بووە!). پتر گوتی؛ (بابم لەگەڵ خانەدانی شێخان لەسەر زەوی و زاری قەرەداخیان ناکۆک بوو، ئەوان زەوتیان کردبوو؛ هەروەها بەهیە خانی ئەمینی عەتار -دووەم کابانی حەفید زادە- پووری دایکمە![*] جێگەی ڕوون بوونەوەیە؛ م. ر. هاوار لە دانراوەکەیدا (ج١/ لە زمان یاداشتی شێخ ڕەئووفی حەفید زادە مەحموودە) نووسیویەتی: دوای بەدیل گرتنی حەفید زادە، بەڕاسپاردەی مێجەر سۆن Soane، (مستەفا مەزهەز) چووەتە گوندی «داریکەلیی» و (دارکاریی) خەڵکەکەی کردووە بۆ ئاشناکردنی هەموو کەلوپەل و ناو ماڵی حەفید زادە و مەوماڵاتی!

*(*) مامۆستا نەسرین سەلارانە هاتە پێشەوە و چەند وێنەی فۆتۆگرافی بابیشی پێشکەش کردم، بەڵام مخابن چ بەڵگەنامەیێکی لەلا نەبوو! جێگەی گوتنە؛ مستەفا مەزهەر لە ژینی کار و فرمانیدا، دەست و داوێن پاک و بێ سامان بووە، نیشان بەئەو نیشانەی -لە پاسینی چلەیدا- خەڵکی سلێمانیی پیتاکیان کۆکردەوە بۆ باربووکردنی منداڵەکانی و کڕینی خانوویێک بۆ نیشتەنییان!*

### ❑ مستەفا عەزیز مستەفا[*]

(مستەفا پاشا یامەلکێ/ ڕۆژنامەڤان، شاعیر: ١٨٦٦/١/٢٥ز.
سلێمانیی ـــــ ١٩٣٦/٢/٢٥ز. بەغداد - ١٩٣٦/٣/٧ز. سلێمانیی)

عەبدولعەزیزی کوڕی دەڵێت؛ بابی لە مەلازادەکانی بیارەیە و پیرۆزی دایکی بابی کیژی حەمە ڕەسووڵ ئاغایە لە کوێخاکانی خێڵی جاف.

ئەحمەد خواجە -لە وەڵامی پرسیارمدا- چەند جارێ بۆ منی گێڕاوەتەوە کە بابی مستەفا هەورامانییە! گیوی موکریان -لە هەتاودا- دەبێژێت مستەفا کوڕی عەزیز یامەلکێی کوڕی مستەفا ئاغایە لە خێڵی حەمەدەمین ئاغای داراغای بەگزادە. میر بەسریی -لە مامۆستای کورددا- قسەی بڵاوە و بەهەڵە بە مستەفا شەوقیی ناساندووە و ئەوجا دەڵێت: مستەفا کوڕی عەزیز یامەلکێ کوڕی مەلا مستەفا کوڕی مەلا عەزیز کوڕی مەلا حەیدەرە لە خێڵی بلباس!!

هەرچۆنێ بێ بە مستەفا پاشا یامەلکێ ناسراوە و لە گەڕەکی گۆیژەی سلێمانییدا لە دایک بووە... لە مزگەوتی سەیید حەسەن و لەکن مامۆستایان مەلا فەتاح، مەلا عەبداللەی عیرفان (قورئان)ی خوێندووە، دوایی چووەتە بەر خوێندنی (ق. ر. س. سلێمانیی) و لە ١٢٩٥/٥/٣١ز/١٨٧٨ز. دا باوەڕنامەی تەواوکردنی خوێندنی وەرگرتووە، ئەوجا ڕووی کردووەتە (ق. ئا. س. بەغداد) و سێ ساڵی تێدا خوێندووە و ئەوجا لە ١٢٩٨/٨/٨ر/١٨٨١ز.دا ڕووی کردووەتە (ف. ح. ئەستەنبووڵ) و لە ١٣٠١ر/١٨٨٤ز.دا بەپلەی -مولازمی دووەم- بەئەفسەر دامەزراوە و چووشەتە بەشی ڕوکنی جەنگاوەرییەوە. لە ١٣٠٢/٥/١٥ر/١٨٨٥ز.دا پلەی -بۆ مـــــولازمی یێکەم- بەرزبووەتەوە و لە ١٣٠٤/٥/١٨ر/١٨٨٧ز.دا لە بەشی هونەری ڕوکنی جەنگاوەرییدا پلەی بۆ -یووزباشیی- سەرۆکی یێکەم بەرزبووەتەوە و لە بەشی سێی ڕوکنی جەنگاوەریی گشتیی دامەزراوە! لە ـــــ/١٠/١٣٠٥ر/١٨٨٨ز.دا پلەی بەرزبووەتەوە بۆ بینباشی و لە تیمی حیجازەوە ڕاگوێستراوە بۆ روکنی جەنگاوەریی لەشکری شەشی بەغداد. لە ١٣ی زیلقەعیدە ١٣١٠ک/١٨٩٢ز. دامەزراوە بەشابەندەر - کونسوڵی عوسمانیی لە (خوی، سەلماس)ی ئێراندا. لە ئەو هەلانەدا کیژی شا ناسروددینی لە چنگی شۆڕشگێڕەکان ڕسگار کردووە و سوڵتان موزەففەروددین -کوڕی ناسروددین: س١٨٩٦ز- نیشانی شێر و خۆری ئێرانیی خەڵات کردووە!

لە ١٥ی جومادیی یێکەم ١٣١٣ک/ ١٨٩٦ز.دا ڕاگۆستراوەتەوە بۆ فرمانی شابەندەریی «قارس» ، لە س١٣١٤ر/١٨٩٧ز.دا ڕاگۆستراوەتەوە بۆ کار و فرمانی روکنی جەنگاوەریی لەشکری بەغداد. لە ١٣١٦ر/١٨٩٩ز.دا پلەی بەرزبووەتەوە بۆ قائیمقامیی و لە ١٣١٧/٥/١٠ز/١٩٠٠ز.دا لە سەرۆکایەتیی روکنی جەنگاوەریی لەشکر دامەزراوە. لە ١٣٢٠ر/١٩٠٣ز.دا پلەی بەرزبووەتەوە بۆ (میر لیوا). لە ١٣٢١/١٢/٨ر/١٩٠٤ز.دا بەفرمانی سوڵتان عەبدولحەمید بوو کارگێڕی کۆمسیۆنی سنووری خاقانیی لە نێوچەکانی «سلێمانیی، وەزنە، لاهیجان» دامەزراوە. دواتر لە دەوروبەری «بەغداد، بەسرە، مووسڵ، سلێمانیی»دا هەمان ئەرکی ڕاپەڕاندووە. لەدوا هەل و لە ١٩٠٨/٧/٢٣ز.دا کە شۆڕشی مەشرووتە قەوماوە، ڕاگۆستراوەتەوە بۆ تیمی بیست و حەوتی لەشکر لە «بەیرووت»دا و بووە بەسەرفەرماندەی لەشکری هەشت.

لە ساڵی ١٩١٣ز.دا بەشداری (ر، ج، گ) بووە لە بەرەی (گالیبولی، بولاییێر)دا، هەروەها لە شەڕی گێڕاندنەوەی «ئەدرنە»دا تێکەڵ بووە، دوایی سەروەزیران و سەرۆکی (ک، ی، پ، عوسمانیی)ی ئەنوەر پاشای تورکخواز، خانەنشینی کردووە. دوای ئاگربڕی ١٩١٨ز، دانراوە بە (سەرۆکی دادگەی عورفیی باڵا)، ئەوجا والیی «برووسە» و لەبەر لایێن نەگرتنی کەمالیستەکانی تورک، ناچار بووە دەست لە کار و فرمانی هەڵبگرێت و لە ٣/١٠/١٣٣٥ر/١٩١٩ز.دا بگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبووڵ.

لەگەڵ هەڵکەوتنەوەی کابینەی وەزارەتی نوێی فەرید پاشا لە ١٣٣٦/٤/١٠ر/

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- ٢١/١.

٢- ١٠٠/٤/٢.

٣- ١٠٩/١٣/٢.

٤- ١٢١/٢٥/٢.

٥- (خشتەی گۆڕینی ساڵانی ڕۆمیی بۆ کۆچیی و زایینیی - مۆسکۆ؛ ١٩٧٩ز V. V. Tsybulsky; Calanders of Middle East Cor fres Mosko. 1979).

٦- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:
بانگی کوردستان - س١٩٢٢ز - ١٩٢٣ز. ژیان - ١٩٢٨/٥/٥ و ١٩٣٦/٣/٢٨. ژین - ١٩٤١/٥/٢٣ز. مامۆستای کورد - بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامەلکێ! هەروەها هەمان گۆڤار و گوتاری (میر بەسریی) -هەتاو- ١٩٥٦/٩/١٠ (گیو موکریانی: مستەفا پاشا). هیوا - ١٩٩٠ز. پاریس (بزووتنەوەی کورد - ل٣٥).

٧- بەڵگەنامەی بەردەستم!

١٩٢٠ز.دا، بەفرمانی سولتان بە (سەرۆکی دیوانی دادگەی یێکەمی عورفیی) دامەزراوە، بەڵام بەکەوتنی کابینەی نێوبراو و هەڵکەوتنی کابینەی سەروەزیران تۆفیق پاشای کەمالیست لە ١٩٢٠/١٠/٢١ز.دا، ئەویش لە کار و فرمان کەوتووە و بەبیانووی جم و جووڵەکانییەوە لە دادگەی نێوبراودا و دژی کەمالیستەکان، (گیراوە)!

بەڵگەنامەی بریتانیایی دەبێژێت؛ سەرئەنجام حەوت مانگ فەرمانی بەندکردنی بەسەردا درا، بەڵام -گۆیا بە تێکەوتنی بریتانیا- بەر لە تەواوکردنی مەوداکە، بەخشراوە و لە ١٩٢١/٦/١٧ز.دا ئەستەنبوولی بەجێ هێشتوو و لە پاییزی ١٩٢١ز.دا گەیشتووەتە بەغداد تا لە ١٩٢١/١١/٤ز.دا، بەیێکجاریی هاتووەوە بۆ سلێمانیی و دەستی بەقۆناغێکی ژینی نوێ لە نێوان سیاسەت و ڕۆژنامەنووسیدا کردووە!

یاداشتی ڕەفیق حیلمیی دەگێڕێتەوە؛ لە کۆتایی ١٩٢١ز - سەرەتای ١٩٢٢ز.دا چووەتە پاڵ شۆڕشی سمکۆی شکاک و هاریکاری بووە! دوای گەڕاندنەوەی بۆ سلێمانیی (ک. کوردستان: ١٩٢١ز)ی تێدا دامەزراندووە و خۆی بووەتە سەرۆکی و خاوەند ئیمتیاز و سەرنووسەری (بانگی کوردستان).

بەڕۆشنایی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی، وێ دەچێت لە نێوان ئاب - ئەیلوولی ١٩٢٢ز.دا بوو بێت بەئەندامێکی (ئە. ئیـ. سلێمانیی) کە لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٢٢ز.دا دەسەڵاتیان لە ئیدارەی داگیرکاریی و وەرگرت و بەسەرۆکایەتیی شێخ قادری حەفید (ئەنجوومەنی میللیی کوردستان) جێگەی گرتەوە و ئەمیش لە ڕیزدا بوو کە چووشن بەپیر حەفید زادە مەحموودەوە!

دوای (٢. ح. کوردستان)، لە ١٩٢٣/٦/١١ز.دا، بەبڕیاری ئەدمۆندس Edmands کە (تەشکیلاتی حوکوومەتیی) داتاشراو پێک هات، ئەم (سکرتێر و یاریدەری سەرۆک)بوو!

لە ئەم هەلەدا ژمارەیێکی دی (بانگی کوردستان - ژ١٤)ی دەرکرد، بەڵام وەکوو دوای سێ ڕۆژ لەگەڵ هاوەڵەکانی لە ئەو (تەشکیلاتە حوکوومەتیە) کشانەوە. ڕۆژنامەکەیشی ڕاوەستا و خۆیشی لە ١٩٢٣/٦/١٧ز.دا تێکەڵی چۆڵ کردنی سلێمانیی بوو، ڕووی کردە بەغداد و نیشتەجێ بوو. لە ئەو هەلەشەوە -ئەگەر چیی خەریکی کاری سیاسی بوو- تێکەڵی کار و فرمانی حوکوومەتیی نەبوو!

جارێکی دی لە بەغداددا، سێ ژمارەی (بانگی کوردستان - ١٩٢٦/٤/١ز)ی دەرکردەوە و ئیدی ڕاگیرا. لە سەرەتای مایسی ١٩٢٦ز.دا دیسان هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی! لە ئەم هەلەدا - وەک بەڵگەنامەی ئینگلیزی جەخت دەکات- نیازی بووە. (ک. ز. ک. سلێمانیی) بە کار بیات



بۆ کەڵک گرتنی لە هەڵبژاردندا بۆ پەرلەمان!

هەمان بەڵگەنامە ڕادەگەیێنێت گۆیا؛ نیازی بووە لە (کۆمەڵ)ی نێوبراودا دەستەیێ لایێنگیری لە دژی موتەسەرڕیف و سەرۆکی کۆمەڵەکە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بەکار بیات و کارێک بکرێت کۆمەڵەکە بەرەو پارتێکی سیاسیی بیات و شێخ قادری حەفید و خۆی دەسەڵاتی ئیداریی و سیاسییان -وەک ئەوە شێخ قادر بکرێت بەموتەسەرڕیف- دەستگیر بکەن. بەڵام کرد و کۆشیان ئاشکرا و خۆیان مایە پووچ بوون و کەڵکی هەڵبژاردنی نەگرتووە!

جارێکی دی لە ١٩٢٨ز.دا خۆی پاڵاوتووەتەوە بۆ پەرلەمان و دیسان سەرنەکەوتووە! پیرەمێردی ڕۆژنامەڤان لە یادکردنەوەی دیموکراتییەدا ئاماژەی کردووە کە هەردوو جارەکە -وەک ئاگادارە- قاقەزی دەنگ پێ دانی گۆڕاوە و ساختەی لێ کراوە!!

لە ئیرە بەدواوە هەواڵێکی دی دیار نییە کە توخنی سیاسەت، ڕۆژنامەنووسیی کەوتبێت! ئیدی بۆ خۆی هەر لە بەغدادا تا کۆچی ماڵئاوایی لە گەڕەکی «سەرڕافییە»دا، ژیاوە!

وردبوونە لە ژینی سیاسیی مستەفا پاشا یامەلکێ، ئەوە دەنوێنێت کە لە دەوڵەتی عوسمانییدا ئەفسەرێکی پایەبەرز و لایێنگر و دڵسۆزی سولتانی عوسمانیی بووە و ناحەزێکی سەرسەختی یێکییەتیە خوازەکان و کەمالیستەکان بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩١٠ز. ڕاوە، بەتایبەتی لە (کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردستان - ئەستەنبووڵ)ەوە، تێکەڵی کۆڕی کوردایەتیی و کۆمەڵەکانی بووە.

دوای گەڕانەوەیشی بۆ کوردستانی باشوور و تا مردن، بیرێکی نەتەوەیی هەبووە و لایێنگری بەکاربردنی سیاسەت بووە لەگەڵ بریتانیا، هەر بۆیێکا لەلایێکەوە -بەبیری نەتەوەییانەیەوە- ماوەیێ لایێنگرێکی دیاری حەفید زادە مەحموود بووە کە لە (٢. ح. کوردستان)دا سەرۆک/ وەزیری زانستیی بووەم، لەلایێکی دییەوە -بەڕۆشنایی بیری سیاسیی زانستانەیەوە!!- لە حەفید زادە جوێ بووەتەوە و هاریکاریی بەرنامەی سیاسیی (دیار)ی بریتانیای کردووە لە کوردستاندا! بنچینەی بیروباوەڕیشی ئەمەیە کە بەتەوێڵی ڕۆژنامەکەیەوە ناوە و بەشیعر نیشانی داوە:

زەمانی گورز و ڕم ڕابورد و ئێستا پاڵەوان عیلمە
سیلاحی دەستە سەنعەت، باریقەیی تیغ و سینان عیلمە!

بەڵام مێژوو دەریخست ئەو باوەڕەی لە ئاستی بریتانیای دوژمنی گەورەدا، کەڵکی کورد ناگرێت کە تەنانەت خۆی و هەموو نیاز و هیوایێکی بێ هوودە و نابووت بوون، بەڕادەیێ هەر

بریتانیا نەیهێشت نیشتەنیی سلێمانیی بێت، بۆیێکا عەبدولعەزیزی کوڕی -لە بیرەوەریەکانیدا- بەئاشکرا نووسیویەتی؛ (بابم بەهۆی سیاسەتی ئینگلیزەکانەوە زۆر مەقهوور بوو!)

مستەفا پاشا، لە ڕووی ئەدەبییەوە، شاعیر بووە و دەتوانم بەپێشڕەوێکی شیعری سیاسیی نەتەوەیی بژمێرم(١).

سەرەتای ئەم بیر و هونەرەیشی لە س١٩١٩ز. ڕاوە دەرکەوتووە و وێنەیشی لە شیعرێکی س١٩٢٢ز.دا ڕوونترە:

بەشارەت بێ دەڵێن (سمکۆ) هوجوومی کردە سەر ئێران
بڵاوەی کرد عەجەم، تێک چوون وەک ڕێویی لەبەر شێران
شەبەیخونێکی مەردانە (شکاک) و (هەرکیی)ان کردی
بلندی کرد بیحەمدیللە، کڵاو وتەپلەیی کوردان
دەسا کوردان فیداتان بم، هەموو هەڵسن بەیێکجارە
نەتیجەی ئەم شەڕە خێرە کە ئیستیلالە بۆ کوردان
«ڕوو بەقیبلە»، دەست بەسینە بۆ (کوێت) چاوەڕێ
کورد و گۆران هەر دەڵێن؛ یا ڕەببی (مەحموود) بێتەوە!

مستەفا پاشا یامەلکێی کە وێڕای کوردیی، تورکیی و فارسیی و عەرەبیی زانیوە و گوتاری سیاسی بەهەرسێکیان نووسیوە، دەستێکی دیاری لە بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی ئازادی کوردییدا هەیە و (بانگی کوردستان)ی دامەزراوی بەڵگەیە کە یێکەم کەسی کوردستانی باشوورە، بانگی داوە بۆ (ئازادیی بیروڕا دەربڕین و مافی چاپەمەنیی سەربەست!). ڕۆژنامەی نێوبراو، هەر لەسەر ئەم باسەش لە (٢. ح. کوردستان)دا بەری گیرا و (ڕۆژی کوردستان)ی هاتە شوێن! هەروەها هەر لەسەر ئەم ڕێبازەیشی -وەک وردبوومەتەوە- ڕۆژنامەکەیشی لە بەغدادا، بەری گیرا و پەک خرا!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، مستەفا پاشا لە ١٣٠٢/٦/١٥ر/١٨٨٥ز.دا خوشکی وەزیری هەندەرانی عوسمانیی (سەعید پاشای خەندان؛ سەفییەی حسێن پاشا)ی بەکابان هەڵبژاردووە و لە ١٣٠٤/٥/٣ر/١٨٨٨ز.دا ئاهەنگی گواستنەوەی گێڕاوە... کوڕێک (عەبدولعەزیز) و دوو

(١) عەبدولعەزیزی کوڕی شیعرەکانی کۆکردووەتەوە بەنێوی (هەندێ لە مەترووکاتی مستەفا پاشا - بەغداد؛ س١٩٥٦ز)ەوە چاپی کردووە!



کیژ؛ (زەهرا) و (ئەنجووم)یان بووە کە یێکەم ئەفسەرێکی ناسراوی عوسمانیی و عێراقیی و نووسەر بووە!! دووەمیش دووەم مامۆستای یێکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمیانیی/ مەملەکەتی عێراق - سس١٩٢٦ز بووە!

میر لیوا مستەفا پاشا یامەلکێ، ئەفسەری ناسراوی عوسمانیی، دیپلۆمات، سیاسیی، شاعیر ، ڕۆژنامەڤان لەلاییێن چەندین نووسەر و شاعیر و لێ کۆڵەوە باسی کراوە و لێی نووسراوە...

لە کۆچی ماڵئاواییدا، ع. و. نووریی نووسەر لە ١٩٣٦/٣/٨ز.دا لێی نووسیوە: (... کە لاشەی بەحورمەت، بەمووزیقەوە لەبەر باغی سەراوە تێ پەڕیی، باوەڕم پێ بکەن خوێن لە دڵمەوە نەک ئاو لە چاوم دەهاتە دەرێ... پاشای زەمان، فەلەک ئاستەنگیر تۆو وا بمری؟

... بۆیێ بۆت دەگریم بەجەسارەتەوە دەتنووسیی!

... بۆیێ بۆت ناگریم کە قوماندانێکی عوسمانیی بوویت،

بۆیێ بۆت دەگریم، قوماندانێکی فیکری وڵاتەکەم مرد!

ئەی پاشا!... سەرکردەی بیر و ئامالمانی، مایەی فەخری پیر و جوانی، مایەی فەخری هەموو کوردانی.

بنوو!

بنوو! بنوو لە باوەشی وڵاتەکەدا. موحەققەقمە وەک عاشقێک دەتلاوێنێتەوە گەورەم!).

پیرەمێردی شاعیر -دووجار- شیعری بەسەردت هەڵ داوە و لە کۆچیدا دەبێژێت:

مستەفا پاشا بۆیێ پەسەندە
فەخری بەکورد بوو لای خواو و بەندە.
لە وەسیەتیشدا خۆی لێ نەگۆڕیی
بەوەسیەتی خۆی لە سەیوان نێژرا.
لەسەر کوردێکمان غیرەتی وا بوو،
بەگژ شاهێکی ئێراندا دەچوو.
بیگرە باوەشت ئەی گردی سەیوان
پاشای کوردستان هاتووە بەمیوان.

## ☼ ❑ مستەفا شێخ مەحموود شێخ محەممەد قەرەداخیی(*)

(مستەفا قەرەداخیی/ ڕۆشنبیر؛ بەر لە ١٨٩٥ز ـــ ١٩٧٣/٥/١٦ز.
بەغداد - خانەقین)

خوێندن و خوێندەواریی لە فێرگەکانی ئایینەوە دەستگیر کردووە تا لە (فێرگەی قازییەکانی هەرێمی مووسڵی عوسمانیی)دا بەپلەی قازیی گەیشتووە!

لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س١٩٢٠ز-١٩٢٢ز)دا گوتارە بێکەمەکانی لەمەڕ زمان، مێژوو، باری کۆمەڵیی بڵاوکردووەتەوە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ز-١٩٢٧ز.دا قازیی و داوەری: ئاواییەکانی قەرەداخ، ئامێدی، زاخۆ بووە! هەروەها لە دادگەی بیدائەی مووسڵ، سلێمانیی، کەرکووکیشدا داوەر بووە.

لە نێوان س١٩٤١ز-١٩٤٣ز.دا موتەسەڕڕیفی سلێمانیی و لە نێوان س١٩٤٣ز-١٩٤٤ز.دا موتەسەڕڕیفی هەولێر و لە نێوان س١٩٤٨ز-١٩٥٠ز.دا جارێکی دی موتەسەڕڕیفی هەمان باژێڕ بووە.

لە س١٩٢٦ز.دا ئەندامی دەستەی ئیداریی (ک. ز. ک. سلێمانیی) و لە س١٩٥٦ز.دا ئەندامی دەستەی ئیداریی (ی. س. ک. بەغداد) بووە! چ هەواڵێ بەدەستەوە نییە تێکەڵی کوردایەتیی بووبێت!

زمانەکانی کوردیی، فارسیی، تورکیی، عەرەبیی زانیوە و لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا هێندێ گوتاری بڵاوە.

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، کابانی هەڵبژاردووە و کوڕەکانی لە بەغداد، سلێمانیی، پراگ - چیک-دا دەژین. ناسراوەکەیان ڕۆژنامەڤان کامەران قەرەداخییە! مەحموودیشیان لە سلێمانییدا خەریکی کار و فرمانی ڕەسمییە!

---

(*) سەرچاوە:

١- مەحموودی کوڕی - سلێمانیی؛ ١٩٩٦/١١/١٠.

٢- ١٣٤/٣٨/٢.

٣- ڕۆژنامەکان؛ پێشکەوتن - سلێمانیی، ژیان.



## ❑ مەلا مستەفا مەلا قوتبوددین مەلا شەمسوددین(*)

(بێسارانی/ شاعیر: ١٦٤١ز ـــ ١٧٠٢ز)

بابی لە گوتنەوەی وانەی زمانی عەرەبییدا بەنێوبانگ بووە، بۆیێکا بەمەلا قوتبوددینی عارەب نێوی ڕۆیشتووە.

وەک لە گوندی «بێساران»ی نێوچەی «ژاوەرۆ»دا لە دایک بووە، هەر لە ئەوێدا چووەتە بەر خوێندن و نووسین فێر بووە. ئەوجا بەگوندەکانی هەوراماندا؛ «نۆدشە، پایگەڵان» و باژێڕی «سنە»دا گەڕاوە لە ئێرەدا ئیجازەی مەلایی وەرگرتوو. ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ گوندی «بێساران» و وەک مەلایێ دەستی بەگوتنەوەی وانە و ڕێنمایی کردووە.

بێژراوە گۆیا ژنی نەهێناوە، بەڵام لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا خانەدانێ خۆی بەوەچەی وی دەزانێ. بێژراویشە گۆیا دڵداری (ئامینەی کیژی شێر محەممەدی پایگەڵانیی) بووە و ئەو ئەوینەیشی لە شیعریدا زۆر ڕەنگی داوەتەوە.

دوا مەنزلی گۆڕستانی (پیرە هەژار)ە کە سێ کیلومەتر لە خۆرئاوای گوندی «مەحموود ئاوای دووڕۆ»وە دوورە. (گۆڕستانەکە ئەمێستە کەوتووەتە باشووری ڕاستە ڕێگەی سنە - مەریوان).

بێسارانیی؛ مەلاییێکی زانا، ئایینپەروەر - بێژراویشە گۆیا سەر بەڕێبازی خەڵوەتیی - بووە. بۆ ئەوین، ئایین، کۆمەڵیی، هەروەها بۆ جوانیی سروشت شیعری گوتووە.

چاپ کراوی:

١- دیوانی بێسارانی - بەغداد؛ س١٩٨٢ز.

---

(*) سەرچاوە:

١- دیوانی!

### ⊖ ❍ **شێخ مەحموود سەعید (حەفید) شێخ محەممەد (پچکۆڵە)**(*)(**)

(حەفید زادە مەحموود/ یێکەم مەلیکی کوردستان و شۆڕشگێڕی
کوردستانی باشوور: س١٣٠٢ر/١٨٨٦ز.
سلێمانیی ــــ ٨/ ١٠/١٩٥٦ز. بەغداد - سلێمانیی)

وەچەی کاکە ئەحمەدی شێخە! دایکی ئامینەی وەچەی بابە عەلی ڕەسووڵی پلاوخۆرە.

خۆی -بۆ ڕۆژنامەی حەبەز بووز- دەگێڕێتەوە؛ خوێندنی زانستەکانی ئایین و زمانەکانی عەرەبیی، فارسیی، تورکیی لەلای مامۆستای تایبەتی وەک خواجە ئەفەندیی عەزیزی وەسمان ئاغا، هەروەها -وەک عەلی باپیر ئاغاش گێڕاویەتیەوە- لەلای شێخ ئەوڵای هەولێریی، دەستگیر بووە.

هەر خۆی -لەلای حەبەز بووز- گێڕاویەتەوە؛ساڵی ١٣١٧ر/١٩٠١ز؛ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم باب و مام و خزمانی داوەت کردووە بۆ ئەستەنبووڵ [زێوەر دەگێڕێتەوە دوای سێ مانگ لەگەڵ سێخ مەحموود گەڕاوەتەوە!].

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

| | | |
|---|---|---|
| ١- ١/٤. | ٢- ١/٦. | ٣- ١/١٧. |
| ٤- ١/٢٢؛ ب١-٣. | ٥- ١/٢٥؛ ج١-٣. | ٦- ١/٣٩. |
| ٧- ١/٤١. | ٨- ١/٩٤؛ ج١-٢. | ٩- ٢/٤/١٠٠. |
| ١٠- ٢/١١/١٠٧. | ١١- ٢/١٣/١٠٩. | ١٢- ٢/١٥/١١١. |
| ١٣- ٢/١٦/١١٢. | ١٤- ٢/١٨/١١٤. | ١٥- ٢/٣١/١٢٧. |
| ١٦- ٢/٣٥/١٣١. | ١٧- ٢/٤١/١٣٦. | ١٨- ٢/٤٣/١٣٩. |
| ١٩- ٢/٥٤/١٥٠. | ٢٠- ٢/٥٥/١٥١. | |

٢٢- دەنگی گێتیی تازە - ج٢٦، ژ١٥؛ ١٩٤٦/٢/١١ز (باسێکی کوردی ئێران پاش مەشرووتییەت/ حسێن حوزنی).
٢٣- ڕۆژنامەی عەرەبیی: حبز بوز - س١٩٣٦.
٢٤- ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی: بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال، ژیان، ژیانەوە، کاروان.
٢٥- هێندێ بەڵگەنامە و بەیاننامەی بەردەستم.

(**) نێوبانگی و پێوەندیی گەورەی بەقەوماوە سیاسییە گرنگەکانی سەدەی بیستەوە، دیسان لەبەر ناتەواویی گەڵاڵەکردنی ژیننامەی لە سەرچاوەکاندا، ئەمانە هانیان دام -پشت بەسەرچاوەی باوەڕ پێ کراو- ژیننانەی بەئەم شێوەیە بنووسمەوە!



پتر گوتوویەتی؛ساڵانی ١٣٢٢-١٣٢٣ر/١٩٠٦-١٩٠٧ز لە نێوچەی سلێمانییدا دووجار بەگژ دەسەڵاتی عوسمانییدا چووە. [هێندێ نووسین دەڵێن لەسەر بەگژ داچوونی خێڵی جاف، هەمەوەند بووە. جارێ یێکەم لە «سەردەشت» و جاری دووەم لە گوندەکانی سلێمانییدا خۆی ون کردووە!].

هەواڵی -پتر بۆ حەبەز بووز- گێڕاوەتەوە کە؛ساڵی ١٣٢٤ر/١٩٠٩ز والیی مووسڵی عوسمانیی، باب و مام و خزمانی بانگهێشت کردووە بۆ مووسڵ و لە ئەوێدا پیلانێکی دەستکرد خولْقاوە -سەرچاوەی ئینگلیزیش باسی کردووە- بەهۆیەوە شێخ سەعیدی بابی و هێندێ لە خزمانی و سیی تا پەنجا کەسی لاییەنگیریان کوژراون و خۆیشی بەبرینداریی‌یەوە ڕستگاری بووە و بەڕێگەی کەرکووکدا هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی! [عەبدولمونعیم غولامیی شایەتی حاڵ نووسیویەتی: ڕووداوەکە لە ١٩٠٩/١٢/٤ز.دا بووە. کونسۆڵی ئینگلیز دەڵێت لە نیوە ڕۆژی سێشەممە ١٩٠٩/١/٥ز.دا بووە!]

بەڵگەنامەی ئینگلیزیی دەگێڕێتەوە؛ دوای قەوماوەکە، لە نێوان حوزەیران - کانوونی یێکەمی ١٩٠٩ز.دا، شێخ مەحموود بەپشتیوانیی خێڵی هەمەوەند کەوتووەتە دەست لێ وەشاندنی نێرووەکانی لەشکری عوسمانیی لە نێوچەی خۆیدا! [بەهۆی قەماوەکەی بابییەوە -کە جێگەی گرتووەتەوە- نێوبانگی پتر بووە!].

هەر خۆی دیسان -بۆ حەبەز بووز- دەگێڕێتەوە؛ وەک کەسێکی موسڵمانی نێودەوڵەتی عوسمانیی، لە (١، ج، گ)دا و لەگەڵ لاییەنگرەکانی کورد -هێندێ سەرچاوە بەهەزار تا هەزار و پێنجسەد کەسیان خەملاندووە- لە شەڕی شعەیبە؛ ١٩١٥/٤/١٢ز.دا، دژی بریتانیاجەنگاوە و دوای شکانی لەشکری عوسمانیی لە شەڕەکەدا، بەبرینداریی‌یەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیی!

ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ دەگێڕێتەوە؛ بەر لە ئەوەی بریتانیا بازێڕی کەرکووک داگیر بکات-١٩١٧/٥/٧ز، لەگەڵ شێخ مەحموود نامەیان بۆ سەرفەرماندەی نێرووەکانی بریتانیا ناردووە و گوتوویانە: (بریتانیا بۆی هەیە چاودێری نێوچەکەیان بێت بەمەرجێ ئیدارەکردنی وڵاتی کوردان بەدەست نیشتیمانپەروەرانی کوردەوە بێت!)

سەرفەرماندەی باسکراو، ئا. تێ. وێڵسن A. T. Willson جەخت بۆ ئەو هەواڵە دەکات و دەڵێت؛ کارێکی ئەوتۆی لا پەسەند بوو، بەڵام بەر لە ئەوەی بەیاننامەیێ لەبارەیەوە بڵاو بکاتەوە، لە ١٩١٧/٥/٢٤ز.دا، لە کەرکووک کشانەوە و تورکان بازێڕەکەیان گرتەوە و

نێرووەکانیشیان نارده سەر سلێمانیی و شێخ مەحموود و چەند ناسراوێکیان گرت.

چەند سەرچاوەییێکی دی دەگێڕنەوە؛ شێخ مەحموود ڕەوانەی دادگەی سەربازیی مووسڵ کراوە و حوکمی خنکاندنی دراوە، بەڵام لەبەر هێندێ مەڵامەتی سیاسیی و پێویستیی عوسمانییەکان بەجەنگاوەرانی کورد، لێبوردنی خۆی و ناسراوەکانی دەرچووە.

خۆی -بۆ حەبەز بووز- دەگێڕێتەوە؛ دوای ئەوە، تورکان دەسەڵاتی سەرپەرشتیی هەموو نێوچەکەیان پێ داوە و چووەتە کۆڕی جەنگیشەوە لە دژی لەشکری ڕووس کە لە سنوورەکانی باکووری ئێران و کوردستانی خۆرهەڵاتەوە پەلاماریان هێنابوو! [بەڕۆشنایی چەند سەرچاوەیێ، ڕووس لە نێوان س١٩١٦ز-١٩١٧ز.دا بەکوردستانی خۆرهەڵاتدا هاتن و مەهاباد، مەریوان، خانەقین، پێنجوینیان داگیر کرد - لە ١٩١٧/٥/٣٠ز.دا باژێڕۆکی پێنجوینی هەروەها ئەو سەرچاوانە دەشلێن، تورکانی عوسمانیی، هەروەک ڕووسەکان، لە بریی ساریشکردنی زامەکانی خەڵکی کوردستانی لێ قەوماو و تالانکراو و برسیی، هەمان ڕەفتاریان نواندووە و ئەوەش برینێکی قووڵی لە دڵ و دەروونی حەفید زادەدا هەڵکەند!]

سەرچاوەی دی دەگێڕنەوە؛ کە پەیمانی ئاگربڕ -مۆدرۆس Mudros- لە ١٩١٨/١٠/٣٠ز.دا مۆر کرا، عەلیی ئیحسان پاشای سەرفەرماندەی لەشکری شەشی عوسمانیی، فەرمانی داوە کە سەربازگەی سلێمانیی و کاروباری ئیداریی باژێڕەکە لەژێر سەرپەرشتیی حەفید زادەدا بن و ئەو بەنێوی دەوڵەتی عوسمانیی -وەک قائیمقام- کارگێڕی بێت! [عەلیی ئیحسان پاشا لە ١٩١٨/١٠/١ز.دا بارەگەی لە مووسڵدا داخست و لە دوای ئاگربڕەوە هەر مایەوە تا ناچار کرا لە ١٩١٨/١١/١٠ز.دا باژێڕەکە چۆڵ و ڕوو لە باژێڕ و نێوچەکانی نیسبین و هەکاریی کوردستانی باکوور بکات!].

عەبدوڕڕەزاق ئەلحەسەنیی دەگێڕێتەوە؛ لە ئەو هەلانەدا شێخ مەحموود بۆ دووەم جار، نامەی ناردووەتە کن سەرفەرماندەی نێرووەکانی بریتانیا و دووبارە ڕایگەیاندووە؛ ئامادەیە گوێ ڕایێڵی ماددە شانزەی پەیمانی ئاگربڕ بێت بەمەرجێک کوردستان لەنێو نەتەوە ئازادەکاندا بناسرێت!.

بەڕۆشنایی ئا. تێ. وێڵسن A. T. Willson و لێ بوردبوونەوەم، لە ١٩١٨/١١/١٦ز.دا بەرێگەی قەرەداخدا - فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا لە نێوچەی کەرکووکدا؛ مێجەر نۆیێل E.W. Noiel هاتووەتە سلێمانیی و لە ١٩١٨/١١/١٧ز.دا و ئاهەنگێکی جەماوەریی سلێمانییدا، گوتاری داو و ئاشکرای کردووە؛



(بەفەرماییشتی فەرمانڕەوای گشتیی بریتانیا لە عێراقدا، مژدەتان دەدەمێ کە ئیدی سەربەخۆن و شێخ مەحموود حوکمداری کوردستانە!)(١).

ئا. تێ. وێڵسن A. T. Willson خۆی باس دەگێڕێتەوە کە لە ١٩١٨/١٢/١ز.دا چووەتە دیدەنیی سلێمانیی و لەگەڵ شێخ مەحموود و چل سەرخێڵی کوردستان -هەروەها چەند سەرخێڵێکی کوردستانی خۆرهەڵات- کۆبووەتەوە و هەردوو لا، دوو بەڵگەنامەی دڵنیاییان مۆر

---

(١) بۆ پتر تێگەیشتنی خوێندەوارەکان، پێویستم زانیی کە مەتنی ڕێنماییەکەی کۆڵۆنێل ئا. تی. وێڵسن A. T. Willsonی جێگری فەرمانڕەوای گشتیی بریتانیا لە عێراقدا بۆ مێجەر نۆیێل Noiel، بخەمە بەرچاو: (تۆ لە ١ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨دا، دانرایت بەفەرمانڕەوای سیاسیی نێوچەی کەرکووک. نێوچەی کەرکووکیش لە زێی گەورەوە دەکشێت تا دیالیی و تا سنووری تورکیا و ئێران لە باکووری خۆرهەڵاتدا کە ئەوەش کەرتێکی هەرێمی مووسڵە، ئەویی ئێستە حوکوومەتی خاوەند شکۆ مشووری دۆزینەوەی چارەسەرێکی کۆتایی بۆ دەخوات، بەڵام لە هەنووکەدا دەتوانیت ئەو نێوچەیە بەداگیرکراوێکی سەربازیی بژمێردرێت و بەڕێگەوەی ببەیت! بە ئەو ڕووناکییە، لەسەر تۆیە کە لەگەڵ سەرکردەکانی نێوخۆ ڕەفتار بکەیت. ئەوەیشت لەبیردا بێت کە دەسەڵاتداریی سەربازیی، سەربەستە بۆ ماوەیێ، بەشێکی سوپای بنێرێت بۆ سلێمانیی و هەر لاییێکی دیی خۆرهەڵاتی هێلی ئێستەمان! لەسەرتە کە ئامانجت لەگەڵ سەرکردەکانی نێوخۆیی ئەوە بێت؛ ڕێگە و شوێن دابنێیت بۆ گێڕاندنەوە و سەقامگیربوونی ئاساییش و پاراستنی لە نێوچەکانی دەرەوەی سنووری داگیرکراوی سەربازیمان تا بتوانرێت نۆکەرانی دوژمن دوور بخرێتەوە یان ناچار بکرێن خۆ بەدەستەوە بدەن! هەروەها تا پێویستییەکانی لەشکرەکانیشمان دابین بکرێن! تۆ، چۆنی پێویست دەزانیت، دەسەڵاتی خەرج کردنت هەیە، بەڵام بۆ خەرجییەکی گەورە، پێویستە پێشتر پرس و ڕەزامەندیی بۆ وەرگیرابێت و لە کن سەرەکانی ژووررا مەبەستەکەی ڕوون بێت! هەر ڕێگە و شوێن و تەکبیرێکیش بیگرێتە بەر، کاتییە و جێگەی ئەوەن هەر ساتێ تەماشا بکرێنەوە. تۆ ئەگەر بەکەڵکی بزانیت، دەسەڵاتت هەیە کە «شێخ مەحموود» لە سلێمانییدا بەنوێنەری ئێمە دابمەزرێنیت، هەروەها خۆت چۆنی بەباش دەزانیت، دەسەڵاتیشت هەیە لە چەمچەماڵ و هەڵەبجەشدا، دامەزراندنێکی لەو چەشنە بکەیت! پێویستە بۆ ئەو سەرخێڵانەش ڕوون بکەیتەوە کە هیچ نیازێ نییە ئەرک و فەرمانێکی نەخۆیی -غەریب- بەسروشت و ئارەزوویان بەسەردا بسەپێت! هەروەها پێویستە ئەو سەرخێڵانەش هان بدرێن کە لە نێوخۆیاندا یێکگرتوو بن تا بەچاودێریی فەرمانڕەوا سیاسییەکانی بریتانیا، هەموو کێشەییێکیان چارەسەر بکرێت! هەروەها دەبێت داواشیان لێ بکرێت کە بەپێی قانوونە تورکییە دەستکاریی کراوەکان، چ باجێکیان لەسەرە و چەند پێویستە، بیدەن تا بۆ ئاساییش و پێشکەوتنی وڵاتەکەیان خەرج بکرێت!/ تەواو).

کردووە![٢] [ئەم کارە وەک باوەڕکردنێکی ڕەسمییانە بوو بەحەفید زادە و فەرمانڕەوایی!].

(٢) دیسان هەر بۆ کەڵکی خوێندەوارەکان، کورتیی دوو -بەشە- بەڵگەنامەی دڵنیایی مۆرکرا و دەخەمەڕوو کە یێکەمیان لەلاییێن حەفید زادە مەحموود و چل سەرخێڵی کوردەوە لە ١٩١٨/١٢/١ز.دا دراوە بەجێگری فەرمانڕەوای گشتیی بریتانیا لە عێراقدا. دووەمیان؛ بەڵگەنامەی مۆرکراوی جێگری نێوبراوە کە لە هەمان ڕۆژدا، وەڵامی بەڵگەنامەی یێکەمی داوەتەوە:
یێکەم: (وەک حوکوومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا ئاشکرای کردووە، نیازی جەنگ گێڕانی، ئازادیی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ژێر چەپۆکەی ستەمی تورکان بووە و مەبەستی یارمەتیی و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی سەربەخۆییانە، ئەوە سەرکردەکانی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان، داوا لە حوکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانیا دەکەن کە بیانخاتە ژێر باری چاودێرییەوە -بشبەسترێن بەعێراقەوە تا لە کەڵکی ئەو پێکەوە گرێدانە بێ بەش نەبن-!![*] ئەوان تکایشیان لەفەرمانڕەوای گشتیی لە عێراقدا کرد تا نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە لایان و یارمەتیی پێویستیان بدات، بەشکو گەلی کورد بەچاودێریی بریتانیا و لە بواری شارستانییدا، بەشێوەییێکی ئاشتیخوازانە پێش بکەوێت! ئەوان بەڵێنیش دەدەن، ئەگەر حوکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانیا دەستی یارمەتیی و پاراستنیان بۆ درێژ بکات، فەرمانەکانی حوکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانیا جیبەجێ و ڕاوێژی پەسەند بکەن!).
دووەم: (هەر خێڵێکی کوردی دانیشتووی سنووری نێوان زێی گەورە تا دیالیی -بێ لە خێلەکانی نێوچەی ئێرانیی- تەواو سەربەستە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود پەسەند بکات! شێخی نێوبراویش کە وەک فەرمانڕەوا -حوکمدار-ی نێوچەی باس کراوە و ئێمە پشتیوانین، نوێنەری حوکوومەتی بریتانیایە و لەسەریەتی گوێ ڕاییێڵی فەرمانەکانی بێت![**]

(*) م. ر. هاوار لە وەرگێڕانی مەتنە ئینگلیزییەکەوە ئەم ڕستانەی وەرنەگێڕاوە و لە بریی نووسیویەتی؛ (تکایان لە حوکوومەتی بریتانیا کرد کە ئەوانیش -کوردەکان- قوبووڵ بکات لەژێر سایەی بریتانیا، وەک چۆن پارێزگاریی عێراق دەکات و سوود لەو کەڵکانەی کە بەعێراقی دەگەیێنێت، بەئەو جۆرەش بەکوردیش بگات!/ بنۆڕە: م. ر. هاوار: ١/٨٦/ ج١، ل٤١٩.). من نازانم وەرگێڕدراوە عەرەبییەکە -ئەم مەتنەی من خستوومەتە ڕوو- ڕاستترە یان ئەوەکەی م. هاوار؟
(**) لە مەتنە بڵاوکراوەکاندا، ئا. تێ. وێڵسن A. T. Willson دەشگێڕێتەوە کە؛ (خێڵەکان و دانیشتووەکانی کەرکووک و کفریی، نەیاندەویست لەژێر باری سەرکردایەتیی شێخ مەحموود بن، بۆیێکا ئەو نامەیە -بەڵگەنامەیە- درا بەشێخ مەحموود باسی ئەو نێوچانەی تێدا نەکرا و کوردەکانی ئێرانیش ئاگادارکران کە حوکوومەتی بریتانیا بەتەنێ کوردەکانی کوردستانی باشوور دەگرێتە خۆی. بەئەو پێیە لە ئەستۆیاندایە هەر لەژێر دەسەڵاتی حوکوومەتی ئێران بمیننەوە! وێڕاش، شێخ مەحموود بەئەوە قاییل نەبوو و ڕایشی دەگەیاند کە هەموو کوردەکانی هەرێمی مووسڵ و زۆربەی خێڵەکانی ئێرانیش بەسەرکردایەتیی قاییلن و لەبەر ئەوە داوا دەکەن کە ئۆتۆنۆمییەکی یێکگرتوو هەبێت و خۆی -شێخ مەحموود- سەرکردەی بێت و بریتانیاش چاودێریی بکات و بیپارێزرێت!).



حوکمداریی -فەرمانڕەواییەکە- بەفەرمانی وێڵسن A. T. Willson سنووری لە زێی گەورەوە تا دیالیی بووە و -کەرکووک و کفری لێی دەرهاوێژراوە- مێجەر نۆییێلش Noielش بەڕاوێژکاری حوکمدار ناسراوە! [حوکوومەتی یێکەمی کوردستانی باشوور -حوکمدارییەکە- بێ کابینەی وەزارەت، بێ بودجەی ساڵانە و گشتیی، بێ بەرنامەیێکی دیار بۆ گۆڕینی باری سیاسیی و ئابووریی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵیی بووە... ئەویی لی دیارە -وەک نامەیێکی ڕەسمیی حوکمدار بەڵگەیە- مەبەستی؛ (نەشری عیلم و فونوون و تەرویجی ئەحکامی شەریعەت و خیدمەت و موحافەزەی ئایینی ئیسلامییە و لەژێر حیمایەی دەوڵەتی فەخیمەی بریتانیادا دەست بەکارە).

هەروەها ئەویی لێی دیارە؛ دەزگەیێکی پچووکی موتەسەڕڕیفیەتیی کورد و لەشکرێکی پچووکی کورد -بەنێوی لیڤی- و بەسەرپەرشتیی ئەفسەرانی ئینگلیز پێک هێنراون و کارگێڕە تورکەکان و هاوتایان پاک کراونەتەوە و کوردیش بووە بەزمانی ڕەسمیی دەزگەکان و حوکمداری کوردستانیش مووچەیێکی پانزە هەزار ڕوپیەیی بۆ بڕاوەتەوە!].

وێڕای ئەم بارە ناتەواوە -کە هەرگیز لەگەڵ چوونە پێشەوەی ئاشتیخوازانەی کورد و حوکمدار و هیوای دوای ڕۆژیان نەگونجاوە- ئەم حوکوومەتە لەلای خەڵکی ستەم لێکراو و ڕستگاریخوازی کورد، هەر ڕێز لێ گیراو و مایەی شادیی بووە! لەلاییێکی دییەوە بنچینەی خانەدانی حەفید زادە و خەباتی سیاسیی و ئازایەتیی خۆیشی، پتر پتەو و بەهێز بووە!.

لە ئەم هەلانەدا -وەک گەلێ سەرچاوەی مێژوویی و بەڵگەنامەی ڕەسمیی و نهێنیی بریتانیایی ئاشکرایان کردووە- بریتانیا لە هێزگرتن و پەرەسەندنی حوکمدارییەکە گەلێ ترساوە، بۆیێکا دەستی داوەتە پیلان و گێچەڵ کردن بەحوکمدارییەکە و هەر بۆ ئەم مەبەستەی گەرماوگەرم و لە سەرەتای شوباتی ١٩١٩ز.دا کەوتووەتە خۆی و ئەوپەر ئامانجیشی هەڵگێڕاندنەوەی حوکوومەتی کوردستان و چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسیی و سوپایی داگیرخوازانەی خۆوڕاستانی بووە لە کوردستاندا.

لە ئەو پێناوەدا، لەلاییێکەوە بەبیانووی گەشتکردن بەکوردستانی باکووردا، لە ١٩١٩/١/١ز.دا نۆییێلی ڕاوێژکاری حوکمداری کوردستان دوورخستەوە. لەلاییێکی دیەوە لە مارتی ١٩١٩ز.شدا مێجەر سۆن E. B. Soaneی توندوتیژ و ئاشنای کورد و کوردستانی لە شوێن دانا!

ئەم پیلانانە چ بۆ خەڵکی بەهیوا، چ بۆ حوکمداری کوردستان دژوار و ناپەسەند بوو، بۆیێکا

–وەک زۆر بێژراوە– حوکمداری کوردستان حەفید زادە مەحموود، چارێکی دی نەمابوو لە شۆڕش بە ئەولاوە تا ڕاییگرێت و سنووری تەواوەتیی حوکمدارییەکەی و دەسەڵاتی سەرکردەیی خۆیشی بەسەر بریتانیادا زاڵ بکات!

بە ئەم پێیە لە ١٩١٩/٥/٢٠ز.دا، کڵپەی شۆڕش لە سلێمانییدا کارگێڕە بریتانیاییەکانی گەمارۆ دا و دیلی کردن! یێکێ لە ئامانجە گەورەکانیش ئازادکردنی بازێڕی «کەرکووک» بوو کە حەفید زادە بەلەشکرێکی پچووکەوە –دەبێژرێت سێسەد سوارەیێ بووە– ڕێگەی گرتە بەر. بریتانیاش بەنێرووی هەوایی و هەموو توانایێکی نێرووی زەمینیی و هاریکاریی هێندێ کوردی بەکرێگیراو، لە «دەربەندی بازیان» و ڕۆژی ١٩١٩/٦/١٨ز.دا بەرەو ڕووی شۆڕشگێڕان و حەفید زادەی سەرکردە بووەوە و سەرئەنجام لە شەڕێکی نابەرامبەردا (یێکەم شۆڕشی کوردستانی باشوور) نوشوستیی هێنا و حەفید زادە مەحموودی سەرکردە و حوکمداری کوردستان بەبریندارییی دیل کرا و بەقۆڵبەستیی ڕەوانەی دادگەیێکی سەربازیی بریتانیایی لە بەغدادا کرا، لەلایێکی دیەوە سلێمانییش لە ١٩١٩/٦/٢٣ز.دا بەیێکجاریی کەوتە بن دەسەڵاتی سوپای بریتانیاوە.

دوای داوەرییەکی ناڕەوایانە، لە ١٩١٩/٧/٢٥ز.دا حوکمی خنکاندن بەسەر (حوکمداری کوردستان) حەفید زادەدا درا، بەڵام کاربەدەستە گەورەکانی «لۆندۆن» ناچاربوون بڕیارەکە بگۆڕن بۆ «دە» ساڵ بەندیی لە دوورگەی (ئەنداmان Andaman)ی هێندوستاندا! [لە شۆڕشەکەدا دەیان جەنگاوەری گیانفیدای کورد و کوردستان شەهید کران یان گیران، یان ئاوارە بوون، هەروەها گەلێ کەس و کابانەکان و منداڵانی حەفید زادەش ئاوارەی کێوان و پەرەوازەی ئێران و تورکیا بوون و ماڵ و ماڵاتیشیان بەتاڵان چوو!]

دوای داگیر بوونی سلێمانیی، مێجەر سۆن Soaneیش –لە سەفەری تایبەتی– گەڕایەوە و ئەو کاتەش لە هەموو نێوچەکەدا هەرچیی جم و جووڵێکی سەربازیی هەبوو، کۆتایی پێ هات بوو... ئیدی بەنێوی بریتانیاوە، فەرمانڕەوایی سۆن Soane و دوای خۆیشی مێجەر گوڵدسمیت Goldthimis بەسەر بازێڕەکە و نێوچەکانی سلێمانیی، لە قەڵادزێ ڕاوە تا کفریی، سەپێندرابوو.

[لە ماوەی بەندیی و ئاوارەیی حوکمداری کوردستان، گەلێ ڕووداوی سیاسیی گرنگ کە پێوەندییان بەچارەنووسی کورد و کوردستانەوە، هەروەها بەئازادبوون و گەڕانەوەی حەفید زادە مەحموود خۆیەوە هەیە، قەومان... ئاشناکردنی هێندێکیان پێویستە:

١– لە ١٩٢٠/٨/١٠ز.دا، هاوپەیمانەکانی (پەیمان سەڤەر Sêvrés یان بەسەر تورکدا سەپاند. ماددەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ لەمەڕ چارەنووسی گەلی کورد بوو، باسی خودموختارییان



هێنایە مەیدانی سیاسەتی وڵاتانەوە و تەنانەت ماددەی ٦٤یشی دەرگەی بۆ جوێ بوونەوەی کوردستانی خستە سەرپشت!).

٢– لە ١٩٢١/٣/١٢ز.دا بەسەرۆکایەتیی وەزیری وڵاتە داگیرکراوەکانی بریتانیای مەزن؛ وینستۆن چەرچێل W. Churchill (کۆنگرەی قاهیرە) دەست پێ کرا بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە و باسەکانی دەوروبەر و یێکێ لە بابەتەکانیشیاندا؛ بابەتی کورد و کوردستان بوو... م. ر. هاوار، بەوێنە بەڵگەنامەیێکی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا –دوای وێڵسن– سێر پێرسی کۆکس Sir Percy Coxی خستووەتە ڕوو کە گوتوویەتی؛ (دوو باسی سیاسیی خرابووە پێش چاو:

١– یا نێوچەکانی کورد بلکێندرێن بەعێراقەوە و بەبەشێکی نێودەسەڵاتی حوکوومەتی عێراق بژمێردرێن!!

٢– یان لایێنگیریی جوێبوونەوە و سەربەخۆیی کورد بکرێت!).

م. ر. هاواری لێ کۆڵی مێژوو، بەڕۆشنایی نووسراوی مێژوویی، بەڵگەنامەی بریتانیایی، لێکۆڵینەوەی نووسەرانی دی، ئەنجامی کۆنگرەکەی ڕاست لێک داوەتەوە و دەبێژێت؛ (کۆنگرەی قاهیرە چ پێوەندییەکی بەمافی کورد و دوارۆژیەوە نەبوو، کاری بۆ کرد پشتگوێ بخرێن... فەیسەڵ هێنرا و دانراو بەپاشای عێراق و وردە وردە چاڵ بۆ پەیمانی سەڤەریش هەڵکەندرا و لە «پەیمانی لۆزان Lusane»دا نێژرا!).

٣– لە ١٩٢١ /١٠/ ٢٥ز.دا، حوکوومەتێکی دەمەکیی لە عێراقی عەرەبدا و بەچاودێریی بریتانیا دامەزرا. فەیسەڵ دانرا بەپاشای ئەم دەوڵەتە – حوکوومەتە داتاشراوە.

٤– لە کوردستانی باشووردا –لەلایێکەوە بەهاندانی تورک و لەپێشیەوە بەگیانی نەتەوەییەوە– کرد و کۆشی چەکداریی، خەباتی سیاسیی نهێنیی گڕیان دیاربوو، لە هەمان هەل و هاوینی ١٩٢١ز.دا، پەلاماری لەشکری تورک لە کوردستاندا و بۆ دەرپەڕاندن و جێگە پێ لێژکردنی بریتانیا، پەرەی سەند... بریتانیاش خۆی لە شەڕ لادەدا، بەڕادەیێک بازێڕۆکەکانی «ڕواندز، ڕانیە» کەوتنە چنگی لەشکری تورک و خێڵە کوردەکانی لایێنگیریەوە. هەروەها پڕوپاگەندەی تورکان تا دەهات تین و تاوی دەکشا و دۆستانی بریتانیاش –لە کوردستاندا– دەتۆقان!

لەلایێکی دییەوە، لە ساڵی ١٩٢١ز.دا، کۆششێکی سیاسیی گەرمی بریتانیا بۆ لکاندنی تەواوی کوردستانی باشوور بە عێراقی عەرەبەوە، سەری نەگرت و ئەگەر فێڵێکی زۆریشی بۆ

بەکار برا، زۆربەی جەماوەری کورد، بەتایبەتی سلێمانیی هەرە ناڕەزایی بوون!].

بریتانیا چارێکی دی نەمابوو کە بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسییانەی بەرەو ڕووی هاتوون، هەر ڕەفتاری سیاسیی بەکار بیات و لەنێو کوردیشدا کەسێکی لێهاتوو، هەڵکەوتووی نەدیتەوە. بۆیێکا ناچار بڕیاری دا حەفید زادە مەحموود ئازاد بکات و بگەڕێتەوە بۆ کوردستان!

بە ئەوپێیە، حەفید زادە ئازاد کرا و بەپاپۆڕ لە هیندوستانەوە ڕۆژی ۱۹۲۲/۹/۱۲ز.دا گەیشتە بەغداد و دوای ڕابواردنی هەفتەیێک و دیدەنیی نوێنەری باڵای بریتانیا و پاشای عێراقی عەرەب، لە ۱۹۲۲/۹/۳۰ز.دا گەیشتەوە سلێمانیی! [ڕۆژنامەی بانگی کوردستان دەگێڕێتەوە: فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا لە سلێمانییدا؛ مێجەر گولّد سمیت Goldsmith ڕۆژی ۱۹۲۲/۹/۵ز دەسەڵاتی ئیداریی و کلیلی گەنجینەی دارایی و بارەگەی سەربازیی داوەتە دەست (ئەنجوومەنی میللیی سلێمانیی) کە شێخ قادری برای حەفید زادە سەرۆکی بووە. نێرووەکانی بریتانیا و ئەفسەر و کارگێڕەکانیان هەموو، لە هەمان ڕۆژدا باژێڕەکەیان چۆڵ کردووە!].

حەفید زادە مەحموود کە هاتەوە بۆ سلێمانیی، وەک پێشوازییەکی نەتەوەیی لە ئامێزی گرت، هاتەوە سەر زەوییەکی سیاسیی کەم ناسراوی، بەڵام وێڕا لە ۱۹۲۲/۱۰/۹ز.دا دەسەڵاتی گرتە دەست و لە ۱۹۲۲/۱۰/۱۰ز.دا (بەنێوی حوکمداری کوردستان)ەوە کابینەی دووەم حوکوومەتی کوردستانی پێک هێنا و -وەک بانگی کوردستان بەڵگەیە- لە نیوەی هەمان مانگەوە خۆی بە (مەحموود - مەلیکی کوردستان) ناساند!

لە بەیاننامەی ۱۹۲۲/۱۰/۹ز.دا - فەرمان، ژ: ۱ - دەڵێت؛ (مووەففەق هاتوومەتەوە. لە ئیمڕۆوە دەستم کرد بەتەدویری پەروانەی حوکوومەت و موحافەزەی مەوجوودییەت و ئیستیقلالییەتی کوردستان!

ئەی میللەتم؛ ئەمین بن کە زامن و سەعادەت و مووەففەقییەتی ئەقوام، ئیتتیحاد و ئیتتیفاقە و میللەتێ کە خوێنی ڕشتبێ بۆ حەققی خۆی، قەتعییەن مەحرووم و ئەسیر نابێ و قەراری عالەمی مەدەنییەتیش ئەمەیە؛ کە هەر قەومێ و هەر عونسورێ، خۆ بەخۆی ئەبێ ئیدارە بکا!).

لە ئەم سەردەمەدا، لەشکر و فێرگەی سەربازیی دامەزرا. ئاڵای کوردستان هەڵکرا. ڕۆژنامەی زمانحاڵ (ڕۆژی کوردستان) بڵاوکرایەوە. کارگێڕەکانی دەزگە جۆر بەجۆرەکان، بەفەرمانی خۆی دامەزراند. زمانی کوردیی -لە بارگەی خۆیەوە- تا دەزگەکان و قوتابخانەکان -هێندێکیان بۆ



یێکەم جار دامەزران- کوردیی بوو. [ئەم حوکوومەتە کارامەترە لە حوکوومەتی یێکەم، بەڕاستیی لەبەر دەم بارێکی دژوار و ناسکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییدا بوو. گەلی کورد و مەلیکی خۆی، بەهیواوە دەیاننۆڕیە جێبەجێبوونی «پەیمانی سەڤەر». لە بەرامبەریشەوە؛ بریتانیا - هەروەها حوکوومەتی عێراقی عەرەبی دامەزراوی - وەک تورک، چاویان لە پووچەڵ بوونی پەیمانەکە و بردنەوەی کێشەی -بەنێو هەرێمی مووسڵ- کوردستانی باشوور بوو تا بەر یێکیکیان بکەوێت. دیاریشە هەر ڕەفتارێکی ئەوان لەگەڵ حوکوومەتی کوردستان، سیاسەتی فرت و فێڵاویی و دەمەکییانە بوو! لە گەرمەی چالاکیی ئەم حوکوومەتەشدا، هەرە ڕووداوی گرنگ، گرێدانی کۆنگرەی وڵاتان (کۆنگرەی لوزان - ۱۹۲۲/۱۰/۲۰ز) بوو. لە ئەم کۆنگرەیەدا تورک و بریتانیا ڕووبەڕووبوونەوە... یێکەم داوای هەرێمەکەی دەکرد تا چیای حومرین! دووەم داوای سنوورێکی فراوانتر لە هەرێمکەی دەکرد! بە ئەم جۆرە، کەسیان لە گوتوبێژدا، لە داوای خۆ دانەبەزیی و کۆبوونەوەی یێکەم بێ ئەنجام تەواو بوو!

لە ئەم هەلەدا وەک ڕاپۆرتێکی ڕەسمیی مێجەر نۆییێل E.W.C. Noiel بۆ نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا نیشانی داوە -نامەکە م. هاوار بڵاوی کردووەتەوە- شێخ مەحموود بەهیچ شێوەیێ قاییل نییە، دەسەڵاتی عێراقیی بەسەر کوردستاندا زاڵ بێت!. کەچیی هەر لە ئەم هەلانەدا -بەفێڵ- بریتانیا و عێراقی عەرەب، بەیاننامەیێکی ڕەسمییان بڵاو کردەوە گۆیا؛ (قاییلن لە سنووری عێراقدا، حوکوومەتێکی کوردی دابمەزرێت و چاوەنۆڕە نوینەرانی کورد بگەنە بەغداد تا ڕێگە و شوێن و هاریکارییان بۆ بنوێنن!)[۳].

ڕاستیش لە چەند سەرچاوەدا باس کراوە کە مەلێکی کوردستان چەند جارێ نوێنەر و نامەی ناردووەتە کنیان و هەر جارەش دەستییان پێ کراوە و وەڵامێکی ڕاستییان چنگ نەخستوون!

---

(۳) هەر بۆ تێگەیشتنی ڕاستیی و کەڵکی خوێندەوارەکان، مەتنی ئەو (بەیاننامە)یە دەخەمە ڕوو کە ئەمەیە: (حوکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانیا و حوکوومەتی عێراق ددان بەمافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لەنێو چوارچێوەی سنوورەکانی عێراقدان تا حوکوومەتێکی کوردیی پێک بهێنین و ئومێدیش دەکەن کە ئەو کوردانە بەزووترین کات، لە نێوخۆیاندا لەسەر شێوەی ئەو حوکوومەتە یێک بکەون کە دەخوازرێت یێک بێت و دەستنیشانی سنووری بکەن و نوێنەری دەسەڵات پێدراویشیان بنێرن بۆ بەغداد تا دەست بکەن بەگوتوبێژ لەمەڕ پێوەندیی ئابووریی و سیاسیی لەگەڵ حوکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانیا و حوکوومەتی عێراق!/ تەواو...
بنۆڕە: ۸٦/۱؛ ج۲، ل٤٦٩).

لەپاڵ ئەم ڕووداو و باسەنەشدا، حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان، لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ز.دا فەرمانی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لە «ڕانیە» داوە، هەر لە ئەو هەلانەشدا، تورکیا کۆششی خۆ نزیک خستنەوەی دەکرد. لە ئەم کاتانەشدا؛ (کۆنگرەی لوزان) لە ١٩٢٣/٢/٤ز.دا ئەنجامەکەی بە ئەوە شکاندەوە کە بریتانیا و تورکیا ڕێککەوتن؛ کێشەی -بەنێو هەرێمی مووسڵ- لە بەرنامەی کۆنگرەکەدا دوور بخرێتەوە و هەلی یێک ساڵی بدرێتێ تا «هەردوو حوکوومەت، خۆوڕاستان ڕێک بکەون، خۆ ئەگەر ڕێک نەکەوتن، ئەوە ناکۆکییەکە دەخرێتە بەر دەم کۆمەڵی گەلان و لە ئەم ماوەیەشدا بارەکە -بێ چارەسەرێ- هەروەک خۆی دەمێنێتەوە و پێویستە هەردوو لاش ڕێزی لێ بگرن!].

لە سەرەتاکانی مانگی شوباتی ١٩٢٣ز.دا، تورکیا، ئەفسەرانی نوێنەری خۆی نادرە کن مەلیکی کوردستانی هاوئاییینیەوە لە دژی بریتانیا -بەسەرزاریی گفتی کۆمەکیی و پشتیوانیی دەدا بەگوێدا. هەر بۆیێکا مەلیکی کوردستان لە ١٩٢٣/٣/٢١ز.دا دەستەییێکی سێ ئەندامی نارد بۆ «ئەنکەرا» بۆ گوتوبێژکردنی سیاسیی، بەڵام -تا دوای دووەم شۆڕش- نوێنەرەکانی بەدەستی سپیی گەڕانەوە. لە هەمان هەلدا، لەشکری تورکیا لە نێوچەی «جزیرە/ کوردستانی باکوورد»دا خۆی گورج دەکردەوە و هەڕشەی کشانی لە نێرووەکانی بریتانیا دەکرد. وێڕاش پڕوپاگەندەی تورمان، هەروەها ڕەفتارەکانی مەلیکی کوردستان و جم و جووڵی هێندێ نێوچەی دەرەوەی دەسەڵاتی حوکوومەتی کوردستان، وەک کەرکووک، هەموو کارمەند و لاییێنگرەکانی بریتانیان شپرزە دەکرد!

ئەحمەد تەقیی -کوردی سلێمانیی- ئەندامێکی ڕاسپێردرا و بۆ گوتوبێژ لەگەڵ مەلیکی کوردستان، لە یاداشتی خۆیدا دەگێڕێتەوە؛ (شێخ مەحموود دەستی لە ئینگلیز شوشت بوو، چاری نەما بوو کە لە تورک نزیک ببێتەوە، بەشکو هەر هیچ نەبێت -ئەگەر کوردستانی باشوور خرایە پاڵ تورکیا- بکرێت بەوالیی کوردستان!!).

ئەدمۆندس C.J. Edmonds ئەفسەری سیاسیی بریتانیا -تاوانباری جەنگ بەرامبەر بەکورد- دەگێڕێتەوە کە دڵنیان (شێخ مەحموود لە سەرەتای مانگی مارتی ١٩٢٣ز.دا شۆڕش دەگێڕێت و ئازادکردنی بازێڕەکانی کەرکووک و کۆیەش نیشانەی یێکەمی دەبن!).

[بە ئەو ڕۆشناییە، هەر لە نیوەی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ز. ڕاوە کاربەدەستەکانی بریتانیا لە عێراقی عەرەبدا، کەوتنە خۆ و پیلان چنین بۆ بەرهەڵستی ئەو شۆڕشە!

پیلانەکان -سیاسیی و سەربازیی بوون- وەک ئەدمۆندس Edmonds دەینوێنێت -



داوەتکردنی شێخ مەحموود بۆ بەغداد و بۆ ئەوەش بەر پێنج ڕۆژێکی مۆڵەت دەدرێتێ و ئەگەر نەشچوو، کارکەنارکردنی ئاشکرا دەکرێت. ئەگەر ئەم کارەش سەری نەگرت، بەفڕۆکە و بۆ چۆڵ کردنی سلێمانیی، بەیاننامەی هەڕەشە بڵاو دەکرێتەوە، ئەگەر هەر نەکشایەوە بازێڕەکە بۆمباردومان دەکرێت. هەروەها نێرووەکانی «سیخ»ی بەکرێ گیراو بەپەلە ڕادەگۆستنەوە بۆ کەرکووک تا نێرووەکانی «لیڤیی» ئەستووریی بەکرێ گیراو بەهێزتر بکرێن بۆ بەرهەڵستیی هەر پەلامارێ!].

پیلان و تاوانی بریتانیا دوژمن کەوتە گەڕ کە لە سەرەتادا و لە ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٩ز.دا بەیاننامەی هەڕەشەی بەسەر سلێمانییدا هەڵڕشت کە داوای چۆڵ کردنی سلێمانیی دەکرد، هەروەها بۆ تۆقاندن دوو بۆمبایشیان دا بەبازێڕەکەدا.

حەفید زادە مەحموود مەبەستی بوو بەری تاوانی دوژمن بگرێت، لەلاییێکەوە کۆششی ئاشتیخوازانەی کرد کە بەر لە چۆڵ کردنی سلێمانیی، دەستەییێکی بەسەرۆکایەتیی شێخ قادری برای نادرە کەرکووک تا لەگەڵ کاربەدەستەکانی بریتانیا گوتوبێژ بکات و بەری خوێن ڕشتن بگیرێت، بەڵام بریتانیاییەکان سووربوون لەسەر کارکەنارکردنی حەفید زادە، هەروەها چۆڵ کردنی سلێمانیی. سەرئەنجام حەفید زادە شەوی ٣-١٩٢٣/٣/٤ز، بارەگەی فەرماندەیی و ئیدارەی مەملەکەتی کوردستان و چاپخانەکەی ڕاگواستەوە بۆ ئەشکەوتی جاسەنە/ سلێمانیی. لە بەرامبەریشەوە بریتانیای دوژمن بێ بەزەییانە، دڕوندە ئاسا، کەوتە بەکاربردنی نێرووی هەوایی و لەشکری پیادە و بەتوندیی لە هەموو نێوچەکەدا خوێنی کوردی ئازادیخوا و بێ گوناهی ڕشت و بازێڕی سلێمانیشی بۆمباردومان کرد. بە ئەم جۆرە شۆڕشی دووەمی کورد لە پێناوی مافەکانی گەلێکی چەوساوەدا دەستی پێ کرد!

وێڕای ئەوپەڕی توندوتیژیی و چالاکیی دوژمن -ڕواندز و کۆیە و ڕانیەیشی لە تورکان و لاییێنگرانیان سەند بووەوە- ئەوجا لە ١٩٢٣/٥/١٦ز.دا، چەند نێرووییێکی توانیی بگاتە سلێمانیی و ئیدارەی دەزگەکەکان بخاتەوە گەڕ.

لە ئەو مەردایەشدا حەفید زادەی مەلیکی کوردستان و فەرماندەی گشتیی لەشکری کوردستان، پەڕیی بووەوە نێوچەی «پیران» و ئیدی لە ١٩٢٣/٥/٢٨ز.دا نێرووەکانی بریتانیا توانییان بەتەواویی بەسەر سلێمانییدا زاڵ بن و جێگیر بن! هەر دەمودەستیش ڕۆژی ١٩٢٣/٥/٢٩ز؛ (سەروەزیرانی عێراقی عەرەب) و ڕۆژی ١٩٢٣/٦/٢ز (نوێنەری باڵای بریتانیا)ش گەیشتنە بازێڕەکە و لەگەڵ پیاوە ناسراوەکان کەوتنە گوتوبێژ تا کارێ بکەن

(سلێمانیی بەعێراقی عەرەبەوە بلکێندرێت!). ئەم کارەیشیان سەری نەگرت، ئەگەرچیی لە ١٩٢٣/٦/١١ز.دا، بەفەرمانی کارگێڕی سیاسیی لەشکری بریتانیا؛ ئەدمۆندس Edmonds و بەسەرۆکایەتیی شێخ قادری حەفید (تەشکیلاتی حوکوومەتیی) داتاشرا کە ئەمەش -وەک گوتوێژەکان- بڕی نەکرد و بەری نەگرت و بەفوویێک سەرۆکی و ئەندامەکانی وێکڕا (دەستبەرداریی/ ئیستیقالە)یان دا، تەنانەت -وەک شێوە پیلانێکی سیاسی بۆ خۆپاراستن لە تەڵەی شەڕی دژوار- نێرووەکانی بریتانیا، هەروەها لایێنگریان و کەسانی ترساوی شەڕ؛ لە ١٩٢٣/٦/١٧ز.دا سلێمانییان چۆڵ کرد و بەپەلە پرووزکێ خۆیان گەیاندە کەرکووک. [ڕۆژنامەی ژیان ڕۆژی ٦/١٧ی بە «ڕۆیشتنە عرموومییەکەی ناساندووە!] ئەو ڕۆژە دەمودەست شۆڕشگێڕان بەسەرکردایەتیی کەریم بەگی هەمەوەند، هاتنەوە نێو سلێمانیی و ئەوجا لە ١٩٢٣/٦/٢٦ز.دا (مەلیکی شۆڕشگێڕی کوردستان) هاتەوە سلێمانیی پێتەخت و سەرلەنوێ (تەشکیلاتی حوکوومەت)ێکی نوێ و ڕۆژنامەی زمانحاڵی نوێ (ئومێد ئیستیقلال) دامەزراند، تەنانەت بۆ کاروباری نێوخۆیی دەزگەکان، سێ جۆر (پوول)ی ڕەسمیی (حوکوومەتی کوردستانی جونووبیی) چاپ کرد! [بنۆڕە: پاشکۆ - وێنەی چەند پوولێک].

ئەحمەد خواجەی تێکەڵی شۆڕش و نووسەری مەلیک، نووسیویەتی کە دوای دەسەڵات گرتنەوەی مەلیکی کوردستان؛ (یاسا و شەریعەت لە کاردا بوو. ژیان بەئاسوودەیی دەبرایە سەر و ڕۆیشتووەکان هاتنەوە سلێمانیی و حوکوومەتێکی پوختی تازەی کوردستان دامەزرایەوە. ئیش و کاری خەڵک بەباشیی بەڕێگەوە دەبرا و کەس لە کەس نەدەکەوت!)

لە ئەم سەردەمەدا، ماکینەی پیلانی بریتانیای دوژمن، خێراتر لە گەڕدا بوو... لەلایێکەوە بەنهێنیی، لە تورکیای کەمالیی پتر نزیک دەبووەوە. لە سەرێکی دییەوە دام و دەزگەکانی مەملەکەتی عێراقی عەرەبی بەهێزتر دەکرد و وێکڕاش کرد و کۆشیان بوو بۆ (لکاندنی باژێڕ و قەزا و ئاواییەکانی کوردستان بەعێراقی عەرەبەوە!). هەروەها بەنهێنیی و ئاشکرا، سەرخێڵەکانی کوردیان لەخۆ نزیک دەکردەوە و لە (مەلیکی کوردستان)یان دادەبڕین. سەرئەنجام (پەیمانی لوزان) لە (١٩٢٣/٧/٢٤ز.دا هاتە دی و (پەیمانی سەڤەر)ی زێندە بەچاڵ کرد و چارەنووسی گەلی کورد و کوردستان ڕووی لە تاریکیی کرد.

بۆ ناسینی وێنەیێکی نهێنیی بیروباوەڕ و پیلانەکانی بریتانیا، ئەم بروسکەیەی نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا کە لە ١٩٢٣/١٠/١ز.دا ناردوویەتی بۆ چەرچێل W. Church-illی وەزیر، شایانی لێ ڕامانە... دەڵێت؛ (وا بزانم دەتوانین زۆر بەئاسانیی و بەشێوەیێکی باش، کێشەی سنوور لەگەڵ تورکان چارەسەر بکەین ئەگەر بێت و ئێمە، تورکان دڵنیا بکەین کە



بارەکان گۆڕدراون و سەربەخۆیی کورد بەپێی «پەیمانی سەڤەر» وازی لێ هێنرا و ئەمێستە ئێمە خەریکی ئەوەین کە هەموو نێوچەکانی کورد بەیێکجاریی بخەینە سەر عێراق!). [بروسکە - بەڵگەنامە-ی ئینگلیزیی بڵاوکراوەی م. ر. هاوار].

ڕۆشناشە، ڕۆژ بەڕۆژ بریتانیا -بەئەو بیروباوەڕ و پیلانانەیەوە- لاپەڕەکانی داگیرکاریی خۆی، بۆ ئامانجێکی دووربڕ جێبەجێ و هاریکاری تەواوی مەملەکەتی عێراقی عەرەبی دەکرد.

بۆ ناسینی وێنەی ئەو پێوەندیی و پشت ئەستووریە، لە ١٩٢٤/١/٢٠ز.دا مەلیکی عێراقی عەرەب -فەیسەڵ- ئاڵای مەملەکەتەکەی لە کەرکووکدا هەڵ کرد، زۆریشی نەبرد -بەبیانووی پووچەوە- فڕۆکەکانی بریتانیا لە مانگی مارتی ١٩٢٤ز بەدواوە، کەوتنە بۆمباردومانی نێوچەکانی لایێنگرەکانی مەلیکی کوردستان، تەنانەت لە نێوان ٢٦-١٩٢٤/٦/٢٨ز.دا بۆمباردومانی سلێمانییان کرد و (مەلیکی کوردستان) ناچار ما لە ١٩٢٤/٦/٢٠ز.دا باژێڕەکە چۆڵ و ڕوو لە نێوچەی «قەرەداخ» بکات!

هەڵبەت بڕیاری تەواوی بریتانیا و عێراقی عەرەبی دەستکردی خستنە ژێر باری هەموو کوردستان و کەوتنی حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان بوو، بۆیێکا نێرووە هەواییەکان، پیادە و بەکرێ گیراوی بریتانیا و چەند پەلێکی سوپای عێراقی عەرەب لە ١٩٢٤/٧/١٩ز.دا (پەلاماریی سلێمانیی)ان دا و بەزۆرداریی داگیریان کرد و دەمودەست سەرفەرماندەی نێرووەکانی هەردوو لایان؛ کاپیتان چاپمان A. J. Chapman بەنێوی موتەسەڕڕیفی سلێمانییەوە فەرمانڕەوایی داگیرکاریی گێڕا و لە ١٩٢٥/٣/٧ز.دا جێگەی چۆڵ کرد بۆ -نوێنەری ئیداریی مەملەکەتی عێراقی عەرەب- ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی هاریکاریان!

بەر لە لە دوا مێژووش لە ١٩٢٥/٢/١٦ز.دا، (کۆمەڵی گەلان!!) لەمەڕ «مادده -٣»ی باس کراو لەمەڕ کورد، بڕیاری دا؛ (لە حوکوومەتی بریتانیای خاوەند دەسەڵاتی چاودێریی کردنی عێراق داوا بکرێت ئەو تەگبیرە ئیدارییە دڵنیا و زامنانە بۆ دانیشتووەکانی کورد، بخاتە بەردەم ئەنجوومەنەکە -کۆمەڵەکە- کە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دوا ئەنجامدا حوکمی ئیدارەیێکی نێوچەیی/ نێوخۆیی ڕاسپاردبوو!).

هەر ئەم کۆمەڵەی گەلانە لە ١٩٢٥/٧/٦ز.دا بڕیاری دا (هەرێمی مووسڵ -کوردستانی باشوور/K- بلکێندرێت بەمەملەکەتی عێراقەوە) و لە ١٩٢٥/١٢/١٦ز.شدا بڕیارەکە پەسەند کرا و ددانی پێدانا.

لە هەمان مەوداشدا، لە پێناوی دامرکاندنەوەی (سێیەم شۆڕشی کوردستان) و لە دوای داگیرکردنی سلێمانییەوە، نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا؛ هێنری دوبس H. Dobbs

(خەلاتێکی شەش هەزار روپیەیی) جارِ دا بۆ گرتن یان کوشتنی سەرفەرماندەی شۆڕشی حەفید زادە مەحمود).

شۆڕش لە نێوچەکانی دەرەوەی سلێمانییەوە لەلایێن کۆمەڵانی گەلەوە کۆمەک دەکرا و پەلاماری شۆڕشگێڕانەش جێگەی بەداگیرکەران و دوژمنان لێژ دەکرد کە ئەوان بەنێرووی هەوایی و دەشتانیی و بەکرێ گیراویانەوە، تەنانەت -بەقەڵەم و شیعری هێندێ خۆ بەرەپێشی کوردەوە - بە ڕاگەیاندنیش بەربەرەکانییان دەنواند. مخابن پیلانەکانی دوژمنان کارێکیان کرد، لە بەرەوە سەرخێڵەکانی هاریکاری شۆڕش، تەنانەت خزمانی هەرە نزیکی حەفید زادەی لێ بتەکێننەوە و پشتی شۆڕش بەربدەن، وێڕا بێ دارایی و بێ تیفاقیی شۆڕشیش بوونە هۆی کاریگەر تا حەفید زادە داوێنی سیاسەتێکی نەرم و ئاشتیخوازانە بگرێت، هەر بۆیێکا لە مانگی تەشرینی یێکەم ١٩٢٦ز.دا -نهێنیانە- کەوتە گوتوبێژی دووراو دوور لەگەڵ کاربەدەستە گەورەکانی بریتانیا لە عێراقدا کە ئەوان هەر بۆ ئەوە قاییل بوون؛ (شۆڕش بلاوەی پێ بکرێت و گوند و موڵکەکانی حەفید زادە بدرێنەوە و لێی ببوورن بەمەرجێک توخنی کێشەی کورد نەکەوێت و ئەوە بهێڵێتەوە بۆ بریتانیا و حوکوومەتی عێراق. بۆ خۆیشی لە گوندی «پیران»دا نیشتەجێ بێت!).

سەرئەنجام -درەنگێ- ڕێکەوتنەکە ڕووی دا و مەلیکی کوردستانی شۆڕشگێڕ لە ١٩٢٧/٧/٢ز.دا هاتەوە سلێمانیی و لە ٧/٤دا چووە بەغداد و -دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورەکان- بەئەو مەرجانە قاییل بوو. دوایی گەڕایەوە نێوچەی پێنجوین و گوندی «پیران» و نیشتەجێ بوو. لەشکر و ئەفسەرانی شۆڕش و کەسانی دی هاریکاری دوور لە کوردستانەوە - بەتایبەتی لە باشووری عێراقدا- خرانە سەر کارێکی پچووکی حوکوومەتیی و کەسانی دی لێ بوردنیان بۆ دەرچوو، لە شوێنی نیشتەنیی خۆیاندا مانەوە... ئیدی لەبەرەوە، دەسەڵاتی مەملەکەتی عێراقی عەرەب بەسەر هەموو نێوچەکەدا زاڵ بوو!

حەفید زادە -بۆ حەبەز بووز- دەگێڕێتەوە کە لە س١٩٢٨ز.دا ڕاپەڕیوەتەوە. ڕاستییەکەی ئەمە ڕووی نەداوە و - ڕەنگبێ ڕۆژنامەنووسی تێی نەگەیشتبێت -و ڕاستەکە ئەوەیە کە باوەڕ پێ کراوی (ک. زەردەشت) مستەفا ساییب لە ژیننامەیدا نووسیویەتی! [بنۆڕە ژیننامەی م. ساییب].

دوای ڕاپەڕینی نەتەوەیی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ز.ی خوێناویی؛ (شەڕی بەردەرکی سەرا) و کوشتاری داگیرکەران لە جەماوەری ئازادیخوا، نەتەوەپەروەرە بەشەرەفەکان بێ دەنگییان پەسەند کرد و سێ ئەفسەری ناسراو (مەحموود جەودەت و ڕەشید جەودەتی برای و ئەفسەر کامیل حەسەن) لە سوپای عێراق هەڵگەڕانەوە و بەنهێنیی شەوی ٧-٨/٩/ ١٩٣٠ز لە بەغدادەوە



خۆیان گەیاندەوە کوردستان و گەیشتنە پیران و هانی (حەفید زادە مەحموود)ی دڵ بریندایان دا بۆ شۆڕش و تۆڵەسەندنەوەی گەلی کورد.

حەفید زادە مەحموودیش، دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، سەرلەنوێ لە زستانی ١٩٣٠ز.دا؛ (چوارەم شۆڕش)ی دەست پێ کردەوە و نامەیشی کردە سەر نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراقدا و بۆی ئاشکرا کرد؛ (دەبێت لە خانەقینەوە تا زاخۆ، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێت و بریتانیا خۆی چاودێری بێت!).

وەڵامی داگیرکەرەکان -پشت ئەستوورەکان بەبڕیارەکانی کۆمەڵی گەلان!- دیسان پەلاماری نێرووی هەوایی و سوپای دەشتانی و نۆکەرەکانیان گرتەبەر کە لە ئەنجامدا لە ١٩٣١/٤/٥ز.دا (شەڕی ئاوباریک) قەوما و حەفید زادە و لەشکرەکەی شکاو ناچار ما -بەتایبەتی کە لەشکری ئێران و عێراقی عەرەبیش گەلەکۆمەکییان لێ کرد کە لە پێنجویندا پەلاماری بدەن- لە ١٩٣١/٥/١٣ز.دا خۆی (بەدەستەوە) بدات! ئیدی دەست بەجێ بەقۆڵبەستیی ڕەوانەی بەغداد کرا و دواتر وەک دەستبەسەر و ئاوارە، لە «حیللە، ناسرییە، عانە/ رومادیی)دا تا ساڵی ١٩٣٣ز. مایەوە و ئەوجا تا قەومانی ڕووداوی (ڕەشید عالیی گیلانیی) لە ١٩٤١/٤/١ز.دا، هەر لە بەغداددا گوزەرانی کرد، ئەو دوا ڕووداوە، هەلێکی بۆ ڕەخساند - بەپشتیوانی لایێنگر و دۆستەکانی- لە ١٩٤١/٥/٢٠ز.دا بەغداد بەجێ بهێڵێت و بەنهێنیی بگاتەوە کوردستان و لە گوندی «داریکەلیی» خۆیدا جێگیر بێت.

هێندێ نووسراو دەبێژن گۆیا؛ نیازی شۆڕشی هەبووە!! هێندێکی دی دەبێژن؛ خۆی بارەکەی تاوتوێ کردووە و تێگەیشتووە کە کارێکی ئەوتۆ کەڵکی ئینگلیز دەگرێت، هەر بۆیێکا دەستی نەداوەتێ و لایێنی بێ دەنگیی گرتووە.

بە ئەو جۆرە -وێڕای هێندێ گێچەلی کاربەدەستەکانی حوکوومەتی عێراقی عەرەب بەخۆی و دۆستانی- هەر لە گوندەکەیدا ژینی بردە سەر تا بەهۆی نەخۆشییەوە لە خەستەخانەی حەیدەرییەی بەغداددا کۆچی ماڵئاوایی کرد... تەرمەکەیشی بەکاژاوەیێکی گەورەوە ڕووی کردەوە بۆ (سلێمانیی) خۆشەویستی کە بەدەیان هەزار ژن و منداڵ و پیر و لاو، بەقوڕپێوان و گریە و بەخۆنیشاندانێکی خوێناویشەوە بۆ رسگارکردنی (شێخ لەتیف)ی کوڕی لە بەندیخانەی سلێمانیی، گرتیانە ئامێز و -لەتەنیشت کاکە ئەحمەدی شێخی باپیرە گەورەیەوە- ئەسپاردەی خاکی پاکی کوردستانە پیرۆزەکەی کرا!

حەفید زادە مەحموود، موسڵمانێکی نەتەوەپەروەری سەرڕاست، ئازا و گیانفیدای کورد و کوردستان بوو. بنیاتنەری بناغەی باوەڕی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە... ژینی

بۆ ئەو مەبەستە دانا.

یێکەم مەلیکی کوردستان، ئەگەرچیی بەکامی هیوا خۆی گەلەکەی نەگەیشت، بەلاّم لە مێژووی کورد کوردستاندا، قارەمانی یێکەمینی نەتەوەی کوردە لە سەدەی بیستدا.

نووسەرانی بیانیی، تا خۆمانە، زۆر و کەمیان لێ نووسیوە و تا بێت پتریشی لێ دەنووسرێت...

مێژوونووسی عەرەبی عێراق عەبدورڕەزاق ئەلحەسەینی بە (بابی مەسەلەی کوردی سەدەی بیست!)ی داناوە.

توێژاڵە کلێکی زۆر کاڵ لە ڕۆژنامەی «پەیام»ی لۆندۆندا ڕەخنەی لێ گرتووە، گۆیا؛ بەفەقیانەکەیەوە تەوقەی لەگەڵ ئینگلیزان کردووە بۆیێکا کورد نەبووە بە شت!!

حەفید زادەش تا مرد، باوەڕی ئەوەبوو؛ دوژمن بەتەنێ بەلوولەی تفەنگ دێتە ژێر بار!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە، حەفید زادە مەحموودی کوڕی سەعید دوو جار هاوسەری هەڵبژاردووە و سێ کوڕ و کیژێکی لێیان بووە؛ کابانی یێکەمی؛ بەهییەی ئەمینی عەتار، دایکی ڕەئووف، بابەعەلیی، حەلاوە. [پیشتر کابانی شێخ مستەفا نەقیب - مامی حەفید زادە!] کابانی دووەمی؛ ئاییشێی شێخ مارف؛ دایکی لەتیف. [کیژی مامی خۆی و پێشتر کابانی شێخ ئەحمەدی برای].

لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، وێڕای کوردیی، فارسیی و تورکیی و عەرەبیی زانیوە و بەکوردیی و فارسیی دەستی بالاّی لە شیعری سیاسییدا هەبووە.

دڵنەرم، بەخشندە، نوکتەکۆ، دەنگ خۆش و دۆستی ئەدەبییات و ئەدیب و شاعیران و دەنگ خۆشان.

ئەمەش وێنەی شیعرێکی حەفید زادە مەحموودی یێکەم مەلیکی کوردستانی باشوورە:

مودەتێ عومرم بەتالاّن چوو لە سووچ و قوژبنا
پێ مەلەم زۆر کرد لەبەر ئیمان لە بەحری بێ بنا
جەهلی میللەت، بوو بەزیللەت، هات بەسەر شانی منا
شاهبازێ بووم لە مەیدانی شکاری دوژمنا
سەیری جێگەی زەخمی پەنجەم کەن بەدابیم شاهیدە!
دوودڵیی لێم بووەتە زنجیر، حەوسەڵەی داوم نییە
بۆ نەمانی ئەجنەبیی، ژینم لەبەر چاوم نییە
بۆیێ ئیتر ئارەزووی دیداری تالاّوم نییە
گورگی پیر، کەڵبە شکاوم، تاقەتی ڕاوم نییە
دڵ بەم ئەحواڵەش لە ڕێگەی میللەتمدا قاسیدە!
ئێوە ناودارانی کوردن. حەیفە دواکەوتن لەگەل
دەس لەدەس کەن، ڕێ مەدەن قەت، نەک لەدەس دەرچێ ئەمەل
عەزم و وریایی و سوپاتە بۆ دەستهێنانی هەل
دوژمن و بێگانە حەقی میللەتی پێ نابێ حەل
حوببی ئەوتانە کە لای خوا عەینی زوهدی زاهیدە.

## ⊖ مەحموود پاشا عەبدورڕەحمان پاشا مەحموود پاشا(*)

(مەحموود پاشای بابان/ میر: ؟؟ سلێمانیی ـــ ؟؟ ئەستەنبووڵ)

مێژووی هاتنە دنیا و مردنی ڕوون نییە! کوڕە گەورەی ئەورەحمان پاشای بابانە کە لەسەر وەسیەتی خۆی و ئافەرینی ئایینناسەکان و گەورەکان، جێگەی گرتەوە. دەوڵەتی عوسمانییش پەسەندی کرد و نیشان و بەرگی پاشایەتیی خەلاّت کرد!

لە س١٨٢٠ز.دا میوانێکی ئینگلیز؛ گەشتڤان ڕیچ RICH دیدەنیی کردووە. ئەو لێی گوتووە؛ (باوەڕ ناکەم هاوتایێکی چاکی لە خۆرهەلاّتدا هەڵبکەوێت!)، بەلاّم پاشا لەلای ئەو گلەیی لە بەخت و ناتەبایی ڕیزەکانی خانەدانی بابان کردووە و گوتوویەتی؛ (مەگەر خۆدا بەلاّیێکیان بۆ بنێرێت!!). هەروەها پاشا بێزاریی نواندووە بەرامبەر چاوچنۆکیی هەمیشەیی عەجەم و کەمتەرخەمیی و بێ وەفایی -مەمالیکەکان- پاشاکانی بەغدادی سەر بەدەوڵەتی عوسمانیی.

بەئەو پێیە؛ مەحموود پاشای ئەورەحمان پاشا لە نێوان ١٨١٤ز-١٨٤٠ز.دا چەندین جار تووشی تەڵەی شەڕی براکوژیی و پیلانی خوێناویی هەر دەوڵەتی عەجەم و تورک بووە. چەندین جارو بێ مەلاّمەت، یان بەهەر بروبیانوویێ بووبێت، بەفەرمان و یارمەتیی یێکێکیان، لەشکری

(*) سەرچاوە:
١- ٢/٢٤/١٢٠.
٢- ٢/٢٥/١٢١.
٣- ٢/٢٦/١٢٢.
٤- ٢/٣٢/١٢٨.

هاتووەتە سەر و لە پاشایەتیی خراوە، یان لەشکریانی هێناوە و هاتووەتەوە سەر تەخت کە دوا کۆششی ڕێکەوتی س١٢٥٦ک/ ١٨٤٠ز بوو، ماوەیێ هاتەوە و دواتر هەڵکەندرا و ناچار ڕووی لە ئەستەنبووڵ کرد و هەر لە ئەوێدا مرد! لە ئەو مەودایەدا شەڕی عەبدالله پاشای مامی، سلێمان پاشای برای، عەبدالله پاشا و ئەحمەد پاشای برازای کردووە، تەنانەت لە س١٢٤٢ک/١٨٢٦ز.دا، تووشی شەڕی میری میران محەممەد پاشای ڕواندز هات!

هەر بەپشتیوانی مەحموود پاشا و لەشکری بابانیش، دەفتەردار/ وداد کەهیە چووە سەر تەختی پاشایەتیی بەغداد، بەڵام پاداشتەکەی بێ وەفایی و پیلان و توندوتیژیی بوو!

بەشێوەییێکی گشتیی سەرچاوەکانی مێژوو چەند بەپیاوێکی باشیان لە قەڵەم داوە، بەڵام لاواز و ساوێلکە و بەجەرگ نەبووە!

کێشەی شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیی و مەلا/ مەولانا خالید نەقشبەندیی لە سەردەمیدا گەرمتر قەوما و خۆی و عوسمانی برای زۆر لێی نزیک و دۆستی بوون، بەڵام دواجار لێک زویربوون و باوەڕیان بەیێک نەما و بەیێک نەگەیشتنەوە!

هاوسەری هەبووە، نەوەی دیاریی نییە!

## ☼❑ مەحموود محەممەد ئەحمەد دیاربەکریی(*)

(مەحموود حیلمیی/ وێنەگر: س١٨٩٤ز. سلێمانی ـــــ ١٩٦٩ز. سلێمانیی).

خوێندن گەیاندوویەتیە پلەی (ئەفسەریی) لە لەشکری عوسمانییدا کە لە (ا. ج. گ)دا دیل کراوە و ڕەوانەی «سیدی بەشیر» کراوە و بەند بووە. لە دوای ئاگربڕەوە ئازاد کراوە. لە ئەو هەلەدا و لە وڵاتی (ئوردن)دت کابانی -قراڵە- لە خێڵی چەرکەس هەڵژاردووە!

وردبوونەوەم جەخت دەکات کە لە س١٩١٩ز.دا کابانی هێناوە و لە س١٩٢٠ز.دا -دوای گەڕانەوەی- وێنەگریی لە سلێمانییدا کردووە بەپیشەی کە لە کاتی دیلیی و بەندییدا، لەگەڵ برادەری عەرەبی (عەبدوڕەحمان/ خاوەندی ستۆدیو ئەلئەهلی - بەغداد) فێربووە.

لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا - س١٩٢٥ز چووەتە ڕیزی لەشکری عێراقەوە و بووە ئەفسەری سەربازگر -زابت تەجنید-ی باژێڕ و قەزاکانی؛ مووسڵ، سلێمانیی، هەڵەبجە، چوارتا، داقووق، کۆیە!. لە س١٩٤٥ز.دا، دەمێ لە کۆیەدا ئەفسەری سەربازگر بووە -لەسەر

(*) سەرچاوە:

١- ڕەفیقی کوڕی - سلێمانیی؛ ١٩٩٧/٨/١٤ز.



تێکەڵیی سیاسییی محەممەد قودسیی کوڕی- خانەنشین کراوە، ئیدی هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی و خووی داوەتەوە پیشەی وێنەگریی و گوزەرانی پێ کردووە!

مەحموود حیلمیی -وەک لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن سلێمانییدا نێوی دەرکەوتووە- یێکەمی ڕیزی وێنەگرەکانی سلێمانییە. لە سەردەمەکانی حوکوومەتی کوردستاندا، زۆربەی وێنەکانی حەفید زادە و لەشکری کوردستان و شۆڕشگێڕەکان ئەو گرتوونی کە ئێستەش وێنەی زیندوون!

لە ڕووی کۆمەڵییە -وێرای قراڵە- دوو هاوسەری دی هەڵبژاردووە، یێکەمیان خەڵکی سلێمانیی و مارەبڕاوی بووە و دەمێ کە (١. ج. گ)دا دەنگی نامێنێت، لە دادگە تەڵاقی خۆی وەرگرتووە و شووی کردووەتەوە!

سێیەمیان -دوای قراڵەی دایکی محەممەد قودسیی و ڕەفیق- نەدیمە عەباسە کە خەڵکی سلێمانیی و دایکی منداڵەکانی دییە!

## ❑⊖ مەحموود پاشا محەممەد پاشا کەیخسرەو(*)

(مەحموود پاشای جاف/ سەرخێڵ و ڕۆشنبیر:
س١٨٣٤ز ـــــ ١٩٢١/٤/٢٣ز. هەڵەبجە - قزلڕەبات)

لە دوای بابییەوە، لە س١٢٩١ک/١٨٧٤ز.دا دەوڵەتی عوسمانیی بەپلەی میر میرانەوە داینا بەقائیمقامی قەزای هەڵەبجە، سەرخێڵیی جاف، بەڵام دەوڵەتی نێوبراو لە توانا و نێوبانگی دەسڵەمییەوە تۆویی ناتەبایی لە نێوان خۆی عوسمان بەگی برایدا چاند کە ئەمەی دوایی خستە شوێن قائیمقامیی و خۆیشی -بۆ دوورخستنەوەی- بەموتەسەڕڕیفی باژێڕی «ئۆرفە» دامەزرا.

(*) سەرچاوە:

١- پیرەمێرد؛ (دەستووری ئیدارەی موڵکیی)؛ ژین: ١٩٤٦/٧/١٨ز.

٢- ٣٩/١. (*)

٣- ١٣٤/٣٨/٢.

*(*) شیعرەکەی شێخ ڕەزا واتە:*
*ڕووی نیازم مەحموودە،*
*کە سەد شا مەحموودیش وەک ئەیازە.*
*شانازم بە کەیخوسرەو نەژادییەوە.*
*کە کەیخوسرەوان هەموو پایە بەرز و بەنازن.*
*فەلەک لەبەردەمی ئەودا،*
*وەک خوڵامە و چەماوەیە، دەڵێی نوێژ دەکا.*

پیرەمیرد لەمەڕ ئەو باسە نووسیویەتی؛ (لە سەرەتادا نیازی نەبووە بچێت، بەڵام دوایی ڕووی کردووەتە ئەستەنبووڵ و وەک دەستبەسەرێ نزیکەی سێ ساڵێکی تێدا بردووەتە سەر و دوایی «بەدزییەوە» بەڕێگەی «باکۆ»دا ڕایکردووە و هاتووەتە بۆ شارەزوور.)

ئەم جارە -پیرەمێرد گوتەنیی- نیازی بووە حوکوومەتێ لە کوردستاندا دابمەزرێنێت، بەڵام دوایی پاشگەز بووەتەوە و لە ١٥ی شەووال ١٣٠٩ک/ ١٣٠٨/٥/١ر/ ١٨٩١ز.دا چووەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و لە ٢ی جومادیی یێکەم ١٣١٢ک/١٨٩٤ز.دا بە لێ بوردن و پایەی جارانییەوە هاتووەتە و ئەوهە ماوەتەوە تا قەومانی (ر. ج. گ).

مەحموود پاشای جاف -بەپێی هێندێ سەرچاوە- بەنهێنی و بەر لە ڕوودانی مەشرووتە - س١٩٠٨ز، پێوەندیی لەگەڵ (پ. ی. پ. عوسمانیی) هەبووە. هێندێ سەرچاوەش گوتوویانە لە دوای مەشرووتەوە، سەرۆکی (ک. ی. پ. عوسمانیی - لقی سلێمانیی) بووە. لێکۆڵینەوەم ئەمە بەڕاست نازانێت!

مەحموود پاشای جاف -هەرچەندە باری خوێندەواریی لە چ سەرچاوەیێکدا ڕوون نەکراوەتەوە- وێ دەچێت هەر بەدەستووری خوێندنی کۆن پەروەردە بووبێت و وێڕای کوردیی، فارسیی و تورکیی و عەرەبیی زانیوە.

هەموو سەرچاوەیێک بەدۆستی دڵسۆزی ئەدەبییاتی کوردیی و ئەدیب و شاعیرانی دادەنێ. شاعیری بەنێوبانگ (مەولەویی) دۆستێکی نزیکی بووە! کەشکۆڵی بەنێوبانگ (کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف) یێکێکە لە یادگارەکانی کە لە هەموو ڕۆژگار و شوێنێکدا پێی بووە و لە هەر شوێنێکدا شیعرێکی کوردیی جوانی بەر دەست و گوێ کەوتبێت، بەدەستی خۆی نووسیوبەتەوە. ئەو کەشکۆڵە، ئەمڕۆ وەک سەرچاوەیێکی ئەدەبیی باوەڕ پێ کراو دەناسرێت!

زێوەری شاعیر بەڕێزەوە باسی کردووە و نووسیوبەتی؛ (مەحموود پاشا زاتێکی بەئیعتیبار، بەتاعەت، بەعیبادەت، بەئیحسان، بەئینعام، بەعەدالەت، بەحوکم بوو. ئەم زاتە دوو دەفعە لە تەرەف سوڵتان عەبدولحەمیدەوە تەکلیفی وەزیریی لێ کرا، قوبووڵی نەکرد!

لە خوسووسی ئیحساناتەوە، من لە سەد، پێنجی نازانم... هەر ئەوەی مەشهوور و لەبەر چاو بووبێ نووسیومە. لە قزراباتەوە -قزلڕەبات/ سەعدییە- هەتا مەریوان، لەو دێیانەی قەڵەمڕەوی جاف بوو؛ مەعاش بۆ مەلا، وەقف بۆ مزگەوت لە تەرەف پاشاوە مەعلووم کرابوو! لە نەفسی سلێمانییدا، هەموو مەلا و مودەڕڕیس و زۆر لە ساحێب خانەدانی لێ قەوماو، مووچە و بەراتیان هەبوو.

زاتێ بوو زۆر عاقڵ و دانا و بەتەدبیر. شێخ ڕەزای مەشهوور -تاڵەبانیی/K- زۆری مەدح



کردووە. ئەم شیعرەی بۆ ئەوە:

به محمودی مرا روی نیاز است
که صد چون شاه محمودش ایاز ست
به کیخسرو نژادی میکنم ناز
که بر کیخسروانش کبر و ناز است
فلک بر درگەش همچون غلامان
دولا گردیده، گویی در نماز است!)

مەحموود پاشا هەشتا و حەوت ساڵ ژیاوە، لە هەڵەبجەدا ماڵئاوایی کرد و لە ئەوێ ڕاوە تەرمەکەی ڕاگۆستراوەتەوە بۆ قزڵرەبات و لە مزگەوتە بنیاتنراوەکەیدا ئەسپاردەی خاک کراوە![(١)]

**☼ ⊖ مەحموود فەقێ محەممەد هەمەوەندیی[(**)]**

(مەحموود فەهمیی/ نووسەر، شاعیر؛ س١٩١٣ز.
گوندی مۆرتکە ـــ ١/ ١٠/١٩٦١ز. سلێمانی).

لە خێڵی هەمەوەندە. بابی ڕێبەری ئاوایی/ ناحیە بووە. خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانییدا بووە... لە خوێندندا زۆر نەچووەتە پێشەوە و بەسەرخێڵییەوە ژیاوە.

لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا. بەتەنێ ماوەی شەش مانگێ لە س١٩٥٨ز.دا ئەندام پارلەمان بووە.

---

(١) تا هەنووکە لەمەڕ ڕۆژی کۆچی نووسراوە، هەر مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیی لە پەراوێزی -تاریخ السلیمانیە-دا ڕاستی گوتووە کە گوتوویەتی: (لە ١٥ی شەعبان ١٣٣٩ک، لە تەمەنی ٨٧ ساڵاندا مردووە!). شایانی گوتنە، پێشکەوتن - سلێمانیی؛ ١٩٢١/٥/٥ز نووسیویەتی: جەناب سێر پەرسی کۆکس ساحێب لە دڵسۆزیی خۆی «!!» لە وەفاتی مەرحووم پاشای جافدا تەلێکی موتەئەسسیفانەی ناردووە و هەمدەردیی خۆی لەگەڵ خزم و خانەدانی مەرحووم نواندووە/ تەواو).
ئەم نووسینەش دوای دوازدە ڕۆژ مردنی بڵاوکراوەتەوە!

(**) سەرچاوە و تەماشاکراو:
١- پاسپۆرتی عێراقیی خۆی، (ژ: ١٢٧٧. بەغداد؛ ١٩٥٨/٥/١٩/ بەنێوی ئەندامی مەجلیسی نووابەوە).
٢- نەوزادی کرودی (دوای دۆزینەوەی ماڵیی و دیدەنیی کردنی و گوتوبێژی سەرزاریمان لە نێوان ڕۆژانی ٢١-٢٣/ ١٠/١٩٩٧ سلێمانیی کە لەدوا مێژوودا -بەسوپاسەوە- دیدەنیی ماڵی کردم و وێنەی بابی پێشکەش کردم.

کوڕی خۆی دەڵێت؛ (ئەندامی «ک. هیوا»ی کورد و «پ.ش. عێراق» بووە و لە ٦ی ئەیلوول ١٩٣٠ز.دا –شەڕی بەردەرکی سەرا – لەگەڵ بێ کەسی شاعیر بووە. گۆیا لەسەر شیوعیەتیی گیراوە و سزای زۆر چێژتووە). لە سەرەتای شۆڕشی کوردی باشوور لە ئەیلوولی ١٩٩١ز.دا – لەسەر زاری جەلال تاڵەبانیەوە لە تەلەفزیۆنی کوردستانەوە؛ سلێمانیی– بێژراوە کە نامەی کردووەتە سەر شۆڕشگێڕان تا نێوچەی «چەمی ڕێزان» چۆڵ بکەن! ئەوجا بەفەرمانی (پ. د. ک) بڕیاری کوشتنی دراوە! لە ڕۆژی دیاریی کراودا بەکوشت چووە![1].

محموود فەهمی؛ پەخشاننووسێکی توانا، شیعربێژ و ناسنێوی (دڵدار)ی هەڵگرتووە. گەلێ گوتار و شیعری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا و بەتایبەتی لە (ژین)دا بڵاوە.

کوڕەکەی بۆ منی گێڕایەوە؛ کتێبخانەی گەورە و نایابی هەبووە، بەڵام بەهۆی پەلاماری سەربازانی عێراقەوە، هەمووی تاڵان کراوە و لەنێو چووە!

لە س١٩٣١ز.دا ئامۆزای خۆی –نازیف حاجیی کەریم–ی بەهاوسەری هەڵبژاردووە و لە ئەم کابانەی چوار کوڕ و کیژێکی بووە و دوو کوڕ ر کیژێکی لە نێوانیادا بەژیانەوەن. کابانێکی دی –فاتمە– نێو و خەڵکی گۆران بووە و لە ئەم کوڕێکی بووە و مردووە. لە کابانی سێیەمی – ئەختەر غەفوور ئاغا– دوو کوڕ و پێنج کیژی لێ بووە و تەنیا کوڕێکی و کیژێکی بەدنیاوەن! لە خێڵی خۆیشی کابانی چوارەم –سەکینە ڕەشید–ی هەڵبژاردووە و دوو کوڕ و چوار کیژی لێ بووە!

مەحموود فەهمیی هەمەوەندیی، وێڕای کوردیی، تورکیی، فارسیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی زانیوە![2].

چاپکراوەکانی:

١– گەشتێک لە ئەوروپادا – سلێمانیی؛ س١٩٥٧ز.

---

(١) بابی من –قۆمیسەری پۆلیس– چەند جارێ بۆ منی گێڕاوەتەوە کە بۆ لێکۆڵینەوەی کوشتنەکەی چوو بووە سەر شوێنی قەوماوەکە! گوتی؛ لەبەردەمی یانەی ئەفسەرانی سلێمانییدا لە ئوتومبیلێکی جێبدا بووە و –وەک دەڵێن– پایسکل سوارێ لە نزیکەوە تەقەی لێ کردووە و دەست بەجێ کۆچی کردووە! بەپێی ئاخاوتنی جەلال تاڵەبانیی لە یادکردنەوەی یێکێ لە پێشمەرگە یێکەمەکان (سەلامی سابیر)دا گوتی؛ ئەم کەسە فەرمانی کوشتنەکەی (بەناچاریی) پێ جێبەجێ کراوە! جێگەی گوتنە، لە سەرەتای هەشتاکاندا ئەم پێشمەرگە پێشڕەوە –بێ چەک– لەبەر دروکانێکدا بەکوشت چوو!!!!!

(٢) هیوام هەیە نەوەکانی، یان ڕۆشنبیرێ، نووسین و شیعرەکانی کۆ بکەنەوە!



### ❑ مەعرووف عەبدولقادر خەزنەدار[*]

(مارف خەزنەدار «در» / نووسەر، چیرۆکنووس. لێ کۆڵی ئەدەبییاتی کوردیی: ١/١١/١٩٣٠ز. هەولێر ـــ ...)

خوێندنی سەرەتایی، نێوەندیی، ئامادەیی تا س١٩٥١ز درێژەی کێشاوە. لە س١٩٥٢ز.دا بووە بەمامۆستای (ق.س). لە نێوان ١٩٥٢ز–١٩٥٧ز.دا نووسەری دەزگەی مەعاریفی هەولێر، کووت، ئامادەیی مەڵبەندی بەغداد بووە. لە یێک هەلدا –بەدەم دوا فرمانیەوە– خوێندکاری کۆلێجی زانست و ئادابی بەغداد بووە و لە س١٩٥٧ز.دا باوەڕنامەی بەکالیۆریۆسی وەرگرتووە. لە نێوان س١٩٥٧ز–١٩٦٠ز.دا مامۆستای زمانی عەرەبیی (ق. ن. ئەلشەرقییە) و (ئا)ی ئێوارانی کەرکووک بووە. لە س١٩٦٠ز.دا کورسییەکی خوێندنی وەزارەتی پەروەرشتی عێراقی لە ئامۆژگەی لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتیی ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤییەتی لە لێنینگراددا وەرگرتووە. لە س١٩٦٣ز.دا دکتۆرانامە –P. H. O–ی لەسەر (مێژووی ئەدەبی نوێی کوردیی) وەرگرتووە![1]. هەروەها چەندین لێکۆڵینەوەیشی لەسەر شاعیرانی کورد؛ نالیی، میسباحوددیوان پێشکەش کردووە. دیسان لە زمان و ئەدەبدا چەند دەستنووسێکی ورد کردووەتەوە کە دواتر لە بەغدادا چاپ کران. هەروەها لە ماوەی تێکەڵیی لە ئەو ئامۆژگەیەدا، لە سووڕێکی خوێندەواریی قوتابیانی خوێندنی باڵادا، زمانی عەرەبیی و کوردیی گوتووەتەوە. دیسان لە پاییزی س١٩٦٧ز.دا لە کۆنگرەیێکی وڵاتاندا بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی گەلانی خۆرهەڵات، بەشدار بووە و بەنێونیشانی (ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیی)دا گوتاری داوە و ئەمەش لە کتێبخانەی کۆنگرەکەدا، س١٩٦٨ز بەزمانی ڕووسیی چاپ کراوە!

در. مارف لە پێنج کۆنگرەی هەرێمیدا بەشدار بووە و گوتاری لەمەڕ ئەدەبی کوردیی، عەرەبیی داوە. دواتر هەموو ئەو گوتارانەش لە کتێبی تایبەتی کۆنگرەکەدا چاپ کراون!

دوای گەڕاندنەوەی بۆ نیشتیمان و دامەزراندنی لە کۆلێجی ئەدەبییاتی زانکۆی بەغدادا، ئەندامی دەستەی فێرکارانی بەشی کوردیی هەمان کۆلێج بووە؛ (١٩٦٨ز–١٩٨١ز). هەروەها لە نێوان ١٩٧٠ز – ١٩٨١ز.دا سەرۆکی بەشی نێوبراو بووە. لە ساڵانی ١٩٦٨ز بەدواوە تا

---

(*) سەرچاوە:

١– ژیننامەیێکی عەرەبیی نووسراوی خۆی بە تایپرایتەر. پێشکەشی کردووم!

(١) دکتۆرانامەکەی یێکەم نامەیە بەزمانێکی ئەوروپایی لە ساڵی ١٩٦٧ز.دا لەلایێن دەزگەی بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای مۆسکۆوە چاپ بکرێت.

س١٩٧٣ز یاریدەری مامۆستا و لەدوا مێژووش ڕاوە، مامۆستا بووە. لە س١٩٧٩ز.دا دامەزرێن و سەرۆکی بەشی کوردیی کۆلێجی پەروەرشتی زانکۆی بەغداد بووە کە تا س١٩٧٦ز ماوەتەوە و دوا فرمانیشی مامۆستاییێکی کۆلێجی ئەدەبییاتی زانکۆی بەغداد بووە!

لە ساڵانی ١٩٨٣ز-١٩٨٨ز.دا، لە زانکۆی «عەننابە/ جەزائیر»دا مامۆستا بووە لەمەڕ ئەدەبی گێتیی ئەوروپایی؛ لە س١٩٨٨ز. ڕاوە تا هەنووکە، مامۆستایە لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئەدەبییاتی زانکۆی سەلاحوددین - هەولێردا.

پرۆفیسۆر در. مارف خەزنەدار، وێڕای کوردیی، عەرەبیی و ڕووسیی شارەزایە و زمانەکانی دی تورکیی، فارسیی دەزانێت و ئینگلیزیی و فڕەنسیش دەخوێنێتەوە.

لە ژیندا، نووسەر و سکرتێر و سەرنووسەری هێندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی و عەرەبیی بووە، وەک (هەولێر/ أربیل: ١٩٥٠ز-١٩٥٢ز)، (الصحیفة - ئەلسەحیفە/ بەغداد؛ ١٩٥٣ز-١٩٥٤ز)، (الرأي العام - ئەلڕەئی ئەلعام/ بەغداد؛ ١٩٥٥ز)، (شەفەق/ کەرکووک؛ ١٩٥٨ز-١٩٥٩ز)، (دەفتەری کوردەواریی/ بەغداد: ١٩٧٠ز)، (نووسەری کورد/بەغداد؛ ١٩٧١ز-١٩٧٣ز)، (ڕۆژی کوردستان/ بەغداد؛ ١٩٧٢ز-١٩٨١ز).

پتر لە پەنجا لێکۆڵینەوە و پتر لە دووسەد گوتاری هەمەجۆری ئەدەبیی، زمانەوانیی، ڕۆژنامەنووسیی بەزمانەکانی کوردیی، عەرەبیی، ڕووسیی نووسیوە. لە س١٩٤٨ز. ڕاشەوە تا ئەوڕۆ لە ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا نووسینەکانی بڵاوکردووەتەوە؛ ئەدیبی عێراق، ئەلتەئاخی - برایی، برایەتیی، بەیان، بیری نوێ، پرشنگ، پەیام، تووتن، دەفتەری کوردەواریی، ژین، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، ڕۆژی نوێ، سلێمانیی، شەفەق، عێراق، کاری میللیی، کوردستان (ئۆرگانی پ. د. ک/ کوردستانی خۆرهەڵات)، کوردستانی نوێ، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبییات، گەلاوێژ، نووسەری کورد، نەورۆز، وڵات، هاوکاریی، هونا بەغداد، هەتاو، هەولێر، هیوا! در. مارف کابانی هەڵبژاردووە و در. میدیا و کوڕی تاقانەی ئەندازەڤان بنیادن!

دانراو، وەرگێڕدراوە چاپکراوەکانی:

١- کوردیی...

١/١- کێش و قافیە لە شیعری کوردییدا - بەغداد؛ س١٩٦٣.

١/٢-بووکە شووشە - بەغداد؛ س١٩٦٩ز. (چیرۆک)

١/٣- ئەڵەمان کوردیی - بەغداد؛ س١٩٦٩ز.

١/٤- عەبدالله بەگ میسباحوددیوان - بەغداد؛ س١٩٧٠ز. (ژیان و بەرهەمی شیعری)



١/٥- زمان و ئەدەبی کوردیی - بەغداد؛ س١٩٧١ز. (بۆ پۆلی پێنجی ئامادەیی)

١/٦- دەستووری زمانی عەرەبی - بەغداد؛ س١٩٧١ز.

١/٧- دیوانی نالیی و فەرهەنگی نالیی - بەغداد؛ س١٩٧٧ز.

١/٨- نالیی لە دەفتەری نەمرییدا - بەغداد؛ س١٩٨١ز.

١/٩- لە بارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە - بەغداد؛ س١٩٨٤ز.

٢- عەرەبیی...

٢/١- اغاني کردستان - بغداد؛ ١٩٥٦.

٢/٢- الاكراد؛ ملاحظات وانطباعات - ق. مینورسكي - بغداد؛ ١٩٦٨. [کوردان، هێندێ تێڕامان و باری سەرنج]

٢/٣- مخطوطات فریدة ومطبوعات نادرة - بغداد؛ ١٩٧٨. [دەستنوویب دانسقە و چاپکراوی دەگمەن]

٢/٤- تاریخ الاستشراق - بغداد؛ ١٩٨٠. [مێژووی خۆرهەڵاتشوناسیی...]

٢/٥- الرحالة الروس في الشرق الاوسط - بیروت؛ ١٩٨١. [گەشتڤتنەکانی ڕووس لە نێوەڕاستی خۆرهەڵاتدا].

٣- ڕووسیی...[٢]

٣/١- [مێژووی ئەدەبی نوێی کوردیی] - مۆسکۆ؛ س١٩٦٧ز.

٣/٢- [دوانزە سوارەی مەریوان و پانزە چیرۆکی کوردیی] - مۆسکۆ؛ ١٩٦٨ز.

### ⊖ مەعرووف شێخ عەبدولکەریم قادر کەرەم[*]

(مارف بەرزنجیی/ شاعیر، چیرۆکنووس، ڕۆژنامەڤان: شوبات ١٩٢١ز.
قادر کەرەم - ١٩٦٣/٦/٢٣ز. بەغداد)

وەچەی خانەدانی شێخ حەسەنی قەرەچێوارە کە لە تەریقەتدا جێنشینی کاکە ئەحمەدی شێخی برازای بووە. بابی هەشت ژنی هێناوە و ئەو لە کیژی شێخ مارفی قازانقایی خاڵی حەفید زادە مەحمموودە. مارف خۆی دوو ساڵان بووە کە دایکی مردووە و ئەو ڕووداوەش ژانێکی گەورە بووە

(٢) خۆی (بەڕووسیی) نێوەکانی نیشان نەداوە.

(*) سەرچاوە:

١- ١/١١.

٢- پرس و ڕا کردن!

بۆ هۆش و بیر و ژینی.

خوێندنی (ق. س) لە ئاوایی قادر کەرەمدا –تا پۆلی چوار– تەواو کردووە، ئەوجا ڕووی کردووەتە کەرکووک و لە تەکییەکە خۆیاندا تاڵیی گوزەران و نەبوونی زۆری چێژتووە. کۆڵی نەداوە و (ق. ن) و (ق. ئا)ی لە ساڵی ١٩٤٣ز.دا تەواو کردووە. لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٤ز–١٩٤٥ز.دا چووەتە کۆلێجی مافناسیی– حوقووق لە بەغدادا و لە س١٩٤٨ز.دا خوێندنی تەواو کردووە و خووی داوەتە پیشەی پارێزەریی. لە س١٩٤٩ز.دا کارێکی لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک (I. P. C)دا دەستگیر بووە، بەڵام سەری دانەواندووە بۆ لووت بەرزیی کاربەدەستە ئینگلیزەکان و دەستی لە کارەکەی هەڵگرتووە!

لە س١٩٥٠ز–١٩٥٤ز.دا –لەبەر فەرمانی حوکمی عورفیی بۆ گرتنی لەسەر جم و جووڵی سیاسیی – خۆی لە چیاکانی سەنگاو، قەرەداخ، شاباژێڕ و گوندی «سیتەک» شاردووەتەوە بێ کارە بووە، بەڵام دوای لێ بوردن کەوتووەتەوە کۆڕی پیشەی پارێزەرییەوە! لە ١٩٥٦ز.دا –لەسەر پشتگیری گەلی میسر بۆ پەرچدانەوە دەستدرێژیی سێ قۆڵیی بریتانیا و فڕەنسا و ئیسرائیل– دیسان گیراوە و دوایی بەکافالەت بەرەڵا کراوە.

لە دوای هەڵگەڕانەوەی سوپا لە ڕژێمی پاشایەتیی عێراق لە ١٩٥٨/٧/١٤ز.دا، بووە بەسکرتێری ئاشتیخوازانی کەرکووک و، هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی. لەسەر داخوازیی کۆمەڵانی خەڵکییش، بەسەرۆکی بەلەدییەی کەرکووک دامەزراوە.

لە ١٩٥٩/٧/١٤ز.دا –لە ڕۆژی یادی ئەو هەڵگەڕانەوەیەدا– بەبیانووی (هەرای کەرکووک)ەوە گیراوە و خۆی و حسێنی برای و هەژدە ئەفسەری نیشتیمانپەروەر دراون بەدادگەی عورفیی سوپایی گۆیا (سەرکردەی هەراکە) بووە. دوای چوار ساڵ زیندانی بەبڕیار و پەتی حکوومەتی عێراقی عەرەب لە سێدارە درا!

مارف بەرزنجیی –وێڕای بنچینەی خانەدانەکەی– مرۆڤێکی ژیر و بەسەلیقە و کارامە بووە... لە پۆلی شەشی سەرەتایی و ڕێکەوتی ساڵانی ١٩٣٦ز–١٩٣٨ز.دا، خووی داوەتە هونەری شیعر و لە یێکەم شیعریدا –خۆ گوتەنیی– ئەم دوو تاکەی دیارە:

تیر و شیری خۆم ئەبەستم، پاسی کوردستان ئەکەم
دوژمنی خاکی وڵاتم، پەرتی سەرکێوان ئەکەم

لە س١٩٤٧ز بەدواوە، خووی داوەتە هونەری کورتە چیرۆک تا بەرەبەرە لە ئەو و ئەدەبیاتەدا قاڵ بووە کە تەنانەت لە زیندانیشدا خۆی بۆ داناوە. هێندێ کورتە چیرۆکی –لە کاروانی کورتە



چیرۆکدا نرخیان هەیە– لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە، بەڵام مخابن پڕۆژەکانی بۆ ڕۆمان نووسین و –بەهۆی لە سێدارەدانیەوە– کوێربوونەتەوە! وەک خۆیشی نووسیویەتی؛ بەرهەمەکانی بەگشتیی لە نێوان (هەڵبەست، گوتار، چیرۆک) دان. گوتارەکانیشی دوو چەشنن؛ گوتاری گشتیی –سیاسیی– لەمەڕ دیموکراتیی و ئاشتیی. گوتاری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی!

لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسییدا، یێکی بووە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شەفەق – ١٩٥٤/٢/١٥) کە گۆڤارەکە لە کاروانی ڕۆژنامەنووسییدا بەنرخە. وێڕاش لە گۆڤارەکانی (هیوا، ڕووناهیی) و ڕۆژنامەی (ئازادیی)دا بەرهەم و یادگاری بیر و قەڵەمی بڵاوە.

مارف بەرزنجیی، لە سەرەتای ژینیدا، بگرە لە پۆلی یێکی نێوەندییەوە بەهۆش و بیرێکی نەتەوەییانەوە تێکەڵی (پ. هیوا) باوەڕ پێ کراوی قوتابیان بووە. بەڵام دوای پووکانەوە و پاکوبوونی پارتی نێوبراو، چووەتە ڕیزی (پارتی شیوعیی عێراق)ەوە تا پێشکەوتووە و بووە بەئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی.

مارف بەرزنجیی، ئەدیب و سیاسییەکی ڕێزدار بووە، بۆیێکا لە هەڵی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ پەرلەمانی عێراق، لە س١٩٥٤ز.دا ئەو و ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر، وەک پاڵێوراوی (بەرەی نیشتیمانیی یێکگرتوو) لە سلێمانییدا، لە ڕووی پاڵێوراوەکانی ئافەرین کراوی حکوومەت؛ (عەلیی کەمال، ماجید مستەفا) ڕاوەستان، بەڵام بەر لە دەنگدان حکوومەت فەرمانی گرتنیانی دا و ئەو خۆی نەدا بەدەستەوە و هاوەڵەکەیشی گیرا، وێڕاش خەڵکیی دەنگێکی زۆریان بۆ دان، بەڵام فڕوفێڵی حکوومەت بەری گرتن!

مارف بەرزنجیی –بەشێوەیێکی گشتیی– لە هونەری شیعردا کە کەمتر لە ئەڤین و پتر لە بارەی نیشتیمان و تێکۆشان و مرۆڤایەتییەوە دەدوێن، لاییێنی هونەری شیعری نوێی گرتووە.

شیعرێکی –مێژووی دیار نییە– وێنەی هەستی نەتەوەیی خۆی پێ نواندووە و دەڵێت:

ئەی گەلی جێماو، پەرت و لەت و پەت
هەی بەش بەش کراو لە چوار پێنج دەوڵەت
لەم سەدە بەرزەی زانست و فەننا
هەر تۆ خنکاوی لەناو بۆگەنا
بێ بەش لە مێژووی نەژادی خۆت
بێگانەییێکن ڕۆڵەکانی خۆت
ناوی کوردستان نابێ ببرێ
گەر ناوت هێنا دەستت ئەبڕرێ

چەند میلیۆن کورد هەن، هەریێک زوبانن
هەموو دانیشتووی ناو کوردستانن
هەزاران ساڵە خۆیان گرتووە،
سوپای ئەسکەندەر نەیشکاندووە.

شیعرێکی -بولبولێکی ئازاد لە ١٩٦٠/٨/٣. بەندیخانەدا دایناوە- وێنەی هۆش و بیر و ئامانجی پێ نواندووە:

بۆ ڕاوم ئەنێی چیت لێم ئەوێ؟
من بولبولێکی ئازادم
سروشت وای ناوە بنیادم
کە ئازاد بم، دیلیم نەوێ
کەوتوویتە دووم لێرە و لەوێ
دان ڕۆ ئەکەی داو دائەنێی
نیشان ئەگری
لە پارێزای
تا بمگری
چیت لێم ئەوێ؟ من ئازادم
سروشت وای ناوە بنیادم
ئاواتەخوازی سەرچڵم
دڵبەندی ئاڵیەکەی گوڵم
ئاڵ، وێنەی خوێنەکەی دڵم
ئەگەر خەزانی پاییز و،
باو و بۆرانی زستانیش،
گوڵی لە چڵ وەراند بێ
لە گوڵ و گەڵا و چرۆکانیش
من هەر شەیدای گوڵی ئاڵم
چاو نەبینێ خۆ خەیاڵم،
پڕە لە گوڵ



گوڵی سەرچل.
...
لە خەزانا، لە زستانا
لە کاتی ژیان و وەستانا
تۆ بمبینە،
هەر ئەو بولبولە ئازادەم
کە ئامادەم
بەهیوای گوڵ
بەدەم، بەدڵ،
یێکجار بەکوڵ
ئەخوێنم پڕ بەدۆڵ و چەم
بۆ هیواکەم
ئەخوێنم بانگی ئازادیی
زۆر بەشادیی
بەڵام تۆ بۆ ڕاوم ئەنێی
داو دائەنێی؛
تا بمگریی و لە ڕەکەم -قەفەز- نێی؛
بەئارەزووی تۆ بخوێنم؛
من ناخوێنم،
ئازادیی خۆم نادۆڕێنم
بێ کەڵکە ڕەکە و تەڵەکە
بە زۆر لە ئازادیم مەکە!
من بۆ تۆ ئازا ناخوێنم،
بۆ گوڵێک لە ڕەنگی خوێنم
من ئەخوێنم!

جێگەی گوتنە، مارف بەرزنجیی -لە زینداندا- لە نێوان ١٩٥٩/٢/٢١ز - ١٩٦٢/٤/٥ز.دا، جار بەجارێ کورتە یاداشتنامەی خۆی نووسیوەتەوە... سێ وێنەیان ئەمەن:

١- ١٩٥٩/١٢/٢١. بەغداد. سیجنی مەوقیف

سالّی ١٩٥٩م بەگران لەسەر تێ پەڕیی. سێ خۆشەویستم مردن؛ دایەخان، ڕەحمەی خوشکم، فەهیمی دایکی موعتەسەمی برام. نیوەی ساڵەکە لە تەوقیفا بووم. دەوری تەبەقچەلیی و هەرای شەوواف و فیتنەکەی کەرکووکمان دی. تووشی نەخۆشیی دەماریش بووبووم. بەیێکجاریی باوانمان لە قادر کەرەم شێوا. ئەو شوێنە کە بەیادکردنی دڵم ئەکرایەوە، ئێستە نامەوێ بیرم بکەوێتەوە، کوێر بووەوە!

مارف ٢- ١٩٦٠/٥/٤

ئەمڕۆ منداڵە ساواکانی شەهید کەمال هات بوون بۆ مەوقیف. زۆریان گریاندم. لە بەرگە شڕ و چڵکنەیاندا کە تەنیا دیزداشەیێک و پێ خاوس، بەپێکەنینێکی ساوایانەوە ڕوویان ئەکردە ئێمە و خۆیان فڕێ ئەدایە باوەشمان باوەشیان پیا ئەکردین. وەک شێوەی باوکیان لە دیمەنی ئێمەدا بەدیی بکەن.

ئای چەند ئێشێکی جەرگ بڕە لە دڵما بێ نازیی و بێ نانیی ئەم ساوایانە!

٣- ١٩٦٠/٧/٢٧

بەهەموو دڵ و هێزم پشتیوانی کۆماری ١٤ی گەلاوێژم لەو دەقیقەیەوە کە ناویم بیستووە. کەچیی ئەم سزایەی لە سایەی ئەم کۆمارەدا دیومە، بەهیچ ڕەنگێک لە چەرخی لەناوچوودا تووشم نەهاتووە! بێ تاوان بەماددەی ٨٠ ق. ع [قانوونی عوقووباتی بەغدادیی/K] کە حوکمی ئیعدامە، تاوانیانە بەپاڵ داوم!).

مارف بەرزنجیی لە ڕووی کۆمەڵییەوە لە س١٩٤٣ز.دا، کابانی –نەدیمە عەباس لە خانەدانی ئەسعەدیی هەولێر– هەڵبژاردووە و چوار کیژ و چوار کوڕیان بووە. دوای خۆیشی منداڵەکانی بەجوانیی پەروەردە کراون و خوێندنی باڵایان، وەک خوێندنی پزیشکیی، کشتوکێڵ، زانستەکانی فیزیا و بایۆلۆژیا و ئەندازەڤانییان تەواو کردووە کە ئەمەن؛ فەرەیدوون، پۆلا، سامان، فەرهاد، فراز، کەژاڵ، سروە، شادومان، سەلاحوددین.

مارف بەرزنجیی ئەگەر لە ژینی سەختیدا بۆی نەکرا هەموو بەرهەمەکانی کۆ و چاپ بکات، ئەوە (سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجیی شەهید – س١٩٩٣ز) بە کرد و کۆشی لێ کۆڵ عومەر مارف بەرزنجیی و هاریکاریی سامان، کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند بوو!



### ⊖ نادر شا ئەفشاریی

(شای عەجەم: س١٦٨٨ز–١٧٤٧ز).

لە باییەوە پێ گەیشتووە تا بووە بە شا. لە لەشکردا هەڵکەوتووە. لە شەڕی ئەفگان و عوسمانییدا، نێوبانگی دەنگی داوەتەوە... دەلهیی هیندوستانیشی داگیر کردووە و سامانە نایابە و نەوازەکانی (مەگوڵ)ەکانی تاڵان کردووە، ئازا و چەتوون و چاونەترس بووە، بەڵام ڕژدیی و چاوچنۆکی تووشی لەخۆباییی و سەرکێشیی کرد. بۆ وێنە لە س١٧٣٤ز.دا، پەلاماری کوردستانی باشووری دا و (قەڵاچوالان)ی پێتەختی بابان و باژێڕەکانی کەرکووک و هەولێری داگیر کرد.

لە ئەو هەڵەشدا، بەلەشکرێکی چارەکە میلۆنییەوە پەلاماری باژێڕی مووسڵی دا و لە نێوان ٢١ ڕەجەب – ٢٤ی ڕەمەزان ١١٥٦ک/١٧٤٣ز.دا بەشەڕ و گەمارۆدانی باژێڕەکەوە خەریک بووە... هەزارانی کوشت و لێیشی کوژرا و ئەنجامەکەیشی شەرمەساریی و کشانەوە و ناکامیی بوو!

هێندێ نووسەر و شاعیری عەرەب ئەم ڕووداوەیان نێو ناوە (ملحمە موصل/ داستانی مووسڵ).

شێخ حەسەنی گلەزەردەیی –کورد– پێشبینییەکەی بەڕاست گەڕا کە وێڕای نابووتبوونی پەلاماردانی مووسڵ، بەدەستی –خزمێکی خۆی– کوردێکی خوراسانی کوژرا!

## ❑ میقداد مەدحەت میر بەدرخان پاشا

(ڕۆژنامەڤانی یێکەم: ساڵی لە دایک بوون و مردنی ونە!)[١]

یێکێکە لە حەڤدە کوڕانی میر بەدرخان پاشای وەچەی میر سەیفوددین. بەگوتەی خۆی[١] و عەبدوڕڕەحمانی برای و ئازیزی ئەحمەد/ سورەییای برازای، بەهۆی نەخۆشییەوە[٢] بەنهێنیی لە زستانی ١٣١٣ر/١٨٩٧ز.دا گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ[٣].

وردبوونەوە لە قسەکانی خۆی[٤] و سەرچاوەی دی[٥] دەیسەلمێنن کە –لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان– فشاری دەزگەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و هەڕەشە و گڕوشەیان بەگرتنی براکانی و خزمانی، ناچاری گەڕانەوە بووە. لە گەڕانەوەشدا ئەشکەنجە دراوە، تەنانەت بۆ سووک کردن، بەئاشکرا و لەسەر شەقامە ڕێگەدا، لە برای دراوە![٦]

---

(١) کوردستان – ژ١، ١٨٩٨/٤/٢٢ز، ل٣، هەروەها [٥٣/١ – خولی: ١.

(٢) کوردستان – ژ٦، ١٨٩٨/١٠/١٤، ل١. هەروەها [٥٤/١ – خولی: ١–٣/ وەرگێڕانە تورکییەکە]. لەمەڕ ئەوەی خۆی گوتوویەتی (شەش مانگ لەمەوبەر/ واتە شەش مانگ بەر لە ١٨٩٨/٤/٢٢ز) ئەوە دەکاتە دەوروبەری تەشرینی یێکەم یان تەشرینی دووەم ١٨٩٧ز. لەمەڕ ئەو باسەش گۆیا نەخۆشی –دەردە باریکەی– بووە، ئەوە ئەگەر ڕاستیش بێت، هەرگیز مایەی پەڕینەوەییێکی نهێنیی و ناقانوونیی نییە بۆ وڵاتی میسر و ڕەنگبێ ڕاستییەکە مەڵامەتێکی سیاسی بێت بەتایبەتی –وەک برازاکەی گوتوویەتی– لە ساڵی ١٨٩٧ز/١٣١٣ر.دا (کۆمەڵەییێکی سیاسیی نهێنیی) لەگەڵ کەسانی دی دامەزراندووە! پێویستیشی دەبینم بپرسم؛ مالمیسانیژ [١٤٠/٤٤/٢] و ف. پیرپاڵ [١٥/١] لە چییەوە ساڵی ١٨٩١ز. یان بۆ پەڕینەوەی بۆ وڵاتی میسر، وەرگرتووە؟ ڕاستییەکەی نە ڕامزور [١١٦/٢٢/٢] نە عەبدوڕڕەحمانی برای و نە سورەییای برازایشی، باسێکی ئەویان لە ساڵی ١٨٩١ز.دا نەکردووە! وێڕا بەهیوام ئەوە هەڵەی چاپ بێت و ڕاستییەکە ساڵی ١٨٩٦ز بێت کە چاوەنۆڕی دەکەم ساڵە نیشان دراوەکە بە ١٣١٣ر، کۆتاییەکانی ئەو ساڵە بێت کە سەری ساڵی دارایی عوسمانییش لە مانگی مارتەوەیە. ئەمەیشم بۆییێکا ڕوون کردەوە، چونکە لە س١٨٩٦ز.دا (پ. ی. پ. عوسمانیی) نهێنیی –کە دوو دامەزرێنی عەبداللە جەودەت و ئیسحاق سکوتی کورد و دۆستی میقداد مەدحەت بوون– تووشی پەلاماری دام و دەزگانی سوڵتانی عوسمانیی بوون!

(٣) کوردستان – ژ٦؛ ١٨٩٨/١٠/١٤ز؛ ل١. [٥٤/١، خولی ١–٣ لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە!].

(٤) کوردستان – ژ١؛ ١٨٩٨/٩/١٢ز؛ ل١. [٥٤/١، خولی ٣].

(٥) کوردستان – ژ٤؛ ١٨٩٨/٦/٤ز؛ ل١. [٥٤/١، خولی ١–٣، لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە]. هەروەها [١٤٠/٤٤/٢؛ ص١٦٠].

(٦) کوردستان – ژ٦، ل١. [٥٤/١، خولی ١–٣ لە وەرگێڕانە تورکییەکەوە].



بەڕۆشنایی نووسینی برا و برازایشی، میقداد خۆی دامەزرێنی یێکەم ڕۆژنامەی کوردییە و (کوردستان – ژ: ١، ١٨٩٨/٤/٢٢ز – ژ: ٥، ١٨٩٨/٦/٩ز)ی دەرکردووە! بەڕۆشنایی ڕۆژنامەکەیشی، یێکەم (چاپخانەی کوردستان)ی لە قاهیرەدا دامەزراندووە![٧]

دوای گەڕانەوەی خۆیشی، دوای نزیکەی چوار مانگێ، عەبدوڕڕەحمانی برای درێژەی بەکارە مێژووییەکەی داوە و ڕۆژنامەی (کوردستان – ژ: ٦، ١٨٩٨/١٠/١٤ز – ژ: ٣١، ١٩٠٢/٤/١٤ز) لە وڵاتەکانی قاهیرە، سویسرا لۆندوندا دەرکردووە[٨].

ئازیزی ئەحمەد/ سورەییای برازای ڕایگەیاندووە کە لە س١٣١٣ر/١٨٩٧ز.دا؛ (کۆمەڵەییێکی سیاسیی نهێنیی پچووکی لەگەڵ کەسانی دی) پێکەوە ناوە![٩]

بلەچ شێرکۆ[١٠] ڕایگەیاندووە کە لە س١٨٩٩ز.دا –دوای گەڕانەوەی و بەرەڵابوونی– لەگەڵ ئەمین عالی برای، بەنهێنیی و لە ئەستەنبووڵەوە ڕوویان کردووەتە باژێڕی (ترابزۆن) و نیازی شۆڕش کردنیان بووە و لاییێنگیر و چەکداریان کۆکردووەتەوە، بەڵام بەهۆی ناپاکێکەوە – دەزگەکانی سوڵتانی ئاگادار کردووە– ئەوان و نێرووەکانیان کەوتوونەتە تەڵەی نێرووەکانی سوڵتانەوە و دوای گەمارۆ و کوشتار، شکاون و ناچار خۆیان داوە بەدەستەوە و گیراون[١١].

ناجیی کوتلای خاوەندی کتێبی (ئیتتیحاد و تەرەققیی و کورد – س١٩٩١ز) ڕایگەیاندووە، گۆیا؛ میقداد مەدحەت و عەبدوڕڕەحمانی برای لە ڕیزی (پارتی نێوبراو – پ.

---

(٧) ژمارەکانی: ١–٣ی بەچاپخانەی (ئەلهیلال/ الهلال) چاپ کردووە، بەڵام ژمارەکانی ٤–٥ی لەدوا لاپەڕەیاندا لێیان نووسراوە (ل میسرێ مەتبەعا جەریدەیا «کوردستانێ» تەبع بییە!/ بەدەستکاریی ڕێنووسەوە).

(٨) دوای (ژ–٥)، وەک دیارە، ڕۆژنامەکە دوای نزیکەی چوار مانگێ هێلانەی «قاهیرە»ی لێ شێواوە و ناچار پەڕیوەتەوە بۆ ئەوروپا و (ژ–٦)ی لە سویسرادا بەچاپخانەی (پ. ی. پ. عوسمانیی/ جەمعییەتا تیفاق و گەنجیا موسلمانا – ژنێڤ) چاپکردووە و (ژ–٣١)شی بە (چاپخانەی ئینتیقام – ژنێڤ) چاپ کردووە.

(٩) کوردستان – ژ١، ١٩١٧/٩/١٢ز [٥٢/١، خولی ٣].

(١٠) بنۆڕە باسی لە ژیننامەی (سورەییا بەدرخاندا)!

(١١) ١٤٠/٤٤/٢؛ ل١٦١.

ی. پ. عوسمانیی)دا بوون، بەڵام وەک نەیگوتووە چۆن و لە کەنگییەوە، گومان دەکەم کە میقداد تێکەڵ بووبێت[١٢]!

سەرچاوەییێکی دی، هەواڵ ڕادەگەیێنێت؛ لە ساڵی ١٩٠٦ز.دا، دوای کوژرانی ڕەزوان پاشای عوسمانیی، خۆی و عەبدورڕەحمانی برای، لەسەر پاپۆڕی مەککەدا بوون بەرەو مەنفا![١٣].

هەمان سەرچاوە لە زمان یێکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (شەرق و کوردستان)ەوە، ڕادەگەیێنێت کە لە هەلی قەومانی ژینی دەستووریی – مەشرووتە؛ س١٩٠٨ز.دا، لە باژێڕی ئەستەنبووڵدا نەبووە و ڕەنگبێ لە مەنفادا بووبن![١٤].

هەر ئەو سەرچاوەیە لە سەرچاوەی دییەوە ڕایگەیاندووە کە لە س١٩١٠ز.دا، میقداد لە

(١٢) ١/٥٤؛ ل١٣. (در. فەرهاد پیربال).
بۆچی من چاوەنۆڕ ناکەم ئەندام بووبێت؛
١- ڕامزووری لێ کۆڵی پارتی نێوبراو و شۆڕشی مەشرووتە، بە هیچ جۆرێ -وەک نێوی عەبداللە جەودەت و ئیسحاق سکوتی بردووە- نێوی میقداد مەدحەتی نەبردووە!
٢- یێکێ لە ئامانجە گەورەکانی (پ. ی. پ. عوسمانیی) کەنارکردنی سوڵتان عەبدولحەمید بووە. وردبوونەوە لە گوتارەکانی پێنج ژمارەکەی میقداد مەدحەت، ئەو نیازە نانوێنن، بگرە پێچەوانەن.
٣- وردبوونەوە لە ئەو پێنج گوتارە، وەک پایەی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی میقداد مەدحەت دەنوێنن، چ نیشانەیێکیمان پێوە نییە کە خاوەن بیرێکی بەرنامەدار و ڕێکخراو بێت.
٤- نە میقداد مەدحەت و نە عەبدورڕەحمانی برای، هەرگیز پڕوپاگەندەیان بۆ پارتی نێوبراو نەکردووە و ڕۆژنامەکە بەڵگەیە!
٥- بنچینەی کۆمەڵیی و ڕۆشنبیری میقداد مەدحەت و شانازی کردنی پێیانەو، پێوەندیی بەپارتی نێوبراوەوە، دوور دەخەنەوە!
٦- سڵ نەکردنەوەی و گەڕاندنەوەی جەخت بۆ ئەو دوورییە دەکەن!
٨- کۆششی بۆ شۆڕش کردن -دوای گەڕانەوە- دیسان بەڵگەیە بۆ ئەو دوورییە.
٩- هاریکاریی دوایی لەگەڵ (پارتی حورییە و ئیئتیلاف) دیسان بەڵگەی دوورییە!
وێڕا، زۆر چاوەنۆڕ کراوە -بەڵگەیش زۆرە- وەک نێودارێک و ڕۆشنبیرێکی کورد و نارەزایی ڕەفتاری ڕژێمەکە و کاربەدەستەکانی و لە پێناوی چاکەی گەلەکەیدا، سەربەست و ئازادانە هاریکاریی و دۆستایەتیی لەگەڵ ئەندامەکانی پارتی نێوبراودا نواند بێت!
(١٣) ٢/٤٤/١٤٠؛ ل١٦١.
(١٤) ٢/٤٤/١٤٠؛ ل١٦٢.



دامەزرێنەکانی (کۆمەڵی بڵاوکردنەوەی مەعاریف/ زانستیی کوردیی – ئەستەنبوول)دا بووە![١٥] دیسان لە سەرچاوەی دییەوە دەگێڕێتەوە کە میقداد مەدحەت، لایێنگیری (پارتی سەربەستیی و پێکهاتن/ حورڕییە و ئیئتیلاف)ی دوای مەشرووتە بووە کە پارتەکەش لە نێوان هەردوو کانوونی دووەمی ١٩١٢ز–١٩١٣ز.دا، سەردەستەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بووە[١٦]، هەروەها -بەڕۆشنایی یاداشتەکانی نووریی دەرسیمیی- میقداد مەدحەت لە س١٩١٢ز.دا، بەموتەسەڕڕیفی باژێڕی دەرسیم دامەزراوە![١٧]. لە ئێرە ڕاوە چ سەرچاوەیێ هەواڵەکانی دی دوارۆژ و چارەنووسیی پێ نەزانیوە و نەیگێڕاوەتەوە. بەلێکدانەوەم ڕەنگبێ لە دوای ١٨٥١ز. ڕاوە لە دایک بووبێت و بەر لە ١٩١٩ز کۆچی ماڵئاوایی کردبێت[١٨].

میقداد مەدحەت -بەڕۆشنایی نووسینی خۆی- زمانەکانی کوردیی خۆی، فارسیی و تورکیی و عەرەبیی و فڕەنسیی زانیوە، هەر نووسینەکانی، کرد و کۆشی، جەخت دەکەن کە بیرێکی نەتەوەیی پاکی هەبووە، بەڵام وێڕای نارەزایی لە ستەمی نەتەوەیی و دەسەڵاتی عوسمانیی بۆ سەر گەلەکەی، بانگی بۆ شۆڕشی سەربەخۆیی و یێکگرتنەوەی کورد کوردستان، یان -وەک عەبدورڕەحمان برای-. لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا، مەبەستی خۆی ڕوون کردووەتەوە داوا لە

(١٥) ٢/٤٤/١٤٠؛ ل١٦٢.
«١٦» ٢/٤٤/١٤٠؛ ل١٦٢.
(١٧) ٢/٤٤/١٤٠؛ ل١٦٢.
(١٨) ئەم بڕوایە لەمەڕ ژین و مردنی بەڕۆشنایی دوو باسە:
١- ئەمین عالیی برای -پێم وەیە گەورەترە- لە س١٨٥١ز.دا لە دایک بووە و ئەگەر میقداد مەدحەت بەدواییدا هاتبێت، ساڵەکانی دواتر بەر ئەو دەکەوێت.
٢- وێڕای سەرسوڕمان لە ئاستی دیارنەبوونی هۆ و کاتی مردن و چارەنووسی ئەم خاوەند برا و کەسە زۆر و ناسراوانە، من بەتایبەتیی بەهۆی نێو نەهاتنی لە (گەشتەکەی مێجەر نۆییێل E. W C. Noiel – س١٩١٩ز)(*) بەکوردستانی باکووردا کە نێوی (٩)ی کوڕی بەدرخان پاشا، لە ئەمین عالییەوە تا کامیلی تۆمار کردووە و بەکورتیی باسی کردوون، هەروەها نێو و کار و پیشەی کوڕ و کوڕەزاکانی ئەمین عالییشی تۆمار کردووە و (هەرگیز باسی میقداد مەدحەتی نەکردووە!) ئەوە پێم وەیە؛ کە نێوبراو -بەر لە ١٩١٩ز- بەدرەختی ژیانەوە نەماوە، سایان بەهۆی دەردەکەیەوە، یان بەهۆیێکی سیاسیی وەک نەفیی و گرتنەوە. شایانی باسە عەبدورڕەزاقی برای ساڵی ١٩١٩ز لە «مووسڵ»دا دەرمانخوارد کراوە و مردووە!

*(*) بنۆڕە: حسێن ئەحمەد جاف و حسێن عوسمان – گەشتەکانی مێجەر نۆییێل، بەغداد؛ س١٩٩٤ز.*

سوڵتان دەکات (ئیسلاحیات) لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێت و بەری ستەم و خراپە زۆرداریی کاربەدەستەکان بگیرێت و ڕێگە بەبڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکەی بدرێت و لە خوێندەواران قەدەغە نەکرێت کە چ شتێکی خراپی تێدا نەنووسراوە، پێچەوانەی ئارەزوو و سەرکەوتنی حوکوومەتی سنییە بێت! میقداد مەدحەت، ژنی هێناوە و سەرچاوەکان نێوی دوو کوڕ و کێژێکمیان بردووە. کوڕەکانی، نێویان ئایەت الله، فارووق بووە، بەڵام نێوی کیژەکەی و چارەنووسی هەرسێکیان لە چ سـەرچاوەییێکدا باسی نەکـراوە، چۆن هەواڵێ نادەن لەمـەڕ ئەوەی داخـۆ دانراوی ئەدەبیی، سیاسیی هەبووە یان نا!!

### ⊖ مەلا مەحموود مەلا ئەمین موفتیی مەلا ئەحمەد چاومار(*)

(بێخود/ شاعیر: ١٨٧٩ز. سلێمانیی ـــــ ١٩٥٥/٨/٢٥ز. سلێمانیی)

لە منداڵییەوە تا پێگەیشتنی لەلای زانا گەورەکانی سلێمانیی خوێندوویەتی و زانستەکانی نەقلّیی و عەقلّیی دەستگیر بووە.

لە س١٩٠٠ز.دا کراوە بەداوەری باژێڕۆکی هەڵەبجە. دوایی لەدوا ساڵەکانی (١. ج. گ)دا، لە قوتابخانەی ئامادەییدا -بەخۆڕایی- لەگەڵ زێوەر و ڕەفیق حیلمیی مامۆستایی کردووە.

ڕۆژنامەی پێشکەوتن - سلێمانی؛ س١٩٢٢ز نیشانی داوە کە لە ئەو ساڵەدا نیشتەنیی باژێڕی کەرکووک بووە، دوایی لە سەردەمی حوکمداریی (مەلیکی کوردستان)دا هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی. لە س١٩٤٥ز.دا کە مەلا عەبدولعەزیزی برا گەورەی -موفتیی سلێمانیی- مردووە، جێگەی کار و فرمانەکەی گرتووەتەوە و هەتا مردن هەر لە سلێمانییدا ژیاوە. مەزاری لە گردی سەیوانە. بێخود شاعیرێکی دیاری ڕیزی کلاسیکەکانە. زمانەکانی عەرەبیی، فارسیی، تورکیی زانیـوە و شـارەزا بووە. بەکـوردیی و فـارسیی لە ئەوین، ئایین، پەسـەندی چاکـان و ناسـراوانی سەردەمەکەی، شیعری جوان و ڕەوانی هەیە.

ڕەبەن و وەجاخ کوێر بووە!

چاپکراوەکانی:

١- دیوانی بێخود - بەغداد؛ س١٩٧٠ز.

---

(*) تەماشاکراو:

١- دیوانی شیعری.

٢- پێشکەوتن - سلێمانیی.



### ⊖ مەحموود حەسەن فەهمی جاف(*)

(مەحموود هۆشمەند/ ڕۆشنبیر: ١٩٤٥/١٠/١٠ز. هەڵەبجە ـــــ ...)

کوڕی تاقانەی بابیەتی. دایکی ئامینەی عەبدالله بەگی کەیخوسرەوی مەحموود پاشای جافە. خـوێندنی (ق. س) و (ق. ئا) و (زانکۆی بەغـداد - بەشی فـیـزیا)ی لە بەغـداد و سـاڵی ١٩٦٨ز.دا تەواو کردووە.

هێندێ جار -لە سەردەمی منداڵییدا کە هاوینان دیدەنیی هەڵەبجەیان کردووە- کەم کەمێ لە (ق. س. هەڵەبجە)دا خوێندوویەتی.

لە نێوان س١٩٧٠ز- ١٩٩٠ز.دا لە کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانیی کارگێڕ بووە. دوایی خانەنشین بووە. وێڕای کوردیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی دزانێت. چ دانراو و چاپکراوێکی نییە. ئارەزوومەندی خوێندنەوە و ڕاووشکارە. کتێبخانەی بابی -بەکەشکۆڵەکەی مەحموود پاشای جافەوە- پاراستووە. ئەمێستە دانیشتووی بەغدادە.

هاوسەری لە س١٩٧١ز.دا -خزمی خۆیەتی- هەڵبژاردووە و بابی دوو کوڕ و دوو کیژە!

### ❑ ناهیدە ڕەفیق حیلمیی(**)

(ڕۆشنبیر: ؟؟ ـــــ ...)

دووەم کیـژی بابیـەتی. دوای خوێندنی (ق. س) و (ق. ن) و (ق. ئا) لە (جونێر کۆڵێج - بەیرووت) و (زانکۆی کـلارک - ئەمـریکا) و (زانکۆی لاهای - هۆڵاند) خـوێندوویەتی و لە (زانکۆی ستۆکهۆڵم - سوید)یشدا ماجستێرنامەی لە پێوەندییەکانی نێودەوڵەتییدا وەرگرتووە! لە وەزارەتی پەروەردەی عێراقدا؛ مامۆستا، پشکن، پسپۆری زمانی ئینگلیزیی، کارگێڕ بووە.

وێڕای کـوردیی؛ ئینگلیـزیی، عـەرەبیی، هۆڵاندیی، سـوییـدی دەزانێت. لە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکاندا کۆمەڵێ گوتاری کوردیی بڵاوە.

شووی نەکردووە. خانەنشینە و دانیشتووی بەغدادە!

چ دانراو و چاپکراوێکی نییە!

---

(*) سەرچاوە:

١- خۆی (لە دیمانەیێکی تایبەتیدا، بەغداد - ١٩٩٧/٥/١٤ز).

(**) سەرچاوە:

١- نامەی خۆی بۆ من!

### ❑⊖ نووریی شێخساڵح شێخ غەنیی[*]

(م. نووریی، شێخ نووریی شێخ ساڵح/ شاعیر، نووسەر: س١٨٩٦ز. سلێمانیی ـــ ١٩٥٨/١٢/٢٠ز. سلێمانیی)

ڕیشەی خانەدانەکەی سەییدەکانی بەرزنجەیە. دایکی ڕەحمەی قادر ڕەسووڵی نەوچەی زوڵاڵ ئاغای جەنگاوەری ڕیزی دوانزە سوارەی مەریوانی بەنێوبانگە. لە گەڕەکی دەرگەزیندا لە دایک بووە و نۆبەرەیە.

لێ کۆڵی ژینی -نووسەر ئازاد عەبدولواحید- ورد ورد باسی ژینی کردووە و لێی گوتووە؛ لە فێرگەکانی مەلا و مامۆستا ناسراوەکانی وەک خواجە ئەفەندیی عەزیزی وەسمان ئاغا، مەلا سەعیدی زەڵزەڵەیی، شێخ بابا عەلیی شێخ عەبداللەدا سەرەتاکانی ئایین و خوێندەواریی وەرگرتووە. دوایی چووەتە بەر (ق. س. سلێمانیی) و ئەوجا لە هاوینی س١٩١٦ز.دا چووەتە بەر (ق. ئا. سلێمانیی)[١]، بەڵام خوێندنی تێدا تەواو نەکردووە و دەستی لێ هەڵگرتووە!

سەرچاوەکە پتر لێی نووسیوە؛ باب و باپیری بەبازرگانییەوە لەگەڵ ئێران، خەریک بوون و دوای پیربوونی بابیشی -لە س١٩١٤ز. ڕاوە- خۆی و براییێکی سەرگەرمی بوون.

خۆی لەمەڕ ئەو باسە دەبێژێت؛ (لە سلێمانییەوە، شەکر و چا، ڕەنگ، شتی بابەتیمان بۆ ئێران دەبرد و لە ئەوێشەوە قاڵیی و ماڵ و ئاوریشم دەهێنم، بەڵام قازانجەکەی دەخۆم و پاشەکەوتم بێ ناکرێت، ئێسترەکانی بابم دەتەقێنمەوە! خۆ ئەگەر ییێکێکیان بتۆپێت، ئەوە لە مایەکەیشی زەرەر دەکەین!) بە ئەوپێیە، لەبەر دەست بڵاویی، دوو سێ جار لە بازرگانییدا مایەپووچ بووە! سەرچاوەکە پتری لێ وردبووەتەوە و دەبێژێت؛ لە ١٩٢١/١/١٥ز.دا - ١٩٢١/٨/٣٠ز.دا نووسەری دووەم و لە ١٩٢١/٩/١ز - ١٩٢٢/٩/٥ز.دا، نووسەری ییێکەمی بەلەدییە بووە![٢]

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- ٢١/١؛ ج٢.

٢- ٤٢/١.

٣- ٤٦/١.

٤- گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبە نێوبراوەکان!

(١) لێ کۆڵی ژیر ئازاد عەبدولواحید، (ق. ر. س. سلێمانیی) داناوە. ئەمە ڕاست نییە. قوتابخانەی نێوبراو بەهۆی ییێکەم جەنکی گێتییەوە هەڵگیرا!

(٢) ڕۆژنامەی پێشکەوتن - سلێمانیی، لاییێنگیری ئەم هەواڵانەیە!



وردبوونەوەم جەخت دەکات؛ لە (٢ س. ح. کوردستان)دا لەپاڵ ئەوەی نووسەری بەلەدییە بووە، نووسەری کوردیی و فارسیی (بانگی کوردستان) و لە (ڕۆژی کوردستان)دا خاوەند ئیمتیاز و بەرپرسی ڕۆژنامەی زمانحاڵی حوکوومەت بووە. هەر (ڕۆژی کوردستان - ١٣٣٨/١/١٠ز)یش دەگێڕێتەوە کە لە ئەم هەلەدا سەرنووسەری بەلەدییە -نەک سەرۆکی وەک لێ کۆڵەکەی لێی گوتووە- بووە! لە دووەم شۆڕشی کوردستاندا تێکەڵ و لە ڕۆژنامەی (بانگی حەق)دا بەشدار نەبووە. هەروەها لە دوای داگیرکردنەوەی سلێمانیی لەلاییێن لەشکری بریتانیاوە، لە (بانگی کوردستان: ژ١٤، ١٩٢٣/٦/٨ز) بەشدار نەبووە.

وەکو لێ کۆڵەکەی دەبێژێت؛ لە ئەم ڕۆژگارەدا گیراوە و سێ مانگێ لە بەندیخانەی کەرکووکدا ئاخنراوە. وێ دەچێت دوای ١٩٢٣/٦/١٧ز و هەڵکەوتنەوەی (٣. ح. کوردستان) ئازاد کرابێت و گەڕابێتەوە بۆ سلێمانیی!

لە ئەم سەردەمەدا ئاشکرایە کە تێکەڵی ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال)ی حوکوومەتی کوردستان نەبووە. وێ دەچێت هەر سەرنووسەری بەلەدییە بووبێت![٣] دوای داگیرکاریی بریتانیا و عێراقی عەرەب لە سلێمانیدا؛ س١٩٢٤ز، وێ دەچێت ئەویش بێ کار مابێتەوە.

لێ کۆڵەکەی دەبێژێت لە س١٩٢٦ز.دا، لەسەر کوردایەتیی چەند ڕۆژێ گیراوە![٤].

لێ کۆڵ ئازاد عەبدولواحید -بەڵگەنامەی ڕەسمییەوە- کار و فرمانەکانی دوارۆژی ڕوون کردووەتەوە و دەبێژێت؛ لە نێوان ١٩٢٦/٩/١٤ز - ١٩٢٧/٩/١٥ز.دا مەئمووری ئەربابی حیرەف و سانیع و لە نێوان س١٩٢٧ز-١٩٣٥ز.دا نووسەری دووەمی مەسرەفی دائیرەی خەزێنەی سلێمانیی و لە نێوان س١٩٣٥ز-١٩٣٧ز.دا نووسەری مەسرەفی سلێمانیی و لە ١٩٤٣/٩/٨ز - ١٩٥٥/١/٢ز.دا ڕێبەری ئاوایی - ناحیەکانی: ناودەشت، باڵەک، تەقتەق، سەنگاو، بارزان، وارماوە بووە کە لەدوا مێژووشدا - مووچەی سیی دینار بووە - بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کار و فرمان خراوە و دەرکراوە و خۆیشی جارێکی دی نەچووەتەوە سەری![٥]

---

(٣) لێ کۆڵ ئازاد دەبێژێت؛ (سەرۆکی بەلەدییە) و ڕاست نییە!

(٤) سیجیللی بەلەدییەی سلێمانیی - س١٩٢٣ز لە گەنجینەی عەبدوڕڕەقیب یووسفدا بەڵگەی ڕەسمییە کە ئەوێ دەمێ سەرۆکی بەلەدییە نەبووە!

(٥) لێ کۆڵ ئازاد باسی مەلامەتی دەرکردنەکەی پێ ساغ کراوەتەوە کە ئەوەی؛ قایمقامی هەڵەبجە قسەییێکی بیستووەتەوەە گۆیا ڕێبەری وارماوە -شێخ نووریی- کەم دەکەوێتە دائیرە و نووسراوەکانی کار و فرمانی بۆ دەبەنە ماڵەوە... کە دەپرسنەوە ئەوە لەبەر چییە؛ ئەو گوتوویەتی؛ من ناچمە شوێنی کە وەک تەویلە بێت!

م. نووری له (پێشکەوتن – سلێـمـانی؛ ١٩٢٠ز–١٩٢٢ز) ڕاوه دەسـتی بەبڵاوکـردنەوەی شیعر، گـوتاری ئەدەبیی و زمانەوانیی و ڕۆشنبیریی کردووە؛ یێکێکەله هەره نووسەره دیارەکانی ڕۆژنامەکه و له (گرەوی پێشکەوتن)دا لەسەر شیعری پەتیی (جووت و گا) یێکەم خەڵاتی وەرگرتووە! له (بانگی کـوردسـتـان، پەیژه، ژیان، ژیانەوه، ڕۆژی کـوردسـتـان) بەئیـمـزای (م. نووری)یەوه و دواتر له (زاری کرمانجی، ژین، گەلاوێژ)دا بەئیمزای (نووریی شێخ ساڵح)ەوه بەرهەمی بڵاوکردووەتەوه.

له هونەری گـوتاری ڕۆژنامەنووسـییـدا –بەتایبەتی له سەردەمی حوکوومـەتی کوردستـاندا– بەبیـری نەتەوەییـیـەوه، دەسـتـێـکی باڵا و زمـانێکی پاراوی نواندووه. له (ژیان: ١٩٢٦ز–١٩٢٧ز)دا وەک یێکەم ڕەخنەگری ئەدەبی کوردیی کوردستانی باشوور، ڕسته گوتارێکی بیست و پێنج بازنەی لەمەڕ ئەو بابەته بڵاوکردووەتەوه.

نووریی شێخ ساڵح، له خۆی گوتووە؛ (نووریی فیـترەتەن شاعیره. شاعیرییەتیی وەهبییه و کەسبی نییه! زۆر منداڵ بووه که شیـعری گوتووه. له شوعەراکانی کورداندا ئەویی ئینقیلابی بەسەر ئەدەبییـاتی کـوردییدا هێناوه و لەسەر ئوسوولـی غەرب شیـعری گوتووە؛ نوورییه! ئەم شـاعیـره له هەمـوو مەوزووعـێک شیـعری هەیه. له نەسریشـدا دەسـتێـکی بڵندی له عـالەم سەنعـەتی ئەدەبییـاتدا و له قـەواعـیدی ئەدەبییـەدا، مەقـالاتی له غەزەتەدا زۆر نەشر کردووه. نووریی؛ له هەموو شوعەرای کورداندا وردیی فیکر و ئیجادی شاعیری شەهیر «مەولەویی» زۆر پەسەند دەکات)[٦].

ڕەفیق حیلمیی ڕەخنەگر لێی نووسیوه؛ (بەتایبەتی له ئەدیبەکانی دەوری وریابوونەوەی تورک زۆر سوودمەند بووه و له دانانی شیعری کوردییدا پەیڕەوی تۆفیق فیکرەتی کردووه که یێکێکه له شاعیره بەرزه نیشتیمانپەروەرەکانی ئەو دەوره. له وەزن و قافییه و شێوه ئاهەنگا –نووریی– ڕێگەییێکی تازەی داناوه بۆ شیعری کوردیی. لەبەر ئەمه، سەرەدەمێک شێخ نووری سەرکردەی شـاعیـره لاوەکـانی کـوردی سلێـمـانـیی بووه و زۆریان، تەنانەت «گـۆران»یش هەوڵـی لاسـایی کردنەوەی شێخ نوریيان دەدا!

زەکاییێ که له «نووریی»دا هەیه، لەوانه بوو هیـوای خزمـەتی ئەدەبی کوردیی لێ بکرێ، بەڵام داخەکەم دەردی نان و کوێرەوەریی، وەزیفەی میریی، لەگەڵ هێندێ هۆی لەمانه گرنگتر، ماوەی ئەم خزمەتەی نەدا و بەئاواتی نەگەیشتووه!!).

(٦) دەستنووسی خۆی بۆ گیوی موکریانیی.



ڕەفیق حیلمیی پتری لێ نووسـیـوه و دەبێژێت؛ (ئەوانەی که ئەمڕۆ خۆیان بەدامـەزرێنەری قـوتابخانەی شـیـعری تازه دەژمێـرن، دەبێت بزانن کـه یێکەم بەردی بیناغـەی قـوتابخانەکـەیان لەلاییێن نووریی شێخ ساڵحەوه دامەزرا!)[٧]

گۆرانی شاعیر و هاوەڵی، چەسپێنەری شیعری نوێی کوردیی لێی گوتووه: (دەتوانرێت که به شـێخ نووریی بگوترێت سەرۆک، بەهۆی زۆریی بەرهەمی و بڵاوکـردنەوەی بەرهەمـەکەی کـه بێ گومان تەئسیری دەبەخشییه سەر ئەدەبی کوردیی!)

عەلائوددین سوجـجـادیی مێـژوونووسی ئەدەبی کـوردیی –بەیادی دانراوێکی له دەست چووی نوورییەوه– لێی گوتووه؛ (... ئەم پیاوه له عەرووزدا موتەبەحیر بوو. شارەزایی تەواوی له ئەم بابەتەدا هەبوو... له چاو ئەودا شارەزایی ئەوتۆم له عەرووزدا نەبوو!).

ڕەمزیی مەلا مارفی شاعیر بۆ کۆچی ماڵئاوایی لێی گوتووه:

دڵ خۆش مەکه ئەی ڕەمزیی بەم دەیره که دنیایه
بڕوانه که (شێخ) ئێسته له کوێدایه.
بۆ ساڵی وەفاتی ئەو، پیرێ بەزمانی حاڵ
فەرمووی که (بەدڵ خۆشی نوری له جنانایه/ = ١٩٥٨ز).

نووریی شـێـخ سـاڵح، ئەدیب، شـاعـیـر، ڕۆژنـامـەڤـان، کوردی نەتەوەپەروەر، له شـیـعـرێکی خەمبارییدا دەڵێت؛

له دەش زەمـانه قـوڕی کـوێ بکەم بەسـەر خـۆمـا
بەمەقسەدێ نەگەیشتم له هەرچیی تێ کۆشیم!

نووریی شێخ ساڵح –بەهۆی پەستیی خوێنەوه مرد– پیاوێکی ساکار و بێ فیز، ڕووخۆش و ناسک، هێـور و بەڕێز، دەنگخـۆش و مـەقـامشـوناس بـووه. گەلـێ نووسـەر و لێ کـۆڵ تا ئەوڕۆ پێوەی خەریکن که بێ له ڕەفـیق حیـلمیی، در. کـامیـل حەسەن بەسیر گوتارەکانی (ئەدەب و ئەدەبییـاتی کوردیی) کۆکردەوه و لێی کۆڵیوەتەوه و بەنێوی (شێخ نووریی شێخ ساڵح له کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنه سازییدا؛ بەغداد؛ س.١٩٨٠) چاپ و بڵاو کردووەتەوه؛

هەروەها لێ کـۆڵ ئازاد عـەبدولواحیـد، له دوو بەرگدا، له ژین و بەرهەمی وردبووەتەوه و لێی کـۆڵیـوەتەوه و بەنێـوی (دیوانی شـێخ نووریی شـێخ سـاڵح)ەوه بڵاوی کـردووەتەوه؛ وێڕا، نووسەرانی دی له ئەم ڕۆژنامه و ئەو گۆڤار و کۆڕدا هێشتا پێوەی خەریکن!

(٧) گۆڤاری بەیان – س.١٩٧٠ز.

نووریی شێخ ساڵح کە زمانەکانی فارسیی، تورکیی، عەرەبیی، زانیوە، هەتا خۆی بەژیانەوە بوو بەتەنێ سێ شیعری لە بەرگێکدا چاپ کردووە!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە؛ لە س١٩٢٦ز.دا هاوسەری هەڵبژاردووە و نەوەی تێگەیشتووی جێگەیان گرتەوە؛ کوڕانی شەهاب؛ (شەهیدی کورد و کوردستان/ خاڵە شەهابی لە سێدارە دراوی حوکوومەتی عێراقی بەعسی عەرەب)، جەناب، نیهاد، درارا، کیژانی؛ گەلاوێژ، پرشنگ! شێخ نووریی شێخ ساڵح کە شیعری (هەڵکەنن خزمینە بۆم قەبرێ) کی گوتووە، بەڕاستیی جوان شوناسنامەی خۆی و مەردانی ئاشنا کردووە کە گوتوویەتی:

دەس لە مل بەردێکی ئەلحەدکەم لەلای من چاترە
لەو دەسی پڕ زێڕە، بینێمە دەسی ئەغیارەوە!

چاپکراوەکانی:

١- هۆنراوەی شێخ نووریی شێخ ساڵح - سلێمانیی؛ س١٩٥٨ز.
٢- دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح - ج١-٢؛ بەغداد؛ ١٩٨٢ز-١٩٨٥ز. (کۆکردنەوە و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی ئازاد عەبدولواحید)!

### ☼ ❑ نووریی عەبدوئەحد جەرجیس[*]

(نووریی فەتتوحیی «در» / پزیشک: س١٩٠٧ز سلێمانیی - س١٩٨٢ز. بەغداد)

دایکی خانمە و خوشکی عەبدولکەریم عەلەکەی سەرۆک -وەزیر-ی دارایی دووەم حوکوومەتی کوردستان؛ س١٩٢٢ز.

خانەدانەکەی لە سلێمانییداخەریکی بازرگانیی ئاسن، خوریی، پێست بووە. لە س١٩١٩ز.دا خۆی و چەند خزمێکی نێردراون بۆ کۆلێجی بابەکانی عیسایی لە بەیرووتدا و خوێندنی سەرەتای و نێوەندیی و ئامادەیی تێدا تەواو کردووە! هێندە سەرکەوتوو بووە، کەسەکانی لە س١٩٢٨ز.دا ناردوویانە بۆ «سویسرا» و خوێندنی پزیشکیی لە (زانکۆی ژنێڤ)دا. لە س١٩٣٥ز.دا لە نۆژداریی گشتیی و پزیشکییدا باوەڕنامەی دوکتۆرای وەرگرتووە کە باوەڕنامەکەیشی بەتایبەتی لەمەڕ نەخۆشییەکانی سنگ بووە!

(*) سەرچاوە:
١- ١٣٣/٣٧/٢.
٢- نەوال عەلەکە؛ دەرمانساز؛ سلێمانیی؛ ١٩٩٨/٣/١٢ز.



بێژراوە لە شێوەی نامیلکەییێکدا، دوکتۆرانامەکەی بەزمانی فەرەنسیی نووسراوە و گۆڕدراوە بۆ ئینگلیزیی، عەرەبیی، تورکیی، کوردیی[1]. یێکەم جار وەک پزیشکێکی گەڕۆک لە ئاواییەکانی «شەرقات، شەنگار»ی بازێڕی مووسڵ دامەزراوە کە شەش مانگێ بەنێو خێڵەکاندا گەڕاوە بۆ پاکۆدانی درمە جێگیرەکانی ئەو نێوچانە! لە س١٩٣٦ز.دا ڕاگۆستراوە بۆ هەڵەبجە - سلێمانیی. ئەوجا بووە بەپزیشکی خەستەخانەی مەڵبەندی سلێمانیی کە ورد و جوامێرانە ئەرکەکەی بەجێ هێناوە. لە س١٩٤٢ز.دا بووە بەسەرۆکی تەندروستیی پارێزگەی سلێمانیی و تا س١٩٤٧ز ماوەتەوە و لە ئەو مەودایەشدا بۆ قەڵاچۆکردنی درمە جێگیرەکانی وەک لەرزوتا، گرانەتا و هاوتایان تێکۆشاوە و لە ئەم ڕووەوە لەگەڵ پرۆفیسۆر (بیتی) ڕەنجی داوە!

لە س١٩٤٧ز.دا و لەسەر خواستی خۆی ڕاگۆستراوە بۆ بازێڕی بەغداد و لە خەستەخانەی ئەعزەمییە دامەزراوە. هێندەش کارامە بووە، کارێکی ئەوتۆی کردووە کە ئەو خەستەخانە پچکۆڵەیەی لەسەر دەست گەورە ببێت کە دواتر ناسرا بە (خەستەخانەی ئەلنوعمان)، بەڵام سەیر ئەوەیە لە ڕۆژی کردنەوەیدا ڕاگۆستراوەتەوە بۆ خەستەخانەی «کەرخ»ی بەغداد و بەڕێیەری دامەزراوە، لە ئەم مەودایەشدا، پزیشکی تایبەتی چەند سیاسەتبازی ناسراوی عێراق بووە وەک حیکمەت سلێمان، ڕەشید عالیی گێلانیی کە دواتر بوون بەنزیکترین هاوەڵی.

لە نێوان س١٩٥٨ز-١٩٦١ز.دا سەرۆکی تەندروستیی پارێزگەی بەغداد بووە و چالاکانە هەموو کاروبارێکی پارێزگەکەی ڕێکخستووە.

لە س١٩٦١ز.دا بەسەرۆکی تەندروستیی پارێزگەی کەرکووک دامەزراوە، بەڵام نەچووەتە سەر کار و خۆی خانەنشین کردووە. ئیدی لە ئەم هەلە ڕاوە تا کۆتایی ژینی هەر لە بەغدادا بەکاروباری عیادەی پزیشکیی خۆیەوە هەڵیکردووە و ژینی ڕابواردووە!

وەک دەگێڕنەوە چاوی لە پارە نەبووە و یارمەتیی گەلێ نەخۆش و داماوی داوە.

وردبوونەوەم جەخت دەکات لە سەرەتاکانی ساڵەکانی پەنجاکاندا لە (ڕادیۆی بەغداد - بەشی کوردیی)دا گوتاری حەوتۆیی تەندروستیی پێشکەش کردووە و گوێگرێکی زۆری هەبووە کە یێکێکیان حەفید زادە مەحموودە. مخابن ڕادیۆکە دەنگی هەڵنەگرتووە!

لە ڕووی کۆمەڵییەوە هاوسەری -سەلما ئەلقەسیر-ی هەڵبژاردووە و سێ منداڵیان بووە؛ جوان، در. دارا، در. مازن!

(١) چەند لە گۆڤار و ڕۆژنامەکەدا چاوم گێڕا، ئەو وەرگێڕانەیم بەرچاو نەکەوتووە. هیوام هەیە لێ کۆڵەکانی دی لێی بگەڕێن و بیبووژێننەوە.

## ⊖ ئی. دەبلیو. نۆییێل E . W. Noiel

(مێجەر نۆییێل/ ئەفسەری بریتانیایی: !! ـــــ !!)

ئەفسەری بریتانیایی و دەرچووی ئەکادیمیای سەربازیی بریتانیا! لە دەزگە سیاسییەکانی وەزارەتی کاروباری هەندەرانی بریتانیا -بەپلەی مولازمەوە- لە هیندوستاندا کاری کردووە.

لە (١. ج. گ)دا -بەپلەی نەقیبەوە- یاریدەری کونسولێ و جێگری کونسۆڵی (عەرەبستان، بەختیارستان، لوڕستان، پشتکۆ) بووە.

بەکورتیی، شارەزاییێکی کاروباری سیاسیی باشووری وڵاتی فارس بووە. سێ ساڵێ تێکەڵی خێڵی «بەختیاریی» بووە و لە سەرەتای بەهاری ١٩١٥ز.دا سەرکەوتنێکی بۆ خۆی نووسیوە کە (ڤاسمۆس Wassmuss)ی نهێنبڕی بەنێوی بانگی ئەڵمانیایی دەستگیر کردووە، بەڵام پاسەوانە ئێرانییەکان لە دەستیان داوە. دوایی ڕاگوێستراوەتەوە بۆ بازێڕی «بەسرە» ، بەڵام خۆی خولیای سەرکێشیی بووە و زۆری داوا کردووە بخرێتە پاڵ پەلامارەکەی ژەنەڕاڵ ل. س. دونستراڤیل Dunsterville لە نێوچەی «ڕەشت»ی باکووری ئێراندا، لە ئەوێدا دیل کراوە و ماوەی پێنج مانگێ -وێڕای چەند کۆششی بۆ هەڵاتن- بەتوندیی ئەشکەنجە دراوە. دوایی بەسایەی ڕێککەوتنی مۆرکراو لەگەڵ (جەنگەلیەکان) ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد. ئەم جارە خووی داوەتەوە و سەرکێشیی و هاتووەتەوە مەیدان و تێکەڵی باسی کورد و کوردستان بووە. لە ١٩١٨/١١/١٦ز.دا کە فەرمانڕەوای سیاسیی نێوچەی کەرکووکی داگیرکراوی بریتانیا بووە، ڕاسپێردرا کە -وەک نوێنەری فەرمانڕەوایی باڵای بریتانیا لە عێراقی داگیرکراودا- گوتوبێژ لەگەڵ حەفید زادە مەحموود بکات و سەرئەنجام جاڕی دامەزراندنی یێکەم حوکوومەتی کوردستانی دا و حەفید زادەی بەنوێنەری بریتانیا ناسیی و بووش بەڕاوێژکاریی. لە ئەم ماوەیەدا ڕەفیق حیلمیی ڕاسپێردرا فێری کوردیی بکات.

لە ١٩١٩/٤/١ز.دا -بەنێوی بیروڕاناسینی کوردەکانی باکوورەوە- دەستی بەگەشتێ کرد بەکوردستانی باکووردا و تا مانگی ئەیلوولی خایاند، بەڵام تورکەکان ناسییان و هەڵپەیان کرد بۆ دیل کردنی! کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد و هێندێ سەرخێڵ فریای کەوتن و ڕستگاریان کرد تا گەیشتەوە بەغداد.

مێجەر نۆییێل یێکێ بوو لە بەشدارەکانی (کۆنگرەی قاهیرە - ١٢-١٩٢١/٣/٣٠ز) کە گەورە سیاسەتبازەکانی بریتانیا ڕێکیان خست!

نۆییێل لە کۆنگرەکەدا -وەک چاوەنۆڕ دەکرا- هیچی لە دەست نەهات بۆ پێشخستن و



پێگەیشتنی هیواکانی کورد. دواتر هاتەوە بۆ بەغداد و دیسان تێکەڵی باسی کورد و کوردستان بووەوە، بەڵام هێندەی ئەدمۆندس Edmonds دەوری نەبووە.

لە س١٩٢٢ز.دا، فەرمانڕەوای سیاسیی بریتانیا بوو لە هەڵەبجەدا.

بیروڕای سیاسەتشوناسان و لێ کۆڵەکانی کورد بەرامبەری چوون یێک نییە. هەیە بەدۆستی دەزانێت، هەیە بەشووم. من خۆم هەر هێندەی تێ دەگەم کە ئەفسەرێکی سیاسیی بەجێهێنی نیازەکانی بریتانیا بووە و هێندێ ڕاپۆرتی چاکی لەمەڕ کورد، گەورەی ناکات؛ تەنانەت لەلای من ڕیوییەکی فێڵباز بووە!

تەبیاتی لەگەڵ تەبیاتی سۆن Soane جوێ بوو، ئەم نەرم و ئەو توند، تەنانەت حەزیشیان بەیێک نەکردووە!

چ کردەوە و چاکەیێکی ڕۆشنبیریی بەرامبەر بە کورد دیار نییە!

## ❑⊖ هادیی ڕەشید چاوەشلیی(*)

(نووسەر: س١٩٢٠ز ـــــ ١٩٩٦/٦/٢٩ز. هەولێر)

خوێندنی (ق. س) و (ق. ن) و پۆلی چواری ئامادەیی لە هەولێردا و تەواوکردنیشی لە بەغدادا بووە. لە ساڵی خوێندنی ١٩٣٩ز- ١٩٤٠ز.دا چووەتە کۆلێجی قانوون و لە س١٩٤٣ز.دا سەرکەوتووانە تەواوی کردووە! ماوەیێ پارێزەر بووە.

لە س١٩٤٥ز.دا -بۆ یێکەم جاری- بووە بەڕێبەری ئاوایی/ ناحیە و ئیدی بەئەو کار و فرمانەوە، بەئاواییەکانی «بازیان، خورماڵ، پێنجوین، قەرەداخ، بەرزنجە»ی سەر بەسلێمانیی و دوایی بەئاواییەکانی «لێلان، حەویجە»ی سەر بەکەرکووکدا گەڕاوە!

لە مانگی مایسی ١٩٥٤ز. ڕاوە قائیمقامی قەزاکانی «زێبار، قەڵادزێ، کۆیە» بووە!

دوای ١٩٥٨/٧/١٤ز، لە ڕۆژی ١٩٥٨/٨/٦ز.دا بەسەرۆکی بەلەدییەی هەولێر

---

(*) سەرچاوە و تەماشاکراو:

١- خۆی (دیدارم لە ١٩٩٦/٦/٧ز. هەولێر، ماڵی خۆیدا، هەروەخا نامەی -نۆزدە ڕۆژ بەر لە مردنی- لە ١٩٩٦/٦/١٠ز.دا بۆ من).

٢- ١/ ٨٨.

٣- ٢/ ١٤/ ١١٠.

٤- ٢/ ٢٨/ ١٢٤.

دامەزراوە، بەڵام بەفەرمانی گەورەکانی عێراق ئەرکی جێگری موتەسەرریفی سلێمانیی پێ سپێردراوە و تا ١٩٥٩/١/١٩ز کارەکەی بردووەتە سەر.

دواتر ڕاگوێستراوەتەوە بۆ کاروباری یاریدەری ڕێبەری گشتیی وەزارەتی نێوخۆ، ئەوجا ڕێبەری گشتیی، دوایی جێگری هەمان وەزارەت بووە. دوای ئەم کارەی خانەنشین و بەپارێزەرییەوە ژینی لە بەغداددا ڕابواردووە!

لە س١٩٦٧ز.دا ئەندامی دەستەی ئیداریی نیقابەی پارێزەرانی عێراق و لە نێوان س١٩٧١ز-١٩٧٤ز.شدا ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بۆ ئاشتیی و هاریکاریی و هەروەها ئەندامی کۆمەڵی قانوونی بەراوورد، ئەندامی ئیدارەی کۆمەڵی ڕۆشنبیریی کوردیی بەغداد بووە!

لە ماوەی کارکردندا و لە وەزارەتی نێوخۆدا، سەرنووسەری گۆڤاری عەرەبیی (موجەللەتوشوئوونەلداخلییە/ گۆڤاری کاروباری نێوخۆیی) بووە کە چوار ساڵ دریژەی کێشاوە!

لە س١٩٧٦ز.دا بەیێکجاریی گەڕاوەتەوە بۆ هەولێری مەڵبەندی و بەپارێزەرییەوە خەریک بووە، دوایی خۆی کارکەنار کردووە و خەریکی کشتوکێڵی تایبەتی بووە.

هادی چاوەشلیی کورد، پیاوێکی بەڕێز و نەرم و ڕۆشنبیرێکی ناسراو بووە. هەرچەندە زۆربەی نووسینەکانی عەرەبین، بەڵام وێڕای قانوونناسیی، لە ساڵی ١٩٧٠ز. ڕاوە خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئابووریی و کەلەپووریی و کۆمەڵیی کورد و کوردستان دانابوو، خاوەنی کتێبخانەییێکی دەوڵەمەند و گەنجینەیێ بەڵگەنامەی بەنرخە. زمانەکانی -وێڕای کوردیی- تورکیی، عەرەبیی، ئینگلیزی زانیوە.

هادی ڕەشید چاوەشلیی لە ڕووی کۆمەڵییەوە، هاوسەری هەڵبژاردووە و نەوەی خزمەتگوزاری، کوڕی لە هەولێردا دەژین و ییێکیان پارێزەر نەوزادە.

* دانراوە چاپکراوەکانی:

١- عەرەبیی...

١/١- نظم الادارة العامة في المملكة المتحدة - الموصل؛ س١٩٥٨.

١/٢- الاصول والمبادیء العامة للشريعة الاسلامية - الموصل؛ س١٩٥٨.

١/٣- نظم الادارة العامة في المملكة المتحدة - الموصل؛ س١٩٥٨.

١/٤- النظام الاساسي والاداري في بريطانيا - بغداد؛ س١٩٦٠.

١/٥- الوضع القانوني للاجانب في العراق - بغداد؛ س١٩٦٠.



١/٦- الجمعيات والنقابات في التشريع العراقي - بغداد؛ س١٩٦١.

١/٧- محاضرات في قوانين الامن - بغداد؛ س١٩٦١.

١/٨- شؤون مناطق الحدود في الجمهورية العراقية - بغداد؛ س١٩٦١.

١/٩- قانون الدفاع المدني وتشكيلاته في الجمهورية العراقية - بغداد؛ س١٩٦٢.

١/١٠- الاحكام المتعلقة بالامن والنظام في الجمهورية العراقية - بغداد؛ س١٩٦٢.

١/١١- اللامركزية الاقليمية في نظم الادارة العامة في الدولة المتخلفة - بغداد؛ س١٩٦٧.

١/١٢- رقابة القضاء على دستورية القوانين - بغداد؛ س١٩٦٧.

١/١٣- سياستنا الوطنية حول قضايا الساعة - بغداد؛ س١٩٦٧.

١/١٤- مشاكل العراق الداخلية مع الايام - بغداد؛ س١٩٦٧.

١/١٥- الحياة الاجتماعية في كردستان - بغداد؛ س١٩٧٠.

١/١٦- النظم الادارية في ايران - بغداد؛ س!!.

١/١٧- القومية الكردية وتراثها - بغداد؛ س١٩٧٠.

١/١٨- تراث اربيل التأريخي - بغداد؛ س١٩٨٥.

١/١٩- دول العالم - بغداد؛ س١٩٨٦.

١/٢٠- المظاهر الاقتصادية في تراث منطقة كردستان - بغداد؛ س١٩٨٧.

٢- کوردیی...

٢/١- ڕابوردووی ژیان لە ناوچەکانی کوردستاندا - بەغداد؛ س١٩٨٨.